عقیدەی مرضیە

دانانی:

مامۆستا مەولەوی کورد

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە:

مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس

پێداچوونەوە:

فاتیح عەبدولکەریم



عقیدەی مرضیّە

دانانی:
سیّد عبدالرحیمی مەولەوی
•
لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە:
مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس

پیاچوونەوە و دارشتنەوە و پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسینی:
فاتح عەبدولکەریم

١٤٠٧ی هـ - ١٩٨٨ ی.ز

پێڕسی ئەم کتێبە

لاپەڕە	بابەت
٤	یەک دوو وشەی پێویست
٢٤	بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
٢٨	مبحث الصلاة والسلام
٣٣	مبحث الایمان
٥١	مبحث الوجود والوجوب
٩٠	مبحث الوحدة
١٠٢	مبحث الایمان بالله تعالی
١٥٢	مبحث الحیاة
١٥۴	مبحث العلم
١۶٧	مبحث الارادة
١۶٩	مبحث القدرة
١٨۶	مبحث السمع و البصر والکلام
٢٠١	مبحث البقاء والتکوین
٢٠۴	مبحث الاسماء
٢١٠	مبحث افعال‌الله و حکمته
٢١٧	مبحث الحسن والقبح
٢٢٧	مبحث رؤیةالله تعالی
٢۴٣	مبحث وصف‌الملائکة
٢۶٠	مبحث الایمان والتصدیق بجمیع الکتب السماویة
٢٧٧	مبحث فی تحقیق کلام الله تعالی
٢٩٥	مبحث الانبیاء والرسول علیهم السلام

مبحث الخاتمية	٣٤١
مبحث الأسراء والمعراج للرسول	٣٤٧
مبحث الكرامات	٣٦١
مبحث الخوارق	٣٦٤
مبحث امتحان الاولياء	٣٧٢
مبحث الخلفاء والصحابة	٣٩٤
مبحث يزيد	٣٩٩
مبحث الخلافة و الامامة	٤٠٧
مبحث الحسن والحسين رضىالله عنهما	٤٣٥
مبحث الائمة فى الاصول والفروع والطريقة واقطابها	٤٤٨
مبحث حضرة الشيخ عثمان سراجالدين و أولاده	٤٨٦
مبحث الايمان باليوم الآخر و علامات الآخرة	٥٠٠
مبحث المنكر والنكير	٥٠٨
مبحث الآخرة والمعاد	٥٢٠
مبحث الحساب والكتاب والصراط والميزان	٥٢٨
مبحث الجنة والنار	٥٣٥
مبحث بقاءالجنة والجحيم	٥٤٥
مبحث الشفاعة	٥٤٧
مبحث القضاء والقدر	٥٧٣
خاتیمه	٦٨٦
دوایی	٦٩٧
لناظم الرسالة	٦٩٨
پاشبەندێک لە سێ بەشدا	٧٠٠
ژمارەی شیعرەکانی عەقیدەی مەرزی‌یە	٧٠٤
هەندێ وشە	٧١١
سەرچاوەکان	٧١٩

یەک دوو وشەی پێویست

خوێنەری بەڕێز!

ئەمەی لە بەردەستدایە لێکدانەوەی یەکێکە لە شاکارەکانی شاعیر و زانای پایەبەرز حەزرەتی سەیید (عەبدولرەحیم)ی مەولەوی، کە ناوی (عەقیدەی مەرزیە)یە و، بابەتەکەی زانیاریی (کلام) و بیر و باوەڕی ئایینی ئیسلامی پیرۆزە.

ئەم لێکدانەوەیە باوکم سالی ١٣٩٤ی کۆچی - ١٩٧٤ی زایینی تەواوی کردووە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک کە هەندێکی هونەری و هەندێکی ماددیە و... هی‌تریش، بۆی نەڕەخسا زوو چاپ بکرێت و شوێنی خۆی بگرێت... وا ئێستە بەمجۆرە کەوتە بەردەستی خوێندەوارانی خۆشەویست.

پێوەندیی باوکم لەگەڵ گیانی وریای بەهرەداری حەزرەتی (مەولەوی) کۆنە، بکرە دەگەڕێتەوە بۆ سالانی دواپلەی خوێندنی؛ وەک لە (یادی مەردان)دا باسی کردووە.

من بەش بە حالی خۆم، لەو سالانەدا کە کتێبە ناوەندییە ئایینی و عەرەبییەکانم دەخوێند، دەمدی باوکم خەریکی نووسینەوەی شیعری (مەولەوی) دەبوو، گەلێ‌جار دەمبینی دوو جار و سێ‌جار لاپەڕەیەکی دەنووسییەوە تا دوایی سەقامگیر دەبوو لەسەر نووسینەوەکەی.

هەروەها ئاگاشم لێ‌بوو کە هەندێ لە فەقێ دواپلەکانی (مستعّد) شیعرەکانی مەولەوی‌یان دەنووسییەوە و خەریکی خوێندنی ئەم عەقیدەی مەرزییەش دەبوون.

ئەم پێوەندییەش شتێکی سەیر نییە؛ لە راستیدا نەک تەنها باوکم بەڵکوو بەشێکی زۆر لە زانایانی ئایینی و ئەدیبان و ئەدەبدۆستانی کوردستان؛ بەشی سۆران؛ کەم و زۆر ئەم پێوەندی‌یەیان هەبووە.

لەم پێوەندی‌یەدا، بێجگە هۆی شەپۆلی بزووتنەوەی نەتەوایەتی، کە کەم و زۆر، بەم شێوە و بەو شێوە کاری لە تێکڕای کوردا کردووە، نابێ کاری لایەنە سۆفی‌یەتی‌یەکەی مەولەوی و شێوەی شیعری لەم رووەوە بخەینە پشت گوێ؛ بەلێ مەولەوی زانایەکی ئایینی زۆر زیرەک و هەلکەوتوو بووە، بەلام لەگەل ئەوەشدا سۆفی‌مەشرەب بووە و پێوەندیی ...ر و موریدیی لەگەل خێزانی رێبازی نەقشبەندیی (بیارە) و (تەوێلە)دا هەبووە و ئەو خوێندەوارانەش کە هاورێبازی مەول... بوو ون کەم نەبوو ون؛ بۆیە شیعری (مەولەوی) و عەقیدەی (مەولەوی) بووبوونە ویردی سەرزاری زۆر کەس.[2]

لە کاتی خۆیدا باوکم نوسخەکەی خۆی لەبەر نوسخە چاپەکەی خوالێ‌خۆش‌بوو مامۆستا (محي‌الدین صبری نعیمی) کانی‌مشکانی نووسیبووەوە و لێکدانەوەکەشی لەسەر ئەو بناخەیە بوو.

کە بڕیاری ئێجگاریی لەچاپدانیمان دا هەولی نوسخەیەکی دەستنووسمان دا کە زیاتر یارمەتیمان بدات و کارەکەمان پوختەتر و ڕێک وپێک‌تر بکات، ئەوە بوو لەم دوایی‌یەدا بۆمان دەرکەوت کە لە هەولێر لای بەڕێز جەنابی شێخ جەمالی کوڕی خوالێ‌خۆش‌بوو شێخ (تاج‌الدین)ی کوڕی پایەبەرز شێخ (عبدالرحمن ابوالوفا) نوسخەیەکی دەستنووسی زۆر نایابی ئەم (عقیدە مرضیە)یە هەیە، یەکەم جار دۆستی بەڕێزمان نووسەر کاک مومتاز حەیدەری فۆتۆیەکی نوسخەکەی بۆ گرتین و بۆی ناردین، دوایی‌ش بەڕێز جەنابی شێخ جەمال، بەهۆی خوالێ‌خۆش‌بوو مامۆستا عزالدین فەیزی‌یەوە، خودی نوسخەکەی بۆ ناردین.

زۆر سوپاسی پیاوەتی و دلسۆزیی ئەم زاتە بەڕێزانە دەکەین، بێ‌گومان ئەم یارمەتی‌یە پاکەی ئەوان پێش هەموو شتێکی تر هاوکاری‌یەکی مەردانەیە لە ڕێگای بلاوکردنەوە و بە ڕێک‌وپێکی چاپ‌کردنی کەلەپووری نەتەوایەتیمان‌دا.

ئیمە بەم نوسخەیە زۆر دلخۆش و پشت ئەستوور بووین؛ چونکە دیارە نوسخەی پایەبەرز خوالێ‌خۆش‌بوو (ابوالوفا) خۆیەتی، کە پیرزادە و دۆستی گیانی مەولەوی بووە و ئەم کتێبەی لەسەر حەز و بە (تشجیع)ی ئەو داناوە. گومان لەوەدا نیبە کە مەولەوی خۆی ئەم نوسخەی دیوە. لەمەوپاشیش بە درێژی باسی ئەم نوسخە دەکەم.

کە ئەم نوسخەیەمان دەست کەوت بێ یەک و دوو دەستم دایە دووبارە نووسینەوەی دەقەکە لەبەر رووناکیی ئەم دەستنووسە و نوسخە چاپەکەی (نعیمی) و هەنگاو بە هەنگاویش دەستم کردە پیاچوونەوە و دارشتنەوە لێکدانەوەکە.

شایانی باسە خودالێخۆشبووی زانا مامۆستا (محیالدین صەبری نعیمی) کاتیمشکانی ساڵی ١٣٥٢ی کۆچی(١٩٣٤ی زایینی) بۆ یەکەمجار لەگەڵ دەردی نامۆیی و دوورە وڵاتیدا ئەم عەقیدە مەرضیەیەی مەولەوی و(فوایح)ە فارسییەکەی لە چاپخانەی (السعادە) لە میسر بە چاپ گەیاندووە[٣] ؛ ئەمەش رەنجێکی مەردانە و پیرۆزە و دوو شاکاری زانایەکی بلیمەتی نەتەوەکەمانی لە فەوتان رزگار کردووە.

سەبارەت بە زیندووکردنەوە و بەسەرکردنەوەی تێکرای بەرهەمی (مەولەوی)ی نەمر خودالێخۆشبوو مامۆستا (محیالدین صەبری نعیمی) یەکەم کەسێکە رچەی شکاندووە؛ ئەو تەنانەت پێش (پیرەمێرد)ی نەمریش کەوتووە، نعیمی لە ١٣٥٢ی کۆچی(١٩٣٥ی زایینی) ئەم دووانەی لە میسر چاپ کردووە؛ پیرەمێردیش ساڵی ١٣٥٣ی کۆچی(١٩٣٥ی زایینی) (ئەسڵ و رۆح) ەکەی لە سلێمانی بەچاپ گەیاندووە.[٤]

لەبەر ئەوە لام وایە هەرکەس بەرهەمێکی تازەدۆزراوەی حەزرەتی مەولەوی لە چاپ بدا، یا دەست بداتە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی یەکێ لە بەرهەمەکانی، بەتایبەتی ئایینییەکانی، دەبێت بە رێز و سوپاسەوە هێما بۆ ئەم مامۆستا زیرەکە دڵسۆزە بکات.

ئەم نووسەرە دوورەوڵاتە کە خوێندەوارانە و دەستپاکانە ئەم دوو بەرهەمەی چاپ کردووە، تا چەند نوسخەیەکی پەیدا نەکردووە دەستی نەداوەتە کارەکەی.

بێگومان نوسخە یەکەمەکەی کە لە (ئەطەنە)ی تورکیا دەستی کەوتووە و خودالێخۆشبوو مەلا رەسووڵی تووداریی نەقشبەندی ساڵی (١٣٠٨)ی کۆچی نووسیویەتیەوە، وەک خۆی دەڵێت چاکتر بووە لەوانی تر. خوالێخۆشبوو مەلا عومەری خاوەنی پێشووی دەستنووسەکەش وتوویە کە خوالێخۆشبوو مەلا رەسووڵی تووداری ـ نووسەرەوەی دەستنووسەکە ـ مەلایەکی زانا و دۆستی (مەولەوی) بووە؛ ئەمەش زیاتر دەبێتە هۆی متمانە.

با بگەڕێمەوە سەر مەبەست: ئەو نوسخە دەستنووسەی دەستمان کەوت و فۆتۆکەیمان لایە و دەقەکەم لەگەڵیدا بەراورد کرد (١٢٠) لاپەڕەی گەورەیە، درێژی ٣٠ سم و پانی ١٥سم، واتە: پەڕەکانی درێژکارن. تێکرا هەموو لاپەڕەیەکی [٢٠] شیعری تێدایە. جگە لە لاپەڕەی یەکەم و دوالاپەڕە کە کەمتریان تێدا نووسراوەتەوە، جگە لە دوو لاپەڕەیتریش کە یەکێکیان (٢١) و ئەویتریان (٢٢) شیعری تێدا نووسراوەتەوە، هەروەها جگە لەو شیعرانەی کە بەشێکن لە دەقەکە

و لە کاتی نووسینەوەدا لەبیرچوون لە ریزدا بنووسرێن و دوایی بە شێوەی (صح) لە قەراخی دەقەکەدا نووسراونەتەوە.[٥]

ئەم نوسخەیە خەتەکەی، تا بڵێیت، خۆشە و زۆر بە ڕێکوپێکی نووسراوەتەوە و لە زۆر شوێندا بە پێی پێویست (سەر و ژێر...)ی بۆ کراوە، سەرەڕای هەندێ وردەکاریی و نیشانەی رستەبەندی، کە ئیمەمانانی لە مزگەوت و قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستانەوە پێگەیشتوو تێی دەگەین و گەلێک کاری لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە بۆ پیاو ئاسان دەکەن.

لەم نوسخەدا گەلێ پەراوێز بەرچاو دەکەوێ کە هەموویان بە نیمچە رستەی (منە) دوایییان پێ‌هێنراوە. [٦]

لە گەلێ شوێندا بۆ جیاکردنەوەی یێی بۆش (ێ) لە (ی) یتر نووسیویە «بـا یـاء مجهـول» هەڵبەت مەبەست لەم (مجهول)ە نادیاری و نەکیرەیە وەک دەڵێت (پیاوێ). هەروەها بۆ جیاکردنەوەی واوی بۆش (ۆ) نووسیویە: (با واو مجهول) - لێرەدا نازانم بۆ ناویان ناوە واوی مەجهوول؟ لەوانەیە تەنها قیاس بێ لەسەر (ێ)ی مەجهوول و هیچیتر، هەر لەبەر ئەوەی واو و یێ بەیەکەوە ناو دەبرێن.

بۆ جیاکردنەوەی کاف و گاف بە پێی پێویست لە پەراوێزدا نووسیویە (با کاف فارسی) یا (با کاف عربی).[٧]

منیش لەبەر ڕووناکیی ئەم سەر و ژێر و نیشانە و وردە نووسراوانە بە پێی ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی دەقەکەم نووسیوەتەوە، بەڵام لە (ی)ی ئیزافەدا، ئەگەرچی بەشی زۆریم لەبەر ڕووناکیی (کسرە)ی دەسنووسەکەدا نووسیوە، هەندێ جار (قیاس) م کردووە؛ بۆ نموونە تەماشای ئەم شیعرە بفەرموون.

تقریـرِ مذهب أهل حق کریا ئیجازەی تقریر طرزیتر دریا

وەک دەیبینن لە ژێر (ر)ی وشەی (تقریـر)دا (کسـرە) هەیـە، کـەچی لـە ژێـر (ل)ی وشـەی (اهل)دا نییە؛ من بۆ یەکەمیان لەبەر ووناکیی (کسرە) کەدا (ی) م نووسیوە، و لە ژێر (ل)ی (اهل) یشدا بە (قیاس).

هەروەها سەیرێکی ئەم شیعرەش بفەرموون: -

لە خسوفِ عیب دناءت بری لە کسوف ریب خناءت عری

لە ژێر پـیـتـی (ف)ی (خسـوف)دا (کسـره) دانـراوە، کـەچی لـە ژێـر پـیـتی (ف)ی (کسـوف)ی بەرامبەریدا دانەنراوە، من (کسوف) م کردە (کوسووفی) لەبەر (کسره) کـەی و (خسـوف) م کـردە (خوسووفی) بە قیاس.

یا تەماشا فەرموون حۆن مەولەوبی هەستیار لەم شیعرەی خوارەوەدا کێشی شیعرەکەی رەچاو کردووە:

والحاصل او بدر ظلمت زُدای لیل　　　　او مهرِ أیام له ضیای او کیل

بۆ (ر)ی (مهر) نیشانەی (کسره)ی داناوە، کەچی بۆ (ر)ی بدر داینەناوە، چونکە کێشەکە لـەنگ دەکات؛ منیش هەمان شتم چاودێری کردووە.

بە وردی سەیرێکی ئەم شیعرە بفەرموون: -

حدیث ضعیف ار پیی لە ناوە　　　　بم حدیثە کارْ مُنکرِ تواوە

ئەگەر (سکون)ی (مضاف) لای مەولـەوی ئەسـڵ بوایـە، وەک زاراوی ئـەهلی (سـنە) و دەور و پشتی، پێوست نەدەبوو (سکون)، زەنە، بۆ (ر)ی کار بکات، بەڵام چونکە کەسرەی (مضاف) ئەسڵـە لای و لە ترسی ئەوەی نەبادا خوێنەر لەسەر ئەو ئەسڵە بـڕوات و کێشـی شـیعرەکە لـەنگ بێـت، (سکونی بۆ (ر)ی (کار) داناوە.

زۆربەی کەسـرەکانی ئـەم نوسـخە دەستنووسـە هەرەکۆنـە، کـە لەگـەڵ تـەواوبوونی دانانیـدا نووسراوەتە باشترین بەڵگەی قسەکەمانە.

لە پایانی ئەم نووسخە دەستنووسەدا بە فارسی نووسراوە:-

«ترقیم پذیرفت عقیدەء مولوی از دست معرض محنت و جفا حسب الفرمودەء حضرت ابوالوفـا ادام الله برکته علینا بحرمـة نبیّنـا المصـطفی (ص) سـنة ١٢٨١ لا الـه الا الله، محمـد رسـول الله صلی‌الله تعالی علیه و سلّم».

واتە: عەقیدەی مەولەوی نووسرایەوە بە دەستی کەسێکی دووچـاری ئـازار و مەینـەت، بـەپێی ئەمری حەزرەتی (ابوالوفـا) - شـێخ عبـدالرحمان کـوڕی شـێخ عوسمـان سـراجەدین (فـاتح) - هەمیشە بەرەکەتی بەسەرمانەوە بێت لەبەتر خـاتری پێغەمبـەری هەڵـبژاردەمان، دروودی خـودا لەسەر خۆی و ئال و بەیتی، ساڵی هەزار و دووسەد و هەشتا ویەک.



لە پاڵ ئەم نووسینەدا [٨] شیعرە عەرەبی‌یەکەی (مەولەوی) خۆی نووسراوە، کە باسی ناونانی کتێبەکەی دەکات، کە لەوانەیە بوترێ نووسینەکەی لە نووسینی دەقی کتێبەکە جیاوازی هەیە و هەندێ لە شێوەخەتناسان لایان وایە (مەولەوی) خۆی نووسیویە.

هەرچۆن بێ بەگوێرەی ئەم پایانە ئەم نوسخەیە لە ساڵی تەواوبوونی دانانی کتێبەکەدا نووسراوەتەوە، واتە ساڵی ١٢٨١ی کۆچی.

شایانی باسە لە لای چەپی ئەم پایانەوە ئەم چەند دێڕەیش بە شێوەی پەراوێز بە فارسی نووسراوە: -

«یکی از خراسانیان کە شاعر فائق و ملقب بشائق بود در وقت اتمام منظومە تشریف أرزانی فرمود بداهةً نثراً تاریخ را بتحریر رسانید (عقیدەء مولوی نوشتە گردید) ١٢٨٠».

واتە: یەکێکی خۆراسانی کە شاعیرێکی باڵا دەست و نازناوی (شائیق) بوو، لە کاتی تەواو کردنی دانانی کتێبە هەڵبەستەکەدا تەشریفیان هێنابوو، گورج تەڕدەستانە بە پەخشان مێژووی کتێبەکەی نووسی و وتی: «عقیدەء مولوی نوشتە گردید» عەقیدەی مەولەوی نووسرا.

پیتەکانی ئەم رستەیە بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە (١٢٨٠) واتە: ساڵی دەست کردن بە دانانی، نەک ساڵی تەواو کردنی، هەرچی ئەم دیوەودیوم کرد بۆم نەکرایە (١٢٨١) خۆیشی (١٢٨٠)ی نووسیوە. ئەڵبەت دەیەوێ بە شێوەی (مبالغە) بڵێت: هەر کە دەس بە دانانی کرا نووسرایەوە! واتە وەک ئەوەتە ساڵی دەست بە دانان کردن و ساڵی تەواوبوونی یەک بێت! بە دووری نازانم ئەم شاعیرە خوراسانی‌یە لە (تەوێڵە) و یەکێک لە موریدەکانی خوالێخۆش‌بوو شێخی (سراج‌الدین) و حازری نووسینەوە و لێبوونەوەی ئەم کتێبە بووبێت.

جێگای داخە نووسەرەوە ناوی خۆی نەنووسیوە و، تەنها بەم سێ وشە خاکینەیی‌یەی «معرض محنت و جفا» کۆتایی هێناوە.

بە هەرحاڵ کتێبەکە تێکڕا خەتی (مەولەوی) نییە، هی ئەو بوایە نەیدەوت «ترقیم پذیرفت عقیدەء مولوی»، بەڵکوو دەیوت (عقیدەام) واتە: عەقیدەکەم یا هەر عیبارەتێکی‌تر. نووسەرەوەی ئەم نوسخەیە یەکێکی زۆر خۆشنووس و لە کاری نووسیندا هەنەرمەند بووە؛ رێک و پێکیی دێڕەکان و وشەی دێڕەکان و ناوەناوە نەخش و نیگاری، ئەم راستییەمان بۆ روون دەکاتەوە.

بێجگە لەمەش تەعبیری «ترقیم پذیرفت» بۆ نووسینەوە زیاتر لەبارە نەک بۆ دانان.

وا دەردەکەوێ وەک دانانی کتێبەکە لە لایەن (مەولەوی) یەوە بە فەرمانی (ابوالوفا)ی پیرزادەی مەولەوی بووە، نووسینەوەشی لە لایەن ئەم نووسەرە هونەرمەندە ناوی خۆ نەبردووە و، هەر بە ئەمری (ابوالوفا) بووە.

من لام وایە، پاش یەکەمین نوسخەی دەستنووسی (مەولەوی) خۆی، ئەم نوسخەیە یا یەکەم نوسخەی عەقیدەی مەرزیەیە، یا یەکێکە لەو نوسخە هەرەپێشوانە کە راستەوخۆ پاش دانانی کتێبەکە نووسراونەتەوە.

خۆ ئەگەر بە ئەمری خوالێخۆشبوو (ابوالوفا) نوسخەیتر نەنووسرابێتەوە، ئەوا ئەم نوسخەیە ئیمتیازێکی تایبەتی دەبێت، ئەوەش ئەوەتە کە هەر وەک دانانی کتێبەکە بە ئەمر و حەزی ئەو بووە نووسینەوەی ئەم نوسخەیەش بە ئەمر و حەزی ئەو بووە.

هەر چۆن بێ ئەم نوسخە دەستنووسە، کە لە سالی تەواوبوونی دانانی کتێبەکەدا نووسراوەتەوە، زۆر کۆنترە لەو نوسخەی کە دەستنووسی خوالێخۆشبوو مەلا رەسوولی تووداریی نەقشبەندییە، کە سالی (١٣٠٨)ی ک نووسیویەتیەوە و سەرچاوەی سەرەکیی چاپەکەی خوالێخۆشبوو مامۆستا نعێمی‌یە، هەروەها کۆنترە لە نوسخەکەی زانای گەورە و بەرێز جەنابی مامۆستا شێخ محەمەدی خال، کە خوالێخۆشبوو شێخ مەعرووفی سیاگوێری سالی (١٣٠٣)ی ک لە پێنجوین نووسیویەتیەوە و، یەکێکە لە سەرچاوەکانی کتێبی (هەلبژاردەیەک لە «عقیدة مرضیة»ی مەولەوی) لێکدانەوە و لێکۆلینەوەی (بابەعەلی شێخ عومەر قەرەداخی) [٨].

خوێنەری بەرێز!

ئێستە، کە گەیشتوومە دوادوایی باسی ئەم نوسخە دەستنووسە، دەمەوێت سەرەڕای ئەوەی کە بە پێی پێویست لە پەراوێزدا دەربارەی سەرباسەکان نووسیومە دووبارەی بکەمەوە کە هیچ سەرباسێکی سەرەکی و هیچ وردەسەرباسێکم لەم دەستنووسەدا نەدی، تەنها لە هەندێ شوێندا جۆرە نەخش و نیگارێک هەیە، بێ‌گومان هێمایە بۆ ئەوەی باسی پێشوو تەواو بوو و باسێکی تازە دەس پێ دەکات، ئیتر نازانم خوالێخۆشبوو مامۆستا (محی الدین صبری نعیمی) چۆن ئەو سەرباسانەی داناوە؟ ئاخۆ نوسخە دەستنووسەکەی لەمەڕ (تووداری)ی لای ئەو، یا دوو نوسخەکەیتر سەرباسیان تێدا بووە، یان هەر خۆی بە زیرەکی و بۆچوونی خۆی شوێنی سەرباسەکانی دیاری کردووە و نووسیونی؟

تێکرا من ڕەخنەم نە لەوە، نە لە باوکم کە سەرباس بنووسن، بـە تایبـەتی (شـرح) هەڵـدەگرێ سەرباسی؛ وەک بەشێک لە شەرح؛ تێدا بنووسرێت، چونکە دانانی سەرباسەکان خۆی بەشـێکە لـە لێکدانەوەی دەقەکە، من تەنها ئەوەنـدەم مەبەسـتە ئـەبێ هێمایـەک بـۆ ئـەوە بکرێـت کـە ئـەم سەرباسە گەورە یا ئەو نیمچە سەرباسە لە ئەسڵەکەدا هەبووە و لە سەری ڕۆیشتوون، یـا نـەبووە و بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست لێیان زیاد کردووە.

جا ئەگەر بڵێین [٥٢] ساڵ پێش ئەمڕۆ ماوەیەکی زۆرە و، مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی کتێب وەک ئەمڕۆ پەیڕەو نەدەکرا و، بە تایبەتی لێکۆڵینەوەی بەرهەمێکی بێنازی لانـەوازی کـوردی بـۆ ئـەو سەردەمە و ئەو نامۆیی‌یە هەر بە دەم ئاسانە، ئەوا ئێمە لەم ڕۆژەدا، بـە سـەر پـێ‌یەکیشـەوە بـێ، پێویستە هێمایەکی بۆ بکەین.

دواقسه و تکای لێبووردن

خوێنەری ئازیز!

شێوە لێکدانەوەکەی باوکم شێوەی مامۆستایەکی ئایینی قووڵ داچووی مزگەوت بوو، کە گەلێ ڕستە و وشەی ناکوردی تێدا بوو، چۆن بەدرێژایی زیاتر لە شەست ساڵ لەسەر دەرس وتنەوە بە فەقێ ڕاهاتووە وەهای نووسیبووەوە، سەرەڕای ئەوەش بابەتی کتێبەکە خۆی بابەتێکی بیر و باوەڕیی ئایینی‌یە کە بە عەرەبی و غەیری عەرەبی بە سەدان، بگرە هەزاران، کتێبی تێدا دانراوە و بە سەدان جۆر پەراوێز و پەراوێز لەسەر پەراوێز و وردەکاریی تێدا بەکارهێنراوە، بێجگە لەو هەمووە زاراوە جۆراوجۆرە کە وەرگێڕانیان بۆ سەر کوردی ئاسان نییە، لەبەر ئەمانە بڕوا ناکەم داڕشتنەوەکەم لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو بێخەوش بێ، بە تایبەتی لایەنی گۆڕینی زاراوەکان.

من لە پیاچوونەوە و داڕشتنەوەی کارەکەی باوکمدا دوو شتی گرنگم لە بەردەم خۆم داناوە و هەوڵی بەجێگەیاندنیانم داوە:

یەکەم: پاراستنی واتا و مەبەست و دەسکاری نەکردنی؛ چونکە خۆتان دەزانن بابەتی کتێبەکە بابەتێکی ئایینی بناخەییە، چۆن گەیێنراوە دەبێ وەها بگەیێنرێ و، کاری ئارەزووکاری نییە.

دووەم: داڕشتنەوەی بە شێوەیەکی ڕەوانی کوردیی وەها کە تێکڕای خوێنەران، نەک تەنها ئەوانەی سەر و ساختیان لەگەڵ باسەکەدا هەیە، سوودی لێ وەربگرن و تێبگەن کە (مەولەوی)ی زانا و شاعیر و سۆفی چی وتووە و چی ویستووە.

بە دڵنیاییەوە کاری یەکەمم بە دەستپاکی و بێ زیاد و کەم بەجێگەیاندووە و، لە هەر شوێنێکدا تووشی شتێکی ئاڵۆز بووبم دەستەوسان نەوەستاوم و تا نەگەیشتبمە بنج و بناوان وازم نەهێناوە...

بۆ دووەمیش ئەوی لە تواناما بووبێ کردوومە و کەم و کووڕیشم دەدەمە دەست چاوپۆشی و دڵفراوانیی ئێوە.

ئیتر من هەقم بەسەر ئەوەوە نییە کە ئەم مەسـەلە تایبەتییـە یـا ئـەو مەسـەلەیە بەڵـگەکەیان بەهێزە یا لاوازە. ئەمە کاری من نییە، کاری (ماتن) و (شـارح) ە، واتـە: حـەزرەتی (مەولـەوی) و باوکم؛ لەم جۆرە شتانەدا ئەوان بەرپرسیارن.

قسەیەکیش هەیە، ئەگەر دووبارە کردنەوەش بێت دەبێ بوترێت، ئـەوەش ئەوەیـە ئـەم جـۆرە کارانە کاری یەک کەسە نین و، لە راستیدا دەبێ بە کۆمیتەیەکی لە زۆر لاوە وریا و زانا بە ئـەنجام بگەیەنرێت، ئێمەمانانی تاکەکەس هەر ئەوەندەمان لە وزەدایە...

ئەم کتێبەی مەولەوی، وەک (فضیلە) و (فوایح) ەکەی سەرێکی هەیە و هەزار سـەودا؛ لایـەک ئایین و بیر و باوەڕی ئـایینی‌یـە، لەگـەڵ ئـەو هـەمووە ئـەملاولا و رێبـازە جیاوازانـەدا کـە لێـی بوونەتەوە. لایەک سۆفی‌یەتییەکەی ئەم شاعیرە بەرزەیە، کە مۆرکی بە گەلێک لە شـیعرەکانیەوە هەیە.

راستە عەقیدەی مەرزییەی مەولەوی و ئەوانی‌تریشی، ئەگەر بێینە سەر دانانیان لە خانەیەک لە خانـەکانی جـۆری شـیعردا، خانـەی شـیعری تـەعلیمییان بەردەکـەوێ، واتـە: زانیارییـەک لـە زانیارییەکان بە خەلک فێر دەکات، کە لێرەدا زانیاریی کەلام و بـیر و بـاوەڕی ئـایینیی ئیسـلامە، بێ‌گومان ئەمانە وەک دیوانەکەی حیساب ناکەین، بـەلام لـە هـەر لایـەک سـۆزێکی هاتبـێ، لـە هەرلایە دەلاقەیەکی رووناکییە تایبەتییە شاعیرانەکەی لێ کرابێتـەوە، لـە هـەر سـاتێکدا تـاوێکی بەتینی بەرەکەتی خودایی بەسەریا باریبێ قەریحەی شیعری تەقیوەتەوە و هەسـتی ئەفسـووناوی کەوتووەتە کار و خۆیشی و خوێنەریشی نوقمی دەریای خەیالی قووڵی کردووە.

خۆ باسی بەهێزیی مەعنای گەلێک لە شیعرەکانی و بەکارهێنانی دەیان لایـەنی رەوان‌بێـژی و جوانکاری وشەئارایی ناکرێ، کە بە راستی گۆی لە مەیداندا بردووەتەوە.

مەولەوی ئازایانە و لێهاتووانە ململانێی لەگەڵ کەڵە شاعیراندا کردووە و بـەوجۆرەی ویسـتوویە یاری بە وشە کردووە، لە کوردیدا لـە زاراوە سـاکارەکەی تـاوەگۆزی شـاکاری هێناوەتـە کـار. لـە عەرەبیدا زیاتر گیانی (تحدّی) هەست پێ دەکەیت. خۆ فارسـییەکەی لـە کـوردی چـاکتر رامـی هونەری شیعرییەتی...

سەیری ئەم چەند بەیتە کوردییەی بکە، دەربارەی (سبب) و (مسبب) ـ هۆ و ئـەنجام ـ چەنـد ساکار و پڕمەعنان:

فــلان باوکــە، ئــەوە لــە ئــەولاد
لەدوای ئەولاد پێـی دەڵـێن ئـەحفاد
لە بوخارە هـەور، لـە هـەورە مەتـەر،
لـە مەتــەر گیــا ســەر دێرێتــە دەر
موقــەددەم نــاوی نریاگــە ســەبەب
بە موئەخخەریان دەڵێن موسـەببەب
هەر دوولا هەر خەلق رەببی هادی‌یە
ســەبەبی‌یــەتیان ئــەمری عــادی‌یــە
لە قودرەتی حەق عـادەت جاری‌یـە
ئـەو دێتـە وجـوود، ئـەم دیـاری‌یـە
(یمکن) ئار بوێ ئیحراق هـەر نـەوێ
یـا ئیحـراق وە بـێ‌ئـاگر هەڵـکەوێ

ئێستە وشکەنەزانی بەناو زانای وا هەیە باسی تەرتیبی هەڵم و هـەور و بـاران و گیـای لابکـەی لەوانەیە بە کوفری بزانێ، کەچی ئەو یەکسەر تێت دەگەیەنێت:

هەردوولا هەر خەلق رەببی هادی‌یـە
ســەبەبی‌یــەتیان ئــەمری عــادی‌یــە

هەروەها لە (فوایح)ەکەیدا لە باسی بینینی خودای گەورەدا دەفەرمویت:

تفضّل بالعجـل بالکـأس سـاقی!
صـفای مَـیْ نمایـد وجـهِ بـاقی
بکــوریّ دو چشــم اهــل انکــار
بکن کار و نوایی را در ایـن کـار
ز دیـده زنـگ ظلمـت را زُدایـد
دلــم تصــدیق رؤیــت را نمایــد
در ایــن نشــأة بامکــانش بگــویم
در ان نشــأة وقــوعش را بجــویم

ئەمە کورتە باسێکی یەکێکە لە مەسەلە ئایینی‌یەکان، کەچی شیعرەکانی لێوانن لە رەوان‌بێـژی و وشەئارایی. واتاکەی بە کوردی دەڵێت:

دە فەرموو مەی بهێنە، زووبە مەی‌گێڕ!
لە رووناکیی مەیا رووی خـوا دیـارە [٩]
بـە کـوێرایی دوچـاوی ئـەهلی ئینکـار
بە ئـاواز بێنـە جـۆش ئـەم کـار و بـارە
لــە دیــدەم ژەنگــی تـاریکی بماڵــێ
دڵــم بـاوەڕ بکـا بــەو دیــنی خوایــە؛
بڵــێم بینــینی خــوا ئـا لــەم جیهانــە
(دروستە) و لـەو جیهـانیش دێتەکایـە

هەر لە (فوایح) ەکەیدا کە باسی خۆی دەکات لەبەر بارەگای خودادا دەڵێت:

ز بحــث خــود چــه عرضــی را رســانم
چه ســانم؟ از خســانم نـز کســانم [١٠]
خــودم را پرقصــور ار مــن نخــوانم
قصـــوری را از آن بـــدتر نـــدانم
خمیــر از ردّ، ضــمیر از بــد نــرُفتم
ز تــو یــاربّ و از خــود در شــگفتم
غنــای مطلــق از کــل، بــاز در بنــد
(تعــالی الله) زهــی أعــلا خداونــد
بــه آن محتــاج و هــر آن در معاصــی
(معــاذ الله) چــه قاســیّم چــه قاصــی
ببخش ای (بوالعجب) این (بوالعجب) را
بیـــــاموزش رمـــــوزات ادب را
نــه تــو یـابی چــو مـن ناپختـه کـاری
نــه مــن یــابم چــو تــو ئاموزگــاری

واتە:

دەربارەی خۆم چیت عەرزکەم کە چۆنم؟
چ جۆرم من؟ لە ریزی ناکەسانم نەک لە کەسانم!
ئەگەر من خۆم بە تاوانبار نەزانم
لەوە بەدتر چ تاوانێ بزانم
نە کارم لە هی بەد و، نە دەروونم
لە خدەی ناپەسەند پاک کردووەتەوە
خودایا من لە تۆ و لە خۆم سەرسام ماوم
لایەک موحتاجی کەس نیت و،
لایەک لە بەندی چاکە دای لەگەڵ خەڵکدا [11]
چ خوایەکی بەرز و بالای
بەو موحتاجم، لەگەڵ ئەوەشدا
سەرکەشم، نوقمی گێژاوی گوناهم
پەنا بە خوا چەند دڵڕەقم؟
پەنا بە خوا چەند لێی دوورم؟
هۆی سەرسامی! ببوورە تۆ لەم سەرسامە
دروشمەکانی خووی پەسەندی فێر بکە
نە تۆ وەک من ناپوختە کارێکت دەس دەکەوێ
نە منیش وەک تۆ مامۆستایەکم دەس دەکەوێ.

خۆ باسی (فضیلە) عەرەبییەکەی ناکرێت کە چەند جوان و رێک و پێکە، راستە کتێبەکە تێکرا، وەک وتمان، لە جۆری شیعری تەعلیمییە، بەلام خوا هەڵناگرێ تەنها (۱۲۷) شیعری پێشەکییەکەی بەسە بۆ ئەوەی خوێنەوار لە توانای ئەم بلیمەتە سەرسام بێت. (۱۲۷) بەیتە یا (۱۲۷) گەوهەری نایاب؟!

هەر لە سەرەتاوە (بسم الله...)ە عادەتییەکەی خۆمانی کردووەتە نیوە شیعر و، لە نیوەی دووەمدا بە (سەراحەت) سەرسامیی خۆی و هەموو دانایەک دەخاتە روو:

بســـم الله الـــرَّحمن الـــرَّحیم

مَــن تــاهَ فیــه نُهیَــةُ الحَکــیم

معطی جلائل العطایـا والـنعم

مُـولی دقـائق المزایـا والکـرم

الحمـــد لله الـــذی أبـــدانا

من عدمٍ أرواحـاً أو أبـداناً [١٢]

لە پاشا گلەیی دواکەوتن لە خۆی دەکات و هـەروا بـە دەم قسـەوە بانـگ و قامەتەکەشـت بـۆ دەکاتە شیعر:

إلی مَتی تخلّفی عن قـومی؟

یُومی الی نَومی أذانُ یَـومی!

فمرحبـاً بالقـائلین عـدلاً،

و بالصـلاة مَرحبـاً و أهـلاً

فأذِّنـا تأذینَـهُ وَ ثَـوِّب

یـا جَبلـی! لیاجبـالُ أوِّبـی

مبسـملاً مُحَمـدلاً مصـلّیا

مُسـلّماً مسـلّیاً مُصـلّیا

محـوقِلاً وَ سـائلاً وسـائلاً

مبـتهلا باسـطَ کـفٍّ، قـائلاً:

فاحَ الصبا، لاح الصباحُ، راحـا

صبوحُنا، قم صاحِ! هاتِ راحا

سەیری کە چۆن سەبارەت بە کونهی زاتی خودای گەورە خۆیشی و خەلکیش نـوقمی دەریـای سەرسامی دەکات؟

جَـلَّ الـذی کَـلَّ نُهـی صِـفاتِهِ

فــی زاتِــهِ و فــی عُــلا صِــفاتِهِ

مـــا وَصَـــل الازل لابتــــداه
و مـــا انتهـــی الآبَــدُ لانتهـــاه
وُجِــدَ، لا فَوَجَــدَ أو ثــم وَجَــد
وجــب فيـــه، کوجـــودهِ وجَـــدَ
لاصـــبحَ لا يـــومَ لديـــه، لا مَسَــا
و لــم يکــن حـــينٌ فِنـاهُ لامِســأَ
و کـــانَ، آنَ کـــانَ، (کـــانَ) ليســأَ
ثوی بحيثُ لـيس (حيـثُ) أيسـأَ
متـی (متـی) حتـی اتـی عليـه؟
مـــن ايـــنَ (ايـــنٌ) ينتمـــی اليـــه؟
هل ساعدٌ يَصِلُهُ فـی کَـمٍّ (کَـمْ)
و کيفَ لا کيفٌ مع الکيفِ يضمّ؟!

لێرەدا پاڵی لێ دەداتەوە و پشوویەکی بۆ ئەدات و ملکەچانە دەڵێت:

زُحزِحَ عن عقل الوَری إلهُنا؛
فمنتهـی عقولِنـا إلـی هُنـا!
خالِقُنـــا معبودنـــا إلــــهٌ
جَـلّ عــن استحصـائنا إلاهُ

لە پاشانا دێتە سەر باسی ئەوەی کە چۆن خوالێخۆشبوو پیر و پیرزادەی پایەبەرز شـێخ (بهـاء الدین) داوای دانانی ئەم کتێبەی لێ کردووە و، ئـەمیش خـۆگری کـردووە و دەردی لاوازی و دڵ نارەحەتیی خۆی و باری نالەباری رۆزگاری بۆ هەڵرشتووە، ئـاخری هـەر ناچـار ئـەبێ لـە قسـەی دەرنەچێ و شان بداتە بەری و ئەم شاکارە دروست بکات:

أمرنـــی بنظمهـــا و حـــالی
تعللت عن حســن الامتثـال
لآدَنـــی وِزرٌ نـــوی خِلّـــانی
انقض ظهر السرِّ مـا خلّـانی

کــان أبــو بــلاءی الــذبابا
فکلّمــا عنّــی ذُبّ آبــا
مِــمّ سُــدی ولحمــة البنیّــة
ذا الضعف تلکم قـوّة البلیّـة
تحرقنــی تفرکنــی تصــلینی
کــأننی الفریــک تشــتهینی
حــولی بــدت ابخــرة اعصــار
رعــدٌ، صــواعق، و بــرق، نــار
فزلزلت ارض الحشا وَ رُجَّـتِ
ترجرجَتْ مدینتی وارتجّـت

أبی ســوی الــدررِ فالتزمتهــا
جمعتهــا رتبتهــا نظمتهــا
لعقــد جیــدالعرب الاتــراب
أبکــار افکــار أولــی الالبــاب
تفــوق مــا وســم سلســبیلا
للشرب والغسلة، سَل سـبیلاً

ئەو وشە عەرەبییانەی ئەم زانا شاعیرە هەڵکەوتووە لـەم شـیعرانەدا بـە کـاری هێنـاون، چەنـد وشەیەکی کەم نەبێ کە بە (اصطلاح)ی زانیاریی (سرف) لە (رباعی مجرد) ن، ئەوانیتریان هـەموو (ثلاثی مجرد و ثلاثی مزید) و وشەی سادە و ساکارن، وشەیەکی نامۆ یا دوور لـە (فەسـاحەت) یـا دەربڕینێکی دوور لە (بەلاغەت) یان تیا نابینرێت، هەر وشە عەرەبییە ئاسانەکانن ئەو رسـتە جـوان و بەدلاچوانەی لێ دروست کردوون.

ئێمە ئەبێ سەری رێز بۆ ئەم بلیمەتە و بلیمەتەکانی تری نەتەوەکـەمان دانـەوێنین، کـە چـۆن سەری کورد و کوردستانیان بەرزکردووەتەوە.

لە سایەی هونەری ئەم جۆرە هەڵکەوتووانەوە دەتوانین بڵێین: ئێمەی کوردیش لەگەڵ هەموو جەور و سزای چەرخی گۆناگۆن و لەگەڵ کوێرەوەری‌دا شاعیر و زانا و عاشقی وەک جزیری و شاعیر و فەیلەسووف و نەتەوەپەروەری وەک خانی و هەڵکەوتووی وەک نالی و مەولەوی و سالم و حاجی قادری مەزنمان هەیە. خاکی پاکی کوردستانی شیرینیش ماچ بکەین کە ئەم ڕۆڵانەی لە کۆشی خۆیدا بە شیری خۆی گۆش و پەروەردە کردووە و، ئەوانیش لەو کۆشە پیرۆزەدا سەری ئێجگاریان ناوەتەوە.

نەمریی بۆ (مەولەوی)ی سەرقافڵەی عاشقان

فاتح عبدالکریم

١٩٨۶/۶/١٣

***

١ـ یادی مەردان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عیراق، بەغدا، ساڵی ١٩٨٣، ل (٣٦٧).

٢ـ بڕوانە لاپەڕە (ب)ی (سەرەتا)ی دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، چاپخانەی (نەجاح) لە بەغدا (١٣٨٠)ی ک ـ ١٩٦١ی ز.

٣ـ العقیدة المرضیة، تألیف العلامة فقید العلم و الادب السید «عبدالرحیم الحسنی الشهیر بالمولوی المتخلص بالمعدوم»، مطبعة السعادة بجوار محافظة مصر ط ١ سنه ١٣٥٢.

٤ـ دیوانی مەولەوی، پیرەمێرد بە شیعر لە دوو بەرگا وەریگێڕاوەتە سەر دیالێکتی کرمانجیی خواروو، وە لە چاپخانەی (ژیان) لە سولەیمانی چاپی کردووە، بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٣٥ و، بەرگی دووەمی لە ساڵی ١٩٤٠دا.

٥ـ ئەوسا لە مزگەوت و قوتابخانە ئایینی‌یەکانی کوردستاندا کە کتێبێکیان دەنووسییەوە، ئەگەر وشەیەک، دێڕێک، شیعرێکیان لە بیرچووبایە و، لە پاشاندا پێیان بزانیایە، لە قەراخ و بیجاخی دەقەکەدا یان لە پاڵ جێگەکەی خۆیدا، یان لە دوورەوە دەیاننوسی‌یەوە و بۆ دیاری‌کردنی شوێنەکەی هێمایەکیان بە کار دەهێنا و، ڕستەی (صح) یان لەدوایەوە دەنووسی؛ واتە: بەم دێڕە یا بەم وشە یا بەم شیعرە دەقی نووسراوەکە ڕاست دەبێتەوە و بێ‌ئەوە هەڵەیە، ئەمەشیان بۆیە دەکرد تا لە پەراوێزی جیا بکەنەوە، واتە ئەگەر (صح) ەکە نەبێ نازانریت ئەو بە جیانووسراوە لە دەقەکەیە یان پەراوێزە. ئەم ڕێبازە ئێستەش تا ڕادەیەک ماوە.

٦ـ (منە) کە بە (منهوات) کۆ دەکرایەوە، واتە: پەراوێزی خاوەن کتێب خۆی نەک کەسێکی‌تر، کەسی‌تر دەبێ ناوی خۆی دابنرێ، کە وتت (منە): لەوەوە، واتە: قسەی دانەر.

ئەگەر کەسێکی درشت‌کار پەراوێزی لە کتێبی خەڵک کردبێت و ناوی خۆی نەنووسیبێ و (منە)ی لێ دابێ و قسەی خۆی، لەبەر هەر هۆیەک، کردبێتە قسەی دانەر، بەوە قاعیدەکە تێک ناچێت، چونکە لە هەموو کارێکدا لە هێڵ دەرچوو هەر هەیە.



٧ـ نووسەرەوە لە هەمووی کتێبەکەدا چ بۆ (کاف) و چ بۆ (گاف) هەر یەک کەشیدەی نووسیوە بۆیە بەو پەراوێزە لە یەکی جیاکردوونەتەوە.

٨ـ (هەڵبژاردەیەک لە عەقیدە مەرزیەی مەولەوی) کتێبێکی تازەیە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی بەڕێز بابەعەلی شێخ عومەری قەرەداخی‌یە، ساڵی ١٩٨٥ لە چاپخانەی ئیرشاد لە بەغدا بە یارمەتیی ئەمینداری‌یەتی گشتیی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان لە چاپ دراوە و (١٥٨) لاپەڕەیە. لەم کتێبەدا، وەک نووسەری بەڕێز خۆی لە پێشەکی‌یەکەیدا دەڵێت: نزیکەی دەیەکی عەقیدەکەی هەڵبژاردووە و لێکی داوەتەوە. لە راستی‌دا کتێبێکی بەنرخە و نیشانەی ماندووبوونی نووسەری پێوە دیارە و، بە هەموو شایانی‌یەکەوە چووەتە ریزی پێشەوەی ئەو رەنجانەی تا ئێستا دراون دەربارەی بەرهەمی حەزرەتی (مەولەوی).

٩ـ بابەت بینینی خودایە، مەی بێ‌خڵتەش وەک ئاوێنەیە لەگەڵ بینیندا دەگونجێ... مەبەست لەم (مەی)ە مەیی حەقیقی‌یە ئەوەی دەبێتە هۆی مەستی و نوقوم بوون لە دەریای خوداناسیدا.

١٠ـ نز: نە از.

١١ـ خوای گەورە لەم چاکەکردنەدا موحتاجی کەس نییە، بەڵام (مەولەوی) ئەوە وێنە دەگرێ کە خودای گەورە هەمیشە لە چاکەکردندایە لەگەڵ بەندەگانی خۆیدا.

١٢ـ بڕوانە (الوسیلة فی شرح الفضیلة) للشیخ عبدالکریم محمد المدرس، الطبعة الاولی ١٣٩٢ـ ١٩٧٢، مطبعة الارشاد، بغداد ص (٤ـ٣٧).



بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله رب العالمين. والصلاة والسلام علي سيّدنا محمد و علی آله و صحبه اجمعين واتباعه باحسان الی يوم‌الدين.

به قه‌ده‌ر ئه‌وه‌ی به نووکی خامه له رووی نامه نووسراوه و، به زمانی زمان پاراوان وتراوه و به بیری رۆشن‌بیران زانراوه، به‌لکو به قه‌ده‌ر ئه‌وه‌ی که فیکری خاوه‌ن‌فیکران پێی نه‌گه‌یشتوه و، عه‌قلی هوشیاران تێی نه‌گه‌یشتووه، سوپاس و ستایش بێ بۆ باره‌گای به‌رزی په‌روه‌ردگاری جیهان، ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ی به زات له پێش چاودا په‌نهانه و، به کردار و شوێنه‌وار لای دلی هوشیاران نومایانه، سوپاسێ که به‌رامبه‌ری هه‌موو نیعمه‌ته‌کان شان به شان بڕوا له‌گه‌ڵ بارانه ره‌حمه‌ته‌کان به ئاشکرا و به په‌نهان.

هه‌روه‌ها دروودی زۆری بێ‌سنوور بۆ ئاستانه‌ی فریشته پاسه‌وانی، ره‌هبه‌ری میهره‌بان، کلیلی که‌ره‌می یه‌زدان له هه‌ردوو جیهان حه‌زره‌تی (محمد المصطفی) دواهاوه‌ری ده‌زگا و دایه‌ره‌ی پێغه‌مبه‌ران، کانی هه‌موو بیر و باوه‌ڕی په‌سه‌ند و کرده‌وه‌ی شایسته‌ی هۆشمه‌ند و ره‌وشتی جوان و نایاب و بلندی ریزی به‌ختیاران. وه بۆ ره‌وانی هه‌موو ئه‌هل و به‌یت و ئال و یارانی فیداکارانی و، باقی په‌یڕه‌وانی یاسای قورئانی و فه‌رمووده‌ی جوانی و کرده‌وه‌ی پڕ له ئیحسانی، تا خۆری پرته‌وداری میهره‌بان پرته‌و ده‌خاته دلی دلداران، له زه‌مانا، له مه‌کانا، له به‌هه‌شتی جاویدانا، تا گوڵ ده‌گه‌شێته‌وه و، دڵ به شنۆی ره‌حمه‌ت ده‌شنێته‌وه، بمنّهِ و فیضه و رحمته بالفضل و الاحسان.

پاش ئه‌مانه لای هوشیاران و زانیارانی کورد دیاری و نومایانه که هه‌ڵکه‌وتووی کۆڕی هونه‌روه‌ران، شاسواری مه‌یدانی ئه‌ده‌ب‌په‌روه‌ران، (سید عبدالرحيم)ی مه‌شهوور به (مولوی)

ڕەحمەتی خـودای لـێ بـێ لـە ئاسمـانی ئـەدەبدا چ ئەسـتێرەیەکی پرشـنگدار و، لـە جیهـانی نوکتەزانیدا چ سوارچاکێکی بە تەک و دەو بووە؟

ئەم تاقانەی ڕۆژگارە جگە لە هۆنراوە عەرەبییەکەی کە ناوی (فضیلە)یە و لـە بابـەتی ئوسـوولی دیندا نووسراوە و، بێجگە لە دیوانە غەزەلیاتەکەی کە تێکڕای غەزەلـەکانی لـە ئـەدەبی کـوردیدا لووتکەیان بەجێهێشتووە [١]، دوو هۆنراوەی بەنرخی تری هەیە، یـەکێکیان بـە کوردییـە و نـاوی (عەقیدەی مەرزییە)یە و ئەویتریان بە فارسییە و ناوی (فـوائح)ە و [٢]، بابـەتی هـەردووکیان بـیر و باوەڕی ئیسلام و ئوسوولی دینە.

جا لەبەر ئەوەی کاتی خۆی بە عەرەبی شەرحی (فضیلە) کەم کرد و کتێبێکم تیا دانا بـە نـاوی (الوسیلة فی شرح الفضیلة) [٣] حەزم کرد شەرحی کوردییەکەش بکەم؛ بە هیوای ئەوەی ئەم کارە بچووکەی منیش هاوبەشییەک بێت بۆ تێگەیاندنی موسوڵمانانی کورد لـە بـیر و بـاوەڕی ئـایینی ئیسلامی پیرۆز و پاراستنی ئەم کەلەپوورە بە نرخە. لە لێکدانـەوەی ئـەم کتێبـەدا ئـەم ڕێبـازەی خوارەوەم گرتووە:

لە پێشدا چەند بەیتێک کە پێوەندییان بەیەکەوە بێت دەیاننووسم، دوای ئەوە بە پێی پێویسـت تاکە تاکەی وشە گرانەکان مەعنا لێ دەدەمەوە، ئەنجا تێکڕای مەبەست ڕوون دەکەمەوە.

لەم کارەدا سوودم لە کتێبە گەورەکانی عەقائید وەرگرتووە، وەک شـەرحی مەقاسیدی سەعدی تەفتازانی و شـەرحی مـەواقیفی (عضـد الـدینی ئیجـی) و شـەرحی (جەلالـەددینی دەووانی) لـە عەقائیدی (عضدیە) و شەرحی (سەعدی تەفتازانی) لە عەقائیدی نەسەفییە و هەندێ سەرچاوەی-تر [٤]. لە خودای بەخشندە و میهرەبان دەپاڕێمەوە کە ئەم کارەم لێ قوبووڵ بکات.

لە تۆیش ئەی خوێنەری خۆشەویست تکای لێبووردن دەکەم، چاو بپۆشە لـە کـەم و کـووڕیی کارم؛ چونکە بێگومان کاریوا بێ خەوش نابێ؛ مرۆیش، هەر چەند لـێهـاتوو بـێ، دەسـتەلات و توانای سنوورێکی تایبەتی هەیە.



به ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

مەولەوی فەرموویەتی:

بسم الله الرحمن الرحیم

زوبــدەی عەقیــدە و خولاســەی کــەلام
هەر لە تۆ و بۆ تۆس حەمد و سـەنای عـام
هەر خۆتی بۆ خۆت بورهـان، دیتـر بـەس
بەشـی خـۆی تێکـەڵ نـاوێ بکـا کـەس
بۆ تۆس: بۆ تۆیە. دیتر: ئیتر. ناوێ: نابـێ.

مەولەوی سوپاس و ستایشی خودای گەورە دەکات و دەڵێت ئەوەندە مەیدانی ستایشت گەورە و فراوانە کەس ناتوانێ ستایشت تەواو بکـات، هـەر تـۆ دەتـوانی ستایشـی خـۆت بکـەیت، وەکـو حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی «لا أحصي ثناء علیک انت کما اثنیت علی نفسک» (٥) هەروەها کەس ناگا بە ناسینی راستەقینەی تۆدا، تۆ هەر خۆت دەبیتە بورهانی قەتعی و دەلیلی راستەقینە لەسەر بوونی زاتی خۆت، هەر خۆت بەڕاستی خـۆت دەناسـیت، (مـا عرفنـاک حـق معرفتـک) مـەعنا و کرۆکی ئەم دوو واتەیە ئەوەیە ئەگەر ستایش و سوپاسی زاتی خودا لەسەر نیعمـەت بکرێـت ئـەوا نیعمەتەکانی خودا ئەوەندە زۆرن لە ژماردن نایـەن هـەتا سـوپاس و سـتایش بـە ئەنـدازەی ئـەو نیعمەتانە بێ، خۆ ئەگەر هەر بەرامبەر بە سیفەتە جوانەکانی خـودای گـەورە بێـت ئـەوا سـیفەتە جوانەکانی خودا لەو رووەوە کە سەرچاوەی کردەوەی بەنرخن ئەوەندە نەبڕاوەن ماوەی ئەوە نییە کە ئادەمزاد بیانژمێرێ و دیارییان بکات. هەروەها دەلیل و بورهان لەسەر بوونی زاتی خودا لەگەڵ دەرخستنی حەقیقەتیدا شتێکی مەحاڵە و نایەتە دی، چونکە هێزی سنووردار و بـڕاوەی ئینسـان

ناگات بە ناسین و زانینی راستیی کونهی زاتی (واجبالوجود) دا؛ کـەوابێ هـەر خـۆی زاتی خـۆی دەناسێت و بەس. ئەمە بوو مەعنای ئەم دوو واتەیە، ئەگەرنا مەبەست ئەوە نیە کە دەلیـل لەسـەر بوونی خودای گەورە ناهێنرێتەوە؛ چونکە لە قورئانی پیرۆزدا لـە گـەلێ ئایـەتدا ئـەمر کـراوە بـە خوداناسین و ئیستیدلال بە (انفس) و (آفاق) لەسەر بوونی (واجـبالوجـود)ی ئافەریننـدە، بەڵـێ باوەڕ بە بوونی (واجبالوجود) و، زانیـنی سیفات و ئاساری بە جۆرێ کە بگاتە پایەی (حق الیقـین) بە هۆی (فەیض) و (تجلیاتی) خودای گەورە لەسەر دڵی ئینسانی چاکی پاکی بـەختیار، کـە پێـی دەوترێ ئیمانی کەشفی و شهوودی، ئەمە بەرزترین پایەی ئیمانـە بـۆ هەرکەسـێ رێـک بکـەوێ، وەکو خودای گەورە فەرموویەتی (والله يختصّ برحمته من يشاء والله ذوالفضل العظيم) [٦].

جا مەولەوی بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر قسەکەی خۆی دەڵێ:

کـــەنارەی ســـەحرا نادیـــاری‌یـــە
بینـــایی عقـــوول ئـــاو مـــرواری‌یـــە
(ضـیق الـنفس)یـە، هەناسـەی نایـە
دانـش، دەلیـل پێـی (عـرق النسـا)یـە
عرفان بەوانە حاسـڵ کـەی دەوێ؟ [٧]
بەو پێ ئەو سەحرا چلۆن تـەی دەوێ؟
چاک واتە خەیاڵ بێ‌تـەقریب نەکـەین
مەعلوومە تۆ تۆ و، ئێمەیچ خۆ ئێمـەین

کەنارە: قەراخ. سەحراء: مەبەس مەیدانی مەعنەویی خوداناسـینە. بینـایی: مەبەسـتی چـاوە. عقوول: هۆش و فام. ئاومرواری: نەخۆشییەکە تووشـی چـاو دەبـێ رێگـەی گەیشـتنی روونـاکی دەگرێ و نایەڵێ رووناکی بگاتە بیبیلەی چاو.

ضیق النفس: هەناسە توندی. دانش: عەقڵ، زانست. عرق النسا: رەگێکە لە ژوور رانەوە دەست پێ دەکات تا پاژنەی پێ، مەبەس ئەو نەخۆشییەیە کە تووشی ئەم رەگە دەبێ. دەوێ: دەبێت.

(کەنارەی سەحرا) موبتەدایە و (نادیاری‌یە) خەبەریەتی. هەروەها (بینایی عقـوول) موبتەدایـە و (ئاو مروارییە) خەبەریەتی. لە بەیتی دووەمدا (دانش) کە دواکەوتووە موبتەدایە و (ضیق النفس... تاد) خەبەریەتی و، (دەلیـل) موبتەدایـە و رسـتەی (پێـی عـرق النسـا) خەبەریـەتی. لـە وشـەی

(سحرا)دا ئیستیعارەی موسەڕڕەحە هەیە، تەشبیهی خوداناسین کراوە بە سەحرا و قەرینە حالییەیە.

هەروەها لە وشەی عقوول دا ئیستیعارەی مەکنییە هەیە، عقوول (مشبّه)ە و، چاوی ئینسان (مشبّه به)یە و، (اضافه)ی بینایی بۆ عقوول قەرینەیەتی. لە (دانش) یشدا ئیستیعارەی مەکنییە هەیە. چونکە تەشبیە کراوە بە ئینسان و (ضیق النفس) قەرینەیەتی. لە وشەی (دلیل)دا ئیستیعارەی مەکنییە هەیە و تەشبیە کراوە بە ئینسان و (اضافه)ی (پێ) بۆ دەلیل قەرینەیەتی و، (عرق النسا) تەرشیحە، واتە: قەراخی سەحرای خوداناسین ئەوەندە پان و بەرینە دەرناکەوێ و، چاوی هۆش و فامیش گیرۆدەی نەخۆشیی ئاومرواری بووە و هیچ نابینێ و، زانست تووشی هەناسەسواری بووە و هەناسەی دەرناچێ و، پێی دەلیل و بەڵگەیش تووشی نەخۆشیی (عرق النسا) بووە... جا ئیتر خوداناسین بەو هۆش و زانستە نەخۆشە و بەو عەقڵ و فامە کوێرە نابینایە چۆن جێبەجێ دەبێت و، ئەو دەشتە کاکی بە کاکییە بەو پێیی دەلیلە کە گیرۆدەی (عرق النسا)یە چۆن دەبڕرێ؛ کەوابوو چاک وایە خەیالاتی بێسوود نەکەین، دیارە کە تۆ، ئەی خودای گەورە، تۆی و (واجب‌الوجود)ی و راستییەکەت نەزانراوە، ئێمەیش، بەندەگانی تۆ، هەر ئێمەین و، ئەم (ممکن)ە (خاصة) پڕ لە کەم و کووڕییەین، ئەوەندە بەسە باوەڕمان ببێ کە تۆ (واجب‌الوجود)ی.



١ـ دیوانی مەولەوی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لە سەر نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، سالی ١٩٦١ی زایینی ١٣٨٠ی کۆچی، چاپخانەی نەجاح، بەغداد.

٢ـ دەقی (عەقیدەی مەرزییە) کە ئێستە ئەم شەرحەی لێ کراوە لەگەڵ دەقی عەقیدە فارسییەکەیدا کە ناوی (فوائح)ە سالی ١٣٥٢ی کۆچی (١٩٣٤ی زایینی)، لە لایەن زانای خوالێخۆش بوو مامۆستا محیی الدین سەبری نەعیمی کانی مشکانییەوە لە چاپخانەی (السعادة) لە میسر لە چاپ دراوە.

٣ـ ئەم کتێبە سالی ١٩٧٢ لە چاپخانەی ئیرشاد لە بەغدا چاپ کرا و، من سەرپەرشتی چاپ و راستکردنەوەی هەڵە چاپییەکانی بووم.

٤ـ (مقاصد) وەک لە ناو خوێنەوارە ئایینییەکانی کورددا مەشهوورە، یا (مقاصد الطالبین) ناوی کتێبێکە ناوەڕۆکەکەی زانیاریی کەلام و ئوسوولی دین و عەقائیدە. ئەم کتێبە و شەرحەکەی هەردوویان هی (مسعود)ی کوڕی (عمر) ن، کە بە (سعدالدینی تەفتازانی) و (سەعدی تەفتازانی) ناوی دەرکردووە کە لە سالی (٧٢٢)ی کۆچیدا لە دایک بووە و، لە (٧٩٣)دا وەفاتی کردووە.

(مواقف) ناوی کتێبەکەی (عبدالرحمن)ی کوڕی (احمد)ی کوڕی (عبدالغفار)ە کە بە (عضدالدینی ئیجی) ناوی دەرکردووە. ئەم زانایە سالی (٧٠٠) یا (٧٠١)ی کۆچی لە دایک بووە و سالی (٧٥٦) کۆچی دوایی کردووە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبەش زانیاریی کەلام و ئوسوولی دینە.

شەرحی مەواقیفیش هی عەلیی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلیی جورجانییە کە بە سەیید شەریفی جورجانی مەشهوورە، سالی (٧٤٠)ی کۆچی لە دایک بووە و سالی (٨١٦) وەفاتی کردووە.

(عضدالدینی ئیجی) کتێبێکی‌تریشی هەیە ناوی (العقائد العضدیە) یە، (جلال الدینی) کوڕی (محمد)ی کوڕی (اسعد)ی دەووانی، کە سالی (٨٣٠)ی کۆچی لە دایک بووە و سالی (٩٠٧) یا (٩١٨) مردووە، شەرحی لێ کردووە.

عەقائیدی نەسەفییە هی (نجم الدین ابو حفص عمر)ی کوڕی موحەممەدی نەسەفیی سەمەرقەندییە، کە سالی (٤٦١)ی کۆچی لە دایک بووە و سالی (٥٣٧) وەفاتی کردووە.

سەعدی تەفتازانی شەرحی لەم عەقائیدە کردووە.

٥ـ سنن ابن ماجە / الجزء الثانی / ص ١٢٦٣ / تحقیق محمد فؤاد عبدالباقی / دار احیاء الکتب العربیة سنة الطبع ١٣٧٣ هـ ـ ١٩٥٤ م.

٦ـ ئایەتی (١٠٥) لە سوورەتی (بقرە).

٧ـ لە چاپەکەدا: (کەی حاصل دەوی) یە. ئەوەی نووسیومەتەوە بە پێی نوسخە دەستنووسەکەیە و راستترە.



مبحث الصلاة والسلام [1]

هەورەکەی ڕەحمەت ڕووی سەمای کـەرەم
سەلات و سـەلام کـەی کـەم ئیسـتە کـەم
بێـــرێ و بـــڕێژێ و بـــدا وەهـــەم دا
وەســـەر مەزرەعـــەی ڕۆحـــی خاتەمـــدا
ســـەر واز کـــا ســـەراو وە هـــەر شـــەتاودا
وەســـەر ســـەوزەی پـــاک ئـــال و ئەسـحاودا
تـــا بـــدا پڕتـــەو وەســـەر وجـــووددا [2]
ئیمـــان لـــە ئەســـرار ئـــەهل شـــهووددا

سەما: ئاسمان. کەرەم: بەخشش. کەی کەم ئیستە کەم: وشـەیەکە لـە تـاوەگۆزی و هەنـدێ ناوچەیتری کوردستاندا بە کار دەهێنرێ، واتە سەرومڕ، بێوچان، بێبڕانەوە. دەڵێن: باران ئەبارێ کەی ئیستە کەم. بدا وەهەم دا: بدا بە یەکا و تێکەڵ بە یەکتر ببن. مەزرەعـە: دێبـەر: سـەر واز کردن: تێپـەڕکردن و لادان بـەملا و لادا، سـەرڕێژکردن. سـەراو: ئـاوی بـە هێـز لـە سـەراوردی دێبەرەوە. سەوزە: گیا و گوڵزار. پڕتەو: پرشنگ. وجوود: بوون، مەبەست بووەکانـە کـە جیهانـە و ئەوەی لە جیهاندایە. ئەسرار: پەنامەکییەکان، مەبەست دڵ و دەروونە. ئـەهلی شـهوود: ئەوانـەن دڵیان وریایە و خاوەنی کەشفن.

لەپاش ئەوە کە سوپاس و ستایشی خودای گەورەی کرد، هاتە سەر پێشکەشکردنی درووود بـە بارەگای خاوەنی پایەی بـەرز(د.خ) و، فـەرمووی: یـا خـودا خـوا لـە ئاسمـانی بـەرزی کـەرەم و بەخششی خۆیەوە ڕەحمەت و ئیحسان بکا بە هەور و بارانی سەلات و سەلام بێنێ و بیدا بە یەکدا و بە درێژیی کات بیڕژێنێ و بیبارێنێ بەسـەر دێبـەری خـاوەن کـەمالی گیـانی پـاکی حـەزرەتی سەروەری جیهاندا کە (محمدالمصطفی) یە(د.خ)، ئەنجا ئاوی بە هێز و تاوی ئەو بارانە لە دێبەری

گیانی پاکی حەزرەتی رەهبەرەوە تێپەڕ بکات و بدا بەسەر سەوزەی پـاکی ئـاڵ و یـارانیدا، هـەتا تیشک و رووناکیی بیر و بـاوەڕی جـوان لـە دڵ و دەروونی دەروونپاکانـەوە بـە گـورجی بەسـەر جیهاندا بڵاودەبێتەوە.

لەم هۆنراوانەدا تەشـبیهاتی وەرگـەڕاو زۆرە، تەشـبیهی میهرەبـانیی خـودا کـراوە بـە هـەور و، تەشبیهی بەخشش کراوە بە ئاسمان و، تەشبیهی سەلات و سەلام کـراوە بـە بـاران و، تەشـبیهی رۆحانیەتی حەزرەت(د.خ) کراوە بە دێبەر.

(بعدُ) گشت ئەجزات بوێ بە دەمـاخ
کام دەماخ؟ وە بۆی یادی خودا چاخ
نەک نەفحەی دەمدەم (خالق الانـام)
یا فەیزی ئـەنفاس ئەسـفیای کـیرام
وە ناکاو بۆی بێت چابوک کـا گـوزەر
بوێ وە حەسرەت نەوی [٣] باخەبـەر

گشت: هەموو. ئەجزا: ئەندام، پارچەپارچە و بەشبەشـی لـەش. بـوێ: ببـێ. دەمـاخ: لێـرەدا مەبەست ئەندامی بۆن کردنە. بۆی: بۆنی [٤]. چاخ: ئامادە، قەڵەو، بەنیشات. نەفحە: بۆنی خـۆش. دەمدەم: جارجار. ناکاو: کوتوپڕ. چابوک: گورج. گوزەر: رابووردن. بوێ: ببێ.

مەولەوی قسە لەگەڵ قوتابیانیدا دەکات، وشەی تاک بە کاردێنێ و مەبەستی کۆیە، دەڵێت: یا هەموو پوورە و بەشێکی لەشت ببێ بە دەماخ و ئەندامی بۆن کردن، کام دەماخ؟ دەماخێکی وەهـا کە بە بۆنی یادی خوا قەڵەو و ئامادە و پەرداخت بێ و ئامادە بێ بۆ وەرگرتن و بـێنکـردنی بـۆنی خۆشی پێوەندی لەگەڵ خودای گەورەدا، هەرگیز بێئاگـا مەبـە، نـەبادا بـۆنی خـۆش و نەشـئەی تاوتاوی بەرەکەتی ئافرینندەی جیهان، یا بەرەکەتی هەناسەی بەندە دۆستەکانی خودا لـە ناکـاودا تێپەڕ بکات و تۆش ئاگادار نەبیت و لەو بۆنە خۆشە بێبەش بیت و، ئـەو بـێبەشـییە ببێتـە هـۆی پەژارە.

هێمـــای هـــەوای ئـــەو قـــەدیم پەیمانـــە
پێمانـــە، وەک ئـــەهل هەواپـــەیما نـــە
دەلالـــێینەوە: ســـەریح، ئیمـــا نـــە
هـــای ســـاقی! ئامـــان بەحســـی ئیمانـــە

هــەر بــەهار نــاوێ، (دەی) لــە پــەی‌مانــە،
فرســـەت دەفـــەوتێ دەی لـــە پەیمانـــە
تۆ سەبووی مەی پێت، جـام جانفیـدای ڕێـت
دڵ چاوی وا لێت، سـا بـا بێـت؛ تـا بێـت [٥]
زوان وە بـــێ مـــن وەســـەر تـــەقریردا [٦]
خامــە وە بــێ دەس وەســەر تــەحریردا [٧]

هێمای: هێشتا. هەوا: خۆشەویستی. قەدیم پەیمان: پەیمان و سوێندی ئەزەلیی (أَلَستُ بِـرَبِّکُم قالُوا بَلی) [٨] یا خۆ قەدیم پەیمانە واتە: پەیمانەی کۆن، کاسەی پڕ لە شـەرابی کـۆن کـە ئـەمیش شەرابی عەشقی خودایی‌یە. هەواپەیما: ئارەزووپەرست. نە: وشەی نەفیە، واتە نـەک وەک هـەوا و خۆشەویسـتیی ئەوانـەی دوای ئـارەزووی نـەفس کـەوتوون. دەلالـێینەوە: دەپاڕێینـەوە. ئیمـا: ئیشارەت. دەی: ناوی یەکەم مانگی زستانە. لە پەیمانە: وا بە شـوێنمانەوە، هـەر ئەوەنـدەت زانی گەیشت. دەی لە پەیمانە: زووکە پیاڵە پڕ کە. خامە: قەڵەم. سەبوو: گۆزەی مەی.

مەولەوی شـوکرانەبژێرە و باسـی نـاز و نیعمەتـەکانی خـودا دەکـات و دەڵـێت: ئێمـە هێشـتا خۆشەویسـتی ئـەو دۆسـتەی کـە لـە کۆنـەوە پـەیمانی دۆسـتیمان لەگەڵـدا بەسـتووە لامانـە و پەیمانەکەمان ڕاگرتووە وەکو ئینسانی ساغی بەوەفا، نەک وەکو ئەوانە کە دوای هـەوا و ئـارەزووی پڕوپووچ دەکەون، دیارە «قـەدیم پەیمانـە» ئیشـارەیە بـۆ پـەیمانی «الســت بـربکم...» هـەروەها دەپاڕێینەوە بە سەراحەت و بێ پێچ و پەنا نەک بە هێما و، دەڵێین، ئەی سـاقی! ئـەی مەیگێـڕی دڵ تێراوکەر! ئێمە واین لە باسی ئیماندا و پێویسـتیمان زۆرە بـە یارمـەتی، فرسـەتە هـەمووکاتێ بەهار و گوڵ و گوڵزار و یار و دڵدار و بولبولی سەر شاخی گوڵـی نـازدار نابـێ، مـانگی «دەی» لـە دواوەیە و دێت کە یەکەم مانگی زستانە، زووبە تا هەل لە دەس دەرنەچووە پیاڵەمان بۆ پڕ بکە بـا بخۆینەوە خۆ تۆ زەرەر ناکەیت گۆزەی شەرابی مەحبووبت پێیە و، ئەوەندە نـازدار و ناسـکی جـام کە بە دەستەوەیە گیان فیدای ڕێگەی تۆیە و، دڵی ئێمەش چاوی لە تۆوەیە، دەبا شەراب و جامی پڕ بێت هەتا بە شەرابی ڕاستەقینە و یادی دۆستی ڕاستەقینە وەها سەرخۆش ببین کـە زمـان بـە بێ‌ئیختیاری من بێتە سەر باس‌کردنی مەسئەلەکانی زانستی (کلام) و، خامەیش بە بێ یارمـەتیی پەنجەی من بکەوێتە سەر نووسینی قەواعیدی (عقائد) و، ئـەو عیلمـە وەهـا تێکـەڵ بـێ لەگـەڵ چەشی ئەهلی (تەریقەت)دا بە بێ کۆسپ باوەش بکا بە (حەقیقەت) دا.

(وَ مَـا خَلَقـتُ) هـەس لـە قورئانــدا
دەفەرمووت: لە خەلق جین و ئینساندا
حیکمـەت عیبـادەت (خـالق الخلـق)ە
ئـەویچ بـێ‌ئیمـان هـەبای موتڵـەقە
بـەڵ ئـەر نەناسـیە نـاوێ عیبـادەت
بەڵ طەردە لە فەیز فەوز و سـەعادەت
لەکەی مونافات «لِکَی أُعرَف» [٩] چـوو
دەســەمل دەگــەڵ (لِیَعبُـدُون) بـوو

ئەویچ: ئەویش. هەبا: تۆز. نەناسیە: نەناسرێت. لەکە: چڵک، خاڵی رەش. دەسەمل: دەست لە مل، واتە رێک و گونجاو و سازاو.

مەولەوی لەم بەیتانەدا رێگا خۆش دەکات بۆ باسی ئیمان و بـۆ ئـەوەی کـە پێویسـتە هـەرچی هوشیارە ئیمان و خوداناسی‌یان هەبێ تا بتوانن بەندەیی خودا جێ‌بەجێ بکەن، هـەروەها چـارەی ئەو ناکۆکی و دژایەتییە دەکات کە لە بەینی ئایەتی (و ما خلقت الجن و الانس إلا لیعبدون) [١٠] و حەدیسی قودسیی «کنتُ کنزاً مخفیا فاحببتُ أن أعـرَفَ فخلقـت اللـقَ لِکَـی أعـرَفَ»دا دروسـت کراوە، گۆیا ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێت مەبەست لە دروست‌کردنی جین و ئینس عیبادەت کردنـە، کەچی حەدیسەکە ئەوە دەگەیەنێت مەبەست لە دروست‌کردنیان ئەوەیە خودای خۆیان بناسن.

جا مەولەوی بۆ چارکردنی ئەم ناکۆکییـە دەڵـێت: واتـای ئایەتەکـە ئەوەیـە کـە مەبەسـت لـە دروست‌کردنی جین و ئینس بەندەیی‌کردنـە و، بەنـدەییش نـاکرێ ئەگـەر عیبـادەت‌بـۆکراوەکـە نەناسراو بێت، کەواتە جین و ئینس بە پێی توانا دەبێ خودا بناسن. بەم جۆرە مانای ئایەتەکـەیش وای لێ دێت: کە مەبەست لە دروست‌کردنی جین و ئیـنس خوداناسـینە، وەک واتـای حەدیسـە قودسییەکە، کەواتە: ئایەت و حەدیسەکە دژی یەک نین و، پێکەوە دەگـونجێن و دەس لـە ملـی یەکتر دەکەن.

شایانی باسە ئەم حەدیسە قودسییە، هـەر چەنـد لـە نـاو خەڵـکدا بـاوە و، مەعناکـەی لەگـەڵ ئایەتەکەدا رێک دەخرێت، لای (ابن الصلاح)ی شارەزۆری [١١] کە زانایـەکی پایـەبـاڵای حـەدیس بووە، ریوایەتەکەی سەنەدی نییە.



***

١ـ ئەم سەرناوە لە نوسخە دەستنووسەکەدا نییە، تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ چاپەکە (وپرتاو = وەپرتاو)ە وابزانم هەڵەیە، ئەمەی ئێمە هی دەستنووسەکەیە.

٣ـ بە پێی پەراوێزی دەستنووسەکە هەڵدەگرێ (نەوێ) یا (نەوی) بێت.

٤ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا دەڵێت: هەڵدەگرێ (بۆ) بە واتای بۆن بێت، یا بە واتای بۆهاتن.

٥ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا چەند دێڕێک نووسراوە، تەنها ئەوەندەیم بۆ ساغ کرایەوە کە هەڵدەگرێ (بێت)ی دوایی فیعل بێ و (زوان) و (خامە) لە شیعری دواییدا فاعیل بن.

٦ـ لە چاپەکەدا (لەسەر)ە.

٧ـ لەم شیعرانەی پێشوودا کۆمەڵێک وشەئارایی هەیە. بۆ نموونە لە نێوان (پەی‌مانە) و (پەیمانە) و لە نێوان (ئیمانە) و (ئیما نە)دا جیناسی تەرکیب هەیە. لە نێوان (پێمانە) و (پەیمانە)دا جیناسی موحەڕڕەف هەیە، لە نێوان (دەی) و (دەی)دا جیناسی تەواو هەیە. لە نێوان (ئامان) و (ئیمان) و، (بێت) و (ڕێت) و (لێت) و، (جام) و (جان) و، (سا) و (با) و، (تەقریر) و (تەحریر)دا جیناسی لاحیق هەیە. لە نێوان (پێت) و (بێت)دا جیناسی موزاریع و، لە نێوان (سەبوو) و (مەی) و، (جام) و (پەیمانە) و (زوان) و (سەر) و، (خامە) و (دەس)دا تەناسوب هەیە.

٨ـ ئایەتی (١٧٢) سوورەتی (اعراف).

٩ـ لە شێوەنووسی کۆندا (لەکەی) و (لِکَیْ) وەک یەک دەنووسران، لەو شێوەدا لە نێوانیاندا لایەک جیناسی موحەڕڕەف و، لایەک جیناسی موزاریع هەیە.

١٠ـ ئایەتی (٥٦) سوورەتی (الذاریات).

١١ـ حەدیس‌زانی پایەبەرز (تقی الدین أبو عمر و عثمان)ی شارەزووری ٥٧٧ـ٦٤٣ ی.ک.



مبحث الايمان [1]

تـــەعریفی ئیمـــان، شـــرعاً تـــالبی،
تەسدیقە و ئیزعان، قوبوولـــی قـەلبی
بمـــا قـــد عُلِـــمْ مُجـــیء النبـــی
بِـــهِ مـــن عنـــد البـــارِیء الـــربِّ
ئیعتیقـــادی بـــێ یـــا خـــۆ عەمـــەلی
عیلمی زەروورەت بـوێ دەگەڵـی [2]
وا بـــەدیهی بـــێ بزانـــێ یـــەقین
عامیی تێکەڵیچ دەگـەڵ موسـلیمین

تەسدیق: باوەڕ کردن. ئیزعان: وەرگرتن و باوەڕکردن. زەرووریچ: زەروریش، ئاشکرا و دیـار. بوێ: ببێ. دەگەڵی: لەگەڵیا. بەدیهی: ئاشکرا و دیار. تێکەڵیچ: تێکەڵیش.

واتە: ئەگەر دەتەوێ لە واتای (ئیمان) تێ بگەی، بـە پێـی شـەرع، بزانـە کـە ئیمـان بـاوەڕە و وەرگرتنی دڵە بـۆ ئـەو یاسـا و دەسـتوورانە و ئـەو راسـتییانەی کـە پێغەمبـەری نـازدار (محمـد المصطفی) دروودی خوای لێ بێ لای خواوە هێناونی، چ لە بابەتی بیروبـاوەڕ بـن وەک بـاوەڕ بـە بوون و یەگانەیی پەروەردگاری (واجب‌الوجود)، یا لە بابـەتی کـردەوە و رەفتـار بـن وەکـو نـوێژ و رۆژوو و زەکات و حەج، یا لە بابەتی خوو و رەوشت بن وەکو راسـتی و خـۆگرتن و شـەرم، یـا لـە بابەتی سەرگوزەشتە بن وەکو باسی نەتەوە پێشووەکان، یا لە بابەتی کاروباری ئایندە بن وەکو ئەو نیشانانەی لەمەولا دەبن. جا ئەو یاسایانە کە حەزرەت هێناونی پێویستە ئاشکرا و دیاری بن، نەک

هەندێ کەس بلێ ئەوشتە لەوانەیـە حـەزرەت بـەیانی کـردووە و هەنـدێ کـەس بلـێت بـەیانی نەکردووە و، پێویستە ئەوەندە دیاری بن (عوام الناس) یش بیانزانن.

مەعنای تەسدیقیچ بزانە چییە:
ئیعتیقـاد بەمـە (خـیر البریّـە)
(فیما اخبر بِهْ صـادق، مصـدَّق)
(کَمَا أخبَر بِه) وا سابتە و حـەق

واتە: باوەڕ بەوەی کە حەزرەت هەرچی فەرمووە راستە و موافیقی واقیعە.

لە بابی عولووم مـەعاریف حیسـاب
نییە، بۆچ؟ کەسیر لە ئەهلی کیتاب
(عرفـــوا أن خیـــر المنـــذرین
رســـول، و قـــد کـــانوا کـــافرین)

واتە: ئەم ئیمانە کە تەفسیرمان کردەوە بـە تەسـدیق و بـاوەڕ لـە بابـەتی عـیلم و مەعریفـەت حسێب ناکرێ، چونکە گەلێ لە ئەهلی کیتاب زانیویانە کە حەزرەت(د.خ) رەسوولی خودایە و ئـەو زاتەیە کە پێغەمبەرانی پێشوو موژدەیان داوە بـە رەوانـەکردنی و، باسـی لـە کتێبەکانیانـدا بـووە، کەچی خودای گەورە بە کافری حسـێب کـردوون و، دەربارەیـان فەرموویـەتی: (الـذین آتینـاهم الکتاب یعرفونە کما یعرفون ابناءهم و ان فریقاً منهم لیکتمون الحق و هم یعلمون) [٣] دیارە ئەگەر ئیمان مەعریفەت و زانین بوایە پێویست بوو ئەوانە بە موسوڵمان بناسرێن، کـەچی خـوا بـە کـافر ناوی بردوون.

جا ئەوانەی کە دەڵێن ئیمان مەعریفەت و زانین نییە چەند بیرێکیـان هەیـە. یەکـەم: عـیلم و مەعریفەت تەسەووڕە و ئیمان تەسەووڕ نیە. دووەم: عیلم و مەعریفـەت وا ئـەبێ کـە بـە ئیختیـار پەیدا ئەبێ وەکو ئەو تەسەووڕانە کە لە بیرکردنەوە لە شتێک پەیدا ببێ، وایش دەبـێ نائیختیـاری دەبێ وەکو ئەو تەسەووڕانە کە لە خۆیانەوە دێتە دڵی ئینسانەوە، بەڵام ئیمـان پێویسـتە هـەر بـە ئیختیار و کەسب پەیدا ببێ.

سێهەم: مەعریفەت و زانست لە کەیفیاتی نەفسانییەن و کەیفیاتی نەفسانییە غەیرە ئیختیارین، بەڵام ئیمان (مکلف بِهِ) ەو (مکلف بِهِ) پێویستە ئیختیاری بێت.

چوارەم: مەعریفەت و زانست علیمە و ئیمان تەسلیمە، تەسلیم کاری دڵە و لە بابەتی مەقوولەی عیلم نییە، کەوابێ مەعریفەت ئیمان نییە و ئیمان مەعریفەت نییە.

زانا بەرزەکان ئەم بیرەیان بە هەڵە داناوە لەبەر چەند بەڵگەیەک:

یەکەم: مەعریفەتی موفرەدات تەسەووره، بەڵام مەعریفەتی مورەککەباتی تامەی خەبەرییە وەکو (خالید نووسەرە) و (غانم خاوەن هونەرە) و (حەزرەتی محمد ـ د. خ ـ رەهبەرە) ئەمانە تەسدیقن، ئەگەر ئەمانە تەسدیق نەبن ئیتر تەسدیق لەناوا نامێنێ.

دووەم: بڕیاردانی ئەوەی کە پێویستە ئیمان کەسبی و ئیختیاری بێ هەڵەیە، چونکە فریشتەی خودا بە بێکەسب و ئیکتیساب ئیمانیان بە خودا هەیە، پێغەمبەران بە بێکەسب ئیمانیان بە خۆیان و بە خودا و باقی جیهەتەکانی ئیمان بووە، هەروەها ئەگەر بڵێین پێویستە ئیمان کەسبی و ئیختیاری بێ دەبێ ئەوکەسەی کە بە تەنها چاوپێکەوتنی پێغەمبەر(د.خ) ئیمانی پێ بهێنێ بە (موئمین) نەناسرێ، کەچێ ئەم جۆرە موسوڵمانانە لە ریزی باڵا و بەرزی موئمینان دەژمێررێن.

سێهەم: راستە کە عیلم و مەعریفەت لە کەیفیاتی نەفسانییەن و نائیختیارین، بەڵام (مکلف بە) پێویست نییە لە زاتی خۆیا ئیختیاری بێ، بەڵکو ئەوە پێویستە کە (مکلف بە) لەوانەبێ ئەسبابەکانی بە دەست بهێنرێن و پەیدا بکرێن، ئیمانیش لەوانەیە، چونکە تەماشاکردنی (ئافاق) و (انفس) و سەیرکردنی موعجیزەی پێغەمبەران، کە ئەسبابی ئیمانن لە ئەفعالی ئیختیارین و، بە عادەتی ئیمانیش لەوانەی پەیدا ئەبێ.

چوارەم: موسەللەمە مەعریفەت و زانست عیلمە، بەڵام موسەللەم نییە ئیمان فیعلی قەلبی بێ، بەڵکو ئیمان هەر عیلمە و تەسدیقە و ئیزعانی عیلمییە، تەنها ئەوەندە هەیە مەرجی ئەو تەسدیقە تەسلیم و رەزای قەلبییە، وەکو سەعدی تەفتازانی لە کتێبی شەرحی مەقاسیددا لە پاش درێژەیەکی زۆر لەم بابەتەوە قسەی کردووە.

ئەوەی کە زانا وردەکان لەم باسەدا پێی گەیشتوون ئەوەیە کە ئیمانی شەرعی عیلمە وەکو خودا ئەفەرموێت: (فاعلم انّه لا الاهَ الّا الله) حەزرەتی پێغەمبەریش(د.خ) فەرموویەتی (اللّهمّ ثبّت قلبی علی دینک). هەروەها ئیمانی تەقلیدی کە بەشێکە لە ئیمان و، لای گەلێ لە زانایانی ئوسوول جێگەی ئیعتیبارە، علیمە و تەسدیقی تەقلیدییە. ئەو ئیمانەش بە ئیستیدلال پەیدا بکرێ عیلمی یەقینییە، چونکە زانینی دوو موقەددیمە دەبێتە هۆی زانینی نەتیجە. بەڵێ ئەوەندە فەرق

هەیە کە (متعلَّق) ئیمانی شەرعی خاسە، واتە ئیمان لـە شـەرع دا تـەنها باوەڕکردنـە بـەوەی کـە حەزرەتی (محمد المصطفی) لە لایەنی خوداوە هێناویەتی.

هەروەها لە ئیمانی لوغەوی و مەنتیقی‌دا تەنها تەسدیق و ئیزعانی عیلمی پێویستە، واتە: تـەنها باوەڕ ببێ بەوەی ئەو نیسبەتە کەلامییە موافیقی واقیعە، ئیتر بە دڵ ئەو نیسبەتەی خۆش بوێ یـا خۆ رقی لێ بێ، وەکو ئەوەی یەکێک باوەڕ بەوە دەکا کە فلان کەس ئەوەندە قازانجی کردووە لـە مامەڵەیەکدا، کەچی لە دڵدا زۆر زویر و دڵگرانە لەو قازانج‌کردنەی، بەڵام لە تەسـدیقی شـەرعی‌دا پێویستە لەگەڵ تەسـدیق و ئیزعانـە عیلمییەکـەدا ئیزعـانی فیعلـیش هـەبێ، واتـە: بـە دڵ ئـەو نیسبەتەی خۆش بوێ و نەفسی پێی شادمان بێ و، شتێکی واش نەکا کە موخالیف و مونـافی بـێ بۆ ئەو نیسبەتە یا بۆنی ئینکاری لێ بێت، هەروەها پێویستە خـاوەن ئیمـانی قـەلبی بـە زمـانیش (شهادتین) بڵێت و ئیعلانی ئیمانەکەی خۆی بکات.

لەبەر رۆشنایی ئەم بەیانەدا ئەبێ حوکمی خودای گەورە بە کوفری ئەو ئـەهلی کیتابانـە لەبـەر ئەوە بووبێ کە لە دڵدا رقیان لە حەزرەت بووە(د.خ) و دوژمنی دین و دەستووری ئـایینی ئیسـلام بوون، واتە: لەبەر ئەوە نەبووە کە عیلم و تەسدیقیان نەبووبێ بە پێغەمبەر؛ چونکە لە دڵا باوەڕیـان پێ بووە، بەڵام رقیشیان لێ بـووە و بـە ئاشـکرایش بەربـەرەکانییان لەگـەڵ کـردووە و فیتنـەیان هەڵگیرساندووە.

جـا ئەگـەر کەسـێ بڵـێت مـادام ئیزعـانی فیعلـی، کـە تەسـلیمە، شـەرتی ئیمانـە، بـۆچی حەزرەت(د.خ) ناوی ئـەو تەسـلیم و ئیزعـانی فیعلییـەی نـەبردووە و، لـە بـەیانی ئیمانـدا تـەنها فەرموویەتی: «قال فاخبرني عن الايمان، قال ان تؤمن بـالله و ملائكتـه و كُتُبـه و رُسُـله و بـاليوم الآخر و تؤمن بالقدر خيره و شرّه» (۴).

لە وەڵامدا دەڵێم لەبەر چەند شت:

یەکەم: ئەو تەسلیم و ئیزعانە فیعلییە شتێکی پەنامەکیە خودا نەبێ کەس نایزانێ و، حـەزرەتی رەهبەر هیوای ئەوەی بـووە هەرکـەس بێتـە نـاو کـۆڕی موسوڵـمانانەوە و نیـەتی سـاغ بـێ ئـەو تەسلیمەی هەیە و بە رابواردنی رۆژگار زیادیش دەکات.

دووهـەم: بـەکارهێنانی کەلیمـەی ئیسـلام لەگـەڵ ئیمانـدا، لـە حاڵـێکدا ئیسـلام مانـای فەرمانبەرداری و پێوەندیی راستەقینەی دڵە بە دینەوە، ئەمەی لێ پەیـدا ئـەبێ کـە پێویسـتە بـۆ

خاوەن ئیمان تەسلیمی دڵ و مەحەببەت و ڕەزای نەفسی ببێ بە حـەزرەت(د.خ) و بـەو ئایینـەی کە ئەو لای زاتی خوداوە هێناویەتی.

سـێهەم: ئەمەیـە کـە حـەزرەتی ڕەهبـەر(د.خ) ڕەوشـتی وابـووە هەرکـەس دوو کەلیمـەی شەهادەتی بە زبان وتبێ واتە: [اشهَدُ ان لا اله الّا الله و اشهدُ ان محمداً رسول الله] قەناعەتی پـێ کردووە. بە ئومێدی ئەوەی کە بە هۆی تێکەڵ بوون لەگەڵ باقی موسوڵمانان‌دا لە هەموو واجبات و حەقیقەتی ئیمان حالی ئەبێ و بە جێیان دێنێ.

چوارەم: ئەوەیە کە ئیمان‌هێنان و قبووڵی ئیسلام بناغەیە بۆ قبووڵی هەموو ئـەحکامی ئیسـلام وەکو نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و غەزا لە ڕێی خـودادا و بـۆ بەرزکردنـەوەی ئـایینی پیـرۆزی ئیسلام، دیارە کە جێ‌بەجێ کردنی ئەم یاسایانە بە بێ تەسلیم و ئیزعـانی فیعلـی هـەرگیز نایێتـە جێ.

ئەم تەفسیلەم لە فەرموودەی زانا بەرزەکانی ئیسلام و عولەمای ئوسوولی دیـن وەرگرتـووە، بـە تایبەتی (سعدالدینی تەفتازانی) لە کتێبی شەرحی عەقائید و کتێبی شەرحی مەقاسیددا لە باسـی ئیماندا کە دەفەرموێ:

«وغایته انه یجب اشتراط امور کالاختیار و ترک الجحود والاستکبار». لە پاش ئەمەش دەڵـێت: «و لا محیص سوی تسلیم أنه، أی الایمان، من الکیفیات النفسیة الحاصلة بالاختیـار الخالیـة عـن الجحود والاستکبار». شایانی باسە «بالاختیار» بە پێی غالیبەتە، چونکە لە ڕاستی‌دا زۆربەی ئیمان ئەوەیە کە بە ئەختیار و تێفکرین و ئیستیدلال بێ، ئەگەرنا (سعدالدین) خۆی لە کتـێبی شـەرحی عەقائیدی نەسەفییەدا [٥] دەفەرموێت بۆ ئیمان کەسب شـەرت نییـە. ئـەبێ ئـەوەش بـزانین کـە مەبەست لە (جحود) و (استکبار) هەموو جۆرە جحوود و ئیستیکبارێکە، چ نەفسی و چ حیسسی.

ئیمـــان لـــە بـــەعزێ جـــێ ئیجمـــالی‌یـــە
لـــە بـــەعزێ جێـــدا بـــە تەفســـیلی‌یـــە
بە موجمەل [٦] زانیاگ بـاوەڕیچ موجمـەل
موفەسســـەل زانیـــاگ بـاوەڕ موفەسســـەل

زانیاگ: زانراو. باوەڕیچ: باوەڕیش.

واتە: ئیمان و باوەڕکردن بەوەی کە حەزرەتی (محمد المصطفی) هێناویە بـە دوو شـێوەیە: بـۆ ئەوشتانە کە کیتاب و سوننەت بە کورتی باسی کردوون ئیمان و باوەڕەکەیش کورتە و ئیجمالییـە

و، بۆ ئەو شتانە کە کیتاب و سوننەت بە تەفسیل بەیانی کردوون ئیمان و باوەڕەکەیش ئەبێ تەفسیلی بێ، بۆ نموونە ئەو ژمارە پێغەمبەرانە کە لە قورئاندا بە تەفسیل بەیان کراون بۆمان پێویستە یەکەیەکە بە تەفسیل بیانناسین، ئەو شتانەی کە بە کورتی هاتوون وەکو مەسئەلەی ئیمان بە عوومومی (ملائیکە) ؛ بێجگە چەند یەکێکیان؛ کە بە ئیجمال ناسراون، لێرەدا بە ئیجمال ئیمانیان پێ دەهێنین.

ئەگەر کەسێ بڵێت لەم باسەوە دەردەکەوێ ئەگەر یەکێ عیلمی بە تەفسیلی (ما جاء بە الرسول) نەبێ کافر بێ، کەچی ئەمە پێچەوانەی (اجماع) ە، لە وەڵامدا دەڵێین مەعنای پێویستیی تەفسیل لە شوێنی تەفسیلیدا ئەوەیە کە واجبە لەسەر ئینسانێ توانای زانینی تەفسیلی ببێ فێری ئەو شتە تەفسیلیانە ببێ و، جا ئەگەر کەم و کورتیی کرد لە فێربۆنیاندا ئەوا تاوانبار دەبێ، بەڵام بە کافر ناناسرێ، چونکە بە (اجماع) هەرکەس بە زمان (شهادتین)ی وت ئەوە موسوڵمانە، ئەگەرچی بە هۆی کەم و کورتیکردن لە فێربوونیاندا تاوانبار دەبێ.

ئەمما چون ئیمان ئەمری مەخفییە
موئمین لە غەیرە تەمییزی نییە
شەرتە تەلەففوز بۆ تەمییزی بەین،
(مع الاقتدار، بالشهادتین)

ئەم دوو بەیتە وەڵامی پرسیاری ئەوکەسەیە کە دەڵێت: مادام ئیمان تەسدیق و باوەڕە بەوەی کە حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) هێناویەتی لە لای خودای گەورەوە، ئیتر دوو کەلیمەی شەهادەت بۆچی پێویستن؟ پوختەی وەڵامەکە ئەوەیە:

ئیمان باوەڕە، باوەڕیش شتێکی پەنامەکییە و لە دڵدایە و خوا نەبێ کەس پێی نازانێ. بڕیاردراوە ئەوانە کە خۆیان بە خاوەن ئیمان دائەنێن بە زوبان دوو کەلیمەی شەهادەت بڵێن، هەتا جیاوازی هەبێ لە نێوان موئمین و ناموئمیندا و، ئەحکامی ئایینی ئیسلام بەسەر ئەوکەسانەدا جێبەجێ بکرێ کە ئیمانیان هێناوە، واتە: هەر بەو مەرجەی موسوڵمان توانای هەبێ پێویستە بە هۆی ئەو دوو کەلیمەوە ئیمانی خۆی دەربڕێ، دیارە دوو کەلیمەکەش بریتین لە (اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمداً رسول الله) واتە: بە دڵ باوەڕم هەیە و، بە زوبان ئیقرار دەکەم و دانی پیا دەنێم کە پەرستراوی راستەقینە نییە، خوا نەبێ، بە دڵ باوەڕم هەیە و بە زوبان ئیقرار دەکەم و دانی پیا دەنێم کە (محمد)ی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (عبدالمطلب) پێغەمبەری

خودایە و، خودای گەورە ناردوویەتی بۆ تەمێ و تەربیـەی جـین و ئیـنس و بـۆ تێگەیانـدنیان لـە بەختەوەری و کامیابیی دنیا و قیامەت.

شایانی باسە دەربارەی حەقیقەتی ئیمان چەندە بیر و را هەیە، ئەوانەیان شایسـتەی بـاس بـن چوارن:

یەکەم: بیروڕای ئەهلی حەدیس و سەلەفە، ئەمانە فەرموویانـە ئیمـان تێکەڵـە لـە سـێ شـت: تەسدیق بە دڵ، ئیقرار بە زوبان، عەمەل بە ئەرکان، واتە: ئەندامەکانی لەش. بە کـورتی: لـە دڵـدا باوەڕی هەبێ و، بە زوبان ئەم باوەڕە دەرببڕێ و، بە ئەندامەکانی لەشـیش واجبـەکان جـێبـەجێ بکات.

دووەم: بیروڕای هەندێ لەو ئیمامانـە کـە دەڵـێن ئیمـان مورەککەبـە لـە دوو روکـن: بـە دڵ باوەڕکردن و بە زوبان ئیقرارکردن. روکنی یەکەم پێویسـتە هەمیشـە بـێ، بـەڵام روکـنی دووەم لەوانەیە جار و بار نەمێنێ وەکوو لە کـاتی ترسـی گیانـدا. ئـەم رایـە لـە ئەبووحەنیفـە و هەنـدێ زانایانیترەوە ریوایەت کراوە.

سێهەم: بیری (کرّامیە)یە کە دەڵێن ئیمان بەسیتە و یەک شتە ئەویش ئیقرارکردنە بە زوبان.

چوارەم: بیری زانا ئەشعەرییەکانە کـە دەڵـێن ئیمـان بەسـیتە و یـەک شـتە ئـەویش بـە دڵ باوەڕکردنە، بەڵام بە زوبان ئیقرارکردن شەرتە بۆ جێبەجێ کردنی ئەحکام بەسەر ئەوکەسەدا کـە خاوەن ئیمانە، هەروەها شەرتە ئیستیکبار و جحودی لەگەڵا نەبێ، یا بـە واتەیـەکیتـر بـۆ ئیمـان شەرتە کە ئیزعانی فیعلیی لەگەڵدا بێ.

زانا بەرزەکانی ئوسوولی دین بیر و بروای ئەشعەرییەکانیان پەسەند کـردووە و، بەرپـەرچی رای یەکەمیان بەوە داوەتەوە کە ئەگەر کردەوە روکنی ئیمان بێ دەبێ ئینسانی موسوڵمان بە تـەرکی واجب یا بە کردنی حەرام کافر ببێ و لە (ئیمان) دەربچێ، کەچی وانییە؛ ئەوەتـە خـودای گـەورە ئەو موسوڵمانانەی بـە (مـؤمن) نـاوبردووە کـە شـەڕدەکەن لەگـەڵ یـەکا و لـە یـەکتر دەکـوژن، فەرموویەتی: (و ان طائفتان من المؤمنين اقتتلـوا فأصـلحوا بينهمـا...) الآيـة [٧] هـەروەها بـیری دووەمیان بەوە بەرپەرچ داوەتەوە کە ئەگەر ئیقرار بە زوبان روکن بوایە نەدەبوو جار و بار بفـەوتێ، روکن نابێ هەندێ جار ببێ و هەندێ جار نەبێ، کـەچی بـۆ ئینسـانی (مکـرە) زۆر لێکـراو ئیقـرار پێویست نییە، بەڵکو ئیقرار بە پێچەوانەی ئیمان زیانی نییە وەکوو دەردەکەوێ لە ئایەتی (آلّا مـن اكره و قلبه مطمئن بالايمان) کە ئیقرار نەکردن زیانی نییە لە کاتی ترس و بیمدا.

رای سێهەمیش چاکتر غەلەتە، چونکە ئیمان کە بناخەی زەحمەتکێشان و جیهاد و خۆڕاگرتنە لەسەر هێزی دڵ دائەمەزرێ نەک لەسەر واتەی دەم.

هەروەها بەڵگە زۆرە لە سەر ئەوەی کە ئیمان تەسدیق و باوەڕی دڵە؛ خودای گەورە لە قورئاندا فەرمویەتی (أولئک کتب فی قلوبهم الایمان) وە فەرموویەتی (و قلبه مطمئن بالایمان) [۹]، (و لمّا یدخل الإیمان فی قلوبکم) [۱۰]. حەزرەتی پێغەمبەریش(د.خ) فەرمویەتی: «یا مقلّب القلوب ثبت قلبی علی دینک»[۱۱].

بە دەلیلی عەقلیش پێویستە ئیمان بنکە و بناخە بێ بۆ تێکۆشان لە ڕێگای خودادا و بۆ بەرزکردنەوەی ئایینی ئیسلام و ڕاهێنانی نەفس و مەنع کردنی لە ئارەزووی خراپ و، خووگرتن بە خوو و ڕەوشتی بەرز و بەمایە و، خزمەتکردنی موسولمانان. بێ‌گومان ئەم جۆرە نیشانە گەورانە هەر لەسەر دڵ و بیروباوەڕی دڵ دادەمەزرێ، کەوابێ ئیمان باوەڕ و تەسدیقە بە دڵ، ئیقرار بە زمان شەرتی جێبەجێ کردنی ئەحکامی ئیسلامە بە سەر ئەوکەسەدا.

ئیمان عەرەزە و کەیفی نەفسانی
نەک بە ئیختیار فیعلی ئینسانی
بەلام ئەسبابی تەحسیلی یەکسەر
گشت ئیختیارین وەک سەرفی نەزەر
تەکلیف بە ئیمان بێ‌ئیختیاری
لە هەوری سەتوەت (باری) ئەر باری
وەبادی تەکلیف بەو ئەسباوەسە
ئیمانیچ سەوزەی ئەو سەراوەسە[۱۲]
وەردی هەفت گاسن زۆر نەختی تەوێ
بێ دۆچ و هەرێز، شۆرەکات نەوێ
سا ئەر سەوزی کرد فەزلێکە هەیە[۱۳]
وەرنە چ لزووم؟ مەزرەعەی خۆیە

عەرەز: بەو شتە دەڵێن کە بێ بەلام پێویستی بە غەیر بێ تا بە هۆی ئەوەوە ڕاوەستێ، وەکو ڕەنگ و بۆ؛ بە پێچەوانەی (جەوهەر) کە ئەوەیە خۆی بە خۆیەوە ڕاوەستابێت و موحتاجی غەیری

خۆی نەبێ، وەکو دار، بەرد، ئینسان... تاد. کەیف نەفسانی: سیفەتی نەفس وەک زیندوویەتی، زانست، خواهیش، خواست. سەرفی نەزەر: هەڵسووڕانی فکر بۆ پەیداکردنی تەعریف و دەلیل.

هەور: هەوری ئاسمان. سەتوەت: هێز و توانا. باری: پەروەردگار. ئەر باری: ئەگەر باری بەسەر عەرزا بە فەرمانی خودا. وەباد: بە باد، بە هەوی (با) وە. ئەسباو: ئەسباب. ئیمانیچ: ئیمانیش. سەوزە: گیا وگوڵی عەرز. سەراو: شوێنی ئاو و کانی دار. وەرد: زەوییەکە کێڵرابێ و ئامادەکرابێ بۆ تۆو تیاکردن لە لایەن جووتیارەوە. گاسن: ئامێری جووت‌کردنە. تەوێ: ئەیەوێ. دۆچ: گیایەکی ریشەدارە وەکوو هەرێز دوژمنی کشت‌وکاڵە، پێی دەڵێن (سەرە رەشە). هەرێز: گیایەکی ریشەدارە ریشەکەی دەڕواتە خوارەوە بە عەرزا و زیان لە کشت‌وکاڵ دەدا. شۆرەکات: زەوییەکە خوێ‌دار بێ و کشت‌وکاڵ سەوز نەکات. نەوێ: نەبێ. ئەر: ئەگەر. وەر: وە ئەگەر.

واتە: ئیمان باوەڕە و باوەڕ کەیفی نەفسییە، کەیفی نەفسیش ئیختیاری نییە، کەوابوو تەکلیف لە ئینسان ناکرێ بە ئیمان؛ چونکە پێویستە (مکلف بە) کارێکی ئیختیاری بێ، کەچی لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەردا گەلێ جار تەکلیف بە ئیمان کراوە، وەکو (یا أیّها الذین آمَنوا آمِنوا باللە و رسولِە والکتاب الذی أنزل علی رسولە...) [١٤]. مەولەوی بۆ چاری ئەم ئیشکالە ئەفەرموێ: هەر چەند ئیمان عیلمە و عەرەزە و کەیفی نەفسییە و ئیختیاری نییە، بەڵام ئەسبابی پەیدابوونی ئیمان، وەک تەماشاکردن و بیرکردنەوە لە جیهان و لە نەفسی ئینسان خۆی و، بیرکردنەوە لە موعجیزەکانی حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) هەموو کردەوەی ئیختیارین، جا ئەگەر تەکلیف بە ئیمان کە شتێکی نائیختیارییە لە هەوری دەسەڵاتی خودای گەورەوە بەسەر موکەللەفین‌دا باری ئەوە مەبەست تەکلیف کردنە بە جێبەجێ کردنی ئەسبابەکانی ئیمان، واتە: ئەمر بە ئیمان ئەمرە بە تێفکرین و بە دوای دەلیل‌دا گەڕان بۆ پەیدا کردنی ئیمان.

لەم باسەدا مەولانا ئەحمەدی خەیالی[١٥] لە پەراوێزی شەرحی عەقائیدی نەسەفییەدا فەرموویەتی پێویست نییە کە خودی (مکلف بە) کە ئیختیاری بێ، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە کە قابلیەتی ئەوەی هەبێ پەیدا بکرێ، ئیتر لە کردەوە ئیختیارییەکان بێ، وەک هەستان و دانیشتن و جم و جووڵ، یا لە کردەوە نائیختیارییەکان بێ وەک زانست (علم)، لەسەر ئەم رایە ئیتر پێویست نییە کە تەکلیف بەو شتە نائیختیارییە ببەینەوە سەر تەکلیف بە ئەسبابی ئەو شتە.

(مەولەوی) لەم هۆنراوانەدا سەنعەتێکی جوانی هێناوەتە پێشەوە کە تەشبیهی توانا و هێزی خودای کردووە بە هەور و، تەشبیهی تەکلیفەکەی کردووە بە باران و، تەشبیهی دڵی خاوەن بیر و

هۆشی کردووە بە عەردێ کە باران دەبارێ بە سەریا، هەر وەکوو پەیدابوونی هەور پێوەندی هەیە بە "با"وە و، کە "با" هەڵ دەکات هەور کۆ دەبێتەوە، وەها تەوجیهی ئەمر و فەرمان بۆ لای تەحسیلی ئەسبابی داناوە بەو "با"یە کە هەوری لێ پەیدا ئەبێ.

هەروەها تەشبیهی دڵ و دەروونی بنیادەمەکانی کردووە بە عەردێک کە جووتیار وەردی بڕیبێ و ئامادەی کردبێ، تەشبیهی گومان و خەیالاتی خراپی کردووە بە دۆچ و هەرێز و، تەشبیهی ڕاستی و چاودێریی حەقیشی کردووە بە کێڵانی عەرد جار لە پاش جار، واتە: وەکوو عەردێ کە جووتیار چەند جار وەردی دابێتەوە هەتا دۆچ و هەرێزەکەی بفەوتێ و، عەردەکەش شۆرەکات نەبێ، وەها پێویستە دڵی ئینسانە موکەللەفەکەش نوورانی بێ و لە دڵە باشەکان بێ و، بە هۆی زیکر و یادی خودا خەیالاتی خراپ و هیچ و پووچی نەمێنێ.

سەرەڕای ئەمانەش هەموو سەوزبوونی ئیمانەکە و سوودی سەرەنجامی دەگەڕێتەوە بۆ میهرەبانیی خودا و تەوفیقی، واتە: ئەگەر بەجێ هات فەزڵ و گەورەیی خودایە و، ئەگەر بەجێش نەهات خودا خۆی موختار و فەرماندارە.

باقیی مەباحیس ئەحوالی ئیمان:
وەک دەوێ یا نە زیاد و نوقسان؟
مەخلووقە ئایا یا مەخلوق نییە؟
مورەککەبە، یا بەسیتە، چییە؟
(ثنائی)یە خەیر یا (ثلاثی)یە
عەمەل داخیلییە یا خاریجییە
دورسە ئیستیسنای یا نە، تا نەیکەین؟
ناگونجێ لەگرە دەس لە مەتڵەب دەین

دورسە: دروستە.

واتە: چەند باسێ ماون لە باسەکانی ئیمان ناگونجێ لەم هۆنراوە کورتەدا دەستیان لێ بدەین، ئەو باسانەش ئەمانەن:

ئایا ئیمان زیادبوون و کەمبوونەوە هەڵدەگرێ یا نە؟ هەندێ لە پێشەوایان، وەک ئیمام ئەبووحەنیفە؛ خودای لێ ڕازی بێ؛ فەرموویانە: ئیمان زیادە و نوقسان هەڵناگرێ، چونکە پێویستە ئیمان تەسدیق و باوەڕی جازم بێ، کە جەزم پەیدا بوو ئیتر لە ژوور جەزمەوە پایە نییە، بە پێی

ئەم ڕێبازە ئەو ئایەت و حەدیسانە کە زیـادیی ئیمـان ئەگـەیێنن دەبـڕێن بەسـەر زیـادبوونی ئـەو ئەحکامانەدا کە یەک لە دوای یەک تەشریع کراون و ئەسحابەکان ئیمانیان پێ‌هێناوە، وەک ڕۆژوو لە پاش نوێژ و حەج لە پاش ڕۆژوو، ئەمەیش هەر بۆ زەمانی حەزرەت(د. خ) بـووە ئیتـر لـە پـاش وەفاتی حەزرەت وەحی بڕاوەتەوە، یا ئەبـڕرێن بەسـەر دڵـگەرمی و تێکۆشـان لـە بـەجێ‌هێنـانی مەئموورات و وازهێنان لە مەنهییات، وەکوو موافقی بیروڕای داخڵ‌بوونی ئەعماله لە ئیماندا.

بەڵام ئەهلی تەحقیق فەرموویانە ئیمان قابلی زیادی و کەمییـە، چونکـە هەرچەنـد لـە ئیمانـدا جەزم پێویستە ئەو جەزمە گەلێ پایەی زۆری هەیە وەکوو بینایی چاو و هێزی دوور و نزیک دیتن و، وەکو هەستی عەقڵ و، وەکو پڕتەوی چرا؛ ئەمانە هەموو پلەیان زۆرە، بێ‌گومان هەر موسوڵمانێ تەماشای حاڵی خۆی بکا لەمە تێدەگات، مەلا سەعدی تەفتازانی ئەم ڕایەی پەسەندکردووە.

باسی دووەم: ئیمان دروست‌کراو و حادیسە، یا دروست‌کراو و حادیس نییە؟

ئیبنوحەجەری هەیسەمی لە کتێبی (فتح المـبین)دا فەرموویـەتی: ئەوانـەی وتوویانـە ئیمـان مەخلووق نییە و قەدیمە، وتوویانە خودا ناوی خۆی بردووە بە (مؤمن) و ئیمانی هەیە بە زات و بـە سیفەتەکانی خۆی، دیارە زات و سیفاتی خودا قەدیمن و ئیمان بەوانیش قەدیمـە، بـەڵام ئیمـانی غەیری خودای گەورە بە خودا ئەوە دروست‌کـراو و حادیسـە، چونکـە خـاوەن ئیمانـەکان خۆیـان حادیسن و هەرچی سیفاتیان هەیە حادیسە، چ ئیمـان و چ غـەیری ئیمـان، کـەوابێ ئـەم نیزاعـە لەفزییە.

باسی سێهەم: ئەوەیـە ئیمـان بەسـیتە یـا مورەککەبـە، ئەگـەر مورەککـەب بـێ لـە دوو شـت مورەککەبە یا لە سێ شت؟ ئیمە لە پێشەوە بە دووروودرێژی باسـی ئەمـەمان کـرد و، پوختەکـەی ئەمە بوو: لای (کرّامیە) بەسیتە و هەر ئیقرارەکەیە، لای ئەشعەرییەکان بەسیتە و تەنها باوەڕە بـە دڵ و، ئیقرار بەشێکی ئیمانەکە نییە، تـەنها شـەرتی جـێ‌بـەجێ کـردنی ئەحکامـە. هەنـدێکیش ووتوویانە بەسیتە و تەنیا کردەوەیە. بەڵام لای ئیمـام ئەبوحەنیفـە مورەککەبـە لـە دوو شـت کـە تەسدیق و ئیقرارن. لای ئەهلی حەدیسیش مورەککەبە لە سێ شت: تەسـدیق و ئیقـرار و کـردار؛ دیارە ئەم ڕایە باش نییە و ئەوە دەگەیەنێت کە ئینسان بە تەرکی واجبێک یا بە کردنی حەرامێک کافر ببێت ئەمەیش وا نییە، جگە لەمەش عەتف‌کردنی ئەعمال لەسەر ئیمـان لـە گـەلێ ئایـەت و حەدیس‌دا ئەوەمان پێشان دەدات کە ئیمان و کردار لە یەک جیان، واتە کردار بەشـێک نییـە لـە ئیمان، بەڵێ کردنی حەرام و تەرکی واجب نیشانەی ئەوەیە کە کـابرا ئیمـان لـە دڵـیدا نـەبێ یـا

ئیمانەکەی ئەوەندە بێهێز و لاواز بێ کە کردەوەی لێ پەیدا نەبێ، چونکە مەعنای نییە هۆدە چرای داگیرساوی تیابێ، کەچی هۆدەکە تاریک بێ، جا ئەو ئایەت و حەدیسانەی ئەوە دەگەیەنن کە ئینسان بە تەرکی نوێژ یا کردنی حەرامی وەک خەڵک کوشتن کافر دەبێ، دەبرێن بەسەر حاڵێکدا کە کابرا ئەو شتە بە حەلاڵ بزانێ، یا بە سووک و بێترس تەماشای گوناه بکا، یا دەڵێین مەبەست لەو ئایەت و حەدیسانە هەڕەشەکردن و سەرزەنشتە، یا مەعنایان ئەوەیە ئەو شتانە نیشانەی ئینسانی بێئیمانن. ئەم باسە ئیمامی نەوەوی لە کتێبەکەیدا (شەرحی سەحیحی موسلیم) بەیانی کردووە.

چوارەم: باسی ئیستیسناکردنە لەسەر ئیمان، وەکوو بڵێ «من موسوڵمانم ان‌شاءالله» کە ئەم باسەش زۆر درێژەی پێ دراوە. لە راستیدا ئەگەر ئەو ئیستیسنایە لەبەر ئەوە بێ کە کابرا دوودڵ بێ لە ئیمانەکەیدا ئەوە بە بێگومان کوفرە، وە ئەگەر بۆ تەبەڕڕوک بێ یا خۆ بۆ رەبتدانی ئیمانی و رزگاریی ئاخر نەفەس بێ، چونکە ئەنجامی ئینسان دیار نییە، ئەوە زۆر مەعقوول و موناسبە و قەی ناکات.

موکتەسەب دەوێ ئیمان بێتەردید
لە کەشف، لە دەلیل، یا خۆ لە تەقلید
ئەووەڵ ئەعلایە، دووەم ئەوسەتە
تەقلیدی ئەدنا روتبەی مونحەتە
روتبەی تەقلیدی دەگەڵ جەزمی دڵ
سەحیحە و حاسڵ هیچ نییە موشکیل
بە قەولی موختار هەیە موعتەبەر
ئەرچی عاسی وێ بە تەرکی نەزەر

واتە: ئیمان کە باوەڕی دڵە بە یارمەتیی خودا لە سێ رێگاوە کەسب دەکرێ، یەکەم لە رێگای کەشف و دەرکەوتنی حەقیقەتەوە بە هۆی داباریني پرتەوی رەحمەتی خودا بەسەر دڵی ئینساندا، ئەوانەی کە هەوڵ دەدەن بۆ پاککردنەوەی دڵیان لە بیروباوەڕی نابار و، پێوەندی بە شتی پەست و بێنرخەوە و بۆ وەرگرتنی خوو و ڕەوشتی جوان لە هاوڕێیی و هاوڕازیی ئادەمزادی پاک نییهاد و پایەبەرز و، تەمێ و تەربیە وەرگرتن لە مەردانی راستەوە لەگەڵ دەوامی پەیڕەویی حەزرەتی رەهبەری جیهان پێغەمبەری ئاخر زەمان(د.خ).

بە تاقی‌کردنەوەی هوشیاران دەرکەوتووە کە هیچ شتێ نییە بە قەدەر هاوڕێیەتیی راستی ئینسانی دڵپاک بەسوود بێ بۆ نوورانی بوونی دڵ و، بۆ دامەزرانی ئینسان لەسەر کردەوەی باش و وەرگرتنی هۆی پیرۆزی و بەختیاری. ئەم خاوەن کەشفانە ئەگەنە پایەیەک کە وجوودی پەروەردگار دەکەن بە دەلیل لەسەر حدووسی جیهان و هەرچی لە جیهاندا هەیە و روودەدات، واتە: (مؤثر) دەکەنە دەلیل لەسەر (أثر) و (خالق) لەسەر (مخلوق).

دووەم: ڕێگەی ئیستیدلالە بە بەڵگە و دەلیلی بەهێز، کە لە موقەددیمە یەقینییەکان پێک‌هاتوون و دەبنە هۆی ئەوەی کە ئینسان بێ‌گومان و بێ‌دوودڵی باوەڕ بکا بە مەقسوودی خۆی. ئەم ئیستیدلال و بورهانە بۆ ئەو زانایانە دەست دەدا کە دڵیان وەک شیر پالاوتووە و لە شتی بێگانە پاکیان کردووەتەوە، واتە ئەم زانایانە قسەی راست لە لار و شتی بەنرخ و بەکار لە شتی پووچ و نابار جیا ئەکەنەوە و، لە ئەنجامی ئەم ئیستیدلالە باوەڕ بە زات و سیفاتی پەروەردگار و بە پێغەمبەران و، بە هەر شتێ تر کە پێویست بێ باوەڕی پێ بکەن، پەیدا دەکەن.

سێهەم: ڕێگەی تەقلیدە واتە دواکەوتنی بیروباوەڕی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێ دەکرێ. جا زاناکانی ئایین لەم ئیمانە تەقلیدییەدا چەند بیروڕایەکیان هەیە:

یەکەم ئەوەیە کە ئیمانی تەقلیدی بێ‌سوودە بۆ دنیا و قیامەت، ئەم رایە نیسبەت دراوە لە شێخ (ابوالحسن)ی ئەشعەری(ر.خ).

دووەم ئەوەیە کە ئیمان و باوەڕی تەقلیدی بۆ دنیا و قیامەت بەسوودە و، دەبێتە هۆی رزگاریی خاوەنەکەی.

بەڵام بیری راست لەم شوێنەدا، هەر وەکو (تاج الدینی سوبوکی) فەرموویەتی، ئەوەیە کە تەقلید دوو جۆرە، یەکەم بریتییە لە دواکەوتنی بیروڕای خەڵک بێ‌ئەوەی کە خاوەن تەقلیدەکە جەزم و باوەڕێکی توندی بۆ پەیدا ببێ، بێ‌گومان ئەم جۆرە تەقلیدە سوودی نییە و بە ئیمان دانانرێ. دووەم بریتییە لە دواکەوتنی بیروڕای خەڵک و وەکو ئەوان ئیمان بهێنێ بەڵام بیروباوەڕێکی جازم و خاوەن هێزی ببێ و دوودڵی و گومانی لە دڵا نەمێنێ. ئەم جۆرە تەقلیدە بە راستی بەسوودە و جێگەی ئیعتیبارە و، کەس دژی نییە (ابو هاشم)ی موعتەزیلە نەبێ، ئەویش واتەکەی هەڵە و بێ‌قیمەتە. بەڵام ئەم موقەللیدانە ئەگەر وەکو خەڵکی هەڕەمە بتوانن ئیستیدلال بکەن و، هەر لەبەر تەمەڵی ئیستیدلال نەکەن ئەوە تاوانبارن؛ چونکە ئەم جۆرە ئینسانانە لەسەریان واجبە ئیستیدلال بکەن و ئیکتیفا نەکەن بە دواکەوتن و تەقلیدی خەڵک، بێ‌گومان

بەسیرەت و بەرچاوڕۆشنی بۆ ئینسانی هۆشیار لە هەموو مەبەستێکدا پێویستە بە تایبەتی لە ئیما-ن‌دا.

بێدار بن: هەندێ لە زانایان فەرموویانە ئەو ئیستیدلالەی کە پێویستە بۆ هەڕەمەی موسوڵمانان ئەوەندەیە کە بەقەدەر پایە و شانی خۆیان بێ، واتە: ئەوەندە بزانێ کە باخێکی جوانی رازاوە بێ-گومان باغەوانێ بووە کە دارەکانی ناشتبێ و خزمەتی کردبێ تا پێ‌بگات، زەوی و کەژ و کۆساری جوان، گیا و گوڵاڵەی هەمەڕەنگ، مانگ و رۆژ و ئەستێرەی خاوەن پرتەوی ئاسمان، بێ‌شوبهە، یەکێ هەیە دروستی کردبن و، ئەم جیهانەی رازاندبێتەوە پێیان، ئیتر پێویست نییە لەسەریان وەک ئەهلی (مەنتیق) و (فەلسەفە) کە فەرزی کیفایەیە لە هەموو مەسافەی دوو رۆژە رێگەیەکدا لە وڵاتی ئیسلامدا کەسێکی وا ببێ بتوانێ بەم شێوە ئیستیدلال بکات لەسەر بوونی خودای (واجب‌الوجود) و باقی بیروباوەڕی موسوڵمانان، تا ببێ بە هۆی پاراستنی ئایینی ئیسلام لە شوبهە و گومانی موخالیف و ناحەز. دیارە ئەو ئیستیدلالە کە بۆ هەڕەمەی ئادەمزادی وشیار بشێ هەموو ئینسانێکی ژیر ئەتوانێ بیکات و ئاسانە و، کەس نییە ئەم جۆرە دەلیلەی لا نەبێ.

جارێکیان لە ئینسانێکی دەشتەکییان پرسی: دەلیلت چییە ئەم جیهانە پەروەردگاری هەیە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئەم جیهانە وەکوو خانوویەکی پان و پۆڕ وایە، مانگ بە شەودا و خۆر بە رۆژدا چرای خودان بۆ ئەم خانوویە، جا ئەگەر ئێوە لە ماڵی خۆتاندا چرایەکتان دیوە کە کەس هەڵی‌نەگیرساندبێ ئەوا بڵێن خودا نییە، ئەگەرنا پێویستە بۆ ئەم دوو چرایە پەروەردگارێ ببێ هەڵی‌گیرساندبن.

لە زەلامێکی شارەزووری‌یان پرسی: دەلیلت چییە کە خودا یەکێکە؟ وتی: دەلیلم ئاشەکەی (بێسان سوور) ە[١٦]، هەتا یەک ئاشەوانی بوو شەو و رۆژی دە تەغاری دەهاڕی، ئێستە کە دوو ئاشەوانی هەیە یا ناگەڕێ یا کەم ئەهاڕێ! ئیتر لە جیهاندا قەت نابینی ئینسانێ بێ موسوڵمان بێ و، دەلیلێکی عەوامانەی نەبێ لەسەر وجودی خالیق و پەروەردگار، مەگەر یەکێک شێت بێ یا دەماخی ناساغ بێت، ئەوانەش جێگای تەکلیف نین، کەوابوو لەناو هوشیاراندا موقەللیدی رووت نییە. بێ‌گومان ئەگەر ئینسان بە راستی لەم قسە ورد بێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە قسەیەکی راست و رەوانە.

گفت‌وگۆی خیلاف هەس لە نەزەردا
لە سیوای ناسین دانای ئەکبەردا

بەڵــێ لەوێــدا بشــنەو بــێ نیــزاع
وجووبی نــەزەر هەیــە بــە ئیجمـاع
(لكِـــن ذَلِـــكَ الوجـــوبُ هنـــا
عقــلاً لــدی بعــض، شــرعاً عنــدنا)

هەس: هەیە. بشنەو: ببیسە.

واتە: لە نێوان زانایانی عیلمی ئوسولدا ئیختیلاف هەیە لە پێویستیی بیرکردنەوە و تێفکـریندا بۆ ناسینی غەیری خودای گەورە؛ هەندێکیان ئەڵێن ئەم تێفکرینە پێویست نییـە؛ چونکـە دەبێتـە هۆی ئازاردانی نەفس بە بێسوود، هەندێکیش دەڵێن فکرکردنەوە پێویستە لەسـەر هەرکـەس بـە قەدەر حاڵی خۆی بیربکاتەوە بۆ ناسینی حەقائیق، بۆ جـێبـەجێ کـردنی هـۆی ژیـانێکی باشـتر؛ چونکە عـەقڵ و هـۆش لـە گـەورەترین نیعمـەتی خودایـە لەسـەر هـەموو ئـادەمزاد و، سوپاسـی نیعمەتیش واجبە، دیارە بەکارهێنانی عەقڵ و بیرکردنەوە بۆ وەرگرتنی ئاسار و تایبەتییەکانی کان و گژوگیا و گیانلەبەر بە سوپاسی نیعمەتی عەقڵ و هۆش دادەنرێ.

خودای گەورە فەرموویەتی: (هو الذی خلق لکم ما فی الارض جمیعـاً) [١٧] وە فەرموویـەتی: (و جعل لكم الارض ذلولاً فامشوا فی مناكبها و كلوا من رزقه) [١٨] لەسەر ئەمە پێویستە ئـادەمزاد بـە پێی توانا بە هۆی بیرکردنەوە لە شتەکان و بە هۆی بەراورد و لێکۆڵـینەوە ئاسـاری کـان و گیـا و گیانلەبەر بزانێ، لە ئەحواڵی دەریای گەورە و بچووک و لـە ئەحواڵـی هـەوا و هەڵـم و ئەحواڵـی ئەستێرە و مانگ و رۆژ تێبگات و، بە شوێنی هەموو شتێکی بەسووددا بگەڕێ، چ بـۆ ئـابووری و چ بۆ بەرگری و چ بۆ فێرکردن و خۆێنەوار کردن، یا رامکردنی گیانلەبەران بـۆ سـوودی گشـتی، یـا تەمێ و پەروەردەی نەفسی.

ئادەمزاد لە بەرەبەیانی مێژووەوە هەوڵی داوە و کۆششـی کـردووە بـۆ ئـەوەی کـە لـە هـەموو رووبەکەوە پێش بکەوێ و توانیویەتی خۆی لە دوژمن بپارێزێ و بەسەریا زاڵ ببێ.

لەبەر رۆشنایی ئەم قسەیەدا زانایانی ئایینی ئیسلام زانـین و فێربـوونی هـەر پیشـەیەکیان کـە نرخی هەبێ بۆ ئادەمزاد بە فەرزی کیفایە داناوە و، لە گەلێ کاتدا بە فەرزی عەینیان ژماردووە.

بێگومان هەرکەس لەسەر یاسای بیرکردنەوە بڕوات سەربەرز و بەختیارە و، سوودی نەبڕاوە بـۆ خۆی و هاونیشتمانانی و بۆ سەرجەمی بەرەی ئادەمزاد مسۆگەر دەکات، بە پێچەوانەوە هەرکـەس رێگای بیرکردنەوە نەگرێتە بەر ئەوە دوژمنایەتی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ بەرەی ئادەمزاددا دەکـات

و، لای خودای گەورەش بێ‌نرخە، چونکە بە پێچەوانەی ئەو رێ و شوێنە دەجووڵێتەوە کە خودای گەورە بۆ بەرەی ئادەمزادی داناوە.

بیرکردنەوە بۆ ناسینی زات و سیفەتی خودا بە ئیجماع واجبە، لای ئەهلی حەق تەنها بە دەلیلی نەقلی، بەلام لای موعتەزیلە بە دەلیلی عەقلی و نەقلی. جا ئێمە دوو رێگەمان هەیە: یەکەم ئیستیدلال ئەکەین بە زاهیری ئایەت و حەدیس، وەکو ئایەتی (فاعلم انه لا الـه الا الله) [١٩] وە ئایەتی (ان فی خلق السموات والأرض واختلاف اللیل و النهار لآیات لأولی الالباب) [٢٠] وە ئایەتی (افلا ینظرون الی‌الإبل کیف خلقت، و الی‌السماء کیف رفعت، و الی‌الجبال کیف نصبت، و الی‌الأرض کیف سطحت) [٢١] وە ئایەتی (الم تر الی ربک کیف مَدَّ الظلَّ و لو شاء لجعله ساکنا ثم جعلنا الشمس علیه دلیلا) [٢٢] و غەیری ئەمانەیش. ئەمانە هەموو ئادەمزادێکی هوشیار بانگ دەکەن بۆ خوداناسین، بۆ ئەوە ئاسار بکات بە دەلیل لەسەر (مؤثر) و تێفکرێت کە ئەسەر بێ-موئەسسیر نابێت، موئەسسیریش بە بێ زیندوویی و زانست و خواست و توانایی مومکین نییە ئاساری رێک و پێک و نیزامی لێ پەیدا ببێ، کەواتە بە بێ‌گومان پێویستە ئەم جیهانە پەروەردگارێکی (واجب‌الوجود)ی خاوەن کەمالی دوور لە کەم و کووڕیی هەبێ.

دووهەم: سەیرکردن و بیرکردنەوە و تێفکرین (مقدمە) و پلەیە بۆ گەیشتن بە (واجبی مطلق) کە ناسینی خودای گەورەیە، هەر شتێکیش (مقدمە) بێ بۆ (واجبی مطلق) و ئەو واجبە بە بێ ئەو نەیەتە جێ واجبە، کەوابێ بیرکردنەوە و تێفکرین بۆ ناسینی (واجب‌الوجود) لەسەر ئادەمزاد واجبە.

شایانی باسە: ئێمە کە ئەڵێین بیرکردنەوە و تێفکرین بۆ ناسینی خودا واجبە مەبەسمان ئەوەیە هەرکەس توانای تێفکرینی هەبێ و نەیکا ئەوە تاوانبارە، مەبەسمان ئەوە نییە ئەگەر تێ‌نەفکرێ ئیمانی نابێ و بە کافر دەناسرێ؛ چونکە لە پێشەوە وتمان ئیمانی تەقلیدی بە شێوەی ئیعتیقادی جازم دادەمەزرێ.

بەلام (معتزلە) کان لایان وایە ئەگەرچی دەلیلی نەقلی ئەوە دەگەیەنێت کە تێفکرین لە پێناوی ناسینی خودادا واجبە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بەوە وازنەهێنرێ و دەلیلی عەقلیشی بخرێتە پاڵ، ئەگەرنا رەهبەر ناتوانێ ئادەمزاد موکەللەف بکا بە خوداناسین و ناچاری بکا، چونکە کاتێ کە وتی: ئەی ئادەمی بیربکەرەوە و تێفکرە بۆ ناسینی خودا، بە شەرع ئەم بیرکردنەوە و تێفکرینە واجبە لە سەرت، ئەتوانێ بڵێ: من تێ‌نافکرم هەتا تێفکرین واجب نەبێ لە سەرم،

واجبیش نابێ لە سەرم هەتا خۆم تێنەفکرم، ئـەنجام وای لـێ دێـت: تـێنـافکرم تـا تـێنـەفکرم، ئەمەیش دەبێتە هۆی (توقف)ی تێفکـرین لەسـەر تێفکـرین خـۆی، واتـە: (دەور) کـە دەوریـش مەحاڵە و نابێ، کەواتە پێویستە لە ڕێگەی عەقڵەوە بۆی بڕۆین هەتا ناچار بـێ تێفکـرێ و ڕەهبـەر غالب ببێ بە سەریا.

ئێمە بە دوو جۆر ئەم دەلیلە ڕەد ئەکەینەوە، یەکەم: موعتەزیلەکان لە موقەددیمـەی دووەمـی دلیلەکەدا بە هەڵەدا چوون؛ ئەوە ڕاستە کە «تێنافکرم هەتا تێفکرین واجب نەبێ» بەڵام ئـەوەیان هەڵەیە کە دەڵێت: «واجب نابێ لەسەرم تا خۆم تێنەفکرم» چونکە واجببوونی تێفکرین لەسـەر تێفکرینی ئەو ڕانەوەستاوە، بەڵکو عیلم بە واجبیەتی تێفکرین لەسـەر تێفکـرینی ئـەو ڕاوەسـتاوە واتە: تێفکرین بۆ ناسینی خودا واجبە ئەو تێفکرێ یا نا.

خۆ ئەگەر یەکێ بڵێت ئەم قسەیە ئەوە دەگەیـەنێت کـە تـەکلیف لـە غـافڵ بکرێـت ئـەوەیش مەحاڵە، لە وەڵامدا دەڵێین غافڵ ئەو کەسەیە مەعنای تەکلیف تەسەوور نەکات و نەفامێ تەکلیف چییە و بە چێ ئەڵێن، نەک کەسێک کە باوەڕی بەوە نەبێ کە خۆی موکەللەفە.

دووەم: بە موعتەزیلییەکە دەڵێین ئـەم دەورە کـە ئێـوە دەیڵـێن لەسـەر قسـەی ئێـوەش بـە وجووبی عەقڵی هەر دێتە جێ، چونکە واجببوونی تێفکرین بەدیهی نییە، واتە: کابرای موکەللەف ئەتوانێ بڵێ من تێنافکرم هەتا بە عەقڵ واجب نەبێ، واجبیش نابێ بـە عـەقڵ هـەتا تـێنـەفکرم، کەوابوو چار هەر ئەوەیە بڵێین واجبیـەتی تێفکرین لەسەر تێفکـرین ڕانەوەسـتاوە، بەڵـکو زانـینی واجبیەتەکە لەسەر تێفکرین ڕاوستاوە، بەمەش موشکیلەکە چارەدەکرێ.

***

١ـ ئەم سەرباسە لە نوسخە دەستنووسەکەدا نییە، تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ لە دەستنووسەکەدا (ضرورت = زەروورەت) ە، هی چاپەکە (ضەروریچ)ە.

٣ـ ئایەتی (١٤٦) سـوورەتی (بقرە).

٤ـ صحیح مسلم بشرح النووی جـ ١ ط ١ ص ١٥٧ / المطبعة المصریة بالازهر، ١٣٤٧هـ ١٩٢٩ م.

٥ـ کتێبی (العقائد النسفیة) هی (نجم الدین ابو حفص عمـر)ی نەسـەفیی سـەمەرقەندییە٥٣٧-٤٦١ی‌ک ئـەم کتێبە سەعدی تەفتازانی شەرحی لێ کردووە.

٦ـ لە چاپەکەدا (موجمەل) ە، (بە) کەی نییە.

٧ـ ئایەتی (٩) سوورەتی (حجرات).

٨ـ ئایەتی (١٠٦) سوورەتی (نحل).

٩ـ ئایەتی (٢٢) سوورەتی (مجادلە).

١٠ـ ئایەتی (١٤) سوورەتی (حجرات).

١١ـ الجامع الصحیح، و هو سنن الترمذی، تحقیق ابراهیم عطوة عوض الجزء الرابع ط ١ ص ۴۴۸، شرکة مکتبة و مطبعة مصطفی البابی الحلبی و اولاده بمصر سنة ۱۹۶۲.

١٢ـ تەناسوبێکی وردە کۆکردنەوەی (باری) و (هەور) و (باد) و (سەوزە) و (سەراو). شایانی باسە: لە چاپەکەدا لەباتی (بەو ئەسباوەسە) نووسراوە (بەو ئاسیاوەسە). ئاسیاو واتە: ئاش، زۆر دوورە، هی دەستنووسەکە راستە.

١٣ـ چاپەکە دەڵێت: فەزلێکی.

١٤ـ ئایەتی (١٣٦) سوورەتی (نساء).

١٥ـ ئەحمەدی کوڕی مووسای کوڕی شمس‌الدینی خەیالی، سالی ٨٦٢ ی کۆچی وەفاتی کردووە و ئەم زانایە (حاشیە)ی لە شەرحی عەقائیدی نەسەفییە کردووە، عەقایدەکە هی نەسەفییە و شەرحەکەی هی سەعدی تەفتازانی‌یە.

١٦ـ «بێسان‌سوور» دێیەکە سەر بە ناحیەی عەربەتی سەر بە پارێزگای سلێمانییە.

١٧ـ ئایەتی (٢٩) سوورەتی (بقرە).

١٨ـ ئایەتی (١٥) سوورەتی (ملک).

١٩ـ ئایەتی (١٩) سوورەتی (محمد).

٢٠ـ ئایەتی (١٩٠) سوورەتی (آل عمران).

٢١ـ ئایەتی (٢٠-١٧) سوورەتی (غاشیە).

٢٢ـ ئایەتی (٤٥) سوورەتی (فرقان).



مبحث الوجود والوجوب [1]

نــەزەر (عــادةً) مەعریفــەت دەدات
تەسدیق بە وجوود بە وجووبی زات
بە سیفاتی پاک سەلبی و ســبووتی
بە قەدەر تاقەت قــووەی ناســووتی
هیچ بە موعەللیم حاجەت ناکەوێ
ئەگەرچی بە ئــەو ئاســانتــر دەوێ

لەم شوێنەدا چەند باسێک هەیە، یەکەم: (نظر) لە عورفی زانایانی ئوسوولدا سرنجدانە لە شــتی زانراو بۆ زانینی شتی نەزانراو، جا ئەگەر زانراوەکە (تصوّری) بێ ئەوە دەبێتــە هــۆی زانــینی شــتی (تصوّری) وەک (تعریف) کە دەبێتە هۆی ناسینی (معرَّف) بۆ نموونە: بە (الحیوان الناطق) ئینسان ئەزانرێ، خۆ ئەگەر زانراوەکە (تصدیقی) بێ ئەوە دەبێتە هۆی زانینی نــەزانراوی (تصــدیقی) وەک دەلیل کە دەبێتە هۆی زانینی (نتیجە) بۆ نموونە دەڵێین: (کسب العلوم مهــم و کــل مهــم لائــق بالجهد، فکسب العلوم لائق بالجهد).

دووەم: کە دەڵێت «نەظەر (عــادةً) مەعریفــەت دەدات» بەرپــەرچی قســەی ئەوکەســانەیە کــە وتوویانە (نظر) لە عەقلییاتدا سوودی نییە و نەزانراوی پێ نازانرێ، تەنها لــە (حسّــیّات)دا ســوودی هەیە. هەروەها رەددی قسەی ئەو کەسانەیشە کــە وتوویانــە (نظــر) لــە عەقلییاتــدا بەســوودە بــە مەرجێک لە ئیلاهییاتدا نەبێت وەکو باسی زات و سیفاتی خــودای گــەورە، چونکــە لەبــەر زۆریــی جیاوازیی بیروڕا و ناکۆکیی بێئەندازەیان سوودی نابێ. دیسان رەددی قسەی ئەو کەسانەیشە کــە وتوویانە (نظر) لە عەقلیاتی ئیلاهی‌دا سوودی هەیە، بەڵام بەو مەرجە مورشید ئەو نەزەرە بکات یــا لە ژێر چاودێریی ئەودا بێ، چونکە هەر مورشیدی مەعسووم رێگەی نەزەر و ئیستیدلال ئەزانێ.

پوختەی قسەو رەدکردنەوەی قسەی موخالیفەکان ئەمەیە: کە (نظر) واتە تەعریف و دەلیل لـە هەموو شتێکدا قازانجی هەیە و بەسوودە، چ لە حسییاتدا بێ یا لە عەقلییاتدا، عـەقلییاتی ئیلاهـی بێ یا غەیرە ئیلاهی، مورشیدی لەگـەڵ بـێ یـا بـێمورشـید بـێ. سـوود و قـازانجی تێفکـرین و بیرکردنەوە بۆ زانینی شتی نەزانراو شتێکی بەدیهی و ئاشـکرایە. بـێگومـان هەرکـەس تەماشـای حاڵی خۆی بکات کە لە نەزانینەوە سەر ئەکەوێ بۆ زانین، چ لە مەحسووسات و چ لە مەعقوولات، ئیلاهییـات یـا غـەیری ئیلاهییـات، بەیارمـەتی بـێ یـا بـێیارمـەتی، بـۆی روون دەبێتـەوە کـە موخالیفەکان هەموویان بەهەڵـەدا چـوون، ئیتـر جیـاوازیی بـیروڕا نابێتـە بەڵـگەی بـێسـوودیی تێفکـرین، چونکـە زۆربـەی ئـەو جیـاوازیی بیروڕایانـە لـە بـێشـعووری و نەخۆشـیی هۆشـی خاوەنەکانیانە. ئینسان کە نەخۆش کەوت دەمی تاڵ ئەبێت و شتی شیرین لە دەمیا تاڵە، یا یەکێ گێژ بێ وادەزانێ دنیا بە دەوریا هەڵدەسووڕێ، ئایا ئەم گومانە فاسیدانە ئەبن بە هۆی ئـەوەی کـە هێزی چەشتن و دیتن لە جیهاندا نەبێ، بێجگە لەوەیش زۆربەی جیاوازیی بیروڕا لە سەرسـەختی و دوژمنایەتی و تەقلید و تەعەسسوبەوە پەیدا دەبێ. تەماشاکەن رەهبەرانی ئایینی فریشتەخوو چ جۆرە یاسایەکی هێمن و ئارامیان هێنا بـۆ ئـادەمزاد، هـەروەها موجتەهیـدە پـاکدڵـەکان چەنـد حوکمیان دەرخست بۆ پیرۆزیی و بەختیاریی بەرەی ئـادەمزاد، زانـا هوشـیارەکان چەنـد شـتیان داهێنا و چەند نهێنی و تایبەتییەکانی کان و گیا و گیانلەبەر و غاز و هـەوا و فـەزایان دۆزییـەوە، ئەم هوشیارانە لەگەڵ ئەم دۆزینەوانە، لەگەڵ ئەم هەمووە داهێنانانـە رێگـەیان بـەوە بـردووە کـە دەبێ ئەم جیهانە پەروەردگارێکی (واجب‌الوجود)ی هەمیشەیی بێسنووری هەبێ.

داوای مورشیدکردن بۆ ئەم ئیفادە و ئیستیفادەیە هەرچەند موافیق بـێ بـۆ ئاسـانیی سـلووک؛ بەڵام بە شێوەی وجووب نییە، ئەگەرنا ئەی مورشیدی یەکەم لە کێ ئەو عیلمەی وەرگرت؟ ئەگەر ئەڵێیت لە عەقڵ و هۆشی خۆیەوە ئەوا خەڵکیتریش عەقڵ و هۆشی هەیـە، خـۆ ئەگـەر ئەڵـێیت ئیلهامی پەروەردگارە ئەوا پەروەردگار ئامادە و پایەدارە، بێجگە لەمەیش ئەو مورشیدە کە دەڵـێت من مەعسوومم ئەبێ موعجیزە و بورهانی هەبێ، ئەو مـوعجیزە و بورهانـە دەبێتـە دەلیـل لەسـەر راستیی ئەو، کەوابێ هەر بورهان و دەلیل لە نەزەریاتدا بەکار و بەسوودە.

سێهەم: لەفزی (عادةً) لە بەیتەکەدا مەعنای وایـە کـە لـە بـەینی تێفکـرین و زانـینی ئـەوەی دەمانەوێ، واتە لە بەینی زانینی دەلیل و زانینی نەتیجەدا (لزومـی عـادی) هەیـە، واتـە: خـودای گەورە وای کردووە بە عادەت کە پاش ئەوەی زانینی دەلیلی لە دڵی خاوەن دەلیلدا دروست کـرد

بێدرێژەکێشان زانینی نەتیجەیش لە دڵیا دروست دەکات، ئەگەرچی مومکینیشە ئەم زانینی نەتیجەیە دروست نەکات، ئەم رایە دراوەتە پاڵ شێخ (ابوالحسن)ی ئەشعەری (ر.خ). ئەم زاتە رای وایە هەر شتێ پەیدا ببێ یەکسەر و بە بێواسیتەی (فی التأثیر) نیسبەت دەدرێ لە خودای گەورە، خودا موختارە و ئارەزووی بە دەستی خۆیەتی لە دروستکردنی هەر مومکینێ لە مومکینات و، هەرگیز (وجوب) روو ناکاتە زاتی خودای گەورە.

هەروەها بەرامبەر ئەم رایەی (ابوالحسن)ی ئەشعەری سێ رای تر هەیە:

رای موعتەزیلە، رای حوکەما، رای ئیمام (فخرالدین)ی رازی.

بیروڕای موعتەزیلەکان ئەوەیە کە لە بەینی ئەو دوو زانینەدا لزوومی تەولیدی هەیە، واتە ئادەمزاد خۆی بە زات و سیفەتیەوە دروستکراوی خودایە، بەڵام کردەوە ئیختیارییەکانی وەکو هەڵسان و دانیشتن و جموجووڵ و ئارامگرتن ئادەمزاد خۆی دروستیان دەکات، خۆی هەڵئەستێ و خۆی دادەنیشێ و، ئەم کردەوانە کردەوەی (بالمباشرە) ن و، هەر کارێ لەمانەوە پەیدا ببێ پێی ئەڵێن کردەوەی (تولیدی). بۆ نموونە لە هەستانەوەدا سەری بدا لە دارێک و دارەکە بکەوێتە سەر شتێکی تر و بیشکێنێ، بەم کەوتن و شکاندنە دەڵێن کاری تەولیدی، بەمجۆرە موعتەزیلەکان ئەڵێن عەبد خۆی راستەوخۆ تێدەفکرێ و واتە دوو موقەددیمەی دەلیلەکە رێک دەخات و، لەم کارەوە کە راستەوخۆ و موباشیر کردوویە زانینی نەتیجە واجبە پەیدا ببێ و مەحاڵە ئەو زانینە پەیدا نەبێ.

حوکەما دەڵێن لەبەینی ئەم دوو زانینەدا لزوومی ئیعدادی هەیە، واتە: کاتێ کە خودای گەورە زانینی دوو موقەددیمەکە لە ئادەمزاددا دروست دەکا ئەو زانینە هۆشی ئادەمزادەکە ئامادە دەکات بۆ زانینی نەتیجەکە و، واجبە ئەم زانینە دروست بکات؛ ئەگەرنا دەبێتە بەخیلی و رژدی و، بەخیلی و رژدیش بۆ خودای گەورە مەحاڵە و نەبووە و نابێت.

بەڵام بە لای ئیمام (فخرالدین)ی رازییەوە[٢] لە بەینی ئەم دوو زانینەدا لزوومی عەقلی هەیە، واتە: زانینی نەتیجە لازمی زانینی دوو موقەددیمەکەیە و بە قەتعی دەبێ ببێ، ئەگەرچی هەردوو زانینەکە خودای گەورە (بالذات) دروستی کردوون، واتە: بە بێ ئەوەی کە زانینی یەکەم هۆ بێ بۆ زانینی دووەم، چونکە خودای گەورە ئیرادەی بوونی مەلزووم و لازمەکەی بەیەکەوە کردووە و، لەوکاتەدا ئیرادەی دروستکردنی جەوهەرێکی کردووە ئیرادەی دروستکردنی عەرەزەکانیشی کردووە و، خودا (بالذات) موختارە لە دروستکردنی هەردوو لایاندا.

ئـەو دوو یاسـا کـە مەشـهووورە لای ئەشـعەری ئیعتیبـار کـراون یەکـەم: خـودا موختـارە لـە دروستکردنی هەموو شتێکی مومکین و بوودەنیدا و، هەموو دروستکراوێکی خودایش یەکسـەر و بێواسیتە نیسبەت ئەدرێ بۆ لای خودای گـەورە، واتـە: هـەرچی (سـبب) ەکـانی پەیـدابوونی شتەکان هەن هەموو ئیرادەکراون وە هەموو (مسبب) ەکانیش ئیرادەکراون و، هەر کاتێ بێنـەجێ هەردوویان وەکوو یەک (بالذات) نیسبەت لە خودای گەورە دەدرێن.

دوو شت هەن کە لای ئەشـعەری موعتەبـەرن و بـاوەڕ پێکـراون، یەکـەم: خـودا موختـارە لـە دروستکردنی هەموو مومکینێکدا. دووەم: هەموو دروستکراوێ یەکسەر و بێواسـیتە نیسـبەت دەدرێ لە خودای گەورە، واتە: هەرچی ئەسـباب و موسـەببەباتە هـەموویان خواسـت و ئـیرادەی خودایان لەسەرە و، هەر کاتێ بێنەجێ هەردووکیان وەکوو یەک لە خودا نیسبەت دەدرێن.

(فخرالدین)ی رازی ئەم رای ئەشعەرییەی گێڕاوەتەوە بۆ سەر راکەی خـۆی چونکـە رەوا نییـە ئینکاری پێوەندی بکرێ لە نێوان ئەو شتانەدا کە خودا وەهای دروست کردوون کە بە یەکەوە بن. وەک جەوهـەر و عـەرەز، وەک زانـینی دوو موقەددیمـە و نەتیجـە. ئیسـماعیلی گەلەنبـەوی لـە حاشیەی عەقائیدی جـەلالی دەووانیـدا ئەڵـێت: ئـەم مەزهـەبی رازییـە راسـتەقینەی مەزهـەبی ئەشعەرییە.

رووتبـەی ئەووەڵـیچ ئەوەنـد ئەعلایـە
دەسـی ئـارەزووی مـن لێـی کۆتایـە
چ یـارای رووتبـەی کەشـف و حالـیمە
تەمـەنای رووتبـەی ئیسـتیدلالیمە
بەڵـکم هەڵـکەوێ لـە زەمانیـدا
سـەرپەنجەی عەقڵـم وە بورهانیـدا
بـەو هەوڵـکەوتنە (مەعـدووم) راجییـە:
هـەوای دا ئـەناو فیرقـەی ناجییـە
هـەر هەفتادوسـێ گشـت وا لـە ئاردا
لـە رووی عەقیـدە ئـەو وا لـە کـاردا
(علمـاً، عمـلاً) موخـالیف نـاون،
لەسەر رەویەی پاک نـەبی و ئەسـحاون

روتبە: پایە. ئەووەڵیچ: ئەووەڵیش. دەس: دەست. کۆتا: کورت. یارا: توانا، هێز، ئازایەتی. هەوای دا: فرێی دا. ئەناو: بۆ ناو. فیرقە: کۆمەڵ. ناجییە: رزگار. نار: ئاگر. مەعدووم: نەبوو، نازناوی حەزرەتی (مەولەوی) یە.

واتە: پایەی ئیمانی کەشفی ئەوەندە بەرزە دەستی ئارەزووی منی پێی ناگا، من توانای ئەم پایەم نییە و شایانی نیم، تەنیا ئارەزووی پایەی ئیستیدلالیم هەیە، بەڵکو بە هۆی ئیستیدلالەوە سەرپەنجەی عەقلم هەڵکەوێ لە دەلیلێکی بورهانی، ئەنجا بەو هەڵکەوتنە مەعدووم (واتە مەولەوی) هیوا و ئارەزووی ئەوەیە فرەی بدا بۆ ناو ئەو کۆمەڵە کە مەشهوورن بە (فیرقەی ناجییە)، واتە کۆمەڵی رزگار بوو لە ئاگری دۆزەخ کە کۆمەڵێکن لە بیر و باوەڕ و ئوموری ئیعتیقادیدا لەسەر حەقن و پەیڕەوی رێگای حەزرەتی (محمد المصطفی) ن، دروودی خودای لێ بێ، هەروەها بە رێگای یارانی پێغەمبەردا دەڕۆن.

لە چوار کتێبی (سحاح)دا بە ئیسناد ریوایەت کراوە لە (ابن عمر) ەوە، خودایان لێ رازی بێ، کە حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی (...و ان بنی اسرائیل تفرقت علی اثنتین و سبعین ملة، و تفترق أمتی علی ثلاث و سبعین ملّة، کلّهم فی النار الا ملّةً واحدة قالوا و من هی یا رسولَ الله! قال: ما انا علیه و اصحابی) [٣].

روتبەی ئیستیدلال وەختی هاتە بەین
با وەقەد تاقەت نەقلێکی بکەین
لە ئەنفاسی پاک ئەئیممەی ئەعلام
لە گرۆی ئەشرەف تائیفەی کەلام
گوڵچنم جارێ، جارێ خۆشەیێ،
برسیم، لە هەرلا تێرم تۆشەیێ
مووریکم ساکین زەیقەت خانەیێ
دەکێشم لە هەر خەرمەن دانەیێ
لە دووی ئەنفاسم، (و لا سیّما)
ئەنفاسی ئەنفوس [٤] قودسیی ئەولیا
(خصوصا منهم شیوخ الارشاد)
حەق بەرەکەتیان زیاد کا زیاد

بێ ئەوان نـاوێ، بـە قـەولی فحـوول،
نە عیلم و عەمەل، نە روتبەی وصـوول
مونتـــەهای علـــووم عیلمـــی ئەوانـــە
موقتـــەدای عەمـــەل ئـــەوان بزانـــە

گرۆ - گرۆە، کۆمەڵ. گوڵچن: ئەو کەسەیە لە پـاش درەو هـەر گوڵـێ کـەوتبێ هەڵـیدەگرێ. جارێ: کەڕەتێ. جاڕێ: هەر جاڕە گەنمێ. خۆشە: گوڵێکە دانەی تێدابێ. تۆشە: زاد بۆ خـواردن. مووریّ: مێروولەیێ. زەیقەت[ضیقت]خانە: خـانووی تـەنگ. خەرمـەن: خـەرمان. لـە دووی: لـە شوێن.

واتە: کە باسی پایەی ئیمانی ئیستیدلالی هاتە بەینەوە بـا بەقـەد توانـای خۆمـان قسـەی لـێ بکەین و لـە زمـانی ئـەو پێشـەوایانەوە بیگێڕینـەوە کـە خـاوەنی دەروونی پـاکن و لـە کۆمەڵـی گەورەکانی عیلمی کەلامن، من وام بـە دوای ئەوانـەوە وەک گەدایـەک گوڵـۆچنی بکـا لـە دوای خاوەن زەراعەتەوە، لە هەر جاڕە گەنمێکدا بۆم رێک بکەوێ گوڵێ هەڵـئەگرم، برسـیمە لـە هـەر لایە بۆم رێک بکەوێ تۆشەیەک وەرئەگرم، مێروولەیەکم لە یانەیەکی تەنگـدام و بـە خەرمانـەکانا دەگەڕێم و لە هەر خەرمانێ دانەیێ بۆ خۆم رادەکێشم، کەوتوومەتە شوێنی ئـەو خـاوەن نفووسـە پاکانە کە قازانجیان بۆ هاوڕێیانیان هەیە؛ بەتایبەتی مەشـایخی ئیرشـاد؛ خـودا بەرەکـەتیان زیـاد بکات، کە بە پێی قسەی زانایان بە بێ‌ئەوان هیچ بۆ کەس پەیدا نابـێ نـە عیلمـی بـەسـوود و نـە عەمەلی جوان، نە پایەی گەیشتن بە نووری حەق، ئاخر پلەی زانسـت زانسـتی ئەوانـە، پێشـەوای خاوەن کردەوەی شیاوی حزووری بارەگای خودای گەورە ئەوانن.

عیلمـی ئـەفواهی و قـالی و ئیسـتیدلال
عیلمی ئیلاهی و کەشفی و زەوقی و حال
عەمـەلی خودسـەر دەگەڵـی ئوسـتاد
(كَيــف اسْــتَوَيا يــا أهــل الرشـاد؟!)
بۆ جۆگـەی عـیلم و بـۆ نەقـدی عەمـەل
مەنبـەع و کـانن ئـەولیای کومـمـەل [٥]
لــەوێوە نــەوێ جۆگــە هــەر لێڵــە
نەقــدی کــان نــەوێ لــە رەواج وێڵــە

ئیسباتی مەتلەب، سەد لێت زەحمەتـە،
ئـــاخر هـــەر موحتـــاج وە کەرامەتـــە
نـــــەبی و مـــــوعجیزە وا رابگـــــردن
مـــاوە تەشـــەببوس بـــە وەلی کـــردن

رابگردن: رابووردن، ڕۆیشتن.

مەولەوی لە پێشەوە فەرمووی: بە بێئیرشادی ئەولیا و بە بێپاککردنەوەی دەروون بە تەمێ و تەربیەی ئەوان زانستی بەسوود و کردەوەی پەسەند نایێتە جێ. وا لێـرەش بـەم دوو شـیعرە کـە ئەڵی: «عیلمی ئەفواهی...تاد» ئەو باسە پێشووە دووباد دەکاتەوە، واتە: زانسـتێ کـە لـە مامۆسـتا وەربگیرێ، چ نەقڵی بێ بە شێوەی (قال فلان) یا بە شێوەی دەعوا و دەلیـل بـێ لەگـەڵ زانسـتی خـودایی و شـێوەی ڕێگـای کەشـفی دەروونی و زەوق و حـاڵدا زۆر جیـاوازن، هـەروەها کـاری سەربەخۆ هەرگیز هاوسان نابێت لەگەڵ کارێکدا کە لە ژێر چاودێری مامۆسـتای ڕۆحیـدا ئـەنجام بدرێ. هەروەها دوو شیعری پاش ئەوان کە دەڵێت: «بۆ جۆگەی عیلم و بۆ نەقدی عەمەل...تـاد» هێز دەدەن بە مەعنای دوو شیعرە پێشووەکە، واتە: دۆستەکانی خودا سەرچاوەی زانستی ڕاسـتن و، کانی نەقدی کردارەکانن، ئەو جۆگەی زانستە کە لەو سەرچاوەوە نـەبێ هـەرگیز سـاف نابێ و لێڵە، ئەو نەقدەی لە کانی ئەوانەوە نەبێ بێڕەواجە و نرخی نییە.

لە دواییدا دەفەرموێ: ئیسباتی مەتلەب، کـە بریتییـە لـە بـوونی خـودای (واجـبالوجـود) و سیفاتی سەلبی و سبووتی، پێویستی هەیە بە کەراماتی ئەولیا هەتا بـە شـێوەیەکی ڕۆحـی وەری-بگرین، چونکە لە زەمانی حەزرەتی ڕەهبەردا ئەو حەقائیقە کـە ئـەو دەیگەیانـدن بـە ئۆمـەت بـە موعجیزە سابت دەبوون، ئێستە کە زەمانی ئەوان نەماوە ئێمـە موحتـاجین بـە کـەراماتی (أولیـاء الله).

خەڵـقم زەحمـەتدا، بـووگم بـێئـەدەب
با بـەس بـێ، چاکـە بێمـە سـەر مەتڵـەب
هیممـــــەتی (ابوالوفـــا) وەفـــای کـــرد
ئـەم خدمەتییـە بـە مـن جـێ ئـاورد،
وەرنـــە مـــن و عـــیلم بـــەم گرانییـــە؟!
فـــەهمی بـــێچـــارە بـــەم نەزانییـــە؟!

خــاتر لــە تــەعيين مەبــدەء فــەرامۆش
لە سەداى تەشـخيس خاتيمـە بـێ‌گـۆش
عەسرى قوولەقوول خـەم لـە گـەردەلوول
دڵ دوور لە مەدلوول، مەحەببەت عەجوول
وتى: بــۆ تــەعيين پــەكت ناكــەوێ
(فــيض رحمــان بــۆى و مبــدء دوێ)
تــەعيينى مەبــدەء بــە گوێتــەدا چــوو
خاتيمــەيچ بــزان وەختــێ (فــارغ) بــوو
دڵ لــەم موژدەيــە عيجـزى چـوو لـە بـير
لــە مەقســوودەدا هاتــەوە تــەقرير

(ابوالوفا) كونيەى پايەبەرز (حـاجى شـێخ عبـدالرحمانى)ى كـوڕى پايەبـەرز شـێخ عوسمـانى (سراج‌الدين)ى تەوێڵەيى‌يە، خواى گەورە لێيان رازى بێ. ئەم زاتە لە ئيرشاد و رووناك‌كردنـەوەى دڵى موريدان‌دا شوێنێكى بەرز و ديارى بووە، دووەم كوڕى بـاوكى بـووە، لەگـەڵ پايەبـەرز شـێخ (محمد بهاءالدين)دا كە يەكەم كوڕى شێخى (سراج الدين)ە بە وەسيەتى باوكيـان رێگايـان دراوە لەسەر رێبازى نەقشبەندى ئيرشادى موسوڵـمانان بكـەن، هـەروەها لـە زانيارييـە ئـاييني‌يەكانـدا دەستێكى بالاى هەبووە، ديوانێكى هەيە. لەگەڵ (مەولەوى) دا، كـە خـاوەنى ئـەم (عەقيـدە) يـە، دۆستايەتى و پێوەنديیەكى ئێجگار توندى هـەبووە. ئـەم زاتـە سالـى (١٢٥١)ى كـۆچى لـە دێـى (بيارە) كە تابيعى قەزاى هەڵەبجەيە لە پارێزگـاى سـلێمانى لـە دايـك بـووە و سالـى (١٢٨٤)ى كۆچى لە شارى بەغدا كۆچى دوايى كردووە و لە گۆڕستانە بچوكەكەى دراوسێى گڵكۆى پايەبـەرز (عبدالقادر)ى گەيلانى بە خاك سپێردراوە (طيّب الله ثراهم و جعل الجنة مثواهم).

مەولەوى ئەفەرموێ هيممەتى (ابوالوفا) وەفاى كرد و ميهرەبانيى خۆى پيشان دا و ئەم كـارەى پێ جێ‌بەجێ كردم، ئەگينا من و عيلم بەم گرانييە و، فامى خامى مـن بـەم بـارى نەزانييـەوە، چ يارايەكى كتێب‌دانانم هەيە؟

منێ كە ئاگام لە سەروبنى خۆم نييە و خۆم ناناسم، لە حاڵێكا بـووم نەمئـەزانى كـەى بـۆم رێ ئەكەوێ دەست بەم كارە بكەم و بۆ كەى لێى ئەبمەوە.

لە حاڵێکا کە زەمانە پڕە لە هەرا و ئاژاوە و قوولەقوول و قسەی بێسەروبەر، خەم و خەفەت لـە هەموو لایەکەوە گەردەلوول ئەکا و لە تۆزی خۆیا خنکاندووینی، دڵ هیچ مەعنا و مەبەستێکی تیـا نییــە و لــە هــەموو تێگەیشــتنێ دوورە...لــە حالــێکی وادا بــوو خۆشەویســتیی (ابوالوفــا) و ئارەزوونــەکردنی قســە دانــە دواوە و دڵشــکاندنی پێــی وتم بــۆ دیــاریکــردنی ســەرەتای دەستپێکردنی کارەکە هیچ دانامێنی و پەکت ناکـەوێ و (فـیض رحمـان بـوی و مبـدء دوی) و بەرەکەتی خوا ئەبێ بە سەرەتای کار و، کە سـەرەتای کـارت زانی هـەر ئەوەنـدەیش دەزانی لـێ بوویتەوە. ئیتر دڵ بە بیستنی ئەم مژدەیە نەتوانایی خۆی لە بیر چووەوە و دەسـتی کـردەوە بـە تەقریرکردنی مەتڵەبەکەی کە نووسینی کتێبەکەیە.

ئەم رستەی (فیض رحمان بوی و مبدء دوی) بـە حیسـابی جومـەل ئەکاتـە ١٢٨٠ کـە سالـی دەستپێکردنی کتێبەکەیە بە سالی هیجری، وەک چۆن وشەی (فـارغ) یـش کـە ئەکاتـە ١٢٨١ سالی لێبوونەوەی ئەگرێتەوە. واتە خۆشەویستی (ابوالوفا) مژدەی ئەوەی دامێ کە بـە سالـێ لـە کارەکە ئەبمەوە.

ئەوەیشمان لەبیرنەچێ کە وشەی (رحمان) هەروەک ناوی خوای گەورەیە، ئیشارەتێکیشی بـۆ ناوی (عبدالرحمن ابوالوفا) تیایە.

ئاســار مووســیلە بــۆ لای چشــتی دوور
ئیســتیدلال جیهــەت مەجهوولــە زەروور
حەق، بێژە، کەی بوو مەجهوول و مەفقوود
(تعــــالی عنـــــە، واجـــــبالوجـــــود)
دەلیل بوو لەسەر بـوونی کـەون و، کـەون
لەســەر ئــەو دەلیــل، (بینهمــا بَــوْن) !!
عەقیــــدە جگــــێ و دەلیــــل جگێیــــە
دەلیلــــی فــــەقیر دارینــــە پێیــــە
بەڵ بۆ قەبز و بەسـت زیهـن و قوولـەقوول
(أقــــول: کــــذا قــــرّر الفحــــول)

جگێ: جیا. جگێیە: جیایە. دارینە پێ: پێی دارینی دەستکرد و بێهێز.

(مەولـەوی) خـودای لـێ رازی بـێ، بـە هـۆی روونـاکیی دڵـیەوە و، بـە پیرۆزیـی هاوڕێیـەتی دۆستەکانی خواوە و بە هۆی بەشداربوونی لە نووری ئیمانی کەشفی و زەوقی رۆحـی و، بـە هـۆی نوقم بوونی لە نێو ورشەی نووری خودایدا ئەڵێت: هەی هاوار! ئـەم خەڵـکە چـۆن داوای دەلیـل لەسەر بوونی خودای گەورە ئەکەن کەچی دەلیل هێنانەوە بۆ ئەوەیە کە ئینسان شتێکی نادیـاری و نەزانراو بزانێ و، شتێکی نادیار پەیدا بکات و بیدۆزێتەوە؟! خۆتـان و ئینسـافتان خـودای گـەورە کەی نەزانراو بووە هەتا بە هۆی دەلیلەوە بزانرێت؟ کەی ون بووە تا بگەڕێن بە شـوێنیا، بـە ئاسـار دەلیـل هێنانـەوە بـۆ ئەوەیـە کـە ئینسـان شـتێکی دوور لـە بـیر و هـۆش بزانـێ و بدۆزێتـەوە. پەروەردگاری جیهان، دروستکەری لەش و گیان و ئەرز و ئاسمان، پەروەرندەی نەفسـی ئینسـان کەی لە عەقلەوە دوور بووە هەتا بە هۆی دەلیل و بەڵگەوە پێـی بگـەین؟ ئـەو خـۆی مەشخەڵـی نووری بوونی دڵی دڵدارانە، ئەو خۆی چرای رووناکیی جیهانە و، هۆی دۆزینەوەی هەموو شـتێکی نادیاری و پەنهانە، ئەو خۆی دەلیلی داماوان و بێدەستەڵاتانە، لەسەر بوونی هەرچی بووانە، هـۆی چارکردنی گیر و گرفتەکانە، ئێستە تۆ بێی مادە و خەوش و خاڵ بکەی بـە بەڵـگە لەسـەر بـوونی ئەو، چەنی بە چەنە؟! ماوە لە بەینی ئەم دوو دەلیلەدا؛ خودای گەورە و مادده؛ زۆر دوورە، (تعـالی الله عن المجهولیة والمفقودیة ذات واجبالوجود المشهود لکل شاهد مسـعود، و هـو الـدلیل لکـل مدلول فلا یکون ذاته تعالی مدلولاً الا لعقل معلول).

مەبەستی (مەولەوی) ئەوەیە خودای گەورە، چونکە (واجـبالوجـود)ە و، هـۆی بـوونی هـەموو بوویەکە و، هەرچی هەیە ئەنجام و بەری پرتەوی خواست و ئارەزووی ئـەوە، هـەر خـودا جێگـەی ئیعتیبارە، هەر ئەو بەڵگەی ئاسارە، واتە: ئـەو هـۆی بـوونی ئـەرز و ئاسمانـە، هـۆی ژیـانی دڵ و گیانە... لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا ئێمە بێین جیهان بکەین بە بەڵـگە و دەلیـل لەسـەر بـوونی زاتی پاکی ئەو؟! ئەم دوو شێوە فەرقیان زۆرە و ماوەی بەینیان گـەلێ دوورە، نـەک بـە قـەدەر زەوی و ئاسمان، بەڵکو بە قەدەر زانست و نەزانینی ئینسـان. کەواتـە ئیمـانی بـەنرخ ئەوەیـە ئینسـان لـە پێوەندیی (ممکنات) خۆی رزگار بکات و، بە خاوێنی و رووناکیی دڵ و گیان باڵ بگرێتەوە و، بگاتە بورجی ئیمای (مشهود)، چونکە پاش بەراوردی هەزار جارە دەرکەوتووە کە هێلانەی (امکان) پـڕە لە موور و مار، پڕە لە دڕندە و گیانلەبەری زیاندار و، بۆ ئەوە ناشێ ببێتە هێلانەی شابازی خاوەن ئیمتیاز.

جا کە لەو شوێنە بەرزەدا ئارامی گرت ئەوسا بە خەڵاتی نەبڕاوەی ئیمانی شـهوودی دەگـات و، کـتێ بە ساغی ئیمانی بە بوونی مەبدەئی ڕاستی پەیداکرد ئەتوانێ ئەو لەخۆوەبوونە (وجود بالذات) بکاتە دەلیل لەسەر لەغەیرەوەبوون (وجود بالغیر)، ئەتوانێ ئـەو دەوڵـەمەندییە بـێسـنوورە بکاتـە دەلیل لەسەر موحتاجیی هەموو مومکینات، ئەزانێ و بۆی ڕوون دەبێتەوە کە هەموو زەڕڕەیەک لە زەڕڕەکانی هەموو مومکینات لە پرتەوی خواست و ئارەزووی خوداوە دەبـێ و، بـێ خواسـتی ئـەو هیچ شت نابێ، ئەزانێ خودای گەورە دەلیلـە و جیهـان مـەدلوول. بـیر و بـاوەڕی سـاغ ئەمەیـە، ئەگەرنا ئیسـتیدلال بە خەلق لەسەر خالیق، بە مومکینات لەسەر (واجبالوجود) وەکوو سـواربوونی ئەسپەدارینەیە بۆ بڕینی دەشتی کرکی بێبەرودوا، بێگومان ئەسپەدارینە دەشـتی پـان و بیابـانی زانین و ناسینی زاتی خودای گەورە نابڕێ....

لە ڕاستیدا بیر و باوەڕی جێگیر و دامەزراو و شایانی ئیعتیماد زۆر جیاوازە لەو دەلیل و بەڵـگانە کە تووشی ئیشتیباه دەبن. خودا بە میهرەبانیی خۆی دەرگای کەشف و شهوود بۆ دڵمان بکاتـەوە و ڕووناکی بخاتە دڵ و گیانمان بە پایەی ئەو ڕەهبـەرەی کـە دوا پێغەمبـەرە، دروودی خـودا لـە خۆی و ئال و بەیت و لە یاران و پەیڕەوانی.

بەڵام ئێستە کە ئێمە پایەمان هەر پایەی قسەکردن و غەوغایە، بۆ خاتری قەبز و بەستی زیهنی خۆم و خەڵک، کە هەمیشە گیرۆدەی قسە و باس و قوولەقوولە و بە غەیری دەلیـل و ئیعتیبـارات قەناعەت ناکات، دەست بە داوێنی زانایانی بەرزەوە دەگرم و دەڵـێم: «کـذا قـرّر الفحـول» و بـالله التوفیق:

عەقڵی ساحیب سوود بۆ ئەدای مەقسـوود
لە دوای تەسـەوور مەعناکـەی مـەوجوود
(قـــال: الموجـــود علـــی نـــوعین
یـــأبی معنـــاهُ عـــن غیـــرِ ذَیـــنِ)
یـەکێکیان، ئەگـەر تـەعریفی دەکـەی،
ئەوەتـە، نـــەزەر ئـــەباڵ زاتی خـــۆی،
ئـارەزووی عـــەدەم وە گشـــت گـــوزەردا
جـــائیز نییـــە پێـــی بنێـــت وەســـەردا

دڵ لـــەم تەعریفـــە وا مەعلوومییـــە
کـە ئەسڵـەن عـەدەم بـۆی جـائیز نییـە
هـــەرچی ناجـــائیز نـــەزەر بـــە زاتـــە
(بـــالنظر للغیـــر) دیســـان هـــەم واتـــە
وە ئیللا دەکەین بـە خدمـەت مـەعرووز:
لازم تـــێ لەمـــە (خـــلاف المفـــروض)
ئـەو یـەک ئەوەتـە نـەزەر ئـەپاڵ زات
عـەدەم جـەوازی هەیـە رووی تـێ‌کـات
مونـــافی نییـــە، خاســـی بکـــە ســـەیر،
(مـــع الامتنـــاع بـــالنظر للغیـــر)
وەک دەڵێن لە بەحس مـومکینی قـەدیم
بینـــا لـــە تەقـــدیر ســـبوتی و تەســـلیم

دەکەین بە خدمەت مەعرووز: عەرزی خزمەتتان دەکەین، پێتان دەڵێین.

(مەولەوی) تێکڕای (موجود) ئـەکات بـە دوو بەشـەوە، یەکـەم: مەوجوودێکـە کـە (ممکـن)ی (خاس) ە، کە بوون و نەبوونی وەک یەک بن. دووەم: مەوجوودی (واجب) ە، کـە پێویسـتە ببـێ، جا ئەو مومکینە ئەکاتە دەلیل لەسەر بوونی واجب، ئیتر باسی (ممتنع)ی نەکردووە، چونکە لێرەدا مەبەست نییە، بەڵام لە راستیدا ئەوەی دێتە زیهنی ئینسانەوە سێ بەشە؛ هـەرچی بێتـە زیهـنی ئینسانەوە یا نەبوونی موقتەزای زاتە، واتە: هەر لەبەر خۆی، نەک لەبەر شتێکی تر، نابێ ببێـت، یـا نەبوونەکەی موقتەزای زاتی نییە. یەکەمیان، واتە ئەوەیان کـە نەبوونەکـەی لەبـەر زاتی خۆیـەتی پێی دەوترێ (ممتنع)ی (بالذات) وەکوو (لا شيء) و (اجتماع النقیضین) وەک کۆبوونەوەی بـوون و نەبوون لە یەک شتدا، یا وەک (اجتماع الضدین) وەک کۆبوونـەوەی رەشـیەتی و سـپییەتی لـە یەک شتدا. دووەمیان، واتە ئەوەیان کە نەبوونەکەی لەبەر زاتی خۆی نییـە، یـا بوونەکـەی لەبـەر زاتی خۆیەتی، یا خۆ نە بوون و نە نەبوونی لەبەر زاتی خۆی نییـە، یەکـەمیان واجبـە و دووەمیـان (ممکن)ی (خاس)ە وەک ئینسان.

بەهەرحاڵ مەولەوی دەفەرموێت: ئەو عەقڵ و هۆشە کە خـاوەن‌سـوود بـێ بـۆ بـەجێ‌هێنـانی مەبەستی خۆی لە پاش بیرکردنەوە لە مەعنای (وجـود) واتـە: بـوون، یـا ئەوشـتەی کـە دەبێتـە مەبدەئی ئاسار، حوکم ئەکات بەوەی کە (موجود) دوو جۆرە:

واجب و مومکین، ئێتر مەعنای (وجود) مانیعە لەوەی جۆری سێهەمی هەبێ.

بەشێ لەو مەوجوودە، کە واجبە، تەعریفەکەی ئەوەیە کە لەبەر زاتی خۆی نەبوون لێـی نزیـک نەبێتەوە، واتە نەبوونی (محال) بێ، دیارە کە نەبوون لەبەر زاتی خۆی رووی تێ نەکات، لە رێگـای غەیری زاتی خۆیشیەوە رووی تێ ناکات، کەواتە (واجب) ئەوەیە کە نابێ، نە بە هۆی زاتی خۆی و نە بە هۆی غەیری خۆیەوە نەبوون رووی تێ بکات، خۆ ئەگەر بە هۆی غەیرەوە نـەبوون رووی تـێ بکات خیلافی مەفرووز روودەدات؛ ئێمە بڕیارمان دا ئەوەی لە رێگای زاتی خۆیـەوە نـەبوون رووی تێ‌نەکات لە رێگای غەیریشەوە رووی تێ ناکات.

بەشەکەی‌تری مەوجوود کە مومکینە ئەوەیە زاتی خۆی نەبوون قـەبووڵ بکـات، ئەگـەرچی بـە هۆی شتێکی لە زات بەدەر نەبوونەکەی (محال) بێت وەکوو مومکینێکی مـەوجوود کـە خواسـتی خودا لەسـەر بوونی بێ، یا وەکو لە باسی مومکینی قەدیمدا دەڵێن ئەم شتە (ذاتاً) لەوانەیە نـەبوون بە سەریا بێت، بەڵام لە بەر ئەوەی نەبوونەکەی دەبێتە هۆی کەم‌وکووڕی لە زات‌دا نابـێ نـەبوونی بەسەردا بێت، وەکو سیفەتەکانی خـودای گـەورە، لەسـەر ئـەو رایـەی کـە زیـادن لەسـەر زات و مومکین.

پێی دەوێ پێی ئەم بەحس و بەیانـە[٦]
عیللەت حودووسە یـا خـەیر ئیمکانـە؟
یـــەکێکیچ دەڵـــێ: مەجمووعیانـــە
(شـــطراً او شـــرطاً) راس کامیانـــە؟

واتە: ئەم مەسەلەیە کەوا ئاخۆ ئیحتیاجی مومکین بە عیللەت لەبـەر ئیمکانەکەیـەتی یـا لەبـەر حودووسەکەیەتی، باسێکی ئەوەندە دژوار و سەختە، تەنانەت ئەگەر پێیشی ببێ پێی بڕوا بەڕێوە و چار بکرێ، ئەو پێ پێی ئەوێ لەسەری راوەستێ.

درێژەی باسەکە ئەمەیە: پاش ئەوە کە زانراوە (ماسوی‌الله) پێویستی بە عیللەت هەیە، هەنـدێ لە زانایان فەرموویانە: ئەو عیللەتە کـە شـتێ موحتـاج بکـات بـە فاعیـل حدووسـە، چونکـە هـەر

هوشیارێ تەماشا بکات و بیر بکاتەوە کە حادیس بێموحـەدیس نابـێ جـەزم ئـەنێ بـەوەدا کـە حادیس موحتاجە بە فاعیل چ تەماشای ئیمکان بکا یا نەیکا؟

هەندێ لە زانایان فەرموویانە ئەو عیللەتەی شتێ موحتاج بە فاعیل بکات ئیمکانە، چونکـە هـەر هوشیارێ بیری لەوە کردەوە کە غەیری (واجب)، بێجگە (ممتنع)، بـوون و نـەبوونی وەکـو یـەک وایە جەزم بەوەدا دەنێ کە هەموو مومکینێک موحتاجە بە فاعیل هەتا تەرجیحی وجـوود بەسـەر عەدەمدا بدات، یا تەرجیحی عەدەم بەسەر وجووددا بدات، تەماشای حودووس بکات یا نا؟

هەروەها هەندێتر لە زانایان فەرموویانە: ئەو عیللەتەی کـە شـت موحتـاج دەکـات بـە فاعیـل هەردوو سیفەتەکەیە بە تێکڕایی، واتە: حودووس و ئیمکان هەردووکیان.

هەندێکیتریش وتوویانە عیللەتەکە ئیمکانە بە شەرتی حودووس.

لەم شوێنەدا هەندێ لە زانا بەرزەکان فەرموویانە: ئەم دەلیلانە کـە لـە هـەردوو لاوە هێنـراون شوێنی خۆیان نەگرتووە، چونکە ئەمانە هەموو دەلیلن بۆ جـەزمی ئینسـان بـەوە کـە مومکینـات موحتاجی عیللەتن، واتە: ئەو دەلیلانە دەلیلی ئیحتیاجیی مومکیناتن لە زیهندا، دیـارە هـەر کـام لەوانە بکەین بە دەلیل ڕەوایە، ئەگەرچی (ئیمکان) فراوانترە و هـەموو مومکینێـک دەگرێتـەوە چ قەدیم و چ حادیس.

ئێمە لەم شوێنەدا مەبەستمان دەرخستنی عیللەتی (نفس الامر)ە بە بێسەیر کـردنی ئیعتیقـاد و ئیعتیباری خۆمان، واتە: چ شتێ هەیە لە (نفس‌الامر)دا عیللەت بـێ بـۆ ئیحتیـاجیی مومکینـات ئەلای فاعیل، جا ئەگەر تەماشای (نفس‌الأمر) بکەین دەردەکەوێ کە ئەو عیللەتە ئیمکانە و بـەس؛ چونکە ئاشکرایە کە واجیب عیللەتی ناوێ و، مومتەنیع زاتەکەی قەبووڵی تەئسیری فاعیل ناکـات، تەنیا مومکینی خاسە کە موحتاجە بە عیللەت و، عیللەتی ئیحتیاجەکەی ئیمکانـە، چـون یـەکیی بوون و نەبوون هۆی پێوەندیی مومکیناتە بە فاعیلەوە تا تەرجیحی لایەک بـدات بەسـەر لایـەکی تردا... ئیتر (بالفعل) تەئسیرەکە بکا یا نا.

نـــەوعی ئەووەڵـــمان هـــەر واجـــب بـــزان
چونکـــە بـــۆ عـــەدەم نـــاوێ وە نیشـــان
تـــەلی خەتـــەرەی غـــەیریچ بـــێتەردیـــد
دەیپاچـــێ مـــەودای بورهـــانی تەوحیـــد

نــەوعی ســانیمان هــەر مومکینــە و بــەس
عەدەم وەک هەرەس هەر ئەو دەکا پــەس
چون مەوقووفە سیدق ئــەم دوو حوکمانــە
لەســـەر وجـــوودی ئـــەم دوو نەوعانـــە
چاک واتــە دەســتیّ ئــەو تــەحریر بــدەین
ئیســـباتی وجـــوود هـــەردوویان بکـــەین

غەیریچ: غەیریش. دەیپاچیّ: دایئەپاچیّ و ئەیبڕیّ. مەودا: دەمی تیّغ. هەرەس: دارمانی بەفر پاش توانەوەی بەشی ژێرەوەی. پەس: پەست.

واتە: جۆری یەکەم لەو دوو جۆرەی مەوجوود کە ئەوە بوو، بوونی موقتەزای زات بیّ و نــەبوونی بەسەردا نەیەت، هەر (واجب‌الوجود)ە و ئەبیّ هــەر تاقــە یــەکێکیش بــیّ، چونکــە تــەلی خەیاڵــی هاوشانی ئەو دەمی شمشێری دەلیلی تەوحید دایئەپاچیّ و ئەیبڕیّ، وەک چۆن تیّغی تیژ شریت ئەبڕیّ.

جۆری دووەم لە دوو جۆرەکەی مەوجوود هەر مومکینە واتە: ئەو شتانە کــە بــوون و نــەبوونیان وەک یەکن و، هەرەسی نەبوون هەر بەسەر ئەوانەدا دیّت.

وتمان ئەوەی کە هەیە دوو بەشە، یەکەم: واجبە، دووەم مومکینە، ئــەنجا بــۆ پــیّســەلماندن و سەپاندنی ئەم راستییە باش وایە دەس بدەینە قەڵەم و بەڵگەی بوونی ئەم دوو جۆرە بنووسین:

ئەرچی حەقاییق ئەشیا سابیتە
(والعلـــمُ بهـــا مـــن حـــق نابـــت)ە
وەک رەددی نەحوی سەفسەتەی سەرشێت
(عِنـــدی) و (عِنـــادی) (لا ادری) دەیوێـــت
تـــەعریف و تەقســـیم مـــەقوولات، هـــەر دە،
تۆ بیدە بە شەرح ئــەم هــەردە و هــەردە(٧)
مـــەعلومیی وجـــوود بـــۆ مـــومکین دەدات
شـــهوودی عـــەدەم بـــەعزیّ مـــەوجوودات
ئایـــا عـــەدەمی ســـابیق یـــا لاحیـــق
یـــا هـــەردوو عـــەدەم لاحیـــق و ســـابیق

بـۆچ؟ ئـەو ئـەحکامی وا جونبـوش دەکـات
لـــە موشـــاهەدەی حالـــی جوزئیـــات
وەســـەر نـــەفس‌دا و پێـــی دەویٚ نـــوورین
ئـــەو ئەحکامانـــە هـــەموو زەروورپـــن
عـــیلم بـــە وجـــوود مـــومکین تـــەمام بـــوو
وا بـــەدیهی بـــوو. ئەمـــە تـــەمام بـــوو

تەمام بوو[ی یەکەم]= تەماعم بوو: بە تەمای بووم.

واتە: ئەگەرچی حەقیقەتی شتەکان هەیە و، زانینی ئەحواڵی ئەو حەقیقەتانەیش بە پێی توانای ئادەمزاد هەیە، بەڵام من لەم ڕێگەوە ناڕۆم بۆ ئیسـباتی ئـەوەی کـە مـومکین هەیـە؛ چونکـە لـە لایێکەوە پێویستە بە ڕەدکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی بیروبـاوەڕی هەڵـەی ئەوانـەی کـە خـاوەنی زانستی رووکەشن، چ لە تاقمی عینادییە بن کە دەڵێن هیچ حەقیقەتێک وجوودی نییە و، هـەموو هەر خەیاڵات و ئەوهام و پڕوپووچن، یا لە تاقمی عیندییە بن کە دەڵێن حەقیقەتەکان هەن، بەڵام تابیعی بیروباوەڕن، واتە باوەڕت وابێ ئەو شتە بەردە ئەوە بەردە، ئەگـەر بـاوەڕت وابـوو دارە ئـەوە دارە، یا باوەڕت وابوو زیوە زیوە، یا خۆ لە تاقمی (لا ادری)یە بـن کـە دەڵـێن هـیچ نـازانین و لـە گومانی خۆمانیشدا گومانمان هەیـە، هـەروەها پێویسـت دەبـێ بـە تەقسـیمی حـەقایق بـۆ لای جەوهـەر و عـەرەز و تـەعریف‌کردنیـان و تەقسـیم‌کردنیـان بـۆ هـەموو بەشـەکانیان و تـەعریفی هەریەکەیان، ئەم باسانەیش بـۆ ئـەم هـۆنراوە کورتـە دەسـت نـادەن و، پێویسـتە باسـی ئـەم دە مەقوولەیە بدەی بە کتێبە گەورەکان تا بە تەواوی ئـەم‌دیـو و ئـەودیوی پـێ بکـەن و لـە هـەموو لایەکی بکۆڵنەوە و، هەر یەکەی لە شوێنی تایبەتی خۆیدا باس بکەن....

بەڵێ لەو ڕێگایەوە ناڕۆم بۆ سەپاندنی ئەوەی کە مومکین هەیە، بەڵکو ئەڵێم: تۆ گومانـت نییـە لەوەی کە ئەم عالەمەی لە پێش چاوتدایە نەبوون رووی تێ دەکات، چ نەبوونی پێشوو چ نـەبوونی دوایی، واتە نەبوونی پێش بوونی و، نـەبوون و لـەناوچوونی پـاش بـوونی، یـا هـەردوو نەبوونەکـە پێکەوە، لە بەرچاوتە کە نەبووە و پەیدا دەبێ و، لە پاش بوونیش لەناو دەچێ و نامێنێ.

شتێکی ئاشکرایە ئەم نەبوونە کە ڕوودەکاتە بەشەکانی جیهان دەلیلە لەسەر ئەوەی ئەم جیهانە هەمووی لەبەرەی مومکیناتە و قابیلی بوون و نەبوونە و، فـەرقی بـوون و نـەبوون بـۆ ئـەو نییـە و هەردووکیان بۆی ئەشێن بە شێوەیەکی ئاشـکرا چونکـە کاتـێ ئینسـان تەماشـای حاڵـی هـەموو

بەشەکانی جیهانی کُرد حوکمێکی عام دەڕژێ بەسەر دەروونیدا بـە بەداهـەت، بـەمجـۆرە بـوونی مومکین کە بەتەما بووم ئیسپاتی بکەم بە ئاشکرایی دەرکەوت.

کەس دەس بۆ سەبەب عەدەم نەماشێ
عەدەم نەفیی سیرف بـۆ ئەسـەر ناشـێ
چـون عیبـارەت لـەو نـەفی سیرفەسـە
عـەدەمی وجـوود سـەبەبی بەسـە
تـەقریر بینـا لـەم تـەحریرە دەکـەم
(عَـدَم العلّـة علّـة العَـدَم)
موئەسسیر ناوێ ئـیللا مـەر مـەوجوود،
هیچ ئەسەر ناوێ مەگـەر هـەر وجـوود
پـەس وجـوودی ئـەم نـەوعی دووەمـە
کـەوا سـابیت بـوو جـائیز عەدەمـە
ئەلـبەت بـە نـەزەر زاتی خـۆی نییـە
وەرنـە واجبـە مـومکین بـۆ چییـە؟
پـەس ئـەو وجـوودە لـە سـەبەبێکە
دەلیلـی ئێمـەیچ نـەختێ گـوێ لێکـە

دەس نەماشێ: دەست نەگێڕێ. گوێ لێکە: ببیسە.

واتە: پاش ئەوەی کە بەشی مومکین سابت بوو با بگەڕێین بـە شـوێنی ئـەو شـتەدا کـە هـۆی نەبوون یا بوونی مومکینە، جا با کەس هەوڵ نەدا و بە دوای هۆی نەبووندا نەگەڕێ؛ چونکە نەبوون (نەفی)ە و (نەفی)ی خالیس نابێتە ئەسەری فاعیل، هۆی نەبوونی مومکین تەنها ئەوەیە کە هـۆی بوونەکەی نییە، وەکو مەشهوورە (عدم العلة علة العدم) لای هەموو وشیارێکیش ئاشکرایە کە هـەر مەوجوود دەبێتە موئەسسیر و هەر وجوودیش دەبێتە ئەسەر، واتە بوونی مومکین لە خۆیەوە نییە؛ ئەبێ فاعیلێکی ببێ کە بوونەکەی واجب بێ، چونکـە بـوونی ئـەو مومکینـە کـە نـەبوونیش رووی تێدەکات لە زاتی خۆیەوە نییە و لە غەیری خۆیەوەیە، ئەگەر بوونەکەی لە خۆیـەوە بوایـە واجـب دەبوو نەک مومکین.

هـەرچی وجـوودی (لذاتـە) نـەوێ

نـاوێ بـێسـەبەب، سـەبەبی تـەوێ
سەبەبی چلۆن؟ مەوجوود نـە مـەفقوود
نـاوێ بـە مووجیـد چشـتی نامـەوجوود
ئـەم موقەددیمـە تـەواو مەعلوومـە
تەئسـیری نـاوێ هـەرچی مەعدوومـە
لە چـاوی دڵـدا وەک خـۆر مەشـهوودە
مەرتەبـەی ئیجـاد بەعـدەز وجـوودە
ئـەو مەوجوودیچـە، خاسـت لەبـەر وێ،
لە سیلسیلەی نەوع مومکین ئەودەر وێ

نەوێ: نەبێ. سەبەبی تەوێ: سەبەبی دەوێ. بەعدەز = بعد از: لـە پـاش. خاسـت لەبـەر وێ: چاک لەبەری بکە، لە بیرت نەچێتەوە. ئەودەر وێ: بەدەر بێ.

واتە: دەلیلەکەم بۆ پێسەلماندنی بوونی واجب ئەمەیە: هـەر شـتێ بـوون و نـەبوونی لـە زاتی خۆیەوە نەبێ، واتە (واجب‌الوجود) نەبێ، ئەوە بە بێسەبەب نابـێ، سـەبەبەکەیش ئـەبێ مـەوجوود بێ، چونکە شتێ خۆی وجوودی نەبێ هیچ شـتێ ناهێنێتـە دی، ئـەم قسـەیە شـتێکی ئاشـکرا و زانراوە: شت کە خۆی نەبێ شت ناهێنێتە وجوود، پایەی دروسـتکـردن و وجوودبەخشـین پـاش پایەی بوونە، ئەو بووەیش کە مومکین دروست ئـەکات پێویسـتە لـە زنجیـرەی مومکینـات و لـە جۆری مومکین بەدەر بێ؛ چونکە لە پێشەوە دەرکەوت کە مومکین بوونی لەبەر زاتی خۆی نییـە، دروستکەرێکیش لە جۆری مومکین بەدەر بێ بێگومان (واجب‌الوجود)ە.

کـەلام لـە نەوعـە، سـەرت نەیێشـێ
تەسدیع بۆ ئیبتال تەسەلسـول کێشـێ
مـەر وەختـێ جیلـوەی بـاڵای بـەلادا
سـەلای ئیسـتیجلا و دادی جـەلا دا
تەرتیب دا ئەفراد سیلسیلەی میشـکین
تاتـای تەسەلسـول نـە دەور جـەمین
وە شـانەی تـەتبیق پێیـدا بێتـەوە

دڵ هـــای بەتوولـــە تـــا ببڕێتـــەوە

تەسدیع: سەرئێشاندن. جیلوە: خۆ دەرخستن و خۆ نواندن. بالا: قەد و قامـەت. بـەلا: بـەلادا. دا: بدا. سەلا: بانگـەواز. ئیسـتیجلا: حـەزکردن لـە دەرکـەوتن. داد: هـاوار. جـەلا: دەرکـەوتن. هەروەها جەلا و ئیستیجلاء لە زاراوەی ئەهلی (تلوف)ن[^٨].

واتە: لەو دەلیلانە کە هێنامنەوە بۆ پێ سەلماندنی بونی (واجب) و بوونی بە عیللەت بۆ بـوونی (ممکن) باسم لە (نوع)ی مومکین بوو نەک لە فەرد فـەردەکانی، دەلیلەکـەم وەهـا ڕێـکخسـت: مەوجوود یا واجبە یا مومکینە. بەشی مومکینم ئیسپات کرد و وتم مادام بەشـی مـومکین بـوونی لەبەر زاتی خۆی نییە عیللەتێکی لە مومکین بەدەری دەوێ، ئەو عیللەتەیش لە نـەوعی مـومکین بەدەر بێ هەر (واجبالوجود) ە، ئیتر باسی یەکەیەکەی مومکینەکانم نەکردووە هەتا بڵێیت:

لەوانەیە مومکینی دوایین لە مومکینی پێشووەوە پەیدا بێ و ئەویش لە مومکینی پێش خۆیەوە پەیدا بێ، هەروەها بەرەو ئەزەل بڕوات، ئەنجا تۆیش بکەویتە ئازار و سەرئێشە هەتا تەسەلسـولەکە بەتاڵ بکەیتەوە.

شایانی باسە ئەم شیعرانەی مەولەوی دوو واتـا هەڵـدەگرن واتایـەکی ئاشـکرا و عیشـقگۆنـە و واتایەکی نهـێنی و زانیارییانـە، واتـای یەکـەم ئەوەیـە لـە کاتێکـدا موحتـاجی بـەتاڵکردنـەوەی تەسەلسول ئەبیت کە یارە گوڵڕوخسارەکەت بێت و بەرامبەرت ڕابوەستێ و جوانیی بەژن و باڵای نازداری دەربخات و بانگەوازی خۆنواندن و جـوانی دەرخسـتن بـدات و ڕووی خـۆی وەک هـەتاو بدرەوشێنێتەوە و تاتای زولفەکانی بە دەوری ڕوویا ڕێک بکات و بڵێت زولفی من تاتای نەبـڕاوەن، نە ژمـارەی تاتاکـانی دەبڕێتـەوە و نـە درێژیـی تاڵـەکانی دوایـی دێـت، ئـەوجا تـۆیش بکەویتـە سەرئێشاندنی بێسوودی خۆت و بە (بورهـانی تـەتبیق) بڕانـەوەی ژمـارەی تاتاکـان و دواهـاتنی درێژیان ئیسبات بکەیت، هەتا یار کەمێ بێدەنگ بێت.

واتای دووەم: کابرای موقابیل بڵـێت ئـەفرادی مومکینـەکان زنجیرەیێکـی نەبڕاوەیـە هـەر لـە ئەزەلـەوە هـەتا ئەبـەد دەڕوات و، هـەر دواکـەوتووێ مەعلوولـە بـۆ ئـەو فـەردەی ڕاسـتەوخۆ لـە پێشیەوەیە، ئیتر پێویست بە موئەسسیری خارج لە خۆیان نییـە، لـە سـەرەوە (لا متنـاهی) و لـە خوارەوە لە سنوورێکدا ناگیرسێتەوە. ئەوجار تۆیش سەری خۆت بئێشـێنی و (بورهـانی تـەتبیق) ڕێک بخەی بۆ پـوچکردنـەوەی دەعواکـە و بڵـێیت لـە مـەعلوولی دواییـەوە ڕشـتەیەک دەگـرم بەرەوژوور هەتا هەر بڕوا و سەرکەوێ، لە عیللەتی ئەو دوامەعلولەیشەوە ڕشتەیەک دەگـرم، واتـە:

بەم کەم و زیادە یەک رشتەکە بوو بە دوو رشتە. ئەنجا هەردوو رشتەکە لـە دوامەعلوولـەوە ڕێـک ئەکەم، واتە عیللەتەکەی دەهێنمە بەرامبەری و، وای دادەنێم هەر تاقێ لـە مـەعلوول بەرامبـەری تاقێک بێ لە عیللەت و بەرەو ئەزەل بڕۆن، لێرەدا دەڵێم ئەگەر هەردو رشتەکە وەک یەک ئـەڕۆن و نابڕێنەوە ئەوا زۆروکەم وەکوو یەک دەبن، کـە ئەمـە شـتێکی مەحاڵـە. ئەگـەر کەمەکـە، واتـە رشتەی عیللەتەکان، نابڕێتەوە و زۆرەکە واتە رشتەی مەعلوولەکان، ئەبڕێتەوە، ئـەوەی لـێ پەیـدا دەبێ کە کەم لە زۆر زیاتر بی، ئەمەیش مەحالە. خۆ ئەگـەر کەمەکـە زوو دەبڕێتـەوە ئـەوا دەبـێ زۆرەکەیش ببڕێتەوە چونکە فەرقی لەگـەڵ کەمەکـەدا بـە تاقـە یەکێکـە، دیـارە هـەر شـتێ بـە ئەندازەیەکی سنووردار و براوە زیادەی بەسەر شتێکیتردا هەبێ دەبێ ببڕێتەوە، ئـەنجام رشـتەکە بڕایەوە و دوایی هات، کە ئەو لای خۆی بڕیاری دابوو نابڕێتەوە و دوایی نایەت.

بەمجۆرە دەرکەوت کە نەبڕانەوە و دوانەهاتنی ئەفرادی مومکینەکان شتێکی پووچ و هەڵەیە.

لێرەدا بە بۆنەی بەتاڵ کردنەوەی تەسەلسولەوە هەندێ لە قسـەی زانایـان بـاس دەکـەین کـە دەلیلن لەسەر بەتالیی تەسەلسول:

یەکەم: بورهانی (تضایف) واتە: ئەڵێین: ئەم تاکانە کە یەک لە دوای یەک لە سـەرەوە هـاتوون هەر یەکێکیان لە پێشووەکەیەوە پەیدا بووە و دەبێتـە هـۆی پەیـدابوونی ئـەوەی لەدوایـەوە دێ، واتە: هەر یەکێکیان هەم مەعلوولە و هەم عیللـەت، دیـارە واجبـە ژمـارەی وەسـفی عیللییـەت و مەعلوولییەت بە قەدەر یەک بن، دێین مەعلوولی ئاخر جیا دەکەینـەوە و تەماشـای پێشـووەکەی دەکەین، جا لەبەر ئەوەی هەر یەکێ لەو فەردانە سیفەتی عیللییـەت و مەعلوولییـەتی تێدایـە لـە ژمارەدا وەکوو یەک دەبن، وە لەبەر ئەوە لە ئاخرەوە مەعلوولێکمان هەیە واجبە لـە ئەووەڵیشـەوە عیللەتێکمان هەبێ کە مەعلوول نەبێ بۆ هیچ شتێک و لە هیچ شتێکەوە پەیدا نەبووبێ، دیارە کـە عیللەتی رووتی نامەعلوولت دەس کەوت ئەوە واتە سیلسیلەکە بڕایەوە.

دووەم: ئەم تاکە یەک لە دوای یەکانە مـادام بوونیـان پەیـدا کـردووە ئـەوا لـە (نفـس الامـر)دا (موجود) ن، هەر ژمارەیەکیش لە (نفس الامر)دا مەوجوود بێ یا جووتە یا تاقە، جـا ئەگـەر جـووت بێ ئەوە کەمترە لە ژمارەیێ تاق کە لە ژووریەوە بێ، ئەگەر تـاق بـێ ئـەوە کـەمترە لـە ژمارەیـێ جووت کە لە ژووریەوە بێ (حسب التصور) کەوابێ ئەنجام سیلسـیلەکە دەبڕێتـەوە کـە وا دانـراوە نەبڕاوە بێ.

سێهەم: ئەم زنجیرەیە لە (نفس‌الامر)دا مەوجوودە، هەموو مەوجوودێکی (نفس‌الامر) یش ئەبێ (متعیّن) و (متشخّص) بێ، بۆیە نابێ (لامتناهی) بێ چونکە شتێ (لامتناهی) بێ (تعیّن) وەرناگرێ، کەواتە واجبە زنجیرەکە ببڕێتەوە.

چوارەم: یەکەیەکەی ئەم زنجیرەیە یا هەموویان قەدیمن یا هەموویان حادیسن، یا هەندێکیان قەدیمن و هەندێکیان حادیسن، باری یەکەم بەتاڵە چونکە هەندێکیان بە بینین دەیبینین حادیسن، باری سێهەمیش بەتاڵە و (تەرجیح)ی (بلا مرجّح)ی لێوە پەیدا دەبێ، واتە بۆ دەبێ هەندێکیان حادیس بێ و هەندێکی‌تر قەدیم؟ ئەی بۆ پێچەوانە نەبێ؟، کەوابێ هەر باری ناوەڕاست دروست و راستە واتە: هەمووی حادیسە، کە هەمووی حادیس بوو دەبێ یەکێکی‌تری لە زنجیرەی مومکینات بەدەر، ببێتە بکەر و دروستکەری ئەو زنجیرەیە، کەواتە زنجیرەکە پێویستە بڕاوە بێت.

خاریجیچ لەو سیلک نەوعی مەعهوودە
ئەڵبەت هەر زاتی واجب وجوودە
وجوودی واجب ئەویچ لەم لاوە
ئەوا سابت بوو خاس شەوقی داوە
شک نەما لە سیدق هەردوو حوکماندا
بۆچ؟ مەوجوود حەسرە هەر لەو دواندا(٩)
کە ئەم یەک نەبوو ئەو (معیّن)ە
وجوودی واجب (مُتَیَقَّن)ە

واتە: ئەو بکەرەیش کە لە بەرەی مومکین بەدەر بێ بێ‌گومان هەر زاتی (واجب‌الوجود) ە، وا وجوودی (واجب‌الوجود) یش لەم لاوە دەرکەوت و پرشنگی دایەوە و، گومان نەما لە راستیی ئەو دوو حوکمەی کە باسمان کردن، واتە: بوویەک کە بوونەکەی لە زاتی خۆیەوە بێ واجبە و، بوویەک کە بوونەکەی لە غەیرەوە بێ مومکینە، ئەم دوو بەشەیش هەردوو مەوجوودن. (والحمد لله علی ذلک حمداً یوافی نعمه و یکافی فضله و احسانه).

شایانی زانینە کە بابەتی بوونی (واجب‌الوجود) و دان‌نان بە بوونی پەروەردگاری تەواو و بێ‌خەوشدا گرنگترین شتێکە کە پێویستە ئادەمزاد بیزانێت؛ چونکە هەر بوونی (واجب) بناخەی یاسا و هەست بە لێپرسراوییە بۆ بەجێ‌هێنانی داد و دادگەری لە جیهاندا.

بەر لە هەموو شتێ هەرکەس تەماشای خۆی کرد و تەماشای جیهانی کرد بێگومان ئەزانێ خۆی هەیە و لەبەر چاومانە ئەرز و ئاسمان هەن، ئەنجا فیکر دەکاتەوە ئەم کۆمەڵە بووانە خۆی و غەیری خۆی ئاخۆ هەڵکەوتێکی بێسەروبەرن و لە خۆوە بوون، یا خۆ بوونیان لەسەر قانوونێکی رێک و پێکە. کە ئینسان بیری بخاتە کار باوەڕێکی بەتین پەیدا دەکات بەوەی کە ئەم کائیناتە بە هەڵکەوت (صدفە) پەیدا نەبووە؛ چونکە ئەگەر ئەسڵ بە هەڵکەوت بێ دەبێ فەرعیش بە هەڵکەوت بێ، کەچی ئەگەر بیربکەینەوە و تێفکرین دەبینین زەڕەیێکی کائینات نابینین کە لەسەر قانوونێ نەبێ، دەبینین ئەم هەمووە ئەستێرانە گەورە و بچووک، دوور و نزیک هەر یەک لە عاستی خۆی لەسەر مەدارێکی تایبەتی دەسووڕێتەوە بە شێوەیەکی دیاری و سنووردار لە پەلە و ئارامی، دەبینین مەجموعەی شەمسی بە دەوری خۆردا ئەسووڕێتەوە لەسەر شێوەیەکی تایبەتی و هیچ کام لەم ئەستێرانە لەو ئەندازەی بۆی دانراوە بە قەدەر موویەک زیاد و کەمییان نییە، ئەستێرەیەک لە ئەستێرەیەک ناکەوێ، هەرکام لەمانە سنوورێکیان هەیە بۆ نزیکی و دوورییان لە ئەستێرەیەکیتر، هەزاران هەزار ساڵە لە یاسای خۆیان لایان نەداوەو خۆر بووەتە دایکانە وەکو عالەمێکی نووری سەربەخۆ دەسووتێ بە جوری کە ئینسان لەو نووره جیهانگیرە و لەو پرتەو فرێدانە حەیران و سەرگەردانە، نازانێ چۆن لەسەر ئەو حاڵە ماوەتەوە و، چ جازیبەیەکە ئەم ئەستێرانەی خستووەتە شوێنی، چ هێزێکە حەرەکەی دائیرییان پێئەدا. بۆچی ئەم یاسای دوور و نزیکییە لە خۆرەوە هاتووەتە ئاراوە، بۆچی ئەم هێزانە ماندوو نابن؟

تۆزێ وەرە خوارەوە بۆ جیهانی هەوا، دەریا، وشکی، کانەکان، گیا و دارەکان، گیانلەبەرەکان، قانوونی جەزب و دەفعیان، قانوونی تێکەڵی و ژن و مێردی و نێر و مێیی و زایین و زۆر بوون، قانوونی (تلقیح و تطعیم) لە ناویانا، قانوونی خۆشەویستی لەبەینی بن و لقوپۆپدا بۆ مانەوەی (نەوع)، یاسای خۆ لە دوژمن پاراستن، هەوڵی بێوچانی گیانلەبەر لە پێناوی رۆزی پەیداکردندا، بۆ دەرمانکردنی برین لەگەڵ ئەوەدا کە بە بێعەقڵ ناسراون!!

ئەمجا لایەک لە خۆت بکەرەوە، تەماشای پێوەندی جمگەکان و تێهەڵکێشی رەگەکان و هات و چۆی هەناسە لە رێگای خۆیەوە، سافکردنی خواردەمەنی لە گەدەدا، وەرگرتنی خەوش و خاڵ بەجیا و خۆینی ساف بەجیا، بەشبەشکردنی ئەو خوێنە و ناردنی بۆ هەموو بەشێکی لەش، سەیری هێزی بیستن، بینین، بۆنکردن، هێزی چەش، هێزی لێکەوتن و هەست بە نەرمی و زبری کردن بکە، تەماشای جیهازی تێگەیشتن بکە: دەماغ و نوخاعی شەوکی و کاریان لە

تێگەیشتن و هەڵسوکەوت و خەیاڵ و خوتوورەی ئادەمزاددا، سەیری هێزی زانین، خواست، خواهیش، پەرموونەوە و قارەمانی، نووچدان و ترسنۆکی، غیرەت، بێغیرەتی، بەخشش، پیسکەیی، لەخۆبایی بوون، هەرکام لەمانە لەسەر قانوونێک و بە ڕێکوپێکی هەستیان پێ دەکەین، ئاخۆ دەچێتە عەقڵەوە ئەم هەمووە کار و نیشانانە لە شتێکەوە رووبدەن کە بە هەڵکەوت پەیدابووبێ؟، نەخەیر! هیچ مێشکێ باوەڕ ناکات ئەم کائیناتە پڕ لە نهێنی و نیشانانە بێ بناخە و بێقانوون پەیدا بووبن! هەر مێشکێ کە نەخۆش نەبێ ئەوە دەزانێ کە ئەم جیهانە لەسەر قانوون دامەزراوە و بە قانوونی راست پایەدارە.

جا کە زانیت ئەم جیهانە بە خۆی و هەموو پارچەیەوە لەسەر قانوونی عیللەت و مەعلوول و سەبەب و موسەببەب هاتووە و موحتاجە بە هێزێ کاری تێبکات، بە وردبوونەوەیەکی ژیرانە دەرکەوت: ئەم عالەمە یا خۆی (واجبالوجود)ی (بالذات)ە و بوونی لە فاعیلەوە وەرنەگرتووە، یاخۆ مومکینە و لە خۆیەوە نەبووە و بوونی لە غەیرەوە وەرگرتووە، ئاشکرایە کە (واجبالوجود) نییە، دیارە ئەم جیهانە تێکەڵە لە مەواددی بەرز و بالا وەک ئەستێرەکان و ئەسیر و لە مەواددی خوارووو وەک کان و گیا و گیانداران، تێکڕای ئەمانە بوونێکی تەواو و پایەداریان نییە؛ خۆڵ ئەکرێ بە تۆز، ئاو دەبێ بە هەوا و هەڵم، هەوا دەبێ بە ئاو و باران، گیا و دار و درەخت ئەبن بە پووش و پەڵاش، کانەکان کاری زۆریان تیا دەکرێ، بێگومان مەواددی ئا بەمجۆرە لەگەڵ وجووبی وجووددا ناگونجێن، چونکە لە هەر شێوەیەکی (نوعی)دا بێنەجێ، لەوانەیە ئەو شێوەیە بگۆڕێت و ببێ بە شێوەیەکیتر، واتە: هەموو شێوە (نوعی) یەکان تووشی گۆڕان دەبن.

نەفسی ماددەکانیش کە شوێنی شێوەکانن تێکەڵن لە بەش و پارچەکانیان و پێویستیان بەو پارچە و بەشانە هەیە و بێئەوان نابن، هەرچیش موحتاجی غەیری خۆی بێ ئەوە واجب نییە و لە مومکینات ئەژمێررێ و موحتاجە بە (واجبالوجود).

لە لایەکیترەوە هەموو بەشەکانی سەر و خواری ئەم جیهانە هەموویان رام کراون و خراونەتە ئیش بۆ کارێکی تایبەتی و بەردەوام بەو ئیش و کارەوە خەریکن کە بۆیان تەرخان کراون، هەر شتێکیش کە بەمجۆرە رام کرابێ ئەبێ هێزێ بە سەریەوە بێ، سەرپەرشتی بکا و کاری تێ بکات ئەو هێزە (مؤثر) و (فاعل) و (واجب)ە و، ئەم کائیناتە کە لە ژێر چاودێریی ئەودان هەموو مومکینن و بوون و نەبوونیان لەو خاوەن هێزەوە وەرگرتووە.

هەروەها دەتوانی بڵێیت: مەجمووعی ئەم مومکیناتە، هیچ بەشێکی لێ دەرنەچێ، هەمووی مومکینە و پێویستە عیللەتێک هەبێ کاری تێبکات، جا ئەگەر عیللەتەکە نەفسی خۆی بێ یا جوزئێک لە خۆی بێ ئەوەی لێ پەیدا دەبێ کە شت لە خۆی پێش بکەوێ چونکە پێویستە عیللەت لە پێش مەعلوولەوە بێت، گومانیش لەوەدا نییە کە پێشکەوتنی شت لەسەر نەفسی خۆی نەبووە و نابێ، کەوابوو واجبە عیللەتەکە زاتێک بێ لە مەجمووعی مومکیناتەکە هەمووی بەدەر بێ، ئەوەیش لە هەموو مومکینات بەدەر بێ واجبە.

بە عیبارەتێکیتر یا هەموو بەشەکانی جیهان قەدیمە، یا هەمووی حادیسە، یا هەندێکی قەدیمە و هەندێکی حادیسە، باری یەکەم بەتاڵە چونکە بە ئاشکرا هەندێکی حادیسە باری سێهەمیش بەتاڵە، چونکە ناچێتە عەقڵەوە کە کۆمەڵێکی ئەجزا لەیەکچوو هەندێکی قەدیم و هەندێکی حادیس بێ؛ کەوابی هەمووی حادیسە، دیارە هەرچی حادیس بێ پێویستی بە دروستکەر هەیە، پێویستی بە (مؤثر) ێکە کە لە زنجیرەی حادیسەکان بەدەر بێ و سیفەتی ئیمکانی نەبێ، ئەوەیش تەنها (واجب‌الوجود)ە.

ئەوجۆرە کەسانەی کە دەڵێن تەبیعەت (سروشت) کاردەکات و، بە بۆچوونی خۆیان بە زاتی «واجب‌الوجود» موحتاج نابن، ئەمانە بە هەڵەدا چوون؛ چونکە ئەگەر مەبەست لەو سروشتە سیفەتێکە کە بە مادده و حەقیقەتی کائیناتەوە راوەستاوە ئەوە ئاشکرایە هەتا حەقیقەت و ماددەکە نەبێ سیفەتەکە کە سورشتەکەیە نابێت، واتە سیفەتەکە موحتاجی مەوسووفەکەیەتی، دیارە ناچێتە عەقڵەوە ئەو سیفەتە کار لە مەوسووفەکەیدا بکات مەوسووفەکەیش ناچێتە عەقڵەوە بە کاریگەر دابنرێ، چونکە ئەجزاکانی، ئەوەی کە دەستی ئێمەی پێ ئەگات، هەمووی موحتاجی غەیری خۆیەتی، واتە خۆی کاری تێکراوە و کاریگەر نییە، بۆیە چار نییە ئەوە نەبێ کە ئەم کائیناتە کردەی زاتێکی خاوەن‌کەماڵ بێ کە لە هەموو کەموکوورییەک دوور بێ، نە مادده بێ و نە ئیحتیاجی بە مادده بێ، هەموو زەمان و مەکان و هەرچی بووەکانی ترە لە ژێر کار و توانا و دەستەڵاتی ئەودا بێ، ئەوە لە عەقڵدا بە واجب‌الوجود ناو ئەبرێ و لە عورفی ئایین‌دا ناوی (الله)یە و، پەروەردگاری جیهانە، هەموو شت موحتاجی ئەوە و، ئەو موحتاجی هیچ شتێ نییە.

بەڵام ئەگەر یەکێ حەقیقەت و راستیی ئەو زاتە بێ‌هاوتا و بێ‌خەوشە نەزانێ و پەی پێ نەبا ئەوە شتێکی سەیر نییە، چونکە هیچ حەقیقەتێ بە ئاسار و نیشانەکانی نەبێ دەرنەکەوتووە و دەرناکەوێ، بۆ نموونە: ئینسان ئەزانێ بینین بە هێزی چاوە، بیستن بە گوێچکەیە، بۆن‌کردن بە

لووتە، کەچی کەس نازانێ حەقیقەتی ئەم هێزانە چییە، هەموو کەس ئـەزانێ هێـزی تێگەیشـتنی هەیە بەڵام نازانێ حەقیقەتی ئەم هێزە چییە... ئەزانێ گیان (روح)ی هەیـە و نازانـێ حەقیقـەتی گیان چییە، بێ‌گومان نـەزانینی حەقیقـەتی شـت نابێتـە کۆسـپ لـە رێگـای دان‌نـان بـە بـوونی شتەکەدا، بۆیە قورئانی پیرۆز هەمیشە خەڵک بانگ ئەکات لە رێگای ئاسارەوە و بە هـۆی بینـینی نیشانەوە دان بە بوونی خودای گەورەدا بنێن (سنريهم آياتنا في الآفاق و في انفسهم حتی يتبيّن لهم انّه الحق) [١٠].

لە راستیدا دەلیلە فەلسەفییەکان کە لەسـەر رێ و شـوێنی (عیللـەت و مـەعلوول) دامـەزراون تەنها بوونی (مؤثر) ەکە دەرناخەن.

بەڵێ رێگای رووناکی ئیسلامی پیرۆز کە ئینسان بانگ ئەکات بۆ زیکری خودا، هەتا بـەو زیکـرە دڵی هێمن بێ و ئارام بگرێ، چاکترین رێگایە (ألا بذِکر الله تطمئِنُّ القلوب) [١١].

بینـا لـەو تـەقریر بـە گوێتـەدا چـوو
کـە (واجـب بالـذات) عـەدەمی نـەبوو
زاتی هـەر (بالـذات) مەعلوومـە و مەشـهوود
مەبدەئـە و مەئخـەز بـۆ ئـەخزی وجـوود
بـە ئـەمرێکی‌تـر زیـادە لـە زات،
وەک مومکین، حاجەت هیچ لێی روو نـەدات

واتە: لەسەر ئەو تەقریرەی کە بیستت کە (واجب‌الوجود)ی (بالذات) عەدەمی نیە بـۆ ئینسـانی وشیار دەردەکەوێ کە زاتی خودای گەورە خۆبەخۆ زانراوە و دیارییـە و سـەرچاوەی بوونـە و، لـە بوونەکەی‌دا پێویستی نییە بە هیچ هۆیـەکی لـە خـۆی بـەدەر، بـەڵام مومکینـەکان لـە بوونیانـدا پێویستیان بە (مؤثر) و پەروەردگارە کە زاتی خودای گەورەیە.

پاش ئەمە حەزرەتی مەولەوی دەست دەکا بە باسی ئەو خیلاف و ناکۆکییەی [کـە] لـە نێـوان (حکماء) و (متکلمين) دایە، حوکەما ئەڵێن: بوونی واجب عەینی زاتە و بـوونی مـومکین غـەیری زاتە. موتەکەللیمینیش ئەڵێن: بوون غـەیری زاتـە چ لـە واجیبـدا و چ لـە مومکینـدا، شـێخ (ابـو الحسن)ی ئەشعەریش فەرموویەتی: بوون عەینی زاتە لە هەردووکیاندا.

هەروەها وەڵامی ئەو رەخنەیە دەداتەوە کە دێتە سەر حوکـەما کـە چـۆن ئـەبێ وجـوودی بـە مەعنای کەون و سبووت، عەینی زات بێ؟ دەڵێ ئەوانە کە لایان وایە وجوود عەینە مەبەسـیان لـە وجوود کەون و سبووت نییە، بەڵکو مەعنایەکی ترە.

بەڵام جوان وابوو مەولەوی لە پێش ئەم وەڵامەدا باسی خیلاف و جیاوازیی بـیروڕای حوکـەما و موتەکەللیمینی بکردایە وەک ئەم چەند شیعرە کە من لەم شوێنەدا نووسیومن:

ئیختیلاف هەیە ئەی بـرای ئـەمین!
لـــەناو حوکـــەما و موتەکـــەللیمین
حوکەما وجـوود دائـەنێن بـە عـەین
بـــۆ زاتی واجـــب (ربُّ المَشـــرِقَین)
بـەلام بـە غـەیری دائـەنێن لـە بـۆ
زاتی مومکینـــات، ئاگـــادار بـــە تـــۆ
لای موتەکـــەللیم زیـــادە لەســـەر
زاتی واجـب و مومکینـات یەکسـەر
لە لای ئەشعەریش عەینە بۆ هـەموو
واجب و مومکین، لە هەر بەشێ بـوو

جا لە پاش باسی ئەم ئیختیلافە وەڵامی رەخنەکەی بدایەوە و بهاتایەتە سەر ئەم شیعرانەی کە دەفەرموێ:

ئەوکـەس دەڵـێ: زات واجـبی مـەعبوود
عـەینی وجـوودە، قەسـدی بـە وجـوود
ئـەو سـبووت و کـەون مەشـهوورە نییـە
بـۆچ؟ ئـەوە مـەعلووم ئـەمری زیهنییـە
ناوێ بۆ هیچ شـەیء خـارجی بـە عـەین
چ جایـــێ واجـــب (ربّ المشـــرقَین)؟
بەڵکو بە وجوود ئەو کەس قەسد دەکـات
ئـــەوە کـــەواها زاتی ئـــەو (بالـــذات)

مەبــدەئی ئــەخزە بــۆ کــەونی مــەعهوود
کــە مەعنایێکــە شــائیع بــۆ وجــوود

واتە: ئەو کەسە کە ئەڵێ وجوود عەینە بۆ زاتی واجب مەبەستی لـە وجـوود کـەون و سـبووتی ئیعتیباری نییە، چونکە ئەو کەون و سبووتە ئەمرێکی زیهنی و ئیعتیبـارێکی عەقڵـییە و وجـوودی نییە لە خارج دا، کەواتە شیاوی ئەوە نییە ببێ بە عەین بۆ هیچ شتێکی خـاریجی، چ جایـێ ئـەوە کە ببێ بە عەین بۆ زاتی باریتعالی. بەڵکو مەبەس لە وجوود ئەو شتەیە کە مەبدەئـە بـۆ ئـەخز و ئینتیزاعی وجوودی ئیعتیباری کە مەعنای مەشهووری وجوودە.

پوختەی وتارەکە ئەوەیە کە خودای گەورە (بالذات) بـەبێ هـیچ هۆیـەک دەبێتـە سـەرچاوەی وەرگرتن و لابردنی وجوود و، ئەم بـوون بـە سـەرچاوەییـە سـیفەتیەتی، بـەڵام مـومکین هـەتا ئافەریدگار دروستی نەکات نابێتە سەرچاوەی وەرگرتنی بوون، کەوابێ بوونی بە مەعنای مەبدەء و سەرچاوە عەینە بۆ زات لە واجبدا و غەیرە لە مومکیندا.

قەســدی ئــەم مــەعنا ناتگەیــە بــەین
(آلّـــا لاحـــدی تـــین الجهتـّـــین)
یـــا لەبـــەر ئەمـــە بیزانـــە تـــەمام
مەوجوود مەشهوورە لە لای خـاس و عـام
ئیتلاقـــی ئەســـەر چشـــتێ دەکـــەوێ
مەبـــدەئی ئاســـار خاریجییـــە وێ
خـــۆ ماهییـــەتی (مـــن حیـــث هـــی)یـــە
لەبـــەر ئیشـــتیراک ئـــەو تـــەرزە نییـــە
کـــەونی بـــەدیهیچ خـــۆ بەدیهییـــە
نـــاوێ...بـــۆچ؟ ئـــەمری ئیعتیبارییـــە
یـــا لەبـــەر ئەمـــە وجـــوودی بـــاری
ئـــەر حـــەقیقی وێ یـــا ئیعتیبـــاری
کـــە وەهـــا ویێتـــە زیـــاد وێ لـــە زات
لـــەم دوو مـــەحزوورە یـــە ێ روودەدات

(تقـدّم) بـە بـوون لەسـەر بـوونی خـۆی
موحتاجی بە غەیر لە بـوون‌دا دەکـەی[١٢]
پـەس وجـوود ئـەمرێ حـەقیقی دەوێ
رێـک بـە (مبـدء الآثـار)ی کـەوێ[١٣]
زەریفـی لـێ بێـت بـوون بـە عـەینی زات
حاجـەت بـۆ واجـب بـە هـیچ روونـەدات
(وَ مَـاذا آلـا مَـا کـانَ کـذا
أی بذاتـه کـان مأخـذا)
بـۆ ئـەو سـبووتی ئیعتیباریـە
ئەویچـە ئەڵـبەت زاتی باریـە
(لـم یحـتج فـی أخـذ ذالکـون عنـه
الـی غیـره، جـلّ شـانه)

ناتگەسە بەین: نەهاتووەتە ناو. وێ: بێ. وەها وێتە: وەها بێت. ئەویچە: ئەویشە.

واتە: حوکەما تەنها لەبەر دوو شت قەسدی ئەم مەعنایەی وجوودیان کردووە:

یەکەم: دیارییە لە لای هەموو وشیارێ بە شتێ دەوترێ (موجود) ببێتە سـەرچاوەی (وجـود) و شیاوی ئەوە بێ ئاساری دەرەکی لێـوە پەیـدا بێـت، دیـارە (ماهیـەت) خۆبـەخۆ وا نییـە چونکـە هاوبەشە لە نێوان (موجود) و (معدوم) دا، واتە: بۆ هەردوویان بە کار دەهێنـری، دەوتـرێ (ماهیّـة زید موجودة) و (ماهیة العنقاء معدومة) کەوابێ ماهییەت بە کاری ئەوە نەهات لـە خۆیـەوە ببێتـە سەرچاوەی ئاسار.

(وجود)ی بە مـەعنای کـەون و سـبووتی ئیعتیبـاریش ئـەمرێکی زیهنییـە و نابێتـە مەبـدەء و سەرچاوەی ئاسار. مایەوە وجوود بە مەعنای (ما یصلح لان یکون مبدءاً لأخذ الوجود الاعتباری).

دووەم: ئەگەر وجوود بە مەعنای حەقیقی یا ئیعتیباری، واتە بە مەعنای (مبدء الاخذ والانتـزاع) یا بە مەعنای کەون و سبووتی ئیعتیباری، زیاد بێ لەسەر زات ئەبێ بە زاتەکەوە بەند و بەسـتراو و پایەدار بێت، هەر شتێکیش بە زاتەوە بەند بێ بە شێوەیەک کە عەینی زاتەکە نەبێ و غـەیری بـێ ئەبێتە مومکین، مومکینیش فاعیل و دروستکەری ئەوێ، فاعیل و دروستکەریش پێویستە پێش ئەوەی کە کار لە شتێکیتردا بکات خۆی خاوەن بوون بێ، چونکە پایەی ئیجـاد لـە پـاش پایـەی

وجوودەوەیە، جا ئەگەر فاعیلی وجوود خودی ماهییەتی خودای گەورە بێ ئەنجامەکەی ئەوە دەبێ کە (وجود) پێش خۆی بکەوێ ـ ئەگەر بڵێین وجووده مەعلوولەکە عەینی ئەو وجوودەیە کە سیفەتی ماهییەتەکەیە. خۆ ئەگەر بڵێین غەیری ئەو وجوودەیە ئەوا (تسلسل) لە وجوودەکاندا پەیدا ئەبێ؛ چونکە ئەو وجوودەیش کە لە پێشدا بووە ئەویش فاعیلی ئەوێ.

هەروەها ئەگەر دروستکەری ئەم وجووده غەیری ماهییەتی خودای گەورە بێ ئەنجامەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە خودای گەورە لە بوونیا موحتاجی غەیری خۆی بێ، ئەمەیش بۆ ئەو ناشێ و مەحاڵە، کەواتە پێویستە مەعنای وجوود سەرچاوە و مەبدەئی وەرگرتنی (وجود)ی بە مەعنا کەون و سبووت بێ. وجوودیش بەم مەعنایە شیاوە کە عەینی زات بێ و، هیچ کەمی و موحتاجی بۆ خودای گەورە پەیدا نابی.

هەروەها دەرکەوت کە زاتی خودای گەورە خۆی بە خۆی سەرچاوە و مەبدەئە بۆ ئینتیزاعی کەونی ئیعتیباری بە پێی پێوەندی بە خاریجەوە.

جا لەبەر ئەوە کە رەخنە دێتە سەر بیری حوکەما و، بەم رەنگە پێویستە لەسەر ئەم مەعنایەی رابوورد بڵێیت: [ذات الباری تعالی وجود] و، نابێ بڵێیت [ذات الباری تعالی موجود] ئەمەیش پێچەوانەی ئەوەیە بڕیار درا، وەڵامی دایەوە و فەرمووی:

پەس لەفزی (موجود) لە (وجود) موشتەق
(علی الواجب، تعالی، یُطلق)
من حیث أنّ ذاالوجود بە
قام قیام الشیء بنفسە
و غیرً الواجب یُطلق علیە
لان الغیرَ ینسب الیە
پەس وا ئیتلاقی مەوجوود بەر هەر دوو
بە ئیعتیباری یەک مەعنا نەبوو

پەس: کەواتە. بەر: لەسەر.

واتە: نایسەلمێنم لەسەر ئەم مەعنایە پێویستە بڵێین: (الباری وجود) و دروست نییە بڵێین (الباری موجود) چونکە گەلێ جار کە نیسبەتی (مەحموول) لە (مەوزووع) ئەدرێ لەبەر ئەوەیە کە مەوزووعەکە مەوسووفە بە مەبدەئی ئیشتیقاقی مەحمولەکە، وەکوو ئەڵێن: «الشمسُ مضیئة»

ئێستە راستیی ئەم حوکمە لەبەر ئەوەیە کە (شمس) خۆر مەوسووفە بە (ضوء) رووناکی و، رووناکییەکە زیادە لەسەر زاتی خۆر. جارجاریش لەبەر تایبەتییەتی (موضوع) ەکەیە، وەک ئەڵێن: «الضوء مضیء» دیارە لێرەدا (ضوء) رووناکی خۆبەخۆ (مضییء) رووناککەرە نەک لەبەر ئەوەی ئەو (ضوء)ە خاوەنی سیفەتە (ضوء)ێکی زیاد لەسەر زاتە واتە: ئەم (ضوء)ە زاتی مەوزووعە نەک وەسفی زائید لەسەر زات.

جا لەسەر ئەم ئەساسە ئەتوانین بڵێین (الباری تعالی موجود) واتە: زاتی خودا خۆی وجوودە بەو مەعنا کە رابوورد نەک مەوسووفە بە بوونی زیاد لەسەر زات، بەڵام غەیری خودای گەورە (موجود)ی حەمل ئەکرێتە سەر بەو ئیعتیبارەی کە مەوسووفە بە (وجود)ێکی زیاد لەسەر زات، لەبەر ئەوەی بوونەکەی لە خوداوەیە، واتە: خودای گەورە وای لەو مومکینە کردووە ببێتە مەبدەئی وجوود.

وا دەرکەوت کە نیسبەتی مەوجوود لە خودای گەورە و نیسبەتی مەوجوود لە مومکین لەسەر یەک مەعنا نەبوو. هەروەها دەرکەوت کە موتەکەللیمین لە واجب و مومکیندا مەعنای (هو موجود) وا بەیان ئەکەن: ئەو زاتە، واجب بێ یا مومکین، سیفەتی (وجود)ی هەیە، واتە سەرچاوەی ئەخز و انتزاعی کەون و سبووتە بە مەعنای ئیعتیباری و عەقلی. ئەوەش دەرکەوت کە ناکۆکیی نێوان حوکەما و موتەکەللیمین ناکۆکی و نیزاعێکی مەعنەوییە نەک لەفزی، وەک هەندێ نەزان وتوویانە ئەم نیزاعە لەفزییە؛ چونکە ئەگەر وجوود بە مەعنای کەون و سبووتی عەقلی بێ زیادە لەسەر ماهییەتی واجب و مومکین و، ئەگەر بە مەعنای مەبدەئییەت بێ بۆ ئەخز و ئینتیزاعی کەون و سبووت ئەوە عەینی زاتە چ لە واجب و چ لە مومکیندا.

پوختەی رەددەکە ئەمەیە هەردوولا لە (وجود) مەعنای دووەم ئەگرن، بەڵام وجوود بە مەعنا مەبدەء عەینە بۆ زاتی خودای گەورە چونکە ئەو زاتە مەبدەئە لە زاتییەتدا سەربەخۆیە، کەچی مەبدەئییەت بۆ مومکین مەعنایێکە زیادە لەسەر ماهییەتەکەی و بە هۆی خالیقی راستەقینەوە پەیدا بووە کە خودای گەورەیە.

شایانی باسی زیادیی وجوود لەسەر ماهییەتی مومکین بیروڕای حوکەما (مشائی)یەکانە، (اشراقی)یەکان لایان وایە وجوود عەینی ماهییەتە چ بۆ واجب چ بۆ مومکین، فەرق لە بەینی واجب و مومکیندا ئەوەیە ئەو وجوودە کە عەینی ماهیەتە لە واجبدا سەربەخۆیە و لە غەیرەوە وەرنەگیراوە، بەڵام ئەو وجوودەی عەینە لە مومکیناتدا لە خالیقەوە وەرگیراوە، بەڵگەیش ئەوەیە

هەموو مومکینێ لە ژێر دەستەڵاتی هێزی مان و نەماندایە و بە فەوتان یا بە هێشتنەوە کـاری تیـا ئەکرێ. مەولەوی پاش ئەوەی ڕێبازی حوکەمای باس کرد وەڵامی موتەکەللمین بۆ حوکەما بـاس دەکات و دەڵێت:

(نـــاقلينَ عَـــن أحبـــارٍ كُمَّـــلْ)
جواویـان داگـە لـە وەجهـی ئـەووەل:[١٤]
(لا نســـلّمُ) موتلـــەق ماهیـــەت
نـــاویّ ســـلووحی بـــۆ مەبدەئییـــەت
ئـــەر مـــەوجوود واجـــب (لذاتـــە) یـــە
ماهییـــەتی ئـــەو (مـــن حیـــث هـــی)یـــە
موتەحەققیقـــــە خـــــۆی (بـــــذاتها)
(لا بتـــــأثير الفاعـــــل فيهـــــا)
(بالـذات) مەبدەئـە بـۆ ئـەخزی وجـوود
بـەو مـەعنا کـەوا شـائیعە و مـەعهوود
(مـن حيـث هـی) یـە، وا بـێ ئیفتیقـار
دەوێ بـــە مەبـــدەء ئـــەحکام و ئاســـار
(بـــل هـــی المبـــدء لكـــلّ اثـــر
و مـــا ســـواها مجلـــی و مظهـــر)
(و ان كـــان ذا امـــرأ آخـــرا
غيـــرَ الواجـــب خـــالقِ الـــورى
فلانتســـاب ذا الامـــر الآخـــر
الـــی جنـــاب الواجـــب الاكبـــر
بانتِســـابٌ يصـــيرُ بِـــه
مبـــدأ اخـــذ الكـــون البـــديهی
صـــحّ كونـــه بـــلا كـــدورة
ايضـــاً، كمثـــل تلـــك المـــذكورة،

مبـــدأ الآثـــار، مظهـــرَ الاحکـــام؛
اذ المـــدارُ فـــی هـــذا المقـــام):
ئـــەو تەحـــەققوقی خاریجییەتـــە
نیشـــانەی چییـــە؟ بڵـــێ ئەمەتـــە
مەبدەء بوون بۆ ئەخز ئەمرەکەی مـەعهوود
ئەو ئەمرە بە عـورف پێـی دەڵـێن وجـوود
مەبـــدەئی ئاســـار (کمـــا قـــد ســـبق)
حقیقـــةُ زات واجبـــە بـــە حـــەق
بـــۆ غـــەیری ئـــەویچ هـــەم حیســـابییە
بـــە ســـەبەبی ئـــەو ئینتیســـابییە
ئەرچی ماهییەت (مـن حیـث هـی) یـەی
ناوێ بـە مەبـدەء وەک وجوودەکـەی [١٥]

ئەویچ: ئەویش. ئەرچی: ئەگەرچی

واتە: زانایان لە زوبانی زانا پێشووە بـەرزەکانی موتەکەللیمینـەوە دەگێڕنـەوە کـە لـە وەڵامـی حوکەمادا فەرموویانە: نایسەلمێنین کە تێکڕا ماهییەت، واجـب بـێ یـا مـومکین، ناسوڵـحێت بـۆ ئەوەی ببێتە مەبدەء و سەرچاوەی ئاسار، چونکە ئەگـەر ماهییـەت ماهییـەتی واجبـە و خۆبـەخۆ پەیدا بووە نەوەک بە کاری (فاعل) ئەوە خۆی بە خۆی دەبێتە سەرچاوەی وەرگرتنی وجـوود بـەو مەعنا کە مەشهوورە و مەعلوومە کە کەون و سبووتە، هەروەها خۆبەخۆ دەبێتە سەرچاوەی ئاسـار، چونکە هەر ئەو بە راستی سەرچاوەی ئاسارە و هی‌تر تەنها دیمەنە.

خۆ ئەگەر ماهییەت ماهییەتی ناواجبە ئەوا ئەو ماهییەتە پێوەندی بە خودای گـەورەوە هەیـە و ئەو دروستی کردووە و دەبێتە مەبدەء بـۆ وەرگـرتنی بـوون، هـەر لەبـەر ئـەو پێوەندییـە دەبێتـە سەرچاوەی ئاسار.

وا دەرکەوت کە ماهییەتی واجب و ماهییەتی مومکین هەردوو مەبدەئن بۆ وەرگرتنی (بوون)ی بە مەعنا کەون و سبووت، واجب خۆبەخۆ بێ‌هۆ و، مـومکینیش بـە هـۆی پێوەنـدی لەگـەڵ زاتی خوای گەورەدا، ئەگەرچی ماهییەتی مومکین خۆبەخۆ، نە خۆی، نـە وجودەکـەی نابنـە مەبـدەئی بوون و ئاسار.

بۆچ؟ ماهییەتی (من حیث هی)یـە [١٦]
نەسولـــــحیانی بــــۆ مەبدەئییـــــە
نـاویَ بـە مووجیـب بـۆ نەسولـحیان
دەگـەڵ ئینتیسـاب بـە واجـب دیسـان

ناویَ: نابیَ. دەگەڵ: لەگەڵ.

مەولەوی درێژە بـە باسـەکە دەدات و، دەیـەویَ بەڵـگە بـۆ مەسـەلەکە بهێنێتـەوە و دەڵـێت: نەگونجانی ماهییەتی مومکین خۆبەخۆ بـۆ مەبدەئییـەت رێگـا لـەوە نـاگریَ کـە ئـەو ماهییـەتی مومکینە بە هۆی پێوەندی بە خودای (واجبالوجـود) ەوە ببێتـە مەبـدەئی ئاسـار، واتـە خـۆی و بوونەکەی لە خۆیانەوە نابنە بناخەی بوون و ئاسار.

بەلام لەبەر ئەوەی خودای گەورە دروستی کردووە و بوونی داوەتـیَ بـە هـەردووکیان بوونەتـە بناخەی بوون و ئاسار.

پوختەی قسە ئەوەیە کە ماهییەتی واجب و ماهییەتی مومکین هەردوو مەبدەئن بۆ وەرگـرتنی (وجود)ی بە مەعنا کەون و سبووت، بەلام واجب خۆبەخۆ بە بیَهۆ دەبێتە مەبدەء و، مـومکین بـە هۆی پێوەندییەوە بە (واجبالوجود) ەوە.

پەس لە وجووددا [١٧] وەجهـیَ شـک دەوەی
عـودوول لـەو مـەعنای شـائیعە دەکـەی
دەرۆی بــۆ چشـــتیَ تەســـەوور نـــەکریَ
ســـەردیی تەکـــەللوف مەگـــەر دایگـــریَ
پـــەس ئێمـــە مـــەوجوود علـــی الطـــرفَین
(بمعــــنی واحـــد) ئیتلاقـــی دەکـــەین
شـــەئنی ئیشـــتیراک مەعنـــەوی بنـــاس،
مەعلوومــە مووجیــب وەحــدەتی مــەعناس

واتە: پاش ئەوەی روونمان کردەوە کە ماهییەت بە کەڵکی مەبدەئییەت دێت ئەگەر ماهییـەتی واجب بێت خۆبەخۆ و، ئەگەر ماهییەتی مومکینیش بێت لەبەر ئەوەی خـودا دروسـتی کـردووە و کردوویەتی بە مەبدەء ـ ئیتر با واتای (وجود) هەر مەعنا بـاوە ئاشـکراکەی بـیَ کـە پێـی دەڵـێن (کَون) و (ثبوت). هیچ هۆیەک نییە بۆ ئەوەی لەو واتا باوە لابدەیت و واتایەکیتری نەگونجاوی بۆ

دابنێیت! کەوابوو (موجود) بۆ خودا بەکار دێنین و دەڵێین (الله موجود)، بۆ مومکینیش بە کاری دێنین و دەڵێین (زید موجود)، مەبەستمان لە (وجود) ەکەیش کەون و سبووتەکەیە، ئەمەیش هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە، چونکە (موجود) وشەیەکی (مشترَک)ە لە نێوان واجب و مومکیندا، بەڵام کەون و سبووتی خودا لە خۆیەوەیە و، کەون و سبووتی زەید لە خواوەیە.

جـــواوی وەجهـــی ئەووەڵـــت زانی
بێینـە سـەر جـواو بـۆ وەجهـی سـانی
لـە زیـادیی وجـوود بـە ئـەم مەعنایـە
بـەر زاتی واجـب هـیچ لازم نایـە [۱۸]
حاجـەت مـەر ئەوسا بـە سـەبەب کـەویٚ
کـە وجـوود ئـەمری خاریجییـە ویٚ
(یعـرض فـی الخـارج علـی ذات‌الحـق
و لـیس کـذا کمـا قـد سـبق)
بـۆچ بـەو مەعنایـە چـاک دیارییـە
ئینتیزاعییـــە و، ئیعتیبارییـــە
ئـەر بڵـێی ئەمـە، ئەمـە لازمیـە
مـومکین هـەم موحتـاج بـە فاعیـل نییـە
جـواوی دەدەیـن (بـلا سـماجة):
کـە دەڵـێن مـەوجوود مـومکین موحتاجـە
(فـی وجـودِه) ئەبالـی سـەبەب
لـەو عیبارەتـە ئەمەتـە مەتلـەب
(أی فـی مبـدء اخـذ ذاالوجـود
منشـإ نـزع ذاالکـون المعهـود)
کـە وەختـیٚ نـەویٚ مـومکین بـە مەبدەء
وە بـیٚ‌ئینتیسـاب نـەویٚ وە مەنشـەء

ئیســـناد دەدرێ وجـــوود ئـــەباڵ ئـــەو،
بـــەڕێی تەجـــەووز، لێـــت نـــەوێ وە شـــەو
موحتـــاجیی مـــومکین ئـــەوا بـــوو مەشـــهوود
(لکنّـــــە لا فـــــی نفـــــس الوجـــــود)
بۆچ؟...نەفسی وجوود، ئـەر هـەی باخەبـەر،
نـــاوێ بـــۆ تەئســـیر فاعیـــل بـــە ئەســـەر
ئەمرێکـــە مـــەوجوود (متحقـــق بـــهْ)
ئەســـەری تەئســـیر فاعیـــل (فانتَبِـــه)
(أمّـــــا مبـــــدأ الانتـــــزاع فـــــی
ربّنـــا الواجـــب ذی اللطـــف الخفـــیّ)
ئەســـەری تەئســـیر هـــیچ فاعیـــل نییـــە
(إذ هُـــوَ ذاتُـــه بذاتـــه) ییـــە...
(فـــلا یکـــون محتاجـــاً الیـــە
فـــی وجـــودهِ، فاعتمِـــد علیـــه)

جواوی: جوابی، وەڵامی. کەوێ: بکەوێ. وێ: بێ، ببێ. بلا سماجة: بلا قباحة. ئەباڵ: بـۆلای. لێت نەوێ وە شەو: لێت نەبێ بە شەو، بـا بـەرچاوت تاریـک نـەبێ. ئـەو هـەی باخەبـەر: ئەگـەر خەبەرداری.

واتە: کاتێ وەڵامی دەلیلی یەکەمی حوکەماتان زانی، با بێین بـۆ وەڵامـی دەلیلـی دووەمیـان، دەلیلەکە ئەمە بوو مادام وجوود زیاد بێ لەسەر زات ئەوا پێویستی بە فاعیل دەبێ، ئەو فاعیلـەیش گەر نەفسی ماهییەتی واجب بێ پێویستە لە پێش ئیجـادا وجـوودی هـەبێ، لەمـەوە لازم دێـت وجوود پێش بکەوێ لەسەر خۆی، خۆ ئەگەر فاعیلەکە ماهییەتی خودای گەورە نەبێ ئـەوا ئـەنجام وای لێ دێ کە زاتی واجب لە ئیتتیساف بە وجوددا موحتـاجی غـەیر بـێ، (تعـالی الله عنـه علـوًّا کبیرا).

دیارە ئەم دەلیلە شوبهەی تێدایە و؛ وەختێ ڕاست دەبوو کە (وجود)ی زیاد لە زات حەقیقـەتێ بوایە لە حەقائیقەکان، بەڵام وا نییە چونکە ئەو (وجود)ە زیادە شتێکی ئیعتیبارییە و فاعیلی ناوێ.

جا ئەگەر بلێین مادام (وجود) بەم مەعنا فاعیلی نەویٚ ئەبیٚ مومکینیش فاعیلی نەویٚ و ئەمەیش هەڵەیە، لە وەڵامدا ئەڵێین مومکین لە (وجود)ە ئیعتیبارییەکەیدا پێویستی بە فاعیل نییە، بەڵکو لە زات و حەقیقەت و ماهییەتەکەیدا پێویستی پێی هەیە، واتە: تا ئافەریدگار نەبیٚ ئەو ماهییەتە مومکینە کە بوون و نەبوونی وەک یەکە نابێت بە حەقیقەت و بە مەبدەء بۆ ئاسار و نیسبەتدانی وجوود بۆ لای ئەو (مەجاز) ئەبیٚ، ئیتر مەبەست لە ئیحتیاجی مومکین بۆ فاعیل ئەوە نییە کە فاعیلی پێویستە هەتا کار بکات لە وجوودە ئیعتیبارییەکەیدا، چونکە ئەو ئەسەرەی لە فاعیلەوە پەیدا ئەبێت پێویستە شتێکی سابیت و خاوەن حەقیقەت بیٚ و، ئەمری ئیعتیباری وەک وجوودی ئیعتیباری سابیت نییە و عەین نییە.

بەڵام (وجود)ی بە مەعنا (مبدا الانتزاع) لە زاتی خودای گەورەدا ئەسەری کاری فاعیل نییە، چونکە زاتی خودای گەورە خۆبەخۆ هەیە و، هەر لە خۆیشیەوە بە بیٚ هیچ جۆرە پێوەندییەک بە غەیری خۆیەوە وجوودی بە مەعنا کەون و سبووتیشی دەدرێتە پاڵ.

ئەوا تەواو بوو ئەم تەقریریچە
بشنەو دوور نییە ئەم تەحریریچە
(أن قیل الوجود له معنیان
حقیقیان أو مقابلان)
(أو کما یقال علی ذا المعنی
أعنی الکون الذی ذکرنا)
(کَذا یقالُ ذا بلا غبار
علی ما هو مَبدأ الآثار)
(إمّا مطلقاً، و لعلّهُ
مرادُ الذی قالَ إنَّهُ)
(کانَ فی الکلِّ عین الماهیه)
یا مەبدەئەکە کە حەقیقییە
ئەم قەولە بێنی لە بینی دەدات
(مثل ما یقال فی باقی الصفات)
(إذ کما تطلق علی الاضافات

التـــی مـــن شـــأن مبـــادی الصـــفات)
(کـــذاک تطلـــق علـــی المبـــادی
نوضِـــحُهُ لـــک، والله الهـــادی)
بالمثـــالین؛ فحیـــث یقـــال
الله عـــالم بکـــلّ الأحـــوال
مـــوراد نـــە مەبـــدەء ئینکیشـــافەکەس
لەگرەدا، بە عیلم، بـەڵ ئیزافەکـەس [١٩]
مـــوراد ئـــەر بلـــێی عیلمـــی عەینییـــە
ئیزافـــە نییـــە بـــەڵ مەبدەئییـــە
پەس دوور نییە عەقڵ قبوولـی دەکـات
کـە بلـێی وجـوود عەینـە لـە بـۆ زات
مـوراد بـە وجـوود مەبدەئـە موتلـەق،
یـا مەبدەئەکـەی حـەقیقی بـەر حـەق.
(فـی «هـو موجـود» الفکـرُ الصـافی
یریـــدُ بِـــهِ الکـــونَ الإضـــافیّ
الـــذی یصـــلح مِـــن غیـــر مِریـــة
للمأخذیّـــــة والمبدئیّـــــة
للإتصـــــاف و للإشـــــتقاق
کمـــا فـــی الصـــفات بـــلا إفتـــراق)

ئەم تەقریریچە: ئەم تەقریریشە. ئەم تەحریریچە: ئەم تەحریریشە. بشنەو: ببیسە. بێنی: بۆنی. بینی: لووت. ئینکیشـافەکەس: ئینکیشـافەکەیە. لـەگرەدا: لێـرەدا. بـەڵ: بەڵـک. ئـەر: ئەگـەر. ئیزافەکەس: ئیزافەکەیە.

(مەولەوی) تا ئێستە لەسەر ئەوە ڕۆیشت کە (وجود) بە مەعنای بوون بە سەرچاوەی وەرگرتنی کەون و سبووتی ئیعتیباری و پەیدابوونی ئاساری عەینی بێ.

ئێستە لەسەر ئەوە دەڕوات کە (وجود) بە مەعنای (مبدء الآثار) بێ، واتە: هەر وەکوو وجوود بـۆ ئەو مەعنا پێشووە بەکاردێ، کە بریتی بوو لە (کونُ الشيء مبدء لِإنتزاع الكَون والثبوت الإعتبـاری) هەروەها بۆ خودی (مبدءالآثار) یش بەکاردێ، چ (مبدء الآثار)ی موتلەق بێ، واتـە: (مبـدءالآثار)ی بە ئیجاد و ئیبداع، یا (مبدءالآثار)ی (بالعادة والإكتساب)، کە بەم مەعنا دەسـت ئـەدا بـۆ واجـب و مومکین، یا (مبدءالآثار)ی کامیل بێ کە تەنها واجبە. جا ئەلـبەت ئـەو کەسـەی دەڵـێت (وجـود) عەینی ماهییەتە مەبەستی لە (وجود) عەینی مەعنای (مبدءالآثار)ە.

تەماشای ئەم دوو مەعنا بکە، کە یەکەم برتییە لە (کـونُ الشـيء منشـأً لِـإنتزاع الوجـود والآثـار الخارجية) و دووەمیش بریتییە لە (مبـدءالآثار)، بـۆنی ئـەم دوو مەعنایـە دەدا لـە لـووتی خـاوەن هەست سەبارەت بە سیفەتەکانی خودای گەورە؛ بۆ نموونە: عیلم بـە دوو مـەعنا هـاتووە، یەکـەم (کشف) و دەرخستنی مەعلومات کە مەعنایێکی (اضافی) یە، بەم مەعنایە دەبێتـە (مشـتق منـە)، فیعلی وەک (یعلم) و ئیسمی فاعیل و ئیسمی مەفعوولی وەک (عالیم) و (مەعلووم)ی لێ دروسـت دەکرێ.

هەروەها بە مەعنای ئەو سیفەتە هاتووە کە سەرچاوەیە بۆ ئەو کەشف و ئیزاحە...

دیارە ئەو کەسە کە دەڵێت عیلم عەینی زاتـە مەبەسـتی ئـەم مـەعنا دووەمەیـە نـەک مـەعنا مەسدەرییەکە.

هەر بەو رەنگە دوور نییە عەقل ئەوە وەربگرێت: ئەو کەسە ئەڵێت وجوود عەینی زاتە مەبەستی مـەعنای (مبـدء الآثـار) بێـت و ئـەو کەسـەی ئەڵـێت وجـوود غـەیری زاتـە مەبەسـتی مـەعنا مەسدەرییەکە بێ. جا بەم مەعنایە ئیشتیقاق لە (وجـود) ئـەکرێ و ئـەتوانی بڵـێی (هـو موجـود) وەکوو لە سیفەتی عیلمدا بێجیاوازی.



١ـ ئەم سەرباسە تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەیە.
٢ـ (فخر الدين)ی رازی ٥٤٣ یا ٥٤٤ ـ ٦٠٦ی کۆچی.
٣ـ صحيح الترمذي/ ج ٩ ص (١٠٩ـ ١١٠) الطبعة الاولى / مطبعة الصاوي بمصر. سنة الطبع ١٣٥٣ ه ـ ١٩٣٤م.
٤ـ بە پێی پەراوێزی دەستنووسەکە دەتوانین بە (ئەنفەس) یا (ئەنفوس)ی بخوێنینەوە.
٥ـ لە نێوان (جۆگە) و (نەقد) لە لایەک و، (مەنبەع) و (کان) لە لایەکیترەوە لەف و نەشری مورەتەب هەیە.
٦ـ «پیبذوی پیی» شێوەنووسی دەستنووسەکەیە.

٧ـ «ام هردە او هردە» شێوەنووسی دەستنووسەکەیە. دەبێ بەمجۆرە بخوێنرێتەوە: (ئەم هەردە و هەردە) واتە: بیدەرە دەستی لێکۆڵینەوە و ئەمدیو و ئەودیو کردن و رای ئەم و رای ئەو. من بە دووری نازانم (ئەم هەردا و هەردە) بووبێت، هەر بە هەمان واتا.

٨ـ بروانە: العقیدة المرضیة. الطبعة الاولی ١٣٥٢ هـ مطبعة السعادة. بجوار محافظة مصر. ص ٩ فی الهامش. لە پەراوێزی دەستنووسەکەیشدا هێما بۆ ئەمە کراوە، هەروەها دەڵێت برۆ لە کتێبی ئەواندا بۆی بگەڕێ.

٩ـ چاپەکە دەڵێت: (لە هەر دواندا).

١٠ـ ئایەتی (٥٣) سوورەتی (فصّلت).

١١ـ ئایەتی (٢٨) سوورەتی (رعد).

١٢ـ واتە: موحتاجی دەکەی بە غەیر لە بووندا.

١٣ـ واتە: ڕێک کەوێ...تاد.

١٤ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا (احبار) ە، لە چاپەکەدا (اخبار) ە، لەوانەیە (اخیار) بووبی. هەرچۆن بێ هی دەستنووسەکە تەواوە.

١٥ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا بەمجۆرەیە کە من نووسیومەتەوە. لە چاپەکەدا نووسراوە: (هیە) = هییە و (وجودیە) = وجوودییە.

١٦ـ لە نوسخە چاپەکەدا ئەم بەیتە و بەیتی دوایین پاش و پێش کراون. ئەمەی ئێمە وەک نوسخە دەستنووسەکەیە، وابزانم ئەمە ڕاستە.

١٧ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لە پاڵ وشەی (وجود)دا نووسراوە: «فیە لطافة». واتە: هەڵدەگرێ (وجود) بە واتای (جیهان) و هەڵیش دەگرێ هەر (وجود)ە کە بێت کە باسی دەکەین. بەڵێ (سعدی)ی شیرازیش (وجود)ی بە واتای جیهان بەکار هێناوە و دەڵێت:

«بە جان زندەدلان (سعدیا) کە مُلک وجود
نیرزد انکە دلی را ز خود بیازاری»

١٨ـ ئەمەی کە دەیبینی هی دەستنووسەکەیە، لە نوسخە چاپەکەدا (بەر زات ئیحتیاج...) ە، بەلام لە دەستنووسەرەدا لەسەر کەلیمەی (واجب) نووسراوە (احتیاج ب) واتە [(احتیاج) بدل (واجب)] واتە: دروستە لەباتی (واجب) وشەی (احتیاج) دابنرێت. گومان لەوەدا نییە کە (ئیحتیاج) پڕ بە پێستی شوێنەکەیە، بەلام ئەگەر (واجب) یش بێ هەر مەعنای دێت و دەبێتە (مضاف الیە) بۆ (ذات)، لەم حالەدا کەلیمەی (هیچ) واتای (ئیحتیاج) دەبەخشێت؛ واتە: لە زیادبوونی وجوودی ئیعتیباری لەسەر زاتی باری هیچ جۆرە کەم و کووڕییەک ڕوو نادات، کەم و کووڕییەکەیش هەر ئیحتیاجی بە فاعیلە.

١٩ـ واتە: موراد بە عیلم مەبدەئی ئینکیشافەکە نییە، بەڵکو ئیزافەکەیە.



مبحث الوحدة [1]

گەردەلوول[2] تۆز کەسرەت هەڵـی‌کـرد
سـەفای لـە رووی جـام دەروونم لابـرد
دڵ خەفــەس لـــە نـــاو تــۆز و خاکــدا
بـــێ وەســـەر تەوحیـــد زاتی پاکـــدا
ئـەرچی بـۆ وجـوود نـەوعی دووەمـین
یـەک واجـب وجـوود کافیـە یـەقین
لەبـەر ئیسـتیغنا بـەو یەکـە بـێ‌شـک
بە خودا ناون هەردوو یـا ئـەم یـەک[3]
لاکین ئـەووەڵ جـار کـە پێـی نیـا نـاو
عـــەقل تەعـــەددود تێرێتـــە بـــەرچاو
بـــۆ لابــــردنی تـــۆزی وەسواســـــە
نـــەفیی تەعـــەددود بکریـــە خاســـە

ناون: نابن. تێرێتە بەرچاو: دەهێنێتە بەرچاو. بکریە: بکرێ، بکرێت. خاسە: چاکە، باشە.

واتە: بـە هـۆی درێـژەدان بـە باسـی عەینییـەت یـا زیـادەی وجـوود لەسـەر ماهییـەتی زاتی (واجب‌الوجود) گێژەڵووکەی تۆزی مەعنەوی هەڵی کرد و سـافی و روونی لـە رووی جـامی دڵـم لابـرد، دڵ خەفەیـە لـە نـاو تـۆز و خاکـدا، کەواتـە وەرە بـۆ سـەر باسـی تەوحیـدی زاتی پـاکی پەروەردگار:

جا هەرچەند بۆ دروست‌کردنی جۆری دووەمی (موجود) کە (ممکـن)ە یـەک (واجـب‌الوجـود) بەسە، ئەگەر کەسێ واجبێکی دووەم بکات بە هاوبەشی (واجب‌الوجـود) ەکـە، قەسـەم بـە خـودا،

لەبەر ئەوەی تەنها (واجب‌الوجود)ە راستەقینەکە بەسە، نە هەردوو واجبەکە بە یەکەوە و نە واجبە دووەمەکە نابن بە خودا و ئافەریدگار، بەڵام یەکەمجار کە عەقڵ پێی خستە مەیدانەوە و بیری کردەوە لە مەعنای (واجب) وای دادەنێ ئەفرادی زۆرە؛ بۆیە پێویست دەبێ لە پێناوی لابردنی تۆزی وەسوەسە و دوودڵی و ڕاڕاییدا یەکیەتیی خودای گەورە بسەلمێنرێ.

زانایانی زانستی (کلام) وتوویانە نابێ واجب نە بەشەکانی زۆر بن و نە تاکەتاکەکانی زۆر بن، واتە ئەبێ هەر یەک بێ، وتوویانە نابێ واجب تێکەڵ و راستییەکی خاوەن بەش بێ؛ چونکە هەموو شتێکی ئەجزادار موحتاجی ئەجزاکانیەتی، ئەجزاش بە غەیرە حسێب ئەکرێ و، هەرچیش موحتاجی غەیر بێ (ممکن)ی (خاس)ە و نابێ (واجب) بێ.

بە شێوەیێکی تر وتوویانە: ئەگەر (واجب) لە بەشەکانی تێکەڵ بێ یا بەشەکانی هەموویان یەکە یەکە (واجب‌الوجود) ن، ئەمەیش واتە زۆر بوونی واجب. خۆ ئەگەر بەشەکانی (واجب‌الوجود) نەبن ئەوەی لێ پەیدا ئەبێ کە واجب موحتاجی مومکین بێ، دیاریشە ئەو شتەی موحتاجی مومکین بێ زیاتر شایانی مومکینییەتە، چونکە موحتاج لە (محتاج الیه) پەسترە و ئەم ئیحتیاجییە پایەی زۆر دەهێنێتە خوارەوە.

هەروەها بە شێوەیێکی تر وتوویانە ئەگەر (واجب) لە پارچەپارچە و بەش‌بەش پێک‌هاتبێ ئەو بەش و پارچانە یا پێویستییان بە یەکتر هەیە یا نا، ئەگەر پێویستییان بە یەکتر بێت ئەوە واتە مومکینن، ئەنجامی ئەمەیش ئەوە دەبێ کە واجبەکەیش مومکین بێ، چونکە شتی لە مومکینات پێکهاتوو مومکینە.

خۆ ئەگەر ئیحتیاجییان بە یەکتر نەبێ ئەوا نابێ حەقیقەتێکی تەنها لەو بەشانە دروست بێ؛ چونکە بەشەکانی مورەککەبی راستەقینە پێویستە هەموو موحتاجی یەکتر بن.

دەربارەی زۆریی ئەفراد وتوویانە: نابێ (واجب‌الوجود) ئەفرادی زۆری هەبێ؛ چونکە ئەگەر ببێ پێویستە هەر تاکێک دیاری و جیاواز بێ لەوی تر. هۆی ئەم دیاری بوون و جیاوازییەش نابێ خودی ماهییەتی واجب یا شتێکی لازمی ماهییەتی بێ، ئەگەر وابوایە ئەفرادی ئەو ماهییەتی (واجب‌الوجود)ە زۆر نەدەبوون.

کەوابوو هەر ئەوە دەمێنێتەوە کە هۆی دیارییەتی و جیاوازیی ئەو ئەفرادانە شتێکی لە ماهییەتی واجب بەدەر بێ، ئەمەیش مەحاڵە چونکە ئەوەی لێ دێتە ئەنجام کە (واجب‌الوجود) واجب نەبێ، دیاریشە هەر شتێ موحتاجی لە خۆی بەدەر بێ هەرگیز (واجب‌الوجود) نابێ.

بە شێوەیەکی‌تر فەرموویانە ئەگەر (واجب‌الوجود) زیاتر لە فەردێکی هەبێ پێویستە هەر فەردێکی دیارییەتی هەبێ، لەم کاتەدا یا لە نێوان دیارییەتی و وجووبی وجوودیا لزووم ئەبێ یا نا، ئەگەر لزووم لە نێوانیاندا نەبێ ئەبێ دروست بێ کە وجووبی وجوود بە بێ دیارییەتی (تعین) ببێ، ئەمەیش مەحاڵە، چونکە هەموو (واجب‌الوجود) دەبێ دیاری (متعین) بێ. هەروەها ئەبێ دروست بێ دیاریەتی (تعین) بە بێ(وجوب) ببێ، ئەمەیش مەحاڵە چونکە وجووب لەو ماهییەتە دیارییە جیا نابێتەوە و ماهییەتی واجب هەمیشە لەگەڵ وجووبدایە، بەڵکو ئەنجامی (تعین)ی بێ‌وجووب ئەوە دەبێت کە ماهییەتی واجب مومکین بێ. وە ئەگەر لە نێوان وجووب و (تعین) ەکەدا لزووم هەیە و لە یەکتر جیانابنەوە، لەم بارەدا ئەگەر وجووب لە (تعین) ەکەوە پەیدابووبێ ئەنجامەکەی دەبێتە پێشکەوتنی وجووب لەسەر خۆی، چونکە پێویستە بوون و وجووبی عیللەت لە پێش بوونی مەعلوولەوە بێت، واتە: ئەو (تعین)ە کە هۆی وجووبە ئەبێ لە پێش وجووبدا لەگەڵ ماهییەتی واجبدا هەبێ، بێجگە لەمەیش خراپەیەکی‌تری لێ پەیدا دەبێت ئەوەیش ئەوەتە کە عیللەتی وجووبی واجب غەیری زاتی واجب بێ. خۆ ئەگەر (تعین) ەکە لە وجووبەوە پەیدا ببێ یا (تعین) و (وجوب) هەردووکیان لە زاتەوە پەیدا ببن، لەم حاڵەدا پێچەوانەی ئەوە دێتە جێ کە بڕیار دراوە؛ تۆ وات بڕیار دابوو کە واجب ئەفرادی هەیە، کەچی کە (تعین) لازمی زات بێ قابیل نییە ئەو ماهییەتە دوو فەردی ببێ.

وە ئەگەر (وجوب) و (تعین) هەردووکیان بە شتێکی لە زات جیا پەیدا ببن ئەوا ئەنجامەکەی ئەوە دەبێ کە واجب واجب نەبێ، چونکە (تعین) و (وجوب) ەکەی لە شتێکی لە واجب جیا پەیدابوون و، ئەو واجبە موحتاجی شتە جیاکەیە، دیارە هەر شتێکی موحتاج بە ئەمری جیا لە خۆی مومکینە.

زانای پایەبەرز مەلا جەلالی دەووانی لە شەرحی (عقایدی عضدیه)دا دەفەرموێ: «لای حوکەما (وجود)ی خودای گەورە و (تعین) ەکەی عەینی زاتی خودایە، کە (تعین) و (وجود) عەینی زات بێ پێویستە ماهییەتی خودای گەورە (جزئی)ی (حقیقی) بێ و ماهییەتی (کلّی) نەبێ، نە ماهییەتی نەوعی و نە ماهییەتی جینسی، چونکە ئیسبات کراوە ئەگەر (تعین)ی (حقیقەت) عەینی حەقیقەتەکە بێ ئەوا ئەو حەقیقەتە جوزئیی حەقیقی دەبێ، وە ئەگەر (تعین) ەکەی زیاد بێ لەسەر ماهییەت ئەوا حەقیقەتەکە (کلّی) ئەبێ، جا ئەگەر (تعین) ەکە لازمی ئەو ماهییەتە بێ

ئەوا ئەو ماهییەتە (کلّی منحصر فی الفرد) ئەبێ، خۆ ئەگەر (تعین) ەکە لازمی ماهییەت نەبێ ئەوا ماهییەتەکە (مشترک) دەبێ لە نێوان ئەفرادی زۆردا. ئەمەیش شتێکی ئاشکرایە».

جا مەولەوی؛ رەحمەتی خودای لێ بێ؛ بۆ گوشادکردنەوەی مەیدانی ئەم باسە تەنازولی کردووە لەوە و بڕیاری ئەوە ئەدا کە ئەگەر واجب (کلی) یش بێ هەر پێویستە (منحصر)ی (فی‌الفرد) بێت، وەکوو لەم هۆنراوانەی خوارەوە دەرئەکەوێ کە ئەفەرموێ:

(واجب‌الوجود) کونهی مەخفییە
راسە نایزانین، زانیاگ نییە،
لاکین دەزانین یەک حەقیقەتە [٤]
ئەم زانینیچە بە حەقیقەتە
بۆچ؟ حاکی لە ئەو هەر مەفهوومێکە
یەقینە ئەڵبەت، مەحکیچ یەکێکە
بۆچ؟ ئەو یەک مەعنا ئەرسەد کوللییە
تەسەووری مەنع شەریکی نییە
ئایا زاتی وێ بۆ (ماتحت)ی خۆی
یا عەرەزی وێ، تەفاووت نەکەی،
حیکایەت ناکرێ، زەریفی بشنەو،
ئومووری کەسیر موختەلیف بە ئەو
مەر موشتەریک ون لە چشتێدا گشت؛
لە گشتیاندا مەوجوود وێ ئەو چشت
هەر ئەو یەک چشتە مەحکییە (بالذات)
حیکایەت لەوان (بالتبع) دەکات
لەمەدا چ تۆز شوبهە و شکێکە [٥]
مەحکیی ئەو تەنیا مەعنا یەکێکە
هەرگاه کە مەحکی یەک حەقیقە بوو
چونکە حاکیی ئەو بەو تەریقە بوو

ئەگــەر بــۆ فــەردی بــوێ تەکەســـور
(خارجـــاً کمـــا حیـــث التصـــور)
پــەس بــە ئەمرێکــە تــەمیزی ئــەفراد
لـــەو ماهییەتـــە موشـــاعە زیـــاد
تەعــەیون بــە نــەفس ئــەو ماهییەتــە
ناوێ؛ ماهییــەت چونکــە یــەک چشــتە
تەعەیيون ئـەر لـەو تـەرەتتوب کـەوێ
چلـۆن تەعــەددود بــۆ فــەردی دەوێ
لــە تەعــەیيون‌دا ئــەوا بــوو ئیســـبات
حاجــەت بــە ئــەمرێ زیــادە لــە زات
تەعــەیيونیچ خـــۆ راســـە و جازیمـــە
دەگەڵـــــی وجـــــوود موتەلازیمــــە
لازم بـــوو نـــەبوو واجـــبی مـــەعبوود
(ذاتــهٌ بالـــذات) مەبــدەء بــۆ وجـــوود
(هَــف) یــانی: (هــاذا): ئــەم لازمییــە
(خلــفٌ): خــیلافی فــەرزی ئێمەیــە [٦]
پایـــانی ئەمـــە بـــە باتیـــل زانـــە
بــۆچی؟ ئیحتیــاج (خاصــە)ی ئیمکانــە

زانیاگ: زانیاو. زانینیچە: زانینیشە. ئەرسەد: ئەگــەرچی. وێ: بــێ. بشــنەو: ببیســە. موشــاع: موشتەرەک. ناوێ: نابێ. ئەر: ئەگەر. کەوێ: بکەوێ، لێی پەیدا بێ. زانە: بزانە.

واتە: کونهی حەقیقەتی (واجبالوجود) لە ئێمە پۆشراوە و نایزانین، بەڵام بە راستی ئەزانین کە یەک حەقیقەتە، چونکە (حاکی) و گەیێن و روون‌کەرەوەی ئەو حەقیقەتە تەنها شتێکە موناســب و گونجاو بۆ حەقیقەتی ئەو، ئەوەیش (واجبالوجود)ە. جا مادام (حاکی) یــەک مەفهوومــە پێویســتە (محکی) یش یەک شت بێت. (واجبالوجود)، ئەگەرچی (کلّی)یە و (تصوّر)ی (کلّی) مــانیع نییــە لەوەی کە ئەفرادی زۆر تێیدا هاوبەش بــن، چ زاتی بــێ بۆیــان یــا عــەرەزی، نابێتــە (حــاکی) لــە

ئەفرادی زۆر وەک زەید و عەمر...تاد، مادام (حاکی) یەکە ئەبێ (محکی) یش یەک مەفهووم و یەک چشت بێ.

بۆ نموونە ئەگەر بلێین (واجب‌الوجود) حاکییە و مەفهوومی (الباری تعالی) مەحکییە و لە ژێر مەفهوومی (الباری تعالی)دا چەند فەردێکی واجب هەیە، ئێمە بە دەلیل ئیسباتی ئەوە دەکەین کە مەحالە مەحکی واتە (الباری تعالی) چەند فەردی هەبێ، ئەڵێین ئەگەر ئەو مەحکییە لە خاریج و واقیعدا ئەفرادی زۆری هەبێ، وەک لە (تصوّر)ی عەقڵدا ئەبێ ئەو ئەفرادانەی (متميّز) بن و لە یەک جیا بکرێنەوە، (تعيّن) و جیابوونەوەیەک کە لە ماهییەتی مەحکییە موشتەرەکەکە زیاد بێ و عیللەتەکەیشی نەفسی ماهییەتە موشتەرەکەکە نەبێ؛ چونکە ئەو ماهییەتە موشتەرەکە یەک چشتە، ئەگەر هۆی (تعين) ئەو بوایە ئەفرادی زۆری نەدەبوو، کەوابوو ئەبێ هۆی ئەو (تعين)ە شتێ بێ بەدەر لە ماهییەتە موشتەرەکەکە، خۆ لای حوکەمایش (تعين)ی (باری) و (وجود) ەکەی (متلازم) ن، لێرەیش ئەنجام وای لێ هات مادام (تعين)ی ئەو ماهییەتە لە شتێکی خاریجەوە بێ ئەبێ (وجود) ەکەیشی لە شتێکی خاریجەوە بێ، ئەوا دەرکەوت ئەگەر ماهییەتی واجب ئەفرادی هەبی ئەبێ (تعين) و (وجود)ی لە غەیری زات و حەقیقەتی واجبەوە وەربگرێ و (واجب‌الوجود) مەبدەء نەبێ بۆ (وجود) و (تعين)ی خۆی و لە غەیرەوە وەریان‌بگرێ، ئەمەیش پێچەوانەی ئەوەیە ئێمە بڕیارمان دا کە (واجب) خۆی (بالذات) مەبدەئە بۆ (وجود) و (تعين)ی نەک شتێکی‌تر و بەڵکو هەر عەینی زات بن. هەروەها لازم هات کە (واجب‌الوجود) مومکینی خاس بێ چونکە دەرکەوت کە لە (وجود) و (تعين) یدا پێویستی بە غەیری خۆی هەیە، هەرچیش لە وجوود و تەعەیيونیدا پێویستی بە غەیری خۆی بێ مومکینی خاسە.

بەڵ ئەر تێ فکری دیسان لازم هات،
هەروەک ئیحتیاج، تەرەککوب بۆ زات
(أي ممّا بە الاشتراکُ کان
و ممّا بە الامتیازُ بان)
ئەگەر بپرسی بۆچی (واجبَین)
یەک ماهییەت ون یا موختەلیفەین
لە وجووبدا شەریکن هەردوو
ئەویچ یەک مەعناش خۆ لێت مەعلووم بوو

کە مەئخووز ناوێ یەکێ لە ئەمرەین
مەگەر لە چشتێ (مشترک فی البین)
بوێ وە مەئخەز مەبدەء بێ‌گومان
ئەو چشتە بۆ ئەو یەک مەعنا وتمان
کە ئیشتیراکت لەوێ‌دا دا ساز
ئەمرێ تر (لابدّ) بوو بۆ ئیمتیاز
بۆچ؟ شەیئی واحید قەد ناوێ بە عەین
لەبۆ ئەمرەینی موتەغایرەین
لەبەر یەک حاکی مەحکی واحید بوو
ئیمتیاز بە ئەمر لە زات زائید بوو
لازم هات تەرکیب (بلا تردّد)
وەک حاجەت (بنا علی التعدد)
بەم خولفە لە گەرد کەسرەت لازم بوو
وا گەردی کەسرەت لە رووی دڵ لاچوو
لەسەر دۆشەکەی لە کەسرەت پاکی
گوێ رادێر خۆش‌خۆش لە مەحکی و حاکی
بنوو وە تەوحید ئەو بێ‌چوونەوە
وە گۆڕ شوبهەی (بن کمونە) وە
ناگونجێ دیتر تەقریری زائید
کەلام بێتە سەر بەحسی عەقائید
سەردی مەسائیل بوێ وە تەفسیل
ئەغلەب بێ‌دەلیل، جارجارێ دەلیل
تەهزیبی کەلام نەکەین زەریفە
بەحسی سیفات و زاتی شەریفە

قەنـد تـا موکـەڕڕەڕ، موشـک تـا وەکـۆتر
مـــەزاق شـــیرین‌تـــر، دەمـــاغ خۆشـــبۆتر

بەڵ: بەڵکو. ون: بن. ئەویچ: ئەویش. گویٚ رادێر: گویٚ رابگرە. بنوو: بخەوە. دا سـاز: ساز دا. وەکۆتر: بە کۆمەڵ‌تر.

واتە: ئەگەر باش ورد ببیتەوە هـەروا لازم دیٚ کـە ماهییـەتی واجـب مورەککـەب بـیٚ لـە (مـا بەالاشتراک و ما بەالامتیاز) جا ئەگەر ئەپرسی بۆچی؟ ئەڵێم لەبەر ئەوە کە دوو واجـب، چ فـەردی یەک ماهییەتی نەوعی بن وەک زەید و عەمر بۆ ئینسان، یا بەشی دوو ماهییـەتی نـەوع جیـا بـن وەک ئینسان و شێر، مادام لە وجووبی وجووددا هاوبەشن، ئەویش یەک مەعنایـە کـە تـەعبیر لـە زاتی باری ئەداتەوە و ئەویش یەک مەعنایە، یەک مەعنا لە دوو شـت وەرنـاگیریٚ ئـیللا بـە هـۆی چشتێکەوە کە موشتەرەک بیٚ لە بەینی ئەو دوانەدا و ببێتە (محکی)ی (بالذات) بۆ ئەو (حاکی)یـە کە وتمان. مادامیش ئیشتیراکی ئەو دوو واجبەت لەو (محکی) یا سازدا پێویستیشـت بـە (ممیـز) دەبیٚ بۆ جیابوونەوەی هەرکامیان لەوی تر؛ چونکە تاقە شتێکی موشتەرەک نابێتە حەقیقـەتی دوو فەردی (مختلف الهویة) چ جایێ دوو فەردی (مختلف النوعیة) ئـەوا بـەبیٚ تـەڕەددوود ئـەوە لازم هات کە (واجب‌الوجود) تێکەڵ بیٚ لە موشتەرەک و مومەییز، هەروەها لازم هات واجب موحتـاجی غەیر بیٚ، ئەمانەیش بە ئاشکرا بۆ واجب مەحاڵن.

جا بە هۆی ئەم خولف و فەسادەوە کە لە تـۆزی زۆریـی ئـەفرادی واجبـەوە لازم هـات، تـۆز و گەردی زۆری ئەفرادی واجب لە دڵما نـەما و بـاوەڕم کـرد کـە بـە راسـتی (واجـب‌الوجـود) تاقـە فەردێکە.

جا پاش ئەو شادی و دڵگوشادییە لەسەر دۆشـەکەی پـاک لـە قەرەباڵـغی زۆری بـە خۆشـی و ڕێک‌وپێک گویٚ لە مەحکی و حاکی بگرە و بە باوەڕی خودا بە یەک ناسینەوە بخەوە، ئەو خودایە کە بیٚ‌چەند و چۆن و مانەند و وێنەیە، ئیتر گویٚ مەدەرە ئەو قسە پڕوپووچانەی لە (ابن کمونـە)ی جوولەکەیەوە دەگێڕنەوە.

گوایا (ابن کمونە) وتوویەتی: ئیحتیمـالی ئـەوە هەیـە ئـەو دوو فـەردی واجبـە دوو ماهییـەتی واجبی بەسیت بن و وجوود و تەعەییون عەینی زاتیان بیٚ، دیارە کە بەسیت بن (ما بە الاشـتراک) و (ما بە الامتیاز) پێویست نییە.

بەرپەرچ دانەوەی ئەم شوبهەیە لەبەر رووناکیی کەلامی مەولەوی بەوە ئەبێ کـە (حـاکی) وەک مەفهوومی (واجب‌الوجود)، زاتی بێ یا عەرەزی حیکایەت لە یەک مەعنای وا دەکا کـە بـریتی بـێ لە حەقیقەتی (واجب تعالی) چونکە واجب‌الوجود وەها تەماشا ناکرێ کە مـەفهوومێکی ئیعتیبـاری بێ وەک (مطلق‌الوجود) یا (مطلق‌الموجـود) بەڵـکو وەهـا ئیعتیبـار ئـەکرێ کـە تـەعبیر بـێ لـە حەقیقەت و زاتی خودای گەورە، جا مادام ئەو دوو فەردە لەو حەقیقەتەدا هاوبـەش بـن پێویسـتە هەرکام لەوان (ممیز) ێکی تایبەتیی راستەقینەی هەبێ کە لە فەردەکـەی‌تـری جیابکاتـەوە، بـەم شێوە تەرکیب لە حەقیقەتی واجب‌دا پەیدا ئەبێ، ئەوەیش مەحاڵە.

بێجگە لەمە کابرا هەر تەماشای لزوومی تەرکیبی کردووە، ئیتر خۆی لـەوە گێـل کـردووە کـە وجووبی وجوود لە سیغەی (الواجب)دا شیعاری کەمالی موتڵەقە و، کەمالی موتڵـەق مانیعـە لـەوە بەرامبەر بەو واجبێکی دووەم هـەبێ. هـەروەها کـەمالی موتڵـەق ئەوەیـە کـە بـە هـەموو حاڵـێ واجب‌الوجود (محتاج الیه) بێ، دیارە لە حاڵەتێکدا دوو واجب پێکەوە بـن دەبـێ هـەر یـەک لـەو دوانە (محتاج الیه) بێ؛ چونکە واجب‌الوجودە وە لـە هـەمان کاتـدا (مسـتغنی عنـە) بـێ، چونکـە ئیکتیفا بەوی‌تریان ئەکرێ، وا لە یەکەیەکەی ئەو دوو واجبـەدا کۆبوونـەوەی دوو دژ رووئـەدا کـە ئیحتیاج و ئیستیغنایە و، کۆبوونەوەی دوو دژیش مەحاڵە.

هـەروەها تەماشـای ئـەوەی نـەکردووە مـادام ئـەو دوو ماهییەتـە بەسـیتە هـەردووکیان (واجب‌الوجود) ن وجووبی وجوود (اخص) و (الـزم)ی ئەشـیایە بۆیـان چـۆن ئـەبێ ئـەو دوو زاتـە پێوەندییان بە یەکەوە نەبێ و حەقیقەتێکی شامیل بۆ هـەردووکیان نـەبێ ئێمـە تەماشـا ئەکـەین مادام زەید و عەمر لە ئەوسافدا موتەناسیبن ئەڵێین هەردووکیان ئینسانن، وە مادام ئینسان و شێر هەردووکیان حەسساسن ئەڵێین هەردووکیان حەیوانن، وە مادام ئینسان و درەخت هـەردووکیان نەشـونوما دەکـەن ئەڵـێین هـەردووکیان جیسـمی نەشـونوماکەرن، وە مـادام ئینسـان و نـەفس هەردووکیان (قـائیمی بالـذاتن) خۆبـەخۆ هـەن و بـە شـتێکەوە نـەلکاون ئەڵـێین هـەردووکیان جەوهەرن، وە بەم جۆرە مادام ئـەو دوو زاتـە هـەردووکیان (واجـب‌الوجـود) ن ئـەبێ حەقیقـەتی شامیل بۆ هەردووکیان ببێ وەکو (الاله) یا وێنەی ئەو.

ئەگەر رەخنەگر بڵێت: قابیلـە ئیشـتیراکی ئـەو دوو زاتـە بەسـیتە وەکـو ئیشـتیراکی زەیـد و کەیفیاتی نەفسییەی ئەو بێ لە وجووددا و هیچ زاتییەک نییە بۆ ئـەو دوانـە، لـە وەڵامـدا ئەڵـێم: وجووبی وجوود عەرەز نییە و ئیشتیراکی زەید و عەمرە لە (الحیوان النـاطق) دا، وە ئـەو کەسـەی

ئەڵێت وجووبی وجوود عەینی ماهییەتی خودای گەورەیە مەبەستی وجووبی بـە شـێوەی عـەرەز نییە، بەڵکو مەبەستی لە وجووب زات و حەقیقەتە.

شایانی باسە لە فەرموودەکەی (مەولەوی) دا، کە دەڵێت «گوێ رادێر خۆش‌خۆش لـە مـەحکی و حاکی»، لەتافەت هەیە، یەکێ لە مەعناکانی ئەوەیە کە لە پێشەوە باسی کرد: حاکی مـەفهوومی (واجب‌الوجود) و مەحکی ئەو حەقیقەتە بوو کە موشتەرەکە لە بەینی دوو زاتە واجبە بەسیتەکەدا.

مەعنای دووەم: حاکی نەفسی (مەولەوی) خۆیەتی و مەحکیش ئەو تـەقریرە جوانەیـە کـە لـە بابی تەوحید و رەد دانەوەی قسەکەی (ابن کمونە)دا بۆی گێڕاینەوە.

دوور نییە مەبەستیش ئەوەبێ: مادام بەم باسە کە من بۆم کردی لـە ئیشـکال و شـوبهەی ئـەم جۆرەکەسانە رزگار بووی ئیتر بۆ خـۆت بـە دڵخۆشـی بنـوە و گـوێ بگـرە لـە حیکایـەت‌خوانـێ حیکایەتت بۆ بکات هەتا باش خەوت لێ بکەوێ.

لێرەدا چەند دەلیلێکی جوان بۆ یەکیـەتیی زاتی خـودای گـەورە لـە زانایـانی (مـتکلمین) ەوە دەگێڕنەوە:

یەکەم: ئەگەر دوو خودا ببن، کە هەردووکیان خـاوەنی سـیفاتی تـەواو بـن، کاتـێ کـە نیـازی دروست‌کردنی شـتێکیان کـرد. وەکـو جووڵانـەوەی زەیـد لـە شـوێنێک لـەم حاڵـەتەدا یـا ئـەو جووڵانەوەیە بە هەردووکیان ئەکرێ ئەمەیش دەبێ شتێکی تەنها لە ژێر دەستەڵاتی دوو تـەوانای تەواودا بێ، ئەمەیش مەحاڵە چونکە هێزی خودایی بەش‌بەش ناکرێ و کـەم و زیـادی نییـە و بـۆ ئیجادی هەر مومکینێ لە مومکینات تەعەللوقی پێیەوە کافییە. وە ئەگەر بە یەکێ لەو دوانە ئـەبێ لازم دێ (تەرجیحی بـلا مـرجّح) چونکـە ئـەوەی دەبێتـە هـۆی قادریـەت زاتی خودایـە و هـۆی مەقدوورییەتیش ئیمکانی مومکینـە و نیسـبەتی مومکینـات بـۆ لای ئـەو دوو خودایـە یەکسـانە و بێ‌فەرقە، کەوابێ ئیش‌کردنی یەکێکیان بە تایبەتی هەڵەیە.

دووهەم: ئەگەر دوو واجب ببن کاتێ کە یەکێکیان خواستی جووڵانی زەیدی هەبوو، ئەویتریان خواستی لەسەر جووڵانی نەبوو لەم حاڵەدا یا خودای دووەم ئەتوانێ دەست بێنێتە رێـی یەکـەم و مەنعی بکات یا نا، ئەگەر نەتوانێ واتە: بێ‌دەستەڵات و داماوە، بێ دەستەڵاتییش بۆ خودا مەحاڵـە، ئەگەر ئەتوانێ مەنعی بکات یا ئارەزوو خواستی هەردووکیان دیتە جـێ لەمـەوە لازم دێ (اجتمـاع الضدین) واتە کۆبوونەوەی دوو دژ، یا هیچ خواستێ نایەتـە جـێ، ئەمـەش واتـە بـێ‌دەسـتەڵاتیی

هەردووکیان، یا یەکێکیان ئەبێ، کە مانای وایە ئەویتر بێدەستەڵاتە، هەروەها دەبێتە (ترجیحی بلا مرجّح) ئەم دەلیلە پێی دەڵێن (دلیل التمانع).

ئایەتی پیرۆزی (لو كان فیهما آلهة الا الله لفسدتا) هێمایە بۆ ئەم دەلیلە.

ئەگەرچی لای هەندێ کەس دەلیلێکی ئیقناعییە و بورهان نییە گوایا لەسەر یاسای عادەت دامەزراوە، ئەگەرنا لەوانەیە ئەو دوو خودایە بکەونە یەک و هەر ئیشێ کە بیکەن بە خواستی هەردووکیان بێ.

بەڵام ئەگەر بە راستی تەماشای ئەم ئایەتە بکرێت بورهانە و دەلیلێکی قەتعییە، چونکە ئەگەر دوو خودا ببن لە حەدی زاتی خۆیاندا تەمانوع لە ناویاندا مومکینە، هەر چەند (بالفعل) ئەو تەمانوعە نەبێ، ئیتر لە ئیمکانی تەمانوعیانەوە ئیمکانی عیجزی هەردووکیان دێتە جێ و لازم دێت کە هیچیان خودا نەبن، چونکە بێدەستەڵاتی بۆ خودا مەحاڵە، جا کە هیچیان خودا نەبوون دیارە ئەم جیهانە بە بێ کردگار و فاعیل نابێ و، دەبوا هەرگیز ئەم جیهانە نەبوایە، خۆ ئاشکرایشە کە جیهان هەیە و لەبەر چاودایە، کەوابوو خودا هەیە و تاقە خودایێکیشە.

سێهەم: ئەگەر دوو (واجب‌الوجود) ببن، ئەگەر هەر دوو رێک بکەون و پێکەوە کار بکەن ئەوە مەعنای ئەوەیە دوو فاعیل لەسەر یەک کار کۆ ئەبنەوە، ئەگەر ناجۆریش بن و هەر یەک بە لایەکدا رای بکێشێ تەمانوع روو دەدا، دیارە ئەم دوانە هەردووکیان تەوارود و تەمانوع مەحاڵن.

چوارەم: هەر کاتێ تاقە (واجب‌الوجود) ێ هەبێ ئەوە بۆ هەموو ئیبداع و ئیجادێ ئیکتیفای پێ ئەکرێ، ئیتر واجبی دووەم زیادە و بێ‌سوود دەردەچێ، شتی زیاد و ئیحتیاجی پێ نەبوویش بۆ خودایەتی ناشێ.

پێنجەم: مادام ناردنی پێغەمبەران لەسەر یەکیەتی خودا رانەوەستاوە دروستە بەو دەلیلە (سمعی) یانەی لە پێغەمبەری خۆمان و پێغەمبەرانی‌تر بیسراون یەگانەگیی خودا بسەلمێنرێت و (دَور) روو نادات؛ بۆیە دەتوانین بڵێین بە پێی رەهنومایی قورئان و پێغەمبەران، کە راستگۆییان بە موعجیزە سابت بووە، خودا یەکە؛ چونکە ئەمانە هەموو لەسەر یەگانەگیی خودای گەورە پێکهاتوون.

شەشەم: کە یەگانەگی نەبێ ژمارە دێتە پێشەوە، کە تەرجیح بۆ عەدەدێ نییە پێویستە هەموو عەدەدێ بەتاڵ بێت و بڕیاری تاکی و تەنیایی خودای گەورە بدرێ.

لە پاشاندا (مەولەوی) دەفەرموێ: «ناگونجێ دیتر تەقریر زائید» واتە: لەمە زیاتر تەقریری دەلیلی تەوحید لێرەدا ناگونجێ، چونکە ئەم هۆنراوە کورتە کتێبێکە جێگەی درێژەدان بە باس نییە، با ئیتر باسی بیروباوەڕ و ئەرکانی ئیمان بکەین و مەسەلەکان بهۆنینەوە بە ڕەسایی، لە گەڵێ شوێندا بێ‌دەلیل و جارجاریش لەگەڵ دەلیل‌دا، لەم باسانەدا زۆر تەهزیبی کەلام نەکەین چاکە، چونکە شوێنی باسی سیفاتی خودای گەورەیە و پێویستە بە ڕووناک‌کردنەوە، بێ‌گومان ئەم باسە وەک قەند وایە تا ساف‌تر بێ شیرینی زۆرتر ئەبێ و، وەک میسک وایە تا بەکۆمەڵ‌تر بێ بۆنی خۆشتر ئەبێ.



١ـ ئەم سەرباسە لە دەستنووسەکەی بەردەستماندا نییە، خوالێ‌خۆش‌بوو محیی‌الدین سەبری نعیمی لە چاپەکەی خۆیا نووسیویە، دوور نییە لە نوسخە دەستنووسەکەی بەردەستی ئەودا بووبێت. شایانی باسە ئەو سەرباسەکەی خستووەتە دوای «گەردەلوولی تۆز» بەلام ئێمە پێش‌خستنیمان بەڕاست زانی.

٢ـ لە دەستنووسەکەدا (گردَە لول) نووسراوە، ئەگەرچی چاپەکە (گەردەلوولی) نووسیوە.

٣ـ لە دەستنووسەکەدا لە پاڵ وشەی (بەخودا)دا نووسراوە (فیە لطافة) واتە: بە خودا قەسەم، یان هەردووکیان نابنە خودا...تاد.

٤ـ لە چاپەکەدا «دیزانین» = (دەیزانین) ە، دەستنووسەکە تەواوترە.

٥ـ چاپ و دەستنووسەکەیش «چە» یان نووسیوە. کە بە ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی دەبێتە (چ).

٦ـ (هف) شێوەنووسێکی کۆنە و کورت‌کراوەی (هذا خلف)ە و، لەباتی (هذا) پیتی (هـ) و لەباتی (خلف) پیتی (ف) دانراوە. (هذا خلف) واتە: ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە بڕیارمان دابوو. (مەولەوی)ی زانا، هەر لە شیعرەکەدا، بێ‌گوێ‌دانە تەسکیی ڕێ و شوێنی شیعر، واتای (هف)ی بۆ ڕوون کردووینەتەوە، دەڵێت ئەمڕۆ لە بەرچاو بووە بۆیە مەعنای لێ داوەتەوە ئەگینا ئەوسا ئەم مەعنالێدانەوەی نەویستووە.



مبحث الایمان بالله تعالی [1]

دەمـێ دووبـارە لـە ئیمـان بـدەین
موتەعەلـقی ئیمـان بـەیان کـەین
ئەرچی پێی ئیجمال ئـەر بێرینـە بـەین
موسـتەفاد دەوێ لـە شـەهادەتەین
لاکـین موافیـق حەدیسـی رەسـوول
مونحەسیر بووگە لەسەر شەش ئوسوول

واتە: ئەگەرچی لە پێشەوە تەعریفی ئیمانمان کرد با دووبارە دەمێکی لێ بـدەین و روکنـەکانی بەیان بکەین، واتە ئەو شتانەی ئیمان پێیانەوە بەسراوە بەیانیان بکەین... جا ئەگەرچی ئەگەر پێی ئیجمال بهێنینە مەیدان و بمانەوێ لە کورتی بیبڕینەوە ئـەوەی ئیمـان پێوەنـدی پێیـەوە هەیـە هەمووی لە دوو کەلیمەی شەهادەتەوە دەردەکەوێ؛ چونکە کەلیمەی یەکەم ئیمـان بـە خـودای تێدایە و کەلیمەی دووەم ئیمان بە پێغەمبەری تێدایە و ئیمان بە پێغەمبـەریش دەکێشـێتەوە بـۆ ئیمان و باوەڕ بە هەرچی ئـەو فەرموویـەتی، بـەڵام بـە پێـی فـەرموودەی پێغەمبـەر(د.خ) ئیمـان کۆکراوەتەوە لە شەش ئەسڵدا وەکوو فەرموویەتی:

«الایمان أن تؤمن بالله و ملائکته و کتبه و رسله و بالیوم الآخر و بالقدر خیرِه و شرّه».

[الاصـل الاول مـن الاصـول السـتة][2]

ئەسڵـی ئەووەڵـمان بـزان بـە یـەقین
بـاوەڕە بـە حـەق (رب العـالمین)
چلـۆن بـاوەڕێ؟ ئینکـار مـەلوول کـا
وە رووی کـوفرەدا چـاک گـەردەلوول کـا
نەسـیمی ئونسـی لێـت دا لەسـەردا

خاشـــــاکی نەفســـــی لاوا لەبــــــەردا
شــــەفەوی لـــــە دەم دڵــــت بســــێنێ
یــــادی لێــــوار و کــــەنار نــــەمێنێ (٣)
لــــە گــــەردی نوختــــەی ســــیاه و ســــفید
پاکــت کــا هــەروەک کەلیمــەی تەوحیــد
ئــــەر هاتییــــەوە بــــاز وە بــــەقاوە
وە بــــۆی موحەممـــــەد رەسولوڵــــلاوە
ئــــەر ســــەد کــــەنارە و دەوێ شــــەفەوی
قــــابیلی نوختــــەی تەعــــەللوق نــــەوی
دانیشــــە لەســــەر ســــەجادەی ئیرشــــاد
بــــۆ تەزکییــــەی نــــەفس تــــەکمیلی عیبــــاد
(لی مــــع الله...) وەک مەلــــــەکووتی
جێبێڵ، بێر ئەسەر[بێرە سەر] وەسفی ناسووتی

شەفەوی: ئەو حەرفانەی بە لێو ئەوترێن وەک فێ، میم، بێ. ئەرسەد: ئەگـەرچی. گـەرد: تـۆز. سیاه: رەش. سفید: سپی. لێوار، کەنار: قەراخ (حافّە). باز: دووبـارە. جـێبـێڵ: جـێبهێڵـە. بێـر ئەسەر: وەرە بۆ سەر.

واتە: ئەسڵی یەکەممان باوەڕە بە پەروەردگاری جیهان، باوەڕێکی ئەوەندە بـەهێز و بـە تـەوژم بێ، ئینکـار و بـێبـاوەڕی ئاڵـۆز بکـات و هەڵـبڕێ و بیـڕفێنێ و بـە رووی کـوفر و بـێئیمانیـدا گەردەلوول بکات و سەری لێ تێک بدات و لە ناوی بەرێت. جا لە پاش لە ناوبردنی ئینکار و کـوفر لە خەلات و بەراتی ئەم سەرکەوتنەدا سـروەی نەسـیمی پێوەنـدی لەگـەڵ خـودای گـەورەدا لـە ئاسمانی قودسەوە بەسەرتا بباریێ و بدا لە کشتوکاڵی هەستیت و، هەرچی خەوش و خاڵی کـار و کرداری نەفسی ئەممارە هەیە لە بەردەمتا لای ببا، هەروەها ئـەو نەسـیمە قودسـییە ئـەو حەرفـە (شَفَوی) یانەی کە بۆنی پێوەندییان بە غەیری خواوە لێ دێ، لە دەم و زمـانی دڵـت وەربگـرێ و ماوەی ئەوەت نەدا کە حەرفی شەفەوی بە زمانی دڵتا بێت، بتخانە ناو دەریـای (توحیـد) ەوە بـە جۆرێ کە یادی لێوار و قـەراغی دەریـای (توحیـد) کـە سـەرەتای جیهـانی ئیمکـان و مەیـدانی مەخلووقاتی خودایە لە لات نەمێنێ و بە یەکجاری لە دەریای تەوحید و گەورەیی زاتی خودادا ون

بیت و (فنا) ت بەسەرا بێت، لـە گـەرد و تـۆزی نوختـەی رەش و سـپی کـە نیشـانەی گۆڕانـە و دروشمی پێوەندییە بەم و بەوەوە پاکت بکاتەوە، وەک چۆن کەلیمەی تەوحید (لا اله الاّ الله) پاکە لە گەردی نوختە.

ئەم فەرموودەی (مەولەوی)یە ئیشارەیە بەوەی کە زانایان فەرموویانە: ئیمانی دامەزراوی تـەواو ئەوەیە ئینسان بخاتە نێو دەریای خوا بە یەک زانینەوە بـە شـێوەیەک کـە پێوەنـدی بـە غـەیری خوداوە نەمێنێ، یادی لێوار و قەراخی ئەو دەریا نەکات، کە لەوانەیـە لـە (مـا سِـوَیالله)ی نزیـک بکاتەوە، ئیمانێکی وەها کە دڵی ئینسان لە گـەرد و لەکەکـەی نوختـەی رەش و سـپیی گومـان و دوودڵی پاک بکاتەوە، وەک چۆن کەلیمەی توحید (لا الـه الا الله) حـەرفی نوختـەدار و حـەرفی (شەفەوی) بە دوو لێو موحتاجی تیا نییە، ئەمەیش هێمایە بۆ ئەوەی کە لە خودا بە یەک ناسیندا ئینسانی خودا بەیەکناس نابێ پێوەندی بـە غـەیری خـوداوە بمێنـێ، پێویسـتە ئینسـانی خـودا بەیەکناس دوور بێ تەنانەت لە بەکارهێنانی حەرفێ موحتاجی دوو لێو بێت، هەتا (توحید) ەکەی بە گفت و بە واتا (توحید) بێت.

بەڵام رستەی (محمدٌ رسول‌الله) حەرفی شەفەوی تێدایە، ئەگەرچی حەرفی نوختـەداری تێـدا نییە، ئەمەیش هێمایە بۆ ئەوەی کە ئیمان و باوەڕ بـە رەهبـەری گـەورە(د.خ) پێوەنـدی غـەیری خودای تێدایە و، بە بێ‌پێوەندی و دڵ بە حەزرەتەوە بەسـتن رێـک ناکـەوێ، هـەر وەکـو حەرفـە شەفەوییەکانی کە دوو میمەکانن بە بێ دوو لێو ناوترێن، لەگەڵ ئەمەیشدا پێویستە ئەو ئیمـان بـە پێغەمبەرەیش لە نوختەی گومان و دوودڵی دوور بێ، چونکە هەر کارێ کە بە دڵ بکرێ ئەبێ بـە دوودڵی و ڕاڕایی نەبێ و پێویستە لەگەڵ عەزم و دڵنیاییدا بێت.

هەروەها (مەولەوی) دەفەرموێ: «ئەر هاتییەوە باز وە بەقاوە... تـاد». واتـە: ئەگـەر لـە پـاش ون‌بوون لە دەریای خودا بەیەکناسیندا بە مەعنای راستی کە حاڵی (فناء فی‌الله) یە، هۆشـت بـە بەرا هاتەوە و کەوتیتەوە حاڵی تێکەڵی لەگەڵ جیهاندا، کە حاڵی (بقاءالله)یە و، ویستت بـە هـۆی عەتری پێوەندی بە (رسول‌الله) و مەیلی شوێنکـەوتنی سـوننەت و رەفتاریـەوە بێیتـەوە بـۆ نـاو جیهانی (مُمکِنات)، ئەگەرچی پێوەندی بەویشەوە کەناری دەریای خودا بەیەکناسینە و لە کـاتی (توحید)دا هەرگیز رەوا نییە تەماشای غەیری خودا بکرێ چ رەهنومـا بـێ یـا رێـرەو، لـەم بـارەدا ئاگات لە خۆت بێ بە هـۆی ئـەو دوو حەرفـە شـەفەوییەوە کـە دوو میمەکـەی (محمـد) ە(د.خ) نوختەی پێوەندی بە غەیری حەق و حەقیقەتەوە قبووڵ نەکەیت، تەماشـای حـەزرەتی پێغەمبـەر

بکە کە وەسیلەی وسوولە و رابیتەی نیسبەتی بەندەگانە بە خوداوە؛ چونکە خودا بەیەکناسینی ساف و ئیسلامەتیی ساغ ئەوەیە کە ئینسانی موسوڵمان پێوەندی بە پێغەمبەرەوە لەگەڵ باوەڕدا بێ بەوەی کە ڕەهبەرە بۆ لای خودا، بۆ ئەوە دەستەوداماني ببێ کە خودای پێ بناسێ نەک بە شێوەی (غلوّ) و لەحەقلادان بێ.

جا کە بەم شێوە شیرینە هاتیتەوە بۆ جیهانی مومکینات و پێوەندی خۆت لەگەڵ حەزرەتی پێغەمبەری ڕەهبەردا بەست بۆ خۆت لەسەر بەرماڵی ئیرشاد دانیشە و خەڵک شارەزا بکە بۆ ڕێگەی ڕاستی خوداناسی و، بۆ پاککردنەوەی نەفسی نابار لە بیروباوەڕی ناهەموار و، بۆ تەمێکردن و پێگەیاندنی ئەوانەی ئەیانەوێ تێ بگەن و پێبگەن، ئیتر پایە و مەقامی «لی مع الله وقت لا یسعنی فیه مَلَک مقرّب و لانبیّ مرسل» کە پایەی نوقومبوونە لە نوور و تدجەللییاتی خودادا و پایەی بێپێوەندی لەگەڵ عالەمدا جێ بهێڵە و وەرەوە سەر خوو و ڕەوشتی پیاوە بەرزەکان کە خزمەتکردنی خەلقی خودایە.

(مەولەوی) لەم شیعرانەدا گەلێ شتی بەسوودی نیشان دا:

یەکەم: ئیمان و باوەڕ بە خودا پێویستە وابێ کە ئینسان غەیری خودای لە بیر بچێتەوە و، مەعنای (لا اله الا الله) وا بە ئیستیغراقەوە وەربگرێ کە کەس نییە (واجب‌الوجود) بێ و بۆ خودایەتی بشێ و، کەس نییە پەرستراو بێ و عیبادەتی بۆ بکرێ و، کەس نییە دروستکردن و داهێنانی بە دەستەوە بێ غەیری زاتی خودا.

پێویستە ئەم بیر و باوەڕە ساف بێ لە نوختەی ڕەش و سپیی گومان و دوودڵی و پاک بێ لە پاڵ دانەوە و پشتبەستن بە غەیری خودا، وەک چۆن ڕستەی (لا اله الا الله) لە نوختە پاکە و حەرفی شەفەوی تێدا نییە کە بە لێو گۆ بکرێت بەوجۆرەیش نابێ خودا بەیەکناسین تەنها شەفەوی بێ، واتە نابێ هەر بە زمان بێ، بەڵکو ئەبێ بە دڵ بێ، چونکە ئەوانەی کە خودا بەیەکناسینیان تەنها بە لێوە «کأنّهم علی شفا جرفٍ هار».

دووەم: پێوەندی لەگەڵ حەزرەتی پێغەمبەری ڕەهبەردا پێویستە و، بە بێ دواکەوتن و پەیڕەوکردنی ڕێبازی ئەو هیچ کەس بە پایە و مایە ناگات، چونکە پێغەمبەر هۆی گەیشتن بە خودایە، بەڵام پێویستە ئەم پێوەندییە لەسەر ئەو بناخە بێ کە پێغەمبەر فوروستادەی خودایە و بۆ تەمێ و پەروەردەکردن و شارەزاکردنی خەڵک نێرراوە، پێویستە بە هیچ جۆرێ ئیفرات و تەفریتی تێدا نەبێت، واتە نە لە پایەی شایستەی پێغەمبەرایەتی کەم بکرێتەوە و نە بەرز بکرێتەوە بۆ پایەی

ئولوهییەت... بە کورتی پێوەندی لەگەڵ حەزرەتی پێغەمبەردا(د.خ) لەبەر رووناکیی ئیرشاد و ئامۆژگاریی خودی پێغەمبەردا بێت.

سێهەم: حاڵەتی نوقومبوون لە باوەڕ و خوداناسیدا بە زاراوەی ئەهلی تەسەووف پێی ئەڵێن (فناء فی‌الله). گەڕانەوە بۆ حاڵەتی ئیعتیدال و پێوەندی لەگەڵ خەڵکیش پێی ئەڵێن (بقاء بالله). ئەم حاڵانە پێویستە لەگەڵ نیسبەتی حەزرەتدا بێ(د.خ). ئەو حاڵەتی خەڵوەت و پێوەندی تایبەتی بە خوداوە بووە، وەک حاڵەتی تێکەڵی و پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا بووە «لی مَعَ الله وقتٌ لا یَسَعُنی فیهِ مَلَکٌ مقرَّبٌ و لا نبیٌّ مرسل». پێویستە دۆستانی خودا و زانایانی رەببانیش ئەو رێگایە بگرن؛ خودا فەرموویەتی (لقد کَانَ لکم فی رسول‌الله أسوة حسنة لمن کان یرجو الله والیوم الآخر و ذکرالله کثیراً) [٤].

بێ‌ئەمری مەناس، حوزوور کە مەناس
خاس بگرە ئە دڵ تەفسیری ئیخلاس
ئیجمالی دەوێ بۆ قەلبی سەلیم
لە «بسم الله الرحمن الرحیم»
لاکین (قُل) بلێ بێ وە تەفسیلدا
خاک بکە وەسەر جەبریی زەلیلدا
کە هەڵیدا (قُل) قوڵ وە کەناردا
کەفی جەبری رێت بەمدیو لێواردا
ئەمرت کە زانی هەر لە موختارە
دیتر حالی جەبر بێ‌حاڵ دیارە

مەناس: مەناسە. کە مەناس: بکە بە مەناس، پەنا. دەوێ: دەبێ. بگرە ئە دڵ: بگرە دڵ. قوڵ: قوڵپی ئاو لە کاتی کوڵاندا. رێت: رژا. دیتر: ئیتر.

ئەم هۆنراوانە تا ئاخری ئەم ئەسڵی یەکەمە هەموو بەیانی باوەڕکردنە بە خودای گەورە و ئەوە نیشان دەدەن کە پێویستە ئینسانی موسوڵمان سوورەتی ئیخلاس بکاتە سەرمەشق بۆ ئیمانی خۆی، جا کەواتە ئەی خاوەن ئیمان! هەرگیز بێ‌ئەمری و نافەرمانیی خودا مەناسە و حزوورو ئاگاداری و نزیکی لە خودا بکە بە پەنا بۆ خۆت و، تەفسیری سوورەتی ئیخلاس بە باشی بگرە دڵ. جا دەفەرموێ بە شێوەیەکی کورت تەفسیری سوورەتی ئیخلاس لە (بسم الله الرحمن الرحیم)

دەرئەکەوێت؛ چونکە پێشخستنی «بسم الله...» بۆ ئیهتیمامە و بۆ حەسری ئیعتیمادە لەسەر خودای گەورە، ئەمەیش بە تەواوی مانای دوورکەوتنەوەیە لە هاوبەش بۆ خودا دانان، ناوی (الله) کە ناوە بۆ زاتی (واجب‌الوجود)ی خاوەنی کەمالات و مانیع لە کەم و کووڕی و خەوش دەبێتە هۆی باوەڕ بە زاتی خودا و بە هەموو سیفاتی نەفسی و سەلبی و سبووتی، بە دوو سیفەتی (الرحمن الرحیم) ئیمان بە هەموو سیفەتە فیعلییەکان دەگەیەنێ وەکو (وهّاب) و (کریم) و (معطی) و (مانع) و (قابض) و (باسط) هۆی ئەوەی کە لە ئایەتی (بسم الله الرحمن الرحیم)دا تەنها سیفەتی فیعلییەی رەحمەتی بەیان کردووە ئەوەیە دەیەوێ پیشانمان بدات کە سیفەتە فیعلییەکانی ئیحسانی لە سیفەتە فیعلییەکانی غەزەبی زۆرترە، هەر لەبەر ئەمەیشە لە سەرەتای هەموو سوورەتەکانی قورئانی پیرۆزدا (بسم الله الرحمن الرحیم) نازڵ بووە.

جا هەرچەندە تەفسیری سوورەتی ئیخلاس لە (بسم الله الرحمن الرحیم)دا بە کورتی دەست دەکەوێت، بەڵام تۆ تەنها بەوە قەناعەت مەکە و، تەواوی سوورەتەکە بێنە پێش چاوی خۆت و بە دڵ و زمان لەفزی (قل) بڵێ و خەریکی تەفسیل و لێکۆڵینەوەی مەعنا و پێداویستییەکانی ئەو ئەمرە ببە و خاک بەسەر ئینسانی جەبری‌باوەڕی داماودا بکە کە لە ژێر چەپۆکی ئەهریمەن دایە و دەیەوێ بە ئارەزوو خۆی لە مەیدانی تەکلیف دەرکات؛ گوایا لە ئیش و کارا بێ‌دەستەڵات و بێ-خواست و ناتووانایە، هەروەها بڵێ بەو جەبری‌باوەڕە: مادام مەعنای ئەمر بە لەفزی (قل) کەوتە ناو دڵی هوشیارەوە و بە ئاگری عەقڵ کوڵا و قوڵی‌دا، کەف و خەوش و خاڵی جەبری بەمەدیو لێواری دڵدا دەرژێت، ئەو خەوش و خاڵە لەناو دڵی بەختیاردا نامێنێ، چونکە ئەمر روو دەکاتە قسەلەگەڵ‌کراوی خاوەن‌عەقڵی خاوەن‌ئیختیار، واتە ئینسانی ژیری خاوەن‌ئیعتیبار، ئیتر باوەڕ و عەقیدەی جەبری نامێنێ و بێ‌حاڵ و زەبوون دەرئەکەوێ بۆ هەموو هوشیارێ.

جا مەولەوی دێتە سەر مەعنای (هوالله احد) و ئەفەرموێ:

تۆ، ئەرچی (هو) مەشهوورە و راسە
یانێ: بزانە شان و حاڵ واسە،
بلێ ئەوەتە (الله) ئەو زات
ئولووهییەتی بۆ هەیە ئیسبات
ئولووهییەتیچ لای (بعض الفحول)

(وجوب الوجود) بۆ ئـەوە مـەدلوول
خالقییـەتیچ وەک مەعبوودییـەت
خاسّەی لازیمەن بـۆ ئولووهییـەت
ئــەو ئەوییەتــە کــەوا راجیعــە
(هُـوَ) ئـەباڵ ئـەو بـۆ دڵ سـاتیعە
بەلام چیٚ بکەین لـەو بـیٚچاوییـە
ناوینــیٚ تــەعتیل دەویٚــژیٚ نییــە

واتە: ئەگەرچی وا مەشهوورە کە لەفزی (هو) لەم ئایەتەدا زەمیری شـەئنە و بـە جوملـەی (الله احد) تەفسیر دەکریٚتەوە کە لە پاشیەوەیە و، مەعنای ئایەتەکە ئەوەیە: تۆ ئەی موحەممـەد! بلّـیٚ شەئن و حاڵ ئەوەیە کە (الله) تاق و تەنیایە لە زاتدا و لە سیفاتدا و لە کرداردا. بەلام تـۆ زەمـیری (هو) بە زەمیری شەئن مەزانە و وای حیسـاب کـە زەمیریٚکـە دەگەڕیٚتـەوە بـۆ مەرجـەعیٚکی زۆر دیـاری و ئاشـکرا کـە پیٚویسـتی بـە هـیچ جیاکردنـەوە و دیـاریکردنـیٚ نییـە کـە حەقیقـەتی (واجبالوجود)ە هەر وەکو دۆستانی خودا لە ئەهلی تەسەووف، فەرمویانە: لە کائیناتدا (موجود) یٚ کە بوونی لە خۆیەوە بیٚ هەر زاتی خودایە و هیچ (موجود) یٚکیتر بیٚجگە ئەو وەهـا نییـە، کـەوابیٚ مومکینات بە بەراورد لەگەڵ زاتی واجبدا دیار نـین و نـەبوون، ئـەنجا لـەفزی (هـو) ئیشـارەیە و دەگەڕیٚتەوە بۆ ئەو تاقە زاتە کـە هـەر خـۆی (موجـود) ە، کەواتـە تـۆ بلّـیٚ: ئەوەتـە (الله) واتـە: ئیشارەبۆکراو تەنها یەک تاکە کە (الله)یە و (احد)ە و تاق و تەنیایە.

پایەبەرز (مەولەوی) ئەم مەعنایەی لە فەرموودەی زاناپانی ئـەهلی (تسـوف) ەوە وەرگرتـووە و، ئیمام فەخری رازیش لە تەفسیرەکەیا باسی ئەم مەعنایەی کردووە.

هـەروەها هەڵـدەگریٚ کـە زەمـیری (هـو) بگەڕیٚتـەوە بـۆ ئـەو مەرجەعـەی کـە لـە قسـەی قورەیشەکاندا لە کاتی پرسیاردا رابوورد، وەکوو مەشهوورە کافرەکان هـاتن و وتیـان: «یـا محمـد صِفْ لَنَا رَبَّک» واتە: ئەی محمد وەسفی خوای خۆتمان بـۆ بکـە. پیٚغەمبـەریش بـۆ وەلامـی ئـەم پرسیارە سوورەتی «ئیخلاس»ی بۆ رەوانە کرا، لەم حالّەتەدا «هُـوَ» دەگەڕیٚتـەوە بـۆ «ربّ» واتـە: بلّیٚ ئەو رەببە (الله)یە و، ئەو رەببە تەنیایە، بەم شـیٚوە رسـتەی «هـو الله» موبتـەدا و خەبـەرە و «احد» خەبەری دووەمی «هو»ەیە.

با بگەڕیٚینەوە بۆ سەر مەبەست:

پایەبەرز (مەولەوی) دەفەرموێ: ئەوەتە (الله) ئەو زاتە خودایەتیی بۆ ئیسبات کراوە، خودایەتیش وجووبی وجوود دەگەیەنێت، ئافەریدگاری و پەرستراوی لە لەوازیمی مەعنای خودایەتین.

بەلام بە بیری من لەفزی جەلالەی (الله) عەلەمە بۆ زاتی (واجبالوجود)ی جامیع بۆ کەمال و مانیع لە نوقسان، وجووبی وجوودیش لای حوکەما بە مەعنای مەبدەء بە عەینی زاتی دادەنێن، ئولووهییەت و خالیقییەت و مەعبوودییەت هەموو لە لەوازیمی ئەو زاتەن کە (الله) عەلەمیەتی، خۆ ئەگەر وجووبی وجوود بە زیاد دابنێین لەسەر زاتی باری لەم سوورەتەدا وجووبی وجوودیش وەکو ئولووهییەت و خالیقییەت و مەعبوودییەت هەموو لازمی زاتن. ئیمامی فەخری رازی لە تەفسیرەکەیدا ئیشارە دەکات بۆ ئەم باسە و دەفەرموێت لەفزی (الله) دەلالەت لەو سیفەتانە دەکات کە پێوەندییان بە غەیرەوە هەیە وەکو (عالم، مرید، خلاق)، لەفزی (احد) یش دەلالەت لە هەموو سیفەتە سەلبییەکان دەکات، چونکە جیاوازیی لە غەیری خودای لێ دەردەکەوێ.

زاناکانی زانستی ئوسوولی دین فەرموویانە: تەوحیدی کامیل تەوحیدە لە وجووبی وجووددا و لە مەعبوودییەتدا و لە خالیقییەتدا، واتە: بێجگە زاتی (الله) کەس خودایەتی نییە، کەس (واجبالوجود) نییە، کەس شایانی ئەوە نییە بپەرسترێ، کەس ئافەریدگار نییە.

مەولەوی کە دەڵێت: «ئەو ئەوییەتە... » بەیانی ئەوە دەکا ئەو شتەو ئەو زاتە بە وشەی (ئەوە) ئیشارەی بۆ دەکرێ و دەبێتە (مشار الیە) بۆ وشەی (هو) یا دەبێتە مەرجەع بۆ وشەی (هو) بۆ دڵی هوشیار درەخشان و رووناکە، بەلام من چی بکەم لەو بێچاوییە کە تووشی ئەهلی تەعتیل بووە و ئەو زاتە دیاری و ئاشکرایە نابینن و ئەڵێن نییە! شایانی باسە ئەهلی تەعتیل ئەو کافرانەن کە دەڵێن جیهان ئافەریدگار و پەروەردگاری نییە و پێویستی پێی نییە (پەنا بە خوا).

ئەحەد کە ناکاو مەوجێکی داوە
پووشی شیرک و نەقس دەداتە لاوە
بۆچ؟ مەعنای: یانێ تەنیاس لە زاتدا،
لە گشت ئەفعالدا، لە گشت سیفاتدا،
لە هەموو ئەنواع تەرکیبە بەری،
لە گشت کەسرەت و تەعەددود عەری

پاکـەو مونەززەهــ لـە هـەموو چشـتێ،
کـەوا بـۆی کەریـە ئیمکـانی لـێ تـێ،
وەکـو تەحـەیوز، وەکـو جیسـمییە
وەک موشـارەکەی (حیـث الماهیـة)

ناکاو: لەپڕ، کتوپڕ. تەنیاس: تەنیایە. عەری: رووت. لێ تێ: لێ دێ.

جیاوازیی (احد) و (واحد) بە چەند شتێکە. یەکەم: (واحد) داخل ئەبێ لـە مـەعنای (احـد) دا، بەلام (احد) داخل نابێ لە مەعنای (واحد) دا؛ چونکـە مـەعنای (واحـد) یەکێکـە، بـەلام مـەعنای (احد) هەلدەگرێ یەک بێ یا زیاتر لە نێر و لە مێ لە عـاقل و غـەیرە عـاقل، بـۆ نموونـە: ئەگـەر بلێیت (لا یقاومُ فلاناً واحدٌ) هەلدەگرێ دووکەس یا زیاتر موقاوەمەی بکەن، بـەلام ئەگـەر بلـێیت (لا یقاومه احد) واتە کەس بەرامبەری ئەوی پێ ناکرێ، نە یەک، نـە دوو، نـە زیـاتر، بۆیـە ئەلـێن ئیستیغراقی (احد) لە جوملەی نەفیداردا لە ئەستیغراقی (واحد) فراوانتـر و شـامیلتـرە. دووەم: (واحد) لە نەفی و ئیسباتدا وەک یەک بەکاردەهێنرێت، بەلام وشەی (احـد) بـە زۆری لـە نـەفیا ئیستیعمال ئەکرێ، وایش ئەبێ لە ئیسباتا بەکاردێ و ئیستیعمالی لە ئیسباتا سێ جۆرە: یەکەم لە پال عەشەراتدا وەکو (احد عشر) و (احد و عشرون). دووەم لە کاتی ئیزافەدا کە دەبێتە موزاف و لە شوێنی ئەووەلدا بە کاردێت وەکو (أمّا احدکما فیسقی ربّه خمراً) [٥] واتە: (أمّا اوّلکمـا، أی السـائل الاول) یا دەبێتە (مضاف الیه) وەکو (یوم الاحد) بە ئیزافەی بەیانییە، واتە: رۆژی یەکشەممە.

سێهەم لە وەسفییەتدا یا لە خەبەرییەتدا تەنها بۆ خودا، بـو نموونـە: نـاتوانی بلـێیت (الـدرهم الأحد) یا (الدرهم أحد) بەلام دەلێیت (الله الأحد) یا (الله أحد).

شایانی باسە زۆربەی زانایانی زمانی عەرەبی ئەلێن: (احد) کە لە نەفیدا بەکار بێت هەمزەکـەی لە ئەسلی کەلیمەکەیە و بەدەلی هـیچ حـەرفێک نییـە، بـەلام ئەگـەر لـە ئیسـباتدا بـەکار بێـت هەمزەکەی بەدەلی (واو)ە و ئەسلەکە (وحد)ە، بۆ بەلگە لەسەر ئەمـە دەلـێن (احـد) لـە شـوێنی نەفیی عامدا بە مەعنا ئینسانە بە ئیتتیفاق، بەلام لە ئیسباتدا بە مەعنا فەردێکە لە عەدەد لـە هـەر جنسێ ببێ. جا مادام لە مەعنادا موخالیفی یەک بن موناسب وایە کە لە ئیشتیقاقیشدا موخـالیفی یەک بن.

سێهەم (واحد) بەکار دێ بۆ بەیانی یەکیەتی لە ژمارەدا، بەلام (احد) بەکار دێ بۆ یەکیـەتی لـە زات و لە سیفات و لە ئەفعالدا، وەکوو لە کاتێکا سیفەت بێ بۆ واجب‌الوجود یا خەبەری بێت، وەک

بلێیت: (الله الاحد) یا (الله احد) واتە: تاقە لە زاتدا، هاوزاتی نییە، تاقە لە سیفەتدا، هاوسیفەتی نییە، تاکە لە کرداردا، کاری ئەو بە ئیجادە و، غەیری ئەو کاری بە ئیجاد نییە بەڵکو هەر بە کەسبە یا بە بێ‌ئیختیارە.

ئەنجا بۆ روونکردنەوەی ئەوە کە لەفزی (احد) یەکیەتیی موتڵەق دەگەیەنێت مەولەوی ئەفەرموێ »ئەحەد کە ناکاو مەوجێکی داوە... تاد» واتە: لەفزی (احد) کە شەپۆلی دا بە مەعنای خۆی پووشی شیرکی خستە لاوە و نەفیی هاوبەشیی لە خودا کرد و خەوش و خالی کەم و کووڕی دایە لاوە، بۆچی؟ چونکە مەعنای (الله احد) ئەوەیە کە خودا تەنیایە لە زاتدا، واتە: خودایەکی تری لەگەڵدا نییە، تەنیایە لە کردارەکاندا، واتە: کەس ناتوانێ وەک ئەو کردەوە بکات، ئەو بە ئیبداع و ئیجاد لە نەبوونەوە دەیانهێنێتە حالی بوون، بەڵام کردەوەکانی غەیری خودا یا عاریزێکە بەسەر شتەکەدا هاتووە: وەک داری بجووڵێتەوە، بەردێ تل بێتەوە و بەرەو خوار بڕوات، ئەگەر پێوەندیشی بە فاعیلەوە هەبێت هەر تەنیا بە کەسب و موباشەرەیە نەک دروستکردن و ئیبداع، هەروەها خودا تەنیایە لە سیفاتدا، واتە سیفەتەکانی خودا وەک زیندویی، زانین، خواست، توانا و سیفەتەکانی تری ئەزەلی و ئەبەدی و تەواو و شامیلن، سیفەتەکانی غەیری خودا تازە پەیدابوو بێ‌دەوام و کەم‌وکووڕن.

خودا لە هەموو جۆرە تێکەڵییەک دوورە نە تێکەڵیی زیهنی نە تێکەڵیی خاریجی لە ئەجزا، چونکە ئەگەر لە زیهندا تێکەڵ بێ دەبێتە هۆی تەرکیبی خاریجی، تەرکیبی خاریجیش لە ئەجزا بەتاڵە وەک لە پێشەوە لە باسی تەوحیددا روونمان کردەوە. دیارە کە لە تەرکیبی زیهنی و خاریجی دوور بوو لە زۆریی ئەفرادیش دوور دەبێت. پوختەی قسە: خودای گەورە دوورە لە هەر شتێک کە بۆنی بەدی ئیمکانی خاسی لێ بێ، واتە: وەک (واجب) بەرامبەری (ممکن) و (ممتنع)ە پێویستە سیفەتەکانیشی لە سیفاتی مومکینی خاس نەچن چونکە دژایەتیی لە زاتدا دەبێتە هۆی دژایەتی لە سیفاتیشدا، بۆ نموونە: مومکینی خاس (تحیّز)ی هەیە، واتە پێویستی بە شوێن هەیە، مومکینی خاس جیسمە، هەر فەردێکی لەگەڵ فەردێکی هاوچەشنیدا هاوبەشن لە (نوع)دا وەک هاوبەشیی زەید و عەمر لە ئادەمییەتدا، یا هەر نەوعێکی بگریت لەگەڵ نەوعێکی - تری (متجانس)دا هاوبەشن لە (جنس)دا وەک شێر و ئادەمزاد کە هەردوو (حیوان) گیان‌لەبەرن، بەڵام خودای گەورە نە هاونەوعی هەیە و نە هاوجینس، هەروەها خودای گەورە قەدیم و ئەزەلییە،

دەمێنێتەوە و ئەبەدییە، خۆی بە خۆی هەیە و موحتاجی کەس نییە، هاووێنەی نییە، کەچی غەیری خودا هەموو تازە پەیدابوون و دەبڕێنەوە و موحتاجن و وێنەدارن.

پـێ بنــێ وە چـاو ئەهرەمــەنیدا [٦]
وە موجەســـیمە و وە وەســـەنیدا
ســەنەوی شــەق دە هــەتا دیــارە،
موعتەزیلــە هــیچ؛ زوو بەرکــەنارە!
ئەر شیرکی جەلی ئەگەر پەنهان وێ
ئەر نەقسی پـەنهان وەر نومایـان وێ
بــێدرۆ بیــدروو لەســەر ڕێتــەدا [٧]
نـەک بچـوێ درک وە ژێـر پێتـەدا

شەق دە: شەقی تێهەڵدە. بەرکەنار: فڕێدراو، گوێپێنەدراو. ئەر: ئەگەر. وەر: وە ئەگەر. وێ: بێ. بێدرۆ: بەڕاستی. بیدروو: دروێنەی بکە، ورد و خاشی بکە. بچوێ: بچێت.

واتە: مادام بە ڕستەی «الله احد» تاق و تەنیایی خودای گەورەت وەرگرت و باوەڕت پـێ کـرد ئیتر پێ بنێ بە چاوی ئەو کافرە موشریکانەدا کە پێیان دەڵێن (ئەهرەمەنی) و باوەڕیان وابووە کـە خودای چاکە و خراپە هەیە؛ (ئەهرەمەن) شەڕ و خراپە دروست دەکات و (یەزدان) خێر و چاکە.

هەروەها پێ بنێ بە چاوی (مجسّمە) دا، ئەوانەی باوەڕیان وابـووە کـە خـودا جیسـمە؛ چونکـە جیسمییەت و تێکەڵیی و موحتاجیی بە بەش و پارچە لەگەڵ (واجب‌الوجود) یدا ناگونجێت.

پێ بنێ بە چاوی (وثنی) یەکاندا کە بتپەرستن، چونکـە کـەی ئینسـانی هوشـیار بـەوە ڕازی دەبێ کە خۆی بەردێ بتاشێ و بیپەرستێ؟!... گرۆهی ثەنەویش بدەرە بەر شـەق تـا لـە بـەرچاو دیارە، ئەمانەش باوەڕیان وابووە کە جیهان دوو پەروەردگاری ئەزەلی هەیە، یەکێکیان کاری خێـر و بەسوود دەکات، ئەویتر هەر ئیشی بێسوود و زیاندار دەکات، بە یەکەم دەڵێن: نوور یا یەزدان و بە دووەم دەڵێن زولمەت و تاریکی یا ئەهریمەن یا شـەیتان، دیـارە خودایـەکی تـاق و تـەنیا و بێوێنە، کە (واجب‌الوجود) و بێخەوش و تەواو بێت، دەتوانێ خێر و شەڕ، چاکە و خراپە دروسـت بکات، ئیتر پێویست نییە دوو خودا هەبێ...

موعتەزیلەکانیش، کە دەڵێن ئینسان خۆی دروستکەری کرداری خۆیەتی ئەوانیش زوو بەرکەنار بوون، چونکە ئەگەر ئینسان دروستکەری کرداری خۆی بوایە بێجگە لە چاکە هیچی دروست نەدەکرد.

پوختەی قسە: شەریکدانان بۆ خودا، چ ئاشکرا بێ وەکوو شیرکی کافرەکان، یان پەنامەکی بێ وەکوو شیرکی ریابازەکان، هەروەها کەموکووڕی بۆ خودا هەر جۆر بێ بە بێدرۆ و دەلەسە درەوی بکە و لە ڕێی ژیانی خۆتا لای بدە هەتا دڕکی نامورادی نەچێ بە ژێر پێتا.

الله الصـــــمد: محتـــــاجٌ اليـــــه
كُـــلُّ مـــا ســـواه، فعـــوِّلْ عليـــه(٨)
حـەق بـە زاتی خـۆی غـەنیی موتلـەقە
مەخلووق بە گشت وەجهـ موحتاجی حەقە
تیکـراری (الله) دەفـەرمووت بـێ لـۆچ؟
ئەگـەر وا نـەوێ ئولووهییـەت بـۆچ؟

واتە: هەر زاتی خودایە پەنا بۆ براوە، پەنا هەر بۆ ئەو دەبرێ، دروستکراوان هەموو موحتاجی ئەون و، ئەو موحتاجی کەس نییە.

ئەگەر بپرسی بۆچی لەفزی (الله) دووبارە کراوەتەوە؟ ئەڵێم: زانایانی ئایین فەرموویانە: ئەگەر (الله) لەگەڵ (الصمد) نەبوایە دەبوو (صمد) وەکوو (احد) نەکیرە بوایە، یاخۆ (احد) وەکوو (الصمد) مەعریفە بوایە، والحاڵ بە پێی زانستی بەلاغە پێویستە (احد) نەکیرە و (صمد) مەعریفە بێ، لە بەر ئەوە کە لە کاتی هاتنی ئەم سوورەتەدا خەڵکی ئەو وڵاتە باوەڕیان بەوە هەبووە کە خودا پەنایە و هاواری بۆ دەبرێ، بەڵام باوەڕیان نەبووە کە تاقە یەکێکە بەڵکو شەریکیان بۆ داناوە، هەروەها لە لایەکیترەوە لایان وابووە هەرچی مەوجوود بێ مەحسووسە و هەرچیش مەحسووس بێ خاوەن ئەجزا و خاوەن تەقسیمە و، مەوجوودی بێئەجزا و خاوەن ئەحەدییەت لای ئەوان نەبووە...؛ جا لەبەر ئەوە کە ئەحەدییەت لە لایان غەیرە مەعهوود بووە و سەمەدییەت مەعرووف و مەعهوود بووە موناسبی (احد) وابووە بە نەکیرەیی باس بکرێ و موناسبی (صمد) وابووە بە مەعریفەیی باس بکرێ؛ تا بزانرێ (الله) ئەو (صمد) ەیە کە عالەم پەنای بۆ ئەبا؛ جا لەبەر ئەمە فەرمووی: (الله احد* الله الصمد) تا ببن بە دوو جوملە و، لە هەر یەکێکیاندا موبتەدا و خەبەری موناسب بەکار بهێنرێن.

جگە لەوەیش لە هەر کەلامێکدا موبتەدایەک کە ناسراو بێ دووبارە بکرێتەوە ئەوە لەبەر ئیهتیمام دانە بەو کەلامە لەبەر نوکتەیەکی موناسب وەکوو حەزرەتی (مەولەوی) دەفەرموێ:

«تیکراری (الله) دەفەرمووت بێ لۆچ؟
ئەگەر وا نەوێ ئولووهییەت بۆچ؟»

واتە؛ بۆیە (الله) دووبارەکراوەتەوە لەبەر ئیهتیمام بە کەلامەکە بەم مەعنا پێویستە (الله) سەمەد بێ، ئەگەرنا چۆن شایانی خودایەتی دەبێ...

ئەگەر کەسێ بڵێت: ئەی بۆچی واوی عەتف لەسەر جوملەی (الله الصمد) نییە ئەڵێم ئەم جوملە وەکوو نەتیجەیەکی لازمە بۆ (الله احد) وەک چۆن جوملەی (لم یَلِد) و جوملەکانی دوایی نەتیجەی لازمن بۆ (الله الصمد) و لە نێوان چەند جوملەی بە تەواوی بەیەکەوە لکاودا ماوەی عەتف نییە.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەڵێم: «الله» عەلەمە بۆ زاتی (واجب‌الوجود) کە هەموو تەواوییەک کۆدەکاتەوە و هەموو کەمی و کووڕی و خەوشێک لادەدا، مەبەس لە (احد) یش تاق و تەنیاییە لە زات و سیفات و کرداردا؛ لەبەر ئەمە جوملەی (الله احد) ئەوە دەگەیەنێت کە خودای گەورە خاوەنی هەموو سیفاتی کەماڵە و لە هەموو کەمی و کوروڕییەکەوە دوورە، ئەم مەعنایەیش ئەوە دەگەیەنێ کە خودا (صمد)ە و هەموو کائینات موحتاجییەتی و ئەو موحتاجی هیچ شت نییە، هەروەها ئەوە دەگەیەنێت کە خودای گەورە لە جینسی غەیری خۆی نییە، کەوابێ (لم یلد و لم یولد)، تا دوایی سوورەتەکە، دەبێتە لازمی (الله الصمد) ئا بەم جۆرە شێوەی عەتف لە بەینی (الله الصمد) و پاش و پێشیدا ناگونجێت؛ چونکە شێوەی عەتف جیاوازیی نێوان مەعتووف و مەعتووف عەلەیهی دەگەیەنێت.

(لم یلد) ؛ ژن یا وەڵەد بۆچییە؟!
بۆچ؟ بۆ هیچ شەیئێ موجانیس نییە
هیچ موحتاج نییە، عەدەمی ناوێ،
موعین و خەڵەف بۆچ بێن ئەم ناوێ؟
نایگرێ بە خۆی نە کەژ نە سارا
ماخۆلیای قەول گرۆی نەسارا

عەدەمی ناوێ: نەبوونی نابێ. ئەم ناوێ: ئەم ناوە. سارا: سەحرا، دەشت. گرۆێ: کۆمەڵی. نەسارا، (نصارا): فەلە. لە نێوان (نە/ سارا) و (نەسارا)دا جیناسی تەرکیب هەیە.

واتە: ئەو زاتە کە (صمدیە)ی هەیە کەسی لێ نەبووە و ژنی نەهێناوە و نەوەی لێ نەبووەتەوە، ئەو زاتە ژن و منالی بۆچییە کە لەگەڵ هیچ شتێکدا هاوجینس نییە؟

ئەو زاتە کە سەمەدە و موحتاجی کەس نییە و نەبوونی بەسەردا نایە ئیتر جێگر و یاریدەر و وەچەی بۆچییە و بۆ بێنە ئەم ناوە؟!

ئەو واتەی لە گاورەکانەوە دەرچووە کە وتوویانە عیسا کوڕی خودایە واتەیەکی ئەوەندە قورس و گرانە نە کەژ و کێو هەڵیدەگرێ، نە لە بیاباندا جێی دەبێتەوە.

هەروەها قسەی جوولەکەکانیش کە وتوویانە (عوزەیر) کوڕی خودایە، قسەیەکی پووچ و بەتاڵە و لە نەزانی و تێنەگەیشتنی مەعنای (واجبالوجود) ەوە پەیدا بووە؛ زاتێ کە (واجبالوجود) و ئەزەلی و ئەبەدی و لەگەڵ مومکیناتدا بێ موناسەبە بێ چۆن پێوەندی سکوزا و ئەسڵییەت و فەرعییەت لەگەڵ (حوادث)دا دەبێ؟! (تعالی الله عن ذلک علواً کبیرا).

ئەگەر بۆ عیللەت ئەمە مەدلوول وێ
کە موناسەبەی دەگەڵ مەعلوول وێ
کەوا حەکیم پێی تەلەففوز دەکات
مەفهوومە لە لەفز (موجَب)ی (بالذات)
پێی مەڵێ عیللەت زاتی موعەللا؛
ئەم نیسبەتە و ئەو؟ (حاشا و کلّا)

وێ: بێ.

حەکیمەکان ئەڵێن: خودا (واحد)ی (بالذات)ە و (متعدد) نییە، یەکیش تەنها یەکێکی لێ پەیدا دەبێ، ئەویەکەیش کە لە خوداوە پەیدا دەبێ پێویستە لەگەڵ (واجب)دا موناسەبەی هەبێ و بگونجێ، جا لەم رووەوە دەڵێن وەک (واجب) رووتە لە ماددە (عقل) ەکانیش رووتن لە ماددە و، مادام وجوود خەیرە دروستکردنی یەکێکی رووت لە ماددەی وەک عەقڵی یەکەم لەسەر زاتی خودا واجبە... وەک لە شوێنی خۆیدا ئەمە بە درێژی باس کراوە.

جا مەولەوی لەم بابەتەوە دەفەرموێ: ئەگەر مەعنای لەفزی عیللەت، وەک حەکیمەکان دەڵێن، مەبدەئی لەگەڵ مەعلوولدا گونجاو بێ ئەوا من دەڵێم:

(حاشا و کلّا) هەرگیزاو هەرگیز زاتی (واجب‌الوجود)ی بالا لەگەڵ (عقول)ی (مجردە) و موجەڕەدات‌دا موناسەبەی نییە و ناگونجێت، چ جایێ ماددە و ماددییات، چونکە ئەمانە هەموو (ممکنات)ی (خاسە) ن و کەم‌وکووڕی روویان تێدەکات و لەگەڵ زاتی (واجب‌الوجود)ی دوور لە خەوش و کەم‌وکووڕی‌دا ناگونجێن. هەروەها (ایجاد)ی (بالایجاب) واتە دروست‌کردنی بە زۆر بۆ خودای گەورە ناشێ، خودا خۆی کاربەدەستە و ئارەزووی بە دەستی خۆیەوەیە و هەرچی دروست کردووە و دروست دەکات بە ئارەزوو و خواستی خۆیەتی و کەس زۆری لێ نەکردووە و هیچ شتێ لەسەر خودا واجب نییە.

هەروەها ئەو دروست‌کراوانە، چ ماددی و چ موجەڕەد، هەموو (حادث) ن و لەپاش نەبوون پەیدا بوون و خودا بە ئارەزووی خۆی دروستیان دەکات، بە بێ‌ئەوەی هیچ هۆیەک کار بکاتە سەر خواستی خودا، دانانی هەندێ شتیش بە هۆی کاریگەر هەڵەیە و ئەو شتانە تەنها ئەسبابی عادەتین.

دەلیلی (و لم یولد) بەیان کەم:
لەو زاتە سەبقی نەبووگە عەدەم
چ بۆیێکی خۆش لەم عیللەتە تێ
حەق مەعلوول نییە بۆ هیچ عیللەتێ

نەبووگە: نەبووە. تێ: دێ.

واتە: ئەو زاتە (واجب‌الوجود)ە کە مەوسووفە بە ئەحەدییەت و سەمەدییەت، ئەوەی کە ژن و خێزان و نەوەی نییە، لە باب و دایک پەیدا نەبووە؛ چونکە ئەو زاتە قەدیمە و نەبوونی لێ پێش نەکەوتووە، بۆیە ناچێتە عەقڵەوە لە ئەسڵێکەوە پەیدا بووبێ، هەموانیش دەزانن کە خودا بوونی لە خۆیەوەیە، کەوابێ نابێتە مەعلوول بۆ هیچ عیللەتێ.

شایانی باسە ئەم ئایەتانە رەددی قسەی ئەو کافرانەن کە وتوویانە مەلائیکە کچی خودان و، رەددی قسەی ئەو جوولەکانەن کە وتوویانە عوزەیر کوڕی خودایە، یا ئەو گاورانەی کە وتوویانە عیسای مەسیح کوڕی خودایە، بۆیە جوملەی (لم یلد) پێش جوملەی (لم یولد) کەوتووە، ئەگەرنا پێچەوانە موناسب دەبوو چونکە کەس هەتا لە دایک نەبێ نابێتە ئەوەی کە نەوەی لێ پەیدا ببێ.

واتە: لە کاتی هاتنی ئەم ئایەتانەدا کەس نەیوتووە خودای گەورە لە بـاوک و دایـک پەیـدابووە، هەروەها هۆیەکی‌تر بۆ دواکەوتنی (لم یولد) ئەوەیە ببێتە دەلیل لەسەر مـەعنای (لم یلـد)، دیـارە کە خودا قەدیم بوو و لە ئەسلێکەوە پەیدا نەبوبوو پێویستی نابێ بە نەوە هەتا جێگەی بگرێتەوە.

کالای ئەو بالاس ئەزەل تا ئەبـەد
(و لـــم یکـــن لَـــهُ کُفـــواً أحَـــد)

کالا: قوماش و پارچەی بەنرخ. ئەو بالاس: ئەو بالایە. کورد بۆ جێگا و پایەی یەکێکی شایســتە دەڵێ: کالا لەقەد بالایە، واتە پڕ بە پێستیەتی.

واتە: مەعنای (و لم یکن لَهُ کُفواً أحَد) کالایەکە لە ئەزەلەوە تـا ئەبـەد بـە بـالای زاتی خـودای گەورە بڕاوە... دیارە بەکارهێنانی وشەی «بالا» بـۆ خـودا بـە پێـی زانسـتی بـەیان ئیسـتیعارەی موسەڕڕەحەیە و جوملەی (و لم یکن لَهُ کُفواً أحَد) قەرینەیە و لە مولائیماتی شوبهێنراوە کـە زاتی خودایە و، لەفزی «کالا» تەرشیحە.

ئیمامی رازی لەم شوێنەدا فەرموویەتی:

خودای گەورە لێرەدا بە لەفزی (احد) هەرچی زۆری و تەعەددودێ کە بە خەیاڵدا بـێ، لـە زات و سیفات و ئەفعالدا لە خۆی نەفی کردووە. واتە: زاتی خودا تاکـە و کـەس سـیفەتی وەک ئـەوی نییە و کەس و کار و کاریگەریی وەک ئەوی نییە. هەروەها هەرچی کەموکووڕی و موحتاجییە بـە کەلیمەی «سمد» لە خۆی دوور خستووەتەوە. بە جوملەی (لم یلد و لم یولد) هەرچی عیللییـەت و مەعلوولییەتێک کـە لـە زاوزێـوە پەیـدا بێـت لـە خـۆی نـەفی کـردووە، هـەرچی موماسـەلە و لێچوونیشە بە جوملەی (و لم یکن لَهُ کُفواً أحَد) نەیهێشتووە.

لـە «عَلَـی عینـی» وەک «یـدالله»ی
بێ‌فەڕ حاڵی بوو، وەک ساهی و لاهی،
موشەببیهـ حـەقی نـەدی لـە نـاودا؛
دەسـی تەشـبیهی دا وەنـاو چـاودا

بێ‌فەڕ: بێ‌خێر، بێ‌مایە. حاڵی‌بوو: تێگەیشت. ساهی: بەسەهوا چوو. لاهی: غـافڵ و بـێ‌ئاگـا. موشەببیهـ= (مشبّە): ئەو تاقمەن کە خودا بە مومکینات دەچوێنن.

ئەم دوو شیعرە وەڵامی ڕەخنەی ئەوانەیە دەڵێن: کە خودا وێنەی نییـە ئـەی چـۆن نیسـبەتی دەست و چاوی داوە لە خۆی، وەک ئایەتی (ولتصنع علی عینی) [٩] و (ید الله فوق ایـدیهم) [١٠] و

هی‌تر، کە لە قورئانی پیرۆزدا زۆرن، دیارە ئەو کەسانە کە تەشبیهی خودا دەکەن بە مومکینات ئەو جۆرە ئایەتانە دەکەنە بەڵگە.

واتە: ئەو گرۆهەی تەشبیهی خودایان کردووە بەو مومکیناتەی دەست و چاو و تەنشتیان هەیە، ئەوانەی پێیان دەڵێن موجەسسیمە و موشەببیهە و ئەم جۆرە ئایەتانەیان کردووە بە بەڵگەی قسەکەی خۆیان، ئەوانە زۆر خراپ و بێ‌کەڵک لە مەعنای ئەو ئایەتانە گەیشتوون و بەسەهودا چوون و لە راستی بێ‌ئاگان؛ چونکە بەڵگەی بێ‌گومان لەسەر ئەوە هەیە کە خودای گەورە لە مومکینات ناچێ و وێنەی نییە، ئەو ئایەتانەی ئەوان دەیکەنە بەڵگە لە (متشابهات) ن، یا بە مەعنایەکی گونجاو مەعنایان لێ دەدرێتەوە، یا مەعناکانیان دەدرێتە دەست زانینی خودای گەورە و مەعنا دیارەکانیان مەبەست نین، چونکە خودای گەورە (واجب‌الوجود) و (احد) و (صمد)ە و وێنە و مانەندی نییە.

لێرەدا، کە باسی (محکم و متشابە) هاتە ناو، بە پێویستی ئەزانم نەختێک درێژە بەم باسە بدەم:

دوو کەلیمەی (محکم) و (متشابە) لە هەندێ بەکارهێناندا دژی یەک دەرئەچن و لە هەندێکیاندا دەکەونە یەک، بۆ نموونە: ئایەتی وا هەیە ئەوە دەگەیەنێ قورئان هەمووی موحکەمە، هی وایش هەیە ئەوە دەگەیەنێ قورئان هەمووی موتەشابیهە.

نموونەی یەکەم: وەک ئایەتی (الــر کتاب احکمت آیاته) [١١] کە ئەوە دەگەیەنێ هەموو ئایەتەکانی قورئان موحکەمن، واتە ئایەتەکانی هەموو راست و دامەزراو و موتابیقی واقیعن.

نموونەی دووەم: وەک ئایەتی (...کتاباً متشابهاً مثانی تقشعّر منه جلودالذین یخشون ربّهم) [١٢] دیارە ئەمەیان ئەوە دەگەیەنێ کە ئایەتەکانی هەموو موتەشابیهن، واتە: ئایەتەکانی قورئان هەموو وەک یەک ئادەمزاد و جیننی بۆ حەق و راستی و خوداپەرستی بانگ دەکەن. لەسەر ئەم مەعنایانە (متشابە) و (محکم) دەستیان لە ملی یەک کردووە و موافیقی یەکدین و دژی یەکتر نین.

بەڵام وەک وتمان لە هەندێ جاردا بە دوو مەعنای دژی یەک بەکاردێن، وەک ئایەتی: (هو الذی أنزل علیک الکتاب، منه آیات محکمات هن امّ الکتاب و أخر متشابهات) [١٣] ئەنجا لە مەعنا لێدانەوەی ئەم دوو وشەدا زاناکان گەلێ رایان دەربڕیوە؛ هەندێ دەڵێن: موحکەم ئەو ئایەتانەیە کە مەعناکەیان رووناکە و، پێویست نییە بە تێفکرین و زەحمەت‌کێشان وەک ئایەتی (و أنزل من

السماء ماء فاخرج به من الثمرات رزقاً لکم) [١٤] یا ئایەتی (و جعلنا من الماء کل شیء حیّ) [١٥] یا ئایەتی (ثم خلقنا النطفة علقة...) [١٦] بەلام موتەشابیهـ ئەو ئایەتانەن کە مەعناکانیان پێویستی بە لێکدانەوەیەکی زۆر هەبێ وەکوو ئایەتەکانی زیندووکردنەوە و رۆژی قیامەت.

هەندێ تر دەڵێن هەر ئایەتێک لەوانە بێ ئادەمزاد بیزانێ چ بە دەلیلێکی ئاشکرا و رووناک یا بە دەلیلی پەنهان ئەوە موحکەمە و، هەر ئایەتێک رێگای پێ نەبرێ و بە دەلیل نەزانرێ موتەشابیهە، وەکوو پەیبردن بە ئەندازەی تۆڵە و پاداشت سەبارەت بەوانەی موکەللەفن، یا وەک بەرپابوونی رۆژی قیامەت.

ئیمامی رازی لە تەفسیرە گەورەکەیدا لە مەعنا لێدانەوەی ئایەتی (منه آیات محکمات هن امّ الکتاب و أخر متشابهات)دا دەفەرموێت:

هەر لەفزێ بۆ مەعنایێ دانرابێ ئەگەر بێجگە لەو مەعنایە مەعنایەکی تری هەڵنەدەگرت ئەوە پێی دەڵێن: (نص). خۆ ئەگەر مەعنایەکی تری هەڵدەگرت لەم حاڵەدا ئەگەر یەکێ لەو مەعنایانە لەوی تریان بەهێزتر بوو ئەوە بۆ مەعنا بەهێزەکە پێی دەڵێن (ظاهر) و بۆ مەعنا لاوازەکە پێی دەڵێن (مؤوّل)، بەلام ئەگەر هەردوو مەعناکە وەک یەک بوون و هیچکامیان لەوی تریان بەهێزتر نەبوو ئەوە نیسبەت بە هەردووکیان پێکەوە پێی دەڵێن (مشترک) و، بۆ یەکەیەکەی دوو مەعناکە پێی دەڵێن (مجمل)، ئەنجا ئەو لەفزە کە (نصّ) یا (ظاهر) بێ موحکەمە و، ئەو لەفزەی کە مووئەووەل یا موجمەل بێ موتەشابیهە. خۆ ئەگەر وا رێکەوت مەعنا زاهیرەکە بەتاڵ بوو و دروست نەبوو ئیعتیبار بکرێ ئەوا ئەویش هەر دەبێتە موتەشابیهـ و مەعنا مەرجووحە بێهێزەکە چاودێری دەکرێت، وەکو ئایەتی (و اذا أردنا أن نهلک قریة أمرنا مترفیها ففسقوا فیها فحق علیها القول فدمّرناها تدمیرا) [١٧]. ئێستە زاهیری ئەم ئایەتە ئەوەیە کە دەسترۆیشتووە جێورێدارەکان ئەمریان پێ کراوە بە فیسق، ئەوەش بەتاڵە چونکە ئایەتی موحکەم هەیە دەفەرموێ: (قل إنّ الله لا یأمر بالفحشاء) [١٨] لەبەر ئەوە پێویستە ئەو موتەشابیهە بە تەئویل بگەڕێتەوە بۆ سەر موحکەمەکە. وەکوو فەرموویانە تەقدیری عیبارەتەکە بەم جۆرەیە (أمرنا مترفیها بالطاعة فعصوا و فسقوا فیها) گوایا جار و مەجروور و فیعلێکی (معطوف علیه) حەزف کراوە.

ئیمامی غەزالی ـ خودای لێ رازی بێ ـ لە کتێبی (مستصفی)دا فەرموویەتی: موحکەم ئەوەیە مەعناکەی دیاری و روون بێ بە جۆرێ کە هیچ ئیحتیمال و گیروگرفتێ رووی تێ نەکات،

موتەشابیهـ ئەوەیە کە چەند مەعنای دژبەیەک هەڵبگرێ وەک ئەو ئیسمانەی کە موشتەرەکی لەفزین، بۆ نموونە (قُرء) کە حەیز و پاکیی ژن هەڵدەگرێ، (لمس) کە دەس‌لێدان و جیماع‌کردن هەڵدەگرێ. هەروەها موتەشابیهـ بەو لەفزانەش دەوترێ کە لە سیفەتەکانی خودادا هاتوون ئەوانەی کە بە ڕواڵەت جیهەت و جیسم دەگەیەنن و موحتاجی تەئویلن.

بەڵام ئاخۆ ئەم موتەشابیهانەی سیفاتی خودا بۆ ئادەمزادی زانا و پایەبەرز دەزانرێن و روون دەبنەوە، یا دەدرێنە دەست زانینی خودا؟

لەم بابەتەوە (سەلەف)ی زانایانی ئیسلام رایان وایە کە کەس مەعنای موتەشابیهێ کە لە چەشنی ئایاتی سیفات بێ نازانێ و حەواڵەی عیلمی خودا دەکرێت، زۆربەی زانا حەنەفییەکان لەسەر ئەم رایەن و ئەڵێن: موتەشابیهـ ئەوەیە کە تەنها خودا خۆی دەیزانێ و هیچ رێگایەک نییە بۆ زانینی.

بەڵام ئیمامی غەزالی (ر.خ) لای وایە کە لە قورئانی پیرۆزدا موتەشابیهی وەها نییە مەعنای نەزانرێ، غەزالی دەفەرموێ: قورئان بۆ رێنومایی هاتووە و پێویستە هەموو زانایەکی وریا و پایەبەرز مەعنا و تەئویلی ئایەتەکانی بزانێ؛ بۆیە لە ئایەتی (...و ما یعلم تأویلە الا الله والراسخون فی العلم) [19]دا پێویستە لە دوای «فی العلم» وەقفە بکرێ؛ تا مەعناکەی وای لێ بێ: بێجگە خودا و ئەوانەی لە زانیندا بە دەستەڵات و سەرامەدن کەس تەئویل و مەعنای مەبەستی ئەو موتەشابیهانە نازانێت. هەروەها ئەو ئایاتی سیفاتە کە خەڵک بە موتەشابیهیان دەزانن هەموو کینایە و مەجازێکن کە لای عەرەب مەعنایان دیاری و ئاشکرایە.

سەرەتای هەندێ لە سوورەتەکان، کە حرووفی پچرپچرن ناوی سوورەتەکانن.

بەڵێ ئەو موتەشابیهانەی کە باسی کات و ساتی زیندووبوونەوە و رۆژی قیامەتن زانینی مەعنا و مەبەستیان حەواڵەی عیلمی خودایە و هەر ئەو دەیانزانێ. لەسەر ئەم بارە دروستە بەلکو پێویستە لە ئایەتە پێشووە باسکراوەکەدا لەسەر کەلیمەی (الله) وەقفە بکرێ، چونکە کاتی قیامەت خودا نەبێ کەس نایزانێ.

زۆربەی (خلف) واتە: زاناکانی سەردەمی دوایی ئایینی ئیسلام رایان بەم جۆرەیە و دەڵێن (راسخون) تەئویلی ئایەتە موتەشابیهەکان دەزانن و ئەم ئایەتانە بە نەزانراوی نامێننەوە. زانای پایەبەرز (سیف الدین)ی ئامیدی [20] لەگەڵ رای خەلەفدایە و، لە کتێبی (احکام الاحکام) یدا هاوبیریی خۆی لەگەڵ ئەوان و لەگەڵ ئیمامی غەزالیدا دەردەبڕێ.

هەندێ لە زانایان دەڵێن لە پاش وردبوونەوە لە بەش‌کردنی لەفزی خاوەن مەعنا ئەلای (نـص) و زاهیر و موئەووەل و موجمەل، وەک ئیمامی رازی لە تەفسیرەکەیا فەرموویەتی، دەرئەکەوێ کـە موتەشابیهـ چەند جۆرێکە:

یەکەم: زاهیرێ کە ویستنی مەعنا دیارەکـەی بـەتاڵ بـێ و شـاریعیش مەبەسـتی خـۆی لـەو کەلیمەیە دیاری نەکردبێ.

دووەم: موئەووەل کە بریتییە لە لەفزێک مەعنا نادیارەکەی لێ مەبەست بێ کـە ئیحتیمـالێکی بێ‌هێزە.

سێهەم: موجمەل کە هاوبەشە لە بەینی چەند مەعنایەکدا کە نیشانەیەک نەبێ لەسـەر دیـاری کردنی هیچ کامیان.

چوارەم: ئەو ئایەتانە کە مەعنا دیارەکانیان دژی یەک بن و پێویستیان بە ڕێـک‌خسـتن هـەبێ وەک ئایەتی (و اذا أردنا أن نهلک قریة أمرنا مترفیها ففسقوا فیها...) لەگەڵ ئایـەتی (قـل انّ الله لا یأمر والفحشاء...).

پێنجەم: ئەو ئایەتانەی بە زاهیر مەعنایەک دەگەیەنن ئینسان نەتوانێ بە درێژی بیانزانێ وەکوو پەنامەکییەکانی قەزاوقەدەر و ئەنـدازەی سـزا و پاداشـی ئەوانـەی موکەللـەفن، یـا کـاتی هـاتنی قیامەت، یا ئەو عیبارەتانەی خلوود و ئەبەدییەت دەگەیەنن. بەڵێ ئەم بەشە دوایینە تەنها خـودای گەورە دەیانزانێ و بەس؛ چونکە ڕێگەی پەیداکردنی زانینی ئەوانـە لـە ئـادەمزاد بەسـراوە. ئـەنجا نیسبەت بەم بەشە پێویستە لە ئایەتی (و ما یعلـم تأویلـه الا الله و الراسـخون...)دا وەقفـە لەسـەر کەلیمەی گەورەی (الله) بکرێ؛ چونکە زانایانی بەدەستەڵات لەم بەشـەدا مـاوەی زانینیـان نییـە، ئەگەرچی قابیلە و مومکینی زاتییە کە خـودای گـەورە بـە فـەیز و بەرەکـەتی خـۆی هەنـدێ لـە دۆستانی خۆی لە پێغەمبەران(د.خ) و لەخوداترسانی ئوممەت ئاگادار بکات تا بـە مـەعنای ئەوانـە زانا و ئاشنا ببن، ئەمەیش دژ نابێ لەگەڵ مەسەلەی وەقفە لەسەر کەلیمـەی (الله) چونکـە ئەمانـە خۆبەخۆ زانا نین، بەڵکو خودا ئاگادار و زانای کردوون.

هەروەها بەشی یەکەمیش کە مەعنا زاهیرەکەی بـەتاڵ بـێ و شـاریعیش مـەعنای مەبەسـتی دیاری نەکردبێ ئەگەر لەو بابەتە بێت کە پێوەندی بە غـەیبیاتی شـاراوەوە بێـت ئـەویش خـودای گەورە نەبێ کەس نایزانێ.

بەڵام بەشەکانی تر هەموو لەوانەن کە زانایانی بەدەستەڵات تەئویلیان بزانن لەگەڵ جیاوازیی پایەی زانینیان و پەی‌پێ‌بردنیان.

دیارە نیسبەت بەم بەشانە وەقفە لەسەر (والراسخون فی العلم) ئەکرێت.

وا دەرکەوت کە وەقفە لەسەر هەردوو شوێنەکە شیرینە. وەقفە لەسەر کەلیمەی (الله) لەسەر ئەوەیە کە موتەشابیهـ لەو بەشە بێ کە ڕێگەی کەسبی عیلمی تێدا نییە، وەقفە لەسەر (العلم) لەسەر ئەوەیە کە موتەشابیهـ لە بەشەکانی تر بێ.

جا ئەگەر کەسێ بڵێت چۆن ئەبێ لە قورئاندا موتەشابیهی وەها ببێ کە بێجگە خودا کەس نەیزانێ، ئەی سوود لە ناردنی ئەو جۆرە ئایەتانەدا چی دەبێ؟

وەڵامی دەدرێتەوە کە مەبەس لە ناردنی ئەو جۆرە ئایەتانە هەر تەنها ئەوە نییە کە خەڵق تێیان بگات و خۆی کەسبی زانینەکەی بکات، بەڵکو سوودی تری زۆری هەیە؛ یەکەم ئەوەیە کە خودای گەورە دەتوانێ مەعنای ئەو موتەشابیهانە بە وەحی و ئیلهام لە هەندێ دۆستانی خۆی بگەیەنێت. دووەم: دەرکەوتنی بەرزیی پایەی قورئان، کە شتی وای تێدا باس کراوە زانایان ڕێی پێ نابەن و تێی ناگەن، کەچی داڕشتنی ئایەتەکان و کەلیمەکانیان زۆر جوان و موناسبن. سێهەم: هان‌دانی خاوەن‌بیران تا بکەونە کۆشش و بە پێی توانا بۆ زانینی ئەوانە هەوڵ بدەن و خۆیان ماندوو بکەن، چونکە زانینی ئەوانە ئەگەرچی بە عادەت مەحاڵە بەڵام ئینسان لە سەرەتاوە نازانێ کە ئەو جۆرە ئایەتانە مەعنایان نازانرێت. چوارەم ئەوەیە کە پێویست نییە لە هەموو ئیبداع و تەسەڕوفاتی خودای گەورە هەموو عالەم ئیستیفادە بکات، تەماشا بکە هەزاران ملیار ئەستێرەی دروست کردوە، هەزاران جۆرە گیا و دار و بەرد و گیان‌لەبەری وەهای دروست کردووە کە بە زاهیری قازانج و سوودی ئادەمزادیان تێدا نییە، بەڵام خودا خۆی دەزانێ سوود و قازانج چییە و لە کوێ دایە.

گوێ مەکە لە کەس هەر بەم مەعنایە
باوەڕت بوێ: خودا خودئایە،
یانێ وجوودی (لذاتە) یییە؛
بووگەو هەس، دەوا و مووجیدی نییە
هەر ئەوە (بالذات واجب‌الوجود)
(ذو الالوهیّة) و خالیق و مەعبوود

مەقسوود و مەوجوود بە حەق هەر ئـەوە
بێموعین، تـەنیای موتلـەق هـەر ئـەوە
بێشەریک و میسل، بێشیبهـ و نـەزیر
بـۆ موتیـع بەشـیر، بـۆ عاسـی نـەزیر

گوێ مەکە لە کەس: گوێ لە کەس مەگرە. بووگە: بووە. هەس: هەیـە. دەوێ: دەبـێ. بـوێ: ببێ. خودئایە: لە خۆیەوە هاتووە.

واتە: بە قسەی کەس مەکە لەوانەی کە لە زات و سیفەتی خودا بێئاگـان و هـەرچی بـەدەمیانا دێت لە تەشبیهـ و تەجسیم موبالاتی پێ ناکەن، بەمجۆرە کە بۆت بەیان ئەکەم بـاوەڕت ببـێ کـە خودا خۆی لە خۆیەوە هاتووە، واتە: خودا بوونی لە زاتی خۆیەوە هەیە و لە غەیری خۆیـەوە نییـە، لە ئەزەلدا بووە بێ ئەوەی نەبوونی بەسەردا هاتبێ، ئێستەش هەیە بە بـێگـۆڕان و هـەروا دەبـێ هەتاهەتایە، مووجید و دروستکەری نییە، هەر تەنها ئەوە بە بێپێوەندی بە غەیر (واجـبالوجـود) ە، هەر ئەو خاوەنی سیفەتی (الوهیەت)ە. هەر ئەو پەروەردگارە و پەرسـتراوە و کـڕنووشبـۆبراوە. هەر ئەو رووی نیازی تێ دەکرێ و پەنای بۆ دەبرێ. هەر ئەو بووە بـوونێکی خۆبـەخۆیی راسـت و کۆمەک و یارمەتیدەری ناوێ. هەر ئەو تەنیای موتلەقە، واتـە: تەنیایـە لـە زاتـدا شـەریکی نییـە، تەنیایە لە سیفەتدا کەس سیفەتی وەک سیفەتی ئەوی نییە، تەنیایە لە کرداردا. هەر ئەو دەتوانـێ کار بکات، غەیری ئەو یا شوێنی کارە و بێئیختیارە یا تەنها پێوەندی کەسبی هەیە. بـێشـەریکە، بێوێنە و هاوشانە. بۆ ئەوانەی فەرمانبەرن موژدەدەرە، بۆ ئەوانەی نافـەرمانن ترسـێنەرە و لەسـەر ئەم رێ و شوێنەیش رەهبەرانی بۆ لای خەڵک ناردووە.

حەقیقەتێکـە بـێچەنـد و چوونـە
لە دائیرەی عەقڵ مەخلووق بیروونە
هرچـی بشـنۆیە یـا بوێنییـە
یـا بزانییـە ئـەوە ئـەو نییـە
بـۆ ماسـیوای ئـەو زاتـە تەعریفـە
بـۆ ئـەو وا نییـە بیـزان لەتیفـە
(و لا یشـبهُ و لا یَشـتَبِه
لا هـو بشـیء و لا شـیء بـه)

(ظـــاهرٌ لکـــن بـــاطن الاســـرار
بـــاطنٌ) ئـــەممـــا (ظـــاهر الآثـــار)

بیروونە: بەدەرە، خاریجە. بشنۆ: ئەوەی ببیسـترێ، بـوێنی: ئـەوەی ببینـرێ. بـزانی: ئـەوەی بزانرێ. ئەمما: بەلام، لاکین.

واتە: حەقیقەتی زاتی خودا بێئەندازە و بێچۆنیەتی و بێوێنەیە و لە دائیـرەی هـۆش و بـیری مەخلووق خاریجە و دوورە، چونکە مەخلووق هەموو هۆش و توانایـان مەحـدوودە و ئەندازەیـەکی تایبەتی براوەیان هەیە، بـەلام زاتی خـودا نامـەحـدوودە و نەبڕاوەیـە، بـێ‌گومـان هێـزی بـڕاوە و سنووردار بۆ زاتی نەبڕاوە و بێ‌سنوور ناشێ و شایان نییە.

هەرچی ئینسان بە گوێ ببیسێ یا بە چاو ببینـێ یـا بـە عـەقڵ و هـۆش بیزانـێ و مـاددەی تەعریفی لێ وەربگیرێ، ئەوە هەر بۆ غەیری خودایە و بۆ غەیری خودا دەبێتـە تـەعریف، بـۆ زاتی خودا نابێ بە تەعریف؛ چونکە زاتی خودا لە جینس و نەوعی بیسراو و بینراو و زانراو نییـە تـا بـەو دەسکەوتانە تەعریف بکرێت، هەر لەبەر ئەمەیە زانا بەرزەکان فەرموویانە بەسە بۆ ئینسـان بـاوەڕی بەوە ببێ کە زاتێکی (واجب‌الوجود)ی خاوەن‌کەمال و دوور لە نەقس هەیە ئەو جیهانەی دروسـت کردووە و، هەرچی خواستی لەسەر بێ ئەیکا و هەرچی خواستی نەبێ نایکات، ئیتـر کۆڵـینەوە لـە حەقیقەتی خودا بۆ ئێمە سوودی نییە.

خودای گەورە لە هیچ شتێ ناچێ و، هیچ شتێ لەو ناچێت، بە ئاسار و کردار دیارییە بۆ هۆشیار و ئەسراری زاتی خودا لە ئێمە شاراوەیە، حەقیقەتەکەی شاراوە و نادیارییە، بـەلام ئاسـاری هێـز و تەوانایی ئەو دیاری و ئاشکرایە.

ئـەزەلی و ئـەووەڵ بـە بـێ‌بیدایـەت
ئەبـەدی و ئـاخیر وە بـێ‌نیهایـەت
ئەزەل پەیمانی دەگەڵ [۲۱] ئەبـەد کـرد
ئـەزەل هەڵـبگرد، ئەبـەد دابگـرد،
ئـەو سـەر بـەراو ژوور تـا قـووەتی بـوو
ئـەم سـەر بـەراو ژێـر تـا تاقـەتی چـوو
ئـەو دەڵـێ: فریـاد، (ایـن ابتـداه؟)
ئـەم دەڵـێ: هـەی داد، (ایـن انتهـاه؟)

دەگەڵ: لەگەڵ. هەڵبگرد: هەڵبەزی، چوو بەرەو ژوور. دابگرد: دابەزی، چوو بەرەو خوار.

واتە: خودا ئەزەلییە، مەعنای ئەزەلیش ئەووەڵی بێئەووەڵە کە هیچی لێ پێش نەکەوتبێ، هەروەها ئەبەدییە، واتە ئاخری بێئاخرە و لە پاش هەموو شتێکەوەیە و بوونی برانەوەی نییە. ئەنجا مەولەوی بە شێوەی ناسک و خەیالاوی دەیەوێ زیاتر شتەکە روون بکاتەوە؛ بۆیە دەفەرموێ ئەزەل و ئەبەد لەناو خۆیانا پەیمانیان بەست و ویستیان لە خۆیان حاڵی ببن، بۆ ئەم مەبەستە ئەزەل سەربەرەوژوور کەوتەرێ و ئەبەدیش سەربەرەوخوار و تا هێزیان تیابوو رۆیشتن، لە ئەنجامدا ئەزەل هاواری لێ هەڵسا و وتی: کوا سەرەتا؟... ئەبەدیش بانگی لێ بەرز بوویەوە: کوا نیهایەت و ئەنجام... مەولەوی ئەیەوێ بفەرموێ: تەنانەت ئەزەل و ئەبەدیش ئەم رێگەیان پێ نابڕێ و دەستەوئەژنۆ لێی دانیشتوون...

زۆر جوانە، زۆر راستە؛ ئەزەلییەت و ئەبەدییەتی خودای گەورە ئەو ئەزەلییەت و ئەبەدییەتە نییە کە ئێمە بۆمان داناوە، ئەو وەسفەی ئینسان داینێت وەک ئینسان کورتە...

(مـن جهـة الـذات) لـە ئەشـیا تـەریک،
مـن (حیـث الصـفات) بـە گشـتی نزیـک
ئیشـــارە رێگـــەی ئـــەلای ناکـــەوێ
بـە (هُنـا) لـەگرە، بـە (ثَمّـە) لـەوێ
«لـــم یَکَـــد اصـــلاً یتحـــد بشـــیء»
عالـەم بـەو قـایم ئـەو قـایم بـە خـۆی[٢٢]
نە جوزء نـە جـوزئی، نـە کـول نـە کـوللی
بەعیـدە لــە عــەیب حـــالّ و مەحـــەللی
بـۆ حەوادیسـات هـیچ مەحـەل نییـە
لـە کوفـوو، لـە ضـید، لـە نیـد بەرییـە
نـە شـەکل و سـوورەت نـە هەیوولایـە
نـە مورەککـەبیچ لـە هـەردوو لایـە
لـە جیهـەت کـەنار، لـە حـەییز ئـەودەر
(لـــیس بعـــرض و لا بجـــوهر)

(لـــــیس بجســــــمٍ و لا جســــــمانی
و لا بــــــــــروح و لا روحــــــــانی)
نــــه لــــه زەمینـــداس، نــــه لــــه ئاسمـــان
(لــیس فــی الزمـــان و لا فـــی المکـــان)
دووره لــه مــەتا و کــەم و کــەیف و ئــەین
حەرەکه و سکوون وەسل و فەسل و بــەین

تەریک: دوور. لەگره: لێره. مورەککەبیچ: مورەککەبیش. کەنار: گۆشەگیر، مونعەزیل. ئەودەر: بەدەر، خاریج. نە لە زمینداس: نە لە زەویدایە. مەتا: کەی. کـەم: چەنـد. کـەیف: چـۆن. ئـەین: کوێ. حەرەکە: جم و جووڵ. سکوون: دژی حەرەکە. وەسل: شت بلکـێ بـە شـتێکەوە. فەسـل: بەین، جیابوونەوە.

ئەم چەند بەیتە دووبارەکردنەوەی ئەوەیە کە زاتی خودا لەو شـتانەوە دوورە کـە دەبنـە هـۆی کەم و کووڕی و خەوش، ئەگینا پاش ئەوەی بڕیار درا خودا وێنەی نییە و (واجـبالوجـود)ە دیـارە نابێ لەم شتانەوە نزیک بێت.

واتە: خودای گەورە لە رووی زات و حەقیقەتەوە لە هەموو شتێ دوور و تەریکە. بەڵام بە هـۆی سیفەتەکانیەوە لە هەموو شتێکەوە نزیکە، ئەوەتە زانا و ئاگادارە لە هـەموو شـتێ، خواسـتی رووی کردووەتە هەرشتێ کە ویستوویەتی، توانا و دەستەڵاتی بەسەر هەموو مومکیناتدا هەیـە، هـەموو دەنگێ دەبیسێ، هەموو رەنگێ دەبینێ. ئیشارە بە (هنا) واتە لێـرە، بـۆ شـوێنی نزیـک، هـەروەها ئیشارە بە (ثَمَّ) واتە: لەوێ، بۆ شوێنی دوور نیسبەت بە خودا رێگای نییە؛ چونکە خودای گەورە لە شوێندا نییە تا هێمای بۆ بکرێ. هەرگیز لەگەڵ شتێکدا یەک ناگرێ و نابن بە یەک، جیهـان بـەو راگیراوە و ئەو بە خۆیەوە راگیراوە، نە جوزئە بۆ کول وەک چاو لە لەشدا و، نە جوزئییە بـۆ کـوللی وەک فەردی نەوعێ بۆ نموونە: زەید بو ئینسان، نە کوللە بۆ ئەجزا وەک لەش کە کۆمەڵە ئەندام و چەند بەشێکە، نە کوللییە بۆ جوزئییـات وەکـو ماهییـەتی ئینسـان کـە جوزئییـاتی هەیـە؛ خـودا پێوەندی بە تەرکیبی خاریجییەوە نییـە هـەتا ببێتـە جـوزء یـا کـول، پێوەندیشـی بـە تـەرکیبی زیهنییەوە نییە هەتا ببێتە جوزئی یا کوللی.

خودا نەبووە و نابێ بە شوێنی عەواریزی حادیسە کە لە پاش نەبوون پەیدا بووبێ، چونکـە هـەر سیفەتێ کەمال بێ لە ئەزەلەوە تا ئەبەد سابتە بۆ خودا و هەر سیفەتێکیش نەقس بێ لە ئەزەلـەوە

تا ئەبەد خودا لێیەوە دوورە، ئەو سیفەتە ئەگەر کەمال بوایە لە ئەزەلا دەیبوو، مادام کەمال نییە ئێستەیش دروست نییە عاریزی ببێ و بۆی پەیدا ببێ.

خودا شەکلی نییە نە سێگۆشە و نە چوارگۆشە و نە غەیری ئەمانە؛ چونکە شەکل لەوەوە پەیدا ئەبێ کە شت سنووری هەبێ، خودایش ماددە نییە و سنووری نییە.

سوورەتی جەوهەری نییە کە (بالفعل) جیسمی پێ پەیدا ئەبێ، هەیوولا نییە کە ماددەی جەوهەرییە و دەبێتە شوێنی سوورەت و (بالقوة) جیسمی پێ پەیدا ئەبێ. خودا لە شەش لاکانەوە دوورە؛ نە ژووری هەیە و نە خوار، نە راستی هەیە و نە چەپ، نە پشتی هەیە و نە بەردەم، لە (حیّز) یا (مکان) و شوێنی ئارامگرتن دوورە و بێپێوەندییە، خودا عەرەز نییە تا پێویستی بە جەوهەرێ ببێ بچێتە سەری و پێیەوە راوەستێ، جەوهەر نییە کە ماددەی (قائم بالذات)ە و دەبێتە شوێنی عەرەز و حاڵ، خودا جیسم نییە کە لە ئەجزای ماددی تێکەڵ بێت. جیسمانی نییە کە عاریز ببێتە سەر جیسمێک، رۆح واتە نەفسی ناتیقە نییە کە پێوەندی بە لەشی ئینسانەوە هەیە، رۆحانی نییە، واتە شتێک نییە کە رۆح پێوەندی پێیەوە هەبێ، خودا نە لە زەویدایە و نە لە ئاسماندا، نە لە زەماندایە و نە لە مەکاندا، زاتێک لە زەمان و مەکاندا دەبێت کە خاوەن سنوور بێ و ئەملا و لای دیاری بێت، خودا لە سنوور و گەمارۆدانی زەمان و مەکانەوە دوورە. خودا لە (مَتی) وە دوورە، واتە ناپرسرێ: کەی بووە یا کەی پەیدا بووە؟

دوورە لە (کم) و پرسیار لە چەندییەت؛ خودا نە ژمارەیە و نە ئەندازەیە، پرسیار بە (کم) یش بۆ ئەمانەیە. دوورە لە پرسیار بە (کیف) چونکە خودا کەیفییاتی نییە.

دوورە لە پرسیار بە (این) چونکە جێگای نییە. دوورە لە حەرەکە و سکوون و لکان بە شتێکەوە و لێجیابوونەوەی.

ئەوە (مؤثر فیالوجود) و بەس
جَلَّ، تعالی، عَزَّ، تقدّس
بێوێنە و ماددە، بێمودده و ئالەت
وە بێماندەگی و عیجز و مەلالەت
ئاوردییە وجوود گشت ئەجزای عالەم
لە عەدەم، دیسان دەیواتەو عەدەم [٢٣]

لە ئەزەل ئەو بوو، نە هیچ بوو، نــە کــەس
بە بێچوون دەگەڵ هەموو چشتێ هەس
ئــاخریچ هــەر ئــەو دەمێنێــت و بــەس
یەعنی غەیری حەق دڵ بە هیچ مەبــەس
(کمــا فــی الأزل فــی مــا لا یــزال)
پاکــە و موقــەددەس لــە نــەقس و زەوال

واتە: هەر خودای گەورەیە کار لــە بوونــدا دەکــات و بــوونی داوە بــە ماهییەتــەکان و وای لــێ کردوون بوونیان هەبێ، واتە ئەو ماهییەتانە نەبوون و خودای گــەورە ئاشــکرای کــردن و دروســتی کردن و کردنی بە سەرچاوەی ئاسار، بە جۆرێ کە ئینسان تەماشایان بکات دەتوانێ بلــێت ئەمانــە هەن.

خۆ ئەگەر وجوود عەینی زات بێ ئەوکاتە مەعنای قسەکە بەم جۆرە دەبێ:

هەر خودا وجوودی داهێناوە و لە نەبوونەوە دەری‌کردووە بۆ بوون و وەک خۆر رووناکی بەســەر جیهاندا پەخش دەکات.

خودا بە بێ‌ئەوە کە وێنەی جیهان بگرێ، بێ‌ئەوە کە ماددەیەکی قەدیمی لا بێ، بێ هیچ جۆرە ئامێرێکی داهێنان و دروست‌کردن، بێ ماندووبوون و زویری، بێ‌ئەوەی زەمانێکی پێویست بــێ بــۆ پێ‌گەیشتنی ئیستیعداد و قابلییەت [٢٤] هــەموو ئــەجزای جیهــانی دروســت کــرد و لــە نادیــاریی نەبوونەوە هێنایە ژێر رووناکیی بوون، دیسان کاتێ نەیویست پایەدار بن دەیانباتەوە بۆ نەبوون.

خودا لە ئەزەل‌دا هەر ئەو بوو، هیچ شتێکی ناعاقڵ و هیچ کەسێکی عاقڵ لە ئارادا نــەبوو. خــودا بە بێ‌چۆنی و بە بێ‌پێوەندیی نارەوا بەڵکو بــە ســیفەتی ئافەریــدگاری و ئاگــاداری لەگــەڵ هــەموو شتێکدا هەیە.

لە ئەنجامیشدا هەر خودا دەمێنێت و بەس، واتە دڵ بە هــیچ شــتێکەوە مەبەســتە بــە خــوداوە نەبێ، کائینات هەمووی لە بەردەستی هێزی خودایە و پایەدار نییە و بــۆ ئــەوە ناشــێ دڵــی پێــوە ببەستی.

مەبەس لەم قسەیە ئەوەیە کە ئەم جیهانی ئەنانییــەت و خۆپەرســتی و خراپەکارییــە نامێنــێ و سەری سەرداران بێ‌تاج و ناونیشان ئەکەوێ... مەبەس ئەوە نییە کە هیچ مەوجوودێ لە جیهانــدا

نامێنێ، چونکە بە نەسسی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) بەهەشت و دۆزەخ ئەمێنن و دانیشتووەکانیشیان هەر ئەمێنن.

هەروەها زاتی خودای گەورە بە بێگۆڕان لە پاشەڕۆژدا دەمێنێتەوە بەو جۆرەی کە لە ئـەزەلدا بووە، پاکە و بێخەوشە و لە کەموکووڕی و لەناوچوونەوە دوورە.

مەوسووف بە ئـەسما و سـیفاتی کـەمال
چە وەسفی جەلال، چە وەسفی جـەمال
چـە سـیفات زات بـێشیبهـ و میسـال
چە سیفات پاک حەمیـدەی ئـەفعال [٢٥]
زاتی گشت قەدیم لـە حـودووس سـافی
وجـوودی و فیعلـی، حـادیس ئیـزافی
وەکـو خـەلق و رزق، وەکـو ئینتیقـام
ئیحیـا و ئیماتـە و ئیهانـە و ئیکـرام
(تعلّقـــاتُ وصـــفِ قدرتِـــهِ
بکـونِ المقـدور کـلٌّ فـی وقتِـهِ)
لـە دڵـی پـڕ زەوق بـێئیعتیسـافدا
هـیچ مـەحزوور نییـە لـەم ئیتتیسـافدا
ککـون الحـقِ تعـالیَ وحـدە،
قبـل العـالم، معـە، بعـدە.

واتە: زاتی خودای گەورە مەوسووفە بە ئەسماء و بە سیفاتی کەمال. جارێ با باسی ئەوە بکەین کە خودای گەورە مەوسووفە بە ئەسماء: ئەگونجێ مەبەس ئـەوەبێ کـە خـودا بـەو موشـتەققانە تەوسیف بکرێ کە لە ناوەکانی خودا پەیدا ئـەبن وەکـو مـوئمین و وەههـاب و رەززاق و عـەلیم و قادیر و موحیی و مومیت و غەیری ئەمانـە، بـەڵام ئـەم ئیحتیمالـە بـاش نییـە و دەبێتـە دووبـارە کردنەوە چونکە وەسفدارکردنی بە سیفاتی کەمال چ سیفاتی زاتی و چ سیفاتی فیعلی ئەم جـۆرە وەسفدارکردنە دەگەیەنێ. لەوانەیشە مەبەس ئەوە بێ کە خودای گەورە مەوسـووفە بـەوەی کـە خاوەن ناوە و ناودارە وەکوو لەمەولا؛ ئەگەر خوا حەز بکات؛ باسی ئەکەین.

شایانی باسە سەبارەت بە ناوی خودای گەورە چەند باسێک هەیە:

یەکەم: ئایا ناو خودی خاوەن ناوە یا نا؟ زاناکان فەرموویانە: لێرەدا ئیسم هەیە، موسەمما هەیە، تەسمییە هەیە؛ بۆ نموونە: (محمد) ئیسم واتە: ناوە، پیاوێکی دیاری کە ئەم ناوەی بۆ دانراوە موسەممایە، واتە: ناونراو. کاری ناولێنانەکەیش تەسمییەیە. بێ‌گومان ئەم ناوە واتە (محمد) کە وشەیە و دەنگە و بەدەمدا دێ غەیری زاتەکەیە کە ئینسانێکی تایبەتی و دیارییە.

کەوابێ خیلاف لەوەدا کە ئیسمی خودی موسەممایە یا نا؟ بۆ واتای ئیسمەکە دەگەڕێتەوە؛ دەتوانین بڵێین ئەو ئیسمە کە تەنیا دەلالەت لە زاتی خاوەن ناوەکە دەکات، وەکو لەفزی پیرۆزی (الله) کە ناوە بۆ زاتی ئافەریدگار بە پێی واتاکەی خودی خاوەن ناوەکەیە؛ چونکە واتای کەلیمەی (الله) زاتی ئافەریدگاری گەورەیە.

بەڵام ئەو ئیسمەی کە واتاکەی حاڵ و کارە وەک (نافع) و (ڕەووف) و (لطیف) ئەوانە غەیری موسەممان؛ چونکە بۆ نموونە لەفزی نافیع زاتێکی نادیاری دەگەیەنێت کە سیفەتی ڕەئفەتی هەبێ، بێ‌گومان ئەم مەجمووعە غەیری موسەمماکەیە؛ چونکە موسەمما تەنها زاتی خودای ئافەریدگارە.

ئەو ئیسمانەیش کە واتاکانیان لە سیفەتە زاتییەکانن وەکو (عیلم) و (قادر) ئەوانە نە عەینی زاتن و نە غەیری، چونکە لە واتای (عیلم)دا (علم) دەردەکەوێ کە لە سیفەتە زاتییەکانە، سیفەتە زاتییەکانیش لای ئەشعەری نە عەینی زاتن و نە غەیر، وەکوو لەمەودوا باسی دەکەین، بەڵام لای موعتەزیلە و حوکەما عەینی زاتن، ئەوان لایان وایە سیفەتە زاتییەکان زیاد نین لەسەر زات و عەینی زاتن.

دووەم: ناوە مەشهوورەکانی خودای گەورە نەوەد و نۆن، یەکێ لەوانە کە لەفزی (الله)یە ئیسمی زاتە و عەلەمە بۆ زاتی خودای پەروەردگار، بەڵام ناوەکانی تر ئیسمی زاتی تێکەڵ لەگەڵ سیفاتن وەک (عیلم) کە ناوە بۆ زاتی خودا بە سیفەتی عیلمەوە، واتە: دەلالەت ئەکات لە زات لەو لایەنەوە کە خاوەن سیفەتی زانستە، یا (لطیف) کە ناوی خودایە بەو سیفەتەی کە میهرەبانە لەگەڵ مەخلووقاتدا. هەتاد.

دەلیل لەسەر ئەم نەوەدونۆ ناوە فەرموودەی پێغەمبەرە کە لە سەحیحی موسلیم و سەحیحی بوخاریدا باس کراوە: «إنّ لله تسعةً و تسعين اسماً مائه الا واحداً من أحصاها دخل الجنة»[٢٦].

واتەی «أحصاها»، وەکوو زانا بەرزەکان فەرموویانە، ئەوەیە بیانزانێ چەندن و باوەڕی بە مافی ئەم ناوانە هەبێ و پێی هەستێ. شایانی باسە ئەم ناوانە (ترمذی) باسی کردوون.

بێجگە لە ناوە مەشهوورەکان هەندێ ناوی تر هەن لە قورئـانی پـیرۆزدا نـاوبراون وەک: (ولـیّ، ناصر، غالب، قاهر، قریب، رب، اعلی، اکرم، أحسَنُ‌الخالقین، أرحم‌الـراحمین، ذی‌الطَـول، ذی‌القـوە، ذی‌المعارج).

هەندێکی تریش لە فەرموودەی پێغەمبەرا ناوهێنراون وەک (حنّان، منّـان) لـە ریوایـەتی (ابـن ماجە) یشدا چەند ناوی تر هاتوون وەک (تامّ، قدیم، شدید، کافی) و هەندێ ناوی تریش.

سێهەم: بەکارهێنانی ناو بۆ زاتی خودای گەورە ئاخۆ پێویسـتی بـە ئیجـازە و رێگـادانی شـەرع هەیە، یا پێویستی پێی نییە و لە خۆتەوە دەتوانی ناو دابنێیت و بەکاریبێنی بۆ خودای گەورە؟

قازی ئەبووبەکری باقلانی ئەڵێت: هەر لەفزێک مەعنایەک بگەیەنێت کە سابت بێ بـۆ خـودای گەورە ئەوە دروستە بەکاری بهێنی بۆی بە مـەرجێک کـە بـۆنی مـەعنای کـەم‌وکـووڕی نـەدات، هەندێکی تر وتوویانە: بەو مەرجەیش کە گەورەیی خودای ئافەریدگار بگەیەنێت؛ کەوابێ دروسـت نییە (عارف، فقیە، عاقل، فطن، طبیب) بۆ خودا بەکاربهێنرێن؛ چونکە (عـارف) ئـەوە دەگەیـەنێت کە لە پێش مەعریفەتەکەدا بێ‌ئاگا بووبێ، (فقیە) بۆنی ئەوە دەدا کە لە پێشدا شتەکەی نەزانیبێت و لە پاشان تێی‌گەیشتبێ، (عاقل) بە یەکێ دەوترێ سیفەتی هەبێ بـانگی بکـات بـۆ ئیشـی نابـار بەڵام بە هۆی عەقڵەوە خۆی لەو ئیشە نالەبارە رزگار بکات. (فطـن) بـۆنی ئـەوە دەدا کـە کـەمێ دوودڵ بووبێ لە شتەکەدا لە پاشا گورج تێی‌گەیشتبێ. (طبیب) ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسە بە خوێندن یا بە تاقی‌کردنەوە و بەراورد فێری ئەو زانستە بووبێت.

بەڵام شێخ (ابو الحسن)ی ئەشعەری (ر.خ) لە سەر ئەوەیە بە قەتعی هـیچ ناوێـک بـۆ خـودای گەورە بەکارناهێنرێ هەتا لـە قورئـان و حـەدیس‌دا بەکارنـەهێنرابێ، وەکـوو ئـەو نـەوەدونۆ نـاوە مەشهوورە.

جا با بێینەوە سەر باسی سیفاتی کەمال؛ خودای گـەورە خـاوەنی سـیفاتی کەمالـە، واتـە ئـەو سیفەتانەی کە دەلالەت لەسەر زۆر گەورەیی ئەو ئەکەن لە هەموو بابەتێکەوە: چ وەسفی سـەلبی بن کە بە سـیفاتی جـەلال ناوئـەبرێن وەکـوو (قـدم) بـێ‌سـەرەتایی، (بقـاء) بـێ‌دوایـی، (وحـدة) بێ‌هاوتایی، (قیام بالذات) بێ‌ئیحتیاجی، (عدم المماثلة) بێ‌وێنەیی؛ چ وەسفی سبووتی کە سیفاتی جەمالیان پێ دەوترێ، ئەمانەیش چ سیفاتی زاتی بن بۆ زاتی بێ‌وێنە و بێ‌هاوتا وەکوو (حیاة، علم، ارادة، قدرة، سمع، بصر، کلام) واتە: زیندوویی و زانست و خواست و تەوانایی و بیسـتن و بیـنین و گۆیایی، چ سیفاتی پاکی ئەفعالی حەمیدە و کردەوەی پەسەند بن.

شایانی باسە حەزرەتی مەولەوی لێرەدا باسی سیفەتی نەفسی نەکرد وەک وجوود، لەسەر ئـەوە کە لە بیر و باوەڕی ئەهلی تەسەووفدا وجوودی خودای گەورە عەینی زاتە و لە سیفات نییە.

جا ئەم سیفەتانە ئەوانەی کە سەلبیاتن بە ئیعتیبارییاتی (نفس الامـر)ی دەژمێـررێن، ئەوانـەی کە سبووتین و لە سیفاتی زاتییـەن وەک (حیـاة، علـم، ارادة...) گشـت قـەدیم و ئـەزەلین و لـە حدووس و پەیدابوون پاک و دوورن و هەموو وجوودین.

هەرچی سیفەتی سبووتیی فیعلیشە وەک (خلق، رزق، قهر، انتقام) هەموو حادیسـن و هـەرکام لە کاتێکی تایبەتی‌دا پەیدا دەبن، بۆ نموونە: ویستی زەیـد بـێ لـە سـکی دایکیـا گیـانی بەبـەرا دەکات و، کاتێ ویستی بیمرێنێ ئەیمرێنێ، کاتـێ بیـەوێ سـەربەرزی بکـات گـەورەی دەکـات و بیەوێ سووکی بکات سەرنزمی دەکات.

دیارە ئەم جۆرە سیفەتانە هەروەک حادیسن لە ئومووری ئیزافین، واتە: پێوەندییان بە غەیرەوە هەیە، چونکە سیفاتی فیعلییە بریتین لە پێوەندیی سیفەتی قـودرەتی بـە وجـوودی مەقـدوورەوە هەرکام لە کاتی خۆیا، دیارە لە وەسفدارکردنی خودادا بەم ئیزافانە خەوش و کەموکـووڕی نییـە، چونکە سیفەتی ئیعتیبارین وەک بوونی خودا بە تەنیا خۆی لە پێش جیهاندا و لەگـەڵ جیهانـدا و لەپاش جیهان کە ئیعتیبارییاتن و بە سیفەتی حادیسی مەوجوود ناناسرێن.

ئەزەلییـــەت بـــۆ ئـــەسما ســـابیتە
لـە وەجهـی رجـووع ئـەباڵ قودرەتـە
ســـیفاتی زاتی هـــەروەکوو زاتـــن
خاریج لە دەرکـی گشـت مـەخلووقاتن
هیچ مەعلووم ناون بۆمان (کمـا هـی)
ئـــەزەلی و ئەبـــەد ناموتـــەناهی
با تەعـەللوقیان واحیـد (بالـذات)ن [۲۷]
(حیـــث التعلـــق) بـــێ‌نیهایـــاتن
گشت زائید لە زات نە عەین و نە غـەیر
(مـــن حیـــث الایجـــاد آثارهـــا خیـــر)
وەک (مـا اسـابک) دەکـا، بـێ‌گومـان،

ئیما «ما تری فی خلـقالـرحمن...» [٢٨]

نـاون: نـابن. ئیمـا: ئیشـارە، هێمـا...

واتە: ناوە پیرۆزەکانی خودای گەورە هەموو ئەزەلین، چونکە هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ سیفەتی قودرەت کە سیفەتێکی ئەزەلییە بۆ نموونە: (خالق) واتە: تەوانا لەسەر دروستکردن، (رزاق) واتە: تەوانا لەسەر رزق و رۆزی دان...تاد.

پێویستە بزانن مەبەستی مەولەوی لێرە لە (اسماء) ئەو ناوانەیە کە بە موشتەق ناسـراون وەکـوو رەحمان و رەحیم و مەلیک و هاوچەشنەکانیان، نەک ئەو ناوانەی کـە بـۆ زاتی خـودا دانـراون لـە عەرەبیدا وەکو (الله) و لە کوردیدا وەکو (خودا).

هەروەها ئەم تەئویلەی مەولەوی لە زۆربەی ناوەکاندا دێتەجێ، ئەگینا ناویوا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سیفەتی حەیات، عـیلم، ئـیرادە، سـەمع، بەسـەر، کـەلام، یـا بـۆ سـیفەتە سـەلبییەکان وەکـو قوددووس، سەلام، ئەووەل، ئاخیر، وەکـو لـە کـتـێبی (شـەرحی مـەواقیف)دا لـە باسـی ئـەسمای حوسنادا باس کراوە.

سیفەتە زاتییەکان کە مەشهوورن بە سیفاتی مەعنی وەکوو حەیات و عیلم و ئیرادە و قـودرەت و سەمع و بەسەر و کەلام کە بە حرووفی جوملەی (أحِقّ سـبعک) ئیشـارەیان بـۆ دەکـرێ، واتـە: باوەڕم بە حەوت سیفەتەکەت هەیە، وەکوو زاتی خودان لەوەدا کە غەیری خـودای گـەورە کـەس کونهـ و حەقیقەتیان نازانێ و ئێمە پەی بە حەقیقەتیان نابەین. ئـەم سـیفەتانە وەک زاتی واجـب ئەزەلی و ئەبەدین، بێئەووەڵ و بێئاخرن و نابڕێنەوە. لەگـەڵ ئەوەیشـدا کـە پێوەنـدییان بـە زۆر شتەوە هەیە خۆیان لە خۆیاندا (واحد)ی (بالذات) ن، ئەوەتا عـیلم روو دەکاتـە هـەموو زانراوێـک، ئیرادە روو دەکاتە هەموو بووویێک لـە مومکینـەکان، قـودرەت روو دەکاتـە هـەر مومکینێـک کـە خواستی لـە سـەری هـەبێ، بـەلام ئـەم سـیفەتانە یـەکن. هـەروەها ئـەم سـیفەتانە لـە لایـانی پێوەندییانەوە بڕانەوەیان بۆ نییە، ئەوەتا هیچ مەقدوورێ نییە کە قودرەت رووی تـێنـەکات، هـیچ مەوجوودێ نییە لە ناو مومکیناتدا بۆ ئەوە نەشێ ئیرادە رووی تێبکات.

ئەم سیفەتە زاتییانە هەموو زیادن لە سەر زاتی خودای گەورە، چونکە خودا خـۆی لـە قورئـانی پیرۆزدا ناوی خۆی بردووە بە (حیّ) و (عَلیم) و (قادر). حەملی هـەر موشـتەققێکیش لەسـەر زات ئەوە دەگەیەنێت کە سەرچاوەی موشتەققەکە سیفەتی زاتەکەیە، بـۆ نموونـە کـە تـۆ وتـت: (الله علیم) واتە: عیلم سیفەتی (الله) یە، جا ئەگەر سەرچاوەی موشتەققەکە شتێکی ئیعتیبـاری بـێ و

لە عەینییات نەبێ وەکوو ئیمکان لە جوملەی (زید ممکن) و حودووس لە جوملەی (زید حادث)دا ئەوە پێویستە کە لە زیهندا زیاد بێ لەسەر زات، بەڵام ئەگەر لە سیفاتی خاریجی بێ وەکوو عیلم و حەیات... ئەوە لازمە لە زیهن و لە خاریجدا زیاد بێ لەسەر زات، کەوابێ ئەبێ عیلم زیاد بێ لەسەر زات.

کە سیفات زیاد بن لەسەر زاتی خودای ئافەریدگار نابێ خودی زاتەکەی بن، چونکە عەینییەتی سیفات بۆ زات شتێکی ناجۆرە و پێچەوانەی بەدیهییە، بۆیە پێویستە غەیری زات بن، چونکە هەر شتێ نیسبەت بە شتێکی تر کە (عەین)ی نەبوو پێویستە (لاعین) بێ هەتا (رفع النقیضین) روونەدات. دیارە کە سیفەتەکانی خودای گەورە (لاعین) بوون، ئەوا غەیر دەبن، غەیریش دوو جۆرە، یەکەم ئەوەیە لە هاو غەیرەکەی جیا دەبێتەوە، وەک زەید کە جیایە لە عەمر، یا تەندروستی کە جیایە لە لەش. دووەم: جیابوونەوەی مەحاڵە وەک سیفەتەکانی خودای گەورە کە هەرگیز لێی جیا نابنەوە. ئەو غەیرییەتە کە گرنگ بێ بەشی یەکەمە، بەشی دووەم لەبەر ئەوەی جیابوونەوەی تێدا نییە وەک ئەوەیە کە غەیر نەبێت.

زانایان دەڵێن: (ابوالحسن)ی ئەشعەری [٢٩] فەرموویەتی: سیفەتەکانی خودای گەورە هەر وەک عەینی زاتەکەی نین، کە ئەمەیش ئاشکرایە، غەیری زاتەکەیش نین؛ چونکە نە ئەمان لە زات جیا دەبنەوە و نە زات لەمان جیا دەبێتەوە.

پوختەی باسەکە ئەوەیە سیفەتەکانی خودای ئافەریدگار لە راستیدا و لەسەر مەعنای بەرامبەری (عەین) بە غەیری خودای گەورە دەردەچن، بەڵام لەسەر ئەو مەعنایەی ئەشعەری لێی داوەتەوە غەیر نین، واتە: لە زات جیا نابنەوە. بەم حیسابە سیفەتەکانی خودا نە عەینن و نە غەیر.

سیفەتەکانی خودا لەو ڕووەوە کە خودا ئیشیان پێدەکات، واتە خودا بە خواستی خۆی زەید بەرز دەکاتەوە و عەمر نزم دەکاتەوە، بە قودرەتی خۆی تەندروستی بە فلان کەس دەبەخشێ و نەخۆشی بەسەر فیسارە کەسدا دەدات، هەموو ئاساری ئەو سیفەتانە خێر و حیکمەت و جوانن، ئەگەرچی بۆ ئەوەی کە ویستی نزمبوونەوەی کراوە یا ئەوەی نەخۆشیی بەسەرا دراوە مایەی ئازار و بێزارییە.

سیفەتەکانی خودا لەو ڕووەوە کە پێوەندییان بە خوداوە یا غەیری خوداوە هەیە وەکوو نیسبەتی (ما اسابک) وایە، واتە: ئەوەی لە لایەنی خوداوە بۆ تۆ نێرراوە و بە تۆ دەگات لە خۆشی و ناخۆشی هەمووی، لەو ڕووەوە کە خودای گەورە ناردوویە و ئەو دروستی کردووە، حیکمەتە و

باشە، لەو رووەیشەوە کە دەبێتە هۆی گۆڕانی حاڵی تۆ ئەگەر بە باشی بیگۆڕێ باشە و جوانە، ئەگەر بە خراپی بیگۆڕێ و، لات و لاواز و بێئاسایش و بێنومایشت بکات گەلێ پێی زویر ئەبی و لات خراپ و نالەبارە، بەلام لە دروستکردنی خودای گەورەدا هەمووی هەر باشە؛ چونکە مادام مەبدەئەکەی لە خوداوەیە و، ئیشی خودایش پڕە لە حیکمەت، هەمووی باشە.

ئەم فەرموودەیە تەقریری ئایەتی (و ما أصابک من حسنةٍ فمنَ‌ّالله، و ما اصابک من سیّئةٍ فمنْ نفسک) [٣٠] لەگەڵ ئایەتی (ما تری فی خلق‌الرحمن من تفاوت) [٣١] دەکات. واتە: سەبارەت بە حاڵی تۆ ئەوەی کە پێت دەگات هەندێکی جوان و هەندێکی ناجوانە، بەلام سەبارەت بە دروستکردن و داهێنانیەوە لە لایەن خوداوە هەمووی جوانە و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە.

با وجوود موکەللەف نییەین بەمانە
سیفاتی ئایا زائیدن یا نە؟
یا خۆ ئەمیانە عەینی ئەوەیە
یا تەغایوریان لە بەیندا هەیە
بۆ زاتی ئایا غەیرن یا خۆ عەین؟
حەواڵەی کەشفی ئەسفیای دەدەین [٣٢]
ئێمە مەحجووبین با لاچین لە بەین
قسەی لێ نەکەین چاکە و دەیچیکەین
بۆچ؟! ئەهلی هەوا غالبن تەواو
(لا علاج) ئینسان تێرنە ئەو جەواو [٣٣]

باوجوود: ئەگەرچی، لەگەڵ ئەوەشدا. نییەین: نین. دەیچیکەین: دەیشی‌کەین. لاعلاج: ناچار. تێرنە ئەو جەواو: دەهێننە جواب، ناچاری دەکەن قسە بکات.

واتە: ئێمە بە قەدەر حاڵی خۆمان قسەمان لە عەینییەت و غەیرییەتی سیفەتەکانی خودا کرد. ئێمە داوالێکراوین کە باوەڕ بکەین بە بوونی خودا و بە بوونی زیندوویەتی و زانین و خواست و توانا و بیستن و بینین و قسەکردن بۆی؛ چونکە دژی ئەم سیفەتانە، کە مردن و نەزانین و بێ‌خواستی و بێتوانایی و کەڕی و کوێری و لاڵییە، خەوش و کەموکووڕین و بۆ خودا دەست نادەن؛ نەک خودای گەورە تەنانەت هیچ ئینسانێک بەوە رازی نابێت یەکێ لەو سیفەتانەی لێ بسەنرێت.

ئیتر ئێمە داوای ئەوەمان لێ نەکراوە بزانین ئاخۆ سیفەتەکانی خودا عەینی زاتن یا زیادن لەسەر زات، یا سیفەتی عیلم ـ بۆ نموونە ـ عەینی سیفەتی ئیرادەیە یا جیایە لێی؟ لەسەر رای زانا بەرزەکانی ئایین مەسەلەی عەینییەت و غەیرییەتی سیفەتەکانی خودا حەوالەی بەرچاوڕوونی و دەروونڕووناکیی دۆستانی خودا بکەین باشترە. ئەوەتە پایەبەرز (جلال الدین)ی دەووانی ئەفەرموێت: لە هەندێ دۆستانی خودام بیستووە عەینییەت و غەیرییەتی سیفەتەکانی خودا بە غەیری کەشف بۆ کەس دەرناکەوێ، ئێمەیش کەشفمان نییە، کەواتە وا باشە لەم ناوەدا نەمێنین و ئەم مەیدانە بە جێ بێڵین و قسەی تیا نەکەین، ئەگەرچی هەر قسەیش دەکەین، چونکە ئەهلی هەوا زۆرن و قسەی هەڵەوپەڵە ئەکەن و ئینسان ناچار ئەکەن بێتە جواب و قسە بکات، وا منیش بە ناچاری دێمە جواب و بە چەشنی ئەهلی حەق چەند قسەیەک ئەکەم و ئەڵێم:

سیفەتەکانی زاتی (واجب‌الوجود) زیادن لەسەر زات؛ بە چەند دەلیل:

دەلیلی یەکەم رێگای پێشینانی ئەشعەرییەکانە کە بریتییە لە قیاسی غائیب لەسەر شاهید و حازر. داڕشتنی ئەم دەلیلە لەسەر فەرموودەی (امام الحرمین) ئەوەیە کە بۆ راستیی قیاسی غائیب لەسەر شاهید پێویستە جامیعێ لەبەینی هەردووکیانا هەبێ و، بە بێ جامیع بە قەتعی حوکم نادرێ. تەماشاکەن ناتوانین قیاسی زاتی خودای گەورە لەسەر ئەو شاهیدانە بکەین کە فاعیلن و ئیش‌کەرن و جیسم و سنووردارن، چونکە جیسمییەت و سنوورداریی بۆ خودای گەورە مەحاڵە.

جامیع چوارە، یەکەم: عیللەت. دووەم: شەرت. سێهەم: حەقیقەت. چوارەم: دەلیل.

بۆ نموونە: مادام حوکمێ لە شاهیددا موعەللەل بوو بە عیللەتێ وەکو عالمییەت کە عیلم عیللەتەکەیەتی، یا خۆ حوکمێ لە شاهیددا مەشرووت بێ بە شەرتێک وەکو عالمییەت کە شەرتەکەی حەیاتە، یا خۆ حەقیقەتێ لە شوێنێکدا سابت بێ وەک ئەوە کە حەقیقەتی عالم بریتییە لە (من قام به العلم)، یاخۆ دەلیلێ بە عەقڵ دەلالەت لە مەدلوولێ بکات وەک دەلالەتی ئیحداس لەسەر موحدیس، پێویستە ئەمە گشتی بێ و لە غائیبەکەدا وەک شاهیدەکە هەبێ.

ئەنجا مادام سابت بوو لە شاهیدا کە حەقیقەتی (عالم) (من قام به العلم)ە و، حوکم بەوە کە عالم عالمە عیللەتی ئەوێ، پێویستە ئەم یاسایە لە غائیبەکەیشدا هەبێ. هەروەها کەلام و ئیرادە و قودرەت و سیفەتەکانی تریش.

جا ئەگەر کەسێ بڵێت ئەم ئەحکامە لەبەر ئیمکان و حدووس موعەللەلە لە شاهیددا، غائیبەکـە چونکە واجب و قەدیمە موعەللەل نابێ، لە وەلامدا ئەڵێم وجووب و قیدەم مونافیی تـەعلیل نییـە، تەنها ئەوەندەیە واجب تەنها بە واجیب موعەللەل بێ و جائیزیش تەنها بە جائیز، ئیتر جیـایی لـەم حوکمانــەدا دژی مەبەسـتی ئێمــە نییــە؛ (عــالم) کــە پێویســتە عــالم بێــت تــەنها لــە لایــەنی عالمییەتەکەوەیە نەک لەو لایەنەوە کە جەوهەر یا عەرەز یا حادیس یا قەدیم و شتی ترە.

دەلیلی دووەم ئەوەیە کە خودای گەورە عالمـە و هـەموو عـالمێکیش پێویسـتە عیلمـی ببـێ؛ چونکە تەسەوور ناکرێ لە (عالم) ئیللا کەسێ وەها کە عیلمی بۆ سابت بێت. سیفەتەکانی تـریش بەم جۆرە؛ بۆ نموونە: خودای گەورە (قادر)ە و هەموو (قادر) ێکیش پێویستە قودرەتی هەبێ.

جا ئەگەر کەسێ بڵێت: راسـتە خـودای گـەورە عیلمـی هەیـە، بـەلام بـۆ دروسـت نییـە کـە عیلمەکەی عەینی زاتی بێ و زائید نەبێ لەسەر زاتی؟ لە وەلامدا ئەڵێین:

ئەگــــەر ســــیفاتی نەفســــی زات دەوێ
لزوومـــــی چەنـــــدێ مـــــەحالات دەوێ
ئـــەووەڵ: دەوێ حـــەمل (بـــلا افـــادە)
دووەم: مەســــــەلا عیلمــــــە ئــــــیرادە
سێیـەم: عەقڵـی تـۆ دەشـێ جـازم بـێ
مەســـەلا بــە بـوون واجـب عــالم بـــێ
بێ حاجـەت ئـەباڵ ئیسـبات بـە بورهـان
چــت نەفســی خۆیــە زەروورە و عــەیان
چــارەم: بــوێ عــیلم (واجــبالوجــود)
(بالــذات) ســانیعی عالــەم و مــەعبوود
قســەیچ لــە نــەحوی (عــالِم)دا نییــە
کــــەوا حــــەملیان (مواطــــاة) ییــــە،
بەڵ قسـە لـە بـەحس نـەحوی (علـم)یـە
کــــەوا حــــەملیان ئیشــــتیقاقییە
هەرگاهــ کــە نەفســی زات بــن ئەوانــە

مەحالاتەکـــــە زاهـــــیر بزانـــــــە...
ئـــەر دەڵـــێ ئەوســـا لێـــی لازم دەوێ
کـــــە تــــەغایوری ئیعتیبـــــار نـــــەوێ
چـــە مەحالـــێ هــەس ئەگــەر بڵـــێ: (ذات،
حیـــــث التعلـــــق بـــــذی المعلومـــــات،
عـــالمٌ، بـــل علـــمٌ). (علـــی ذا القیـــاس)
تـــەقریری بـــاقیی ســـیفاتیچ هـــەر واس
مـــــەعنای حـــــەملیان یانییهـــــای زاتی
(متعلّـــــــــــــقٌ بالمعلومـــــــــــــاتِ)
(و هکـــذا) وا فایـــدەی بـــوو عـــەیان
ئیفتیقـــــاریچی بـــــوو ئـــــەبال بـــــەیان
تـــــەمایوزی بـــــەین ئیعتیبـــــارات بـــــوو
تەکەســـــوریچ بـــۆ وجـــوود نەیـــدا روو
هەر وەک ئەو جوملە مەشهوورە لە بـەین:
ئەڵـــــێن (الواحـــــد نصـــــفٌ للاثنَـــــین)،
سولســـــی ســـــیانە، روبعـــــە بـــــۆ چـــــوار،
تـــا هـــەرکوێ بـــڕۆت[٣٤] نایەتـــە شـــومار
دیـــارە مـــەوجوود هـــەر واحیـــد[٣٥] دەوێ
حـــــەملی موفیـــــدە و نیســـــفییە جگـــــێ
دەڵـــــێین بـــــوونی زات پـــــاکی عەلییـــــە
بـــە نـــەفس و عـــەینی ئـــەو تەعەللوقیـــە
باتیلییـــــــــــەتی زۆر بەدیهییـــــــــــە
(ککـــــون الواحـــــد نفـــــس النصـــــفیة)

(بـــل انّمـــا هـــو عـــالمٌ، قـــدیر،
حـــیٌ، مریـــدٌ، ســـمیع، بصـــیر)
پـــەس ئـــەوا مـــاوە لـــەم رەواقـــەدا
کـــەلام لـــە مەئخـــەز ئیشـــتیقاقەدا،
وەکـــو قـــودرەت و عـــیلم، (وَ إنَّـــە
معنـــیً زائـــدٌ لـــیس نفسَـــهُ)
بـــۆچ؛ میســـلی قـــودرەت (ربّ البریّـــة)
لـــە ئیعتیبـــارات عەقلییـــە نییـــە
بـەڵ لـە مـەعانیی حەقیقییـەن گشـت
لـەم دوو شـیققانە یـەکێ بگـرە مشـت
ئـەر عەینـەن عـەودەت بـۆ مەحالاتـە،
وەر وەرای زاتـــەن مەتلـــەب ئیســـباتە
نییـــە دەلالـــەت ســـەمعی و عەقلییـــە
لـــە بـــۆ ئیزاحـــی مـــەعنای غەیرییـــە
(نَعَـــم فـــی صـــفات جنـــاب البـــاری)
هەیـــە ئیتتیفـــاق بـــۆ ئوممـــەت جـــاری
کـە مـەنعی ئیـتلاق غەیرییـەت دەکـەن
ناویـــان بـــۆ زات وەک ئـــەغیار نابـــەن
(بنـــــاء عَلـــــی ذاکَ الإتّفـــــاق
نحـــن نقطـــع بمنـــع الإطـــلاق)
تـــەعریفی غـــەیریچ وا کـــە مەشـــهوورە
بـــۆ بەڵـــەدییەت لـــەگرە زەروورە
غـــەیر ئینفیکاکیـــان لـــە بەینـــدا دەوێ
یـــا خـــۆ دوو زاتـــن ئـــەمیان ئـــەو نـــەوێ

قسەیچ: قسەیش. سیفاتیچ: سیفاتیش. واس: وایە. یانییهای: واتە، یەعنی. شومار: ژمارە. جگێ: جیا. لەگرە: لێرە. دەوێ: دەبێ. نەوێ: نەبێ. ئەگەر سیفاتی خودا نەفسی زات بن گەلێ مەحالات روو دەدات.

یەکەم: حەملی سیفات لەسەر زات بێفائیدە ئەبێ؛ چونکە حەملی شت لەسەر خودی خۆی بێسوودە، کەچی (الله عالم) جوملەیەکی سوودبەخشە.

دووەم: ئەوە روو ئەدات کە سیفەتی حەیات عیلم بێ، سیفەتی عیلم ئیرادە بێ... تاد، ئەبێ رەوا بێ بلێین: (الحیاة علمٌ، والعلم ارادة) چونکە ئەگەر سیفەتەکان عەینی زات بن دەتوانین بلێین: (الحیاة ذات، والذات علم؛ فالحیاة علم) یا بلێین: (العلم ذات الباری، وذات الباری أرادة فالعلم إرادة) ئەمەیش بەتاڵە؛ چونکە (حیاة) واتە: زیندوێتی، سیفەتێکە سەرچاوەی هەست و جموجوولە. (علم) واتە زانین سەرچاوەی دەرخستنی زانراوەکانە. (ارادة) واتە خواست هێزێکە سەرچاوەی دیاریکردنی یەکێ لە دوو شتە بۆ هاتنەدی.

سێهەم: ئەوە روو دەدات کە ئینسان باوەڕی جازمی ببێ بەوە کە خودا عالمە و لەم باوەڕەدا موحتاجی دەلیل نەبێت، چونکە کە سیفەت و زات یەک بن حەملی شت لەسەر خۆی موحتاجی دەلیل نابێت؛ کەچی پێسەلماندنی هەرکام لەم سیفەتانە و ئیسباتکردنیان بۆ زاتی خودا پێویستی بە دەلیل هەیە.

چوارەم: دەبێ دروست بێ بلێین: عیلمی خودا (واجبالوجود) ە، سانیعی عالەمە، مەعبوودە، چونکە عیلم عەینی زاتە، زاتیش سانیع و مەعبوودە، کەواتە عیلم سانیعە و مەعبوودە، ئەمەیش بە ئاشکرا بەتاڵە.

جا ئەگەر کەسێ بلێ: کاتێ ئەم مەحاڵانە روو دەدەن کە مەفهوومی زات لەگەڵ سیفەتەکان یەک بن، بەڵام ئەگەر لە مەفهوومدا جیاواز بن، با لە زاتیشدا یەک بن، مەحاڵ روو نادات، وەکو ئەڵێیت: ئینسان کاتبە یا (الله عالم)، کە ئینسان و کاتب و (الله) و (عالم) لە زاتدا یەک و لە مەفهوومدا جیاوازن، لە وەڵامدا دەڵێین: ئێمە باسی (حیّ) و (عالم) و (مرید) و (قادر) ناکەین، کە بە شێوەی حەملی (مواطاة) حەمل دەکرێنە سەر زات و دەوترێت (الله حیّ) یا (الله عالم) تاد...، کە مەوزووع و مەحموول لە مەفهوومدا جیان و لە زاتدا یەکن، بەڵکو قسەمان لە (حیاة) و (علم) و (إرادة) و (قدرة) ە، کە مەبادیئی مەحموولاتەکانن، ئەمانە نە عەینی زات و نە غەیری زاتن، بەو جۆرەی کە باسمان کرد و، رەخنەکانیشمان هەر لەسەر ئەم ئەساسە بوو؛ دیارە ئەگەر حەیات و

عیلم و ئیرادە و قودرەت عەینی زات بن و بڵێین: (الله حیاة) یا (الله علم) تاد... ئەو مەحاڵانــە کــە باسمان کردن روو دەدەن.

هەروەها ئەگەر کەسێ بڵێت ئەو مەحاڵانە کاتێ روو دەدەن کە لەگەڵ عەینییەتی سـیفاتدا بـۆ زات جیاوازیی ئیعتیباری لە بەینیاندا نەبێ، بەڵام ئەگەر جیاوازیی ئیعتیبـاری ببـێ قـەی‌ناکـا. بـۆ نموونە: هەر چەند عیلم و زات یەکێکن بەڵام لە زاتا تەنها زات تەماشا ناکرێ، بەڵکو ئەڵـێن: زاتی خودا لەو لایەنەوە کە پێوەندی بە زانراوەکانەوە هەیـە عیلمـە و، لـەو لایەنـەوە کـە پێوەنـدی بـە مەقدووراتەوە هەیە قودرەتە... تاد. بەم‌جۆرە هیچی تیا نییە کە بڵێین: زاتی واجب، لەو لایەنـەوە کە پێوەندی بە زانراوەکانەوە هەیە عالمە، بەڵکو عیلمە، وە لە لایەنی پێوەنـدی بـە مەقدووراتـەوە قـادرە بەڵـکو قودرەتـە، وە مـەعنای حـەملی عـیلم لەسـەر زاتی بـاری ئەمەیـە کـە زاتی بـاری موتەعەللیقە بە مەعلووم و مەقدوورەوە و حەملەکەیشی راست و موفیدە و پێویستیشی بە بورهـان هەیە و، تەمایوزیش لە ئیعتیباراتەکەدا هەیە وەکو ئەوە کە ئەڵێیت «الواحد نصف الاثنـین و ثلـث الثلاثە و ربع الأربعة... الخ»، لە وەڵامدا ئەڵێم مەعنای ئەم قسەیە ئەوەیە کـە زاتی واجـب بـریتی بێ لە تەعـەللوقات، چونکـە لـەم بەیانـەدا زات لەگـەڵ عیلمـدا یـەکن، عیلمـیش تەعەللوقـە بـە مەعلووماتەوە و، بوونی زات بە تەعەللوقات بەتاڵە وەک بوونی واحید بە نیسفییەت، چونکە واحیـد نیسفییەت نییە بەڵکو نیسفە و، زات عالم و قادر و موریدە نەک عیلم و قودرەت و ئـیرادە، ئـەمجا قسە دێنینە سەر ئەم عـیلم و قـودرەت و ئیرادەیـە کـە پێویسـتە مەعنایـەک بـن بێجگـە زات و، ناوبردنیان بە تەعەللوقات سوودی نییە، چونکە عیلم و قودرەت تەعەللوقاتی ئیعتیبارییە نین وەکـو ئیمکان و حدووس، بەڵکو لە حەقائیقن؛ کەوابوو یا ئەبێ بڵێت عەینی زاتن و مەحاڵەکان بێنەجێ، یا ئەبێ بڵێت زیادن لەسەر زات کە مەبەستی ئێمەیە و لای ئێمە ئەمە راستە.

بەڵام ئاخۆ لەسەر ئەم رایە یەکێ لە زانـا ئەشـعەرییەکان پێیـان دەڵـێت غـەیری زاتی واجـب؟ وەڵام: نە، واتە: نەمان بیستووە یەکێ لە ئەشعەرییەکان بڵێت: سیفەتەکانی خـودا غـەیری زاتـن؛ چونکە لای ئەوان شتی غەیری یەک، دوو مەوجوودن دروست بێ لـە یـەکتر جیـا ببنـەوە، دیـارە سیفەتەکانی خودا و زاتی خوداش هەرگیز لە یەک جیا نابنەوە، نە زات بـە بـێ سـیفەتەکان و نـە سیفەتەکان بە بێ‌زات ئەبن.

تەقریری مەزهەب ئـەهلی حـەق کریـا
ئیجازەی تـەقریر تـەرزێ تـر دریـا [٣٦]

ئەمـــە تـــەحريری ئوســـوولی دينـــە
هەڵـــگرە بـــە دڵ هـــەر كـــام يەقينـــە
(مثبتـــو الصـــفات) ئيختيلافيانـــــە:
سـيفات زائيـدن (علـی الـذات) يـا نـە؟
ئەو كـەس وا قـەولی هـەس بـە زيـادە
لـە سـيفات خـەواس دەكـا ئـيرادە
خاسەی وەسفی عيلم دانستەن شـعوور
خاسەی ئيرادە قەسـدەكەی مەشـهوور
بۆ وەسـفی قـودرەت خاسـەی ئامـادە:
(تـــأثيرٌ علـــی وفـــق الارادة)
چە حاجەت قەڵـەم تـوولی پـێ بـدات؛
(فقِـس عليهـا سـائرَ الصـفات)
(و تلـك الخـواصّ ليسـت عينـه،
و هـو ظـاهرٌ، و لا غيـره)
بـۆچ؟ (فـی الوجـود الخـارجی) نييـەس
تـەمايوزيان لـە زاتی ئەقـدەس
(فَلِـذا قـالوا، جـزاهمُ الخيـر:
بـان الصـفات لا عـينٌ، لا غيـر).
(والغيريّـةُ التـی اسـتبان
منهـا الاسـتلزام لوصـف الامكـان)
(المفتقـرُ المحـوج العائـل
فـیالوجـود الـی تـأثير الفاعـل)
غەيرييەتێكـە (ذات الاقتـران
للتمـايز الخـارجی) بيـزان

ئـیرادە دەکـرێ خـەواسّ لـە ئەوسـاف
نـاوێ ئیتتیسـاف (بالفعـل)ی بـۆ زات
(کیـــف لا یکـــون مقصـــوراً عَلـــی
حصـــولِ تلـــک الخـــواصّ، و لا
شـــیء مـــن عـــالم مریـــدٍ قـــدیر
بـــلا شـــعور قصـــدٍ او تـــأثیر،
مـــثلاً، بهـــذا المعلـــوم المـــذکور
لهـــذا المـــراد، فـــی ذاک المقـــدور
عالمـــاً بـــه، مُریـــداً لَـــهُ،
قـــدیراً علیـــه، فـــذرْ مـــن لَهُـــوا [٣٧]
و لیســـت نفـــسُ ذی المبادیـــات
کـــذلک، فهـــی کانـــت عـــینَ الـــذات
و ان لـــم تکـــن عینهـــا یلـــزم
فـــی تلـــک الخـــواصّ لله الأعظـــم)
ئیحتیـاج ئـەباڵ غـەیری زاتی خـۆی
ئـەمرێ شـەنیعە، دەشـێ لێـی لادەی
(و اِن یَســـتَند ذا الغیـــرُ لَـــهُ
یعنـــی الیـــه، جـــلّ شـــأنُهُ)

نییەس: نییە. دەشێ: دەبێ، پێویستە.

واتە: لە باسی پێشوودا ڕێبازی ئەهلی حەق دەربـارەی سـیفەتە زاتییـەکانی خـودا دەربـڕرا. وا لێرەیشدا لە لایەن زاناکانەوە ڕێگای تەقریرێکی ترمان پێدراوە.

دیارە ئەم شوێنە شوێنی ڕوونکردنەوەی بناخەکانی ئایینـە و پێویسـتە بـۆ یـەقین تێکۆشـین؛ خودای گەورە دەفەرموێ »و لا تقفُ ما لیس لک بـە علـم« واتـە: مەکـەوەرە شـوێنی شـتێ کـە یەقینت پێی نەبێ و، ئەو بیر و باوەڕە وەربگرە؛ کە موافیقی زاهیری کیتاب و سوننەت بـێ؛ خـودا فەرموویەتی: (الذین یستمعون القول فیتبعون أحسنه) تەقریرەکەیش ئەمەیە:

ئەوانەی پێکهاتوون لەسەر بوونی سیفەتەکانی خودای گەورە لە ناو خۆیاندا بیروڕایان جیاوازە: ئاخۆ ئەم سیفەتانە زیادن لەسەر زاتی خودا یان نا؟ ئەوانەی رایان لەسەر زیادیی سیفەتەکانە مەبەستیان لە سیفەتەکان خەواسی ئەو سیفەتانەیە؛ بۆ نموونە: خاسەی سیفەتی عیلم زانست و هەستە، خاسّەی ئیرادە قەسد و ویستی دامەزراوە، خاسەی قودرەت بەجێهاتنی مەخلووقە لەسەر خواست. هەروەها سیفەتەکانیتریش وەک دەڵێن خاسەی سەمع وەرگرتنی دەنگە، خاسّەی بەسەر وەرگرتنی رووناکی و رەنگە. دیارە ئەم خاسانە خودی زاتی واجب نین، هەروەها غەیریش نین بۆ زاتی واجب لە وجوودا؛ چونکە ئەم خەواسە ئومووری ئیعتیبارین و ئیزافین و سەربەخۆ دیار نین هەتا بڵێین غەیری زاتن، بۆیە ئەشعەرییەکان فەرموویانە سیفەتەکانی خودا نە عەینی زات و نە غەیری زاتن، واتە: ئەو غەیرە نین کە مومکینی خاس بن و پێویست بە فاعیل بن؛ چونکە ئەو جۆرە غەیرییەتە ئەبێ لەگەڵ بوون و دیارییەتیی خارجی بێت، ئەم خاسانەیش لە ئیعتیباری‌یاتن و وجوودی عەینییان نییە هەتا بڵێین: ئەگەر ئەمانە واجب‌الوجود بن تەعەددودی واجب روو دەدات، ئەمەیش کوفر و شیرکە.

دیارە ئەگەر مومکینی خاس بن دەبێ پێویست بە فاعیل بن، جا ئەگەر فاعیلەکە زاتی واجب‌الوجود بێ و بە ناچاری دروستی کردبن، ئەوا لازم دێ کە خودا ناچار و بێ‌ئیختیار و بێ‌دەستەڵات بێ (تعالی عن ذلک علواً کبیراً) خۆ ئەگەر بە ئیختیار دروستی کردبن ئەوە لازم دێ کە ئەم سیفەتانە حادیس بن، چونکە بەرهەمی فاعیلی موختار پێویستە قەسدی پێش کەوتبێ، هەرچیش قەسدی لێ پێش بکەوێ حادیسە. وە ئەگەر فاعیلی ئەم سیفەتانە غەیری زاتی واجب بێت، ئەوا ئەبێ خودای گەورە لە بوونی سیفەتەکانیدا موحتاجی غەیری خۆی بێت، خودایش لەوە گەورەترە کە موحتاجی غەیری خۆی بێت.

ئەگەر یەکێ بڵێ هۆی چییە کە زاناکان لە سیفەتەکانی واجب خاسەکانیان گرتووە؟ ئەڵێم هۆیەکەی ئەوەیە کە بە زاهیری کیتاب و سوننەت خودای گەورە حەوت سیفەتی هەیە، سیفەتیش ئەوەیە کە زاتی خودای گەورە پێی مەوسووف بێ، ئیتتیسافیش نابێ بە سیفاتێ نەبێ کە دەلالەت لەسەر مەعنای مەسدەری بکەن؛ چونکە هەر مەسدەرە قابیلە بۆ ئیشتیقاقی سیفاتی مەحموولە. بۆ نموونە: لە (حیاة، علم، ارادة، قدرة، سمع، بصر، کلام) کە مەسدەرن (حیّ، عالم، مرید، قادر، سمیع، بصیر، متکلم) دروست ئەکرێن نەک لە (حیاة، علم، ارادة) یەک کە ئیسم بن بۆ مەبادیی ئەو مەسدەرانە؛ تەماشابکە (حجر) بە واتای بەرد نابێ بە سیفەت، بەڵام کە مەعنای رەقی

و سەختی تیا ئیعتیبار کرا دەبێتە سیفەت و فیعلیشی لێ دروست ئەکرێ و ئەڵێیت (تحجّر الطین؛ ای تصلّب، و کیف لا تقصد تلک الخواص و کیف لا یکون الاتصاف مقصوراً علی حصول تلک الخواص، و لا شیء من عالم مرید قدیر بلا شعور و قصد و تأثیر؟).

دیارە نەفسی ئەو مەبادییانە بە بێئیعتیباری خەواس نابنە (مشتق منە)، چونکە ئەوانە ئیسمی جامیدن و ئیسمی جامید بۆ کردنە وەسف دەس نادات، لەم لایشەوە کە تەماشای ئەو مەبادییە ئەکەین هەرگیز لە زاتی واجب جیا نابنەوە، چونکە زاتی (واجب‌الوجود) پێویستە لەگەڵ کەمالی موتلەق‌دا بێ و، هەرگیز کەس ناتوانێ زاتی واجب‌الوجود بە بێ‌کەمالات بە تەسەورێکی راست وەربگرێت وەکوو لە واقیع و ئەعیاندا بە بێ‌ئەوانە نابێ؛ لەبەرئەمە ئەو مەبادییانەیان بە عەینی زات داناوە. وە ئەگەر ئەو مەبادییانە کە سەرچاوەی خەواسەکانن بە عەینی زاتیان دانەنێن و بە غەیریان حسێب کەن ئەبێ ئەو خەواسە بە واسیتەی غەیری خودا ببنە سیفەتی خودا، ئەمەیش شتێکی ناشیرین و نالەبارە، تەنانەت ئەگەر غەیرەکەیش پێوەندی بە خوداوە هەبێ، دیارە لەم باسەی ئێمەدا کە مەبادییەکان بە غەیر دابنێین و خەواسەکان بە هۆی ئەوانەوە ببن بە سیفەت بۆ زات، ئەوە روو دەدات کە زاتی خودای گەورە لە ئیتتیساف بە سیفەتەکانی خۆی‌دا موحتاجی غەیری زاتی خۆی ببێ.

ئەو کەس کە دەڵێ سیفات عەینییە
قەسدی بە سیفات (پێ) مەبادییە[٣٨]
لاکین کام مەعنای لێ دەکەی تەما[٣٩]
(قل هذا المعنی و هو انّ ما
مَعْ تلک‌الصفات یَصدُر عن الذات
یصدُرُ عنهُ بدون الصفات
یَعنی: لا یحتاج الی الصفاتِ
و تلک الخواصّ لنفس الذات)
ئەگەر عەینییەت بەم مەعنا نەوێ
بڵێ، بزانم بە چە رەنگ دەوێ
لە لای خۆی کەسێ تەسەوور بکات
کە موتتەحید وێ سیفەت دەگەڵ زات؟!

ئـەر چـاوی عەقڵـت بیـنش ئـالوودە،
دەویـنی سـیفەت وەک زات مـەوجوودە،
ئـەو بـە غـەیرەوە قیـامی هەیـە،
زات خـۆ قیـامی بـە نەفسـی خۆیـە
(و مـا یکـونُ الـی غیـرِهِ
محتاجـاً فـی أن یقـومَ بـه
کیـف یکـونُ عینـاً لِمـا لا
یحتـاجُ الـی غیـرِهِ أصـلا؟!
لـذا نفاهـا رأسـاً ذو اعتـزال
واثْبَـتَ الخـواصّ ریمـت(٤٠) بـالأحوال
فیمـا لسـان البیـان قَـرَّر
دَقِّـقِ النظـر الـی ان یظهـر
إنَّ المـآلَ واحِـدٌ فـی الکـلّ
والله أعلـمُ بالـدّقِ والجُـلّ)

واتە: ئەو کەسەیش کـە دەڵـێت سـیفات عـەینی زاتـە مەبەسـتی لـە سـیفەتەکان خـەواس و مەسادیری ئیعتیباری نییە، بەڵکو مەبەستی مەبادییەکانە. بـەڵام ئەگـەر پرسـیاریان لـێ کـردی مەبەستی بە عەین کام مەعنایە، تۆ بڵێ مەبەستی ئەوەیە ئـەو ئاسـارانەی کـە لەگـەڵ ئیعتیبـاری سیفەتەکاندا لە زاتی (واجبالوجود) ەوە پەیدا ئەبن بە بێسیفەتەکان لە زاتی (واجبالوجـود) ەوە پەیدا ئەبن؛ واتە: زات لـە هاتنـەدیی ئـەو هـەمووە ئاسـارەدا موحتـاج بـە سـیفات نییـە. ئەگـەر عەینییەت بەم مەعنا نەبێ بڵێ با بزانم بە چ رەنگێ قابیلە عاقڵ تەسەووری ئەوە بکات کە سیفەت لەگەڵ زاتدا یەک بێت؟ جا ئەگەر چاوی عەقل و تێفکرینت لەگەڵ چاوی بینینی دەرەوەدا تێکەڵ بووە و کاری لێ تێکچووە کە دەبینێ سیفەت لـە واقیـع و خاریجـدا هەیـە وەک زات و لەمـەوە دەکەویتە شوبهەی یەکیەتیی زات و سیفات، ئەوا پێویستە بزانی کە سیفەت بـە غـەیری خۆیـەوە راوەستاوە و زات بە خۆیەوە راوەستاوە، کەواتە چـۆن عـەقڵ قبـووڵ دەکـات شـتی بـە غـەیرەوە راوەستاو لەگەڵ شتی بە خۆوە راوەستاو یەک بن. بە وتەیەکی روونتر چۆن شـتێ کـە موحتـاجی غەیر بێت عەینی شتێ دەبێت کە موحتاج بە غەیر نەبێت؟!

جا لەبەر وردیی ئەم باسە و پێویستیی بە لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوەی زۆر کۆمەڵی موعتەزیلە یەکسەر سیفاتیان نەفی کردووە و خەواسەکانیان ئیسبات کردووە وەک عالمییەت، موریدییەت، قادرییەت و لەباتی خەواس وشەی (احوال) بەکاردێنن و مەبەستیان خەواسە، لای ئەوان (احوال) شتێکن لەبەینی مەوجوود و مەعدوومدان، واتە: نە مەوجوودن و نە مەعدووم.

(مەولەوی) ئەفەرموێ: پاش تەقریری ئەم باسە ورد ببەرەوە هەتا حالّی ببیت کە ئەنجامی ئەم نیزاع و جیدالە دەبێتە ئەوە کە نیزاعی پێ ناوێ؛ چونکە هەموویان یەک قسەن لەوەدا کە خەواسی سیفەتەکان (زیندوویەتی، زانستی هەموو شت، خواستی ئەوەی ببێتە جێ، کاری هێزی لە هەموو مومکینێکی مەقدووردا) هەن، ئیتر نەفسی سیفات و مەبادی خەواس بڕیار بدرێن یان نا، وە لە کاتی بڕیارداندا زیاد بن لەسەر زات و بە غەیر دابنرێن یان نا، تەئسیرێکی وەهای نییە بۆ یەکێ باوەڕی بە خەواسەکان هەبێ.

جا پاش ئەوە کە مەولەوی بە رەحمەت بێ ئەم تەقریرەی پیشان دا منیش بۆ بەجێهێنانی ئەمانەتی عیلمی عەرزتان ئەکەم: هەر چەند تەقریرەکەی ئەو دەفعی هەندێ ئیشکال ئەکات، بەلام هەندێ شوبهە هەر دەمێنێتەوە؛ چونکە ئەوکەسە کە باوەڕی بە خەواس هەیە یان دان بە مەبادییەکاندا دەنێ یا نا، ئەگەر بە مەبادی قایل نەبێ ئەوە لازم دێ کە سیفەتەکانی خودا لە قەبیلی مەسادیر و لە ئومووری ئیزافی و ئیعتیباری بن. وە ئەگەر لەگەڵ باوەڕ بە خەواس‌دا قایل بێ بە مەبادی، لەم کاتەدا مەعلوومە ئەو مەبادییە ئەوساف و حەقائیقی مەوجوودەن و قابیل نییە وەسف عەینی مەوسووف بێ. وە مادام ئەوساف عەینی مەوسووف نەبوون حەق وایە لێرەدا بڵێین سیفاتی خودای گەورە هەرچەند عەینی مەوسووف نین، بەلام لەبەر ئەوە کە لە زاتی خودای گەورە جیا نابنەوە ناویان نەبەین بە غەیری زات. وا ئەنجام گەڕایەوە سەر ئەوەی مەشهوورە لە ناوا، وە بۆ وەلامی شوبهەی موعتەزیلەکان ئەلێین: سیفەتەکانی خودای گەورە (واجب)ی (لذاتها) نین هەتا زۆریی واجب رووبدات، بەڵکو (واجب)ی (لذات باری) ن و خۆیان لە خۆیانا لە مومکیناتن و پێویستیان بە فاعیل هەیە، ئەمجار یا ئەلێین لازمی زاتن بە ئیجاب و ئیجاب لە سیفاتی کەمال‌دا کەمالە، یا خۆ مەنسووبن بۆ لای زاتی خودا بە ئیختیار و حدووسیشیان لازم نابێ، چونکە قابیلە لەسەر ئەو فکرەی کە (سیف الدین)ی ئامیدی دەری خستووە، هەر وەکوو تەقەددومی زات لەسەر قەسد و تەقەددومی قەسد لەسەر ئیجاد زاتییە، با تەقەددومیش بۆ ئیجاد لەسەر وجوود زاتی بێ، ئەنجام ئەوە دەبێ کە سیفات لە زاتەوە پەیدا دەبن بە ئیختیار لەگەڵ

قەدیمیشیاندا؛ (فالصفات ممکنات لازمة للذات قدیمة، و بما أنّها لیست تُعَدُّ أغیاراً له تعالی لا یلـزم تعدد القدماء المغایرة لذات الباری جلّ جلاله).

جـا کـە ئـەم بەیانـەتان بیسـت بـە دڵ لابکەنـەوە لـە فـەرموودەی زانـای گـەورە و زیـرەک (عبدالحکیم) [٤١] کە لە پەراوێزی شەرحی مەواقیفدا فەرموویـەتی: «لا یخفـی ان التسـتر ینـافی جعلها من الاعتقادیات. والذی عندی انّ ما وقع من الشیخ الأشعری هـو أن صـفاته تعـالی لیسـت غیر الذات لان الغیرین موجودان یجوز الانفکاک بینهمـا، والبـاقی مـن الحاقـات المشـائخ توجیهـاً لکلامه. و مقصوده ان صفاته تعالی لیست متأخرة عن وجوده لکونهـا مقتضـی ذاتـه کوجـوده. فـلا یکون ذاته تعالی فاعلة لها لأن الفاعل یجب تقدمـه بـالوجود علـی الـذات فـلا یکـون ذاتـه تعـالی بالقیاس الیها موجباً و لا مختاراً فلایلزم شیء من المحذورات. کما ان ذاته تعالی لیس موجبـا و لا مختاراً بالنسبة الی وجوده عند القائلین بزیادته. و کما ان الاربعة لیست بفاعلة لزوجیتها لا ایجاباً و لا اختیاراً بل الزوجیة مجعولة بجعلها... انتهی».

پوختەی ئەم فەرموودە ئەوەیە کە سـیفەتەکانی زاتی خـودای گـەورە وان لـە پایـەی (وجـود) ەکەیدا و، بە بێسیفەتەکانی کەماڵ زاتی خودا تەسەوور ناکرێ تەسەووڕێکی وەها کە لەگەڵ زاتی واجبدا بگونجێ، کەوابوو سەبارەت بەم سیفەتانە ئیجاب و ئیختیار بۆ زاتی خـودا نابێـت، هـەروەها ماوەی عەینییەت و غەیرییەتیش نامێنێ. ئیتر بەم تەقریرە هەر قسەیەک لەم شوێنەدا کـراوە بـە زیاد دەردەچێت. من ئەم باسەم لە کتێبی (الوسیلة فی شرح الفضیلة) لە مەسـەلەی (کـل اثنـین غیران)دا بە درێژی نووسیوە و ئەمە باوەڕی خۆمە. هەروەها لە پەراوێزی ریسالەی حەمیدییەشدا نووسیومە، سەیرکردنیان بێسوود نابێت ان‌شاءالله.



١ـ ئەم سەرباسە لە دەستنووسەکەدا نییە، تەنها لە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ ئەم سەرناوە تەنها لـە چاپەکەدایـە، لـە دەستنووسـەکەدا تـەنها هێڵـێک کێشراوە ئـەمسـەر و ئەوسـەری نەخشێنراوە، وەک نیشانەی ئەوە بێ کە باسەکە باسێکی تازەیە.

٣ـ لە پەراوێزی هەردوو نوسخەکەدا، چاپ و دەستنووس، دوو دێڕ بە فارسی نووسراوە ئەمە تەرجەمەیەتی:

«وشەی (لا اله الا الله) پیتی بە لێو گۆکراو و نوختەداری تیا نییە، لەمەیشدا چەند راز و نهێنییەک هەیـە تـەنها (ابرار) دەیزانن».

لە داوێنی دوو دێڕەکەدا (منه) نووسراوە، واتە هیی دانەر خۆیەتی کە مەولەوییە.

٤ـ ئایەتی (٢٠) سوورەتی (احزاب).

٥ـ ئایەتی (٤١) سوورەتی (یوسف).

٦ـ لە چاپەکەدا (پێبنە) یە، لە شێوە قسەی سنەیی دەچێت.

٧ـ لە پەراوێزی نوسخەی دەستنووسەکەدا چەند دێڕێ بە فارسی نووسراوە و بە نیمچە رستەی (منـە) دوایی هێنراون، واتە: هی دانەر خۆیەتی.

ئەمەیش دەقە فارسییەکەیە:

«یکی بمعنی درَو کردن و یکی بمعنی دروغ گفتن، ثانی را از اول و اول را از ثانی، یا ثانی را از ثـانی و اول را از اول بگیرد؛ تفاوت ندارد» [منە].

مەولەوی کە واتای رستـەکەی لـەم دەقـەدا لێکداوەتـەوە (درەوکـردن)ی کردووەتـە یەکـەم و (درۆکـردن)ی کردووەتە دووەم، دیارە لە بەیتەکەیشدا دوو (بیدرو) هەیە؛ یەکەم و دووەم.

جا ئەفەرموێت: تۆ ئەی خوێنەر یەکەمی بەیتەکە بە (بێدرۆ) و دووەم بە (بیـدرو) یـا یەکەمەکـە بـە (بیـدرو) و دووەمەکە بە (بێدرۆ) لێک دەدەیتەوە ئارەزووی خۆتە.

ئەم جۆرە وردەکارییانە ئەوسا لە ناو فەقێ و مەلادا باوبوون.

سەرنج:

دەقی پەراوێزەکە ئەوە دەگەیەنێت کە (بیدرو) ەکان یەکێکیان بە مەعنا درەوکردنە و یـەکێکیان (درۆ کـردن). بەڵێ درەوکردنەکە تەواوە، بەلام (درۆکردن) نا؛ چونکە (بێدرۆ) درۆ نەکردنە، مەگەر بلـێین دەقەکـە تـەنها باسـی (درو) دەکات بە بێ (بێ) کە (درۆ) و (درەو) یش هەڵدەگرێت. یا بڵێین (دروغ نگفتن) بووە و بـە هەڵـە کـراوە بـە «دروغ گفتن».

٨ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لەسەر رستەی «فعوّل علیة» نووسراوە: «ای فاعتمد علی ان هذا المعنی حق، أو علی الله، لان الکل مما سواه محتاج الیە، و هو المحتاج الیە للغیر» [منە]. واتە: زەمیری (هـی)ی (علیـە) یـا بـۆ مەعنای (الله الصمد) یا بۆ (الله) دەگەڕێتەوە.

٩ـ ئایەتی (٣٩) سوورەتی (طاها).

١٠ـ ئایەتی (١٠) سوورەتی (فەتح).

١١ـ ئایەتی (١٠) سوورەتی (هود).

١٢ـ ئایەتی (١) سوورەتی (زمر).

١٣ـ ئایەتی (٢٣) سوورەتی (ال عمران).

١٤ـ ئایەتی (٧) سوورەتی (بقرە).

١٥ـ ئایەتی (٢٢) سوورەتی (انبیاء).

١٦ـ ئایەتی (٣٠) سوورەتی (مؤمنون).

١٧ـ ئایەتی (١٤) سوورەتی (اسراء).

١٨ـ ئایەتی (١٦) سوورەتی (اعراف).

١٩ـ ئایەتی (٢٨) سوورەتی (ال عمران).

٢٠ـ (سیف الدین)ی ئامیدی (ابو الحسن علی) کوڕی (ابو علی) کوڕی مەحەممەد کوڕی سالم٥٥١ ـ ٦٣١ی کۆچی، خاوەنی کتێبی (احکام الاحکام).

٢١ـ لە نوسخە چاپەکەدا «لە کل» = (لەگەڵ)ە.

٢٢ـ لە نوسخە چاپەکەدا «قائم» = قائیمە، مەبەست لە (قایم)ی دەستنووسەکەیش هەر (قائیم)ە.

٢٣ـ لە دەستنووسەکەدا (دیواته او عدم) = (دەیواته ئەو عەدەم) ە، کە شیعرەکەی پێ لەنگ دەبێت، یا ئەبێ بڵێین (أ) ناخوێنرێتەوە و، یا ئەبێ بڵێین لەوانەیە (دیوات او عدم) بووبێ کە ئەمڕۆ بە (دەیوات ئەو عەدەم) دەنووسرێت. بەڵام لە چاپەکەدا (دەیواتەو عەدەم)ە.

٢٤ـ ئەمە بەرپەرچدانەوەی قسەی فەلاسیفەیە کە وتوویانە: ماددە و موددە قەدیمن هەروا ئیستیعدادیش، وە پێویستە ماددە بە گوێرەی نەتیجە ئیستیعدادی هەبێ تا مەقسوود بێتەجێ.

٢٥ـ ئەم (چە) انە ئێستە بە (چ) ئەنووسرێن.

٢٦ـ سنن ابن ماجه / الجزء الثانی ص ١٢٦٩ / تحقیق محمد فؤاد عبدالباقی / دار احیاء الکتب العربیة / عیسى البابی الحلبی و شرکاؤه / ١٣٧٣ هـ ـ ١٩٥٤ م.

٢٧ـ بە پێی پەراوێزی دەستنووسەکە (با تەعەللوقیان) واتە ئەو سیفەتانە خاوەن پێوەندین وەک عیلم و ئیرادە.

٢٨ـ ایما = ئیما: شێوەنووسی دەستنووسەکەیە، چاپەکە (أما)ی نووسیوە. هی دەستنووسەکە راستە. واتە: ئایەتی (ما تری فی خلق الرحمن من تفاوت) یش هەر وەک ئایەتی (ما أصابک من حسنة فمنَ الله، و ما أصابک من سیئة فمنّ نفسک) ئیشارەت ئەکا و مەعنا ئەگەیەنێ. ئەو هێمایە کە «و ما أصابک... الآیة» دەیگەیەنێت ئەوەتە (اسابه) کەی بەستووە بە ئادەمزادەوە. واتە: ئەوەی دێتە ڕێت لەو لایەنەوە کە پێوەندی بە تۆوە هەیە هەندێکی چاکە و هەندێکی زیانە، بەڵام هەر کارێ خودا بیکا لەو لایەنەوە کە ئەو کردوویە هەمووی چاکەیە و پڕحیکمەتە، خۆشی بێ (فضل)ە و سزا بێ (عدل)ە.

٢٩ـ (ابوالحسن)ی ئەشعەری، عەلیی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیسحاق، زانای شافیعیپەیڕەو، پێشەوای ئەهلی سوننەت، وا مەشهوورە کە ساڵی (٣٢٤)ی کۆچی وەفاتی کردووە.

٣٠ـ ئایەتی (٧٩) سوورەتی (نساء).

٣١ـ ئایەتی (٣) سوورەتی (ملک).

٣٢ـ (دەدەین): لە چاپەکەدا نووسراوە «دەکەین».

٣٣ـ «جَواو» = جەواو: شێوەنووسی دەستنووسەکەیە، بەڵام زاراوی تاوگۆزی زێدی حەزرەتی مەولەوی (جواو)ە بە بێ فەتحەی ئاشکرا. هەڵبەت هاوجۆری لەگەڵ (تەواو)ی دوا وشەی نیوەی یەکەمدا ڕەچاو کراوە.

٣٤ـ لە نوسخە چاپەکەدا (برویت)ە. لە دەستنووسەکەدا «بروت»ە. لەوانەیە (ی) کەی لە نووسینەوەدا بە هەڵە ڕۆیشتبێ، یا (بروات) بووبێت و (ا) کەی بە هەمان دەرد چووبێ؛ لەوانەیشە لە ناوچەکەی (مەولەوی)دا (بڕۆت) بووبێ، دووریش نییە (بڕۆت) کورتکراوەی (بڕوات) بێت.



٣٥ـ لە پەراوێزی (واحد)دا لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: «فیە لطافة» واتە (واحد) بە مەعنا یەک، یا بـە مـەعنا خودا.

٣٦ـ لە پێش ئەم شیعرەدا لە نوسخە دەستنووسەکەدا هیچ سەرباسێک نییە. لە چاپەکـەدا نووسـراوە: «مبحـث الحیاة و العلم» کە بێ‌جێیە. باوکیشم «مبحث العینیة والغیریة بوجە آخر»ی نووسیوە. لە راستیدا شوێنەکە شوێنی سەرباس نییە، خۆ ئەگەر بڵێین با هەر سەرباسێک بێ، با هی مەولەویش نەبێ، ئەوا «مبحث العینیة والغیریة بوجە آخر» گونجاوترە.

٣٧ـ «لَهَوا» تێکەڵە لە فیعلی (لَها) و (واو)ی زەمیری جەمع. بەڵام لەبەر چـاودێری‌کـردنی قافیـە ئـەبێ (لَهُـوا) بخوێنرێتەوە.

٣٨ـ ئەم (پی)یە ئەگەر مەعنای هەبێ تەنها بەهێزکردنی (بە) کەیە. لەوە دەچێ تەنها بۆ راستکردنەوەی کێش بێت.

٣٩ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا نووسراوە «محرّف طمع» واتە: (طما = طەما = تەما) ئەسڵەکەی (طمع) بووە عەینەکەی کراوە بە ئەلف، بەڵام لە راستیدا موحەڕڕەفی (طماع)ە و ئەلفەکەی لابـراوە، (طمـاع) یـش لـە ئەسڵـدا (طمع) بووە.

٤٠ـ لە چاپەکەدا (دعیت) ە، وا بـزانم هەڵـەیە. لـە دەستنووسـەکەدا (ریمـت) نووسـراوە و، لـە پەراوێزیشـیدا نووسراوە: «قصدت واریدت». دیارە مەعناکەی زۆر گونجاوە. شایانی باسە: ئەگەرچی هەمزەی «أثبت» هی قەتعە و نابێ لاببرێ، لێرەدا لەبەر کێشی شیعرەکە لادەبرێت.

٤١ـ (عبدالحکیم)ی سیالەکووتی، ساڵی ١٦٠٧ی کۆچی مردووە.



مبحث الحياة [1]

بێینەوە[2] سەر بەحس لای سیفاتی زات
هەفتن یا هەشتن، یەکێکیان حەیات
سیفاتی قەدیم زۆر شەرەفناکن
لە بەرو دوا پاکیان پاکن
بەلام بە زوان عولەمای سوفات[3]
حەیات پێی دەڵێن: (أمام السفات)
بۆچ؟ سیفەتێکە مووجیبی سیحەت
بۆ سیفەتی عیلم، ئیرادە و قودرەت
(والحاسل) یانیٚ: زیندەگی هەیە
هەر ئەوە زیندگ بە زاتی خۆیە
تان و پۆی ئەوهام فاسید مەتەنە،
نەک بە رۆح و نەفس مەزاج و تەنە
لەو نەوعە وەهمە پاکە و موقەددەس،
بە ئەو زیندگە زیندگ هەرچی هەس

هەفتن: حەوتن. بەرودوا: پاش و پێش. پاکیان: هەموویان. تەن: لەش. زیندگە: زیندووە. زیندگ: زیندوو. هەس: هەیە.

واتە: با وازبێنین لە باسی یەکیەتی و جیایی سیفەت لە زات و بێینەوە سەر باسی ژمارەی سیفەتەکانی خودای گەورە و تەعریفیان و وتاری زانایان دەربارەیان.

ئـەو سـیفەتانە حـەوتن، ئەگـەر بـەقا و تـەکوین حسـێب نەکـەین. خـۆ ئەگـەر لەسـەر رای (ابوالحسن)ی ئەشعەری (بقا)، یان لەسەر رای (ابو منسور)ی ماتوریدی (تکوین) حسـێب بکـەین، ئەوە دەبنە هەشت.

سیفەتە قەدیمەکانی خودای گەورە هەموو بەنرخ و بەئیعتیبارن، هەموویان لـە بـەرودوا پـاکن، واتە: ناوترێ ئەوەیان لە پێشدا و ئەوەیان لە پاشدا بووە، چونکە هەموو ئەزەلی و ئەبەدین و لازمـی زاتی (واجب‌الوجود) ن و لێی جیانابنەوە، بەڵام بە زمان و زاراوەی زانایانی هەڵبژاردە و پاک و بێ-گەرد بە حەیات ئەڵێن (امام السفات) واتـە: پێشـەوا و سەرقافڵـەی هـەموو سـیفەتەکان، چونکـە حەیات، واتە: زیندوویی، سیفەتێکە دەبێتە هۆی راستی و دروستیی عـیلم و ئـیرادە و قـودرەت و سەمع و بەسەر و کەلام، واتە: ئەم سیفەتانە تەنها لـە زاتێکـدا دێنـە ٘جـێ کـە زینـدوو بـێ، بـێ-زیندوێتی هیچکام لەم سیفەتانە نابن.

پوختەی واتای زیندوویی خودای گەورە ئەوەتە کە خودا خۆبەخۆ زیندووە، زیندوێتی ئەو وەکو هەموو سیفەتەکانی تری لە غەیرەوە نییە، ئیتر بەرگێکی بێ‌کەڵک بە تان و پـۆی خەیاڵـی خـاو و ئەوهامی بێ‌ئەنجام مەتەنە بـۆ دڵـی خـۆت و مەڵـێ زینـدوویی خـودا وەک زینـدوویی ئـادەمزاد موحتاجی لەش و مەزاج و گیانی حەیوانییە (حاشا و کلاّ) زیندوویی خودا پاکە لەو جۆرە خەیاڵ و وەهمە، خودا بە خۆی زیندووە و زیندوویەتیی هەموو گیان لەبەرێ لەوەوەیە.

***

١ـ ئەو عینوانە هەر لە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ لە چاپەکەدا (بێنەوە) یە، لە دەستنووسەکەدا ئاشکرا نییە، بەلام دیارە شوێنەکە وا پێویست ئـەکا (بێینـەوە) بێ.

٣ـ لە دەستنووسەکەدا (صُفات) نووسراوە واتە بۆر لەسەر صادەکەیە. دیار (صُفات = صفاة): کۆی (صفی) یە.



مبحث العلم [1]

دووەمین سیفەت عیلم و شعوورە
لە سەبقی جەهل و تەفەککور دوورە
پاکە، دەزانێ هەرکەس عاقیلە
لە قەلب و دەماغ قووەی عاقیلە
واجب، مومتەنیع، مومکین، ئاشکار
پەنهان و کوللی و جوزئی بەیەکبار
زەڕڕەیێ بوێ لە هەر زەماندا
لە زەمینەدا و لە ئاسماندا [2]
هەموو لە لای ئەو تەواو زاهیرە
لە عیلمی ئەودا هەمووی حازیرە
(لا تَكُـن حربـاً، لكـن كُـن سـلماً
بكـلِّ شـيء أحَـاطَ علمـاً)

واتە: سیفەتی دووەمین لە حەوت سیفەتە سبووتییە زاتییەکانی خودای گەورە، کە بە (سیفاتی مەعانی) ناویان دەرکردووە، سیفەتی عیلم و شعوورە، کە هۆیە بۆ دەرخستنی خۆی و غەیری خۆی لە واجب و مومکین و مومتەنیع، ئەوەی بووە و هەیە و ئەبێ و ئەوەیش کە نییە یا مەحالە ببێ، بە زانستێ کە شایستەی زاتی خۆیەتی و مناسبی زانراوەکەیە.

عیلم و زانینی خودای گەورە وەکوو عیلم و زانینی غەیری خودا نییە، کە نەزانینی لێ پێشکەوتبێ، یا بە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە پەیدا بووبێ، بەڵکو لە ئەزەلەوە هەتا ئەبەد هەیە و لەگەڵ زاتی واجب دایە ئەوەی (واجبالوجود)ە کە زاتی خۆیەتی، ئەوەی مومکینی خاسە و بوون و نەبوونی لە خۆیا وەک یەکن، ئەوەی (ممتنع الوجود) ە، وەک (جمع النقیضین) یا (اجتماع

الضدين) لەلای ئەو هەرکام بـە گـوێرەی وجـووب و ئیمتینـاع و ئیمکـانی خـۆی لای زاتی خـودا زانراوە.

ئەوەی ئاشکرا و دیارییە کە ناوی (عالَم الشهادە) یە، ئەوەی کـە پـەنهان و نادیارییـە کـە نـاوی (عالم الغیب) ە، ئەوەی (کلّی)یە وەک جینس و نەوع و فەسڵ و عەرەزی عـام و عـەرەزی خـاس، ئەوەی جوزئییە وەک ئەوانەی بەر ئەو کوللییانە دەکەون، ئـەوەی وا دەردەکـەوێ لـە سـەرەوەیە وەک ئاسمـان و ئەسـتێرەکان، ئـەوەی وا دەردەکـەوێ لـە خوارەوەیـە وەک زەوی و دەریـا و گیانلەبەرانیان، هەموو لای خودا زانراوە. کەواتە ئـەی شـاگردی مـەرد! مەکـەوەرە جـەنگ دژی حەقیقەت و راسـتی و ئینکـاری زانـینی خـودا مەکـە. زانـینی خـودای گـەورە هـەموو شـتێکی گرتووەتەوە و هیچ شتێ لە دائیرەی بەربلاو و بێپایانی زانینی ئافەریدگار دەرناچێت.

رێبازی (متکلمین) بۆ بوونی عیلمی خودا بە هەموو شتێک ئەوەیە کە عیلمی خودا پێوەندی بە سوورەتی هەموو زانراوەکانەوە هەیە لە واجب و مومکین و مومتەنیع، کـوللی و جـوزئی، لـە تاقـە سوورەتێکی وەهادا کە هەموو زانراوەکان و ئەوەی لە پاشانیش هەتاهەتایە رووئەدات دەگرێتـەوە. ئەم تاقە سـوورەتە سـوورەتی شـامیلەی عیلمییەیـە، کـە جیـاوازیی لەگـەڵ عیلمـی خـودادا بـە ئیعتیبارە؛ واتـە: لـەو ڕووەوە کـە سـیفەتی خـودای گەورەیـە نـاوی (علـم)ە و، لـەو ڕووەوە کـە مەکشووفە پێی ئەڵێن مەعلووم. ئەو سوورەتە عیلمییەیش نابێتە مەوجوودێکی عەینیی وەهـا کـە جیا بێ لە عیلمی خودا هەتا قەدیمی بۆ غەیری زات و سیفەتی خودا رووبدات.

پوختەی قسە: جیاوازیی نێـوان عـیلم و مـەعلووم بـە ئیعتیبـارە؛ (فمـن حیـث القیـام بالـذات الواجبالوجود علمٌ و من حیث نفسها معلوم) وەکو (جلال الدین)ی دەووانی باسی کردووە.

دیارە لە عیلمی خودای گـەورەدا کـات و شـوێن و ئەنـدازە و وەزع بـۆ هـەموو مـەوجوودێکی حادیس دیاری کراوە.

ئەو زانایانە کە وشەی ئیجمال و تەفسیلیان بەکارهێناوە، گۆیا وتوویانە مـەعلوومات لـە ئەزەلـدا سوورەتێکی ئیجمالییان هەیە و، یەکەیەکەی مەعلوومات لە (ما لایـزال)دا سـوورەتی تەفسـیلییان هەیە، مەبەستیان نزیککردنەوەی عیلمی خودایە لە عەقڵی ئێمەوە. ئەگەرنا عیلمی خـودا وەکـوو عیلمی ئێمە نییە، هەروا لە مەعلووماتی خودادا فەرق لە بەینی ئیجمالی و تەفسیلیدا نییە؛ چونکە مەبەس لە (علم) دەرکەوتنی تەواو و روونبوونەوەیە. ئەم روونبوونەوەیەیش لە ئەزەلەوە تا ئەبـەد

بۆ زاتی خودا هەیە، واتە: لە ئەزەلدا عیلمی چۆن بووە، تا ئەبەد بە هەمان شێوەیە و، هەرگیزای هەرگیز ساتێ نابێ کە لەو ساتەدا لای خودا مەعلوومێ زیاد بکات یا مەعلوومێ کەم بکات.

لەمەوپێش ئاگاداربووی لەوەی کە زانایانی بەرزی ئەهلی کەلام فەرموودەی شێخ (ابوالحسن)ی ئەشعەرییان وا لێک داوەتەوە کە سیفەتەکانی زاتی خودا، عیلم و غەیری عیلم لە پایەی وجوودی‌دان، هەروەک سەبارەت بە وجوودی خاترخۆیی و ناچاری نیسبەت نادرێنە لای، سەبارەت بە سیفەتەکانی و وابەستەی سیفەتەکانیشی نیسبەتی خاترخۆیی یا ناچاری لێ نادرێت، هەروەک خودا لە ئەزەل و لە ئەبەددا بوونی هەیە سیفەتەکانیشی هەن، عیلمەکەی و سوورەتە عیلمییەکەیشی هەیە، بەڵام عیلمەکەی و سوورەتە عیلمییەکەی جیاوازیی ئیعتیبارییان هەیە.

دیارە هەرشتێ لە (لایزال)دا پەیدا بێ، خودای گەورە ئاگای لە پەیدابوونەکەی هەیە و عیلمی خودای پێوە دەبەسترێت. ئەم تەعەللوقانە (اضافات) ن و نابنە هۆی گۆڕان لە عیلمی خودادا. ئەم مەسئەلەیە پێویستە بە وردی وەربگرن تا ئەگەر خودا مەیلی لێ بێ بەرچاوروون بن.

گوێ رادێر لەوە من وتم زەریف
لابە ئەسویلە[۳] و ئەجوبەی نەحیف
وەکوو ئەمە: عیلم حەقیقییەیە
یا ئیزافییە و نیسەبییەیە
وەک ئەمە، تۆ بێ گوێ بدێر لە من،
سوورەی عیلمی لازیمەی عیلمن
سا ئەمجار ئەگەر ئەو سوورەتانە
قائیمن بە زات یەکتای یەگانە
لازم تێ، ئەگەر بۆ حەقی عازم،
ئەم مەحزووره وا کە دەبێ لازم،
بینا لە تەقدیر زیادەی مەبادی
(و قیامها بذات الهادی)،
کە شەیئی واحید فاعیل بێ و قابیل
(لشیء واحد أيّها القائل)

بۆچ؟ تەمایوز هەس، لە شەک ئـەو دەرە،
(حسـبَ ذا الوجـود) بـۆ ئـەو سـوورە
ئـەرچی وجوودیـان (فی الخـارج) نـەوێ
بـۆچ؟ ئـەمیچ تـەمیز خـاریجی تـەوێ
وەگــەر بــە خۆیــان قیــام حاسڵــە
قەولــە بــە موتــول، ئــەویچ باتڵــە
وەر بـە ئـەمرێکن قـائیم سـیوای زات
(کالآلة) بـۆ عـیلم حـەق بـە مـەعلوومات
لە عیلمەدا[٤] حەق موحتاج بوو بـە غـەیر
(سـبحان اللهُ عَمّـا فیـهِ ضـیر)

گوێ رادێر: گوێ بگرە. گوێ بدێر: گوێ بگرە. یەکتا: یەک‌کەس. یەگانە: تاق و تەنیا. لە شک ئەودەرە: لە گومان بەدەرە، گومانی تێدا نییە. ئەرچی: ئەگـەرچی. نـەوێ: نـەبێ. تـەوێ: دەوێ. وەگەر: وە ئەگەر. ئەویچ: ئەویش. وەر: وە ئەگەر. عیلم حەق= عیلمی حەق: زانینی خودا.

واتە: گوێ رابگرە لەوەی کە بۆم باس کردی کە عیلمی خودا بە هۆی تاقە سوورەتە عیلمییەکە هەموو شتێکی گرتووەتەوە و ئەو سوورەتە عیلمییە بە مەعنای (مبـدأ الانکشـاف) عـەینی عیلمـی خودای گەورەیە و جیایی لێی بەئیعتیبارە: (فمن حیث القیـام بالـذات علـم. و مـن حیـث کونهـا حاکیة عن المعلومات معلومة). ئیتر گوێ مەدە بەو پرسـیار و وەڵامـە لاوازانـە کـە لـەم شـوێنەدا مەشهوورن.

پوختەی پرسیارەکان ئەوەیە کە عیلمی خودای گەورە یا ئیزافە و نیسبەتە بۆ لای مـەعلوومات، یا حەقیقەتێکی سابت و (مبدأ الانکشاف)ە و زیادە لەسەر زات وەکوو تەقریرتان کـرد. جـا ئەگـەر عیلم ئیزافەیە ئەوا لەگەڵ ئەوەدا کە لازم دێ عیلمی خودا لە ئوموورى ئیعتیبارییە بـێ ئـەوە لازم دێ یا مەعلوومات کە (مضاف الیها) ن قەدیم بن یا ئیزافە بە بـێ (مضـاف الیـە) بێـت، ئەمانـەیش هەردوو بەتاڵ و پووچن.

خۆ ئەگەر عیلم سیفەتێکی حەقیقی و سـابتە، لـەم کاتـەدا سـوورەتی عیلمییـەی مـەعلوومات ئەگەر قائیمن بە زاتی خوداوە ئـەوە لازم دێ کـە خـودای گـەورە فاعیـل بـێ بـۆ ئـەو سـوورەتە عیلمییانە و قابیلیش بێ بۆیان، چونکە ئەو سـوورەتە عیلمییەیـە مـەوجوودە، خـودایش فاعیـل و

خالیق و مووجیدی هەموو مەوجوودێکە، هەروەها ئەو سوورەتە عیلمییانە ئەبنە سیفەت و سیفات مەقبوولن و مەوسووفەکەیان قابیلە بۆیان، دیارە تاقە شتێکیش نابێتە فاعیل و قابیل بۆ یەک شت.

وە ئەگەر سوورەتە عیلمییەکان قائیمن بە نەفسی خۆیانەوە ئەوا دەبێتە دانـان بە موثولی[کۆی میثال] ئەفلاتوونیدا، گۆیا ئەفلاتوون باوەڕی وایە کە هەموو نەوعێک لە بووەکان: ئادەمزاد، حەیوانات، گژ و گیا، کانەکان، ئەستێرە و نەوعەکانی تر فەردێکی هەیە [کە] رووتە لە عەواریز و ئەزەلی و ئەبەدییە و، هەرکام لەو فەردانە مەرجیع و بەڕێوەبەری کۆمەڵی خۆیەتی. عیلمی خودا بە هەریەک لەو فەردانە لەباتیی هەموو جوزئییاتی نەوعەکەی کافییە، واتە: عیلمی خودا بەو فەردە لە هەر نەوعێک عیلمە بە هەموو جوزئییاتی نەوعەکە.

ئەم بیر و باوەڕەیش بە بەڵگەی بڕندە و بەهێز بەتاڵ کراوەتەوە، چونکە ئەو تاقە شتە، کە بە رای ئەفلاتوون (ربّ النوع)ە و لە عالەمی موجەڕڕەداتی حسێب ئەکات، نابێ کوللی بێ، چونکە شتی کوللی لە خاریجدا نابێ، کەواتە ئەبێ جوزئی بێ. بە بەڵگەیش دەرکەوتووە کە هیچ فەردێ نابێتە ئاوێنە و وێنەگری حاڵ و سیفەتی فەردێکی تر، واتە عیلم بەو فەردە جوزئییە مەحاڵە ببێتە عیلم بە ئەحوالی ئەفرادەکانی تر.

خۆ ئەگەر ئەو سوورەتە عیلمییانە قائیمن بە شتێکی خاریج لە خۆیان و غەیری زاتی خودا و، قیامیان بەو ئەمرە خاریجەوە دەبێتە هۆی عیلمی خودا بە مەعلوومات، لەم حاڵەدا لازم دێ خودای گەورە، بۆ ئەوەی کە عالم بێ بە مەعلوومات، موحتاجی غەیری خۆی بێ، ئیحتیاجیی خودایش بۆ غەیری خۆی شتێکی ناڕەوا و پووچ و بەتاڵە و؛ خودا نابێ موحتاج بێت.

جا (مەولەوی) دەفەرموێت: ئەوەی من تەقریرم کرد کە سوورەتی عیلمییە شتی عەینیی خاریج لە زات و سیفەتی باری نییە، بەڵکو سوورەتی عیلمییە هەر عیلمی خودایە، واتە: ئەو سوورەتی مەعلووماتە هەموو بە عیلمی خودا مەکشووفن و خۆیان وجوودی خاریجییان نییە، کەوابێ ئێمە نالێین عیلم ئیزافەیە لە بەینی عالم و مەعلوومدا، وە نالێین سیفەتی (ذات الاضافه) یە، وە نالێین مەوجووداتی عەینیی قائیم بە زاتی بارین، وە نالێین سوورەتی قائیمی (بالذات) ن وەکو بیرەکەی ئەفلاتوون، هەروەها نالێین ئەو سوورەتانە قائیمن بە غەیری خودای گەورەوە، بەڵکو ئەڵێین عیلمی خودای گەورە ئەو تاقە سوورەتەیە کە هەموو سوورەتی مەعلووماتی تێدایە. ئەو سوورەتە لای خودای گەورە حازرە، وەک ئینسانێک وێنەی شتێک وەرئەگرێ، ئەو سوورەتە

(من حيث الذات) مەعلوومە و (و من حيث اتصاف الذات بكشفها) عيلمە. ئيتر ئـەو ئيحتيمالانـەی باس‌كران هەموو بە غەيرە مەنزوور دەرئەچن و، ئەو رەخنانە هەرگيز روو ناكەنە ئێمە.

جــواو درياگــە كــە قيــامی شــەی
بە شەيئێ تر وێ يـا بـە نەفسـی خـۆی
فــەرعی وجــوودی (فــی الخــارجِ) يــە
ســووەر خــۆ وجــوود خــاريجی نييــە
ئــەر بلــێێ لەمــە ئــەوا لازم بــۆ
ئيتتيسافی حەق بە عيلم لە دەس چــوو
(اســـتغفر الله) ئـــەوا هـــا رووی دا
نەفيی عيلمی حـەق بـە هـەموو ئەشـيا
دەلـــێين قيامـــێ كـــەوا مەنفييـــە
ئـــەو قيامەســـە كـــە خارجييـــە
نـــەک ئـــەو قيـــامی ئيتتيســـافييە
كـــەوا ئەعەممـــە و لـــەودا كافييـــە
(ثبــوت الوصــفِ فـــی الجملـــة ولـــو
ذهنـــاً و علمـــاً) زەريفـــی بشـــنەو
قيامـــێ نييـــە بلـــێی زەحمەتـــە
بـــۆچ؟ مـــەعنای قيـــام لـــەگرە ئەمەتـــە
يـــانی حاسلـــن لـــە ئيـــدراكی‌دا
نـەک حاسـل لـە نـەفس زاتی پـاكی‌دا

جواو= جواب: وەڵام. درياگە: دراوە. وێ: بێ.

واتە: وەلامی ئەو پرسيار و رەخنانە بەوە دراوەتـەوە: ئێمـە كـە كۆمەڵـی ئـەهلی سـوننەت و جەماعـەتين لـە (مـتكلمين) ئـەوەمان پەسـەند كـردووە كـە عيلمـی زاتی خـودا، وەک بـاقی مەبادييەكان، زيادە لەسەر زات. ئەڵێين عيلم بـە ئيزافـە دانـانيين، بەڵـكو بـە (مبـدء الكشـف)ی دائەنێين، ئەڵێين سوورەتی عيلمی هەيە و، قيامی شتێ بە شتێكی ترەوە يا بـە نەفسـی خۆيـەوە

لەوە پەیدا ئەبێ کە ئەو شتە قائیمە وجوودێکی عەینی و خاریجیی ببێ. ئەو سوورەتە عیلمییە وجوودی خاریجی نییە تا ئەو مەحزووراتە پێشوانە روو بدەن.

ئەگەر بڵێت: مادام سوورەتی عیلمی وجوودی خاریجیی نەبێ و موحتاج نەبێ بە قیام بە مەحەللەوە ئەوا لازم هات کە زاتێ باری عیلمی نەبێ بە مەعلوومات چونکە ئیتتیساف بە عیلم بە ئەشیا پێویستیە بە وجوودی (ما تعلّق به العلم)، جا مادام سوورەتی عیلمی وجوودی خاریجیی نەبێ ئەو عیلمە بە ئەشیا نایێتە جێ، لە وەلامدا ئەڵێین: خۆ ئێمە ئینکاری قیامی سوورەتی عیلمیمان بە زاتی خوداوە نەکردووە تا بێعیلمی لازم بێ بۆ زاتی خودای گەورە (تعالی عن ذلک علواً کبیرا)، بەڵکو ئینکاری قیامێکمان کردووە وەکوو قیامی سپییەتی بە کاغەزەوە بێ، کە ئەو جۆرە قیامە لای ئێمە نییە. ئێمە قیامی ئیتتیسافیمان لایە کە قیامێکە لەو قیامە پێشووە عامترە و بریتییە لە پێوەندی نێوان قائیم و (ما قام به) چ وەکوو قیامی سپییەتی بێ بە کاغەزەوە یا وەکوو قیامی وجووب و قیدەم بێ بە زاتی خوداوە. قیامی مووجیب بۆ ئیتتیساف (فی الجملة) قیامێ نییە کە زۆر گران و نامەعقوول بێ، بەڵکو قیامێکە مەعنای ئەوەیە کە سوورەتی مەعلوومە، حاسڵە لە عیلم و ئیدراکی خوداداا، با بەو شێوە بێ کە وتمان، خودا لە ئەزەلدا و هەتا ئەبەد یەک سوورەتی لایە کە هەموو مەعلووماتەکان دەنوێنێ، ئەو سوورەتە لەگەڵ عیلمدا جیاوازیی ئیعتیبارییان هەیە. ئیتر لازمیش ناکا ئەو سوورەتە عیلمییە بە شێوەی شتێکی خارجیی وەهای دابنێیت کە قائیم بێ بە زاتی پاکی خودای گەورەوە.

عەلاوەی ئەمە ئەر گوێ بکەی لێی
ئەو مەعنا کە حەق موتتەسیف بێ پێی
مەعنایێکە وا مەشهوورە و موعلەن
کە تەعبیر دەدرێ لێی بە (دانستن)
(والاتصاف بالمعنی المُظهَر
و ان یستلزم لتلک الصوَر)
لاکین ئیتتیساف خودا بەو مانا [5]
کافییە لە بوون ئەودا بە دانا
(بلا افتقار لأن یَتّصف
بتلک الصوَر ایضا، فأنصِف)

گوێ بکەی لێی: گوێی لێ بگری. دانستن: زانین. دانا: زانا.

واتە: بێجگە لەو وەڵامە پێشووە وەلامێ تر هەیە وەکوو ئەوە کە ئەڵێم: ئەو (علم)ە کە وەسفی لێ پەیدا ببێ وەکو (عالم) مەعنای (علم)ە ئیسمییەکە نییە کە (مبدأ الانکشاف) ە، چونکە ئیسم ئیشتیقاق هەڵناگرێ، بەڵکو (علم)ە مەسدەرییەکەیە کە مەعنای زانینە و، ئیتتیسافی خودا بەم زانینە هەرچەند مووجیب بێ بۆ مولاحەزەی (مُتَعَلَّق) ـ بە فەتحەی لام ـ کە سوورەتە عیلمییەکەیە، مووجیب نییە بۆ ئیتتیسافی خودا بەو سوورەتە عیلمییانەوە، بەڵکو مووجیبە بۆ ئیتتیسافی بە زانینی ئەوانەوە، کەوابێ لەوانەیە ئەو سوورەتە عیلمییە بە وجوودێکی (ظلّی)ی ناخاریجی لە عیلمی خودادا هەبێ و ئیتتیسافی خودا بە هۆی زانینی ئەو سوورەتەوە بێتە جێ، ئیتر کەوابوو ئەو رەخنە پێشووانە هەموو کەوتن.

ئەر بڵێن سوورەت زیهنی بێ مەقال
مەئخووزە لە ئەمر عەینی یا میسال
پەس لازم دەبێ عالەم قەدیم بێ
یا (فی الأزل) حەق عیلمی عەدیم بێ
بەم کائیناتی (لایزالی)یە
شەئنی ئیلاهی لەمە عالییە
قیلَ فی الجواب: کان کافیا
فی علم الحق بتلک الأشیا
عیلمی حزووریی سافی پاکی خۆی
بە زات و سیفات شەرەفناکی خۆی
بۆچ؟ هەرچی دەوێ لەم مومکیناتە
زیلال و عکووس زات و سیفاتە
پەس ئەوا بۆ تۆ زەریف بوو بەیان
زات و سیفاتی میسالی ئەشیان

پەس: کەواتە. لە ئەسڵدا. واتە: لە پاش.

واتە: ئەگەر بە شێوەی رەخنەگرتن بڵێیت: سووەرە تەعیلمییەکان یا لە خودی مەعلوومات وەرگیراون یا لە میسالەکانیان؛ ئەگەر یەکەمیان بێ دەبێ عالەم قەدیم بێت، ئەگەر دووەمیان بێت دەبێ (معاذالله) خودا حەقائیق نەزانێت؛ چونکە میسالی شت عەینی شتەکە نییە.

لە وەڵامدا ئەڵێین: بۆ عیلمی خودا بە مەعلوومات لە ئەزەلدا ئەوەندە بەسە کە خودای گەورە عیلمی بە زات و سیفەتەکانی خۆی هەیە بە عیلمی حزووری، چونکە مادام خودا عیلمی بە خۆی و بەو سیفەتەی بوو کە سەرچاوە و عیللەتە بۆ هەموو شتێکی غەیری خۆی، لەم زانینەی زاتی خۆیەوە زانینی هەموو مەعلوولاتەکەی دێتە جێ. کەوابوو نە نەزانین بۆ خودا رووی دا و نە قیدەم و ئەزەلییەت بۆ عالەم؛ چونکە زات و سیفات وەکوو ئاوێنەن و میسال و وێنەی شتەکان تیایانا ئاشکرا و نومایانە. لە راستیدا بوونی ئەسلی و راستەقینە و واجب هەر بۆ زاتی خودایە، ئیتر مەوجوودەکانی تر هیچیان وجوودەکەیان زاتی نییە و لە ئیرادە و قودرەتی (واجب‌الوجود) ەوە وەرگیراوە. هەروەها لە لایێکەوە کە تەماشای زاتی واجبت کرد بناغە و سەرچاوەی هەموو بووەکانە، وەکوو ئاوێنە هەموو کائیناتی لێوە دەرئەکەوێت، لە لایەکیشەوە کە تەماشای مومکیناتت کرد هەموو وەکوو وێنە و سێبەر وان نیسبەت بە زاتی (واجب‌الوجود).

بە راستی ئەم وەڵامە زۆر بەنرخە و لەم رووەوە هەرکەس بە وردی بیربکاتەوە تێدەگات کە لە عیلمی خودادا نە عەینی مەعلووم پێویستە و نە سوورەتی مەعلووم؛ چونکە بێ‌گومان خودای گەورە بە زات و سیفەتەکانی خۆی ئەزانێ.

دیارە زانینی فراوان و پان و بەرین و هەموو شت گرەوە ئەوەیە خاوەن‌زانینەکە کونهـ و حەقیقەتی زانراوەکە و ئەو ئاسارانەی لێیەوە پەیدا دەبن هەموو بزانێ. کەوابێ زاتی (واجب‌الوجود)ی خاوەن کەمالاتی دوور لە خەوش و کەم‌وکووڕی کە عیلمی بە خۆی بوو، عیلمی بە ئیرادە و قودرەت و سیفەتەکانی تری بوو، عیلمیشی بەوانە دەبێ کە لە دوارۆژا لە قودرەتی ئەو پەیدا دەبن. ئەم عیلمەیش نە پێویستی بە عەینی ئەو مەعلوومە دەبێ کە لەمەوپاش دروستی دەکات و نە بە سوورەتی ئەو عەینە. ئەوەی بۆ عیلم پێویست بێ دەرکەوتن و هەست‌پێ‌کردنە.

بۆ نموونە: یەکێ بە زیرەکی ئەزانێ سبەینی شتێ دەقەومێ، لە راستیشدا، وەک ئەو زانی، سبەی شتەکە رووی دا بە بێ‌ئەوەی لە کاتی عیلمەکەدا عەینی رووداوەکە یا سوورەتی بووبێ. خۆ زانینی خودای گەورەیش لەگەڵ زانینی کەس‌دا بەراورد ناکرێ.

پوختەی قسە: عیلمی زاتی خودای گەورە لە ئەزەلدا نە پێویستی بە عەینی مەعلووم هەیە و نە بە سوورەتی مەعلووم، چونکە زاتی (واجب‌الوجود)ی خاوەنی کەمالی موتلەق پێویستە زات و سیفەتی موحتاجی هیچ نەبێ و لە هەموو ڕووویەکەوە تەواو و بێخەوش بێ. (الله لا الـه ألّا هـو الحيّ القيّوم).

ئەر بڵێی لە لای هەرکەس حاڵییە
ئەم کائیناتی ئیستیقبالییە
غەیرە مونتەهین خاریجن لە عەدد
(لا تنتهي في الوجود للحدّ)
پەس هەرگاهـ خالق جەمیعی ئەشیان
عالم بێ پێیان بەر لە وجوودیان
لەم تەحریری تۆ لازم تێتەوە
سوورەتی عیلمی نەبڕێتەوە
خۆ مەشهووریچە (برهان التطبیق)
بۆ لاتەناهی موبتیلە تەحقیق
ئەوا حەق عالم بە جەمیع نییە
ئەمە تەناقوز نەوێ بەس چییە؟
جواو دریاگە: عیلمی ئیلاهی
بە ئوموورانی ناموتەناهی
بە تەفسیل نییە بەڵ بە ئیجمالە؛
تەناقوز لێرە وا بێمەجالە
بۆچی؟ مەعلوومە جەریانی دەلیل
لە فەرزی عیلمە بە وەجهی تەفسیل

حاڵی: تێگەیشتوو، فامدار. پەس: کەواتە. هەرگاهـ: هەرکات. دریاگە: دراوە.

واتە: ئەگەر تۆ بە شێوەی ڕەخنە بڵێیت: هەرکەس تێگەیشتوو بێ ئەزانێ ئەم جیهانە، ئاسمان و عەرزی، بەهەشت و دۆزەخی، خۆش و ناخۆشی، میوەی ئاوداری، ئازار و بێزاری... تاد لە بڕانەوە

نایەن و لە ژمارە بەدەرن و ئەندازە و سنوورێکی دیارییان نییە تیایا ببڕێنەوە، جا ئەمانە هەرچەند بورهانی تەتبیق لە زاتی خۆیاندا جاری نابێ چونکە وجوودیان پێکەوە نییە و تەسەلسول لە ئومووری نەبڕاوەی کۆدا مەحاڵە نەک لە ئومووری نەبڕاوەی بە مەعنا (لا یقف عند حدّ) دا، بەڵام لە لایەن زانینی خوداوە بۆیان کۆن چونکە بڕیار وایە عیلمی خودا هەموو مەوجوودێ ئەگرێتەوە چ لە رابوردوو و چ لە ئێستا یا لە پاشەڕۆژدا. لەسەر ئەمە ئەگەر عیلمی خودای گەورە رووبکاتە هەموو ئەوانە (تناقض) پەیدا دەبێ، چونکە لەسەر ئەو بڕیارە کە عیلمی خودا هەموو شتێ دەگرێتەوە پێویستە ئەو شتانە لەگەڵ نەبڕانەوەیشیاندا زانراو بن، وە بە حوکمی بورهانی تەتبیقیش ئەبێ عیلم بە هەموویان نەبێ، ئەمەیش (تناقض)ە.

لە وەڵامی ئەم رەخنەدا ئەڵێم: سوورەتی عیلمی دوو جۆرە، یەکەم تەفسیلی، دووەم ئیجمالی. ئەم سوورەتانە بە سوورەتی تەفسیل (لامتناهی) ن و نابڕێنەوە، بەڵام بە سوورەتی ئیجمال (متناهی) ن و دەبڕێنەوە. عیلمی زاتی خودای گەورە پێوەندی بە سوورەتی عیلمی ئیجمالییەوە هەیە کە دەبڕێتەوە، ئەگەرچی بە شێوەی تەفسیل نابڕێتەوە، چونکە جاری بوونی دەلیلی بورهانی تەتبیق لەسەر بڕانەوەی سوورەتە عیلمییەکان، لەسەر فەرزی عیلمە بە مەعلوماتی لاموتەناهی بە تەفسیل نەک بە ئیجمال، لەبەر ئەوە کە سوورەتی عیلمی لە عیلمە ئیجمالییەکەدا مەجمووعەیەکی موتەناهییە و نابێ بە ئومووری لاموتەناهیی موفەسسەل.

(قیــل: مـــردودٌ هـــذا الجـــوابُ
و مـــا یـــأتیکم هـــو الصـــوابُ
و هـــو إنّمـــا یلـــزمُ ذلـــک
أي لاتنـــاهی الصـــور هنالـــک
لـــو کانـــت تلـــک الأشـــیاء التـــی
لاتتنـــــــــــاهی تخالَفـــــــــــتِ
تخالفـــــأ قـــــد یســــتلزمُ ذاک
لتخـــــالف الصـــــور هنـــــاک
أمـــا، بلاشـــکّ، لـــو تَمَـــاثلا
بعـــض مـــن ذهـــی الأشـــیاء فـــلا[٦]

بەس بێ بەحسی ئـەم مونتەقەداتـە
نەوبەی بەحسی رەئس موعتەقەداتە

واتە: هەندێ وتوویانە ئەم وەڵامە هەڵەیە و، وەڵامێکی تر هەیە ئەو راستە، ئەوەیش ئەوەیە کـە نەبڕانەوەی سوورەتە عیلمییە تەفسیلییەکان وەختــێ لازم دێـت کـە مەعلووماتـە نەبـڕاوەکان لـە سوورەتدا جیاواز بن و هەر مەعلوومێ سـوورەتێکی سـەربەخۆی هـەبێ و سـوورەتە عیلمییـەکان جیاواز بن، بەڵام ئەگەر هەندێ لـەو مەعلووماتـە لەیـەک بچـن و، هـەر چەنـد مـەعلوومێ یـەک سوورەتیان هەبێ، لازم نابێت کە سوورەتە عیلمییەکان (لامتناهی) بن، بەڵـکو (متنـاهی) و بـڕاوە دەبن.

شایانی باسە ئەم وەڵامەیش هەڵەیە، چونکە مـادام مـەعلوومات نەبـڕاوە بـن ئەگـەر بـە ملیـار ژمارەیشیان لە یەک بچن، بەوە مەعلوومات لە (لاتناهی) ناکەوێت.

حەق وایە لەم شوێنەدا بوترێ:

لەوانەیە (علم) بە شێوەیەکی (اجمالي) رووبکاتە زنجیرەی مەعلووماتی نەبـڕاوەی (مـن حیـث الاجتماع)، بەڵام ناگونجێ بە شێوەی تەفسیلی رووی تێ بکات، چونکـە مـەعنای (نەبـڕاوەی مـن حیث الاجتماع) موستەحیلە و نابێ، وەک چۆن دەگونجێ عـیلم پێوەنـدی ببەسـتێ بـە مـەعنای (ممتنع) و (جمع النقیضین) و (رفع النقیضین) ەوە، بەڵام ناگونجێ پێوەندی ببەستێ بە زاتی ئەم شتە مومتەنیعانەوە؛ چونکە زاتەکان موستەحیلن و نین.

فـەرموودەی (عبـدالحکیم)ی سـیالەکووتی، لـە حاشـیەی (خـەیالی)دا لـە دوادوایـی باسـی (والمحدث للعالم هو الله الواحد)دا پاڵپشتی ئەم قسەیە؛ کە فەرموویەتی: کە دەوترێ زانینی خـودا هەموو شت دەگرێتەوە مەبەست لە شت ئەوەیە کە پێوەندیی زانین پێیـەوە مـەحاڵ نـەبێ، وەک چۆن توانای فراوانی خودا شتێ دەگرێتەوە کە بوونی مومتەنیع نەبێ.

واتە: وەک چۆن قودرەت و توانـای خـودا روو ناکاتـە (مسـتحیلات) و ئـەوەیش بـە ناتـەوانایی حسێب ناکرێ؛ چونکە ناتەوانایی ئەوەیە دەستەڵاتت بەسەر شتی مومکیندا نەشکێت نەک بەسـەر شتی نامومکیندا، هەروەها عیلمیش پێوەندی نابەستێ بە شتێکەوە کـە پێوەنـدیی عـیلم پێیـەوە مەحاڵ بێت، ئەمەیش بە (جهل) دانانرێت، چونکە جەهل نەزانینی شتێکە مـومکین بـێ بزانرێـت وەک (واجب) و (ممکن)ی خاس و مەعنای (ممتنعات) نەک نـەزانینی شـتێ کـە مومتـەنیع بـێ بزانرێت وەک زاتی مومتەنیعات و ئوموورى نەبڕاوەی کۆ.

پوختــەی قســە: زنجــیرەی مــەعلووماتی نەبــڕاوە بــە ئیجمــال مەعلوومــە و، بــە تەفســیل یەکەیەکەکانی مەعلوومن، بەلام مەجمووعی (من حیث المجموع) نییە تا عیلم رووی تێ بکـات و پێوەندی پێوە ببەستێ.

***

١ـ ئەم سەرباسەیش لە دەستنووسەکەدا نییە، تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەیە.

٢ــ لــە دەستنووســەکەدا فەتحــە لەســەر نــوونی (زمینــدا) دانــراوە، واتــە (زەمینــەدا) دەخوێنرێتــەوە، وەک نووسیومەتەوە.

٣ـ دیارە مەبەست (اسئلة) یە، بەلام عیلمی سەرف نایگرێ.

٤ـ لە دەستنووسەکەدا (فتحە) لەسەر میمی (علم) دانراوە.

٥ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لەسەر ئەم وشەیە نووسراوە: (محرف معنی) واتە: مانا ئەسڵەکەی مەعنا بووە.

٦ـ کە شیعرەکە بکەیتە پەخشان بەم جۆرەی لێ دێت: (أمّا لو تماثل بعض من هذه الاشیاء فلا بلا شکّ).



مبحث الارادة [1]

سـێیەم ئـیرادە یانێهـای خـواهیش
خواهیشی ئەبەد بـێ کـەم و کـاهیش
هەر فیعلێ لە هەر چشـتێ بـادی وێ
ئـەر تـەبیعی وێ، ئـەر ئـیرادی وێ
گشت مونبەعیسن لە ئـیرادەی حـەق
بـێ مەشـییەتی ئـەو نـاوێ موتلـەق
(مَـا شـاءالله) ئەلـبەت هـەر دەوێ
(وَ مَـا لـم یَشَـاء) دەشـێ هـەر نـەوێ

خواهیش: خواست، ویستن، گەرەکبوون. کـاهیش: کزیـی، ناتـەواوی، کـەموکـووڕی. بـادی: زاهـیر، بـەدەرەوەبوو. وێ: بـێ. دەوێ: دەبـێ. نـەوێ: نـەبێ. مونبـەعیس، منبعـث: پەیـدابوو. مەشییەت: مەشیئەت، ویستن.

واتە: سێهەم سیفەت لە سیفاتی مـەعانیی خـودای گـەورە (ارادە)یـە کـە مـەعنای خواسـت و ویستە. ئەم سیفەتە لە ئەزەلەوە هەتا ئەبەد هەیە و کەموکـووڕیی بەسـەردا نایـەت و رووی کـردە هەر شتێ لە هەر کات و لە هەر شوێنێکدا و، هەر چلۆنێ بێ پێویستە ئـەو شـتە بـەو شـێوە بێتـە جێ. کەوابوو ئیرادە سیفەتێکە یەکێ لە دوو مەقدوور وەکوو راوەستان یا دانیشتن دیاری دەکـات بۆ هاتنە جێ. هەروەها هەر نیشانە و شتێکی پەیدا بوو چ سروشتی بێ وەکـوو نەشـونومای گیـا و گیانداران یا ئیرادی بێ وەکوو هاتوچۆی ئینسان هەمووی لە ئیرادە و خواسـتی خـوداوە پەیـدا ئەبێ و هەرگیز بە بێخواستی ئەو نابێ. ئەوەی خواستی خودای لەسەر بێ پێویستە ببێ و ئـەوەی

خواستی ئەوی لەسەر نەبێ هەرگیز نابێ، وەک لە فەرموودەی حەزرەتەوە دەردەکەوێ: «ما شاءالله کان و ما لم یشاء لم یکن».

شایانی باسە ئیرادە عیلم نییە چونکە ئینسان بە گەلێ شت ئەزانێ و، کەمێک لەوانە ئیرادە دەکات، هەروەها قودرەتیش نییە؛ چونکە قودرەت تەعەللوق دەبەستێ بە دوو شتی (ضدّ) ەوە بەلام ئیرادە هەر بە لایەکیانەوە تەعەللوق دەبەستێ.

ئەبێ ئەوەیش بزانین کە ئیرادەی خودا قەدیمە، چونکە خودای گەورە نابێتە شوێنی سیفەتی پەیدابوو، بەلام لە قیدەمی ئیرادەی خوداوە قیدەمی شتە ئیرادەکراوەکە روو نادات، چونکە ئیرادەکە وا روو دەکاتە موراد کە لە کاتێکی تایبەتیدا لە (ما لایزال)دا بیکات.

هەروەها هەرچی رووبدات، چاک و خراپ، هەمووی بە ئیرادەی خودایە، بەلام لازم نییە کە بە رەزا و مەحەببەتی ئەو بێ، پێویستیش نییە هەر شتێ موراد بێ (مأمور بە) بێت، بەلام (عام و خاس)ی (من وجه) ن، واتە: دەکەونە یەک و لە یەکیش جیا دەبنەوە. بۆ نموونە: ئیمان و باوەڕی (ابوبکر)ی (سدیق) ـ رەزای خوای لێ بێ ـ ئیرادە و ئەمر و رەزا و مەحەببەتی خودای لەسەر بووە، کوفری (ابوجهل) ئیرادەی خودای لەسەر بووە، بەلام نە ئەمری پێ کردووە و نە خۆشی ویستووە و نە پێی رازی بووە، ئیمانهێنان و باوەڕکردنی (ابوجهل) بە ئیسلام ئەمرپێکراو و خۆشەویست بووە و خوا لێی رازی بووە، کەچی ئیرادەی نەکردووە.

***

۱ـ ئەم سەرباسە لە دەستنووسەکەدا نییە، سەیر ئەوەیە کە لە چاپەکەدا (مبحث الارادة والعقیدة) ە، نازانم (عقیده) کە چۆن هاتووەتە ناو، ئەی کتێبەکە هەمووی (عقیدة) نییە، بۆ ئەبێ هەر ئەم باسە (عقیدة)ی لەگەلدا بێ؟!



مبحث القدرة [١]

چــوارەم قـــودرەت تاممـــەی کامیلـــە
بــۆ گشــت مــورادات خــالیق شــامیلە
مــەنوارِ وە حـــەکیم بــێئیعتیبـــاردا[٢]
وە بـــێ ئالـــەتێ بـــوێ لـــە کـــاردا
تەئســـیری رووی کـــرد وە هـــەر عەدەمـــدا
غونچەی وجوودی هەر ئـەودەم دەم دا[٣]
بـــازی ئـــیرادە و قـــودرەتی ئـــەزەل
بۆ سەیدی مەقـدوور دەوەشـێنێ پـەل[٤]
غـــەیری مومکینـــات جوســـتوجۆ ناکـــا
بـــۆ مومتـــەنیع و واجـــب روو ناکـــا
هـــەرچی لێـــی داوێ پرتـــەوی وجـــوود
تکێکـــە لـــە بـــەحر قـــودرەتی مـــەعبوود

مەنوارِ وە حەکیم بێئیعتیباردا: سەیری حەکیمی بێنرخ مەکە. ئـەودەم: ئـەو هەناسـەیە. دەم دا: دەمی کردەوە. پەل: دەست و قاچی باڵندە. جوستوجۆ: هەوڵ، تێکۆشان. تک: نم، دڵۆپ.

واتە: چوارەمین سیفاتی مەعنای قودرەتە کە سیفەتێکە کاردەکات لە پەیـداکردنی مەقـدووردا لەوکاتەدا کە تەعەللووق دەبەستێ پێیەوە.

ئەم سیفەتە تابیعی ئیرادەیە و، ئیرادەیش تابیعی عیلمە. واتە: خودای گەورە بـە هـەموو شـت ئەزانێ و، ئەزانێ کامە لەگەڵ حیکمەتدا رێکە و لەبـەر روونـاکیی عیلمەکەیـدا ئـیرادە و خواسـتی رووەدەکاتە یەکێ لە دوو لای مەقدوورەکە، کە کردن و نەکردنە، لەسەر ئەو ئـیرادە و خواسـتەیش قودرەتەکەی شتەکە دەکات.

پوختەی قسە: سیفەتی قودرەت سەرچاوەی فیعل و تەرک واتە کردن و نەکردنە لە هەموو مومکینێکی زاتیدا، وە هیچ شتێک نییە کردنی یا نەکردنی لەسەر خودا واجب بێت، بەڵکو خودای گەورە لە کردن و نەکردنی هەموو مومکنێکدا موختارە و ئارەزووی بە دەستی خۆیەتی. جا لەگەڵ ئەوەیشدا کە (سنةالله) وایە، بۆ ئیش‌کردن ماددە و ئامادەیی و ئالەت پێویستە، خودا ئەتوانێ بە بێ‌ئامادەیی و بە بێ‌ئالەت شت بکات. ئیتر لەم رووەوە گوێ مەدەرە قسەی حەکیم کە دەڵێت ئالەت پێویستە. بەڵێ بە بێ‌ئەوەی هیچ ئالەتێک لە کاردا بێت کە قودرەتی خودا رووی کردە هەر نەبووێک غونچەی ئەو نەبووە لە هەمان سات و کاتدا دەکرێتەوە و بوونی بەبەردا دەکرێت.

دیارە بازی بەهێزی ئیرادە و قودرەتی ئەزەلیی خودای گەورە هەمیشە بۆ مومکینات پەل دەوەشێنێ و هیچ مەقدوورێک لە بەردەستی ئەو دەرناچێت، ئیتر هێزی قودرەتی خودا روو ناکاتە (واجب‌الوجود) چونکە (واجب) ماوەی گۆڕانی تێدا نییە، هەروەها روو ناکاتە ئەو شتانەیش کە مەحاڵی زاتین. ئەمەیش نابێتە عاجزیی و بێ‌دەستەڵاتیی خودا؛ چونکە بێ‌دەستەڵاتیی ئەوەیە نەتوانێ مومکین جێ‌بەجێ بکات، خۆ واجب و مومتەنیع مومکینی خاس نین.

بێ‌گومان هەرچی لە جیهاندا پرتەوی وجوود لێی‌دابێ، هەمووی وەک نمەبارانێکە لە دەریای بێ‌پایانی هێز و توانای خودای گەورەدا.

تەحریرێ بکەین با جەمعییەت وێ
دەلیلی سبووت هەر چار سیفەت وێ
بەو تەقریرە وا بۆمان وتی زوو
کە ئیحتیاج بۆ مومکین سابت بوو
(الی الواجب القدیم الأعلی
و لیسَ فیه تعدّد أصلا)
ئەوا سابت بوو (واجب)ی (بالذات)
مەبدەئە بۆ کەون هەموو مومکینات
(و من جملةِ تلک الممکنات
ذه الکائنات والحوادثات)
(فَإذَن لابدَّ لتخصیصها
بأوقاتها وتنصیصها)

(مـــن أمـــرٍ بِـــهِ التخصـــيصُ يصـــحّ)؛
تـــا نـــەویّ تـــەرجیح (بـــلا مـــرجّح)

با جەمعییەت: لەگەڵ کۆبوونی دڵ و بێ‌پەرێشانی‌دا یا لەگەڵ جەمعییـەتی ئـەهلی سـوننەت و جەماعەت‌دا بێت، یا جەمع بێ بۆ هەر چوار سیفەتەکە. ذِهِ، هذِهِ: ئائەمانە.

واتە: با لەم شوێنەدا شتێ بنووسین لەگەڵ دڵ‌دامەزراویدا بێ، یا شـتێ بنووسـین لەگـەڵ رای ئەهلی سوننەت و جەماعەت بگونجێ، یا شتێ بنووسین هەر چوار سیفەتەکە بگرێتـەوە، ئـەوەیش ئەوەیە:

بەو تەقریرەی لە پێشەوە کردمان ئەوەمان ئیسبات کرد کـە مـومکینی خـاس موحتـاجی زاتی (واجب‌الوجود)ی تەنیای بێ‌هاوتایە، هەر بەو تەقریرە بۆمان سابت بوو کە (واجب‌الوجود) سەرچاوە و ئافەریدگار و پەروەردگاری هەموو مومکینەکانە، ئەو رووداوانەی کە لە پـێش چاوتـانن بەشـێکن لەو مومکینانە.

جا پێویستە لێرە بیربکەینەوە لەوە بۆچی هەر یەکێ لەم رووداوانە لە کات و شوێنی تایبـەتی و، بە شێوە و وەزعێکی تایبەتی پەیدا ئەبێ؟ ئەمـە دەلیلـی ئـەوێ؛ چونکـە مـومکین دەسـتکاریی هەڵدەگرێ و خودایش بەسەر هەموو مومکینێکدا توانایە، ئەگـەر هۆیـەک نـەبێ بـۆ بـوونی هـەر شتێک لە کات و شوێن و بە شێوەی تایبەتی (ترجیح)ی (بلا مرجّح) روودەدات.

جا بۆ بەیانی ئەو هۆ لایەنگرە گوێ بگرە لە بیری (حکماء) و (متکلمین) یەک لە دوای یەک:

پەس زەعمی بێ‌جای حەکیم ئەمەیـە
ئـــەوە[٥] حەرەکـــەی ســـەرمەدییەیە
(الّتـــــی هِـــــیَ لَـــــا لَهـــــا أوّل
فـــی نحـــو الماضـــی کمـــا تَقـــوّل[٦]
فلأجـــل کـــون شـــأن الحرکـــة
التجـــــدُّدَ بـــــلا معرکـــــة)
بۆ حەرەکە هەس ئەڵبەت جوزئییـات
لـــە وجـــوودەدا موتـــەعاقیبات
(فهـــــیَ بِسَـــــبَب تجـــــدّدها
وَ تعاقـــــــــب جزئیّاتهـــــــــا

المُعـــــدَّةِ الــــــى النهايـــــــة،
الحادثـــــــــةِ لا للبدايـــــــــة)
بينـا لـەو عـوروە كـە بـۆ حەكيمـە
موسـتەعيد دەوێ مـاددەى قەديمـە
بـۆ وجـوودى ئـەم حەواديسـاتە
كـە حەواديسـات زەمانيياتـە
(كُـلٌّ) ئيسـتيعداد بـۆى دەوێ پەيـدا
(لوجـودِهِ) لـە وەخـتى خۆيـدا

واتە: قسەى بێڕێ و شوێنى حەكيمان ئەوەتە كە دەڵێن: ئەو (مرجّح) و (مخصّص) ە، ئەو هـۆ لايەنگرە، جووڵانەوەى سەرمەديى فەلەكە، كە بە گومانى لاوازيان بەرەو رابـوردوو بـێسـەرەتايە و هەر بووە.

ئەڵێن: لەبەر ئەوەى ئەو جووڵانەوەيە بريتييە لە تازەبوونەوە و، جوزئيياتى يەك لە دواى يەكى هەيە، ئەو جووڵانەوە تازە يەك لە دواى يەكانە ماددە ئامادە دەكەن بۆ رووداوى جۆراوجۆر، واتـە: جوزئيياتى جووڵانەوەكە دەبێتە (مخصّص) و (مرجّح) و لايەنگرى بوونى هەر حاديسێك لە كات و شوێن و شێوەى تايبەتيدا.

پوختەى قسەكەيان ئەوەيە: (واجـبالوجـود) بـە بـێوجـوودى ماددەيـەكى قـەديمى خـاوەن ئيستيعداد بۆ حدووس، حەداويس دروست ناكات. واتە: پێويستە ماددەيێكى قەديمى وەها ببـێ و موددە و ماوەيەكيش ببێ كە ببێتە زەرفى پەيدابوونى پەيـدابووەكان. سـووڕانەوە و جووڵانـەوەى (فەلەك) يش ماددە ئامادە دەكات بۆ حەواديس و، ئيستيعدادى پەيدابوونەكـە ئـەو جووڵانەوەيـە دروسـتى دەكـات و، جوزئييـاتى جووڵانەوەكـە دەبێتـە (مـرجِّح) و (مخصّـص). مەولـەويش بـۆ رەدكردنەوەى ئەم راى حەكيمانە دەفەرموێ:

(قُـــــل إنَّ العــــــروة لَمُعَتَّتــــــة)
بـۆچى؟ جوزئييـات بـەو تـەرز موحدەسـە
(يســـــبِقُ كلَّــــا منهـــــا ألعَــــدَمُ
والســــــبقُ عليـــــه قــــد يســــتلزِمُ)

بـۆ سـەبقی وەسـەر جەمیعـدا یەکسـەر
بـە رەنگـێ هیچـی لـێ نەچوێتـەدەر
جـەمیع بـەم مـەعنا ئـەمرێ مەعقوولـە
بەڵێ، نەک بگری ئەم رێ مەع (قوولـە) (٧)
هـیچ فـەرقی نییـە ئـەر نـەوی لاهـی
ناموتـــەناهی یـــا موتـــەناهی
(إذ بــلا نقصـان و لا إزدیـاد
تلـکَ الجمیـعُ عـین تـی الآحـاد)
(ألمسـبوق کـلّ منهـا بالعـدَمْ
فالسـبقُ علـی الجمیـع اسـتَلزَمْ)
ئـەم مەسـبووقبوونـە، دەگـەڵ ئەمیچـە
موحـویج بـۆ (مخصّـص)ێ تریچـە،
(مُنـافٍ للکـون لا للبدایـة
قُـل یـا حکـیمُ فمـا دوایَـه؟) (٨)

معتّتة: کرمۆڵ. نەچوێتەدەر: دەرنەچووبێ. بەڵێ: (نعم). مـع: لەگـەڵ. قوولـە: قیـل و قـال و قسەی پرووپووچ. لاهی: دوای شتی بۆش و بێهوودە کەوتوو. دەگەڵ: لەگەڵ. ئەمیچە: ئەمیشـە. تریچە: تریشە. فَما دوایَ؟ دەرمانم چییە، چارم چییـە؟ (هـ) کـەی هـی وەسـتانە و بـۆ کێشـی شیعرەکەیە.

واتە: ئەی شاگردی مەرد! بلێ بە حەکیم ئەوەی تۆ دەستت پێوە گرتووە و پشتت پێ بەستووە دارێکی کرمۆڵی قرۆڵە مۆرانە دایرزانـدووە، چونکـە جوزئیـات و یەکەیەکـەی حەرەکەکـە هـەموو حادیسن و نـەبوونیان لـێ پـێش کـەوتووە، کـە هـەموو فـەردێکیش نـەبوونی لـێ پـێش کـەوت مەجمووعەکەیشی نەبوونی لێ پێش دەکەوێ، بەڵێ، ئەی حەکیم! بە موکابەرە و قیـل و قـال رێ لە خەڵک مەگرە و ئامانجت هەر دەرخستنی راستی بێـت، لـە هەرلایەکـەوە بێـت، هـیچ فـەرقی جەمعی موتەناهی و ناموتەناهی نییە، کە نەبوون کەوتە پـێش یەکەیەکـەی ئەفرادەکانـەوە دەبـێ نەبوون پێش مەجمووعەکەیش بکـەوێ، چونکـە مەجمووعەکـە جەمیعەکەیـە و، جەمیعەکـەیش تەواوی ئەو یەکەیەکە فەردانەیە بێ زیاد و کەم؛ جا پێش‌کەوتنی نەبوون لەم یەکەیەکانە بە گشتی

دژی دەعواکەی تۆیە کە وتت جوولانەوەی فەلەک سەرەتای نییە. هەروەها جوولانەوەی پێشووی ئەو زنجیرەیە کـە ئیسـباتی حدووسـیمان کـرد خۆیشـی موحتـاجی (مخصِّـص)ی تایبەتییـە بـۆ پەیداکردنی لە ئەووەڵەوە.

بە کورتی: دەعوای بێسەرەتاییی جوولانەوەکان بە هەڵە دەرچوو، چونکە ئیسـباتی حدووسـی یەکەیەکەی جوولانەوەکان و مەجمووعەکەیشمان کرد. دەعوای بوونی یەکەیەکەی جوولانەوە بـە (مخصِّص) بۆ رووداوی رووداوەکانیتریش هەر بە هەڵە دەرچوو، چونکـە بـە پێـی یاسـای خۆتـان یەکێک لە خودی یەکەیەکەی جوولانەوەکان بە بێ (مخصِّص) مایەوە! ئەمجا بە گاڵتەپێکردنـەوە بە حەکیم بڵێ: ئەی زانای حەکیم! پاش ئەم دەلیلە دەرمانی دەردم چییە و چارم چییە؟

جا کە بیری حوکەمامان بیست، با گوێ بۆ قسەی (متکلّمین) یش راگرین:

(ولَـــدی أهـــلِ الکـــلام القـــادة
ذلـــک الامـــرُ هـــو الارادة)
وا لـە شـەئنیدا تـەرجیح و تـەعیین
تەخسیسی موراد، بڵێ، بە کام حـین
(بـایِّ وقـتٍ شـاء مَـن فَعَـلَ
أن وَقَـعَ الفعـل فیـهِ و حَصَـل)
(فإنّهـا القصـد الـی الفعـلِ فـی
وقـتٍ معـیَن فـی العلـم الـوفی)
(أو مبدأ القصد) نەک وا گومان بـەین
ئەو قەسدی یەکێ لە دوو تەرەفـەین
(بخصوصـــــه لازمٌ لَـــــهُ
لیلـــزَم ایجـــاب؛ ذا لأنّـــهُ)
(أی القصـدَ، إن تَطّلَـعْ علیـهْ،
تـابعٌ لِلعلـم الـداعی إلَیـهْ)
(ای الـی القصـدِ بـلا إرتیـابْ
لکِـن لا عَلـی سـبیل الایجـابْ)

واتە: لای ئەهلی کەلام (متکلمین) ئەوە کە ڕوودانی ڕووداوەکان بە کات و شوێن و بار و شێوە و ئەندازەی تایبەتییەوە دەبەستێتەوە (ئیرادە)ی خودایە. ئیرادە سیفەتێکی تابیعی عیلمە کە یەکێ لە دوو مەقدوور دیاری ئەکا بۆ بوون لە کات و سات و شێوە و باری تایبەتیدا. جا ئەو ئیرادە خودی قەسد بێ یا سیفەتێ کە سەرچاوەی قەسد بێ، ئیتر وا مەزانە کە یەکێ لە دوو لایەنی فیعل و تەرک لازمە لەسەر خودا و واجب ئەبێ هەر ئەوە بێتەجێ هەتا ئیجاب ڕووبدات لەسەر خودای گەورە. ئەو سیفەتە (مخصِّص)ە تابیعی عیلمە و، عیلمیش داعی‌یە بۆ ئەو بەڵام نەک بە شێوەی ئیجاب و بەسەردا بڕین.

ئەر دەڵێی ئەمیچ عیللەتی چیە
ئەو عیلمە ئەوا قەسد تابعیە
(و لو یکونُ یُری الفاعلا
راجحیّة الفعلِ مثلاً)
لاکین بزانە هیچ شکی نییە
نە موقیعی فیعل نە ئی قەسدیە
تەشبیهێ بکەین بۆت یەکجار بەجێ
وەک ئیرائەی ڕێ بۆ سالیکی ڕێ
(لا یستلزم سُلوکَ الطریق
بل و لا القصدَ لَهُ بالتحقیق)
(کذاکَ العلمُ السابق بلا مَین
لا یوجِب شیئاً من المذکورَین)
(فقد یقصد الفاعلُ الفعلا
مراعاةً للمصلحة فضلاً)
(و قد لا) بۆچی؟ ئەو موراعاتە
غەیرە لازمە لە بۆ ئەو زاتە

واتە: ئەگەر ئەپرسی عیللەتی ئەوە چییە کە عیلم داعییە بۆ قەسد و ئیرادە بە بێ‌ئیلزام و ئیجابی ئەو قەسدە؛ لە وەلاما پێت ئەڵێم ئەو عیلمە کە داعییە بۆ قەسد و ئیختیاری یەکێ لە دوو مەقدوور و قەسد دەکەوێتە شوێنی، ئەگەرچی باشییەتی و جوانیی فیعل یا تەرک دەخاتە پێش

چاوی فاعیل، بەلام بە بێ‌گومان ئەو عیلمە کار ناکاتە فیعلەکە و کار ناکاتە ئەو قەسدەی رووده‌کاتە فیعلەکە، چونکە عیلم و زانست سیفەتی کەشف و دەربڕینە، سیفەتی تەئسیر و تەنفیز نییە.

بۆ روون‌کردنەوەی ئەم باسە (دوور لە خوا) تەشبیهی خودای گەورە بە ئینسانێکی زانای خاوەن خواست و توانا دەکەین کە دەیەوێ بە ڕێگەیەکدا بڕوات. تەماشا بکە هەر چەند زانینی کابرای ڕێڕەو بە حیکمەت و باشیی سەفەرەکەی داعی و هۆیە بۆ ئیرادە و خواستی ڕێ‌کەوتن و ڕۆیشتن بە ڕێگەکەدا، بەلام ئەو ئیرادە و خواستە نابێتە موجیب بۆ ڕۆیشتن بە ڕێگەکەدا، تەنانەت عەزم و قەسدی ڕێگە ڕۆیشتنەکەیش هەر نابێتە موجیب بۆ ڕۆیشتن بەو ڕێگەدا، هەروەها ئەو زانینەی کەوتووەتە پێش ئیرادەکە ئەویش نابێتە مووجیب نە بۆ ئیرادە و نە بۆ مورادەکە، کە ڕێ رویشتنەکەیە.

(والحاصل) زانست دەربڕە، ئیرادە (مخصّص) و (مرجّح)ە و ئەمانە هیچیان سیفەتی مووجیب نین.

جا کە عیلمی زاتی خودا مووجیب نەبوو بۆ رووکردنی قەسد و ئیرادە بۆ کردنی فیعلە مەقسوودەکە، جارجار فاعیلی موختار قەسدی کردنی کارە قازانج‌دارەکە دەکات و هەر بە لوتف و فەزلی خۆی چاودێریی قازانجەکەی دەکات. جاریوایش دەبێ قەسدی کردنی ئەو کارە قازانج‌دارە ناکات و گوێ ناداتە قازانجی خاوەن‌کار و باشیی کارەکە. دیارە چاودێریی قازانج لەسەر خودا واجب نییە و بۆ زاتی خودا ئەسلەح و غەیرە ئەسلەح وەک یەک وانە.

(و بذلک التحریر السدید
اندفع ما فی هذا التردید:)
ئەمرێ کە ناوی ئیرادە دەبەین
ئەگەر نیسبەتی ئەبال تەرەفەین
لە فیعل و لە تەرک (علی السویّة)
لە (مُرَجِّح)دا تەسەلسول هەیە
ئەر بۆ هەردوویان وەکو یەک نییە
بەڵ خاس بە یەکێک (بعینهِ)یە
پەس لەمیچ ئەوا لازم هات ئیجاب

فەلسەفی کەیفی خۆش بوو بێ‌حیساب

واتە: بەم روون‌کردنەوە بەهێزەی کە نووسیم و وتم: ئیرادە تابیعی عیلمە و عیلم فیعلی قازانج‌دار دەردەخات و کەشفی دەکات، ئیتر نە مووجیبی فیعلە و نە مووجیبی قەسدی فیعلە، ئەو رەخنەیە رەد دەبێتەوە کە دەڵێت: ئەو شتەی ناوی (ئیرادە)یە ئەگەر بۆ دوو لایەنی فیعل و تەرک وەک یەک وایە ئەوا بۆ تەعەللوقی بە لایەکیانەوە پێویستی بە (مخصس) هەیە، پێوەندی ئەو (مخصس) ەیش بە بوون و نەبوونی ئەو لایەنەوە کە جیای کردووەتەوە ئەگەر هەر وەک یەک وایە ئەوا ئەمیش پێویستی بە (مخصس) ێکی تر هەیە و... هەروا تا بڕوا، بەمەیش تەسەلسول روو دەدات لەو (مخصسات) ەی کەوتوونەتە پێش تەعەللوقی ئیرادەوە و، تەسەلسولیش مەحاڵە.

خۆ ئەگەر نیسبەتی ئەو ئیرادە بۆ هەردوو لایەنی فیعل و تەرک وەک یەک نییە و هەر بۆ لایەک رووئەکات، ئەوا ئیجاب بۆ خودا رووئەدات، واتە پێویستە خودا هەر ئەو لایەنە بکات و لێی لا نەدات، ئەمەیش کەم‌وکوورییە بۆ خودای گەورە و ناکرێ و (تعالی الله عن ذلک علواً کبیرا).

بەرپەرچدانەوەی رەخنەکە بەم جۆرەیە:

ئەڵێین ئەتوانین باری یەکەم پەسەند بکەین کە ئیرادە بۆ هەردوو لای فیعل و تەرک وەک یەکە و موحتاجی (مخصس) ە، بەلام تەسەلسول لە (مخصسات)دا روو نادات. (مخصس) ەکە عیلمە چونکە ئیرادە تابیعی عیلمە، عیلمەکەیش لەبەر ئەوە کە کەشفی هەردوو لا دەکات لا چاکترەکە تەرجیح ئەدات، بەلام تەرجیحەکەی بە ئیلزام نییە و بە سەریا نەسەپێنراوە، وتمان، ئەوا نە ئیجاب نە تەسەلسول هیچیان رووی نەدا.

ئەیشتوانین لقی دووەم پەسەند بکەین و بڵێین: ئیرادە هەر روو دەکاتە یەک لایەنی تایبەتی؛ چونکە تابیعی عیلمە و عیلم داعیی ئیرادەیە بۆ ئەو لایەنە و، ئیجابیش روو نادات، چونکە عیلم (کاشف) و (داعی)یە و (ملزِم) و (موجب) نییە.

لەم شوێنەدا رەخنەیەکی تر ئەڵێت: دیارە سیفەتی ئیرادە قەدیمە و ئەزەلییە و نیسبەتیشی بۆ هەموو مومکینات وەک یەکە، هەر وەکوو لەوانەیە تەعەللوق ببەستێ بە یەکێکی تایبەتییەوە لە دوو (ضدّ)، لەوانەیشە تەعەللوق ببەستێ بەوی تریانەوە.

هەر وەک مومکینە تەعەللوق ببەستێ پێیەوە لە کاتێکی تایبەتیدا، لەوانەیشە لە کاتێکی‌تردا تەعەللوقی پێوە ببەستێت. جا ئەگەر ئەو تەعەللوقی ئیرادەیە ئەزەلی بێ ئەوا دەبێ حەوادیس

قەدیم بن، خۆ ئەگەر لە (ما لایزال)دا تەعەللوق ببەستێ ئەوا پێویستە (مخسس) ێ هەبێ کە ببێتە هۆی تەعەللوقی تایبەتی لەو کاتە تایبەتییەدا.

هەروەها قسە دەگوێزینەوە بۆ ئەو (مخسس) ە، جا یا قەدیمیی حەوادیس یا تەسەلسول لە حەوادیسدا لازم دێت.

وەڵامی رەخنەکەیش ئەمەیە ئەتوانین بڵێین تەعەللوقەکەی ئەزەلییە و قەدیمیی حەوادیسیش روو نادات؛ چونکە ئەو تەعەللوقە ئەزەلییە وەها نەبووە کە ئەو شتە لە ئەزەلدا بێتەجێ، بەڵکو وەها بووە کە لە پاشەڕۆژدا لە کات و شوێنی تایبەتیدا پەیدا ببێت.

ئەیشتوانین بڵێین تەعەللوقەکەی حادیسە و پێویست نییە بە (مخسس) ؛ چونکە تەعەللووقی ئیرادەی فاعیلی موختار لەبەر زاتی خۆیەتی، واتە لەبەر زاتی ئیرادەکەیە، بەم مەعنا ئیرادە تەعەللووق دەبەستێ بە لایەنێکی تایبەتی فیعل یا تەرکەوە، بە بێ (مخصِّص) و (مرجّح) بۆ ئەو لایەنە، وەکو راکردوو لە دڕندە یەکێ لە دوو ڕێگەی وەک یەک دەگرێ، یا تینوو لە یەکێ لە دوو کاسە ئاوی وەک یەک دەخواتەوە، ئەم بارە نابێتە هۆی ئیجاب، چونکە هەر لەو حاڵەدا کابرای ڕێڕەو دەتوانێ بە ڕێگەکەی تردا بڕوات، کابرای تینوویش دەتوانێ کاسە ئاوەکەی تر بخواتەوە.

(و من ذلک المذکور یُعلَم
صفاتٌ اربع لربِّ العالم)
بلێ پێکەوە هەر چوار سیفات[9]
قودرەت، ئیرادە، عیلم دەگەڵ حەیات
بەعزێکیان تابیع ئەو بەعزیانە
سبووتی یەکێ ئی گشتیانە،
(فکأنّما الجمیعُ واحد
ما نافی قولَ الحکیم اللّاجِد)

ئی: هی.

واتە: لەوەی کە لە پێشەوە باسمان کرد و نووسیمان چوار سیفەتی زاتی (واجب‌الوجود) مان بۆ دەرکەوت، چونکە مادام خودای گەورە ئافەریدگاری هەموو رووداوەکانە بێگومان ئەبێ هێز و توانای ببێ و بتوانێ دروستیان بکات، ئەو هێزەیش (قودرەت)ە. جا وەک وتمان قودرەت و توانای بۆ هەموو مومکینێک یەکسانە، واتە: پێویستە سیفەتێکی ببێ کە یەکێ لە دوو لایەنی مومکینەکە

دیاری بکات تا قودرەتەکەی ڕووی تێ بکات، ئەو هێزەیش (ئیرادە) یە، دیارە ئیرادەکەیش یەکێ لەو دوو لایەنە دیاری دەکات کە لە عیلمی خودادا سابت بووە.

گومانیش لەوەدا نییە کە عیلم بە بێحەیات نابێت.

بە واتەیەکی ڕوونتر قودرەت بێئیرادە نایکرێ و، ئیرادەیش بێعیلم نابێ و، عیلمیش بە بێحەیات هەرگیز سەرناگرێ.

کەواتە بوونی قودرەت یانێ بوونی هەر چوار سیفەتەکە، ئیتر مەبەستی مەولەوی ئەوە نییە کە بوونی هەریەک لەم سیفەتانە دەبێتە هۆی بوونی سیفەتەکانی تر. بۆ نموونە زیندوویەتی تەنها خۆی نابێتە هۆی توانا. بەڵام پاش ئەوەی بڕیارمان دا جیهان و هەرچی لە جیهاندایە هەمووی (حادث)ە و، نەبوونی لێ پێش کەوتووە و بە توانا دروست بووە، ئەم توانایە بێ خواست نابێت و، خواستیش بێ زانین نابێت و ئەمیش بێ زیندوویەتی نابێت[١٠].

شتێکی زۆر بەجێیە لێرەدا فەرقێکی ڕۆشن لە بەینی ئەم چوار سیفەتە دەربخەین:

سیفەتی حەیات، زیندوویی، خۆی لە خۆیا پێوەندی بە غەیری زاتەوە نییە و فەرقی لە باقی سیفەتەکان دیارە.

سیفەتی عیلم کە مەوجوودات و مەعدووماتی پێ کەشف ئەبێت لە ئەزەل و ئەبەددا، سیفەتی تەخسیس نییە کە تاقە شتێک هەڵبژێرێت، واتە: لە ئیرادە جیابوویەوە، سیفەتی تەئسیر و ئیجادیش نییە، واتە: لە قودرەت جیابوویەوە.

سیفەتی ئیرادەیش کاری تەخسیس و تەرجیح و دیاریکردنی یەکێ لە دوو لایەنی مومکینە. ئیتر ئیجاد و تەئسیر هی ئیرادە نییە و هی قودرەتە؛ وا قودرەتیش لە ئیرادە جیابوویەوە.

شایانی باسە کەوا مەشهوورە ئەڵێن «فەرقی ئیرادە و قودرەت ئەوەیە قودرەت بۆ هەموو مومکینات یەکسانە، بەڵام ئیرادە وەها نییە». دیارە مەعنای ئەم قسەیە ئەوەیە قودرەت ڕوو دەکاتە هەموو شتێک و بە بێ (مخصّص) نابڕێ بە بارێکدا، بەڵام ئیرادە ئیشەکەی تەخسیس و دیاریکردن و هەڵبژاردنی لایێکە بە تایبەتی، جا یا لەبەر زاتی خۆی وەکوو واتەی گەلێ لە زاناکانە، یا لەبەر ئەوە کە تابیعی عیلمە بە مەسلەحەت و هۆی حیکمەت وەکوو قسەی (ماتریدی) یەکان.

بەڵام ئەگەر مەعنای وەها لێ بدەینەوە کە قودرەت لە یەک کاتدا ڕوودەکاتە دوو (ضدّ) ئەوە هەڵەیە، چونکە کۆبوونەوەی دوو (ضدّ) مەحاڵە و قودرەت ڕوو ناکاتە مەحاڵ.هەروەها ئەگەر

بلێین قودرەت روو دەکاتە هەموو مومکینێک بەڵام ئیرادە قابیل نییە روو بکاتە هەموو مومکینێک ئەمەیش هەر هەڵەیە، چونکە ئیرادەیش لەوانەیە روو بکاتە هەموو مومکینێک و بەم شێوەیە فەرق نەما لەناویاندا.

بەڵێ، وەک وتمان، کاری قودرەت تەئسیر و ئیجادکردنی مومکینە، هەر مومکینێ بێت، ئیتر پێوەندییەکی تایبەتی نییە بە لایەکەوە، تەنانەت هەرکام لە (ضدَّین) بۆ ئەو وەک یەکە. بەڵام ئیرادە، ئەگەرچی لە خۆیا لەوانەیە روو بکاتە هەر شتێ، ئیشەکەی بریتیە لە تەخسیس و ترجیح و دیاری‌کردنی لایەک بۆ بوون.

قودرەت وەک تەشوێیەکە لای دارتاش کە هەموو دارێک دەتاشێ، ئیرادە وەک خواستی دارتاشەکەیە، هەر دارێک کە پێویستی بێ دەیتاشێ، لەبەر ئەمە (الله قادر علی کل ممکن) بە شێوەی عموم، نەک (الله مریدٌ لکلّ ممکن).

پوختەی قسە: ئەم چوار سیفەتە لە ئەنجام و ئاساردا جیان: حەیات هی مەبدەئییەتی زاتە بۆ ئاسار. عیلم بۆ کەشف و دەرخستنی مومکین و واجیب و مومتەنیعە. ئیرادە بۆ دیاری‌کردنی هەندێ مومکین. قودرەت بۆ دروست‌کردنی ئەو مومکینەیە کە ئیرادە جیای کردووەتەوە و دیاریی کردووە.

سیوای بۆی گوڵشەن ئەدیللەی سەمعی
کەوا لە دەماخ دڵ دەدا قەتعی
ئەم فیعلی موتقەن یەکجار عەجیبە
ئەم سونعی غەریب نەزم و تەرتیبە
ئەم مەلەکووتی و مولکی بێ عەیبە
ئەم خەلقی و ئەمری شادەت و غەیبە
دەڵێن: نەزەرکەن زەریف دیارە
سانیعمان مەوسووف بە هەر چوارە
ئەم سیفەتانە سەریان بەراورد
ئیجابی (بالذات) پێی لەناو دەرکرد
زیندگە و دانا زاتی کردگار
مورید و قادر فاعیلی موختار

سیوا: بێجگە. شادەت: شەهادەت، شتی دیاری. بەراورد: دەرهێنا. زیندگە: زیندووە. کردگـار: دروستکەر، خالیق، خوا.

واتە بێجگە بۆن و بەرامەی باغچە و بێستانی دەلیلە سەمعییەکان، کە لەبارەی بوونی ئەم چـوار سیفەتەوە یەقین و بێگومانی دەخەنە ناخی دەروونەوە، ئەم کارە رێختە و بـێ‌ڕەخنانـەی عـەرز و ئاسمانە، ئەم کارە نایابە جوانە بێ‌گەردانە کە غەیری زانای بەرز کەس پەنامـەکی و نهێنییـەکانیان نازانێ، ئەم گۆی خۆرە کە (قطر) ەکەی (١٠٩) ئەوەندەی (قطر)ی گۆی زەوییە و، گەلێ لە گـۆی زەوی گەورەترە و بەمجۆرە پرتـەو بـە جیهـان دەبەخشـێت و لـە شـوێنی خۆیـدا دەگـرێ، ئـەو ئەستێرانەی بە دەوری خۆردا هەمیشە و لەسەر قانوون و رێ و شوێنێکی تایبـەتی دەسـووڕێنەوە، ئەم هەمووە ئەستێرە لە ژمارە نەهاتووە پرشنگ‌دارانە کە هەریـەکی رەنـگ و شـێوە و پرتـەوێکی تایبـەتیی هەیـە، ئـەم دەریـا گـەورە بـێ‌پایانانـە بـە هـەموو گیـا و گیـان‌لەبـەر و کـان و شـتە بەنرخەکانیانەوە، ئەم هەمووە گیان‌لەبەرانەی سەرزەوی، ئەم هـەمووە دار و دەوەنـە بـێ‌شـومارانە بێ‌بەر و بەردارییان، ئەم گوڵ و لالە رەنگاوڕەنگانە، ئەو هەمووە هێزە جوانە رێـک و پێکانـە ئـەوەی دیاری و نومایانە و ئەوەی لەمەوپاش دەدۆزرێتەوە، ئەمانە هەموو بە زمانی حاڵ بانـگ ئەکـەن لـە هوشیاران و ئەڵێن: بڕوانن زۆر ئاشکرایە پەروەردگاری ئێمـە هێـزی سروشـتی بـێ‌هەسـت نییـە، چونکە یاسا لە بێ‌یاساوە پەیدا نابێ، زانسـت لـە نەزانـەوە پەیـدا نابـێ. ئـەم کـارە نایابانـە کـاری پەروەردگارێکی تەواون کە ژیانی بەردەوامە و زانایە و خاوەن خواستە و هێز و تواناداره.

جا کە بە دەلیلی سەمعی و عەقلیی بەهێز و یەقین‌بەخش بۆمان دەرکەوت ئەم چـوار سـیفەتە سابتن بۆ خودا، بۆمان دەرکەوت کە سیفەتی (ایجاب)ی (بالذات) پێی لەناودا نەما، چونکە ئیجـابی (بالذات) بەوە دەبێ کە فاعیلە مووجەبەکە بەردەوام لەسەر یەک شێوە هێزی بکەوێتە کـار، بـەڵام ئێمە کە تەماشای کائینات ئەکەین لەگەڵ ئەوەدا کە سروشت عەینی سروشـتە، لـە هـەر لایـەک ئاسارێکی تایبەتیمان بەرچاو دەکەوێت:

لایەک بە درێژاییی ساڵ یەخبەندانە، لایـەک گەرمەسـێرە، لایـەک سەردەسێرە، لایـەک مـام ناوەندییە، لایەک ئاوە و خێر و بێر و پیت و بەرەکەتـە، لایـەک وشـکە و قـات‌وقـڕی و لـە برسـانا مردنە!

هەر یەک لـەم شـوێنانە، بگـرە هـەر بسـتێ لـەم جیهانـە پـان و بەرینـە سـیفەتی تایبـەتی و بەرهەمێکی دیاری و جیاوازی هەیە.

لە راستیدا (ایجاب)ی (بالذات) و ناچاریی لە کار و کردەوەدا شایانی زاتی خودا نییە، ئەم ناچارییە کەموکوورییە و کەموکووڕیش بۆ پایەی بەرزی خودایی ناشێت. بەلام (ایجاب)ی (فی الصفات) بە تەواوی و چاکە حسێب دەکرێ و کەموکووڕی نییە.

بەڵێ ئەم هەمووە جۆراجۆرییەی جیهان و ئەم هەمووە نیشانانەی لە خۆمان و لە جیهاندا بە روونی دەیبینین هەموویان هاوار دەکەن کە:

زینـــدووە و زانـــا زاتی کردگـــار
موریـــدە و قـــادر فـــاعیلی موختـــار
(ألا لـــــهُ الخلـــــق والأمـــــر
تَبَـــارَک الله أحسَـــنُ الخـــالقین)
(و یُعلـــم ایضـــاً) ئەگـــەر دەیبیهـــی
(حـــدوث العـــالم بالتمـــامْ بـــهِ)
(لِـــانَّ القصـــدَ یقـــرن العـــدم
ضـــرورة بهـــا الوجـــدانُ حکـــم)
مەڵێ تەقەددوم قەسد لەسەر مەقسوود
(بالذات)ە هەروەک ئیجاد لە مەوجوود
بـۆچ؟ لـە لای زیهنـێ کـەوا حازیقـە
ئەمـــە قیاســـی (مـــع الفـــارقَ)ە
عالـــەم هـــەروەها حودووســـی راســـە
قابیلییـــەتی بـــۆ فـــەنایچ واســـە
عـــەدەمێ (قبـــل الوجـــود) مەشـــهوودە
هـــەر وەک عـــەدەمی (بعـــد الوجـــود)ە
تـــەمایوز نییـــە لـــە بەینیانـــدا
هـــیچ ئیختیلافـــێ نییـــە تێیانـــدا
ئەویان جائیز بوو ئـەمیان بـەو دوسـتوور
(ألـــا الِـــی الله تصـــیر الأمـــور)

دەیبیهی: دەیبیسی. (بِهِ): بەو باسەی لە پێشەوە نووسیمان، کە ئیرادە سـیفەتی تەخسیسـە و تابیعی عیلمە و... تاد. واسە: وەهاسە، وەهاتە، وایە.

واتە: هەر بەو باسەی نووسیمان دەربارەی وەزیفەی سیفەتەکان کە وتمان سیفەتی (مخصـس) ئیرادەیە کە تابیعی عیلمە و عیلم تابیعی حەیاتە و قودرەتیش تابیعی ئیرادەیە، ئەگەر لێم ببیسی، دەرکەوت کە جیهان هەمووی حادیسە بە حودووسی زەمـانی، واتـە: نـەبووە و لـە پـاش نـەبوون خودای گەورە بە ئیرادە و قودرەتی خۆی دروستی کـردووە بـەو شـێوە کـە خـۆی ویسـتوویەتی، ئەمەیش بە کورتی لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا باس کراوە و، زانا پایەبەرزەکانی ئیسلام باسـیان کردووە.

جا بۆ روونکردنەوەی ئەوە کە ئـیرادە و قـودرەت ئـەوە دەگەیـەنێت کـە جیهـان حودووسـی زەمانیی هەیە و نەبوونی لێ پێشکەوتووە، دەفەرموێ: چونکە خودای گەورە بـە قەسـد و ئـیرادە ئیش دەکات، دیارە ئیرادەی دروستکردنی شتی نەبوو پێویستە لە پێش بوونەکەیـدا بـێ؛ ئـەگینا دەبێتە تەحسیلی حاسیل (پەیداکردنی شتێ کە خۆی پەیدایە و هەیـە) کـە ئەمـەیش مەحالـە و نابێت، وا دەرکەوت کە قەسد لە پێش مەقسوودەوە بوو، واتە: ویستی دروستکـردنی جیهـان لـە پێش بوون و دروستبوونی جیهانەوە بوو.

جا نەکەی وا بلێیت: با پێشکەوتنی قەسد لەسەر مەقسوود کە دروسـتکردنەکەیـە بـە زەمـان نەبێ بەڵکو بە زات بێ، واتە پێشکەوتنی ئیرادەی خودا لەسەر دروستکردنەکە بە زات بـێ وەک پێشکەوتنی ئیجاد لەسەر وجوود کە زاتییە و زەمانی نییە؛ چونکە قیاسی پێشکەوتنی قەسد لـە مەقسوود لەسەر پێشکەوتنی ئیجاد لە وجوود (قیاس)ی (مع الفارق) ە، واتە: قەسـد و مەقسـوود وەک ئیجاد و وجوود نین؛ هەرگیز ناتوانرێ ئیجاد بە بێوجوود یا تەئسیر بە بـێئەسـەر تەسـەوور بکرێ، شتی وا (ممتنع)ی (بالذات)ە.

بەڵام ئیرادە و قەسدی فاعیلی موختار لەوانەیە لەگەڵ مەقسووددا بەرامبـەر بـن و بـەرودوایان نەبێ ئیللا بە زات بەم شێوە: کە ئـەو جـوزئی ئـەخیرە لـە عیللـەت و ئـەمیش مەعلوولـە، دیـارە مەعلوول پاش جوزئی ئەخیر لە عیللەت ناکەوێ (بالذات) نەبێ، لەوانەیشە ئیرادە و قەسدی فاعیل پێش بوونی مەقسوود بکەوێ، ئەوندە پێش بکەوێ خودا نەبێ کەس نەزانێ چەنـدە، وەکـوو ئـەوە فاعیلی موختار ئیرادەی کردبێ ئەو مەقسـوود و مـورادە پـاش هـەزاران سـاڵ لـە فـلان وەختـدا

بێتەجێ...؛ کەوابوو قیاسی پێش‌کەوتنی قەسد لە مەقسوود کە ئیجادە، لەسەر پێش‌کەوتنی ئیجاد لەسەر وجوود، قیاسێکی ناڕاست و بێ‌سوودە.

بێجگە لەمە ئینسانی ورد و زانا تەماشای حەقیقەتی شتێکی کرد، پێویستە لە ڕشتەیەک موناسەبە لەگەڵ سەرەتا و ئەنجامی ئەو شتە حاڵی ببێ؛ ئێمە کە تەماشای پارچەپارچە و بەش‌بەشی جیهان ئەکەین هەرکامیان ئەگرین لەوانەیە لەناو بچێ و بفەوتێ، شاخ و داخ ئەڕووخێ و دەبێتە تەپ و تۆز، هێزی ئەتۆم لەوانەیەگەلێ شوێن تەخت بکات و شوێنەواری نەهێڵێت، گەلێ وڵات ڕۆدەچێ بە ناخی زەویدا، گەلێ دەریاچە وشک دەبێت و دەبێتە وشکانی. دەی هەروەکوو فەوتان و نەمانی پاش بوون ڕەوایە و ڕاستە و دەبینرێ، با نەبوونی پێش بوونیش ڕەوا بێ، ناچێتە عەقڵەوە بە ساڵەهای ساڵ شتی بوو لەناوبچێت و نەبوونی بەسەردا بێت کەچی لە سەرەتاوە ئەزەلی بێ و لەگەڵ زات و قەسدی خودای گەورەدا بەرامبەر بێ و نەبوونی لێ پێش نەکەوتبێ، ئەنجام دەگەینە ئەوە کە جیهان لە نەبوونەوە پەیدا بووە و نەبوونیشی بەسەردا دێت و، هیچ جیاوازییەک لە نێوان نەبوونی پێش بوون و نەبوونی پاش دروست‌بووندا نییە و، هەروەک فەوتانی پاش بوون ڕاستە، نەبوونی پێش بوونیشی ڕاستە و، ئەمەیش لای خودای گەورە ئاسانە (ألَا اِلی الله تصیر الامور ایجاداً و وجوداً و عدماً قبل الوجود و بعده).



١ـ ئەم سەرباسەیش هەر لە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ ئەوەی من نووسیومەتەوە مەتنی نوسخە دەستنووسەکەیە. لە نوسخە چاپەکەدا «منوارَه و حکم»ە کە ئەکاتە (مەنوارە وە حوکم) یا (مەنوارەو حوکم) وەک خەڵقی تاوگۆزی دەیڵێن و ئەسڵەکەی (مەنوارە ئەو حوکم)ە.

٣ـ لە نێوان (عەدەم دا) و (دەم دا) و هەروەها لە نێوان (عەدەم) و (دەم)دا وشەئاراییی هەیە و، لە نێوان (وجود) و (عەدەم)دا تیباق هەیە.

٤ـ شێوەنووسی دەستنووسەکە (ارادهُ = ئیرادەو) و، لە چاپەکەدا (ارادهٔ = ئیرادەی)ە کە تەواو نییە. لە نێوان (باز) و (سەید) و (پەل) یشدا تەناسوب هەیە.

٥ـ ئیشارەیە بۆ لایەنگر (مرجِّح) ەکە، وەک لە دەستنووسەکەدا ئیشارەی بۆ دانراوە.

٦ـ نحو: لا (جهة).

٧ـ لە نێوان (مەعقوولە) و (مع قوولە)دا جیناسی تەرکیب هەیە.

٨ـ چەند جوانە کۆکردنەوەی حەکیم و دەوا!

٩ـ لە دەستنووسەکەدا لە پاڵ وشەی (بلی)دا نووسیویە: بگۆ واتە: بڵێ. وەک لە مەتنەکەدا نووسیومەتەوە.

١٠ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا لەسەر بەیتی «و من ذلک المذکور یعلم... الخ» پەراوێزێکی کەمێک درێژ نووسراوە، لە دوادوایی ئەو پەراوێزەدا دەڵێت:

«و ما قاله الحکماء من ان الواحد لا یقتضی إلّا واحداً لان الاقتضاء لا یکون إلّا بمناسبة موجبة له، والشیء الواحد لا یناسب اموراً متخالفة، لا ینافی ذلک، بل یکاد ان یقویه؛ لان المناسبة للتابع مناسبة للمتبوع و بالعکس، و لذلک قلنا «فکأنمّا الجمیع واحد».

جا لەبەر ئەوە کە شتەکە پێوەندی بە واتای «فکأنمّا الجمیع واحد»ەوە هەیە پوختەیەکیم بە کوردی نووسی:

پوختەی رەخنەکە: حوکەما دەڵێن یەک، کە خودایە، تەنها دەبێتە هۆی بوونی یەک شت چونکە بوون بە هۆ پێویستی بە بۆنە هەیە و یەک بۆنەی لەگەڵ چەند شتی لە یەک جیادا نییە!

پوختەی وەڵامەکەیش ئەوەیە: ئەم سیفەتانە چەند شتێکی لەیەکجیا نین؛ چونکە توانا تابیعی خواستە و بۆنەی لەگەڵ ئەودا هەیە، خواستیش تابیعی زانینە و بۆنەی لەگەڵدا هەیە، زانینیش تابیعی زیندوویەتییە و بۆنەی لەگەڵدا هەیە، ئەمیش تابیعی یەکەکەیە کە خودای گەورەیە، ئەوەی بۆنە و موناسەبەی لەگەڵ (تابع)دا هەبێ لەگەڵ (متبوع) یشدا دەبێت؛ کەواتە ئەم سیفەتانە چەند شتی لەیەکجیا نین و بێبۆنە نین و، تەنانەت لەسەر قسەی حوکەمایش وەک ئەوەتە یەک بووبێتە هۆی یەک.



مبحث السمع والبصر والكلام [1]

پەنجەمین سەمعە و، شەشەمین بەسەر
هەفتەمین کەلام سێ وەسفن خودسەر
سابتن بۆ زات خالیق، زیادە
لە وەسفی قودرەت عیلم و ئیرادە
ئیرجاع بەوانە لە زاهیر دوورە
بۆچ؟ بێ زەروورە، کوانێ زەروورە؟
ئەگەر تۆ دەڵێی ئەم سیفەتانە
موحتاجن ئەباڵ ئەم ئالەتانە؛
وەک ئوزون و عەین، وەک حەلق و لیسان
ئەوە بۆ ئێمەس، نەک بۆ حەق، بزان[2]
چلۆن؛ سا دەشێ حەق عیلمی نەوێ
بۆچ؟ ئەویچ قووەی عاقیلەی تەوێ
بەڵێ بۆ ئیسبات هەر سەمعی ماگە؛
عەقڵی دیارە ژێر پێی کوتیاگە
(والحاصل) نەک وەک سیفاتی خەلقن
حاجەت بە گوێ، چاو، زوان و حەلقن
بەڵ لە چە وو چوون لە ئالەت بیروون
شنەوا و بینا، گۆیا بە بێچوون

دەشـــنەویّ ئایـــا بەعیـــد ئـــەر نزیـــک
دەوینـــیّ ئایـــا رۆشـــن یـــا تاریـــک

خودسەر: سەربەخۆ، گویّ بەکەس‌نەدەر. کوانیّ: لـە کوێیـە. تـەویّ: دەویّ. ماگـە: مـاوە. بـۆ ئێمەس: بۆ ئێمەیە. کوتیاگە: کوتراوە (پیّ‌کوتران ئەوەیە بە رۆیشتنی زۆر و مانـدووبوون ژێـر پـیّ ئیلتیهاب دەکات و سوور دەبێتەوە یا تلۆقە دەکات و پیاو لە بە گورجی رۆیشتن دەکەویّ). چە وو چوون: چییە و چۆنە. بیّ‌چوون: بیّ‌وێنە.

واتە: پێنجەم لە سیفاتی مەعانی سەمعە، واتە: هێزی بیستن. شەشـەم بەسـەرە، واتـە: هێـزی بینین. حەوتـەم کەلامـە، واتـە: هێـزی وتـار. ئەمانـە هـەموو سـیفەتی سـەربەخۆن و هـی زاتی (واجبالوجـود) ن و، لـە سـیفەتی عـیلم و قـودرەت و ئـیرادە جیـاوازن، واتـە: سـەمع و بەسـەر ناگەڕێنەوە بۆ سەر عیلم بە مەسمووعات و موبسەرات، کـەلامیش ناگەڕێتـەوە بـۆ سـەر قـودرەت بەسەر وتاردا یا بۆ سەر ئیرادە و خواستی حالیّ‌کردنی موکەللەفین وەکوو لە هەندیّ لە زانایانـەوە دەگێڕڕێتەوە؛ چونکە گێڕانەوەی ئەم سیفەتانە بۆ سەر ئەوانە دوورە لە زاهیری ئایەتەوە؛ خـودا لـە قورئانا دەفەرمویّ: (و هو السميع البصير) یا (و هو الخبير البصير) یا (و هو السميع العليم): دیـارە زاهیری ئەم ئایەتانە ئەوەیە خوا خاوەنی عیلم و سەمعە، یا خاوەنی عیلم و بەسەرە، ئەگـەر سـەمع و بەسەر عیلم بوونایە تـەنها دەیفـەرموو (عـەلیم) هـیچ ناچارییـەکیش نییـە بـۆ تـەئویل‌کـردنی ئایەتەکان و لادانیان لە مەعنای زاهیریان. شتێکی ئاشکرایە سەمیع یانیّ: خاوەن سـەمع، بەسیر واتە: خاوەن بەسەر. هیچ ناچاریش نین بەسیر و سەمیع لە مەعنای زاهیریان لادەین.

خۆ ئەگەر دەڵێیت ئەم سیفەتی سەمع و بەسەر و کەلامە پێویستن بە ئەندام وەکوو گوێچکە بۆ بیستن، بیبیلەی چاو بۆ بینین، دەم و زوبان بۆ قسەکردن، لە وەلامدا دەڵێین ئـەو پێویسـتییە بـۆ ئێمەیە بۆ خودا نییە، ئێمە بە خودا ئەڵێین عەلیم، ئەگەرچی عیلمی ئێمە موحتاجی لەش و خوێن و دەماغ و هێزی زانینە؛ دیارە ئەم موحتاجییە بۆ عیلمی ئێمەیە، بۆ عیلمی خودا نییە. بەڵـیّ لـەم شوێنەدا، واتە لە باسی سیفەتی سەمع و بەسەر و کەلامدا هەر دەلیلی سەمعی بـەکاردیّ، چونکـە دەلیلی عەقڵی وەک زەلامێک وایە کە پێی کـوتراو و مانـدوو بووبـیّ، واتـە لێـرەدا بـەکار نایـەت. پوختەی قسە: سیفەتەکانی خودای گەورە هەر لە ناودا وەکـوو سـیفەتەکانی ئێمـەن، بـۆ نموونـە دەوتریّ عیلمی خودا، عیلمی ئینسان، یا زیندوویەتیی خودا، زیندوویەتیی ئینسان... تاد، ئیتر لـە ناوەڕۆک و راستیدا زۆر لە یەک جیان؛ واتە: سیفەتەکانی خودای گەورە وەک سیفەتەکانی ئێمـە

پێویستییان بە ئەندام نییە. سیفەتەکانی خودا لە (چییە) و (چۆنە) و پێویستی بە ئەندام دوورن؛ زاتی خودای گەورە شنەوا و بینا و گۆیا و خاوەن وتەیە و بێوێنەیە، لە دوورەوە وەکوو لە نزیکەوە دەبیسێ، لە رووناکیدا وەک لە تاریکیدا دەبینێ.

شایانی باسە سیفەتی بیستن و بینینی خودای گەورە لە پێش بوونی حەوادیسدا تەعەللوق نابەستێ پێیانەوە، بەڵکو پاش پەیدابوونی پەیدابووەکان سیفەتی بیستن پێوەندی دەبەستێ لەگەڵ بیسراوەکە و سیفەتی بینین پێوەندی دەبەستێ لەگەڵ بینراوەکەدا.

تەعەللوق دەگرێ، (کما اشتهر)
سەمعی بە مەسمووع، بەسەر بە موبسەر
لاکین سنووسی (علیه الرحمه)
وەها دەفەرمووت، لێت نەبێ زەحمە،
سەمع و بەسەری زاتی (علیّه)
وەک سەمع و بەسەر مەخلووقات نییە
هەر خاسّ وێ وە دەرک بەعزێ مەوجوودات
وەک بۆ بەسەر لەون، بۆ سەمع ئەسوات
سەمع و بەسەری خالیقی مەعبوود
تەعەللوق دەگرن (بِکُلِّ موجود)
ئەر دەنگ ئەگەر رەنگ، ئەر سیفەت ئەر زات
واجب و قەدیم یا خۆ حادیسات
(فی الأزل) جەناب زاتی پاکی حەی
بەو زات و سیفات وجوودییەی خۆی
(فی ما لایزال) بۆ زات و سیفات
وجوودییەی گشت فیرقەی کائینات
بە بێئیرتیاب شنەوا و بیناس
بڕیاوە کەلام سنووسی، بیناس

(بنـــــاء علـــــى مـــــا قَـــــد قَـــــرَّره)
موبســەری مــەسمووع، مــەسمووع موبســەره
(والحاصــــل یعنـــــى یســـــمع بالبَصــــر
یبصـــــر بالســـــمع فاســـــمع تبصَّـــــر)

شنەوا: ئەوەی ئەبیسێ. بینا: ئەوەی ئەبینێ، بیناس: بینایە، ئەبینێ. بڕیاوە: بڕاوە، تــەواو بــوو. بیناس: بیناسە، بیزانە.

واتە: بەڵێ بیری شێخی سنووسی (ر.خ) ئەوەیە کە سەمع و بەسەری زاتی خودا وەکوو ســەمع و بەسەری مومکینات نییە کە بە چاو هەست بە رەنگ و، بە گوێ هەست بە دەنگ بکـات؛ بەڵـکو سەمع و بەسەری ئافریدگاری پەرستراو پێوەندی دەبەستێ بە هەموو بوویێکەوە لە دەنگ و رەنگ و سیفات و زات، واجب، یا مومکین، قەدیم یا حادیس، واتە: هەر لە ئەزەلەوە زاتی (واجبالوجـود) بەو زات و سیفاتە وجوودییەی خۆیــەوە بــێ‌گومــان شــنەوا و بینایــە بــۆ هــەموو جــۆر و ئــەفرادی کائینات. جا لەسەر فەرموودەی سنووسی دەبێ بینراوەکانی خودا بیســراو بــن و بیسراوەکانیشــی بینراو بن، واتە: بە هێزی بیستن، بینین و بە هێزی بینین، بیستنی سابت بێت.

بەڵێ ئەم فەرموودەی سنووســییە لەســەر بناخــەی (ئیمکــانی زاتی) راستە و دەبێتــە وێنــەی فەرموودەکەی شێخی ئەشعەری، کە دروســتە کــوێر لــە وڵاتی (چــین)دا مێشــوولەی (ئەســپانیا) ببینێ، بەڵام ئەگەر لەسەر عادەت و واقیع بڕوا پێویستە بە دەلیـل چ نەقڵـی و چ عەقڵـی چونکــە ئومووری ئیعتیقادی لەسەر ئیمکــان نــاڕوا و بــەس، بەڵـکو پێویســتە بــە دەلیـل و بەڵـگە لەســەر وقووعیشی، بۆیە غەیری سنووسی (ر.خ) رای لەسەر رای ئەو نییە.

(ثُـــــمَّ الكَــــــلامُ وَصـــــفٌ أزَلـــــيّ
قـــــائِمٌ بـــــذاتِ رَبِّنَـــــا العَلــــيّ)
لــە بــەر و دوا و تەجــەززی و عــەدەد
لە حەرف و لە سەوت پاک و موجەڕڕەد
وەسفێکی نەفســی و پــاکیزە و قودســی
مونــافیی ســکووت ئافــەتی نەفســی

واتە: پاش باسی ئەم شەش سیفەتە بزانە: کەلام سیفەتێکی ئەزەلییە و بە زاتی (واجبالوجـود) ەوە راوەســتاوە، ئــەم ســیفەتە پاکــە و بەرییــە و دوورە لــە پارچەپارچــە بــوون و پــێش‌کــەوتن و

پاش‌کەوتنی هەندێ بەشی لەسەر هەندێ بەشی تری، چونکە جوزئی نییە هەتا ئەم وەزعانەی بەسەردا بێت و دوورە لە حەرف و دەنگ، دوورە لە ژمارە، بەڵکو وەسفێکی نەفسی و پاک لە خەوشە، دوورە لە نیشانەی تازە پەیدابوون، قودسییە و سیفەتی خودایە و مونافییە بۆ بێ‌دەنگیی ئافات و، خەوش و نەخۆشیی نەفسی.

زاناکان فەرموویانە: هەر وەکوو ئینسانی وتەوێژ رەوان و ئینسانی لاڵ و بێ‌زمان هەیە، هەروەها لە لایەن هێزی نەفسیشەوە ئینسانی خاوەن هێزی وتار رێکخستن و ئینسانی نەفس‌کوێری بێ‌هێزی لاڵ لە رێکخستنی کەلام لە دڵا هەیە، جا وتەوێژ و گفتەبەدەرەوەبووە رێک‌خراوە بەرودواداراەکە ناوی کەلامی لەفزییە و بە تەواوی و بێ‌عەیبی و ئاسایی دەژمێررێ و دژی لاڵیی زاهیرییە کە بە عەیب حسێب ئەکرێت. جا هێزی رێکخستنی وتاری نەفسی (تکلّم)ی نەفسییە و وتارە رێکخراوە نەفسییەکە کەلامی نەفسییە و بە کەمال و بێ‌عەیبی مەعنەوی دائەنرێ و دژی بێ‌هێزییە لەسەر رێکخستنی وتاری نەفسی کە کەموکوورییە و بە لاڵیی نەفسی دەژمێررێت.

ئەگەر ئینسان کەمێ وردبێتەوە تێدەگات کە ئینسانی عادەتی گەلێک هێزی هەیە کە هەریەکێ لەو هێزانە لە هێزەکەی تر جیاوازە؛ بۆ وێنە هێزی رۆیشتن بە ڕێگادا جیایە لە هێزی دەست وەشاندن، هێزی بیستن جیایە لە هێزی بینین، هێزی ئیملاء جیایە لە هێزی ئینشاء، هێزی قسەکردن جیایە لە هێزی خواردەمەنی هەزم کردن، هێزی بیرکردنەوە بۆ تەگبیر و راوێژکردن لە چارەکردنی ئیشێکی ناهەمواردا جیایە لە هێزی خۆگرتن لە کاتی رق‌هەستاندا، هەروەها هێزی زانست و هێزی خواست و هێزی وتاری نەفسی رێکخستن لە یەک جیاوازن، تەماشا دەکەین گەلێ ئینسانی خاوەن زانست و خاوەن خواست هێزی وتاری نییە، تەنانەت ئەگەر لێی بپرسی بۆچی وتارێکت نییە؟ لە وەڵامدا دەڵێت دڵم خاڵییە و پێم ناکرێ بە زوبان شتێ بڵێم، بەڵام ئەگەر لە راستیدا هێزی نەفسیی بێ ئەڵێت: بە خودا شتی زۆرم لە دڵایە و ئەیشتوانم قسە بکەم، بەڵام شوێن و کاتی قسە نییە.

ئەگەر ئینسان لەم رێبازەوە بڕوات تێ‌دەگات کە هێزی (تکلم)ی نەفسی و کەلامی نەفسی نە سیفەتی زانست و نە هێزی خواست و نە هێزی کردن و نەکردنی کارە، بەڵکو هێزێکی نەفسی تایبەتییە و بە کەمال و رەسایی خاوەنەکەی دەژمێررێت.

لەم رووەوە بە عەقڵ و لە ڕێگای ئیتتیفاقی پێغەمبەرانەوە(د.خ) تێ‌گەیشتین کـە زاتی خـودای گەورە خاوەنی (تکلم) و (کلام)ی نەفسـییە. جـا لەبـەر ئـەوە ئەگـەر کـەلامی لـەفزیش نـەبێ و دەستوور ڕەوانە نەکرێ بۆ پێغەمبەران، ناردنی ڕەهبەران بێ‌سـوود دەردەچێـت و مـاوەی دانـانی یاسا و پەیڕەو نابێ. پێویستە باوەڕمان ببێ بەوە کە کەلامی لەفزیش هەیە بۆ خودای گەورە (جـلّ جلاله).

لە لایەکی تریشەوە چونکە باوەڕ بە پێغەمبەر(د.خ) لەسـەر (کـلام) واتـە قورئـان ڕانەوەسـتاوە، بەڵکو تەنها دەرکەوتنی (معجزه) لێیەوە بەسە بۆ باوەڕپێ‌کردنی، ئەتوانین بـە ئایـەت و حـەدیس ئیستیدلال بکەین لەسەر کەلامی خودا واتە:

لەسەر ئەوە کە خودا سیفەتی (تکلّم) و (کلام)ی هەیە. هەروەها لە نێـو ئـایین‌داراندا خـیلاف نییە لەوەدا کە خودای گەورە (متکلّم) ە، بەڵێ خیلاف لە تەحقیقی کـەلامی خـودادا هەیـە؛ ئایـا سیفەتی کەلامی خودا چییە؟ نەفسییە یا لەفزییە، قەدیمە یا حادیسـە، ئـەم ئیختیلافـەیش لەبـەر ئەوەیە کە لەم شوێنەدا دوو دەلیل هەن کە نەتیجەکەیان ناکەوێتە یەک:

دەلیلی یەکەم: ئەوەیە کەلامی خودا سیفەتی خودایە، سیفەتی خودایش پێویستە قەدیم بێـت؛ کەوابێ کەلامی خودا پێویستە قەدیم بێت.

دەلیلی دووەم: ئەوەیە کەلامی خودا تێکەڵە لە دەنگ و حەرفی ڕیزکراوی یـەک لـە دوا یـەک هاتوو، هەرچیش وابێ ئەبێ حادیس بێت: کەوابێ کەلامی خودا دەبێ حادیس بێت...

لەناو جەماوەری ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا زانا ئەشـعەرییەکان لەسـەر ئـەوەن کـە هـەردوو دەلیلەکە ڕاستن و ئەنجام و نەتیجەی هەردووکیان ڕاستە، بەڵام هەر یەک لـەو دوو دەلیلـە ڕێ و شوێنی خۆی هەیە؛ واتە دەلیلی یەکەم و نەتیجەکەی ڕاستە بە ئیعتیبـاری کـەلامی نەفسـی کـە حەرف و سەوت نییە و قەدیمە، دەلیلی دووەم و نەتیجەکەی ڕاستی بە ئیعتیباری کەلامی لـەفزی کە تێکەڵە لە حـەرف و دەنـگ و حادیسـە. بەڵـێ لـەفزی (کـلام) بـە ئیشـتیراکی لـەفزی و بـە حەقیقەت بۆ هەردوو مەعناکە بە کاردێت. جا لە هەر شوێنێکدا وەسفی کـەلام بکـرێ بـە قـەدیم ئەوە ئەڵێین مەبەست کەلامی نەفسییە، لە هەر شوێنێکیشدا بە جۆرە سیفەتێک وەسف بکرێ کە حودووس بگەیەنێ وەکو نەقش و لەفز و قیرائەت و حیفز و لەبەرکردن و وێنـەی ئەمانـە، ئەڵـێین مەبەست کەلامی لەفزییە.

شایانی باسە لەگەڵ ئەمەیشدا ئەشعەرییەکان ئامۆژگاریی موسوڵمانانیان کردووە کـە چـاودێری ئەدەب بکەن و تەنانەت ناوی کەلامە لەفزییەکـەیش بـە (حـادث) نەبـەن تـەبادا زیهـنی ئینسـان بکەوێتە هەڵەوە و کەلامە نەفسییەکەی بە (حادث) بزانێ.

جا لەبەر ئەوە گەلێ کەس فەرقی کەلامی نەفسی و کەلامی لەفزییان نـەکردووە، یـا کـەلامیان هەر بە کەلامی لەفزی داناوە و دوورکەوتوونەتەوە لە ڕێگە و هەندێ ڕەخنەیان گرتووە. مەولـەوی (ر.خ) ڕەخنەکەیانی نەقڵ کردووە و وەڵامی داونەتەوە، بۆیە فەرموویەتی:

(قیـلَ): ئەگـەر حـەق موتەکـەللیم بـێ
قیـامی حـادیس بـە حـەق لازم تـێ
بـۆچ؟ دەڵـێن کـەلام بـەو موڕەککەبـە
لـە حـەرفی حـادیس موتەعاقیبـە
ئـەم ئیتلاقیچـە بـە حەقیقەتـە
پـەس ئـەو لازیمـە راسـە و موسـبەتە
وەر فەقەت مەحموول لەسەر نەفسییە
ناوێ ئەو مەسمووع لە دەم نەبییە(س)
(کـلام الله) وێ، ئـەمیچ بـە مـەئال
دەکێشـێ ئـەو لای کـافری و زەلال
دەڵـێین بـە سـەمعی ئەمـە ئیسـباتە
وەسـفی تەکـەللوم قـائیم بـە زاتـە
نـەک ئـەو کەلامـە کـەوا مەعرووفـە
موڕەککەب لـە جـوزء لـەفز و حرووفـە
قیـامی بـە زات حەققـەوە نییـە
دیتر کـوا مـەحزوور پـێم بلـێ چییـە؟

لازم تێ: لازم دێ. وەر: وە ئەگەر. وێ: بێ. ئەمیچ: ئەمیش. دیتر: ئیتر.

واتە: بە شێوەی ڕەخنە وتراوە: ئەگەر زاتی (واجب‌الوجود) بە (متکلم) دابنێین لازم دێ خودای گەورە ببێتە شوێنی حادیس، چونکە ئەو کەلامە کە سیفەتە بۆ خودا لە حەرف و دەنگی یـەک بـە

دوای یەکا هاتوو تێکەڵە، (کلام) یش بە حەقیقەت بە شتی تێکەڵ لە حەرف و دەنگی یەک بە دوای یەکا هاتوو دەوترێ، ئەوا لازم هات بە راستی کە زاتی (واجب‌الوجود) مەوسووف بێ بە حادیس و ببێ بە شوێنی حادیس، ئەمەیش بەتاڵە.

وە ئەگەر ئەڵێت: خودا (متکلم)ە و کەلام سیفەتی خودایە بەلام مەبەس لە کەلامەکە کەلامی نەفسییە، ئەوە تەوسیفی خودا بە حادیس روو نادات چونکە سیفەتەکەی قەدیمە، بەلام ئەوە روو دەدات کە ئەوەی کە لە دەمی حەزرەتی (رسول الله) وە بیسراوە (کلام الله) نەبێ؛ چونکە مادام وتت کەلام کەلامی نەفسی قەدیمە ئیتر کەلامی لەفزی لە مەیدانا نەما، ئەمەیش دەکێشێتەوە بۆ سەر کوفر و گومڕاهی، چونکە هەموو موسوڵمانان لەسەر ئەوەن کە ئەم کەلامە لەفزییە (کلام الله) یە.

جا ئێمەیش لە وەلامی ئەم رەخنەدا دەڵێین بە بەڵگە و دەلیلی سەمعی (واتە: بیسراو لە پێغەمبەران ـ د. خ)، هەروەها بە دەلیلی عەقلی، کە پێویستە خودای گەورە هەموو سیفەتێکی کەمالی هەبێت، دەرکەوت کە سیفەتی (تکلم) قائیمە بە زاتی (واجب‌الوجود) ەوە، نەک ئەو کەلامە کەوا تێکەڵە لە حەرفە ریزبەستووە یەک لەدوا یەکەکان، تەکەللوم سیفەتێکی قودسییە و دوورە لە عەیب و پاکە لە حودووس و، حەرف و دەنگ نییە و، لە ئەزەلەوە هەتا ئەبەد سابتە بۆ خودا.

لەمیچ ئیزنی ئەم لزوومە نەدرێ
(کلام الله) یی لێ سەلب بکرێ؛
بۆچ؟ بۆ بە کەلام ئیلاهییە بوون
شەرت نییە قیام بە زاتی بێ‌چوون
حوججەتت دەوێ ها ئەوە حوججەت
ئیستیعمالی ئەهل گفت‌وگۆ و لوغەت
هەرکەس دەیزانێ ئەڵبەت دەیفامێ:
بە هەر زوانێ هەرکەس کەلامێ
تەکەللوم پێ کا، ئەو کەلامییە
ئیزافەی ئەبال ئەو حەقیقییە

بـا وجـوود قیـامی نییـە، بیشـنەو،
نە بە نەفسی ئـەو نـە بـە قـائیم بـەو
بۆچ؟ لەفز و کەلام مەعلومە ئـەوان[۳]
لە مەقوولەی سەوت قائیم بـە هـەوان
هەوایچ هەڵـگرە زەریـف بکـە سـەیر
(مـا کـان الهـوی قائمـاً بـالغیر)
بەڵ لە مەقوولەی قیسمی جەوهـەرە،
قائیم بە نەفسـی خـۆی و خودسـەرە
(فـذاک الکـلام بـالهوا قـائم
لـیس قائمـاً بـالمتکلم)
(یضـاف الیـه لحصـوله
بـالتکّمِ القـائمِ بـهِ)

پیٚ‌کا: پیٚ بکات.

واتە: هەر لەوکاتەدا کە سیفەتی (تکلم) بڕیار ئەدەین بۆ خودا، کە سیفەتێکی بەسیت و قەدیمە و مەشهوورە بە کەلامی نەفسی، ناڵێین کەلامە لەفزییەکـە کـەلامی خـودا نییـە، بەڵـکو هـەر بـە کەلامی خودای ئەزانین، بۆچی؟ چونکە بۆ بوونی کەلامیٚ بە کەلامی خودا مەرج نییـە و پێویسـت ناکا ئەو کەلامە بە زاتی (واجب‌الوجود) ەوە ڕاوەستابێت؛ ئەگەر لەسەر ڕاستیی قسـەکەم بەڵـگەت دەویٚ، بەڵگە ئەوەیە هەموو تێگەیشتوویەک ئەزانیٚ هەرکەس قسەیەک بکات، بە هەر زمانـیٚ بـیٚ، ئەو قسە و کەلامە بە حەقیقەت دەدرێتە پاڵی قسەکەرەکە و ئەڵـێن ئـەو قسـە و کەلامـە، قسـە و کەلامی ئەوە، کەچی ئەو کەلامیشە نە سیفەتێکی نەفسییە کە قائیم بیٚ بە نەفسی کـابراوە، وە نـە قائیمە بە شتێکەوە کە قائیم بیٚ بە نەفسەوە بەڵکو ئـەو قسـە و کەلامـە لـە بابـەتی دەنگـن و بـە هەواوە ڕاوەستاون، ئەو هەوایە کە هـاتوچـۆ دەکـات بـە دەم و قـوڕگ و گـەرووی قسـەکەرەوە، شتێکی دیارییە ئەو هەوایشە خـۆی لـە قیسـمی جەوهـەرە و جیسـمێکی لەتیفـە و بـە خۆیـەوە ڕاوەستاوە. وا بە ئاشکرا دەرکەوت ئەو کەلامـە کـە لـە بابـەتی دەنگـە بـە هـەواوە پێوەنـدە و بـە قسەکەرەکەوە قائیم نییە، جا ئەگەر ئەڵێیت ئەی بۆچی دەدرێتە پاڵ ئەو کەسە؟

ئەڵێم لەبەر ئەوە دەدرێتە پاڵی و دەوترێ کەلامی ئەوە چونکە ئەو کەلامی قائیم بە هەوایـە بـە (تکلم)ی کابرا پەیدا بووە، ئەو (تکلم) ەی کە سیفەتیەتی و بە نەفسی ئەوەوە قائیمە.

کەلامیچ دەگـەڵ وەسـفی تەکـەللوم
فەرقیان هەیە، لـە کـەس نییـە گـوم
تەکــەللوم تــەئلیف، ئــەو موئەللەفــە
موئەللەف مەنزووم دەوێ بەو وەســفە
(فظهَـــرَ الفـــرق، فکـــذا الکـــلام
فـــی حـــق الله خـــالق الانـــام)
(لکـــن فـــرقٌ مّـــا لســـتَ بـــاللاّهی
بـــینَ مـــا بِنـــا و مـــا بـــالله)
(مـا بِنـا) بینـای ئـالی و مودەننـەس
(و مـا بـالله) پـاک و موقـەددەس

واتە: ئەگەر ئەپرسیت کـە فـەرقی ئـەم کەلامـە لەگـەڵ تەکەللومەکـەدا چییـە؟ پێـت ئەڵـێم فەرقەکەیان ئەوەندە ئاشکرایە لە کەس ون نابێ؛ چونکە (تکلم) واتە تەئلیف و ئیبداعی ئەو کەلامە موئەللەفەیە و ئەو کەلامە موئەللەفە بە هۆی سیفەتی (تکلـم) ەوە پێـک دێ، ئـەوا سـەبارەت بـە کەلامی ئێمە جیاوازی لـە نێـوان تەکـەللوم و کەلامانـدا دەرکـەوت، جیـاوازیی نێـوان کـەلام و تەکەللومی خودایش هەر بەم جۆرەیە، واتە: تەکـەللووم بـە سـیفەتە نەفسـییەکەی دەوتـرێ کـە مەنشەئە بۆ کەلام و کەلامی خودای گەورە لەو (تکلم) ەوە پەیدا ئـەبێت. بەڵـێ فـەرق هەیـە لـە بەینی کەلامی ئێمە و کەلامی خودای گەورەدا. کەلامی ئێمە پێویسـتی بـە ئالەتـە وەکـوو دەم و زوبان و بە هۆی تێکەڵی لەگەڵ گوناهـ و کردەوەی ناپەسەندا پیس بـووە، بـەڵام کـەلامی خـوای گەورە (جـلّ جلالـە) پاکـە لـە پێویسـتیی بـە ئالـەت و دەم و زوبـان و موقەددەسـە لـە عـەیب، هەڵدەگرێ قەدیم بێ و قائیم بە زاتی باری بە نەوعێ کە هەر خودا خۆی ئەیزانێ و بۆ ئێمە دەرک ناکرێ؛ ئێمە کە تەسەووری ئەلفاز ئەکەین بە شێوەی بەرودوا تەماشای ئەکەین، ئەمەیش دەبێتـە هۆی حدووس، هەڵیش‌دەگرێ کەلامە لەفزییەکە حادیس بێ بە (رقوم) لە (لوح المحفوظ)دا و بـە (لفظ) لەسەر زبانی جیبرائیل کە هێناویە بۆ حەزرەت(د.خ) وەک لەمەودوا، ئەگەر خودا مەیلی لێ بێ، باسی ئەکەین.

جا لەبەر ئەوەی هەندێ کەس رەخنە دەگرن و دەڵێن: چۆن ئەبێ فەرقی ئەلفازی ئێمە و ئەلفازی کەلامی خودا هەبێ لە لەفزایەتی‌دا؛ نەخەیر، فەرق نییە لە بەینی لەفزی ئێمە و ئەودا، لەفز هەر لەفزە لە هەر شوێنێکدا بێت، بینای لەسەر حەرف بە شوێنی حەرفا هاتنە کە شیعاری حودووسە، ئیتر لەفزی ئالی و غەیرە ئالی فەرقی چییە؟ لە وەلامی ئەم رەخنەدا مەولەوی دەفەرموێ:

بوونی ئەلفازیچ قسە بکەم بۆت
بەو تەرزە کەوا دەیێت و دەڕۆت
لەبەر ئەمەتە تێرێتیە وجوود
لە هەوادا خەلق خالیقی مەعبوود
هەوایچ بەو دەستوور لە هیچ مەکانێ
قەراری نییە زۆرتر لە ئانێ
نەک لەبەر بوونی ئەلفازە (بالذات)
غەیرە موستەقیر وەها بێ‌سەبات
ئەلفاز ئەر (بالذات) وەها بوویایە
دەشیا شەخسی دوور نەیشنەویایە
حوکمیچ بە میسلی مەسمووع بلێم پێت
ئینساف ئەمەتە نامەسموعە لێت
بێ‌دەلیل خیلاف زاهیر بە مەسیر
ناوێ، دەلیلیچ ناکەوێتە گیر

دەیێت و دەڕۆت: دێت و دەڕوات. نەیشنەویایە: نەی‌بیستایە. ناکەوێتە گیر: دەست ناکەوێ. تێرێتە: دەهێنێتە.

واتە: ئەی رەخنەگیر! ئاگادار بە لەوانەیە فەرق لەبەینی لەفزی ئێمە و لەفزی زاتی خودادا ببێ، ئەو بە بێ‌بەرودوا قائیم بێ بە زاتی خوای گەورەوە؛ چونکە بوون و دەرکەوتنی لەفز بەوجۆرە کە دێت و دەڕوات، حەرف لە دوای حەرف و تاک لە پاش تاک، لەبەر ئەوەیە کە خودای گەورە ئەم لەفزانە لە هەوادا دروست دەکات، هەوایش بە هیچ جۆرێ لە ئانێ زیاتر ئارام ناگرێت، کەوابێ حەرفەکانیش لەگەڵ ئەو هەوادا دەڕۆن، ئیتر لەبەر ئەوە نییە کە لەفز خۆی لە خۆیا ئارامیی

هەڵناگرێت و مانەوەی مومکین نابێ؛ چونکە لەفز ئەگەر خۆبەخۆ ئارام نەبوایە دەبوا ئینسانێکی دوور لە قسەکەر ئەو لەفزانەی نەبیستایە؛ دیارە چونکە شتی نائارام بڵاو دەبێتەوە و کوتوپڕ لە ناودەچێت، کەچی لە دووریشەوە دەبیسرێ!

خۆ ئەگەر تۆ بڵێیت: بەڵکو لەفز هەر نائارام بێ و، ئەوەی کە یەکێ لە دوورەوە دەیبیسێ ئەو لەفزە نەبێ کە لە دەمی قسەکەرەوە دەردەچێت، بەڵکو وێنەی ئەو لەفز بێت، ئەڵێم حوکمدان بەوەی کە بیسراوی تۆ لەفزی قسەکەر نییە بەڵکو وێنەکەیەتی، لێت قبووڵ ناکرێت و بە بێدەلیل دەعوای وەها نارِواتە سەر، دیارە دەلیلیش نییە.

ئەمجار ئیجادی ئەلفاز و حورووف
بە قودرەتی حەق خالقی رەئووف
بەو تەرزە وتمان ئیحتیمال هەیە
بڵێین: حیکمەت و سیرِی ئەمەیە
(کَی لا تَختَلِط فَتَعَسَّرا
فهمنا لها، بَل تَعَذَّرا)
تەفسیلی کەلام[٤] ئەر لەگرە کەم بێ
راوێس حەواڵەی ئەسڵی سێیەم بێ

کَی لا تَختَلِطْ: کَی لا تَختَلِطَ، زەنەکەی لەبەر وەزنی شیعرە. فتعسَّرا: فتتعسَّرا. تعذَّرا: تنعذَّر. راوێس: راوەستە.

واتە: جا ئەگەر ئەڵێیت سیرِ و هۆی ئەوە چییە کە خودا لەفزی بە جۆرێ دروست کردووە راوەستابێ بە هەواوە و بەرودوا بێت و بروا؟ ئەڵێم سیرِ و هۆی ئەمە ئەوەتە تا حەرفەکان لە کاتی قسەکردندا تێکەڵی یەک نەبن و ئینسان بە ئاسانی لێیان حاڵی ببێت. بێگومان ئەگەر تێکەڵ بوونایە زەحمەت ئەبوو ئینسان لێیان حاڵی ببێ، بەڵکو هەر لە توانادا نەدەبوو؛ تەماشاکە تەنانەت یەکێ بە پەلە قسە بکات کەس لە قسەکەی ناگات.

پوختەی قسە: ئەلفاز لە زات و ماهییەتی خۆیدا ئارامگرتن و ئیستیقرار لازمی زاتی نییە، واتە لەوانەیە لەفز و کەلامی خودا بە شێوەی کۆمەڵ لای ئەو بێ، بەڵام بەرودوایی لە کەلامی ئێمەدا لەبەر شوێنەکەیەتی کە هەوایە، کاکڵی ئەمەیش ئەوەیە تا ئەوانەی وتار ئەبیسن لێی تێ بگەن، ئیتر وامەزانە کە ئارام نەگرتن (عدم استقرار) لازمی زاتی لەفزەکەیە و قابیل نییە بە شێوەی کۆ

گردببێتەوە لای زاتی خودا؛ خۆ ئەمانە لە شێوەی بە کۆمەڵی کائیناتی جیاجیا زیاتر نین، کە لە عیلمی یەکێکدا بە جارێ حازر ئەبن بەبێ ئەوەی شتێ لەو کۆمەڵە کەم بکرێتەوە یا لە زیهنی زاناکەدا مەیدانێ زیاد بکرێت.

مەولەوی (ر.خ) ئەڵێت ئەگەر ئەم بەیانە بە کەم و کوور دێتە بەرچاوت چاوەڕوان بە (ان شاء الله) لە باسی ئەسلی سێهەمدا بە درێژی باسی ئەکەین.

پوختەی فەرموودەی (مەولەوی) لەم باسەدا ئەمەیە: هەموو ئەهلی دین لەسەر ئەوەن کە خودای گەورە (متکلم) ە، دیارە (المتکلم من قام به التکلم) بەڵام زانایان لێرەدا گەلێ بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە:

ئەشعەرییەکان لایان وایە کە خودای گەورە سیفەتی کەلامی نەفسیی قەدیمی هەیە کە لە ڕەگەزی حەرف و دەنگ نییە، هەروەها کەلامی لەفزیشی هەیە و، لەفزی (کلام) بە هەردووکیان دەوترێ، بەم جۆرە ئەڵێن (المتکلم من قامَ به التکلم)، تەکەللومیش سیفەتێکی ئەزەلی و قەدیم و بەسیتە و بەشبەش نییە و سەرچاوەی کەلامە و، ئەو کەلامەیش با قائیم نەبێ بە زاتی خواوە بە حەقیقەت هەر کەلامی خوایە؛ چونکە لە سیفەتی تەکەللومی خواوە پەیدا بووە. فەرق لەبەینی سیفەتی تەکەللوم و کەلامدا ئەوەیە کە تەکەللوم مەبدەء و سەرچاوەیە و کەلام لەو تەکەللومەوە پەیدا بووە، ئیتر حەقیقەتی کەلامەکە خودا خۆی ئەیزانێ، ئەگونجێ قائیم بێ بە زاتی خواوە بە جۆرێ کە خۆی ئەیزانێ، چونکە بەشبەشی و یەک‌لەدوای‌یەک هاتن بۆ کەلامی لەفزیی ئێمەیە، نەک بۆ کەلامی خودای گەورە.

تەماشاکەن ژیانی ئێمە بە لەش و مەزاجە، ژیانی خوا وا نییە. زانینی ئێمە بە هێزی نەفسی ناتیقەیە، زانینی خودا وا نییە. قودرەتی ئێمە بە تەکان و هاتوچۆ دەردەکەوێ و قودرەتی خودا وا نییە... واتە: با کەلامی ئێمە بە لەفزە یەک‌لەدوایەکە بەشبەشەکان بێت و کەلامی خودا وا نەبێ، هەروەها ئەیشگونجێ ئەو کەلامەی لە (تکلم) ەوە پەیدا بووە حادیس بێ بە نەقش لە سەر (لوح المحفوظ) و بە ئەلفازی وەرگیراو بۆ حەزرەتی جیبرائیل(د.خ)، وە مادام کەلامی خودا لە تەکەللومی خوداوە پەیدا بووە و پێوەندیی بە غەیری خوداوە نییە هیچ خاوەن عەقڵ و هۆشێک ناتوانێ بڵێت کەلامی خودا نییە. ئەوەی حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) بە هۆی جیبرائیلەوە وەری‌گرتووە و موسڵمانان لەویان وەرگرتووە تا ئێستا و هەتاهەتایە کەلامی خودایە و، هیچ

فەرقیان نییە، مەگەر وەک فەرقی (زید) لە بەغدا بێ یا لە باکووری بەغدا، دیارە بە جێگە و شوێن یەکێک نابێتە چەند یەکێک. ئەمە بیروباوەڕی زانا ئەشعەرییەکانە ڕەحمەتی خودایان لێ بێت.

زانای پایەبەرز مەلا جەلالی دەووانی لە شەرحی کتێبی (العقائد العضدیة)دا دەفەرموێ: وەک ئەشعەرییەکان فەرموویانە (تکلم) سیفەتی زاتی خودای گەورەیە و بەسیتە و قەدیمە، کەلامی نەفسیی خودایش عیبارەتە لەو ئایەتە کە لە عیلمی ئەزەلیی خودای گەورەدا هەیە، ئەو کەلیماتە کە خودای گەورە عالمە پێیان، لە وجوودی عیلمی خودادا بەرودوایان نییە هەتا حدووس ڕووبدات، ئەم کەلامە نەفسییە بەم مەعنا ئەزەلییە و وجوودی عیلمیی لازمی زاتی خودایە.

هەروەها خودای گەورە هەر لە ئەزەلەوە تا ئەبەد بە قسە و گفتوگۆی هەموو قسەکەرێک و بە هۆنراوە و پەخشانی هەموو خاوەن هۆنراوە و پەخشانێ دەزانێ، بەڵام لە وجوودی زانینی خودادا بەرودوا و تەرتیب نییە وەک وجوودی خارجیی ئەو لەفزانە، هەروەها فەرقی کەلامی نەفسیی خودای گەورە لەگەڵ کەلامی خەلکدا ئەوەیە کە کەلامی نەفسیی خودا بە هۆی سیفەتی تەکەللومی خۆیەوە مەوجوودە لە عیلمی خۆیدا، بەلام کەلامی خەلک لە تەکەللومی خوداوە پەیدا نەبووە، بەلکو لە کەسب و بیرکردنەوەی خاوەن کەلامەکە و بە خەلق و ئیجادی خودا، ئیتر لە وجوودی عیلمی‌دا هەموو وەک یەک حازرن، بەرودوا لەو لەفزانەدا هەیە کە خودای گەورە بە ئیلقای ڕۆحی بە جیبرائیلی گەیاندوە(د.خ) بەبێ ئەوەی جیبرائیل دەستی تیایا هەبێ، ئەویش چۆنی وەرگرتووە بە ئیلقای ڕۆحی لە زاتی (واجب‌الوجود) ەوە هێناویەتی بۆ فەخری عالەم(د.خ) و خوێندوویەتیەوە بە سەریا، ئەویش بە دڵ وەری‌گرتوەو بە زمان خوێندوویەتیەوە و بە سوورەتی عیلمی ڕاگیری کردوون.

ئەم فەرموودەی مەلا جەلالە لەگەڵ فەرموودەی ئەشعەرییەکانی تردا فەرقی ئەوەیە ئەم ئەڵێت ئەو کەلامە نەفسییە کە بە هۆی سیفەتی تەکەللومەوە لە عیلمی خوادا مورەتتەب بووە هەموو ئەزەلییە، وە باش دانی بە قەدیمیی ئەم لەفز و کەلیمە مورەتتەبە عیلمییانەدا ناوە بە جۆرێ کە شایانی زاتی خودا بێ.

بێ‌گومان ئەم قسەیە زۆر جوانە و وەک ئەوە نییە کە سەعدی تەفتازانی (ر.خ) دەفەرموێت: ئێمە ناتوانین تەسەووری ئەلفازی مورەتتەب بکەین لەگەڵ قیامی بە زاتی خوداوە، چونکە مەلا جەلال ئەوجۆرە تەرەتتوبە ناگرێت لەگەڵ تەعاقوبدا بێت وەکو لە خاریجدا، کە ببێتە هۆی نەمانی

حەرفی پێشوو و هاتنی حەرفی دوایی، بەڵکو تەرەتتوبی عیلمیی غەیرە موتـەعاقیب ئـەگرێت بـە جۆرێ شایانی زاتی خودای گەورە بێت.

ئەگەر ئینسان کەمێ بیربکاتەوە ئەتوانێ قسەی ئەشعەرییەکانیش لەگەڵ قسەی مـەلا جـەلالی دەووانیدا یەک بخات، چونکە بێگومان خودا عیلمی هەیە بە هەموو کەلیمەکان؛ بلاو بن یا کۆ بن و تەئلیفی هەرکەس بن، هەروەها عیلمی هەیە بە کەلامی خۆیشـی، ئـەم عیلمـەیش بـە شـێوەی واقیعی ئەبێ موافیقی ئەو وەزعە بێ کە لە خاریجدا ئـەو حـەرف و موفرەداتـە لەسـەرێنی وەکـوو پێشکەوتنی (قل هو الله احد) لەسەر (الله الصمد) بـەلام ئـەم تەرتیبـە عیلمییـە وەکـوو تـەرتیبی خاریجی نییە تا حەرفێ نەڕوات حەرفێکی تر نەیێت، هەروەها بەم شێوە ئەتوانی بڵـێیت کـەلامی نەفسی لەگەڵ سیفەتی تەکەللومدایە، ئەو مەنشەئە و ئەم ناشـیئە، ئـەم کەلامـە نەفسـییە جوملـە جوملە، ئایەت ئایەت، سوورەت سوورەت مورەتتەبە و حـازرە لـە عیلمـی خـودادا بـە شـێوەیەکی شایانی زاتی خودای گەورە و، ئەزەلییە لە وجوودی خاریجدا ئەبێتە ئەم لەفزانە کە بەرودوان.



۱ـ ئەم سەرباسەیش لە نوسخە دەستنووسەکەدا نییە.

۲ـ لە چاپەکەدا (بیزان)ە.

۳ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا بە فارسی نووسراوە: ئەم وشەیە دەشێ (ئەوان) بێت یا (ئاوان) واتە ئاوەهان.

٤ـ لە دەستنووسەکەدا لە پاڵ ئەم (کلام) ەدا نووسراوە: «فیە لطافة» واتە: قسە یا عیلمی (کلام).



مبحث البقاء والتكوين[(١)]

ئەشـعەری فـەرمووی: بـەقا هەشـتەمین
شێخ ئەبومەنسوور دەفـەرمووت: تـەکوین
تـەکوین لـە لای ئـەم، بـەقا لـە لای ئـەو
وەسـفی وجـوودین ئـەمما تـۆ مەشـنەو
حـەق واتـە: بـەقا لـە سـەلبییاتە
تـەکوین لـە جوملـەی ئیزافییاتـە
ئیـزافی بـۆ تـۆ کریاگـە تـەقریر
وادەی سـەلبییە بێرینـە تـەحریر
سـیفاتی سـەلبی نایەتـە دەفتـەر
(ککـون الله لـیس بجـوهر)
لاکـین تـۆ زەریـف بـێ ئـەم پەنجانـە
هـەر پـەنج بزانـە ئەسڵـی گشـتیانە
یـەکێ قیدەمـە، دووەم بەقایـە
قیـدەم سـەلبی سـەبق عـەدەم مەعنایـە
بـەقا یانـێ سـەلب لحـووقی عـەدەم
وەک ئـەزەلیی ئـەو، وەک ئەبـەدیی ئـەم
دەزانی کامـە سـیفەتی سـێیەم؟
خـۆی بـە مانـاوە بـەیانی بکـەم

(المخالفـــــــــــة للحوادثـــــــــــات)
سەلبی هاومیسلی دەگەڵ مـەخلووقات[٢]
(قیـــام بنفسِـــه) وەســـفی چـــارەمین
ســــەلبی ئیحتیـــاج مانایـــە یـــەقین
موفتـــــەقیر نییـــــە (ربّ الکائنـــــات)
نـە بـە مەحـەللات، نـە موخەسسیسـات
پەنجـــەم خـــۆی مانـــای وەحدانییەتـــە
ســـەلبی تەعـــەددود، نـــەفیی کەســـرەتە
لـــە زات، لـــە ســـیفات، لـــە ئەفعالـــەدا
لـــە هـــەموو شـــەئن و هـــەموو حالـــەدا

دەفەرمووت: دەفەرمویت. مەشنەو: مەبیسە. کریاگە: کریـاوە، کـراوە. بێرینـە: بێنینـە. مانـا: مەعنا، واتا.

واتە: دوو ئیمامی ئەهلی سوننەت و جەماعـەت، لەگـەڵ حـەوت سـیفاتی مـەعانیی پێشـوودا، هەریەکی سیفەتێکی هەشتەمیان زیادکردووە: شێخ (ابوالحسن)ی ئەشـعەری (ر.خ) فەرموویـەتی بەقاء سیفەتی هەشتەمە، واتە: مانەوەی هەتاهەتایی بێنەبوون. شێخ (ابو منسور)ی (ماتریدی) ش دەفەرموێت: تەکوین سیفەتی هەشتەمە کە واتای دروستکردن و داهێنانی حەوادیسە هەرکام لە کاتی خۆیا. ئەم دوو ئیمامە هەریەکێ لەوان ئەو سیفەتەی زیادی کردو وە بە سیفەتی وجـوودی و سابتی دائەنێت بۆ زاتی (واجبالوجود).

بەڵام زۆرتری ئەهلی سوننەت و جەماعەت هیچ کام لەم دوو سیفەتانەیان بە سیفەتی وجوودی دانەناوە و وتوویانە سیفەتی بەقاء لە سیفەتە سەلبییەکانە واتە: (عدم الفناء) و، تەکوین لە سـیفەتە ئیزافییەکانە؛ دیارە لەمەوپێش باسی سیفەتی ئیزافی کرا کە بریتییە لە پێوەندیی توانـای خـودای گەورە بە مەقدوورەکانەوە لە کاتی دروستکردن و داهێنانیاندا، واتە: ئەوەی ئیمامی ماتوریدی بـە سیفەتی وجوودی داناوە هەر پێوەندیی توانای (واجبالوجود)ە بـە مەقدوورەکانـەوە و سـیفەتێکی سەربەخۆ نییە.

شایانی وتنە سیفەتە سەلبییەکانی خودای گەورە، وەکوو (الواجب تعـالی لـیس بجـوهر، لـیس بجسم، لیس بعرض، لا فی مکان، لا فی زمان... الخ) ئەوەندە زۆرن نایێنە دەفتەر، بەڵام پاش لـێ

وردبوونەوە هـەموو دەگەڕێنـەوە سـەر پێـنج سـیفەت و، ئـەم پێنجـە بناخـەی هـەموو سـیفەتە سەلبییەکانن:

یەکەمیان: (قِدم) ە، ئەڵێن: خودا قەدیمە، واتە: نەبوونی لێ پێش نەکەوتووە و ئەزەلییە.

دووەم: (بەقاء) ە، باوەڕمان وایە کە خودا دەمێنێ و نەبوونی بەسەردا نایەت و ئەبەدییە.

سێهەم: (المخالفة للحوادث) ە، واتە خودا هاووێنـەی غـەیری خـۆی نییـە و لـە هـەموو پەیـدا بووەکان جیاوازە «لیس کمثله شیء».

چوارەم: (القیام بنفسه) یە، واتە خودا پێویستی و ئیحتیاجی بە هـیچ کـەس و بـە هـیچ شـتێ نییە، پێویستی بە شوێن نییە کە تیا دامەزرێت، پێویستی بە (مخصِّص)ی خاریجی نییە بۆ ئـەوەی تەسەرڕوف بکات (یفعل ما یشاء و یحکم ما یرید).

پێنجەم: وەحدانییەتە، واتە: خودا هەرگیز (متعدد) نییە، زۆر نییـە، خـودا یـەک زاتـە، هاوتـا و هاوبەشی نییە، تەنیایە لە زاتدا خودایەکی تر نییە لەگەڵیا.

«وحده لا شریک له»، تەنیایە لە سیفەتەکانیا، واتـە: ئـەو سـیفەتانە ئـەو هەیـەتی کەسـی تـر نییەتی، تەنیایە لە کاردا، واتە: ئەو کارانەی ئەو دەیانکات کەس لەگەڵیا نییە و کەس ناتوانـێ ئـەو کارانە لە نەبوونەوە دەرکات بۆ بوون. «الله خالق کل شیء و هو علی کلّ شیء وکیل».



١ـ ئەم سەرباسەیش هەر تەنها لە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ لە دەستنووسـەکەدا هەندی نیشـارەکاری کـراوە واتاکـەی ئەوەتـە: سـیفەتی سـێهەم: «المخالفـە...»یـە و مەعناکەی «سـەلبی...»یە. شتەکە ئاشکرایە، تەنها مەبەستم دەرخستنی رەنجی پێشینان بوو.



مبحث الاسماء [1]

ئـــەسمای (خــــالق الارض والفلـــــک)
ئەرچی مەشــهوورن بــە هــەزار و یــەک،
بە شەرعیچ یەکێ کەم سەد مـەزکوورن،
لاکین وەک سیفات غـەیرە مەحســوورن
بــۆچ؟ ئــەر ئەسمایــە، ئەگــەر ســیفاتە
مەنشـــەئی هـــەموو هـــەر کەمالاتـــە
خـــۆ کـــەمالاتی خـــالیقی ئەکبـــەر
غەیرە مەحسوورە و لـە غایـەت ئـەودەر
نایگەتێ هـەرگیز، ئـەمرێکی مـەحاڵ[2]،
بە پەیجـەی بورهـان سـوللەمی خـەیاڵ
هەر ئیسمێ کـە شـەرع ئیـزنی نـەداوێ
ئیتلاقـــی وەســـەر خـــودادا نـــاوێ
ئـەم قەولـە موختـار، یـەکجار زەریفـە
پـەس بینـای ئـەسما لەسـەر تەوقیفـە؛
ئیـــتلاق بـــە عەقڵـــی کـــێ دەیتوانـــێ
هـەر (خاسـە)ی شـەرعە ئـەدەب بزانـێ

ئەسما: ئەسماء.

واتە: ناوە پیرۆزەکانی زاتی خودای ئافەرینندەی ئەرز و ئاسمان ئەگەرچی بە هەزار و یەک ناو مەشهوورن لە ناو موسوڵماناندا و، لە قورئان و حەدیسدا بە نەوەدونۆ دیاری کراون، لە راستیدا لە ژمارە نایەن وەک سیفەتەکانی خودا؛ چونکە ئەگەر ناوە و ئەگەر سیفەتە بناخەی هەموویان بڕیاری گەورەیی و بێخەوشیی زاتی خودایە، دیارە ئەم گەورەیی و بێخەوشییەیش لە ژمارە نایەت ئەوەندە زۆرە، هەرگیز بە پەیژەی دەلیل و خەیاڵ پێی ناگەیت، بەڵام پێویستە بزانن هەر ناوێ کە شەرع ـ قورئان و حەدیس ـ ڕێگای نەدابێ بۆ خودای گەورە بەکار ناهێنرێت. ئەم قسە هەڵبژاردە و راستە، کەوابوو بناخەی بەکارهێنانی ناو بۆ خودای گەورە (توقیف) ە، واتە رێگادان لە لایەن قورئان و حەدیسەوە، ئیتر کەس ناتوانێ بە رەهنومایی عەقڵ و هۆشی خۆی ناوێ بۆ خودا دابنێ و بەکار بهێنێ؛ چونکە هێزی عەقڵ ناگاتە پایەیەک کە ئەدەب لەگەڵ مەقامی خودای گەورەدا بە کار بێنێت، هەر شەرع دەگاتە ئەم پایە. (سبح اسم ربّک الأعلی * الذی خَلَقَ فَسوّی * والذی قدّر فَهَدی) [٣].

لە لای بەعزێکی[٤] ئیتلاق بێ تەوقیف
لە رووی تەسمییە ناوێ، نەک تەوسیف
لە لای بەعزێ‌تر ئیتلاق هەر دەوێ
ئەگەر مووهیمی نالائیق نەوێ
میسالی مووهیم وەک (عارف) بێرە
هەرگا کە وا وێ جائیز مەدێرە
بەعزێ‌تریچ هەن مەزهەبیان وەیە
ئیتلاق (مطلقاً) جەوازی هەیە
قەولی گشتیان ساحیب خەلەلە
هەروا کە وتمان موختار ئەووەلە
نیزاعێ لەبەین عولەماندایە
نەک لە ئیتلاقی عەلەماندایە[٥]
بۆچ؟ هەر گرۆهێ تەماشا دەکەی
عەلەمێکی هەس بە لوغەتی خۆی

وەک لەفزی (الله)، وەک (خودا) و (یەزدان)
سـائیری ئـەعلام بـە بـاقی زوان
عەلـەمی ئیـتلاق عەلـەمی دەربـرد
لـە بوزرگانـدا کـێ ئینکـاری کـرد؟
مـەعلووم بـوو ئەمـە وا ئیجماعییـە
ئیجمـاعیچ بـۆ ئیـزن شـەرعی کافییـە
ئەویچـە کـە شـەرع مـانیعی ئەویـە
یـا خـود خـەیر مـانیع بـۆ موورادیفیـە
وەک ئـەوە کـە خـۆی یـا رەدیفـی ئـەو
چـرای ئیـزنی شـەرع بـۆی داگـە پرتـەو
بـۆ کەسـێ قسـە لەویـدا چییـە؟
ئەڵـبەتە ئـەویچ جێـی نیـزاع نییـە
بەڵـکو نیزاعیـان لـە ئیسـمێکدایە
ئـەخز لـە وەسـف و فیعـل حـەق تەعالایـە
یـا بـۆ خـۆی یـا بـۆ رەدیفـی بـە شـەرع
واریـد نەبووگـە نـە ئیـزن و نـە مـەنع
هـەرچی کـە زاهـیر پێـی واریـد دەوێ
مـەعنای دەرحـەقی حـەق جـائیز نـەوێ
وەکـو (اسـتوا) و (یـد) و (وجـە) و (عـین)
لـە مـەعنای زاهـیر تـەنزیهی دەکـەین
ئـەمجار یـا تـەفویز دەکـەین وەک سـەلەف
یـا تـەئویل دەکـەین هـەر وەکـو خەلـەف
مەزهـەبی ئـەووەڵ ئەڵـبەت ئەسـلەمە
ئـەمما مەزهـەبی دووەم ئەعلەمـە

دەویٚ: دەبیٚ. نەویٚ: نەبیٚ. بێرە: بێنە. داگە: داوە: پڕتەو: تیشک، رووناکی. ئـەویچ: ئـەویش. هەرگا: هەرکات. واویٚ: وابیٚ، وەهایٚ. جائیز مەدێرە: رەوای مەبینە. تریچ: تریش. وەیـە: کـورت کراوەی (وایە) یە، یا بە مەعنای (ئەوە) یە. ئەویە: ئەوەیە. نەبووگە: نەبووە.

واتە: بەڵام هەندیٚ لە زانایان رایان وایە بەکارهێنانی ناو بۆ خودا وەختیٚ پێویستیە بە تەوقیف و ئیجازەی شەرع کە بە ئەسمای زاتی خودا بەکار بهێنریٚ، بەڵام ئەگەر بۆ تەوسیف بـەکار بهێنـریٚ، وەک بوتریٚ (الله المنوّر للسماوات والارض والمطوّر للعالم والمدبّر للكائنات)، پێویستی بە تـەوقیف نییە.

هەندیٚ لە زانایانی تر وتوویانە: بەکارهێنانی ناو، چ ناو بۆ زات و چ ناو بۆ تەوسیف، دروسـتە بـە مەرجیٚ واتای ناشیرین و نەگونجاو نەخاتە دڵی ئینسانەوە، بۆ نموونە وشەی (عارف) بۆ خوا بـەکار ناهێنرێت؛ چونکە وشەکە ئەوە دەگەیەنێت کە لە پێشدا شتەکەی نەزانیوە و لە پاشان زانیویەتی.

هەندێکی تر لایان وایە: ئەتوانی بە ئارەزووی خۆت ناو بۆ خودا بەکار بێنیت چ بـۆ زات و چ بـۆ تەوسیف، گەیاندنی واتای نەگونجاو بە هۆی (قرينه) وە دەڕوات.

جا مەولەوی پاش ئـەوەی باسـی ئـەم را جۆراوجۆرانـەی کـرد، دەفـەرمویٚ ئـەم بـیر و رایانـە هەموویان ناتەواون و، راست هەر بـیری یەکەمـە کـە نـاو بـەکارهێنان بـۆ خـودای گـەورە تێکـڕا پێویستی بە ئیجازەیە لە لایەن کیتاب و سوننەتەوە و، هەرچی ئەوان رێگایان نەدابیٚ رەوا نییە بـۆ خودا بەکار بهێنریٚ.

شایانی باسە ئەو ناکۆکی و خیلافەی لە ناو زانایاندا هەیە سەبارەت بە ناوی خـودا، لـەو ناوانـەدا نییە کە عەلەمن، واتە ئەو کەلیمانەی کە لای هەر کۆمەڵە ئادەمیزادێکدا کراون بە ناو (عەلەم) بـۆ خودا وەک: (الله) لە ناو عەرەبدا و (خودا) لای فارس و (خودا) و (خوا) لای کـورد و (تگـری) لای تورک و (گۆر) [شایەت مەبەستی «گاد» بیٚ!] لای فەرەنگ، عەلەم ئاڵای خۆی هەڵـکردووە و لـە زانا گەورەکان کەس ئینکاری نەکردووە.

زانایانی ئیسلام هەموو لەسەر ئەوە کۆن کە بـەکارهێنانی عەلـەمی شەخسـیی خـودا بـە هـەر زمانێک رەوا و بەجێیە، ئەم ئیجماع و کۆبوونەیش وەک دەلیل بەس و کاریگەرە.

بیٚ‌گومان بەکارهێنانی ئەو ناوانەیش کە شەرع رێگـای بـەکارهێنانی نـەداون نـە خۆیـان و نـە هاومەعنایان جێگەی نیزاع نییە و براوەتەوە کە دروست نییە بەکار بهێنـرێن. ئـەو ناوانـەیش کـە

شەرع ڕێگای بەکارهێنانی خۆیان و هاومەعنایانی داوە، ئەوانیش جێگای نیزاع نین و دروست و ڕەوایە بەکار بهێنرێن.

بەڵێ نیزاع و خیلاف لە ناو زانایاندا لە بەکارهێنانی ئیسمێکدایە کە موشتەق بێ لە وەسفێ یا لە فیعلێ کە لە قورئان و حەدیسدا نیسبەت درابێتە پاڵ زاتی خودا وەکوو (مزوِّج) کە لە ئایەتی (و زوّجناهم بحور عین) یا (مقدِّر) کە لە ئایەتی (نحن قدّرنا بینکم الموت) یا (مبدِّل) کە لە ئایەتی (علی ان نبدّل امثالکم) یا (منشِیء) کە لە ئایەتی (إنّا انشأناهنّ إنشاء) وەرگیراون.

هەروەها پێویستە بزانن هەر لەفزێ لە ئایەت و حەدیسدا هاتبێ و نیسبەت درابێتە پاڵ خودای گەورە و بە پێی ئایەتە (محکم) ەکان مەعنا زاهیرەکەیان بۆ خودا ڕەوا نەبێ وەک (استواء، وجە، ید، عین، جنب) ئەوە پێویستە ئێمە تەنزیهی خوای گەورە بکەین لەو مەعنا زاهیرییە چونکە بە دەلیلی قەتعی و بە قورئان و حەدیس ئیسپات کراوە کە خوا شوێن و تەختگای نییە، ڕوخسار و دەست و چاو و تەنیشت و وێنەی ئەمانەی نییە، ئەنجا پاش (تنزیە) یا ئەڵێین ئیمان و باوەڕمان پێیان هەیە و مەعناکەیان دەدەینە دەست عیلمی خوا و حەواڵەی ئەوی دەکەین، ئەمەیش ڕێگای پێشینانی موسوڵمانانە و سەلامەت و بێوەیترە، یا خۆ بە جۆرێ تەئویلیان دەکەین و مەعنایان لێ دەدەینەوە کە شیاوی زاتی (واجبالوجود) بێ؛ بۆ نموونە: ئەڵێین مەبەست لە ئیستیوا لەسەر عەرش ئیستیلای جیهانە و، مەبەس لە وەجهـ زاتە و، مەبەس لە (ید) هێزی قودرەتە و، مەبەس لە عەین عیلم و ئاگادارییە و، لە جەنب پەنادارییە، ئەمەیش بیروڕای زانایانی چینی دوایی موسوڵمانانە، ئەم ڕێگایە زیاتر موحتاجی زانست و خوێنەوارییە و ئاگاداریی دەوێت، یا خۆ ئەم ڕێگایە بەهێزترە و زیاتر [٦] بە دڵی زاناوە دەچەسپێ؛ چونکە دوورە لە عەقڵ کە خودای گەورە ئایەت بۆ حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) بنێرێ و کەس مەعنای نەزانێ، یا هەر تەنیا حەزرەت(د.خ) بیزانێ.

گەلێ لەم زانایانە ڕایان وایە کە واتای ئەو جۆرە کەلیمانە ئاشکرایە و لەسەر کینایەی عادەتیی عەرەب هاتوون، بەڵگەیش ئەوەیە هەرکەس ئەم جوملە جوانانە ئەبیسێ ئەو مەعنایانەیان لێ وەردەگرێت.

***

١ـ ئەم سەرباسە لە دەستنووسەکەدا نییە، هەر لە چاپەکەدا هەیە. لە راستیدا شوێنەکە شوێنی باسی تەنها ناوەکانی خودایە؛ کەواتە (مبحث الاسماء) بەسە، کەچی لە چاپەکەدا (مبحث الاسماء والصفات)ە.

٢ـ نایگەتیێ: نایگەیتیێ. شێوەنووسی هەردوو نوسخەکە (نایکتی)یە و سەروژێریشی بۆ کراوە. یـا کـورتکـراوەی (نایگاتیێ)یە و (بورهان) و (خەیاڵ) فاعیلینی، واتە بورهان بە پەیجەی و خەیاڵ بە سوولەمی نایگەنیێ.

٣ـ ئایەتی ١ـ٣ی سوورەتی (اعلی).

٤ـ واتە: لە لای بەعزێ کەس.

٥ـ لە نێوان (عولەماندایە) و (عەلەماندایە) جیناسی موحەرڕەف هەیە.

٦ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لەسەر وشەی (اعلم)ی مەتنەکە نووسراوە «أی احوج الی مرید علم، و کثیرا ما یقال (.......) اعلم ای احکم ای اکثر احکاما أی إتقانا والأول اولی (منه) » لە لێکدانەوەکـەدا مـەعنای (اعلـم) بـە هەردوو جۆرەکە لێدراوەتەوە.



مبحث افعال الله و حكمتهِ[1]

هــــەرچی ئـــەفعالی (ربّ العـــزة)ن
گشـــتی بـــێغـــەرەز، (بـــلا علـــة)ن
ئەمما پـڕ حیکمـەت، پـڕ مەنفەعـەتن
لـە عەبـەس خالـی پـڕ مەسلـەحەتن
تەئویلی دەکەین، وەک خۆش کـەلامان
هەر عیللـەتێ وەهـم بـبرێ لـە لامـان
فـــی الآیـــة أو فـــی الحـــدیث افهـــمِ،
بالمصـــــــــالحِ و بـــــــــالحکمِ
هـــەرچی وجـــوودێ پـــێ دریـــاوێ
لـــە هـــەرچی و هـــەر تـــەرز دانریـــاوێ
(من حیثُ) کە عیلم حەق موتقینی‌یـە
ئـیرادەی ئـەوی موخەسسیسـی‌یـە
قـــودرەتی ئـــەوە کـــە موبریزیـــە
ئـــەم ســـیفاتیچە نوقســـانی نییـــە
هـــەروەها دەوێ و مـــەوقیعی خۆیـــە
لـــەوە بـــەدیعتر نییـــە کـــە هەیـــە

واتە: هەرچی کار و کردەوەی خودای خـاوەن دەسـتە هـەمووی بـە بـێغـەرەز و بـێعیللـەت دروستی کردوون و، لە هەمان کاتدا هەموو پڕن لە حیکمەت و بەرژەوەندی و سوود، لەبـەر ئەمـە

هەر ئایەت و هەر فەرموودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) بە زاهیر ئـەوە بگەیـەنێت کـە کـار و کـردەوەی خودا خاوەن عیللەت و خاوەن غەرەزن ئێمە تەئویلیان دەکەین و دەیانگێڕینەوە بۆ سەر ڕیعایـەتی حیکمەت و مەسڵەحەت، واتە ئەوەی وا دەردەکەوێ عیللەت و غەرەزە عیللـەت و غـەرەز نییـە و چاودێریی حیکمەت و مەسڵـەحەتە لـە لایـەن خـودای گـەورەوە، دیـارە بـە ئیتتیفـاقی هـەموو خوداپەرستێ کار و کردی خودای گەورە پڕن لە حیکمەت و مەسڵەحەت.

بەڵام لەم شوێنەدا پێویستە ئینسان بیرێ بکاتەوە و بـۆ دەسـتکـەوتنی ئـەنجام و بـە ڕاسـتی ئینساف بدات و چاودێریی ڕاستی بکات.

جا با لە پێش هەموو شتێکدا بزانین (غەرەز) چییە یا (حیکمەت) چییە؟

لەسەر قسەی زانایانی زانستی (کلام) غەرەز بە شتێ دەڵـێن کـە باعیسـی فاعیـل بـێ لەسـەر کردەیەک کە دەیکات، واتە: جووڵێن و بزوێنی یەکەم بێ بۆ ئەو کردەیـە، وەک تەماشـا دەکـەین مرۆڤ کاتێ تینوو بوو یا برسی بوو بەملاولادا دەگەڕێ بۆ ئەوەی نان و ئاوێکی دەست بکـەوێ، یـا یەکێ لە مارێ یا هارێ دەترسێ و ڕائەکات و خۆی دەشارێتەوە، یا دارێ، بـەردێ، چـەکێ پەیـدا دەکات بۆ دوورخستنەوە یان لەناوبردنیان؛ بۆیە زانایان فەرموویانە (غـەرەز) یـا (عیللـەی غائییـە) عیللەتە بۆ فاعیلییەتی فاعیل، وە مادام (غەرەز) ئەوە بوو کە باسمان کـرد تێدەگـەین کـە فاعیـل بێگومان پێویستی بەو غەرەزە هەیە و شەخسییەتی خۆی پێ تەواو دەکات.

بەڵام (حیکمەت) یا مەسڵەحەت و بەرژەوەندی تایبەتی یا گشـتی وەکـوو ئەوەتـە ئینسـانێکی خاوەنپارە بە بێفەرمانی کەس، هەر بە ویجدان و ئارەزووی خۆی خانوویەک دروست ئـەکات بـۆ حەسانەوەی داماوان، یا باغێ ئەنێژێ بۆ ئەوەی بێتە بەر و ڕێبواران سوودی لێ وەربگرن، ئەم کارە لە واجباتی سەرشانی ئەم کابرایە نییە، لە کـەس ناترسـێ، خـۆی پێویسـتییەکانی ئـایینی خـۆی بەجێ هێناوە، لە کاری حەرام و نابار و ناڕەوا خـۆی لاداوە، ئەگـەرچی لەوانەیـە پاداشـی چـاکیی قیامەت یا سوپاسی خەڵکی دنیا بەرامبەر بەم کارە چاکە وەربگرێ، بەڵام ئەو لە پایەیێکدایـە ئـەو سوپاس و ستایشە زۆر گرنگ نییە بۆی، ئەگەر ئەم خێر و چاکانەیش نەکات بـە پێـی زاهـیری بـە کردنی واجباتی سەرشانی و خۆپاراستنی لە گوناهـ لە ئازاری ڕۆژی دوایی ڕزگارە.

جا کە غەرەز بریتی بێ لەوە کە شەخسییەتی پێ تەواو بێ و، بێئـەو نـەقس و کـەم و کـووڕی ڕوو بکاتە خودا، هەرگیز عاقڵ باوەڕ ناکات بە بوونی غـەرەز لـە کـاری خـودادا چونکـە عـاقڵ دان بەوەدا دەنێت کە خودا (واجبالوجود)ە و خاوەنی کەمالاتە و دوور لە کـەموکووڕییـە، لـە هـەمان

کاتدا باوەڕیش دەکات بەوەی کە هەموو کارێکی خودا لەگەڵ مەسڵەحەت و حیکمەت و سوودی گشتی یا تایبەتیی مەخلووقاتدایە، ئەم حیکمەت و مەسڵەحەتیش لەسەر خودا واجب نین؛ کردەوەیەک کە لە عیلمی شامیل و خواستی تەواوی خوداوە پەیدا ببێ پێی ناوترێ (واجب).

کردەوەی واجب ئەوەیە یا لە سروشتی بێهەستەوە پەیدا ببێت وەکوو کاری سووتاندن بۆ ئاگر یا پرتەودان بو مانگ و خۆر، یا لە زۆری فاعیلێکی خارجی دەرچێ وەک تل‌کردنەوەی بەردێک بەرەو خوار، یا لە هێرشی ستەمکارێک وەک بێگاری بۆ زاڵمان، ئەگینا ئینسانێکی زانا بە ئیش و کار، خاوەن خواست کە شتێ بە سوودار بزانێ و بیکا ناوترێ کردنی ئەو شتە واجبە لە سەری، چ جایێ دروست کردن و داهێنانی خودای موختار (جلّ جلاله).

لەسەر ئەم روون‌کردنەوەیە هەر ئایەتێ، یا هەر فەرموودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) کە بە زاهیر واتای ئەوە بگەیەنێت کە کاری خودا موحتاجی عیللەتە ئەوە بۆ تەعلیل نییە و بۆ بەیانی حیکمەت و بەرژەوەندی و سوودی گشتیی خەلک یا سوودی تایبەتیی هەندێ کەس یا هەندێ لایە، دیارە هیچ کەس ئینکاری ئەوە ناکات کە کردەوەی (واجب‌الوجود) هەمیشە لەگەڵ حیکمەت و مەسڵەحەتدایە، ئیتر ئەو حیکمەت و مەسڵەحەتە بۆ هەموو زانایان دەربکەوێ یان تەنها بۆ زانا تایبەتەکان، یا تەنها خودای گەورە خۆی بیزانێ. ئەمە باوەڕ و عەقیدەی ئێمەیە.

ئەوەی کە (مەولەوی) بە چوار بەیتە دواییینەکان گەیاندی ئیشارەیە بۆ ئەو رستە جوانەی لە غەزالییەوە(ر.خ) دەیگێڕنەوە کە فەرموویەتی «لیس فی الأمکان أبدع مما کان» واتە: لەوە جوان‌تر و نایاب‌تر نابێت کە هەیە.

شایانی باسە هەندێ کەس لە واتا لێدانەوەی ئەم قسەی ئیمامی غەزالی‌دا بەهەڵە چوون، وا لێی حاڵی بوون کە ئیمکان لەو جوملەدا ئیمکانی عەقلی یا ئیمکانی زاتییە، ئەمەیش هەڵەیە، چونکە ئیمکانی عەقلی بریتییە لە قابیلییەتی شتێ بۆ هەر حاڵێ تەنها بە ئەحتیمالی عەقلی هەرچەند مەوهووم بێت، وەکو تەسەووری بوونی ئینسانێکی چوار دەستی دوو سەر! ئیمکانی زاتیش بریتییە لە قابیلییەتی شتێ بۆ حاڵێ لە وجوودی خۆی یا سبووتی سیفەتێکی خاریجی بۆی بە جۆرێ کە مەحالی زاتی نەبێت، وەکوو ئیمکانی فڕینی ئینسان بە ئاسماندا و رۆیشتنی بەسەر رووی دەریادا یا بڕینی ماوەی رۆژێ بە دەقیقەیەک!

بەڵێ ئیمکان لەو جوملەی ئیمامەدا ئەمانە نییە؛ چونکە بە بیرکردنەوەی عەقل مومکینە ئەم دنیایە بەهەشت بێ و هەرچی ئادەمزادە وەک فریشتە بە باڵ بفڕن و هاتوچۆ بکەن بە ناویا،

دیارە تەسەوور [بیرکردنەوە]ی رووت هیچی تێ ناچێت، هەروەها مومکینە ئەم سەرزەوییە هەرگیز شەڕ و ئاژاوەی تێدا نەبێ و، ئادەمزاد هەموو ژیر و فامیدە بن و دەستوور بە دادگەری بڕوات و جیهان قاتی و قڕی و نابارییی تیا پەیدا نەبێ و هەموو خەڵک پیاوچاک و خێرخواز بن!

بەڵکو مەبەستی ئیمامی غەزالی (ر.خ) ئەوەیە هەر حادیسێک لە جیهاندا پەیدابوو لەو رووەوە کە کاری کارا و بکەری تەواو و (واجبالوجود)ە و بە توانا و خواست و زانینی ئەو پەیدا بووە و کاری ئەویش هەمیشە لەگەڵ حیکمەت و مەسڵەحەتی تەواودایە، بۆمان دەرئەکەوێت ئەو حادیسە لەو کات و شوێن و وەزعەدا جوانترین مەوجوودە. کە ئەمە سەلمێنرا ئیتر مومکین نییە شتێ ببێ لەوە نایابتر و جوانتر بێت، خۆ ئەگەر لەباتی ئەم حادیسە حادیسێکی دژی پەیدا بوایە لەوبارەدا ئەو دژە، جوانترەکە ئەبوو.

ئیتر مەبەستی ئیمام ئەوە نییە کە مومکین نییە لەباتیی ئەم شتە شتیتر بوایە و ئەم حادیسە لە زاتی خۆیا (من حیث الذات) ئەبدەعی مەوجووداتە، لەسەر ئەمە پێویستە ئەم فەرموودەی ئیمامە بە دڵ وەربگرین، بۆ نموونە: وەکوو چۆن هەر شتێ کە پەیدا بوو بە شەرتێ بوونەکەی وجووب وەردەگرێ وەکوو خودای گەورە فەرموویەتی: (اذا وقعت الواقعة لیس لوقعتها کاذبة) [٢] کەچی ئەو شتەیش لە زاتی خۆیا واجب نەبووە، هەروەها هەر حادیسێ خودا خەلقی کرد لە پاش خەلقەکەی، لەبەر ئەوە کە دروستکراوی خوایە دەرئەکەوێ جوانتر و نایابترە.

جا لەسەر ئەم بناخەیە مەولەوی ئەفەرموێت: (هەرچی) هەر شتێک (وجوودی پێ دریاوێ) خودا وجودی پێ دابێ (لە هەرچی) و هەر شوێنێ بێ (وە هەر تەرز دانریاوێ) وە بە هەر شێوەیەک دانرابێ (من حیث) ئەوە کە (عیلمی) خوای گەورە (موتقینییە) و بە ڕێکوپێکی کردوویەتی و (ارادە) ئیختیاری (ئەوی) ئەو زاتە واجبە (موخەسسیسییە) دیاریی کردووە بۆ ئەو وەزع و کات و شوێنە و (قودرەتی ئەوە کە موبریزیییە) وە تەوانای خودا دەریخستووە بۆ وجوود و (ئەم سیفاتیچە) واتە: قودرەت و ئیرادە و عیلمی خودا (نەقسیان نییە) واتە عیلمی خوا بە هەموو مەسڵەحەتێک ئەزانێ و ئیرادە و خواستی بە شوێنی عیلمەکەیدا ئەو لایەنی مەسڵەحەتە دیاری ئەکات بۆ کارکردی قودرەت، بە واجبی ئەو شتە (هەروەها دەوێ) کە بووە و مەوقیعەکەی (مەوقیعی خۆیە) تی و (لەوە بەدیعتر نییە کە هەیە) وەکوو روونمان کردەوە.

(مالک الملک)ی بە حەقی بێ ڕەیب
حەکیم و عەلیم (بلانقص) و عەیب

قــودرەتی کــە دەس دەرێــرێ لــە جــەیب
تەسەڕڕوف کا مولک شەهادەت و غـەیب[٣]
بە قەبز ئەر بە بەست، زەحمەت یا رەحمـەت
ئەر لوتف و نیعمەت، ئـەر عونـف و نەقمـەت
هــەمووی حیکمەتــە و فەزلــە و عەدالــەت
مونەززەهــــ لــە زولــم، قــوبح و جەهالــەت
زولـــم و ســـــتەم و مــــالیکی عالــــەم؟!
هەی قسەی شـەتەت کـە دەردێ لـە دەم!!
قــەبیح و (ذو الفعــل) مــەحموود و مــەلیح؟!
ئەی وەهمی غەلەت، ئـەی لـەفزی قـەبیح!!
غــەیرە ئەبــدەع و حــەزرەتی حــەکیم؟!
(بــــالله عـــذنا مــــن کیــــد الـــرجیم)
وەزعــی بــێ‌جێگــە و جــەنابی عــەلیم؟!
(نســــــــتغفر الله ربّنـــــــا العظــــــیم)
(فعـــلاً و حکمـــاً) دوورە لــــە (فەحشـــا)
مولــکیچ مولــکی خــۆی (یفعــل مــا یشــا)

دەرێرێ: دەربهێنێ. کا: بکات. ئەر: ئەگەر. فەحشا: فەحشاء. یشا: یشاء.

واتە: خوایە کە خاوەنی مولکی جیهانە و پادشای پادشاهانە، کە بە راستی و بێ‌گومـان خـاوەن حیکمەتە و هەر کارێ کە ئـەیکات پڕیـەتی لـە قـازانج، خوایـە کـە زانـا و بـێ‌عەیبـە، کاتـێ کـە دەستەڵاتی تەوانایی ئەو دەستی جیلوەداری خۆی لە بەرۆکی پەنهانی دەربێنێ و کار لـە مولـکی دیاری و نادیاریدا بکات، چ بە (قبض) دەستگرتنەوە یـا بـە (بسـط) و بەخشـش، بـە زەحمـەت و ئازاردان یا بە رەحمەت و میهرەبانی بێ، هەموو ئەو کارانە پڕن لە حیکمەت و فەزڵ و عەدالـەت و دادگەری و پاک و بێ‌خەوشن و دوورن لە ستەم و ناشیرینی و نەزانین.

بێ‌گومان زولم و ستەم دانە پاڵ پادشا و خاوەنی جیهان قسەیەکی پووچ و بێ‌کاکلە لـە دەمـی نەزان و گەوجەوە دەردەچێت! چونکە ستەم بریتییە لە دەست‌خستنە کار و ماڵ و مولـکی غـەیر،

خوا کە جیهان دروستکراوی خۆیەتی هەرچی بکا هەقی خۆیەتی. زۆر قسەیەکی ناڕەوا و بێجێیە کردەوە ناشیرین و ناپەسەند بێت و خاوەنکردەوە حەمدکراو و مەدح کراو و کردەوەجوان بێت! چۆن ئەبێ خودای ئافەریدگاری زانا کار و کردەوەی جوانتر و نایابتر نەبێت؟ چۆن حاڵ و باری نەگونجاو و نامواسب بۆ خودای حەکیم و کارزان و کارساز دادەنرێت؟!

(نعوذ بالله من الشیطان الرجیم، و نستغفر الله العليّ العظیم).

بە کورتی: خودای گەورە لە هەر کار و کردەوەیەکدا کە دەیکات، لە هەر حوکمێکدا کە ئەیدات دوورە لە نالەباری و ناشیرینی و ناڕەوایی، جیهان یەکسەر مولکی خۆیەتی هەرچی مەیلی لەسەر بێ ئەیکات.

ئەڵێن رۆژێک زانای بەناوبانگی رێبازی ئەهلی ئیعتیزال (قاضیالقضاة عبدالجبار)ی هەمەدانی دەچێتە دیوەخانی وەزیر ساحیبی کوڕی عەبباد، لەوکاتەدا ئەبوئیسحاقی ئیسفەراینیی [٤] زانای پایەبەرزی ئەهلی سوننەت لەوێ دەبێ کە قازی عبدالجبار چاوی پێ دەکەوێ یەکسەر دەڵێ: (سُبحانَ مَن تنزّهَ عن الفحشاء) مەبەستی پلار تێگرتنی بووە، گۆیا ئەهلی سوننەت دەڵێن هەموو شتێ، چاک و خراپ، هەر خودا دروستی دەکات، ئەمەیش شتێکی ناڕەوایە، چونکە گەلێ کاری ناشیرین و شوورەیی هەیە شایان نییە بدرێتە پاڵ خودای گەورە، موعتەزیلەکان لایان وایە ئەم کارانە خودا دروستیان ناکات، ئەو کەسە دروستیان دەکات کە پێیانەوە خەریک دەبێ. ئیسفەراینی یەکسەر لە پلارەکەی هەمەدانی دەگات و بێڕاوەستان دەڵێت: (سبحان من لا یجری فی ملکه الّا ما یشاء) [٥].

واتە: خودا دوورە لەوەی ماوەی کەسێ بدا بە بێئیجاد و تەئسیری ئەو شتێ بکات، واتە: ئیجادی ئەو جۆرە ئیشانە قەبیح و ناپەسەند نییە، بەڵکو ناشیرینی و ناپەسەندی لە خەریکبووندایە بە کارەکەوە، خودا لە دروستکردنی ئەم کارانەدا حیکمەتی هەیە، ئەیەوێ ئینسانی بەدکەسب و خۆشکەسب دەربخات تا بە هۆی کەسبەکەی شایانی پاداشت و سزای رۆژی دوایی بێت.

***

١ـ ئەم سەرباسەیش هەر تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ ئایەتی ٢-١ سوورەتی (واقعە).

٣ـ لە پاش ئەم شیعرە لە چاپەکەدا سەرباسی (مبحث الحسن و القبح) هەیە، کە لە دەستنووسەکەدا نییە. لە راستیدا شوێنەکە شوێنی سەرباس نییە؛ چونکە لە لایەنی مەعناوە ئەم شیعرە بە تەواوی بە شیعری پاشییەوە بەستراوە و ماوەی سەرباس نییە.

٤ـ عبدالجباری هەمەدانی (٤١٥)ی کۆچی وەفاتی کردووە. وەزیر ساحیبی کوڕی عەبباد (٣٨٥)ی کۆچی وەفاتی کردووە. ئەبووئیسحاقی ئیسفەراییینی (٤١٨)ی کۆچی وەفاتی کردووە.

٥ـ روضات الجنات / مطبعة مهراستوار؟ سنة ١٣٩٢هـ ص ١٧.



مبحث الحسن والقبح[1]

بــەر لــە وروودی شــەرعی موشــەڕڕەف
حوسن و قوبحی فیعل شەخسی موکەللەف
کــە ئەمــە ســەبەب مــەدح و ســەوابە
ئەویانــــە ســــەبەب زەم و عیقابــــە
ئــەو حوســن و قوبحــە نازانیــە و نییــە
شــەرعە موســبیت و موبــەیینیــە
ئــەوە ئــەر گێــڕای حەســەن بــە قــەبیح
قوبــوولّ کــردنی واجبــە ســەریح
هەرگاهـ حوسـن و قـوبح بـەو مـەعنا وێتـە
عــەقڵ بــێعەقڵــە تێیــەدا شــێتە[2]
غــەیری حــەق نییــە حــاکم لەوێــدا
نــەک هــەر لەوێـدا بـەڵ لـە گشـت جێـدا

نازانیە: نازانییێت، نازانرێت. بەو مەعنا وێتە: بەو واتایە بێت.

واتە: لە پێش هاتنی شەریعەتی پیرۆز، واتە کیتاب و سوننەتدا، جوانی و ناشیرینی، بـۆ کـاری مرۆڤی موکەللەف [لێپرسراو] نییە، کە بلێیت ئەم کارە پەسەندە و هۆیە بۆ ستایشی ئەو مرۆڤە لە جیهاندا و پاداشدانەوەی لە پاشەڕۆژدا، یا بلێیت: ناپەسەندە و هۆی بە بەد ناوبردنیە لە جیهانـدا و هۆی ئازاردانیە لە دواڕۆژدا؛ چونکە جوانی و ناشیرینی، پەسەندی و ناپەسەندی بەو واتایەی وتمان شتێکی سەر بە شەریعەتە و تەنها خودای گەورە ئەیزانێ و هۆش و بیری کەس تێـیناگـات. هـەر

خودا دەتوانێ کار بە چاک و پەسەند یا بە خراپ و ناپەسەند دابنێت. هەر بۆ ئەو ڕەوایە و شایانی ئەوە پەسەند بکاتە ناپەسەند و ناپەسەند بکاتە پەسەند؛ چونکە چاکی و خراپی و پەسەندی و ناپەسەندیی کار دەگەڕێتەوە بۆ ئەمرپێ‌کردن و نەهی‌لێ‌کردن لە لایەن خوداوە و، ئەمر و نەهی لە لای خوداوە ناگەڕێتەوە بۆ پەسەندیی و ناپەسەندیی کارەکە، ئیتر غەیری خودا کەس ناتوانێ بڕیاری چاکی و خراپی و پەسەندیی و ناپەسەندیی کار بدات، خوا نەک تەنها لەم حوسن و قوبحەدا حوکم دەکات، بەڵکو لە هەموو شتێکدا هەر خۆی کاربەدەست و فەرمانڕەوایە.

بەڵام موعتەزیلەکان بە خیلافی ئێمە لایان وایە حوسن و قوبح، پەسەندی و ناپەسەندی، بەم مەعنایەیش هەر عەقلییە و، شەرع یا موئەککیدە یا موساعید.

جا بۆ باش٨تر ڕوون‌بوونەوەی ئەم بابەتە پێویستە باسی مەعناکانی حوسن و قوبح بکەین هەتا شوێنی نیزاع ڕوون بێتەوە:

حوسن و قوبح بە چوار مەعنا بەکار دەهێنرێن:

یەکەم: حەسەن واتا سیفەتی کەمال و تەواو وەکوو زانین، بەخشندەیی و بەدەهەنەیی، ڕاستیی لە وتار و پەیمان ڕاگرتندا، قەبیحیش واتا سیفەتی کەموکووڕی وەکوو دژی ئەو سیفەتانەی باسمان کردن، دیارە حوسن و قوبح بەم واتایە شتێکی ڕاست و (نفس الامر) ینە و، بە ئیعتیباری موعتەبیر ناگۆڕێن، ئەوەی لای ئێمە کەمال بێ لە لای خودایش کەمالە و، ئەوەی لای ئێمە کەموکووڕی بێ لای خودایش کەموکووڕییە، حوسن و قوبح بەم واتایە لای هەموومان عەقلین و عەقڵ هەستیان پێ دەکات.

دووەم: حەسەن واتە کارێ لەگەڵ غەرەزی فاعیلەکەدا گونجاو بێت، قەبیح کارێکە لەگەڵ غەرەزەکەدا نەگونجاو بێت، وەکوو ئامادەکردنی هۆیەکان بۆ گەیشتن بە مراز، ئەم ئامادەکردنە بۆ ئەوەی خاوەن‌کارە جوانە و گونجاوە، بۆ دوژمنەکەی ناشیرین و نەگونجاوە، حوسن و قوبح بەم واتایە لە شتە ئیزافییەکان حسێب ئەکرێن و، بە پێی خەڵک دەگۆڕێن، وەک ئێستە وتمان کارێکی تایبەتی بۆ ئەم باشە و بۆ ئەو باش نییە، ئەم واتا بۆ زاتی خودا نابێت؛ چونکە خودا لە غەرەز پاک و دوورە و وەک وتمان کارەکانی خودا خاوەن غەرەز نین. ئەو کارانەش، کە نە بە گونجاو لەگەڵ٨ مەبەست حسێب دەکرێن و نە بە نەگونجاو، دەبنە شتێکی مامناوەندیی لە نێوان چاک و خراپ (حسن و قبیح) دا. ئەم مەعنایەیش دیسان لای هەموومان عەقڵ هەستی پێ دەکات.

چوارەم: ئەوەتە کە لە لێکدانەوەی هۆنراوەکاندا وتمان، واتە حەسەن ئەو کارەیە کە لای خودا مەدحی فاعیلەکەی بکرێ و لە پاشەڕۆژا پاداشی باش و پایەی بەهەشتی پێ دەس بکەوێ، هەروەها بۆ دنیایش لای عەقڵەوە مەدح بکرێ. قەبیحیش ئەوەیە کە لە لایەن خودای گەورەوە زەم بکرێ و ببێتە هۆی سزای دوارۆژ، بۆ دنیایش لای عەقڵەوە زەم بکرێ. دیارە کارەکانی خودا لەم سیفەتانە بەدەرن. هەروەها بەم مەعنا کاری وا هەیە مامناوەندییە؛ نە حەسەنە و نە قەبیح چونکە کری حەیوانات و منداڵ و شێت و کاری حەلاڵ یا مەکرووهـ بە کەراهەتی تەنزیهی بەر هیچ کام لەم دوو سیفەتە ناکەون، بەلام ئەگەر بلێیت ئەوەی کە زەمی دنیا و سزای پاشەڕۆژی لێ پەیدا ببێ قەبیحە و غەیری ئەوە حەسەنە ئەوە هەموو ئەوانەی پێش نەختێ وتمان بەرناکەون [و] بەر حەسەن دەکەون.

جا لە حەسەن و قەبیحی بەم مەعنا چوارەمەدا لە نێوان ئێمەو موعتەزیلەدا جیایی هەیە؛ ئەوان ئەڵێن ئەم دوو سیفەتە بەم مەعنایشە هەر عەقلین، واتە عەقڵ خۆی ئەزانێ فلان کار حەسەنە و فلان کار قەبیحە، لایان وایە هەموو کارێ سیفەتێکی لازیمی هەیە کە دەبێتە هۆی باشی یا خراپی، گەلێ لە حەنەفییەکانیش لەسەر ئەم بیر و باوەڕەن، بەلام ئێمەی ئەشعەری لامان وایە حەسەن و قەبیح بەم مەعنایە شەرعین و عەقڵ پەیی پێ نابات لەبەر چەند بەڵگەیەک:

یەکەم: ئەگەر هەموو کارێ سیفەتێکی زاتی بوایە کە ببێتە هۆی باشی یا خراپیی کارەکە ئەبوا حەرام و حەلالیی هەر کارێ بە پێی شەریعەتە جیاجیاکان نەگۆڕایە، چونکە موعتەزیلە دەڵێن: ئەمر و نەهیی خودا بە پێی سیفەتی کارەکەن، سیفەتی کارەکەیش لازمیەتی و لێی جیا نابێتەوە و کە کارەکە بوو ئەویش دەبێت، کەچی وادەبێت حوکمی شەریعەتەکان لە یەک کاری تەنیادا جیاواز دەبن؛ ئەوەتە هەندێ مامەڵە لە هەندێ ئایینی پێشوودا حەلاڵ بووە و لە ئایینی ئێمەدا حەرامە، بەڵکو هەر لە ئایینێکی تایبەتیدا حوکم دەگۆڕێ؛ ئەوەتە لە سەرەتای ئیسلامەوە جەنگ لەگەڵ دوژمنی دیندا حەرام بوو کەچی لە پاش کۆچی پێغەمبەر(د.خ) بۆ شاری (مەدینە)ی پیرۆز حەلاڵ کرا. دیارە وەلامدانەوەی ئەم دەلیلە بەوە کە لە رۆژە پێشووەکەدا سیفەتی کارەکە جۆرێ بووە و ئێستە جۆرێکی ترە وەلامێکی بێبایەخە چونکە ئەوان دەڵێن سیفەتەکە لازمی کارەکەیە، دیارە مەلزووم هەمیشە لەگەڵ لازمدا دەبێ و لێی جیا نابێتەوە.

دووەم: ئەگەر قسەی موعتەزیلە راست بوایە دەبوا ئەگەر شەریعەتیش نەبوایە ئادەمزاد لەسەر کردەوەی باش و خراپ پاداشی وەرگرتایە یا سزا بدرایە کەچی خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا

دەفـەرموێ: (و مـا کنّـا معـذّبینَ حتـی نبعَـثَ رسـولا) واتـە: ئێمـە تـا پێغەمبـەر نـەنێرین بـۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک کەس سزا نادەین، دیارە تەفسیرکردنەوەی وشەی (رسول) بە (عقـل) تـا واتای ئایەتەکە وای لێ بێ: ئێمە کەس سزانادەین تا عەقڵی نەدەینێ، موخالیفی زوبـان و عـورفی خەڵکە و دەبێتە هۆی دەرگا خستنە سەر پشت کە هیچ (نص) ێک لەسەر مەعنای خۆی نەمێنێ، چونکە ئەگەر وابێ هەر (نص) ێک بکرێتە دەلیل کابرای دژ بە ئارەزووی خۆی واتای بـۆ دادەنـێ و لە مەبەستی لادەدات.

سێهەم: گریمان عەقڵ بتوانێ لە مەدح و زەمی دنیایی بگات، ئـەی چـۆن ئـەتوانێ هەسـت بـە مەدح و زەمی لای خودا بکات؟ گریمان هەستی بەمەیش کرد، ئەی هەسـت بـە پـاداش و سـزای دواڕۆژ چۆن دەکات؟! ئەبێ بە عەقڵ چ جیاوازییێ لـە نێـوان دواڕۆژی مـانگی رەمـەزان و یەکـەم رۆژی مانگی شەووال‌دا هەبێت، کە رۆژووی یەکەمیان واجبە و هی دووەمیان حەرامە؟

ئەگەر کابرای موعتەزیلی بڵێ: خۆ ئێمە نەمان وتووە عەقڵ هەمیشە سـەربەخۆ بـە لایەنـەکانی حوسن و قوبح ئەزانێ، بەڵکو وتوومانە لە هەندێ شوێندا بە سەربەخۆیی و بە بێ‌هۆیەکی تر وەکوو زانینی جوانیی، راست‌وتنی سووددار و، خراپیی درۆکردنی زیاندار، هەندێ جاریش بە هۆی بـەکار هێنانی دەلیل وەکـوو پێچەوانـەی ئـەو رووانـەی وتمـان، هەنـدێ جـاریش بـە هـۆی یارمـەتیی شەریعەت وەکو رۆژووەکە، بەڵێ ئەگەر موعتەزیلە ئەم قسەیە بکات لە وەڵامدا دەڵێین: ئەوا دانـت پیانا کە عەقڵ هێزی رەسا و تەواوی نییە کە بە لایەنەکانی جوانی و ناشیرینیی کار بزانێت، بـەڵام بە ئیتتیفاقی هەردوولامان خاوەن‌شەریعەت ـ کە خوایەـ هەموو حەقیقەتێک دەزانـێ و ئاگـاداری قازانج و بەرژەوەندییە لە هەموو کات و شوێنێکدا، کەواتە واباشە حوکم بە دەستی شتێ بدرێ کـە سەربەخۆیە لە حوکم و لە زانینی حیکمەت و مەسلەحەتدا، نەک بە دەستی شـتێ جـارێ سـاغ و جارێ نەخۆش بێ، بێجگە لەمە ئەگەر ئینساف بدەن بۆیـان دەرئەکـەوێ ئـەو هەنـدە زانینـە کـە سەربەخۆ بە هی عەقڵـی ئـەزانن هـی عـەقڵ نییـە، هـی ئەوەیـە کـە عەقڵـەکە لەگـەڵ حوکمـە شەرعییەکاندا راهاتووە، ئەگەرنا ئەگەر کاروباری غەیبی بە عەقڵ بزانرایە ئەو عەقڵە لـە بـارودۆخی دواڕۆژدا سەراسیمە نەئەبوو!

راستەکەی ئەوەتە حوکم بە حوسن و قوبح، بە پەسەندیی و ناپەسەندیی کار بە واتای چـوارەم، تەنها شەرع دەیدا و بەس.

هەر چلۆنێ حوکم هەر حوکمی ئەویە
حوکمی کەسێچی بەسەردا نییە
دەشێ واجب‌گێڕ لەسەر حەق کێ وێ
وجووب مانای چی؟! بلێ، گویم لێ وێ
واجب نییە هیچ لەسەر حەق یەقین
نە چشتی ئەسلەح بۆ دنیا یا دین
نە لوتف ئەو چشتە کە دوور خاتەوە
لە گوناه بە تاعەت نزیک کاتەوە
نە عیوەز لەسەر دەرد و ئازاران
نە ئەجر و سەواب تاعەت‌گوزاران
نە زەجر و عیقاب فیرقەی عاسییان
نە هیچ کامی تر لە باقیی ئەشیان
حەتتا بۆی هەیە عەزاب دا موتیع
سەواب تەسلیم کا بە عاسی و شەنیع
ئازار دا ئەتفال حەیوانی بێ‌وەی؛
مەملووک بە مالیک دەڵێ: چی دەکەی؟!
بەڵ ئەر سەواب دا بە تاعەت فەزلە
ئەگەر عیقاب دا بە عیسیان عەدلە

واتە: حوکم بە هەر رەنگێ بێ، بە (ندب) و (ایجاب) و (کراهة) و (تحریم) و (اباحة) بەوەی کە بکەر شایانی پاداشتە یا سزایە، ئەمانە هەموو حوکمی خودایە؛ چونکە ئەمر و نەهیی خودا تابیعی سیفاتی ئەفعال نین، بەڵکو سیفاتی ئەفعال تابیعی ئەمر و نەهین، هەر ئەمر و نەهیێک ئیتاعەیان بکرێت هی خودایە، حوکمی کەس بەسەر خودادا ناڕوات، عەقڵ باوەڕ ناکات کە شتی (حادث) پەیدابووی پاش نەبوون فەرمان بەسەر قەدیما بدات، یا عاقڵێ کە عەقڵ و تێگەیشتنی کەم و کووڕ بێ حوکم بەسەر عەلیم و حەکیمێکدا بدات کە سیفەتەکانی بێ‌خەوش و تەواو بن، ئەبێ ئەو کەسە کێ بێ کە شتێ لەسەر (واجب‌الوجود) واجب یا حەرام بکات.

هەروەها لەسەر (واجبالوجود) واجب نییە ریعایەتی ئەسلەح بکات، واتـە ئـەوی چـاکـتـرە بـۆ خەلق ئەوە بکات، چ بۆ دین چ بۆ دنیا، ئەگەرنا کـافری دروسـت نـەدەکرد، ئینسـانی بەدشـێوە و نەخۆش و بێهۆشی دروست نەدەکرد.

ئەوپەڕی دەلیل بۆ پێویستبوونی چاودێری کردنی چاکتر ئەوەیـە کـە بلـێن خـودای گـەورە پێویستە لەسەری بۆ راگرتنی ڕێکوپێکیی جیهان ئەم چاودێرییە بکات، ئەم قسەیش ئەگەر وردی بکەیتەوە بێجێیە، چونکە کردەوەیەک کە لە ئیختیار و عیلمەوە پەیدا ببێ پێـی نـاوترێ واجـب، بەلکو دەرکەوتنی ئاسار لەسەر ئەم یاسا مەعنای ئیختیار و ئارەزوو بـە دەسـتیی تـەواوە، ئەگـەرنا لازم دێ هەرچی موختارە ناچار بێ، ئەمەیش خیلافی بەداهەتی عەقلە؛ چونکە واجب ئەوەیـە لـە نەفسی زاتەوە بێ ئیختیار پەیدا ببێت وەک گەرما لە ئاگرەوە، یا بە ئیرادەوە بێت بـەلام هێزێکـی دەرەکی ئیرادەکەی داگیر کردبێ وەکوو ئینسانێ ناچارکرابێ بە کردنی کارێک، بێگومـان کـاری فاعیل، کە لەگەل توانا و خواست و بە قازانج زانیندا بێ هەرچەند فاعیلەکەیش لێی لانـەدا و هـەر بیکا، پێی ناوترێ ناچاری یا لەسەر واجب بوون، بەلکو بە کەمال دەژمێررێ و بە ئیحسان و کـاری چاک دادەنرێت.

هەروەها واجب نییە لەسەر خودا لوتـف لەگـەل بەنـدەی خۆیـدا بکـات و نزیکـی بکاتـەوە لـە خوداپەرستی و دووری بخاتەوە لە گوناهـکاری، ئەگەر ئەمانەی کرد ئیحسانێکی رووتە.

لەسەر خودا واجب نییە پاداشی چاک بدا بە ئەهلی خوداپرستی یا خەلکی تاوانبار ئـازار بـدات، ئەگەر یەکەمی کرد فەزلە، ئەگەر دووەمی کرد عەدلە، تەنانـەت دەتوانـێ بـە تـاوانبـار و گوناکـار پاداشی باش بدات و دلسۆز و فەرمانبەردار سزا بدات، دەتوانێ منال و گیانلەبەری بـێوەی ئـازار بدات، چونکە ئەمانە هەموو کار لە مولـکی خـۆدا کردنـە، هـەرگیز نـەبووە مـەملووک رەخنـە لـە خاوەنەکەی بگرێت و بلێت: ئەوە چی ئەکەیت؟! (و لله ملـک السـماوات والارض و هـو علـی کـل شیءٍ قدیر).

(و بالاتفـــاق) لــــە هــــەموو لایـــێ
خـــیلاف لـــە وەعـــدەی خـــودادا نایـــێ
(و وعیـــــــدُهُ بالوعـــــــد مُلحَـــــــق
لکـــن ذلِکـــم لـــدی اهـــل الحـــق)

ئیحتیمـــــال هەیـــە ئایـــاتی وەعیـــد
مەحمووڵ ون هەموو لە ئینشای تەهدیـد

ون: بن.

واتە: بە ئیتتیفاقی (متكلمین) خیلاف لە وەعدەی خودادا نابێ، وەعدە بەڵێن‌دانـە بـە پاداشـی چاک بەرامبەر بە کردەوەی چاک یا بە خۆڕایی. هەروەها وەعیدی خوداش، واتە: هەڕەشە کردنی لە تاوانبار بە ئازاردانی بەرامبەر بـە کـردەوەی ناشـیرینی ناشـەرعی، ئـەویش وەک وەعـد وایـە و خیلافی بەسەردا نایەت و دێتە جێ؛ چونکە بەڵێن و هەڕەشەی خودای گـەورە ئیخبـارن و واتـای ئیخبارەکەیش دەبێ بێتە جێ، ئەگەرنا بە درۆ دەرئەچێ و درۆیش بۆ (واجب‌الوجود) مەحالە.

جا ئەگەر وەعد و وەعیدەکـە موتڵـەق و بـێ‌قەیـدبوون ئـەوە بـەوجۆرە دێنـە جـێ، وە ئەگـەر موقەییەد بوون ئەوا لەسەر ئەو تەقییدە ئەڕۆن و بەوجۆرە دێنە جێ. بـۆ نموونـە: خـودای گـەورە بەڵێنی داوە بە جەزای بەهەشت بەوکەسانەی باوەڕیان هەبێ و کردەوەی باش بکەن، بـە شـەرتێ پایەدار و بەردەوام بن لەسەر ئەو باوەڕ و کردەوە چاکانە و لە دین وەرنەگەڕێنەوە بـۆ بـێ‌ئیمـانی. هەروەها هەڕەشەی کردووە لە تاوانباران ئەگەر پەشیمان نەبنەوە یا بەر لێ بووردنی خودا نەکەون (فیغفر لمن یشاء و یعذّبُ من یشاء).

پوختەی قسە: وەعد و وەعید، چ موتڵەق و چ موقەییەد دێنە جێ و دواناکەون، ئەمەیش نابێتـە هۆی ئەوە کە ئەم بەدی‌هاتنی وەعد و وەعیدە شتێک بێ لەسەر خوا واجب بێت؛ چونکە (وجـوب) ئەوەتە بە ئارەزوو و خواستی خۆی نەبێت، ئەمانە خودا خۆی فەرموویەتی دەبـن و، قسـەی خـۆی ناشکێنێ و دەیباتە سەر. ئەمە خۆی عەینی دەستەڵاتداریی و خاوەن‌ئیختیارییە.

هەندێ لە زانایانی ئەهلی کەلام وتوویانە جێ‌بەجێ نەکردنی هەڕەشـە ڕەوایـە و بەجێیـە و بـە کەرەم و بەخشندەگی دادەنرێت، گوایا بۆ پشت‌گیریـی لـەم ڕایـەیان دەڵـێن ئایەتـەکانی وەعیـد (ئینشاء) ن، ئیخبار نین تا پێویست بێ بێنەدی و ئەگەر نەهاتنەدی بە درۆ دەرچن! بەڵام ئەم ڕایە ڕاست نییە، کردنی ئایەتی هەڕەشە بە ئینشـاء خـیلافی زاهـیرە و مـەعنا لێدانەوەیـەکی نابـارە و دەبێتە هۆی گوێ‌نەدان بەو ئایەتانـەی کـە هەڕەشـە لـە کـافران و تاوانبـاران دەکـەن، تەنانـەت ئەوەیش کە دەڵێن جێ‌بەجێ نەکردنی هەڕەشە کەرەم و بەخشندەگییە نابێ ببێتە هـۆی ئـەوەی ڕێگای ئەوە بدەین کە گوایا لە قسەی خودای گەورەدا درۆ هەیە (والعیاذ باللّه).

تەنانەت کردنی هەندێ لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) بـە بەڵـگە لەسـەرِ ئـەم رایـە فریـای ناکەوێ، بەڵێ ئەگەرچی لەو فەرموودانەوە دەردەکەوێ کە خودای گەورە ئـارەزووی خۆیـەتی لـە جێبەجێ‌کردنی هەڕەشەکانیدا و کەس زۆری لێ ناکات، بەلام کە لێک‌دراوەتـەوە ئـەو هەڕەشـانە موتڵەق نین بەڵکو بە شەرتەوە پێوەندن وەک ئەوەتە کە فەرمووبێتی: ئەو گوناهـبارانە سزا ئەدەم ئەگەر بەر عەفوم نەکەون، یا کەس تکایان بۆ نەکات... واتە وەعیدەکە موتڵەق نییە و پێوەندە بـە هەندێ مەرجەوە کە وەختی خۆی داینـاون.

شـەئن و حـالاتی بـێ حـەد شـەرەفناک
لە نیسبەت بە حاڵ مەخلووق پاک و چاک
(یَهـدِی و یُضِـلّ، یَخفَـض و یرفَـع
یُعِـزُّ، یُـذِلُّ، یُعطـی و یَمنَـع)
دەمـێ جـەمالی، دەمـێ جـەلالی
مەشغوولـی ناکـا ئـەم حـاڵ لـەو حالـی

واتە شەئن و حاڵی زاتی (واجب‌الوجود) وەکوو شەئن و حاڵی مـەخلووقات نییـە کـە سـنووری هەبێ، بەڵکو دائیرەی تەسەڕروفاتی خودا گەلێ گەلێ گوشاد و فراوان‌ترە و، لەگەڵ بیرکردنـەوەی ئێمەدا ناگونجێت.

هەر خودایە پایە ئەدا بە پایەداران و مایە ئەدا بە مایەداران. ئەم بەرز دەکاتەوە و ئەو دەهێنێتـە خوارەوە. ئەم لات و گەدا دەکات و دەیخاتە سەر ساجی عەلی، ئەویتر دەوڵەمەند دەکات و هـەزار ناز و نیعمەتی دەداتێ. دارایـی و لاتی و بـەرزی و نزمـی هـەمووی لـە دەسـتی خوادایـە. بەڵـێ ئەگەرچی ئادەمزاد بە تەنیا یا لەگەڵ کۆمەڵدا بە پێی یاسای خوا دیاری کردوو بە دوای ئەسـبابدا دەگەڕێت، بەلام گەلێ سەبەبی وا هەیە هەر تەنها خودا پێی دەزانێ، هەر ئـەو دەتوانـێ ئامـادەی بکات و بەو ئاسان دەکرێت؛ کەوابێ پێویستە بنیادەم لەگەڵ تێکۆشـان و دوای ئەسـباب کەوتنـدا پشت بە خودا ببەستێ. هەر خودا مرۆڤ دەخاتە سەر رێگا و دەیگەیێنێتە پیرۆزیی نەبـڕاوە. هـەر ئەویشە مرۆڤ گومڕا دەکات و دەیخاتە چاڵە رەشی نائومێدی و زیانی نەبڕاوە، بـەلام ئـەبێ ئێمـە تەماشای ئەوە بکەین کە بە دەلیلی عەقلـی و نەقلـی سـابت بـووە خـودا لـە هـەموو میهرەبانـێ میهرەبان‌ترە و بە بێ‌هۆ ئەمانە ناکا بە کەس. خودا ئینسان دروست ئەکات و عەقڵ و هەستی ساغ و سەلیمی پێ‌ئەدا و چاو و گوێی دەکاتەوە بۆ بینین و بیستنی دەنگ و باسـی جیهـان و رەنـگ و

شێوەی ناشیرین و جوان، رەهبەران ئەنێرێ بۆ ئامۆژگاری کردنی، نیشانەی گەورەیی خودا و ئاساری توانای دەردەخات و بەڵێن و هەڕەشەی پێ دەگەیێنێ.

جا ئەگەر ئەو ئینسانە (حواس)ی خۆی بەکار هێنا بۆ بیستن و بینینی شتی بەسوود و، بە دڵ تێکۆشا و، بیر و هۆشی خستە سەر کردەوەی باش و بیروباوەڕی پەسەند، ئەوە خودای گەورە یارمەتی ئەدا و زیاتر لە هەوڵی خۆی پێی دەگەیێنێ، تا بە پایەی بولەندی هیدایەت و بەختیاری دەگات و دەست دەکاتە ملی پیرۆزیی هەمیشەیی و بەختیاریی نەبڕاوە.

خۆ ئەگەر حورمەتی ئینسانییەت و هۆش و ژیریی خۆی نەگرت و، لە شتی بێسوود و پرِوپووچدا بەکاری هێنان و، گاڵتەی بە بیر و هۆشی هوشیاران و پەندی ئامۆژگاران کرد، ئەوە با لەسەر پۆپەی کەیوان بێ، وەکوو گیانلەبەری گێژ هەڵی ئەدێرێ و تووشی بەدبەختیی ئەکات هەتا هەتایە. هەروەها بزانن کە زاتی (واجب‌الوجود) لە هەموو رۆژێکدا بەڵکو لە هەموو ئانێکدا وا لە بەکارهێنانی کار و شئوونی خۆیدا و تەسەڕروف ئەکا لە کائیناتدا، هەموو کاتێک لە شەئنێکدایە؛ چ شەئنی جەمالی واتە سبووتی، وەکوو لێشاو و بارانی رەحمەت؛ چ شەئنی جەلالی واتە سەلبی، وەک لابردنی ئاسایش و رەحمەت و گەیاندنی ئازار و نیقمەت- پەنا بە خودا- جا ئەگەر بەشی یەکەمە هەمووی رەحمەتە، ئەگەر دووەمە هەمووی هەر عەدالەتە، ئەمانەیش هەموو سەراسەر بە پێی عیلمی خۆی حیکمەتە، هیچ لایەکیان ماتڵی ناکا لەو لاکەیان و بە ڕێکوپێکی ئاگای لە هەر دوولایە.

خودا بە ئیحسان، بە میهرەبانی
بە قووەی قودسی و جەزبی رەببانی
بە هێزی لوتف و زاتی عەزیزی
بمانخاتە سەر ریگای پیرۆزی
تەوفیقمان بدا بە پایەداری
بۆ پایەی بەقا و لیقای دیداری
(بمنّە و فضلهِ و کرمهِ آمین)
مەوقیعی بەحسی خەلقی ئەعمال بوو
لاکین نواریم خاتر مەلال بوو

قەڵەم بێ سەریر، سوحف بێئەسەر بــوو
وابەستەی ئەسڵی قەزا و قــەدەر بــوو[٣]
(ن والقلـــــم و مـــــا یســــــطرون
إنَّ هـــــذا حَـــقّ کمـــــا تبصــــرون)

واتە: لەم شوێنەدا بە بۆنەی باسی سیفەت و کاری خوداوە کاتی ئەوە بوو کە باسی (مەسئەلەی خەلقی ئەعمال) بکەم، ئەوە ئیسبات بکەم کە هەر زاتی (واجــبالوجــود) خالیقــە و بەنــدە بێجگــە (کەسب) هیچی تری نییە، بەڵام کە تەماشای خۆمم کرد خاترم نارِەحەت و ماندوو بوو، خامەم بێ ئاواز و بێجیرە، کاغەزیش نەمابوو [لەوە دەچێت (مەولەوی) لەوکاتەدا کاغەز و مەرەکەبی نەمابێ، یاخۆ کینایەیە لە بێتاقەتی و مەلوولی] بۆیە باسی (خەلقی ئەعمال) خرایە پاڵ ئەسڵی شەشەم کە (قەزاو قەدەر)ە. جا سوێند ئەخۆم بە دەواتی مەرەکەب و بە خامە، بەو مەکتووبە خۆش ئوسـلووبە کە دەینووسن، ئەم قسە کە بۆم کردن راستە و لەگەڵ واقیع و (نفس‌الامر)دا جووتە، وەک ئــەوەی لەبەر چاوتانە و بەچاو ئەیبینن. (دیارە شیعری سێهەم ئیقتیباسە لە قورئانی پیرۆز).



١ـ ئەم سەرباسە، وەک لە پێشدا وتم: لە دەستنووسەکەدا نییە، لە چاپەکەیشدا، لە شوێنێکیتردا دانراوە، ئێمــە لێرەمان داناوە، لامان وایە ئەمەیان گونجاوترە.

٢ـ ئەمە نەسی نوسخە دەستنووسەکەیە، لە چاپەکەدا نووسراوە: «عقل بی عقله و هم تیدا شیتە».

٣ـ لە دەستنووسەکەدا لە پاڵ (قەزا و قەدەر)دا نووسیویە: «فیه لطافة» واتە: خرایە پاڵ باسی قەزا و قــەدەر، یــا بە قەزا و قەدەر دواخرا.



مبحث رؤیةالله تعالی[1]

روئیـــەتی دانـــای خـــەفی و ئاشـــکار
ئایـــا بـــۆ نـــائیم ئایـــا بـــۆ بێـــدار
(فـــی ذهِ النشـــأة أو دارالقـــرار)
جـــائیزە لـــە لای قەولەکـــەی موختـــار
ئـــەر جـــائیز نییـــە حـــەزرەتی مووســـا
لەبـــەرچی فـــەرمووی «ارِنـــی»؟، ئەوســـا
هـــیچ لـــە جـــواودا (خـــالق الـــوری)
فەرمووی (لَن أریک) یا خۆ (لـن أری)؟[2]
بـــە «لـــن ترانـــی» جـــواوی داوە
نـــاوینی تـــۆ مـــن وا بـــەم ئیمـــاوە
ئیساتە تـۆ تـۆی بـەم وەسـفە کـە هـەی
من قـائیم بـە خـۆم سـەرمەدیم و حـەی
راوێـس ئـەو نەشـئە بـا تەشـریف بێـرێ
ئیبقـای حـەق خەڵـات بـەقات بنێـرێ
بـــە چـــاوی فـــانی ناوینیـــە بـــاقی
بـــاقی دەوینـــێ بـــاقی وە تـــاقی
(و لا سِـــیَّما لَـــدی ذی اســـتماع
لا یَـــدُلُّ النفـــی عَلـــی الامتنـــاع)

ناوینی: نابینی. ئیساتە، ئی‌ساتە: ئەم ساتە، ئیستا. راوێس: راوەستە. بێـرێ: بێنێـت. ناوینیـە، ناوینیێت: نابینرێ. باقی(ی یەکەم): شتی ماو و نەبڕاوە. باقی(ی دووەم): دیسـان مـاو و نەبـڕاوە، بەڵام مەبەست خودای گەورەیە. وە تاقی: وە تەحقیق، بە راستی و وردی.

واتە: چاوپێکەوتنی ئەو خودایە کە ئاگاداری هەموو شتێکی ئاشـکرا و نهێنییـە، چ بـۆ ئینسـانی نووستوو لە کاتی خەودا و چ بۆ ئینسانی بێدار لە کاتی بێداریدا، چ لەم دنیـای ئێسـتاماندا و چ لـە قیامەتی نەبڕاوەدا، لەسەر رای هەڵبژاردە و پەسەندکراوی زانایـانی ئـەهلی سـوننەت و جەماعـەت دروستە و رەوایە.

ئەگەر بینینی خودا دروست نەبوایە بۆچی حەزرەتی مووسا(د.خ) لە کاتی خۆیدا لە سەر کێـوی (طور) داوای لە خودا کرد و فەرمووی (ربِّ أرِني انظر الیک)؟[٣] داخۆ خـودای گـەورە لـە وەڵامـی مووسادا فەرمووی: «لن أرِیکَ» واتە: هەرگیز خۆمت پیشان نادەم؟ یا فەرمووی «لـن أری» واتـە: هەرگیز نابینرێم؟ نەخێر خودا هیچ کام لەمانەی نەفەرموو، بەڵکو بە «لن ترانی» وەڵامـی دایـەوە، واتە: تۆ بەم بارودۆخ و نیشانە و شێوەی ماددییەوە من نابینی، راوەستە با زیندووبوونـەوەی دوارۆژ بێتە پێشەوە و، بە ئەمری من خەڵاتی مانەوە و نەمریت بۆ بنێررێت، ئەوکاتە دەمبینی، ئێستاکە تۆ تۆی، واتە تۆ ئەم قەوارە ماددییە لاوازە بێ‌هێز و بێ‌بەقایەی و، من زاتی واجب و خۆم بۆ خۆم هەم و هەر بووم و هەتا هەتا ئەمێنم، ئیتر چاوی مـاددی کـە لـەناودەچێ چـۆن زاتی بـاقی و ئەبـەدی ئەبینێت؟ چاوێ کە بمێنێتەوە و نەفەوتێ ئەوە بە راستی و دروستی بـە بینـینی خـودای گـەورە روون دەبێتەوە.

هەروەها ئینسانێک وریا و هوشیار بێت و لە واتای عەرەبی بگات دەزانێ واتای «لن ترانی» کـە (تۆ من نابینی)یە ئەوە ناگەیەنێت کـە بینـینی خـودا شـتێکی مەحاڵـە و نابێـت، تـەنها ئەوەنـدە دەگەیەنێت کە ئەو بینینەی مووسا بۆ خودا نایەتەجێ.

شایانی باسە زانایانی ئەهلی سوننەت لەسەر دروست‌بوونی بینینی خودا لە دنیـا و لـە قیامەتـدا دەلیلی عەقلی و نەقلییان هێناوەتەوە.

دەلیلە عەقلییەکە ئەوەیە ئەڵێن: ئێمە لەم دنیایەدا بە چاوی سەر جەوهەر و عـەرەز ئـەبینین، رەنگ و رووناکی، ماددەی جۆراوجۆر، قورس، سووک، جوان، ناشیرین، کورت، درێژ تاد... بە چـاو دەبینین، بێ‌گومان دەبێ هۆیەکی هاوبەش ببێت لە نێوانی ئەمانەدا کە ببێتە هۆی بینراویی، هۆی هاوبەشی وامان دەست ناکەوێ (وجوود) نەبێ، واتە ئەمانە دەبینرێن لەبەر ئەوەی مەوجوودن، ئەم

(وجود)ەیش هەروەک بۆ جەوهەر و عەرەز و تێکڕای ماددییات هەیە بۆ خوایش هەیە، کەواتە وەک ئەمانە دەبینرێن خودای گەورەیش دەبینرێ.

دەلیلە نەقلییەکەیش ئەوەیە کە حەزرەتی مووسا(د.خ) داوای بینینی لە خودای گەورە کرد و وتی: (رَبِّ أرِني أنظر اليک، قالَ لن تراني، و لكن انظر الیالجبل فان استقرّ مكانه فسوف تراني...) (٤).

ئەم ئایەتە لە چەند روویەکەوە دەلیلە لەسەر ئیمکان و جەوازی بینینی خودای گەورە.

یەکەم: ئەگەر چاوپێکەوتنی خودای گەورە جائیز نەبوایە و شتێکی مەحاڵ بوایە بۆ ئادەمزاد حەزرەتی مووسا(د.خ) داوای نەدەکرد، ئەوەتا داوای کرد، کەواتە رەوایە؛ چونکە فروستادەکانی خودا پێویستە زانا بن بە سیفەتەکانی خودا، کامە دروستە بۆی و کامە دروست نییە تا شتێ کە بۆ خودا نەشێ داوای نەکەن.

دووەم: خودای گەورە لە وەڵامی حەزرەتی مووسادا نەیفەرموو (لن أُرِیک) واتە خۆمت پیشان نادەم یا نەیفەرموو (لَن أُری) واتە من نابینرێم، بەڵکو فەرمووی «لن تراني» واتەی ئەم رستەیەیش ئەوەیە ئێستە و لەم کاتەدا تۆ بەم سیفەت و ئەحواڵەوە کە بێهێز و بێتوانای زاتی (واجبالوجود)ی منت بۆ نابینرێت، چاوەڕوان بە تا رۆژی قیامەت دێتە پێشەوە، ئەوکاتە خودا سیفەتی ئێوە دەگۆڕێ و حاڵی مانەوەی هەمیشەییتان پێ ئەدا، ئەوسا تۆیش ئەتوانی من ببینی. بە تایبەتی کە خوێنەوار سەیری رستەی (لن تراني) بکات کە ئەداتی (نەفی) لەسەر فیعلە بۆی دەرئەکەوێ رستەکە ئەوە دەگەیەنێ کە مووسا نایبینێ، ئەوە ناگەیەنێ کە بینینی خودا جائیز یا مومکین نییە.

سێهەم: خودای گەورە بینینی خۆی بەست بەو مەرجەوە کە کێوەکە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، واتە ئەگەر مایەوە لە شوێنی خۆیدا ئەوا دەیبینێ (فان استقرّ مكانه فسوف تراني...). مانەوەی کێوەکەیش لە شوێنی خۆیدا مومکینی زاتییە و ئیمتیناعی تێدا نییە نە (بالذات) و نە (بالغیر).

کارێکیش بە کارێکی وەها مومکینی (بالذات) ەوە ببەسترێ مومکینی (بالذات) ە، کەواتە بینینی خودا مومکینی (بالذات) ە، چونکە مەعنای (تعلیق) واتە بەستنەوەی کارێک بە مەرجێکەوە، خەبەردانە بەوەی کە کارە موعەللەقەکە لە کاتی بەدیهاتنی مەرجە (معلق علیه) یەکەدا دێتەدی، دیارە کە (معلق علیه) مومکین بێ دەبێ موعەللەقەکەیش مومکین بێت.

رِوئیـەت، بـە خـیلاف ئەوکـەس جاحیـدە،
حەقیقەتەکـــەی نـــەوعی واحیـــدە
یـەعنی ئینکیشـاف و ئیـدراکی تـەواو[٥]
کـەوا حاسڵـە لـە دوای فـەتحی چـاو
لاکین (فی الشاهد) بـوونی هـەس مـەنووت
بـە موحـــازات و ســـائیری شـــرووت
(مثـــل خـــروج النـــور والشـــعاع
أو بالارتســـــام أي بالانطبـــــاع)
قیـاس لـە شـاهید پارچـەی کاسـیدە
تەنیاگـە تانتـەی لـە پـۆی فاسـیدە
بـا دەرحـەق بـە حـەق یـەکتای یەگانـە
حاسـڵ وێ ئـەو وەخـت بـێ ئـەو شـەرتانە
بۆچ؟ وەختێ کە نەفس وەردەی (ما) و (مَن)
دەرچـوو لـە هـەرگاو زۆنگـی زەویـی تـەن
(مـــن عـــالم القـــدس قـــد تســـتمدّ
فتقـــوی، تَکمُـــل، و تســـتعِدُّ
لأن یخلـــقَ الخـــالقُ الأکبـــر
فیهـــا الادراک بِحِـــسّ البصـــر
بـــلا ذی الشـــروط و تلـــک المحـــن
بعـــد الاعـــادة لـــذاک البـــدن
فـــاحفظ ذا الـــذی کـــان لاحقـــا
یلائـــمُ مـــا مَـــرّ ســـابقا)

تەنیاگە: تەنراوە. تانتە: ئەڵبەت مەبەستی (تان)ە کە هاوجووتی «پۆ»یە کە بە عـەرەبی پێیـان دەڵێن (لحمة) و (سدی). تان: کوردییـە، (تانـە) یـش فارسـییە، لەوانەیـە (تانتـە) یـش زاراوەی ناوچەی تاوەگۆزیی زێدی (مەولەوی) بێ. یەگانە: تاقانە. وەردە: دیـل و زەبـوون[٦]. (مـا) شـێت،

بێعەقڵ. (من) کەس، عاقڵ. هەڕگاو: قوڕاو. هەڕگ: قوڕ. زۆنگ: زەوییەکە هەمیشە نمدار بێ. تەن: لەش.

واتە: بینین یەک حەقیقەتی نەوعییە و بریتیە لەو دەرکەوتن و شت روونبوونەوەیە کە بۆ ئینسان پەیدا دەبێ لە پاش چاوکردنەوە و روانین بۆ شتێ بیەوێ ببینێ، تەنها ئەوەندە هەیە ئەم بینینە لە شتی ناوخۆمانا چەند مەرجێکی هەیە، وەک بەرامبەریی بینندە بۆ بینراو و دەرچوونی نوور لە چاوی بینندەوە بو بینراو، یاخۆ جێگیربوونی وێنەی بینراوەکە لە چاوی بینندەدا. دیارە ئەم مەرجانە کە مەرجی عادەتین بۆ چاوپێکەوتن لە (شاهد) ا، لەناو خۆماندا، بۆ بینینی خودا پێویست نین، تەنانەت ئەگەر ئەوەیش بسەلمێنین کە ئەم مەرجانە مەرجی عەقڵین ئیحتیمالی ئەوە هەیە کە هەر لە بینینی خۆمان و شتی ناوخۆماندا مەرج بن و لە بینینی غەیری خۆمان و ناوخۆماندا مەرج نەبن؛ چونکە بینینی زاتی خودا وەک بینینی ئێمە نییە بۆ خۆمان لە دنیادا. ئەو بینینە جۆرێکە و ئەمەیش جۆرێکی تر.

جا ئەگەر تۆ لەم حاڵەدا بێیت و (قیاس)ی غائیب، واتە: لە بەرچاو نەبوو کە زاتی خودایە، بکەیتە سەر حازر، واتە خۆمان و شتی ناوخۆمان، ئەوا قیاسەکەت بێکەڵک دەبێت، واتە: ئەگەر تۆ بڵێیت خودای گەورە؛ کە لە بەرچاو نییە؛ مەقیسە و، ئەم شتانە کە لە بەرچاوماندان (مقیس علیە) ن و، سیفەتی هاوبەش کە لە هەردووکیاندا هەیە بینراوییە، کەوابێ مەرجەکانی بینینی حازر ئەبێ لە غائیبیش‌دا هەبێ، واتە: ئەبێ خوا بەرامبەری بینندە بێ و وێنەی لە چاودا جێگیر بێ و، تیشک لە چاوەوە دەرچێ بۆ زاتی خودا، بەڵێ ئەو قیاسەت قیاسێکی نادروست و بێڕەواجە، قوماشی ئەم قیاسەت تان و پۆکەی رزیو و بێکەڵکە، چونکە لەوانەیە یا (نوع)ی بینینەکان لە یەک جیا بن، یا ئەگەر (نوع) ەکەیشیان یەک بێت شەخسییەتیان جیاواز بێ، واتە بینینی خودا لە قیامەتدا و بینینی ئێمە لە ناو خۆماندا لە مەرجدا جیاواز بن، هۆی جیاوازییەکەیش ئەوە بێ ئادەمزاد لەم جیهانەدا هێز و هەستی عەقڵیی کزە و، لە شتی ماددیدا نەبێ ئیشێکی بەرزی پێ ناکرێ، بەڵام کاتێ ئەم نەفسە، کە لەم دنیایەدا گیرۆدەی پێوەندی هەموو هوشیار و بێهۆشیکە و لە گێجاوی دەردا گیری خواردووە، لە قوڕاوی زەویی زۆنگی ئاوەزێی لەش دەرچوو و گەیشتە جیهانی دوایی کە جیهانی مان و نەمرییە و، تیشکی نووری خودا رووی تێکرد، ئیستیفادە دەکات لە زاتی خودا و بە تەواوی ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی خودا لە چاویا هێزی بینینی زاتی خۆی دروست بکات، بێ ئەو مەرجانەی کە لە دنیادا پێویست بوون، وەک بەرامبەری و وێنە و تیشک... تاد. ئەم

قسە بە وردی وەربگرە، زۆر جوانە و لەگەڵ ئەو قسەی لە باسی (لـن تـرانی)دا کردمـان گـەلێک گونجاو و لەبارە.

ئەگینا ئەگەر سیفەتەکانی ئینسان لە قیامەتدا وەک هی دنیا بن، چۆن مرۆڤ لە قیامەتدا هـەتا هەتایە دەمێنێ، کەچی لە دنیادا ماوەیەک دەژی و پاش ئەوە ماڵئاوایی لێ ئەکات؟ چۆن هەرگیز نەخۆش ناکەوێ؟ چۆن شەرابی پاک دەخواتەوە و سەرخۆش نابێت، خوو و خدەی پەستی نابێـت، هەرچی دەخوات دەبێتە ئارەق و لە لەشیەوە دەرئەچێت؟ چۆن موسوڵمان لـە بەهەشـتەوە قسـە لەگەڵ ئەهلی دۆزەخ دەکات؟ ئەمانە هەموو بەڵگەن بۆ ئـەوەی کـە سـیفەت و حـاڵ و ئامـادەیی ئەهلی بەهەشت وەکوو هی ئەم جیهانە بڕاوەیە نییە.

بەڵکو لە خزمەت شێخی ئەشعەری
بۆ ڕۆحی ڕەحمەت لەغایەت عەری
ئـەو شـرووتانە کـەوا موسـبەتن
ئەسبابی عـادیی خـەلقی روئیـەتن
ئیسـتەیچ جـائیزە خـالیقی وەدوود
بێ ئەوان روئیـەت بێرێتـە وجـوود
دەلالـەت دەکـا لـەم قسـە تـەمام
ئیختیلافی جەمع سەحابەی کـیرام
(فـــي وقوعهـــا ليلَـــة الإســـرا
لـــهُ عليـــهِ صـــلاةٌ تتـــرى)

عەری: رووت. ئیستەیچ: ئیستەیش. بێرێتە: بێنێتە. تترى: یەک لەپاش یـەک بێـت. الاسـرا: الاسراء، لەبەر ناچاریی شیعر هەمزەکەی قرتاوە.

واتە: بەڵکو لای شێخی ئەشعەری، یاخوا ڕەحمەتی بێپایان لـە گیـانی پـاکی بێـت، وایـە ئـەو شەرتانەی کە خەسم دایان ئەنێ بۆ چاوپێکەوتنی شتێ و، ئێمـەیش دانیـان پیـا ئـەنێین، هـەموو شرووتی عادەتین و عەقڵی نین، دیارە شرووتی عادەتی لەوانەیە نەیێنـە جـێ. کەواتـە هـەر لـەم دنیایەیشدا لەوانەیە خودای میهرەبان بە بێ ئەو شەرتانەیش بینینی خۆی برەخسێنێ.

دەلیلێکی تـر لەسـەر جـەوازی بینـینی خـودا هـەر لـەم دنیایـەدا جیـاوازیی قسـەی هـاوڕێ بەڕێزەکانی پێغەمبەرە(د.خ) سەبارەت بە بینینی خـودای گـەورە لـە لایـەن پێغەمبـەرەوە(د.خ).

ئەوەتە هەندێکیان فەرموویانە: لە شەوی میعراجدا خودای دیوە، هەندێکیشیان فەرموویانە: نەء، نەیدیوە. بێگومان جیاوازی و یەکنەگرتنی کۆمەڵێکی وشیار و هەڵبژاردە لە روودانی شتێکدا بەڵگەیە لەسەر ئیمکان و جەوازی روودانی ئەو شتە.

شایانی زانینە: بڕیاردانی شێخی ئەشعەری (ر.خ) لەسەر ئەوە کە ئەم شەرتانە عادەتین و، لەوانەیە نەیێنەجێ، ئەوە دەگەیەنێت کە زاناکانی تر ئەو شەرتانە بە عەقڵی دائەنێن، بەڵام ئەڵێن: بەڵکو ئەم شەرتانە لە قیامەتدا پێویست نەبن، واتە: لازم ناکا شتێ لە دنیادا شەرتی عەقڵی بێ بۆ بینین لە قیامەتیشدا هەر شەرتی عەقڵی بێ، بەڵکو نەوعی بینینەکان یا شەخسییەتەکەیان جیا بن و، ئەو شەرتانەی لە دنیادا شەرتی عەقڵین بۆ قیامەت شەرتی غەیرە عەقڵی بن، عیبارەتی حاشیەی ئیسماعیلی گەلەنبەوی لەسەر شەرحی عەقائیدی (عضدیّە) کە هی زانای پایەبەرز جەلالی دەووانییە ئەم واتایە دەگەیەنێت کە ئێمە باسمان کرد.

(مەولەوی) پاش باسی بیروباوەڕی شێخی ئەشعەری (ر.خ) خۆیشی دوو دەلیلی تر دێنێتە پێشەوە و ئەفەرموێ:

بۆچ عیلم و روئیەت دەخەی تەفاوەت؟
ئاخر نەوع کەشف و عیلمێکە روئیەت
عیلمت بە خالیق بێجیهەت بۆچ هەس؟
دین بێجیهەت هەس بۆت تەعەللوق بەس[٧]
ئەگەر دەوینێ بێموقابەلە
با بوێنیە چە موجادەلە؟
(لو یَری) بۆچی بێ چەند و چوونە؟
(لو یُری) بۆچی بە چۆن مەقروونە؟

دەخەی تەفاوەت: بە چاوێ سەیریان ناکەی. بۆ هەس: بۆ هەیە. دین: دیتن. دەوینێ: خودا ئێمە دەبینێ. بوێنیە: بوینیێ، ببینرێت. (لو یَری): کە خودا ئینسان ببینێت. (لو یُری): کە ئەو ببینرێت. بە چۆن: چلۆنی وەک بەرامبەری.

واتە: بۆ بەڵگە لەسەر بینینی خودا دوو دەلیلی تر هەن:

یەکەم: ئەوەیە کە بینین وەک زانینە، کە تۆ بە بوونی پەروەردگار دەزانیت بە بێ لا و بەرامبەری، بە بێ هەندێ مەرجی عادەتی؛ دەبا بینینی بێ‌لا و بێ‌بەرامبەریش هەبێت، بۆچ ئەم دیتنە ببەسترێ بە هەندێ مەرجی عادەتییەوە؟

دووەم: مادام خودای گەورە بە بێ‌بەرامبەریی ئەو لە گەڵماندا ئێمە دەبینێ، وەکو فەرموویەتی: (لیس کمثله شيء و هو السميع البصير) [8] دەبا ئێمەیش بێ بەرامبەریی ئەو ببینین. ئیتر موجادەلەی ناوێت. بۆ رەوایە ئەو ئێمە ببینێ بە بێ چەند و چۆن بەڵام رەوا نییە ئێمە ئەو بە بێ چەند و چۆن ببینین؟

ئەمجار (مەولەوی) بە بۆنەی باسی بینینی خوداوە لە حاڵی بێداری‌دا باسی بینینیش دەکات لە خەودا و دەفەرموێت:

نَقَلَ القاضي عِياضُ السَّرِيّ
هەیە لە خەودا ئیجماع لە سەری
تا ئێستە لەسەر جەوازی رۆیین
لە وقووعیچی با نەختێ بدوین
خەلاتی وقووع روئیەتی باری
بەم چاوی سەرە و حاڵی بیداری
دەس نادا بۆ کەس لەم دنیایەدا
هەر بە شانی خەتم ئەنبیایەدا
حەتتا روئیەتێ کە بۆ ئەویچ بوو
دەڵێن وەختێ بوو لە دنیا دەرچوو
ئەر (وەلی) ئیزهار دینی فەرمووگە
ئەوە شهوودی غەلەبە بووگە؛
مەستی گێجی‌دا و خستیە مەلە
وتی روئیەتە، یا موئەووەلە
بەڵێ بە نەقلی تەشکیک نەماگە
بۆ زۆر بوزورگان بە خەو رووی‌داگە

ئەنبیایەدا: ئەنبیای ئەدات. دینی: بینینی. فەرمووگە: فەرمووە. بووگە: بووە. نەماگـە: نـەماوە. رووی داگە: رووی داوە. بەڵێ: نَعَم، بەڵام[٩].

واتە: بەڕێز و پایەبەرز قازی عیاز وتویەتی: ئیجماع هەیە لەسەر بینینی خودای گەورە لە کـاتی نوستوویی‌دا بە شێوەی خەوبینین. ئەم ئیجماعەیش لەسەر (جواز) و (وقوع)ی دیتنی خودایـە لـە خەودا، ئاسار لەسەر ئەم دیتنە زۆرە و پێویستی بە بەیان نییە.

دیارە تا ئێستە باس باسی (امکـان) و (جـواز)ی بینــینی خـودا بـوو، بـا کـەمێ باسـی رووداني بینینەکەیش بکەین.

خەلاتی بەدی‌هاتنی بینینی خودای گەورە بە چاوی سەر و لە حاڵی بێـداری لـەم دنیایـەدا بـۆ کەس دەست نادات، شتێکە تەنها شایانی شان و شکۆی حەزرەتی خاتم‌الانبیایە(د.خ) و خوا هـەر بەوی بەخشیوە. تەنانەت ئەو بینینەی ئەویش کـە لـە شـەوی میعراجـدا دەسـتی‌کـەوت زانایـان دەفەرموون لە کاتێکدا بوو کە لە سنووری ئەم دنیایە دەرچوو، کە ئەرز و ئاسمان و عەرشی بـەجێ هێشت و خودای گەورە بە جازیبەی قودسی بەرزی‌کردەوە بۆ پایـەیێک کـە لـە توانـای ئـادەمزاد بەدەر بوو، ئەو بە تەجەللیاتی زاتی خودا سەرکەوت و لە حاڵی مـاددی و عـادی دەرچـوو ئـەوجار خودای گەورەی بە چاوی سەر دی، ئەمەیش حاڵێکە وەکوو بینینی خودایە لە رۆژی قیامەتدا و بۆ ئێمە بەیان ناکرێ. بەم لێکدانەوەیە بۆت دەرکەوت مەبەستی (مەولەوی) لە رستەی «وەختێ بـوو لە دنیا دەرچوو» وەختی وەفاتی حەزرەتی پێغەمبەر نییە، بەڵکو بەو جۆرەیـە کـە ئێمـە باسمـان کرد.

قسەی ئەو وەلی و پیاوچاک و خوداناسەی کە ئیددیعای چاوپێکەوتنی زاتی خودای کردووە لـە بیداری‌دا واقیعی نییە، بەڵکو شهوود و حـزوور و پرتـەوی نـوور و تەجـەللیی زاتی خـودا هێرشـی هێناوەتە سەر و مەستیی گیانی گێژی داوە و لە دەریـای ئـەنواردا خسـتوویەتە پـێ‌مەڵـە و، لـە حاڵێکی ناعادەتیدا بە بینینی زانیوە و ئەو ئیددیعایەی کـردووە، ئەگـەر وا نـەبێ ئـەبێ قسـەکەی تەئویل بکەین و بە جۆرێک مەعنای لێ بدەینەوە کە لەگـەڵ رێبـازی ئایینـدا بگونجێـت، چونکـە ئاسۆ و ماوەی توانا و پایەی وەلییەکان تەسک‌تر و نزم‌ترە لە پایە و ئاسۆی توانـای پێغەمبـەرەکان، پێغەمبەرەکانیش تێکڕا پایەیان لە پایەی حەزرەتی (محمدالمصطفی) نزم‌ترە. جا لە لایـێ هـەموو جەماوەری زانایانی ئایین دان بە روئیەتی خودا بۆ حەزرەتدا نـەنێن و ئیختیلافیـان هـەبێ، چـۆن دان بەوەدا دەنێن کە (اولیاءالله) لە دنیادا خودا دەبینن؟!

بەلێ بە نەقڵ لە زانایانەوە گومان نەماوە کە لە خەودا خودا بینین بۆ گەلێ لـە زاتـە پایەبـەرزە خوداناسەکان رووی‌داوە (والله ولیّ الفیض والاحسان).

وقـــووعی روئیـــەت رۆژی قیامـــەت
دەوێ بە دەلیـل کیتـاب و سـوننەت
ئــەر کەســێ بلــێ: تاریکــە چــاوم
تووشـیاری دەلیـل، زەحمەتـە نـاوم،
لەبەر (لیلـة البـدر) ئـەر دەوێنــێ[١٠]
(الـــی ربهـــا نـــاظرة) خوێنـــێ
ئــەمرێ جــەوازی شــکی نــەماوێ،
مــوخبیری ســادیق خەبــەری داوێ
کە واقیـع دەوێ، راسـە بـە تـەحقیق
واجبە بەوە گشـت بکـەین تەسـدیق
لــەم مەتلــەبەدا ئیجمــاعی ئوممــەت
بەر لە حودووســی ئینکـار و بیدعـەت
بووگـە لـە سـەری وقـووعی روئیـەت
کەوا موستەلزیم جەوازە و سـیححەت
لەســەر ئەمیچــە ئایــەی زاهــیرە
مــەحموول لــە زاهـیر موتــەبادیرە
ئــەو ئیجماعیانــە زۆر موعتەمــەدە
لەو ئیجماعە دەر رێگـەی پـێ مـەدە

دەوێ: دەبێ. تووشیار: لە دەستنووسەکەیش و لە چاپەکەیشدا بە یەک وشە نووسـراوە، واتـە (تووش) و (یار) نییە. کەواتە بە پێی شوێن ئەبێ (تووشیار) بە مەعنای ئەوەبێ کەسـێ تەسـادوفی کەسێ بکا لە رێگەیەکا یا لە کارێکا یارمەتیی بدا. ئەگەر (تووش‌یار) یش بێ مەعنای رستەکە هـەر دێ و وای لێ دێتەوە: تووشی دۆستێکی رێپیشـاندەر نـابم، زەحمەتـە تووشـی بـبم، بـەلام بـە هەرحاڵ مەعنایان ئەبێتەوە بە یەک. ناوم: نابم. دەوێنێ: دەبینــێ. خوێنــێ: بخوێنــێ. نـەماوێ:

نەمابێ. داوێ: دابێ. دەوێ: دەبـێ. بووگـە: بـووە. ئەمیچـە: ئەمیشـە. زاهـیرە: پشـکووتو. لـەو ئیجماعەدەر: ئەو کەسە یا ئەو رایە لەو ئیجماعە دەربچێت و لابدات.

واتە: بینینی زاتی خودا (جلّ جلالە) لە رۆژی قیامەتـدا دەبێـت و ئـەم بوونـەیش بـە دەلیلـی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر و ئیجماع، پێش پەیدابوونی ئەهلی بیدعەت، جێگیر بووە.

ئەگەر کەسێ بلّێ بەرچاوم تاریکە و بەلگەی ئەم بینینەم دەست ناکەوێ یا بۆم ناخوێنرێتـەوە، پێی بلێین با لەبەر رووناکیی مانگەشەوی چواردەدا راوەستێ و قورئانی پیرۆز بگرێ بە دەسـتەوە و ئایـەتی (وجـوه یومئـذ ناضـرة الـی ربّهـا نـاظرة) [١١] بخوێنێتـەوە... فەرموودەکـەی مەولـەوی ئیشارەیەکی ورد و جوانی تێدایە بۆ فەرموودەکەی پێغەمبەر(د.خ) کە فەرموویەتی «إنکم سـترون ربکم کما ترون هذا القمر... الحدیث»[١٢]. شایانی باسە ئـەم حەدیسـە بیسـت و یـەک کـەس لـە هاورێ بەرێزەکانی پێغەمبەر(د.خ) گێراویانەتەوە.

هەروەها دەفەرموێ: شتێ کە لە ئاییندا مەبەست بێ و لە دروستبوونیا گومان و دوودلّی نەبێ و، (مخبری سادق) کە پێغەمبەرە(د.خ) وتبێتی ئەبێ، بـە راسـتی دێتـەجێ و واجبـە هـەموومان باوەڕی پێبکەین.

ئەفەرموێ: هەر وەکوو قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر بوون و رووداني ئـەم بینینـە دەگەیـەنن زانایانی ئیسلامیش، پێش پەیـدابوون و سەرهەلـدانی ئـەهلی بیدعـەت، کۆبوونەتـەوە و یـەکیان گرتووە لەوەدا کە لە رۆژی قیامەتدا خودای گەورە دەبینرێ؛ کەواتـە ئیمکـان و وقـووعی بینـینی خودا لە رۆژی قیامەتدا بووە بە شتێکی (مجمع علیە) لە ئایینی ئیسلامدا، ئەم ئیجماعـەیش بـووە بە دەلیل لەسەر ئەوەی کە (نظر) لە ئایەتی «وجوهٌ یومَئذٍ ناضرة الی ربها ناظرة»[١٣] لەسەر مـەعنا دیارییەکـەی لـێ بدەینـەوە کـە تەماشـاکردن و بینینـە، ئیتـر ئەگـەر ئایەتەکـە یـا حەدیسـەکە خەیالّێکیان تێدا بکرێت بۆ لادانیان لە مەعنای (ظاهر) دیـاری، ئـەم ئیجماعـە رێگـا لـەو خەیالـە ئەگرێت. پوختەی قسە: دەلیلی پشتپێبەستراو لێرەدا ئیجماعە و هەر کەس و هەر رایـەک لـەم ئیجماعە لابدات گوێی پێ نادرێت و دەدرێتە دواوە.

بـا بــەس بـێ دەلیـل عولـەمای کامیـل
بێینـە سـەر دەلیـل جەرگـەی ئـەهلی دلّ
چەند کەس هەن دەرچووگ لە دەس نەفسانی
موسـەففا لـە رەنـگ وەسـفی ئینسـانی،

ئــــار و دووی وجــــوود ســــووژیاگ نــــەویٚ
نییــــە لــــە لایــــەن هــــیچ رۆژ و شــــەویٚ
پێــی دڵ لــە زنجــیر (مــا ســوی) موتلــەق
موشــــتاق دیــــدار مــــەحبووب بەرحــــەق
بەهەشت جێی سروور غـەم لێـی ئـەودەر ویٚ
دەردی ئینتیــــزار مــــەوتی ئەحمــــەر ویٚ
راســــە بــــیٚباکــــە و ئیتســــیغنای دەویٚ
رێـی رەحمـی مـەحبووب بەرحـەق ناکـەویٚ
پــــەردە لــــە جــــەمال نەدێرێتــــەوە
خــــۆی لــــە موشــــتاقان بشــــێرێتەوە

جەرگە: کۆڕ و کۆمەڵ. دەرچووگ: دەرچوو، دەربازبوو، رزگار بـوو. ئـار: ئـاگر. دوو: دووکـەڵ. سووژیاگ: سووتاو. مەوتی ئەحمەر: بە تێغ کوژران. ریٚ رەحم: شایانی میهرەبانی. نەدێرێتـەوە: لانەدا. بشێرێتەوە: بشارێتەوە.

واتە: با دەلیلی زاناکانی عیلمی زاهیر بەس بیٚ، با بێینە سەر دەلیلی کۆمەڵـی ئـەهلی دڵ، کـە ئەهلی تەسەووف و خاوەن ئیدراکی قەلبین.

مەولەوی دەفەرمویٚ: گەلیٚ کەس هەن بە هێزی خواپەرستنی هەمیشەیی و پەیـڕەوی کـردنی قورئان و حەدیس بە دڵسۆزی و، بە هۆی هاوڕێیی مامۆستایان و رەهبەرانی بەهرەمەند و تـەمیٚ و تەربیەی دۆستانی خوداوە، لە چڵک و خووی بەدی نەفسانی پاک بوونەتەوە و، ئەوەندە خـەوش و خاڵی حاڵی فاسیدیان بە ئاگری ریازە و چلەکێشان و رەنجکێشان سووتاندووە، شەویان بریتییە لە دووکەڵی خووی بەدی سووتاو و رۆژیان بریتییە لە تیشک و پرتەوی کڵـپەی ئـاگری دەروونیـان، پێی دڵیان لە زنجیری پێوەندی بە غەیری خوداوە بەرەڵایە و، هەمیشە ئارەزوومەنـدی بـە یـەک گەیشتن و دیدار بینینی خۆشەویستی راستەقینەن کە خودای گەورەیـە، جـا ئـەم زاتـە فریشـتە سیفاتانە کاتیٚ لەم ئاگری عیبادەت و ریازەتـەدا دەسووتێن و ئـەمرن و گیانیـان وەکـوو پەروانـە دەکەنە فیدای شەمعی جوانیی دۆست و، دەخرێنە بەهەشتی رەحمەتەوە کـە (فیهـا مـا تشـتهیه الأنفس و تلذّ الأعین) [١٤].

دیارە ئینسان لەسەر چ حاڵێ بمرێ لەسەر ئەو حاڵە زیندوو دەکرێتەوە و هـەر بـەو جـۆرەیش حەشر دەکرێ و دەڕواتە بەهەشت، بێ‌گومـان ئەمانـە موشـتاقی دیـداری زاتی دۆسـتی خۆیـانن، هەرچەند خودای گەورە بێ‌باک و بێ‌نیازە لە جیهان، بەڵام کەی شایسـتەی میهرەبـانیی خـودای (ارحم الراحمین)ە ئەو عاشقە دڵ‌گەرمە بەسۆزە موشتاقانە لە دەشتی چاوەڕوانیدا ماتڵ بکات، کـە چاوەڕوانی لە مردنی سوور و لە خوێنا تلانەوە ناخۆشترە، چۆن خۆی بەوان پیشان نـەدا و، پـەردە لە ڕووی جوانیی ئەبەدیی خۆی لانەدا و خۆی بشارێتەوە لێیان و ئەم سووتاوانە چاویـان بـە خـودا نەکەوێ و دیدەیان ڕوون نەبێتەوە؟!!

حاشـا سـەد هـەزار مەرتەبـە دوورە
عاشـق شـاد نـەبێ بـەو شۆڵـەی نـوورە؟
بـە حـەق بـە لیقـای (بـاقی) شـاد ئـەبن
هـەر بـەو لیقـاوە دڵ‌ئـازاد ئـەبن
رزَقَنـا الله بفضـلە
و حفظنـا مـن آثـار عدلـە
پشـتی ئـەم ئەسڵـە ئیسـتیفابێزە
دامنـەی لایقـە بـەم پـەراوێزە[١٥]
وەسـف ئـەر جـێ‌بێڵـی تـالیبی زات بی
لە فەرزێ (شاە) بی دەشێ هەر (مات) بی

پشت: ڕووی پۆشاکە، کـە بەدەرەوەیـە، بەرامبـەری (پشـت)ی پۆشـاک (بـەر) ەکەیـەتی. لـە عەرەبیدا بە پشت (وجە) و بە بەر (بطانە) دەڵێن. ئیستیفابێز، وەک لە چاپەکەدا نووسـراوە، نـاوی جۆرە قوماشێکی دیاری بووە. لە فەرهەنگەکانـدا هـیچم لـە بارەیـەوە دەسـت نەکـەوت. وادیـارە وشەکە لە دوو وشە تێکەڵ کرابێت: (ئیسـتیفا) کـە نـاوی قوماشـێکی جـوان بێـت و (بێـز) واتـە لەبەرچاوخەر، کەواتە ئیستیفابێز واتە: ئیستیفا لەبەرچاوخەر، واتە ئەوەندە جوانە قوماشی جـوان و نایابی (ئیستیفا) لە بەرچاوی ئینسان دەخات. هەرچۆن بێ وا پشتی ئەسڵی یەکەم، کـە بـاوەڕ بـە خودایە، بوو بە قوماشی (ئیستیفابێز) و مەولەویش بۆ ئەوەی جوانتر و ڕازاوەتری بکات پـەراوێزێکی شەش شیعریی پێوە دەنێت.

پەراوێز: ئەو پارچە تەسکە درێژەیە کە لە دیوی ناوەوە بە قەراخی کەوا و سەڵتە و شتی‌تریانـدا دەدووری کە بە زۆری لە پارچە ئەسڵییەکە جیا ئەبێ.

عیلمی کـونهی زات بـۆ کـەس روونـادا
نــە لــە دنیــادا نــە لــە عوقبــادا
ئـەر بڵـێی رویئـەت بـۆ دەلیـل چییـە؟
رویئــەت موفیــدی حەقیقــەت نییــە
زاتــێ نیشــانەی بــێ‌نیشــانی وێ
دەشێ عیلمی کەس چی لـێ زانیـوێ؟
ئـەوە بێتـە زەبـت زیهـن و مەعریفـەت
هەر وجوودە و سەلب، ئیزافە و سـیفەت
بێ‌نەوع و جینسە ناگونجـێ (مـا هـو؟)
(تَقَــدَّسَ مَــن لَــیسَ إلا هُــو)

واتە: ئەو قوماشەی کە کراوە بە پشتی ئەسڵی یەکەم، کە باوەڕ بـە خودایـە، قوماشـی جـوان و قەشەنگی (ئیستیفابێز) ە، شایانی ئەوەیە کـە داوێنەکـەی بـەم پـەراوێزە داهـاتووە بڕازێنرێتـەوە، پەراوێزەکەیش ئەمەیە:

ئینسان پێویستە قەناعەت بەو ئەندازە مومکینە بکا کە دەستی عیلم و کشووفاتی پێ‌گەیشـتووە و، داوای زانینی کونهی زاتی خودا نەکات، چونکە تۆ ئەگەر واز لە ناسینی سـیفەتەکان بهێنیـت و بە دوای ناسینی زاتدا بگەڕێیت، گریمان وەک (شا) بەدەستەڵاتیش بی هەر گەدا و (مات) و کـز و بێ‌دەستەڵات ئەبی. ئەوەی بە تەمای ناسینی تەواوی زاتی خودایە دوای شتێکی مەحاڵ کـەوتووە و هەرگیز پێی ناگات.

لە راستیدا پەی‌بردن بە کونهی زاتی (واجب‌الوجود) لە توانا و دەستەڵاتی کەسـدا نییـە نـە لـە دنیا و نە لە قیامەتدا. وە ئەگەر بڵێیت بۆچی بینینی زاتی خـودا لـە رۆژی قیامەتـدا نابێتـە هـۆی زانین و ناسینی کونهی خـودا؟ ئەڵـێم بینـینی هـیچ زاتێـک نابێتـە هـۆی دەرخسـتنی کونهــ و حەقیقەتی ئەو شتە. بۆ نموونە: کاتێ تەماشای میوەیەک ئەکـەیت وێنەکـەی وەردەگـری، کاتـێ تەماشای ئینسانێکیش بکەیت تەنها وێنەکەی وەردەگری، ئیتر حەقیقەتی ناناسیت.

زاتێ کە نیشانە و شیعاری بێنیشانی بێ، دەبێ عیلم و مەعریفـەتی سـنووردار و کـەموکـووڕی ئادەمزاد چی لێ بزانێ؛ ئەوەی بێتە ناو دائیرەی زانین و ناسینی هۆشـی ئینسـانەوە سـەبارەت بـە خودای گەورە هەر بوونیەتی کە باوەڕت بێ هەیە، لەگەڵ باوەڕ بەوەی کە سیفەتە سـەلبییەکانی نییە، وەک حدووس، فەنا، تەعەددود، موحتاجی، وە سـیفاتی مـەعانیی هەیـە وەکـو زینـدوویی و زانین و خواست و توانا و بیستن و بینین و گۆیایی، لەگەڵ سیفەتە ئیزافییەکانـدا وەک پێوەنـدی زانینی خودا بە زانراوەکەوە و پێوەندی خواستی بە خواستراوەکەوە و، پێوەنـدی توانـای بـە کـارە جێبەجێ کراوەکانیەوە، یا پێوەنـدی هێـزی بیسـتنی بـە بیسـراوەکانیەوە و هێـزی بینـینی بـە بینراوەکانیەوە و هێزی گۆیایی بە ئـەمرپێکـراو و نـەهیلـێکراوەکانیـەوە... تـاد. ئیتـر کونهــ و حەقیقەتی خودا نەزانراوە و نازانرێت؛ چونکە خودا بێ (نوع) و بێ (جنس)ە و، ناگونجێ دەربـارەی بە (ماهو؟) پرسیار بکرێ؛ چونکە پرسیار بە (ماهو) دەربارەی تاقە شـتێک واتـە داوای حەقیقـەتی تایبەتیی ئەو شتە، حەقیقەتیش کە (جنس) و (فصل)ە بۆ خودا نییە (فتقدّس عن عیب الترکیب و ریب النقص من لیس فی الوجود واجب إلّا هو)، جا بیروباوەڕی هەندێ لە زانایان لەسەر ئەوەن کە لە توانادا هەیە بەڵام رووی نەداوە و روونـادا. هـەروەها زانـینی کـونهی سیفەتەکانیشـی جێگـای خیلافە، هەندێک دەڵێن هەرگیز مـومکین نییـە، هەنـدێکیش دەڵـێن مومکینـە بـەڵام هـەرگیز رووینەداوە.

بەڵێ واجبە ئێمە باوەڕمان بە بینینی خودای گەورە هەبێت، هەرچەند وەکوو زیندوویەکـەی و زانینەکەی و سیفەتەکانی تری کونهەکەی نازانین.



١ـ ئەم سەرباسە تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ «لن أریک» شێوەنووسی نوسخە دەستنووسەکەیە کە دەبێتە (لن ارِیَکَ) وەک من نووسـیومەتەوە. ئـەمیش لەبەر ناچاریی کێشی شیعرەکە یا دەبێتە (أریک) بە زەنە (سکون)ی (یێ) و (کاف) ەکە، یا هەر هیچ نـەبێ دەبێتـە (أرِیَک) تەنها بە زەنەی (کاف).

لە رستەی (لن أرِیَکَ) یشدا (مفعول بە)ی دووەم لابراوە؛ ئەسڵەکەی (لـن اریـک نفسـی) بـووە؛ دیـارە مووسـا وتوویەتی: (ربِّ أرنی أنظر الیک) کە دەکاتە «ربّ أرنی نفسک أنظر الیک» واتە: خودایا خۆتم پیشان دە تا بتبیـنم، خودایش فەرموویەتی نامبینی... تاد.

مەولەوی، بۆ ئیسپاتکردنی ئەوەی بینینی خودای گەورە شتێکی جائیزە، دەڵێت کـە مووسـا عـەرزی خـودای گەورەی کرد و، وتی خودایا خۆتم پیشان دە بتبینم، خودای گەورە لە وەلامیدا نەیفەرموو خۆمت پیشان نادەم، یـا نەیفەرموو نابینرێم، بەڵکو فەرمووی نامبینی. ئاشکرایە نەبینینی خودا لە لایەن مووساوە نابێتە بەڵـگەی نـەبینینی ئێجگاریی خودا.

من لەبەر رووناکیی دەستنووسەکەدا مەعنای شیعرەکەم دارشتەوە؛ چونکـە هـی چاپەکـە (لـن اراک) ەیـە و هەڵەیە.

٣ـ ئایەتی (١٤٣) سوورەتی (اعراف).

٤ـ ئایەتی (١٤٣) سوورەتی (اعراف).

٥ـ هەمزەی (ئینکیشاف) لەبەر کێشی شیعر دەبێ قووت بدرێ.

٦ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لە پاڵ وشەی (وەردەدا) نووسیویە: (ئەسیر و زەلیل) لە فارسییشدا (بەردە) بە مەعنای خولام، کەنیزەک، زەرخرید و دیلە.

٧ـ بە پێی پەراوێزی دەستنووسەکە دەتوانین بڵێین: مەعنای ئەم نیوە شیعرە ئەمەیە: دیتنی بێجیهەت بۆ تـۆ هەیە، تەنها بریتییە لە پێوەندی. یا بەم جۆرەیە: ئـەی دیـتن وەرە، جیهـەت هەیـە بـۆ تـۆ، جیهەتەکـەیش تـەنها پێوەندییە، واتە وشەی (بێ) هەڵدەگرێ بە واتای (دون)ی عەرەبی بێ یاخۆ بە واتای (وەرە) بێت.

٨ـ ئایەتی (١١) سوورەتی (شوری).

٩ـ لە پەراوێزی نوسخە دەستنووسەکەدا لەسەر کەلیمەی (بەڵێ) نووسیویە: لاکین، دیارە (بەڵـێ)ی بـە واتـای (نعم) لە شوێنی (لاکین)دا بەکار دەهێنرێت.

١٠ـ هەمزەی (ئەر) ناخوێندرێتەوە لەبەر کێشی شیعرەکە.

١١ـ ئایەتی (٢٢ و ٢٣)ی سوورەتی (قیامة).

١٢ـ «کنا جلوساً عند النبی(ص) إذ نظر الی القمر لیلة البدر قال: إنکم سترون ربکـم کمـا تـرون هـذا القمـر لا تضامّون فی رؤیته، فان استطعتم ان لا تُغلَبُوا علی صلاة قبل طلوع الشمس و صلاة قبل غـروب الشـمس فـافعلوا». صحیح البخاری، الجزء التاسع ص ١٥٦، مطبعة مصطفی البابی الحلبی و اولاده بمصر، ١٣٤٧هـ

١٣ـ ئایەتی (٢٢و٢٣)ی سوورەتی (قیامة).

١٤ـ ئایەتی (٧١)ی سوورەتی (زخرف).

١٥ـ ئەمەم لەبەر رووناکیی شێوەنووسی دەستنووسەکە نووسیوەتەوە، بە پێی هی چاپەکە (دامنەی لایق بەم)ە.

١٦ـ دیارە مەولەوی بۆ جوانکاریی دوو وشەی (شا) و (مات)ی بەکار هێناوە کە (شا) لە یاریی شەترنجدا بـەکار دێت و دۆڕانی یارییەکە بە مردنی (شا) تەواو دەبێ. هەر چەند لێرەدا مەعنای مردن مەبەست نییە.



مبحث وصف الملائکة[1]

ئەسلی سانیمان لە شەش ئەسلەکان
باوەڕکردنــــە بــــە مــــەلائیکان
بــە فارســی پێیــان دەڵــێن فریشــتە
جیســم نــوورانی و لــەتیف سروشــتە
پــاک و بــێ گوناهــ فــەرمانبــەردارن
موتیــع بــۆ فــەرمان پــەروەردگارن
هەر ئـەمرێ بکـا، هـەرچی فەرمووگـە
نافــــەرمانییان نــــاوێ و نەبووگـــــە
ئـەو قسـەی دەگـەڵ (ربّ‌العـالم) بـوو
پرسین لە حیکمەت خەلقی ئادەم بوو
تا حالی بـووون گشـت لـە حیکمـەتی
هیچ کام نـەمێنێ عوقـدەی شـوبهەتی
نـە رەخنـە لـە فیعـل (رب العـزة) بـوو
نە دەرحەق ئادەم تەعن و غەیبەت بوو
عــــەلاوەی ئەمــــە تەســــەوور نــــاوێ
غەیبەت بـۆ کەسـێ لـە عەدەمـدا وێ
(و مــــا کــــان ذا رجمــــاً بــــالظنون)
حالی کردبـوون تـەعلیمی بـێ چـوون

(فمـــا قـــال مِـــن لســـانِ المَلَـــک
خالقُنـــا مـــن «نحـــن» الـــی «لـــک»)
نە تەزکییەی نەفس نە عوجبیـان بـوو
تەتیمەی تەقریر شوبهەی خۆیان بوو

«نحن» الی «لک» ئیشارەتە بۆ ئایەتی: (و نحن نسبّح بحمدک و نقدس لک) [۲].

واتە: ئەسڵی دووەم لە شەش ئەسڵەی ئیمان باوەڕکردنە بە مەلائیکەکانی خودای گـەورە. ئـەم مەلائیکانە جیسمیان نوورانییە و بە ناسکیی دروست کراون، لە نەفس و خووی خـراپ و رەوشـتی بەد پاک و خاوێنن، بێ‌تاوانن، فەرمانبەرداری خودان و هەمیشە مل‌کـەچن بـۆ خـودای گـەورە و ئامادەی پەرستنن، خودا هەر فـەرمانێکی بەسـەریاندا داوە ئـەو فریشـتانە نافـەرمانییان نـەبووە و نابێت.

جا ئەگەر کەسێ بڵێ مادام ئەم فریشتانە فەرمانبەرداری خودان ئەی ئەو قسە و باسە چی بـوو لە خزمەتی خودادا کردیان لە کاتێکدا کە خودای گەورە ویستی ئادەم و ئـادەمزاد دروسـت بکـا و فەرمووی: (انی جاعل فی‌الأرض خلیفة) [۳] ئـەوانیش وتیـان: ئـەی خـودای ئێمـە! چـۆن جـۆرە مەخلووقێک دروست ئەکەیت کە لەسەر عـەرزا خراپـەکاری ئەکـەن و خـوێنی ناحـەق دەڕێـژن، کەچی ئێمە گرۆهـ و کۆمەڵە مەخلووقێکی باشین و تەسـبیحاتی تـۆ ئەکـەین، هـەموو سـوپاس و ستایشی تۆ ئەکەین؟

ئایا ئەم قسانە رەخنەگرتن نەبوون لە کاری خودا؟ تانە و تـوانج و غەیبـەت نـەبوون دەربـارەی حەزرەتی ئادەم و ئادەمزاد؟ لەولایشەوە کە باسی خوداپەرستییەکەی خۆیـان دەکـەن تەزکییـەی نەفس و خۆبەباش‌زانین نەبوو؟ ئیتر چۆن ئەگەر گرۆهێ بێ‌تاوان بن ئەمانەیان لێ روونەدات؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: کاتێ کە خودا بە فریشتەکانی فەرموو من دەمەوێ لە عەرزا گرۆهێ دروست بکەم و بیانکەمە خەلیفە و کار پێ سپێرراوی خۆم، ئەو گرۆهە لە مادەی گۆشت و رەگ و ئێسقان و خوێنن و لە خاک دروسـت ئـەکرێن، قـابیلی هـەموو سـیفەت و کردەوەیـەکن، ئیستیعدادی فەرمانبـەرداری و بـێ‌گـوێیـیـان هەیـە، ئـارەزووی نـەفس و رق و کینـەیان هەیـە، گوێڕایەڵی و خواپەرستی و بەندەگیشیان هەیە، فریشتەکان بە شێوەی پرسیار لە حیکمەتی ئـەم دروستکردنە پرسیاریان کرد و وتیان حیکمەت چییە لە دروستکردنی گرۆهـی وەهـادا؟ ئەگـەر تەسبیح و سوپاس و ستایشت ئەوێ ئێمە ئەیکەین، ئیتر ئەم جۆرە مەخلووقە ئەبێ سـوودی چـی

بێ؟ ئەمەیشیان بۆیە پرسی هەتا هیچ کامیان گرێ و گۆڵی لە دڵدا نەمێنێ، ئیتر نە مەبەستیان ڕەخنەگرتن بوو لە کاری خودای گەورە و نە تانە و توانج و غەیبەتکردنی ئادەم و ئادەمزاد بوو و نە خۆبەباش زانین و لەخۆباییبوونیش بوو. هەروەها پرسیارەکەیان لە پاش ئەوە بوو کە خودای گەورە ئەحواڵ و چۆنیەتیی ئادەم و ئادەمزادی بۆ دەرخستن، بۆیە قسەکەیان گومانبازی نەبوو تا ببێتە هۆی ڕەخنە لە پاکی و خاوێنیی فریشتەکان.

ئەر (مَلکَینِ) هارووت و مارووت
کەس بۆ ئیعتیراز ناوێستێتە رووت[٤]
وەر مەفتووحە (لام) ئەمە جوابە:
ئازاریان عەزاب نییە، عیتابە
قیسسەی سیحریان کەوا شەهیرە
مەردوودی خدمەت جەمعێ کەسیرە
سەبەب لە ئینزال بەعسی ئەواندا
سیحر ئینتیشاری بوو لەو ئەواندا
تەشخیس بۆ عەوام هیچ نەدەدریا
ساحیر و نەبی فەرق نەدەکریا
(جاءا بإذن الملک المنّان
لابتلاء الناس أی الامتحان)
(یُعلّمانِ النّاسَ السحرَ کَی
یمتاز الرشدُ لهم مِن الغَیّ)
حیکایەتەکەیچ درۆ بزانە،
یا خەیر رمووزی قەدیمیانە
ئیبلیس چون لەناو مەلەکاندا بوو
لە سوحبەتیاندا خەیلێکی پێ چوو
بە تەغلیب ناوی بە مەلەک بریا
ئیستیسنای لە جەمع ساجیدان کریا

وەرنــە خــۆ (جــنّ)ە ئــەو (الخنــاس)ە
شــاهیدیچی قــەول ئیــبنی عەبباســە
فەرمووگیــە جینــنن، ئــەو زومرەیانــە
وەلــەدیان دەوێ و، ئیبلــیس لەوانــە
خسووســەن زاهــیر کــەلامی بــاری
(کان من الجن) چــاک دەدا یــاری [٥]

ناوێسێتە رووت: لە رووتـا ناوەسـتێ و موجادەلـەت لەگەڵـدا ناکـات. وەر: وە ئەگـەر. ئەوانـدا: ئەودووانەدا، هارووت و ماڕووت. لەو ئەواندا: لەو کات و سەردەمەدا. خەیلێکی پێچـوو: زۆری پـێ چوو، زۆر مایەوە. نەدەدریا: نەئەدریا. شاهدیچی: شاهیدیشی. فەرمووگیە: فەرموویەتی.

واتە: ئەگەر رەخنەگر بڵێ: ئەی ئەو دوو فریشتە چی لێ ئەکەیت کە ناویان هارووت و مـارووت بوو سیحر و جادوویان فێری ئادەمزاد دەکرد، کە فێرکردنی سیحر گوناهە و، رەفتـار پـێ‌کـردنی و باوەڕ بە تەئسیری لە حەقائیق دا کوفرە؟ ئەڵێم (ملکین) لە ئایەتی (و ما أنزل علی الملکـین ببابـل هاروت و ماروت) [٦] بە دوو قیرائەتی سابت خوێنراوەتەوە:

یەکەم: (مَلِکَین) ە، واتە: دوو پادشا، دیارە لەسەر ئەم قیرائەتە رەخنەکە جێگـەی خـۆی نییـە، چونکە ئێمە باسی بێ‌گوناهیی فریشتە ئەکەین.

دووەم: (مَلَکَین) ە، واتە: دوو فریشتە، لەم بارەدا وەڵامت ئەوەیە کـە لـە زەمـانی قەدیمـدا لـە وڵاتی (بابل)دا سیحر و جادوو بە رادەیەک باو بوو خەڵک سەریان لێ شێوابوو فەرقی بەینی سیحر و موعجیزەیان لا نـەمابوو، وایـان گومـان دەبـرد کـە مـوعجیزەی پێغەمبـەرانیش هـەر سـیحر و جادوویە؛ بۆیە خودای گەورە دوو فریشتەی ناردە سەر خاکی بابل بۆ ئەوەی ئادەمزاد فێری سیحر بکەن، تا بزانن فەرق لەبەینی سیحر و موعجیزەدا زۆرە؛ سیحر لەو زانیارییانەیە کە پەیـدادەکرێ و بە فێربوون دەست ئەکەوێ و هەرکەس بیخوێنێ فێری دەبێ و پێوەندی بە رۆحەوە نییـە؛ بـەڵام موعجیزەی پێغەمبەران(د.خ) کارێکی لە عادەتبەدەر (خارق العادە)یـە و، لەسـەر نـەریت و رێ و شوێنی ماددی نییە، لە موعجیزەدا رێگای کەسب و خوێندن و عـادەت نییـە، شـتێکە زاتی خـودا دەیبەخشێ، خاوەنی ئەو موعجیزەیە لە لایەن خودای گەورەوە بە بـەهرەی بیروبـاوەڕی راسـت و کردەوەی بەسوود و پاک، بۆ خۆی و بۆ خەڵکی تر یارمەتی دراوە.

جگە لەمەیش ئەو فریشتانە هەرکەسیان فێری سیحر بکردایە لە پێشا ئامۆژگارییان دەکرد و پێیان دەوتن: هاتنی ئێمە بۆ فێرکردنی ئەم هونەرە زۆر شتێکی گرنگە، هەر کەسێ فامیدە و دامەزراو نەبێ تووشی کردەوەی نالەبار و بیروباوەڕی ناشیرین دەبێ، ئاگاتان لە خۆتان بێت ئەم زانیارییە بۆ ناچاری و بۆ رزگاریی خۆتان نەبێ بەکاری نەهێنن، وامەزانن کە بە بێخواستی خودا ئەم سیحرکردنە سوودی هەیە و، بە بێ قودرەت و خواستی ئەو هیچ شتێ روونادات.

ئیتر ئەو حیکایەت و باسەی کە لە بابەتی گیرۆدە بوونی ئەو دوو فریشتەیەوە دەیگێڕنەوە کە گوایا خودای گەورە بە هۆی هەندێ تاوانەوە سزای دان ئەوە زانا پایەبەرزەکانی تەفسیری قورئانی پیرۆز بە راستی نازانن، وەک (فخرالدین)ی رازی و، (قاضی بیضاوی) و (شهاب‌الدین أبوالثنا)ی بەغدادی لە تەفسیرەکانیاندا باسیان کردووە و وتوویانە ئەو دەنگ و باسە دژی ئایەتی پیرۆزی (لا یعصون الله ما أمرهم و یفعلون ما یؤمَرون) یە[٧]. ئەوا گریمان شتێ بووبێتە هۆی دوچاربوونیان ئەوە خودای گەورە بە شێوەی سەرزەنشت لەگەڵیاندا جووڵاوەتەوە نەک بە شێوەی سزادان لەسەر تاوان.

خۆ ئەگەر لە لایەنی پەند و عیبرەتەوە تەماشا بکرێ ئەم باسە لەو جۆرە رەمزانەیە کە پێشینان بەکاریان هێناوە، واتە: ئینسان هەرچەند پایەی مەعنەویاتی بەرز بێ دوو فریشتەی عەقڵی نەزەری و عەقڵی عەمەلیی ئەو لە دەسیسەی نەفس رزگار نابێ، ئەگەر خودا یارمەتی نەدا دەکەوێتە چاڵی تاریکی ئارەزووی نەفس و گیرۆدەی ئازاری رەفتاری نابار ئەبێ (و لا حول و لا قوة الا بالله العلی العظیم).

خۆ ئەگەر بڵێیت: ئیبلیس فریشتە بوو، (استثنا)ی لە گرۆهی مەلائیکە لە ئایەتی (فسجد الملائکة کلهم اجمعون، إلّا ابلیس ابی ان یکون مع الساجدین) [٨] دەلیلە لە سەر ئەوە کە لەوان بوو، کەچی ئەو بێگوێییە نابارەی کرد و خودای گەورە نەفرینی لێ کرد و ئێجگاری لە رەحمەتی خۆی دەری کرد.

لە وەڵامدا ئەڵێین (ئیبلیس) لە فریشتە نەبوو، بەڵکو لە گرۆهی (جن) بوو، فریشتە نوورانین و لە نوور دروست کراون، (جن) دووکەڵدارن و لە ئاگر دروست کراون؛ خودا فەرموویەتی: (والجان خلقناه من قبل من نار السموم) [٩] بەڵام لەبەر ئەوە کە ماوەیەکی زۆر لە ناو کۆمەڵی فریشتەکاندا بوو بە (تغلیب) ناوی بە مەلائیکە برا و خودا (استثنا)ی کرد، وەک یەکێک بێ لەوان، ئەگەرنا ئەو خەنناسە فڕی بە فریشتەوە نییە و لە گرۆهی (جنّ)ە.

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس، (ر.خ) ریوایـەتی کـردووە کـە ئیبلـیس لـە زومـرەی ئـەو جینییانەیە کە منالیان ئەبێت.

لە هەمووی بەهێزتر ئایەتی (...کان من الجـنّ ففسـق عـن امـر ربـه...)یـە [10] کـە بـە ئاشـکرا دەریدەخات ئیبلیس جیننییە و فریشتە نییە.

بەم دەلیلانە رەخنەکە درایە دواوە و بە ڕوونی دەرکەوت کـە مەلائیکـە پـاک و خـاوێن و بـێ-تاوانن.

مەلەک نەک لە تەرز ئینسـان و پـەرین
لـە ژن و شـوویی و زاو و زوو بـەرین
نە نێر، نە مێنگـە، نـە سـاحێب منـداڵ
بە پێی روتبە و حاڵ ساحێب پەڕ و بـاڵ
باڵـیان بـە ئایـەت وەهـا دیـارە:
دوو دوویە، سـێ سـێ و، چـوار چـوارە
بەڵێ پێغەمبـەر کـە بـۆ میعـراج چـوو
دیگیە جیبرەئیل شەش‌سەد باڵـی بـوو
گشت لەسـەر فیعلـی عـەجیب قـادرن
لـە هـەر شکلـێدا حەزکـەن زاهـیرن
جیبرەئیل لە شـکڵ دوحیـەدا دەهـات
بـە خدمـەت حـەزرەت (علیـه الصـلاة)

واتە: فریشتە لە چەشنی ئینسان و جین نین کە هەندێکیان نێر و هەندێکیان مێ بـن؛ ئەمانـە لە ژن و مێردی و لە نەوەخستنەوە دوورن، دروست بوون و لە ناوچوونیان تابیعی ئەمری خودایـە، بەپێی زاهیری ئایەتی (جاعل الملائکة أولی أجنحة مثنی و ثلاثَ و رُباع) [11] بە پێی پایەیان پەڕ و باڵیان هەیە، هەندێ دوو، هەندێ سێ، هەندێ چوار باڵیان هەیە، وە بە زاهیری ئایەتی (یزید فـی الخلق ما یشاء) [12] لەوانەیە لەو ئەندازەیش باڵیان زیاتر بـێ؛ چونکـە ریوایـەت کـراوە لـە شـەوی میعراجدا حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) جیبرەئیلی بە شەش‌سەد باڵەوە دیوە.

فریشتە مەئمووری خودان، بە ئیزنی خودا دەتـوانن گـەلێ کـاری بایەخـدار و سەرسـووڕهاوەر جێبەجێ بکەن، خودای گـەورە دەربـارەی جیبرەئیـل فەرموویـەتی (ذی قـوة عنـد ذی العـرش

مکین) [١٣] وە فەرموویەتی (علّمە شدید القوی) [١٤]. لە هەر وێنە و شێوەیەکی بەڕێز و گونجاو و لەباردا دەتوانن خۆیان دەربخەن، حەزرەتی جیبرەئیل جارجار لە شێوەی (دحیة) دا، کە پیاوێکی ڕێکوپێک و شێوە جوانی عەرەب بوو، دەهاتە خزمەتی حەزرەتی پێغەمبەر و (وحی)ی بۆ دەهێنا.

زۆرترن لە گشت ئەنواعی عالەم
(بأعـــدادهم الله أعلـــم)
لە مەکان و قورب، لە مەکانەتدا
لە ئیمتیسالدا و لە مەعریفەتـدا
لە (کلام الله) وا دەوێ مەفهووم
(لکـلٍّ مـنهم مقـام معلـوم)

واتە: فریشتە لە هەموو جۆرە گیانلەبەرێک زۆرترن (و ما یعلم جنود ربّـک إلّـا هـو) [١٥] خـودا نەبێ کەس نازانێ ژمارەی سوپای خودا چەندە؟

پایەی ئەم فریشتانە وەک یەک نییە، وەک خودای گەورە بە زمانی ئەوانەوە دەفـەرموێ (و مـا منّا إلّا له مقام معلوم) [١٦] خۆیان لە خۆیانەوە هیچ نازانن، هیچ ناتوانن، خودای گەورە بە گـوێرەی ئەو فەرمانەی داویە بەسەریاندا زانست و هێزی پێداون و، بە بێفەرمانی خودا هیچ ناکەن.

لە ئاسمانەکاندا نییە جێی یـەک پـێ
ئـیللا مەلـەکێ حـازرە لـەوێ
بەعزێ بـەدەوام قـائیم و خاشـیع
بـەعزێکیچیان هەمیشـە راکیـع
بـەعزێ دائیمـا وا لـە سـجوددا
بەعزێ لە گێجاو بەحری شهووددا
غەفلەتیان نییە ساتێک یـا دەمـێ
خەبەریان نییـە لـە هـیچ عالـەمێ

واتـە: لـە ئاسمانەکانـدا جێگـەی پێیـەک نییـە چـۆڵ بـێ و فریشـتەیەکی تێـدا نـەبێت، ئـەو فریشتەیەیش بەو شێوەیە کە بۆی بڕیار دراوە خەریکی پەرستنی خودایە جا هەندێکیان هەمیشـە راوەستاون و لە ترسی جەلالی خودا ملکەچن، هەندێکیان لـە بـاری رکـووعدان و چەماونەتـەوە،

هەندێکیان لە باری سجووددان و کوڕنووشیان بۆ خودا بردووە، هەندێکیشیان لە گێژاوی دەریای تەجەللای خودادان، ئێتر نەک سەعاتێک بەڵکو بە ئەندازەی هەناسەدانێکیش لە یادی خودا غافڵ نین و ئاگایان لە کەس نییە تەنها خەریکی کاری خۆیانن.

چونکە بۆ تەبلیغ خەیلێ لائیقن
واسیتەی مابەین خالیق و خەلقن(١٧)
بەعزێ مەبعووسن سەر نەوعی خۆیان
بەعزێ سەر بەعزێ لە ئادەمییان
هەرچی لە عەدەم هاتوێ و بێتەدەر
فریشتەیێکی تایینە لەسەر
بە وەفقی فەرمان پادشای خەبیر
تەسەڕوفاتی تێدەکا و تەدبیر
ئایا سەماوات ئایا هەساران
بەحر و تەم و هەور، با و بەور و باران
تکتکی باران، کولووکولووی بەور
تەڵتەڵ گیا و لق گەڵای دار بەوتەور
زەمینە کەژ و دەشت تەمام جەمادات
حەیوانات یەکسەر، هەموو نەباتات
هەرچی نەموت و تەفسیلی دەوێ
نییە فریشتەی مووەکەل نەوێ
بۆ هەر فەردێکی فیرقەی موئمینین
بە حەدیسی پاک (خیر النبیّین)
سەدوشەست مەلەک حافیزە یەقین
(دفعاً لاختطاف رهط الشیاطین)

هاتوێ: هاتبێ. تايينە: تەعيينە، دياری كراوە. هەساران: ئەستێرەكان. بەور: بەفر. تكتك: دڵۆپ دڵۆپ، قەترە قەترە. كولوو كولوو: پارچە پارچەی بەفر، كولوو بۆ بەفر وەک دڵۆپەيە بۆ باران.

واتە: فريشتە ئامادە و بەكارن بۆ گەياندنی فەرمان و خواستی خودا بە جيهاندا لە عەرز و لە ئاسماندا و، بە ياسای تەسەڕوفاتی خودا لە جيهاندا واسيتەن لە بەينی خودا و مەخلووقاتی خودادا؛ هەندێ لەو فريشتانە نێرراون بۆسەر هەندێ فريشتەی تر، هەندێكيان بۆسەر بنيادەم بۆ ئيلهام و پێگەياندن و نەشئونمايان.

هەروەک چۆن شەيتانەكان وەسوەسە وتوويرەی نابار دەخەنە دڵی ئادەمزادەوە (إنّ الشياطين ليوحون الی أوليائهم ليجادلوكم...) [١٨] وەها فريشتەيش بيروباوەڕی جوان و پيرۆز دەخەنە دڵی موسوڵمانانەوە (إن الذين قالوا ربنا الله ثم استقاموا تتنزل عليهم الملائكة آلّا تخافوا و لا تحزنوا و أبشروا بالجنة التی كنتم توعدون) [١٩].

هەروەها هەرچی لە جيهاندا خودا دروستی بكات و لە نەبوونەوە سەر بێنێتە ەر فريشتەيەک دياری دەكرێ بۆ چاودێری و پەروەردەكردنی، بە پێی فەرمانی خودا ئەو فريشتە تەدبير تەسەڕوف دەكات لەو شتەدا، وەكو خودای گەورە فەرموويەتی (والسابحات سبحاً فالسابقات سبقاً فالمدبّرات امراً) [٢٠] واتە: قەسەم بەو فريشتانەی كە بە وێنەی مەلەوان لە ناو دەريادا بە ڕەوانی دەڕۆن و پەلەئەكەن و پێش ئەكەون بۆ بەجێێنانی فەرمانی خودا، قەسەم بەو فريشتانەی كە لەسەر فەرمانی من تەدبيری ئيش و كاری مەخلووقات ئەكەن.

ئەم ئايەتە پيرۆزە دەليلە بۆ ئەوەی كە كاروباری ئاسمان و ئەستێرەكان و هاتوچۆيان لەسەر ميحوەر و مەداری تايبەتی و لەسەر ميزانی موناسب، هەروەها كاروباری دەريا، داگيركردنی وشكانی و كشانەوەی بۆ ناو، هەستانی هەور بە گێژ و سووڕی بای وەشت، تەم و مژی كۆساران، هەڵم و هەڵچوونی و بوونی بە هەور، بەفر و تەرزە و باران، شەونم و ئاونگ، هەرچەند لەسەر ياسای تايبەتيی جيهان دێنە رووی كار، هەموو ئەمانە فريشتەی خودا مەئموورە لەسەريان، تەنانەت تكتكی باران، كلووكلووی بەفر، دانەی تەرزە، تەڵ تەڵی گيا و، لقی دار، گەڵای داران، گوڵی باخان هەموو وان لە ژێر چاودێری و پەروەردەكردنی فريشتەی خودای گەورەدا و بە ويستی خودا خۆی.

(مەولەوی) دەفەرموێ: هەرچی من لەم ریسالەدا نەموتووە یـاخۆ بـە کـورتی باسـم کـردووە و درێژەپێدانی دەوێ، هەموویان فریشتەیان لەسەرە.

لە راستیدا (زەڕڕە) یەک لە (کائینات) بە بێ‌زانست و خواست و توانای خـودا نایێتـەجێ و، بـە دەوام خواست و دەستەلاتی خودا پێوەندی پێوە هەیە و، لەسەر ئەو یاسـا و رێ و شـوێنە کـە بـە حیکمەتی خۆی دیاریی کردووە لە جیهانـدا و لـە نـاو کائینـاتدا ئـەم فریشـتانە فەرمانبـەرداریی خۆیان جێبەجێ ئەکەن. ئەمانە هەموو ئەسبابی عادەتین بۆ بەجێهـاتنی خواسـتی خـودا (جـلّ جلالە).

هەروەها (مەولـەوی) دەفـەرموێ: بـە پێـی فـەرموودەی پێغەمبـەر(د.خ) هـەموو ئینسـانێکی موسوڵمان سەدوشەست فریشـتە پاسـەوانیی دەکـەون و نایەڵـن شـەیتانەکان بیفـڕێنن. لەسـەر فەرموودەی زانایان مەبەس لەم فڕاندنە تەنها فڕاندن نییـە، گـەلێ شـتی تـریش هەیـە پێویسـتە ئادەمزادیان لێ بپارێزرێ وەک دەس‌بردن بۆ عـەقڵ و هۆشـی و ئـازاری تـر. خـودای گـەورە لـە قورئاندا فەرموویەتی: (و هو القاهرُ فوقَ عبادە، و یرسـل علـیکم حفظـةً) [٢١] واتـە: خـودا زۆردار و غاڵبە بەسەر بەندەکانیدا و چەن پاسەوان دەنێرێت بۆتان. هەروەها فەرموویـەتی: (إن کـلُّ نفـسٍ لمّا علیها حافظ) [٢٢] واتە هەموو نەفسێ پاسەوانێکی خودای لەسەرە، وە فەرموویەتی: (له معقبات من بین یدیه و من خلفه یحفظونه مـن امـر الله) [٢٣] واتـە: چەنـد فریشـتەیەک هـەن ئـادەمزاد دەپارێزن، لە هەر حاڵێکدا بێ، ئەو فریشتانە یەک لە دوای یەک لە پشـتیەوە و لـە بەردەمیـەوە و لای راست و چەپیەوەن و، بە فەرمانی خودا لە زیان و شـتی نالـەبار دەیپـارێزن. جـا بـە راسـتی هەرکەسێ تەماشای حاڵی خۆی بکات لە ماوەی ژیاندا و لە کاتی نووستندا و لە کاتی بێ‌دەستی و داماویدا و، وردبێتەوە لە کارسازیی خودا بۆ ئینسان و پاراستنی لە گـەلێ مەترسـیی ئـاگر و ئـاو و زیانی ئینسانی ناپیاو و لە مار و مێروو و کرمـی پیسـی ژاراوی، زۆر چـاک بـاوەڕ بـە میهرەبـانی و چاودێری‌کردنی خودای گەورە دەکات؛ هەزار رەحمەت لەوەی وتوویە:

تا خوا یارە مەترسە لە کەس   لە یارییش دەرچوو نییە فریادرەس

بێ‌گومان ئەم فریشتانە وەک هەموو هۆیەکانی تر چەند هۆیەکی عادەتین، ئەگینا خوای گەورە خۆی پارێزگارە و، ئەو نەبێ کەس ناتوانێ هیچ بپارێزێ.

بـــەعزێ بـــۆ بەهەشـــت خەزێنـــەدارە
لەناویانـــــدا ریـــــزوان ســـــەردارە

بـــەعزێ خەزەنـــەی دۆزەخ و نـــارە
بـۆ ئـەو دەسـتەیچە مالیـک سـالارە
زەبانیـــە یانـــێ: نەســـەقچیی ســـەقەر
یـــا ئـــەو خەزەنـــە وتمـــان لەمەوبـــەر
حـــەق فەرمووگیـــە «تســـعة عشَـــرْ»
نـــۆزدە ســـینفن یـــا نـــۆزدە نەفـــەر
حەفـــەزە یانـــێ: کەتەبـــەی کـــیرام
دوو بە شەو، دوو رۆژ راس و چـەپ مـەقام
ئی راس خێرنویس، ئی لای چەپ شـەروور
ئی لای راس ئەمیر، ئی لای چەپ مەئموور
دەڵێ: تا هـەفت سـات مـەینویس جـارێ
بـەڵ تەسـبیحێ کـا یـا ئیسـتیغفارێ
ئـی راس چـون کـەرەم حـەق بـێپایانـە
چاکـــە دەنویســـێ بـــە دە چەندانـــە
فریشـــتەی ســـوئال عـــەزابی قـــەبران
چـە بـۆ موسولـمان چـە بـۆ کـافران[٢٤]
دوو شەخســـن ناویـــان مونکـــەر و نـــەکیر
یـا بـۆ موسولـمان موبەششـیر، بەشـیر

خێرنویس: خێرنووس. شەروور: جەمعی شەڕە، مەبەست ئەوەیە هـی لای چـەپ شەڕنووسـە. دەستەیچە: دەستەیشە. نەسەقچی: ئازاردەر. فەرمووگیە: فەرموویە، وتوویـە، بـۆ گـەورە بـە کـار ئەهێنرێ. ئی: هی. سات: سەعات. مەینویس: مەینووسە.

واتە: هەندێ لە فریشتەکان خزمەتکردنی دانیشـتوانی بەهەشـتیان پـێسـپێرراوە، سـەرۆکی ئەمانە ناوی (رضوان) ە، هەندێکیشـیان سـزادانی دۆزەخییـەکانیان دراوەتـە دەسـت و، خـەریکی ئازاردانی ئەوانن، سەرۆکی ئەمانە ناوی (مالک) ە، وەک خـوای گـەورە فەرموویـەتی: (و نـادوا یـا مالک لیقضِ علینا ربک قال انکم ماکثون) [٢٥] واتە ئەهلی دۆزەخ بانگ لـە مالیـک دەکـەن: ئـەی

مالیک! تکایە عەرزی بارەگای خودا بکە بەڵکو بە تەواوی لە ناومان بەرێ و شوێنەوارمان نەهێڵێ؛ ئێمە بەرگەی ئەم سزایە ناگرین، ئەویش وەڵامیان ئەداتەوە و ئەڵێت: ئێوە ماونەتەوە لە دۆزەخدا و دەبێ بمێننەوە.

فریشتەی زەبانییە واتە: ئەوانە کە نەسەق‌چین، یانێ ئازاردەر و خەڵک ریسواکەرن و، کاروباری رێک‌وپێکیی سزای دۆزەخیان پێ سپێرراوە، جا ئەم زەبانیانە چ ئەوانەی پێشوو بن یان غەیری ئەوان بن نۆزدە تائیفە یا نۆزدە کەسن وەک خوا فەرموویەتی: (علیها تسعة عشر) [٢٦] واتە: لەسەر دۆزەخ نۆزدە تائیفە یا نۆزدە شەخس مەئموور و کاربەدەستی سزادانن، والله اعلم.

هەروەها حەفەزە بەو فریشتانە دەوترێ کە کردەوەی ئادەمزاد زەبت دەکەن و نووسەری دەفتەری کردەوەین، دوان لە شەودا و دوان لە رۆژدا، یەکێ لەسەر شانی راست و یەکێ لەسەر شانی چەپ وەک خودای گەورە فەرموویەتی: (و أن علیکم لحافظین * کراماً کاتبین) [٢٧].

فریشتەی لای راست نووسەری کردەوەی چاکەیە و ئەوی لای چەپ هی کردەوەی بەد. یەکەم فەرماندارە و دووەم فەرمانبەر، یەکەم ئەمر بە دووەم دەکات کاری خراپ نەنووسێ تا ماوەی چەند سەعاتێک؛ بەڵکو کابرا لەوماوەدا لەو تاوانبارییە پەشیمان بێتەوە، ئەوی لای راست لەبەر زۆریی میهرەبانیی خودا هەر کردەیەکی چاکە بە دە چەندان دەنووسێت.

بۆ پرسیار لە مردوو لە گۆڕدا، چ موسوڵمان و چ کافر، دوو فریشتە تەرخان کراون، واتە: بۆ موسوڵمان دوو، بۆ کافر دوو، ئەو دوانەی پرسیار لە موسوڵمان ئەکەن ناویان (مبشّر) و (بشیر) ە، هی پرسیار لە کافرانیش ناویان (مُنکَر) و (نکیر) ە، بەڵام فریشتەی سزادانی مردوو لە گۆڕدا زۆر زۆرن، هەر خودای گەورە ئەزانێ چەندن.

شایانی باسە: مەبەس لە پرسیاری گۆڕ پرسیارە لە مردوو پاش ئەوەی دەسبەرداری خەریک‌بوونی لەشەکەی ئەبن، ئیتر لە گۆڕدا بێ یا لە دەریا، یاخود بسووتێنرێ، تەنانەت تۆزەکەیشی بدرێتە دەم باوە و هەر تۆزقاڵێکی لە شوێنێکدا بنیشێتەوە.

بەعزێ سەر بەعزێ هەیە شەرەفیان
بەڵێ ئەفزەلی گشت مەلائیکان
ئەواننە پێیان دەوێژن (خـوّاص)
کە چوار سینفن دەگەڵ چوار ئەشخاس

چــــوار ســـــینفەکان موقـــــەڕڕەبوونن
نزیکـــی حـــەزرەت بارگـــەی بێچـــوونن
(کەڕرووبی) ن مەلەک عـەزاب و نیقمـەت
(رووحانی) ن مەلەک رەحمەت و نیعمەت،
حەمەلـــەی عەرشـــن یانـــێ ئەوانـــە
عەرشـی عـەزیمیان هـەر لەسـەر شـانە
ئەمـــڕۆ چـــوارن وەخـــتی جەمالـــە
لـــە قیامەتـــدا وادەی جەلالـــە
هەشت کەسن یا هەشت سینفی بێشومار
(جَـــلَّ جـــلالُ الواحـــد القهّـــار)

بەعزێ سەر بەعزێ: بەعزێ لەسەر بەعزێ. دەوێژن: دەڵێن. دەگەڵ: لەگـەڵ. بارگـە: بارەگـا. بێچوون: زاتی خوا. بێشومار: زۆر، لە ژمارە نەهاتوو.

واتە: نەوعی فریشتە خودا وای دروسـت کـردوون هەنـدێکیان پلـە و پایـەیان لـە هەنـدێکیان زیاترە. گەورەترینی فریشـتە چـوار سـینف و چـوار شەخسـە، ئەمانـە پێیـان ئەڵـێن (خـواس)ی مەلائیکە.

سینفی یەکەم لەو چوار سینفە پێیان دەڵێن (مقرّبون) واتـە: نزیکـانی بارەگـای پـەروەردگار و بەڕێز لە حوزووری خودای گەورەدا.

سینفی دووەم: (کەڕرووبی) یان پێدەڵێن کە مەئمووری ئازارن و سزایان پێ سپێرراوە.

سینفی سێهەم: (رووحانی) یان پێ دەڵێن، کە فریشتەی خێر و پیرۆزین.

سینفی چوارەم: ئەوانەن کە عەرشی خودایان هەڵگرتووە.

چـــوار شەخســـەکان یـــەکێ جیبرەئیـــل
ســـاحیبی وەحـــی و پـــەیغام و تـــەنزیل
میکائیـــل بـــۆ قـــەبز بـــۆ بەســـتی زەمـــین
بـــۆ تـــەعیـ ـنی رزق بووگـــە بـــە ئـــەمین
عیزرائیل بۆ ئەبز رۆح ساحیب دوستوور
ئیسرافیل ساحیب ئەمری نـەفخی سـوور

(صور) یـچ شـاخێکە فـووی دەکـا پێـدا
بـە عـەدەد ئـەرواح کونـای وا تێـدا
دووجـار فـووی پێـدا دەکـا حەوالـە
(بـین‌النفختـین) مـوددەی چـل سالـە
لە نەفخەی ئـەووەڵ بـەرزان دەون پـەس
زیڕووح گشت دەمرن نامێنێ هیچ کەس
کـە نەفخـەی دووەم ناکـاو سـەدای بـێ
دووبـارە هـەموو گیانیـان پێـدا تـێ
ئـەما حەمەلـە و چـوار شەخسـەکان
لە هـەر دوو نەفخـە ئـەوان موستەسـنان
دەمـرن و زینـدگ دەونـەوە سـەرجەم
پاشـتر لـە ئـەووەڵ، پێشـتر لـە دووەم
بەعسـیان وەک خەلـق بـەر لـە گشـتانە
مردنیچیـــان لـــە دوای هەموانـــە

پەیغام: نامە، راسپێری. بووگە: بووە. کونـا: کـون. بـەرزان: شـوێنە بـەرزەکان. دەون: دەبـن. پەس: پەست، نزم. ناکاو: لەپڕ، کوتوپڕ. زیندگ: زیندوو. مردنیچیان: مردنیشیان.

واتە: ئەو چوار شەخسەیش یەکەمیان جیبرەئیلە کە ئـەمینی خـودای گەورەیـە بـۆ گەیانـدنی کتێبی خودایی کە مەشهوورە بە (وەحی) بۆ لای پێغەمبەران(د.خ).

خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێ (نَزَل به الروح الأمين علـى قلبـک لتکـون مـن المنـذرين بلسان عربی مبين) [٢٨].

دووەمیان: میکائیلە کە فـەرمانی دان و گرتنـەوەی رزق و رۆزی و فـەڕ و بەرەکـەت و قـات و قڕیی سەرزەویی پێ سپێردراوە.

سێهەمیان: عیزرائیلە کە مەئمووری گیان‌کێشانی هەموو گیان‌لەبەرانە و، مەئموور و بەردەستی زۆریشی هەیە وەک خودا دەفەرموێت (توفتهم رسلنا و هم لا يفرطون) [٢٩].

چوارەمیان: ئیسرافیلە، ئەمیان ئەوەی پێ سپێردراوە فوو بە (صور)دا بکا، ئەم سـوورە شـاخێکە بە ژمارەی گیان‌لەبەران کونی تێدایە. حەزرەتی ئیسرافیل دووجار فوو بـەو شـاخەدا دەکـات، بـە

یەکەم فوو هەموو گیان‌لەبەران ئەمرن و، هەرچی کەژ و کێو هەیە هەموو تـەخت دەبـن، هـەرچی گیان‌لەبەریشە هەموو دەمرن، بە فووی دووەمیش هەرچی مـردووە زینـدوو دەبنـەوە، بـەلام ئـەو فریشتانەی هەلگری عەرشن و ئەو چوارەی کە باسمـان کـردن (جیبرائیـل، میکائیـل، عیزرائیـل، ئیسرافیل) ئەمانە مردن و زیندووبوونەوەیان بەم دوو فووە نییـە، ئـەمان لـە پـاش مـردنی هـەموو گیان‌لەبەران دەمرن و لە پێش زیندوو بوونەوەیان زیندوو دەبنەوە.

خەواسـی مەلـەک هەیـە فەزلـیان
وەسـەر بەشـەردا سـیوای ئـەنبیان
عـەوامی بەشـەر سـولەحا و ئـەولیا
فەزلی هەس وەسەر عەوامی مەلـەکدا
عەوامی مەلەک فەزلی هـەس وەسـەر
گونەهکارانـدا لـە فیرقـەی بەشـەر
(و فـی مـا بـین الخـواص کـلام)
بـەر نـەبی و ئـەوان سـەلات و سـەلام

شایانی باسە و پێویسـتە بـزانن کـە (خـواس)ی بنیـادەم پێغەمبـەرانن(د.خ)، جـا لـەم رووەوە مەولەوی ئەفەرموێ (خواس)ی بنیادەم کە پێغەمبەرانن پایـەیان لـە پایـەی (خـواس)ی فریشـتە بەرزترە، هەروەها (خواس)ی فریشتە پایەیان لە پایەی (عـوام)ی بنیـادەم بـەرزترە. مەبەسـت لـە عەوامی بنیادەم ئەولیا و پیاوچاکانن کە بە پێی شەرع (عادل) بن و لەخواترس بن، جا ئەم عەوامی بنیادەمە پایەیان بەرزترە لە عەوامی فریشتە، واتە غەیری چوار سینف و چوار شەخسەکە.

عەوامی فریشتەیش پایەیان لە پایەی بنیادەمی موسولـمانی ناعـادل و گوناهبـار بـەرزترە. کـە دەڵێین (خواص)ی فریشتە لە (عـوام)ی ئـادەمزاد پایەبـەرزترن، بەڵـگەمان قورئـانی پـیرۆزە کـە دەفەرموێ فریشتە (معصوم) ن، بەڵام نەیفەرمووە (عوام)ی ئادەمزاد (معصوم) ن.

فەزڵ و گەورەیی خەواسی ئادەمزاد کە پێغەمبەرانن بەسەر خەواسی فریشتەدا، هەروەها فـەزڵ و گەورەیی عەوامی ئادەمزاد کە پیاوچاکانن بەسەر عەوامی فریشتەدا ئەوە لەبەر چەند بەڵگەیەکە:

یەکەم: خودا ئەمری فەرموو کە فریشتە کوڕنووشی ڕێز بەرن بۆ حەزرەتی ئادەم (علیەالسـلام). دیارە ئەوەی کە تێی بگەین ئەوەتە کە خوا ئەمری فەرمووە نزم کوڕنووش بۆ بەرز بەرێ.

دووەم: هەموو زانایان دەزانن بۆیە خوا هەموو زمانەکانی بە ئـادەم فێرکـرد هـەتا فـەزڵ و پایـە بەرزیی ئەو بەسەر فریشتەکاندا دەربخات.

سـێهەم: ئـادەمزاد گیـرودەی ئـارەزووی نـەفس و خـوو و خـدەی ناپەسـەندە، وەک رق و حەسـوودی و قـینهەڵـگرتن و بەرچاوتـەنگی... تـاد، کـە فریشـتە لەوانـەوە دوورە. بـێ گومـان خوداناسین و خواپەرسـتی و خـاوێنی لەگـەڵ بـوونی کۆسـپدا ئـەجر و پاداشـی زۆر زیـاترە لـە خواپەرستی و خواناسینی ئەوانەی کۆسپیان لەرێدا نییە.

دیارە فەزڵ و گەورەیی عاممەی فریشتە بەسـەر گوناهبـارانی ئـادەمزاددا شـتێکی ئاشـکرایە و بەڵگەی ناوێ.

ئەم باسەی کە نووسیم لەبەر رووناکیی نووسینی زانای پایەبـەرز سـەعدی تەفتازانییـە کـە لـە شەرحی کتێبی (عقائد)ی (نەسەفی)دا نووسیویەتی.

باسی گەورەیی و بچووکیی فریشتەکان لە ناو خۆیاندا، ئایا کـام لـە چـوار سـینفەکە گـەورەترە لەوانی تر، یا لە ناو چوار شەخسەکەدا کامیان لەوانی تر گەورەترە؟ قسـەی تێـدا کـراوە و، ئـەوی بیەوێ زۆرتری لێ بزانێ کتێبە درێژەکان دەخوێنێتەوە.



۱ـ لە چاپەکەدا سەرباس (مبحث وصف الملائكة)ە. لە دەستنووسەکەدا سەرباس نییە بێجگە نەخش و نیگارێک کە باسێک لە باسێک جیا دەکاتەوە، من سەرباسەکەی لەمەڕ چاپەکەم دانا، ئەگـەرچی دەبـوا (الاصـل الثـانی مـن الاصول الستة الایمان بالملائكة) بوایە، وەک لە یەکەم بەیتەوە دەردەکەوێ.

۲ـ ئایەتی (۳۰)ی سوورەتی (بقرە).

۳ـ ئایەتی (۳۰)ی سوورەتی (بقرە).

٤ـ ئەمە شێوەنووسی چاپەکەیە، دیارە کە شیعری دوایین باسی (مفتوحی)ی لامەکەی دەکـات لێـرەدا لامەکـە (مکسور) ە، بەڵام تێکڕا دارِشتنەکەی تەواو نییە. هی نوسخە دەستنووسەکە (ملِکیین) ە، کـە هەڵـەیە. مـن لەبـەر رووناکیی ئەم شێوەنووسە هەڵەیە وای بۆ دەچم کە راستەکەی (مَلِکینن) = (مەلیکەینن)ە بـەم جـۆرە (هـارووت و ماروت) دەبنە موبتەدای دواکەوتوو و (مەلیکەینن) دەبێتە خەبەری پێشکەوتوو.

٥ـ لە نوسخە چاپەکەدا «چاک دا دیاری»یە.

٦ـ ئایەتی (۱۰۲)ی سوورەتی (بقرە).

۷ـ ئایەتی (٦)ی سوورەتی (تحریم).

۸ـ ئایەتی (۳۰) و (۳۱)ی سوورەتی (حجر).

٩ـ ئایەتی (٢٧)ی سوورەتی (حجر).

١٠ـ ئایەتی (٥٠)ی سوورەتی (کهف).

١١ـ ئایەتی (١)ی سوورەتی (فاطر).

١٢ـ ئایەتی پێشوو.

١٣ـ ئایەتی (٢٠)ی سوورەتی (تکویر).

١٤ـ ئایەتی (٥)ی سوورەتی (نجم).

١٥ـ ئایەتی (٣١)ی سوورەتی (مدثر).

١٦ـ ئایەتی (١٦٤)ی سوورەتی (صافّات).

١٧ـ بۆ هاوتایی ئاخری هەردوو نیوە بەیتەکە ئەبوو بیوتایە (خەلق و خالیقن)، بەلام چ لە دەستنووس و چ لە چاپدا وا نووسراوە کە ئێمەیش لێرەدا نووسیومانەتەوو. دیارە لەبەر ئەوە (خالیقی) پێش خستووە کە خالیق خوایە و لە پێش خەلقەوە بووە و واسیتەکەیش لە لای ئەوەوە دێ بۆ لای خەلق.

١٨ـ ئایەتی (١٢١)ی سوورەتی (انعام).

١٩ـ ئایەتی (٣٠)ی سوورەتی (فُصِّلت).

٢٠ـ ئایەتی (٣، ٤، ٥)ی سوورەتی (نازعات).

٢١ـ ئایەتی (٦١)ی سوورەتی (انعام).

٢٢ـ ئایەتی (٤)ی سوورەتی (طارق).

٢٣ـ ئایەتی (١١)ی سوورەتی (رعد).

٢٤ـ (چە)ی یەکەمین شێوەنووسی چاپەکەیش و دەستنووسەکەیشە کە بە شێوەنووسی ئەمڕۆ (چ) دەنووسرێت. هی دووەم لە چاپەکەدا (چو) وە، بەلام هەڵەیە. ئەویش لە راستیدا هەر (چە) یە.

٢٥ـ ئایەتی (٧٧)ی سوورەتی (زخرف).

٢٦ـ ئایەتی (٣٠)ی سوورەتی (مدثر).



مبحث الايمان والتصديق بجميع الكتُبُ السّماوية[1]

ئەســـلی سالیســـمان تـــاقی بزانـــە
تەســـدیقە بـــە جـــەمع ئـــەو کتێبانـــە
بـــە نەقشـــی حـــادیس عەجـــەب شـــەرەفناک
مەنقووش لە رووی ساف سەفحەی تەختەی پاک
یـــا بـــە ئـــەلفازی مورەتتەبـــەی خـــۆش
بـــە زوبـــانی پـــاک فریشـــتەی بـــێغـــەش
(رحمـــةً) خـــالیق گشـــت عالـــەمییان
نـــاردگنی ئەســـەر بـــەعزێ ئـــەنبیان
ســـەد و چـــوارن بـــە قـــەولی مەشـــهوور
تـــۆ لـــەو عـــەدەددا مـــەیانزان مەحســـوور
دە ئەســـەر ئـــادەم، پـــەنجاه ئەســـەر شـــیس
ســـی نـــازڵ بووگـــە ئەســـەری ئیـــدریس
دە ســـەر ئیـــبراهیم ســـەدە تـــەواوە
ئەمانـــە هـــەر ســـەد ســـوحوفیان نـــاوە
زەبـــوور بـــۆ داوود، تـــەورات بـــۆ مووســـا
ئینجیـــل هاتەســـەر حـــەزرەتی عیســـا

فورقـــــان بــــۆ حـــــەزرەت (ســــــیدالانام)

(علیـــــــه الصـــــــلاة، علیـــــــه الســـــــلام)

تاقی، تاقیق، تەحقیق: بە راستی. ناردگنی: ناردوونی. مەیانزان: مەیانزانـە. ئەسـەر: بـۆ سـەر. بووگە: بووە.

واتە: ئەسڵی سێهەم لە شەش ئەسڵی ئیمان باوەڕکردنە بـە هـەموو ئـەو کتێبانـەی کـە خـودا ناردوونی بۆ سـەر هەنـدێ لـە پێغەمبـەرە رەهبـەرەکان(د.خ). ئـەو کتێبانـەی کـە بـە نەخشـی (حادث)ی جوان لەسەر رووی تەختەی سافی بێ‌گـەردی (لـوح المحفـوظ) نـەخش کـراون و بـە لەفزی ریزکراوی خۆش لە سەر زوبانی فریشتەی ناسک سروشت کە جیبرەئیلی ئـەمینی وەحیـە بە سەر پێغەمبەرە رەهبەرەکاندا خوێنراوەتەوە.

مەشهوور وایە ئەم کتێبانە سەد و چوارن، بەڵام تۆ وامەزانە کە هەر ئەم ژمارەنـە، چونکـە خـودا خۆی فەرموویەتی: (و ان من أمة إلّا خلا فیها نذیر) [٢] واتـە: هـیچ کۆمەڵـە ئـادەمزادێ نییـە لـە جیهانـدا کـە خـوا رەهبـەرێکی نەناردبێتـە سـەریان بـۆ ئـەوەی لـە ئـەنجامی نافـەرمانیی خـودا بیانترسێنێ، واتە ژمارەی پێغەمبەران گەلێ زۆرە (منهم من قصصنا علیک و منهم من لم نقصـص علیک) [٣] لەبەر رۆشنایی ئـەم ئایەتانـەدا وادیـارە زۆر لـە پێغەمبـەرەکان(د.خ) نـە خۆیـان و نـە کتێبیان باس نەکراون و ژمارەی کتێبەکانیان دیار نییە.

لەو سەد و چوار کتێبە مەشهوورە (دە) هاتووە بۆ حەزرەتی ئادەم، (پەنجا) بۆ حەزرەتی شـیس، (سی) بۆ حەزرەتی ئیدریس، (دە) بۆ حەزرەتی ئیبراهیم. ئەمانە سەدن. ئەم سـەدە لە قورئانـدا بـە (صُحُف) ناوبراون.

هەروەها زەبوور بۆ حەزرەتی داوود، تەورات بۆ حەزرەتی مووسا، ئینجیل بـۆ حـەزرەتی عیسـا، قورئان بۆ حەزرەتی (محمد المصطفی) ؛ دروودی خوایان لەسەر بێ؛ هاتووە.

ئەم زاتانە کە کتێبیان هەبووە لە شەریعەتدا بە رەسـوول ناوئـەبرێن، چ سـەربەخۆ بـۆ خۆیـان هاتبێ یا خۆ لە پێشدا بۆ پێغەمبەرێکی تر هاتبێ و، خودا لە پاشاندا بە پێغەمبەرێکیتر بڵـێت بـەو کتێبە پێشووە رەفتار بکە، وەکوو گەلێ لە پێغەمبەرەکانی بـەنی ئیسـرائیل کـە هـەر بـە تـەورات رەفتاریان کردووە.

ئەو پێغەمبەرانەش کە کتێبیان نەبووە و ئەمریان پێ نەکراوە بە تەبلیغ بە (نبیّ) ناوبران. ئەمانە ژمارەیان گەلێ زۆرە.

تەسـدیقت بـوێ کـە هـەموو حـەقن
کـەلامی قـەدیم حـەقی موتڵـەقن
سـیفەتی قـائیم بـە زاتی بـێ‌ڕەنـگ
نییەن لە قەبیل جینسی حەرف و دەنگ
نـە لـە زیهـن و حـەفز، نـە لـە زوانـدا
نـە لـەفز و گـوێ نـە لـە بەیانـدا
لـە هـیچ کامیـدا نییـە حولوولیـان
بـا لـەوانیچ بـێ ئـەوە فامینیـان
غەیرە مەخلووقن بە بـێ‌ڕەیـب و شـەک
نە بەستەی نەبیان نە بەستەی مەلـەک

واتە: تەسدیق و باوەڕت ببێ کە ئەم کەلامانە هەموو حەق و سابت و موافیقی واقیعن و کەلامی قەدیمی زاتی (واجب‌الوجود)ی موتڵەقن و سیفەتێکی بێ‌ڕەنگن بە زاتی بـێ‌ڕەنگـەوە راوەسـتاون، ئەم کەلامە بە ئیعتیباری مەبدەئەکەی کە زاتی قودسییە لە بابەتی حەرف و دەنگ نییە، لە زیهنی کەسدا، لە حیفزی کەسدا، لە زوبانی کەسدا، لە گوێی کەسدا، لە بەیان و تـەعبیری کەسـدا نییـە، هەر چەند ئێمە قابیلییەتی ئەوەمان هەیە لێی تێ بگەین و واتاکەی بزانین.

هەروەها ئەم کەلامە قەدیمە و نەبوونی لێ پێش نەکەوتووە و نەبوونیشی بەسـەردا نایـەت، نـە پێوەندی بە پێغەمبەرانەوە هەیە و نە بە فریشتەوە.

بەڵام بە ئیعتیباری کەلامە لەفزیەکە ئەوا ئەو کەلامە دەبیسرێت و دەخوێنرێتەوە و هەر حاڵـێ بۆ لەفز مومکین بێ بۆ ئەمیش مومکینە.

هـەر چییـان تێـدا هەیـە یەکسـەری
هەموو راس، لـە کیـزب لـە خـولفن بـەری
بـۆ تەخـەللوفی بـەعزێ وەعیـدات
ئەگـەر بشـنەوی هەیـە تـەوجیهات؛
مەشرووت بە چەند شەرت جەلییە یا خەفی
بـەعزێ لـە شـەرتان دەوێ مونتـەفی

یـــا خـــۆ موقەییـــەد بـــە مەشـــیئەتە
عـــەزابی دا عـــەدل، نەیـــدا رەحمەتـــە
یا خولف مەخسووسی وەعـدە نـەک وەعیـد
بـە نـەقل و بـە عـەقل بـۆی هەیـە تەئییـد
یـــا یـــەعنی: عاســـی خـــۆ موســـتەحەقە[٤]
بـە عـەزاب، ئـەمما عـەفوی حـەق حەقـە
یـــا خـــۆ ئینشـــایە بلـــێ نـــەک خەبـــەر
ئـــەر بەخەبـــەر بی وتمـــان لـــەگرەو بـــەر
ئـــەم تەوجیهیانـــە بـــە چـــاکتر بنـــاس
کـە لـە عومومـات مـەعفوو موستەسـناس

ئەر بەخەبەر بی: ئەگەر ئاگادار بی. لەگرەوبەر: لەمەوپێش.

واتە: هەرچی لە ناو ئەو کەلامانەدا هەیە هەموو راستن و، هـەرچی (وعـد) و (وعیـد) بەلـێن و هەڕەشەیان تێدایە هەموویان دێنە جێ و لە نەهاتنەدی دوورن.

جا ئەگەر کەسێ بلێت سابت بووە لە دینا کە گەلێ لەو تاوانبارانە ئازار نادرێن و عـەفو دەکـرێن کەوابوو هەندێ لەو هەڕەشانە نایەنەجێ و ئەمەیش ـ خوا نەخواستە ـ دەبێتە درۆ، لە وەلامدا دەلێم ئەو رەخنەیە بە چەند جۆرێک دەدرێتە دواوە:

یەکەم: ئەو هەڕەشانە لە مەعنادا بەسراون بە چەند شەرتێکەوە، بۆ نموونە:

تاوانبار سزا دەدرێت ئەگەر کەس (شفاعت) تکای بۆ نەکات، یا ئەگـەر لـەو تاوانـەی پەشـیمان نەبێتەوە و بڕیار نەدا کە نەگەڕێتەوە سەری، یا ئەگەر کارێکی چاکی وەها نـەکات کـە کـارە بـەدە گوناهەکە رامالێت و لای بات؛ خودا فەرموویەتی: (و من أحیاهـا فکأنمـا أحیـا النـاس جمیعـاً) [٥] بێگومان ئەو نەفس رزگارکردنـەی گوناهـەکانی دادەپۆشـێ (إنّ الحسـنات یـذهبن السّـیئات) [٦] هەروەها فەرموویەتی: (إلّا من تابَ و آمن و عمل عملا صالحاً فأولئک یبدّل الله سیئاتهم حسـنات و کان الله غفوراً رحیما) [٧]. پێغەمبەریش(د.خ) فەرمویەتی «و من سنّ فی الاسـلام سـنَةً حسـنةً فله أجرها و أجر من عمل بها بعده من غیر أن ینقص من أجورهم شیء الحدیث»[٨].

دووەم: ئەوەیـە کـە بـەجێهێنـانی ئـەو هەڕەشـانە بەسـتراوە بـە خواسـتی خـوداوە؛ ئـەوەتا دەفەرموێ: (فیغفر لمن یشاء و یعذّب من یشاء) [٩] یا دەفەرموێ: (إن الله لا یغفر ان یشرک بـە و

یغفر مادون ذلک لمن یشاء) [۱۰] سیرری ئەوەیش کە خودا سزادانی بەستووە بە خواستی خۆیەوە ئەوەتە کە هەرچی هەیە و بووە و دەبێ هەمووی مولکی خۆیەتی؛ دیارە خاوەن‌مولک دەتوانێ تەسەرروف لە مولکی خۆیا بکات، جا ئەگەر سزای تاوانبار بدات عەینی عەدالەت و دادپەروەرییە و، ئەگەر عەفویشی بکات ئەوا رەحمەت و ئیحسانە.

سێهەم: ئەوەیە خیلاف‌کاری لە وەعدەدا عەیبە نەک لە وەعیددا بە دەلیلی عەقلی و نەقلی؛ دەلیلە عەقلییەکە: بە پێی هەڵس‌وکەوت و داب‌ونەریتی خەڵکی ژیر کەسێ هەرەشە لە کەسێ بکات و لە پاشا عەفوی بکات ستایشی دەکەن و دەڵێن فلان دڵپاک و سینە گوشاد و خاوەن کەرامەتە، بەلام ئەگەر کەسێ بەڵێنێ بدات بە کەسێ و لە پاشا بەجێی نەهێنێ ئەڵێن فلان رژد و بێ‌قەول و باوەرپێ‌نەکراوە.

دەلیلی نەقلیش ئەوەتە کە لە ئەنەسی کوری مالیک دەگێرنەوە، خودایان لێ رازی بێت، کە حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی «من وعد الله تعالی عملە ثواباً فهو منجز له، و من أوعده علی عمله عقاباً فهو الخیار».

چوارەم: ئەوەیە کە عیبارەتی ئەو هەرەشانە، ئەگەرچی بەدیمەن (ئیخار) ن بەلام بۆ (ئینشا)ی هەرەشە بەکار هێنراون، واتە عیبارەتەکە هی هەرەشەیە، هی ئەوە نییە کە لە کاتی خۆیدا سزاکە بدات، بەلام ئەم وەلامە بێ‌هێزە چونکە نرخێک بۆ هەرەشە ناهێڵێت!

پێنجەم: ئەوەیە واتای هەرەشەکان ئەوەتە کە تاوانبارەکان شایانی سزادانن، واتە: ئەو کەسە کە بۆ نموونە، نوێژ بفەوتێنێ موستەحەقی فلان سزایە، بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئیستیحقاقەکە هەیە ئەگەر خودای گەورە عەفوی بکات و لێی ببوورێ قەیناکا، چونکە بەجێ‌هێنانی سزاکە یا چاوپۆشی لێ‌کردنی مافی رەوا و شایستەی زاتی خودایە، ئەتوانێ بەجێی بهێنێ و ئەیشتوانێ لێی ببوورێ.

شەشەم بەڵگەیەکە [کە] لە هەموو وەلامەکان باشترە؛ ئەوەیش ئەوەیە هەرکەسێ عەفو بێ لە سزا و ئازاردان لە راستیدا (مستثنی) دەرکراوە لە عومومی ئەو کەسانەی کە هەرەشەکەیان لێ کراوە، جا ئەگەرچی ئیستیسناکە لە رستەکەدا نەوتراوە، بەلام لە عیلمی خودادا هەیە و لە تێکرای کەلامیشدا نیازی کراوە؛ دەلیل لەسەر ئەم ئیستیسنایە ئەوەتە لە گەڵێ ئایەتی قورئاندا لێبووردن و سزادان بە خواستی خواوە پێوەند کراوە وەک ئایەتی (فیغفر لمن یشاء و یعذب من یشاء) [۱۱]

دیارە ئەم پێوەندکردنە دەبێتە نیشانەی ئـەوەی هەرکـەس لـە سـزا عـەفو بکـرێ بـەر عومـوومی هەڕەشەکان ناکەوێت.

بی مانیع هەرگیز (نصوص) لانـەدەی
لە زاهـیر؛ دەشـێ ئیحتیـات بکـەی!
ئەو موددەعیی مەحز مەعنای باتینـە
ئیلحـــاد و کـــوفری تێـــدا کامینـــە
ئەو کەسیچ ئـەوا هـیچ تـێ نـافکرێ،
لە هەموو هەر مەحز زاهیری دەگـرێ
تەشبیهـ و تەجسیم هەڵدەگیرسـێنێ
لـــە زۆر قـــوڕاویتـــردا دەمێنـــێ
قائیـــل بـــە زاهـــیر دەگـــەڵ ئیشـــارە
ئـــەوە ســـەفوەتی دڵـــی دیـــارە
هوەیداس کـەمال وەسـفی عیرفـانی
جیلوەی حەقیقـەت ئەسڵـی ئیمـانی
(طـــوبى لِمـــن فـــاز بـــذی الفضـــائل
هـــم أهـــل الفنـــا والبقـــا الکامـــل)

هووەیدا: ئاشکرا، هووەیداس: ئاشکرایە.

واتە: بە بێ مانیعێکی دیاری و ئاشکرا، دەخیلـت بم، هـەرگیز نەسسـی فـەرموودەی خـودا لـە مەعنا ئاشکراکەی لا نەدەی بۆ مەعنا نائاشکراکەی، چ لە ئایەتەکانی بیر و باوەڕدا و چ لە حـوکم و ئەخلاقدا؛ چونکە فەرموودەی خودا بۆ پێغەمبەران نێردراوە و بە زمانی کۆمەڵەکەی بۆ ئـەوەی بـە ئاسانی وەریبگرن و پەیڕەوی بکەن، دیارە لادانی نەسسی فەرموودەکە لـە مـەعنای ئاشـکرا دژی ئەو مەبەستە بەنرخەیە.

بەڵێ ئەگەر وشەیەکتان دی کە مەعنا ئاشکراکەی لەگەڵ مەعنای ئایەتە (محکم) ەکاندا رێـک نەدەکەوت، ئەوە بە ناچاری پێویستە تەئویل بکرێ و ببرێتەوە سەر مەعنای ئایەتە موحکەمـەکان؛ چونکە خودای گەورە ئایەتە موحکەمەکانی بە (ام الکتاب) واتە سەرچاوە و مەرج داناوە.

بێ‌گومان ئەوکەسە کە دەڵێت: فەرموودەی خودا مەعناکەی پەنهانە و کەس نایزانێ پێشەوای تایبەتی نەبێ ئەو کەسە لە دین لادان و کوفر و ئینکاری راستی لە دڵیدا و لە قسەکەیا شاردراوەتەوە و، مەستی ئەوەیە بەم فڕوفێڵانە خەڵکی لە رێگا لادات و، بە ئارەزووی خۆی مەعنا بۆ کەلامی خودا دابنێت. قورئان و کتێبە خوداییەکان لەفز و مەعنایان ڕووناک و ئاشکرایە؛ بۆیە خەڵک‌لادان لە ڕووناکی بۆ تاریکی ئەنجامی مل‌شکاندن و گومڕایی‌یە.

هەروەها ئەو کەسەیش کە هیچ تێ‌نافکرێ لە واتای ئایەتەکان هەتا بزانێ کام نەسسی فەرموودە زاهیرەکەی مەبەستە و کام نەس زاهیرەکەی مەبەست نییە و، لە هەموو نەسێ هەر مەعنا زاهیرەکەی ئەگرێ، ئەگەرچی دژی ئایەتە موحکەمەکان و عەقڵی عاقڵان بێ، ئەو کەسیشە ئاگری فیتنەی تەشبیهـ و تەجسیم هەڵدەگیرسێنێ، واتە: ئەیەوێ خوا بباتە سەر وێنەی مەخلووقات و (واجب‌الوجود) بخاتە سەر رێ و شوێنی مومکینات، کە ئایەتە موحکەمەکان دژی ئەوەن وەک ئایەتی (لیس کمثله شیء) یا (...لم یلد و لم یولد و لم یکن له کفواً أحد).

بێجگە لەوە ئەگەر لە هەموو ئایەتێکدا مەعنای زاهیر بە دەستەوە بگرێ و نەکەوێتە سەر باری رێک‌خستن و گونجاندن لەگەڵ ئایەتە موحکەمەکان‌دا خۆی لە ناو قوڕ و لیتەی تێک‌چوون و تێکداندا دەبینێتەوە.

ئەو کە بڵێت خودای گەورە دەست و چاو و روخسار و تەنشتی هەیە و تەماشای زاهیری ئایەتەکە بکات ئەبێ دان بەوەدا بنێ کە خوا لە ئاسماندایە و، لە هەمان کاتدا کە لەسەر عەرشە، هەروەها لە زەویدایە و، لە پاڵ هەموو زیندووییێکدا و، لە رەگی بناگوێی ئینسان نزیکترە و، بە راسەری هەموو نەخۆشێکەوە حازرە و، ئینسان روو لە هەر لایەک بکات خودا لەوێدایە، بێ‌گومان ئەوەی لەسەر ئەم رێبازە بڕوات دەکەوێتە گێژی دەریای موستەحیلات و، بە هیچ جۆرێ لە گیروگرفت رزگار نابێت. دیارە لە بەر ئەوەی تووشی مەحاڵ نەبێ پێویستە ئەو ئایەتانە بە جۆرێ لێک بداتەوە کە لەگەڵ ئایەتە موحکەمەکاندا بگونجێ، پێویستە واز لە مەعنای زاهیری بهێنێت.

بەڵێ ئەگەر زانایەکی هوشیار و بەختیاری دڵ و دەروون پاک و پڕ لە نوور ئەو مەعنایەی وەرگرت کە لە زاهیری ئایەتەکە دەردەکەوێت و لەگەڵ ئەوەیشدا حیسابی ئەوەیشی کرد کە ئەو ئایەتە ئیشارەیە بۆ هەندێ مەعنای ناسک و موناسبی وا کە دژی شەرع و ئایین نەبێ[۱۲]، دیارە ئەو زاتە دڵی ساف و نوورانییە و، فام و مەعریفەت داگیری کردووە و پرتەوی تیشکی ئیمان دڵ و سینەی پڕ کردووە. خوزگەم بەو کەسە کە گەیشتووەتە ئەم عیلم و گەورەییە، بێ‌گومان ئەو

جۆرە ئینسانانە لە کۆمەڵی ئەهلی بەقا و فەنان، لەوانەن کە هەموو هێزی ماددییان تابیعی نەفسی (مطمئنە) یانە و، نەفسیان لە ئارەزووبازی و خووی ناپەسەند بە ئێجگاری دوور کەوتووەتەوە و خۆیان کردووەتە قوربانی خۆشنوودیی خودای گەورە، خودایش لەباتی ئەوە حاڵەتی بەقا و (خلود)ی (فی الشهود)ی پێ خەڵات کردوون.

زۆر نزیکە مەبەستی (مەولەوی) لەم (فنا) و (بقا)یە ئەو دوو مەقامە بێت کە لە ناو سۆفییەکاندا باوە و لە سیفەتە دیارییەکانی (مرشد) رابەری (کامل) تەواون، واتە: ئەو زاتە خاوەن ئیشارانە لە ئەهلی فەنا و بەقان و لە دۆستە بێخەوشەکانی خودان و ئیشارەیان جێی بڕوا و متمانەیە.

هەرچی لە ئەحکام شەرعییە داڵە
رەددی لێ مەدە؛ کوفر و زەلالە
موتەشابیهیان سیرڕی ئیلاهین
لە مەعنایاندا مەخلووقات لاهین
بەعزێ ئاگاهی حەق دەدا پێیان
بەعزێ لەو سیرڕە کەشف دەکا لێیان
ئیمان بێرانە تۆ بە گشتییان
بێدەنگ لە مەعنا و لە کەیفییەتیان
هەروەکوو وتمان ئەر دەکەی تەئویل
باز هەم زەریفە ئیجمال یا تەفسیل

ئیمان بێرانە: ئیمان بێنە، باوەڕ بکە. باز هەم: دیسان هەم.

واتە: هەر ئایەتێک لەسەر بەیانی حەزرەت(د.خ) دەلالەت لە حوکمێکی شەرعی بکات دەخیلە رەددی نەکەیتەوە و ئینکاری نەکەیت، چونکە ردەکردنەوەی دەبێتە هۆی کوفر و گومڕاهی.

هەر ئایەتێکیش بە بیر و باوەڕی زانایانی ئایین لە ئایەتە موتەشابیهەکان بێت وەکوو سەرەتای هەندێ لە سوورەتەکان (الم، حم، حم عسق) تاد... بزانن ئەوانە نهێنییەکن لە نهێنییەکانی خودا و هەر ئەو مەعنایان دەردەخات و خەڵقی عادەتی ناتوانن روونی بکەنەوە، مەگەر هەندێ کەسی وەها کە خودای گەورە بە فەیز و ئیحسانی خۆی ئاگاداریان دەکا و هەندێ لەو نهێنیانەیان بۆ روون دەکاتەوە...؛ کەواتە تۆ باوەڕت بێ بە هەموویان، جا یا وەکوو پێشینانی دەروونپاک و کردارچاک بیاندەرە دەس عیلمی خودا و باسی روونکردنەوەی واتاکانیان مەکە و خۆت لە واتا و

چۆنیەتییان بێدەنگ بکە، یا وەکوو زانایانی ئایینی پاش ئەوان تەئویلیان بکە و، بە هێزی دەلیلی رووناکی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر بیانخەرە سەر مەعنایەکی راستی وەها کە لەگەڵ کرۆکی ئایبندا بگونجێت.

لـە بـەعزێ ئایـات ئـەو کتێبانـدا
لە لەفز یا لە حوکم یا لە هەردوانـدا
بۆ خاتری چەند فائیدە و حیکمەت
نەسـخ جـائیزە و واقیعـە ئەڵـبەت
بە یەقین لە جـەمع بـاقی کتێبـان
وەجهی ئیمتیـاز بـۆ قورئـان بـزان
ناسیخە بۆ گشت؛ تێیدایـە یـەقین
عیلمی ئەووەلین عیلمی ئـاخیرین

واتە: هەندێ ئایەتی ئەو کتێبانە کە خودای گەورە ناردوونی بۆ پێغەمبـەران(د.خ) بـە تایبـەتی هەندێ ئایەتی قورئـانی پـیرۆز نەسـخی هەنـدێ ئایـەتی تـر دەکەنـەوە، لەبـەر چەنـد فائیـدە و حیکمەتێک.

شایانی زانینە (نسخ) لە زمانی عەرەبدا واتـە: لابـردنی شـتێک و، لـە عـورفی زانسـتی (اصـول فقە)دا واتە: لابردنی حوکمێکی ئایینی کە بە قسەی (شـارع) یـەعنی خـودا سـابت بووبـێ چ بـە خیتابی شاریع خۆی یا خیتابی پێغەمبەر(د.خ) واتە حەدیس، ئیتر ناسیخ و مەنسووخ نەس بن یـا خۆ لە مەفهوومی موافیق یا مەفهوومی موخالیف بن. بەڵێ لەمەوە کە باسمـان کـرد دەردەکـەوێ کە نەسخ بە چوار شت دێتە جێ و چوار گۆشەی هەیە: نەسخ، ناسـیخ، مەنسـووخ، منسـوخ عنـە. دیارە نەسخ لابردنی حوکمە شەرعییە پێشووەکەیە بە دەلیلێ کە ببێتە هۆی لابردنی ئەو حوکمـە و دانانی حوکمێکی تر لـە شـوێنیدا. ناسـیخ ئـەو دەلیلەیـە کـە حوکمـە پێشـووەکە لا دەبـات و حوکمێکی تازەی لە جێگەدا دادەنێ.

مەنسووخ حوکمە پێشووەکەیە کە بە شەرع جێگیر و سابت بووبـوو. (منسـوخ عنـە) یـش ئـەو ئینسانە موکەللەفەیە کە حوکمە پێشووەکەی لەسەر هەڵگیراوە.

نەسخ چوار مەرجی هەیە:

یەکەم: ئەبێ مەنسووخەکە حوکمی شەرعی بێ نەک حوکمی عەقڵی وەکوو بەرائەتی ئەسڵی[١٣].

دووەم: ئەبێ نەسخەکە بە خیتاب بێ، واتە: نەمانی حوکم بە هۆی مردنی موکەللەفەکەوە نەسخ نییە.

سێهەم: ئەوەیە کە حوکمە مەنسووخەکە لە کاتی خۆیا نەبەسترابێ بە کاتێکەوە کە ئەو کاتە هات حوکمەکە نەمێنێ وەکو ئایەتی (و أتموا الصیام الی اللیل) کە ئەوە دەگەیەنێت رۆژوو لە سەرەتای بەیانەوەیە تا شەو.

چوارەم: ئەبێ ئەو دەلیلە کە نەسخی حوکمە پێشووەکەی کردووە لە حوکمە مەنسووخەکە دواکەوتبێ.

هەروەها شایانی زانینە لەو ئایەتانەدا کە حوکم دەگەیەنن وا ئەبێ خوێندنەوەی نەسخ بووەتەوە و حوکمەکەی ماوە. وایش دەبێ حوکمەکەی نەسخ دەبێتەوە، بەڵام هێشتا هەر دەخوێنرێتەوە، جاری وەهایش هەیە کە حوکمیش و خوێندنەوەیش نەسخ دەبنەوە.

نموونەی یەکەم: وەک نەسخی ئایەتی رەجم «والشیخ والشیخة اذا زنیا فارجموهما البتة» ئێستە ئەم ئایەتە لە قورئانا نییە و ناخوێنرێتەوە، بەڵام لە دیندا حوکمەکەی ماوە.

نموونەی دووەم: وەک نەسخی ئایەتی (کتب علیکم اذا حضر أحدکم الموت إن ترک خیراً الصیة للوالدین والأقربین بالمعروف حقاً علی المتقین)[١٤] بە ئایەتەکانی ئیرس لە سوورەتی (نساء) دا، یا وەک نەسخبوونەوەی ئەو ئایەتەی دەفەرموێ ژن لە پاش مردنی مێردەکەی دەبێ ساڵێکی تەواو بمێنێتەوە، واتە دوای ئەوە ئەتوانێ شووبکات، بەو ئایەتەی دەفەرموێ ئەو مێردانەی دەمردن ژنەکانیان چوار مانگ و دە رۆژ بمێننەوە، ئەوسا شووبکەن.

نموونەی سێهەم: کە خوێندنەوە و حوکم هەردوو نەسخ کرابنەوە، وەک ئەوەی کە مەشهوورە و لە حەزرەتی عایشەوە دەیگێڕنەوە کە فەرموویەتی: «أنزل فی‌القرآن (عشر رضعات معلومات) فنسخ من ذلک خمس و صار الی (خمس رضعات معلومات)، فتوفّیَ رسول‌الله(ص)، والأمر علی ذلک»[١٥].

ئێستە ئایەتی تەئسیری دە جار شیرخواردن لەفز و خوێندنەوە و حوکمی هیچ کامیان نەماون.

هۆ و مەبەست لەم نەسخەیش چاودێریی بەردەوامیی شەریعەتی خودا و چاودێریی قازانج و بەرژەوەندی خەڵکە.

ئەبێ ئەوەیش بزانین کە نەسخ لە بیر و باوەڕە سەرەکییەکانی ئایینذا نەبووە و نابێت.

واتە: هەموو پێغەمبەران لە باوەڕ بە خودا و فریشتە و پێغەمبەرانی خودا و کتێبەکانی خودا و ڕۆژی قیامەت و قەزاوقەدەردا هەموو یەکن و بێخیلافن و هیچ دینێک یەکێ لەم شتانەی دینێکی تری نەسخ نەکردووەتەوە؛ بەڵام دەسکاری حوکمە فەرعییەکانی کردووە و لێی لابردوون یا لێی زیاد کردوون یا هەر بە تەواوی نەیهێشتوون، وەکوو چۆن قورئانی پیرۆز گەلێ لە ئەحکامی دینە پێشووەکانی لابردووە. هەروەها ئەبێ ئەوەیش بزانین کە قورئان و ئەحکامی قورئان بە هیچ دینێکی تر نەسخ نابنەوە و لە پاش دینی ئیسلام دینێکی تازە پەیدا نابێ. دینی ئیسلام و قورئان هەموو دین و کتیبە پێشووەکانیان نەسخ کردووە و قورئانی پیرۆز عیلمی ئەووەلین و ئاخیرینی تێدایە.

گشتی شەوی قەدر مانگی رەمەزان
لە لەوح هاتووەتە ئەووەڵ ئاسمان
لەودووا بە وەفق مەسلەحەتی حاڵ
نازڵ بوو وەخت بە بیست و سێ ساڵ
ساحیبی ئایات موفەسسەلاتە
بوزورگترینی گشت موعجیزاتە
ئەم تەرتیبە وا ئێستە مەلحووزە
بە وەفقی تەرتیب (لوح المحفوظ)ە
بشنەو ئەگەر هەی بە دەلیل مائیل
نەقلی حەزرەتی عوسمان و سائیل
بەوتەورە بووگە لە عەهدی حەزرەت
هەر هەیە و دەوێ تا بە قیامەت
بە بێ تەحریف و زیادە و نوقسان
بێ سەهو و غەلەت تەغییر و نیسیان

واتە: هەموو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز یەکەم جار لە ڕووی (لوح المحفوظ) نوسراوە وەک خودا فەرموویەتی: (بل هو قرآن مجید فی لوح محفوظ) [١٦] وەک کتێبەکانی تری خودا لەوێدا نووسراون. ئەمجا هەمووی قورئان بە فەرمانی خودا لە شەوی قەدرا کە شەوێکی پیرۆزە لە مانگی

ڕەمەزان لە (لوح المحفوظ) وەرگیراوە، هێنراوە بۆ ئاسمانی یەکەم لە شوێنێکدا کە مەشهوورە بە (بیت العزّة) دانراوە. دوای ئەوە بە فەرمانی خودا حەزرەتی جیبرەئیل کە ئەمینی وەحیە لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا بە پێی پێویست لە (بیت العزّە) وەریگرتووە و هێناویەتیە خوار و بەسەر حەزرەتی (محمد المصطفی) دا(د.خ) خوێندوویەتیەوە، ئەویش بە دڵ و هۆش و ئیختیار وەریگرتووە و تێی گەیشتووە، لە پاش تەواوبوونی وەحیەکە، کە حەزرەت گەڕاوەتەوە بۆ حاڵی عادەتی، ئایەت بە ئایەت بەسەر هاوڕێکانیدا خوێندوویەتیەوە، ئەو نووسەرانەیش کە حازر بوون نووسیویانەتەوە بۆ حەزرەت و بۆ خۆیشیان، هاوڕێکانی تری پێغەمبەریش فێری بوون و هەندێکیان لەبەریان کردووە، بەمجۆرە تا هەموو قورئان هاتووەتە خوارەوە. حەزرەتی جیبرەئیل کەمێ جار لەسەر شێوەی خۆی هاتووە بۆ لای حەزرەت و بە چاو دیویەتی و خەڵک نەیاندیوە، جار جار دەنگێ هاتووەتە گوێی حەزرەت وەک زڕەی زەنگ، تەنها حەزرەت بیستوویە و کەسی تر نەیبیستووە، دوابەدوای ئەو دەنگە قورئانی بەسەرا خوێندووەتەوە.

جاری واش بوە لە شێوەی کوڕێکی سیماپاکی عەرەبدا کە ناوی (دحیە) بووە خۆی بە حەزرەت پیشان داوە و قورئانی بەسەردا خوێندووە.

یەکەم ئایەت لە قورئان کە هاتووە بۆ پێغەمبەر ئایەتەکانی سەرەتای سوورەتی عەلەقن (بسم الله الرحمن الرحیم * إقرأ باسم ربک الذی خلق * خلق الانسان من علق * إقرأ و ربک الأکرم * الذی علّم بالقلم * علّم الانسان ما لم یعلم) ئەمەش لە [17]ی مانگی ڕەمەزاندا لە ئەشکەوتی (حراء)دا بوو، هەروەها دوا ئایەتیش کە بۆ پێغەمبەر نێردرا ئایەتی (الیوم اکملت لکم دینکم و اتممتُ علیکم نعمتی و رضیت لکم الاسلام دینا) [17] بوو، کە لە ڕۆژی عەرەفە لە سەفەری (حجة الوداع)دا بۆی هات. هەندێ کەسیش دەڵێن دوا ئایەت ئایەتی (واتقوا یوماً ترجعون فیه الی الله ثمّ توفّی کل نفس ما کسبت و هم لا یظلمون)ە [18]، کە لە مەدینەی مونەووەرەدا کەمێک لە پێش وەفاتیدا بۆی هاتووە.

هەر بەم تەرتیبە کە ئێستە هەیە حەزرەت وەها بڕیاریداوە؛ چونکە بە هۆی نازڵبوونی «بسم الله الرحمن الرحیم»وە حەزرەت ئاگادار بووە لەوە کە ئەمە سوورەتێکی تایبەتییە و پارچەیەکی ترە لە ئایەتەکانی خودا و، حەزرەتی جیبرەئیل عەرزی کردووە ئەم ئایەتە بەستراوە بە فلانە ئایەتەوە و بەو جۆرە ئەسحابەکانی فێر کردووە.

لەم بەیانەوە دەرکەوت کە تەرتیبی قورئانی مەجید لە پێشکەوتنی سوورەت لەسەر سوورەت و ئایەت لەسەر ئایەت هەمووی بە فەرمانی حەزرەت بووە، هەر چەند زۆربەی سوورەتە گەورەکان کە وان لە پێشەوە لە مەدینە نازڵ بوون، بەلام ئەم تەرتیبە موافیقی فەرمانی حەزرەتە(د.خ).

هەندێ دەڵێن تەرتیبی سوورەتەکان بە ئیجتیهادی هاوڕێکانی پێغەمبەر بووە، بەلام ئەم رایە راست نییە، تەنانەت ئەگەر ئەوانیش وەها ریزیان کردبێ لەسەر فەرمانی حەزرەت کردوویانە، دەلیلی ئەمە ئەوەیە یەکەم جار کە حەزرەتی ئەبووبەکر؛ خودای لێ رازی بێ؛ ئەمری فەرموو قورئان کۆ بکەنەوە هەتا هیچ ئایەتێ لە قورئان نەفەوتێ، بۆ ئەم مەبەستە ئەمری فەرموو بە زەیدی کوڕی سابت؛ کە نووسەری وەحی بوو و لای حەزرەت خۆشەویست بوو و ساڵێ پێش وەفاتی حەزرەت دوو جار تەواوی قورئانی پیرۆزی بۆ حەزرەت خوێندبۆوە و حەزرەت تەقریری کردبوو پێی رازی بوو؛ لەبەر رووناکیی ئەو نووسراوانەی کە لای زەید بوون قورئان کۆکرایەوە و، ئەم تەرتیبەیش موافیقی تەرتیبی (لوح المحفوظ)ە.

وا مەشهوورە یەکێ لە حەزرەتی عوسمانی پرسی (ر.خ): بۆچی سوورەتی ئیخلاست لە دوای سوورەتی (لهب) ەوە نووسیوە؟ حەزرەتی عوسمان دەستێکی هێنا بە چاوی کابرادا، لەم کاتەدا کابرا دی کە لە (لوح المحفوظ) یشدا بەو تەرتیبە نووسراوە.

بە هەر حاڵ هاوڕێ سەربەرزەکانی پێغەمبەر(د.خ) لەم کۆکردنەوەی قورئانە ئاگادار بوون، هەر بەو جۆرە کە بووە و ئێستە هەیە هەتا رۆژی قیامەت ئەم قورئانی پیرۆزە دەمێنیتەوە؛ خودا فەرموویەتی: (انا نحن نزلنا الذكر و انا له لحافظون) [19]. هەرگیز خودای گەورە ماوەی بە هیچ سەرکەش و بێباوەڕێک نەداوە کە قورئان بگۆڕێ و، لێی کەم بکات یا لێی زیاد بکات! ئەمەش تایبەتیی گەورەیی ئایینی حەزرەتی (محمد المصطفى) یە، درووودی خودای لەسەر.

تەمام ئینس و جین مەلەک بەو دوستوور
ئیجماع کەن میسلی نایەرنە زوهوور
هەموو فوسەحا و بولەغای عەرەب
ساحیب فەساحە و بەلاغەی عەجەب
وەک ئایەتێکیان نەدا ئەو بیروون
لە موعارەزەی هەموو عاجز بوون

ئـــەم عاجزیچـــە بـــەوان مولحەقـــە
بـــە مـــەحزی تەئسـیر قـودرەتی حەقـە
یـــا بـــەم ســـەبەبە کـــە ڕۆیگەســـە دەر
روتبـــەی بەلاغـــەی لـــە تـــەوقی بەشـــەر
یـــا ســـیاقەکەی یەکســـان غەریبـــە
نـــەوعێکی بـــێمیسـل یـــەکجار عەجیبـــە
با وجوود تەرکیبی لـە حـەرفی هیجـاس
مـاددەی تـەرکیبی قسـەی بولـەغاس
نە نەزم و نـە نەسـر، نـە وەک سـەجعانە
نـە تـەرزی رەجـەز، ئینسـان حەیرانـە
لابـــە عەقیـــدەی کـــافری بـــێپـــیر
(و قـــل إنـــه بشـــيرٌ نـــذير)
(قـــولٌ مـــن الحـــق فرقـــانٌ و فَصـــل
لا قـــولُ کـــاهن، لا شِـــعرٌ، لا هَـــزل)
(لا تقـــــــــوُّلٌ، وَ لا أســـــــــاطیر
بلـــل للعـــالمین هـــدیً و تـــذکیر)

نایەرنە: ناهێننە. نەدا ئەو بیروون: دەڕنەبڕی، دەرنەخست. ڕۆیگەسەدەر: دەرچووە. هیجـاس: هیجایە، دیارە هیجا یا حوروفی هیجا. واتە: پیتەکانی ئەلیف، بێ... تاد. بولەغا: جـەمعی بەلیغـە، واتە: رەوانبێژەکان. رەجەز: جۆرە شیعرێکە، لەسەر سەنگی شەش کەڕەت (مستفعلن).

واتە: ئەگەر هەموو ئادەمزاد و پەری و فریشتە کۆ ببنەوە ناتوانن کەلامێکی وەها دابنێن. هەموو ئەدیب و قسەزان و هەستیاران و خوێندەوارانی عەرەب سەرانسەر نـەیانتوانی نـەک وەک هـەموو قورئانی پیرۆز، بەڵکو بە ئەندازەی سوورەتێکی، بگرە بە ئەندازەی [١٠] ئایەتی یـا یـەک سـوورەتی کەمتر لە ئایەتێکی درێژ دابنێن و، بەرامبەریی پێ بکەن لەگـەڵ قورئـانی پـیرۆزدا. ئەگـەر پێیـان بکرایە ئەیانکرد و لە جیهاندا بڵاویان دەکردەوە و دۆست و دوژمن پێی دەزانی؛ هـەر لەبـەر ئەمـە بوو وازیانهێنا و کۆڵیاندا لە بەربەرەکانێی قورئان بە وتار و پەنایان بردە بـەر جـەنگ و سـزادان و

ئازار، دیارە دوژمن کە بـە زانسـت و ئـەدەب دەرەقـەتی بەرامبەرەکـەی نـەهات دەسـت دەداتـە گێرەشێوێنی و ئاژاوە و بێشەرمی‌کردن لەگەڵیا.

زانا پایەبەرزەکان لە باسی ئیعجازی قورئاندا فەرموویانە: یا ئەم قورئانە لە رادەیەکدایە دەتوانرێ بەرامبەری بکرێ، بەڵام خوا دەستی دوژمنەکانی بەستووە و رێی‌لێ‌گرتوون، ئـەم شـێوە (سـەرفە) یە، واتە: خودای گەورە لە پێناوی دەرخستنی پایەی قورئاندا لای‌داون و رێی‌لـێ‌گرتـوون ئـەوەی ئەتوانن بیکەن، وەکوو من لە کتێبی (بارانی رەحمەت)دا وتوومە:

میسالی وایە بـە قـووەی قودسـی
نەیەڵێت کەسێ وەرگێرێ دەسـی

یاخۆ قورئانی پیرۆز لە وزە و توانای پیاوە بەرزەکان دەرچووە، بۆیە بەربەرەکانێیان پێ نـاکرێ و ناتوانن وێنەی دابنێن، لەم بارەیاندا چەند شتێکی ورد دەرخراوە:

یەکەم: قورئانی پیرۆز ئەوەندە نهێنی و نوکتەی بەلاغەی تێدایە کەس ناتوانێ ئەوەندە نوکتە و وردەکاریی رەوان‌بێژی بخاتە وتاری خۆیەوە. ئەم راستییە بۆ ئەو زانایانە دەرئەکەوێ کـە زانسـتی رەوان‌بێژی دەزانن. بێ‌گومان سوودی خوێندن و فێربوونی ئـەم زانسـتە ئەوەتـە کـە بـە هۆیـەوە دەزانرێ قورئانی پیرۆز ئەوەندە بەلیغە لە توانای غەیری خودادا نییە چەشنی بلێ.

بەڵێ ماددەی ئەلیف و بێ کە وشەی لـێ پێـک دەهێنـرێ لای مـرۆی سـاغ و سـەلیم هەیـە، دەتوانێ هەزاران وشە و رستە بهۆنێتەوە، بەڵام هـەرگیز ناتوانـێ وتـارێکی بـەرزی وەک قورئـانی پیرۆز رێک بخات.

دووەم: شێوەی تێکەڵیی وشە و رستە و ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان لە شێوەی تێکەڵیی وشـە و رستەی ئەهلی جیهان نییە و لایان غەریبە و بەرامبەرییان پێ ناکرێ.

سێهەم: قورئانی پیرۆز گەلێ ئومووری غەیبی و نادیاری دەربڕیوە کە لەمـەوپێش بـوون وەکـو سەرگوزەشـتەی عـاد و سـەموود یـا نـووح و پێغەمبـەرەکانی تـر، یـان هێرشـی رۆم بـۆ سـەر دوژمنەکانیان و، گەلێ کارەساتی تر. بێ‌گومان زانینی شتی پەنامەکیی وەهـا لـە توانـای غـەیری خودای گەورەدا نییە و بۆیان دەرنابڕدرێ.

چوارەم: قورئانی پیرۆز گەلێ لە پەنامەکییەکانی کار و باری ئاسمانی و ئەستێرە و هەڵسووڕانی ئەستێرە گەڕۆکەکان و دەرەقەت نەهاتنی شەپۆلەکانی (ئەسیر) بە هێـزی خـودایی و، چۆنییـەتی پێوەند (تەلقیح) کردنی گیا و دار و درەخت بەهۆی با و هەوا و گەلێ پەنامەکیی تری دەرخستووە

کە سالەهای سالّ زانایان پێی نەگەیشتوون و نەیاندۆزیوەتەوە. بێ‌گومـان شـتی وەهـا لـە توانـای غەیری خودادا نییە.

پێنجەم: ئەوەتە هەر زانایەکی پایەبەرز ئەبینی تەنها لە بابەتێکدا دەستی هەیە، بـەلام قورئـانی پیرۆز مەدح و زەم و موژدە و هەرەشـە و، کاروبـاری بەڕێوەبەرایـەتی و راویـژ و یاسـا و کاروبـاری دارایی و دلّی خزم راگرتن و خۆش‌ویستنی خەلّق و خوو و رەوشـتی بـەرز و ئامۆژگـاری و روون کردنەوە و باس‌کردنی هۆیەکانی بەختەوەری و روو لە رەزای خودا و شتی بەنرخ و نەبڕاوە و گەلێ شتی تری تێدایە.

شەشەم: هەر وتارێکی بـەرز و جـوان ئـەبینی، چ شـیعر و چ پەخشـان هـەموو بـە موبالەغـە و زیادەڕەوی جوان کراوە، بەلام قورئانی پیرۆز بێ موبالەغەیە و بە شێوەیەکی عـادەتی باسـی شـتە جۆراوجۆرەکان دەکات، کەچی لە رەوان‌بێژی و پلەی جوانی‌دا ئەوپـەڕی گرتـووە، دیـارە کـەلامێ وەها بێ کەلامی خودایە و هی غەیری ئەو نییە؛ بۆیە کەس ناتوانێ وێنـەی دابنێـت و بەرامبـەریی قورئانی پێ بکات.

حەوتەم: قورئان بە رادەیەک کار دەکاتە سەر هۆش و هەسـتی مـرۆڤ و دەیخاتـە جیهـانێکی ویجدانی و غەیبییەوە کە بە دەم باس ناکرێت، دیارە ئەم حالّە لە جیهـانی غەیبـەوە و لـە لایـەن خوداوە دێت.

پاش هەموو شت ئینسانێکی نەخوێنەوار، بەتایبەتی لە ولاتێکی دوور لـە شارسـتانی و دوور لـە دەرس و تەعلیم چـۆن دەتوانـێ کـەلامێکی وەک قورئـانی پـیرۆز دابنـێ کـە لـە مـاوەی چەنـد سەدەیەکدا زانایان لە دەرخستنی نهێنییەکانیدا سەرسام بن.

کەواتە ئەی برادەری ئاشنا بە رۆشنایی عەقڵ دوور بکەوەرەوە لە بیروڕای بێ‌نرخی کافری بـێ-رابەر و، بلّێ ئەم کەلامە موژدەدەرە بە هوشیاری بەختیار، ترسێنەر و هەڕەشـەکەرە لـە تاوانبـاری بەدکار، نە بە درۆ دانراوە، نە ئەفسانە و قسەی پروپووچ بێ‌میزانە، رابەر و رێ‌پیشاندەرە بۆ جیهـان، واتەیێکی پیرۆز و راستە هەق و ناهەق لە یەک جیا ئەکاتەوە، قسـەی کاهینـە ریـازەت‌کێشـەکان نییە، شیعری هەوەس‌بازان نییـە، گـەپ و گالّـتە نییـە، بەلّـکو رەحمـەت و حیکمەتـە و مایـەی پیرۆزیی و بەختیارییە.

***

١ـ ئەم سەرباسە لە دەستنووسەکەدا نییە، لەباتی ئەمە تەنها نەخش و نیگاریّ هەیە کە باسێک لە باسێکی تر جیا دەکاتەوە.

٢ـ ئایەتی (٢٤) سوورەتی (فاطر).

٣ـ ئایەتی (٧٨) سوورەتی (غافر).

٤ـ «یا یەعنی» بە پێی شێوەنووسی دەستنووسەکەیە، چاپەکە دەڵێ: «یا بەعزیّ» بێ‌گومان هی دەستنووسەکە راستە. وشەی «خۆ» یش لەوانەیە لەگەڵ (یا) کەدا بووبێ، واتە یا خۆ یەعنی عاسی موستەحەقی عەزابە... تاد. یا کورت‌کراوە (خۆی) بێ واتە: یا یەعنی عاسی خۆی موستەحەقە... تاد. یا خۆ کورت‌کراوەی (خود)ە و لەگەڵ (موستەحەقە)دا وشەیەک پێک‌دێنن؛ واتە: یا یەعنی عاسی خود موستەحەقە... تاد.

٥ـ ئایەتی (٣٢) سوورەتی (مائدە).

٦ـ ئایەتی (١١٤) سوورەتی (هود).

٧ـ ئایەتی (٧٠) سوورەتی (فرقان).

٨ـ مختصر صحیح مسلم للحافظ المنذری، تحقیق محمد ناصرالدین الالبانی. الدار الکویتیة للطباعة والنشر، الطبعة الأولی ١٣٨٨ هـ ـ ١٩٦٩ م الجزء الاول ص ١٤٦.

٩ـ ئایەتی (٢٨٤) سوورەتی (بقرە).

١٠ـ ئایەتی (٤٨) سوورەتی (نساء).

١١ـ ئایەتی (٢٨٤) سوورەتی (بقرە).

١٢ـ وەک لە مەعنای «ان الملوک اذا دخلوا قریة أفسدوها... الآیة» بێجگە مەعنا دیارەکەی بڵێت مەبەس لە (ملوک) هێزی شەڕ و ئارەزووی نەفسە و مەبەس لە (قریة) دەروونی مرۆڤە.

١٣ـ مرۆڤ پێش هاتنی شەریعەت موکەللەف نییە، کە شەریعەت هات و بێ‌تەکلیفییەکەی گۆری بە موکەللەفی، ئەم گۆڕینە نەسخ نییە.

١٤ـ ئایەتی (١٨٠) سوورەتی (بقرە).

١٥ـ الجامع الصحیح، و هو سنن الترمذی، الجزء الثالث ص ٤٥٦ تحقیق محمد فؤاد عبدالباقی، مطبعة مصطفی البابی الحلبی و أولادە بمصر، سنة ١٣٧٧ هـ ـ ١٩٥٨ م.

١٦ـ ئایەتی (٢٢ـ٢١) سوورەتی (بروج).

١٧ـ ئایەتی (٣) سوورەتی (مائدە).

١٨ـ ئایەتی (٢٨١) سوورەتی (بقرە).

١٩ـ ئایەتی (٩) سوورەتی (حجر).



مبحث فی تحقیق کلام الله تعالی [1]

ئەگــەر تــۆ بڵــێی: تــەنزیل و ئــیتراڵ،
موعــارەزە و نەسـخ، مــازی و ئیســتیقباڵ،
لەبـــــەرکردنیان، تیلاوەتیـــــان،
شــــــنەفتنیان، کیتابـــــــەتیان
گشت لەسـەر حـودووس وەجهـی قـەویمن
تــۆ چلــۆن دەڵــێی: کــەلام قــەدیمن؟
ئــەرچی تــەقریری زووتــر کریاگــە،
سـاحیب دەرک و هـۆش جـواو دریاگـە[2]
ئــەمما تــەرزێ‌تــر تێرینــە ئەبــەین
بـۆ تـۆ (تفصـیلاً) تـەحقیقی دەکـەین:[3]
دەڵـێین ئەگـەرچی هـیچ سـیفاتی حـەق
بـە سـیفەت مـەخلووق ناشـوبهێ موتڵـەق
بەڵـــێ لـــە لای خـــەلق تەحقیقمانـــە
نموونـــەیان هـــەس، ئـــەو نموونانـــە
بــۆ ســیفاتی حــەق رێ دەدەن پێمــان
بـە (وجـەُمّـا) یـێ مـەعلووم بـن لێمـان
تـۆ هەرگاهـ بکـەی قەسـدی کـەلامێ،
خەبــەرێ، ئــەمرێ، یــا ئیســتیفهامێ

مـــەعنایێک هەیــە ویجـــدانی لـــە لات
غـــەیری عیلمتـــە و ســـائیری ســـیفات
بـــە ئـــەلفازی خـــۆت تـــەعبیری دەدەی
لەگوێی سـامیعدا و زیهـنی جێـی دەکـەی
بـــەو مـــەعنا دەڵـــێن: کـــەلامی نەفســـی
نـــە عەرەبییـــە و نـــە کـــوردی و فارســـی
بەسـیتە و واحیـد، نـە کـەم، نـە کەسـیر
قائیمـــە بـــە زات تـــۆوە بـــێ‌تـــەغییر
ئـــەمیچیان کـــەلام تۆیـــە و لەفزییـــە
موتەعەددیـــــــدە و موتەجەززییـــــــە
موختـــەلیف دەوێ، بەڵـــێ بـــێ‌گومـــان
دەلالـــەت دەکـــا لـــەو مـــەعنا وتمـــان
بـێ‌تەشبیهــ کـەلام نەفسـی حـەق واتـە
غـــەیری عیلمیـــە و بـــاقی ســـیفاتە
غـــەیرە مەخلووقـــە و بەســـیت و قـــائیم
بـــە زاتی حـــەق و، قـــەدیم و دائـــیم
مونـــافیی لالـــی و ســـکووت و ئافـــەت
پاک لە حەرف و سەوت، بەری لە کەسرەت
نـــە عەرەبییـــە و، نـــە ســـوریانییە
نـــە یۆنانییـــە و، نـــە عیبرانییـــە
لـــە لـــەوازیمات حـــادیس بەرییـــە
لـــە هـــیچ شـــەیئێدا حولـــوولی نییـــە
بـەو سـیفەتە حـەق بـێ‌حـودوود و حـەد
موتەکەللیمـــە ئـــەزەل تـــا ئەبـــەد

بــەری لــە وەسمــەت ســکووتی ســابیق
عــەری لــە توهمــەت خامۆشــیی لاحیــق

شنەفتنیان: بیستنیان. کریاگە: کـراوە. دریاگـە: دراوە. بەڵـێ لـە لای خـەلق: لـە پـەراوێزی دەستنووسەکەدا لەسەر «بەڵێ» نووسیویە: «ای لکن». واتە: بەڵام.

واتە: ئەگەر بە شێوەی ڕەخنەگرتن بڵێیت سیفەتی تەنزیل و ئیترال و موعارەزە کردن و نەسخ و ناسیخ و مەنسووخ، باسی ڕابوردوو و ئیستە و لەمەوپاش، لەبـەرکردن و خوێندنـەوە و بیسـتن و نووسینەوە بەڵگەن لەسەر ئەوە کـە ئـەم کـەلامی خودایـە حادیسـە، کەواتـە تـۆ چـۆن دەڵـێیت قەدیمە؟

لە وەلامی ئەم ڕەخنەدا دەڵێم ئەگەرچی زووتر بۆم باس کـردی و کـەلامی قـەدیم و حادیسـم جیاکردەوە، بەڵام لێرەدا بە جۆرێکی تر قسەت لەگەڵ دەکەم تا باش تێبگەیت. ئەڵێم ئەگـەرچی سیفەتەکانی خودای گەورە ناشوبهێنە سیفەتەکانی خەلـق، بـەلام لای ئێمـە نموونـەیێ بـۆ ئـەو سیفەتانە هەیە شارەزامان دەکات و دەمانخاتە سەر ڕێگای جیاکردنەوەی سیفەتەکانی خـودا. بـۆ نموونە تۆ هەر کاتێ ویستت کەلامێ دابنێیت، خەبەری بێ یـا ئـەمر یـا ئیسـتیفهام، مەعنایـەکی ویجدانی وا هەیە لە لات، ئەگەر بە وردی لێـی تێفکـری، ئـەزانی نـە حەیاتـە، نـە عیلمـە، نـە لـە سیفەتەکانی ترتە، بە قسە و وشە و ڕەستەکانت ڕایاندەگەیـەنیت و بـە خەڵـقیان دەڵـێیت و، لـە گوێچکەی شنەوادا جێی دەکەیتەوە، ئەو مەعنا و سیفەتە کە هەستی پێ دەکەیت نـاوی کـەلامی نەفسییە، نە عەرەبییە و نە کوردی و فارسی، وەسفێکی بەسیتە پێی ناوترێ کەم یـا زۆر، بـە تـۆوە ڕاوەستاوە. ئەو وتارەیش ئەو ڕستە و وشانەیش کە ئەو مەعنایەی پێ دەردەبڕی، کەلامی لەفزییە، دیارە ئەم کەلامە لەفزییەیش فرەبەشە: ئیخبارە، ئینشایە، ئینشاکەی ئەمرە، نەهیـە، ئیسـتیفهامە، تەعەجوبە، نیدایە. ئەم بەشانە دەلالەت لەسەر مەعنا ویجدانییەکان دەکەن.

ئەمانــە نیشــانەن، ئــەوان نیشــانەکەرن، واتــە: ئــەم کەلامــە لەفزییــە ئەســەرێکی لــە کەلامــە نەفسییەکەوە پەیدا ئەبێ وەک دووکەڵ لە ئاگر، ئەم جۆرە دەلالەتە پێی دەڵێن دەلالـەتی عەقلـی و هیچ گومانی تیدا نییە.

جا (بلاتشبیە) کەلامی نەفسی خودای گەورە ئەویش سـیفەتێکی نەفسـییە غـەیری حـەیات و عیلم و ئیرادە و قودرەت و سەمع و بەسەر، مەخلووق و حادیس نییە، بەڵکو قەدیمـە و بەسـیتە و

بە زاتی خواوە راوەستاوە و دژی لاڵی و بێدەنگیی نەفسییە، واتە: بێکەلامی. پاکـە لـە حـەرف و دەنگ، دوورە لە زۆری و کەمی، نە عەرەبییە، نە عیبرییە، نە سـوریانییە. دوورە لـەو شـتانەی کـە پێوەندییان بە (حدوث) ەوە هەیە، بێئەندازە و سنوورە. خودا لە ئەزەلەوە هەتا ئەبەد بەو کەلامـە موتەکەللیمە و بێدەنگی پێش و پاشی نەکەوتووە؛ چونکە سیفەتی لازمی زاتە، ئـەو کەلامانـەیش کە لەو سیفەتە نەفسییەوە پەیدا دەبن ناویان کەلامی لەفزییـە و بەشـی زۆری هەیـە. بـەمجـۆرە کەلامی نەفسی لە کەلامی لەفزی جیا بکەرەوە.

ئەنجا با باسی جیاوازیی کەلامی نەفسی و سیفەتەکانی تر بکەین:

جیاوازیی کەلامی نەفسی لە حەیات و سەمع و بەسەر ئاشـکرایە و پێویسـتی بـە دەلیـل نییـە؛ بەڵام جیاوازیی لەگـەڵ عیلمـی تەسـەووریدا لەبـەر ئەوەیـە ئـەو کەسـەی شـک و گومـانی لـە نیسبەتێکدا هەبێ تەسەووری نیسبەتەکە دەکات، کەچی کـەلامی نەفسـییەکەی لـە لا نییـە کـە نەیەوێ خەبەر لەو نیسبەتە بدات، واتە ئەگەر ئەو عیلمە تەسەوورییە کەلامی نەفسی بوایـە دەبـوا کە مادام تەسەوورەکەی بوو ئیخباری بەو نیسبەتەیش ببوایە کەچی وەها نییە.

دەلیلی ئەوەیش کە ئەو کەلامە نەفسییە عیلمی تەسدیقی یـەقینی نییـە ئەوەتـە کـە زۆرجـار ئینسان خەبەر لە نیسبەتێ دەدات کەچی یەقینی پێی نییـە بگـرە یـەقینی بـە پێچەوانـەی ئـەو نیسبەتە هەیە.

دیارە عیلمی تەسدیقیی تریش نییە وەک زەننی، تەقلیدی، جەهلی مورەککـەب؛ چونکـە ئـەم جۆرە عیلمانە بۆ خودای گەورە ناشێ و مەحالە.

هەروەها کەلامی نەفسی (ئیرادە) نییە؛ چونکە:

یەکەم: ئیرادە بۆ دیاریکردنی (احد المقدورین)ە و، پێوەنـدی بـە کـاری ئێسـتە و لەمـەوپاش (حال و استقبال) ەوە هەیە، بەڵام کەلام پێوەندی بە رابوردوو و ئێستە و لەمەوپاشـەوە هەیـە، بـە شتێکەوە کە ببێ یا نەبێ یا هەر مەحاڵ بێ.

دووەم: ئیرادە بۆ ئەوەیە مومکینێک دەسنیشان و تەخسیس بکات بە بوونەوە، بـەڵام کـەلامی نەفسی پێوەندی نییە بەم دەسنیشـان و تەخسـیسکردنـەوە، تـەنها مەنشـەئە بـۆ ئیخبـار، واتـە گێڕانەوەی رووداوی رابوردوو و ئێستە و لەمەوپاش، یا بۆ ئینشاء، واتە ئەمر، نەهی، پـرس و دوعـا و داخوازی... و تاد. ئەم کەلامە تەنها بۆ (وقوع) نییە، بەڵکو باسی واقیـع و نـاواقیع، بگـرە واجـب و مەحاڵ و قەدیم و حادیسیش دەکات.

سێهەم: وا ئەبێ ئەو مەعنا کە لە دڵی ئامیر[ئەو کەسەی ئەمر دەکات]دایە ئیرادە رووی تێ ناکات، وەک یەکێ ئەمر ئەکات بە خزمەتکارێکی بێگوێی سەرکەشی کە ئیشێک بکات، کەچی ئیرادەی ئیشەکەیش ناکات؛ بەڵکو حەز ئەکا نەیکات، تەنها مەبەستی ئەوەیە نافەرمانی و بێ-گوێیی خزمەتکارەکەی دەربکەوێ، هەروەها رێکدەکەوێ کە یەکێ نەهی لە شتێک دەکات کەچی پێچەوانەی ئەو شتەشی ویستووە، ئەوەتە خودای گەورە نەهیی ئادەمزاد دەکات لە گوناهـ لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانێ ئەو ئادەمزادە بەگوێی ناکات و گوناهەکە دەکات، دیارە خودایش ئیرادەی گوناهەکە ئەکات.

هەروەها کەلامی نەفسی قودرەت نییە؛ چونکە قودرەت سەرچاوەی کردەوەی ئاشکرایە وەک جووڵاندنەوەی ئەندام و کردنی کاروباری جۆراوجۆر؛ بەڵام کەلامی نەفسی بەتایبەتی سەرچاوەی دەربڕینی کەلامی لەفزییە، دوو شت کە ئاساریان جیا بێت خۆیشیان جیان. بێجگە لەوە ئەگەر کەلامی نەفسی قودرەت بوایە ئەبوا هەرکەس توانای کاری گران و نالەباری ببێت توانای کۆکردنەوەی کەلامی نەفسی و دەربڕینی بە کەلامی لەفزی ببوایە، کەچی زۆرکەس هەن توانای کردەوەی گرانیان هەیە، بەڵام لە لایەنی کەلامی نەفسی و لەفزییەوە ئەوەندە بێهێز و بێتوانان مەگەر هەر خودا بزانێ.

خۆی سیفەتێکە لە کەسرەت دوورە
بەڵێ نیسبەتی غەیرە مەحسوورە
حوسنی ئارەزووی نومایش دێنێ
هەردەم بە تەرزێ خۆی دەنوێنێ
زەبووری ناوە لە سوریانیدا
تەوراتی ناوە لە عیبرانیدا
نیسبەت بە نەزمی عەرەبی مەعرووف،
بە موعجیزی گشت موعاریز مەوسووف،
کەوا بە تەواتور گەیشتگە لامان،[٤]
دەلیلی شەرعە و تەمام ئەحکامان،
مەسسی حەرامە لە بۆ موحدیسان،
هاتووە بۆ حەزرەت، پێی دەڵێن: قورئان.

نیسبەت بە مەحکی بە خەبەر مەعلووم،
بە غەیری مەحکی بە ئینشا مەوسووم
ئەمری پێ دەڵێن نیسبەت بە مەئموور
نیسبەت بە مەنهی بە نەهی مەزکوور
(والباقی کذا بهذا القیاس)
هەر بە لیباسێ بە ئیسمێ بیناس[٥]
بە ئیعتیباری ئەم زهووراتە
کەلامی لەفزی و سوحف و تەوراتە،
زەبووره و، ئینجیل، قورئانی مونزەل
موتشابیهـ موحکەم، مازی و موستەقبەل
مەککی و مەدەنی و وەعدە و وەعیدە
قەسەسە و ئەحکام، ئەمسال، عەقیدە
ئەخبار، ئەمر و نەهی، تەحریم و تەحلیل،
ناسیخ و مەنسووخ، تەسبیح و تەهلیل
ئەرچی لە وەحدەت نەوعی ناکەوێ
تەعەددودی شەخس و تەجەززیی دەوێ
هەرچی کوتوب و سوحفی مونزەلەن
گشت لەو سیفەتە تەنیا یەک پەلەن
شاهیدی سیدقە بە بێجەرح و رەد
«لنفِد البحر قبل ان تنفد»
بەو هەموو لیباس زۆر عەجیبەوە
بەم نیسبەتەوە و بەم تەرکیبەوە
نە کەسرەت دەدا گەرد لە وەحدەتی
نە تەرکیب تۆزێ لە بەساتەتی

واتــە: کــەلامی نەفسـیی ئـەزەلی تاقـە سـیفەتێکە لـە تەعـەددود دوورە؛ بـەڵام نیسـبەت و تەعەللوقاتی گەلێ زۆرە، واتە کە کەلامی لەفزی پەیدا بـوو بەشـی زۆری لـێ پەیـدا دەبـێ وەکـو ئیخبار، ئینشاء، مەوعیزە، ئیرشاد، ئەمر، نـەهی، ئیسـتیفهام... تـاد. دیـارە ئـەم بەشـانە کـە هـی کەلامی لەفزین لەوڕووەوە کە کەلامی نەفسی سەرچاوەی کەلامی لەفزییە دەبنە بەشـی کـەلامی نەفسیش، چونکە ئەم بەشانە هی کەلامی لەفزین و، کەلامی لـەفزیش زادەی کـەلامی نەفسـییە. بەڵێ ئا لەم رووەوە کە کەلامی نەفسی سەرچاوەی کـەلامی لەفزییـە، ئـەتوانی بڵـێیت پێوەنـدی پەیدا دەکات بە رابوردوو و ئێستە و ئایندەوە، دەبێت بە ئەمر و نـەهی و دوعـا و نیـدا و هـی تـر. بەڵام گەلێ لە زانایانی عیلمی کەلام رازی نین بە جۆراوجۆریی و فرەچەشـنیی کـەلامی نەفسـیی ئەزەلی و دەڵێن ئەم کەلامە نەفسییە ئەزەلییە هەرگیز بەش و جۆری نییە و ئەم بـەش و جۆرانـە هەموو هی کەلامی لەفزین.

هەروەها مەولەوی دەفەرموێت شۆخ و شەنگیی کـەلامی نەفسـی کاتـێ ئـارەزووی نومـایش و خۆدەرخستنی هەبێ لە هەر ساتێکدا بە جۆرێ خۆی دەنوێنـێ و خـۆی پیشـانی جیهـان دەدات؛ ئەوەتە لە ناو سوریانییەکاندا بەرگ و زینەتی (زەبوور) لەبەر دەکـات، لـە نـاو عیبرییەکانـدا خـۆی دەکات بە (تەورات). ئەویش کە بە زمانی عەرەبی هاتووە و بەوە ناسراوە کـە مـوعجیزە و هـەموو نەیارەکانی شکاندووە و کەس ناتوانێ وێنەی دابنێ و بە شێوە و رێگای (تەواتور) پێمان گەیشتووە و، سەرچاوە و دەلیلی شەریعەت و حوکمی ئایینە و، بۆ بێدەستنوێژ و لەشپـیس دروسـت نییـە دەستی لێ بدەن، چونکە (لا یمسّه إلّا المطهّرون)، ئـەوەی کـە بـۆ حـەزرەتی (محمـد المصـطفی) هاتووە، ناوی قورئانە. ئەم قورئانە پیرۆزە لەو لایەنەوە کە شتی رابوردوو دەگێڕێتـەوە پێـی ئـەوترێ (خەبەر). لە لایەنی گەیاندنی واتای نیدا و ئیستیفهام داوای کار و تـەرکی کـارەوە پێـی ئـەوترێ (ئینشاء). ئەگەر داوای کردنی کارێکی کرد پێی دەوترێ (ئەمر). ئەگـەر داوای نـەکردنی کـارێکی کرد پێی دەوترێ (نەهی).

کەلام لەم حاڵی خۆنواندنەدا ناوی کەلامی لەفزییە. لـەم رووەوە سـوحوف، تـەورات، ئینجیـل، زەبوور، قورئان دەرئەکەون. لە قورئاندا موتەشابیهـ موحکەم، ئیخبار، ئینشـاء، تـەحریم، تـەحلیل، ناسیخ، مەنسووخ، تەسبیح، تەهلیل، وەعد و وەعید، حیکایەت، ئەحکام، پەند و ئامۆژگاری و بـیر و باوەڕ هەیە، هەر لەم رووەوە هەندێکی مەککی و هەندێکی مەدەنییە.

ئەم کەلامە لەفزییە یەک نەوعە و لە وەحدەتی نـەوعی ناکـەوێ کـە کـەلامی لەفزییـە. بـەڵام ئەوانەی ئەیخوێننەوە زۆرن و جیاجیان. ئەوەی قورئانخوێنی قورئانڕەوان دەیخوێنێتەوە، جیایـە لەوەی کە قورئانخوێنی عادەتیی تەجویدنـەزان دەیخوێنێتـەوە. هـەروەها ئـەجزاکانی زۆرن، بـۆ نموونە سوورەتی ئیسراء غەیری سوورەتی کەهفە.

هەموو ئەو کتێبە ئاسمانی و سەحیفانەی بـو پێغەمبـەران نێـرراون، پـەلێکن، واتـە لقـێکن لـە کەلامی نەفسیی ئەزەلی، لەو رووەوە کە هـەموویان لـەو سـیفەتە نەفسـییەوە پەیـدابوون. بەڵـێ ئەمانە هەموویان تاقە پەلێکن لەو کەلامە نەفسییە پەیدا بوون، ئەگینا کەلامی خودا لـە تـەواوبوون نایە و لە وزەی هیچ هێزێکدا نییە بیژمێرێ. بەلگەی راستی رەدنەکراوە بۆ راستیی ئەم مەبەسـتە ئایەتی پیرۆزی (قل لو كان البحر مداداً لكلمات ربي لنفد البحر قبل ان تنفـد كلمـات ربـي، و لـو جئنا بمثله مدداً) [٦] هەروەها ئایەتی پیرۆزی (و لو أن ما في الأرض من شجرة اقلامٌ والبحر يمـدّه من بعده سبعة أبحر ما نفدت كلمات الله إن الله عزيزٌ حكيم)ە [٧].

چەند لام ناسک بوو فەرموودەی زانایەک لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتـەدا کـە فەرموویـە: خـودای گەورە لەسەر بیر و هۆش و تێگەیشتنی ئێمە ئەمەی فەرمووە؛ ئەگینا تکە تکەی ئـاوی دەریاکـان هەرکام لە زاتی خۆیا بۆ نووسینی سەرگوزەشتی نەفسی ئەو تکە ئاوە خۆی بەش ناکات کـە کـەی پەیدابووە و لە چەند شـەپۆلدا جـوولاوە و لەگـەڵ چەنـد تکـی تـردا بـووە و لـەو دەریـادا چەنـد کارەساتی دیوە! چ جایێ ئەحوالی شتی تری پێ بنووسرێت! بەڵام کەلامی نەفسـی بـەم هـەمووە بەرگەوە و بەم هەمووە نیسبەتانەوە کە لە کەلامی لەفزیدا دەبینرێن، خۆ کـەلامی لـەفزییش لـە کەلامی نەفسییەوە پەیدا ئەبێ، نە ئەم زۆرییە تۆز قاڵێک لە یەکیەتییەکـەی دەگـۆڕێ و، نـە ئـەم هەموە تێکەڵییە تۆزێ کار دەکاتە بەسیتییەکەی. بە عیبارەتێکی تر ئەم زۆری و تێکەڵییە بەسـەر کەلامی لەفزیدا دێن نەک بەسەر کەلامی نەفسیدا.

(حاسل الکـلام) وەک بـاقیی ئەشـیان [٨]
چوار وجوودی هەس بـۆت بکـەم بـەیان
یـــەکێ عەینییـــە و، یـــەکێ زیهنییـــە،
یـــەکێ لەفزییـــە و، یـــەکێ خەتتییـــە
لـــە حدیســـییەتی عـــەینی بـــێ‌ڕەنگـــە
ئایینەکـــەی پـــاک لـــە گـــەرد و ژەنگـــە

له جیهـەت وجـوود زیهنییـە مـەحفووز
بە لەفزی و خەتتی مەکتووب و مـەلفووز
لازیمەی حودووس وەک نەسخ و بەدەل
روو ئـەم سـیانە دەکـا نـەک ئـەووەل
لازیمـــەی قیـــدەم بـــە پێچەوانـــە
رووی لــە ئەووەڵــە نــەک لــەم ســیانە

واتە: پوختەی قسە ئەوەیە کە کەلامی نەفسی وەکوو شتەکانی تـری جیهـان چـوار وجـوودی هەیە:

یەکەم: وجوودی عەینی

دووەم: وجوودی زیهنی

سێهەم: وجوودی لەفزی

چوارەم: وجوودی خەتتی

دیارە وجوودی خەتتی دەلالەت دەکات لەسەر وجـوودی لـەفزی، وجـوودی لـەفزی دەلالـەت دەکات لەسەر وجوودی زیهنی، وجوودی زیهنیش دەلالەت دەکات لەسەر وجوودی عەینی.

وجوودی عەینیی کەلامی نەفسیی خودای گەورە ئەو سیفەتەیە کە بە زاتی خوداوە راوەسـتاوە کە قەدیم و ئەزەلی و یەکە. وجوودە زیهنییەکەی ئەو وشـانەیە کـە قورئـان‌لەبـەرەکان لەبـەریان کردووە. وجوودی لەفزییەکەی ئەو لەفزانەیە کە ئێمە دەیانخوێنینەوە. وجـوودی خەتتیشـی ئـەو نەخش و پیتانەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا نووسراون.

جا کەلامی نەفسی لە لایەنی وجوودە عەینییەکەوە کە بـە زاتی خـودای گـەورەوە راوەسـتاوە یەکە و قەدیم و بێ‌خەوشە و دوورە لە رەنگ و شێوە و نیشانەی (حدوث) و ئاوێنەی پـاک و بـێ-گەردە و تۆز و ژەنگی زۆری و تەعەددود و حادیسـییەتی پێـوە نییـە، بـەڵام لـە لایـەنی وجـوودە زیهنییەکەیەوە لەبەردەکرێت. لە لایـەنی وجـوودە لەفزییەکەیـەوە دەخوێنرێتـەوە و لـە لایـەنی وجوودە خەتتی‌یەکەیەوە، دەنووسرێتەوە.

ئەوانەی کە نیشانەی حدووسی کەلام بن، وەکوو مەنسـووخییەت و ناسـخییەت، لەبـەرکردن و نووسینەوە، روو دەکەنە یەکێ لەم سـێ وجـوودە دواییـنـەی، روو ناکەنـە وجـوودە عەینییەکـەی. قەدیمی و وەحدەت و بەسیتیش روودەکەنە وجوودە عەینییەکە نەک ئەم سیانە دواییینە.

شایانی باسە مەولەوی ـ بە رەحمەت بێ ـ لەم فەرموودەدا، واتە لە بڕیاردانی چوار جۆر (وجود)دا بۆ کەلامی نەفسی دوای فەرموودەی زانای پایەرز (تەفتازانی) کەوتووە کە لە شەرحی (عەقائیدی نەسەفییە)دا باسی کردووە.

ئێمە ئەگەر لەسەر زاهیری ئەم قسەی تەفتازانییە بڕۆین تووشی رەخنە دەبین؛ چونکە نە سوورەتی خەیاڵیی ئەلفازی قورئان وجودی زیهنیی کەلامی نەفسییە و نە ئەو لەفزانەی دەخوێنرێتەوە وجوودی لەفزیی کەلامی نەفسین، بەلکو وجوودی عەینیی کەلامی نەفسی ئەو سیفەتەیە کە بە زاتی خوداوە راوەستاوە، وجوودی زیهنیی ئەو کەلامە نەفسییەیش سوورەتی هەمان کەلامی نەفسییە لە زیهنی کەسێکدا، ئەگەر بتوانێ تەسەووری بکات. هەروەها وجوودی لەفزیشی بریتییە لە نەفسی لەفزی (الکلام النفسی)، وجووده خەتتییەکەیشی نەخشی حەرفەکانی (الکلام النفسی) یە، وەک چۆن وجوودی عەینیی (خالد) زاتەکەیەتی و، وجووده زیهنییەکەی سوورەتی (خالد)ە لە دڵدا و، وجوودی لەفزیی بریتییە لە لەفزی (خالد)، وجووده خەتتییەکەیشی نەخشی نووسراوی (خالد)ە کە چوار پیتە.

لە راستیدا کەلامی لەفزی جیایە لە کەلامی نەفسی، چونکە وەک لەمەوپاش باسی دەکەین وشەی (کەلام) موشتەرەکی لەفزییە لە نێوان کەلامی نەفسی و کەلامی لەفزیدا. هەروەها کەلامی لەفزی چوار وجوودی هەیە: وجوودی عەینی کە خودی ئەو لەفزانەیە دەخوێنرێنەوە، وجوودی زیهنی سوورەتی ئەو دەنگەیە هاتووەتە دڵەوە، وجوودی لەفزی وشەی (الکلام اللفظی) یە، وجوودی خەتتیش بریتییە لە نەخشی نووسراوی (الکلام اللفظی) کە لەسەر قاقەز بنووسرێ.

حەق وابوو لەم باسەدا بیفەرمووایە: لەفزی (الکلام) دوو واتای هەیە، یەکەم کەلامی نەفسییە کە قەدیم و بەسیتە. دووەم کەلامە لەفزییەکەیە کە لە دەمی قسەکەردا یەک لە دوای یەکە و خەڵک دەیبیسێ، جا هەرچی سەر بە قەدیم بێ وەک بەساتەت ئەوە هیی کەلامە نەفسییەکەیە، ئەوەیش کە سەر بە حودووس بێ دەگەڕێتەوە بۆ کەلامە لەفزییەکە کە دەنووسرێتەوە و دەخوێنرێتەوە و دەکرێتەبەر، بەڵێ ئەوەندە هەیە ئەم کەلامە لەفزییە لە سوورەتی (فاتیحە) وە هەتا دوایی سوورەتی (ناس)، سەبارەت بە دەلالەت کردن لەسەر کەلامی نەفسی، وەکوو وجوودی لەفزیی کەلامە نەفسییەکە وایە، کە وەک دەلالەتی ئەسەر لەسەر موئەسیر دەلالەت لە کەلامە نەفسییەکە دەکات؛ چونکە ئەم لەفزانە زادەی کەلامە نەفسییەکەن.

قورئان وەها وەزع بۆ لەفزی دەکریٚ [٩]
بــۆ نەفســی دیســان هــەم دادەنــریٚ
لەفزی وەک نەفسی بـۆ حـەق سـیفەتە
چــون لەســـەر نەفســی (ذُو دَلاَلَــة)ە
تـــەفاوتی بـــەین هەیـــە ئاشـــکار
نەفسـی (بالـذات)ە، ئـەو بـە ئیعتیبـار
هـەروەها سـیفەت بـۆ خـودان هـەردوو
بـە (کـلام اللـة) موسـەممان هـەردوو
لـــە ئیزافـــەدا فـــەرقیان هەیـــە؛
ئیزافــەی لــەفزی مــەعنای ئەمەیــە:[١٠]
کـــە مـــەحزی تـــەئلیف (ربّ البشــر)ە
لــە تەســەڕروفی مــەخلووق ئــەودەرە
(لا کســـبَ لَهـــم فیـــهِ واکتســـاب
تنزیـــلٌ مـــن العزیـــز الوهّـــاب)
ئیزافــەی کــەلام نەفســی مەعرووفــە
ئیزافــەی ســیفەت ئــەباڵ مەوســووفە

واتە: وشەی (قران) موشتەرەکی لەفزییە بۆ کەلامی نەفسی و لەفزی و بە شـێوەی حەقیقـەت، نەک مەجاز، بە هەردووکیان دەوترێـت و، هـەردووکیان سـیفەتی خـودای گـەورەن، جیاوازییـان لەوەدایە کە کەلامی نەفسی سـیفەتێکە راسـتەوخۆ بـە زاتی خـوداوە راوەسـتاوە، بـەڵام کەلامـە لەفزییەکە لەو رووەوە سیفەتی خودایە کە دەلالەت لە کەلامە نەفسییەکە دەکات وەک دەلالـەتی ئەسەر لەسـەر موئەسـیر، کـە دەلالـەتێکی عەقڵـییە. واتـە: هـەروەک کەلامـە نەفسـییەکە، کـە موئەسیرە، سیفەتی خودایە، کەلامە لەفزییەکەیش، کە ئەسەرەو لەوەوە پەیدا بووە، سیفەتیەتی.

هەروەها هەردووکیان ـ نەفسی و لەفزی ـ ئیزافە دەکرێنە لای خودای گـەورە، بـەڵام ئـەم دوو ئیزافەیە لە مەعنادا جیاوازن؛ ئیزافەی کەلامی نەفسی کە دەڵێت (کلام الله) واتـە: کەلامێکـە لـە کەلامە نەفسییەکەوە پەیدابووە و پێوەندی هەر بە خوداوە هەیە، بێجگە خودا کەس دەستی نییـە

لە دانانیدا و، بە گەیاندنێکی خودایی بە جیبرەئیل گەیێنراوە، کە فریشتەی وەحیە، ئەویش بە حەزرەتی پێغەمبەری گەیاندووە(د.خ).

کە نەفسی و لەفزی لێت بوو موحەققەق
بزان ئیتتیفاق هەس بۆ ئەهلی حەق
لەمەدا ئەووەڵ قەدیمە و ئەقدەس
جەوازی حودووس تەعللوقی هەس
بەڵێ خیلافیان هەس لە دووەمدا:
بەعزێ نەس دەنێن وەسەر قیدەمدا
بەعزێ تەک ئەولای بەداهەت دەدەن
حوکم بە خەلقی و حودووسی دەکەن[11]
بەعزێکیچیان، حەق بیانبەخشێ،
دەڵێن لە تەقدیر حدووسیچ دەشێ
غایەتی ئەدەب ریعایەت بکەی
ناوی بە مەخلووق بە حادیس نەبەی
نەک لە داللەوە زیهنت لوول بدا
نیسبەتی حودووس بە مەدلوول بدا
ئەم هەم بە قەدیم بگرە بە مەحکەم
(و هذا هو الأسلم الأقوم)

واتە: پاش ئەوە کەلامی نەفسی و لەفزیت بۆ دەرکەوت بزانە ئەهلی سوننەت لەسەر ئەوە یەکیان گرتووە کە کەلامی نەفسی قەدیمە و بە زاتی خودای گەورەوە راوەستاوە وەکو سیفەتەکانی تری، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەم کەلامە یەک سیفەتە و نەبوونی لێ پیش نەکەوتووە دروستە پێوەندی هەبێ لەگەڵ واجب و مومتەنیع و مومکیندا. ئەم پێوەندییە لە کاتی گێڕانەوەی رووداوێک یا لە کاتی داوای کردن یا نەکردنی کارێکدا پەیدا دەبێت. بەلام بە لای زانا پایەبەرزەکانی زانیاریی کەلامەوە ئەم پێوەندییە هی خودی کەلامە نەفسییەکە نییە، بەڵکو بە هۆی کەلامە لەفزییەکەوەیە کە لە کەلامە نەفسییەکە پەیدابووە، لە کەلامی لەفزیدا ئیخبار و ئینشاء هەیە، لە ئیخبارەکەدا رابوردوو و ئێستە و ئایندە هەیە، لە ئینشاکەشدا ئەمر و نەهی و

ئیستیفهام و نیدا و تەعەججوب هەیە، ئەگەرنا لە کـەلامی نەفسـیی ئـەزەلی‌دا رابـوردوو (ماضـی) تەسەوور ناکرێت.

ئەمجار مەولەوی ئەفەرموێت: بەڵێ زانایان لە قەدیمی و حادیسیی کەلامی لەفزی‌دا خیلافیـان هەیە؛ هەندێ لە ئەهلی سوننەت وەکوو زاناکانی رێبازی حەنبەلی لایـان وایـە ئـەویش ئـەزەلی و قەدیمە، واتە هەر وەکـوو کەلامـە نەفسـییەکە قەدیمـە، کەلامـە لەفزییەکـەیش قەدیمـە و، ئـەم بەرودوایە لە ئەلفازی ئێمەدا هەیە لە کەلامی خودادا نییە، ئەوەیش پێویسـت نییـە کـە چۆنیـەتی ئەوەمان بۆ دەرکەوێ هەر خـودا خـۆی دەیزانـێ، هـەروەک چۆنیـەتی سـیفەتەکانی تریمـان بـۆ دەرناکەوێت.

هەندێکیش لە زانایانی ئەهلی سوننەت لایان وایە حادیسیی کەلامە لەفزییەکە شتێکی بەدیهی و ئاشکرایە، ئەوەتا حەرفەکان و وشـە و رسـتەکان پـاش و پێشـن و یـەک لـە دوای یـەک دێـن، هەروەها ئەم کەلامە لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوە، لەوحیش حادیسـە هـەرچیش لەسـەر شـتی حادیس نووسرابێ حادیسـە، هـەروەها خـودای گـەورە لـەفزەکانی دروسـت کـردووە لـە رۆحـی حەزرەتی جیبرەئیل‌دا، ئەویش هاتووەتە خوار بۆ لای حەزرەت(د.خ) و خوێندوویەتیەوە بە سەریا، حەزرەتیش بە تەواوی لێی وەرگرتووە و بە جیهانی گەیاندووە، لەگەڵ ئەمەشدا هەر بـە راسـتی و حەقیقەت (کلام الله) یە، واتە بێجگە خودا کەس پێوەندی بەو کەلامەوە نییە، نە فریشتە نە پەری نە ئادەمزاد.

هەندێکیش دەڵێن: حادیسیی لەفزەکان حادیسیی راسـتەقینە نییـە، چونکـە ئـەو لەفزانـە لـە عیلمی خودادا بوون و، وەک شتێ نین ماوەیەک لەمەوپێش نەبووبێ و لـە پاشـاندا پەیـدا بووبـێ، کەوابێ حاڵەکەیان (تقریر الحدوث)ە نەک حادیسیی راستەقینە.

بەڵام ئەگەر ئینسان لایەنی رێز و ئـەدەب بگـرێ، تەنانـەت لەسـەر رای ئەوانـەش کـە دەڵـێن کەلامی لەفزی حادیسە، حەق وایە ناویـان بـە حـادیس نـەبات، نـەبادا بـە هـۆی دانـانی کەلامـە لەفزییەکەوە بە حادیس، کە ئەسەری کەلامە نەفسـییەکەیە، زیهـنی ئینسـان گێـژ ببـێ و سـووڕ بخوات و بازبدا بـە سـەر لەفزەکـەدا و؛ کەلامـە نەفسـییەکەش- کـە مـەدلوولی عەقڵـیی کەلامـە لەفزییەکەیە- بە حادیس حیساب بکات، کە بە رای هەموو ئەهلی سوننەت قەدیمە.

کەواتە با ئەم باوەڕە رابگرین و کەلامە لەفزییەکەش بە قەدیم دابنێین؛ ئەم بیر و باوەڕە راسـت و بێ‌گەردە و لە هەموو بیرێکی تر سەلامەت‌ترە بۆ ئایین و ئەهلی ئایین.

جا منیش لێرەدا ئەڵێم لەمەوپێش بیروڕای مەولانا جەلالـەددینی دەووانـیم بـۆ گێڕانـەوە کـە وتوویە: کەلامە لەفزییەکە، کە کەلامی لەفزییە و تابیعی سیفەتی تەکەللوومی خودایـە، قەدیمـە و لە عیلمی خودادا بە تێکڕایی سابیتە و هەرگیز حادیس نییە، ئەوەی حادیس بێ گەیاندنەکەیـەتی بە جیبرەئیل و نووسینەکەی (لوح المحفوظ) یەتی و هێنانیەتی بـۆ حـەزرەتی (محمدالمصـطفی) دورووی خودای لەسەر، لەگەڵ خوێندنەوەی ئێمەدا، نابێ کەلامی لەفزیی خودای گەورە لەگـەڵ کەلامی لەفزیی دروستکراوانی خودادا بەراورد بکرێ. هـی خـودا قەدیمـە و نـەبوونی لـێ پـێش نەکەوتووە، هی مەخلووقیش حادیسە، لـە پێشـدا نـەبووە و تـازە بـوون رووی تـێکـردووە، ئیتـر ماهییەتی کەلامی لەفزیی خودا بە ئێمە روون ناکرێتەوە و لە توانـا و وزەی هـۆش و بـیری ئێمـە بەدەرە، تەنها ئەوەندە بەسە باوەڕت هەبێ بە قـەدیمیی کـەلامی نەفسـی و لـەفزیی خـودا، وەک باوەڕت بە قەدیمیی بیستن و بینینی هەیە.

هەندێ لە زاناکانی عیلمی کەلام فەرموویانە بیروڕای شـێخ (ابـو الحسـن)ی ئەشـعەریش هـەر ئەمەیە کە ئێستە باسمان کرد، بەڵێ ئەشعەری فەرموویەتی:

«کەلامی خودا مەعنایێکە بە زاتی خوداوە راوەستاوە». مەبەستی ئەشعەری لـە (مـەعنا) تـەنها واتای لەفز یا تەنها سیفەتە نەفسییەکە نییە، بەڵکو مەبەستی لە (مەعنا) ئەمری قـائیمبەزاتەوەیـە، چ سیفەتە نەفسییەکە، کـە بـە ئیتتیفـاقی هـەموو لایـەک قەدیمـە و چ کۆمەڵـە لـەفزەکان، کـە ئەوانیش بە شێوەیەکی شایستەی زاتی خودا پێـوەی راوەسـتاون، ئیتـر نابـێ بـیر لـە بـەرودوایی حەرف و لەفز و ئایەتەکانی بکرێتەوە، ئێمە حەقیقەت و کونهی زیندوویەتی و زانـین و خواسـت و توانا و بیستن و بینینی خودای گەورەمان بۆ دەرناکەوێ و داوای ئەوەشمان لێ نەکراوە. ئەوەنـدە پێویستە باوەڕمان هەبێ بەوەی کە خودا هەموو دەنگێ ئەبیسێ، هەموو رەنگێ ئـەبینێ، زینـدووە، زانایە، خاوەن خواستە، تواناداره، خاوەن کەلامە، ئەم سیفەتانەیش هەموویان قەدیمن و نـەبوونیان لێ پێش نەکەوتووە.

تەماشا بکەن خودا فەرموویەتی (و علّم آدم الاسماء کلّها) دیارە ئەو ناوانە کە بە حەزرەتی ئادەم فێرکراون دوو پیتی و سێ پیتی و چوار پیتی و زیاتریشیان تیایە، بە یەک جار وێنەی ئەو ئیسمانە لە (حافیزە)ی حەزرەتی ئادەمدا حازربوون بێبـەرودوایی، بـەرودوایی لـە خوێندنەوەیانـدا هەیـە، هەروەها هەرچی وشەی کتێبە ئاسمانییەکانە لە (ئادەم) ەوە تا (خاتەم) دروودی خودایان لەسـەر، هەر لە ئەزەلەوە هەتا ئەبەد لە عیلمی خودادا حـازر بـوون و حـازرن و (مەعییـەت) لـە (وجـودی

عیلمی)ی هەموویاندا هەیە و بووە... ئیتر هیچ زیانێ لەوەدا نییە لە کاتی نووسین لە (لوح المحفوظ) یا لە کاتی ئیترال و تەنزیلدا شێوە و وەزعی وا هەبێ لەگەڵ عادەتی ئێمەدا بێتە جێ.

من خۆم لە بابەتی کەلامی لەفزییەوە بیر و باوەڕم وایە کە قەدیمە و بە زاتی خوداوە راوەستاوە بە جۆرێ کە شایانیەتی و خۆی کونهەکەی دەزانێت. (هذا اعتقادی و علی الله اعتمادی).

بینا لە تەقریر تەفسیلی سابیق[۴]
ناشنەویە کەلام ئەزەلیی خالیق
ئیمجار سا زەریف بدویێ ئاگاهی[١٢]
مانای (سمعتُ کلام اللة)ی
یانی بهیستم نەزمی موئەللەف
دال لە کەلامی ئەزەلیی ئەشرەف
یا فامیم کەلام ئەزەلیی خودا
لە حەرف و ئەسوات مەسموعە و سەدا[١٣]
لە هەردوو سوورەت وا دیاری دا
بۆ گشت ئەنبیا و مەخلووقی دنیا
مومکینە کەلام حەق بشنەوییە
تەخسیسی مووسا بە تەکلیم چییە؟
دەڵێم سەماعێ و ئەو داگیە روو
ئەوە بە تەریق خەرقی عادەت بوو
بیلا سەوت و حەرف، بیلا کەیفییەت
هەر وەکوو روئیەت رۆژی قیامەت
یا بیستی بە حەرف سەوت و سەداوە
ئەمما بە گشت (عضو) لە هەموو لاوە
یا لە یەک لاوە نەک ئەو سەدا وێ
کە تێیدا دەخڵ بۆ ماسیوا وێ

وەک تەوەسسـوتی مەلـەک و کیتـاب
هەر سێیان بە وەجهـ تەخسیسـن حیساب
واتـە تەلـەقیی جیبریلـی ئـەمین
بـۆ وەحیـی حـەزرەت (ربّ العـالمین)
وەهـا بـوو سـەماع ساحیب تـەخت و تـاج
بـۆ کـەلامی حـەق شـەوەکەی میعـراج
(فالحمـدُ لِلـه علـی نِعمتِـه
خَـصَّ مَـن یشـاءِ بِمَرحَمتِـه
ثـم الصـلاةُ مَـع سـلام تـامّ
علـی النبـیّ و آلـهِ الکـرام)

ناشنەویە = ناشنەویێ: نابیسرێ. بدوێ: بتبێ. بهیستم: بیستم. فامیم: تێی‌گەیشتم، لێی حاڵی بووم. بشنەوییە = بشنەویێ: ببیسرێ. داگیە روو = داویە روو: رووی‌داوە. وێ: ببێ. ماسیوا: غەیری خودا.

واتە: لەسەر ئەو تەقریرە درێژە پێشووە، کە کەلامی نەفسی سیفەتێکە قەدیم و بە زاتی خوداوە راوەستاوە، ئەو کەلامە نەفسییە ئەزەلییە نابیسرێ، جا کە لەمە حاڵی بووی بزانە: واتای «سمعت کلام الله» ئەوەیە ئەو کەلامە لەفزییە تێکەڵ لە پیت و دەنگەم بیست کە دەلالەت لەسەر کەلامە نەفسییە ئەزەلییەکەی خودا دەکات، یا خۆ واتاکەی ئەوەیە کە لەو پیت و دەنگ و ئاوازەوە کە بیستم لە کەلامە نەفسییە ئەزەلییەکەی خودا حاڵی بووم و تێگەیشتم.

جا کە واتای (سمعت کلام الله) ئەوە بوو دیارە ئەم بیستنی کەلامی خودایە بەم شێوە بۆ هەموو مرۆیەکی شنەوا دەس دەدات و مومکینە کەلامی خودا ببیسرێت، ئیتر ئەبێ هۆی جیاکردنەوە و هەڵاوێردنی حەزرەتی مووسا بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودادا چی بێت؟

واتە: کەلامی نەفسی خۆبەخۆ نابیسرێت، ئەوەی دەبیسرێ کەلامە لەفزییەکەیە، جا لەبەر ئەوەی ئەم کەلامە لەفزییە دەلالەت دەکا لە کەلامە نەفسییەکە بیستنی کەلامە لەفزییەکە و لێ‌حاڵی‌بوونی وەک بیستنی کەلامە نەفسییەکە و لێ‌حاڵی‌بوونیەتی و، مووسا و غەیری مووساش ئەمەیان لێ دێت، ئیتر بۆ حەزرەتی مووسا جیاکراوەتەوە و بە (کلیم‌الله) دانراوە؟

جا مەولەوی دەفەرموێت ئەو بیستنی کەلامی خودایـە بـۆ حـەزرەتی مووسـا ڕێکـەوتووە، بـە پێچەوانەی عادەتی خەڵک بووە و تێکدانی ئەو عادەتە بـووە، بـەبێ پیـت و دەنـگ و بـەبێ لـوول خواردنی هەوا و گەیشتنی بە گوێ جێبەجێ بووە بۆی، وەک چاوپێکـەوتنی خـودای گـەورە لـە ڕۆژی قیامەتدا، کە باوەڕمان وایە بەبێ بەرامبەری، بێ جیسم، بـێ لا، بـێ مەرجـە عادەتییـەکانی بینین موسوڵمانان لە ڕۆژی قیامەتدا خودای گەورە دەبینن (وجوه یومئذٍ ناضرةٌ الـی ربهـا نـاظرة) (١٤).

یان حەزرەتی مووسا(د.خ) کەلامی خودای بە هۆی پیت و دەنگەوە بیست، بەڵام لە یـەک لاوە نەبوو، وەک عادەت وایە، بە تەنیا گوێچکە نەبوو، بەڵکو بە هەموو ئەندام و لە هـەموو لاوە بیسـتی، ئەمەیش خیلافی عادەتی خەڵکە؛ چونکە شنەوا بە گوێ وتـار و گفتوگـۆ ئەبیسـێت و لـە لایـەکی تایبەتییەوە دەنگەکە وەردەگرێت.

یان حەزرەتی مووسا فەرموودەی خودای لە یەک لاوە بیست، بەڵام بە پیت و دەنگێ نەبوو کـە دەخڵی غەیری خودای تێدا بێت، واتە: دەنگێکی تایبەتی بوو کە جیاواز بـوو لـە دەنـگ و ئـاوازی مرۆ لەم جیهانەدا. بە هۆی فریشتەیشـەوە نـەبوو، وەک ئـەوە نـەبوو کـە جیبرەئیـل قورئـانی بـۆ حەزرەتی (محمد المصطفی) هێنا.

جا هەرکام لەم سێ شێوە وەربگری ئەوەمان بۆ دەردەخات کـە چـۆن حـەزرەتی مووسـا(د.خ) جیاکراوەتەوە و بە (کلیم الله) دانراوە؛ چونکە هیچ کام لەم شێوانە عادەتی نییە و (خرق العادە)یە.

پێویستە بزانن کە وەرگرتنی فریشتەی وەحی بۆ کەلامی خودا هەر بە یـەکێ لـەو سـێ شـێوە بووە، گفتوگۆی خودای گەورەیش لەگـەڵ پێغەمبـەری نـازدارا لـە شـەوی (معـراج)دا و بیسـتنی پێغەمبەر بۆ کەلامی خودا بە یەکێ لەو سێ شێوە بووە، بەڵام لەبەرئەوە کە هەر لە تاقە شەوێکدا بووە و بۆ حەزرەتی مووسا زۆر جار بووە، حەزرەتی (موحەممەد) دروودی خودای لەسەر، بە (کلیم الله) ناوی دەرنەکردووە و ئەم ناوە تەنها هی حەزرەتی مووسایە.

هەر بۆ خودایە ستایشی بێپایان لەسەر ناز و نیعمەتی بـێشـومار و فـراوانی خواسـتی لەسـەر پیرۆزی و بەختەوەریی هەرکەس بوو بە تایبەتی ڕووی ڕەحمەتی خۆی تێدەکات.

هەزاران درووود بۆ ڕەوانی پاک و خاوێنی پێغەمبەران بە تایبەتی حەزرەتی (محمـد المصـطفی) کە دواهاوەری پێغەمبەرانە، هەروەها بۆ ڕەوانی هەموو دەستە و بەستە و یاران و پەیـڕەوانی هـەتا هەتایە.

***

۱ـ ئەم سەرباسە لە دەستنووسەکەدا نییە، هیچ ئیشارەیێکیش نییە بۆ ئەوەی سەرباس لەم شوێنەدا ببێ. لە چاپەکەدا لە پێش بەیتی «ئەمما تەرزێ تر...» دا دانراوە، بەلام ئەگەر سەرباس پێویست بێ و ببێ، ئەمە شوێنیەتی کە باوکم دایناوە.

۲ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا نووسراوە: «في بحث صفة الكلام» واتە: ئەم تەقریرە لە باسی سیفەتی کەلامدا وتراوە.

۳ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا نووسراوە:

«هذا هو ما أحاله الناظم بقوله:

تەفسیلی کەلام ئەر لەگرە کەم بێ

راوێس؛ حەوالەی ئەسڵی سێیەم بێ»

٤ـ «کوا بە تواتر» شێوەنووسی نوسخە دەستنووسەکەی بەردەستمانە، کە نیوە شیعرەکەی کەمێک پێ قورس دەبێت بەلام لە نوسخە چاپەکەدا (کوا تواتر)ە. بەم جۆرە شیعرەکە سوار دەبێ و، رستە بەندییەکەی بێ‌هێز. نازانم بۆ نەیفەرمووە (کە بە تەواتور... تاد)؟ بە دووری نازانم (کوَ تواتر) بووبێت کە دەبێتە (کە وە تەواتور) و ئەلفەکەی بە هەڵە نووسرابێ.

٥ـ دەستنووس و چاپەکە هەردوو (هر بە لباسی) یان نووسیوە، بە پێی بوچوونی من دەبوا (بە هەر لباسێ) بوایە.

٦ـ ئایەتی (۱۰۹) سوورەتی (کهف).

۷ـ ئایەتی (۲۷) سوورەتی (لقمان).

۸ـ لە دەستنووسەکەدا لەپاڵ وشەی (کلام)دا نووسراوە: «فيه لطافة»، واتە: مەبەست لە «کلام» قسەیە، واتە پوختەی قسە... تاد، یا مەبەست کەلامە نەفسییەکەیە.

۹ـ لە نوسخە چاپەکەدا (دها) = (دەها) یە، دیارە هەڵەیە.

۱۰ـ لە چاپەکەدا ئەم بەیتە و بەیتی پێشوو پاش و پێش کراون، ئەمەی ئێمە کە ریکی دەستنووسەکەیە راستە، هی چاپەکە هەڵەیە.

۱۱ـ لە چاپ و دەستنووسدا (خەلقی) نووسراوە وا بزانم ئەبوا (خەلق) بوایە. کە بەم جۆرەی لێ دەهات (حوکم بە خەلق و حودووسی دەکەن).

۱۲ـ لە دەستنووسەکەدا (بیدوی) یە، چاپەکە (بدوی) = (بدوێ) یە.

۱۳ـ لە چاپەکەدا (لە حەرف و سەوتی... تاد)ە.

١٤ـ ئایەتی (۲۳ـ۲۲) سوورەتی (قیامە).



مبحث الأنبياء والرسل عليهم السلام (1)

ئەسلـــی چـــوارەم بـــەبێ قوولـــەقوول
ئیزعانـــە بـــە جـــەمع نـــەبیی و رەســـوول
لـــە شـــەریعەتدا بـــە قـــەولی موختـــار
رەســوول شەخسـێکە راسفیعـل و گوفتـار
لـــە بـــەنیئـــادەم ســـاحیب فـــەزائیل
ئـــازاد، موزەککـــەر، پـــاک لـــە رەزائیـــل
ئەکمـــەل و ئـــەفزەل عقـــلاً و خُلقـــاً
قـــــوةً رأيٍ، فطنـــــــةً، خَلقـــــــاً
بـــە شـــەجاعەت و بـــە حیکمـــەت و جـــوود
عیففەت و تـەقوا و خەشـیەت لـە مـەعبوود
بە عیلم و بـە حـیلم لـە گشـت هاوعەسـران
ســـیوای ســـینفی خـــۆی یانـــێ ئـــەنبیان
(بنَســـــبِهِ قَـــــطُّ لـــــم تَقُـــــم
دنـــــــــاءة الأب، خنـــــــــاءةُ الأمّ)
پاک وێ، هەر لە وەخت ئیبتیدای بەعسـەت
تـــا بـــە ئیســـتیقرار ئـــەمری نوبـــووەت،

لە گـولی، لالـی و کـوێری و هـەر ئافـەت[۲]
کـەوا تـەبعی خەڵـق لێـی بکـا نـەفرەت
بـەری وێ لـە عـەیب کـەمیی مـورووەت
لـە دوونیـی سـەنعەت وەکـوو حەجامـەت
عوقـدەی زوانی مووسـای زوو لابـرد
حـەق لـەو وەختـەدا کـە رەوانـەی کـرد
(و لا یـردُ بـلاء أیّـوب
و عَمـی نحـوِ حضـرة یعقـوب؛
إذِ المقـارن کـانَ ذا الإضـرار
و همـا کانـا بَعـدَ الاسـتقرار)

واتە: ئەسڵی چوارەم لە شەش ئەسڵەی ئیمان، بەبێ هەرا و هۆریا و شەڕەقسە، بریتیەە لە باوەڕ بە هەموو (أنبیاء) و (مرسلین) واتە: ئەو ڕەهبەرانەی کتێبیان نییە و پێ‌گەیاندنیان پێ نەسـپێرراوە و، ئەو ڕەهبەرانەی کتێبیان هەیە و پێیان سپێرراوە بە خەڵکی ڕاگەیێنن، واتە: بـاوەڕت ببـێ کـە ئەم زاتانە خودا هەڵیبژاردوون لە ناو ئادەمزاددا و کردوونی بە شوێنی نووری میهرەبـانیی خـۆی و دڵی پیرۆزی ڕووناک کردوونەتەوە و ڕەهبەرە خاوەن کتێبەکانی کـردووە بـە ڕابـەر و ڕەهنومـای ئادەمزادەکانی تر تا ڕێگەی بەختەوەری و سەربەرزیی هەتاهەتایان پیشان بدەن.

بە پێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام (ڕەسول) ئینسانێکی وەهایە لە وتار و ڕەفتاردا ڕاسـت بێـت، درۆ نەکات و لە کار و کردەوەدا فڕوفێڵ نەکات، خاوەن فەزیلەت بێت، ئازاد بێـت، بەنـدە نـەبێت، نێرینە بێت.

ڕەهبەر نابێ ژن بێت، پێویستە پاک بێت لە خوو و ڕەوشتی ناپەسەند، وەک لـە خۆبـایی‌بـوون، ڕق و کینە و بەخیلی بە خەڵک بردن و تەماعکاری. پێویستە لە خوو و ڕەوشتی بەرز و لـە هێـزی بیر و تێگەیشتن‌دا لە ئادەمزادەکانی تر تەواوتر بێت.

پێویستە لە سەر و سیمادا جوان و ڕێک‌وپێک بێت. پێویستە ئازا و چاونەترس و دانا و پەسـەند کار و بەدەس و دەهەندە بێت، داوێن‌پاک و پارێزگار و لەخوداترس بێت. پێویستە لە زانسـت و لـە سەرخۆیی و سینگ‌فراوانیدا لە هەموو هاودەم و هاوزەمانانی خۆی، بێجگـە پێغەمبـەران، بـالاتر و دیاری‌تر بێت.[۳]

پێویستە پێغەمبەر لەو خەوشانە دوور بێ کە دەبنە هۆی دوورخستنەوەی خەڵک لە پەیڕەوکردن و ئیمان پێ‌هێنان، چ لە ڕشتەی باوک و باپیری و دایک و داپیری، وەک مەشهووربوونی یەکێکیان بە خوویەکی ناشایستە و مایەشەرم و، چ لە نەفسی خۆیا بێ وەکوو ناپیاوی و کار و پیشەی پەست و بێ‌نرخ. هەروەها پێویستە هەر لە سەرەتای پێغەمبەرییەوە تا دامەزران و جێگیربوونی، دوور بێ لە کەچەڵی و لاڵی و گوڵی و بەڵەکی و گەڕۆڵی و نەخۆشی تری وەها کە ببنە هۆی دوورکەوتنەوەی خەڵک لێی و باوەڕنەکردنیان پێی.

جا ئەگەر لەم ڕووەوە بە لاڵیی حەزرەتی مووسا و نەخۆشی و زاماریی حەزرەتی ئەیووب و کوێربوونی حەزرەتی یەعقووب(د.خ) ڕەخنە بگیرێت، لە وەڵامدا ئەڵێم: کاتێ کە خودای گەورە حەزرەتی مووسای کردە پێغەمبەر و ناردی بۆ سەر بەنی‌ئیسرائیل و فیرعەون و قیبتییەکان حەزرەتی مووسا داوای لێ کرد ئەو گرێ و گۆڵەی زمانی لاببا و هاروونی برایشی بکاتە پێغەمبەر و وەزیر و یاریدەری، خودای گەورەش داواکەی جێ‌بەجێ کرد و گرێی زمانی کردەوە.

نەخۆشی و کەنەفتیی حەزرەتی ئەیوب و کوێربوونی حەزرەتی یەعقوبیش لە پاش دامەزرانی پایەی پێغەمبەرایەتییان بوو؛ ئەوەی زیانی هەیە ئەوەتە کە لە کاتی هاتنی خەلاتی پێغەمبەرایەتیدا تووش ببن.

ئەو سیفەتانەی کە وتمان پێویستە لە پێغەمبەراندا هەبن هەموو خوو و ڕەوشتێکی بەرزن و شایانی پێغەمبەرانن، کتێبەکانی زانیاریی کەلام و عەقائید لە ناو ئەم سیفەتانەدا چواریان زۆر بە موهیم داناوە کە بریتین لە ڕاستی و، داوێن پاکی و، زیرەکی و، دەست‌پاکی. واتە: پێویستە پێغەمبەران ڕاست‌گوفتار و خاوەن نامووس و داوێن‌پاک و زیرەک و دەست‌پاک و باوەڕپێ‌کراو و جێی متمانە بن بۆ ئەوەی حوکمەکانی خودا بە خەڵک ڕابگەیێنن، پێچەوانەی ئەم چوار سیفەتە بۆ پێغەمبەران ناشایستە و ناجۆر و مەحاڵن. ئیتر هەرچی سیفەتە عادەتییەکانی ئادەمزادە، وەک خواردن و خواردنەوە و خەوتن و نەخۆش کەوتن و حاڵاتی تر، وەک خەڵکی تر هەیانە بۆ ئەوانیش ڕەوایە و شتێکی عادەتییە.

مەعسووم بێ لە گشت گوناهان سەرجەم
لەدوای نوبووەت لەوێوبەریچ هەم
(عَلی المختارِ، بل هو الصواب
فی «الفتح المبین» قالە الشهاب) (٤)

هەرچی لە قەسەس تەفسیردا هەیە
لە موخالیفی ئەو مەزکوورەیە
ئەرچی ناقیلی شەئنی قەوی وێ
وەکو ئەوحەدی[٥] یا بەغەوی وێ[٦]
(فَارْدُدهُ و لا تَعتَمِد عَلَیه،
إن کان الآحاد، لا تنظر إلیه)
(و ما تواتر کما فی القرآن
من أثبات الظلم و نحو العصیان)
(و مَن عتاب بعضٍ منهُمُ
علی أمورٍ هم بها هَمّوا)
خاترت جەم بێ تۆ، لەو بابەتە
هیچ خەلەل نییە، بۆچ؟ لەو بابەتە
سەیید دەگەڵ عەبد مەملووک، یەقینە،
بە هەرچی خیتاب دەکا شیرینە
(و مِن باب أن عَاتَبَ المولی
عبَدهُ علی خلاف الأولی)
وەک موعاتەبەی ئەهلی خەتییەت
لەسەر ئیقتیراف ئیسم و مەعسییەت
إذ شَهِرَ مَن کان مُحرماً[٧]
فبنقطةٍ صار مُجرماً
حەسەنەی ئەبرار بە شەوق و ئەدەب
سەییئەس لە لای گورۆی موقەڕڕەب
لێی گەڕێت، چاکە، بێسەفای مەحجووب
لە ئەسراری بەین موحیب و مەحبووب[٨]

أدّى ذا الخـــــلاف بتلـــــك الألفـــــاظ
جنـــــابُ الحـــــقِّ زجـــــراً للأيقـــــاظ
بـــۆچ؟ ئـــەلفازی وا دەرحـــەق ئـــەکابیر
تەهدیـــدە و عیـــبرەت دەرحـــەق ئەســاغیر
ئـــەنبیای کـــیرام (علـــیهم ســـلام)
ئـــەفزەلن لـــە گشـــت مـــەلائیک تـــەمام
ئـــەفزەل لـــە مەعســـووم لـــەملا مەعلوومـــە
ئەڵـــبەت بـــە تـــەریق ئـــەولا مەعســـوومە
بەڵـــکو بـــۆ ئـــادەم عیتـــابیچ نـــەبوو
(إنّـــي جاعـــلٌ) بـــە گوێتـــەدا چـــوو
هـــات بەســـەریاندا ئـــەوە کـــە وا هـــات
(لكَـــي يُتحَفـــوا بفضـــل مـــا فـــات)

لەوێوبەریچ: لەوەوپێشیش. خاترت جەم وێ: دڵنیا بە. (لەو بابەتە)ی یەکەم: لەولایەنەوە، لەو خسووسەوە. (لەوبابەتە)ی دووەم: لەوبابەیە، تە: یە. دەگەڵ: لەگەڵ. سەییئەس: سەییئەیە. گورۆ - گورۆهـ: کۆمەڵ.

واتە: پێغەمبەران(د.خ) مەعسوومن و دوورن لە هەموو گوناهێکی گەورە و بچووک، لە پێش پێغەمبەرایەتی و لە سەردەمی پێغەمبەرایەتییاندا. ئەمەش لەسەر هەڵبژاردەی فەرموودەی زانایان بەڵکو هەر ئەم فەرموودەیە راستە و جێگای متمانەیە.

شایانی باسە لێرەدا بۆ ئەوەی برادەرانی موسوڵمان زیاتر ئاگادار بن و لە کورۆکی مەسئەلەکە حالی بن پێویستە بیروباوەڕی زانیاریی کەلامتان بۆ بەیان بکەم، پاش ئەوە فەرموودەی مەولەویش لەگەڵ سەرچاوەکەیا دەگێڕمەوە بۆتان:

را و بیری خاوەنی کتێبی (مەواقیف) و خاوەنی کتێبی (مەقاسید) بە کورتی ئەمەیە:

سەعد لە شەرحی مەقاسیدا دەڵێت:

ئەوەی گومان ببرێ لە پێغەمبەرانەوە روو بدات و بە باش و جوان نەزانرێت یا دژی ئەوەیە کە موعجیزە دەلالەتی لەسەر دەکات، یا نا؟[٩] یەکەم یا کوفرە یا شتی تر، ئەوەی کوفر نییە یا

گوناهی گەورەیە وەکوو مرۆکوشتن و هاوچەشنی، یا گوناهێکی بچووکی وەهایە ببێتە هۆی دوورخستنەوەی خەلک لە پێغەمبەر و پەیڕەوکردنی، یا وەها نییە. هەموو ئەم جۆرە گوناهانەش یا پێش بوونی بە پێغەمبەرە یا لە کاتی پێغەمبەرایەتیدایە.

جەماوەری زانایانی کەلام، لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەسەر ئەوەن کە پێغەمبەران لە پاش وەرگرتنی خەلاتی پێغەمبەرایەتی لە هەموو گوناهێک پارێزراون کە دژی دەلالەتی موعجیزە بێت، واتە: موعجیزە دەلالەت دەکات لە سەر ئەوە کە پێغەمبەران راستگۆ و راستکردار و داوێن‌پاک و خاوەن‌متمانە و زیرەک و وشیارن و لە گەیاندنی ئاییندا بە خەلکی دەس‌پاک و ئەمینن. کەواتە هەر گوناهێ دژی ئەم سیفەتانە بێت پێویستە لە پێغەمبەران روو نەدات و پارێزراو بن لێی.

هەروەها پێویستە پێش بوون بە پێغەمبەر و لە کاتی پێغەمبەریدا لە هەر شتێ کە دژی ئیمان بێ پارێزراو بن، پێویستە لە کاتی پێغەمبەریدا لە هەموو گوناهێکی گەورە پارێزراو بن، چ بە دەسەنقەست و چ بە سەهو. هەروەها پێویستە لە گوناهی بچووکی دەسەنقەست پارێزرابن، بەڵام ئەو گوناهە بچووکانەی پەستی و دەنائەت بن، ئەوانە چ بە دەسەنقەست و چ بە سەهو نابێ لێیانەوە رووبدەن.

ئەمە هەتا ئێرە بیر و رای جەماوەری زانایان بوو. بەلام بیروباوەڕی زانایانی خاوەن تەحقیق لەسەر ئەوەیە کە پێغەمبەران(د.خ) لە هەموو گوناهێکی گەورە و بچووک پارێزراون، چ پێش بوون بە پێغەمبەر و چ لە کاتی پێغەمبەرییاندا.

وا لێرەدا لە بەر ئەوەی کە حەزرەتی مەولەوی قسەکەی داوەتەپاڵ شێخ ئەحمەدی ئیبنوحەجەری هەیسەمی لە کتێبی (فتح المبین) دا، من قسەکەی ئەو وەردەگێرم بۆ کوردی، ئەو قسەی کە لە شەرحی حەدیسی دووەمدا وتوویە:

ئیبنوحەجەر دەفەرموێ:

«لە ئەرکانی ئیمانە باوەڕ بکەی بە پێغەمبەرانی خودا، واتە: باوەڕ بکەی بەوە کە خودای گەورە رەوانەی کردوون بۆ سەر خەلکی لێ‌پرسراو هەتا رێنموونییان بکەن بۆ رێگای پیرۆزی و بۆ تەواوکردنی هۆیەکانی خۆشی و بەختیاریی دنیا و قیامەتیان. خودا بە موعجیزە یارمەتیی ئەم پێغەمبەرانەی داوە، کە دەبێتە دەلیل لەسەر راستییان، ئەوانیش فەرمانی خودایان گەیاند و، بە هەموو دەست پاکی و خاوێنییەکەوە ئەوەی خودای گەورە ناردبووی بە خەلکیان گەیاند.

پێویستە لەسەر هەموو کەس ڕێز لەو پێغەمبەرانە بگرێت و، لە ئەسڵی پێغەمبەرایەتی (نبـووەت و ریسالەت) و ئیمان پێ‌هێنانیان‌دا فەرق نەکا لە بەینیاندا و باوەڕی بەوە ببێت کە خـودای گـەورە هەموو ئەوانی دوورخستووەتەوە لە هەموو عەیب و کەم‌وکووڕییەک و، ئەوانە مەعسووم و پارێزراون لە گوناهی گەورە و بچووک، چ لە پێش نبووەتدا و چ لە کاتی نبووەتدا، ئەمـەیش لەسـەر قسـەی هەڵبژێرراو بگرە لەسەر قسەیەک کە هەر ئەوە راستە و لەگەڵ حەقدایە. ئیتر ئەو قسـەو باسـانەی کە لە حیکایەتی هەندێ لە (مفسرین)ی قورئاندا هەن یا لە کتێبی (قصص الانبیـاء)دا نووسـراون، لەوانەی دژی ئەو بیرە راستە بن کە وتمان، پشتیان پێ نابەسرێت و جێگای بڕوا نـین، ئەگـەرچی ئەوانەی گێڕاویانەتەوە پیاوی گەورە بن، وەک (بەغەوی) یا (ئەوحەدی).

ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا بەرچاو دەکەوێ کە ئادەم لە ئـەمری خـودا سـەرپێچی کـردووە، یـا خودای گەورە لەسەر هەندێ کردەوە (عتاب)ی لە هەندێ ڕەهبەر کردووە ئەوە وەک ئەوەتـە کـە خاوەن (سیّد) دەتوانێ بە هەر جۆرێ بیەوێ قسە لەگەڵ بەندە (عبد)ی خۆیا بکات، وەک ئەوەتـە کە خودا سەرزەنشتی بەندەی خـۆی بکـات لـە سـەر ئـەوەی کـە (خـلاف الاولی)ی لـە دەسـت دەرچووە[١٠] وەکوو چۆن سەرزەنشتی غەیری ئەوان دەکات لەسەر گوناهـ و تاوان.

لەمەوپێش باسمان کرد کە پێغەمبەران لە (خواص)ی فریشتە گـەورەترن، جـا کـە ئـەمان لـە فریشتەی بێ‌گوناهـ گەورەتر بن چاکتر ئەبێ بێ‌گوناهـ و پارێزراو بن».

(تەرجەمەکە تەواو بوو).

جا مەولەوی دەفەرموێت: پێغەمبەران(د.خ) مەحرەمن بە بارەگای خودای گەورە، (محرم) یش بە تاقە نوختەیەک دەبێ بە (مجرم). کەوابێ لەوانەیە خودا لەسەر (خـلاف الاولی) یـەک (عتـاب) یان لێ بکات.

لە لایەکی ترەوە ڕەهبەران موقەڕڕەبی بارەگای خـودان و پایـەیان ئەوەنـدە بـەرزە و جێگـە و ڕێگەیان ئەوەندە دیارییە کـە کـرداری چاکـەی پیاوچاکـان ئەگـەر لـەوان بوەشـێتەوە بـە تـاوان دەژمێررێت.

لەپاشاندا مەولەوی دەفەرموێت:

ئەو کەسەی چاوی (بەسیرەت)ی بینا نەبێت و ڕێگای بینـینی نهێنییـەکانی خـۆش‌ویسـتن و خۆشەویستی لێ گیرابێت واباشـە واز لـەم باسـە بهێنێـت، پێغەمبـەران خۆشەویسـتی خـودان و

پێوەندییەکی تایبەتی لە نێوانیاندا هەیە و خودای گەورە بـە چـاوێکی تایبـەتی و جیـاواز لـە هـی خەڵکی تر کردەوەیان هەڵدەسەنگێنێ.

ئەگەر بڵێیت: کە کردەوەی پێغەمبەران لە بابەتی (خلاف الاولـی) بـووە ئـەی بـۆچی خـودای گەورە ئەو (خلاف الاولی)یە بە گوناهـ و لەبیرچوونەوە و بێ عەزمی و وێنەی ئەمانە ناو ئەبات؟

لە وەڵامدا ئەڵێم: بۆیە خودای گەورە بەو نـاوە قورسـانە نـاوی (خـلاف الاولـی)ی بـردووە بـۆ هەڕەشـە و ئاگادارکردنــەوە و ترسـاندنی غـەیری ئـەوان، چونکـە دەربـڕینی وەهـا رووبـەڕووی پێغەمبەرانی نزیک لە خودا و دۆستی خودا دەبێتـە هەڕەشـە و ترسـاندن و پەنـد بـۆ بچووکـان و ئەوانەی پایە و مەقامیان وەک پایە و مەقامی پێغەمبەران نییە.

لە لایەکی تریشەوە عیتاب رووی نەکردووەتەوە حەزرەتی ئادەم. بـە ئایـەتی (إنّـی جاعِـلٌ فـی الأرض خلیفة...) [11] خوا رێزی لە ئادەم گرتـووە، چونکـە پایـەی خیلافـەتی خـودا پایـەیێکی زۆر بەرزە.

روودانی ئەو (خلاف الاولی) یانە لە هەندێ لە رەهبەرانەوە هەر بۆ ئەوە بووە کە خودای گـەورە پێغەمبەرەکان ئاگادار بکات لە فەزڵ و شەرەف و گەورەیی ئەو لایەنە (اولی)یە کە لەکیسیان چوو، واتە: ئەگەر خودای گەورە باسی ئەو (خلاف الاولی) یەی نەکردایە ئەوان حاڵی نەدەبوون کام کـار زۆر بەنرخترە بۆ ئەوان.

واجبە لەسەر موسوڵمان بە دڵ رێز لە هەموو پێغەمبەران بگرێت و، باوەڕی وەها بێت کـە ئـەم پێغەمبەرانە پوختەو خولاسەی ئادەمزاد، بگرە پوختە و خولاسەی هەموو مەخلووقاتی خودا بـوون، پێویستە تەماشای ئەوە بکات کە خودا بە شێوەیەکی گشتی فەرموویەتی: (قل الحمد الله و سـلام علی عباده الذین اصطفی...) [12]، وە فەرموویەتی (سبحان ربّک ربّ العزّة عما یصفون و سلامٌ علـی المرسلین) [13]، وە فەرموویەتی (الله یصطفی من الملائکة رسلاً و مـن النـاس) [14]. هـەروەها لـە پیاهەڵدانی هەندێکیاندا فەرموویەتی (إن الله اصطفی آدمَ و نوحاً و آل ابـراهیم و آل عمـران علـی العالمین) [15]، وە دەربارەی حەزرەتی ئیبراهیم و نووح و گـەلێ لـە پێغەمبـەران فەرموویـەتی: (و وهبنا له إسحق و یعقوب کلاّ هدینا و نوحاً هدینا من قبلُ و من ذرّیّتـه داودَ و سـلیمانَ و ایّـوب و یوسفَ و موسی و هارون و کذلک نجزی المحسنین، و زکریّا و یحیی و عیسی و الیـاسَ کـلّ مـن الصالحین و اسمعیلَ و الیسعَ و یونسَ و لوطاً و کلّاً فضّلنا علی العالمین) [16].

هەروەها دەربارەی حەزرەتی یووسف فەرموویەتی: (انە من عبادنا المخلصین) [١٧]، بە حەزرەتی داوودیش دەفەرموێ: (یا داود إنا جعلناک خلیفة فی الأرض) [١٨]، وە فەرمویەتی: (و خسّرنا مع داود الجبال یسبحّن والطیر و کنّا فاعلین) [١٩]، وە فەرموویەتی (واذکر عبدنا داودَ ذا الأید انه أوّاب. إنّا سخّرنا الجبال مَعَهُ یسبحّن بالعشیّ والاشراق. والطیر محشورةً کُلٌّ لە أوّاب. و شددنا ملکه و آتیناه الحکمة و فصل الخطاب) [٢٠]، وە فەرموویەتی (و إنَّ لە عندَنا لزلفی و حسنَ مآب) [٢١]. دەربارەی حەزرەتی سولەیمانیش فەرموویەتی: (و أنّ لە عندنا لزلفی و حسن مآب) [٢٢]، وە فەرموویەتی (و وهبنا لداود سلیمان نعم العبد إنّە أوّاب) [٢٣]. وە دەربارەی حەزرەتی (محمدالمصطفی) دروودی خودای لەسەر گەلێ ئایەت هاتووە، بۆ نموونە فەرموویەتی: (و ما ینطق عن الهوی إن هو الّا وحیٌ یوحی) [٢٤]، وە فەرموویەتی (و إنّک لَعَلَی خلقٍ عظیم) [٢٥]، وە فەرموویەتی: (یا أیّها النبیّ إنّا ارسلناک شاهداً و مبشّراً و نذیراً و داعیاً الی‌الله باذنهِ و سراجاً منیراً) [٢٦].

پوختەی قسە: پێغەمبەرانی خودا چەند دوڕڕێکن لە دەریای بەخشندەیی و میهرەبانیی خودا خۆیدا کە یەکەیەکە هەڵیبژاردوون و لە رشتەی پێغەمبەرایەتیدا هۆنیونیەتەوە و کردوونی بە چرای پڕتەودار بۆ جیهانی پیرۆزی و، خوو و رەوشتی بە پایە و مایەی پێ بەخشیون و، ئەو پڕتەوە چین چین هاتووە تا گەیشتووەتە چرای عالەم‌تابی حەزرەتی دواهاوەری پێغەمبەران حەزرەتی (محمد المصطفی) دروودی خودای لەسەر، کە بە موعجیزەی قورئانی کەریم یارمەتی داوە و دینەکەی تا دوارۆژی دنیا پایەدار کردووە و، موژدەی تکاکاریی رۆژی قیامەتی پێ بەخشیوە بۆ چارەکردنی دەردی تاوانبار و بۆ بەرزکردنەوەی پایەی چاکەکاران. ئەمانە هەمووی بە نەسسی نەقلی و بە دەلیلی عەقلی سابت بوون. کەوابێ لەسەر هەموو ئینسانێکی موسوڵمان فەرزە باوەڕی وابێ ئەم پێغەمبەرانە هەر لە ئەووەڵەوە تا ئاخر مەعسووم و لە گوناهـ پارێزراو و نزیکی بارەگای بەرزی پەروەردگارن.

صلی الله تعالی علیهم و علی آلهم و اصحابهم و اتباعهم بإحسان الی یوم‌الدین و آخر دعوانا ان الحمد لله رب‌العالمین.

مەحامیل زۆرن تەقریرم تووڵ دا [٢٧]
بێین وە تەتیممەی حەددی رەسووڵدا
(أوحی الیهِ شرعاً المولی
لە کتابٌ أنزلَ أو لا)

(و قــــد صـــــدر الأمــــرُ علیـــــهِ
بتبلیغِـــــــه المــــــوحی ألیــــــهِ)
ئــەر بــە گەیانــدن پــێ مــەئموور نییــە
وەهـــا بزانـــــە ئــــەوە نەبییــــە
بە قەولێ هەردوو هەر بە یەک مــەعنان
ئەمر بــە تــەبلیغ شــەرتە بــۆ هــەردوان
چون روسول دەڵــێ حەدیســی ئیمــان
ئــەم قەولیانــە بـــە چـــاکتر بـــزان
بــۆچ: ئــاخر ئیمــان واجبــە بــە کــول
فـــەرقیان نییـــە ئـــەنبیا و روســـول
ئەرچی ئــەم قەولــە بــێ تــەئویل راســە
بینــا لــە قــەولی موختــاریچ خاســە
چون درووس نییە ئیمان بــە مورســەل
ئیمان بە هەمووی ئــەر نــەوێ دەگــەڵ

مەحامیل: جەمعی مەحمەلە، واتە: تەویل و مەعنادانان. پێ مەئموور نییە: مەئموور نییە پێـی، ئەمری پێ نەکراوە بەو شتە. ئەر نەوێ: ئەگەر نەبێ. دەگەڵ: لەگەڵ.

واتە: تەئویل زۆرە بۆ ئەو ئایەتانــەی خــودای گــەورە گونــاهی تیایانــا داوەتــە پــاڵ هەنــدێ لــە پێغەمبەران و لە کتێبە ئایینەییەکانا بە درێژی لە سەریان نووسراوە و، منیش هەر چەند هــەموویم باس نەکردووە، لێرەدا زۆرم درێژە بە باســەکەدا، ئیتــر لــەوە زیــاتر هەڵــناگرێ، بــا بێینــەوە ســەر تەواوکردنی (تعریف) و ناساندنی (رەسوول) چوونکە لەمەوپێش هەمووم باس نەکردووە:

بەڵێ (رەسوول) ئەو ئینسانە خاوێنە رەوشتبەرزە لەگوناهـ پارێزراوەیــە کــە خــودا وەحیــی بــۆ ناردبێت، ئیتر کتێبی سەربەخۆی بــۆ نێررابــێ، وەک ئــادەم، شــیس، ئیــدریس، نــووح، ئیــبراهیم، مووسا، یان کتێبی ســەربەخۆی بــۆ نــەنێررابێ، بەڵــکو لەســەر کتــێبی پێغەمبــەری پــێش خــۆی مابێتەوە، بەومەرجەی پێی سپێررابێ و ئەمری پێکرابێ ئــەو وەحــی و کتێبــە بــە موکەللەفــەکان بگەیەنێت، چ کتێبی خۆی بێ و چ کتێبی پێغەمبەرە پێشووەکە. خۆ ئەگەر ئەمری پێ نەکرابێ بە موکەللەفەکانی بگەیەنێت ئەوە نەبییە.

پوختەی قسە نەبی و رەسوول هەردوو خاوەن شەریعتن، بەلام رەسوول بە کەسێ ئەلێن ئەمری گەیاندنی ئەو شەریعەتەی بە موککەلەفەکان پێ کرابێ و، (نەبی) ئەو ئەمرەی پێ نەکراوە، بەم جۆرە نەبی (عام) و رەسوول (خاس) ە، واتە: هەموو رەسوولێک نەبییە، بەلام هەموو نەبییەک رەسوول نییە.

لای هەندێکی تر رەسوول و نەبی یەک مەعنایان هەیە و ئەمر بە گەیاندنی شەریعەت شەرتە بۆ هەردوو. جا لەبەر ئەوە حەزرەت(د.خ) لە حەدیسی ئیماندا (و رُسُلِهِ) دەفەرموێت و بەس، ئەم قسە دووەمە لە قسە یەکەمەکە، بە چاکتر بزانە، بۆچی؟ چونکە واجبە موکەللەف باوەڕی هەبێ بە هەموویان، رەسوول و نەبی و، لەم باوەڕ پێ بوونەدا فەرق لە بەینی رەسوول و نەبی‌دا نییە، جا ئەگەر رەسوول و نەبی یەک بن وەک خاوەنی ئەم رای دووهەمە دەفەرموێ لە حەدیسە شەریفەکەدا کەموکووڕی نامێنێت چونکە (رُسُلِهِ) رەسوول و نەبییش دەگرێتەوە، بەلام لەسەر رای یەکەم، کە عام و خاسن، حەدیسەکە بە شێوەی مەجاز نەبییش دەگرێتەوە، واتە (خاس) وتراوە کە رەسوولە و، مەبەست عامە، کە نەبییە. بەم جۆرە (و رُسُلِهِ) رەسوول و نەبییش دەگرێتەوە. پوختەی قسە لەسەر رای دووەم (و رُسُلِهِ) لە حەدیسەکەدا تەئویل ناکرێ و نەبی و رەسوول دەگرێتەوە، بەلام لەسەر رای یەکەم دەبێ تەئویلی بکەین و بلێین زیکری خاسە و مەبەست عامە.

عەددەیان وەها (ذو الاشتهار)ە
کە سەدوبیستوچوار هەزارە
بە ریوایەتێ تر وا دیارە
کە زیاترن لە ئەم شومارە
(فالأولی قولُک لکل أحد:
لا تنصّ علی شیء من عَدَد)
سەلبی نوبووەت دەکەی لە نەبی
یا موسبیتی بۆ غەیر نەبی دەبی
(و بما قلنا یشیرُ الیک:
رمزُ «منهم من قصصنا علیک»)

مورسەل سێ‌سەدوسێزدە مەشهوورە
ئەویچ عەدەدیان هەر بەو دوستوورە
عەدەدی جەمعی (اولوالعزم) یان
ئەر (ابوالبشر) نەوێ دەگەڵیان
مەشهوور پێنج کەسن: نووح و ئیبراهیم
حەزرەتی مووسا مەوسووف بە کەلیم
(عیسی بنُ مریم) پەیدا (بلا اب)
(کلمةُ الله) و (روح الله) لەقەب
پێنجەم موحەممەد (سَید العالم،
صَلّی علیهِ ربّی و سَلَّم)
(و علی الباقی من النبیّین
وَ عَلی آل کلّ اجمعین)

شومارە: ژمارە. نەوێ: نەبێ.

واتە: ژمارەی پێغەمبەران(د.خ) وا مەشهوورە کە سەدوبیست‌وچوار هەزاران، ریوایەتێکی تر دەڵێ لەوە زیاترن و دووسەدوبیست‌وچوار هەزارن؛ کەوابوو چاک وایە بە هەموو کەس بڵێیت بریار لەسەر ژمارەیەکی تایبەتی نەدات، چونکە ژمارەی راستەقینەیان نەزانراوە، دیارە لەم حاڵەتەدا ئەگەر زیاد لە ژمارەی راستی بڵێیت ئەوە ناپێغەمبەر دەکەیتە پێغەمبەر، ئەگەر لە ژمارەی راستیش کەمتر بڵێیت ئەوە هەندێ پێغەمبەر دەکەیتە ناپێغەمبەر، ئەم دوو شتەیش هیچیان باش نین. ئایەتی پیرۆزی (...منهم من قصصنا علیک و منهم من لم نقصص علیک) [۲۸] ئیشارەتە بۆ ئەمەی کە باسمان کرد.

لەم پێغەمبەرە بەڕێزانە وا مەشهوورە سێسەدوسیانزەیان (رەسوول) ن، ژمارەی رەسوولیش وا چاکە دیاری نەکرێت.

ئەوانەیان لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەردا ناویان هەیە [۳۰] کەسن:

ئادەم، شیس، ئیدریس، نووح، هوود، ساڵح، ئیبراهیم، لووت، ئیسماعیل، ئیسحاق، یەعقووب، یووسف، ئەیووب، شوعەیب، مووسا، هاروون، یووشەع، ئیلیاس، ئەلیەسەع، (ذوالکفل)، شەمعوون،

ئیشمەویل، یوونس، داوود، سولەیمان، زەکەرییا، یەحیا، عوزەیر، عیسا، محمدالمصطفی، صلوات الله و سلامهُ علیهم أجمعین.

لە ناو ئەم مورسەلانەدا (أولواالعزم) ەکانیان، واتە: ئەوانەیان کە لە ڕێگای بلاوکردنەوەی ئایینـدا زەحمەتیان زۆر کێشاوە و سزایان چەشتووە، ئەگەر حەزرەتی ئادەم حیساب کەین شەش کەسن و، ئەگەر حیسابی نەکەین پێنجن: نووح، ئیبراهیم، مووسا، عیسا، موحەممەدەلموستەفا. حەزرەتی مووسا لەقەبی (کلیم‌الله) یە؛ چونکە بەبێ هۆی جیبرەئیل خودای گەورە قسەی لەگەڵ کردووە. عیسای کوڕی مەریەم کە بە قودرەتی خودا بەبێ باوک لە دایک بووە و لەقەبی (کلمةالله) یە؛ چونکە بە ئەمری خودا و بەبێ‌هۆی عادەتی پەیدا بووە، هەروەها لەقەبێکی تری (روح‌الله) یە؛ چونکە پەیدابوونەکەی بە سەبەبی ڕاستەوخۆی باوک و دایکەوە نەبووە؛ بەڵکو بە خەلقی زاتی خودا و بەبێ ئەسبابی عادەتی هاتووەتە دنیاوە. حەزرەتی موحەممەدی موستەفا (حبیب‌الله) و (رحمة للعالمین) بووە.

ئەمانە، لەسەر بەیانی قورئانی کەریم، لە پێناوی گەیاندنی نامەکەیاندا لە ڕێگای بیر و باوەڕیاندا و، بە هۆی هەوڵیانەوە بۆ بلاوکردنەوەی ئایینەکەیان زەحمەتی زۆریان کێشاوە، سەلام و درוودی بێ‌پایانی خودایان لەسەر بێت.

وا دەبێ پێیان ئیمان ئاوردن[٢٩]
باوەڕ بکەی: حەق هەڵیبژاردن
هەموویان بە مەحز فەزڵ و مەوهەبەت
بێ‌سەبەبی کەسب، تاعەت، ڕیازەت
بۆ نوبووەت و وەحی و شەرائیع
بۆ دەفعی ئیشکال، حەللی وەقائیع
بۆ ڕەهنومایی و ئیرشادی عیباد
بۆ ئیتمامی ئەمر مەعاش و مەعاد
(مبلّغین عن الله الحق)
کول موخبیر سادق، ناسیحی موتلەق[٣٠]
بە هەر تەرزێ حەق ئەمری پێ فەرموون
بەو تەرزە ئەژێر باری تەبلیغ چوون

دەگـــەڵ ئـــەو هـــەموو دوشمـــنی زۆرە
ئـەو تەعنــە و لۆمــە و ئــەو شەڕوشــۆڕە
گەیاندیان بە سـەعی بـێحـەدد و غایـەت
پـــەیغامی خـــودا ئایـــەت بـــە ئایـــەت
بـــەیانیان فـــەرموو بـــەیانی مـــوبین
(أصـلاً و فرعـاً) گشـت ئـەحکامی دیـن
(طابـــــت الـــــدنیا بـــــدعوتهم
جـــزاهم الله عـــــن أمـــــتهم)
لـــە ئەسڵـــی ســـبووت نوبووەتیانـــدا
تـــــەفاوت نییـــــە لەبەینیانـــــدا
هـــەر کەســێ تـــەکزیب بکــا یـــەکێکیان
ئیمـــانی نییـــە بـــە هـــیچ کامێکیـــان

واتە: ئیمان‌هێنان و باوەڕکردن بە پێغەمبەران(د.خ) چەند خاڵێکە: یەکـەم: بـاوەڕ بـەوەی کـە ئەو پێغەمبەرانە خودای گەورە هەڵیبژاردوون لەناو کۆمەڵی ئادەمزاددا بۆ ئەوەی بیانکا بە ڕەهبـەر و ڕانومای هەرکەسێ کە تەکلیف ڕووی تێ بکات، خودای گەورە ئەمانەی تەنها بە کەرەم و لـوتفی خۆی هەڵبژاردووە، بەبێ ئەوەی کەسبی ئەوان یا وەرزشی نەفسییان بووبێتـە هـۆی ئـەم بـەش و بەهرەیە. هەروەها ناردنی پێغەمبەرانیش بۆ تەمێ و تەربییەی خەڵک هـەر لـە کـەرەم و لوتـف و نەوازشی خوداوەیە.

سوود و چاکەی ناردنی پێغەمبەران زۆر شتە، وەکـوو چـارکردنی گـیر و گـرفتی ئـادەمزاد لـە پەرستیاری‌دا؛ چونکە ئەگەر پێغەمبەران نەبوونایە هەرکەس سـوودی لـە شـتێک دەس بکەوتایـە ئەوەی دەپەرست وەک ڕۆژ و ئاگر و ئاو و ئەستێرە و گا و مانگا و ژن، کە هۆی جـێ‌بـەجێ بـوونی بەرهەم و بەردەوام‌بوونی ژیان و ئاوەدانین، یا وەک ئەوەی هەندێ کەسی زیرەک لە نـاو خەڵـکدا هەڵکەوتوون لە کاتی ژیانیاندا سوودیان بۆ کۆمەڵ زۆر بووە، پاش مردنیان خەڵک لە بـەرد و دار و ئاسن و مس و شتی وا پەیکەریان بۆ کردوون و ڕێزیان لێ گرتـوون و لـە ئەنجامـدا کارەکـە وردە وردە بووەتە بت‌پەرستی؛ بـەڵام کـە پێغەمبـەران نـاوە هـاتوون ئادەمزادیـان لـەو نادانییـە دوورخستووەتەوە و تێیان گەیاندوون ئەو شتە پەرستراوانە و سـوود و قازانجیـان هـەموو خـودای

گەورە دروستی کردوون، تەنها بە عادەت بوونەتە هۆی خێر و خۆشی، ئەمانە بەبێ خواستی خـودا نە سوودیان هەیە و نە زیان، ئەمانە خۆیان رام و راهـاتووی دەسـتی هێـزی پـەروەردگارن، بـەلام پەروەردگاری راستەقینە هەر بووە و هەر ئەبێ و ئاگاداری هـەموو ئاشـکرا و نهێنییەکـە، بـە سـەر هەموو کەسێکدا و هەموو شتێکی مومکیندا دەسەلاتی ئەشکێ و، بەبێ خواستی ئـەو هـیچ کـەس هیچی پێ ناکرێ.

پێغەمبەران گەلێک گیر و گرفتی ئادەمزادیان چارکردووە کە بـە هـۆی سروشـت و ئـارەزووی نەفس و چاولێکەرییەوە لە ناودا باو بووە. پێش پێغەمبەران دەسـتدار دەسـتدرێژیـی کردووەتـە سەر ماڵ و گیان و نامووسی خەلک، ئەگەر یەکێکی گەورە بکوژرایە لەباتی ئـەو تاقەکەسـە چەنـد کەسیان ئەکوشتەوە و هەزاران شتی لەوانـە خراپتـر رووی‌داوە. کـە خـودای گـەورە بـە لوتـف و کەرەمی خۆی پێغەمبەرانی نارد قانوون و دەستووریان هێنا و بە خەلـکیان گەیانـد و لـە پێنـاوی بلاوکردنەوەیدا رەنجیان دا و بوونە مەشخەڵی کۆمەڵ، ریبازێکیـان بـۆ خەلـک هێنـا کـە گیـان و نامووس و سامانیان بپارێزێت و بە بەختیاری و سەرفرازی بژین و، روو بکەنە ئاسانەی پـەروەردگار و داوەری رۆژی پاداش.

سوودی پێغەمبەران یارمەتی‌دانی هۆش و ئاوەزی ئادەمزادە بۆ رێکخستنی هۆی پیرۆزیی دنیا و دین، وەک پەیرەوی یاسا و بەرگری و پارێزگاریی ولات لـە دوژمنـان و ئـاوەدان‌کردنـەوەی بـە خوێندەواری و بازرگانی و پیشەسازی، بە دانانی رێ و شوینی رێـکوپێـک بـۆ مامەلـە و کـڕین و فرۆشتن، بـە نەهێشـتنی غـەش و خەلـەتاندن و دلـڕەقی لـە نـاو خەلـکدا و، بـە رێگـاگرتن لـە قەدەغەکردنی رزق و رۆزیی ئادەمزاد و برەودان بە میانەڕەوی (اعتدال) لە هەموو روویەکی ژیاندا.

سوودی ناردنی پێغەمبەران بلاوکردنـەوەی میهرەبـانی و پتـەوبوونی پێوەنـدی نێـوان خـزم و خـوێش و بێگانـە و گـەورە و بچـووک و پـیر و جـوان و مامۆسـتا و شـاگرد و بـاوک و دایکـە، بلاوبوونەوەی گیانی دۆستایەتی و هاوکارییە لە ناو ریزەکانی کۆمەلدا.

سـوودی هەرەگـەورەی پێغەمبـەران ئەوەیـە نـوور و رووناکییـان خسـتووەتە دڵ و دەروونی ئادەمزاد و، بەو نوورە ئەو دڵ و لەتیفەی وجوودەیان برژاندووە و ئامادەیان کردوون بۆ بیرکردنـەوە لە پەروەردگاری جیهان، تا وایان لێ دێ دلنیا بن کە هەمیشـە خـودا حـازرە لـە لایـان و ئاگـای لێیانە، هیچ چاک و خراپێکی لێ ون نابێ، هەروەها پێغەمبەران ئادەمزادیان حاڵی کردووە کە ئەم جیهانە مادەیێکی رامە بۆ هێز و دەستەلاتی پەروەردگار، لە نەبوونەوە دەرکراوە بۆ بوون، لـە رۆژی

دواییشدا ئەم جیهانە کە بەم وەزعە دەبینرێ تێکدەچێ و جیهانێکی تازە دێتە پێشەوە، کە حسێب لەگەڵ هەموو ئادەمزادێکی ژێردا دەکرێت و بە قەدەر تۆزقاڵێ چاکە و خراپە ون نابێ، تۆڵەی تاوانباران ئاگر و سزای دۆزەخە و پاداشتی خێرومەندان بەهەشتی هەرگیز نەبڕاوەیە.

دووەم: باوەڕە بەوەی کە هەموو پێغەمبەران راستگۆن و لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ خودا و لەگەڵ هەموو خەلکدا راستن و دلسۆزن و ئامۆژگاری هەموو ژیرێک دەکەن، بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداش بن لە کەس، پاداشیان لای خودایە.

سێهەم: باوەڕە بەوەی کە پێغەمبەران ئەمینن و، لە گەیاندنی فەرمانی خودادا بە موکەللەفین، بەوجۆرە کە خودا ئەمری پێکردوون، خیانەت ناکەن و بێ گوێدان بە دوژمنان و داخلەدلان و ئاژاوەگێران ئایینیان بە جیهان گەیاندووە.

چوارەم: باوەڕ بەوەی کە پێغەمبەران داوێنپاکن و لە هەموو کارێکی شەرمئاوەرەوە دوورن، ئەمانە چرای رووناک کردنەوەن، لە باوک و برا میهرەبانترن، کەوابێ پێچەوانەی عیففەت لەوانەوە تەسەوور ناکرێت و، هەموو ئەم پێغەمبەرانە هۆی خێرن بۆ جیهان، دنیا سەرانسەر بە دەعوەتی ئەوان رووناک بووە. خودا بە میهرەبانیی خۆی جەزایان بداتەوە.

شایانی باسە ئەم پێغەمبەرانە لە ئەسڵی پێغەمبەرایەتییەکەدا جیاوازییان نییە (لا نفرّق بین أحدٍ من رُسلِهِ) [٣١] بەلام لە سیفەتەکانی تری غەیری پێغەمبەریدا جیاوازییان هەیە؛ (تلك الرسل فضّلنا بعضهم علی بعض) [٣٢].

دیارە هەرکەس باوەڕی بە یەکێ لەو پێغەمبەرانە نەبێ ئەوە وەک ئەوەیە کە باوەڕی بە هیچ پێغەمبەرێک نەبێت؛ چونکە باسی راستیی پێغەمبەرایەتی هەموو پێغەمبەرێکی کردووە، واتە هەرکەس باوەڕی بە یەکێ لەوان نەبێ ئەوە هەموو پێغەمبەرەکانی بە درۆ خستووەتەوە (أعاذنا الله بفضله و کرمه، و رزقنا الایمان به و بهم و أذاقنا حلاوة الایمان بهم أجمعین).

حەق هەموو بۆ سیدق دەعوای نوبووەت
دا بە موعجیزات باهیرە قووەت
موخالیف پێیان گشت لە کار دەرچوو
تاب موعارەزەی ئەوانیان نەبوو[٣٣]

حەق: خودا. تاب = تاو: هێز، توانا.

واتە: خودای گەورە بۆ ئیسپات کردنی راستیی قسەی پێغەمبەران هەمویان پشتی گرتن و هێزی پێدان بە هۆی دەرخستنی (معجزە)ی گەورەوە لە سەر دەستی ئەو پێغەمبەرانەدا، ناحەزەکانیان کاتێ (معجزە) کانیان دی گشتیان پێیان لە کار کەوت و جموجوولیان نەما و توانای بەربەرەکانێی ئەوانیان نەبوو، بە کورتی خودای گەورە بە بەخشندەیی و میهرەبانیی خۆی یارمەتیی پێغەمبەرانی دا بەوەی کە موعجیزەی بۆ دروست کردن و دوژمن و نەیارەکانی پەکخستن نەیانتوانی بەرامبەریی پێغەمبەران بکەن:

لێرەدا حەزدەکەم نەختێ باسی موعجیزە و کەرامەت و مەعوونە بکەم، لەگەڵ سیحر و ئیستیدراج و ئیهانە:

١ـ موعجیزە کارێکە لەعادەت بەدەر لە کەسێکەوە دەربکەوێ کە ئیددیعای پێغەمبەری دەکات و دەڵێ: من لای خوداوە رەوانە کراوم، لە کاتێکدا دەر بکەوێ کە رووبەرووی ناحەزەکانی دەوەستێ، ئەوانەی کە باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتیی ئەو نییە، واتە دەڵێت من پێغەمبەرم و ئەمەیش بەڵگەمە، ئێوە چ بەڵگەیەکتان هەیە؟ بە مەرجێ بەو کارە دەوترێ موعجیزە کە لەسەر رێرەوی کەسب و فێربوون و خەریکبوونی ئەسباب نەبێت و بە جۆرێ جێبەجێ ببێ کە لەگەڵ ویستی پێغەمبەرەکەدا بگونجێ.

٢ـ کەرامەت رووداوێکە لە عادەت بەدەر لە کەسێکەوە دەربکەوێ ئیددیعای پێغەمبەریی نەکات، یا ئیددیعای پێغەمبەری بکات بەڵام لە کاتی تەحەددی و بەرامبەریدا نەبێ.

٣ـ مەعوونە = یارمەتی: جۆرە یارمەتییەکی ئاشکرای خودایە بۆ هەندێ مرۆی دڵپاک و کردەوە چاک وەک لەناوبردنی دوژمنانیان و ئاسانکردنی گیروگرفتی ژیانیان... تاد.

٤ـ سیحر یا جادوو: رووداوێکە بە کەسب و خوێندن و پەیداکردنی پێشەکی و مەرجەکانی پەیدا دەکرێت، وەک ئەو کارە سەیرانە کە جادووگەرەکانی فیرعەون بەرامبەری حەزرەتی مووسا(د.خ) کردیان.

٥ـ ئیستیدراج: رووداوێکی لەعادەتبەدەرە کە بۆ هەندێ ئینسانی ناپاک و ناپارێزگار و لە خوانەترس و بەدخووی دوور لە کاری شەرعیی نزیک لە کردەوەی ناشەرعی پەیدا دەبێت.

٦ـ ئیهانە: کارێکە بە پێچەوانەی ئارەزووی خاوەنحاجەت روودەدات، وەک ئەوەی دەیگێڕنەوە کە (مسیلمە)ی (کذّاب) تفی کردە بیرێکی سوێر هەتا ئاوەکەی شیرین بکات کەچی ئاوەکەی بە

تەواوی وشک بوو! هەروەها دەگێڕنەوە دەستی هێنا بە سەرێکی کەچەڵدا بە نیازی ئەوەی چاکی بکاتەوە، کەچی بە تەواوی داڕزا و کرم تێیدا!!

راسی ویلایەت، وەلیَ[٣٤] بە کەسبە
کەسبی موحتەمیل بۆ عەزل و نەسبە
بەڵێ نوبووەت بە مەحزی فەزڵە
مەنسەبی نەبی بەری لە عەزڵە
دائیم موراقیب پەروەردگارن
لە عەینی خەودا گشت دڵ بێدارن
(ظاهیراً) نەوعە مەماتێکیان هەس
لە گۆڕدا نەوعە حەیاتێکیان هەس
خاک نارزێنێ جیسمی پاکیان
هیچ زەرەر نادا لە ئیدراکیان
لە حەدیسدا هەس کە نوێژ دەکەن
تەشریفیان بە حەج (بیت‌الله) دەبەن

واتە: پایەی ویلایەت و دۆستایەتیی خودا راستە و هەیە، بەڵام ئەم ویلایەتە کەسبییە و بە پەیداکردنی رەزامەندیی خودا دەست دەکەویَ، رەزامەندییەکەیش لە پەیڕەوی کردنی حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) و لە بەجیَهێنانی ئەحکامی ئایین و بەدەس‌هێنانی خوو و رەوشتی پەسەند و لابردنی خووی ناپەسەند و، بە دڵسۆزی و رووکردنە خودا پەیدا دەبێت، خودای گەورەیش بە نەوازش و میهرەبانیی خۆی یارمەتییان ئەدات و، لەسەر دەستی ئەوانەدا کەرامەت و کاری لەعادەت‌بەدەر دەرئەخات، وەکوو فەرموویەتی (و هو يتولى الصالحين) [٣٥] یان دەفەرمویَ: (ألا إنّ اولياءالله لا خوفٌ عليهم و لا هُم يحزنون) [٣٦] ئەم پایەی ویلایەتە لەوانەیە لە وەلییەکە بسەنرێتەوە؛ بەڵام پایەی نوبووەت و پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەران بە کەسب نییە و، تەنها بەخشش و کەرەم و میهرەبانیی خودایە و هیچی‌تر نییە؛ (الله اعلم حيث يجعل رسالتهِ) [٣٧].

ئەم پێغەمبەرانە(د.خ) پایەی پێغەمبەرایەتییەکان هەرگیز لێ ناسێنرێتەوە و لەسەر پایەی خۆیان دەمێننەوە.

پێغەمبەران(د.خ) ئاگایـان لـە (تجلیّـات)ی خـودای گەورەیـە و چـاوەڕوانی لێشـاوی چاکـە و میهرەبانیی ئەون و هەرگیز لە خوا بێ‌ئاگا نین، تەنانەت لە کاتی نووستنیشـدا دڵـیان خەبـەردارە؛ ئەوەتە حـەزرەت(د.خ) فەرموویـەتی: «إنّ عینـیّ تنامـان و لا ینـام قلبـی»[٣٨]. دڵـیان هەمیشـە چاوەڕوانی بارانی میهرەبانیی خودای گەورەیە.

بەڵێ وەک هەموو گیان‌لەبەرێک دەمرن، بەڵام لە گۆڕە پیرۆزەکەیاندا جۆرە زیندوویەتییـەکیان هەیە، جۆرە ئاگادارییەکی بەرزەخییان هەیە زیاتر لە ئاگاداریی سیددیقین و شـەهیدەکان، لەشـی موبارەکیان ناڕزێت؛ لە حەزرەتەوە دەگێڕنەوە(د.خ) کە فەرموویەتی «إنّ الله حَـرَّمَ علـیالأرض أن تأکل أجسادَ الأنبیاء»[٣٩]، بە هۆی مردنەوە زیان بە هەست و هۆشـیان ناگـات؛ ئیمـام ئەحمــەدی کوڕی حەنبەل(ر.خ) دەگێڕێتەوە، (حاکم) یش حەدیسەکەی لە لایەنی ئیسـنادەوە بـە (صـحیح) داناوە، کە حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی «إن لله ملائکـةً فـیالأرض سـیّاحین یبلّغـونی مـن امتـی السلام»[٤٠] هەروەها کردەوەی پەیڕەوەکانی پیشان دەدرێت و، حەزرەت(د.خ) تکای لێ‌بـووردن و بەخشینی تاوانبارەکانیان دەکات لە خودای گەورە (لَقَد جاءکم رسولٌ مِن أنفُسِکُم عزیـزٌ علیـهِ مـا عَنِتّم حریصٌ علیکم بالمؤمنین رئوفٌ رحیم) [٤١].

ریوایەت کراوە کە پێغەمبەران(د.خ) لە قەبردا نوێژ ئەکەن و لە کاتی حەجدا دەچن بۆ حەج.

ئیمامی ئەحمەد (ر.خ) دەگێڕێتەوە: کاتێ کە حەزرەت(د.خ) لـە سـەفەری (حجـةالوداع)دا بـە شیوی عەسافاندا رابوورد فەرمووی هوود و سالح بـە سـواریی دوو وشـتری جـوانی نەوسـاڵ، کـە دەستگری هەوسارەکەیان (لیف) بوو، ئیحرامیان بەستبوو بـۆ حـەج، حـەجی (بیـتالعتیـق) یـان ئەکرد. لە ریوایەتی موسلیم لە حەدیسی (ابن عباس) ەوە دەڵێت: کاتـێ کـە حـەزرەت(د.خ) لـە سەفەری (حجةالوداع)دا بە (وادیالازرق)دا تێدەپەڕی فەرمووی: وەک بڵێی چاوم لێیـە وا مووسـا لە ددانەی ئەو شاخەوە دێتە خوار و هـەردوو پەنجـەی خسـتووەتە گـوێی و بـەم (وادیالازرق)دا رادەبوورێ و بە (لبیّک لبیّک) دەنگی بەرز کردووەتەوە و لە خودای گەورە دەپاڕێتەوە.

ئێمە کە ئەم باسانە وەردەگرین مادام لە (نص) ێکی دامەزراوەوە بـن پێویسـتە بـە دڵ و گیـان باوەڕمان بە راستییان هەبێت؛ چونکە هەموو ئەمانە لە کار و باری (روح) ن و رۆح لەسەر پەیـڕەو و رێبازی ئەهلی سوننەت نەمرە و، ئەم رۆحانەش لە لایەنی نزیکی لە خودا و خوداپەرستییەوە وەک یەک نین؛ تەنانەت گیانی پێغەمبەرانیش لەم بـەهرە و نزیکییـەدا جیـاوازن و وەک یـەک نـین و هەندێکیان لە هەندێکیان جێگەدارترن، وەکوو لای زانایانی گەورە و پایەدار دیارییە.

هیچ کەس لە مەلەک، لە جین، لە ئینسان
نەگەیگە و ناگـەت ئـە روتبـەی ئـەوان[٤٢]
بەڵـێ شـەرەف هـەس لـە نـاو خۆیانـدا
بـۆ بـەعزێ بـە سـەر بەعزێکیانـدا
(حَسبَ ازدِیادِ)ی ئـاداب و حەسـەب
بـە ئیسـتیفای ئەسـڵ تاییفـە و نەسـەب
بـە ئیعتیبـاری عومـوومیِ دەعـوەت
غەڵـەبەی حـیلم و عـیلم و مەعریفـەت
لـە ئیسـتیمراری موعجیزاتـەدا
لـە زۆریـی ئـەحکام فرووعاتـەدا
لـە حەدیسـییەتی کەسـرەتی ئوممـەت
بـە مەتانـەت و تـوولی شـەریعەت
بـە خەسـائیس و کـەراماتی چەنـد
مومتـاز بـێ و، زیکـر و شـوهرەتی بوڵـەند
(فَلِـذا) حـەزرەت سـەییدی سـەروەر
فەزڵی هـەس وە سـەر هـەموودا یەکسـەر
(أولـوالعزم) یـان لـە غـەیر و، مورسـەل
لـە غـەیرە مورسـەل بـزان بـە ئـەفزەل
ئـەووەڵ لـە ئـەووەڵ ئـەنبیا ئـادەم
لـە نوبـووەتی قەڵـەم دەدا دەم
بـۆ ئـادەم هەیـە نوبـووەت ئیسـبات
(بالکِتـاب إذ تـدلّ الآیـات)
(عَلـی أنّـهُ قـد أمِـر، نُهـی
و لا نبـیّ فـی زمانِـهِ)

پەس بۆ غەیری وەحی هـیچ مەبـە سـاعی
(کـــــذا بالســــــنّة و بالاجمـــــاعِ)
ئینکــــاری مەکــــە وەک بەراهیمــــە
کــــوفر و زەلالی یــــەکجار قایمــــە

نەگەیگە: نەگەیشتووە. ناگەت: ناگات. ئە روتبەی: بە روتبەی. پەس: پاش، کەواتە.

واتە: هیچ کەس لە فریشـتە و پـەری و ئـادەمزاد نەگەیشـتووە و ناگاتـە پایـە و پلـەی بـەرزی پێغەمبەران، ئەوان لە هەموو کەس پایەبەرزترن، بەڵام پێغەمبەران لە نـاو خۆیانـا هەنـدێکیان لـە هەندێکیان گەورەتر و پایەبەرزترن بە پێی رەفتاری بـەرز، خـوو و رەوشـتی چـاک، هەڵـبژاردەیی رشتەی باوباپیر، ئەوەی پێغەمبەرایەتییەکەی بـۆ هـەموو ئـادەمزادە گـەورەترە لـەوەی بـۆ تـەنها کۆمەڵێکە، ئەوەی کە دەعوەتی کۆمەڵی گـەورەی کـردووە گـەورەترە لـەوەی کـە کۆمەڵـەکەی بچووکتر بووە، یا بە پێی زۆریی ئارامی و حیلم و لەسەرخۆیی، یا بە پێی زۆریی زانست، یا بە پێـی بەردەوامیی موعجیزە؛ ئەوەیان موعجیزەی بەردەوام بێ گەورەترە لـەوەی کـە موعجیزەکـەی زوو بڕابێتــەوە، ئــەوەی شــەریعەتەکەی زۆرتــر بــێ گــەورەترە لــەوەی کــە حــوکم و لــق و پــۆپی شەریعەتەکەی کەمتر بێ، یا بە پێی زۆریی موعجیزە و کاری لەعادەتبەدەر، یا بەپێی ناوبانگی لـە جیهاندا.

جا لەبەر رووناکیی ئەوەی وتمان حەزرەتی (سـید الانـام محمـد المصـطفی) دروودی خـودای لەسەر، لە هەموو پێغەمبەران گەورەتر و پایەبەرزترە، هەروەها پێغەمبـەرە (أولـوالعزم) ەکـان، کـە شەشن یا پێنجن[٤٣]، لە غەیری (أولوالعزم) گـەورەترن، مورسـەلین- واتـە ئەوانـەی کـە فـەرمانی گەیاندنی شەریعەت و ئایینیان پێ دراوە- لە نامورسەلەکان گەورەترن.

بـەر لـە هـەموو شـتێک قەڵـەم دەم لـە باسـی حـەزرەتی ئـادەمی یەکـەمی پێغەمبـەران و پێغەمەرایەتیی ئەو ئەدات.

بەڵێ حەزرەتی ئادەم(د.خ) پێغەمبەر بووە؛ چونکە زۆر ئایەت لە قورئاندا ئەوە دەگەیەنێت کـە ئادەم لای خوداوە ئەمر و نەهیی بۆ هاتووە و، لەوکاتەدا غەیری خـۆی پێغەمبـەرێ تـر نـەبووە تـا بڵێین ئەو ئەمر و نەهیەی لە یەکێکی ترەوە پێگەیشـتووە، کـەوابوو هـەر لـە لای خـوداوە و بـە شێوەی وەحی بۆی هاتووە، هەروەها بە فەرموودەی پێغەمبەر بە ئیجمـاع و یـەکگـرتنی هـەموو

ئوممەت و زانایانی ئیسلام حەزرەتی ئادەم پێغەمبەری خودا بووە و، نێرراوە بۆ سەر نەتەوەی خۆی لەو سەردەمەدا؛ نەخەڵەتابی ئینکاری پێغەمبەرایەتیی حەزرەتی ئادەم بکەیت! وەک بورەهمەنەکان ئینکاری دەکەن، ئینکاری پێغەمبەرایەتیی ئادەم کوفر و گومڕاهییە.

دووەم لە خاتەم ئەنبیا و روسول[٤٤]
(خیر المرشدین لخیر السبل)
ئاخیر مووئەخخەر، ئەووەڵ موقەددەم
(ذو الغِنی) و (ذوالفقر) ئەکمەل و ئەتەم
هادی‌یو مەهدی، مونتەفیع، نەففاع
عەبدی موتیع و سەییدی موتاع
حەقیقەتێکی مەجهوول و مەعلووم[٤٥]
مەنسووس و مەنتووق، موقتەزا و مەفهووم
موجەسسەم، موزلیم، موکەییەف، کەسیف
(نورٌ و روح جوهرٌ لطیف)
ئایینەی وەسفەین جەلال و جەمال
(بالغ بأقصی غایات الکمال)
موکەڕڕەر ئەمما شیرین موکەڕڕەر:[٤٦]
(من شجر الکون و منه الشجر)
(عینَهُ أستفاض من بحر اللاهوت
غینَهُ أفاض لزرع الناسوت) [٤٧]
(مرحباً فی‌الأمر أبُ الأجدادِ
عجباً فی‌الخَلق مِن‌الأولادِ)
(بالقول بالفعل و بذی الأحوال)
شەرع و تەریقەت حەقیقەت مەئال

(قالبـــاً، جســـماً، صـــورةً) فەرشـــی
(قلبـــاً و روحـــاً وَ سِـــرآً) عەرشـــی
بۆ دەریای وەحدەت هیممەت ناری فولـک
زیبی سـەرای غـەیب مەلـەکووتی مولـک
لە هەرجێ بۆی هەس ئیسمی موجـەددەد
(حکمةً): ئەحمەد، مەحموود، موحەممـەد،
(قمـــرٌ لَـــهُ المَنـــازِلُ قُـــدِّر
بـــل شـــمسٌ تجـــری الـــی مَســـتَقَرْ)

دووەم جاریش قەڵەم دەم لە باسی ئاخری پێغەمبەرانی مورسـەل و غـەیرە مورسـەل دەدا کـە حەزرەتی (موحەممەد)ە و لە ناو پێغەمبەرەکانا لە هەموویان گەورەترە و، ڕێگایـەکی پیشـان داوە لە هەموو ڕێگاکان چاکترە، واتە پایەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە پایەی هەموو ئایینەکان بەرزترە. بە کورتی لە ڕشتەی پێغەمبەراندا ئادەم سەری سەرەتای گرتووە و حەزرەتی موحەممـەد سـەری پایانی، بەڵێ حەزرەتی موحەممەد لە جیهانی جیسم و مـاددەدا دواکـەوتووە، بـەڵام لـە جیهـانی ڕۆحدا پێش کەوتووە، لە لایەک لە هەموو کەس زیاتر موحتاجی خودایە و لە عاستی بەخشـندەیی و میهرەبانیدا چاوەڕوانە، لە لایەکیتریشەوە لە هەموو کەس دەوڵەمەندترە و لە خەڵک بـێنیـازە، بێگومان ئەم نیازمەندییە بە نەوازشی خودا و بێنیازی لە خەڵکە، پایەیەکی ئێجگار بەرزە و، هـیچ کەس لەم دوو خووەدا نەگەیشتووەتە پایەی حـەزرەتی موحەممـەد، لـە لایـەک ڕێنیشـاندەری موکەللەفان بووە و، لە لایەکەوە لای خوداوە ڕێی پیشان دراوە، سوودی ڕۆحی لە خودا وەرگرتووە و قازانجی مـاددی و مەعنـەویی بـە خەڵـک گەیانـدووە، بەنـدەی فەرمانبـەرداری خـودا بـووە و، خەڵکیش فەرمانی ئەویان بەجێ هێناوە.

زاتی پێغەمبەر حەقیقەتەکەی لە لایەک زانراوە و خەڵک لێی تـێدەگـات، کـە لایەنـە ئاشـکرا ماددییەکەیەتی، لـە لایـەک شـاراوە و نـەزانراو و پـەیپـێنـەبراوە، ئـەوەیش لایەنـە مەعنەوییـە ڕۆحییەکەیەتی.

هەروەها مەولەوی دەفـەرموێ: حەقیقـەتی حـەزرەت مەنسووسـە و مەنتووقـە و موقتەزایـە و مەفهووم...

لێرەدا ئەمەوێ نەختێ درێژە بەم باسە بدەم، ئەم فەرموودەی مەولەوییە بەبێ تەئویل و واتا بـۆ دۆزینەوە روون نابێتەوە؛ چونکە ئەم چوار وشەیە لە ئیستیلاحاتی عیلمـی ئوسـوولی فـیقهن و لـە بابەتی دەلالەتی ئەلفاز، حەقیقەتی زاتی پێغەمبـەریش(د.خ) لـەو بابەتـە نییـە، بۆیـە بـەم چەنـد جۆرەی خوارەوە لێکی دەدەینەوە:

یەکەم واتە: حەقیقەتی حەزرەت و پێغەمبەرایەتییەکـەی لـە هەنـدێ لـە کتـێبی پێغەمبـەرە پێشووەکاندا مەنتووق و مەنسووس بووە وەک لە ئینجیلی حەزرەتی (عیسی)دا کە موژدەی تیایـە بە هاتنی پێغەمبەرێ ناوی (ئەحمەد)ە. هەروەها ئەو حەقیقەتە لە (سفر)ی (شەعیا)ی پێغەمبەردا مەفهووم و وەرگیراوە، چونکە باسی پێغەمبەری ئاخرزەمان دەکات.

پێغەمبەرایەتییەکەشی موقتەزای لوتفی خودایە و، بۆ رانومایی و خیر و خۆشیی دنیا و قیامەتی خەڵکە.

دووەم واتە: حەقیقەتی حـەزرەت و پێغەمبەرایەتییەکـەی لـە قورئـانی پـیرۆزدا مەنسـووس و مەنتووقە، وەک لە ئایەتی (ما کان محمداً أبا أحدٍ من رجالِکُم و لکِن رسول‌الله خاتم‌النبیـین...)دا (سوورەتی احزاب).

هەروەها لە گەلێ ئایەتی تردا مەفهوومە و وەردەگیرێ، بۆ نموونە: (تبـارک‌الـذی نـزَّلَ‌الفُرقـان علی عبدِهِ...) (سوورەتی فرقان). یا ئایەتی (لقد جاءکم رسول من أنفسکم...) (سوورەتی توبە).

ئـەم پێغەمبەرایەتییـەی حـەزرەتیش موقتـەزای دوعـا و نـزای حـەزرەتی ئیبراهیمـە کـە فەرموویەتی: (ربنا وابعث فیهم رسولاً منهم یتلوا علیهم آیاتک...) (سوورەتی بقرە).

سێهەم: (بلا تشبیه) وەکوو کەلامی خودا مەنسووس و مەنتووق و مەفهووم و موقتـەزای هەیـە وتاری حەزرەتیش ئەمانەی هەیە، ئەمەیش لای زانایانی ئوسوولی فیقهـ و حەدیس زانراوە.

چوارەم: دیمەنی حەزرەت(د.خ) وەک مەنسـووس و مەنتووقی کەلام دیاری و زانراوە. بۆ ئەهلی دەرک و دڵرووناکان گەلێ پەنامەکیی رۆحیی لێ وەردەگیـرێ و لـە هاورێیەتییـەوە گـەلێ شـت دەست کەوتووە.

هەروەها لە تێگەیشتنی زاهیری کردەوەیەوە هەرچی دژی کردەوەکانی ئەون روون دەبنـەوە و دەبێ نەکرێن. پێغەمبەرایەتییەکەیشی موقتەزای رەحمەتی خودایە.

هەروەها مەولـەوی درێـژە بـە باسـەکە دەدات و، لـە وەسـفی حـەزرەت و بـەیانی گەورەییـدا دەفەرموێ: لە لایەک بە دیمەن جیسمە و ماددەیە و ئەو سیفەتانەی هەیـە کـە مـاددە هەیـەتی،

وەک کەسافەت، خواردن، خواردنەوە، نووستن، بێداری، ساغی و ناساغی... تاد. لە لایەکی تـرەوە نوورە و رۆحە و لەتافەتە. ئەو زاتە خوو و رەوشت جوانە پایەبالایە لەبەر ئـەوە نومایشـگای نـووری خودایە بووەتە ئاوێنە و سیفەتی جەلال و جەمالی تیا دەبینرێ، واتە: سیفەتی رق و غەزەبی خودا و سـیفەتی بـەزەیی و میهرەبـانی، یەکـەمیان بەرامبـەر بـە کـافران و دووەمیـان بەرامبـەر بـە موسولـمانان، ئـەم پێغەمبـەرە سـەروەرە گەیشـتووەتە لای ژووروی پلـە و پایـەی ئـادەمزادی تێگەیشتووی پێگەیشتوو و تەواو بوو بە دوا دانەی بەنرخی زنجیرەی پێغەمبەرایەتی... ئەمەش لە جیهانی ماددەدا.

(عین)ی موحەممەد، حەقیقەتی زاتی موحەممەد، سەرچاوە رۆحییەکەی لە دەریای رەحمـەت و بەخشندەیی خودایی بەهرەی وەرگرتووە، بەلام (غین) ەکەی واتە: (غمام) ەکەی، هەورەکـەی، سێبەرەکەی، بوونە ماددییەکەی بە رێژەن باران دەبارێنـێ بەسـەر جیهـانی (ناسـوت) مـاددەدا و بووەتە هۆی بەرزی و بەختیاری و سەربەرزیی دنیا و قیامەتی خەڵک.

مەرحەبا لەو زاتە پایەبەرزە کە لە عالەمی (ئـەمر) واتـە لـە عالـەمی (روح)دا یەکەمـە و بـاوکی باپیرانە، چەند عەجایەبە لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکـەمی عالـەمی ئـەمرە لـە عالـەمی (خـەلق) واتـە ماددەدا یەکێکە لە ئەولادی ئادەم و دواکەوتووە و خاتەمی پێغەمبەرانە.

ئەم پێغەمبەرە گەورەیە بە گوفتار و کردار و ئـەحواڵ شـەریعەت و تەریقـەت و حەقیقـەتی بـە جیهاندا بلاو کردەوە، فەرموودەکانی بۆ ئەحکامی عیلمی و عەمـەلیی ئـایینی ئیسـلام، کـردەوە و بەجێهێنانی بۆ لقوپۆپی ئایین، ئەحواڵە بەرزەکان و خوو و رەوشـتە جوانـەکانی بـۆ تەریقـەت و حەقیقەت.

شایانی باسە: نابێ وا تێبگەن کە شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەت سێ شتی لە یەک جیـان، نەخەیر؛ تێکڕای ئەوەی کە حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) لای خـوداوە هێناویـەتی و، هـۆی پیرۆزیـی هەمیشەی بەرەی ئادەمزادە، مەشهوورە بە ئایینی ئیسلام و بە شەریعەتی موحەممەد(د.خ).

بەڵێ هەرچی ئـەو هێناویـەتی و بـە گوفتـار و کـردار و ئـەحواڵ دەریبـڕیوە ئـایین و یاسـای ئیسلامە، بەلام خودای گەورە هەرگیز داوای شتێکی نەکردووە کە لـە توانـای ئـادەمزاددا نـەبێت، دیارە هەموو ئادەمزادێ توانای ئەوەی نییە هەموو ئەو رەوشتانەی هـەبێ کـە پێغەمبـەر بـوونی و هەموو ئەو کارە چاکانە بکات کە ئەو کـردوونی و هـەموو ئـەو حاڵـە مەزنانـەی هـەبێت کـە ئـەو حەزرەتە مەزنە بوونی. ئەوانەی ئەو لە وزەی هەموو ئادەمزادێکدا نییـە، کـەس ناتوانـێ وەک ئـەو

تێکۆشێت، بۆیە خودای گەورە بەپێی توانای خەڵکی هەرەمە داوای باوەڕ و کردەوە و خوو و ڕەوشتیان لێ دەکات و، ئەم ئەندازەیە کە خودای گەورە دەیەوێ لە خەڵکی هەرەمە ناوی (شەرع)ە، ئەو زیادە کردەوانە کە حەزرەت(د.خ) کردوونی، وەک چاکەی زۆر و وەرزندانی نەفس و شەونوێژی دوور و درێژ و بیرکردنەوە و ناویخوداهێنان و خوداپەرستیی گران و، ئەو کردەوانەی کە تەنها لێبراوان و مرۆڤە هەرەباشە زۆر لەخواترسەکان دەیکەن، ناونراون (تەریقەت) و ڕێباز.

ئەو خوداناسی و هەمیشە لەگەڵ خودا بوونە و پێوەندی بەهێز لەگەڵیدا و، ئامادەکردنی ڕۆح بۆ وەرگرتنی نوور و بەرەکەت لە خودا، ناوبراوە بە (حەقیقەت).

ئەگەرنا هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی هەر (شەریعەت) ن و هەر لە حەزرەتەوە(د.خ) بە خەڵکی جیهان گەیشتوون.

حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) بە هەیکەل و لەش و شێوە (فەرشی)یە واتە خاکییە و ئەهلی ئەم سەرزەوییە و بە ناوەڕۆک و ڕۆح و نوورە پەنامەکییەکانی سینە و لەتائیفی نایابی (عەرشی) یە، واتە: دوورە لە ئادەمزاد و، لە ئەهلی تەخت و پایەی پێغەمبەرایەتییە و، لە نزیکان و دۆستانی خۆشەویست و نزیکی بارەگای خودای گەورەیە، شایانی باسە (ڕۆح و قەلب و سیڕ و تەریقەت و حەقیقەت) زاراوەی ئەهلی تەسەووفن.

هیممەتی ئەم پێغەمبەرە پایەبەرزە لە دەریای بێبن و پایانی بانگکردن بۆ خوداناسی و تەنها خوداپەرستن و خودابەیەکزانیندا ئاگر و سووتەمەنی و گەردانی کەشتییە و، ئەوە دەیگەیێنێتە کەناری سەلامەتی و بەختەوەری. بەڵێ: شەریعەت و ڕێڕەوی حەزرەتی موحەممەد(د.خ) کەشتییە و خوداناسین و خودابەیەکزانین دەریایە و ئەوانەی دەیانەوێ دەریای خوداناسی ببڕن و بە سەلامەتی بگەنە کەنار سواری ئەو کەشتییە دەبن، کە کەشتیەوانەکەی پێغەمبەری دواهاوەری پێغەمبەرانە و، هیممەتی بەرزی پشت بە خودا بەستووی سووتەمەنیی کەشتییەکەیە و، بە سەلامەتی دەیانگەیێنێتە ئامانج...

حەزرەت(د.خ) زینەت و جوانیی سەرا و بارەگای مولکی غەیب و مەلەکووتە.

لە هەر شوێنێ ناوێکی تایبەتیی هەیە؛ لە جیهانی هەرە بەرز(الملأ الاعلی)دا ناوی (احمد)ە و، لە ئاسماندا ناوی (محمود)ە و، لە عەرزا ناوی (محمد) ە(س).

ئەنجا مەولەوی (اقتباس)ی کردووە لە قورئانی پیرۆز و ئەفەرموێ: حەزرەت مانگی درەخشانە و خودا دەیان پایە و پلەی داوەتێ، نەخەیر ئافتابی عالەمتابە و بەو جۆرە خوا بۆی دانابوو، لەو

ڕێگایەوە بۆی دیاری کردبوو هات و ڕۆیشت و جیهانی ڕووناک کردەوە، (والشمس تجری لمستقرٍّ لَها ذلک تقدیر العزیز العلیم. والقَمرٌ قدَّرناهٌ منازل...) [٤٨].

لەوانەیشە واتای بەیتەکە ئەوە بێت کە پێغەمبەر(د.خ) وەک مانگ و خۆر کە ڕێـرەوی تایبەتی و پلە و پایەی دیارییان هەیە، هەر لە حەزرەتی ئادەمەوە(د.خ) تا (عبدالله)ی باوکی پشتاوپشت بەڕێز و پایەبەرز و جێگەدار بووە و، ڕشتەی باوباپیر و داوداپیری هەموو پاک و خاوێن و خوابەیەک ناس و خوو و ڕەوشت بەرز و بەڕێز بوون.

مەککە مەشریق و، مەدینە مەغریب
باوک عەبدوڵلا عەبدولموتەللیب
دایک ئامینە کەنیشکی وەهەب
لە (کلاب)دا (ملاقی النَسَب)
نەسەبی هەر تا عەدنان مەشهوورە
تیعدادی لەگرە غەیرە زەروورە
زەروور ئەمەتە دەم لەمە بدەین
ئیزهاری پاکیی سیلسیلەی بکەین
بینا لە تەحریر نیحریری (رازی) [٤٩]
خودا و پێغەمبەر لێی بووون ڕازی
(و قد وافَقَ ذلک الامام
جماعةٌ مِن کرامٍ أعلام)،
ئابا و ئوممەهات سەیدی عالەم
هەر لە والیدەین هەرتا بە ئادەم
(بِأدِلَّةٍ کالقصر المَشید)
بێ شیک و زەلال کول (علیالتوحید)

کەنیشک: کچ. هەر: تەنها. لەگرە: لێرە. تەحریر: نووسین. نیحریر: زانای زۆرزانا. زانای پایەبەرزی ئیسلامی ئیمام (فخرالدین)ی ڕازی. بووون: ببن. هەرتا: هەتا.

لە شیعری پێشوودا فەرمووی: پێغەمبەر هەتاوە و بە ڕێگای دیاریی خۆیا دەڕوات، دیارە هەتاو خۆرهەڵات و خۆرنشینی هەیە، هەڵاتن و ئاوابوونی هەیە، وا لێرەدا دەڵێ: لە شاری مەککەی پیرۆز هەڵات و لە شاری مەدینەی نوورانی ئاوا بوو، بەڵێ لە مەککە لە دایک بوو، لە مەدینە کۆچی دوایی کرد، کەواتە بۆ پێغەمبەر(د.خ) مەککە بوو بە مەشریق و مەدینە بوو بە مەغریب.

جا مەولەوی دێتەسەر باسی ڕشتەی باوباپیری حەزرەت و دەفەرموێ: باوکی حەزرەت (عبدالله)ی کوڕی (عبدالمطلب) ە، ئەویش کە باسی نەکردووە ئاشکرایە و گەلێک لە خەڵکی موسڵمان ئەیزانن، وا ئێمەیش لێرەدا باسی دەکەین (عبدالله) کوڕی (عبدالمطلب)ی کوڕی (هاشم)ی کوری (قصی)ی کوڕی (کلاب)ی کوڕی (مرّة)ی کوری (کعب)ی کوڕی (لؤی)ی کوڕی (غالب)ی کوڕی (فهر)ی کوڕی (مالک)ی کوڕی (نضر)ی کوڕی (کنانە)ی کوڕی (خزیمە)ی کوڕی (الیاس)ی کوڕی (مضر)ی کوڕی (نزار)ی کوڕی (معدّ)ی کوڕی (عدنان)ە.

دایکی حەزرەتیش ئامینەی کچی وەهەبی کوڕی زوهرەی کوڕی عەبدولمەنافی کوڕی کیلابە، بەڵێ لە کیلابدا ڕشتەی نەسەبی باوک و دایکی یەک دەگرنەوە.

هەروەها مەولەوی دەفەرموێ ژماردنی ڕشتەی باوباپیری حەزرەت لێرەوە پێویست نییە، ئەوە پێویستە کە پاکیی ڕشتەی باوباپیری حەزرەت، چ سەری دایکی و چ سەری باوکی، لە کوفر و شەریک بۆ خودا دانان دەربخەین و ئیسباتی بکەین کە خاوێن بوون.

بەڵێ بەپێی نووسینی زانای گەورە ئیمام (فخرالدین)ی ڕازی، کە گەلێکی تر لە پێشەوایانی گەورەی ئایین هاوبیرنی، باوک و باپیری حەزرەتی موحەممەد(د.خ) هەر لە دایک و باوکیەوە تا حەزرەتی ئادەم و حەووا لە هاوبەش‌بۆخودا دانان و کافری پاک بوون و کەسیان کافر نەبوون. ئەم ڕاستییە بە بەڵگەی بەهێز و باوەڕپێ‌کراو ئیسبات کراوە.

هەندێ ڕەخنەیان لەم ڕایە گرتووە بەوەی کە باوکی حەزرەتی ئیبراهیم، کە لە ڕشتەی نەسەبی پێغەمبەردایە، کافر بووە، وەک لە قورئاندا دەفەرموێ (و إذ قال إبراهیم لِأبیهِ آذر أتتخذ أصناماً آلِهةً...) [٥٠] یا (و ما کان استغفار ابراهیم لِأبیهِ إلاّ عن موعدة وعدها إیّاه، فلما تبیّن لهُ أنّهُ عدوٌّ لِلّه تبرّء منه إنّ ابراهیم لأوّاهٌ حلیم) [٥١].

بەڵام وەڵامی ئەم ڕەخنە دراوەتەوە بەوەی کە ئازەر مامی حەزرەتی ئیبراهیم بووە و باوکی نەبووە، لەوانەیە بەکارهێنانی ناوی باوک بۆ مام لەو ڕۆژەدا شتێکی باو بووبێ، یاخۆ چونکە

ئیبراهیم منالّ بووە باوکی مردووە و لای ئازەری مامی بووە، بە باوک بانگی کـردووە و بـەو جـۆرە زوبانی راهاتووە.

خوسـووس والیـدەین ماجیـدەینی ئـەو
ئەسلـەینی نـەجیب ناجیبـەینی ئـەو
عەقیـدەت بـویَ (علـی التحقیـق)ە
ئـەهلی نـەجاتن بـەم سـیَ تەریقـە:
ئـەووەڵ نەگەیشـت ئـەلایان دەعـوەت
لەبـەر بوونیـان لـە وەخـتی فـەترەت
دەگـەڵ ئەمیچـە جـوان بـوون مـردن
ئیمکانیـان نـەبوو بـۆ سـەفەر کـردن
حوکمی کەسێکیچ پێی نەگەت دەعوەت
نەجاتـە، داخـل بوونـە بـە جەننـەت
دووەم بـوون لەسـەر دیـنی ئیـبراهیم
بوون لەسەر تەوحید، بیَتەردید، مـوقیم
سالیس: ئیحیای حەق مەرحەمەتی کرد
زینـدگ بوونـەوە، ئیمانیـان ئـاوورد
ئـەم گوزارشـە مـانیعی چییـە؟
(عقـلاً و شـرعاً) مومتـەنیع نییـە

دەگەڵ ئەمیچە: لەگەڵ ئەمیشە. نەگەت: نەگات. زیندگ: زیندوو. ئەم گوزارشە: ئەم قسەیە.

واتە: بە تایبەتی باوک و دایکی بەڕێزی حەزرەت، کە بە فـەرموودەی حـافیز عـەلائی و حـافیز ئیبنوحەجەری عەسقەلانی و جەلالەددینی سیووتی، باوکی حەزرەت لـە تەمـەنی [١٨] سالـیدا لـە شاری مەدینەی مونەووەرە کۆچی دوایی کردووە و لەوکاتەدا پێغەمبەر لە سکی دایکـا بـووە و دوو مانگانە بووە. دایکیشی لە تەمەنی [٢٠] سالیدا لە (ئەبواء) لـە بـەینی مەککـە و مەدینـەدا وەفـاتی کردووە و حەزرەت لەو رۆژەدا شەش سالان بووە.

ئەم دوو زاتە بەڕێزە ئەهلی نەجاتن و لە ئازاری پاشەڕۆژ دوورن بە سیَ دەلیل:

یەکەم: دەعوەتی ئیسلامەتییان پێ نەگەیشتووە؛ چونکە سەردەمەکەیان سەردەمی (فترة) بووە، واتە جیهان لەو کاتەدا پێغەمبەری تێدا نەبووە، بە نەسی ئایەتی قورئانی پیرۆزیش ئەو کەسانە کە لە زەمانی (فترة)دا بوون سزای قیامەتیان نییە (و ما کنّا معذّبین حتی نبعث رسولاً)[٥٢].

خۆ ئەگەر بلێن ئەیانتوانی بە شاران و دەوروبەردا بگەڕێن، تا ئەگەیشتنە زانایەکی شارەزای ئایین و فێری دین ئەبوون، ئەڵێم ئەم دووانە بە گەنجی مردوون، لە تەمەنی هەژدە و بیست ساڵیدا و، چاویان نەکرابوویەوە بۆ هاتوچۆ و سەفەرکردن.

دووەم: ئەم دوو زاتە بەڕێزە لەسەر ئایینی حەزرەتی ئیبراهیم بوون، بەڵێ ئەگەرچی دینی ئیبراهیم بە تەفسیل لە ناوا نەمابوو بەلام ئەسڵی خوداپەرستی و خودابەیەکزانین هێشتا هەر لە ناودا مابوو، هەبوو لە تەوحید لای دابوو، هەیشبوو هێشتا هەر (موحّد) بوو، باوک و دایکی پێغەمبەر لەم (موحّد) انە بوون.

سێهەم: پێغەمبەر لە خودا پاڕایەوە باوک و دایکی زیندوو بکاتەوە. خودای گەورەیش میهرەبانیی لەگەڵ پێغەمبەر کرد و زیندووی کردنەوە و ئیمانیان بە خودا و پێغەمبەر هێنا و بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەهرەیاب بوون. لە حەزرەتی عایشەوە دەگێڕنەوە(ر.خ) فەرموویەتی: حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی: «سألتُ ربّی فأحیا لی أمّی فآمَنت بی، ثمّ ردّها، أی الی ما کانت علیه من الموت». هەروەها عوروە لە عایشەوە دەگێڕێتەوە، خودایان لێ رازی بێت، «ان رسول‌الله (ص) سألَ ربّهُ أن یُحیی أبویه فأحیاهُما له فآمنا بِه ثمَّ أماتهُما».

ئەم باسی زیندووبوونەوەی باوک و دایکی پێغەمبەرە لە لایەنی شەرعەوە دەلیلێک نییە بەرپەرچی بداتەوە. بە عەقڵیش لەوانە نییە کە مومتەنیع بێ؛ هیچ مەحاڵ نییە ئەگەر خودا لەبەر خۆشەویستیی پێغەمبەر دایک و باوکی زیندوو بکاتەوە ئیمان بێنن و بمرنەوە.

لە دەست [(محل)ی ئیمان (بعد الموت)
هیچ نەفعی نییە] ناوێ بوی فەوت؛
مەحەللی غەیری خوسووسییەتە،
سیوای کەرامەت ئی مەنقەبەتە[٥٣]
ئیحیابوونەوە لە دوای مردن
مایەی ئیمانی پێ عەتا کردن

به روتبـەی بولـەند تـا بـوون موتحـەف
بـەو زیـادەی فـەزل، کـەمال و شـەرەف
بــوێ بــۆ ئــەوان فــەرق و تــەفاوت
دەگـەڵ سـائیرین لـە ئـەهلی فـەترەت
هــەر موخالیفــێ کــە پێــی هاتــە بــەین
ئەگــەر زەعیفــە قســەی لــێ نەکــەین،
وەرنـــە (إن أمكـــن فقـــد يـــؤوّل)،
یـا مەنسـووخە، یـا (متـروک العمـل)
(كمـا يفعـل فـی بعـض المسـألة[٥٤]
اذا تعـــارض فيهـــا الأدلّـــة)
حەدیســی زەعیــف ئــەر پێــی لــەناوە
بــەم حەدیســە کــار مــونکیر تــەواوە
(فيــه يقــولُ، جَــلَّ وَعَــلا
إنّــی حَرّمــتُ ألنّــارَ علــی)
(صُــلبٍ أنزَلَــك، بطــنٍ حَمَلَــك)
(حجـر كفَلَـك، فمـا بَقـی لَـك؟!)

مەحەل: حولوول. بوی: ببی. ئە: هی. بووون: ببن. به روتبەی بولەند تـا بـوون موتحـەف: تـا موتحەف ببن به روتبەی بولەند. موتحەف: دیاریی بۆ برا.. مەنقەبە: گەورەیی.

واتە: بە قسەی ئەوەی کە ئەڵێ (حولوولی ئیمانی پاش مردن سوودی نییە) نابێ بشکێیت و لـە مەیدان هەڵبێیت، چونکە ئەو بێسوودییە وەختێکـە کـە زیندووکردنـەوە و ئیمـان هێنانەکـە بـە تایبەتی نەبێت و بۆ دەرخستنی گەورەیی و جێگەداری نەبێت. لێرەدا خودای گەورە، بە تایبەتی و بۆ دەرخستنی رێز و پایەی پێغەمبەر، باوک و دایکی زینـدوو کـردەوە ئیمانیـان پـێ هێنـا؛ بەمـە شەرەف و گەورەیی حەزرەت زیاتر و جوانتر دەردەکەوێ کە خوا کارێکی وای کرد زیندوو ببنـەوە و موسوڵمان ببن. بەڵێ ئەگەر خسووسییەت نەبێ ئیمانی کاتی ناهومیدبوون لە ژیانیش سـوودی نییە، چ جایێ ئیمانی پاش مردن!

بەڵێ زیندووی کردنەوە و نیعمەتی ئیمانی پێ بەخشین تا ئەم روتبە و پایە گەورە بەرزەیان بە دیاری بۆ بنێرێت و، بەو زیادە شەرەف و رێزلێ‌گرتنە ئەم باوک و دایکە بەرێزانە لە خەڵکی تر جیا بکاتەوە، واتە لە خەڵکی سەردەمی (فترة)، ئەگینا بەپێی زاهیری ئایەتی قورئان، کە دەفەرموێ (و ما كنّا معذّبين حتّى نبعث رسولا...) هەموو ئەهلی فەترەت لە سزای رۆژی دوایی رزگارن.

ئەگەر رەخنەگر بڵێت: ئەو حەدیسەی هێناتەوە بۆ بەڵگە ناشێت چونکە (ضعيف) ە، ئەڵێین: هەموو ئەهلی حەدیس دەڵێن حەدیسەکە زەعیفە و ناڵێن (موضوع) ە، حەدیسی زەعیفیش لە باسی کەرامەت و فەزیلەتدا بەکاردێت، بەتایبەتی ئەگەر تێکڕای بەڵگەکانی تر لەگەڵیا بن.

ئیتر ئەگەر دەلیلێکی دژی حەدیسی رزگاربوونیان لە سزا پێی هێنایە مەیدان، ئەو دەلیلە ئەگەر حەدیسی زەعیف بێ ئەوە گوێی نادەینێ چونکە زەعیف ناتوانێ زەعیف بەتاڵ بکاتەوە، ئەوپەڕەکەی ئەوەیە بەربەرەکانێی بکات، ئەوەیش نرخی نییە چونکە حەدیسە زەعیفەکەی ئێمە، کە بۆ ئیسپاتی رزگاربوونیان لە سزا بە هۆی زیندووکردنەوەیان باسمان کرد، بەهێزترە؛ ئەوەتە زاهیری ئایەتی قورئانی پیرۆز پشت‌گیریی لێ دەکات کە دەفەرموێ (و ما كنّا معذّبين حتّى نبعث رسولاً) [٥٥].

بێجگە لەمە زیندووکردنەوەی باوک و دایکی پێغەمبەر(د.خ) کە شتێکی لەعادەت‌بەدەرە، وەک کوژراوەکەی بەنی‌ئیسرائیل کە خودا زیندووی کردەوە بۆ دەرخستنی ئەوەی کوشتوویەتی، یا حەزرەتی عوزەیر(د.خ) کە خودا مراندی و لەپاش سەد ساڵ زیندووی کردەوە، یا پەلەوەرەکانی حەزرەتی ئیبراهیم(د.خ) کە لەپاش مردنیان خودا زیندووی کردنەوە، یا وەک موعجیزەی حەزرەتی عیسا(د.خ) کە بە ئیزنی خودا مردووی زیندوو دەکردەوە، شتێکی سەیر نییە و بۆ توانای خودا زۆر نییە کە لە پێناوی رێزگرتن لە پێغەمبەردا باوک و دایکی زیندوو بکاتەوە ئیمان بە پێغەمبەر و بە ئایینی ئیسلام بهێنن و دوایی بە ئیمانەوە بمرن.

خۆ ئەگەر دەلیلی بەرانبەر بەهێز بێ و ئەوە بگەیەنێت کە لە زنجیرەی پشتی باوک و باپیری حەزرەتدا کافر هەبووە، کەوابوو با باوک و دایکیشی وەک ئەوانە بن، وەکوو ئەوەی کە دیوی ئاشکرای ئایەتی (و إذ قال ابراهيم لأبيه آذر... الآية) [٥٦] دەیگەیەنێت کە باوکی ئیبراهیمی باپیرە هەرەگەورەی حەزرەت کافر بووە، ئەوا بۆ پەرچدانەوەی دەلیلێکی‌وا (تأويل) دەکەین، بۆ نموونە: ئەڵێین ئازەر باوکی حەزرەتی ئیبراهیم نەبووە، مامی بووە و، لەو سەردەمەدا باو بووە بە مامیان

وتووە: (بابە)... یا حەزرەتی ئیبراهیم هەر لە منالییەوە زمانی وا راهاتووە، یا باوکی خۆی مـردووە و ئازەری مامی بەخێوی کردووە و پێی وتووە بابە، چونکە لەجێی باوکی بووە... تاد.

جا ئەگەر رەخنەگر هەر بـێدەنـگ نـەبوو، بەڵـکو بـەو حەدیسـە زەعیفانـە بەربـەرەکانێی لـە رزگاربوونیان دەکرد، ئەوا ناچار دەبێ رابکات، چونکە ئێمەیش حەدیسی قودسیمان بەدەسـتەوەیە کە خودا بە پێغەمبەر دەفەرموێ: «إنّي حرّمت النارَ علـى صـلبٍ أنزلـک و بَطـنٍ حملَـک و حجـرٍ کفلک» أي حضن احتضنک. واتە: من ئاگری دۆزەخم حەرام کردووە لەو پشتەی تۆی تیا بوویـت و لەو سکەی هەڵیگرتیت و لەو کۆشەی بەخێوی کردیت، وەک کۆشی دایک و دایەنی، ئیتر ئـەی رەخنەگر لە بەڵگە بێهێزەکانت چیت پێ ماوە دەری‌ببڕە!

والحاسڵ ئەو بەدر زوڵـمەت‌زیـدای لـەیل
ئەو میهری ئـەییام لـە زیـای ئـەو کـەیل
وە بـــورجی ئەســـلاب تەییباتـــەدا
وە دارەی ئـــــەرحام تاهیراتـــــەدا
هەمووی ئەوجی بورج سەعادەت، شەرەف
حـــەزیز بەرکـــەنار، وەبـــال بەرتـــەرەف
رەئـــس و زەنـــەبی زەلالی تـــەکدا
ســـەر و دووچکـــەی رووی بـــە یـــەکدا
لـــە نیشـــانە و جێـــی ئـــەو زاتی پـــڕ نـــوور
راســـی لـــە تـــیری نوقســـانی مـــەهجوور
لـــە خوســـووفی عـــەیب دەنائـــەت بـــەری
لـــە کوســـووفی رەیـــب خەنائـــەت عـــەری
تلـــووعی ســـەردا و غـــوورووبی ئـــاورد
حەرەکـــە و ســـەیر و دەوری تـــەواو کـــرد

زیدا: پاککەرەوە. زوڵمەت‌زیدا: تاریکی لابەر. خۆر. کەیل: پڕ، لێوان. بـورج: قـەڵا. دارە: ئـەو شوێنەی کە بە دائیرە دەورە درابێ[٥٧]. ئەوج: زۆر بەرز، دوورترین خاڵی دووریی مانـگ لـە گـۆی زەوی. حەزیز: زۆر نزم، بنی کێو، دژی ئـەوج. بەرکـەنار: دوورکـەوتوو، لادراو. وەبـاڵ: مەینـەت، تەنگانە، ناخۆشـی. بەرتـەرەف: لـەناوبراو، لادراو. راس: سـەر. زەنـەب: کلـک، دوو نوختـەن کـە

ئاسمان‌ناسانی کۆن وتوویانە مانگیان تیا دەگیرێ. تەک‌دا: دوورخستەوە. سەر و دووچکە: سـەر و کلک. رووی بەیەک‌دا: تێکچوو. راسی: راستی، یا راسی- رەئسی: سـەری. تـیر: تـاریری، تـیری پەیکان، ئەستێرەی (عطارد) کە ئاسمان‌ناسانی کۆن وتوویانـە هـۆی خـۆرگیران ئەوەیـە (عطـارد) دەکەوێتە بەینی ئێمە و خۆر[٥٨]. خوسووف: مانگ‌گیران. کوسووف: خۆرگیران. رەیب: توهمـەت و گومان. خەنائەت: داوێن‌پیسی. سەردا: دەرخست. ئاورد: هێنا.

واتە: پوختەی قسە ئەو حەزرەتی موحەممەدەی کە مانگی چواردەی تاریکیی‌شەو لابـەرە، ئـەو حەزرەتی موحەممەدەی کە خۆری نووربەخشە و رۆژ لە نووری ئـەو لێوانـە (مەبـەس لـە تـاریکی تاریکیی کوفر و بێ‌ئیمانی و مەبەس لە نوور نووری ئیمان و ئیسلامەتییە) لە بورجی پشـتی پـاکی باوباپیرانیەوە و لە مندالدانی دایەگەورە بێ‌خەوشەکانیەوە کە هەمووی لە بورج و قـەلای شـەرەف و کەرامەت‌دا ئەوج بوون و لای سەروو بوون و لە خالی پەستی و نزمی دوور بوون و، لە مەینەت و دەردی گومراهی پاک بوون. ئەم حەزرەتی موحەممەدە(د.خ) لەم رێ‌رەوەدا خـودای گـەورە وای بۆ رێک خست کە نە (رەئس و زەنەب)ی گومڕاهی بتوانێ تووشی خوسووفی بکات، نە (تیر) یـش توانی بکەوێتە بەینی ئەو و نووری خاوێنی ریسالەت و تووشی کوسووفی بکات، بەهۆی بەرەکـەتی نوتفەی خاوێنی خاوەن ریسالەتەوە(د.خ) سەر و کلکی گومڕاهی چوون بـە یەک‌دا و لـە مەیدانـدا خۆیان نەگرت، لە نیشانە و جێگەی ئەو زاتە خاوەن‌کەرامەتـەدا راسـتی لەگـەل حـەق‌دا ئەوەنـدە بەهێز بوو لە تاریکیی گومڕاهی دوورکەوتەوە و، لە عەین و دەنائەتی رشتەی نەسەب پارێزرا[٥٩]، لە کوسووفی توهمەت و گومانی داوێن‌پیسی دوور خرایەوە. بەم شێوە شیرینە پشت بە پشت و سک بە سک هات بە پاکی و خاوێنی، هـات و لـە ئاسـۆی باوباپیریـەوە ئـاوا بـوو و رێـرەوی خـۆی بـە شێوەیەکی عادەتی بڕی و، کاتی ئـەوە هـات کـە شـەبەقی بەختـەوەری و سـەرئەفرازیی بـەرەی ئادەمزاد لە ئاسـۆی جیهانـەوە سەرهەلـبدات و ئـارامی و دلـنیایی و بـاوەڕ سەرانسـەری جیهـان بگرێتەوە و، بە لەدایک‌بوونی ئەم رابەرە پایەبەرزە لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازی لە مێـژووی ئینسـاندا هەلبدرێتەوە.

"تـا بـە شـنۆی بـۆی نەسـیمی ئـەزەل
لـــە وەخـــتی رەبیـــع (ربیـــع الأول)
بـە سـەد نەزاکـەت لـە تـۆی پـەردەوە
غونچـەی وجـوودی خەنـدە کـەردەوە

عەجەب خەندەیە حیکمەت چەند تەرز کەرد
غولغولـەی گریـەی بولبـولان بـەرز کـەرد
بـەو راسـتیی سـەروی بالاکـەی ئـالا
توخمی چەفتیی بـەخت تـەزەروان کـالا[٦٠]
شێوە و شیمە پـاک، رەسـم و رەویـە چـاک
ئایینـەی بـێ گـەرد، ئـایین شـەرەفناک
بـاتین لـە زاهـیر چاکـە عـەجیب‌تـر
خـەلوەت لـە جـەلوەت ئـەدەب غـەریب‌تـر
کـردار حەمیـدە، پەسـەندیدە حـاڵ
عـومری شـەریفی گەیشـتە چـل سـاڵ

شنۆ: شنە: سووکە بزووتنەوەی با، بۆ: بۆن. نەسیم: بای نەرم. رەبیع: بەهار. خەندە: پێکەنین. چەند تەرز: چەند جۆر. غولغولە: خۆیندن و سەرگەم‌بوونی بولبول و باڵندەی تـر. گریـە: گریـان. ئالا: بەیداخ. توخم: تۆو. چەفتیی بەخت: لاریی بەخت، بەدبەختی، یا جفتیـی بـەخت: جـووتیی بەخت، وتە بەختیاری. تەزەروان: جەمعی تەزەروە کـە جـۆرە چۆلەکەیـەلی رەنگاوڕەنگـە. کـالا: چاند. شیمە: خوو و رەوشت. رەسم: ئاداب. رەویە: بیرکردنـەوە. ئایینـە: ئاوێنـە. ئـایین: دیـن. خەلوەت: تەنهایی. جەلوەت: دەرکەوتن، خەلوەت و جەلوەت و حاڵ لە زاراوەی تەسەووفن.

باس باسی سەرەتای لەدایک‌بوونی پێغەمبەرە لەگەڵ تیکڕای پێگەیشتنی تا دەگاتە چل ساڵ و وەحیی بۆ دێت، واتە: بە شنەی بۆن و بەرامەی نەرمـەبای ئـەزەلی [ئـیرادە و قـودرەتی ئـەزەلیی خودای پەروەردگار] لە وەرزی خۆشی بەهاردا، لە مانگی (ربیع الاول) بە سەد نەزاکـەت و ناسـکی غونچەی وجوودی بۆنداری حـەزرەت(د.خ) لـە نـاو پـەردەی حـەیا و شـەرمدا پێکـەنی و دەمـی کرایەوە و گەشایەوە.

وا مەشهوورە کە لە بیستی مانگی نیسـانی رۆمـی و لـە وەرزی بـەهارا رێکـەوتی دوانزەهـەمی مانگی (ربیع الاول) شەوی دووشەممە دەمەوبەیان حەزرەت لەدایک بـووە و بـە هـاتنی پـیرۆزی جیهانی ئاوەدان کردووەتەوە.

هەروەها (مەولەوی) دەفەرموێ: ماشەڵلا چ پێکەنینێکی نایاب بـوو؟ چەنـد جـۆرە حیکمـەتی تێدابوو، بە پشکووتنی غونچەی وجوودی ئەو هاوار و گریان و فوغانی بولبولانی گیرۆدەی جـوانیی

ئەو بەرز بوویەوە، بە راستیی باڵای وەک ئاڵای ڕێک و جوانی کە گرەوی لە داری (سەرو) بردووەتەوە، تۆوی بەدبەختیی (تەزەرو) چاندرا، چونکە ئەم باڵندەیە عاشقی داری سەروە و باڵای حەزرەتیش لە (سەرو) جوانتر بوو بۆیە تەزەرو بەدبەختیی بۆ مایەوە.

خۆ ئەگەر وشەی (چەفتی) لە بەیتەکەدا (جفتی) بێت ئەوکاتە مەعناکەی وای لی دێت: بە ڕێکی و راستیی سەروی باڵای پێغەمبەر تۆوی بەختیاریی تەزەروی عاشقی پێغەمبەر(د.خ) چاندرا، بەم مەعنایە مەبەست لە تەزەرو ئەو خاوەن دڵانەیە کە عاشقی رەفتار و کردار و رەوشتی حەزرەتن(د.خ).

ئەم پێغەمبەرە گەورەیە خوو و رەوشتی بەرز و هەڵسوکەوتی چاک بوو، ئاوێنەی بێگەرد و پاک بوو، ئایینەکەی شەرافەتدار بوو، چاکەی دڵ و دەروونی لە چاکەی دەرکەوتوو و بەرچاوی عەجایەبتر بوو، ئەدەبی تەنهاییی لە ئەدەبی ناو خەڵکی غەریبتر بوو، کردەوە و رەفتاری شایانی ستایش بوو، ئەحواڵی پەسەند بوو.

بەڵێ بەم پێگەیشتنە بەرزە و بەم بێگەردییە و بەم خۆشەویستییە مایەوە هەتا تەمەنی گەیشتە چل ساڵ.

تەعلیمیی نامووس دیسان پێڕاوە[٦١]
وەرەقێ تری بۆ هەڵگێڕاوە
ئەو هات، ئەم رۆیی و گوم، ئەو دیاری
(انا الحق) لە کوێ و «من نییەم قاری»[٦٢]
خوم حەوسەڵەی کرد، ئەربەعین بگرد[٦٣]
مەی ساف بوو بێ دورد، ئەهلی مەشرەب گرد
جام نیشتە سەر دەس، ساقی هەڵساو پێ،
هەموو ئەجزای گوێ، سەدای: دەی کەی تێ؟
رەشحەی نەوای ساز حیجازی ئاورد[٦٤]
ئیبراهیمی نار ئاهەنگی سەرد کرد
راس نەورۆزی بوو، موخالیف حەزین
(بُعِثَ الی الخلق أجمعین)

نامووس: جیبرەئیلی فریشتەی وەحی. دیسان: دووبارە. پێڕاوە: هاتەوە. وەرەقێ تر: لاپەڕەیەکی تر، کتێبێکی تر. بۆ هەڵگێڕاوە: هەڵگێڕاوە، وەک ئەڵێیت هەناسەیەکی بۆ دا، نانێکی بۆ خوارد، پاڵێکی بۆ دایەوە. ئەو هات: ئەو ئایینەی جیبرەئیل هێنای هات. ئەم رۆیی و گوم: جەهالەت رۆیشت و ون بوو. ئەو دیاری: جیبرەئیل دەرکەوت. (انا الحق) کینایەیە لە داوای خوایی کردن و لەخۆ بایی بوون. من نییەم قاری: من خوێندەوار نیم، ئیشارەتە ئەلای (لست بقاریء) کە پێغەمبەر(د.خ) یەکەم جار بە جیبرەئیلی وت، مەبەست خۆبەکەمزانین و خاکینەیییە. خوم: کووپەی شەراب و دۆشاو و شتی وەک ئەمانە. حەوسەڵە: سەبر. خۆڕاگرتن. ئەربەعین: چلە، واتە چل ساڵەیی تەمەنی پیرۆزی پێغەمبەر کە تیایا کرا بە پێغەمبەر(د.خ). بگر: رابوورد، تێپەڕی. (ئەمە زاراوەی ناوچەی تاوەگۆزیی مەڵبەندی مەولەوییە). بێ‌دورد: بێ‌خڵتە و ساف. ئەهلی مەشرەب: ئەهلی زەوق، ئەوانە کە ئەیانەوێ بخۆنەوە، مەبەستی ئەوانەیە کە چاوەڕوانی شەرابی راستەقینەی خودا دۆزینەوە و خوداناسین. گرد: کۆن، حازرن، پێکەوەن. جام نیشتە سەر دەس: ئەوانە بەتەمان هەرکەس بەشی خۆی وەربگرێ و جامیان لەسەر دەستە و چاوەڕوانن. ساقی: پێغەمبەر کە خێر و بەرەکەتی خوداناسیی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکات. هەڵساوە سەر پێ: ئامادە بوو بۆ وەرگرتن، بۆ گەیاندنی پەیام، پێ‌گەییبوو. هەموو ئەجزای گوێ: هەموو ئەندامی پێغەمبەر بووبووە گوێ و چاوەڕوانی و، دەنگی (کەی فریشتەی وەحی دێ؟)ی لێوە دەبیسرا، یا هەموو ئەندامی یەکەیەکەی کۆمەڵە چاوەڕوانەکە بووبووە گوێ و، دەنگی (کەی پێغەمبەرێ، رابەرێ، نەجاتدەرێ دێت؟) دەبیسرا. رەشحە: عارەق. نەوا: ئاواز. ساز: جۆرە ئالەتێکی مۆسیقایە. حیجازی: حیجاز مەقامێکی مۆسیقایە، ئیشارەیە بۆ ئەوەی قورئان بە زمانی خەڵکی حیجاز هاتووە[٦٥]. ئیبراهیمی ناز: ئەو ئاگرەی بۆ سووتاندنی حەزرەتی ئیبراهیم تاودرابوو لە ئاهەنگی کوفر و بتپەرستیدا. راس، راست: چاک و سەرڕاست. نەورۆزی بوو: رۆژی بوو، لە خۆشیدا بوو. موخالیف: دژ. حەزین: خەمبار. (نەوا، ساز، حیجاز، ئیبراهیمی، نەورۆز، راس، موخالیف، حەزین) هەندێکیان ئاواز و هەندێکیان ئالەتی مۆسیقان و، کۆکردنەوەیان بە قانوونی زانستی بەدیع تەناسوبی تێدایە.

ئەمەش واتای تێکڕای یەکەیەکەی شیعرەکانە: فریشتەی وەحی جارێکی تر- پاش نەمانی حەزرەتی عیسا و تێکچوونی ئایینەکەی- هاتەوە مەیدان و پەڕەی کتێبێکی تری هەڵگێڕایەوە، کە قورئانی پیرۆزە. ئەو ئایینە تازە کە هاتە رووی کار، کوفر و بتپەرستی رۆیی و گوم بوو؛ لەخۆبایی

بوون، و خۆبەخوازانینی زۆرداری کافر لە کوێ و خاکینەیی پێغەمبەر لە کوێ کە لە وەڵامی حەزرەتی جیبرەئیلدا وتی: من خوێنەوار نیم.

کووپەی شەراب کۆن بوو خۆی گرت و چلەی بەسەردا رابوورد ـ چل ساڵ، نەک چل رۆژ ـ [مەبەست پێغەمبەر و تەمەنیەتی کە لە چل ساڵاندا بوو بە پێغەمبەر] شەراب ساف و بێخلتە بوو، ئەهلی زەوق کۆ بوون. چاوەڕوانان هەموو جام بەدەستەوە و چاوەڕوانی بەشە شەرابی خوداناسیی خۆیان بوون، مەیگێڕ (پێغەمبەر) لە سەرپێ و ئامادەی گەیاندنی پەیام بوو، هەموو ئەندامی ئەو و ئەوان گوێ بوو، لە هەموولایەک دەنگی (دەی نەی دێ؟) بوو. تەنها تکێک عارەق لە کاتی ئەو ئاوازەی کە لە سازی حیجازییەوە بەرزبوویەوە ئەو ئاگرەی ساردکردەوە کە وەک ئاگرەکەی بۆ سووتاندنی حەزرەتی ئیبراهیم بۆ ئاهەنگی کوفر و بتپەرستی خۆش کرابوو (قلنا یا نار کونی برداً و سلاماً علی ابراهیم) [٦٦].

مرۆی راستوچاک رۆژی بوو، لە خۆشیدا بوو، نەیار و حەز لە دادوخواپەرستی نەکردوو خەمبار بوو، حەزرەتی موحەممەد کرا بە پێغەمبەری گشت عالەم هەتا خەڵک بە بەختەوەری بژین.

ئیددیعادی مەنسەب نوبووەتی کرد
بۆ سیدقی شاهید موعجیزەی هاورد
ئیسباتی هەردوو بە تەواتورە
مونکیری یەقین ضالّ و کافرە
موعجیزە ئەمریس خاریقی عادەت
زاهیر لە ساحیب دەعوای نوبووەت
(عند تحدّی فرقة الانکار)
بە وەفقی دەعوای ئەوان کا ئیزهار
مونکیرین هەر چەند تەقالا بدەن
مومکینیان نەوێ موعارەزەی کەن
لەودوا عیلمی قەتعی بە تەحقیق
حاسڵەو بۆ شەخس واجبە تەسدیق
ئیحتیمالاتی عەقلّی و وەهمییە
موونافیی عولووم قەتعییە نییە

(أَلَــیسَ کمــا قــالَ ذوالجــلال:
صَــدَقَ عبــدی فــی کـلّ مقــال)؟

ئەمرێس: ئەمرێکە. کا: بکا. کەن: بکەن.

واتە: حەزرەت(د.خ) ئیددیعای پایەی پێغەمبەرایەتیی کرد و بۆ سەلماندنی راستیی قسەکەی بە خەڵک موعجیزەی نیشان دان و، هەر کەس ئیددیعای پایەی پێغەمبەرایەتی بکات و بە موعجیزە بە خەڵکی بسەلمێنێ ئەوە پێغەمبەری خودایە[٦٧]. (کوبرا)ی دەلیلەکە ئاشکرایە و (سوغرا) کەیشی بە تەواتور بۆمان سابت بووە.

لە راستیدا بە تەواتر دەرکەوتووە کە حەزرەت(د.خ) ئیددیعای پێغەمبەرایەتیی کردووە و، لە کاتی بەربەرەکانێی لەگەڵ قەومەکەیدا موعجیزەی نیشان داون، وەک لە کتێبەکانی (سیرەت)دا باس کراوە. ئەم ئیددیعای حەزرەتە و ئەم پیشاندانی موعجیزانە چین بە چین تا ئەمرۆ کۆمەڵە ئادەمزادێک گێڕاویانەتەوە کە بە عەقڵ مەحاڵی عادەتییە هەموو ئەوانە چین بە چین و کۆمەڵ پاش کۆمەڵ بە درۆ ئەم قسەیان گێڕابێتەوە.

شایانی باسە: موعجیزە رووداوێکی (لەعادەتبەدەرە) کە دژی رووداوە عادەتییەکانی جیهان بێت، لە کەسێکەوە رووبدات کە ئیددیعای پێغەمبەرایەتی بکات و، لە کاتی بەربەرەکانێ و (تەحەددی)دا بۆ مەبەستی دەرخستنی راستیی ئیددیعاکەی پیشانیبدا و بەوجۆرە بێ کە دەیەوێت، هەروەها خەڵکە دژەکەیش نەتوانن کاریوا پیشان بدەن و (موعارەزە)ی بکەن.

کە وتمان موعجیزە کارێکی (لەعادەتبەدەرە) سیحر، واتە جادووی جادووگەران پێی ناوترێ موعجیزە؛ چونکە جادوو یا چاوبەست (لەعادەتبەدەر) نییە و بە دەرز دەخوێنرێ و هەرکەس بیەوێ و بۆی بلوێ فێری دەبێت.

کە وتمان: لە کەسێکەوە رووبدات ئیددیعای پێغەمبەری بکات مەعنای ئەوەیە ئەگەر یەکێک ئیددیعای پێغەمبەری بکات و کارە لەعادەتبەدەرەکە لە یەکێکی ترەوە بوەشێتەوە.ئەوە پێی ناوترێ موعجیزە، چونکە کاری لەعادەتبەدەر پایەی خاوەنەکەی دەرئەخات نەک پایەی یەکێکی تر.

کە وتمان کارەکە لە کاتی (تحدّی)دا دەربکەوێت ئەوە دەگەیەنێت کە کاری لەعادەتبەدەری بێ (تحدّی) کەرامەتە و موعجیزە نییە.

کە وتمان کارەکە لەگەڵ ئیددیعاکەدا بگونجێت ئەوە دەگەیەنێت کـە (اهانـە) مـوعجیزە نییـە؛ مەشهوورە کە (موسەیلەمەی کەززاب) دەستی هێنا بەسەر کەچەڵێکدا تا چـاکی‌بکاتـەوە کـەچی سەری کابرا بە تەواوی داڕزا!

کە وتمان (دژەکان نەتوانن چەشنی ئەو کارە لەعادەت‌بەدەرە بکـەن) مـەعنای ئەوەیـە ئەگـەر دژەکان توانییان چەشنی ئەو کارە بکەن ئەوا بە کارەکـەیان ناوترێـت مـوعجیزە چونکـە خەڵـکی تریش توانای کردنی ئەو کارەیان هەیە.

لە راستیدا بە هۆی دەرکەوتنی موعجیزەوە بەو شـێوە کـە باسمـان کـرد بـۆ ئەوانـەی خۆیـان دیویانە یا بە تەواتور بیستوویانە، عیلمی قەتعی پەیدا دەبێت، بێ‌گومان ئەم وەزعە وەک ئەوەیە کە خودای گەورە بە خەڵکی راگەیاندبێت: ئەم بەندەیەم راست دەکا و، هەر قسەیە کـە دەیکـات لـە جێی خۆیدایە و درۆ و دەلەسە نییە.

جا ئەگەر کەسێ رەخنە بگرێت و بڵێت لێرەدا چەند ئیحتیمالێک هەیە؛ بـۆ نموونـە ئـەگونجێ ئەم کارە لەعادەت‌بەدەرە بە هەڵکەوت (صدفە) بووبێت، یاخۆ هۆیـەکی پەنامـەکی هـەبێت ئێمـە پێی نەزانین، لە وەڵامدا ئەڵێین زانـینی راسـت و بـێ‌درۆ رێگـا لـە ئیحتیمـالی عەقڵـی و خـەیاڵ هەڵبەست ناگرێت، بۆ نموونە: وا دەبێ تو خانووەکەت بـەجێ دەهێڵـیت و زۆر چـاک دەزانی کـە قاسەیێکی پڕ لە پارەی تێدا نییە، کەچی ئیحتیمالی ئەوە هەیە کاتـێ کـە تـۆ لـە مـاڵ نـەبووبیت یەکێک هاتبێت و قاسەیەکی پڕ لە پارەی لەوێ دانابێت!

دڵ وەک پـــەروانان حـــائیرە و دائـــیر
لـــە دەوری چـــرای ئـــەهلی بەســـائیر
ئەو چیهرەی سـیمای مونـەوورەی ئـەو
ئەو خولق و سیرەت موتەههـەرەی ئـەو
ئەو دەریای حیکمەت پڕ دوڕڕ و گەوهەر
لـــە مەنبـــەعی لـــەفز ئـــەو دەهاتـــە دەر
ئیزهـــار و بـــەیان ئـــەو حەقائیقـــە
ئـــەو مەعاریفـــە و ئـــەو دەقائیقـــە
ئـــەو نیکاتانـــەی کـــە جۆشـــیان داورد
حوکـــەما ســـەریان لـــێ دەرنـــەدەکرد

با وجوود ئەو قەومە ئەو بوو تێیاندا[٦٨]
نەشئونومای بوو لە ناویاندا
ئوممی و جاهیل و ناخۆندەوار بوون
بەعید لە ئەهلی عیلم و ئەحبار بوون
لە کەسێکەوە هیچ بۆی نەبوو (قطّ)
تەعلیم و تەئدیب، مومارەسەی (خطّ)
ئەو سەخاوەتە و، ئەو فوتووەتە،
ئەو شەجاعەتە و، ئەو مورووەتە
ئەو سەباتە و ئەو ئیستیقامەتە
ئەو بەقای ئاسار تا قیامەتە
ئەو زوهد و وەرعە و نەوعە عیبادە
ئەو تەکمیلی نەفس دەرحەق عیبادە
ئەو تەسلیکە و ئەو تەرزە ئیرشادە
ئەو ئال و ئەسحاب، ئەو ئیستیرشادە
ئەو لە گشت دنیا سەردی و سولووە
(قبل النبوّة، بعد النبوّة)
بەبێ موعجیزە و دەردیسەریی ئەو
بەس بوو بۆ ئیسبات پێغەممەریی ئەو
لەمە عەجیبتر موعجیزە مەشنەو:
ئۆمی و[٦٩] عەللامە، هەتیو بە ئەدەو

چیهرە: روومەت. داورد: دەهاورد، دەهێنا. (عیبادە)ی یەکەم: عیبادەت، خوداپەرستی. (عیبادە)ی دووەم: عیباد(ە) لەگەڵ بەندەگانی خودا. تەسلیک: خەڵک خستنە سەر رێگا. ئیستیرشاد: داوای بەرێی راستدا رۆیشتن لە خەڵک. سولوو: لەبیرچوونەوە. دەردیسەری: سەرئێشە و ماندووبوون. مەشنەو: مەبیسە. ئۆمی، ئوممی: نەخوێنەوار. بە ئەدەو: بە ئەدەب.

واتە: دڵم بە وێنەی پەروانەی سەرگەردان بە دەوری چرای خاوەنبەسیرەتاندا دەسووڕێتەوە، کە هەر تەماشای سیفەتە زاتییە شەخسییەکانی حەزرەتیان کردووە و، هەر ئەوانەیان کردووە بە دەلیل لەسەر پێغەمبەرایەتییەکەی.

واتە: ئەو ناچاوان و سیما نوورانییەی ئەو، ئەو خوو و رەوشتە پاکەی، ئەو شەخسییەتەی کە دەریای زانیاری بوو و پڕ بوو لە دوڕڕ و گەوهەری واتەی بەنرخ، ئەو دوڕڕانەی کە لە دەم و زوبانی شیرینی ئەو دەرئەچوون، ئەو نوکتە ورد و بەهێزانەی کە زانا بەرزەکان سەریان لێ دەرنەدەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەورویشتی نەخوێندەوار و نەزان بوون و لە ئەهلی زانست دوور بوون، هەروەها ئەو بەخشندەییەی، ئەو جوامێرییەی، ئەو ئازایی و نەبەزییەی، ئەو سەبر و خۆگرتنەی لە تەنگ و چەڵەمەدا بەرامبەر بە دوژمن و ئازار[ەکان]ی و بەرامبەر تانە و توانج و سەرزەنشتی نامەردان، ئەو بە ئێجگاری دنیا لەبیرچوونەوەی، ئەو پارێزکردنەی لە شتی سووک و بێنرخ، ئەو هێزی رانومایی و خەڵک ئاگادارکردنەوەیەی، مانەوەی دین و ئایینە پیرۆزەکەی کە لە بەر هەموو گێژەڵووکەی باری نالەباری گەردوون و چەرخی ناهەمواردا خۆی گرت و سەرکەوت، هەموو ئەمانە بۆ مرۆی ژیر و تێگەیشتوو لە موعجیزە باشتر دەلیلن لەسەر پێغەمبەرایەتیی حەزرەتی موحەممەد(د.خ).

لە دواییدا مەولەوی دەفەرموێت: باشترین موعجیزە ئەوەیە پێغەمبەر(د.خ) لەگەڵ ئەوەیشدا کە نەخوێندەوار بوو زانایەکی زۆر زانا بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەتیو بوو زۆر بەئەدەب بوو، بە باشترین شێوە چاودێریی ئاداب و نەریتی کۆمەڵایەتیی دەکرد. دروودی خودا لەسەر خۆی و لەسەر ئال و هاوڕێ سەربەرزەکانی.



١ـ لە دەستنووسەکەدا لەباتی ئەم عینوانە تەنها نەخشێک هەیە کە تەواوبوونی باسی پێشوو و هاتنی باسی تازە پیشان دەدات.

٢ـ لە نوسخە چاپەکەدا (لە گولی و)ە.

٣ـ لەناو (بەنی ئیسرائیل) ەکاندا رێک کەوتووە کە دوو پێغەمبەر هاوچەرخ بوون.

٤ـ لە چاپەکەدا (شهاب) ە، هەرچۆن بێ مەبەست (ابن حجر)ی (فقیه)ە.

٥ـ مەبەست واحیدیی نیسابوورییە کە ناوبانگی بە نەحوزانی و لێکدانەوەی واتای قورئانی پیرۆز دەرکردووە. بەڵام بۆم روون نەبوویەوە ئەوحەدی کێیە؟

٦ـ ئەبوومحەممەد حوسەینی کوڕی مەسعوودی کوڕی موحەممەد، فەڕرائی بەغەوی، زانای ئایینیی شافیعیپەیڕەو، لە (٥١٠) یا (٥١٦)ی کۆچیدا مردووە، کتێبی (مصابیح السنة)ی داناوە لە زانیاریی حەدیسدا، لەگەڵ کتێبی (معالم التنزیل) لە زانیاریی لێکدانەوەی واتای قورئاندا.

٧ـ واتە (مەحرەم)ی ئەسرار بە خاڵێک گومان لە بەرچاو دەکەوێ و دووردەکەوێتەوە. واتە ماوەی بەینی گوناهبار و بێگوناهـ زۆر کەمە. یا وشەی (محرم) بە خاڵێک لە ژێر (ح)دا دەبێتە (مُجرم). هەروەها (مُحرِم) ئەوەی ئیحرامی حەجی بەستووە نابێ گیان لەبەر سەر ببڕێ و ئەگەر ئەوەندەی خاڵێک خوێن بڕێژێت دەبێتە تاوانبار.

٨ـ لێی گەڕێت: شێوەنووسی دەستنووسەکە (لیی کریت)ە. لە چاپەکەدا « لیکرێت»ە کە دەکاتە (لێ‌گەڕێت).

شایانی باسە هەندێ هێماکاریی نووسینی کۆن لەم نیوە شیعرەدا هەیە ئەوە دەگەیەنێت کە (بێ سەفای مەحجووب لە ئەسراری بەین موحیب و مەحبووب) فاعیلی (لێی گەڕێت) بێت دیارە «بێ سەفای... تاد» واتا کەسی دڵنەکراوەی بێئاگا لە نهێنییەکانی نێوان خوا و بەندەی لەخوداترس.

٩ـ پاش نەختێ دەلالەتی موعجیزە و دژی دەلالەتەکەیت بۆ روون دەکرێتەوە.

١٠ـ (خلاف الاولی) ئەوەتە (نهی)ی (غیر مقصود) رووی تێبکات. بۆ نموونە بە شێوەی (امری استحبابی) ئەمرکراوە بەوەی کە نوێژکەر لە کاتی نوێژدا چاوی لە سوجدەگاکەی بێ.

لەمەوە دەردەکەوێت کە نەهی کراوە لەوەی چاوی لە جێگایەکی تر بێت.

١١ـ ئایەتی (٣٠) سوورەتی (بقرە).

١٢ـ ئایەتی (٥٩) سوورەتی (نمل).

١٣ـ ئایەتی (١٨١-١٨٠) سوورەتی (صافات).

١٤ـ ئایەتی (٧٥) سوورەتی (حج).

١٥ـ ئایەتی (٣٣) سوورەتی (آل عمران).

١٦ـ ئایەتی (٨٦-٨٤) سوورەتی (انعام).

١٧ـ ئایەتی (٢٤) سوورەتی (یوسف).

١٨ـ ئایەتی (٢٦) سوورەتی (ص).

١٩ـ ئایەتی (٧٩) سوورەتی (انبیاء).

٢٠ـ ئایەتی (٢٠-١٧) سوورەتی (ص).

٢١ـ ئایەتی (٢٥) سوورەتی (ص).

٢٢ـ ئایەتی (٤٠) سوورەتی (ص).

٢٣ـ ئایەتی (٣٠) سوورەتی (ص).

٢٤ـ ئایەتی (٤ـ٣) سوورەتی (نجم).

٢٥ـ ئایەتی (٤) سوورەتی (قلم).

٢٦ـ ئایەتی (٤٦ـ٤٥) سوورەتی (احزاب).

٢٧ـ لە چاپەکەدا (محامد)ە لەباتی (محامل). دیارە هەڵەیە.

٢٨ـ ئایەتی (٧٨) سوورەتی (غافر).

٢٩ـ لە چاپەکەدا دەڵێ (وا دەوێ).

٣٠ـ لە نوسخە چاپەکەدا ئەم دوو نیوە پاش و پێشن.

٣١ـ ئایەتی (٢٨٥) سوورەتی (بقرە).

٣٢ـ ئایەتی (٢٥٣) سوورەتی (بقرە).

٣٣ـ بەپێی شێوەنووسی دەستنووسەکە ئەبێ (تابی) بنووسین، بەلام نیوەشیعرەکە لەنگ دەبێ.

٣٤ـ لەوانەشە (وەلێ) نەبێت و (وەلی) بێت و (مضاف الیە) بێت بۆ (ویلایەت) واتە راستی ویلایەتی وەلی بە کەسبە... تاد. بەلام شێوەنووسی مەتنەکە تەواوترە.

٣٥ـ ئایەتی (١٩٦) سوورەتی (اعراف).

٣٦ـ ئایەتی (٦٢) سوورەتی (یونس).

٣٧ـ ئایەتی (١٢٤) سوورەتی (انعام).

٣٨ـ صحیح البخاری الجزء الثانی ص ٦٧، مطبعة مصطفی البابی الحلبی و أولاده بمصر، شهر رجب ١٣٤٥ هـ

٣٩ـ سنن ابن ماجه ج ١ ص ٥٢٤، تحقیق محمد فؤاد عبدالباقی، دار احیاء الکتب العربیة ١٣٧٢ هـ ـ ١٩٥٢ م.

٤٠ـ المسند للامام احمد بن حنبل شرح احمد محمد شاکر دارالمعارف للطباعة والنشر بمصر ١٣٦٧ هـ/ ١٩٤٨ م جـ / ٥ ص ٢٤٤.

٤١ـ ئایەتی (١٢٨) سوورەتی (توبە).

٤٢ـ «ناگەت ئە روتبەی...» ئەمە لە بەر رووناکیی دەستنووسەکەدایە، لە چاپەکەدا «ناگەت مەرتەبەی...»ە، هی دەستنووسەکە راستە.

٤٣ـ حەزرەتی ئادەم حسێب بکرێ لەگەڵیان شەشن، نەکرێ پێنجن.

٤٤ـ لێرەدا هیچ جۆرە سەرباس لە دەستنووسەکەدا نییە و، هیچ نیشانەیەکی ئەوەیش نییە کە شوێنەکە شوێنی سەرباس بێ؛ بە تایبەتی لە پێش چەند شیعرێکدا وتی: «ئەووەڵ لە ئەووەڵ ئەنبیا ئادەم... تاد» و سەرباسیش نەبوو، ئێستەیش دەڵێت: «دووەم... تاد» ئیتر بۆ ئەبێ سەرباس بێت؟! کەچی چاپەکە نووسیویە «مبحث حضرة الرسول علیه الصلاة والسلام».

لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لەم شوێنەدا سێ شیعری فارسیی نووسراوە و لە پایاندا نووسراوە: «لناظمها». واتە: ئەوانیش هی مەولەوین. شیعرەکان ئەمانەن:

چو دانە دان ورا عالم شجر شد

شجر را باز آن دانە ثمر شد

بمعنی مستفیض از بحر لاهوت

بصورت ابر بارندە بە ناسوت

بامر اندر (اب الاجداد) آمد

بخلق اندر (من الاولاد) آمد

واتە: پێغەمبەر وەک دانەیە بزانە کە جیهان دارێکە و لەو دانەوە سەوز بووە و، جارێکی تر هەر ئەو دانەیە بووەوە بە بەری ئەو دارە.

لە مەعنا و حەقیقەتدا لە دەریای لاهووتەوە فەیزی وەرگرت، بە شێوە و دیمەنیش هەوری بارشە و باران بە سەر ناسووتدا دەبارێنێت. لە جیهانی (امر) و (روح)دا باوکی باپیرانە، لە جیهانی بەرچاوی دروست بووندا لە ریزی نەوەکاندایە.

٤٥ـ لە نوسخە چاپەکەدا «حقیقتیکە»یە کە دەکاتە (حەقیقەتێکە).

٤٦ـ لە فەرهەنگی بورهانی قاتیعدا دەڵێت قەندی موکەرڕەر کینایەیە لە لێوەکانی دلدار، تەعبیرەکەی مەولەوی رەوانبێژانەترە؛ (شیرین) لە (قەند) فراوانتر و فرە مەعناترە.

٤٧ـ غينة: غيمَةٌ. عين: حقيقَتُهُ، أو نبعُهُ.

٤٨ـ ئایەتی (٣٩ـ٣٨) سوورەتی (یـس).

٤٩ـ لە چاپ و دەستنووسدا هەردووکیان (تحریر) ن، بەلام وا بزانم هەردوو نوسخەکە بە هەڵەدا چوون؛ یەکەم (تەحریر) و دووەم (نیحریر)ە.

٥٠ـ ئایەتی (٧٤) سوورەتی (انعام).

٥١ـ ئایەتی (١١٤) سوورەتی (توبە).

٥٢ـ ئایەتی (١٥) سوورەتی (اسراء).

٥٣ـ ئی: هی نوسخە دەستنووسەکەیە، لە چاپەکەدا (وای) ە، هەڵەیە.

٥٤ـ ئەبوا بیوتایە: (بعض المسائل). دیارە سەنگی شیعرەکە ناچاری کردووە، ئەگەرچی ئەیتوانی بفەرموێ: (كما يجري في بعض المسائل. اذ تعارضت فيها الدلائل).

٥٥ـ ئایەتی (١٥) سوورەتی (اسراء).

٥٦ـ ئایەتی (٧٤) سوورەتی (انعام).

٥٧ـ لە دەستنووسەکەدا لە پاڵ «دارە»دا نووسراوە «دائرە». لە فەرهەنگی بورهانی قاتیعیشدا دەڵێت (دارە) سووک کراوەی (دائیرە) یە.

٥٨ـ باسی رەئس و زەنەب و ئەم باسی (تیر)ی بە مەعنا (عطارد) مم لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا بەرچاو کەوت، کە لام وایە هی (مەولەوی) خۆیەتی.

٥٩ـ یا راسی بە مەعنا راستی نییە و، راسی رەئسە، واتە: سەر، ئەو وەختە مەعناکەی وای لێ دێت: نیشانەی جێگەداری و پایەبەرزیی پێغەمبەر بوو کە سەری موبارەکی لە تیری کەم و کووری دوور و پارێزراو بوو. هەرچۆن بێ لە کۆکردنەوەی (بەدر و میهر و تیر و رەئس و زەنەب و کسوف و خسوف)دا تەناسوب هەیە.

٦٠ـ لە دەستنووسەکەدا (چفتی)یە کە دەکاتە چەفتی، چەوتی. بەلام لە چاپەکەدا (جفتی)یە واتە جووتی.

٦١ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا بە فارسی لە روونکردنەوەی واتای ئەم وشەدا نووسراوە: «باز آمد»، واتە: گەڕایەوە، جارێکی تر هاتەوە.

٦٢ـ لام وايە مەبەستى (مەولەوى) لە وشەى (ئەو) فەيز و بەرەكەتى خودايى و حالـەتى نوقـوم بـوونى دەريـاى وەحيە، هەروەها مەبەستى لە (ئەم) زاتە ماددييەكەى پێغەمبەرە(د.خ).

لێرەدا (مەولەوى) زيرەكانە زاراوەيەكى سۆفيانەى بەكار هێناوە كە (انا الحق)ى حالى (فنافي‌الله)يە و بەراوردى دەكات لەگەڵ بارى مـاددى و ئادەمزادييـەتيى پێغەمبـەردا(د.خ) كـە لـە سـەرەتاى هـاتنى وەحيـدا وتى «لسـت بقارىء...» واتە: نازانم بخوێنم؛ خوێنەوار نيم!

بە كورتى دەڵێت بەرەكەتى خودايى هات و ڕێوشوێنەكەى داگيركرد و، لايەنە ماددييەكەى پێغەمبەر ون بوو و لە تين و تاو و بەرەكەتى وەحيدا توايەوە... بەهـ... بەهـ حالەتى (فنافي‌الله)ى پاش بە پێغەمبەربوون لـە كـوێ و حالەتى زەبوونى و بێدەستەلاتيى «لست بقارىء...»ى سەرەتاى وەحى بۆهاتن لە كوێ؟

لە ڕاستىدا وتنى (انا الحق) لە سەردەمى (جەهالەت)دا لە لايەن زۆردارانەوە باو نەبووە، بەڵێ وتوويانە (أنا ربكم الأعلى) يا (أحيي و أميت) و هاوچەشنى ئەمانە.

بێجگە لەوەش (انا الحق)ى بە واتاى كافرى و داواى خـودايى كـردنى دەسـت ڕۆيشـتووە پێشـووەكان لەگـەڵ «لست بقارىء...»دا بەراورد ناكرێ و، هيچ هۆيەكى گونجاو نييە بۆ بەرابەرى و دژايەتيى ئەم دوانە....

ئەهلى تەسـەووف، بە مەولەوييشەوە، كە وتنى (انا الحق) و (فنافي‌الله) بۆ چاكانى پەيڕەوانى پێغەمبەر(د.خ) ڕەوا بينن چۆن بۆ پێغەمبەرى خاوەن پەيغامى ڕەوا نابينن؟!

(مەولەوى) دەفەرموێ:

ئەگەر مەسەلە (حضور)ى هێزى بەرەكەتى ئيلاهى و ونبوونى وزەى مادديى نەبێ، چۆن پێغەمبەرێكى بنيـادەم بەرگەى وەحى دەگرێ... بەڵێ جارێك نوقمى دەرياى نوورى خوداييە و جارێكيش بنيادەمە عادەتييەكەيە.

٦٣ـ بە دوورى نازانم ئەم «ئەر بە عين بگرد» ئيشارەيش بێت بۆ بارودۆخى دەروونيى حەزرەت لەو چـل ڕۆژەدا كە جيبرەئيل لە سەرەتاوە پێى لێ بڕى...

٦٤ـ وشەى (رەشحە)ى بە واتاى عارەق ئيشارەى تێدايە بۆ بارى دەروونيى و لەشيى حـەزرەت(د.خ) لـە كـاتى هاتنى وەحيدا، كە وەك لە حەديسـدا هەيە لەشى دەنيشتە سەر عارەق و ماندوو دەبوو.

٦٥ـ لە پەراوێزى دەسـتنووسەكەدا دەڵێت وشەى (حجازى) و (ابراهيمى) ئيشارەن بـۆ ئـەوەى كـە قورئـان بـە زمانى ئەهلى حيجاز هاتووە، هەروەها بۆ ئەو ڕيوايەتەى دەڵێت پێغەمبـەر پـێش ئـەوەى ببێتـە پێغەمبـەر، لەسـەر ئايينى ئيبراهيم بووە.

٦٦ـ ئايەتى (٦٩) سوورەتى (انبياء).

٦٧ـ «حەزرەت...» هەتا «نيشان‌دان» بە پێى زانستى مەنتيق سوغراى دەليلە و «هەركەس...» هەتا «خودايە» كوبرايە. (نەتيجە) واتە ئەنجامى دەليلەكەيش دەبێتە ئەوەى كە حەزرەتى موحەممەد پێغەمبەرى خودايە.

٦٨ـ لە چاپەكەدا (تياندا) نووسراوە.

٦٩ـ لە دەستنووسەكەدا لێرەدا (اومى) نووسراوە كە دەكاتە (ئۆمى)، بەڵام لە بەيتى (ئوممى و جاهيل و... تاد)دا (امّى) نووسراوە.



مبحث الخاتميّة [1]

(دَليـــلُ كَـــونِ ذلـــك الجنـــاب
خـــاتمهم مـــا كـــان فـــي الأحـــزاب) [2]
(و فـــي الحـــديث مـــا لـــهُ يهـــدي
وذا قـــولُ «لا نبـــيَّ بعـــدي»)
ئاييـنـــەی دڵ وا بـــە ژەنـــگ جـــەفاوە
بـــێ وە ئیســـتیدلال ئـــەهلی ســـەفاوە:
بەهرەی شەرع دەعوەت خەڵق ئەلای حەقـە
حـــەللی موشـــکیل و مەســـئەلەی رەقـــە
رەهنومایيـــــە و ئيرشـــــادی عیبـــــاد
ئـــەباڵ مەســـالیح مـــەعاش و مـــەعاد
(و إعلامُهُـــــم تلكُـــــمُ الأمـــــور
يعجـــز عنهـــا عقـــول الصـــدور)
تـــەقریر و تـــەحریر ئەدیللـــە و حوجـــەج
ئیزالـــەی شـــوبهەی پـــڕ زەيـــغ و عیـــوەج
تەبشـــیر و تـــەرغیب فیرقـــەی مـــوئمینین
ئیـــزار و تـــەرهیب عوســـبەی کـــافیرین
ئیحکـــامی ئـــەحکام ئەســـڵ و فـــەرعی دیـــن
ئیتمـــامی ئـــەخلاق حەســـەنە و ئـــایین

ئـەم شـەرعە خـۆ بـۆ ئەوانـە سـەرجەم
(بـــالطرز الأکمـــل والوجـــه الأتـــم)
(مَتَکَفِّـــــلٌ مُحکَـــــمٌ ســــدید
حیـــث لا یُعقَـــل علیـــه مزیـــد)
(یَـــدُلُّ عَلـــی ذاکـــم یقینـــا
«الیـــوم» حتـــی تبلـــغ «دینـــا»)
نــــەما ئیحتیــاج ئــــەهی زەمانـــە
(حــق) (نــبی) یــێ تــر بکــا رەوانــە
مــەعلووم بــوو لــە لای هەرکەسـێ بینـاس
(محمّــد) بـێشــک (خــتم الأنبیــا) س

وە ئستیدلال: بە ئیستیدلال. بیناس: بینایە.

واتە: بەڵگەی ئەوەی کە ئەو جەنابە پایەبەرزە بەڕێزە دواهاوەری پێغەمبەرانە و، لە پاش کۆچی دوایی ئەو تا ڕۆژی قیامەت پێغەمبەرێکی تر نایەت، ئایەتەکەی سوورەتی ئەحزابە کە دەفـەرموێت «ما کان محمّدٌ أبَا أحَدٍ من رِجالِکُم و لکن رسولَ اللهِ و خاتمَ النبیّین و کان اللهُ بکلِّ شیءٍ علیما».

هەروەها لە فەرموودەی پێغەمبەردا هەیە «لا نبیَّ بعدی».

مەولەوی پاش ئەم دوو دەلیلەی قورئان و حەدیس بە خۆی دەفەرموێت: ئاوێنەی دڵـم ژەنگـی جەفا و مەینەت داپپۆشـیوە، کەواتـە وەرە و دەلیلـی دڵڕووناکـان لەگـەڵ خـۆت بهێنـە بـۆ پـێ سەلماندنی خاتەمییەتی پێغەمبەر(د.خ)، دلیلەکـەیش ئەوەیـە: تەماشـا دەکـەین بـەش و بـارەی شەریعەت و ئایین بۆ جیهان ئەوەتە کە خەڵک بۆ پەرستنی خودای گـەورە بانـگ بکـات و گـیر و گرفتەکانیان چار بکات و ڕێگەی پیرۆزی و بەختیاری ژیانی ئەم جیهانە و ئاسایشی پاشەڕۆژیان بۆ دیاری بکات و، لەو شتانەیان ئاگادار بکاتەوە کە لە وزەی عەقڵ و هۆشـی ئـادەمزاددا نییـە، وەکـو ئەنجامی ئەم جیهانە و ئەنجامی ئادەمزاد پاش مردن، موژدە بـە خوداپەرسـتان بـدات بـە پایـەی بەرزی پاشەڕۆژ و، لەخودانەترسانیش بە سـزای دواڕۆژ بترسـێنێت و، بناخـەی ئـایین بـە پتـەوی دامەزرێنێت و خوو و ڕەوشتی چاک و پاک پیشانی خەڵک بدات بە جۆرێ کە تاک و کۆمـەڵ بـە خۆشی و بەختیاری بژین.

ئەم ئایینی ئیسلامەیش کە حەزرەت(د.خ) بە شێوەیەکی ڕێک‌وپێک و عادەتی ئەوانەی وتمان گرتوونیەتە ئەستۆی خۆی بە جۆرێ کە زیاتر لەوە بە عەقلا نایەت، ئەمەی وتمان ئایەتی (الیومَ اکملتُ لکُم دینکُم و أتممتُ علیکُم نِعمتی و رضیتُ لکم الاسلام دینا) [٣] بەڕوونی دەری‌دەخات. ئیتر پێویستی بەوە نییە کە خودای گەورە پێغەمبەرێکی تر و ئایینێکی تری تازە بنێرێت. بێ‌گومان هەرشتێک کە ئادەمزاد بیەوێت و لەگەڵ پایەی مرۆڤایەتیی تەواودا بگونجێت، ئایینی ئیسلام وەری دەگرێت، هەر زانست و پیشەیەک بەسوود بێت، هەر هەنگاوێکی ئاوەدان‌کردنەوە بۆ ئەم جیهانە کە خێر و قازانجی هەردوو دنیای ئادەمزادی تیا بێت ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بە خۆشی وەریدەگرێت، ئایینی ئیسلام هەرگیز ڕێگا لە زانست ناگرێت، بەڵکو بۆی تێ‌ئەکۆشێت، هەمیشە هەوڵ‌ئەدات بۆ کار و کۆشش، بۆ عارەق‌ڕشتن، بۆ بەرگری لە وڵات و لە دارایی و لە ناموس، ئادەمزاد بانگ ئەکات بۆ سەربەرزی و بەختیاری، بۆ پێشکەوتنی تاک و کۆمەڵ و ڕاوێژکردن لە پێویستییەکانی ژیاندا لە بناخەوە تا دوایی، کە وا بێ ئەم ئایینە بەم شێوەیە کە هەیە بەسە بۆ مرۆڤ و بۆ مرۆڤایەتی، بۆ دین و بۆ دنیای.

لە ئەمری عیسا هیچ پەشێو نەبی
بەر لە موحەممەد بووگە بە نەبی،
کە هاتە خواریچ هیچ شوبهەی نییە
هەر تابیعی شەرع موحەممەدییە
شەرعی خۆی مەنسووخ، تازەی بۆ نایە
خەلیفەی جەناب رەسوولوللایە
هیچ دینێ قبووڵ ناکا لە هیچ کەس
ئیللا ئەم دینی ئیسلامە کە هەس
ئەهلی کیتاب گشت پێی تێرن ئیمان
سەلیب دەشکێنێ لا دەبا خووگان
وەک عەسری ئەو خۆش کەس نایشنەوێ
دەڵێن ژن تێرێ و وەڵەدی دەوێ
وەختێ کە دەمرێ بە ئەمری بێ‌چوون
دەکرێ لە خدمەت حەزرەتدا مەدفوون

بووبــەکر و عومـــەر دەکەونـــە ئەبـــەین
(تـــوبی للشـــیخین بـــین النبیـــیّن)
چ فەزلێکــە (حــەق) داگیــە بــەم خاکــە
ئەسڵــە بــۆ ئــەم گشــت گەوهــەری پاکــە
ئاسمان لە روتبەی عولوی چــی کــەم بــوو
نــەبوو بــە مەدفــەن بــۆ عیســا، ئــەم بــوو؟
قـــەتعی نـــەزەرت جـــارێ لـــەولا کـــە
مەنشەئو مەدفــەن خــەلات (لــولاک)ە [٤]

خواریچ: خواریش. تێرن: دێنن. تێرێ: دێنێ. خووگ: بەراز. ئەبەین: لەبەین، نێـوان. زاراوەی ناوچەی تاوەگۆزییە. داگیە: داویە. لەولا کە: لەولا بکە. (لولاک): ئیشارەەیە بۆ «لولاک لولاک لما خلقت الافلاک».

واتە: وەکو بۆم باس کردن حەزرەتی (محمد المصطفی) دروودی خودای لێ بێـت، دواهـاوەری هەموو پێغەمبەرانە و لەپاش کۆچی دوایی ئەو هیچ پێغەمبەرێ نابێ، جا ئەگـەر کەسـێ رەخنـەی لەم قسەیە گرت و، وتی بـە فـەرموودەی پێغەمبــەر(د.خ) لـە نزیکـی دنیـا ئاخربوونـدا حـەزرەتی عیسا(د.خ) لە ئاسمان دێتە خوارەوە و فەرمان رەوا دەبێت، ئیتر چـۆن دەڵـێن لـەپاش حـەزرەتی (محمد) پێغەمبەری تر نابێت، تۆ لە وەلامی ئەو رەخنەدا بڵێ: با کەس بەهۆی هاتنـە خـوارەوەی حەزرەتی عیساوە(د.خ) سەری لێ تێک‌نەچێت؛ چونکە ئەو زاتـە لـە پـێش سـەردەمی حـەزرەتی (محمد)دا بووە بە پێغەمبەر. کـە لـە ئاسمـانیش هاتـە خـوارەوە بـێ‌گومانـە پەیـڕەویی ئـایین و شەریعەتی (محمد) دەکات و بێجگە ئیسلام هیچ ئایینێکی تر قوبووڵ ناکات لە خەڵـک. هـەروەها جوولەکە و گاور ئیمانی پێ دەهێنن لەسەر بناغەی ئایینی ئیسلام و ئەویش [ئەوەیە کە] نیشانەی سەلیب(چەلیپا) ـ کە گاورەکان دەیکەنە ملیان ـ لە هەرلایەک ببینێ دەیشکێنێ و فـڕێی دەدات، فەرمان دەدات خووگ نێر و مێیان لە ولاتدا ناهێڵن، ئیتر کەس گۆشتیان نـاخوات. بـە ریوایـەتێ حەوت ساڵ و بە ریوایەتێ چل ساڵ لەسەر زەوی دەمێنێتەوە، ئەنجا وەفات دەکـات و لـە شـاری مەدینەی مونەووەرەدا لای گڵکۆی پاکی حەزرەتی موحەممەددا لەولای ئەبووبەکر و عومەرەوە بە خاک دەسپێررێ.

فـەرموودەی پێغەمبـەر لـەم بابەتـەوە زۆرن، ریوایـەتی ئیمـام ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل و ئەبووداوود و حاکم لە ئەبووهورەیرەوە، خودایان لێ رازی بێت، دەڵێت:

«إن رسول‌الله(ص)، قال: لَیسَ بینی و بین عیسی، علیه‌السلام، نبیٌّ، و إنَّـه نـازل. فـاذا رأیتمـوهُ فاعرِفوهُ، رجل مربوع الی الحمرة والبیاض بین مُمَصّرتین (أی علیه ثوبان فیهما صفرة، کَـأنَّ رأسـه یقطر، و إن لَم یصبه بلل، فیقاتل الناسَ عَلیالاسلام)، فیدقّ الصّلیبَ و یقتل الخنزیر و یضع الجزیة و یهلک‌الله فی زمانه المللَ کلها إلّا الاسلام، و یُهلک المسیح الدجّال، ثـم تقـع الأمنـةُ علـی‌الأرض حتی ترتع الأسد مع الابل و النمار مع البقر و الذئاب مع الغنم و تلعبُ الصـبیان بالحیّـات فیمکـث عیسی فی‌الأرض اربعین سنة، ثم یتوفی فیُصلّی علیه المُسلمون». رواهُ أبـوداوود والحـاکم والامـام احمد رضی‌الله عنهم.

و قال عبدالله بن سلام رضی‌الله عنه «مکتوب فی التوراة صفة محمد و صفة عیسی‌بـن مـریم و یدفن عیسی مع محمد (ص) رواهُ الترمذی بِسَندِ حسن».

لەم ریوایەتانەوە دەرکەوت کـە حـەزرەتی عیسـی (علیه‌السـلام) وەکـوو یـەکێ لـە خولـەفای راشیدین خزمەتی ئایینی بەرزی ئیسلام دەکات و، بەم ئایینە رەفتار دەکـات و کاروبـاری خەڵـک بەڕێوە ئەبات.

جا بەم بۆنەوە کە پێغەمبەری خۆمان و حەزرەتی عیسا و پێغەمبـەرانی تـر و هـەموو چاکـان و خوداناسانی بەرەی ئادەمزاد لەسەر ئەم خاکە ژیاون و هەر لە توێی ئەم خاکەیشدا شـاردراونەتەوە، مەولەوی دەفەرموێت: «چ فەزڵێکە (حەق) داگیە... تاد». واتە: ئەمە چ بەش و بارەیـەکی بـەرزە کە خـودا داویـەتی بـەم زەوییـە کـە بووەتـە بناخـە و مەڵـبەندی گەوهـەری وجـوودی هـەموو پێغەمبەرەکان و خاوەن‌پایەکان؟

ئاسمان چی لێ قەوماوە؟ کەڵکی ئەوەی پێوە نییە حەزرەتی عیسای تیا بمرێ و لـەوێ دەفـن بکرێ، ئەوەتە دێتە خوار و زەوی دەبێتە ئارامگای.

هەروەها دەفەرموێ: ئەی خوێنەری وشیار، ئەی شاگردی بەختیار! ئێسـتە واز لـە مەسـئەلەی حەزرەتی عیسا بهێنە و لـەولاوە بـە رێـز و قـەدرەوە داینـێ، سـەیری ئـەوە بکـە کـە حـەزرەتی (محمدالمصطفی) کە لەم زەوییەدا هاتووەتە دنیـا و پـەروەردە بـووە و هـەر لـە زەویشـدا لەشـی پیرۆزی دەفن کراوە. حەدیسی قودسی «لولاک لولاک لمـا خلقـت الارض والافـلاک» دەربـارەی ئەوو پایەی بەرزی ئەوە.

***

١ـ لە دەستنووسەکەدا ئەم عینوانە نییە، لە نوسخە چاپەکەدا خراوەتە پێش «ئەما ئیحتیاج ئەهلی زەمانە». جـا ئەگەر بڵێین بووە، ئێرە شوێنیەتی نەک ئەو شوێنەی لە چاپەکەدا بۆی دانراوە.

٢ـ لە پەراوێزی «ما کان»دا، لە نوسخە دەستنووسەکەدا نووسراوە: «فیه لطافة» واتە: هەڵ دەگرێت (ما) ئیسمی (موصول) بێت و (کان) (صله)ی بێ، واتە: ئەوەی لە سوورەتی ئەحزابدایە. هەڵیش دەگرێت رستەی (ما کـان)ی سوورەتی ئەحزاب بێ کە سەرەتای ئایەتی (ما کان محمد أبا أحد مِن رِجالِکُم وَ لکِن رسول الله و خـاتم النبیـین. و کَانَ الله بکلّ شیء عَلیماً) یە.

٣ـ ئایەتی (٣) سوورەتی (مائدە).

٤ـ خەلات (لولاک) ە: ئەو کەسەی کە «لَولاکَ لَولاکَ لَمَّا خَلَقتُ الافلاکَ» کراوە بە خەلاتی.



مبحث الاسراء والمعراج للرسول(ص) [1]

فەلـەک نەقشـی پێـی دی لـە زەمینـدا
خـوێی گـرینی هـات وە رووی برینـدا
چاوگەی چاوەکەی لێڵ و حەسرەتمەند
(لَیتَنـی کُنـتُ ترابـا)ی دەخۆنـد
هەرچی ریفعـەت و عیـزز و هەسـتی وێ
فیدای نـەبوونی و خـواری و پەسـتی وێ
حـەق رەحمـی ئـاورد بـەو سـۆز و تـاودا
دەقیقـی[2] پـەردەی لابـرد لـە نـاودا
سورمەی گـەردی پێـی کێشـا وە چـاودا
بەو چاوی پـڕ ئـێش دووری و بـێخـاودا
ئێشی چاوی چوو نـەختێ پـڕ خـەو بـوو
لە حیکمەت میعراج ئەو یەکێ ئەو بـوو[3]

گرینی: گریانی. چاوگە: سەرچاوە، کانی. وێ: ببێ، بێ. ئیسرا: شەوڕەوی پێ کردن.

لێرەدا مەبەس ئەوەیە کە خودای گەورە بە شەو حەزرەتی لە مەسجیدی حەرامەوە بەڕێ کـرد بۆ مەسجیدی ئەقسا. ئەم شەوڕەوی پێکردنە بە ئایەت سابت بووە. خوا ئەفەرموێ (سبحان الـذی أسری بِعبدِهِ لیلاً مِنَ‌المسجدِالحرامِ الیِ‌المسجدِالاقصَی الّذی بارکنا حولَهُ لنُرِیَهُ من آیاتِنـا إنَّـهُ هـو السمیع البصیر) [4]. دیارە ئینکاری ئەمە کوفرە؛ چونکە ئینکاری (نص)ی قورئـانی پـیرۆزە. بـەلام میعراج لە ئیستیلاحی ئاییندا بەرزبوونەوەی حەزرەتە بە دە پایە لە بەیتی موقەددەسەوە تـا ڕۆژی حەوت ئاسمانەکان و لەوێیشەوە تا (سدرة المنتهی) و، لەوێیشەوە تا عـەرش و ئـەو شـوێنەی کـە

حەزرەت(د.خ) کەلامی زاتی خودای تیا وەرگرت و پێنج فەرزەی نوێژ لەسەر خۆی و ئوممەتی فەرزکرا. ئەم میعراجە بە حەدیسی سەحیحی بوخاری ئیسبات بووە و ئینکارکردنی بیدعەتە و دەرچوونە لە ریزی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.

ئەم ئیسرا و میعراجە لە کاتی بێداریدا و بە تەواوی جیسم و رۆح بووە وەکوو هاتوچۆی ئینسان بۆ ئیش و کاری خۆی. لە راستیدا ئینسان کە تەماشای نەسی ئایەتی (سبحان الذی أسری بعبده...) و تەماشای ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە بکات کە بوخاری باسی کردووە، لەگەڵ ئەوەیشدا تەماشای داو و دەزگای ئەم جیهانە بکات، کە گۆی زەوی بەو هەمووە قورسی و گەورەییە لە ماوەی [٢٤] سەعاتدا بە دەوری خۆیدا ئەسووڕێتەوە، هەروەها تەماشای جوولانەوەی ئەستێرە گەڕۆکەکان بکات، کە هەریەکەیان ریز و ماوەی هاتوچۆی خۆی وەرگرتووە و بە قەدەر موویەک لە قانوون و رێڕەوی خۆی لانادات، باوەڕێکی تەواو پەیدا دەکات کە خودای گەورە دەتوانێ لە کەمترین کاتدا بە هەزاران ئادەمزاد بەرز بکاتەوە بۆ لای ژوورووی هەموو کائینات....

مەولەوی بە شێوەیەکی ئەدەبی و ناسک ئەم باس و خواسەی رازاندووەتەوە و ئەفەرموێت: زەوی لەبەر ئەوەی خۆی بە کەم زانی و ملکەچ و بارەبەر بوو خودای گەورە سەربەرزی کرد، کردی بە شوێنی پەیدابوون و بناخەی درکەوتنی رەهبەران، بەلام ئاسمان کە بەرز بوو، خۆی بە بالا و زل دەزانی، بێبەش بوو، هەتا جارێک ئەم ئاسمانە بەرزە سەیری نەخش و شوێنپێی حەزرەتی پێغەمبەری کرد و بەزەیی بە خۆیا هاتەوە و دەستی کرد بە گریان و فرمێسکی سوێری بەسەر برین و هۆی گرینەکەیدا کە زەوییە رشت و، هەموو جار دەیگوت: خۆزگا منیش خاک بوومایە، نزم بوومایە! هەرچی بەرزی و گەورەیی و پایە و مایە هەیە بە قوربانی پەستی و خاکینەیی بێت.

بەڵێ کە ئاسمان گریا و بە سۆز فرمێسکی رشت، خودای گەورە رەحمی پێکرد و پەردەی حیجابی لە ناوا لابرد، حەزرەتی لە شەوی میعراجدا سەرخست بۆ ئاسمان و ئاسمان تۆزی پێی حەزرەتی لەباتی سورمە هێنا بە چاوانیا کە پڕبوون لە ژانی دووری و بێخەوی، بەو بەیەک گەیشتنە ئازاری چاوەکانی لاچوو، خەوی لێ کەوت و حەسایەوە....

(مەولەوی) بە شێوەیەکی شاعیری دەفەرموێت: هەروەها ئەم میعراجە دڵدانەوەی ئاسمان و شادکردنی بە دیداری حەزرەتی پێغەمبەریشی تیابوو.

لەراستیدا میعراجی حەزرەت لە کاتێکی زۆر موناسـبدا رووی‌دا، ئـەوەبوو ئـەو رۆژانـە گەرمـەی ئازاردانی پێغەمبەر بوو لە لایەن کافرەکانی قورەیشەوە، هەروەها حەزرەت بەهۆی کـۆچی دوایـی دوو کەسی زۆر بەکەڵک بۆی کە یەکەمیان (ابوطالب)ی مامی بوو کە پشـتگیر و یارمەتیـدەرێکی بەهێزی بوو و دووەمیان (خەدیجە)ی خێزانی بەڕێز و پایەبەرزی بوو؛ خودای لێ رازی بێت؛ گەلێ ماندوو بوو[٥] ؛ خودای گەورە بەم میعراجە و بەم گەشت و شەوڕەوییە پڕ لە شانازییە دڵـی خـۆش کرد و ئازاری رەواندەوە و سەبووریی خستە دڵی.

هەروەها بەم کارە لەعادەت‌بەدەرەی، کە لە ماوەیەکی کەمدا لە مەککەوە بـردی بـۆ قـودس و، لەوێوە بۆ ئاسمانەکان و، بەهۆی چاوپێکەوتنی پێغەمبەرەکانـەوە لـە بـەیتی موقەددەسـدا هێـزی مەعنەویی زۆر زیاد بوو، بەوەی کە خودای گەورە دەیەوێ یارمەتی‌بدات و پێی‌بگەیەنێت هـەتا لـە کەس نەترسێت و لە کەس نەپرسێت....

لە لایەکی ترەوە جیهانی فریشتەی ئاسمان و (بیت‌المعمور) و عەرش لە شـەوی میعراجـدا بـە زیارەتی پێغەمبەر شەرەفمەند بوون.

تێی هەڵدە مەزهەب فەلسەفەی خیـداج
ئیمـان بێرانـە بـە قیسسـەی میعـراج
هـەیوولا و سـوورەت لاوە لـەم نـاوێ
بۆ ئیسباتی جوزء زەحمەت کـێش تـاوێ
جـەوازی هەیـە خـەرق و ئیلتیـام
چونکـە تەماسـول هەیـە بـۆ ئەجسـام
(مـا یمکـن لـذا یمکـن للأخیـر
والله علـی الممکـن قـدیر)

خیداج: هەر شتێکی ناتەواو، بەچکەوشتری نابەکام کە بە ناتەواوی لە دایک بـوو بێـت. بێرانـە: بهێنە. لاوە. لابە. لەم ناوێ: لەم ناوە.

واتە: فەیلەسووفەکان لایان وایە جیسم بریتییە لـە هـەیوولا و سـوورەت[هـەیوولا بریتییـە لـە ماددەی جەوهەر و، سوورەت شێوەکەیەتی] ئـەم دوو بەشـە پێکـەوەن و لـە یـەک جیـا نابنـەوە، هەیوولای جیهان قەدیمە و نەبوونی لێ پێش نەکەوتووە، سوورەتی قەدیمن و، لەوانە نییە خـەرق و ئیلتیام، واتە دڕان و دووبارە پێکەوە لکان رووی‌تـێ بکـات؛ کـەوابێت سـەرکەوتنی ئـادەمزاد بـە

ئاسماندا و دڕانی ئاسمان لە کاتی لێ تێپەڕبوونیدا و پێکەوە لکانی دڕاوەکە دوای بـەجێهێشـتنی مەحاڵە، ئەنجام میعراج مەحاڵە.

بەڵام زانا پایەبەرزەکانی ئیسلام دەفەرموون: هیچ بەشێک لە جیهـان قـەدیم نییـە و، خـودای گەورە هـەموویانی لـەپاش نـەبوون دروسـت کـردووە، جیسـمیش تێکەڵـە لـە وردە جەوهـەری بەش‌نەکراو، واتە وردە پارچەی وەها کە بە هیچ بارێک کەڵکی بەش‌کردنیـان پێـوە نییـە، نـە لـە راستی و بەرچاودا لەوانەیە بەش بکرێن و نە بە عەقڵدا دێت بەش بکرێن، ئەم پارچانە هەموو وەک یەکن، کەواتە جیسمەکانیشیان هەموو وەک یەکن، جـا هـەر وەکـوو دڕان و پێکـەوە لکانـەوە بـۆ زەوی و ئاو و هەوا هەیە بۆ ئاسمانیش هەیە، کەواتە میعراج شتێکی مومکینە و کـارێکی ئاسـانە و خودا ئەتوانێ بێکات وەک هەموو مومکینێکی تر.

جا مەولەوی دەفەرموێ: شەق هەڵدە لە بیروباوەڕی کاڵ و ناکام و ناتەواوی فەلسەفە و، باسـی هەیوولا و سوورەت لابە لەم ناوە و، کەمێ زەحمەت بکێشە بۆ ئیسپات‌کردنی (جزء)ی (لا یتجـزا) واتە وردە پارچەی هەرگیز بەش‌نەکراو، هەتا تـێبگـەی کـە هـەموو جیسـمەکان وەک یـەکن و، مومکینە بدڕێن و جارێکی تر بلکێنەوە بە یەکەوە، خودایش دەستی بەسـەر هـەموو مومکینێکـدا ئەڕوات.

بێجگە لەمانە زانا بەرزەکان فەرموویانە لێرەدا ئەوە موهیم نییە جیسم پێک هاتبێ لە هەیوولا و سوورەت، یا لە وردە پارچەی بەش‌نەکراو، ئـەوە موهیمـە قـودرەت و ئیختیـاری خـودای گـەورە ئیسپات بکرێت، بێ‌گومان ئەوەیش بە بەڵگەی کارێگەر و گومان‌لابەر سابت بووە و سەلمێنراوە کە خودا دەستی بەسەر هەموو مومکینێکدا دەڕوات، میعراجیش یەکێکە لەو مومکینە سادانە، ئـەوەتا ئەمڕۆ ئەبینین مرۆڤ بە هێـزی زانیـاری و پێشـکەوتن دەریـا و ئاسمـان و هـەوا دەبـڕێت و ئـەم گەشتانەی لا ئاسانە و شتێکی عادەتین.

(مـا کـان مـا بـی یکفـی بحمـده؛
سُـبحانَ اَلّـذی أسـری بعبـده)
زاهـیری «أسـری بعبـدِه» دەکـات
میعراج (بالیقظة) و (بالشخص)ی ئیسبات
نـەک بـە خـەو یـا خێـر (بـالروحِ فقـط)
ئـەوە زەعمێکـە بـێمـەزە و سـەقەت

چلـۆن، ئـەر بـە رۆح یـا مـەنام دەبـوو؟
باعیســی ئینکــار بــۆ عــەوام دەبــوو
تــەحریریَ کـەوا شـیرین بـیَ و (أحـق)
(بــین الأحادیــث بــذا یوفــق)
موکــەڕڕەڕ بووگــە میعــراج[٦] و فتــووح
(مــرّةً بالشــخص کــرّةً بــالروح
لـیلاً) ؛ شـەو خەڵـوەت بـەینی یارانـە
جێــی راز و نیــاز دەردەدارانــە
فرسـەت غەنیمـەت، مـاڵ بـیَئـەغیارە
عالــەم نووســتگ، دۆس خەبــەردارە
نەک رۆژ (ظـلّ) بـەم لا، یـا بـەولادا ویَ
یـا ژێـر پـیَ لـە وەخـت ئیسـتیوادا ویَ
وەک مەولید شەو بوو عورووجی یـەقین
(صــار رحمــةً علــی العــالمین)
بــۆ ژێــرزەمین و ئــەفلاکی بــەرین
سـوللەی ئـەووەلین، سـوللەی ئـاخیرین
مــن المســجد الحــرام الأنفــس
الــی المســجد الأقصــی المقــدّس
تــا ئــەگرە قــەتعی و نەســی کیتابــە
ئینکــاری کــوفرە دائــیم عەزابــە
(منـــهُ للســـما و منـــهُ الـــی
ماشـــاءالله مـــن حِلـــی العُلـــی)
سـابت بـە خەبـەر مەشـهوورە و ئاحـاد
ترتیبــاً ئینکــار بیدعەتــە و فەســاد

لادە لـە ڕێگـەی بیدعـەت و مونکـەر
بێرە سـەیری سـەیر سـەییدی سـەروەر

بێمەزە: بێتام. سەقەت: بێکەڵک، پـەک کـەوتوو. بـەرین: گـەورە و گوشـاد. ئـەگرە: ئێـرە. سەیری: تەماشاکردنی. سەیر: ڕۆیشتن.

واتە: ئەو هێز و وزەی من هەمە بەشی ستایشی خودا گەورە ناکات، هـەر ئەوەنـدەم لـێ دێـت بڵێم: پاکی و بێخەوشی بۆ ئەو خودایە کە شەوڕەویی بە بەندەی خۆی کرد، کە موحەممەدە، لـە مەسجیدی حەرامەوە تا مەسجیدی ئەقسا و، بەو ماوە کەمە ئەو ماوە زۆرەی پێ بڕی.

ئەنجا مەولەوی دەفەرموێت: ڕستەی «... أسری بعبده...» بە ئاشکرا ئەوە دەگەیـەنێت کـە ئـەم شەوڕەوییەی بە شەخسی پێغەمبەر کراوە بە لەش و گیان بووە، نەک بە خـەوبینین یـا خـۆ هـەر تەنها بە (ڕۆح) گیان؛ چونکە وشەی «اسری» بەستراوە بە وشەی (عبـد) ەوە، واتـای (عبـد) یـش لەش و گیانە، مەعنالێدانەوەی «اسری بعبده» بەوەی کە هەر بە ڕۆح بووە و لەشـی پێغەمبـەر لـە مەککە بووە، یا خۆ پێغەمبەر لە خەودا ئەم کەین و بەینەی دیوە و بـە ئاشـکرا نـەبووە گومـانێکی بێتام و بۆچوونێکی بێکەڵکە، ئەگەر تەنها بـە ڕۆح بوایـە یـا خـەوبینین بوایـە تەنانـەت هەڕەمـە خەڵکەکەیش ئینکاریان نەدەکرد؛ چونکە بەرزبوونەوە و نزیـکبوونـەوەی (ڕۆحـی) بـۆ زۆر مـرۆی چاک و خاوێن خوداناس هەڵدەکەوێت، هەروەها خەوبینینیش ئەوەندە مـوهیم نییـە کـە ببێتـە هۆی ناکۆکی و گێرەو کێشە.

هەروەها ئەو ڕیوایەتانە ئەکرێنە بەڵگە لە سەر ئەوەی کە شەوڕەوی و بەرزبوونـەوەی حـەزرەت تەنها ڕۆحی بووە بەرامبەر بە نەسی ئایەتی پیرۆزی (سُبحانَ الَّذی أسری بِعَبدِهِ لَیلاً... الآیة) خۆیان ناگرن. بەڵێ هەندێ لە زاناکان فەرموویانە: لەبەر ئەوەی نەسی ئایەتی (سُبحانَ الَّذی أسری بِعَبدِهِ لَیلاً... الآیة) هەیە، کە دەلالـەت لـە شـەوڕەوی و بەرزبوونـەوەی لـەش و گیـان دەکـات، لەگـەڵ ئەمەیش گەلێ ڕیوایەت هەن دەلالەت لە شەوڕەوی تەنها بە گیـان دەکـەن، جـا بـۆ یەکخسـتنی ئایەت و حەدیسەکان و بۆ ئەوەی ناکۆکی لە نێوانیاندا نەمێنێت باشتر ئەوەیە بڵێین: ئـەم ئیسـرا و میعراجە چەند جارێ ڕوویداوە؛ جاریوا بووە بە ڕۆح و لەش، جاری وەهایش بووە تەنها بە ڕۆح.

ئەنجا مەولەوی بە شێوەیەکی شاعیرانە و گیانێکی سۆفییانە باسی ئەوە دەکات کە ئـەم ڕووداوە گەورەیە لە شەودا بووە چونکە شەو کاتی ئارامی و کاتی بەیەکگەیشتنی یارانە لە شوێنی چـۆڵ و

تایبەتیدا، شەو کاتی دەربڕینی راز و نیازە، کاتی هەڵڕشتنی دەردی دڵی بریندارانە، شـەو هەڵـە و کاتی نالینە، خەڵک هەموو نووستوون و دۆست بە تاقی تـەنیا بـە خەبـەرە و دڵـدار بـە شـێنەیی دەتوانێ رازی نیهانی دەربڕێ. شەو بۆ ئەم بەیەک‌گەیشتنە باشە نەک رۆژ کە سێبەری پێغەمبـەر بەهۆی تیشکی خۆرەوە یا لەملا و لەولایەوە دەردەکەوێت یا لـە کـاتی ئیسـتیوادا دەکەوێتـە ژێـر پێیەوە و بەهۆی ئەم سێبەرەوە دەردەکەوێت، مەبەس ئەوەیە ئەم بەرزبوونەوە و بەیـەک‌گەیشـتنە تا پەنهان و نادیارتر بێت چاکترە.

بەڵێ حەزرەت(د.خ) لە شەودا لە دایک بوو، ئیسرا و میعراجەکەیشی هەر لە شەوا بوو، گەیشت بە پایەیێکی بەرز و بوو بە رەحمەت و خۆشی و سەرفرازی بۆ هەموو جیهان، بۆ خەڵکی زەوی، بـۆ خەڵکی ئاسمان، بۆ خەڵکی پێشوو، بۆ بەرەی داهاتوو.

هەروەها مەولەوی دەفەرموێ:

شەوڕەویی پێغەمبەر(د.خ) لە مەسجیدی حەرامەوە بـۆ مەسـجیدی ئەقسـا (نـص)ی قورئـانی پیرۆزە و ئینکار کردنی کوفرە و هۆی سزای دوارۆژە.

بـەڵام بەرزبوونـەوەی لـە بـەیتی موقەددەسـەوە تـا هـەر حـەوت ئاسمانـەکان و لـە ژووری ئاسمانەکانەوە تا سیدرەی مونتەها و لەوێوە تا ئەو شوێنەی ئەمر کـرا بـە راوەسـتان و کردنـەوەی ماوەی گفت‌وگۆ و راز و نیاز و سکالا لە خزمەتی خودای گەورەدا ئەمە بـە حەدیسـی مەشـهوور و حەدیسی ئاحاد سابت بووە و ئینکارەکەی ئەگەرچی کوفر نییە؛ بەڵام بیدعەتە و فەسـادە و لادانـە لە راستەڕێی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.

بـارەی ناسـووتی لـە مەیـدان ئـاورد
حەی کرد و نەی کرد، پەی کرد و تەی کرد
لـە گـەرمیی سـەمووم نزیکـی ئـەو رەوت
دای لـە جیبرەئیـل (لـو دنـوت) کـەوت
پێـی ناسـووتی سـووت، مەلـەکووتی مـات
(هـاتِ الکـؤوس)ی[٧] لاهـووت ئـەلای هـات
هەرچەنـد کـە قـەدەم قوربـەتی دەنـا
لـەو: نـەوای «أدنُ»، لـەم: «ثـمّ دنـی

فَتَـدلّی» تـا لاچـوو پـێ و قـەدەم
حـودووس بـە ئـەدەب هاتـە پێـی قیـدەم
(فکـان قـابَ قوسـین(۸) أوأدنـی)
مابـەینی ئیمکـان وجـووبی ئەسـنا
«فـأوحی الـی عبـدِه مـا أوحـی
و فـاحَ مـا فـاح علیـهِ فوحـا»
فەلـەک پـڕ مەلـەک، سـیدرە غـەوغا بـوو
«مـازاغ البَصَـر»، «وَ مَـا طَغـی» بـوو
ویسـعەتی مەشـرەب ناموتـەناهی
هـیچ لـە ئاگـاهی نەیـدەکرد لاهـی

قەدەم قوربەتی دەنا: پێی نزیکیی دادەنا.

واتە: لە شەوی میعراجدا بەش و بەهرەی (ناسووت) ئینسانییەتی هێنایە مەیدان و، حەزرەت لەو هێزە ئینسانییەی خوری بۆ سەرکەوتن، بەلام ئەو هێزە نەیتوانی و نەیکرد، جا حەزرەت ئەو هێزەی پەی کرد، واتە دەست و پێی بڕییەوە و رووی کردە هێزی رۆحی و ماوەی ژووری ئاسمانەکانی (طیّ) کرد، واتە بڕی، بە کورتی سەرکەوتنی حەزرەت لەو شەوەدا بە هێزی ئینسانیی ماددی نەبوو، بەلکو بە هێزی رۆحانییەت بوو.

جا پاش ئەوە کە تا (سدرة المنتهی) لەگەڵ جیبرەئیلدا رۆیشتن، گەرمای سۆزندەی نزیکی لە پایە و بارەگای خودایی دای لە جیبرەئیل و، رستەی «لو دنوتُ قدر أنملة لاحترقت»ی وت و خپ کەوت و کەلکی رۆیشتنی پێوە نەما، بەم جۆرە پێی ئادەمزاد سووتا و بەرگەی نەگرت، هێزی سەر بە جیهانی مەلەکووت، کە جیبرەئیلە ئەویش مات و بێدەنگ بوو، لەم کاتی نزیکییەدا، لەم حالی تەنیاییەدا دەنگی (هاتِ الکۆوس) لە بارەگای خوداییەوە هاتە گوێی حەزرەت، دیارە کاتی وەرگرتن و خواردنەوەی شەرابی حەقیقەت و نزیکی لە خودایە، هەر چەند پێغەمبەر نزیک دەبوویەوە لە لایەن خوداوە دەنگی (نزیک بەرەوە) دەهات، ئەمیش هەر نزیک دەبوویەوە لە پایەی موناجات و لەخوداپاڕانەوە، تا گەیشتە رادەیەک پێوپلی (حادث) نەما، حادیسییەت زۆر بە ئەدەبەوە کەوت بە سەر پێی قەدیمیدا و سەری گەورەیی بۆ دانەواند و کوڕنووشی بۆ برد، پێغەمبەر(د.خ) ئەوەندە نزیک بوویەوە مابەینی مومکین، کە پێغەمبەرە و، واجب، کە خودایە، بە

قەدەر مابەینی ناوەڕاستی ژێی کەوان و دوو سەری کەوانەکە بوو - دیارە ئەمە کینایەیە لە پایەی پێغەمبەر لای خودای گەورە و، مەبەست نزیکیی ماددی نییە، ئەگینا مومکین لە کوێ و واجب لە کوێ؟

بەڵێ ئا لەم کاتی نزیکییەدا لەم پایەو پلە تایبەتییەدا خودای گەورە ئەوەی شایانی گەورەیی و میهرەبانیی خۆی بێت و ئەوەی شایانی پێغەمبەری خۆشەویستی بێت بە وەحی پێی گەیاند و تێی گەیاند.

دەڵێن ئەوەی لەو شەوەدا پێغەمبەر(د.خ) بە وەحی وەریگرتووە سێ جۆر بووە:

یەکەم: هەموو زانایەک تێی گەیشتووە وەکو پێنج فەرزەی نوێژ کە لەو شەوەدا لەسەر حەزرەت و ئوممەتەکەی فەرزکرا.

دووەم: حەزرەت و زانایان و (خواص)ی ئوممەتەکەی تێی گەیشتوون نەک هەرەمەی خەڵک، وەکوو ئەسراری رۆحی و مەعنەوی.

سێهەم: هەر پێغەمبەر(د.خ) توانای تێگەیشتن و راگرتنی بووە، وەک ئەو پەنامەکییانەی بۆ بڵاوکردنەوە ناشێن لە ناو خەڵکدا.

هەر لەبەر ئەمەیە ئایەتەکە دەفەرموێ (فَأوحي لي عبده ما أوحي) و کەلیمەی (ما)ی مەوسوولەی بەکار هێناوە کە واتاکەی شتێکی دیاری نییە و زۆر شت دەگرێتەوە.

لەو موناجات و خەڵوەتەدا (فاح علیە ما فاح فوحا) واتە بۆن و بەرامەی دۆستایەتی و لوتف و نەوازشی خودایی بەسەر دڵ و دەروون و سینە و (لطائف)ی حەزرەتی (خاتم‌الأنبیا)دا هات بە جۆرێ کە بە دەم ناوترێت.

[بۆ ئاگاداری]:

زانایانی تەفسیر لە باسی ئیسرا و میعراجدا هەر ئایەتی (سُبحانَ الَّذی أسری بِعَبدِهِ لَیلاً... الآیة) یان گرتووە بە دەستەوە و دەورووبەری ئەم بابەتەیان بە فەرموودەی پێغەمبەر تەواو کردووە، لە ریوایەتی بوخاری و موسلیم و زانایانی تری حەدیس. ئیتر واتای ئایەتەکانی سوورەتی (النجم) یان بردووەتەوە سەر حەزرەت(د.خ) و حەزرەتی جیبرەئیل، چونکە مەعنا دیارەکەی «ثمّ دنی فتدلّی» و [فکان قابَ قوسین] شتی سەر بە مادە و جیسمە و بۆ زاتی خودای گەورە ناشێت. بەڵێ هەندێ لە (مفسّر) ەکان و لە زانایانی خاوەن (سفا) فەرموویانە ئەم ئایەتانە چۆنیەتیی رووداوەکانی شەوی

میعراج دەرئەبڕن و شتی بەعەقڵاچوویان لە شوێن شتی بەچاوبینراو داناوە؛ بۆیە ئەم شتە سەر بە ئەو مادده و جسمانە باس کراون، منیش لەسەر فەرمووده و بۆچوونی ئەوان ڕۆیشتم.

هەروەها مەولەوی لە پیاهەڵدانی حەزرەتدا باسی ئەوەش دەکات و دەفەرموێ:

ئاسمانەکان پڕ بوون لە فریشتە و (سدرة المنتهی) جمەی دەهات و دەنگی حەمد و ستایشی خودای گەورە گوێداری کەڕ دەکرد، بەڵام حەزرەتی پێغەمبەر چونکە نوقمی دەریای نووری خودایی بوو هەرگیز گوێی نەدەدایە ئەو هەرا و قەرەباڵغە و ئەو ڕووداوە سەیرانە، چاوی ئەملا و ئەولای نەدەکرد و لە حاڵی تەبیعی لای‌نەدەدا و بە بینینی ئەو شتانە پڕ نەدەبوو بە جۆرێک ئیتر شتی تر نەبینێ، نەبڕاوەیی و زۆریی بەهرە و تەجەللیاتی نووری خودایی وای لێ نەدەکرد ئاگای لە هیچ نەمێنێ، واتە: هەم نوقمی دەریای نەوازش و نووری خودایی بوو، هەم دڵ و دەروونی ئاگادار و وریا بوو، بە لەسەرخۆیی مایەوە، دروودی خودا لەسەر خۆی و ئاڵ و بەیت و هاوڕێیانی.

ئومووری قودسی لە دڵ دەدەن سەر
(ثـم تنتقـل منـه للبصـر
بـل لسـائر الحـسّ والقِـوی
بـل لِعـالَم الخلـق والسَّـوِی)
بە هەر وەجهێ دڵ عیرفانی پێی بوو
بەو ڕوو بۆ بەسەر ڕوئیەتی دای‌ڕوو
بەسیرەت ناسی، بەسارەت بینی
دڵ بێنی درۆی نەدا لە بینی

بەو ڕوو: بەوجۆرە. دای‌ڕوو: ڕووی‌دا، هاتەجێ، بەسیرەت: بینینی دڵ و تێگەیشتنی دڵ. بەسارەت: بینینی چاو. بینی: چاوی‌پێ‌کەوت. بێنی: بۆتی. بینی(ی دووەم): لووت کە ئەندامی بۆن‌کردنە.

زانایانی ئیسلام سەبارەت بە چاوکەوتنی پێغەمبەر(د.خ) بە زاتی خودای گەورە (جلّ جلاله) لە شەوی میعراجدا دوو قسەیان هەیە:

یەکەم: کەلامی خودای گەورەی بیستووە بەڵام زاتی خودای نەبینیوە.

دووەم: وەک کەلامەکەی بیستووە زاتەکەیشی چاوپێ‌کەوتووە، بەڵام چۆنیەتیی ئەو چاوپێ‌کەوتنە بۆ ئێمە باس ناکرێت و لە وزەی ئێمە بەدەرە.

جا مەولەوی دەفەرموێ: کاروباری قودسی. واتە: ئەو حاڵەی پێوەندی بە غەیبەوە هەبێ و ئینسان تیایا بەشدار بێت، یەکەم جار دەچێتە دڵەوە و، لەوێوە سەرهەڵدەدات، پاشان لەوێوە دەچێت بۆ چاو و ئەندامەکانی تری هەست، بۆیە بە هەر جۆرێ کە دڵی حەزرەت لە شەوی میعراجدا خودای گەورەی ناسی چاویشی هەر بەوجۆرە خودای بینی، واتە یەکەم جار بەسیرەتی دڵی حەزرەت(د.خ) خودای ناسی و، دووەم جار بینایی چاو زاتی خودای گەورەی بینی، ئیتر هەرگیز دڵ چاوی حەزرەتی نەخستەوە بە درۆوە، نەیوت نەتدیوە، بەڵکو باوەڕێ پێ کرد و وتی راست دەکەیت؛ چونکە دڵ و چاو و حەواسەکانی تر بە جارێک باوەڕ بە راستی دەکەن.

رێی چەند هەزار ساڵ، تەی چەند حیجابات،
زاتی حەق، کەلام، سوئاڵ، جەوابات
چوو، بوو، دیی، بیستی، کریا، دریاوە.
هاتەوەو حەڵقە هەر دەلەریاوە
هەی تەل! هەی تێی‌گەی؟! پێی‌گەی؟! هەی نەیخۆی!
وەک ماری زامدار هەر پێچدا لە خۆی!
فەرقیان، هەی فام ئەبنای زەمانە!
هەر لە سەرزەمین تا ئاسمانە
شۆڵەی ئەو بەدرە لەو دەورە ئەوشەو
شەونم لەو هەورە بەو تەورە ئەوشەو
دای وە دەشتی دڵ گشت ئەسفیادا
وەشت وە کشتی سیر گشت ئەولیادا
«أشرقَتِ الأرض...» تەئویل دریاوە
«ماءة حبّةٍ...» تەفسیر کریاوە
پەردەی زوڵمانیی نەفسانی لاچوو
تۆمی وەردی عیلم عیرفان سەرئاو بوو
خەندەی غونچەی کەشف کەونی و ئیلاهی
سەوزەی کەرامات ناموتەناهی

هــەر یــەک بــە تــەرزێ خــۆی نومــایش دا
باغچـــــەی ئـــــەولیای پـــــێ ئـــــارایش دا

له دوو شیعری یەکەم و دووەمدا لەف و نەشری مورەتتـەب هەیـە، واتـە: حـەزرەت(د.خ) لـە شەوی میعراجدا ڕێی چەند هەزار ساڵ (چوو)، چەنـد حیجابـات تـەی (بـوو)، زاتی حـەقی (دی)، کەلامی خودا (بیستی): کەلامی خودای بیسـت. سـوئال لەلایـەن خـوداوە لـە حـەزرەت (کـرا)، جەوابات لە لایەن حەزرەتەوە (دریاوە)، پاش ئەمانە حەزرەت(د.خ) له ژووری عەرشەوە هاتەوە بـۆ شاری مەککە و هێشتا ئەلقەی زنجیری دەرگای ماڵی (أمّ هانیء)ی پووری، کە لەوێوە ڕۆیشـتبوو، هەر دەلەرییەوە.

واته: لەو ماوە کەمەدا ئەو هەموو شته زۆرانە ڕوویان‌دا، دیارە کاری وەها لـە عـادەت بـەدەرە و، ئەگەر هێزی خودایی لە پشتەوە نەبێت لە وزەی ئادەمزاددا نییە، بگرە مرۆڤ ناتوانێ بیریشـی لـێ بکاتەوە.

پاش بەیانی ڕووداوی شەوی میعراج بانگ لـە تـەلی تـەلگراف دەکـات و دەڵـێت: هـەی تـەل نەخەلەتابیت وابزانیت دەتوانیت وەک ئەوەی شەوی میعراج دەنگ‌وباس وەربگـری و بیـدەی، نـە تێی‌دەگەیت و نە پێی‌دەگەیت، هەی لەززەت و خۆشیی ئەو پایە و مایەیە نەخۆی، تـۆ لـە کـوێ و ئەو لە کوێ؟! دە لێی‌گەڕێن با ئەو تەلە وەک ماری زامدار پێچ لە خۆی بدا و بـە دەردی خۆیـەوە بتلێتەوە.[لەوانەیە مەولەوی تەلەفوونی دیبێ کە لاستیکەکەی پێچاوپێچە].

ئەنجا ڕوو دەکاتە هاوچەرخانی خۆی و دەڵێت: ئەی کوڕانی ڕۆژ، ئەی خـاوەن فامـان! فـەرقی مابەینی چوون و هاتنەوەی شەوی میعراج لەگەڵ گەیشتنی دەنگ‌وباس و قسە بە تـەلگراف وەک فەرقی مابەینی عەرز و ئاسمانە.

هەروەها (مەولەوی) دەفەرموێ:

پرتەوی مانگی چواردەی ڕوخساری پێغەمبەر(د.خ) لەو خول و هات‌وچۆی شـەوی میعراجـەدا دای لە دەشت و سارای دڵی هەموو پیاوچاکـان و خوداناسـان، شـەونمی کـەرەم و بەخشـندەیی خودا لە هەوری ڕەحمەتی ئاسمانی ئەوشەوە پیرۆزەوە بەسەر کشت‌وکاڵـی دڵ و دەروونی گشـت دۆستانی خودادا باری.

بە هۆی پرتەوی نووری حەزرەتەوە، کە لە نـووری تەجـەللیاتی خوداییـیەوە جیهـان و ئـەرز و ئاسمانی ڕووناک کردەوە، واتای ئایەتی پـیرۆزی «و أشـرقت الأرض بنـور ربّهـا» دەرکـەوت، واتـە

ڕووناکبوونەوەی گۆی زەوی بە نووری خودای گەورە لە ڕۆژی قیامەتـدا وەک ڕوونـاکبوونـەوەی زەوییە لە شەوی میعراجدا.

هەروەها لە لێشاوی ڕەحمەتی خودا بەسەر جیهاندا لـە شـەوی میعراجـدا، کـە لـە حیسـاب و ژماردن نەدەهات، واتای ئایەتی پیرۆزی [مثل‌الذین ینفقـون أمـوالهم فـی سـبیل‌الله کمثـل حبـة أنبتت سبع سنابل فی كلّ سنبلة مائة حبة...][٩] دەرکەوت.

پەردەی تـاریکی لەسـەر نەفسـی ئینسـانی بـەختیار لاچـوو، تـۆوی زەوییـەوەردی زانسـت و خوداناسین تێراو بوو، یەکەم لە پڕتەوی مانگی چواردەی ڕوخساری نازاری پێغەمبـەر و دووەم لـە شەونمی هەوری ڕەحمەتی شەوی میعراج.

لە ئەنجامدا خەندە و کرانەوەی غونچەی کوشووفاتی خودایی و پـێوتـنی شـتە پەنهانـەکان و سەوزەی جوانی کەرامەتی نەبڕاوەی خوداناسـان هەریـەک بـە جـۆرێ ئارایشـی خـۆی دەکـرد و باغچەی دۆستانی خودای گەورەی ڕازاندبۆوە.

شایانی ئاگادارییە لە نێوان بەیتی «شـۆلەی ئـەو...» تـاد... و چـوار بـەیتی پاشـەوەیدا (لـفّ) و(نشر)ی (مرتّب) هەیە، واتە: نیوەی یەکەمی هەریەک لەو چوار بەیتە سەر بـە نیـوەی یەکـەمی بەیتی «شۆلەی ئەو...» و، نیوەی دووەمیان سەر بە نیوەی دووەمیەتی، مەسەلەکە تەنها کـەمێک لێ وردبوونەوەی دەوێت.



١ـ لە دەستنووسەکەدا ئەم سەرباسە نییە. لە چاپەکەدا تەنها (مبحث المعراج)ە و لە دوای (فەلەک...) دانـراوە. ئەگەر بووبێ ئەمەی ئێرە شوێنیەتی.

٢ـ لە دەستنووسـەکەدا (دقیقی= دەقیقی) یە، لە چاپەکـەدا (دقیقـەء = دەقیقـەیێ) یـە. شـێوەی دەسـتنووکە ڕاستە، دەقیق واتە ئارد، ئیزافەی دەقیق ئەلای پەردە ئیزافەی لامییەیە یا سیفەت و مەوسووفن. پوختەی قسە: خوا تۆزی پەردەی لابرد لە چاوی ئاسمان و ئەمیش سورمەی تۆزی پێی پێغەمبـەری هێنـا بـە چاویـا کـە بـۆ میعـراج سەرکەوت. دەقیق بەرامبەری سورمەیە.

٣ـ «لە حیکمەت... تاد»: یەکێک لە حیکمەتەکانی میعراجی پێغەمبەر ئەوە بوو...

٤ـ سوورەتی (اسراء) ئایەتی یەکەم.

٥ـ حەزرەتی خەدیجەی حەرەمی و (ابوطالب)ی مامی دە ساڵ پاش بوونی بە پێغەمبەر، واتە بە دوو ساڵ پێش کۆچکردنی بۆ مەدینەی مونەووەرە وەفاتیان کرد.

٦ـ لە دەستنووسەکەدا لەسەر جیمی میعراج (بۆر) و لە ژێریدا (ژێر) هەیە، واتە دەتوانی بە (میعراج و) و بە (میعراجی) بخوێنیتەوە؛ بەڵام لە چاپەکەدا تەنها (معراج و) نووسراوە.

٧ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا کەسرە لە ژێر (س)ی (الکۆوس)دا دانراوە، لە نوسخە چاپەکەدا ئەم کەسرەیە نییە.

٨ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا لەسەر نوونی (قوسین) فەتحە دانراوە، مەبەستی ئەوەیە بەم جۆرە بخوێنرێتەوە (قەوسەینەوەدنا).

٩ـ ئایەتی (٢٦١) سوورەتی (بقرە).



مَبحَثُ الكَرَامات [1]

مــوعجیزەی نــەبی ئــەر موحەققەقــە
لــە کــات کــەرامات ئــەولیایچ حەقــە
وەلی شەخســـێکە (عـــارفٌ بـــالله)
(مـا أمکـن) بـە زات بـە سـیفات ئاگاهـــ
بیکێشـی بـە سـەنگ هـەر سـێ تـەقوادا
بـــە تـــرازووی شـــەرع موویـــێ لانـــادا
موازیــــب لەســــەر ئــــەدای تاعاتـــــە
ســـاحیب ئـــەجتیناب لـــە شـــەناعاته
کەرامــەت ئــەمریێ خـــاریقی عـــادەت
زاهـیر بـێ لـەو، بـێ دەعـوای نوبـووەت
بـــۆ حەقییـــەتی[2] تەشـــکیکت نـــەوێ
ئەگـــەر هـــەر دەڵـــێی: دەلـــیلم تـــەوێ
(قـُــم الـــی التـــی تواتَرَتـــو قَـــم
عـــن کثیـــر الصـــحب وَ مَـــن بعـــدهم)
بە وەجهێ کە بێی ئەر گوێی پـێ بـدەی
مومکینـــــت نـــاوێ ئینکـــاری بکـــەی
ئەمری موشتەرەک خوسووس لە یـاد وێ
تەفاسـیل بـۆ خـۆی بـا هـەر ئاحـاد وێ

(علـــــی أنّـــــه إن ســـــمعت الحـــــق
بظهـــــور مـــــا الكتـــــابُ نطـــــق)
لــه دوای ســـبووتی وقـــووع و عـــەیان
چ حاجـــەت بـــەیان ئیســـباتی ئیمکـــان؟

ئە: ئەگەر. ئەولیایچ: ئەولیایش. ئەمرێس: ئەمرێکە. نەوی: نەبێ. تەوێ: دەوێ. ناوێ: نابێ.

واتە: ئەگەر (معجزە)ی پێغەمبەرانت(د.خ) لاراستە و باوەڕت پێیەتی (کرامات)ی دۆستانی خودایش هەروا راستە.

وەلیی: کەسێکە، پیاو بێ یا ئافرەت، یا خۆ یەکێکە، ئادەمزاد یا جیننی کە خودا بناسێت و بە ئەندازەیەکی عادەتی زانا و ئاگادار بێ لە زات و سیفاتی خودای گەورە، ئەگەر بێیت و بیروباوەڕ و رەفتار و گوفتاری لە ترازووی شەرعدا بەرامبەر بە سەنگی هەر سێ جۆری (تقوی) لەخوداترسی بکێشیت بە ئەندازەی موویەک لانەدات.

زانایانی ئایین و مەعنالێدەرەوەکانی قورئان فەرموویانە تەقوا سێ جۆرە:

یەکەم: خۆپاراستن لە کوفر، واتە لە هەر شتێکی پەنامەکی یا ئاشکرا کە ببێتە هۆی کافربوونی خاوەنەکەی.

دووەم: خۆپاراستن لەو گوناهـ و تاوانانە کە ئینسان لە عەدالەتی شەرعی دوور دەخەنەوە.

سێهەم: خۆپاراستن لە پێوەندی بە هەر شتێکەوە کە ئینسان لە خودای گەورە دوور بخاتەوە.

پوختەی مەبەست: وەلی دەبێ موسوڵمان و عادیل و خوداویست بێ و لەسەر بەجێهێنانی واجبەکان و سوننەتەکان بەردەوام بێ و خۆی لە هەموو بیر و باوەڕ و کردەوەیەکی ناشیرین و ناشایستە بپارێزێت.

کەرامەتیش کارێکە لەعادەتبەدەر لەو جۆرە موسوڵمانەوە دەردەکەوێت کە باسمان کرد، بێ-ئەوەی ئیددیعای پێغەمبەرایەتی بکات.

کەرامەت شتێکی راستە و جێی گومان نییە، خۆ ئەگەر داوای دەلیلی شەرعی دەکەیت سەیری ئەو کەرامەتانە بکە کە لە یارانی حەزرەت و شوێنکەوتووانیان و خەڵکی موسوڵمانی ترەوە گێڕراونەتەوە، کە ئەگەر گوێیان پێبدەی هەرگیز ناتوانی ئینکاریان بکەی، دیارە ئەو کەرامەتانە کە لەوانەوە گێڕراونەتەوە هەرچەند یەکەیەکەیان ریوایەتی ئاحادە، بەڵام قەدەری موشتەرەک لە بەینیاندا (متواتر)ە و شتیش کە گەیشتە رادەی (تواتر) ئینکار ناکرێت.

بێجگە لەمانە، ئەگەر ئەتەوێ راستی ببیسی، قورئانی پیرۆز لە گەلێ سوورەتدا باسی کەرامەتی کردووە، ئیتر پاش ئەوەی سەلمێنرا کە کەرامەت (واقیع) بووە موحتاجی ئەوە نین باسی (ئیمکان)ی بکەین.

یەکێک لەو کەرامەتانەی کە لە قورئانی پیرۆزدا باس کراون بەسەرهاتی (اصحاب الکهف)ە کە سێسەد و نۆ ساڵ لە ئەشکەوتەکەدا نووستن و بێدار نەبوونەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا لەشیان بە ساغی مایەوە، کەچی ئەگەر نەخۆشێ مانگێک لە یەک شوێندا بکەوێ لەشی وای لێ دێ کە هێزی تێدا نامێنێ یا بریندار دەبێت!

هەروەها یەکێکی تر لەو کەرامەتانەی کە لە قورئانی پیرۆزدا باس کراون بەسەرهاتی حەزرەتی مەریەمی دایکی حەزرەتی عیسایە، کە هەموو جار رۆزی و ژیواری لەلا بوو (کلّما دخل علیها زکریّا المحرابَ وَجَدَ عندها رزقاً قالَ یا مریم أنّی لکِ هذا قالت هو من عندالله إنَّ الله یرزق من یشاء بغیر حساب) [٣].

یا وەک ئەوە عیسای ساوا بانگی لە دایکی کرد: لقی دارخورماکە رابوەشێنێ تا خورمای تەڕ و تازەی بەسەردا داوەرێت (و هزّی الیکِ بجذع النخلة تساقِط علیک رطبا جَنیّا...) [٤] لەگەڵ ئەوەیشدا حەزرەتی مریەم پێغەمبەر نەبووە، چونکە پێغەمبەر لە ژناندا نابێت. ئەمە ئیرهاسە بۆ عیسا و کەرامەتە بۆ مریەم.

یا وەک بەسەرهاتەکەی ئاسەفی کوڕی بەرخیا لە هێنان و حازرکردنی تەختی بلقەیسی شاژنی مەملەکەتی سەبەء لە ماوەی چاوبەیەکادانێکا لە سەبەئەوە بۆ قودس. بێ گومان لەوکاتەیشدا زانست ئەوەندە پێش کەوتوو نەبووە کە شتی وەهای پێ جێبەجێ بکرێت، ئەگەر وابوایە لە مێژوودا باس ئەکرا... (قال الذی عنده علم من الکتاب أنا آتیک به قبل ان یرتدَّ الیک طرفک فلما رآه مستقِراً عنده قال هذا من فضل ربی لیبلونی أأشکر أم أکفر و من شکر فانما یشکُر لِنفسِهِ و من کفرَ فإنَّ ربّی غنیٌّ کریم) [٥]. ئەم کارە گەورەیە بۆ حەزرەتی (سولەیمان موعجیزەیە و بۆ ئاسەف کەرامەتە).

***

١ـ ئەم سەرباسە لە دەستنووسەکەدا نییە، تەنها لە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ لە نوسخە چاپەکەدا نووسراوە (حقیقەتی= حەقیقەتی).

٣ـ ئایەتی (٣٧) سوورەتی (آل‌عمران).

٤ـ ئایەتی (٢٥) سوورەتی (مریم).

٥ـ ئایەتی (٤٠) سوورەتی (نمل).



مبحث الخوارق [1]

خــەواریق شەشــن، تەعــدادی بکــەم
ئیرهــاس، مــوعجیزە، کەرامــەت ســێیەم
مەعوونــە چــارەم، ئیهانــە پەنجــەم
ئیســتیدراج ماگــە ئەویچــە شەشــەم
بەحســی ئەقســامان گشــت مەلالەتــە
مەتلــەب مــوعجیزە یــا کەرامەتــە
شــەرحی ماهییــەت کریــا بــۆ هــەردوو
لــە بــەعزێ ئــەفراد کەرامــەت بــدوو
وەک تــەیکــردنی مەســافەی تــەویل
لــە زەمــانێکی کۆتــادا و قــەلیل
زوهــووری لیبــاس تــەعام و شــەراب
وەخــتی زروورەت حاجــەت بــە ئەســباب
(طیـران فـی الهـوا و مشـی فـی المـا)
هــەر وەکــو کــەلام جــەماد و عــەجما[2]
وەک زیکری قەلبی بـەل ئـەجزائی گشـت،
بــەل ماســیوائی عالــەم دەور و پشــت
بــە لــەفزی فەســیح ســەریح ئاشــکار
بــۆ ئــەهلی ســەفای (سـلطان الأذکـار)

لە (مەدینـە) وە و جـێ لـە سـەر (مینبـەر)
جەیش لە (نەهاوەند) روئیەت بـۆ (عومـەر)
سـەمعی (سـاریە) بـۆ خیتـابی ئـەو
جـەرەیانی (نیـل) بـە کیتـابی ئـەو
وەک شـوربی (خالیـد) سـەم وە بـێزەرەر
ئەمسـالی ئەمـە نایێتـە دەفتـەر
شـوهرەتی زوهـوور کـەرامات چووگـە
نزیـک بـە زوهـوور مـوعجیزات بووگـە
چـە عەجـەب ئینکـار ئـەهلی نەفسـانی
خۆی نەیبوو تۆیچی هەروەک خـۆی زانی؟!

ماگە: ماوە. کۆتادا: کورتدا. چووگە: چووە، رۆیشتووە. بووگە: بووە. تۆیچی: تۆیشی.

واتە: کارە لەعادەتبەدەرەکان شەشـن، بـا بیـانژمێرم بـۆت: ئیرهـاس، مـوعجیزە، کەرامـەت، مەعوونە، ئیهانە، ئیستیدراج.

وەکوو لەمەوپێش بۆم باس کردی (سیحر) کاری لەعادەتبـەدەر نییـە، چونکـە بـە خوێنـدن و فێربوون پەیدا دەبێت، هەروەها (ئیستیدراج) یش لە هەموو ماددەیێکدا؛ بەر کاری لەعادەتبـەدەر ناکەوێت چونکە ئەگەر ئیستیدراج بەوە بێتەجێ کە ئینسانێکی تاوانبـاری ناپـاک مـاڵ و سـامان و ئەولاد و جێگا و پایەی دەست بکەوێت، ئەوە هەموو ئەسبابێکی عادەتییـان هەیـە،... خـۆ ئەگـەر چاوبەست و شەعوەدە بێت ئەوا ئەویش هەر لە ئەنجامی خـەریکبـوون و خوێنـدن و فێربوونـەوە پەیدا دەبێت وەک سیحر.

هەروەها مەعوونە بۆ موسوڵمانە پیاوچاکەکان و، ئیهانەیش بـۆ ناحـەزانی ئیسـلامە و، پێویسـت نییە بگەنە رادەی کاری لەعادەتبـەدەر، بـەڵام (مەولـەوی) لەبـەر دوو شـت ئەمانـەی بـە کـاری لەعادەتبەدەر حسێب کردووە:

یەکەم: کەسێ نەزانێ ئەم سیحرە بە کەسب و خوێنـدن پەیـدا دەبێـت، یـا ئـەم چاوبەسـت و شەعوەزە بە هەندێ شتی کەسبییەوە بەستراوە وائەزانێ ئەمانە کاری لەعادەتبەدەرن.

دووەم: بە شێوەی (تەغلیب) واتە مادام ئیرهاس و موعجیزە و کەرامەت کاری لەعادەتبەدەرن سیحر و شەعوەزەیش کە سیڕڕەکەیان دیار نییە بە زۆر دەخرێتە نێو ریزی کاری لەعادەتبەدەرەوە.

جا مەولەوی ئەفەرموێت باسی ئەم هەموو بەشانە دەبێتە هۆی ماندووبوون لە بەر ئەوە تەنها گوێ بە موعجیزە و کەرامەت ئەدەین، دیارە لەمەوپێش ماهییەتی ئەم دووانەیش لێکدراوەتەوە.

بەلام پێش.ئەوەی بێینە سەر باسی نموونەکانی کەرامەت با هەندێ باسی ئیرهاستان بۆ بکەم: ئیرهاس ئەو کارە لەعادەتبەدەرەیە دەبێتە هۆی بناخەدانان بۆ پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەرێک، کە لە پێش بوونی بە پێغەمبەر و هاتنی وەحی بۆی روو بدات، وەک سێبەرکردنی هەور بەسەر حەزرەتدا پێش بوونی بە پێغەمبەر. ئەم ئیرهاسە بناخەدانانە بۆ پێغەمبەرایەتیی ئەو پێغەمبەرە؛ چونکە هەر کەس لە سەرەتای تەمەنیەوە ئەو کارە گەورانەی بۆ روو بدات مەعنای ئەوەیە خودای گەورە لە پاشەڕۆژدا پایەی بەرزی پێ دەبەخشێت.

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر باسی نموونەکانی کەرامەت؛ یەکێک لەو نموونانە بڕینی مەسافەی دووردرێژە لە ماوەیەکی کەم و کورتدا. یەکێک لەوانە پەیدابوونی بەرگ و پۆشاک و خواردەمەنی و ئاوە بۆ ئینسانی خودادۆست و چاککردار لە کاتی داماویدا، یا وەک فڕین بە هەوادا و رۆیشتن بەسەر ئاودا، یا وەک قسەکردنی دار و بەرد و گیانلەبەر لەگەڵ ئینساندا، بەڵێ لەم بابەتانە نموونە زۆرن و، لە کتێبە بەنرخەکاندا کە جێگای بڕوا و ئیعتیبارن باس کراون. بێ‌گومان ئەم نموونانە ئەگەر یەکەیەکەیان نەگەیشتبێتە رادەی (تواتر) تێکڕایان و (قەدەری موشتەرەک) یان گەیشتووەتە ئەوڕادەیە و دەبنە هۆی باوەڕکردن و دڵنیابوونی ئینسانی موسوڵمان، وەک ئەو نموونانەی لە قورئانی پیرۆزدا پیشاندران.

یەکێ تر لە جۆرەکانی کەرامەت زیکرکردنی دڵی ئینسانی موسوڵمانە، ئەو موسوڵمانەی کە ئادابی رابەری کامیلی وەرگرتبێت. ئەم جۆرە کەسانە بەهۆی بەردەوامیی ناوبردن و یادی خودا و پەیڕەویی حەزرەت(د.خ) دڵیان نوورانی دەبێت و فێری زیکری خوا دەبێت، بە جۆرێ کە خاوەن دڵەکە زیکرەکەی ئەبیسێت، وایش دەبێت هەموو ئەندامی لەشی زیکر دەکات، بەڵکو جاروبار دەگاتە حاڵەتێک ئەو کەسە لە هەر شوێنێکدا بێت شتە وشکە بێ‌گیانەکانی دەوروپشتیشی دوای- دەکەون و لەگەڵیدا زیکر دەکەن، وەکوو یەکێک کارەبا گرتبێتی ئەگەر کەسێ دەستی لێ بدات

ئەویش کارەبا دەیگرێت. ئەم زیکرە لەم پایەدا ناوی (سلطان الأذکار)ە و، هەرکەس نزیکی ئەمانە بێت ئیستیفادەی نوورانییەتیان لێ دەکات، مەگەر یەکێ کە مانیعێکی نەفسیی تێدا بێت.

یەکێکی تر لە نموونەی کەرامەت ئەوەتە کە خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتتاب ڕۆژی جومعە بەرچاوی روون بووەوە و سوپای ئیسلامی دی گەمارۆ دراوە، بۆیە لەسەر مینبەرەکەوە بانگی لە (ساریە)ی سەرلەشکر کرد و وتی: «یا ساریة الجبلَ» ساریەیش ئەم قسەیەی بیست و کەوتە خۆی و دەستی دایە بەرەنگاریی دوژمن هەتا سوپاکەی لەو گەمارۆیە رزگار کرد.

ئەم کەرامەتە لە راستیدا دوو کەرامەتە: یەکێکیان هی حەزرەتی عومەرە و ئەویتریان هی (ساریە) یە.

وا مەشهووە هەر لە کۆنەوە لە میسر هەموو سالێ کچێکیان دەرازاندەوە و دەیاندا بەدەم نیلەوە، ئەوسا نیل بەرز دەبوویەوە و ئاوەکەی دەگەیشتە دەشت و دەر و دێبەر و ولاتی پڕ دەکرد لە پیت و بەرەکەت. حەزرەتی عومەر لە سەردەمی خەلافەتیا نامەیەکی نووسی خستیانە نیل، ئیتر ئەو وەزعە پێشووە نەما واتە کچ بەدەم نیلەوە نەدەدرا. ئەمەی مەولەوی ئیشارەیە بۆ ئەوە[٣].

یەکێ تر لەو کەرامەتانە ئەوەتە کە خالیدی کوڕی وەلید(ر.خ) (بسم الله)ی کرد و پیالەیەک زەهری خواردەوە هیچ زیانێکی پێ نەگەیشت.

پوختەی قسە: دەنگ و باسی کەرامەتی ئەولیا وەک موعجیزەی پێغەمبەران بلاوبووەتەوە و، هی ئەوە نییە ئینسانی هوشیار ئینکاری بکات، لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ هەوەسباز و شوێن ئارەزووی نەفس کەوتوو ئینکاری کەرامەت دەکەن، خۆیان ئەو سیفەتە بەرزەیان نییە و خەڵکیش وەک خۆیان حسێب دەکەن و دەڵێن ئەوانیش کەرامەتیان نییە.

لە راستیدا ئادەمزاد لە باریا هەیە پایەی بەرز بێتەوە و لەوانەیشە نزم بێتەوە، یا مامناوەندی بێت؛ بۆیە ئەگەر لەسەر کردار و رەفتار و گوفتاری جوان و خاوێن بەردەوام بوو، هەمیشە خەریکی یادی خودا بوو، بە هێچ جۆرێ لەم رێگا راستی لای نەدا لەوانەیە بەرز بێتەوە و ببێتە دۆستی راستەقینەی خودا (إن اولیاؤه الا المتقون...) [٤] (ألا إن اولیاءالله لا خوفٌ عَلَیهِم وَ لا هُم یَحزَنون)[٥].

خۆ ئەگەر دایە باری لاساری و لارێگری و لەخودانەترسان و ئارەزووبازی، ئەوا بەرەبەرە نزم دەبێتەوە تا بە تەواوی دەچێت بە ناخی گومڕاهیدا و لە نووری خودا دووردەکەوێتەوە (اعاذنا الله).

لەو شەخسە زوهـوور کەشـف و کـەرامات
موشتەبيهـ نـاوێ دەگـەڵ مـوعجيزات
نـــەبييو وەلی فـــەرقيان نـــەوێ
يـا خـــەير ئـەنبيا وەقعيـــان نـــەوێ
وەلی کـەی دەعـوای نوبـووەتی کـرد؟
يـا ئيسـتيقلالی کـەی لـە دڵ ئـاورد؟
ئـەو زوهـووره ئـەر مولاحـەزه کـەی
موعجيزەش نيسبەت بە رەسوولی خـۆی؛
ئـەو رەسـووله چەنـد بولەندمەرتەبـەس
لـە ئوممەتيـدا شەخسـێکی وا هـەس؟
ئـاخر يەکێکـە لـە ئوممـەتی ئـەو
تـابيعی ئـەحکام شـەريعەتی ئـەو
بـۆ ئـەو شەخسـيچە فـەزلی جەليـيە
زاهـير دەوێ پێـی ئەمـە وەلييـە
ئەگـەر بێـت بکـا دەعـوای ئيسـتيقلال،
موتتـەبيع نـەوێ، کەوتگـە زەلال،
کەشـف و کـەرامات بنـێ ئـەولايێ،
بـۆی ويلايـەتيچ هـەرگيز بـۆی نايێ(٦)

بنێ ئەولايێ: لەولاوە دای بنێ، هەر باسی مەکە. «بۆی»ی یەکەم: بۆنی. «بۆی»ی دووەم: بۆ ئەو.

لەبەر ئەوەی لەم شوێنەدا هەندێ رەخنەیان گرتووە لە دەرکـەوتنی کەرامـەت لـە ئـەولیاوە و، وتوویانە: ئەگەر کەرامەت لە ئەولیاوە دەرکەوێت فەرقی کەرامەت و موعجیزە نامێنێ و، یـەک لـە یەک دەچن و سەر لە ئینسان چەواشە دەبێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوە فەرق لە بەینی نەبی و وەلیدا نەمێنێ یا خۆ نەبی جێگا و پایەی لە ناو خەڵکدا نەبێت، حەزرەتی مەولـەوی وەڵامـی ئـەو رەخنەیە دەداتەوە و دەڵێت:

دەرکەوتنی کەشف و کەرامەت لـە دۆسـتی خـوداوە نابێتـە هـۆی تێکـەڵاوبوونی مـوعجیزە و کەرامەت، نابێتە هۆی ئەوەی فەرق لە بەینی دۆستی خـودا و پێغەمبـەردا نـەمێنێت و پێغەمبـەر هەیبەتی لە ناو خەڵکدا نەمێنێت، چونکە وەلی کەی ئیددیعای پێغەمبەرایـەتیی کـردووە؟ کـەی ئیددیعای سـەربەخۆیی کـردووە؟ ئـەو خـۆی بـە خزمـەتکاری شـەریعەت و پەیـڕەوی دڵسـۆزی پێغەمبەر دەزانێت و، ئەم کەرامەتە کە بۆی هاتووە لە بەرەکەتی حەزرەتی پێغەمبـەرەوە دەسـتی کەوتووە، لە راستیدا کەرامـەتی وەلی مـوعجیزەی پێغەمبەرەکەیـەتی؛ چونکـە خەڵـکی دەڵـێن: (ماشاءالله) ئەو پێغەمبەرە چەند پایەبەرزە؛ لە ئوممەتی ئەودا مرۆڤی وەها خاوەن‌کەرامەت هەیە و ئەم شەخسە بەڕێزە یەکێکە لە پەیڕەوانی شەریعتی ئەو، هـەروەها کەرامەتەکـە بـۆ وەلییەکـەیش گەورەییە و نیشانەی پایەبەرزییەتی و، مەعنای ئەوەیە لە ئەنجامی پەیڕەویی ئەو پێغەمبەرەوە ئەم کەرامەتەی پێ بەخشراوە.

ئەگـەر کەسـێکت دی ئیـددیعای سـەربەخۆیی دەکـرد و پەیـڕەویی شـەریعەتی پێغەمبـەری نەدەکرد، دەخیل سەد دەخیل نەکەی دوای بکەوی، ئەوە گومڕایە، باسی کەشف و کەرامەت هـەر مەکە، ئەو بۆنی دۆستایەتیی خودای هەرگیز لێ نایەت! (أعاذنا الله من شرّه).

(والحاسـل) ئـەمری خـاریق بـۆ عـادەت،
بـە نیسـبەت ئـەباڵ سـاحیب نوبـووەت
مـوعجیزەس، ئایـا لـە خـۆی کـا زوهـوور
یـا لـە ئوممـەتی یـەکێ بـەو دەسـتوور
بـە نیسـبەت ئـەباڵ وەلی کەرامـەت
نییـە لەگەڵـی دەعـوای نوبـووەت
بـەڵ ویلایـەتیچ ئیـددیعا ناکـا
ئیزهـاری خـاریق[٧] تەمـەننا ناکـا
بەڵـکو وەلی هـەس، هـیچ شـوبهەی نییـە
خـۆیچی نازانـێ کـە خـۆی وەلییـە
(یعرفونـە) نـەک بـۆ ئەوانـە
(لا یعـرفُهُم) لیباسـیانە

بــۆ وادی (طــوی) بــێ نەعلـــەین دەڕۆن
چی پێ کەن[٨] کەشفی کەونی کەفشــەکۆن؟
بــە شـــەرعی لــە لای ئــەهلی دیرایــەت
کـــەرامات نییـــە شـــەرتی ویلایـــەت
شـــەرتی پاکییـــە لـــە گشـــت رەدییـــە
ئیتتیبــــاعی شـــــەرع موحەممەدییــــە

یا لە ئوممەتی یەکێ: یا لە یەکێ لە ئوممەتی. چی پێ کەن: چی پــێ بکــەن یــا چــی لــە پــێ بکەن. کەفش: کەوش.

واتە: پوختەی قسە ئەوەیە: کاری لەعادەتبەدەر کە دەرکەوت نیسـبەت بـە نەبییـەوە دەبێتـە موعجیزە، چ لە خۆیەوە دەربکـەوێت یـا لـە یـەکێ لـە ئـەفرادی ئوممەتەکەیـەوە کـە پەیـڕەوی شەریعەتەکەی بکات، هەر ئەم کارە لـەعادەت بـەدەرە نیسـبەت بـە وەلییەکـە کەرامەتـە، ئـەبێ ئەوەیش بزانین کەرامەت لە یەکێکەوە روونادات کە ئیددیعای پێغەمبەرایەتی بکات و لـە راسـتیدا پێغەمبەر نەبێ، چونکە بە پشکنینی مێژوو دەرکەوتووە قـەت نـەبووە یـەکێک بـە درۆ ئیـددیعای پێغەمبەریی کردبێت و کاری لەعادەتبەدەری لەدەست هاتبێ.

دۆستی خودا هەرگیز لافی ئەوە لێ نادات کە وەلییە و دۆستی خودایە، چ جایـێ پایـەی لـەوە بەرزتر، وەلی ئەوەندە ملکەچە لە بارەگای خوداپەرستیدا هەرگیز ئـاواتی ئـەوە ناخوازێـت کـاری لەعادەتبەدەری لێوە رووبدات، بەڵکو گەلێ وەلیی وا هەیە خۆی بە خۆی نازانێ کە وەلییـە، ئـەم جۆرە کەسانە لەوانە نین کە خەڵک بیانناسێت، بەڵـکو گۆشـەگیری و کـەسنەناسـین پۆشـاک و دروشمیانە. ئەمانە خودا نەبێ کەس ناناسن. خودایش نەبێ کەم کەس دەیانناسێت.

ئەمانە بەپێی پەتی و سەری قۆتی بەرە و شیوی پیرۆز بانگ دەکرێن و راز و نیاز لەگەڵ خودای گەورە دەردەبڕن، چی لە کەشف و کەرامەت یا دەرخستن و پێزانینی رازی ئەم دنیا کەوشـەکۆنە بکەن؟ بەڵێ دنیا بێکەڵکە و بێئەنجامە و ئەوەی بەکار دێت پێوەندی لاهووتییە.

ئەم عیبارەتەی مەولەوی بێجگە جیناس و وشەڕازاندنەوە ئیقتیباسیشە لە ئایەتی قورئانی پیرۆز (إنّی أنا ربّک فاخلع نعلَیکَ إنَّک بالوادِی المُقدسِ طُوی...)[٩] لە راستیدا بـەپێی شـەرع کەشـف و کەرامەت شەرتی ویلایـەت نییـە، شـەرتی ویلایـەت خۆلەخراپەپاراسـتن و خوداپەرسـتن و دڵـی خاوێنە، خوو و رەوشتی بەرز و جوانە، پەیڕەوی کردنی شەریعەتی حەزرەتی (محمدالمصطفی)یە.

***

١ـ ئەم سەرباسە لە دەستنووسەکەدا نییە، تەنها لە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ لە دەستنووسەکەدا (عُجما) یە، هەڵەیە، عَجما راستە ئەسڵەکەی (عَجماء) بووە، وا بزانم مەولەوی هەمزەکەی ئەم و (ماء) یشی لەبەر وەزنی شیعر لابردووە. جا ئەم (عجماء)ە دوو مەعنا هەڵدەگرێ: لمێک کە داری تیا نەڕوێ، یا گیانلەبەری مێنگە.

٣ـ ئەمەیش نەسی نامەکەی حەزرەتی عومەرە (ر.خ): «من عبدِالله عمربن‌الخطاب الی نیل مصر،
أمّا بَعدُ، فان کنت تجری مِن قِبَلکَ فلا تجرِ، وَ إن کانَ الله یُجریکَ فأسأل الواحد القهار أن یجریک».

بۆ ئەوەی لەمە زیاتر دەربارەی ئەم باسە بخوێنیتەوە بڕوانە: (جلال الدین السیوطی. تاریخ الخلفاء. تحقیق محمد محی‌الدین عبدالحمید. مطبعة المدنی القاهرة ١٩٦۴ ص ١۴٨).

٤ـ ئایەتی (٣٤) سوورەتی (انفال).

٥ـ ئایەتی (٦٢) سوورەتی (یونس).

٦ـ لە نوسخە چاپەکەدا دواکەلیمەکانی دوو نیوی ئەم بەیتە بەم جۆرەیە: (ئەولای) و (ناوی).

٧ـ لە نوسخە چاپەکەدا (خالیق) ە، هەڵەیە، ئەمەی ئێمە راستە کە لە نوسخە دەستنووسەکەدایە.

٨ـ لە پەراوێزی نوسخە دەستنووسەکەدا بە فارسی دێرێک نووسراوە ئەمە تەرجەمەکەیەتی: «هەڵدەگرێ (پێ‌کەن) بە واتای (چی پێ‌بکەن، چی لێ‌بکەن) بێت، یا بە واتای (چی لە پێ‌بکەن) ».

٩ـ ئایەتی (١٢) سوورەتی (طه).



مبحث امتحان الأولياء [١]

موشـــتەری! تــیرت وا لـــە کەمانـــدا
بـۆ نـەزارەی مانـگ لـە بـورج میزانـدا
بـێنی تـرازووی شـەرع وە بـێئەنـدێش
سەرناکا بێ فێڵ دەست راس هەڵـکێش!
کافییــە، راس بــوو کەففــەی میــزانی،
خۆت مـەدە لـە سـەنگ بـە ئیمتیحـانی
«لِیَبْلُـــوکُم» هــــەر بــــۆ خودایـــــە
عەبــد و ئیمتیحــان (أصــعب الــدا)یــە
نەشـــود؛ (خـــالق الأرض والســـما)س؟
تووخـودا چـی بکـا تـا بڵـێی خـوداس؟
نەشـــود مـــوعجیزەی «وانشـــق‌القمـــر»
تـــەدبیرێ! بـــوێ تـــا بـــە پێغەمبـــەر؟
ئـــەولیایچ مەزهـــەر ســـیفاتی حـــەقن
نـــائیبی نـــەبی لـــە قەیـــد موتڵـــەقن
هیممــەت تەڵــەب کــە لــە رۆحانییــان
ســـــەممی قاتیلـــــە ئیمتیحانیـــــان!
ئەمــە تــۆ دەیکــەی راس تەحەددییــە
تەحـــەددی لـــە حـــەد وەلی‌دا نییـــە

بــۆ نــەبی (لابـدّ) بــویّ؛ چــار چییــە؟
عیلمــی بــە بــوونی خــۆی کــە نەبییــە
قەســدی ئیزهــاری خاریقــاتی خــۆی
حوکمی بە مووجەب مـوعجیزاتی خـۆی
ئیحاتــەی خەڵــقی بــدا یەکســەری
گشــت ئیقــرار بکــەن بــە پێغەمبــەری
ئــەر بــە کــار نــەهات خــاریق و بورهــان
(بـــارِقُ الســـیوف، خـــارِقُ السِـــنان)
ئەمانــە هیچکــام بــۆ وەلی هەیــە؟
نــە، هــەر تــابیعی رەســوولی خۆیــە

موشتەری: ناوی یەکێکە لە ئەستێرە سـەیارەکانی ئاسمـان. هـەروەها واتـە: کـڕیار. میـزان: ترازوو، ناوی بورجێکیشە لە دوازدە بورجەکانی ئاسمان بە پێی زانیاریی کۆنی ئاسمان‌ناسی، گوایـا ئەهلی تەقویم وتوویانە هەر کاتێ ئەستێرەی موشـتەری لـە خاڵـی (أوج)دا بێـت و، مـانگیش لـە بورجی میزاندا، وا دێتە پێش چـاو کـە موشـتەری وەک راوچـی بەرامبـەری مانـگ راوەسـتاوە و ئەیەوێت تیری تێ‌گرێت! نەشود: نشد، وشەیەکی فارسییە، واتە: نەبوو.

مەبەستی (مەولەوی) لێرەدا لە وشەی (موشتەری) ئـەو مونکیرەیـە کـە دەیـەوێت وەلی تـاقی بکاتەوە! مەبەستی لە (مانگ) یش وەلییەکەیە، وشەی (میزان) یش لە لایەکەوە بە واتای بـورجی میزانە و، لە لایەکی ترەوە بە واتای ترازووی شت‌کێشانە. دیارە مەبەست کێشانەکردنی کـردەوەی وەلییەکەیە؛ جا لەم رووەوە ئەڵێت:

ئەی کڕیاری رەخنە! ئەی مونکیری ویلایەت! تـیرت لـە کەواندایـە و گوللـەت لەسـەر پێیـە و ئامادەیت بـۆ رەخنـەگرتن و لەکـەدارکردنی وەلی و تـاقی‌کردنـەوەی، مـادام مەبەسـتت ئەوەیـە ئینسافت ببێ ترازووی شەرع بێنە و بێ‌ترس کرداری وەلی بەو ترازووە کێشانە بکە، دڵنیابە ئەگـەر فێڵ نەکەیت ئەم ترازووە هەرگیز سەرناکات؛ کەواتە دەستت راس هەڵکێشە ئەگەر تای ترازووەکە راست بوو ئەوە بەسە بۆ ئیسپاتی ویلایەتی، ئیتر خۆت مەدە لە بەردی سـەختی تـاقی‌کردنـەوەی؛ چونکە بەرد ناشکێت، تۆ دەشکێیت «مَن جَرَّبَ المجرّب حَلَّت به النَدامة» (٢).

رستەی «لِیَبلوَکُم » ئیشارەیە بۆ ئایەتی (لِیَبلوَکُم أَیُّکُم أحسَنُ عَمَلا).

واتە: ئەی مونكیر! تۆ وەلیی تاقی مەكەرەوە؛ تۆ لەوانە نیت بتوانی وەلی تاقی بكەیتەوە؛ چونكە سەنگ و سووكیی كردەوە بە پێی نییەت و نیازە، نییەت و نیازی بەندەیش هەر خـودا دەیزانێـت، كەوابێ (لِيَبلوَكُم أيُّكُم أحسَنُ عَمَلا) هەر بۆ خودایە، هەر ئەو دەتوانێت بـەراوردی كـردەوە بكـات؛ بەندە و تاقیكردنەوەی كردەوەی خەڵک بارێكی گرانە و هەرگیز لـە وزەی مرۆڤـدا نییـە. ئـەنجا (مەولەوی) بە شێوەی پرسیاری گاڵتەئامێز دەفەرموێت: ئەوا تاقیت كـردەوە و نـەبوو، ئـەوەی تـۆ ویستت نەهاتە دی، بۆچی ئەم وەلییە داماوە خالیقی ئەرز و ئاسمانە تا بـە دڵـی تـۆ بزانێـت؟! یـا هەرچی تۆ بتەوێ جێبەجێی بكات؟! تو خودا پێم بڵێ ئەو وەلییە داماوە چی بكات تـا تـۆ خـۆت كافر بكەیت و بە خودای بزانیت؟ ئەوا گریمان موعجیزەی مانگ لەتكردنی بۆ جـێبـەجێ نـەكرا چاری چییە تا ببێتە پێغەمبەر؟

ئەم تاقیكردنەوەیەت بێشعووری و سەرگەردانییە؛ وەلی بـێچـارە نەخودایـە و نـە پێغەمبـەر، بەندەی خودایە و پیاوی ماڵ و حاڵی خۆیەتی، ئەگەر خودا یارمەتی نەدات لە من و تـۆ دامـاوتر و بێدەستەڵاتترە.

ئەگەر راستت ئەوێ وەلییەكان بە هۆی خوداپەرستی و دڵسوزییەوە بوونەتە دیدگاهی سـیفاتی زاتی خودا و جیلوەگای هێز و بەرەكەتی (جەمالی) و (جەلالی).

ئەگەر خودا بییەوێ دوعای خێر بكەن پرتەوێ لە سـیفاتی جـەمالیی خـۆی ئـەنێرێ بۆیـان و، ئەگەر بییەوێ بێزار بن لە خەڵک و بێموبـالات بـن پرتـەوێ لـە سـیفاتی جـەلالییان بـۆ رەوانـە دەكات.

دۆستەكانی خودا جێنشینی حەزرەتی پێغەمبەرن و، لە داوی تـاقیكردنـەوەی زەیـد و عـەمر ئـازادن، روویـان لـە خودایـە و بـەس، چـاوەڕوانی بەرەكـەت و نەوازشـی ئـەون، تـۆیش لـەباتی تاقیكردنەوەیان داوای هیممـەت و یارمـەتی لـە رۆحانییـەتیان بكـە، تـاقیكردنـەوەیان ژەهـری كوشندەیە و مرۆڤی ژێر خۆی نادا لە قەرەی ژاری كوشندە.

ئەوەی تۆ لەگەڵ ئەوانی دەكەیت (تحدّی) و بەرانبەركێیە، وەلی كاری بە بەرانبـەركێ نییـە و، وەک زووتر باسم كرد ئەوان (تحدّی) ناكەن، ئیتر تۆ بۆچی بە تەحەددی دەچیتە مەیدانیان؟

بەڵام پێغەمبەر چاری نییە، ئەبێ بە خۆی بزانێت كە پێغەمبـەرە، ئـەو بـۆ راگەیانـدن نێـرراوە، پێویستە قەسدی دەرخستنی كاری لە عادەت بەدەر بكات و موعجیزە پیشان بدات و بـە خەڵـكی بسەلمێنێ كە راست دەكات و پێغەمبەرە و خودا ناردوویەتی بۆ سەر خەڵک، پێویستە بە تـەواوی

تێکەڵی خەڵکی موکەللەف بێت و هەوڵ بدات ئیمانیان بە پێغەمبەریی خۆی پێ بێنێ تا پەیڕەویی ئایینەکەی بکەن.

جا ئەگەر کاری لەعادەتبەدەری دەرخست و خەڵک مل‌کەچ نەبوون و پەیڕەوییان نەکرد ئامۆژگارییان بکات، ئەگەر ئەوەیش بە کار نەهات و سوودی نەبوو پێویستە دەست بداتە شیر و تیر و چەک و ڕووبەڕوویان بوەستێ و بجەنگێ و ئایینەکە بڵاوبکاتەوە؛ چونکە بەرامبەر بە مرۆی نادانی لەسەر تاوان بەردەوامی کەللەڕەق بێجگە شمشێری ئاوداری کۆڕی مەیدان و سەرەڕمی تیژی بێ‌ئامان هیچی‌تر بەکارنایەت و سوودی نییە.

بەڵێ ئەم تەحەددی و دەست‌دانە شیر و تیرە هیچی بۆ وەلی نییە، ئەو هەر لە بیر و باوەڕ و کردار و گوفتاردا پەیڕەوی ڕەهبەری خۆیەتی.

خۆ ئەگەر هەر دەستبەردار نابی و دەڵێیت پێویستە وەلی کەرامەت و کاری لەعادەتبەدەر پێشان بدات ئەوا دەڵێم:

خوێن بە دوو شاهید کریاگە ئیسبات
سادات عولەمای قادات دووسەد هات
شەهادەتیان دا گشت یەقینی بوو
بوو بە تەواتور، لە شوهرەت دەرچوو
کە شێخ خاریقی چەند هاتە زوهوور
پەنهان، هووەیدا، لە نزیک، لە دوور
بەشی دنیایی زاهیر بۆ کەس هەس
شاهیدی بدا بە ئیفتیرا کەس؟
ناوینی کوورەی دینی چەند گەرم کرد
چەند دڵی لە بەرد ڕەقتری نەرم کرد
ئیکسیری نەفەس مەسیحا تەرسیم
چەند مسی قەڵبی کرد بە زەڕ و سیم
ئیحیای جەماعات، بێداریی شەوێ
ئەدەب، زیکر و فیکر، دیتر چیت دەوێ!

کریاگە: کریاوە، کراوە. هووەیدا: ئاشکرا. ناوینی: نابینی. مەسیحا تەرسیم: دەسکاری عیسا. دیتر: ئیتر. قادات: جەمعی (قادة)ی جەمعی (قائد)ە.

واتە خۆ کەرامەت و کاری لەعادەتبەدەری ئەولیا، لەبارەی ئیسپاتبوونەوە، لە پیاوکوشتن موهیمتر نییە، کە بە دوو شاهید ئیسپات ئەبێت، ئەوا لێرە چەند شاهیدی باوەڕپێکراو لە زانایان و گەورەپیاوان و پێشەوایانی ئیسلام شایەتی دەدەن لەسەر دەرکەوتنی کەرامەت لەو وەلییەوە، بەڵکو لەبەر زۆریی شاهیدکار لە شایەتی تێپەڕیوە و بووەتە تەواتور کە دەبێتە هۆی یەقین و دڵنیایی. دیارە لەم تەواتورەدا ناگونجێت بەرامبەر (مخبر) ەکان بەدگومان بین و بڵێین لەوانەیە درۆبکەن، چونکە تەواتور لەسەر زۆریی ژمارە راوەستاوە، لە هەر جینس و هەر نەوع و هەر سینفێ بن، بێجگە لەوەیش ئەمانە هیچ بەشێکی ئاشکرای دنیایی و هیچ بەخششێکیان دەست ناکەوێت بەرامبەر بە گێڕانەوەی باسی ئەم کەرامەتانە، ئیتر بۆچی درۆ ئەکەن؟ ناچێتە عەقڵەوە پیاوی ژیر بە بێسوود درۆ هەڵبەستێ و پیاوەتی و چاکی و کەرامەت بۆ یەکێکی تر ئیسپات بکات!

تەماشاکە ئەو پیرە چۆن کوورەی ئایینی گەرم کردووە؟ چۆن دڵانی وەهای نەرم کردووە کە لە بەرد رەقتر بوون؟ بە هۆی ئیکسیری فووی وەک فووی حەزرەتی عیسای نەخۆشیلابەر چەن دڵی بێکەڵکی بێرەواجی وەک (مس)ی گۆڕی و کردی بە زێڕ و زیو، واتە خستنیە سەر ڕێگای خوداپەرستی و خوداناسی و ئەدەب و رەوشتی بەرز، لە غەفڵەتەوە بۆ یادی خودا، لە نوێژ نەکردنەوە بۆ جومعە و جەماعەت، لە بێئەدەبییەوە بۆ ئەدەب و خوو و خدەی پەسەند، لە خودپەسەندییەوە بۆ خاکینەیی، لە نەفامییەوە بۆ فام و هەستی بەرز، ئیتر لەمە زیاتر تۆ چیت لە وەلی دەوێ؟

ئەم تەحریرتە ئەڵبەت مەلحووزە
نەبی مەعسوومە و وەلی مەحفووزە
(تقدیراً) چشتێ ئەر لێی دا دیار
دەفعێ[۳]، بۆ دەفعی دەکا ئیستیغفار
ئەو تەنەززولەیچ حیکمەتی تێداس
تەرەققییاتی کەو چەند لە پێداس؟
(فعلاً وقولاً) گشت بێخەلەلن
هەموو (لا یُسأل عمّا یفعل) ن [٤]

کەو: وشەی تەعەججوبە بە مەعنای (ئاخۆ).

واتە: ئەلبەتە سەرنجی ئەو مەسەلەت داوە کە دەڵێت: پێغەمبەران لە گوناهـ مەعسوومن وەک باسمان کرد بەڵام ئەولیا مەعسووم نین و، دوور نییە گوناهیان لێ بوەشێتەوە، بەڵێ لە میهرەبانیی خودا و بە هۆی دەرکـەوتنی نـووری رەحمەتیـەوە لـە گوناهــ دەپـارێزرێن، جـا ئەگـەر وەلی بـە قەزاوقەدەر گوناهێکی لێ وەشایەوە زووبەزوو بۆ لابـردنی ئـەو تاوانـە تەوبـە دەکـات و پەشـیمان دەبێتەوە و داوای لێبووردن لە خودای میهرەبان دەکات.

ئای ئەم تەنەززول و نزمبوونەوەی پایەیە چەند حیکمەتی تێدایە، چونکە هـەر لـە رێگـای ئـەم گوناهــەوە کــە تۆبــەی لــێ دەکـات و هەسـت بـە ناتـەواویی خـۆی دەکـات، رێگـای راسـتی و بەرزبوونەوەی پلەی دۆستایەتیی خوای بۆ تەخت ئەبێ و پایـەی بـەرز ئەبێتـەوە. ئـەو دۆسـتانەی خودا کە باسمان کردن خوار و خێچی و ناتەواوی لە کردار و گوفتاریاندا نییە و خودا پاراسـتوونی، لە لایەن ئەو موریدانەیانەوە کە خاوەن هەست و وریان و، لەسەر دەستی ئەوان پەروەردە بـوون و، بە هۆی ئەو زیکر و فیکرەی لێیان وەرگرتوون (لطائف) یان نوورانی بووە، (لا يُسأل عن مـا يفعـل) ن؛ چونکە پرسیار گەر لەسەر شێوەی پرسیار لە حیکمەت نەبێت بـە نـادانی دادەنرێـت و، وەکـوو ئەوەیە قوتابییەک جۆرەها هونەر و پیشە لەسـەر دەسـتی مامۆسـتاکەیدا فێـر ببێـت و زۆر بـاش بزانێت کە مامۆستاکەی زانایەکی زۆر زانا و سەرامەدە، کەچی لە ئاسانترین مەسئەلەیەکی سـادەدا موناقەشەی لەگەڵ بکات!!

جا هەروەک بۆم روون کردنەوە مەبەستی (مەولەوی) لەم پرسیار لێ نەکردنە بۆ ئەو کەسـانەیە کە شاگرد و پەروەردەی ژێر دەستی ئەو وەلییانەن، نەک بۆ زانایانی ئایینـە بـە تێکـڕایی؛ چونکـە دۆستانی خودا لە هەر پایەیەکدا بن وان لە ژێر فەرمانی شەریعەت و ئاییندا، خوانەخواستە، ئەگـەر فەرمانێکی بە پێی شەرع ناڕەوایان لێ رووبدات، لەسەر زانایانی ئایین واجبە ئامۆژگارییان بکـەن و ئاگاداریان بکەنەوە؛ چونکە شەریعەت بۆ هـەموو کەسـێکی موکەللـەف هـاتووە و نابـێ کـەس لـە چوارچێوەی دەربچێت.

(فرضـاً) ئـەر لێیـان سـادر بـوو مونکـەر
بۆچ وە بێجیهەت خۆم بکـەم مـن کـەر[٥]
تــــەئویلی دەکـــــەم ئەگـــــەر تـــــوانیم
یـــا حـــەملی دەکـــەم لەســـەر نـــەزانیم

موریـد بی و قـالی[٦]، بـێ‌تاقـەت نـەوی؛
یـا حالـیت دەکـەن یـا حالـی دەوی
کـە سـەبرت نـەبوو بـزان وە تـاقی
میهمـانی خـوانی «هـذا فـراق»ی
وەلای لاڕێـدا[٧] پێـت راسـت گەڕیاگـە
بـەنی تـرازووی شـەرعت بڕیاگـە
لـە نوقلـی نەقلـی لـەززەتێ نـاوەی
پەس‌مەندەی عەقلـی سـەربەخود دەخـۆی
وەهمـی بـێ‌نالـت جلـەو بەرداگـە
وە زبرانـدا: «ئـەهل تەئسـیر نەماگـە[٨]،
ئەگەرنـە دەیبـوو تەئسـیری جـەلی
مـنی بـە تـاقی دەکـرد بـە وەلی
یـا خـەیر ئـەم شەخسـە ئەگـەر وەلییـە
بزانـێ لـە دڵ فلانـدا چییـە؟!
سـوئالێ دەکـەم ئاسـان بـێ یـا رەق
جـواوێ بـدا راس بـێ و موتابـەق!»
مـەکر و کەیـدی زۆر، قسـەی لـۆق و لـەق
لاوە، کەڕ[٩] نییـەی گـوێ بگـرە لـە حـەق
کۆتـەرەی داری، پیـوەی دار نییـەی
لـە بـەردو چـەخماخ گلـەیی دەکـەی؟!
ئەم گشـت حیجابـە و ئـارەزووی تەئسیر؟!
بـەلێ[١٠] چـی بلـێم؟! (الله قـدیر)
خوسـووس کەسـێ حـەق بەشـی نـەداوێ
مەزهـەری قـەهر و تـەردی خـودا وێ

خـەتم و غیشـاوەی[١١] دانشـی کـرد گـوم
«أأنــــذرتهم أم لــــم تنــــذرهم»
تەقلیـدی حـەق کـە، حیکمـەت بـەلاوە
عـەقلت عەقیلـە و هیممـەت بـلاوە
(ابــوالحکم)ت حیکمــەتی ئــاورد
(فیــە شــفاء) ئــازارداری کــرد
(سیددیق) لـە خـەرمان تەقلیـد بـاری بـوو
ژار مــار توریــاک ژاری مــاری بــوو
«وَ فــوق کــلّ ذی علــم علــیم»[١٢]
الــی حضــرة العلــیم الحکــیم
«و مـا أوتیـتم»[١٣]، «و لا یحیطـون...»[١٤]
هەیـە لـە ئەغلـەب دلانـدا مـەکنوون

وە بێجیهەت: بە بێ هۆ. قالی: تووڕە، زویر. گەڕیاگە: وەرگەڕاوە. بەن: پـەت. بڕیاگـە: بـڕاوە. نوقـل: شـیرینی. نەقلـی: دەلیلـە نەقلییـەکان وەک قورئـان و فـەرموودەی پێغەمبـەر و بابەتـە ئایینییەکانی تر. ناوەی: نابەی. پەس‌مەندە: پاشماوە. بێنال: ئەسپی بێنـال. بەرداگـە: بـەرداوە. زبران: زەویی سەخت و کڕێن و بەردەڵان. نەماگە: نەماوە. بەتاقی: بە تەحقیق. پیوە: پیفوو، قـاو، پووشو، مـاددەیێکی نـەرمی وەک لۆکەیـە لـە کلـۆری پـیرەدار دەردەهێنـرێ و بـۆ ئاگرکردنـەوە پارچەیەکی لێ دەخرێتە سەر بەردە چەخماخ و بە چەخماخەکە لە بەردەکـە دەدرێـت و، پرشـی ئاگری لێ دەبێتەوە ئەگەر بەر پیفووەکە بکەوێت دادەگیرسێت. دانش: زانین و تێگەیشتن.

واتە: ئەوا گریمان کارێکی ناشەرعی لە وەلییەکە رووی‌دا، بۆ بە بێ‌هۆ من خۆم بکەمـە پیـاوێکی دژ و رەخنە بگرم، بەڵکو ئەگەر گونجا تەئویلی ئەو کـارە ناشـەرعییەی دەکـەم و دەیگێڕمـەوە بـۆ سەر کارێکی شەرعی، یا دەڵێم من نایزانم و تێی ناگەم. تۆ ئەگەر پەیـڕەوی ئـەو وەلییـە بیـت و تووڕە و بێتاقەت و تەنگەجیکڵدان نەبیت یا وەلییەکە دێت و تێت دەگەیەنێ، یا خۆت لە پاشـاندا تێدەگەیت.

بەڵام ئەگەر خۆگر نەبوویت و دانت نەگرت بە خۆتا ئەوا بێگومان وەک حەزرەتی مووسات لێ دێت و دەبیتە میوانی خوانی «... هذا فراق بيني و بينك...» ئەوە بوو حەزرەتی مووسا(د.خ) لەگەڵ ئەوەیش کە لە پێغەمبەرە (اولو العزم) ەکان بوو، چونکە خۆی نەگرت تا حەزرەتی (خضر) نهێنی رووداوەکانی پێ بڵێت و، دەستی کرد بە رەخنەگرتن لە کارەکانی حەزرەتی (خضر)، لێی جیابووەوە و پێکەوە نەیانکرا.

ئیستە تۆ بەلای لاری و خواریدا دەڕۆیت پێت بەرەو لارێ وەرگەڕاوە و، ئەو پەتەت کە ترازووی شەرعی پێ دەخەیتە کار بچڕاوە و گوێ ناگریت بۆ ئەو قسە جوان و شیرینانەی کە دەماودەم بۆت دەگێڕرێنەوە، خەریکی پاشخوانەخۆریی عەقڵی سەربەخۆی خۆتی.

تۆ جڵەوی ئەسپی بێناڵی خەیاڵت بەرەلای دەشتێکی کرێن و بەردەڵان کردووە کە بێگومان زووبەزوو قاچی دەسوێت و لەکەڵک دەکەوێت... هەر لە خۆتەوە دەڵێیت: پیاوی خودای خاوەن تەئسیر و بەرەکەت لە دنیادا نەماوە، کەچی ئەمە حوکمێکی دوور و بێئەساسە و ئەهلی تەئسیر لە دنیادا زۆرن.

هەروەها دەڵێیت ئەگەر ئەهلی تەئسیر بمایە و فلان کاریگەر بوایە منی دەکرد بە وەلی ئیتر ئەوە نازانی کە خۆت هەوڵت نەداوە و ئامادەییت نییە بۆ ئەوەی هەنگاوێک پێش کەویت.

یاخۆ دەڵێیت: فلانە وەلی ئەگەر راستی وەلییە با بزانێ چی لە دڵی مندایە، با پرسیارێکی لێ بکەم، ئاسان یا گران و ئەویش، وەلامێکی راست و رێکوپێکم بداتەوە!

ئەی برای خۆم! واز لە فرۆفێڵ بێنە، دەست لە قسەی هەلەق و مەلەق هەڵبگرە، خۆ تۆ کەڕ نیت؛ جارێ گوێ لە قسەیەکی حەق و راست بگرە.

تۆ کۆتەرەداری تەڕیت، پیفوو نیت، ئامادە نێت بۆ داگیرسان و گلەیی لە بەرد و چەخماخ دەکەیت، گوایا ئاگریان نییە، نەخەیر ئەوان ئاگریان هەیە، تۆ ئامادە نیت ئاگر بگریت، فلانە وەلی لەوانەیە پیاوی خودا بێت، ئەهلی دڵ بێت، بەڵام دڵی تۆ نوور و بەرەکەت وەرناگرێت.

تۆ ئەم هەمووە گیر و گرفتانەت هەیە، نەفسی بەد، تەمەڵی و تێنەکۆشین، یاخیگەری و سەرکەشی، کەچی بە تەمای ئەوەیشیت زوو داگیرسێیت و ببیتە چرای عالەمتاب! بڵێم چی هەر ئەوەتە خودا توانای هەیە ئەگەرنا یەکێکی وەکوو تۆ گرانە ئەم ئارەزووانەی بێتە دی، بە تایبەتی کەسێ کە خودا بەشی لە نوورانییەت و دڵ خاوێنیی نەدابێت و، رق و غەزەبی رووی تێکردبێت

و، دڵی مۆر کرابێت و لێڵایی بەسەر چاویا هاتبێت کە ڕێگای زانین و بینینی لێ گرتبێت، ئەوانەی کە هەڕەشە لێکردن و هەڕەشە لێ نەکردنیان وەک یەک بێت و باوەڕ روو نەکاتە دڵیان.

ئەی برای خۆم! وەرە دوای حەق و ڕاستان بکەوە و، شوێن‌پێی ئەوان هەڵگرە، حیکمەت و زانست لای ئەوانە، شوێن عەقڵی دەست‌بەستە و سنوورداری خۆت مەکەوە، دوای وەهم و خەیاڵ مەکەوە، وەهم و خەیاڵ سەرگەردانن!

تەماشاکە ئەبووجەهل کە ناوی عومەر و ناوبانگی (ابوالحکم) بوو، بە خەیاڵی خۆی عەقڵ و حیکمەتی بەکار هێنا و دژایەتیی لەگەڵ پێغەمبەردا کرد، کەچی بە بەدبەختی و سیاچارەیی سەری ناهومێدیی نایەوە و، ئەو عەقڵەی کە دەبێ شیفا بێ بۆ ئادەمزاد بوو بە هۆی ئازار و نەگبەتیی ئەو، بەڵام حەزرەتی ئەبووبەکری سیددیق (ر.خ) نەکەوتە دوای تەنها عەقڵی خۆی و پەیڕەویی پێغەمبەری کرد و، لە خەرمانی تەقلیدی ئەو بەهرەی وەرگرت و کۆڵی پڕ کرد، ئەوە بوو کە لە ئەشکەوتی (ثەور)دا مار پێوەیدا، خودا بە میهرەبانیی خۆی تفی موبارەکی دەمی حەزرەتی بۆ کرد بە دەرمان و وەک توریاک چاکی کردەوە. دەڵێن وەک زەهری مار کوشندەیە بۆ ئینسان تفی دەمی ئینسانیش کە بکەوێتە دەمی مار دەیکوژێ، کەواتە تفی دەمی حەزرەت بۆ کوشتنی مار وەک ژاری مارە، بەڵام بۆ ئەبووبەکر (ر.خ) بوو بە هۆی شیفا.

دیارە نابێ وابزانیت کە نەبی یا وەلی هەموو شت دەزانن و دەستەڵاتیان بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت، نەبی و وەلی بەندەی خودان، ئادەمزادن، خودا نین، هەموو خاسییەتێکی ئادەمزادیان تێدایە: بێ‌هێزی، بەهێزی، ساغی، نەخۆشی، زانین، نەزانین، مردن، ژیان... تاد روویان تێ‌دەکات.

زانستی ئادەمزاد سنورێکی هەیە، هەر زانایەک بگری یەکێکی تر هەیە لەو زاناتر بێ، تا دەگاتە خودای زانا و کارساز، کە لەو زاناتر کەس نییە.

ئەو بەهرەی زانینە کە خودا بە ئادەمزادی بەخشیوە کەمە و زۆر کەمە و، ئەوەیشی کە دەیزانێ لە خۆیەوە نییە و لە خواستی خودای گەورەوەیە.

نەختێ خۆت بدە ئەو ڕۆشنایی
نەبیی و وەلی و داوای خودایی؟!
عەبد و بەرمومکین کول توانایی؟!
عەبد و (بِکلّ الاشیا) دانایی؟!

ئــەرچی هــەویری ئینســانی کــامڵ
بە هـەردوو دەسان شـێلیاگە گـش دڵ
مەزهەرە بـۆ وەسـف جـەلال و جـەمال
مەتلــەبی ئــەنوار ئاســارە و ئــەفعال
لاکـین دەمـێ بەسـت زوهـووری هەیـە
دەمـــێ سەڵـــتەنەت قــەبزی نەوبەیــە
نییــە وجــوودی کەســێ لــە بــەردا
هــەرچی لـە مەنبــەع سـەر دا لەســەردا
هــەر بــەو ئەنــدازە راس دەیداتــە دەر
دەهەنــەی میفتــاح کــارێزی مەزهــەر
ئـیرادە و رەزای خــۆی گشـت وەبـادە
ئــــــیرادە و رەزای (ربّ العبــــــاد)ە
هــەرچی پێــی نــەکا بیکــا ناتوانــێ
پێــــی نــــەزانێنێ، بــــزان، نایزانــــێ
ئـەر پێـی نیشـان دا فـەزل و رەحمەتـە
ئەر لێـی پـەنهان دا عـەدل و حیکمەتـە
بۆی کرواس چەند دوور دای لە دەماخی
زانین لە نزیک دیـت لێـی بـوو یـاخی؟!
نــەبی خەبــەری نــەبوو لــە نــاو بــیر
وەلیچ ناو دڵی تـۆی نـەوێ لـە بـیر(۱۵)

ئەو رۆشنایی: بەر رۆشنایی. بەر مومکین کول: بەر کول مومکین، لەسەر هـەموو مومکینێـک. شێلیاگە: شێلراوە. گش دڵ: گشت دڵ، بە هەموو دڵ، بە دڵ و گیـان. سـەر دا: سـەر هـەڵ بـدا، دەربکەوێت. لەسەردا: لای ژووروو، لە خوداوە. وەبادە: بەربادە، بێنرخـە، فـەوتاوە، بـا بردوویـە. وەلیچ: وەلیش.

واتە: لە تاریکیی نەزانی دەرچۆ و، نەختێ خۆت بدەرە بەر ڕۆشنایی هـۆش و زانسـت تـا بـۆت دەرکەوێت نەبی و وەلی و داوای خودایی دوورن لە یەکەوە، بەندەی خودا و توانایی بەسەر کردنی هەموو شتێکی مومکیندا یا زانینی هەمووشت زۆر لەیەکەوە دوورن، بەندە دروست‌کراوی خودایـە و زات و سیفەتی دیاری و سنووردارە، لەوەی بۆی دیاری‌کـراوە سـەری موویـە ناتوانێـت لابـدات. خوایە هەموو شت دەزانێ، خوایە هەموو شت دەتوانێ.

ڕاستە هەویری وجووودی ئینسانی تەواو و وەلیی ڕابەر بە هەردوو دەسـتی بـەهێزی سـیفەتی جەمالی و جەلالیی خودا بە دڵ و گیان شێلراوە و کاڵی و خـاویی تیـا نـەماوە، ئەگـەر چـی وەلی شوێنی دەرکەوتنی نیشانەکانی سـیفەتی جـەلالی و جـەمالیی خودایـە، لـەودا نـوور و نیشـانەی میهرەبانی و کردەوە پڕ حیکمەتەکانی خودا دەردەکەوێت، بەلام وەلی حاڵی (قـبض) و (بسـط)ی هەیە، لە کاتی بەستدا فتووحات و بەرەکەت بەسەریا دەڕژێ و لە کاتی قەبزدا لێی دەگێڕرێتەوە.

کاتی بەست، کە بەرەکەت لە سەرچاوەی خوداییەوە سەردەکات و دەردەچێت و، لە سـەرەوە بەرەو دڵی وەلی دێت، کەس نییە لەبەریا، کەس ناتوانێ ڕێگای لێ بگرێت و لێی زیاد وکەم بکات، بەخشندەیی کلیلی کارێزی دڵی وەلییەکەیش، کە شوێنی دەرکەوتنی نـووری خودایـە، چەنـدی لایە هەر ئەوە دەردەدات و دەیگەیێنێتە دڵی خەڵک و ناتوانێ لێی زیاد و کەم بکات، چونکـە هـی خۆی نییە هی خودایە، خواسـت و حـەزی وەلی بـەربادە، خواسـت و حـەز هـی خـودای خالقـە، هەرچی خودا پێی نەکات و بۆی نەڕەخسێنێت ئەو ناتوانێ بیکات، دڵنیا بە و زۆر باش بزانە ئـەوی خودا بە وەلییەکەی فێر نەکات وەلییەکە هیچی لێ نازانێت.

جا ئەگەر خودای گەورە نهێنییـەکانی پیشـان دا بـە وەلی ئـەوە بەخشـندەیی و میهرەبـانی و گەورەیی خۆیەتی، ئەگەر لێیشی شـاردەوە ئـەوە داد و زانیـاریی خۆیـەتی، خـۆی دەزانـێ کـەی دەیبەخشێت و کەی دەیگرێتەوە. ئاگات لێیە بۆن و بەرامەی کراسەکەی حەزرەتی یووسف چەند لە دوورەوە دای لە دەماخی حەزرەتی یەعقووبی باوکی؟ (و لمّا فصّلت العیر قال ابوهم إنّـي لأجِـدُ ریح یوسفَ لو لا ان تفنّدون) [١٦] کەچی کاتی خۆی کە براکانی یووسف یووسـفیان خسـتە بـیری کەنعانەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە شـوێنەکە لـە حـەزرەتی یەعقووبـەوە دوور نـەبوو پێـی نـەزانی و ئەوەندەی خەم خوارد لێلایی بەسەر چاویا هات؛ جا کە پێغەمبەرێکی وەکوو حـەزرەتی یـەعقووب ئاگای لە بەسەرهاتی کوڕی خۆشەویستی خۆی نەبێ لە بیرێکـی نزیکیـدا، هـیچ عەجایـەب نییـە ئەگەر وەلی ئاگای لە دڵ و دەروونی تۆ نەبێت!

«مــا اتّخــذَ الله وليّـــاً» مەشـــهوور
جاهيل لە مەعناى «جاهلاً» مەهجوور
دەڵــێ: يانييهــاى (جــاهلاً) بەمــە
دزياگ و گومبــووگ لــە ماڵــى هەمــە
(جاهلاً) بە مێـرد كــەى ژانــێ تێـرێ؟
(جاهلاً) بــە ژن كــەى وەلــەد بێـرێ؟
(جاهلاً) بە عــەزل بــە نەسـبى ئــەمير
(هكــذا) تــا خــوار نابێتــە تــەحرير
شــوعوورى نييــە؛ يــەعنى (جــاهلا)
بــە زات و ســيفات حــەق (جلّ، عَـلا)
(وَ بمـــا يَجـــب علمُـــهُ فـــيالّـــدين)
كــەوا لــە حــەددى دەزانيــە يــەقين

هەمە: هێمە، ئێمە. ئەم وشەيە لە ناوچەى (تاوگۆزى) و دەوروپشتى بە كارى دەهێـنن. حـەد: تەعريف، ئيستيلاحى ئەهلى مەنتيقە. دەزانيە: دەزانيێ، دەزانرێت.

واتە: هۆى سەرلێ شێوانى هەندێ كەس سەبارەت بە پايەى پياوى خودا ئەسەرێكى مەشهوورە كە دەڵێت: «ما اتّخذَ الله وليّاً جاهلاً» كە واى تێ‌گەيشتوون مەعناى ئەوەتە پێويستە وەلى گـەلێ شت بزانێت، بۆ نموونە: دەبێ بزانێت فلانە شت لە ماڵى ئێمە دزراوە، يـان فلانـە شـت ون بـووە، دەبێ بزانێت فلانە پياو كەى ژن دەهێنێت؟! فلانە ژن كەى منداڵى دەبێت؟! دەبێ بزانێـت فلانـە ئەمير كەى دادەمەزرێت يا كەى دەستى لە كار دەكێشرێتەوە؟! هەروەها گەلێ شتى تر...

بەڵام ئەم بۆچوون و لێك‌دانەوەيە شتێكى هەڵەيە و نەزانيى دەگەيەنێت، واتە: ئەمانە هيچيـان پێويست نين بۆ وەلى، واتاى ئەسەرەكە بەو جۆرە نييە كە ئەوكەسانە وتوويانە، بەڵكو مەبەست لەو ئەسەرە ئەوەتە: خودا دۆست و خۆشەويستێكى وەهاى نييە پێويستييەكانى بير و باوەڕى ئيسـلام و ئايين نەزانێت، دۆستى خوداى گەورە، واتە وەلى، پێويستە بە قەدەر توانا زات و سـيفەتى خـودا بناسێت، ئەوەى دين پێويستى كردووە بزانرێت بيزانێت، بەو جۆرەى زانايان لـە تـەعريفى وەلى‌دا وتوويانە و، وەك مەولەوى خۆى لە پێشەوە وتى: «وەليى شەخسێكە (عارف بـالله)... تـاد»، ئيتـر شەرت نييە ئاگاى لە كون و قوژبنى كائينات بێ و بە هـەموو شـت بزانــێ، تەنانـەت شـەرت نييـە

هەموو بنکەکانی زانستی (عقائد) و هەموو حوکمێکی لق و پۆپـەکانی ئـایین بزانێـت، بـەڵام وەک یەکێکی مامناوەندی ئەوەی ئەهمیەتی هەیە دەیزانێت و، بۆ ئەوانەیشی کە نایانزانێت دەتوانـیّ لـە زانایانی ئایین بپرسێت و فێریان ببێت.

عــەلاوەی ئەمــە مــەلوول مەکــە دڵ
دیزەی غیرەتیان ئەر بـیّ بێتـەو کـوڵ[17]
پـەردەی سـەتتاری لابـدەن لـە بـەین
موفتەزەحــە چــی وا هــەین و وا هــەین،
بپـــارێزە خـــۆت؛ زەریـــف ئاگایـــە
مـــوئمین (ینظــرُ بنـــور الله)یـــە
ئەمما تێـی ناگـەی تـۆ ئـەی بـیّئـەدەب!
نایەڵـیّ سـەبقەت رەحمــەت لـە غـەزەب
دەڵــێی ئەڵــبەتە هــەر هــیچ نازانــیّ
وەرنــە بـۆچ نایـدا سـا لـە رووم، کوانـیّ؟
تێــی، دەڕۆیــەوە، قــەدریّ دەوی گــوم
بــــە «آمَنّــــا»وە «إنّــــا مَعَکُــــم»[18]
مەتڵــەبت مــەکرە و ســوئالی بــیّجــا
بـــۆ تـــەرویجی خـــۆت هـــەتکی ئـــەولیا
هەر مەکر و کەیدی خۆتت تۆ لە گـوێس!!
(و الله خیـــر المـــاکرین) لـــە کـــوێس؟!

دیزە: مەنجەڵی لە گڵی سوورەوەکراو دروستکراو. ئەر بیّ: ئەگەر بێت.

بێتەوکوڵ: بێتـە کـوڵ، بکولـێت. کینایەیـە لـە رقهەسـتان. چـی: هـەرچی، وا هـەین: کـە مەوجوودین. وا هەین: وەها بەم چەشنە کە هەین[19] کە بەدکردار و بەدنیاز و بەدخووین. وەرنە: ئەگەرنە. نایدا سا لە رووم: سا نایدا لە رووم. بیّجا: بیّجێگە و بیّمەعنا. لە گوێس: لە گوێیـە. لـە کوێس: لە کوێیە؟

واتە: ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە زانینی هەندیّ شت بۆ وەلی پێویست نییـە، بـەڵام تـۆ نابـیّ دڵت پەرێشان بکەیت و وا تیّ بگەی کە وەلییە (کامل) و (مکمِّل) ەکان، ئەوانەی پایەی رابەریيان

پێ دراوە، بێئاگا و بێبەسیرەتن، ئەوەتا لە نەسی قورئاندا دەبینی خودا دەربارەی ئـەو بەنـدە کـە حەزرەتی مووسا پێی گەیشت، ئەفەرموێ: «فوجدا عبداً من عبادنا آتیناه رحمةً من عندنا و علّمناه من لَدنّا علماً» [٢٠] یا لە یاسی هێنانی تەختی بەلقیسـی شـاژنی سـەبەئدا بـۆ حـەزرەتی سـلێمان دەفەرموێ: (قال الذی عنده علمٌ من الکتاب... الآیة) [٢١].

هەروەها لە سەحیحی موسلیمدا هەیە: «مازال عبدی یتقرّب الیَّ بالنوافل حتّی أحبَّهُ فاذا أحببتُهُ کنتُ سمعه الذی یسمع به و بصره الذی یبصر به... الحدیث».

بێجگە لەمانە گەلێ ئاسار هەیە دەلیلن لەسەر ئەوەی هەندێ موسوڵمانی لـەخوداترس فـام و فەراسەتێکی تایبەتییان هەیە و هەسـت بـە حەقیقەتـەکان دەکـەن؛ واتـە دەبـێ بزانیـت وەلییـە رابەرەکان لە بەرەکەت و نیعمەتی خوا بێبەش نین، کاتێ کە تووڕە بـبن و مەنجەڵـی غیرەتیـان بێتە کوڵ و پەردەی داپۆشینی تاوان لە ناوا نەمێنێ هەرچی ئەوانەی کە هەین و بەو جـۆرەی کـە هەین بە خۆمان و کار و کردەوەی بەد و خوو و خدەی ناپەسەندمانەوە دەردەکـەوین و ئابـڕوومان دەچێت.

خۆت بپـارێزە لـە ئینکـاری دۆسـتی خـودا، دۆسـتی لەخوداترسـی خـودا زۆر بـاش ئاگـادارە، موسوڵمانێ کە دۆستی خودای گەورە بێ بە چاوی سەر سەیری خەڵک ناکات؛ بەڵـکو بـە نـووری خودایی سەیریان دەکات.

تۆ دەڵێیت دیارە ئەم وەلییە بە کار و کردەوەم نازانێ، ئەگەرنا جارێ دەیدا لە رووم و بە ئاشکرا پێی دەوتم؟! راستەکەی ئەوەیە تۆ تێناگەیت، وەلی لە حەزرەتەوە ئەدەبی وەرگرتـووە و ئـەویش لە خودای گەورەوە و، رەحمەت و بەزەییان پـێش رق وتـووڕەیی دەکـەوێت. ئـەم پێشـکەوتنی بەزەییە بووەتە هۆی ئەوەی نەیدەن لە رووی، نەک نەزانینیان.

تۆ ئەی مونکیری ئەولیا! بە دوودڵییەوە دێیت بۆ لای وەلی و دەڕۆیتەوە و ماوەیەک خـۆت ون دەکەیت، کە دێیتە لای وەلی و پەیڕەوەکانی دەڵێیت لەگەڵتانم باوەڕم پێتانە، کـە دەیشـڕۆیتەوە بۆ ناو کۆمەڵەکەی خۆت دەڵێیت هەر لەگەڵ ئێوەم!

وەکوو دوودڵەکانی سەردەمی حەزرەت(د.خ) کە خوا لە بارەیانەوە ئەفەرموێت:

(و اذا لقوا الذین آمنوا قالوا آمنّا و اذا خلوا الی شیاطینهم قالوا إنّا معکم انمّا نحـن مسـتهزئون) [٢٢].

تۆ هەر مەبەستت فڕوفێڵ و پرسیاری بێڕێ و شوێنە بۆ بـرەودان بـە بـیر و بـاوەڕی خـۆت و ئابڕووبردنی دۆستانی خودا، بەلام تەنها ئاگات لە مەکری خۆتە، ئیتر مەکر و رقی خودای گەورەت خستووەتە پشت گوێ! دیارە خودا لە هەموو کەس چاکتر دەس ئەوەشێنێ!

ســـــوئالی «و مــــا ربّ العـــالمین»
موتابـــەق نـــاوێ جـــواوی یـــەقین
کـــە تـــۆ ســـوئالت لـــە ئاسمـــان وێ
جـــواوت دەشـــێ لـــە ڕێســـمان وێ
یانییهـــای ســـەلاح خۆتـــت لـــێ گومـــە
حاسڵـــت چەنـــەی بـــێ‌ســـەر و دومـــە!
بـــۆچ هۆشـــت نییـــە خـــالیقی مـــەعبوود
تـــۆی بـــۆ چـــە کـــارێ ئـاوردە وجـــوود؟!
بچـــۆ بســـووژێن دەمـــاخ لـــەو کـــاردا
هـــەرتا نەســـووژێی ئـــاخر لـــە ئـــاردا
عـــەقڵ بـــۆ خـــاتر عوبوودییەتـــە
نـــەک بـــۆ دەرکـــی ســـیڕ روبووبییەتـــە
عـــەقڵ ئەوەتـــە هـــەرتا بتـــوانی
هەر حوسن و قوبحی شەرعی بـزانی[٢٣]
عـــەقڵ ئەوەتـــە بـــە عـــیلم و عەمـــەل
نەیێڵـــی[٢٤] دیـــوار دیـــن بـــوێ خەلـــەل

ناوێ: نابێت. جواوی: جوابی. وێ: بێ، ببێ. ڕێســمان: تالـی بـەن و دەزوو. یانییهـای: یانـێ، واتە. چەنە: قسەی زۆر. دوم: کلک. سەر و دوم: ســەر و کلـک، بـەرودوا. بسـووژێنە: بسـووتێنە. نەسووژێی: نەسووتێی. لە ئاردا: لە ئاگردا.

واتە: مرۆڤ کە فامی بەهێز بوو گەیشتە رادەی تێگەیشتن پێویستە بە پێی توانا بـۆ وەرگـرتنی زانست هەوڵ بدات و، ئەو شتانەی نایانزانێت فێریان ببێت، واتە: ئەو شتانەی کـە زۆر پێوەنـدییان بە ئادەمزادەوە هەیە چ لە لایەنی ئایین و چ لە لایەنی ژیانەوە، هەروەها زانینی ئەو شتەی دەبێتە هۆی دەرچوون لە پایەی نزم و گەیشتن بە پایەی بەرز بخاتە پێش زانینی شتێ کە سوودی کـەم

بێت، یا زانینی شتێ کە لە وزەیدا نەبێت، وەک پرسیاری شاگردی سەرەتایی لە بابەتی کیمیا و فیزیا و جەبر و موقابەلە، یا پرسیاری مرۆڤ لەو شتانەی لە سروشت بەدەرن (ماوراء الطبیعة)، یا پرسیار لە نهێنیی نوور و رووناکیی دڵی پێغەمبەران و دۆستانی خودا، یا پرسیار لە چۆنیەتیی دەرکەوتنی زاتی خودا خۆی کە لە وزەی ئادەمزاددا نییە؛ چونکە هێزی ئادەمزاد کەم و کورتە و لە رادەیەکی تایبەتی و دیاری بەولاوە بڕ ناکات و، ناتوانێ پەی بە شتی بێسنوور بەرێت.

ئەوەتا فیرعەون کە پرسیاری لە حەزرەتی مووسا کرد(د.خ) و وتی (و ما رب‌العالمین) واتە: حەقیقەتی خودای هەموو جیهان چییە؟ حەزرەتی مووسا وەڵامی بەوە نەدایەوە کە بڵێ چییە، بەڵکو وەسفەکانی بۆ هێنایەوە و فەرمووی خودای (رب السموات والارض و ما بینهما ان کنتم موقنین). فیرعەون کە وەڵامەکەی مووسای بە دڵ نەبوو «قال لمن حوله الا تسمعون» واتە: بە دەور و پشتەکەی خۆی وت: نابیسن کە وەڵامەکەی مووسا لەگەڵ پرسیارەکەی من چەند ناجۆر و نەگونجاوە؟ ئەمجار حەزرەتی مووسا فەرمووی (ربکم و ربّ آبائکم الأوّلین). دووبارە فیرعەون تووڕە بوو (قال ان رسولکم الذی ارسل الیکم لمجنون) واتە: وتی ئەم پێغەمبەرەی بۆ ئێوە نێرراوە شێتە، بەڵام مووسا هەر بە باسی سیفەتەکانی خودا وەڵامی فیرعەون ئەداتەوە، تا دواجار دەفەرموێت (ربّ المشرق والمغرب و ما بینهما ان کنتم تعقلون) واتە: خودای خۆرهەڵات و خۆرنشین و ناوبەینیان، ئەگەر عەقڵتان هەیە؟! چونکە نە فیرعەون و نە قیبتییەکان و نە حەزرەتی مووسایش لە وزەیاندا نەبوو حەقیقەتی زاتی خودا دەربخەن و بیزانن.

وەکوو مەولەوی دەفەرموێت پرسیاری فیرعەون لە حەزرەتی مووسا(د.خ) بە رستەی (و ما رب العالمین) کە پرسیارە لە حەقیقەتی زاتی خودا، وەڵامەکەی بە دڵی فیرعەون نابێت و لەگەڵ پرسیارەکەدا دەق بە دەق نابێت؛ فیرعەون پرسیاری حەقیقەتی زاتی خودای لێ دەکات و ئەمیش بە وەسفەکانی خودا وەڵامی دەداتەوە، چونکە مووسای لێپرسراو ناتوانێ ئەو حەقیقەتە روون بکاتەوە و وەڵامی بداتەوە.

مەولەوی دەفەرموێت: تۆ کە پرسیارت دەربارەی ئاسمان بێت و داوای روونکردنەوەی شتێ بکەیت بەرز و دەستپێنەگەیو، لە وزەدا نەبوو بێت وەڵامت دەبێ لە رێسمان بێت، واتە پێویستە بە بەنی دەس‌ڕێسی ژنان پەتێک دروست بکەین و دەست و باڵی تۆی پێ ببەستینەوە، چونکە شێت دەبێ ببەسرێتەوە.[۲۵] ئەمەیش واتە تۆ بەرژەوەند و قازانجی خۆت نازانی و لێت ون بووە و کارت لە دیاندا قسەکردنی بێسەروبەر و بێبەرودوا و چەنەدانی بێسوود و بێکەڵکە.

بۆ بیر ناکەیتەوە لەوەی کە پەروەردگار تۆی بۆچی دروست کردووە؟ بڕۆ دەماخی خۆت بەو کارەدا بسووتێنە کە خودا تۆی بۆ دروست کردووە؛ هەتا لە ئەنجامدا لە ئاگری دۆزەخدا نەسووتێیت.

ئەگەر خۆت بە ژیر دەزانی ژیری بۆ ئەوەیە بەندەیی خودای پێ بکەیت، نەک بۆ ئەوەیە کە پەی بە نهێنیی حەقیقەتی خودا بەری؛ ئەوە لە وزەی ژیریی سنووورداری تۆدا نییە و خۆتی پێوە ماندوو مەکە.

عەقڵ و ژیریی بۆ ئەوەیە لە رووی شەرعەوە جوانیی و ناشیرینیی کردەوەی پێ جیا بکەیتەوە، کە وەک وتمان کاری جوان- بە پێی شەرع - ئەوەیە ببێتە هۆی ستایشی دنیا و پاداشی دوارۆژ، کاری ناشیرینیش ئەوەیە ببێتە هۆی زەممی دنیا و تۆڵە و سزای دوارۆژ، کە ئەمانەت زانی کاری جوان بکەیت و لە کاری ناشیرین دوور بکەویتەوە.

عەقڵ و ژیریی بۆ ئەوەیە بە زانست و کردەوە هەوڵ بدەیت و نەیەڵیت دیواری ئایین لەق بێت و کەلەبەری تیبکەوێت و زیانی پێ بگات.

لابە لە حوزوور ئەربابی ئەلباب
(لا یعنی) سوئال بێ مەعنی خیتاب
هەرکەس بە ئیمان ئیسلام و ئیحسان
موتەحەللی وێ پێی بلێ ئینسان
لە خدمەتیدا گشت ئەجزات دڵ وێ
ئەو دڵە بۆ فەیز گۆشەی وەکول وێ
یەک لەحزە سوحبەت ئەو تەرزە شەخسە
بەوتەرزە، تەنخوای عومرێکت بەسە
ئەر نەفست ناسی (ناسی) و [٢٦] لەئیمە
(فارتمنّها بذی الرّتیمة)
ئینکاری ئەحوال ئەولیای کیبار
نەفیی کەرامات ئەحراری ئەبرار
بە فەرموودەی چەند شوهبی ثاقیبە
(یؤدّی الی سوء العاقبة

أعلِهِـــــم ربّـــــی! بـــــرمَتِهِم
وارزقنـــــا رضـــــاک بهمـــــتّهِم
أمِتْنـــــا علـــــی مَحَبَّـــــتِهِم
واحشُـــــرنا طـــــراً فـــــی زُمـــــرتِهم)

لایعنی سوئال: پرسیاری بێمەعنا و بێسوود. بـێمـەعنی خیتـاب: قسـەی بـێ ڕێ و شـوێن. موتەحەللی: ڕازاوە. گۆشە: بە لەهجەی هەورامی دیزەی چێشـتلێنانـە[٢٧]. وەکـوڵ: گـەرم و بـە جۆش و کوڵ. تەنخوا: لەباتی، بەشی. (ناسی)ی یەکەم کوردییە، لە ناسینەوە و هاتووە. (ناسـی)ی دووەم عەرەبییە، لە نیسیانەوە هاتووە. ڕەتیمە: تاڵە دەزوویەکە لە پەنجەوە دەبەسترێت بـۆ ئـەوە شتێک کە مەبەستە لەبیر نەچێتەوە، کە تەماشای دەزووەکە کرا شتەکە دەکەوێتەوە بیر.

واتە: لە بەردەم ئـەو زاتـە پایەدارانـەدا کـە خـاوەن دڵـن وەک دۆسـتەکانی خـودا و زانایـانی لەخوداترس و ناودار پرسیاری بێسوود و قسەی بێجێ مەکە و خۆت لە خێر و بەرەکەت ناهومێد مەکە، هەموو کەس ئەو کەسە نییە کە سوودی لێ وەربگریت، بەڵکو ئەو ئینسـانە خـاوەنبـاوەڕ و دڵسۆزی و ئیحسانە، کە هەمیشە لە ئاگاداریدایە و چاوەڕوانی نـوور و بەرەکەتـە لـە لای خـوداوە، تەنها ئەوە شایانی ئەوەیە پێی بڵێیت ئینسان، جا دیارە لە بـەردەمی ئـەم جـۆرە چاکانـەدا نابێـت پرسیاری بێسوود و قسەی بێجێ بکەیت، بەڵکو پێویستە هەموو ئەندامی لەشت بکـەیت بـە دڵ، بە کام دڵ؟ ئەو دڵەی وەک دیزەی سەر ئاگر هاتبێتە جۆش و کوڵ و چاوەڕێی ئـەوە بکـەیت بـە (توجّهات)ی دەروونی و بە ئەنفاسی قودسی بڕواننە ئەو دیزە بەجۆشە و نمەکی تـەمکین و تـامی چەشی شیرینی تێ بکەن؛ بێگومان ساتێ لەگەڵ ئەواندا بەو چەشنە تایبەتییـە بەشـی عومرێـک دەکات.

جا ئەگەر نەفسی خۆتت ناسی و زانیت کە بێکەرامەتە و ئامۆژگاریی باشی لـە بـیر دەچێتـەوە، پێویستە ئاگاداری بکەیت و ئـەم دەزووەی بکەیتـە پەنجـە، مەبەسـتی لـە دەزووەکـە واتـای دوو شیعرەکەیە «ئینکاری ئەحوالی...» تا «سوء العاقبة». واتـە: هـەموو جـار بیـدە بەگوێیـدا کـە بـە فەرموودەی زانایانی خاوەن هۆش و وریا کە وەک ئەسـتێرەی پرشـنگدار لـە ئاسمـانی زانیاریـدا دەدرەوشێنەوە ئینکارکردنی ئەحواڵی ئەولیای گەورە و دانەنان بە کەراماتی دۆسـتە نزیکـەکانی خودادا مرۆڤ ڕادەکێشێت بـۆ ئـەنجامی خـراپ و بەدبـەختی؛ چونکـە ئینکـاری ئـەوان ئینکـاری ڕۆحانییاتی پاکە، ئینکاری ڕۆحانییەتیش ئینکاری غەیبە، باوەڕ بە غـەیبیش سەرمەشـقی قورئـانی

پیرۆزە و لادان لە خەتی قورئانی پیرۆزیش لا دانە لە ئیسلام و ئیمان (اعاذنا الله برحمتە و اعاننا بإحسانە و مغفرتە).

خودایا پایەی دۆستەکانت بەرزبکەرەوە و، ڕەزامەندی خۆت بکە بە رزق و رۆزیمان و، لەسەر دۆستایەتی و خۆشویستنی ئەوان بمانمرێنە و، لەگەڵ کۆڕی ئەواندا حەشرمان بکە.

هەرکەسێ بە دڵ لەگەڵ دڵداران
بژی و بمێنێ لە رۆزگاران
بێگومان ساتێ لە دنیا دەرچوو
لەگەڵ ئەوانا ئەکا هات و چوو
لە رۆژی حەشرا و لە کاتی نەشرا
لەگەڵ یارانا وەرئەگرێ بوشرا
(کما تحیون انتم تموتون
و کما متم حقا تبعثون)

***

١ـ ئەم سەرباسە لە نوسخە دەستنووسەکەدا نییە، لە نوسخە چاپەکەدا دوو سەرباس نووسراوە، یەکەم (مبحث الامتحان)ە کە لە پێش شیعری (لیبلوکم...) و، دووەم (مبحث الاولیاء)ە کە لە پێش بەیتی (ئەولیایچ...) دانراوە. ئێمە یەک سەرباسمان دانا و، لە پێش بەیتی (موشتەری...) دامان‌نا، چونکە سەرباس هەبێ ئەمە شوێنیەتی.

٢ـ لە لایەکی‌تریشەوە ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر ئینسان خۆی لە سەنگەکە بدات کە دەخرێتە تایەکی ترازووەکە، کێشانەکە راست دەرناچێت. بێجگە لەوەیش کۆکردنەوەی وشەکانی موشتەری، میزان، مانگ، بورج، تیر، کەوان، سەنگ، ترازوو تەناسوبی تێدا هەیە.

٣ـ دەفعێ: سووک‌کراوی (دەفعەیێ) یە.

٤ـ بە رای من ئەم عیبارەتە، هەرچۆن تەئویل بکرێ و مەعنای لێ بدرێتەوە، نەدەبوو لێرەدا بە کار بهێنرایە، چونکە لە قورئانی پیرۆزدا تەنها بۆ خوای گەورە بەکار هێنراوە.

٥ـ من کەر: ئەمە شێوەنووسی دەستنووسەکەیش و چاپەکەیشە. کەواتە دوو وشەیە (من) و (کر) کە یا بە (کەر) یا بە (کەڕ) ئەخوێنرێتەوە. هەرکامیان بێ ئەگونجێ و، بەیتی پاشەوەیش هەر ئەمە روون ئەکاتەوە.

٦ـ لە دەستنووسەکەدا (مورید بی و قالی) یە. لە چاپەکەدا (مورید بی قالی و) نووسراوە.

٧ـ لە دەستنووسەکەدا بە پەراوێز (لاری) لە (لاریدا) بە دوو جۆر مەعنا لێدراوەتەوە، یەکەم: لاری: خواری، دووەم: لاڕێ.

٨ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا دەڵێت: لە «ئەهلی تەئسیر»ەوە تا سەرەتای «مەکر و کەید» قسەی کابرای پرسیارکەرە.

٩ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا دەڵێت: (ڕ)ی (کەر) هەڵدەگرێ موخەففەف بێ یا موشەددەد. واتە: کەر یا کەڕ، بەلام کەڕ جوانترە.

١٠ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لەسەر (بەڵێ) نووسراوە: لاکین.

١١ـ لە دەستنووسەکەدا (غیشاوەی)، لە چاپەکەدا (غیشاوە)یە ئەم بەیتە ئیقتیباسە لە ئایەتی(٦) و (٧)ی سوورەتی (بقرە).

١٢ـ ئایەتی (٧٦) سوورەتی (یوسف).

١٣ـ (قل الروح من امر ربی و ما أوتیتم من العلم الا قلیلاً). ئایەتی (٨٥) سوورەتی (اسراء).

١٤ـ ئایەتی (٢٥٥) سوورەتی (بقرە).

١٥ـ لە کۆکردنەوەی دوو (بیر)ی هەریەک بۆ واتایەکدا جیناس هەیە.

١٦ـ سوورەتی (یوسف) ئایەتی (٩٤).

١٧ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا «بیتە أو کول» نووسراوە کە دەبێتە (بێتە ئەو کول)، لە نوسخە چاپیەکەیشدا بەهەمان شێوەیە، بەلام بێ سەر و زەنە، تەنها بۆرێک لەسەر (ل) ەکە بەهەڵە نووسراوە، چونکە هی (ک)ە کەیە.

هەر چۆن بێ رستەکە بە لەهجەی تاوگۆزی و دەوروپشتی (بێتەوکول)ە و، ئەسڵەکەی (بێتە ئەو کول) ە، ئەگەر وا نەخوێنرێتەوە کە ئێمە دامانناوە نیوەدێڕەکە لە نیوەی پێشووی درێژتر دەبێت.

١٨ـ لە نێوان دوو نیوی ئەم شیعرەدا (لف) و(نشر)ی مورەتتەب هەیە؛ (بە امنــاوە) پێوەندی بە (تێی) و (إنّا معکم) بە (دەڕۆیەوە...) وە هەیە.

١٩ـ ئەمە لەبەر رووناکیی شێوەنووسینی نوسخە دەستنووسەکەیە، کە (فتحە) لەسەر هەردوو (هێ) کە دانراوە و، لە پەراوێزیشدا واتای شیعرەکەی بەم جۆرە لێداوەتەوە.

٢٠ـ ئایەتی (٦٥) سوورەتی (الکهف).

٢١ـ ئایەتی (٤٠) سوورەتی (نمل).

٢٢ـ ئایەتی (١٤) سوورەتی (بقرە).

٢٣ـ لەبەر رووناکیی پەراوێزی دەستنووسەکەدا (بتوانی) و (بزانی) یا (بتوانێ) و (بزانێ) هەردووکیان دروستن.

٢٤ـ بە پێی پەراوێزی دەستنووسەکە بە (نەیێڵێ) و (نەیێڵی) یش دەخوێنرێتەوە.

٢٥ـ فەرهەنگی بورهانی قاتیع ئەڵێت: «ئاسمان و ریسمان قسەیەکی نەستەقە، لە شوێنێکا ئەوترێت یەکێ بەرامبەر بە قسەیەکی بە عەقڵاچوو وەلامێکی کەس‌نەوتوو بداتەوە» جەوهەری مەبەستی مەولەویش هەر ئەمە ئەگرێتەوە، بەلام لەگەڵ نەختێ جیاوازیی شوێنی بەکارهێنانا. دوور نییە بناخەی ئەم قسەیەیش ئەوە بێ کە ئاسمان زۆر بەرزە و گوریسیش کورتە، بەو گوریسە کورتە مەحاڵە بە ئاسمان گەیشتن، هەروەها دوور نییە ئەم رستەیە وەختی خۆی لە نێوان دوو خوێنەواردا وترابێ و مەبەست ئەوەبێ (ئاسمان و ریسمان) ئەگەرچی حەرفەکانیان و شێوەنووسینەکانیان تا ڕادەیەک لەیەک ئەچن، لە مەعنادا زۆر لە یەکەوە دوورن.

٢٦ـ لە کۆکردنەوەی (ناسی) و (ناسی)دا جیناسی تەواو هەیە.

٢٧ـ دووریش نییە هەر گۆشەی بە مەعنا (زاویە) بێت واتە گۆشەی کـەنارەگیریی سـۆفییان کـە بـیر لـە خـودا دەکەنەوە.



مبحث الخلفاء والصحابة [1]

خـــەیری ئـــەو زەوات (ذاتُ الكرامـــە)
فیرقـــەی عەلییـــەی ســـەحبی كیرامـــە
ئەوانـــەن ئـــەوان، چاكیـــان بنـــاس،
(خیـــر أمّـــةٍ أخرجـــت للنـــاس)
ئەدەس ئەوان كەوت دەرەجـەی قوبـوول
رەزامەندیی حـەق، سـوحبەتی رەسـوول
بكـــە بـــە چـــاوی دڵ تەماشـــایان
لـــە قورئانـــەدا مـــەدح و ثـــەنایـــان
ئینســـافت بـــوێ نـــەزەر كـــە وردورد
چلۆنــە شەخســێ خــودا ثــەنـای كـرد
نەک هەر لە جایێ[2]، جا یەكێ، جـا دوو،
راس وە بـێجـادوو (جاهــدوا، جــادوا)
بـــە موجاهـــەدەی ئەســـغەر و ئەكبـــەر
بە جوودی مەیسوور یا مەعسوور یەكسـەر
بە جەلای فیتـرەت لـە ژەنگـی فـەترەت
بە جەلای مەوتین مـەئلووف و هیجـرەت
بــە نــەفس و بــە مــاڵ (في ســبيل‌الله)
(بـــا الله، مـــعَ الله، فـــی الله، لله

وَالله اشــــتری و هـــم قـــد شَـــرَوا
مـــا لهـــم، بـــل مـــا لهـــم، مـــا عَتَـــوا)
ناکـەت چـە حاجـەت پێـوان بـە (اوان)
سـەد هـەماری غـەیر بـە مشـتی ئـەوان
هـای لـەو تەسـدیقە و عـەزم و ئاهەنگـە
لـەو بـەزلی مـاڵ و رۆحـە بەوڕەنگـە
لـەو قەولـە، فکـری چـاک لـێ کـەرەوە،
لـە گەرمـەی جەنگـدا داتـە دەرەوە -
(مـــن فـــمِ الانصـــار والمهـــاجرة:
«إمّـــا الغنیمـــة إمّـــا الآخـــرة»)
هـــیچ واریـــد نـــەوێ لـــە شـــەئنیاندا
بەســـن بـــۆ دەلیـــل لـــە فەزلـــیاندا

راس: راست. وە بێجادوو: بێسیحر، بێفێڵ. فەترەت: ئەو ماوەی کە شـەریعەتی پێغەمبـەری پێشوو نەماوە و کز بووە و پێغەمبەری تازەیش نەنێرراوە. (جەلا)ی یەکەم: پاکبوونەوە. (جەلای) دووەم: دەرچوون و بـەجێهێشـتنی شـوێن. داتـە دەرەوە: دەهاتـە دەر، دەردەهـات. ناکـەت چ حاجەت: چ حاجەت ناکات، پێویست ناکات. اوان: یا (اوانی)ی جـەمعی (آنیـە)یـە و (آنیـە) یـش جەمعی (أناء)ە واتە دەفر. ئەوان: زەمیری جـەمعی غائیبـە (هُـمْ) واتـە: یـارانی پێغەمبـەر(د.خ). هەمار: عەمار، شوێنی هەڵگرتنی دەغل و دان و رزقی زستان لە ماڵا.

واتە: چاکترین دۆستانی خودا و، بالاترین کەسانی خاوەنکەرامەت تیپی پایەبەرزی هاوڕێیـانی پێغەمبەرن، باشیان بناسن، ئەوانەن کە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەربارەیان فەرموویەتی: (کنتم خیر أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف و تنهون عنالمنکر و تؤمنون بالله...) [٣] ئەوانەن کە پایەی قوبووڵیان لای خوداوە دەست کەوتووە و، خودای گەورە لێیان رازییە و، بە هاوڕێیـەتیی پێغەمبەر شەرەفیاب بوون.

بە چاوی دڵ، بە قووڵی تەماشایان بکە، ورد بەرەوە کـە چـۆن خـودای گـەورە گـەلێ جـار لـە قورئانی پیرۆزدا ستایشی کردووون، جاری وا هەیە تەنها ستایشی یەکێکی کـردووە، وەک ئایـەتی

(ثانی اثنین إذ هما فی‌الغار اذ یقول لصاحبه لا تحزن انّ‌الله معنـا...) [٤] کـە ستایشـی حـەزرەتی ئەبوبەکری تێدایە[٥].

جاری‌وایش هەیە ستایشی کۆمەڵێکیانی کردووە وەک ئایەتی (و یطعمـون الطعـام علـی حبّـه مسکینا و یتیماً و أسیراً) [٦] لە ستایشی حەزرەتی عەلی و فاتمەی حـەرەمی‌دا، یـا وەک ئایـەتی: (والذین آمنوا و هاجروا و جاهدوا فی سبیل‌الله والذین آووا و نصروا أولئک هم المؤمنون حقّـاً لهـم مغفرة و رزق کریم) [٧] ئەو هاوڕێ پایەبەرزانەی حەزرەت(د.خ) بە راستی، نەک بە فڕوفێڵ جیهـاد و غـەزایان کـرد لـە ڕێگـەی خـودادا و سەرومالّـیان بەخشـی بـۆ دامەزرانـدنی ئـایینی ئیسـلام، جیهادەکەیان دوو جۆر بوو: جیهادی ئەکبەر کە پاک‌کردنەوەی نەفسە لە خوو و خدەی ناپەسـەند و رازاندنەوەیەتی بە رەوشتی پاک و بەرز. جیهادی ئەسغەر کە بریتی بـوو لـە شـەڕکردن لەگـەڵ کافران لە پێناوی ئایینی ئیسلامدا و بەخشندەیی و دەهەنەییان بە شتی ئاسان و گـران بـوو. بـە هۆی نووری ئایینی ئیسلامەوە دڵ و دەروونیان لە ژەنگی ماوەی بێ‌پێغەمبـەریی پـاک بوویـەوە و زاخاودرا، هەروەها لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئایینی خاوێنی ئیسلامدا ماڵ و حاڵ و جێگا و ڕێگای خۆیان و باو[و با]پیریان بە جێ هێشـت، تێکـڕا (مهـاجرین) و (انسـار) بـە نـاوی خـودا و لەگـەڵ یارمەتی خودا و لە ڕێگای خودادا و، هەر بۆ خودا، بۆ هیچی تر نا، سەرومالّیان دەبەخشی.

نەک هەر ماڵ، بەڵکو هەرچییان هەبوو لە ماڵ، لە پایە و ناو، لە هێز و توانا، بێ‌دریغ فرۆشـتیان بە خودا و خودا لێی کڕین؛ بۆیـە وەک لـە کتێبـەکانی حـەدیس‌دا بـاس کـراوە، پێغەمبـەر(د.خ) فەرموویەتی: ئەگەر یەکێ بەقەدەر کێوی ئوحود لە ڕێگای خودادا باخت بکات ناگاتە پایەی مشتێ کە ئەو هاوڕێیانە لە ڕێگای ئیسلام‌دا دایان، جا لەم رووەوە پێویست نیە کێشـانە و پێوانـە بهێنیـە کایەوە؛ مشتێ لە خێراتی (اسحاب)ی پێغەمبەر(د.خ) بەرابەر بە عەمارێکە لە خێراتی خەڵکی تر.

ئای لە باوەڕی بتەویان بە ئایین، ئای لە بەخشندەیی و بە دەسـت و دەهەنـەییان کـە سـەر و ماڵ و سامانیان لە پێناوی ئایین‌دا باخت دەکرد، ئای لە مەعنا و واتای بە نرخی ئەو قسەی کە لـە دەمی هاوڕێکانی پێغەمبەر، بە موهاجیر و ئەنساریانەوە دەردەچوو لە گەرمەی جەنگدا، کـە کـاتی تاقی‌کردنەوەی خۆگرییە، کە دەیان‌فەرموو یا سەردەکەوین و دوژمن دەشکێنین و بە پێی یاسـای جەنگ و ئایینی ئیسلام مالّیان دەبەین، یا لەم ڕێگا پیرۆزەدا گیانمـان باخـت دەکـەین و شـەهید دەبین.

بێ‌گومان ئەگەر هیچ ئایەت و حەدیسێکیش لە ستایشی ئەمانەدا نەهاتبێ، تەنها ئەم سیفەتانە و ئەم ڕەوشتە بەرزانە بەسن بۆ دەلالەت لەسەر گەورەیی و بەرزیی پایەیان.

دەزانی، نەکەی ئەر لە حەق عودوول،
(ذوو اجتهادٍ(٨) کلّهُم، عدول)
(لیسَ لهم مِن أحَدٌ مُعادِل
وَلِما جَری مِنهُم مَحامِل)
(بهوی النفسِ أصلاً ما التحق
بل کان للحق فی الحق علی الحق)
کوژیاگ و بکوژ وان لە گوڵگەشتدا
لە گوڵگەشتی دەشت سەحرای بەهەشتدا
بۆی دەبێت هەر یەک بە قەدەر نەسیب:
ئەجرێ بۆ موخطیء، دوان بۆ موسیب
جوننەی ئیجتیهاد ئەسحابی جەننەت
نایبا تیری تەعن ئەربابی جیننەت
بوغز و شەتمیان، سەب، تەعن و لەعنەت
یا کوفرە، ئەڵبەت، یا فیسق و بیدعەت
ئەدووی هەرکامێ لەوانە کەوی
توشیاری یەکێ لەمانە دەوی

ئەر: ئەگەر. عودوول(ی یەکەم): لادان. نەکەی ئەر: ئەگەر نەکەی. عودوول(ی دووهەم): جەمعی (عادل)ە واتە ئینسانی ڕاست و بڕوایێکراو و دادپەروەر. کوژیاگ: کوژراو. گوڵگەشت: گوڵزار. جوننە: قەڵغان، سوپەر، پارچە ئاسنێکە وەک ساجی نان کردن شەڕکەری ئەوسا لە کاتی شەڕا ڕووبەڕووی دەم و چاوی گرتوویە بە دەستیەوە و خۆی پێ پاراستووە لە شیر و تیری دوژمن. جەننە: بەهەشت. جیننە: شێتی. ئەدووی: دوای، شوێنی. کەوی: بکەوی. تووشیار: تووش، گورفتار، دووچار. لەوانە: ئیشارەیە بۆ ئەو سیفەتانەی لە نیوەی یەکەمی بەیتی پێشوودا ناویان هێنرا. لەمانە: ئیشارەیە بۆ ئەو سیفەتانەی لە نیوەی دووهەمیا ناویان هێنرا.

واتە: ئەگەر لە ڕێگەی ڕاست و ڕەوا لانەدەیت دەزانی هەموو یارانی حەزرەت(د.خ) عادیل بوون و کەس لە ئێمەمانان هاوتایان نییە، ئەو شەڕ و شۆڕ و شتانەیش کە ڕوویان‌داوە لـە ناویانـا بـارێکی وایان بۆ دەدۆزینەوە کە کار نەکەنە سەریان؛ بێ‌گومان ئەو شـەڕانە کـە لەبەینیانـدا ڕووی‌داوە لـە ئارەزووی نەفسەوە نەبووە و لە ڕێگەی خودادا بووە و بۆ خودایان کردووە و هـەردوولایان بـە پێـی بۆچوونی خۆیان لەسەر حەق بوون، ئەوانـەیان کـوژراو و ئەوانـەیان بکـوژ بـوون هـەردوولایان لـە گولـزاری بەهەشـتـدان، هـەردوولایان پاداشـیان دەدرێتـەوە؛ ئەوانـەیان موسـیب بـوون و بۆچوونەکەیان ڕاست بووە دوو پاداشیان هەیە و، ئەوانەیان موختی بـوون و بۆچوونەکـەیان ڕاسـت نەبووە تەنها یەک پاداشیان هەیە.

تیر و تانەی ئەو شێت و نەفامانەی دوژمنی ئایینن کار لە قەڵغانی ئیجتیهاد (بۆ چـوون)ی ئـەو بەهەشتییانە ناکات.

رق هەڵگرتن لەوان، جنێو پێ‌دانیان، تانە و تەشەر لێ‌دانیان، لەعنەت لێ‌کردنیان ئەنجامەکـەی یا کوفرە یا فیسق و بیدعەتە، واتە: ئەگەر کەسێ ئەوانە بە حەڵاڵ بزانێ و بیانکـات کـافر دەبێـت، خۆ ئەگەر بە حەرامیان بزانێت بەڵام هەر بیانکات ئەوا فاسق دەبێت و دەبێتە ئەهلی بیدعەت.

***

۱ـ ئەم سەرباسە تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەیە، لە دەستنووسەکەدا نییە.

۲ـ لە نوسخە چاپەکەدا (نەک لە هەر جای) ە، دیارە هەڵەیە.

۳ـ ئایەتی (۱۱۰) سوورەتی (آل عمران).

٤ـ ئایەتی (٤۰) سوورەتی (توبە).

۵ـ ئەم ئایەتە لە چوار لاوە مەدحی حەزرەتی ئەبوبەکری تێدایە،

یەکەم: بوون لە ئەشکەوت لەگەڵ پێغەمبەردا(د.خ) لەخۆبووردن ئەگەیەنێ.

دووەم: تەعبیری (ثاني اثنين) واتای پایەی تێدایە.

سێهەم: نیوە ڕستەی (لصاحبه) پیاهەڵدانە.

چوارەم: مسۆگەر بوو خوایان لەگەڵدایە و دەستی یارمەتیی غەیب یاری‌دەریانە (لا تحزن إن الله معنا).

٦ـ ئایەتی (۸) سوورەتی (انسان).

۷ـ ئایەتی (۷٤) لە سوورەتی (انفال).

۸ـ لە چاپەکەدا (ذو اجتهادٍ) ە، ئەوەی ئێمە نووسیومانە هی دەستنووسەکەیە و هەر ئەوەیش ڕاستە.



مبحث (يزيد) [1]

لـەعنی یەزیـدیچ بەحسـی نـەدەین تـوول
ئیمـــان پەنهانـــە و خاتیمـــە مـــەجهوول
راســـە ئـــەفعالی قـــەبیحی زۆر کـــرد
بەڵـــێ چـــووزانی ئیمـــانی نـــەبرد؟!
لەعنـــەت یانێهـــای تـــەردێکی ئەبـــەد
لـە رەحمـەتی حـەق رەحیمـی سـەرمەد
بێبورهان، دەخیل! کەی جـائیز بـوو کـەی
حـوکم بـە لـەعنی خوسووسـی بکـەی؟!
ئـەر قـوبحی فیعلـی زاهـیر دەلیلـە
سـەد وەک مـن و تـۆی تێـدا زەلیلـە
نـە لـەعنی یەزیـد بـێحوججـەت بکـەین
نـە لافی ئـیخلاس بـۆ حوسـەین بـدەین
چەند کـەس هـەن بـاغیض بـۆ زاتی یەزیـد
مەوسووف بە وەسفی یەزید (بل یزیـد) ![2]
مـوحیبن بـۆ زات حوسـەینی شـەهید
نـەفوور لـە سـیفات حوسـەینی شـەهید
ئـازاردەر بـە حـاڵ ئـەولادی حوسـەین
تـالانکـەری مـاڵ ئـەولادی حوسـەین

باغیضـــی بـــە دڵ ئـــەولادی حوســـەین
دوشمـــن و قـــاتڵ ئـــەولادی حوســـەین
زاتی یەزیـــد و ئەوســـافی حوســـەین
پیاگێکییـــان لـــێ تـــەرکیب دەکـــەین
یـــەکێکیچ لـــە زات حوســـەینی شـــەهید
لـــــە رەزائیلـــــی یەزیـــــدی پەلیـــــد
ئـــەو ببـــوغزێنن، ئـــەم بحـــوببێنن[٣]
بـێن ئـەو کـەرە لـەو هەڕگـە[٤] دەرێـنن
ئەمـــە دیـــن نییـــە، پێـــی دەڵـــێن گەمـــە
خـــودا عالمـــە چـــی دەکـــەن ئەمـــە
شـــیعەیێ وتی: بـــە کەعبـــەی ئـــەعزەم
تـــا بمێنـــێم لـــەعن یەزیـــد هـــەر دەکـــەم
وتم: بـــە کـــەلام حـــەزرەتی (علـــیم)
تـــا بمـــرم (مُحِـــبِّ) حـــەزرەتی (علـــی) م[٥]

یەزیدیچ: یەزیدیش. بەڵێ: بەلام، لاکین. یانێهای: یانێ. (بل یزید): سیفەتی بەدی لە یەزید زیاترە. پیاگێکیان: پیاوێکیان. یەکێکیچ: یەکێکیش. پەلید: مردار، پیس. بمێنێم: بمێنم.

واتە: با درێژە نەدەین بە باسی لەعنەتکردن لە (یەزید)ی کوڕی حەزرەتی موعاویە کە دووەم خەلیفەی ئەمەوی بوو؛ ئێمە لەعنـەتی لـێ ناکـەین، لەعنـەت لـە هـیچ موسوڵـمانێکی بـەدکردار ناکەین، ئیمان شتێکی پەنهانە، بەچیدا ئەزانی ئەو بنیادەمە بەدکردارە ئیمانی نییـە، سـەرەنجام و دواڕۆژی ئینسانیش نازانرێ، بە چیدا بزانین کاتێ مردووە ئیمانی دەرنەبردووە، واتە: بـە ئیمانـەوە نەمردووە؟

لەعنەت: واتە دەرکردنی هەتاهەتایی لە رەحمەتی خودای گەورەی بەخشـندە، کـەوابێ چـۆن رەوایە بە بێبەڵگە لەعنەت لە یەکێکی تایبەتی بکرێت، بەڵێ لەعنەت بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە کۆمەڵێک دەکرێت، وەک بڵێیت «لەعنەت لە کافران».

ئەگەر دەڵێیت لەبەر بەدکرداری لەعنەتی لێ دەکەم کەوابێ دەبێ لەعنـەت لـە سـەدانی وەک من و تۆ بکرێت چونکە کردەوەی ناشیرینمان زۆرە؛ کەواتە نە بە بێهۆ لەعنەت لە یەزیـد بکـەین و، نە بە درۆ لافی خۆش‌ویستن و دڵسۆزییش بۆ حەزرەتی حسێن لێ بدەین.

گەلێ کەس هەن دەڵێن رقمان لە یەزیدە بەڵام خوو و رەوشتی ناشـیرین و کـرداری خراپیـان لەو زیاترە، لافی خۆش‌ویستنی حەزرەتی حسێن لێ دەدەن، کەچی زۆر دوورن لە خوو و ڕەوشتە بەرزەکانی ئەو وەک لەخوداترسی و خوداپەرستی و بەخشندەیی و دڵنەرمی و دڵسـۆزی لەگـەڵ موسوڵماناندا، بەڵکو رقیانە لە ئەولادی حسێن وماڵیان تالان دەکەن و دەیانکوژن!

یەکە یەکەی ئینسان لە زات و ماهییەتدا یەکن، فەرقیان لـە کـردار و خـوو و رەوشـتدایە، لای ئایینی پیرۆزی ئیسلام خووی لەخوداترسـی و خۆلەگوناهـپاراسـتن و قـازانج بەخەڵـک‌گەیانـدن تەوەرەی خۆش‌ویستنە، هەرکەس لەخوداترس و خێرخواه بوو پێویستە خۆشمان بوێ، هەرکەس لە خراپە کۆی نەکردەوە و لە خودا نەترسا پێویستە رقمان لێی بێت.

باشە، ئەوا گریمان زاتی یەزید خوو و رەوشتە بەرزەکانی حەزرەتی حسێنی بوو، زاتی حەزرەتی حسێنیش، خوا نەخواستە خوو و رەوشتە پەستەکانی یەزیدی بوو، هەرگیز رەوای هەقە کە رقتـان لە یەکەم بێت و دووەمتان خۆش بـوێ، تـەنها لەبـەر ئـەوەی یەکـەم زاتی یەزیـدە و دووەم زاتی حسێن. (دە وەرە ئەم کەرە لەم قورە دەربێنە!!).

ئینسان کە رقی لە یەزید بێ دەبێ رقـی لـە کـردار و رەوشـتە ناپەسـەندەکانی بێـت و لێیـان دوورکەوێتەوە، هەروەها کە حەزرەتی حسێنی خۆش ویست دەبێ کـرداره بـەرزەکانی و رەوشـتە نایابەکانی خۆش بوێ و هەتا دەتوانێ لێیان نزیک بێتەوە.

ئەمەیە کردەوەی بە گوێرەی ئایین.

هەر بە بۆنەی گوێ‌نەدان بە زاتی رووت و گـوێ‌دان بـە کـردار و خـوو و ڕەوشـت (مەولـەوی) دەفەرموێ: شیعەیەک وتی:

قەسەم بە ماڵی گەورەی خودا، واتە: کەعبە، هەتا بمێنم لەعنەت لە یەزید دەکـەم [قسـەکەی ئیشارەیە بۆ ئەوەی کە لە سەردەمی یەزیددا کەعبە هەندێ کەم ئیحتیرامی رووی تێ‌کرد].

منیش وتم: قەسەم بە کەلامی خودای زانا منیش تا ماوم دۆسـت و خـۆش‌ویسـتی حـەزرەتی عەلیم [ئەمەیش ئیشارەیە بۆ ئەوەی کە حەزرەتی عەلی (کرّم الله وجهـه) لـە جـەنگی سـیففین‌دا رێزی لە قورئان گرت و رازی بوو بە تەحکیمی بـۆ بڕانـەوەی جـەنگی نێـوان خـۆی و موعاوییـە و

پەیڕەوانیان کە هەردوولایان موسوڵمان بوون و گەلێکیشیان لە هاوڕێیانی پێغەمبەر(د.خ) بوون ئەگەرچی لە ئەنجامدا بە زیانی خۆی دەرچوو].

تەعنە لە ئەسحاب سەییدی سەروەر
تەعنە لە دینە، نییەی باخەبەر؟[٦]
ئاخر ئەم دینی ئیسلامی پاکە
باعیسی چاکەی دنیا و عوقبا کە
لەوانەوە هات گەیشتە ئێمە
بەوان پاراو بوو ئەم زەویی دێمە
رووات ثوقات عودوول ئەوانن
موجتەهیدینی فوحوول ئەوانن
خودا و رەسوول وان لە مەدحیاندا
مونکیر وان لە (ذمّ) لە قەدحیاندا
تو خودا بێ بڵێ پێم وە پەنهانی:
قسەی کام لایان بە راس دەزانی؟
هَی لای مُنکِر هَی وَی لَبُوت لَولا
وَیلَهْ بُوتْ «أولی لَکَ فَأولی»
لە تەنقیسی سەحب دەکەوێتەو دەر
تەنقیسی جەناب خودا و پێغەمبەر
لابە عەقیدەی ناپەسەندیدە
(نعوذ باالله من ذی العقیدة!) [٧]
کافییە بۆمان سوننەت و کیتاب
(أمسِكُوا إذا ذكر الاصحاب)
(أفضل تلک الفرقة العظام)
چوارەی لە پێنج، هەزار ساڵ تەمام،[٨]

بــەر لــە ئــادەم بێــت وەلای فەرشــەوە،
ئــەنوار بــوون لــە لای راســتی عەرشــەوە
بۆی راس مەر ئەو وەخت بۆت ئامشۆ کـا
دەماخـــت خەبـــەر توفڤاحـــە بـــۆ کـــا

مەر ئەو: مەگەر ئەو. ئامشۆ: ئاموشۆ، هاتوچۆ.

واتە: تانە و تەشەر و توانج گرتنە یـارانی پێغەمبـەر(د.خ) تانەیـە لـە ئـایینی ئیسـلامی پـیرۆز؛ چونکە ئەم ئایینە کە هۆی بەختیاریی هەردوو دنیایە لەوانەوە بـە ئێمـە گەیشـتووە، ئـەم زەوییـە دێمە بێئاوە کە بریتییە لە دڵ و دەروونی ئەم خەڵکە نەزانە لەوانەوە تێراو بوو و ئایینی وەرگـرت، ریوایەتکەری باوەڕپێکراوی ئایین ئەوانن، موجتەهیدی خاوەن پایە و مایـە ئـەوانن، جـا ئەگـەر، خودا نەخواستە، ئەوان پیاوخراپ دەرچن ئیتر کـێ دەمێنێتـەوە بـۆ گەیانـدنی ئـایینی ئیسـلام و قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د. خ).

بێجگە لەمە خودای گەورە لە گەلێ ئایەتدا ستایشی کردوون وەک (کنـتم خیـر أمـةٍ اخرجـت للناس...) [٩] یا (والسابقون الأوّلون من المهاجرین والانصار والذین اتبعوهم باحسان رضیالله عـنهم و رضوا عنه...) [١٠] یا (لقد رضیالله عن المؤمنین إذ یبایعونک تحت الشجرة فعلم ما فـی قلـوبهم فانزل السکینة...) [١١] یا (محمد رسولالله والذین آمنوا معه أشدّاء علی الکفّار رحماء بینهم تـراهم رکّعا سجّداً...) [١٢].

هەروا حەزرەتی پێغەمبەریش(د.خ) گەلێ ستایش و تەعریفی کـردوون، کـەچی بەرانبـەر بـەم ستایشە، ئەوانە کە مونکیرن زەمیان دەکەن! جا تو خـودا وەرە بـە پەنامـەکی پـێم بڵـێ ـ چونکـە ئەترسم لەبەر (تەقیە) بە ئاشکرا نەتوانی رازی دڵی خۆت دەربڕیـ تـۆ کـام لـەم دوانـە بـە راسـت دەزانی؟ فەرموودەی خودا و پێغەمبەری خودا یا قسە و هاشە و هووشەی مونکیران؟!

جا ئەگەر لایەنی مونکیران دەگری و قسەی ئەوانت لا راستە، وا منیش پێت دەڵێم: هەی قـوڕ بە سەرت بۆ ئەو لایەی گرتووتە، ئەوەی پێت باشـترە وەیلـە بـۆت و، ئایـەتی (أولـی لـک فـأولی) مژدەی ئەوەت دەداتێ کە جێگات وەیلە کە چاڵێکە لە قووڵاییی دۆزەخدا [١٣].

ئەنجا مەولەوی دەفەرموێت کەموکووڕی دانان بۆ یارانی پێغەمبەر(د.خ) کەموکووڕی دانانـە بـۆ خودای گەورە و بۆ پێغەمبەری خودا؛ لە لایەکەوە ئەوە دەگەیەنێت کە خودا، لەگـەڵ ئـەوەدا ئـەو پێغەمبەرەی کردووە بە دواهاوەری پێغەمبەران و ئایینەکەی کردووە بـە ئـایینی هـەموو جیهـان،

پێی نەکرابێ کۆمەڵێک پەیڕەوی زانا و توانا و دڵپاک و ئازا و چالاک و کردەوەچاک دروست بکات بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ئایینە، هەروەها ئەوە دەگەیەنێت کە پیاهەڵدان و ستایشەکانی یارانی حەزرەت لە قورئانی پیرۆزدا درۆ بن!

لەولایشەوە واتای ئەوەیە ئەو پێغەمبەرە گەورەیە ئاگای لە یارانی خۆی نەبووبێت و، هەر فەرمودەیەکی لە ستایشیاندا فەرموبێت، خوانەخواستە، درۆ بووبێت، بێ‌گومان کەم‌وکووڕی و درۆ بۆ خودای گەورە و بۆ حەزرەتی پێغەمبەری دواهاوەری پێغەمبەران شتێکی مەحالە.

کەوابوو ئەی برایان بیر و باوەڕی ناپەسەند لابەن و بڕیار بدەن کە (نص)ی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) مان بەسە، کە ئەوانە بە ئاشکرا باسی گەورەیی و بەرزیی پایەی یارانی پێغەمبەریان کردووە، لە سەرتان پێویستە کاتێ کە باسیان کرا ئێوە دەمتان بگرن و قسەی ناپەسەند نەکەن و هەرگیز بیر لە باوەڕی ناهەموار نەکەنەوە!

ئەنجا پاش ئەوەی باسی گەورەیی یارانی پێغەمبەری کرد دەفەرموێت:

گەورەترین یار لە نێو یارانی پێغەمبەردا چوار یارن لەو پێنج جێ‌شینانەی پێغەمبەر، کە لەسەر فەرموودەیەک لە پێغەمبەرەوە دەیگێڕنەوە، هەزار ساڵ پێش ئەوەی حەزرەتی ئادەم بێتە سەر فەرشی زەوی و دروست بکرێت لە گڵ، ئەوان لای راستی عەرشەوە نوور بوون.

لەم بابەتەوە بۆنی خۆشی ساغ کاتێ سەرت لێ دەدات کە لووتت بۆنی حەدیسی (تفاحە) بکات، ئەمەیش پوختەی حەدیسەکەیە:

شیخ (ابن حجر) ڕەزای خودای لێ بێت دەفەرموێت:محبّی تەبەری لە کتێبی (الریاض) ەوە دەگێڕێتەوە (والعهدة علیه): «أنّ جبریل أخبَرَ النبی(ص) انّه تعالی لمّا خلق آدم و أدخل الروح فی جسده أمرنی أن آخذَ تفاحةً من الجنة و أعصرها فی حلقهِ فعصرتها فیه بقطرات، فخلقک الله تعالی من القطرة الأولی، و ابابکر من الثانیة، و عمر من الثالثة، و عثمان من الرابعة، و علیّاً من الخامسة... الی آخر الحدیث».

جا ئەم حەدیسە هەرچەند لە حەدیسە ئاحادەکانە و (ضعیف)ە و (ابن حجر) بارەکەی خستووەتە ئەستۆی محبّی تەبەری، لە بەر ئەوە کە باسی پایەبەرزیی یارانی پێغەمبەر دەکات نرخی بۆ دادەنرێت، بە تایبەتی لە باسی گەورەیی ئەو زاتانەدا کە دەنگ و باسی گەورەییان گەیشتووەتە رادەی (تواتر).

(صلّی الله علی سیّدنا و آله و صحبه وأتباعه إلی یوم الدین).

***

١ـ ئەم سەرباسە تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەیە و، لە نوسخە دەستنووسەکەدا نییە.

شایانی وتنە لە چاپەکەدا (الیزید) نووسراوە، کە دیارە هەڵەیە و (یزید) راستە چونکە عەلەمە و ئەداتی تـەعریفی ناچێتەسەر.

٢ـ لە نیوان (یەزید)ی ناو و (یزید)ی کاردا جیناسی تەواو هەیە.

سەرنج: بە پێی سەربۆری دەستنووسەکە (حُسَین)ی شـیعرەکانم هـەموو بـە (حوسـەین) نووسـیوە، بـەلام لـە شەرحەکەدا (حسێن)ە کوردییەکەیە.

٣ـ لە دەستنووسەکەدا (ببغضینن) و (بحبینن) و (درینن)ە کە دەکاتە (ببوغزێنن) و (بحوببێنن) و (دەرێنن)، لە چاپەکەیشدا (بحبینین) و (درینین)ە.

٤ـ هەرگ: قوڕ. ئەم نیوە بەیتە پەندێکی کوردییە بۆ کارێکی ناپەسەند دەوترێت کە لە هەموولایەکەوە بەد بێت و چاری گران بێت.

٥ـ لە نێوان (علیم) کە ناوی خودای گەورەیە و، («علی»م)دا بە شێوەنووسی کۆن واتە (علـیم) جیناسـی تـەواو هەیە.

٦ـ لە دەستنووسەکەدا (باخەبەر)ە و لە چاپەکەدا (باخەوەر).

٧ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا وادەگەیەنێت: دروستە (ذی) لە (ذی العقیدة)دا بۆ ئیشارە بـێ، یـا بـە مـەعنا خاوەن بێت.

٨ـ لە دەستنووسەکەدا لە پەراوێزدا دەڵێت: «هەزار سال... تاد» سیفەتی (پێنج) ە، تەمییزی نییە.

٩ـ ئایەتی (١١٠) سوورەتی (آل عمران).

١٠ـ ئایەتی (١٠٠) سوورەتی (توبە).

١١ـ ئایەتی (١٨) سوورەتی (فتح).

١٢ـ ئایەتی (٢٩) سوورەتی (فتح).

١٣ـ شێوەنووسی شیعرەکە لە نوسخە دەستنووسەکەدا بێدەسکاری بەم جۆرەیە:

هَیْ لای مُنْکِرْ هَی وَی لَبُوتْ لولا

وَیْلَهْ بُوتْ اَوْلَا لَکَ فَاوْلَا

پەراوێزێک لەسەر ئەم (اولا لک فاولا)یە هەیە لە خەتی مەولەوی خۆی ئەچێت، نووسیویە: «اولی لک فاولی ثـم اولی لک فاولی».

لەژێر ئەم نووسراوەیەشدا نووسیویە: «یعنی رسم را خوب ننوشـتە» واتـە مەبـەس لـەم پـەراوێزەم ئەوەیـە کـە نووسەرەوە لێرەدا مەتنەکەی بە هەڵە نووسیوەتەوە؛ ئەبێ وا بنووسرێ کە من نووسیومە.

(اولی لک فاولی) بەشێکە لە کۆمەڵە ئایەتێک لە باسی حاڵی ئەوانەدا کە فەرمانبەرداریی خـوا ناکـەن و مـل لـە فەرمانی هەڵ ئەپێچن. ئەمەیش تەواوی ئەو ئایەتانە:

(فلا صَدَّقَ و لا صَلّی(۳۱) و لکن کذّب وَ تَوَلّی(۳۲) ثم ذهب الی اهله یتمطّی(۳۳) أولی لَکَ فَأولی(۳٤) ثُمَّ أولـی لکَ فاولی(۳٥)) لە سوورەتی (قیامة).

ئیتر مەولەوی باسی لـە باشـەکە ناکـات، چونکـە کردەوەکـەی شـتێکی ڕەوایـە و پەیـڕەوی‌کـردنی قورئـان و فەرموودەی پێغەمبەرە(د. خ).



مبحث الخلافة والامامة[1]

حەقە[2] خیلافـەت ئەربەعـەی ئەشـراف
(بإجمـــاع الصــحب و بالإســتخلاف)
هـەر چلـۆن کـەوا بووگـە بـەو تـەرتیب
لـە لای موجتەهیـد (ذورأی)ی موصـیب
ئـای چلـۆن دالّـە لێـی ئـای شـامیخە
رەواسـی سـونەن راس راسـیخە
(انظـر لکـلٍّ لِکـلِّ واحـد
إن فقـدتها فـلا تجاهـدْ)
(إذ کفـی الاجمـاعْ و هـو معتمـدْ
لـم یکـن إجمـاع إلّـا عـن سـند)
هەرگاهـ مـەفادی ئیجمـاع قـەتعی وێ
غـەیری تـەواتور بـا گشـت زەنـنی وێ
دەگـەڵ ئەمیچـە نییـە لـە ئوسـوول
ئیمامەت؛ با (ظنّ) تێدا وێ مـەعموول[3]

بووگـە: بـووە. ئـای(ی یەکـەم): ئـەداتی سەرسـوورمانە. ئـای(ی دووەم): جـەمعی ئایەتـە و عەرەبییە. دالّە لێی: دەلالەتی لێ دەکات. هەرگاهـ: هەرکات. دەگەڵ: لەگەڵ.

واتە خیلافەت (جێنشینیی)ی چوار یاری شەرافەتمەندی پێغەمبەر(د.خ) راست و بێگومانـە، بەڵگەی ئەمەیش ئیجماع و یەکگرتن و یەکقسەیی هەموو هاوڕێیـانی پێغەمبـەرە(د.خ) لەسـەر

جێنشینیی تێکڕای چوار جێنشینەکان، سەبارەت بە جێنشینیی حەزرەتی عومەریش، بێجگە یەکقسەییەکە حەزرەتی ئەبووبەکر وەسیەتی کرد و کردییە جێنشین. ئەم جێنشینییە بەو تەرتیبە کە بووە، واتە: ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی، بیر و باوەڕی هەموو (مجتهد) یێکی خاوەن بیری راستە.

ئەنجا مەولەوی دەفەرموێت: ماشەڵلایان لێبێت سەیرکە چۆن ئایەتە بەرزەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمووده راست و دروستەکانی حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) دەلالەت لەم خیلافەتە دەکەن.

هەروەها دەفەرموێ بۆ جێنشینیی هەریەک لەم چوار یارە بڕوانە بۆ ئایەت و بۆ حەدیس، جا ئەگەر دەستت نەکەوت قەیناکا، تۆ ئینکاری جێنشینییان مەکە، چونکە ئیجماعی لەسەرە، ئیجماعیش بەسە بۆ بەڵگەیی و جێگای باوەڕ و متمانەیە، چونکە ئیجماع پێویستە سەنەدی هەبێت. جا کە ئیجماع یەقین بگەیەنێت، دەلیلەکانی تر لە ئایەت و حەدیس با (ظن) یش بگەیەنن قەیناکا، چونکە لەهەر شتێکدا کە پێویستی بە دەلیل بێ، مادام دەلیلێکی یەقینبەخش هەبێ ئەوە بەسە. لەم باسەی ئێمەیشدا کە بەڵگەیەکی وەک ئیجماع هەبێ، ئیتر دەلیلەکانیتر هەرچۆن بن قەیناکا؛ مەسەلەی جێنشینی یا پێشەوایی لە ئوسوولی ئایین نییە و حوکمێکی فەرعیی سەر بە کار و کردەوەیە و، بۆ ئەم جۆرە حوکمە فەرعییانە بەڵگەی گومانبەخش بەسە.

سەرنج:

ئەمەی مەولەوی فەرموویەتی، کە بۆ هەر چوار یارەکە لە ئایەت و حەدیسدا بەڵگە هەیە، ئەگەر مەبەستی بەڵگە بێ سەبارەت بە گەورەیی و پایەبەرزییان، ئەوە تەواوە چونکە لە گەڵێ ئایەتدا ئەم شتە هەیە، بەڵام ئەگەر مەبەستی بەڵگە بێ سەبارەت بە جێنشینی، ئەوە دوورە؛ چونکە تەنها لەبارەی جێنشینیی حەزرەتی ئەبووبەکری سیددیقەوە ئایەتیان دۆزیوەتەوە.

یەکێک لەو ئایەتانە ئایەتی (یا أیها الذین آمَنوا مَن یَرتَدَّ مِنکُم عَن دینِهِ فَسَوفَ یأتی الله بِقَومٍ یُحِبُّهُم وَ یُحِبُّونَهُ أذِلّةٍ عَلی المؤمنینَ أعِزّةٍ علی الکافرین یُجاهِدُونَ فی سبیل الله و لا یخافُونَ لومةَ لائِم ذلکَ فضلُ الله یؤتیهِ مَن یَشَاء و الله واسعٌ علیم)ە [٤]. ئیمامی بەیهەقی لە حەسەنی بەسرییەوە ریوایەتی کردووە فەرمویەتی (والله ئەو کەسەی سەرکردایەتیی ئەو (جهاد) ەی کرد ئەبووبەکری سیددیق بوو، لە کاتێکدا هەندێ لە عەرەبەکان لە دین وەرگەڕان و زەکاتیان نەدا، ئەوە بوو حەزرەتی ئەبووبەکر (ر.خ) بڕیاری جەنگی دژیان ڕاگەیاند و سەرکردایەتیی ئەم جەنگەی کرد و هێنانیەوە ژێر ئاڵای ئیسلام).

یەکێکی تریان ئەم ئایەتەیە: (قُل للمخلَّفینَ مِنَ الأعراب سَتُدعَونَ إلى قَومٍ أولي بأسٍ شَديدٍ تُقاتِلُونَهم أو يُسلمون فإن تُطيعُوا يؤتِكُمُ الله أجراً حَسنا و ان تَتَوَلّوا كما تَوَلَّيتُم مِن قبلُ يُعَذِّبكُم عذاباً اليما) (٥).

(ابوالحسن)ی ئەشعەری (ر.خ) کە ئیمامی ئەهلی سوننەتە فەرموویەتی لە ئیمام (ابوالعباس ابن شریح) م بیست فەرمووی: لەم ئایەتەدا ئەبووبەکری سیددیق مەبەستە، واتە لەبەر ئەوە کە ئەبووبەکری سیددیق موسوڵمانانی بانگ کرد و لەشکرکێشیی کرد بۆ جەنگ دژی ئەوانەی لە دین هەڵگەڕابوونەوە و زەکاتیان نەدەدا.

یەکێکی تریان ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ: (وَعَدَالله الذينَ آمنوا منكم و عَمِلُوا الصاحات لَيَستَخلِفَنَّهُم في الأرضِ كَما استخلفَ الذينَ من قبلهم وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُم دينَهُم الَّذى ارتَضى لَهُم وَ لَيُبَدِّلَنَّهُم من بعدِ خَوفِهم أمْناً يَعبُدونَني لَا يُشرِكُونَ بي شَيئاً) (٦).

(ابن كثیر) ئەفەرموێ واتای ئەم ئایەتە بە تەواوی لەگەڵ بەسەرهاتی سەردەمی جێنشینیی حەزرەتی ئەبووبەکردا دەگونجێ.

بەڵگەی چوارەم ئەم ئایەتەیە:

(لِلفُقَراء المُهاجِرينَ الذينَ أخرجُوا مِن ديارِهِم و أموالِهم يَبتَغُونَ فَضلاً مِن الله و رِضواناً وَ يَنصُرُونَ الله وَ رَسُولَهُ وَ اولئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ) (٧).

چۆنیەتیی دەلالەتی ئەم ئایەتە ئەوەیە: ئەوانەی نیشتمانیان لە ڕێی خودادا بەجێ هێشت خودای گەورە بە ڕاستگۆی حسێب کردوون، ئەوەیش لە لای خودا بە ڕاستگۆ حسێب بکرێ لەگەڵ خودا و لەگەڵ موسوڵماناندا درۆناکات، کەواتە کاتێ (مهاجرین) و (أنصار) بەیعەتیان بە جێنشین کرد و بە سەرکردەی موسوڵمانانیان دانا، پەیمان‌دەر و پەیمان‌پێ‌دراو هەردوو ڕاستگۆ بوون لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ خودای خۆیان، بە کورتی کە ئەمانە بە پێی واتای ئایەتەکە ڕاستگۆ و ڕاست بن ئیتر هیچ گیر و گرفتێک لە ناودا نامێنێ.

پێنجەم: ئایەتی (اهدنا الصراط المستقیم صراط الذین أنعمت علیهم)ە (٨).

چۆنیەتیی گەیاندنی ئەم ئایەتە بۆ مەبەستەکەمان ئەوەیە: وەک لە ئایەتەکەوە دەردەکەوێت ڕێگای ئەوکەسانەی خودا نیعمەتی ڕژاندوە بە سەریاندا ڕێگەیەکی باشە، هەروەها ڕێگەی نیعمەت پێ‌دراوان ڕێگەی پێغەمبەران و زۆرراستگۆیان و شەهیدانە، دیارە کە ڕێگەی زۆرراستگۆیان ڕێگای ڕاست بێ ڕێگەی حەزرەتی ئەبووبەکر بە هەموو بارێکدا ڕاستە چونکە ئەویش لە زۆرراستگۆیانە.

هەروەها گەلێ فەرموودەی پێغەمبەر(د. خ) هەیە کە جێنشینیی حەزرەتی ئەبووبەکریان لێ دەرئەکەوێ. من لێرەدا یەکێکیان دەگێڕمەوە:

[أخرج الشیخان (مسلم والبخاری) عن ابی سعید الخدری، رضی‌الله عنه، قال: «خطب رسول‌الله الناس و قال: انّ الله تبارک و تعالی خَیَّر عبداً بین الدنیا و بین ما عنده، فاختار ذلک العبد ما عند الله. فَبَکی أبوبکر و قال نفدیک بآبائنا و أمّهاتنا، فعجبنا لبکائه ان یخبر رسول‌الله(ص)، عن عبد خیّره الله فکانَ رسولُ‌الله هو المخیَّر، و کان ابوبکر أعلَمَنا فقال رسول‌الله (ص)، إنّ من أمَنِّ الناسِ عَلَیَّ فی صحبتِهِ و ماله ابابکرٍ، و لو کنت متخذاً خلیلاً غیرَ ربّی لاتّخذتُ أبابکر خلیلاً، و لکنّ أخوّةَ الاسلام و مودّته. لا یبقینَّ بابٌ إلّا سُدَّ، الا باب ابی‌بکر». و فی لفظٍ لهما: «لا یبقینَ فی المسجد خوخة إلا خوخة ابی‌بکر». و فی آخر لابن عدیّ: «سدّوا هذه الابواب الشارعة فی المسجد إلا باب ابی‌بکر». و طرقه کثیرة منها عن حذیفة و انس و عائشة و ابن عباس و معاویة بن ابی‌سفیان، رضی الله تعالی عنهم].

زانایانی ئایینی ئیسلام لەم فەرموودەوە جێنشینیی ئەبووبەکریان وەرگرتووە؛ چونکە خەلیفە پێویستی بە نزیکی لە مزگەوت هەیە، خەڵک موحتاجی خەلیفەن بۆ نوێژ و غەیری نوێژ و دەبێ لێیانەوە نزیک بێ واتە: فەرموودەکە ئیشارەتە بۆ ئەوەی پاش وەفاتی حەزرەت(د. خ) ئەبووبەکر دەبێتە جێنشینی.

ئیجماعە وجووب مەنسووبیی ئیمام
لاکین ئیختیلاف هەس (بین الانام)
لەسەر (حەق) یاخۆ لەسەر بەرییە،
دەلیلی سەمعی یا خۆ عەقلییە؟
مەزهەبی ئەهلی حەقە بە قەتعی
واجبە لەسەر خەڵقی بە سەمعی
مەزاق تاڵ دەوێ لەم قسەی تاڵە؛
وجووب لەسەر (حق) ئەمرێ بەتاڵە
لەسەر (حق) بوویا، چاک بووە حاڵی،
زەمان لە ئیمام نەدەبوو خاڵی

خـۆ حوسـن و قـوبحیچ هـیچ عەقڵـی نییـە؛
دەلیـــل وا نـــەبوو ســـیوای ســـەمعییە
خـەیر، لاچـین لەسـەر ئـەم گفـتوگۆیـە،
یـا مەزهـەبی مـن یـا خـەیر ئـی تۆیـە
ئـەر لەسـەر خـودا واجبـە وای کـرد
وەر لەسـەر خەڵـقە بـە جێیـان ئـاورد
ئـەر ئـیرادەی کـرد خـالقی بـێچـوون
ئیمـام عـەلی وێ و، خەڵـقی مـانیع بـوون[٩]
عەقڵـت بـۆ خـودا[١٠] ئـەوە بـۆچ تێـرێ
نـەتوانێ واجـب خـۆی بـە جـێ بێـرێ؟!
یـا کەسـێ وەکـوو حـەزرەتی عـەلی
سـاحیب عیـززەت و ریفعـەتی جـەلی
بـە سـەد چەندانـەی بووبـەکری سـیددیق
ساحیب عەشرەت وێ و شەوکەت بە تەحقیق
(و لاســـــیّما أســـــدُ الله) وێ
موجتەهیـدی وا و لـە (نـص) ئاگـا وێ
ئـەو کەسـە چلـۆن لـە کـەس دەترسـێ
یـا لـە تەقلیـدی کەسـێ دەپرسـێ؟!
بـۆچ دەگـەڵ ئـەو سـێ نـەیکرد دەس و بـرد
بـۆچی دەگەڵـی (معاویـە)ی کـرد
خـودای تـەعالا ئەڵـبەت خودایـە
حـەزرەتی (علـی) یـچ (اسـد الله)یـە
کـەس ئیمـام نـەبوو بـێ ئـەم بـە یـەقین
(کَـرَّمَ الله وجهَـهُ آمـین)

(حق): خودا. بەرییە: خەڵق. بوویا: بوایا، ببوایە، بوایە. خەیر، یا خەیر: یا خـود. موجتەهیـدی وا: موجتەهیدی وەها. ئەو سێ: ئەو سیانەکە (ئەبووبەکر، عومەر، عوسمان).

واتە: هەموو (مجتهد) ەکانی ئایینی ئیسلام لە سەر ئەوە یەکیان گرتـووە کـە دانـان و دیـاری کردنی ئیمام و پێشەوای گشتی (واجب) ە، بەڵام ئیختیلاف لەوە دایە ئاخۆ ئەم ئیمام دانانە لەسەر خودا واجبە یا لەسەر (مكلّفين)ی خەڵک؟ هەروەها دەلیلی واجبییەکەی نەقلییە و بیسراوە یا خۆ عەقڵییە؟ جەماوەری ئەهلی سوننەت لەسەر ئەوەن کە ئەم خەلیفە دانانە لەسەر خەڵـک واجبـە و بەڵگەیش بەڵگەی نەقلی و بیسراوە و وەک باسیان کردووە بریتییە لە چەند شتێک:

یەکەم: هاوڕێیانی پێغەمبەر یەکیان گرت لەسەر دانانی ئیمام و، لەپاش وەفاتی حـەزرەت ئـەم دانانەیان لە هەمووشت بە موهیم‌تر زانی تەنانەت خستیانە پێش دەفنی حەزرەتەوە. هەروەها هەر کاتێ ئیمامێ وەفاتی کردبێ دانانی ئیمامیان لە شوێنیدا خستووەتە پێش هەموو ئیش و کـارێکی ترەوە.

دەگێڕنەوە کاتێ کە حەزرەت(د. خ) کـۆچی دوایـی کـرد ئەبووبـەکری سـیددیق خوتبەیـەکی خوێندەوە و فەرمووی: «ايها الناس! من كان يعبد محمداً فان محمداً قد مـات. و مـن كـان يعبُـدُ رَبَّ محمدٍ فانَّه حيٌّ لايَموت. و لابدّ لهذا الأمر ممن يقوم به فـانظروا و هـاتوا آراءكـم رحمكـم الله، فتبادروا من كل جانب و قالوا صدقت و لكن ننظر في هذا الامر». و لم يقل احد انه لا حاجـة إلـى الامام.

دووەم: ئایینی ئیسلام فەرمانی داوە بە جێبەجێ کردنی (حـدّ) وەک (حـدّ)ی زینـا و دزی... تاد، هەروەها فەرمانی داوە بە پاراستنی وڵاتی ئیسلام و سنووری و، بە ڕێک‌خستنی سوپا و، رزگار کردنی خەڵک لە زیان و ئازاری جەردە و ڕێگـر و پیـاوخراپ و، ڕاگـرتنی حـوکمی ئـایین لـە نـاو موسوڵماناندا، بێ‌گومان ئەمانەیش بە بێ‌بوونی ئیمام و پێشەوایەکی لێ هاتوو نابن؛ کەوابێ دانـانی ئیمام و پێشەوا پێویستە.

سێهەم: دانانی پێشەوا تێکرا دەبێتە هۆی نەهێشتنی خراپە و زیان و بەدەست‌هێنـانی چاکـە و بەرژەوەند وەک ئاوەدان‌کردنەوەی وڵات و بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی و ئامادەکردنی هۆی ژیـان و ڕێک‌وپێک کردنی دەرامەت و بوودجە و سامانی وڵات و... گەلێ شتی تر. دیارە ئەمانـەیش بـە بێ پێشەوا ناکرێن. بە واتەیێکی تر ئەم کار و بـارە پێویسـتانە لەسـەر بـوونی پێشـەوا ڕاوەسـتاون، هەرچی شتێکیش بوونی (واجبات)ی لەسەر ڕاوەستابێت واجبە؛ کەواتە بوونی پێشەوا واجبە.

ئەنجا مەولەوی دەفەرموێ: دەم و چەشی مرۆڤ تاڵ دەبێت لەو قسە تاڵە بە تاڵـە کـە وتـراوە: گوایا دانانی ئیمام لەسەر خودا واجبە! هیچ شتێ لەسەر خودا واجـب نییـە، ئەگـەر دانـانی ئیمـام لەسەر خودا واجب بوایە دەبوا دنیا هەرگیز بێئیمام نەبوایە. کە شتێ واجب بـوو لەسـەر یـەکێک، دەبێ جێبەجێی بکات.

واتە: بۆ ئەوەی جیهان تووشی گیر و گرفت و نەگبەتی نەبێ لەسەر خودا واجب دەبوو هـەرگیز دنیای لە پێشەوای شایان و هەلکەوتوو خالی نەکردایە، ئاشکرایشە شـتی وەهـا نییـە. دیـارە لای ئەهلی سوننەت جوانی و ناشیرینی عەقلی پووچ و بەتالە، واتە جوانی و ناشیرینی شەرع دیاریـان دەکات، کەوابوو پێویستیی دانانی پێشەوا لە لایەن شەرعەوەیە نەک عەقل.

ئەنجا (مەولەوی) بۆ بۆڕدانی بەرانبەر بە ئێجگاری، دەڵێت:

با واز لە جیاوازیی باوەڕی من و تۆ بهێنین، دانانی پێشەوا لەسـەر خـودا واجـب بـێ، وەک تـۆ دەڵێیت، یا لەسەر خەلک واجب بێ، وەک ئێمە ئەڵێین، ئەوا واجب جـێبـەجێ کـرا و، لـە پـاش مردنی حەزرەت(د. خ) جێنشین و پێشەوا دانرا، ئیتر بۆچی هەندێکەس ئەڵێن ئیمامی بە حـەق لە پاش حەزرەت دانەنیشتووە؟! ئاخۆ دەچێتە مێشکەوە خودا واجبی خـۆی جـێبـەجێ نـەکات؟ ئاخۆ دەچێتە مێشکەوە خودای گەورە بییەوێ (عەلی) ئیمام بێت، کەچی خەلکی خوداکرد رێ لە کاری خودا بگرن و نەیەلن عەلی ببێتە پێشەوا؟!

ئاخۆ دەچێتە مێشکەوە پیاوێکی وەک عەلی خاوەن جێگە و رێگـە و نەسـەب و هـۆز و خـزم و کەس و کار، پیاوێکی وەک عەلی شێری خودا ئازا و زانا و دانا و ئاگاداری (نسـوس) و خـاوەن را و ئیجتیهاد لە ترسی خەلک داوای حەقی خۆی نەکات و نەبێتە پێشـەوا، یـا لەبـەر چاولـێکـەری و دوای قسەی خەلک کەوتن خۆی نەبێتە پێشەوا و بەیعەت بە یـەکێکی تـر بکـات و مـافی رەوای خۆی لێ زەوت بکرێت؟!

بۆچی حەزرەتی عەلی لەگەڵ سێ جێنشینەکانی پێش خۆی هیچ ناکۆکیی نەبوو؟ بۆچ لەگەڵ (معاویة) جەنگا؟ دیارە چونکـە جـێنشـینیی ئەبووبـەکر و عومـەر و عوسمـانی لا رەوا و بـەجێ و شەرعی بووە، بۆیە نەچوو بە گژیاندا و بەیعەتی پێ کردن و بێڕەزای ئەو نەبوونە جێنشین، بـەلام دانی نەنا بە جێنشینیی (معاویة)دا بۆیە لێی راست بوویەوە و جەنگی لەگەڵ کـرد و، ئـەو هـەموو شەڕ و شۆڕە لەسەر جێنشینایەتی بەرپا بوو.

بـــێقســـە بکـــەین لـــە (أفضـــلیّە)
ئـەو بـە تـەرتیبی خیلافـەت نییـە
چونکـــە دەلائیـــل (مـــن الجـــانبیَن)
(متعـارض) ن، بـە کـام عەمـەل کـەین؟
وەهایچـە نییـە خـۆ ئـەم مەسـئەلە
تـۆ بڵـێی شـەرتە بـۆ ئـەو عەمەلـە
یـا ئـەر تـەوەققوف بـوێ تێیـەدا
واجبـێ روو کـات خەلـەل پێیـەدا
خوسووس ئیمامەت جائیز وێ و مەقبوول،
دەگەڵ وجـوودی (فاضـل)، بـۆ (مفضـول)
بـۆچ؟ (أفضـلیة) هـەر وەکـوو عیسـمەت
نییـەن هـیچ کامیـان شـەرتی ئیمامـەت
بەڵـکو شـرووتی سـەرکاری ئیمـام
قودرەتـە لەسـەر تـەنفیزی ئـەحکام
وەک تەجهیزی جەیش بۆ ئـەمری جیهـاد
ئیقامـەی جومعـە و، جـەماعات، ئـەعیاد
ئیقامـەی حـدوود ئـەخزی سـەدەقات
سـەددی ثوغـوور و قـەتعی نیزاعـات
قـەتعی عیرقـی رەهـط موتەنەججیسـە
موتەغەللیبـە و موتەلـەصیصـە
حـەققی مەزلـوومان لـە زالـم سـێنێ
بـە (ضـبط) و بـە (ربـط) هـیچ دانـەمێنێ
موسلیم، حوڕ، عـاقڵ، بالـغ وێ و، زەکـەر
سائیس وێ و، زاهیر، مـەرجیع بـۆ بەشـەر

نـەک موختـەفی وێ یـا خـۆ مونتـەزەر
بیکێشـی دەگـەڵ عـەدەم سەربەسـەر
بـەڵ قورەشـی وێ و پـاکیزە سـییەر
خـوا نەسـلی عـەلی، خـوا نەسـلی عومـەر
ئەگـەرچی بـە فیسـق مونعـەزیل نـەوێ
عەدلیچی هەر وەک شـەوکەت پـێ دەوێ
قـووەتی رەئـی و عیلمـی دەگـەڵ وێ
ئـەفزەل وێ یـا خـۆ غـەیری ئـەفزەل وێ

زانا پایەبەرزەکانی ئایین دەربارەی گەورەترینی چوار جێنشینەکانی پێغەمبـەر رای جیاجیـان هەیە؛ زۆربەی زانایانی ئەهلی سوننەت لەسەر ئەوەن کە پایەی گـەورەییان وەکـو پایـەی جـێ-نشینییەکەیانە، واتە: گەورەترینی پەیڕەوانی حەزرەت ئەبووبەکری سـیددیقە، دوای ئـەو عومـەر، دوای ئەو عوسمان، ئەنجا عەلی، ڕەزای خوایان لێ بێت. هەندێکی تر دەڵـێن عـەلی لـە عوسمـان گەورەترە.

هەندێکی تر لە زانایانی ئایین تیایا وەستاون و ناڵێن ئەمیان لەویان گەورەترە.

زانای پایەبەرز (سعدالدین)ی تەفتازانی لە شەرحی (عقائد)ی (نسفیە)دا دەڵـێت: «و امّـا نحـن فقد وجدنا دلیل الجانبین متعارضة، و لم نجد هذه المسألة مما یتعلـق بـه شـیء مـن الأعمـال أو یکون التوقف فیه مخلّاً بشیء من الواجبات، و کَأَنَّ السلفَ کانوا متوقفین فی تفضیل عثمـان علـی علیٍّ، رضی الله تعالی عنهما، حیث جعلوا من علامات السنّة والجماعة تفضـیل الشـیخین و محبّـة الختنین... والانصاف انه إن أرید بالأفضلیة کثرة الثواب فللتوقف جهة، و إن أرید کثرة ما یعـدّه ذوو العقول من الفضائل فلا» انتهی.

مەولەوی لێرەدا بیرو راکەی (سعد الدین) باس دەکات و دەڵێ: با قسەیە بکەین لەوە کـە کـام لـەم جـێنشـینانە لـەوانی تـر گـەورەترە و گـەورەیی ئـەوانی تـر چۆنـە؟ وا دەرئەکـەوێت کـە گەورەترییەکە وەکوو تەرتیبی جێنشینییەکە نییە، ئێمـە دەبیـنین هـەردوولا بەڵـگەیان هەیـە و بەڵگەکانیان دژی یەکترن و نازانین بەگوێی کامیان بکەین. لە لایەکی تریشەوە ئـەم گەورەترییـە مەرجی کارێکی ئایینی وەک نوێژ و ڕۆژوو... تاد نییە، تا ئەگەر تیایا بوەسـتین و تـەفزیلی کـەس

نەدەین بەسەر کەسدا واجبێ لە واجبەکانی ئایین تێک بچێت، خۆ ئەگەر بڵـێیت پـاش و پێشـیی جێنشینییەکەیان بەڵگەی ئەفزەلییەتەکەیە دەڵێین وانییە چونک لەگـەڵ بـوونی (فاضـل) یشـدا ئیمامەتی (مفضول) دروستە؛ کەواتە دەگونجێ یەکێک لە جێنشینیدا پێش‌کەوتوو بێ کەچی لـە فەزیلەت‌دا دواکەوتوو بێت، بە کورتی ئەفزەلییەت مەرجی ئیمامەت نییە، هەروەک مەرجیش نییە ئیمام مەعسووم بێت، مەرجی ئیمام ئەوەتـە بتوانـێ ئـەحکامی ئیسـلام جـێبـەجێ بکـات، وەک ئامادەکردنی سوپا بۆ جیهاد و بەرپاکردنی نوێژی جومعە و جەماعەت و نوێژی جەژنەکان و جـێ- بەجێ کردنی (حدّ) لەسـەر زینـا و چەنـد تـاوانی تـر و، پاراسـتنی سـنووری وڵات و، چـارکردنی ناکۆکی و، ریشەکێش‌کردنی رێگر و پیاوخراپ و دز و جەردە، هەروەها بتوانێ مافی زۆرلێ‌کراوان لە ستەم‌کاران بسەنێتەوە و، لەسەروبەر بەستنی کـار و بـاری موسڵـماناندا دەستەوسـتان نـەبێت، مەرج ئەوەیە موسوڵمان بێت، ئازاد بێت، وریا و کارامە بێت، نێرینە بێـت، بـەدەرەوە بـێ و خـۆی نەشاردبێتەوە، کەسێکی وەها نەبێ کە لە بەرچاو نـەبێ و کـەس نـەزانێ لـە کوێیـە یـا هەمیشـە چاوەڕوانی بکرێت، چونکە ئەوە لەگەڵ نەبوو هاوشان و هاوسـەنگە. هـەوەها لـە هـۆزی قـورەیش بێت، خوو و رەوشتی پاک و خاوێن بێت، ئیتر چ لە نەوەی عەلی بێ یا نەوەی عومـەر یـا نـەوەی قورەیشییەکی تر.

ئەگەرچی ئیمام و پێشەوای دامەزراو بە هـۆی روودانی فیسـق لێیـەوە دەسـتی لـە ئیمامـەت ناکێشرێتەوە، بەڵام یەکەم‌جار کە دەبێتە پێشەوا پێویستە (عادل) و (رشید) بێت و هێـزی زانسـت و بیر و راوێژی هەبێت، ئیتر لە خەڵکی سەردەمی خۆی پایەبەرزتر بێ یا نا.

ئەنجا مەولەوی، پاش باس‌کردنی ئەم بیر و رایە، گەڕایەوە بۆ سەر باس‌کردنی بیروڕای زۆربـەی ئەهلی سوننەت و دەفەرموێ:

لاکـــین ئەئیممـــەی فـــەحلی کەســـیرە
وەک فیرقـــەی ســـەلەف ســـەفی ســـەریرە
هـــەر بـــە تـــەرتیبی ئـــەمری ئیمامـــەت
حوکمیـــان هەیـــە بـــە ئەفزەلییـــەت
(فـــــاحکم ظـــــاهراً بـــــأنّهُمْ
لَـــو لَـــا سَـــنَدٌ لمَـــا حکمـــوا)

(والـــــزم دأبهــــم بـــــلا تعلّــــل
وَ فـــوّض الحـــق الـــیالحـــق وقـــل):
ئـــەفزەل ئەوکەســـە رەوزەی ئـــەزەلی
دای لـــە دەمـــاخی بـــۆی (لا یأتـــلِ...)
لـــە ئـــەوجی ســـەمای عـــالیی نبـــووەت
(«مــــا طَلَعَـــــتِ» لَـــــهُ طلعـــــتْ)
ئیسمی دەگەڵ ئیسم گەورەی ئینس و جان
نویســـــیاگە لـــــە گشـــــت ئاسمـــــان
(روح القُـدُسْ) هــەرچی لــەو عــەرز و توولـدا
رژانـــــدی بـــــە دڵ پـــــاکی رەســـــوولدا
لە خـۆی هــەردوو دەس مەرحەمـەت بـەردا
پـێچ‌پـێچ خیگـەی فـەیز پـێچدا لـە سـەردا
فــەرقی نــەکردن (أصــلاً) لــە هیچــدا[١١]
رژانـــــدی بـــــە دڵ ســـــافی ئەویچـــــدا
چـی دەڵـێی ئـەی دڵ پڕشـوبهە و پەلیـد!
دەگەڵ حوب هاوشـان کەلیمـەی تەوحیـد؟
ئـــەوە کـــە شـــوکری لەســـەر ئەنامـــە
ئـــەوە ســـەببی ئـــەو ســـەببی ئیســـلامە
هـــەر ئـــەوە (اتقـــی) و، ئـــەتقا ئەکرەمـــە
ئـــەکرەم ئەفزەلـــە و پایـــەی ئەعزەمـــە
«ثـــانِیَ اثنـــینِ» دەڵـــێ بـــە تـــەحقیق:
بەعـــدەز نبـــووەت تەســـدیقی ســـیددیق

رەوزەی ئەزەلی: باغچەی بێ‌سەرەتا: مەبەست قورئانی پیرۆزە. نویسـیاگە: نووسـراوە. خیگـە: پێستی مەڕ و بزنە کە خۆشە دەکرێت بۆ رۆن تیا هەڵگرتن، هیزەیشی پێ دەڵێن. پەلیـد: پـیس، چڵکن. بەعدەز: بعد از، لە پاش، فارسییە.

واتە: بەڵام زۆربەی زانایان و کەڵە مێردانی ئەهلی سوننەت، وەک کۆمەڵەی پێشینانی دڵپاک و بێگەرد، هەر لەسەر ریز و تەرتیبی جێنشینی حوکمیان داوە بە گەورەتری و گەورەییەیان و، لەم رووەوە بڕیاریان داوە کە گەورەترینی پەیڕەوانی پێغەمبەر(د. خ) ئەبووبەکری سیددیق و، دوای ئەو عومەری کوڕی خەتتاب و، دوای ئەو عوسمانی کوڕی عەففان و ئەنجا عەلی کوڕی ئەبووتالیبە، خودای گەورە لە هەموویان رازی بێت.

تۆیش ئەی مرۆی موسوڵمان باوەڕ بکە بەوە ئەگەر ئەو پێشینانە بەڵگەیان بە دەستەوە نەبوایە حوکمی وایان نەدەدا، تۆیش بۆ خۆت دوای رێبازی ئەوان بکەوە و، هیچ بەهانەیەک مەهێنەرەوە و، راستی و بنج و بناوانی کاریش بدەرە دەستی خودای گەورە و بڵێ:

گەورەترین هاوڕێی پێغەمبەر ئەو کەسەیە کە باغچەی کەلامی ئەزەلی بۆنی گوڵباغی ئایەتی «و لا یأتل...» داوە بە دەماغی دڵیدا، ئەمەش ئیشارەیە بۆ ئایەتی پیرۆزی (وَ لا یأتلِ أولُوا الفَضلِ مِنکم وَالسعةِ أن یُؤتُوا أولی القُربی وَ المَساکینَ والمُهاجِرینَ فی سبیلِ الله وَلْیَعفُوا وَلْیَصفَحُوا ألَا تُحِبُّونَ أن یَغفِرَ اللهُ لَکُم وَاللهُ غَفُورٌ رَحیم) [۱۲].

واتە: با ئەوکەسانە کە خاوەن فەزڵ و خاوەن دارایین سوێند نەخۆن لەسەر ئەوەی هیچ نەدەن بە خزمەکانیان و بە هەژاران و ئەوانەی لە رێی خودادا مەککەیان بەجێهێشتووە و هاتوونەتە مەدینە، با لێیان خۆش بن و چاوپۆشییان لێ بکەن، حەزناکەن خوای بەخشندە لێتان ببورێ و لە گوناهتان خۆش بێت؟!

بەڵێ ئەم ئایەتە دەربارەی ئەبووبەکری سیددیق هاتووە پاش ئەوەی سوێندی خوارد: ئەو پارە و خەرجییەی تا ئەوکاتە دەیدا بە (مسطح) ناوی خزمی ئیتر نەیداتێ، جا کاتێ حەزرەت ئەم ئایەتەی بەسەر ئەبووبەکردا خوێندەوە کوتوپڕ لە سوێنەکەی پاشگەز بوویەوە و ئەوەی لەوەپێش پێی دەدا بۆی گەڕاندەوە و وەک جاران دەستی کردەوە بە دەسگرۆیی‌کردنی.

لەم ئایەتەدا ئەبووبەکری سیددیق بە خاوەن‌فەزڵ ناوبراوە، دیارە فەزڵ وەک دەس دەدا بۆ زیادەماڵ، بۆ گەورەیی و پایەبەرزیی لای خودایش دەس دەدات، خودای گەورە بەخشندەیی خۆی دەخاتە پێش چاوی و ئەویش گورج بە گوێی دەکا و داوای بەخششی لێ دەکات، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە ئەبووبەکر بەخشندە بووە و یارمەتی خزم و کەس و کاری داوە، دەستی یارمەتی و پیاوەتیی بۆ کۆچکردووەکان درێژ کردووە.

هەروەها لە چەند ئایەتی تردا باسی ئەبووبەکری سیددیق کراوە وەک ئایەتی (...ثـانِیَ اثنَـینِ إذ هُما فی الغَارِ إذ یَقُولُ لِصاحِبِهِ لا تحزَن إنّ الله مَعَنا...) [١٣] کە هەموو زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوەن مەبەست لە (ساحب) حەزرەتی ئەبووبەکرە، خودای لیّ رازی بێت.

یا وەک ئایەتی (والذی جاء بالصّدقِ وَ صَدَّقَ بِهِ اولئکَ هُمُ المُتَّقُونَ * لَهُم مَا یَشاءونَ عِندَ رَبِّهِم ذلِکَ جَزاء المُحسِنین) [١٤].

بەززار و ئیبنوعەساکیر ریوایەتیان کردووە کە حەزرەتی عەلی لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: «اِنَّ الّذی جاء بِالصدّقِ هُوَ مُحَمَّدٌ (ص) وَالّذی صدّق بِهِ ابوبَکر (رض) ».

یا ئایەتی: (وَ لِمَن خافَ مَقامِ رَبّه جَنّتان) [١٥] اخرج ابن حاتم عن ابـن شـوذب انهـا نزلـت فـی أبی‌بکر (رض) یا ئایەتی: (وَ شاوِرهُم فِی الأمر) [١٦].

حاکم لە رێگای (عبدالله)ی کوڕی عەبباسەوە دەگێڕێتەوە کە ئەم ئایەتە دەرحەق بە ئەبووبەکر و عومەر هاتووە. فەرموودەی پێغەمبەریش هەیە کە دەڵێت: «إنَّ اللهَ أمرنی ان أستشیر أبا بکـر و عمر» واتە: خودای گەورە ئەمری پێ کردووم کە راوێـژ بـە ئەبووبـەکر و عومـەر بکـەم، ئەمـەیش قسەکەی حاکیم بەهێز دەکات.

یا ئایەتی: (...فَأِنَ الله هُوَ مَولاهُ وَ جِبریلُ وَ صالِحُ المُؤمِن) [١٧] تەبەرانی لـە رێگـای عەبدوڵـلای کوڕی عەبباسەوە دەگێڕێتەوە کە ئەم ئایەتە لە حەقی ئەو دوانەدا هاتووە. هەروەها لە فەرموودەی پێغەمبەریشدا باسی گەورەیی ئەبووبەکر کراوە، بۆ نموونە:

لە (ابوالدرداء) ەوە دەگێڕنەوە کە حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی: «ما طلعت الشمس و مـا غربـت علی أحد افضل من ابی بکر الّا ان یکون نبیّا» وەکوو (مەولەوی) دەفەرموێ لـە ئـەوجی ئاسمـانی بەرزی پێغەمبەرایەتییەوە حەدیسی (ما طلعت...) تاد تەنها بۆ ئەبووبەکر هاتووە.

هەروەها دەفەرموێ لە حەدیسدا هەیە کە ناوی ئەبووبەکر لەگـەڵ نـاوی گـەورەی ئـادەمزاد و پەریدا کە پێغەمبەرە(د.خ) لە هەموو ئاسمانەکاندا نووسراوە.

دوای ئەمانە مەولەوی هەر لە باسی گەورەیی و پایەبەرزیی حەزرەتی ئەبووبەکردا دەڵێت: (روح القدس) واتە جیبرائیل «لەو عەرز و توولدا...» واتە لە سەفەری کۆچی حەزرەت لـە مەککـەوە بـۆ مەدینە حەزرەتی جیبرائیل هەموو کاتێ حازر دەبوو بۆ یارمەتی و بۆ رژانـدنی نـوور بەسـەر دڵـی موبارەکی حەزرەتدا، جا هەر وەکوو یارمەتیی حەزرەتی ئەدا و نووری دەڕژاندە دڵی چەند توانیویە یارمەتیی ئەبووبەکریشی داوە و نوور و بەرەکەتی رژاندووەتە دڵی، وەکوو یەکێ خیگەیەکی پـڕ لـە

ڕۆنی لەلا بێت بە هەردوو دەستی پێچی بدات بۆ دەرکردنی ئەوەی تێیدایە، لەو نوور و بەرەکەتەی لای بوو بێدرێغ بەشی حەزرەتی ئەبووبەکری دا.

ئیتر ئەی مونکیری دڵ پڕ لە شوبهەی ناپاک! چی دەڵێیت بەرامبەر بە یەکێک خۆشەویست و هاوڕێی ئەو پێغەمبەرە بێ کە شایەتیدان بە پێغەمبەریی ئەو هاوشانی کەلیمەی تەوحیدە. واتە: ئەو زاتە کە شەهادەت بەو هاوشانی شەهادەتە بە یەکیەتیی خودای گەورە بە دڵ و گیان ئەبووبەکری کردە دۆست و خۆشەویستی خۆی؛ جا تۆ لەگەڵ زاتی وادا چی دەتوانی بڵێیت؟ ئەو زاتە کەسێکە بەرامبەر بەو خزمەتانەی بە ئیسلامی گەیاندووە شایانی سوپاسە؛ وەک تەسدیق کردنی پێغەمبەر لە پێغەمبەرایەتیدا، لە ئیددیعای میعراجیدا، وەک خزمەتکردنی پێغەمبەر لە زەحمەتی مەککەیدا و لە سەفەری بۆ مەدینەیدا، وەک باختکردنی مالی لە ڕێگای ئیسلامدا، وەک کۆکردنەوەی قورئان، یا جەنگی لەگەڵ ئەوانەی لە دینی ئیسلام هەڵگەڕانەوە، یا هەوڵ و کۆششی بۆ دامەزراندنی کاروباری جێنشینی و، پرس‌کردنی بە گەورە پیاوانی (مهاجرین) و (انسار)، یا دانانی یەکێکی لێهاتووی وەک حەزرەتی عومەر بۆ جێنشینی پاش خۆی.

بەڵێ ئەم کارانە کە ئەبووبەکر کردوونی کاری گەورە گەورەن و لە پێناوی ئایینی ئیسلامدا کردوونی، بۆیە سوپاسی لەسەر ئوممەتی ئیسلام واجبە.

بێگومان زاتێکی وەها لە پایە و پلەیێکی بەرزی وەهادا هەر بە کەم بۆڕوانینێکی بەکەمڕوانینە بۆ ئایینی ئیسلام خۆی.

ئەبووبەکری سیددیق بە پێی ئایەتی (و سَيُجَنَّبُهَا الأَتقى الَّذى يُؤتِى مَالَهُ يَتَزكىٰ) [١٨] ئەتقا بووە، زۆر لەخوداترس بووە، چونکە ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو هاتووە، لە کاتێکدا بەندە موسوڵمانە سزادراوەکانی لە خاوەنە کافرەکانیان دەکڕییەوە و ئازادی دەکردن. هەروەها بە پێی نەسی (إنّ اکرمکم عندالله اتقاکم) یش [١٩] ئەکرەمە، دیارە ئینسانی ئەکرەمیش گەورەترە لە غەیری خۆی و، لای خودای گەورە پایەی بەرزترە و لە هاوڕێکانی بەڕێزترە.

رضی الله تعالی عنه و عن جمیع من معه من اهل صحبة الرسول صلی الله تعالی علیه و علی آله و صحبه اجمعین.

زیکری سالحان ڕەحمەتی وا پێ
من لە کوێ، مەدحی سیددیقی لە کوێ؟!

زیکـری سالـحان کـە پێـی هاتـە بـەین
سـەلای «حیّهـل بعمـر» دەدەیـن
(ثـانی الافضـلین مـن الأربعـة
یصـافح الحـق اوّلاً معـه)
(هـل غیـرُهُ مَـن وافَـقَ الآیـات،
سـنن الرسـول، کـذاک التـورات؟)
بـە ئایـەت لەبـەر جیبریـل ئـاوردن
هـەر خاصّـەی ئـەوە تەلـەففوز کـردن
ئـەو دەبـوو، حـەدیس دەڵـێ رووبـەڕوو،
بەعـدەز پێغەمبـەر، ئـەر نـەبیی دەبـوو
(و لـو لـم یکـن شمسـاً سـاریة)
خـەففاش! (أیـنَ هُـو وایـنَ سـاریة) [٢٠]
وجوودی و جـوودی بـەحری خیـزەم بـوو
بـۆ وە لـەو توغیـان نیلـی حیکـەم بـوو
بـەس نییـە خەبـەر «یـا خیـرَ البَشـر!
لِیبـکِ الاسـلام» بـۆ مـەوتی عومـەر

رەحمەتی وا پێ: رەحمەتی خوای پێیە، کار ئاسان ئەکات. سەلا: بانگەواز. لە بەر: بـەر لـە، لـە پێش.

واتە: ناوبردنی پیاوچاکان و بەندە لەخوداترسەکان، رەحمەتی خودای لەگەڵدایە و کار بـۆ مـرۆ ئاسان دەکات، ئەگینا من لە کوێ و ستایشی پایەی سیددیقیی ئەبووبەکری سـیددیق لـە کـوێ؟ کەی ئەم کارە لە وزەی مندایە؟ ئەنجا پاش ستایشی حـەزرەتی ئەبووبـەکر دێتـە سـەر ستایشـی حەزرەتی عومەر و دەڵێت:

کە باسی پیاوچاکان و خوداناسانی راست هاتە ناو پێویسـتە بڵـێین: «حیّهـل بعمـر» ئەمـەیش ئیشارەیە بۆ ئەوەی تەبەرانی و حاکیم گێڕاویانەتەوە لە ئیبنومەسـعوودەوە کـە فەرموویـەتی: «اذا ذکر الصالحون فحیّهل بعمر. إنّ عمر کان أعلمنا بکتاب الله و أفهمنا فی دین الله».

عومەر دووەم کەسی گەورەیە لە چوار جێنشینەکانی پێغەمبەر، کە لە ڕۆژی قیامەتدا بەر لە هاوڕێکانی تری بە دیداری خودای گەورە شەرافەتدار دەبێت.

ئایا کەس هەیە، بێجگە عومەر، کە رای دەربڕیبێ و رادەی لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و، تەنانەت لەگەڵ تەوراتیشدا رێک بێت؟

بوخاری و موسلیم لە عومەرەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی:

«وافقتُ ربّی فی ثلاث، قلتُ: یا رسول الله لو اتّخذنا من مقام ابراهیم مُصَلّی، فنزلت: (واتخذوا من مقام ابراهیمَ مُصَلّی) [۲۱]. و قلت یا رسول الله یدخل علی نسائک البرّ والفاجر فلو أمرتهنَّ یَحتَجِبنَ، فنزلت آیة الحجاب.

واجتمع نساء النبیّ (ص) فی الغیرة فقلت عسی ربّه ان طلّقکنّ ان یبدله ازواجاً خیراً منکن فنزلت کذلک». هەروەها تا حەڤدە شوێن.

چوارەم: مەسەلەی دیلەکانی غەزای بەدر.

پێنجەم: حەرامکردنی شەراب.

شەشەم: هاتنی ئایەتی (فتبارک الله أحسن الخالقین) [۲۲] لە پاش (من سلالة من طین) [۲۳].

حەوتەم: مەنعی نوێژکردن لەسەر جەنازەی عەبدوڵلای کوری ئوبەی.

هەشتەم: داوای لێبووردن نەکردن بۆ کۆمەڵی دووڕووەکان.

نۆهەم: لە راوێژکردنی حەزرەتا بە هاوڕێکانی لە دەرچوونا بۆ بەدر، ئایەتیش هات و موافیق بوو لە سەری.

دەهەم: لە مەسئەلەی چوونی مێرد بۆ لای ژنی لە شەوی رەمەزاندا. هەروەها لە حەوت رووداوی تردا.

مەسئەلەی موافەقەی فەرموودەی عومەر لەگەڵ تەوراتدا ئەوەیە کە عوسمانی کوڕی سەعیدی دارەمی لە سالمی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە:

ڕۆژێ کەعبی ئەحبار وتی: «ویل لملک الارض من ملک السماء». گورج حەزرەتی عومەر فەرمووی «الّا من حاسب نفسه» هەر لەوێدا کەعبی ئەحبار سوێندی خوارد کە لە تەوراتیشدا ئەم ئیستیسنایە هەیە، عومەر لە خۆشیی ئەم قسەدا سوجدەی شوکری برد.

شایانی باسە وتنی هەندێ رستە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز پێش نازڵبوونی، بە تایبەتی تەنیا بۆ عومەر بووە، ئەوەندە دڵی نوورانی بووە کە (وحی) پێش نازڵبوونی هاتووەتە دڵیەوە.

یەکێکی تر لە بەڵگەکانی گەورەیی حەزرەتی عومەر ئەوەیە پێغەمبەر(د.خ) رووبەڕووی عومەر خۆی فەرموویە: «لو کان بعدی نبیّ لکان عمر الخطاب» واتە ئەگەر لە دوای من پێغەمبەرێکی تر ببوایە عومەری کوڕی خەتتاب دەبوو.

هەروەها لەبارەی گەورەیی حەزرەتی عومەرەوە (ر.خ) مەولەوی بە ناحەزەکانی دەڵێت: ئەی شەمشەمە بەڕۆژکوێرەکان! ئەگەر عومەر دڵی بە نووری خودای گەورە رووناک نەبوایە چۆن دەیزانی کە (ساریە)ی سەرکردەی سوپا لە نەهاوەند گەمارۆ دراوە و، لە مەدینەوە لەسەر مینبەر بانگی لێ دەکرد: ساریە وریا بە شاخەکە بەرمەدە، ئەویش لەو ماوە دوورەوە گوێی لێ دەبوو و دەکەوتە خۆی و سەردەکەوت؟

ئەگەر ئەمە بە هۆی نووری خوداییەوە نەبێت عومەر و مەدینەی مونەووەرە لە کوێ و ساریە و نەهاوەندی لە کوێ؟!

حەزرەتی عومەر، چ بوونەکەی و چ جوود و بەخششی، وەک بەحری لێشاوکردوو وابوو. لەبەر ئەوە بوو حیکمەت وەک رووباری نیل لە بوونی ئەوەوە لێشاوی کرد و، رووباری نیل خۆیشی، وەک بەخششی ئەو، پاش تێفڕێدانی کاغەزەکەی، لێشاوی کرد.

یەکێکی تر لە نیشانەکانی گەورەیی عومەر ئەوەیە دەگێڕنەوە کە حەزرەتی جیبرەئیل عەرزی حەزرەتی کردووە: «یا خیر البشر لبیک الاسلام لموت عمر».

واتە: ئەی چاکترین خەڵکی خودا پێویستە ئاپینی ئیسلام، یا خەڵکی موسوڵمان، لە کاتی مەرگی عومەردا بگرین. پشتگیریی ئەم قسەیە دەکات ئەوەی تەبەرانی لە عیسمەی کوڕی مالیکەوە ریوایەتی کردووە کە پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی «و یحک اذا مات عمر فان استطعت ان تموتَ فمت».

جا ئەگەر هەندێ لەم ریوایەتانە بێهێز بن قەیناکا؛ چونکە ئەم حەدیسانە دەربارەی شەرەف و مەناقیب هاتوون، لەبەر ئەوە چاوپۆشی لە بێهێزییان دەکرێ.

فارووق مرد، زوڵمەت داگرت [٢٤] خافیقەین

پێی دەوێ زیای چرای (ذی النورین)
شەبیهی دوو شەخس حەبیبی جەلیل،
(ختم النبیّین)، جەنابی خەلیل
(زوجَ نَیّرِی أوجِ ذا الفَلَکْ)

ئەر دەبوون تا چل بۆی دەبوون یەک یەک
(لَــهُ کَــرَّتَين «مــا عَلَــی عثمــان...»[٢٥]
و هـــو مَـــرَّتَين اِشـــتری الجنـــان)[٢٦]
(یَـــدُهُ یَـــدُ النَّبـــی الأبطَحـــی
منـــه الملائـــک طُـــراً تســـتحی)[٢٧]
(سَـــبعون الفـــاً کـــلٌّ اِســـتَوجَبْ
أن یـــدخل النّـــارَ و أن یُعَـــذَّبْ)
(بشـــفاعةِ مـــن ذاک الجنـــاب
داخلـــو الجنـــة مـــن غیـــر حســـاب)
(کـــان لِلقـــا النبـــی خمیصـــاً
لِـــذا مـــا خَلَـــعَ ذاک القمیصـــا)
(حَتّـــی لَقِـــیَ النَّبـــی سَـــعیداً
ذا مرتبـــةٍ أســـنا شـــهیداً)

واتە: تا حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب بەسەر زیندوو بوو، کار و بـاری دەوڵـەتی ئیسـلامی بەڕێوەدەبرد، ڕووناکیی دینداری و دادپەروەریی ئەو خۆرهـەڵات و خۆرنشـینی جیهـانی ڕوونـاک کردبۆوە. کاتێ ئەو کۆچی دوایی کرد هەردوولا تاریکی دایگرت، جیهان پێویستی بوو بە ڕووناکیی چرایەک کە خاوەنی دوو نوور بێت، یەکێکیان بۆ خۆرهەڵات و یەکێکیان بۆ خۆرنشـین، ئـەو زاتـە خاوەن دوو نوورەیش حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەففان بوو، کە خاوەنی نووری ئیمـان و نـووری شەرم بوو، یا خاوەنی نووری بەخشندەیی لە پێناوی ئیسلامدا و نووری کۆکردنەوەی قورئـان بـوو، یا خاوەنی دوو نووری کچەکانی حەزرەتی (محمد المصطفی) (د. خ) بوو. ئەو دوو کچـە (رقیّـە) و (ام کلثوم) بوون کە یەک لەدوای یەک پێغەمبەر(د. خ) مارەیبڕین لێی.

ئەم زاتە بەشەرمە بە دەست و دەهەنە خووڕەوشـت بـەرزە پـاش ئیسـلام بـوونی ئەبووبـەکری سیددیق و خەدیجەی حەرەمی حەزرەت و عەلیی کوڕی ئەبووتالیب و چەند کەسێکی تر، لەسـەر داواکردنی ئەبووبکر ئیسلام بوو، واتە:

حەزرەتی ئەبووبەکر قسەی لەگەڵ کرد و ئەو بوو بە هـۆی ئیسـلام بـوونی، ئـەم پیـاوە بـەڕێزە دووجار کۆچی کرد بۆ حەبەشە و جاری سێهەمیش بۆ مەدینەی مونەوورە، یەکێکە لە کۆچکردووە

پێشووەکان، یەکێکە لەو دە هاوڕێی پێغەمبەرە کە موژدەی بەهەشتی پێداون. هەروەها لە حەزرەتەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: شێوە و ڕەنگ و ڕوخساری عوسمان لە هەموو کەس زیاتر لە شێوەی پێغەمبەر و حەزرەتی ئیبراهیم چووە. وەک وتمان مێردی دوو کچی حەزرەت بوو، کە وەک مانگ و خۆر سەربەرز و شەرافەتمەند بوون، حەزرەت(د. خ) یەکەم جار پێش بوونی بە پێغەمبەر (رقیە)ی لێ مارەکرد کە لە ساڵی (دوو)ی کۆچی لە کاتی غەزای بەدردا وەفاتی کرد، پاش ئەم (ام کلثوم)ی لێ مارە بڕی، کە ئەمیش ساڵی (نۆ)ی کۆچی کۆچی دوایی کرد[٢٨]، جا پێغەمبەر پێی فەرموو: ئەگەر چل کچم ببوایە هەر چلەکەم یەک لە دوای یەک لێ مارە دەکردی.

دوو جار حەزرەت(د. خ) دەربارەی عوسمان فەرموویەتی «ما علی عثمان ما عمل بعد هذه»، هەروەها عوسمان دوو جار بەهەشتی بۆ خۆی کڕی یەکێکیان بە کڕینی بیری ڕوومە. دووەمیان بە ئامادەکردنی سوپا بۆ غەزای تەبووک کە پێیان دەوت (جیش‌العسرة).

لە ڕووداوی حودەیبییەدا لە نزیکی (مکّە)ی موکەڕڕەمە کاتێ هاوڕێکانی پێغەمبەر(د. خ) دەستیان خستە ناو دەستی و بۆ بەگژاچوونی کافرەکانی مەککە بەیعەتیان لەگەڵ کرد، ئەگەر نەیەڵن تەوافی کەعبە بکەن و ڕێگای عەمرەیان لێ بگرن، بەڵێ لەوکاتەدا عوسمان نێررابوو بۆ مەککە؛ لە بەر ئەوە حەزرەت دەستێکی خۆی خستە ناو دەستەکەی تری و وتی: ئەمەیش لەباتی عوسمان. لەسەر فەرموودەی حەزرەت(د. خ) فریشتەکان شەرمیان لە عوسمان کردووە.

(ابن عساکر) لە ڕێگای حەزرەتی (ابن عباس) ەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی حەفتا هەزار کەس لەوانەی سزای دۆزەخ پاداشیانە خودای گەورە بە میهرەبانیی خۆی و بە تکای عوسمان لێیان خۆش دەبێ و دەچنە بەهەشت. دەڵێن حەزرەت(د. خ) پێی فەرمووە ئەو کراسەی دەیکەیتە بەرت دایمەکەنە هەتا بە من دەگەیت، جا لەسەر ئەم ئامۆژگارییە عوسمان زۆر تامەزرۆ و موشتاق بوو بۆ ئەو گەیشتن بە پێغەمبەرە(د. خ) ؛ ئەوە بوو وازی لە جێنشینی نەهێنا هەتا شەهید کرا(ر.خ).

چرای (ذی النورین) ئەوا کوژیاوە
پاڵ دە؛ چار نییە، وەلای دەرگاوە[٢٩]
بابی مەدینەی عولوومی[٣٠] هودا
قالیعی بابی خەیبەری عیدا

وەلیـی مـوئمینین، ئوسـوە و موقتـەدا
مورتەزایـە و موجتـەبا و[۳۱] موهتـەدا
چلـۆن فەزلـێکی وازیحـە و جـەلی
(مـن کنـتُ مـولاه مـولاهُ علـیّ)؟
(و عـن شـأنِهِ العلـیّ یُجَلّـی:
أن رُدّتِ الشـمس لکـی یُصـلّی)
نـەوری حەدیقـەی گوڵشـەنی سـەفا
نـەوری حەدەقـەی عیرفـان و وەفـا
کەوکـەبی بـرووج ئەوسـافی جـەمال
ئەسـەدی بێشـەی نعـووتی جـەلال
(أخُ حبیـبِ الـرّبِّ المهـیمن
حبُّـهُ عنـوان کتـابِ المـؤمن)
(خُـصَّ بـه مـن حضـرةِ المختـار
انـتَ قسـیمُ الجنـة والنّـار)
(مـا أحـد عـن الصـراطِ جـازا
حَتّـی یُـرَقَّن لـه الجـوازا)
درەخـتی سـاحیب میـوەی رائیقـە
فـەرق ناکـا میـوەی سـاحیب زائیقـە
(ألـیسَ رأسَ بـدن الوجـود
رأسُ حبیـبِ حضـرة الـودود؟)
(مـا جـاء مـا جـا لَـهُ لِأحَـدْ
مِـن صـحب النبـیّ؛ قالَـهُ أحمـد)

پاڵ دە: پاڵ بدە. نەور: گوڵاڵەی درەخت لە سەرەتای بەرگرتنیدا.

واتە: کە چرای ناوچاوانی درەخشانی عوسمانی خاوەن دوو نوور کوژایەوە و کۆچی دوایی کـرد چار نییە و پێویستە پاڵ بـدەی بـە لای ئیمـامی عەلییـەوە کـە دەرگـای شـاری زانسـتە وەکـوو

حەزرەت(د. خ) فەرموویەتی وەک تیرمیذی دەیگێڕێتەوە «انا مدینة العلم و علیّ بابها»[٣٢] ئەم شیعرە واتایەکی تریش دەبەخشێت، واتە کاتێ تۆ لە هۆدەیەکدا بووی و چرایەکی تێدا بوو رووناکی دەبەخشی، کە چراکە کوژایەوە چار نییە ئەبێ پاڵ بە لای دەرگاوە بدەیت؛ هەتا لە رووناکیی دەرەوە سوود وەربگری... دیارە مەبەس لەم خانووە خانووی خیلافەتە و مەبەس لە چرای (ذی النورین) حەزرەتی عوسمانە و، مەبەس لە دەرگاکە حەزرەتی عەلیی کوڕی ئەبووتالیبە خودایان لێ رازی بێت. حەزرەتی عەلی (کرّم الله وجهه) لە تەمەنی دە سالیدا موسولمان بووە، هەرگیز سوجدەی بۆ بت نەبردبوو. ئەم زاتە پایە بالایە یەکێکە لەو دە هاوڕێیەی پێغەمبەر(د. خ) کە بە تایبەتی موژدەی بەهەشتیان پێدراوە.

کە لە شاری مەدینەی مونەووەرەدا پەیمانی برایەتی لە نێوان هاوڕێکانی پێغەمبەردا بەسترا پێغەمبەر(د. خ) عەلیی بە برای خۆی دانا[٣٣].

عەلی یەکێکە لە زانا هەرە گەورەکانی هاوڕێیانی پێغەمبەر. ئەو بوو لە غەزای خەیبەردا دەرگای قەڵای خەیبەری هەڵکەند، لە داوەری و بڕینەوەی دعوا و دەعواکاریدا یەکەم داوەر بووە.

خۆشەویست و پێشەوای موسولمانان بووە. جێگای رەزامەندیی خودای گەورە بووە. بە ئامۆژگاری و فێرکردنی لە لایەن پێغەمبەرەوە بە تایبەتی رێی رووناک و پیرۆزی خۆی دۆزیوەتەوە.

سالی (حجة الوداع) کە دوا حەججی پێغەمبەر بوو لە غەدیری خوم پێغەمبەر فەرمووی «مَن کنتُ مولاه فعلیٌّ مولاه، اللّهمّ والِ مَن والاه و عادِ من عاداه». زانایانی حەدیس وشەی (مولی) یان بە دۆست و یارمەتیدەر لێکداوەتەوە. بێگومان ئەم پایە بۆ حەزرەتی عەلی پایەیێکی ئێجگار بەرزە.

دەگێڕنەوە: رۆژێ لە پاش نوێژی عەسر حەزرەت سەری لە کۆشی عەلیدا بوو، لەوکاتەدا وەحیی بۆ هات و وەحیەکە درێژەی کێشا هەتا مەغریبی بەسەراهات، لەوێدا حەزرەت(د. خ) فەرمووی «اللّهم انه کان فی طاعتک و طاعة رسولک فاردد علیه الشمس فطلعت بعد ما غربت». ئەم حەدیسە تەحاوی و قازی عەیاز لە کتێبی (شفاء)دا بە (سحیح) یان داناوە. (ابو زرعة) یش لەگەڵ کۆمەڵێکدا بە (حسن) یان داناوە و، بەرپەرچی قسەی ئەوانەیان داوەتەوە کە وتوویانە: (موضوع) ە، واتە هەڵبەستراوە و راست نییە.

حەزرەتی عەلی هەلالەی رەنگاوڕەنگی باغچەی سەفادار و رووناکی گلێنەی چاوی وەفادارانە، ئەستێرەی بورجی سیفەتە جەمالییەکانی خودا بووە، واتە دیدگای ئەو سیفەتانە بووە و هەرکات دوعای چاکەی بۆ خەلک کردبێ خودا قبوولی کردووە، هەروەها شێری بێشەی سیفەتی جەلالییەکانییەتی، واتە کە دوعای شەڕی لە هەرکەس کردبێ دوعاکەی گورج گیرا بووە، عەلی برای پێغەمبەری خۆشەویستی خودا بووە، خۆش‌ویستنی عەلی نیشان و سەر لاپەڕەی دەفتەری باوەڕی موسولمانانە، بە واتایەکی تر خۆش‌ویستنی ئەو نیشانەی ئینسانی موسولمانە. دەڵێن حەزرەتی عەلی(ر.خ) لە لایەن حەزرەتەوە(د. خ) تایبەتە بەوەی کە بێ‌رێدانی ئەو کەس لە (صراط) نەپەڕێتەوە و، هەروەها ئەو لە رۆژی خۆیا ئەهلی بەهەشت و دۆزەخ لێک جیادەکاتەوە.

پاش ئەمە مەولەوی دەفەرموێت: درەختێ کە خاوەنی میوەی جوان بێ فەرقی سەر و خواری نییە، واتە: لە خانەدانی پێغەمبەریدا حەزرەت(د. خ) خۆی سەربەرزی ژوورەوە بووە، ئیمامی عەلی بن لقی خوارەوە بووە و، میوەی هەردوویان بە تام و شیرینە[٣٤].

هەروەها بە شێوەی (استفهامی انکاری) دەفەرموێت: ئایا پێغەمبەری خۆشەویستی خودا سەری لاشەی بوون و بووان نییە؟[٣٥]

هەروەک ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەفەرموێ: ئەوەندە حەدیس لە پیاهەڵدانی عەلیدا هاتووە بۆ کەسی‌تر نەهاتووە.

هَل زَوَّجْ (زهرا) غیرَ ذا الفتی؟!
هل أتی إلّا فیهِ (هل اتی)؟!
کێس گەیشتوێ تا ئەو نیهایە؟
لە شەئنیدا بێ تا سێسەد ئایە؟!
(ألَیسَ قالَ وَلَدُ الخطّاب،
مَعْ ذلک الفضل لِذاک الجناب)
پەناه بەو خودای (ذی الآلا) و مینەن
لەو موعزەلە بۆی نەوێ (بوالحسن)؟
کێ بوو قائیل وێ بە (والله ما
تنزّلَتْ مِن آیة مِن سَما)

ئـــیللا دەیـــزانم یـــەک یـــەک بـــە ئیســـبات
لە چی دا و، لە کوێ و، ئەسەر کێ و، کەی هات؟
(و هـــــذا الکـــــلام لا تغفـــــل عنـــــه
«علـــــیّ منّـــــی و أنـــــا منـــــه»)
(و بـــــذا الحـــــدیث علمُنـــــا حَصَـــــل
«فـــی هـــذا الفتـــی مـــن عیســـی مَثَـــل») [٣٦]
شەمســـــی ئاسمـــــان عیـــــزز و تـــــەوقیرە
ئاســـــار کەســـــیرە ئـــــەنوار شـــــەهیرە
ئـــەر مـــەدحی بکـــەم مـــەدحی خۆمـــە فـــاش
نـــووری ئـــەو لـــە کـــوێ و بینـــایی خـــەففاش؟!
(إجتَنَـــــتّ مِـــــنَ الـــــدنیا اجتثاثـــــا
وَ یایَنهـــــــا قلبـــــــاً ثلاثـــــــا)
(جـــادَ بـــالوُجوُد فـــی الـــرّبِّ المعبـــود
غاصـــت نفســـهُ فـــی بحـــر الشـــهود)
مـــورادی مـــوراد رەبـــبی هـــادی بـــوو
(مـــورادی) قـــازی بـــۆ مـــورادی بـــوو
طـــاعَ لأمـــرٍ یمضـــی وَ مَضـــی
مَـــا راعَـــهُ مـــا قضـــاه القضـــا
(أســـلَمَ وَجْهَـــهُ لمـــا جَبَهَـــهُ)
(فکـــرَّم الله تعـــالی وجهـــهُ)

واتە: حەزرەت(د. خ) کچی خۆشەویستی خۆی فاتیمەی زەهرای لـە کـێ مـارەکرد لـە عـەلی نەبێ؟[٣٧]، دیارە ئەم دەستنیشان‌کردن و هەڵبژاردنەیش لەبەر ئـەوە بـووە کـە حـەزرەتی عـەلی پیاوێکی دیاری و لێهاتوو و خۆشەویستێکی لەدڵاجێ‌گرتووی حەزرەت بووە.

تەبەرانی لە ئیبنومەسعوودەوە دەگێڕێتەوە کەوا پێغەمبـەر فەرموویـە «ان الله تبـارک و تعـالی أمرنی ان ازوجّ فاطمةَ من علی».

هەروەها مەولەوی لە باسی گەورەیی پایەی حەزرەتی عەلیدا بە شێوەی پرسیار دەڵێت: سوورەتی پیرۆزی (هَل أتي عَلي الإنسان حينٌ من الدَّهرِ) دەربارەی کێ هات بۆ پێغەمبەر(د. خ) ئەگەر دەربارەی عەلی نەهاتووە؟

ئەگێڕنەوە: هۆی هاتنی ئەم سوورەتە حەزرەتی عەلی و حەزرەتی فاتیمەی زەهرا بوون؛ ئیمام فەخری رازی لە تەفسیرە گەورەکەیدا دەڵێت: (واحدی) کە لە کۆمەڵی ئیمەیە لە کتێبی (بسیط)دا ئەڵێت ئەم سوورەتە دەربارەی ئەوان هاتووە، پوختەی قسەکەی ئەوەیە حەسەن و حسێن نەخۆش کەوتن؛ عەلی و فاتیمە و کەنیزەکێکیان، کە ناوی (فضّە) بوو، لە سەر خۆیان نەزر کرد ئەگەر خودا شیفای ئەم دوو نەخۆشەی دا یەکی سێ رۆژ بەڕۆژوو بن، ئەوەبوو خودای شیفای دان و ئەوانیش نەزرەکەیان بەجێ‌هێنا و بەڕۆژوو بوون، هەر رۆژێ لەو سێ رۆژە لە کاتی بەربانگ کردنەوەدا گەدا و نەدارا ئەهاتنە بەردەرگایان، ئەوانیش ئەوەی لە بەردەستیاندا بووبێ پێیان ئەدان. دیارە تەنها لەبەر رەزامەندیی خودا، ئەنجا لە ستایش و پیاهەڵدانی ئەو حاڵەتە جوانەی ئەواندا ئەم سوورەتە پیرۆزە هاتووە بۆ پێغەمبەری گەورە(د. خ).

هەروەها مەولەوی دەفەرموێت ئاخۆ کەس گەیشتووەتە ئەو پایەیە کە سێسەد ئایەت لە قورئانی پیرۆز لە نەعت و ستایشی ئەودا نازڵ بێت وەک بۆ حەزرەتی عەلی نازڵ بووە؟

حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب(ر.خ) لەگەڵ ئەو هەمووە زیرەکی و لێهاتووییەدا کە بووی دەیفەرموو پەنا بە خوا لەوەی مەسئەلەیەکی گران لە ناوماندا هەڵبکەوێ و (ابو الحسن) ـ واتە: عەلی ـ لێرە نەبێ چاری بکات، مەبەستی ستایشی حەزرەتی عەلی بوو لە چارکردنی مەسئەلە گیروگرفتدارەکاندا.

(ابن سعد) لە حەزرەتی عەلییەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی هەر ئایەتێ لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوار من دەزانم دەربارەی چی و لە کوێدا و دەربارەی کێ و لە چ کاتێکا هاتووەتە خوار.

حەدیسێکی‌تریش دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: «أنَّ علياً منّي و انا منه و هو وليّ كلّ مؤمن بعدي»[۳۸] مەبەس لەم فەرموودەیە پێوەندی رۆحیی لەئەندازەبەدەری نێوان حەزرەتی پێغەمبەر و ئیمامی عەلییە.

هەروەها مەولەوی لە ستایشی حەزرەتی عەلی‌دا دەفەرموێ: عەلی پڕتەوبەخشی ئاسمانی سەربەرزی و شەرافەتە و نووری بە جیهاندا بلاوە، ئەگەر من ستایشی بکەم ئەوە ستایشی خۆم دەکەم؛ یەکەم لە بەر ئەوەی کە خۆم لە نەوەی عەلیم کە خاوەنی ئەم هەمووە پایەبەرزانەیە،

دووەم: چونکە لە ستایشی منەوە بۆ عەلی ئەوە دەردەکەوێت کە گوایا من مرۆڤێکی ورد و زیرەک و خاوەنهۆشم و دەتوانم ستایشی ئەم زاتە گەورە بکەم، بەلام وانییە چونکە لە راستیدا پرتەوی رۆژی رووی ئەو بە شەمشەمەکوێرەیەکی وەک من نابینرێ...

بەلێ حەزرەتی عەلی لە دنیا و سامانی دنیا بە تەواوی پچڕا و لە ناخی دڵیەوە دنیا و خۆشیی دنیای سێ بە سێ تەلاق دا و گەڕانەوەی بۆ نەبوو.

گیانی خۆی لە پێناوی خودادا بەخشی و لە دەریای بێبنی (شهود)دا نوقوم بوو.

موراد و مەبەستی ئەو موراد و مەبەستی خودا بوو؛ واتە خودای گەورە چی ویستووە عەلیش ئەوەی ویستووە؛ (عبدالرحمن)ی کوڕی مەلجەمی موڕادی کە تاوانی کرد و حەزرەتی عەلی شەهید کرد لە راستیدا موراد و خواستی عەلیی جێبەجێ کرد؛ عەلی ئەیویست بە شەهیدی و خوێن بەبەرگەوە بچێتە بارەگای خودای گەورە، ئەوەبوو (مورادی) مورادی هێنایەدی! ملکەچی خوداپەرستی بوو، سەری پێوە نەبوو بۆ هەر قەزا و قەدەرێکی خودایی و بە رەزامەندییەوە سەری بۆ قەزای خودا دادەنەواند و لێی نەدەترسا، قەزای خودای خۆش دەویست و بە دڵنیاییەوە خۆی دابووە دەستی خودا و ئەوەی لای خوداوە رووی تێدەکرد. خودایش رووسووری دنیا و قیامەتی کرد.



١ـ ئەم سەرباسە تەنها لە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ لە نوسخە چاپەکەدا (هەمزە) یەک لەسەر (هێ)ی (حقّە) نووسراوە کە دەکاتە (حەقەی) بێگومان (حەقە) راستە، وەک لە دەستنووسەکەدا نووسراوە. دیارە (خیلافەت) موبتەدایەو (حەقە) خەبەریەتی.

٣ـ لە دەستنووسەکەدا لە ژێر (ی)ی (تێدا)دا چوار نوقتە دانراوە. دوور نییە (تێید) بووبێت و، بە هەڵە چوکلەکەی تر نەنووسرابێت.

٤ـ ئایەتی (٥٤) لە سوورەتی (المائدە).

٥ـ ئایەتی (١٦) و (١٧) لە سوورەتی (فتح).

٦ـ ئایەتی (٥٥) لە سوورەتی (نور).

٧ـ ئایەتی (٨) لە سوورەتی (حشر).

٨ـ ئایەتی (٦) و (٧) لە سوورەتی (الفاتحە).

٩ـ بە پێی پەراوێزی دەستنووسەکە: هەڵدەگرێ واتاکەی: ئیمام عەلی بێت یا ئیمام عەلی ئیمام بێت.

١٠ـ بە پێی پەراوێزی دەستنووسەکە هەڵدەگرێ (بۆ خودا) یا (بەو خودا) بێت، کە ئەم دواییە قەسەم دەبێت.

۱۱ـ وا بزانم ئەم بەیتەی مەولەوی موبالەغەیەکی زۆری تێدایە، ئەوەندەی مەبەست بووە حەزرەتی ئەبووبەکر گەورە بکات بەلام جلەوی تەعریفی لە دەس دەرچووە. ئەگینا پێغەمبەرێکی خاوەن پەیامی لە (اولو العزم)ی وەک حەزرەتی (محمد) و ئەبووبەکرێ کە یەکێکە لە ئوممەتی ئەو، (روح القدس) چۆن «فەرقی نەکردن (أصلاً) لە هیچدا؟!».

۱۲ـ ئایەتی (۲۲) لە سوورەتی (نور).

۱۳ـ ئایەتی (٤٠) لە سوورەتی (توبە).

۱٤ـ ئایەتی (۳۳) و (۳٤) لە سوورەتی (زمر).

۱۵ـ ئایەتی (۱۵۹) لە سوورەتی (آل عمران).

۱٦ـ ئایەتی (٤٦) لە سوورەتی (رحمن).

۱۷ـ ئایەتی (٤) لە سوورەتی (تحریم).

۱۸ـ ئایەتی (۱۷) و (۱۸) لە سوورەتی (لیل).

۱۹ـ ئایەتی (۱۳) لە سوورەتی (حجرات).

۲۰ـ هەمزەی (أینَ)ی دووەم لەبەر وەزنی شیعرەکە ناخوێنرێتەوە.

۲۱ـ ئایەتی (۱۲۵) لە سوورەتی (البقرە).

۲۲ـ ئایەتی (١٤) لە سوورەتی (مؤمنون).

۲۳ـ ئایەتی (۱۲) لە سوورەتی (مؤمنون).

۲٤ـ لە دەستنووسەکەدا و لە چاپەکەیشا (داگرت) ە، بەلام ئەگەر (دایگرت) بوایە جوانتر دەبوو، بەم شێوە ئەمان نووسیویانە (زولمەت) موبتەدایە و (داگرت) خەبەریەتی و (خافقین) مفعوولی (داگرت)ە. بەو جۆرەی من ئەیلێم (خافقین) موبتەدای دواکەوتوو و (زولمەت دایگرت) خەبەری دەبوو.

۲۵ـ قال (عبدالرحمن بنُ خبّاب (ر): شهد النبی (ص) و هو یحثّ علی جیش العسرة، فقام عثمان فقال یا رسول الله علیّ مائة بعیر باحلاسها و اقتابها فی سبیل‌الله. ثمّ حضّ علی الجیش فقام عثمان فقال: یا رسول الله علیّ مائتا بعیر باحلاسها و اقتابها فی سبیل‌الله. ثم حضّ علی الجیش فقام عثمان فقال: یا رسول الله علیّ ثلاثمائة بعیر بأحلاسها و اقتابها. فأنا رأیت رسول الله (ص) ینزل علی المنبر و هو یقول «ما علی عثمانَ ما عمل بعد هذه، ما عَلی عثمان ما عمل بعد هذه»

منصور علی ناصف، التاج الجامع للاصول فی احادیث الرسول، بیروت، دار احیاء التراث العربی ۱۳۸۱ هـ ۱۹۶۲ م، الجزء الثالث ص ۳۲۹.

وا بە پێی ئەم حەدیسە پێغەمبەر(د. خ) دووجار فەرمووی «ما علی عثمان ما عمل بعد هذە» وەک مەولەوی دەلێت (کە کرّتین «ما علی عثمان»).

۲٦ـ ئیشارەیە بۆ ئەم حەدیسە: (... قال رسول الله(ص): من یحفر بئر رومة فله الجنة فحفرها عثمان. و من جهّز جیش العسرة فله الجنة). هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ۳۲٦. مەولەوی دەلێت حەزرەتی عوسمان بە پێی ئەم

حەدیسە دووجار بەهەشتی بۆ خۆی کڕی. بیری رومە تاقە بیرێکی ئاو شیرین بوو لە مەدینە عوسمان کڕیی بۆ موسوڵمانان.

٢٧ـ «... فقال الا استحیی من رجل تستحیی منه الملائکة...»، سەرچاوەی پێشوو ل ٣٢٧.

٢٨ـ بڕوانە: (جلال الدین السیوطی، تاریخ الخلفاء، تحقیق محمد محی‌الدین عبدالحمید، مطبعة المدنی، القاهرة،١٩٦٤(ص ١٤٨).

٢٩ـ لە دەستنووسەکەدا لە پاڵ دەرگا (باب) نووسراوە، دیارە (باب)ی شیعری دوایی بەدەلە و مەبەست لە هەردووکیان حەزرەتی (عەلی) یە.

٣٠ـ لە دەستنووسەکەدا بۆ (م)ی (علوم) ژێریش و بۆریش کراوە، واتە: دەیشتوانی بە (عولوم و)ی بخوێنیتەوە، وەک لە چاپەکەدا نووسراوە.

٣١ـ لە دەستنووسەکەدا (محتبی) بە (ح) نووسراوە، کە دیارە هەڵەیە و نوسخە چاپەکە راستە. ئەم نیوە بەیتە بۆ ئەوەی کێشەکەی تەواو بێ بەمجۆرە دەخوێنرێتەوە: (مورتەزایە و موج تەبا و موهتەدا).

٣٢ـ و رواه ابن عبدالبر، و لفظه: «انا دار الحکمة و علیّ بابها». منصور علی ناصف، التاج الجامع للاصول فی أحادیث الرسول، بیروت، دار احیاء التراث العربی، ١٣٨٢هـ ـ ١٩٦٢، الجزء الثالث، ص ٣٣٧. انظر هامشه ایضا.

٣٣ـ قال ابن عمر: آخی النبی(ص) بین اصحابه. فجاء علیّ تدمع عیناه. فقال: یا رسول الله آخیتَ بین أصحابکَ و لم تؤاخِ بینی و بین احد. فقال له رسول الله(ص): أنت أخی فی الدنیا و الآخرة. سەرچاوەی پێشوو ل (٣٣٥).

٣٤ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا (منهُ) یەک بە فارسی نووسراوە ئەمەی خوارەوە پوختەی وەرگێڕانەکەیەتی.

(واتە: ئینسانی خاوەن چەش لە نێوان بەری دارێکی میوەی نازکداردا جیاوازی ناکات، گوێ ناداتێ ئەو میوەیە بەری ئەم لقە بێ یا هی ئەو لقە، یەکەیەکەی میوەی ئەو دارە لە خۆشیدا وەک یەک وان؛ کەوابوو واتای بەیتەکە روون بووەوە و، ئیشارەیە بۆ مەعنای ئەو فەرموودەیە کە لە پێغەمبەریەوە دەگێڕنەوە، کە فەرموویەتی: من و عەلی میوەی یەک دارین).

٣٥ـ بە پێی ئەوەی کە باوکم لە لاپەڕە (٧٧٢)ی کتێبی (الوسیلة فی شرح الفضیلة)دا وتوویە، لەم بەیتە (ألیس راس بدن...) دەلیلێکی مەنتیقی دروست دەبێ (صغری) کەی باس نەکراوە، واتە: (عەلی وەک سەری پێغەمبەر وایە). لەم بەیتیشە (کبری) کەی وەردەگیرێ، واتە (سەری پێغەمبەری خۆشەویستی خوایش سەری لاشەی بوونە). دیارە (نتیجە) کەیشی دەبێتە (عەلی وەک سەری لاشەی بوون وایە). بناخەی ئەم دەلیلەیش ئەو فەرموودەیە لە پێغەمبەریەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: «علیّ منّی بمنزلة رأسی من بدنی».

شایانی باسە: مەولەوی لەم باسەدا و لە باسی گەورەیی حەزرەتی عوسماندا لە هەندێ شوێنی تردا شیعری ئەم (عەقیدە مەرزییە)ی بردووە بە (فضیلە) کەی و تۆزێ دەسکاری کێشەکەی کردووە تا لەگەڵ کێشی ئەویدا بگونجێ.

٣٦ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا دوو نیشانەی وەک یەک لە ژێر (الحدیث) و (فی هذا التی)دا دانراوە، مەعنای ئەوەیە حەدیسەکە بریتییە لە (فی هذا الفتی مِن عیسی مَثَل) کە دەکاتە (فی هذا الفتی مَثَلٌ مِن عیسی) مەبەستی مەولەوی ئەوەیە: ئێمە ئاگاداری ئەو حەدیسەیشین کە دەفەرموێ (فی هذا الفتی مَثَلٌ مِن عیسی). جا بۆ ئەوەی

دەقی حەدیسەکەت بۆ دەرکەویت سەیرێکی ئـەم عیبارەتـە بکـە کـە جەلالـەددینی سـیووتی لـە کتـێبی (تـاریخ الخلفاء)دا نووسیویە:

و أخرج البزاز و ابویعلی والحاکم عن علیّ قال: دعانی رسول الله(ص) فقال:«یا علیُّ إنَّ فیـک مثـلٌ مـن عیسـی، أبغضته الیهودُ حتی بَهَتوا أمّهُ، و أحبّتهُ النصاری حتی انزلوه بالمنزل الذی لیس به». ألا و انّه یهلک فیّ اثنان: مُحِبٌّ مفرطٌ یُقرِّظُنی بما لَیسَ فیّ، و مبغض (مفترٍ) یحملُهُ شنئانی عَلی ان یَبْهَتَنی.

واتە: «ئەی عەلی! تۆ نموونەیەکی عیسات تێدایە، جوولەکە ئەوەندە رقیان لێ بوو تەنانەت بوختانیان بۆ دایکـی کرد، نەسرانییش ئەوەندەیان خۆش ویست پلەیەکیان بۆ دانا کە هی ئەو نەبوو».

ئەمە واتای فەرموودەکەی حەزرەت(د. خ) بوو. دوایی حەزرەتی عەلی دەفەرموێ: دوو کۆمەڵ بە هـۆی منـەوە بە فەتەرات دەچن: ئەوانەی زۆریان خۆش دەوێم و شتی وام پیا دەڵێن کە تیاما نییە و، ئەوانـەیش کـە زۆر رقیـان لێمە و ئەو رقە وایان لێ دەکات بوختانم بۆ هەڵبەستن.

۳۷ـ فاتیمە بە ساڵێ پاش بوونی حەزرەتی موحەممەد بە پێغەمبەر لە دایک بوو. حەزرەتی عەلی پـاش غـەزای بەدر ساڵی دووی کۆچی مارەی کرد، پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر بە شەش مانگ ئەویش وەفاتی کرد. سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۷۷، پەراوێزەکەی.

۳۸ـ سەرچاوەی پێشوو، ل (۳۳۵).



مبحث الحسن و الحسين رضي الله تعالى عنهما[1]

هـەرچی پـەنهان کـرد حـەق لـە شـەجەردا
دیـــارە لـــە فـــەرع نـــەور و ســـەمەردا
ئـــەولاد کـــە (اولی) و فـــەزلی جـــەلی بـــوو
ئـــەولا تـــاج (لـــولا)، ئـــەم لا عـــەلی بـــوو
نوانـــدی ئەوســـاف کـــەمالی ئەســـلەین
ئایینەکـــەی ســـاف حەســـەن و حوســـەین
ئـــەخلاقی حەســـەن نایەتـــە تـــەقریر؛
زوان کـــام کـــەلام؟ خامـــە کـــام تـــەحریر؟
لـــە وردەی هیممـــەت ئـــەو ئـــەر ئاگـــاهی
نەلەخشـــی و بەخشـــی مەرتەبـــەی شـــاهی
ئیســـلاحی حەســـەن (بـــین المـــؤمنین)
(أحیـــــاهم، أحیـــــاهُ الله آمـــــین)
فیعلـــــی (للعبـــــاد للمعبـــــود) دەوێ
مەهـــدی لـــە ئـــەولاد ئـــەو مـــەوجوود دەوێ
گوزەشـــت لـــە شـــاهی وەســـەر ئەشـــباحدا
فەرمانفـــەرما بـــوو وەســـەر ئەرواحـــدا
بـــەم تـــەحریرە چـــاک موئەییـــەد دەوێ:
«قوتب هـەر لـە نەسـل موحەممـەد دەوێ»

تەرەججیی حەزرەت چاک زوهووری کرد
ئاوڕووی بۆ رووی ئەمر موعاویە ئاورد
بەو موددەی شەش مانگ ئەو ساحیب فنوون
تمّ «الخلافـــة بعـــدی ثلاثـــون»

ئەولا: لەسەری دایکەوە. (تاج لولا): «لولاک لولاک لما خلقت الافلاک» تاجی بوو، مەبەست پێغەمبەرە(د. خ). ئەم لا: لە سەری باوکەوە. زوان: زوبان. خامە: قەڵەم. ئەر: ئەگەر. نەلەخشی: نەلەرزی، نەترسا. (للمعبود) دەویٚ: بۆ خودای دەوێت. مەوجوود دەویٚ: مەوجوود دەبێت. گوزەشت: وازی هێنا. فەرمانفەرما: فەرمانڕەوا، دەستەڵاتدار. ئاوڕوو: ئابڕوو. ئاورد: هاورد، هێنا.

واتە: هەر خێر و پیرۆزییەک کە خودای گەورە لە ئەسڵی درەختەکەدا دایناوبوو، لە لق و هەڵاڵە و بەری بەتامی ئەو درەختەدا دەری‌خست، واتە ئەو چاکی و پایەبەرزییانەی خودا لە حەزرەتی عەلی و حەزرەتی فاتمەدا شاردبوویەوە هەمووی لە ئەولادەکانیاندا؛ کە حەزرەتی حەسەن و حەزرەتی حسێن بوون؛ دەرخست، خودایان لیٚ رازی بێت، ئەمەیش شتێکی سەیر نییە.

ئەم نەوانە سەرێکیان پێغەمبەر و ئەوسەرەکەیان عەلییە، جێی خۆیەتی کە ئاوێنەی بی‌گەردی وجوودی حەسەن و حسێن گەورەیی و تەواوی و بیٚ‌خەوشیی پێغەمبەر و عەلی بە جوانی بنوێنیٚ.

با لە حەزرەتی حەسەنەوە دەست پیٚ بکەین؛ خوو و رەوشت و کردەوەی بەرزی ئەم زاتە لە وتن نایەت؛ چ زوبانێک هەیە بتوانیٚ بیڵێت؟ چ قەڵەمێک هەیە بتوانیٚ بیخاتە سەر کاغەز؛ ئەوەتە بە بیٚ‌ترس و لەرز لە دوژمن هەر لە پێناوی رەزای خودای گەورە و پاراستنی خوێنی موسوڵمانان‌دا پایەی پادشایەتیی خۆی بەخشی، واتە وازی لە خیلافەت هێنا بۆ حەزرەتی موعاویە، ئەم ناوبەین خۆش‌کردنە و ئەو کارە گەورەی حەسەن کە ئاژاوەی کوژاندەوە و ئاشتیی خستە ناو موسوڵمانان هەموو ئەو موسوڵمانانەی لە مردن رزگار کرد، خودای گەورە ژیانی ئەبەدیی پیٚ ببەخشیٚ.

ئەو کارەی کە حەزرەتی حەسەن بەدیمەن بۆ خەڵکی کرد لە پێناوی خۆشنوودیی خودای گەورەدا کردی، خودایش پاداشی بەوە دایەوە کە حەزرەتی (مەهدی) لە نەوەی ئەو بێت، حەسەن وازی لەوە هێنا کە ببێتە گەورەی ئەشباح (تارماییەکان)، بۆیە خودا کردی بە گەورەی جیهانی ئەرواح (گیانە نەمرەکان).

هەروەها مەولەوی دەربارەی پایەبەرزیی حەزرەتی حەسەن و تێکڕای کوڕانی حەزرەتی فاتمە دەفەرموێ: ئەوەی کە باسمان کرد یارمەتی ئەو قسەیە ئەدا کە لە ناو ئەولیا و عارفاندا هەیە و ئەڵێن (قطب)ی زەمان هەر لە نەوەی حەزرەتی موحەممەدا هەڵدەکەوێت، دیارە ئەمەیش بەهرەیەکە خودا بەوانی داوە بە تایبەتی چونکە ئەوانیش ڕەزای خودایان ویستووە.

مەولەوی لەم ستایشەدا ئیشارە ئەکات بۆ ئەو حەدیسە کە دەربارەی حەسەن فەرموویەتی کاتێ کە حەسەن هێشتا مناڵ بووە: «ابنی هـذا سـیّدٌ و لعـلّ الله ان یصـلح بـه بـین فئتـین مـن المسلمین» [٢] وەک بوخاری ڕیوایەتی کردووە، جا لەم بابەتەوە دەڵێت: خودای گەورە تکاکەی حەزرەتی(د. خ) هێنایە دی ؛ ئەوە بوو ئەم زاتە بوڵەندسیفاتە پاش شەهیدبوونی حەزرەتی عەلی لە کووفە موسوڵمانان بەیعەتیان پێ کرد و بوو بە ئیمام و پێشەوای بەحەقی موسوڵمانان و چووە ریزی (خلفای راشدین) ەوە، ئەم خیلافەتەی ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو، پاش ئەوە وازی لێ هێنا بۆ حەزرەتی موعاویە و، ئەم کار و باری دەوڵەتی ئیسلامی گرتە دەست.

بە بوونی موعاویە بە خەلیفە لە ئەنجامی (تنازل)ی حەزرەتی حەسەن‌دا ئابڕوو و ڕێز بۆ ڕوخساری ئەمر و نەهی و فەرمانڕەوانیی موعاویە پەیدا بوو، چونکە لە پێش ئەو (تنازل) ەدا فەرمانڕەوای شەرعی نەبوو.

مەولەوی بە وشەی (امر) ئیشارە دەکات بۆ ئەو فەرموودەیەی لە پێغەمبەریەوە(د. خ) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی بە موعاویە: [اذا حکمت فاعدل] ـ گوایا وشەی (امر) لە شیعرەکەدا ئیشارەیە بۆ وشەی (اعدل) لە حەدیسەکەدا کە فیعلی ئەمرە.

لە دوادوایی باسی حەزرەتی حەسەن‌دا مەولەوی دەفەرموێ بەم شەش مانگ خیلافەتەی حەزرەتی حەسەن[٣٠] ساڵی خیلافەت تەواو بوو ئەمەیش ئیشارەتە بۆ ئەو فەرموودەیە کە لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەت کراوە کە فەرموویەتی:«الخلافـة فـی أمتـی ثلاثـون سـنة ثـم ملـک بعـد ذلک»[٣].

خودا لە حەسەن و لە هاوڕێیانی تری پێغەمبەر و ئال و بەیتی پێغەمبەر و لە هەموو پەیڕەوانیان ڕازی بێت.

قوربـــانیی کەعبـــەی وەفـــا: ئیســـماعیل
بـــورجی ســـەیری میهـــر ســـەییدی جـــەلیل

بـــەقای لازم بـــوو؛ تـــا تـــەمام بـــێ دەور
فیدای پێ دەویسـت، چلـۆن؟ حوسـەین تـەور
تـــەدبیری تـــەقریر (خـــالق الـــوری)
چ چـــاک تـــەعبیر دا لـــە «إنـــی أری...»:
رۆحی حوسەین هات، فەرمووی: های خـەلیل!
من بەدەل، نەیکەی، وەختی خۆی، دەخیـل[٤]
چون نیسبەت بـە فـەزل مەعریفـەی ئـەو زات
دەدوت بـەدەل بـۆی نـەکیرەی لـێ هـات[٥]
(قـــال، واصـــفاً، حضـــرةُ العلـــیم:
«و فـــدیناه بِـــذَبح عظـــیم»)
پـەز ئـەرچی چـەرای رەوزەی نـەعیم بـێ
دەشـێ بـۆچ لایـەق وەسـفی عـەزیم بـێ؟!
ئەڵـبەت ئـەو زەبحـە حوسـەین بـوو، راسـە
ئەسـفیا هـەرچی دەفـەرموون واسـە[٦]
گوزەشـتی[٧] زاهـیر بـاتین هاتـە بـەین
ئەو خاسەی حەسەن، ئـەم خاسـەی حوسـەین

پەز: مەڕ. چەرا: لەوەڕان. مەبەست لەوەڕخۆر یا لەوەڕگایە.

واتە: ئەو ئیسماعیلەی خۆی کردبووە قۆچی قوربـانی، ئـەو ئیسـماعیلەی بـڕیار درابـوو بکرێتـە قوربانیی کەعبەی وەفاداری، ئەو ئیسماعیلەی کە بورجی هاتوچـۆی نوتفـەی حـەزرەتی (رسـول الله) (د.خ) بوو، مانەوەی پێویست بوو، دەبـوا بژیایـە هـەتا ژن بێنـێ و بەشـە نوتفـەی حـەزرەتی محمد(د.خ) لە پشتی ئەوەوە بگوێزێتەوە بۆ کوڕ و کوڕەزای تا دەگاتە (عبدالله)ی باوکی حەزرەت و، دەورەی ئەو نوتفە لە مەداری باوک و باپیراندا تەواو بێت و خۆری روخساری نازداری پێغەمبـەر لە ئاسۆی ژیانەوە هەڵبێت و جیهان رووناک بکاتەوە.

ئەم مانەوەی حەزرەتی ئیسماعیلەیش فیدای دەویست، فیدایەکی حسێنئاسا، مەزن و بـەنرخ. تەقدیر و رێکخستنی کار لە لایەن خودای گەورەوە چەند جوان بوو، چەند جوان خەونەکـەی بـۆ

ئیبراهیم پێغەمبەر لێکدایەوە، کاتێ کە وتی: (...یا بنیَّ اِنی اری فی المنامِ اَنی اذبحک...) [٨] چەند بەجێ بوو کە گیانی پاکی حسێن ببێتە قوربانی لەباتی ئیسماعیل.

بەڵێ رۆحی حەزرەتی حسێن بوو کە دەستبەجێ هاتە گۆ و سەری لە پێناودا دانا و، بە باپیرە ئیبراهیمی وت: بابە گەورە! دەخیلت بم نەکەی، سەری نەبڕی، منم لەباتی ئەو، من قوربانیم!

جا لەبەر ئەوە (اسماعیل) عەلەمە و مەعریفەیە و (ذبح) کە مەبەست لێی حسێنە نەکیرەیە و، نەکیرەیش بەبێ ئەوەی تەخصیص بکرێت و مەبەست لێی شتێکی تایبەتی بێت، نابێتە بەدەلی مەعریفە، خودای گەورە لە قورئانا وشەی (عظیم)ی کردە سیفەتی وشەی (ذبح) و فەرمووی: (و فدیناه بذبح عظیم...) [٩].

بۆ جێبەجێ کردن و بەهێزکردنی ئەم رایە مەولەوی دەفەرموێت: با ئەو مەڕە پەروەردەی باخی بەهەشتیش بێ و لەوێ لەوەڕابێت، کەی شایانی ئەوەیە (عظیم) بکرێتە سیفەتی؟!

کەواتە ئەو قوربانییە، ئەو (ذبح)ە حەزرەتی حسێن بووە، بۆیە (عظیم) کراوەتە سیفەتی، دیارە قسەی دۆستانی خودا و دڵڕووناکەکان راستە، کە فەرموویانە گیانی پاکی حسێن فریاکەوت و لەباتی ئیسماعیل بوو بە قۆچی قوربانی.

لە باسی حەزرەتی حەسەن‌دا وتمان کە ئەو گوزەشتی لە حوکمداریی زاهیر کرد، تا خودا کردی بە فەرمانداری کاروباری مەعنەوی و رووناکیی دەروون.

حەزرەتی حسێنیش گوزەشتی باتینیی کرد، واتە گیانی خۆی کردە فیدا و قوربانی ئیسماعیل و ئەو خۆباختکردنەی لە ژیانی زاهیریدا دەرکەوت. ئەم دوو زاتە پایەبەرزانە هەر یەک خاسییەتێکیان هەبوو؛ یەکێکیان وازی لە حوکمداری هێنا و ئەوی تریان لە گیان، خودای گەورەیش پاداشی شایانی هەردووکیان بداتەوە.

کە شەرەفناک بوون (مُقَدَّمَتَین)
حاجەت هەس باسی نەتیجە بکەین؟
بۆ پاکیی عیترەت مورید، نەک مەرید،
هل یُرید غیر «اَنّما یرید...»؟
موعامەلە کەوت ئەو موباهەلە؛
موجامەلە کە نەک موجادەلە

دانـــا دەلیلـــی زیـــادتر[۱۰] نەویســـت
وەجهـــی تەسمییـــەی فاتیمـــەی بهیســـت
دەڵـێن: سـوئال کـە تـا لێـت نـەبن گـوم
دەڵـــێم: مەعلوومـــە «لا أســـألکم...»[۱۱]
فائیـــدە نـــادات شایســـتەی ئـــەعمال
(إلاّ بالـــــذی یعـــــرف حـــــقّ الآل)
تـا سـەلات لەسـەر ئـال و بـەیت نـەدەی
ئیـددیعای قبـووڵ دوعـای خـۆت نەکـەی
ئاگـــات لـــە خـــۆت وێ، قـــەدریان بـــزان
(بغضـــــهم نفـــــاق، حـــــبّهم إیمـــــان)
ئیمـــان وە بـــێ‌حـــوب ئـــالی پێغەمبـــەر
ناکـــا بـــە دڵـــی هـــیچ کەســـدا گـــوزەر
مەشـــــرەبت ئەگـــــەر بائینســـــافییە
«إنّـــی تـــارکٌ فـــیکم...» کافییـــە
بچـــۆ صـــەواعیـــق بێـــران بیخوێنـــە
لـــە شـــەئنیاندا هـــیچ دامەمێنـــە
غـــەیری زاتی حـــەق (جَـــلّ، تقـــدّس)
ســـیوای پێغەمبـــەر بزورگتـــەرێ هـــەس؟
خـــۆ ســـەرکاری حـــەق (بـــاری البریّـــة)
لـــە رەبـــت و نیســـبەت فرزەنـــد بەرییـــە
پـــەس لـــە لای فـــامین هەرکەســـێ کەســـە
وتـــت: ئـــەولادی پێغەمبـــەر بەســـە
ئـــەوانت لەبـــەر چاکـــە گەرەکـــە
مەعرەکـــەی نـــاوێ ئـــەو موشـــتەرەکە

ناشـــێ ویجـــدانت ئەمـــە نـــەزانێ
نیســـبەتی خاســـەی پێغەمبـــەر کوانـــێ؟
هەس ئەم مەسئەلە کەس لـە بـەری وێ[١٢]
فـەرعی بـێعەمـەل لـە بـەش بـەری وێ

مورید: لێرەدا مەبەست دۆستە. مەرید: بەدی شەڕانی. بهیست: بیست. بێران: بهێنـە. پـەس: کەواتە. فامین: تێگەیشتن. هەس: هەیە. لەبەری وێ: لەبەری بێت. فـەرع: ئـەولاد. بـەریی وێ: بێبەش بێت.

واتە: کاتێ بە بەرزی و گەورەیی دوو موقەددیمەکەت زانی، کە لە رشتەی دایکـەوە حـەزرەتی (محمد) ە(د. خ) و لە رشتەی باوکەوە شێری خودا عەلییە، یا کە بریتین لـە فاتیمـە و عـەلی، یـا بریتین لە جووتە پێشەوا حەسەن و حسـێن[١٣] ئیتـر پێویسـت نییـە باسـی شـەرەفی ئـەولادیان بکەین؛ گومان لەوەدا نییە کە دوو موقەددیمە چاک بوون نەتیجـە و بەرهـەمیش چـاک دەبێـت، دیارە یەکێ مورید بێ؛ خواستی لەسەر حەق و راستی بێ، نەک مورید و یاخی و سەرپێچ بـێ، بـۆ سەلماندن و باوەڕکردن بە پاکی و پایەبەرزیی نەوەی حەزرەت(د. خ) بێجگە ئایەتی پیرۆزی (انمـا یریدُ الله لِیُذهِبَ عنکمُ الرجسَ اهلَ البیتِ و یطهّرکم تطهیراً) [١٤] هیچی تری پێویست نییە.

هەندێ لەو زانایەنەی واتای قورئانیـان لێداوەتـەوە لەسـەر ئـەوەن کـە ئـەم ئایەتـە دەربـارەی حەزرەتی عەلی و فاتمە و حەسەن و حسێن هاتووە[١٥] چونکـە زەمـیری (کـم) لـە (عـنکم) و لـە (یطهرکم)دا بۆ جەمعی نێرینەی قسەلەگەڵکراو دایە، بەلام دەبێ بڵێین تەغلیبە؛ هـەتا حـەزرەتی فاتمەیش بگرێتەوە. هەندێکیش وتوویانە دەربارەی حەرەمەکانی حەزرەت هـاتووە، بـە دەلالـەتی ئایەتی (... واذکرن ما یتلی فی بیوتکنّ...) [١٦] هەندێکی تریش دەڵێن بۆ هەردوولایانە بە گشتی.

هەروەها مەولەوی دەربارەی گەورەیی پایەی ئال و بەیتی پێغەمبەر دەفەرموێ: لـە سـەردەمی پێغەمبەردا(د. خ) کار لەگەڵ کافراندا گەیشتە موباهەلە و بوو بە شەڕە لەعنەت و، خـودای گـەورە پشتی پێغەمبەری گرت، ئەوەتە ئایەتەکە دەفەرموێ (فَقُل تَعَالَوا نَدعُ ابناءَنـا و ابنـاءکم و نسـاءنا و نساءکم و انفسنا و انفسکم، ثم نَبتَهِل فَنَجعَل لَعنةَالله علیالکاذبین) [١٧] بەڵێ ئەم ئایەتە دەربارەی ئال و بەیتی پێغەمبەر هاتووە[١٨]، کەواتە پێویست ناکات لەم رووەوە ململانێ بکەیت و قسە بـەگژ

قسەدا بدەیت، کاتی ئەوەیە بە گفت و لوتف و قسەی خۆش و بە ئەدەب و باوەڕەوە بێیتە مەیدان.

زەمەخشەریی[19] خاوەنی تەفسیری (الکشاف عن حقائق التنزیل) دەفەرموێت دەلیل نییە لەم ئایەتە بەهێزتر بێ بۆ پێ‌سەلماندنی گەورەیی ئەوانەی حەزرەت(د. خ) بە عەباکەیەوە پێچان، واتە عەلی و فاتمە و حەسەن و حسێن؛ چونکە کاتێ ئەم ئایەتە هات بۆ حەزرەت(د. خ) بانگی کردن و حسێنی بە باوەشەوە گرت و دەستی حەسەنی گرت، فاتمەیش لە پشتی حەزرەتەوە بوو عەلیش لە دوای ئەوانەوە دەهات بەڕێدا، وادەرکەوت کە مەبەست لە ئایەتەکە ئەمانن و، کوڕانی فاتمەی زەهرا بە ئەولادی مادی و نەسەبیی پێغەمبەر دەدرێنە قەڵەم.

بێ‌گومان ئینسانی ژیر و وریا کە زانی حەزرەتی (فاطمە) بۆچ ناونراوە (فاطمە) ئیتر دەلیل و بەڵگەی تری ناوێت بۆ سەلماندنی گەورەیی پایەی ئەم ئافرەتە مەزنە؛ دەڵێن: هۆی ناونانی بە (فاطمە) ئەوەتە کە خودای گەورە دووری خستووەتەوە لە ئاگر و ڕێگای ئاگری دۆزەخی لێ بڕیوە، کەلیمەی (فاطمە) یش لە (فطم) وەرگیراوە کە بەواتا (قطع) بڕینە؛ اخرج الدیلمی مرفوعاً: «إنّما سمیت ابنتی فاطمة لأن الله فطمها و محبیها عن النار».

دەڵێن دەربارەی ئەوانەی خۆش ویستنیان بۆ موسوڵمانان پێویستە پرسیار بکە تا لێت ون نەبن! دەڵێم پرسیاری ناوێ لێم روونە، مەعنای (قل لاأسألکم علیه اجراً إلا المودّة فی القربی)[20] م لا ئاشکرایە، ئەوەتا زانایانی حەدیس ئەمەیان روون کردووەتەوە: (اخرج احمد والطبرانی و ابن ابی حاتم والحاکم عن ابن عباس ان هذه الآیة لما نزلت قالوا یا رسول الله من قرابتک هؤلاء الذین و جبت علینا مودّتهم؟ قال: علیٌّ و فاطمة و أبناهما).

هەر لەبەر ئەمەیە کردەوەی باش وەختێ سوودی بۆ خاوەنەکەی دەبێت کە قەدر ڕاگرتن و ڕێزلێ‌گرتنی ئالی پێغەمبەری لەگەڵدا بێت.

تا سەلەوات لەسەر ئال و بەیت نەدەیت دوعات گیرا نابێت.

ئاگات لە خۆت بێت قەدری ئالی پێغەمبەر بزانە، چونکە رق‌لێبوونیان و حەزلێ‌نەکردنیان نیشانەی منافقییە و خۆش‌ویستنیان دروشمی ئیمانە، ئیمان لە دڵی موسوڵماندا بە بێ‌خۆش-ویستنی ئالی پێغەمبەر دانامەزرێت.

ئەگەر بە زەوقی و خاون ئینسافی ئەم حەدیسەت بەسە «إنّی تارک فیکم ما إن تمسّکتم به لن تضلّوا بعدی، احدهما أعظمُ من الآخر کتاب الله حبل ممدود من السماء الی الأرض و عترتی اهلُ

بیتی، و لن یَتفرّقا حتی یَرِدَا عَلَیَّ الحوضَ فانظروا کیفَ تخلفونی فیهما» [٢١] سەنەدی ئەم حەدیسە بێهێز نییە.

ئەگەر دەیشتەوێ زیاتر بزانی بچۆ کتێبی (صواعق)ی ئیبنوحەجەر بێنە و بیخوێنەرەوە تا پایە و پلەی ئالی پێغەمبەرت بۆ دەرکەوێت.

مەولەوی، خودای لێ رازی بێت، لە رێگایەکی ترەوە دەچێتە ناو مەسەلەکەوە و دەفەرموێت: لە پاش خودای گەورە لە کائینات‌دا لە حەزرەتی موحەممەد گەورەتر نییە، دیارە خودا لە نەسەب و ئەولاد بەرییە (لم یلد و لم یولد...) بەڵام حەزرەتی پێغەمبەر ئەولاد و نەوەی هەیە، کەوابوو موسوڵمانی خاوەن‌فام کە بیستی یەکێ لە نەوەی پێغەمبەرە(د. خ) رێزی دەگرێت و بە چاوی حورمەتەوە سەیری دەکات.

خۆ ئەگەر بڵێیت من نەوەی پێغەمبەرم لەبەر کردەوەی باش دەوێ، کە کردەوەی باشیان نەبوو منیش ئەوانم ناوێ، دەڵێم ئەم قسەی تۆیە، واتە: ئەم کردەوە باشییە قەدەری موشتەرەکە لە بەینی ئەوان و غەیری ئەواندا و هەرکەس کردەوەی باش بێت ئەبێ خۆشت بوێ، بەڵام ناشێ ویجدانت ئەمە نەزانێ کە پێوەندی ئال و نەوەی حەزرەت بە حەزرەتەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە بە دڵ رێزیان لێ بگریت.

هەر بۆ جێ‌گیرکردنی ئەم خۆش‌ویستنە مەولەوی باسێکی زانیاریی (فرائض) واتە زانیاریی دابەش‌کردنی میراتی مردوو بەسەر میرات‌بەراندا دێنێتە پێشەوە و بە شێوەی پرسیاری تێکەڵ لەگەڵ باوەڕنەکردندا دەڵێت:

داخۆ کەسێک هەیە مەسئەلەیەکی فەرائیز بابەتی وەهای لەبەر بێت کە بڵێت ئەولادێ کردەوەی چاکیان نەبێ لە میراتی باوکیان بێ‌بەش دەکرێن؟ دیارە، نەء؛ چونکە دابەش‌کردنی میرات لەسەر بناخەی چاکی و خراپیی ئەولاد نییە[٢٢].

(رَبِّ لا أحصی ثناء علیک
البدء والعود منکَ و الیک)
لە سەرمان شوکری تۆ بێ‌حیسابە
بۆ ئەم نەبییە و ئال و ئەسحابە
فەرمانیان وەدەس سەفیری دین دا
وە تابیعین دا و موجتەهیدین دا

چ موجتەهیـــدین؟ ئەســـحابی ئـــەقوال
چ موجتەهیـــدین؟ ئـــەربابی ئـــەحوال
وەکـــو مەشـــایخ هـــەموو تـــەرائیق
(جـــــزاهم الله بـــــأجرٍ لائـــــق)
باوەڕمـــان هەیـــە تەســـدیعیان کێشـــا
لـــە ڕێـــی دینـــەدا گشـــت ســـەریان ئێشـــا
کول ئەهلی کەمال بـە تـەکمیل خـەریک
کول ساحیب سلووک مەشغوولی تەسلیک
دریغیـــان نـــەکرد لـــە شـــەرع و لـــە وەرع
چ زاهـــیری شـــەرع، چ بـــاتینی شـــەرع
بـەوان ئیحیـا بـوو ئەسـڵ و فـەرعی دیـن
(أحیـــــــاهم الله ربّ العـــــــالمین)

وە دەس سەفیری دین دا: دایە دەستی سەفیری دین. وە تابیعین دا: دایە دەســتی تـابیعین. موجتەهیدین دا: دایە دەستی موجتەهیدین.

واتە: خودایا وەک تۆ خۆت مەدحی خۆت دەکەی، من هەرگیز ناتوانم مەدحت بکەم، سەرەتای بوونمان بە دەستی تۆیە، گەڕانەوەیشمان هەر بـۆ لای تۆیـە، بەرامبـەر بـەم نیعمەتـە گـەورە کـە پێغەمبەرە(د. خ) و، بەرامبەر بەم ئال و هاوڕێیانەی پێغەمبەر کە بنچ و بناوان و ئـەحکامی ئـایینی ئیسلامیان دایە دەس ئەوانەی دەتوانن بە خەڵقی ڕاگەیێنن، واتە بـە تـابیعین و زانـا گـەورەکانی ئایین، ئەو زانا موجتەهیدانە، ئەو پیاوە گەورانە کە هەموو خاوەن قسە و ڕان لە ئاییندا، ئەوانـە کـە دەروونیان بە ناوهێنانی خودا و بیرلێکردنەوەی ڕووناک بووەتەوە و خـاوەن ئـەحواڵ بـوون، وەک ئەو پیرە لەخوداترسانە کە خاوەنی تەریقەت بوون و ئاگاداری ئەحکامی ئیلاهی بوون، چ هی بیر و باوەڕ، چ هی ڕەفتار و کردار و ئەحکامی فەرعی، ئەو بیر و باوەڕ و کردار و ڕەفتارە بووەتە خوویـان و ئەوەی پێویستە کردوویانە و ئەوی حەرامە خۆیـان لـێ پاراسـتووە و خـوو و ڕەوشـتی بـەرزە و لەسەر ئەم خەڵکفێرکردنە پاداشیان بداتەوە.

بەڵێ ئێمە باوەڕمان لەسەر ئەوەیە ئەم زاتـە گـەورە لەخوداترسـانە زەحمـەتیان کێشـاوە و لـە ڕێگای بڵاوکردنەوەو برەودانا بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام تووشی ماندوویەتی و ئـازار بـوون، هـەموو

خاوەن کەماڵ بوون و پەیڕەوەکانیشیان پێ‌گەیاندوون، خۆیان ڕێگای خوداپەرستی و لە خوداترسییان گرتووەتە بەر و پەیڕەوەکانیشیان فێری ئەم سلووکە کردووە و، بە ڕێگای پاککردنەوەی نەفس لە خوو و خدەی بەد و رازاندنەوەی بە خوو و ڕەوشتی خاوێن و پەسەند پەیڕەوەکانیان تەمێ و تەربیە کردوون، نە لە ئیش پێ‌کردنی حوکمە دیارییەکانی شەرعدا کۆتاییان کردووە و، نە لە (ورع) و لەخوداترسی و خۆپاراستن لە گوناهدا کەمتەرخەمییان کردووە.

بەڵێ بەم ئینسانە مەزنانە، بەم پێشەوا لەخوداترسانە، بەم زانا و دانا دڵ و دەروون پاکانە بناخە و لق‌وپۆپی ئایینی پیرۆزی ئیسلام زیندوو بوویەوە، خودای گەورە زیندوویەتی و سەربەرزییان پێ ببەخشێت.

***

١ـ سەرباسەکە هەر لە چاپەکەدا هەیە و، لە دەستنووسەکەدا نییە، سەیر ئەوەیە مامۆستا نعیمی بەیتی (هەرچی...) نەخستووەتە بەر ئەم باسە و لە پێشدا نووسیویە. باوکم باشی کردووە کە سەرباسەکەی پێش (هەرچی...) بۆ داناوە.

٢ـ منصور علی ناصف، التاج الجامع للأصول، فی أحادیث الرسول، بیروت دار احیاء التراث العربی ١٣٨٢ هـ ١٩٦٢ م، الجزء الثالث، ص ٣٥٦.

٣ـ سەرچاوەی پێشوو، ل (٤٠).

٤ـ ئەگەر بیکەینە پەخشان وای لێ دێت من بەدەل وەختی خۆی، دەخیل نەیکەی، واتە: من لە ڕۆژی خۆیدا لەباتی ئیسماعیل سەرئەبڕیم، دەخیل نەکەی سەری نەبڕی.

٥ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا ئەڵێت ئەم شیعرە عیللەتی شیعری دواییە.

٦ـ ئەمە تەرتیبی دەستنووسەکەیە، واتە «پەز...تاد» یەکەم و «ئەڵبەت...تاد» دووەم. چاپەکە ئەم دوانەی پاش و پێش کردووە، دیارە هەڵەیە؛ بەیتی دووەم وەڵامی بەیتی یەکەمە.

٧ـ «گُذَشتِ...تاد» کە دەکاتە (گوزەشتی) شێوەنووسی نوسخە دەستنووسەکەیە، واتە: لەم باسی حەسەن و حسێنە دوو گوزەشت و لێبووردن هاتە کایەوە یەکێ زاهیر و یەکێ باتین، یەکەم هی حەسەن بوو و دووەم هی حسێن.

٨ـ ئایەتی (١٠٢) سوورەتی (صافّات).

٩ـ پوختەی ئەم لێکدانەوەی باوکم، وەک لە تێکرای شیعرەکانەوە دەردەکەوێ، ئەوەیە کە (ذبح) بووە (بدل)ی ئیسماعیل و (بدل) بە پێی عیلمی نەحو ئەبێ لەگەڵ (مبدل منه)دا هاوجۆر بێ.

جا ئەگەرچی لێرەدا ئەو (بدل) و (مبدل منهُ) وە نەحوییە لە ئارادا نییە، بەلام هەر لەبەر ئەوە کە حسێن کرا بـە بەدەلی ئیسماعیل گورج خرایە بەر ئیستیلاحە نەحوییەکە، دیارە لەوێدا (بدل) دەبێ وەک (مبدل منه) بێ، کەچی ئیسماعیل مەعریفەیە و عەلەمە، زیبحیش نەکیرەیە؛ لە بەر ئەوە (عظیم)ی هێنـا و کردییـە سـیفەتی (ذبـح) هـەتا (ذبح) لەو نەکیرەیییە رزگار بێت و تەخسیس پەیدا کات و لە ئیمساعیلی مەعریفەوە نزیک بێتەوە هەتا بشێ ببێتـە بەدەل.

ئەمە وردەکارییەکی جوانە، بەلام دەیشتوانین هەر بە راستە رێگاکەدا بـڕۆین و بلـێین فیـدا و بـەدەل و بـاتیی ئیسماعیلی ناسراو و دیاری نابێ قۆچێکی نەناسراو بێ؛ بۆیە خوای گەورە سیفەتی (عظـیم)ی بـەدوادا هێنـا، دیـارە قوربانی و باتیی پیاوی گەورە دەبێ پیاوی گەورە بێ.

١٠ـ چاپەکە (زیاتر)ی نووسیوە.

١١ـ لە پەراوێزی دەستنووسـەکەدا لەسەر ئەم (لا أسألکم)ە نووسراوە (فیه لطافة) واتە: من لە وەلامتاندا دەلـێم پرسیارتان لێ ناکەم شتەکە ئاسانە، یا ئیشارەیە بۆ ئایەتی (قل لا اسألکم علیه اجراً... الآیة).

١٢ـ هەس...تاد: کەس هەس ئەم مەسئەلەی لەبەر بێ؟

١٣ـ باشترین بار باری دووەمە؛ واتە فاتیمە و عەلی دوو موقەددیمەکەن و ئەولادەکانیان نەتیجەن. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە (مقدمة) و (نتیجه) ئیستیلاحی ئەهلی مەنتیقن.

١٤ـ ئایەتی (٣٣) سوورەتی (احزاب).

١٥ـ عن عائشة (ر) قالت: خرج النبی(ص) غداة، و علیه مرطٌ مرحَّل [ای کساء یمنی منقوش] مـن شـعر اسـود، فجاء الحسن بن علیٍ فأدخله، ثم جاء الحسین فأدخله، ثم جاءت فاطمة فأدخلها، ثم جاء علی فأدخله، ثم قال: (انما یرید الله لیذهب عنکم الرجس اهل البیت و یطهرکم تطهیرا) رواهُ مسلم.

منصور علی ناصف، التاج الجامع للاصول فی أحادیث الرسول، دار احیاء التراث العربی، بیروت، الجزء الثالث، ص ٣۴٧.

١٦ـ ئایەتی (٣٤) سوورەتی (احزاب).

١٧ـ ئایەتی (٦١) سوورەتی (آل عمران).

١٨ـ و لما نزلت هذه الآیة «فقل تعالوا...» دعا رسول الله(ص) علیاً و فاطمة و حسناً و حسیناً و قال: اللهم هـؤلاء أهلی، رواه مسلم والترمذی. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٣٣.

١٩ـ ناوی مەحمووده و نازناوی (جارالله) و ناوبـانگی بـە (زەمەخشـەری) دەرکـردووە، زانایـەکی نـاودارە و لـە موعتەزیلەکانە لە (٤٦٧)ی کۆچی لە دایک بووە و سالی (۵٣٨) کۆچی دوایی کردووە.

٢٠ـ ئایەتی (٢٣) سوورەتی (شوری).

٢١ـ منصور علی ناصف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣۴٩.

٢٢ـ لە راستیدا خوێنەری زیرەک لەم بەیتە دوایینەی مەولەویدا هەست بـە موبالەغـە دەکـات و، قیاسـەکەی قیاسێکی تەواو نییە.

مەولەوی لەم بەیتەدا دەفەرموێ ئەولادی بێکرداری چاک لە میراتی باوک بێبەش ناکرێن، با بەدیش بن بەشی خۆیان هەر وەردەگرن، کەواتە ئەولادی پێغەمبەر(د. خ) با خوانەخواستە بەدکرداریش بن لە خۆشویستنەکە کە لە پێغەمبەرەوە بۆیان هاتووەتەوە نابێت بێبەش بکرێن.

ئەم فەرموودەیە زیاتر لە پەند و ئامۆژگارییەوە نزیکترە و زیادەڕەویی تیایە؛ خۆشویستن قیاس لەسەر میرات ناکرێ، چونکە دوو شتی لە یەک جیان، دەقی ئایەت و حەدیسی زۆریش هەیە کە بناخەی هەموو قەدر و حورمەتێ بە لەخواترسی و کردەوەی باش دادەنێت.

باشە بۆ زیاتر پتەوکردنی ئەم رایە بگەڕێینەوە سەر سێ بەیتی مەولەوی خۆی کە لە باسی یەزیددا وتی:

زاتی یەزید و ئەوسافی حوسەین
پیاگێکیان لێ تەرکیب بکەین .
یەکێکیچ لە زات حوسەینی شەهید
لە رەزائیلی یەزیدی پەلید
ئەو ببوغزێنن ئەم بحوببێنن
بێن ئەو کەرە لەو هەرگە دەرێنن!

پوختەی کەلام: ئەولادی چاک کرداری پێغەمبەرمان وەک هەموو موسولمانێکی خاوێن خۆش دەوێ و قەدریشیان دەزانین. خۆ ئەگەر خوا نەکەردە بەدکردار بوون خۆشمان ناوێن، بەلام تەنها لەبەر کردارە بەدەکە و بەس، ئیتر نابێ ئەو خۆش نەویستنەمان بکێشێتەوە بۆ خۆشنەویستنی حەزرەتی پێغەمبەر(د. خ) کە ئەنجامەکەی کوفرە.



مبحث الأئمة فی الاصول والفروع والطریقة و أقطابها [1]

له ئەسڵی دیندا دوو کەسن مەشهوور:
شێخی ئەشعەری و شێخ ئەبوومەنسوور
لە فەرعی دیندا هەر چەهار ئیمام
مەشهوورن لەبەین تەمام خاس و عام
ئیمامی ئەعزەم ئەووەڵ سەر مەزهەب
دووەم شافیعی قورەشی نەسەب
بە ئیمای حەدیس سەییدی سەروەر
عالەم بە عیلمی ئەو بوو مونەووەر
سێیەمین مالیک فەزڵی ئەکمەلە
چوارەم ئەحمەد نەجلی حەنبەلە
چونکە مەزهەبیان مودەووەن بووگە
تەقلید هەر بۆ رێی لای ئەوان چووگە
ئەرنە لە سایەی (سید البشر)
موجتەهید زۆرن هەموو پڕهونەر
ئەرچی ئیختیلاف ئوممەت رەحمەتە
تەقلیدی غەیری ئەوان زەحمەتە

چەهار: چوار. بووگە: بووە. چووگە: چووە. ئەرنە: ئەگەرنە، وەئیللا.

واتە: دوو پێشەوای زانا و گەورە و خاوەن ئیجتیهاد لە ئوسوولی دیندا ناوبانگیان دەرکردووە و بە سەرۆکی ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت حیساب کراون، ئەم دووانە یەکێکیان ئەشعەری و ئەویتریان ئەبوومەنسووری ماتوریدییە.

ئەشعەری ناوی عەلیی کوڕی ئیسماعیلە و کونیەی (ابو الحسن)ە و لە نەوەی ابو موسای ئەشعەرییە کە لە یارانی حەزرەت بووە، ساڵی (٢٧٠)ی کۆچی لە شاری بەسرە لە دایک بووە، هەر لەوێ خوێندی و پێگەیشت و، دژی بیر و باوەڕی موعتەزیلەکان و خاوەن بیدعەتەکانی تر ڕاوەستا و بەرپەرچی بیر و باوەڕیانی دایەوە، لە پاشان هات بۆ شاری بەغدا. نزیکەی (٥٥) کتێبی داناوە، هەمووی باسی بیر و باوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت ئەکات و دژی ئەهلی بیدعەت دەوەستێ.

ساڵی (٣٢٤)ی کۆچی لە بەغدا کۆچی دوایی کرد، خوای لێ ڕازی بێت.

شێخی ماتوریدی ناوی موحەممەد کوڕی موحەممەد کوڕی مەحموودە و نازناوی (علم الهدی) و کونیەی (أبو منصور) ە، لە گەڕەکی ماتورید لە سەمەرقەند لە دایک بووە و، ساڵی (٣٣٣)ی کۆچی هەر لە شاری سەمەرقەند کۆچی دوایی کردووە، ئەم زاتە زانا و گەورەیەش لە سەمەرقەند و دەوروپشتیدا هەوڵێکی بێدرێغی دا بۆ برەودان بە ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت و موسوڵمانان گەلێ سوودیان لێ وەرگرت، خودا پاداشی چاکی بداتەوە.

ئەمە دەربارەی بناخە و ئوسوولی ئایین. پێشەوا خاوەن ئیجتیهادەکانی ئەحکامی ئایین و لق و پۆپەکانیشی چوار زانای بەناوبانگی پایەبەرز و دیارین.

یەکەم: پێشەوای هەرە گەورە (ابو حنیفە)یە کە ناوی (نعمان) کوڕی (ثابت)ە و، لە شاری کووفە ساڵی (٨٠)ی کۆچی لە دایک بووە و لە (١٥٠)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و لە شاری بەغدا و لەو شوێنەی کە ئێستە پێی دەڵێن (اعظمیە) نێژراوە، ئەم زاتە گەورەیە لە (تابعین)ە و شەش هاوڕێی پێغەمبەری دیوە. خوا پایەی بڵندتر کات.

دووهەم: مالیکی کوڕی ئەنەسە کە ساڵی (٩٥)ی کۆچی لە شاری مەدینەی پێغەمبەر لە دایک بووە و ساڵی (١٧٩)ی کۆچی هەر لە مەدینە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی پیرۆزی (جنة البقیع)دا نێژراوە، خودای گەورە لێی ڕازی بێت.

سێهەم: ئیمامی شافیعییە، کە ناوی موحەممەدی کوڕی ئیدریسە و ڕشتەی باوباپیری لە (عبدالمناف)دا دەگاتە حەزرەت(د. خ). ئەم زاتە پایەبەرزە لە شاری غەززە یا لە عەسقەلان ساڵی

(١٥٠)ی کـۆچی لـە دایـک بـووە، پـاش دوو سـاڵ بـراوە بـۆ شـاری مەککـەی موکەڕڕەمـە، کـە گەیشتووەتە تەمەنی خوێندن لە خزمەتی گەلێ لە زاناکاندا خوێندوویەتی، بە تایبەتی لە خزمەتی ئیمام مالیکی کـوڕی ئەنـەس لـە شـاری مەدینـەی مونـەووەرەدا و زۆر زوو پـێ‌گەیشـتووە، پـاش ماوەیەک هاتووەتە عیراق بۆ بەغدا و، ماوەیەک لە باکووری عیراق گەڕاوە، دیسان گەڕاوەتـەوە بـۆ بەغدا، کراوە بە (قاضی) لە یەمەن، پاش ماوەیەک بەغدا بـەجێ دێڵـێت و دەچێتـە میسـر، لـەوێ دووبارە سەیرێکی ئەو ئەحکامە ئایینییانەی کردووەتەوە کە وەختی خۆی لە بەغدا نووسیونی، ئـەو حوکمانەی لە بەغدا نووسیونی بە (قەولی قەدیم)ی شافیعی ناویان دەرکردووە و ئەوانەی لە میسر نووسیونی بە (قەولی جەدید). ساڵی (٢٠٤)ی کۆچی هەر لە میسر کۆچی دوایی کردووە و گـۆڕی موبارەکی لە (قەرافە) یە. خودای گەورە لێی رازی بێت.

چوارەم: ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی شەیبانییە، ساڵی (١٦٤)ی کۆچی لە بەغدا لە دایەک بووەو، ساڵی (٢٤١)ی کۆچی کۆچی دوایی کردووە و لـە بەغـدا بـە خـاک سـپێردراوە...خـودای گەورە پاداشی چاکی بداتەوە.

ئەم چوار ئیمامە رێباز و پەیڕەویان نووسراوەتەوە و بـە وڵاتـەکانی ئیسـلامدا بـڵاو بووەتـەوە و، لەبەر ئەوە موسوڵمانان تەقلیدیان کردوون، واتە شوێنی ئەو رێباز و پەیڕەوە کەوتوون و کاریان پێ کردووە.

بێجگە لەم چوار ئیمامە زانای ئایینیی خاوەن ئیجتیهاد زۆر بوون بـەڵام لەبـەر ئـەوەی رێبـاز و پەیڕەویان نەنووسراوە و کۆ نەکراوەتـەوە و بناخـە و بنکـەیان لـە وەرگـرتن و داڕشـتنی حوکمـە ئایینییەکان‌دا نەزانراوە تەقلیدیان دروست نییە.

بەڵێ ئیمام داوودی زاهیری، رەزای خـودای لـێ بـێ، کـە قوتـابیی ئیمـام ئەحمـەدی کـوڕی حەنبەل بووە، ئەویش وەک چوارەکە رێبازەکـەی نووسـرایەوە و دواکەوتوویشـی زۆر بـوون، بـەڵام رێبازەکەی بڵاونەبوویەوە، ئێستە دواکەوتووی ئەم رێبازە زۆر کەم و نایابن. ئیتر تێکڕا کـە رێبـازی خاوەن ئیجتیهاد نووسرا و گەیشتە دەستی خەڵک تەقلیدی دروستە.

شایانی وتنە لە سـەر ئـەم بەیتـەی مەولـەوی کـە دەفـەرموێ «ئـەرچی ئیختـیلاف ئوممـەت رەحمەتە...تاد» پێویستە نەختێک درێژە بە باسەکە بدەین.

عیبارەتی (اختلاف امتی رحمة) وا مەشهوورە کـە فـەرموودەی پێغەمبـەرە، سـیووتی(ر.خ) لـە (الجامع الصغیر)دا بە ژمارەی (٢٨٨) حەدیسەکە بەم شێوە دەگێڕێتەوە:

«اختلاف امتی رحمة: نصر المقدسی فی الحجة والبیهقی فی الرسالة الاشعریة بغیر سند، واورده الحلیمی والقاضی حسین و امام الحرمین و غیرهم، و لعله خرّج فی بعض کتب الحفاظ التی لم تصل الینا... انتهی».

هەروەها لە کتێبی (فیض القدیر)ی شەرحی (الجامع الصغیر)ی مەناویدا دەڵێت: «وأسنده فی المدخل، و کذا الدیلمی فی مسند الفردوس، کلاهما من حدیث ابن عباس مرفوعاً بلفظ «اختلاف اصحابی رحمة» و اختلاف الصحابة فی حکم اختلاف الأمة، لکن هذا الحدیث، قال الحافظ العراقی، سنده ضعیف. و قال والده المحقق ابو زرعة: رواه ایضا آدم بن أیاس فی کتاب العلم والحلم بلفظ اختلاف اصحابی لأمتی رحمة و هو مرسل ضعیف. و فی طبقات بن سعد عن القاسم بن محمد نحوه... انتهی».

دیارە ئەگەر «اختلاف امتی رحمة» فەرموودەی حەزرەتی پێغەمبەر بێ(د. خ) مەبەست جیاوازیی خاوەن ئیجتیهادەکانی ئوممەت نییە لە (اصول)ی ئاییندا؛ چونکە جیاوازی و ناجۆری لە (اصول)ی ئاییندا شتێکی ناپەسەند و ناڕەوایە؛ خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت (واعتصموا بحبل الله جمیعاً و لا تفرقوا) [٢] هەروەها دەفەرموێت (و لا تکونوا کالذین تفرّقوا واختلفوا من بعد ما جاءهم البیّنات) [٣].

دیارە مەبەستیش جیاوازیی زانیاری و پیشە و جۆرەکانی کار و کاسبی نییە؛ چونکە جیاوازی لەم شتانەدا تەنها بۆ ئوممەتی پێغەمبەر نییە، بەڵکو ئوممەتی هەر پێغەمبەرێک لە پێغەمبەران(د. خ) ئەم جۆرە جیاوازییەیان هەبووە و، هۆیەک نابێت بۆ ئەوەی تەنها ئوممەتی حەزرەتی موحەممەد ناونووس بکرێت، تەنانەت ناموسڵمانەکانیش ئەم جیاوازییەیان هەیە.

کەوابێ مەبەست لەم جیاوازییە جیاوازیی زانا خاوەن ئیجتیهادەکانە لەو حوکمانەدا کە وەکوو لق و پۆپی ئایین و کردەوەن. لە راستیدا ئەم جۆرە جیاوازییانە لە ئیجتیهادکردندا کاتێک روودەدات کە لە حوکمێکی تایبەتیدا (نص) ێکی قورئان یا (نص) ێکی فەرموودەی پێغەمبەر لەسەر ئەو حوکمە نەبێت، یا خود (نص) ەکە لای هەندێ لەو زانا خاوەن ئیجتیهادانە سەلمێنرابێت و لای هەندێکیان نەسەلمێنرابێت، یا خۆ (نص) ەکە لای هەموویان سەلمێنرابێت بەڵام زاناکان هەر یەکێکیان لەبەر هەندێ بەڵگە بە پێی بۆچوونی خۆی مەعنای لێ‌دابێتەوە، وەک ئەوە (نص) ەکە (عامّ) بێ، بەڵام یەکێک لە موجتەهیدەکان هەر بە (عامّ) مەعنای لێ‌بداتەوە و، یەکێکیان بۆ حاڵێکی تایبەتی، یا وادەبێ (نص) ەکە (خاص)ە کەچی یەکێک هەر بەو

(خاص)ی و تایبەتییە دەیهێڵێتەوە و هەندێکیان دەیکەنە (عام)، یا خۆ کەلیمەکە هاوبەشە لە نێوان دوو واتادا و هەریەک بۆ واتایەکی رادەکێشێت، یا خۆ کەلیمەکە بۆ واتایەک حەقیقەتە و بۆ واتایەکی تر مەجازە، یەکێ لە موجتەهیدەکان حەقیقەتەکە پەسەند دەکات و ئەوی تریان مەجازەکە، یا خۆ کەلیمەکە لە زمانا واتایەکی بنەڕەتیی هەیە و واتایەکی زاراوەیی و، هەر یەک بۆ لایەکی دەگێڕێتەوە. دیارە هەردوو لایان بەڵگە و پاڵپشتیان بۆ راکەی خۆیان ئامادەکردووە... بەڵێ ئەمانە و گەلێ شتی تریش هۆی جیاوازیی بۆچوونەکانن، وەکوو لە سەرەتای کتێبی (بدایة المجتهد و نهایة المقتصد)ی ئیبنورۆشدی ئەندەلوسیدا باس کراوە.

ئیجتیهاد کردن و هەوڵ دان بۆ وەرگرتن و دۆزینەوەی حوکمی شەرع لە لایەن حەزرەتەوە، کە موعازی کوڕی جەبەلی بە شێوەی کاربەدەست نارد بۆ یەمەن، جێگیر کراوە[٤]. هەروەها فەرموودەیەکی پێغەمبەریش هەیە دەلالەت لە ڕەوایی و بەجێیی ئیجتیهاد دەکات؛ ئەوەتا دەفەرموێ: «اذا حَکَم الحاکِمُ فاجتهدَ فأصابَ فله اجرانِ، و إذا حَکَم فاجتَهَدَ فأخطَأ فله أجرٌ»[٥] واتە: ئەگەر داوەر حوکمێکی دا و، بە پێی توانای خۆی هەوڵیدا بگاتە حەق و، بەوە حوکمەکەی دا، ئەوە دوو پاداشی دەبێ یەکێکیان بەرامبەر هەوڵەکەی و ئەوی تریان لەبەر ئەوە کە گەیشتووەتە حەق. خۆ ئەگەر لە حوکمەکەدا هەڵەی کرد ئەوە تەنها پاداشی هەوڵەکەی دەبێ.

دیارە کە ئیجتیهاد ڕەوا بێت و هۆی جیاوازیی را و بۆچوونیش هەبێت، جیاوازیی حوکم ئەنجامێکی عادەتی و گونجاوە و، ماوە نامێنێ بۆ ڕەخنەگرتن لە واتای حەدیسی «اختلاف امتی رحمة».

خۆ ئەگەر ئەو قسە مەشهوورە حەدیس نەبێ دیسان جیاوازیی نێوان زانایان لە راو بۆ چوون و دەرهێنانی حوکمدا شتێکی حەتمییە؛ چونکە زانایان لە هێزی زانستدا و لە لێکدانەوەی واتای ئایەت و حەدیسدا وەک یەک نین و بگرە گەلێ جیاوازن، ئیتر ئەو فەرموودەیە حەدیسی پێغەمبەر بێ یا هەر قسەیەکی کاکڵداری مەشهوور بێ جیاوازیی باری بۆچوون و تێگەیشتن ولێکدانەوەی واتا هەیە و گومانی تێدا نییە.

ئێمە کە تەماشای کاری ئیمامەکان دەکەین تێدەگەین: جیاوازییان بە ئارەزووکاری نەبووە، لەبەر ئەوە پێویستە باوەڕمان وابێ کە ئەم زاتە زانا و لەخوداترسانە ئەبووحەنیفە، مالیک، شافیعی، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، سوفیانی سەوری[٦]، سوفیانی کوڕی عویەینە[٧]، ئەوزاعی[٨]، داوودی زاهیری[٩]، ئیسحاقی کوڕی راهەوەیهـ و، ئیمامەکانی تر هەموو بەرچاوڕوونی و زانیاریان بووە و بۆ

بڵاوکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بۆ جێگیرکردنی حوکمی شەرع هەوڵیان داوە و بیری خۆیان خستووەتە کار و ئیجتیهادیان کردووە، نابێت هەرگیز گوێ بۆ قسەی بێجێی ئەوانە بگرین کە تانە و پلاریان گرتووەتە ئەم زانا گەورانە، پێویستە باوەڕمان وابێت هەریەک لەم موجتەهیدانە لەسەر ئەو ئیجتیهادەی کردوویانە پاداشی چاکیان هەیە، جا ئەگەر پێکابووی و لەسەر حەق بوو، ئەوە دوو پاداشی هەیە و، ئەگەر نەیپێکابوو یەک پاداش.

(طریقـــةُ القـــوم کـــلٌّ منهـــا حـــق)
کول عەینی شەرعن، بەڵ لوببی موتڵەق
وەک موجتەهیـدین زاهـیر، ئیجتیهـاد
سـابتە، تـاقی، بـۆ شـێخی ئیرشـاد
چـی بـۆ موجتەهیـد هـەس بـەر موقەللیـد
لەسەر مورید هەس نیسبەت بە مورشـید[١٠]
(بـل قـالوا: الشـیخ فـی شـیعته
کـان کـالنبیّ فـی اُمّتـه)[١١]

تاقی: تەحقیق. هەس: هەیە. بەر: وشەیەکی فارسییە، واتە: لەسەر.

مەولەوی؛ بە ڕەحمەت بێ؛ لەگەڵ باسی پێشەوا خاوەن ئیجتیهادەکاندا، کە هەڵگری ڕاسپێریی گەیاندنی ئەحکامی ئایینن، باسی ڕێبازی ئەولیاکانیش دەکات و دەفەرموێت: «طریقـة القـوم کـل منها حق...تاد...».

واتە: ڕێگا و ڕێبازی کۆمەڵی ئەولیا و دۆستانی خـودا هـەموویان ڕاسـتن و لەگـەڵ شـەریعەتدا مووێ بە بەینیاندا ناچێت، بەڵکوو ناوەڕۆکی پوخت و پاڵفتەی شەریعەتن.

وەک[چۆن] زانا خاوەن ئیجتیهادەکانی شەرع حەقی ئیجتیهادیان هەیـە، شـێخانی ئیرشـادی تەریقەتیش لە کار و باری خۆیاندا حەقی ئیجتیهادیان هەیە[١٢].

موقەللید بەرامبەر بە موجتەهیدەکـەی (بـۆ نموونـە وەک شـافیعییەک بەرامبـەر بـە ئیمـامی شافیعی) چی لە سەرە، موریدێکیش بەرامبەر بە شێخەکەی ئەوەی لەسەرە، بە کورتی وەک چۆن شوێنکەوتوویەکی ئیمامی شافیعی پەیڕەویی ڕێگاکەی دەکات و لـە عیبـادەت و مامەڵـە و شـتی تردا دوای دەکەوێ، موریدێکیش دەبێ بەوجۆرە پەیڕەویی ڕێبازی پیرەکەی بکات.

نەک تەنها ئەوەندە و بەس، بەڵکو وتوویانە شێخ لە ناو کۆمەڵی موریدەکانیدا رابەرییان دەکات و رێی راستیان پیشان دەدات وەک پێغەمبەران رابەریی ئوممەتەکانیان دەکەن، بۆیە پێویستە گوێڕایەڵ بن بۆ شێخەکانیان.

ئەمە پوختەی واتای بەیتەکان بوو، بەڵام پێویستە بزانن، وەکوو لەمەوپێش باسمان کرد، ئایینی ئیسلام ئەوەتە کە لە قورئانی پیرۆزدایە بەو جۆرەی کە حەزرەت(د. خ) زانیویەتی، هەروەها ئەوەیە لە فەرموودە و رەفتار و خوو و رەوشت و (تقریر)ی حەزرەت دەردەکەوێ، بێ گومان ئەوەی پیرۆزی و چاکەی هەردوو دنیای خەڵکی تێدا بێت لەمانە بەدەر نییە.

بەڵێ لەوانەی لە قورئان و حەدیسدان ئەوەی کە بیر و باوەڕە و، ئەوەی حوکمی شەرعییە وەک بەجێهێنانی (واجب) و نەکردنی (حرام) و بەجێهێنانی (مندوب) و دوورکەوتنەوە لە (مکروه)، ئەمانە دەستورێکن کە هەموو موسوڵمانان لەسەری دەڕۆن، هەرکەس ئەمانەی هەبێ بە (عادل) و پیاوچاک دەناسرێت.

بەڵام هەندێ (واجباتی شرعی) هەیە وەک پاککردنەوەی دەروون لە خووی خراپ و ناپەسەند، ئەگەرچی ئەمەیش لەسەر هەمووی موسوڵمانان پێویستە و، لەبەر ئەوە هەرکەس بەقەدەر حاڵی خۆی داوای لێ دەکرێت خەریکی ببێت و، پێوەندی بە تێکۆشانی ئینسانەوە هەیە، بەڵام فەرز نەکراوە هەموو کەس لەسەر یەک رێ و یەک شێوە پێیەوە خەریک بێت. لەم بەشەدا گەلێ لە ئوممەتی پێغەمبەر(د. خ) لەبەر رووناکیی ئایەتی (ألا بذكرالله تطمئن القلوب) و ئایەتی (واعبد ربّک حتي يأتيک اليقين) و فەرموودەی پێغەمبەر(د. خ) کە دەفەرموێ »تفكّر ساعة خير من عبادة سنة«، لە پاش بەجێهێنانی (واجبات) و نەکردنی (محرمات) و سەروبڕ خەریکی (مندوبات) بوون و، بە پێی توانا دوورکەوتنەوە لە (مکروهات)، بەڵێ بێجگە لەمانە هەمیشە ناوی خودا بەسەر زاریانەوە بووە و بیریان لە شوێنەوار و نیشانەکانی گەورەیی خودا کردووەتەوە و، لەو کاروبارانەی مرۆڤ لە خودا بێئاگاهـ دەکەن دوورکەوتوونەتەوە و، بە هەموو جۆرێک لە خودا ترساون و بە پێی واتای ئایەتی پیرۆزی (واتقوا الله و يعلمكم الله...) ئەوان لە خودا ترساون خوایش دەروونی ئەوانی رووناک کردووەتەوە و، لە خووی پەست و کاری ناشایستە پاکی کردوونەتەوە و، سینەفراوانی و دڵخۆشی پێبەخشیون، جۆرە زیکر و فیکرێکی خستووەتە دڵیانەوە کە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەیان و بڕینی پلەکانی دڵرووناکی و هەرگیز لە یادی خودای خۆیان بێ ئاگا نەبوون.

ئەمانە لە ناو خەڵکا بە (أولیاء الله) ناسراون، ئەو ڕێگە و ڕێبازە کە خودا خستوویەتیە دڵیان و، بووەتە هۆی پاک‌کردنەوە و ڕووناک بوونی دڵ پێی دەڵێن (طریقة) تەریقەت.

جا لەسەر ئەم بناخەیە شێوەی بە پەنامەکی ناوی‌خوداهێنان و بیرکردنەوە لە نیشانەکانی میهرەبانیی خودا و ئاگالەخۆبوون، کە شێوەکاری حەزرەتی ابوبکری سیددیق بووە و لەم ڕێگایەوە سوودی لە هاوڕێیەتیی پێغەمبەر(د. خ) وەرگرتووە، ناونراوە تەریقەتی سیددیقی. ئەنجا سەلمانی فارسی لە (ابوبکر)ی وەرگرتووە، لەسەلمانیشەوە گەیشتە قاسمی کوڕی موحەممەدی کوڕی (ابوبکر) و، لەمیشەوە گەیشتە ئیمام جەعفەری سادیق(ر.خ)، لە گیانی ئیمام جەعفەریشەوە گەیشتە بایەزیدی بەستامی. ئیتر لە زەمانی ئەمدا ناوی بە تەریقەتی تەیفووری دەرکرد، چونکە تەیفوور نازناوی بایەزید بووە.

لە بایەزیدیشەوە گەیشتووە بە شێخ ابوالحسنی خەرقانی و، لەویشەوە بە شێخ (ابو علی)ی فارمەدی، لەویشەوە بە شێخ (ابو یوسف)ی هەمەدانی، ئەنجا بە شێخ (عبدالخالق)ی غەجدەوانی. لێرەوە ناونراوە بە تەریقەتی (خواجەگان) واتە گەورەکان[١٣]، ئەنجا بۆ خواجە عارف و لەویشەوە بۆ خواجە مەحموودی ئەنجیرفەغنەوی، لەویشەوە بۆ (ابو علی)ی رامیتەنی، پاش ئەو بۆ (بابا محمد السماسی)، پاش ئەویش بۆ سەیید ئەمیر کەلال و، لەوەوە بۆ سەیید موحەممەدی بوخارایی کە نازناوی (بهاء الدین)ە و بە (شاهی نەقشبەند) ناوبانگی دەرکردووە.

لەم زاتەیشەوە تەریقەتەکە بە تەریقەتی نەقشبەندی ناوی دەرکردووە؛ بەو بۆنەوە کە شاهی نەقشبەند بە هێزی گیانی نەخشی (الله) و ناوی خودای گەورەی لە دڵ و دەروونی موریدەکانیدا جێگیر کردووە، تا ئیستەیش ئەم تەریقەتە بەم ناوەوە بە ناو بانگە.

شێوەی ناوی خودا هێنان و وتنی (لا اله الا الله) بە ئاشکرا و ریازەت‌کێشان و ڕۆژووگرتن و مانەوە لە خەڵوەتدا و دوورکەوتنەوە لە ئەهلی غەفلەت شێوەی خوداناسیی حەزرەتی عەلیی کوڕی (ابو طالب)ە کە لە حەزرەتی فەخری عالەمەوە وەریگرتووە. لەویشەوە گەیشتووە بە حەسەنی بەسری و، لەویشەوە بە حەبیبی عەجەمی، لەویشەوە بە داوودی طائی، ئەنجا بە مەعرووفی کەرخی، لەویشەوە بە سەریی سەقەطی، لەویشەوە بە جونەیدی بەغدادی، ئەنجا بە (ابوبکر)ی شیبلی و، لەوەوە بە (عبدالواحد)ی تەمیمی، ئەنجا بە (ابوالفرج)ی تەرسووسی، لەویشەوە بە عەلیی حەکاری، ئەنجا بە (ابو سعید)ی مەخزوومی، ئەنجا گەیشتووە بە پایەبەرز (عبدالقادر)ی گەیلانی خودای گەورە لە هەموویان رازی بێت.

لەم زاتەوە و تا ئێستە ئەم تەریقەتە بە ناوی تەریقەتی قادری ناوی دەرکردووە.

هەروەها تەریقەتەکانیتریش وەک تەریقەتی سوهرەوەردی و کوبرەوی و چەشتی و... هیتر کە هەموویان لە خوداپەرستی و خوو و رەوشت و ئەحواڵی حەزرەتی پێغەمبەرەوە وەرگیراون.

ئەم زاتە لەخواترسانە کە خاوەنی ئەم رێ و شوێن و تەریقەتانەن بە (ئەهلی تەریقەت) ناودەبرێن و، ئەو شێوە خۆپاراستن و لەخواترسان و خواپەرستییە (تەریقەت) و رێگایانە.

ئەمانە لەبەر ئەوەی هەمیشە دڵیان لای خودایە و نوور و بەرەکەت دڵ و دەروونی پڕ کردوون، دەگەنە پایەیێ کرۆکی کاری هەق و ناهەقیان لا دیاری و ئاشکرایە، هەست بە نهێنییەکانی ئایین و رووناکی و نووری کردەوەی چاک و تاریکی و ناشیرینیی کاری حەرام و بیدعەت و کردەوەی ناپاک دەکەن، دڵیان رووناکە و بە چاوی دڵ گەلێ شتیان لێ ئاشکرا دەبێت.

کە گەیشتنە ئەم پایە مەزاج و تایبەتییەتی موریدەکانی خۆیان دەزانن؛ ئەو جۆرە ناویخودابردنە و بیرکردنەوە و وەرزشە گیانییانە کە لەگەڵ حاڵیاندا بگونجێ فێریان دەکەن؛ دیارە ئەم دۆستانەی خودا، ئەم مورشیدانە دەتوانن بە ئیجتیهادی خۆیان موریدەکانیان پەروەردە بکەن وەک زانا گەورە موجتەهیدەکانی شەریعەت، بەڵکو بەجێهێنانی فەرمانی ئەم زاتانە لەسەر موریدەکانیان پێویستە، چونکە ئەو موریدانە بە ناساغیی دەروونی خۆیان دەزانن، ئەوەیش دەزانن کە پەروەردەکردنی مورشیدەکانیان بەسوودە بۆیان و لە نافەرمانی و بە گوێ نەکردنیانەوە گیرۆدەی گیروگرفتی دەروونی دەبن؛ لەبەر ئەوە وەک مردوو لە بەردەستی مردووشۆردا بکەوێ، لە بەردەستی مورشیددا دەکەون، لەبەر ئەمەیە مەولەوی دەفەرموێت: [«بل قالوا: الشیخ فی شیعته» ای تباعه و جماعته «کان کالنبیّ فی امته» أی فی وجوب اطاعته].

ئەم تەشبیهە بە پێی شەریعەت تەنیا بۆ مرید نییە بەرامبەر بە مورشیدەکەی، بەڵکوو هەرکەس کە بە دڵنیاییەوە بزانێ یەکێ لە واجبەکانی بۆ رێک ناکەوێت، بە پەیڕەوکردنی موسوڵمانێ نەبێ، پێویستە لەسەری بە گوێی ئەو کەسە بکات.

بۆ نموونە: یەکێک واجبە لەسەری خێزانێک بەخێو بکات و نەخۆش بێ و، لە وڵاتەکەیدا دوکتۆرێکی زیرەک بێ کە تاقی کردبێتەوە داو دەرمانەکانی بەسوودن، ئەم زەلامە واجبە لەسەری ئەو دەرمانانە بە کار بێنێت کە دوکتۆرەکە دەیداتێ و بێگوێیی نەکات هەتا چاک بێتەوە و بتوانێ واجبەکەی جێبەجێ بکات، کە بەخێوکردنی خێزانەکەیەتی.

یا کەسێک خۆی و خێزانی تووشی دەرد و گیروگرفتێ دەبن، چاری ئەو گیروگرفتەیش هەر بە تاقە کەسێک دەکرێت لەو شوێنەدا، ئەم کەسە پێویستە لەسەری پەنا بۆ ئەوکەسە بەرێ تا لەو تەنگ و چەڵەمەیە رزگاری بکات.

یا یەکێ لە حوکمەکانی ئایین نەزانێ، لەو ولاتەدا هەر تاقە زانایەک هەبێ ئەو حوکمانە بزانێ، پێویستە لەسەری بروا بۆ لای و لەسەر فەرمانی ئەو خەریکی فێربوونی حوکمەکانی ئایین ببێت، بە پێی قاعیدەی (ما لا یتم الواجب الّا به فهو واجب).

وەکوو باسمان کرد ئەو رێ و شوین و شێوە خوداناسییە کە موریدەکان جێبەجێی دەکەن ناوی تەریقەتە. زانینی سیفەتەکانی قەلب و نەفس، پەسەند و ناپەسەندی، لەگەڵ چۆنیەتیی دەرمان کردنیان، زانینی ئەو نهێنییانەی کە لە خوداپەرستیی سەروەرەوە پەیدا دەبێت، بەڵێ ئەم زانینە لە لایەن مورشیدەکانەوە ناوی عیلمی حەقیقەتە. تێکڕای هەر سێ بەشەکانیش، واتە: حوکمەکانی (واجب) و حەرام و مەکرووهـ و مەندووب و موباح بۆ هەموو موسوڵمانان، کە مەشهوورە بە (شەریعەت) هەوڵدان و وەرزشی دەروونی و راهێنانی دەروون لەسەر ناڕەحەتی، وەرگرتنی خوو و رەوشتی پەسەند و خووگرتن بە (عەزیمە) وە و خۆ پاراستن لە شتێک کە گومانی تێدا بێت، ناوی‌خودابردن و بیرلێ‌کردنەوەی و دوورەپەرێزی لە خەڵکی بێ‌ئاگا و خوێڕی، کە مەشهوورە بە (تەریقەت)، بەرزبوونەوە لەم پلە و پایەیش بۆ پلە و پایەی زانین و ئاگاداری لە خووەکانی دڵ و دەروون و، ئاگاداریی دڵ و بۆ دەرکەوتنی نهێنییەکان کە مەشهوورە بە (حەقیقەت) بەڵێ ئەم سێ بەشە هەر سێکیان لەو ئایینە پیرۆزەدان کە حەزرەتی پێغەمبەری خودا (محمد المصطفی) هێناویەتی بۆ ئوممەتەکەی. بێ‌گومان زانستی ئەو حوکمانەی لە بابەتی بیر و باوەڕن یا لە هی کار و کردەوەن، جێبەجێ کردنی (واجب) ەکان و نەکردنی (حرام) و حەز لە سوننەت کردن و دووری لە کاری (مکروهـ) هەموویان لە قورئانی پیرۆز و حەدیسی پێغەمبەردا هەن.

هەروەها ناوهێنانی خودا و بیرلێ‌کردنەوەی و بێ‌ئاگا نەبوون لە خودا و گەورەیی خودا، هاوکاری لەسەر چاکە و پیاوەتی، پاک‌کردنەوەی دەروون لە خووی ناپەسەند و رازاندنەوەی بە خووی چاک و جوامێرانە، هەموو ئەمانەیش لە قورئانی پیرۆز و حەدیسی پێغەمبەری ئەمیندا هەن و ئاشکرا و دیارین.

پاراستنی دڵ لە غەیری خودا، چاودێری کردنی نزیکیی خودا و ئاگاداریی بەسەر هەموو شتێکدا (و هو معکم اینما کنتم) (١٤) (و نحن اقرب الیه من حبل الورید) (١٥) بە گوێ نەکردنی دڵمردوان (و لا تطع من أغفلنا قلبه عن ذکرنا واتبع هواه) (١٦) ئاگاداریی لە ئایەتی (إنَّ ربَّک لبالمرصاد) (١٧) رەفتارکردن بە ئایەتی (واعبد ربّک حتی یأتیک الیقین) (١٨) هەموو ئەمانە لە قورئانی پیرۆزدان، کەوابوو دەتوانین بڵێین ئایەتی (الیومَ أکملتُ لکم دینَکم و اتمَمتُ علیکُم نعمتی وَ رَضِیتُ لکم الاسلامَ دیناً) (١٩) ئەوە رادەگەیەنێت کە هەرچی خێر و بەختیاری و چاکیی دنیا و قیامەتە هەمووی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەیە، ئەگەرچی ئەوانەی ناوەڕۆکی ئایین بەجێ دێنن زۆر نایابن.

جا لەم شوێنەدا لەبەر رووناکیی فەرموودەی زانای گەورەی شەرعی وەک (ابن حجر)ی هەیسەمی (٩٠٩ ـ ٩٧٤)ی کۆچی لە (فتاوا)ی (خاتمە)دا عەرزتان دەکەم: ئەم زانیاریی ئادابی (اولیاءالله) یە، ئەم زانیاریی حەقیقەتە گەلێ پایەی بەرزە، ئاشکرایە گەورەیی هەر زانیارییەک بەپێی گەورەیی ئەو شتەیە کە پێی دەزانرێت، کەوابێ ئەو زانیارییەی پێوەندی بە زات و سیفات و ناو و کرداری خودای گەورەوە هەبێت لە هەموو زانیارییەک گەورەترە، دوابەدوای زانیاریی زات و سیفەتەکانی خودا زانیاریی حوکمە شەرعییە کردەوەیی‌یەکان، وەک نوێژ، رۆژوو، زەکات، حەج، مامەڵە، ژنهێنان... تاد؛ چونکە مەبەست لەم زانیارییە زانینی حوکمی شەرعە، لە حەڵاڵ و حەرام و رەوا و نارەوا و واجب و سوننەت و مەکرووهـ ئەم زانیارییە پێوەندی بەو کردارانەوە هەیە کە لە موکەللەفەکان داوا دەکرێن، ئیتر زانیاریی‌یەکانی تری سەر بە ئایین هەموویان هۆن بۆ ئەم زانیارییە کە ناسینی خودا و زانینی خوداپەرستییان تێدایە، بەڵێ بە پێی ئایەتی (و ما خلقت الجن والانس الّا لیعبدون) (٢٠) بنیادەم و پەری هەموو بۆ خوداپەرستی دروست کراون، دیارە پەرستنیش بە بێ‌ناسینی پەرستراو بە پێی توانا نابێت.

پوختەی قسە: هەرچی زانیاریی سەر بە ئایینی ئیسلام هەیە، کە لە بابەتی مەعنەوییات بێ، هۆیە بۆ زانینی حوکمە شەرعییەکان، زانینی حوکمی شەرعیش بۆ رەفتار و کاری راست و رەوا کردنە، کار و کردەوەی راست و رەوا و رەوانیش بۆ پەرستنی خودا و رەزامەندییەتی و، لەم رێگایەوە ئینسان لە خودا نزیک دەبێتەوە، دیارە نزیکبوونەوەیش بۆ ناسینی زات و سیفەتەکانی خودای گەورەی بێ‌هاوتا بە پێی توانای ئادەمزادە.

دیارە هەرکەس بە راستی ئەم هۆیانە جێبەجێ بکات دەگاتە مەبەستی سەرەکی و بەختیاری و کامەرانی و رزگاریی هەمیشەیی.

بەڵگەیەکی بەهێزی تر بۆ بەرزیی پلەی زانیاریی ناسینی خودا و، بۆ ئەوەی کە لە هەموو زانیارییەک گەورەترە، ئەوەتە کە زانیاریی ناسینی زاتی خودا و سیفەتەکانی خودا بە تایبەتی کاری ئینسانە پێگەیشتووە کردەوە بەرزە خوو و ڕەوشت جوانەکانە، بەڵام زانیارییەکانی تر هەموو کەس، هەموو چاک و خراپێک، تەنانەت ئینسانی بێئایین و بێڕەوشتیش، لەوانەیە بە ئاسانی فێریان ببێت؛ بۆیە هەموو زانیارییەک لەگەڵ خۆشویستنی دنیادا وەدەست دەهێنرێ بەڵکو وایش دەبێ بۆ ئایینەکەیش بەسوودە و خەڵک لێیەوە فێر دەبن، بەڵام هەرگیز نەبووە و نابێت لەگەڵ خۆشویستنی دنیا و لەخودانەترسان و نارێکیدا ئینسان بچێتە ریزی پیاوچاکانەوە؛ واتە زانیاریی خوداناسی لە کەسێکدا دێتە جێ کە بێکەم و کووڕی بە پێی حوکمەکانی شەرع کار بکات، لەخوداترس بێ، دوور بێ لە تەماع و ئارەزووی دنیا، خاوەن (ورع) بێ و دوور بێ لە کاری گومانلێکراو، بەڵێ ئەم جۆرە کەسانە ڕۆژبەڕۆژ پایەی زانیاری و هوشیارییان زیاد دەکات وەک لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ: (وَاتَّقُوا اللهَ وَ يُعَلِّمُكُمُ اللهَ وَ اللهُ بِكُلِّ شَيءٍ عَلِيم) [٢١] ئەم خوداناسانە خۆیان لە پێش هەموو کەسدا سوود لە زانیارییەکەیان وەردەگرن و دەچنە ریزی پیاوچاکان و لەخوداترسانەوە، بەڵام زانایانی تر وا رێک دەکەوێت کە مریدەکانیان سوود لە زانیارییەکەیان وەردەگرن و پێی دەکەونە سەر رێگای چاکە، کەچی خۆیان بۆش و پووچن و لە هەموو خێر و پاداشێک بێبەشن و بێئاگان لە واجبەکانی سەرشانیان و دوورن لە خوداپەرستی و عومریان بە خۆڕایی بەسەردەبەن، مەگەر یەکێ، بە لوتف و میهرەبانیی خودا لە ئەنجامدا بیرێ بکاتەوە و رووبکاتە راستی و خوداپەرستی و بە دڵ و گیان پەشیمان بێتەوە و لە هەموو ڕوویەکەوە لە خودا بترسێت.

زاناکان فەرموویانە زانیاریی خوداناسی واتە: زانیاری و ڕێو شوێنی خووگرتنی دەروون بە نزیکی لە خودا و بە پرتەوی ئیمان و باوەڕ و خووگرتن بە حاڵەکانی پێغەمبەرەوە(د. خ)، تەنها بۆ نموونە: لەو چەشنە نوور و پرتەوە کە لە دڵی موبارەکی ئەودا بووە یەک پلە لە هەزار پلە یا دوو لە هەزاری ئەوە لە دڵی ئینساندا پەیدا ببێت. بەڵام زانیاریەکانی تر زانیاری و ڕێ و شوێنە بۆ دۆزینەوەی رێگایەک ئینسان بەو پلانە بگەیەنێت، ئیتر کابرای زانا بەو رێگەدا بڕوا یان نا و، کە پێیدا رۆیشت بگاتە ئەو پلەیە یان نەگات.

ئەگەر بڵێیت ئەمەی وتت لەگەڵ بەسەرهاتەکەی حەزرەتی (موسی) و (خضر)دا ناکەونە یەک، لە سەر ئەوەی کە حەزرەتی (خضر) وەلیی بێت، ئەوەتە حەزرەتی مووسا بە رای هەموو لایەک لە (خضر) گەورەترە؛ چونکە مووسا یەکێکە لە پێغەمبەرە (اولوالعزم) ەکان و (خضر) تەنها وەلییە، کەچی حەزرەتی مووسا کەوتە شوێن (خضر) و دەیویست سوودی لێ وەربگرێ.

لە وەڵامدا دەڵێم: رەخنەگر لێی تێکچووە؛ حەزرەتی مووسا نەیویست دوای (خضر) بکەوێت هەتا (معرفةالله) پەیدا بکات، یا خۆ بە هاوڕێیەتیی ئەو دەروونی خۆی پاک و نوورانی بکات چونکە بێ‌گومان پایە و پلەی پێغەمبەران و دەستەڵاتیان لە بابەتی ناسینی خودا و نوورانییەتی رۆحدا گەلێ گەلێ لە پایە و پلەی دۆستانی خودا و پیاوچاکان زیاترە، بەڵکو هەر لەگەڵ یەک بەراورد ناکرێن، بەڵێ سەرەتا و هۆی ئەم بەسەرهاتە ئەوە بوو: جارێ لە حەزرەتی مووسا پرسیار کرا: ئەمڕۆ کێ لە هەموو کەس زاناترە، ئەویش وا لە پرسیارەکە تێ‌گەیشت کە مەبەست زانستی ئایین و شەریعەتە و، لەم رووەوە کەسی لە خۆی بە زاناتر نەزانی و فەرمووی من لە هەموو کەس زاناترم، ئەمەیش لەبەر ئامۆژگاریی خاوەن پرسیار و وتنی راستی بوو، مەبەستی خۆهەڵکیشان و خۆبەزلزانین نەبوو. خودای گەورەیش تێی‌گەیاند: نەخەیر، تۆ هەرچەند پێغەمبەری منی و لای من پایە و پلەی تایبەتیی خۆتت هەیە، بەلام من بەندەی وام هەیە گەلێ زانیاریی تایبەتی لایە کە لای تۆ نییە، ئەوە بوو ئەو بەیەک‌گەیشتنەی لەگەڵ حەزرەتی (خضر) بۆ رەخساند تا راستیی بۆ دەرکەوێ، ئەگەرنا پایەی زانین و ئاگاداریی رۆحیی حەزرەتی مووسا(د. خ) گەلێ لە هی (خضر) (ر.خ) بەرزترە.

پوختەی قسە: پایەی جێ‌بەجێ کردنی (واجبات) و خۆپاراستن لە (محرّمات) و بەجێ‌هێنانی کارە سوننەتەکان پایەی هەموو موسوڵمانانە، بەلام پایەی وەرع و تەقوا و دووریی لە (شبهات) پایەی موسوڵمانە تایبەتییەکانە، واتە (خواس).

پایەی گەیشتن بە نووری ئیمان و ئیسلام پایەی ئەولیا تایبەتییەکانە، لەم پایەدا بە پێوەندی گیانی و بە ناسینی زات و سیفەتەکانی خودای گەورە، ئەو ئەندازەی بۆ غەیری پێغەمبەران دەست بدات، لە حەزرەتی پێغەمبەرەوە نزیک دەبنەوە.

ئەم سێ پایە و پلەیە هەمووی شەریعەت و ئایین و خوو و ڕەوشتێکن کە حەزرەت(د. خ) لای خوداوە هێناونی و بە خەڵکی راگەیاندوون و موسوڵمانان هەرکەس بە قەدەر خۆی پێیان نوورانی بوون.

(نوّرنا الله بنور شریعته و وفقنا علی السلوک فی طریقته، و هدانا الی الفـوز بصـفاته و سـیرته، و ختم أعمارنا علی محبته بمنّه و فضله و رحمته آمین).

ئـەرچی ئـەهلی حـەق فەرمووگیانـە:
ئەسـبابی عیلمـی مـەخلووق سـیانە
حەواسـی سـەلیم خەمسـەی زاهـیرە
لەمس و، شەم، زەوقە و، سەمعە و، باسـیرە.
خەبـەری سـادق، عەقلـە، سـێ تـەمام
نییـە لـە ئەسـباب مەعریفـەت ئیلـهام
لاکـین بزانـە، هـیچ شـوبهەی نییـە،
ئـەوە بـە نیسـبەت عامّـەی خەڵـقییە
(خصوصـاً) ئیلـهام هـەر وەک ویجـدانی
ئیلزامـی غـەیری پـێ نسـاتوانی
ئەگەرنـە، عیلمـی پـێ دەوێ حاسـڵ
بـدە بـە حـەدیس «أَلهَمَنـی...» دڵ
«قلـب المـؤمن عـرش الله» بخـوێن
جـامی «إسـتفتِ عـن قلبـک» بـوێن
نەسـیمی «نَفَـث فـی روعـی» کوانـێ؟
«إلّـا و قـد صـبّ» زۆر کـەس دەیزانـێ
حوججەتـە لـە لای ئەسـحابی سـەفا
«خُـذ طـریقَهم إذ فیـه شـفا»

واتە: ئەگەرچی ئەهلی حەق فەرموویانە: هۆیەکانی زانینی ئادەمزاد سێ شتن و، ئـادەمیزاد لـە ڕێگای ئەم سێ شتەوە شت ئەزانێ:

یەکەم: پێنج هێزە هەستکارە ساغەکانی لەش، واتە هێـزی (لامسـە) کـە گـەرمی و سـاردی، زبری و نەرمی، تیژی و کولی، ڕەقی و شلی... تادی شـتی پـێ دەزانرێـت. هێـزی (شـامّە) واتـە بۆنکار کە بۆنی خۆش یا ناخۆش، توندوتیژی یا سووکی پێ هەست دەکرێت. هێزی (سامعە) کـە

دەنگی دوور و نزیک، بەرز و نزم، خۆش و ناخۆشی پێ دەبیسترێت. هێزی (ذائقە) چەش‌کار، کە تالی و شیرینی، سوێری و بێ‌خوێیی تاد...ی پێ دەزانرێت. هیزی (باصرة) بینین‌کار، کە رەش و سپی و سەوز و سوور، جوان و ناشیرینی پێ دەزانرێت.

بێ‌گومان هەر یەک لەم پێنج هێزە هەست‌کارانە کە خودای گەورە لە لەشی ئینسانا داینـاون ئەوەی پێ دەزانرێ کە بۆی دانراوە و پێی دەکرێت، لەوانەیە چاو کاری بیستن بکـات، گـوێ وەک چاو شت ببینێت، بەلام خودای گەورە ئەمەی نەکردووە بە عادەت.

دووەم: لەو سێ هۆیانە خەبەری پێغەمبەرە(د. خ) کە ئینسانێکە داوای پێغەمبەرایەتیی کردووە و (معجزە)ی نواندووە. قسەی ئەم زاتە دەبێتە هۆی زانینی (استدلالی) واتە: دەلێین ئەم خەبـەرە خەبەری کەسێکە دەلێ پێغەمبەرم و بە موعجیزە راستیی خەبەرەکەی دامەزراوە، هەر خەبـەرێک وەها بێت راستە؛ کەوابێ ئەم خەبەرە راستە.

سێهەم هۆ: عەقڵە، جا ئەو شتانە کە ئەیزانێ ئەگەر پێویستیان نەبوو بە دەلیل بۆ هێنانەوە ئەوە پێی دەلێن (علم)ی (بدیهی) ئیتر چ بە تـەنها ئـەوە پەیـدا ببـێ کـە ئینسـان تـەنها (موضـوع) و (محمول) ەکـە و (نسـبة)ی مابـەینیان بێنێتـە مێشـکیەوە؛ وەکـوو (النقیضـان لا یجتمعـان و لا یرتفعان) واتە: بۆ نموونە بوون و نەبوون نە پێکەوە کۆ دەبنەوە و نە پێکەوە لادەچن، دیارە شت یا دەبێ هەبوو بێت یا نەبوو، نابێ لـە یـەک‌کاتـدا هـەبوویش بێـت و نـەبوویش، هـەروەها نابـێ نـە هەبوویش نەبێت و نە نەبوو. ئەم جۆرە زانینە ناوی (أوّلیّات)ە.

وایش دەبێت بێجگە لەوەی (موضوع) و (محمول) و (نسبة) بێنیتە مێشکەوە پێویستت بە ئیش پێ‌کردنی یەکێک لە (حاسّة) کان دەبێت وەک بلـێیت: (الـورد معطـر) ئـەم جـۆرە زانینـە نـاوی (حسّیات)ە.

بەدیهیی وایشمان هەیە بەلگەیەکی ئاشکرای هەیە کە هەرگیز لە پێوەندی نێـوان (موضـوع) و (محمول) جیا نابێتەوە، بەم‌جۆرە دەلێن (فطریات) بۆ نموونە:

(الاربعة زوج) شتێکی بەدیهییە، بەلام بەلگەیەکی لەگەلدایە کـە هـەرگیز لێـی جیـا نابێتـەوە ئەوەیش ئەمەیە: (چونکە چوار ژمارەیە کە ئەکرێتـە دوو بەشـی وەک یـەک، هـەر ژمارەیـەکیش بکرێتە دوو بەشی وەک یەک جووتە، کەوابوو چوار جووتە. جۆرە بەدیهییەکیش هەیە بەلگەیەکی پـەنهانی لەگەلـدایە کـە بـە هـۆی پـربوونی گـوێ بـەو خەبـەرە پەیـدا دەبێـت، وەک دەلـێیت ئەستەمبوول پایتەختی عوسمانییەکان بووە، ئەمەیان (متواترات)ە.

یا بەڵگەیەکی پەنهانی وەهای لەگەڵدایە کە لە تاقی‌کردنەوەی دووبارەبوونــەوەی حوکمەکــەوە پەیدابووە، وەک بڵێیت رۆن گەرچەک ئینسان رەوان دەکات. ئەم جۆرە پێی دەڵێن (تجربیّات).

یا بەڵــگەیەکی پــەنهانی وەهــای لەگەڵــدایە لــەوەوە پەیــدا دەبێــت کــە وردە وردە زیهــن لــە سەرەتاکانی حوکمەکەوە دەگاتە ئــەنجام، وەک بڵــێیت رووناکیی مانــگ لــە رووناکیی خــۆرەوە وەرگیراوە. ئەمەیش ناوی (حدسیات)ە.

وەک بۆت دەرکەوت ئەم پێنجە هەموویان لە بەشی بەدیهییات بوون.

خۆ ئەگەر زانینی مەبەست پێویستی بە بەڵگە بوو ئەوە پێی دەوترێ (عیلمی اســتدلالی) واتــە: زانین بە هۆی بەڵگە و بەڵگەکارییەوە؛ وەک بڵێیت: جیهان تازە پەیدابووە، واتە نەبوونی لێ پێش کەوتووە. بەڵگەی ئەم شتە ئەوەتە: چونکە جیهان هەمیشە لە گۆڕاندایە، هــەرچیش هەمیشــە لــە گۆڕاندا بێ تازە پەیدا بووە، کەوابێ وەک وتمان جیهان تازە پەیدا بووە.

زانایانی زانیاریی کەلام (الهام) یان بە هۆی زانین دانەناوە، چونکە (الهــام) کــە بریتییــە لــەوەی مەعنایەک بخرێتە دڵی ئینسانەوە، کــە ئینســانەکە وەک پێغەمبــەران(د. خ) لــە گوناهــ پــارێزراو نەبێت، جێگای بڕوا و متمانە نییە، چونکە لەوانەیە سەرچاوەی ئەو مەعنایە کــە خراوەتــە دڵــیەوە خودا نەبێت و، ئەو مەعنا خراوەدڵە هەڵە و شتێکی پووچ و بۆش بێت، لــە لایــەکی تریشــەوە ئــەو مەعنایە شتێکی ویجدانییە بۆ خاوەنەکەی نەبێ بە کەڵک نایە و ناسەپێنرێت بەسەر غەیری خۆیدا و ناکرێتە ماڵ بەسەریەوە.

بەڵام نەژماردنی (الهام) لە هۆیەکانی زانین بۆ هەرەمەی خەڵکەکەیە، ئەگەرنا مــادام ئــەو شــتە کە خراوەتە دڵ دژی بنکەکانی شەریعەت نەبێت دەبێتە بەڵگە بۆ ئەو کەسە کە ئیلهامی بۆ کراوە، هەروەها دەیشبێتە بەڵگە بۆ ئەوکەسانە کە دواکەوتووی ئەو ئیلهامبۆکراوەن و راســتیی ئیلــهامیان تاقی کردووەتەوە، بە تایبەتی پێغەمبەر(د. خ) پشتگیریی کاری ئەم ئیلهامەی کردووە، بــۆ نموونــە لێیەوە ریوایەت کراوە: «الهمنی ربی» ئەگەرچی ئەمە ئیلهامی تایبەتی پێغەمبەرە و ئێمە قسەمان لەو نییە، هەروەها لە حەزرەتەوە(د. خ) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: «قلب المؤمن عرش الرحمن» واتە: دڵی ئینسانی موسوڵمان بارەگای دەرکەوتن و درەوشــانەوەی نــووری میهرەبــانیی خودایــە، دیارە دڵێ کە دیدگای نووری خودایی بێت شەیتان رێگای پێ نابات کە شــتی خراپــی تــێ فــڕێ بدات و، ئیلهامەکان بە راست و جێگای متمانە حسێب دەکرێن. خۆ ئەگەر بڵــێین بــۆ خەڵــک بــە گشتی بەکار نایەن، هیچ نەبێ بۆ خۆی و بۆ باوەڕپێ‌کردووان و دواکەوتووانی جێگەی متمانەن.

(روی عن وابصة بن معبد، رضی الله تعالی عنه، قدم عَلی رسـول‌الله(ص)، فـی عشـرة نفـر مـن قومه بنی اسد بن خزیمة سنة تسع، فأسلموا و رجع الی بلاده، ثم ترک الجزیـرة و سـکن بالرقـة و دمشق، و مات بالرقة و دفن عند منارة جامعها، قال: أتیت رسول‌الله(ص)، فقال: جئـتَ تسـأل عـن البِرّ، قلت: نعم، فقال استفتِ قلبک، و فی روایةٍ استفتِ نفسـک، البـرّ مـا اطمأنّـت علیـه الـنفس و اطمأنّ الیه القلب).

ئەم فەرمموودە پیرۆزە بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێت کە لە کاتێکدا ئینسـانی موسولـمان دڵـی لـە خوو و خدەی خراپ و ناشیرین پاک کردەوە و بە چاکی شۆردی، ئەگەر لە لای غەیبەوە شـتێکی خرایە دڵەوە کە لەگەڵ بنکەکانی شەریعەتدا جۆر بێت، ئەوا ئەو شتە راسـتە و شـایانی باوەڕپـێ-کردن و نرخ‌بۆدانانە.

هەروەها مەولەوی بۆ ئیسباتی ئەوە کە ئیلـهام یەکێکـە لـە هۆیـەکانی زانـین، دەڵـێت: ئـەی سـروەی عیبـارەتی (نفـث فـی روعـی) کـوا کـە واتـە (خسـتیە دڵـم، ئیلـهامی کـردم) کـە لـە پێغەمبەرەوە(د. خ) گێڕراوەتەوە فەرموویەتی «ان روح القدس نفث فی روعی أن نفسا لـن تمـوت حتی تستکمل رزقها؟»

هەروەها دەڵێ: زۆر کەس ئاگای لە حەدیسی «ما صبّنی الله إلّا و قد صَبَّ فـی قلـب ابـی‌بکـر» هەیە، واتە: خودا هەرچی رژاندووەتـە دڵـی مـن رژاندوویەتیـە دڵـی ئەبووبـەکریش. دیـارە ئـەم لەدڵ‌رژاندنە بۆ ئەبووبەکر دەبێتە ئیلهام[۲۲]. هەرچۆن بێ ئەم ئیلهامە بەو جۆرە کە بـاس کـرا لای ئەولیا دڵ‌سافە نوورانییەکان حوججەتە، دروستە بۆ خۆیـان و پەیـڕەوەکانیان بـاوەڕی پـێ بکـەن، تۆیش کە حەز لە زانین و ئایین و هاوڕێیەتیی پیاوچاکـانی لـەخواترس و دڵ‌پاکـان دەکـەی ئـەم ڕێگایە بگرە بەر، چونکە شیفای دەردی دەروونی تیایە.

(وَ لا سـیّما طریقَـةَ مَـن
مَـنَّ علیهم جَنـابُ ذی‌المَـنّ
بـأنّهُمْ قَـد تَـأدّبوا
بـأدَب الشـرع، فیـه دأبـوا
دأبهـم للشـیخ دَأب الصـحابة
لمـن طـاب مـن طیبِـهِ طابـة)

خامۆش و گۆیـا و، خەمــەدە و شـواظ،
بێهۆش و هوشیار، رەقەدە و ئـەیقـاظ
نزیـــــک ئاشـــــنا، دوور و بێگانـــــە
غوییــەب و حـــوززار، کانــە و بانــە[٢٣]
تەبەعــەی میشـکات میسـباحی بـاری
(وراء کـــــلِ مســــلم، بخــــاری)
ئوەیسیی بە نەقش بێنەقشی پەیوەند
سـەرکاری عـالی شـاهی نەقشـبەند
قَـــــدّسَ الله، تعـــــالی، سِـــــرَّه
أفـــاضَ علـــی المـــؤمنین بِـــرَّه
تـەریقی ئەنفـەس ئەقـدەس و ئـەعلا
ئـەحلا و ئەجمـەل، ئەجـەلّ و ئـەجلا
ئەتهــەر و ئـەنوەر، ئەتیـەب و نەسـەب
ئەنفەع و ئەرفـەع، ئـەفزەل و ئـەقرەب
مـەکتووبات نـەگری ئـەر لـە گوێتـەدا
(ابــن حجــر) بــەرد دەدا پێتــەدا[٢٤]
زاهــیری دەڵــێت وەک باتینییــە[٢٥]
تەریقـــە لەمـــە فـــازیلتر نییـــە
چ تەریقێکـــە ئاوردیانـــە بـــەین؟
(جـــــزاهم الله رَبُّ المشــــــرقین)

طابە: مەدینەی مونەووەرە. شواز: بڵێسـەی بـێدووکەڵـی ئـاگر. خەمـەدە (خمـدە): جـەمعی (خامد) ە، کە گڕێکە نەکوژابێتـەوە، بـەلام بـێبڵێسـە. رەقـەدە (رقـدە) جـەمعی (راقـد) ە، واتـە نووستوو. غوییەب (غیّب): جەمعی (غائب)ە. حوززار (حضّار): جەمعی (حاضـر)ە. کانـە: جـەمعی (کائن)ە. بانە: جەمعی (بـائن) ە: جیـا. (مشـرقین): تەغلیبـە، وەک (والـدین) و (قمـرین) واتـە: مەشریق و مەغریب: خۆرهەڵات و خۆرنشین.

واتە: نەخوازەڵا ڕێبازی ئەو دۆستانەی خودا کە جەنابی خودای خاوەن‌نیعمەت، بە میهرەبـانیی خۆی نیعمەتێکی گەورەی پێ بەخشین، ئەو نیعمەتەیش خووگرتنیانە بە خوو و ڕەوشتی ئایینی و ئەدەب‌وەرگرتنە لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام و، بـەم خـووگرتن و ئـەدەب‌وەرگرتنـەوە گـەلێک ماندوو بوون. ئەمانـە ئـەدەب و هەڵسـان و دانیشـتنیان لەگـەڵ مورشـیدەکانیاندا وەک ئـەدەبی هاوڕێکانی پێغەمبەرە لەگەڵ ئەو پێغەمبەرە گەورەیەدا کە شاری (طابە) واتە: مەدینەی مونـەووەرە بە بۆنی خۆشی ئەو بۆن‌دار بوو[٢٦].

ئەو زاتە موبارەکانە بە زمان خامۆش و بێ‌دەنگن، بەڵام بە دڵ گۆیـان و نـاوی خـودا دەهێـنن، بەدیمەن ئاگری دامرکاوی بێ‌بلێسەن، بەڵام بـە دڵ و دەروون بلێسـەی سـووری بـێ‌دووکەڵـن و نوقمی یادی خودان، لە ژێر کاری بەرەکەتی خودایی‌دا مەست و بێ‌هۆشن، بەڵام بۆ ئاگـاداریی لـە حاڵی دواکەوتووەکانیان و بۆ پەروەردەکردنیان هوشیارن، یا خۆ لە کاروباری دنیا و خۆش‌ویسـتنی پایە و مایەدا بێ‌ئاگان و نزیکیان ناکەون، بەڵام بۆ کاروباری ئـایینی و خـاوێن‌کردنـەوەی دەروونی موریـدان ئاگـادار وئامـادە و هوشـیارن. بەدیمـەن نووسـتون و بـە دەروون وریـا و خـەریکی بیرکردنەوەن لە گەورەیی خودا، نزیکن لە خودا و ڕەزامەندیی خودا، دوورن لە دنیـا و سـامان، یـا نزیکن لە موریدی دڵسۆز و دوورن لە ئینسـانی یـاخی و لـەڕێ‌لادەر. دۆسـت و ئاشـنای خـودا و دۆستانی خودان، بێگانەن لە دنیا و خۆشیی بڕاوە، یا لەگەڵ دەروون‌ڕووناکانـدا ئاشـنان و بێگانـەن لە دڵڕەشان، بە دڵ لە ناودا نین و خەریکی بیرکردنەوەن لە گەورەیی خـودای گـەورە، بـەڵام بـە لەش لە ناو خەڵکدان و هاوبەشن لە کار و بارياندا. ئەم خوداناسە لەخوداترسانە (کائن فی النـاس) ن و (بائن عن الناس)، واتە بە لەش لەناوخەڵکدان و لەگەڵیاندا دەژیـن، بـەڵام بـە گیـان لەگـەڵ خودای مەزن‌دان و بیر لە گەورەیی ئەو ئەکەنەوە و خەریکی پەرستنی ئەون[٢٧]. ئەو زاتانە پەیڕەو و دواکەتووی ڕووناکیی تاقێکن کە چرایەکی خودایی تیایە، چرایەکـە دواکـەتووی هـەموو ئـەهلی حەدیسێکی دیاریی وەک موسلیم و بوخارییە، زاتێکە پایەی وەک حەزرەتی (اویس)ی قەرەنییـە، وە یا وەک (اویس)ی قەرەنی (موراد) بووە (ئەم مورادە ئیستیلاحی ئەهلی تەسەووفە).

ئەو زاتە پێوەندی بە نەخشی دنیایی و (ماسوی الله) ییەوە نییە و، نەخشی ئەو بریتییە لە بـێ-نەخشی و، ئەم بێ‌نەخشییە بووەتە نەخشی و، ناوبانگی بە شاهی (نەقشبەند) دەرکردووە، خوا دڵی لە غەیری خۆی پاک کاتەوە و بەرەکەتی بەسەر دڵی موسوڵماناندا بڕێژێ. ڕێ و شوێن و شـێوەی ڕێبازی ئەم زاتە لە هەرلایەکەوە تەماشای بکەی نایاب و هەڵبژاردەیە.

ئەنجا (مەولەوی) بۆ پاڵپشتی قسەکەی دەفەرمویَ ئەگەر باوەڕت بە کتێبی (مکتوبات)ی ئیمامی رەببانی(ر.خ) نەبیَ، کە مەدحی ریبازی (نەقشبەندی) ئەکات، حەزرەتی (ابن حجر)ی هەیسەمی دەتداتە بەر بەرد و دلّت دەشکێنیَ.

ریبازەکەیان ئەوەندە پاک و بیَخەوشە سوێند دەخۆی کە زاهیرەکەی وەک باتینەکەیەتی و ریباز لەمە گەورەتر نییە، نامەخوا لەم ریبازە راست و رەوانە، خودای خۆرهەلات و خۆرنشین پاداشی ئەوانە بداتەوە کە رەنگی ئەم ریبازەیان رشتووە.

عینادت نییە ئەگەر مونسیفی
ئەوە «أفضلُ الذِّكرِ ألخفيّ»[٢٨]
ئەویچە ئیختیار ئیسمی زاتی پاک
جامیعی ئەسما و سیفاتانە پاک
بەر لە مەشغوولی بە نەفی و ئیسبات
ئەلبەتە کەو چەند فەوائید دەدات
نەک وەک ئیختیار دلّ، بە دلّ بزان
کە لە بەدەندا هەر وەسە سولّتان
ئیسلاحی ئەوی ئیسلاحی گشتە
بەلّ بۆ شەش جیهەت بۆ هەموو چشتە
(بعد ازان) کە دلّ پڕ بوو لە سەفا
جەلای رۆحە و سیڕ خەفییە و ئەخفا
هەروا بەو سلووک رەویە و شەرت و شۆن
تا (عَشَرةٌ كامِلة) دەڕۆن
کە لە کەلّ[٢٩] کەوکەب کامیلی سووی‌دا
ئیمان و ئیسلام حەقیقی رووی‌دا
ئەو وەختە دەلّیَن قۆلّت هەلّمالّە
ئان هاوترازووی سەدهەزار سالّە

(پاک)ی یەکەم: خاوێن. (پاک)ی دووەم: سەرپاک، هەموو. کەو: ئاخۆ. نەک وەک ئیختیار دڵ: نەخوازەڵا کە دڵیان بۆ ئەم زیکرە خەفییە هەڵبژاردووە. هەر وەسە: هەر ئەوەسە، هەر ئەوەتە. بعد ازان: پاش ئەوە[فارسییە]. سووی‌دا: دەرکەوت. هاوترازوو: هاوتا (معادل). قۆڵت هەڵماڵە: ئامادە بە.

مەولەوی(ر.خ) پاش ستایشی تەریقەتی نەقشبەندی و باسی شاهی نەقشبەند(ر.خ) باسی ئاداب و ڕێ و شوێنی موریدی ئەو تەریقەتە ئەکات و، ئەڵێت: ئەگەر سەرکەش نیت و ئینسافت هەیە تەماشای یەکەم کاری موریدی نەقشبەندی بکە کە زیکرە بە دڵ و پایەی زۆر گەورەیە و زاناکان فەرموویانە: «أفضَلُ الذکرِ الخفيُّ» واتە: باشترین ناوی‌خوداهێنان ناوهێنانیەتی بە پەنهانی.

شایانی باسە لەم زیکری خەفییەدا گەلێ قسە کراوە؛ زانایان فەرموویانە زیکری خەفی یا هەر بە دڵ ئەبێ یا بە دڵ و زوبانە بەلام خۆی نایبیسێ، یاخۆ خۆیشی و غەیریش ئەیبیسن، وەکو ئیبنو حەجەری هەیسەمی لە خاتیمەدا فەرموویەتی زیکرێ کە هەر بە دڵ بێ و زوبان بەشی تیا نەبێ، یاخۆ زوبان بەشی تیا هەبێ بەلام خۆی نەیبیسێ پاداشی نییە. دوابەدوای ئەم قسەیە دەفەرموێت دەبێ ئەم نەبوونی پاداشە لەو ڕووەوە بێ کە زیکرە چونکە زیکر پێویستە بە زوبان بوترێ و خاوەنەکەیشی بیبیسێ، بەلام ئەگەر لەو ڕووەوە سەیری بکەین کە دڵ خەریکی زیکری (الله)یە و لە مەعناکەی ورد دەبێتەوە و، نوقمی دەریای نوور و بەرەکەتی خودایی دەبێ لەو حالەوە، ئەوە گومانی تیا نییە کە پاداشی لەسەرە؛ بۆ بەڵگە لەسەر ڕاستیی ئەم قسەیە فەرموودە هەیە: بەیهەقی ریوایەتی کردووە کە حەزرەت(د. خ) فەرموویەتی: (الذکر الذی لا تسمعه الحفظة یزید علی الذکر الذی تسمعه الحفظة بسبعین ضعفاً) جا لەسەر ئەم ریوایەتە مەولەوی فەرمووی: «أفضل الذکر الخفيُّ» هەروەها لەم زیکرە قەلبییەدا ناوی پاکی زاتی خوای گەورە هەڵبژێردراوە کە (الله) یە؛ چونکە (الله) عەلەمە بۆ زاتی (واجب‌الوجود)ی و هەموو تەواوییەکی هەیە و لە هەموو کەم و کووڕی و خەوشێک دوورە و پاکە، واتە ئەم ئیسمی زاتە هەموو ئەو کەمالاتەی کۆ کردووەتەوە کە لە ناوەکانی خودا و سیفەتەکانییەوە پەیدا دەبن، چ سیفەتی نەفسی کە (وجود)ە و چ سیفەتە سەلبییەکان (قدم، بقاء، قیام بالذات، مخالفة الممکنات)، چ سیفەتەکانی مەعنای، کە پێشیان دەڵێن سیفاتی زاتی، وەک (حیاة، علم، ارادة، قدرة، سمع، بصر، کلام)، چ ئەو سیفەتانەی کە پێیان دەڵێن سیفاتی مەعنەوی. بۆ نموونە: وەک (کونە حیّاً، کونە عالماً... تاد)، چ ئەو

سیفەتانەی کە لە پێوەندیی سیفەتە زاتییەکانەوە پەیدا دەبن... دیارە ناوی (الله) کە ئـەم هـەموو سیفەتانە بگرێتەوە لە هەموو ناوەکان گەورەترە.

بێ‌گومان زیکری (الله) بەر لە خەریک بوون بە زیکری (لا اله الا الله)وە کە پێی دەڵێن نەفی و ئیسبات، گەلێ سوودی تێدایە بو موریدی تازەدەس‌پێ‌کردوو، ئەم موریدە پاش ئـەوەی کـە دڵـی (ذاکر) بوو لەو سوودانە تێدەگات، نەخوازەڵا کە دڵیان هەڵبژاردووە بۆ خەریک‌بـوون بـەم زیکـری خەفییەوە، نەک زوبان؛ چونکە دڵ لە لەشدا وەک پادشایە و سەرچاوەی فەرمان‌کردنە بە چاکـە و بە خراپە؛ حەزرەت(د.خ) دەفـەرموێ: «ألا إنَّ فـيالجسـد مضـغةً إذا صـلحت صـلح الجسـد و اذا فسدت فسد الجسد ألا و هي القلب» کە چاک‌کردنی دڵ و رووناک‌کردنـەوەی (لطیفـە)ی دڵ بـۆ چاک کردنی هەموو ئەندامی لەش، بگرە بۆ هەر شەش لاکە سوودی هەیە، واتـە کاتـێ کـە دڵـی ئینسان نوورانی بوو ئەو نوورە دەبێتە هۆی راکێشانی خێر و بەرەکەت بۆی لە هـەر شـەش لاوە و، نایەڵێ لە هیچ لایەکەوە تاریکی رووی تێ بکات.

بە کورتی چاک‌کردنی دڵ و نوورانی‌بوون بە زیکری خودا دەبێتە هۆی چاک‌بوونی هەر شتێ لە ئینساندا کە پێویستی بە چاک‌بوون هەبێ؛ ئەڵێن کاتێ کە مرۆڤ دڵی نوورانی بوو هەموو گوفتار و رەفتارێکی، هەموو هەڵس‌وکەوتێکی دادەمـەزرێ و، خـوو و رەوشـتە جوانـەکانی گەشـەدەکەن و خووە بەدەکانی کز دەبن، جا کە مرۆڤ وای لێ هـات هـەموو دوژمنێکـی کـز و لاواز بـوو هـەموو دۆستێکی سەرفراز بوو ئەوا دەگاتە بەختیاریی نەبڕاوە.

پاش ئەوە کە لەتیفەی دڵ بە زیکری (الله) نوورانی بوو و (صفا)ی وەرگرت نۆبـەی روونـاکی و پاک بوونەوەی لەتیفەکانی رۆح و سیر و خەفی و ئەخفایە.

نەقشبەندییەکان ئەڵێن: جێگەی لەتیفەی رۆح سـەرگۆی مـەمکی راسـتە، بەرامبـەر جێگـەی لەتیفەی دڵ کە سەرگۆی مەمکی چەپـە، هـەروەها لەتیفـەی خـەفی لـە پـاڵ لەتیفـەی رۆحدا و لەتیفەی ئەخفا لە پاڵ لەتیفەی دڵدایە، لەتیفەی سیرڕیش لە ناوەڕاستی ئەم لەتائیفانەدایە.

هەر بەم‌جۆرە موریدەکان بە بڕینی مەرتەبەکانی ئـەزکار بـەو مـەرج و شـێوەیە مورشـیدەکان بۆیان دیاری دەکەن هەر دە لەتیفەکانیان بە تەواوی نوورانی ئەبن، کە هەر دە لەتیفەکـە نـوورانی بوون موریدەکان پایەی (سلطان‌الاذکار) یان دەس ئەکـەوێ و هـەموو ئەنـدامی لەشـیان نـوورانی ئەبێ و بە پایەی (ویلایەتی سوغرا) دەگەن.

ئەو پێنج لەتیفانەی کە باسمان نەکردوون ئەمانەن:

یەکەم: لەتیفەی نەفسە کە لە (جەبهة) ناوچاواندایە، چوارەکەی تـر لەتیفـەی تەبیعـەتن، واتـە چوار رەگەزەکە (ئاو، ئاگر، خاک، هەوا).

ئیتر لەسەر ئەم تەرتیبە بەردەوام ئەبن هەتا چەند پلە ئەبڕن و، دەگەنە (فنـا فـیالمرشـد). جـا ئەگەر خودای گەورە یارمەتی دان و لەم پلانە سەرکەوتن ئەوا دەگەنە پایەی (کەمال).

ئەمجا وەک (مەولەوی) دەفەرموێ کە ئەستێرەی (کـەمال) لـە ئاسـۆی بەختیارییـەوە سـەری دەرهێنا ئیتر ئیمان و ئیسلامی حەقیقی لەگەڵ بارانی نوور و بەرەکەت دەبارێن بەسەر موریدا. کە وای لێ هات پێی دەڵێن (بسم الله) قۆڵت هەڵماڵە دەس بکـە بـە ئـیش‌کـردن، نـوقمی دەریـای خوداپەرستی و (مراقبە) ببە، زۆر باش بزانە کە لەم مەقامەدا (ئان) واتە ئەوکاتـەی تـۆی تیـای بـە قەد سەد هەزار ساڵە و، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕێڕەوی سەرکەوتوو گەلێ دەسـت‌کـەوتی دەبـێ، هەلە و لە کیسی مەدە.

لـە لای مـن رەویـەی ئـەم بزورگانـە
ئەمیانە نەک وەک هـیچ کامێکیانـە[٣٠]
کـە رابیتـەی شـێخ تێرنـە نـەزەر
(طـوبی للـذی لـە ذا ظَهَـر)
شێخ هەردوو فەنای هەس بێوەسوەسـە
پـەس بـۆ تـۆ (فنـا فیالشیخ)ی بەسـە
دەڵـێی ئیسـتیحزار سـوورەت بەتاڵـە
بەتاڵـە نـوێژ شـەرعیت چەنـد ساڵـە
عـەلاوەی خەڵـەل کـاری عوقبـایی
دەشـێ بفـەوتێ کـاری دنیـایی
عولـەمای کامیـل مەزهـەب هـەر چـوار
ئەسـفیای بـزورگ (صـفیّ الاسـرار)
خـۆت شـارەزا وی یـا بـە واسـیتە
لێیـان دەشـنەوی حـەقیی رابیتـە
ئیشـارەیە هـەس لـە مەعییەتـدا

لـــە کیتابـــەدا یـــا لـــە ســـوننەتدا
ئـــەر فامـــت نـــەڕۆ و هـــەر نەیێتـــەوە
چـــاک رابیتـــەی لـــێ دەفامێتـــەوە
خۆلاســـە تـــەریق ئـــەم مەشـــائیخە
فەزلـــی (کالجبـــال) راســـی و شـــامیخە

مەولەوی؛ بە ڕەحمەت بێ؛ پێش نـەختێ باسـی ئـاداب و ڕێ و ڕەوشـتی ئـەولیای تەریقـەتی نەقشبەندی کرد و، فەرمووی: لای ئەمانە زیکری (الله) بە دڵ باوە هـەتا لەتیفـەی دڵ نـوورانی و زاکیر ببێ، هەروەها باسی نوورانی بوونی نۆ لەتیفەکانی تری کـرد. وا لێرەشـدا باسـی (رابیتـە)ی شێخ و مورشید دەکا و دەفەرموێ: لای من لە ناو ئادابـەکانی تەریقـەتی نەقشـبەندیدا (رابیتـە) شتێکی دیاری و بەکەڵکە و سوودی لە هەموویان زیاترە.

رابیتە لە ئیستیلاحی نەقشبەندییەکاندا بریتییە لەوە کە مورید وێنەی مورشیدی پـێگەیشـتوو پێگەیێنی خۆی، بەو شێوەی کە ئەو مورشیدەی فێری کردووە، لە دڵیا حازر ئەکا و داوای مەدەد و فەیز لە بەرەکەتی دەکا. هـەروەها مەولـەوی دەفـەرموێ: خۆشـا بـە حاڵـی ئـەو کەسـەی کـە سوورەتی رابیتەی بۆ دەردەکەوێ. مەشهوور وایە موریدی ئامادە و لێهاتوو بە هۆی بەردەوامبـوون لەسەر ئەم رابیتەیە حاڵێکی کەشفیی وای بۆ پەیدا دەبێ کە سوورەتی مورشـیدەکەی (عینـاً) لـە لای خۆیا دەبینێ و قسەی لەگەڵدا دەکا.

ئەنجا ئەفەرموێ: ئەی موریدی سوودوەرگرتوو لە رابیتەی مورشید! مورشیدەکەت پایەی (فنـا فی‌الرسول) و (فنا فی‌الله)ی هەیە؛ ئەو بە دەوامکردن لەسەر زیکر و فیکری خودا ئەو دوو پایە زۆر بەرزەی دەست کەوتووە، بەڵام تۆ لە سەرەتاوە بە هۆی رابیتـەکردنی شـێخەکەتەوە ئەگـەر هـەر تەنها (فنا فی‌الشیخ) ت دەست بکەوێ بەسە بۆت.

دوای ئەمانە مەولەوی ئاوڕ لەوانە دەداتەوە کە ڕەخنـەیان لـە رابیتـەکردن گرتـووە و وتوویانـە ئامادە کردنی وێنەی مورشید شتێکی بەتاڵە و دروست نییە، بەڵێ لـە وەڵامـی ئەمانـەدا ئەڵـێت: ئەگەر حازرکردن و ئامادەکردنی وێنە لە دڵدا شتێکی بەتاڵ بێ ئەبێ هەموو نوێژەکانی ئەم چەنـد ساڵانەت بەتاڵ بن، چونکە لە تەحییاتی هەموو نوێژێکدا جارێ یا دووجار دەڵێیت «السلامُ علیـک أیّها النبیّ و رحمةالله و برکاته» و وێنەی حەزرەت لە دڵتا حازر ئەکەیت.

هەروەها مەولەوی دەڵێت ئەگەر سوورەت ئامادەکردنی مورشید لە دڵدا و پەناپێبردنی، لە ڕێگای (رابطە) یا هەر ڕێگایەکی وەک ئەوەوە بەتاڵ بێت بێجگە تێکچوونی کاری ئینسان لەسەر پەنابەخەڵک بردن و داوای یارمەتی‌کردن لەم و لەو راوەستاوە.

ئاشکرایە کە تۆ داوای کتێبێ لە یەکێ بکەیت داوا لە ئێسقان و گۆشت و پێستە رووتەکەی ناکەی، داوا لە ڕۆحەکەی دەکەیت کە ئەندامەکانی بخاتە کار و کتێبەکەت بداتێ.

لە لایەکی ترەوە تۆ کە داوای یارمەتی دەکەی داوای یارمەتیی کەسبی دەکەی، کابرایش یارمەتی و کۆمەکی کەسبیت دەدا، نە تۆ داوای خەلق و ئیجاد لەو دەکەیت و نە ئەویش ئەتوانێ بێجگە لە (کسب) و (اکتساب) شتێ بۆ تۆ بکات.

مەولەوی بۆ یارمەتی و پشت‌گیریی لە شەرعیيەتی رابیتە ئەفەرموێ: لە زانا بەرزەکانی هەر چوار مەزهەبی ئەهلی سوننەت و جەماعەت و لە ئەولیا بەهرەدارەکان چ (بالذات) و چ (بالواسطه)، واتە راستەوخۆ لە خۆیانەوە یا لە کتێبەکانیانەوە، حەققانییەتی رابیتەتان بۆ روون ئەبێتەوە:

ئەوەتە گەلێ لە (مفسّر) ەکان، تەنانەت زەمەخشەریی خاوەنی تەفسیری (کشاف)، لەگەڵ ئەوەیشدا کە مەیلی ئەهلی ئیعتیزالی هەیە، واتای کەلیمەی (برهان)ی لە ئایەتی پیرۆزی (... لو لا أن رأى برهان ربِّه...)ی لە سوورەتی یووسفدا بەوە لێداوەتەوە کە وێنەی حەزرەتی یەعقووب هاتە بەرچاوی یووسف پەنجەی لێ دەگەزی[٣١]، ئەوە بوو حەزرەتی یووسف زۆر (متأثر) بوو و قازانجی لێ‌کرد و نەکەوتە گێژاوی گوناهەکەوە.

شێخ (اکمل‌الدین)ی حەنەفی[٣٢] لە شەرحی (مشارق)دا لە لێکدانەوەی مەعنای حەدیسی «من رآني في المنام فقد رآني، فان الشيطان لا يتمثل بي»[٣٢]دا باسی ئەوە دەکا کە کۆبوونەوە و بەیەک‌گەیشتنی ئینسان لەگەڵ ئەرواحی پێغەمبەران و دۆستانی خوادا بە پێی ئەندازەی پاکی و نوورانییەتی و هێزی رۆحیی ئەو ئینسانەیە.

شێخ ئیبنوحەجەری هەیسەمی لە دوادوایی شەرحی کتێبی (شمائل)دا دەگێڕێتەوە کە جارێ عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس(ر.خ) لە خەودا بە خزمەت حەزرەت گەیشت، کە بەیانی لە خەو هەستا و تەماشای ئاوێنەی کرد وێنەی حەزرەتی پێغەمبەری لە ئاوێنەکەدا چاوپێ‌کەوت نەک سوورەتی خۆی، سۆفییەکان بەم‌جۆرە حالاتە ئەڵێن (فنا فی الرابطة).

ئیمامی شەعرانی[٣٣] (ر.خ) لە کتێبی (النفحات القدسية)دا دەفەرموێ: لە ئادابی تەریقەیە کە مورید بە خەیاڵ شەخسی مورشیدەکەی لە بەرچاوی خۆیدا رابگرێ.

هـەروەها لـە پێشـەوایانی ڕێبـازی حەنبـەلی حـەزرەتی شـێخ (عبـدالقادر)ی گـەیلانی(ر.خ) فەرمووپەتی ڕێڕەوی ڕێبازی قەوم ـ مەبەستی سۆفییەکانە ـ پێویستە (رابطە) یەکی قەلبی هـەبێ و، بە هۆی ئەو (رابطە) وە سوود لە نووری مورشیدەکەی وەربگرێ؛ چونکە هەر موریـدێ رابیتـەی قەلبی لەگەڵ مورشیدەکەیدا نـەبێ سـوودی لـێ وەرنـاگرێ، ئـەم فەرموودەیـە شـێخ عوعـەمری سوهرەوەردی، لە بەشی هەڵس‌وکەوت و ئادابی مورید لەگەڵ شێخەکەیدا لە حەزرەتی غەوسـەوە نەقلی کردووە.

شێخ خەلیل[٣٤] کە یەکێکە لە زانایانی ڕێبازی مالیکی، دەفەرموێ: کـە وەلیـی لـە ویلایـەتدا پێی دامەزرا و جێی خۆی خۆش کرد دەتوانێ ڕۆحی خـۆی لـە چەنـد شـێوەدا دەربخـات. هـیچ کۆسپێ لە ڕێگای ئەم کارەدا نییە چونکە ئەو حەقیقەتی ڕۆحە، با یەکێک بـێ، ئـەتوانێ لـە چەنـد شێوەدا دەربکەوێ.

هەروەها مەولەوی دەفەرموێ لە ئایەتی پیرۆزی (یـا أیهـا الـذین آمنـوا اتقـوا الله و کونـوا مـع الصادقین) [٣٥] و، لە فەرموودەی شیرینی حەزرەتی پێغەمبەردا «المرء مع من أحَـبَّ»[٣٦] ئیشـارە هەیە بۆ پێویستیی هاوڕێیەتی و لەگەڵدابوونی ڕاستگۆیان و پیاوچاکان، ئەگەر ئینسان هۆشـی لای خۆی بمێنێ و نەڕوات و مێشکی بەجێ بێڵـێت، لـەو ئیشـارانەوە رابیتـەی مورشـید وەردەگـرێ، چونکە بوون لەگەڵ ڕاستگۆیاندا ئەگەرچی مەعنا ئاشکراکەی بوونی ماددییە، بەڵام هەق وایـە ئـەو بوونە بە بوونی ڕۆحی و مەعنەوی لێک بدرێتەوە، بێ‌گومان ئەگەر هـەزار سـاڵ بـە لـەش لەگـەڵ یەکێکدا بی تەنها تاقە سەعاتێ ناهێنێ کـە لەگـەڵ خـۆش‌ویسـتن و دڵسـۆزیدا بـە ڕۆح لەگـەڵ ڕۆحیدا بیت.

پوختەی قسە: ئەم دۆستە بەڕێز و بەنرخانەی خودای گەورە، گەورەییان و پایەبـەرزییان وەک چیای بەرزی دامەزراو دیارییە، بە تایبەتی بۆ یەکێ کە (تانە) سەرچاوی نەگرتبێ.

بـۆچ ئـەم تەریقـە هـەس بـەم تەریقـە؟
چونکـە نیسـبەت و حاڵـی سـیددیقە
نیسـبەت و حاڵـەت (أفضـل الامثـال)
(أفضَـلُ النَّسَـب أفضـل الأحـوال)
ئـەرچی شـەریکن ئەسـحابی کـیرام
(فـی الفـیض العـامّ مـن خیـر الانـام)

(لکــن فــی الفــیض الخــاص المحــوّل
کلّهــم مریــد) خەلیفـــەی ئـــەووەل
(و هـــو ظـــاهراً باطنـــاً مُطـــاع
علـــی کلّهـــم لـــه اتّبـــاع)
(و مـــن نـــاره کُـــلٌّ مقتـــبس
و مـــن نـــوره کـــلٌّ ملـــتَمِس)
تەســدیق بەرزەخـــە (بـــین الطـــرفین)
هەر یەک لە جێی خۆی (کُلّ مـن الوصفین)
روتبـــەی فـــارووقی مائیـــل بـــە فەرقـــە
لـــە شـــهوودی شـــەرع شـــەریفدا غەرقـــە
ئەگـــەر دەبـــینی (بعـــد النبیّـــین)
روتبـــەی ســـیددیقین شـــوهەدا بـــبین[۳۷]
مـوددەی سـێیـەمیچ، تـا ئـەکثـەری چـوو
ویلایـــەت هـــەر بـــەرگ نبـــووەتی بـــوو
ئیمجـــار نوانـــدنی کـــەمێ گۆشـــەی عـــەین
مەرتەبـەی سـێیەم بـوو بـە (ذی النـورین)
چون لە چارەمدا جێی گرت، خـۆر دوسـتوور،
بـێ پـەردە، عالـەم کـرد وە دەریـای نـوور
قـەوابیل[۳۸] یـەک یـەک هـات وەبـەرەوە
هـــەرچی هـــەرچی بـــوو دایـــە دەرەوە
فەسڵێ سەوزە و گوڵ، یەک زەردی و مەلال،
لـە یەمـەن عـەقیق، لـە بەدەخشـان لال.
سەلای[۳۹] «سلونی» خست ئـەو فەلـەک داد
(زدنـی) زیـاد کـرد (کُمیـل)ی (زیـاد) [۴۰]

ویلایـــەت پـــەردەی نـــەکرد ریعایـــەت
بـــۆ وە ناونریـــا (بـــاب الولایـــت) [٤١]
زاهیر بوو تـەریق سـیددیقی وەک خـۆی[٤٢]،
عـالی و پرمـەغزە، بـۆچی پـووچ دەکـەی؟

خۆر دوستوور: وەک خۆر. هەرچی: هەرشت، هەرکەس. هەرچی بوو: هەرچی لـە بـارەدا بـوو، هەر شـتێکی هـەبوو. دایـە دەرەوە: دەری‌دا، دەری خسـت. بەدەخشـان: ولاتێکـە لـە مابـەینی هیندوستان و خوراساندا بە لەعلی نایاب بەناوبانگ بووە. لال = لەعل: بەردێکی بەنرخە. بۆ وە: بـۆ ئەوە. لەبەر ئەوە.

واتە: ئەگەر ئەپرسی بۆچی ئەم تەریقەی سیددیقە ئەوندە بایەخدار و بـە نرخـە؛ دەڵـێم لەبـەر ئەوەیە ئەم تەریقەیە نیسبەت و ئەحواڵی حەزرەتی ئەبووبەکری سیددیقە، ئەم پیاوە پایەبەرزەیش گەورەترین هاوڕێی پێغەمبەر بووە(د.خ) دیارە نیسبەت و حاڵـی چـاکـتـرین هـاوڕێی پێغەمبـەر چاکترین نیسبەت و حاڵە.

جا ئەگەر بڵێیت هاوڕێکانی پێغەمبەر(د.خ) هەموو لەم هاوڕێیەتییـەدا هاوبەشـن و وەک یـەک شەرەفیاب بوون، ئیتر بەڵگەت چییە بۆ ئەم جیاوازییە؟ ئەڵێم راستە هەموو هاوڕێکـانی پێغەمبـەر لە هاوڕێیەتی و بەرەکەتە گشتییەکاندا بێ‌جیـاوازین، بـەڵام جیاوازییـان لـە بەرەکـەتی تایبەتیـدا هەیـە، کـە ئـەنجامی زیـادە دڵسـۆزی و زیـادە پێوەنـدی و زیـادە بەهرەدارییـە، ئـەی نـازانن حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی «ما رَجَحَ أبوبكر عليكم بكثرة صلاته و صومه، و انما رجـح بشـيء وقـر في صدره» واتە: ئەبووبەکر بە زۆریی نوێژ و رۆژووی لە ئێوەی نەبردووەتەوە، بەڵکو بە شتێ لێتـان پێش کەوتووە کە لە سینگیا جێگیر بووە.

هەر لەبەر ئەم خوسووسییەتە بوو کە بوو بە خەلیفە و جێ‌نشینی یەکەمی پێغەمبـەر(د.خ)، جـا کە هەموو هاوڕێکانی پێغەمبەر بەیعەتیان پێ‌کرد و بـە گـەورەی خۆیانیـان حسـێب کـرد و رازی بوون کە ببێتە جێ‌نشینی حەزرەتی پێغەمبەر، هەموو بوونە موریدی و لە فەرمانی دەرنەدەچوون، هەموو لە ئـاگری حـەز و خواسـتی ئەبووبـەکرەوە دەسـتەچیلەیان وەرگـرت و، لـە نـووری دڵـی موبارەکی ئەو سوودیان وەرگرت.

بە راستی باوەڕت ببێ کە ئەبووبەکری سیددیق؛ خوای لێ رازی بێ؛ بەرزەخ بوو لە بۆ نووری نبووەت و نووری ویلایەت، واتە لە سەردەمی جێنشینیی ئەودا هەیبەتی نووری پێغەمبەرایەتیی حەزرەت(د.خ) و هیممەتی نووری ویلایەتی ئەبووبەکر دیاری و ئاشکرا بوون، هەردوو دیاری بوون. کە رۆژی جێنشینیی عومەری فاورووق هاتە پێشەوە فەرق پەیدا بوو لە نێوان ئەم دوو نوورەدا، واتە حەزرەتی عومەر زیاتر مەیلی بوو بۆ برەوپێدانی حوکمی زاهیری شەریعەت لە ژێر پەردەی پێغەمبەرایەتیی حەزرەتدا. بەشی زۆری ماوەی جێنشینیی خەلیفەی سێهەمیش نووری ویلایەت هەر لە بەرگی هەیبەتی نووری نبووەتدا خۆی دەنواند. بەڵام دوایی ویلایەت کەمێ گۆشەی چاوی نواند و لە باقیمەندەی خیلافەتەکەیدا دوو نووری نبووەت و ویلایەت دەرکەوتن، پیاوە گەورەکان زۆرتر بۆ هەیبەتی نووری نبووەتیان دەڕوانی و خەڵکیتر هەبوون کە وا نەبوون.

لە سەردەمی جێنشینیی خەلیفەی چوارەمدا ویلایەت وەک خۆر بە ناوەڕاستی ئاسمانەوە خۆی نواند، دەوری حەزرەتی عەلی هاتە پێشەوە، چینە پێشووەکان نەمان، پەردەی نووری پێغەمبەرایەتی هەڵگیرا، نۆبەی ویلایەت هاتە پێشەوە و جیهانی پڕ کرد لە نوور. باری چەرخ گۆڕا و هەر مادەیەک و هەر شەخسێ چی پێ بوو، چی لەبارەدا بوو دەریخست و، وەک چۆن هەر زەمانێ و هەر وەرزێ جۆرە شتێکی تیا دەبێ؛ وەرزی بەهار گوڵە و گوڵزار و چیمەن و مێرغوزارە، هاوین وەرزی کۆکردنەوەی بەرهەمی کشت و کاڵە، وڵاتێ شوێنی عەقیقە وەک یەمەن، وڵاتێکی-تر شوێنی دوڕڕی درەخشانە وەک بەدەخشان، ئەو سەردەمەی حەزرەتی عەلیش سەردەمی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هەندێ شت بوو کە لە سەردەمی حەزرەتی ئەبووبەکر و عومەردا نەبوون.

ئیتر ئەوە بوو حەزرەتی عەلی (کرّم‌الله وجهه) بەگوێرەی رۆژ و شوێن و بە قەدەر توانا دەستی کرد بە خزمەتکردنی موسوڵمانان بە نووری ویلایەت و، کەوتە بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاری لە ناو موسوڵماناندا، ئاوازی (سلونی) حەزرەتی عەلیی ئەگەیشتە ئاسمان و کومەیلی کوڕی زیادیش کە کاتبی بوو هەموو کات دەیوت: (زدنی، زدنی) بۆ وەرگرتنی زیادە مەعلوومات. دیارە حەزرەتی عەلی هەستی بە لێپرساوی کردووە بۆیە بە خەڵکی فەرمووە چیتان هەیە، چی لە دڵتانایە، لێم بپرسن پێش ئەوەی بمرم و لە ناوتاندا نەمێنم، کومەیلیش کە بە تەنگ ئەوەوە بووە هەموو ئامۆژگارییەکانی هەڵبگرێ هەر داوای زیاتری لێ دەکرد.

بەڵێ لەم ڕۆژەدا ویلایەت پەردەی لەسەر خۆی لادا و خۆی بە تەواوی دەرخست؛ بۆیە حەزرەتی عەلی ناونراوە بە (باب الولایة).

ئادابی ویلایەت لە حەزرەتی عەلییەوە گەیشتە حەزرەتی حەسەنی بەسەری و لەویشەوە بە جیهاندا بڵاوبووەوە.

هەروەها لە کاتی خۆیدا حەزرەتی سەلمانی فارسیش ئادابی تایبەتی لە حەزرەتی ئەبووبەکرەوە وەرگرتبوو، چ بە زمان و چ بە هێزی هاوڕێیەتی و کاری گیانی.

سیلسیلەی ریجال ئەم شیمەی پاکە
لایق وەگەردن[٤٣] شێری بێباکە
قەفقەف هات وەک ڕم تا شیری هیندی
قد قَدَّ قَدَّ کُلِّ (لی)، (عِندی)
هەرکەس خەستەی زەهر گەستەی (هەوا) بوو
فارووقی توریاک بۆ ئەو دەوا بوو
لە فەیزی قەدیم لوتفی ڕەببانی
بوو بە موجەددید بۆ ئەلفی سانی
خەبیس لە تەییب بەو کریا تەمیز
(قدَّسَ اللە سِرَّهُ العزیز)
موحتاج بە ئەلفیت[٤٤] ئەر نەوی عاتی
ئەر عەشەراتیت[٤٥] ئەگەر میئاتی
ئەگەرچی دیجلەی بەغدادی ئیرشاد
(منبعُ الانهار) مەزرەعەی عیباد
مەئوای نیسبەتەین بێ شەینی سیبتەین
غەوس و شاهباز ساحیب جەناحەین
مەرجیعی فتووح پەیدا و نیهانی
(اللە أرضاهُ بالرِضا المبین
أولاهُ الإلە إلاهُ، آمین)

فیـــووزات یەکســـەر ئـــەر زۆرە و ئـــەر کـــەم
تـــەمام لـــە خدمـــەت ئـــەودا دەویٚ جـــەم
لاکـــین موجەددیـــد نـــائیبی ئـــەوە
وەکیلــــی (ذو رأی) ســــائیبی ئـــەوە
هـــەرچی کـــە وتمـــان جـــەم بووگـــە لـــەویٚ
تەســـلیم بـــە ســـەرکار موجەددیـــد دەویٚ
لەســـەر هـــەر شـــیمە و شـــێوەیە کـــە هـــەی
چـــار نییـــە دەشـــیٚ بـــەو تەشـــەببوس کـــەی
چونکـــە وەکیلـــی ئـــەوەو نائیبـــە
لـــە نائیـــب غائیـــب ئەڵـــبەت خائیبـــە
بـــا بێینـــە ســـێوەر ئـــەم هـــەردوو هومـــا
(رَضِـــــی الله الهـــــادی عنهمـــــا)

قَد: بە راستی. قَدًّ: دوو لەتی کرد. قَدّ: بالا، قامەت. لی: هەمە. عندی: لامە. واتە: کار و بـاری نهێنی و رۆحی. هەوا: هوی، مەیل، خۆشەویستی. الاءُ: نِعَمهُ. جەم: کۆ. سێوەر: سێبەر.

واتە: زنجیرەی ئەم رەوشتە پاکە شایانی گەردنی شێری بیٚباکە، شـێریٚ کـە خـاوەنی هێـزی گیانی بیٚ، شێریٚ کە مەشرەبی قودسی بیٚ، شێریٚ کە لەسـەر رەوشـت و ریٚ و شـوێنی فـەخری عالەم(د.خ) تەمیٚ و تەربیەی وەرگرتبیٚ.

ئەم زەنجیرە قەفقەف وەکوو رمی کاریگەر و نیشان پێک بیٚپچڕان یەک لە دوای یـەک هـات هەتا گەیشتە شێری بێشەی خواناسی و مـەردی مەیـدانی لـەخواترسـی و تازەکـەرەوەی ئـایینی ئیسلام، شمشێری بڕندەی هیندی حەزرەتی شێخ ئەحمەدی فارووقیی سەر هیندی (مجددّ الالف الثانی المشهور بالامام الربانیّ قدّس سرّە العزیز [۹۷۱ ـ ۱۰۳۴ هـ]) ئەم زاتە فارووقیی نەسەبە کە رەوشتی حەزرەتی ئەبووبەکری سیددیقی پەیڕەو دەکرد، ئەم زاتـە گـەورە خواناسـە قامـەتی ئـەو درۆزنانەی لەت دەکرد کە بە گەزاف و خۆهەڵنان بیان‌وتایە ئێمە خاوەن بەهرەین و شت ئـەزانین و نهێنیمان لایە. دەستی کرد بە ریٚپیشاندانی خەڵـک و تیمـارکردنی دڵـی برینـدار. هەرکـەس خەستە و نەخۆشی ژاری ماری نەفسی ئەممارە بوایە توریاقی تەوەججوهـ و رووتێکردنی فـارووقی بۆی ئەبووە دەرمان و چاکی دەکردەوە.

ئەم زاتە لەخوداترسە لە میهرەبانی خودای گەورەوە بوو بـە تازەکـەرەوەی ئـایینی ئیسـلام بـۆ هەزاری دووەمی مێژووی کۆچی. بە جۆش و خرۆشی کوورەی دڵی پڕ ئیمـان و نـوورانی خـووی بەد و ئارەزووپەرستی لە دڵ و دەروونی خەڵکی سروشتپـاک دوور خسـتەوە و، تێـیگەیانـدن و پێیگەیاندن و، ئینسانی بەدخووی لە ئینسانی پاک و خاوێن جیاکردەوە.

تۆیش ئەی موریدی خواناسی حەز لە رووناکی کردوو لە دواکەوتنی رێ و شـوێنی ئـەم مـەردە مەزنە نوورانییە ئایین تازەکەرەوە سەرپێچی مەکە. تۆ ئەگەر خۆت بە زل نەزانی و لە خـۆت بـایی نەبی، چ لە دەیان بی و چ لە سەدان موحتاجیت بە هەزار. بـێگومـان نـەزان موحتـاجی زانایـە و بێگانە موحتاجی ئاشنایە و (و فَوقَ كُلِّ ذی عِلم عَلیم) [٤٦].

جا لەبەرئەوە لەم شـوێنەدا لەوانەیـە یـەکێ رەخنـە بگـرێ و بڵـێت وا مەشـهوورە کـە پایـەی قوتبییەتی ئیرشاد بە ئەسالەت لە یەکەیەکەی ئیمامانی ئال و بەیتەوە هاتووەتە خـوار تـا ئیمـامی یازدەهەم و، لە پاش ئەو بە وەکالەت بووە تا زەمانی حەزرەتی عەبـدولقادری گـەیلانی ئیتـر ئـەم بووەتە قوتب بە ئەسالەت، لەپاش ئەویش دیسانەوە قوتبییـەت بـە وەکالـەت دەبـێ هـەتا هـاتنی حەزرەتی موحەممەدی مەهدی، کەوابێ چۆن تۆ مەرجیعییەتت بـۆ حـەزرەتی ئیمـامی رەببـانی بڕیاردا؟

مەولەوی وەڵامی ئەم رەخنە دەداتەوە و دەڵێت: ئەگەرچی ئەو زاتە کە دیجلەی ئیرشـادە لـەد بەغدا و لقێکە لە دەریای نبووەت و ریسالەت و مەشهوورە بە (غوث الثقلين) و سەرچاوەی هـەموو ئەو رووبارە گەورانەیە کە بۆ کشـت و کاڵـی خوداپەرسـتی راکێشـراون، خـاوەنی دوو نیسـبەت و پێوەندی بێخەوشە، واتە لە رشتەی باوکیەوە دەڕواتەوە سەر حـەزرەتی حەسـەن و لـە دایکـەوە دەچێتەوە سـەر حـەزرەتی حسـێن (ر.خ)، بەڵـێ ئەگـەرچی حـەزرەتی عەبـدولقادری گـەیلانی مەرجیعی فتووحاتی ئەولیای جیهانە و فیووزاتی رۆحییە زۆر یا کەم لای ئەو کۆ دەبێتـەوە، بـەڵام ئیمامی رەببانی موجەددیدی ئەلفی سانی نائیب و جێگەداری ئەوە و لە ئیرشادی خەڵکا وەکیلـی ئەو بووە و هەرچی لە خزمەتی حەزرەتی غەوسی گەیلانیدا کۆ بووەتەوە دراوەتە دەستی ئیمـامی رەببانی، ئیتر تۆ لەسەر هەر شێوەیەک بی بە ناچاری دەبێ دەسـت بـە پشـتێنیا بکـەی؛ چونکـە وەکیل و جێنشینی غەوسە و هەرکەس لەگەڵ جێگری ئەودا سەر و ساختی نەبێ زەرەر دەکـات و هەناسەساردە.

کەواتە با بێینە ژێر سێبەری ئەم دوو (هوما) پیرۆزە بەڵکو بەو سایە بگەین بە پایە و مایە و بتوانین خزمەتی ئایینی ئیسلام بکەین. وا مەشهوورە ئەم باڵداری (هوما)یە سێبەر لەسەر هەر کەس بکات ئەبێتە پادشا (و الله قدیر یحکم ما یرید و یفعل ما یشاء، و یختصّ برحمتهِ من یشاء، والله ذوالفضل العظیم).

زانای گەورە موحەممەدی کوڕی یەحیای حەڵەبی، کە لە (۹٦۳)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە لە کتێبەکەیدا کە ناوی (قلائد الجواهر)ە بەم جۆرە باسی رشتەی باوپیرانی حەزرەتی غەوس ئەکات:

«هو سیدنا شیخ‌الاسلام، مقتدی‌الاولیاء العظام، علم الهدی، الذی من انتمی الیه کان من السعداء، القطب الربّانیّ والفرد الجامع الصَّمَدانی، ذوالأصل الطاهر، محی‌الدین أبو محمد عبدالقادر بن أبی صالح جەنگی‌دوست موسی بن ابی عبدالله بن یحیی‌الزاهد بن محمد بن داوود بن موسی بن عبدالله بن موسی الجون بن عبدالله المحض (و ینعت بالمجلّ اخذه من الاجلال) بن الحسن المثنی بن امیرالمؤمنین ابی محمد الحسن بن أمیرالمؤمنین علیّ، رضی‌الله تعالی عنه و عنهم. و امّهِ ام‌الخیر امة الجبار فاطمة بنت الشیخ عبدالله الصومعی الحسینی الزاهد، رحمة‌الله علیهم اجمعین. و هو ابن الإمام أبی جمال‌الدین السید محمد بن الإمام السید محمود بن الإمام السید ابی العطا عبدالله بن الإمام السید کمال‌الدین عیسی بن الامام السید ابی علاءالدین محمد الجواد، رضی الله تعالی عنه، ابن الإمام الهمام علیّ الرضا، رضی الله تعالی عنه، ابن الإمام الهمام موسی الکاظم، رضی الله تعالی عنه، ابن الإمام جعفر الصادق، رضی الله تعالی عنه، ابن الإمام الهمام محمد الباقر، رضی الله تعالی عنه، ابن الإمام الهمام علی زین‌العابدین، رضی الله تعالی عنه، ابن الإمام الهمام ابی عبدالله الحسین، رضی الله تعالی عنه و أرضاه.

و لسیدنا عبدالقادر، رضی الله تعالی عنه، اتصال بسیدنا ابی بکر الصدیق من جهة ام أبیه السیدّدة ام سلمة. و له اتصال بسیدنا عمر الفاروق و بسیدنا عثمان ذی‌النورین من قبل أمهات اجدادهِ رحمهم الله تعالی...»

(نامی) لەم جێدا بۆ وەسڵی ئیسناد
چەن کەس ناو ئەبا لە ئەهلی ئیرشاد
لە (فاروقی) وە واسڵ بوو مەعلووم
بۆ نەجلی ئەرشەد (محمد معصوم)

لـەوۆ هاتـە خـوار بـۆ تـەرویجی دیـن
دای لە دەروونی خواجە (سـیف‌الـدین)
ئـەمجار هاتـە خـوار زۆر بـە جـوانی
بـــۆ (تـــور محمّـــد ألبَـــدَوانی)
لـــەوەوە گەیشـــت بـــە جـــانی جانـــان
(حبیـــب الله مظهـــر الاحســـان)
جـــا گەیشـــتە دڵ پـــیری عەلـــەوی
(عبـــدالله غـــلام علـــیَ دِهلَـــوی)
لـەوەوە هێنـای پایـەی عـیلم و عـەین
(مولانـا خالـد) شـای (ذو الجنـاحَین)
لـــە (مولانـــا) وە خەزانـــەی ئـــەمان
تەسلیم بوو بە دەس حەزرەتی عوسمـان



١ـ ئەم عینوانە لە نوسخە دەستنووسەکەدا نییە.

٢ـ ئایەتی (١٠٣) لە سوورەتی (آل عمران).

٣ـ ئایەتی (١٠٥) لە سوورەتی (آل عمران).

٤ـ وَ لمّا بَعَثَ النبیُّ(ص) مُعَاذاً إلی الیمنِ قال لَهُ: کیفَ تقضی؟ قالَ: أقضی بما فی کتاب‌الله. قال: فإن لم یکن فی کتاب‌الله؟ قال: فبِسُنّةِ رسولِ‌الله(ص). قال فإن لم یکُن فی سُنّةِ رسولِ‌الله(ص)؟ قال: أجتهدُ برأیی. قـال: الحمـد لله الذی وَفّقَ رسولَ رسولِ‌الله(ص). رواهُ الترمذی و أبوداوود. التاج الجامع للاصول، الجزء الثالث، ص ٦۶

٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦ـ (سفیان ثَوری) لە هۆزی (بنی ثور)ی کوڕی (عبد مناة) کە لە خێڵی (مضر)ە (٩٧ـ١٦١)ی کۆچی.

٧ـ سوفیانی کوڕی عویەینە (١٠٧ـ ١٩٨)ی کۆچی پیـاوێکی بـڕوایێ‌کـراو و حـەدیس‌لەبـەر و یەکێکـە لـە زانـا گەورەکانی عیلمی حەدیس.

٨ـ (عبدالرحمن)ی ئەوزاعی یەکێکە لە پێشەواکانی فیقهی ئیسلام (٧٠٧)ی زایینیی لە بەعلەبەک لە دایک بـووە و (٧٧٤)ی زایینی وەفاتی کردووە.

٩ـ داوودی کوڕی خەلەفی ئەسفەهانی خاوەنی ڕێبازی (ظاهریە) یە، لە شاری کووفە سالی (٨١٥)ی زایینی لـە دایک بووە، لە بەغدا پێ‌گەیشتووە، لە کووفە و بەسرە خوێندوویەتی، سالی (٨٨٣)ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

١٠ـ ئەم بەیتە تەنها لە دەستنووسەکەدا هەیە، لە چاپەکەدا نییە.

١١ـ ئەگەرچی ئەم بەیتەی مەولەوی تەئویل هەڵئەگرێ و ئەتوانرێ بە جۆرێ مەعنای لێ بدرێتەوە کە لەگەڵ ڕاستەڕێی ئایینداد بگونجێ، بەلام هەر خالی نییە لە زیادەڕەوی.

خۆی لە بناخەدا وەلی بۆیە وەلییە بە دڵ و گیان پەیڕەوی نەبییە و دڵسۆزی ئایینەکەیەتی و نوقمی دەریای لەخواترسانە. وەلیی بە ڕەفتار و بە کردار خەڵک بانگ ئەکات بۆ خواپەرستی، بۆ خۆشویستنی پێغەمبەری ئەمین و بۆ پەیڕەوکردنی، خۆی بە بچووکترین دڵسۆزی پێغەمبەر ئەزانێ. وەلی هەرگیز داوای نەکردووە و، ڕەوایش نییە داوا بکات، کەس بەم ڕادە هەڵیدا. بۆ پایەبەرزیی وەلی ئەوەندە بەسە کە لەخواترسە و لە تیشکی ئایینی بەرزی پێغەمبەر ڕووناکی وەرگرتووە و بەو ڕێگایەدا دەڕوا کە ئەو ڕەنگی ڕشتووە. بۆیە دەرگای تەعبیری وەها نەکرێتەوە باشە، ئەگینا زانا لەخواترسەکانیش ئایەتی پڕمەعنای وەک (إنمّا یخشی الله من عبادهِ العلماء) و ئەسەری مەشهووری وەک «العلماء ورثة الانبیاء» و «علماء امتی کانبیاء بنی اسرائیل» دەرهەقیان هاتووە، کەواتە هەموو زانایەکی لەخواترس و ڕێپیشاندەر بۆ کۆمەڵەکەی وەک پێغەمبەرە بۆ ئوممەتەکەی.

١٢ـ ئەبێ ئەم ئیجتیهادە جۆرە ئیجتیهادێکی تایبەتی بێ، ئەگینا ئیجتیهاد لە ئیستیلاحی عیلمی ئوسوولی فیقهدا ئەوەیە زانا چی لە توانادایە بە کاری بێنێ بۆ ئەوە (ظنّ) پەیدا بکا بە حوکمێکی شەرعی. بێجگە ئەمە لە شەریعەتدا شتێ نییە ناوی ئیجتیهاد بێ.

١٣ـ لام وایە (خواجە) لە (خوداجۆ) وە هاتووە، واتە: ئەوەی خودای دەوێ، دوایی لە بەکارهێناندا مەعنای فراوانتر کراوە.

١٤ـ ئایەتی (٤) سوورەتی (حدید).

١٥ـ ئایەتی (١٦) سوورەتی (ق).

١٦ـ ئایەتی (٢٨) سوورەتی (کهف).

١٧ـ ئایەتی (١٤) سوورەتی (فجر).

١٨ـ ئایەتی (٩٩) سوورەتی (حجر).

١٩ـ ئایەتی (٣) سوورەتی (مائدە).

٢٠ـ ئایەتی (٥٦) سوورەتی (ذاریات).

٢١ـ ئایەتی (٢٨٢) سوورەتی (بقرە).

٢٢ـ لەبارەی ئەم حەدیسەوە تەنها ئەوەندە ئەتوانین کە بگەڕێینەوە بۆ سەر دوو شیعری مەولەوی خۆی کە لەمەوپێش لە باسی مەدحی ئەبووبەکردا وتی:

(روح القدس) هەرچی لەو عەرز و توولدا
ڕژاندی بە دڵ پاکی ڕەسوولدا
لە خۆی هەردوو دەس مەرحەمەت بەردا
پێچ پێچ خێگەی فەیز پێچ دا لەسەردا

لە شەرحەکەیشدا باسی ئەوە کراوە کە ئەم بەرەکەتە و ئەم یارمەتی و دڵ قایمکردنە لە سەفەرەکەی هیجـرەتی حەزرەتدا بووە لە مەککەوە بۆ مەدینە.

گومان لەوەدا نییە ئەگەر هەروەها بە عومووم سەیری مەعنای (ما صبّنی... الخ) بکەین زیادەڕەوییەکی زۆری تیا دەبینین؛ چونکە پێغەمبەر(د.خ) پێغەمبەرە و پایەیەکی تایبەتی هەیە، ئەبووبـەکریش (ر.خ) یەکێکـە لـە پەیـڕەوە هەرە دیارییەکانی و پایەی خۆی هەیە، بەلام کە شتەکە بە سـەفەری کۆچـەوە ببەسـترێتەوە نـەختێ قورسـایەتی زیادەڕەوییەکە سووک دەکات؛ چونکە ماوەکەی کەمە و، مەبەستەکەیش دیارییە.

٢٣ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا نووسراوە: «جمعا کائنٍ و بائن» واتە: (کائنة) جەمعی (کائن)ە و (بانة) جەمعی (بائن)ە.

٢٤ـ کۆکردنەوەی (ابن حجر) و بەرد جوانە و، بە دیمەن تەناسوبە.

٢٥ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لە ژێر رستەی (دلیت)دا نووسراوە: (میگوید) واتـە: دەڵـێت. لەسـەر (ی)ی (باطنیّە) یش شەددە دانراوە. لەسـەر بنـەمای ئـەم پـەراوێزە مـەعنای بەیتەکـە بـەو جـۆرە لێدراوەتـەوە کـە لـە شەرحەکەدا نووسراوە.

٢٦ـ ئەم بە راوردکردنە لە نێوان مورید و مورشید لە لایەک و، حـەزرەتی پێغەمبـەر و هاوڕێکانیـدا لـە لایـەکی ترەوە خالی نییە لە موبالەغە و زیادەڕەوی.

٢٧ـ لە پەراوێزی نوسخە چاپەکەدا وەک لێکدانەوەیەکی واتای (کانە) و (بانە) ئەم شیعرە فارسییە نووسراوە:

«دل بحق، تن بغیر حق کائن
تن ز حق، دل ز غیر حق بائن»

واتە:

«دڵ لای خوایە، لەش لای شتی تر
لەش لە خوا جیا، دڵ لە شتی تر»

٢٨ـ ئەبێ هەمزەی وەسلی (ألخفی) بخوێنرێتەوە؛ ئەگینا نیوە شیعرەکە لەنگ دەبێ.

٢٩ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لەسەر کەلیمەی (کەل) نووسراوە: «بکاف فارسی و کاف عربی بهردو معنیش خوب است». واتە بە کافی فارسی کە دەبێتە (گەڵ) و بە کافی عەرەبی کە دەبێتە (کەل) واتە: شاخ مەعنای دێـت و بەجێیە.

٣٠ـ لە چاپەکەدا (هیچ کامیانە) یە.

٣١ـ پەنجەلێ‌گەستن: وەک هەڕەشە کردن، ئاگادار کردنەوەیە، لێرەدا واتە: نەکەی تووش بی، ئاگات لە خـۆت بێ.

٣٢ـ البابرتی الحنفی الدمشقی شیخ الخانقاه الشیخونیة (٧١٠ـ ٧٨٦) هـ مسلم بن الحجاج، صحیح مسلم بشرح النووی، المطبعة المصریة و مکتبتها ١٣٤٩ هـ الجزء ١٤، ص ٢٤.

٣٣ـ ابو المواهب عبدالوهاب بن احمد الشافعی المصری المشهور بالشعرانی او الشعراوی وفاته (٩٧٣) هـ

٣٤ـ خلیل بن إسحق بن موسی بن شعیب المعروف بالجندی ضیاءالدین ابوالمودة المالکی المصری وفاته (٩٧٣) هـ

٣٥ـ ئایەتی (١١٩) سوورەتی (توبه).

٣٦ـ بروانه: (مسلم بن الحجاج، صحیح مسلم بشرح النووی، المطبعة المصریة و مکتبتها، ١٣٤٩، الجزء السادس عشر) ل ١٨٦.

٣٧ـ وابزانم ئیشارەیه بۆ ئایەتی (٦٩) له سوورەتی (نساء) که دەفەرموێ: (وَ مَن یُطِعِ اللهَ وَ الرَّسُولَ فَأولئکَ مَعَ الَّذینَ أنعَمَ اللهُ عَلَیهِم مِنَ النَّبِیّینَ وَ الصدّیقینَ وَالشُّهَداء وَالصَّالحینَ وَ حَسُنَ أولئکَ رَفیقاً).

ئەیەوێ بڵێت ئەوانه که خودای گەوره ناز و نیعمەتی میهرەبانیی خۆی بەسەرا باراندوون، پاش پێغەمبەران(د.خ) سیددیقەکانن که ئەبووبەکر سەرقافڵەیانه، هەروەها شەهیدەکانی ڕێگای ڕاستی و خوداپەرستین وەک عومەر و عوسمان و عەلی.

٣٨ـ «قوابل» جەمعی «قابلة»ە، واته: مامان، ئەڵبەت مەبەستی سالانی یەک‌لەدوایەکی ئەو سەردەمەیه. ڕستەی «دایه دەرەوە» لەگەڵ مامان‌دا ئەگونجێ.

٣٩ـ سەلا: بانگەواز. داد: فغان و هاوار. سەلای (سلّونی) خست ئەو فەلەک داد: سەلای (سلّونی) داد و فغانی خسته فەلەک. مەبەستی ئەوەیه ڕستەی (سلّونی قبلَ أن تفقدونی)ی ئیمام عەلی (ڕ.خ) ئەوەی گەیاندووه که له ناویاندا نامێنێ و ئەمرێ. چییان له دلایه با بپرسن؛ بۆیه تەنانەت ئاسمانیش کەوته هاوار و شین و گریان.

بۆ زیادتر ڕوون بوونەوەی ئەم (سلّونی)یه سەیری ئەم عیبارەتەی خوارەوە بفەرموون:

«جاء فی الآثار أنّ أمیرالمؤمنین، علیه‌السلام، کان یخطب فقال فی خطبته:

سلّونی قبل أن تفقدونی، فوالله لا تسألونی عن فتنة تضلّ مائةً و تهدی مائةً إلاّ أنبأتکم» [ابو منصور الطبرسی / الاحتجاج / منشورات دار النّعمان للطباعة والنشر. النجف الاشرف. ص٣٨۴].

٤٠ـ ئەم کومەیله کومەیلی کوڕی زیادی کوڕی نەهیکی تابیعییه، له هەرای (صفّین)دا لەگەڵ حەزرەتی عەلیی بوو، پیاوێکی شەرافەتمەند و بەگوێ‌کراو و بڕوایێ‌کراو بوو، سالی (٨٢)ی کۆچی له تەمەنی(٧٠) سالیدا کۆچی دوایی کردووه. ئەم زاته پێوەندییەکی تایبەتیی لەگەڵ حەزرەتی عەلی‌دا بووە. مەولەوی دەفەرموێ زیادیش که ئەم فەرموودەی له عەلی بیست زیاتر له کاروباری ئایین پرسیاری لێ دەکرد و چاوەڕوانی وەلامی دەکرد. بروانه کتێبی (الاصابة فی تمییز الصحابة)ی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی. چاپی (دار نهضة مصر). بەشی پێنجەم ل (٦٥٣).

٤١ـ «رعایت» و «ولایت» بەتێی درێژ شێوەنووسی هەردوو نوسخه چاپ و دەستنووسەکەن.

٤٢ـ بەپێی پەراوێزی نوسخه دەستنووسەکه (وەک خۆی) دوو مەعنا هەڵدەگرێ:

١ـ وەک خۆی: وەک حەزرەتی سیددیق خۆی.

٢ـ وەک خۆی: وەک تەریقەکه خۆی.

لەم باری دووەمەدا شوبهێنراو و پێ‌شوبهێنراو یەک شته وەک: فلان کەس وەک خۆی، یا خۆی‌ئاسا.

هەروەها له پاڵ (پووچ دەکەی)دا نووسراوە: «فاعرف معنییة» واته: ئاگاداری هەردوو مەعنا پێشووەکه به که له لێکدانەوەی (وەک خۆی)دا وتمان.

٤٣ـ لە نوسخە چاپەکەدا (بەگەردنە) نووسراوە.

٤٤ـ لە چاپ و دەستنووسدا «ألفیت»ە: ئەلفیت.

من لەگەڵ ئەوەدا کە بە راستی لە مەبەستی مەولەوی نەگەیشتووم ئەم چەند بارە دائەنێم بەڵکو یـەکێکیان بـە راست دەرچێ:

١ـ موحتاج بە سەداقەت و دۆستی خۆشەویستیت ئەگەر دە بیت و ئەگەر سەد. لەم بارەدا (ئەلف) واتە: دۆستی.

٢ـ (ئەلف) لە بەکارهێنانی کوردیدا واتە: (ئەلیف) کە ناوی حەرفی (ا)ە. ئەم نیشانە بۆ دەیان و سەدانیش بەکار دێت (١٠) و (١٠٠). واتە ئەگەر (١٠) بی و ئەگەر (١٠٠) موحتاجی وێنەی حەرفی ئەلفی.

٣ـ دوور نییە (ئەلفی) بێت و (ئەلفی) یش بە مەعنای هەزارە، واتە پیاوی بەرامبەر بە هەزارکەس بەکار بهێنرێ، واتە: ئەگەر دەیان بی و ئەگەر سەدان موحتاجی یارمەتیدەری ئازا و لێهاتووی.

٤٥ـ لە نوسخە چاپەکەدا (عشرتیست) ە، هەڵەیە.

٤٦ـ ئایەتی (٧٦) سوورەتی (یوسف).



مبحث حضرة الشيخ عثمان سراج‌الدين و أولاده(قدّس الله أسرارهم) [1]

شـوعله‌ی[2] ئـه‌و نیسـبه‌ت موجه‌ددیدییـه
(لِمَطلَعِهـــــا ألـــــفُ تحیّـــــة)
بـۆ ده‌فعـی زولـمه‌ت لـه نزیـک و دوور
سـه‌ره‌یانی کـرد بلـوور ئـه‌و بلـوور
تـا دای لـه بلـوور (أدنً) شـنه‌فته
شـاره‌زای سـارای ئـه‌توار هه‌فتـه
پـیری پـاک لـه گـه‌رد خـاکی ناسـووتی
مه‌نزلـگه‌ی سـه‌ربه‌رز سـه‌ر مه‌لـه‌کووتی
دڵ بـه نـه‌وای بـه‌زم جه‌بـه‌رووت ئـاوا
سـێراوی سـه‌راو لاهـووتی مـاوا
لـه شـه‌و هه‌وارگـه‌ی فـه‌نا بگـردگ
پێـی هـه‌ردی بـه‌قا یاتاخگـه کـردگ
(جسـماً لـدَینا روحـاً لَدَیـهِ)
دائـیره‌ی تـه‌مام (منـهُ، إلیـهِ)
چون گوزه‌رگه‌ی بوو مـه‌راتیب هـه‌ر پـه‌نج
له گه‌نجی هه‌ر په‌نج بوو به گه‌وهه‌ر سـه‌نج
چـاو بریگـه‌ی حـوکم ئـه‌مری قـه‌زاوه
دڵ بـه ده‌س ته‌سـلیم وه‌سـفی ره‌زاوه

پــێ لــە دەرەجــەی رەفیعــەی قبــووڵ
وەســـیلەی وثقـــای فەزیلـــەی وســـووڵ
واسـیتەی ڕێگـەی بـەینی عـیلم و عـەین
واریســـی حـــائیز حـــەیای (ذی النـــورین)
ســـیراجی وەهھـــاج شـــەرع و تەریقـــەت
ســـەرمایەی ڕەواج کـــاڵای حەقیقـــەت
(نـــورُهُ الســـاری مَـــلاَ الکـــونین
منـــهُ إستَضـــی[٣] قلـــبُ الثقلـــین)
قـــوتبی زەمـــان و ضَـــمانی ئـــەمان
ئـــەمانی ئـــەوانی ئـــەوان و ئـــەمان
حورمـەتی نەیهێشـت گوسـتاخی کـردن
نـامی نـامیی ئـەو بـە سـەریح بـردن
لـەو دڵـی (نـاجنس) ڕەنگـێ تـر ئـاورد
(زنـدە)ی ئەبـەد بـوو تێیـدا زیـاد کـرد
ئـاخر لـەبڕێـز بـوو جـام وتی تـا کـەی
ئیمـا و موعـەمما؟ (صـریحاً) سـا دەی!
دائـیم ڕووبـەڕووی نیشـان بـێ‌گومـان
تیرەنـدەر[٤] کـەمان پـیری مـا عوسمـان
بێ‌تـەلوین[٥] لـە بـورج تەمکینـدا مـەکین
(رَوّحَ اللهِ روحَـــــــــهُ آمـــــــــین)
دەدا گـەردی خـاک ڕێگـەی دەروێشـان
نیشـانێ لـە شـان سـەرکاری ئێشـان
ئـەر خـۆت بـە تالـب سـەواب دەزانی
بخوێنـە قورئـان ڕەسمـی عوسمـانی

هَـــــل رَقَــــــب ذمَّــــــه؟ لا وَلاَ إلّـــــا
لا حَـــــــــــولَ وَ لاَ قُـــــــــــوَّةَ إلاّ...

سەرەیان: لادان، گەیشتن، بلوور ئەو بلوور: جام بۆ جام، شیشـە بـۆ شیشـە، واتـە: دەسـت بـە دەست. أدنیٰ: نزیک بەرەوە. شنەفتە: بیستوو. أدنیٰ: شنەفتە: ئەو کەسەی کـە (أدنیٰ)ی بیسـتووە. گەرد: تۆز. ناسووتی: ئینسانی، جیهانی خاکی. مەلەکووتی: جیهانی بالا، جیهانی مەلائیکە. نـەوا: ئاوازە.

جەبەرووت: دەسـت رۆیشـتن. ئـاوا: ئـاوەدان. سـێراو: تێـراو. سـەراو: سـەرچاوە. لاهـووتی: مەنسـووب بـۆ لای خـوا. مـاوا: جێگـە و شـوێن. شـەو هەوارگـە: هەوارگـەی شـەو، شـوێن حەسەسانەوەی شەو. بگردگ: تێپەڕکردوو. پێی هەرد: داوێنەی کێو. یاتاخگە کردگ: بە مـەنزڵ کردوو. فەنا: دوا پلەی رۆیشتن بۆ گەیشتن بە خوا و رەزامەندیی خوا. بەقا: سەرەتای بەهرەمەنـد بوون لە نووری هەق. ئەم دووانە لە ئیستیلاحەکانی ئەهلی تەسەووفن. گوزەرگەهـ: ئەو شـوێنەی پیا تێدەپەڕن. گەوهەرسەنج: ئەوەی گەوهەر هەڵئەسەنگێنێ. ئـەمان: هـێمنی و ئاسـایش. أوان: جەمعی ئانە، واتە کاتەکان. ئەوان و ئەمان: ئیشارەن بۆ ئادەمزاد و جینن. گوستاخی: جەربەزەیی، بێشەرمی. نام: ناو. نامی: نەشونوماکردوو؛ ئەگەر عەرەبی بێ، لەوانەیشە بە واتـای نامدارـ نـاودار بێ. تیرئەندەر کەمان: تەعبیرێکی فارسییە، واتە تیری لە کەواندایە، مەبەستی ئامادەییەتی. بـێ-تەلوین: بە یەک رەنگی و نەگۆڕان. مەکین: دامەزراو، جێگرتوو. ذمّـة: پـەیمان. إلّ: خزمایـەتی، هاوسوێنی.

مەولەوی لەبەر ئەوە کە خۆی موریدی پایەبەرز شێخ عوسمان سیراجەددین بـووە و، ئـەم زاتـە یەکێ بووە لە کەڵەپیاوانی تەریقەتی نەقشبەندی، لێرەدا بە بۆنەی باسی ئەهلی تەریقەتـەوە نـاوی هێناوەتە پێشەوە.

شێخ عوسمان سیراجەددین کوڕی خالید ئاغا کوڕی مەحموود ئاغا کوڕی عەبدوڵلا ئاغا کـوڕی سەیید موحەممەد دەروێش، کوڕی سەیید زاهیر، کوڕی سەیید جومعە و لەسـەییدەکانی نعـێمن کە وەختی خۆی لە ناوچەی بەغدا بوون، پاشان سەیید جومعە ڕێی کەوتووەتە هەورامان و لە دێی تەوێڵە نیشتەجێ بووە.

دایکی شێخ عوسمان ناوی حەلیمەیە و کچی فەقێ ئەبووبەکرە کـە مەشـهوور بـووە بـە فـەقێ هەی‌بەکر. ئەم فەقێ ئەبووبەکرە لە نەوەی فەقێ ئەحمەد ناوێکی مەشـهوور بـە (غـەزایی)یـە کـە هاتووەتە دێی تەوێڵە و بەپێی ئـەو باسـەی شـێخ عەبدوسسـەمەدی تـووداری لـە کتـێبی (نـوور الانوار)دا نووسـیویەتی، کـوڕی شـێخ موحەممـەدی کـوڕی شـیخ عەبدولئەحـەدی کـوڕی شـێخ عەبدولواحیدی کوڕی شێخ مەحمودی کوڕی شێخ عەبدوسسەمەدی کوڕی شـێخ عـەلیی کـوڕی شێخ عەبدورڕەئووفی کوڕی شـێخ نیعمەتولـلای وەلیـی کـوڕی شـێخ زەکـەریای خەلـکی دێـی (کاکۆزەکەریا) یە، لە ناوچەی (کەلاتەرزان)ی سەر بە شاری سنە لە کوردستانی ئیران.

ئەم شێخ زەکەریایە لە ئـەولادی شـێخ ئەبولحەسـەنی شـازلیی حەسـەنییە، کـە لـە سـەدەی حەوتەمی کۆچیدا لە میسرەوە ڕۆیشتوون بۆ سووریا و لەوێوە هاتوونەتە عـیراق و لـە عیراقیشـەوە ڕۆیشتوون بۆ کوردستان. وا بەپێی ئەم مەعلووماتە دەرکـەوت کـە حـەزرەتی شـێخ عوسمـان لـە سەری باوکەوە لە نەوەی ئیمام حسێنە و لە سەری دایکەوە لە ئەولادی ئیمام حەسەنە.

شێخ عوسمان لە هەزار و سەد و نەوەد و پێنجی کـۆچی لـە دێـی تەوێڵـەی سـەر بـە قـەزای هەڵەبجە لە دایک بووە و هەر لەوێ سالی هەزار و دووسەد و هەشتا و سێی کۆچی مالـئاوایی لـە دنیا کردووە و لە باخەکەی خۆیا دەفن کراوە. ئێستە ئەو شوێنە خانەقایە و مەزاری موریدانە.

جـا بـەم بۆنـەوە مەولـەوی دەفـەرموێ: ڕوونـاکیی ئـەو نیسـبەت و پێوەنـدیی تەریقـەی موجەددیدییە، هەزار درووود لە سـەرچاوەکەی بـێ کـە حـەزرەتی فـەخری عالەمـە، بـۆ لابـردنی تاریکیی دڵی موسوڵمانان لە دوور و نزیک پەرەی‌سەند و وردەوردە دەست بە دەست و دڵ بە دڵ هات هەتا دای لە شیشەی دڵی ئەو پیرمانە کە بـە ڕۆحانییـەت ئـاوازی (اُدنُ منّـی)ی لـە لایـەن بارەگەی خواییەوە بیستووە، واتە: لێم نزیک بـەرەوە. ئـەو پـیرە شـارەزای ڕێگـا و سـلووکی ئـەو حەوت تەورەیە کە لە ناو ئەهلی تەسەووفدا باوە (ورع، زُهـد، صـبر، توکـلّ، جـوع، عزلـة، قناعـة)، پیرێکە لە گەرد و تۆزی خاکی جیهانی ئینسان و مـاددە پاکـە و، مەنزلـگای بـەرزی ئـەو بـورجی سەربەرزی پایەی عیززەت و شەرەفە.

ئەو پیرە دڵی بە بیستنی نەوا و ئاوازی بەزمی جیهانی جەبەرووت ئاوەدانـە و تێـراوی شـەرابی سەراوی خوداپەرستییە.

ئەو پیرە پایەی فەنای بەجێ‌هێشتووە و لە پایەی بەقادا ماوەتەوە، یا لەو جیهانـە فانییـە بـڕاوە بێ‌کەڵکە، کە ئەوەندە بێ‌سوودە ئەڵێیت شوێنی هەواری ناچاریی شەو بـەبارەوە گیرخواردنـە، ئـا

لەم هەوارگە بێنرخە باری کـردووە و داوێنــەی هــەردی بـەقا و مانـەوەی بایەخـداری کردووەتـە مەنزلگای خۆی، کە جیهانی گیانی وریای بە یادی خوا زیندووە.

ئـەو پـیرە بـە لـەش و بـە دیمـەن لای ئێمەیـە و لەگەڵـمانا ئـەژی و بـە گیـان لـە جیهـانی خوداپەرستی‌دا ئەژی و نوقمی دەریای بیرلێ‌کردنەوەیەتی و لەگەڵ خوادایە. بۆ ئەهلی تەسـەوفی ئەم سەردەمە خۆی بووە بە دائیرەیەکی تەواو؛ لەوەوە زیکر و فیکر و تەسـەووف دائەمـەزرێ و بـۆ چاری گیر و گرفتەکانیش هەر بۆ لای ئەو ئەچن؛ واتە: خۆی سـەری هەڵـقە و ئـاخری هەڵـقەیە، مەبەستی ئەوەیە لەو زەمانەدا (کُلٌّ فی‌الکُل) بووە.

لەبەرئەوە کە بە ڕێبازی خۆی گوزەرگای بریتی بوو لە پێنج مەرتەبەی جیهانی زات و سیفات و ئەرواح و میسال و ئەجسام و هات‌وچـۆی پیـاکردوون، لـە نێـو گەنجـە نهێنییـەکانی هـەر پێـنج جیهانەکەدا بووە بە مامۆستای زەڕنگەری گەوهەرسەنج و، هەر گەوهەرێکی لـە شـوێنی موناسـبی خۆیا داناوە.

پیرەکەم چاوی بریوەتە فەرمانی قەزاوقەدەر و دڵی خۆی داوەتە دەستی سیفەتی ڕەزامەندی و پێ‌خۆش‌بوونی هەرچی لای خواوە بەسەریا بێت.

پیرەکەم بەسەر هەموو پلەکانی قوبووڵدا سەرکەوت و پێی لە لووتکەی هەرەبەرز توندکرد و بوو بە رابەر و هۆی گەیاندنی موریدانی بە پایەی کەماڵ.

واسیتەی ڕێگە و ڕێرەوانە بۆ ئەوانەی بە دوای خواناسیندا وێڵن، ئەوانـەی ئەیانـەوێ لـە پلـەی (علم‌الیقین) ەوە، کە زانینە لە ڕێگای (حواسّ) و بەڵگەوە، بگەنە پلەی (عـین‌الیقـین) کـە زانـینی موشاهەدە و بە چاو بینینە.

ئەم زاتە میرات بەری حەزرەتی (عثمان)ی (ذی النورین)ە و شەرم و لەخواترسـییەکەی ئـەوی بۆ بەجێ‌ماوە. چرای ورشەداری شەریعەت و تەریقەتە و، هۆی بایەخ پێ‌دان و بـڕەوی حەقیقـەتی خواناسییە.

نووری ئەو پیرە هەمیشە لە جم و جووڵدایە و هەردوو جیهانی پڕ کردووە و، بەهۆی ئـەو ڕێ و شوێنەوە ئەو دایناوە دڵی (إنس) و (جن) ڕووناک بووەتەوە.

ئەو زاتە گەورەیە قوتبی زەمانە و، بەهۆی ئەو تەمێ و تەربییەوە کـە دەیکـا ئاسایشـی هـەردوو جیهانی بۆ پەیڕەوانی مسۆگەر کردووە و هۆی هێمنی و ئاسایشی هەمیشەییانە، لە (انس) بن یا لە (جن).

دوای ئەمانە مەولەوی دەفەرموێ: تا ئێستە لەبەر حورمەت و پایەی گەورەی ئەم زاتە پڕکێشیم نەکرد ناوی بە ئاشکرا بهێنم؛ بۆیە بە شێوەی (معمّا) لەم بەیتەدا ناوی دەبەم واتە لە بـەیتی: (لـەو دڵی ناجنس تاد...)دا کە لە مەدحیدا وتوویە.

کەواتە بەیتەکە دوو مەعنای هەیە:

١ـ راستە مەعناکە.

٢ـ مەعنا موعەممابیەکەی کە ناوی (شیخ عثمان)ی لێ دەرئەهێنرێ.

بۆیە مەولەوی لە پەراوێزی ئەم بەیتەدا[٦] دەفەرموێ: راستە مەعنای بەیتەکە، بێتەماشـاکردنی لایەنی موعەممابیەکەی، ئەوەیە: لە رەنگی گۆنای بەرەکەتی شێخەوە کە پڕە لە رەنگـی خـودایی و، رەنگێکی بێڕەنگی هەیە و رەنگەکانی تر زۆر لێیەوە دوورن. بەڵێ لەو رەنگـەوە کراسـی دڵـی ناجینس و نەگونجاو و نەساچاوی من، کە لێیەوە دوورە، رەنگێکی تری بەسەرا هات و لەو رەنگەدا زیندوویەتیی بێبڕانەوەی دەست کەوت و سەرکەوت.

بەم بارە (لەوـ لە ئەو) ئیشارەتە بۆ (شیخ عثمان سراج الدین) و (ئەبەد بوو) بە معنای (ئەبەدی) یە، وەک لە لێکدانەوەکەیدا کە بە فارسی بۆی کراوەــ کـە خسـتوومانەتە پەراوێزەوەــ نووسـراوە (ابدی یافته).

مەعنا موعەممابیەکەیشی بەم جۆرەیە:

(دڵ) لەگەڵ (قلب) هاومەعنایە. (قلب) یا (قلب المکان) یش واتـە پـاش و پـێش پـێ کـردنی حەرفەکانی کەلیمەیەک. دیارە قـەلبی (نـاجنس) دەبێتـە (سـنجان). ئـەم (سـنجان) ەیـش بـە (تصحیف) واتە نوختە گۆڕین دەبێتە (شیخان). (زندە)ی ئەبەد، واتە بێئاخر، کە ئەکاتە (زنـدە)ی بێ هێ کە (زند) ە، حەرفەکانی بەرزتر بکرێنەوە و نرخی حیسابی ئەبجەدییان زیاتر بکرێ:

(ز) کە بە حیسابی ئەبجەد (٧) ە، ببێتە (٧٠) کە دەکاتە حەرفی (ع). (ن) یش کە بە حیسابی ئەبجەد (٥٠) یە، ببێتە (٥٠٠) کە دەکاتە حەرفی (ێ). هەروەها (د) یش کە (٤) ە، بێتە (٤٠) کە دەکاتە حەرفی (م). بەم سێ حەرفە (عێم) پێکدێ. کە لە نێو (شیخان)دا دابنرێ و بخرێتە نێـوان (شیخ) و (ان) ەوە، وشەی (شیـخ عێمان) پێکدی. بەم جۆرە پەرەدە لە ناوچاوانی تابانی (عێمـان) لائەدرێت.

ئەم دانانی (عثم)ە لە نێوان (شیخان)دا خاڵی نییە لە ئیشارەکردنێک بۆ شوبهاندنی شێخ عوسمان بە حەزرەتی عوسمان و دانانی لە ریزی گەورەپیاوانی تەریقەتدا، وەک حەزرەتی عوسمان لە ریزی حەزرەتی ئەبووبەکر و حەزرەتی عومەردا.

ئەگەڕێینەوە سەر مەعنالێدانەوەی شیعرەکانی مەولەوی کە دەفەرموێت: ئیتر لە ئەنجامدا جامی دڵم سەرڕێژی کرد و وتی: تا کەی بە ئیشارە و موعەمما ناوی پیرت دەهێنی، دەس‌وبرد کە، بە سەراحەت و بێ‌پێچ‌وپەنا ناوی بهێنە، منیش ناچار وتم: پیرەکەم کە هەمیشە تیری ئامادەی خستنە کەوانە و، رووبەڕووی نیشانەیەتی کە دڵی موریدانیەتی، ناوی عوسمانە و ئەیەوێ بە (تەوەججوهـ) دڵی موریدەکانی دەرمان بکات و لە خەوش و خاڵی پەرستنی مادده پاکیان بکاتەوە.

ئەم زاتە لەخوداترسە بێ لەخۆگۆڕان، بەڵکو بە یەک‌ڕەنگی و راستی، لە قەڵای بەختەوەریدا دامەزراوە. (روح الله روحه. آمین).

مەولەوی پاش ئەوەی لە کاری ناوبردنی پیرەکەی بووەوە، بە موعەمما و بە سەراحەت، دەیەوێ ئیشارەیەک بۆ ئەوەیش بکا کە خوێشایەتی و پێوەندییەکی تایبەتی و خزمایەتی لە بەینی خۆی و سیراجەددیندا هەیە لەو رووەوە کە هەردووکیان سەییدن، یا خزمایەتیی رێباز کە مەولەوی موریدی بووە، کە بە عادەت دەبوا ئەم خزمایەتی و پێوەندییە دەوریکی ببوایە و پیرەکەی زیاتر چاودێریی بکردایە و بە پایەی بگەیاندایە، کەچی وەک بۆمان روون دەکاتەوە پیرەکەی لە لووتکەی تەجەڕرود و خوداناسیدایە و خزمایەتی و شتی‌وا لە فەرهەنگی ئەوا نییە.

جا پێش ئەوەی بچینە ناو مەعنای سێ بەیتەکەوە پێویستە مەعنای چەند کەلیمەیەک لێکدەینەوە کە لە شیعرەکاندان و پێوەندییان بە مەبەستەکەمانەوە هەیە:

(گەردی خاک... تاد): تۆزی خاکی ژێر پێی خواناسان کە هەمیشە بە دوای مورشیدەوەن، مەبەست لەم گەردە مەولەوی خۆیەتی. نیشان: نیشانە، یا ئەسەر. شان: لای سەرووی دەس یا حاڵ. سەرکار: ئەو کەسەیە کار و باری یەکێکی لە خۆی گەورەتر دەبا بە رێوە، وەکوو دەڵێی: سەرکاری شا، سەرکاری وەزیر، سەرکاری ئاغا. ئێشان: وشەیەکی فارسییە واتە ئەوان یا (هُم)ی عەرەبی، تێکڕای فارسی‌نووسەکان بۆ گەورەپیاوان و بەتایبەتی سۆفییەکانیان بۆ پیرەکانیان بەکار هێناوە، کە لەبەر رێزلێ‌گرتنیان ناویان نەهێناوە و بە شێوی زەمیری جەمع باسیان کردووە. وشەی سەرکاریش هەر بۆ رێزگرتن لە گەورە وتراوە، بۆ نموونە: جاران ئەگەر نامەیەک بە فارسی

بۆ پیاوێکی گەورە بنووسرایە نەیاندەنووسی (جناب فلان) بەڵکو دەیاننووسی (جناب سرکار عالی) مەبەستیش هەر کابرا عالی و پایەبڵندەکە خۆی بووە، گوایا ئەوان حەددی ئەوەیان نەبووە خیتاب لەگەڵ خۆیا بکەن، (کأنّە) قسە لەگەڵ سەرکارەکەی دەکەن. کەواتە لێرەدا مەبەست لە سەرکاری ئێشان شێخی سیراجەددینە کە پیری بووە.

واتای هەر سێ شیعرەکەیش بەم جۆرەیە:

من کە تۆزی خاکی ڕێگەی دەروێشانم نیشانەیەکم بە سەر شانی پیرەوە، هەمیشە بە دوایەوەم و لە کۆڵی نابمەوە. یا خۆ من کە تۆزی خاکی ڕێگای دەروێشانم بەئاستەم و بەئەدەب تۆزئاسایی لە نیشانەیەک دەدەم لەسەر شانی پیر کە ببێتە هۆی ئاوڕدانەوەی. یا منی تۆزی خاکی ڕێگای دەروێشان نیشانەیەکم پێوەیە لە شەئن و حاڵی پیر بەهۆی خزمایەتییەوە کە ئەو سەییدە و منیش سەییدم، یا بەهۆی پیر و موریدی‌یەوە.

تۆیش ئەی ئەوەی کە ئەم شیعرانەی من ئەخوێنیتەوە، ئەگەر حەز لە پاداشی چاک دەکەی بڕۆ قورئانی شێوەنووسی حافز عوسمان بخوێنە یا قورئان بخوێنە بەو شێوی عوسمان سیراجەددین خوێندوویەتیەوە بە خوشووع و خوزووعەوە. یا ئەو قورئانە بخوێنە کە خەلیفەی سێهەم عوسمانی کوڕی عەففان (ر.خ) کۆی کردووەتەوە و تا ئێستەیش پایەدار و پارێزراوە. هەروەها بە دوای تەفسیرەکانی قورئاندا بگەڕێ بزانە لە سوورەتی (براءة)دا لە تەفسیری (براءة مِن اللّهِ و رسولهِ... الآية) و ئایەتی (لا یرقبون فی مؤمن إلّاً وَ لاَذمَّةً)دا چییان وتووە؟ بزانە عەهد و پەیمانی نێوان موسوڵمانان و کافران لە پێشا لە چ بارودۆخێکدا بەسترابوو، لە چ حاڵێکدا پێوەندییان بە یەکەوە هەبوو؟ دوایی لە چ حاڵێکدا حەزرەتی پێغەمبەر و یارانی بە ئێجگاری بەرائەتیان لە کافران ڕاگەیاند؛ ئەوکاتە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە سیراجەددینی پیرم لەگەڵ پێوەندیی خزمایەتی و ئاشنایەتیمان بە هیچ جۆرێ منی لە خەڵکی تر جیانەکردەوە و وەک ئەوانی سەیرکردووم و داومیەتە دەس کار و کۆششی خۆم[7].

چە[8] تەرزە دای بەر، ئەم تەرزە خەیار؛

کام دارە نەوری (قلبنا أنار)؟

(هو الشیخُ، هم وُلدَهُ الأبرار

هو الشیخَ، هم نجلە الأحرار)

(مضـــاهرُ مـــا فیـــه مســـتَتَر
بطـــورٍ أبـــرد وَ وَجـــهِ أزهـــر)
ســەرکردەی ئەســحاب باوەفــا و ســەفا
یــەکێ (بوالبهــا)، یــەکێ (بوالوفــا)
دەشــێ چــی بلــێ لــە وەســفیان کــەس
موحەممەدی خولــق، رەحمــانی نەفــەس
یــەکێ ئایینــەی فــارووقی عومــەر
یــەکێ حەقیقــەت ئەحمــەدی ســیەر
ســابیت و ســەییار بــورجی تەمجیــدن
نیشــانەی ئــەمان ســەمای تەوحیــدن
ســێوەری شــەجەر موجەددیدییــە
حاســڵــی هیممــەت عــالیی نەقشــییە
رجام هەس بێرێ باریی پەست و بــەرز[٩]
بەو سیلسیلە، ئــەم سیلسیلە بــەم تــەرز
تــا وەخــتی نــزوول نوبــووەت (مەهــد)ی
تلــووعی کەوکــەب دەوڵــەتی (مەهــدی)
ئــاخر هــات بــە زیکــر ئــەم بزورگانــە
نیشــانەی حوســنی خاتیمەمانــە[١١]

تەرز: تەرزی گیا، وەک لق وایە بۆ دار، ئەو بەسەر ئەرزا ئەکشــێ و ئــەم بــەرز ئەبێتــەوە. تــەرز: جۆر. خەیار: ئەوەی ئەخورێ، یا خییار: جەمعی خەیرە، واتە: چاکان. هــەرکامیان بــێ مەبەســت هەر پیاوچاکانە. دای بەر: بەری دا بە خەڵک. نەور: گوڵاڵەی سپیی سەرەتای بــەرگرتنی هەنــدێ لە دار و درەخت کە وردەوردە بەر دەرکەوت ئەو ئەوەرێ. أبرَد: (أفعل‌التَفضـیل)ە واتــە: بڕنــدەتر، کاریگەرتر. موحەممەدی خولق: ئیشارەیە بۆ ناوی شێخ بەهائەددین کە موحەممــەدە. هــەروەک رەحمانی نەفەسیش ئیشارەیە بۆ ناوی (أبوالوفا) کە (عبــدالرحمان)ە. ئــەمان: ئاســایش. ســێوەر: سێبەر. مەهد: بێشکە. نوبووەت مەهــدی: ئــەوەی هــەر لــە بێشــکەدا نیشــانەی پێغەمبەرایــەتیی

پێوەدەرکەوتووە، عیسا. ئیشارەتە بۆ ئایەتی (قالوا کیف نکلّم من کان فی المهد صبیاً * قال إنّی عبدالله آتانی الکتاب و جَعَلَنی نبیاً) [١٢] دەولـەتی مەهـدی: سـەردەمی دەسـتەڵاتی حـەزرەتی موحەممەدی مەهدی، کە هاتنی یەکێکە لە نیشانەکانی دواهاتنی ژیانی ئەم جیهانە.

واتە: ماشەڵڵا چ تەرزە سەوزەییێکی ناو بێستانە کە ئەم جۆرە خەیارە سەوزە جوانـەی گرتـووە؟ یا خۆ چ تەرزە باوکێکە کە ئەم جۆرە کوڕە چاکانەی لێ بووە، کام داری بـەرداره کـە هەڵاڵـەکانی دڵی ئێمەیان نوورانی کردووە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسـیارە لـە بـەیتی دووەمـدا دەڵـێت: تەرزەکـە شـێخ عوسمانـە و بەرەکـەی کوڕەکانیەتی، دارگوڵەکەیش هەر شێخ عوسمانە و هەڵاڵەکانی کوڕەکانینی.

ئەم کوڕە بەڕێزانە مەزهەری ئەو خوو و ڕەوشتە بەرزانەن کە لە باوکیاندا شـاررابوونەوە، لەمانـدا ئەو سیفەتانە دەردەکەون، بەڵێ ئەمان ئەو خوو و بەهرە بەرزە بۆ موریدەکانیان، بگـرە بـۆ هـەموو خەڵک دەردەخەن، لەوانەیە ئـەمان بـە ئاشـکراتر دەریخـەن، چونکـە ئـەمان تێکەڵـییان لەگـەڵ خەڵکدا زیاترە.

ئەو کوڕە باشانە سەرکردەی سوپای ئەهلی وەفا و سەفان، یەکەمیان جەنابی شێخ موحەممەدە و نازناوی (بهاءالدین)ە و (أبوالبها) یە، ساڵی (١٢٥٢)ی کۆچی لە دایـک بـووە و، لـە (١٢٩٨)دا لـە دێی تەوێڵە کۆچی دوایـی کـردووە و لـە تەنشـتی قـەبری خودالـێخۆشـبوو باوکیـەوە نێـژراوە. دووەمیان شێخ (عبدالرحمان)ە کە کونیەی (أبوالوفا) بووە و، لە (١٢٥٣)ی کۆچیدا لە دایک بـووە و لـە (١٢٨٥)دا وەفـاتی کـردووە و، لـە گۆڕسـتانی گـەیلانی لای خۆرئاوایـەوە دەفـن کـراوە، وا ڕێکەوتووە لە لای سەریەوە گۆڕی خوالێخۆشبوان مەلا یەحیای مـزووری و شـێخ (هدایـةالله)ی هەولێرییە کە مەنسووبی حەزرەتی مەولانا خالید بوون (اعلی‌الله مقامهم).

دەبێ ئینسان لە ستایشی ئەم دوو زاتە ڕەوشتپاکانەدا چی بڵێت کە یـەکێکیان موحەمـمـەدی ڕەوشت و ئەویتریان خاوەنی ئەنفاس و تەوەججوهاتی ڕەحمانییە؟

سێهەمیان ئاوێنەی خوو و ڕەوشتی حەزرەتی فارووق عومەری کوڕی خەتتابە، یا ئاوێنەی خـوو و ڕەوشتی شێخ ئەحمەدی فارووقییە کە مەشهوورە بە ئیمامی ڕەببانی. ئـەم زاتـە موبارەکـە کـە ناوی عومەر و نازناوی (ضیاءالدین)ە ساڵی (١٢٥٥)ی کۆچی لە دایک بووە و لـە (١٣١٨)دا کـۆچی دوایی کردووە و قەبرەکەی لە ژوورێکدایە لە سووچی خۆرئاوای حەوشی خانەقای بیـارە کـە پێـی ئەڵێن (مەرقەد).

چوارەمیان شێخ ئەحمەدە کە بە راستی ئەحمەدی رەوشتە. ئەم زاتە لەخوداترسە دیارییە ساڵی (١٢٦٦)ی کۆچی لە دایک بووە و ساڵی (١٣٠٧) کۆچی دوایی کردووە و بەرامبەری ئارامگای (سراج الدین)ی باوکی لە تەوێڵە نێژراوە و، چەمەکە کەوتووەتە بەینیان. (رحمة الله علیهم و علی جمیع المسلمین).

ئەم ئەولادانە لە بورجی تەمجید و خوداپەرستیدا وەک ئەستێرە گەڕۆکەکان و ئەستێرە سابتەکانن، پرتەوبەخشن، جووڵان و هەڵسوکەوتیان و، نەجووڵان و ئارامگرتنیان هەر لەبەر خاتری خودایە و، بوونیان نیشانەی ئارامیی ئاسمانی خوابەیەکزانینە، واتە: بوونیان نیشانەی بەردەوامیی ئیسلامییەت و ئایینی خوابەیەکزانینە.

مەولەوی بە دوو کەلیمەی (ثابت) و (سیّار) ئیشارەی بۆ ئەوە کردووە کە هەندێ لەم زاتە عالی سیفاتانە لە شوێنی خۆیاندا ماونەتەوە و ئەملاولایان نەکردووە، وەک شێخ محمد (بهاءالدین) کە هەر لە دێی تەوێڵەدا ماوەتەوە تا وەفاتی کردووە؛ بەڵام شێخ عومەر (ضیاءالدین) لە دێی تەوێڵە دەرچووە و رۆیشتووە بۆ بیارە و لەوێ خانەقای دروست کردووە. هەروەها حاجی شێخ (عبدالرحمان) لە پاش وەفاتی (سراجالدین) چووە بۆ بەغدا و لە (بابالشیخ) ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە.

حاجی شێخ ئەحمەدیش تەوێڵەی بەجێ هێشتووە و رۆیشتووەتە دێی ئەحمەدئاوا لە نزیکی خورماڵ تا مردن لەوێ ماوەتەوە، پاش مردنی جەنازەکەی براوەتەوە بۆ تەوێڵە و لەوێ نێژراوە.

ئەم زاتانە سێبەری پیرەداری ئەو تەریقەیەن کە لە موجەددیدی هەزارەی دووەم ئیمامی رەببانییەوە پێیان گەیشتووە، بەری هیممەتی بەرزی نەقشبەندن.

تکام ئەوەیە کە خوا بە بەرەکەتی ئەو زنجیرە ئەولیا نەقشبەندییانە ئەم زنجیرەی ئەولادی شێخ عوسمان سیراجەددینە بەری نزم و بەرز بهێنن، واتە بەری نزم کە دەستی هەموو کەسی بگاتێ وەک کار و باری ماددی و، بەری بەرز کە هەردەستی پیاوە بەرزەکانی پێ بگات وەک کار و باری مەعنەوی و ویلایەت، هەتا ئەو وەختە کە حەزرەتی عیسای هەر لە بێشکەوە پێغەمبەری تیا دێتە خوار و ئەستێرەی دەوڵەتی موحەممەدی مەهدی(د.خ) هەڵدێ.

سوپاس بۆ خودای گەورە وا بە باسی چاکە و مەناقیبی ئەم ئەولیا پایەبەرزانە ئەسڵی چوارەم و ئەوەی پێوەندی پێوە هەیە تەواو بوو، ئەمەیش نیشانەی بەختیاری و ئاخرخێرییە؛ (فإن عند ذکر

الصالحين تنزل الرحمة). ئەیشتوانین بڵێین ئەوەیشی مەبەست بووە کە بڵێ لەگەڵ باس‌کردنی ئەم گەورەپیاوانەدا باسی ڕۆژی قیامەتیش هاتە پێشەوە و، ئەمە نیشانەی ئاخرخێریمانە.

***

١ـ ئەم سەرباسەیش لە دەستنووسەکەدا نییە.

٢ـ لە چاپەکەدا لەباتی (شوعلە) نووسراوە، ئەویش هەر بە مەعنا شوعلەیە.

٣ـ [استفی] شێوەنووسی چاپەکەیش و دەستنووسەکەیشە، ڕاستەکەی (استضاء) یە، لەبەر وەزنی شیعرەکە کردوویە بە (استضا) و کە کردیشی بە (استضا) و (ء) ەکەی لابرد حوکمی ئەلفی مەقسوورەی دایێ. دیارە ئەمە لە داهێنانی مەولەوی خۆیەتی. ئەگینا ئەو هەمزەی وەسلی (استضاء)ی بۆ هێشتەوە کە ئەبێ لابرێ و هەمزەی (لام الفعل) ەکەی بۆ حەزف کرد؟ باشتر نەبوو بیوتایە: «منه استضاء».

٤ـ «تیرەندەر» وەک ئەخوێنرێتەوە نووسیومەتەوە، ئەگینا (تیراندر)ە لە هەردوو نوسخەکەدا.

٥ـ «تلوین» مەقامی پشکنین و گەڕانە بە دوای ئیستیقامەت و ڕێگای ڕاست گرتنەبەردا، بەڵام «تەمکین» مەقامی جێ پێ پتەوکردن و دامەزران لەسەر ئەم ئیستیقامەتەیە. بەندەی خوداش هەتا بەڕێوە بێ و هێشتا نەگەیشتبێ خاوەن تەلوینە و لە حاڵێکەوە دەچێتە حاڵێک، بەڵام کە گەیشت ئیتر دەبێتە خاوەنی حاڵی تەمکین.

ئەمە تەرجەمەی قسەی زانای گەورە سەیید شەریفی جورجانی بوو، ابن‌العربی تەلوین لە تەمکین بە بەرزتر حیساب دەکات. دیارە ئەم تەلوین و تەمکینە لە ئیستیلاحی سۆفییەکانە.

مەولەوی لە پیاهەڵدانی شێخ عوسمان سیراجەددینی پیریدا دەڵێت:

ئەم زاتە بێ‌ئەوەی بە مەقامی تەلوین‌دا بڕوا لە مەقامی تەمکیندا جێگیر بوو. مەبەستی ئەوەیە ئەم تەمکینە یەکسەرییە بۆ هەمووکەس دەس نادات.

بۆ (تەلوین و تەمکین) بڕوانە: سەیید شەریفی جورجانی، کتێبی تەعریفات چاپخانەی خەیرییە لە میسر، ساڵی (١٣٠٦)ی کۆچی. ل (٢٩) و (٣٠).

٦ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا پەراوێزێ بە فارسی لەسەر بەیتی (لەو دڵی ناجنس...) نووسراوە کە بە (منە) دوایی پێ هێنراوە، واتە هی مەولەوی خۆیەتی. وا بۆ ڕاگرتنی ئەمانەتی ئەدەبی و بۆ زیاتر ڕوون‌کردنەوەی مەعنای بەیتەکەیش، مەتنەکەی ئەنووسینەوە.

ئەمە مەتنی پەراوێزەکە: «معنی بیتیه این است که از اثر خم فیوضات شیخ، قدّس سره، که خمی است پر از صبغةالله، و بجهت بی‌رنگی انواع رنگ‌ها ازان دوراست، جامهء دل ناجنس که ازان دوراست رنگ دگر آورد و، دران رنگ حیات ابدی یافته زیاد کرد و بترقیات رسید و معنی معمائیة همچنین: (دل) بعمل ترادف (قلب)، و قلب (ناجنس) (سنجان) است. رنگ دگر آورد عمل تصحیف وضعی است، (شیخان) می‌شود. (زندهء) ابد یعنی بی‌نهایت، یعنی حرف آخرش ساقط شود که (زند) ماند. هر حرفی ازان از رتبهء خود ترقی کرده در (شیخان) [...] مبارک

[...] (شیخ عثمان) نقاب از چهره تابان بگشاید». (ئەم دوو وشەیە کـە خـستوومانەتە بـەینی دوو کەوانـەی []ەوە، هەرچەندمان کرد لە دەستنووسەکەدا بۆمان نەخوێنرانەوە).

۷ـ بەش بە حاڵی لێکدانەوەی (هَل رَقَب... تاد) کە بە دووبەیتی پێشیەوە بەستراوە، ئەوەی خستمیە سەر رێگای ئەم مەعنایە پەراوێزێکی مەولەوی خۆی بوو کە لە نوسخە دەستنووسەکەدا بە عەرەبی لەسەر (هَل رَقَب) نووسرابوو و بە (منهُ) دوایی هاتبوو ئەو پەراوێزەیش ـ چەند کەلیمەیەک و تاکە شـیعرێکی نـەبێ ـ مەولـەوی لـە (قاشـانی)ی سۆفییەوە وەریگرتبوو.

پەراوێزەکە بەمجۆرە دەستپێدەکات:

«الذِّمّة: العهد. والالُّ: القرابة والحلف.

قال القاشانی فی تأویل التفسیر علی مذاق اهل الاحوال فی سورة (براءة) لدی قوله تعالی (لا یَرقبُونَ فـی مُـؤمنٍ إلّا وَ لَا ذِمّةً)... الخ...»

ئەنجا مەولەوی پاش تەواوبوونی مەتنی قسەکەی (قاشانی) خۆی ئاسایی، بێدامـان، بـەم فـەردە پەراوێزەکـەی دوایی هێناوە:

«فبعد العلم بذاک التأویل

الله یهدی لخیر السبیل»

پوختەی قسەکەی (قاشانی) ئەوەندەی پێوەندی بە مەبەستی مەولەوی و مەعنای شیعرەکەوە هەبێ ئەمەیە:

ئەگەرچی پێش نازڵ بوونی (بَرَاءَةٌ مِنَ اللهِ وَ رَسولِهِ... الآیة) حەزرەتی پێغەمبەر و هاوڕێکانی لەگـەڵ کافرەکانـدا جۆرە بۆنە و پێوەندییەکیان هەبوو وەک خزمایەتیی هاوجینسی و سـوێند و پـەیمان، بـەلام کـە (بَـرَاءَةٌ مِـنَ اللهِ وَ رَسولِهِ... الآیة) نازڵ بوو بۆنە و پێوەندی لە نێوان ئەوان و کافرەکاندا هەڵگیرا و خزمایەتیی هاوجینسـییان لـە ئـارادا نەما و دژایەتی و ناجۆری و دوژمنایەتی و لەیەک جیابوونەوە جێگیر بوو، تەبـەڕرابوونی پێغەمبـەر و هاوڕێکـانی لـە کافران راگەیێنرا، ئیتر ئەوەبوو کە موسوڵمانان بە زاهیریش لە کافران تەبەڕرا بوون وەک لە باتینـدا لێیـان تەبـەڕرا بوون عەهد و پەیمانیان بەدیمەن و سوورەتیش فڕێدرا و خرایە پشت گوێ وەک لە حەقیقەتیشدا فڕێدرا.

پێغەمبەر و هاوڕێکانی لەو مەقامەدا ئەوەندە مەشغووڵی یادی خودا بوون خوداپەرستی و لە خودا نزیک بوونەوە نەبێ هیچی تر لە دڵیاندا جێگای نەدەبوویەوە، نە خزم و نە دۆست و نە هاوپەیمان.

ئەنجا مەولەوی لەبەر رووناکیی ئەم تەفسیرەی قاشانیدا، کە ئەگەر تەنیا راسـتە شـیعرەکە بگـرین خـۆی نـەبێ کەس پێی نازانێ و دەڵێت موعەممایە، لە ئایەتە پیرۆزەکە چەند کەلیمەیـەکی ئیقتیبـاس کـردووە و ئـەم جوملـە ئیستیفهامییە ئینکارییی لێ هێناوەتە کۆ کە بریتییە لە (هَل رَقَب ذمة؟ لا، وَلا إلَّ) ئـەم عیبارەتـەی مەولـەوی لـە ئایەتی (لا یرقبون فی مؤمن إلاًّ و لا ذمّةً) ەوە ئیقتیباس کراوە. لەباتیی (یرقبون) ەی مـوزاریعی واوی جـەمع داردا (رقب) ەی مازی داناوە کە فاعیلەکەی (هُوَ)ی نادیارە. (إلاًّ و لا ذمّةً) یشی پاش و پێش کردووە. فاعیلی (یرقبـون) ەی ئایەتەکە واوی زەمیری جەمعە و بۆ کافرەکان دەچێتەوە. فاعیلی (رَقَبَ) ەی ئەم (هو)ی نادیـارە و بـۆ شـێخی سیراجەددین دەگەڕێتەوە.

تێکرای مەعنای ئایەتە پیرۆزەکە زەممە و هی ئەمەی ئەم مەدحە.

بەڵێ ئەم هەمووە ناز و گوێز و کاکڵەمستەی بۆ بەیانی پێوەنـدیی خـۆی و شـێخی سـیراجەددینی مورشـیدی کردووە، یا بە وتەیەکی سۆفییانەی وردتر بۆ بەیانی بێپێوەندیی ئەو مورشیدەی لەگەڵ غەیری خوادا و دەڵێت:

لەگەڵ وجوودی پێوەندی و خویشایەتیدا مورشیدەکەم لەبەر ئەوەی ڕێگای پێغەمبەر و هاوڕێکانی گرتووە، لەبەر تەجەڕرود و بێپێوەندیی لەگەڵ غەیری خوادا گوێ ناداتە خزمایـەتی و پێوەنـدیی تـر و، وەک هـەموو کەسـی تـر داومیەتە دەسی لێهاتوویی و زیرەکی و کۆششی خۆم.

ئەوەیش بڵێم کە لە دەستنووسەکەدا لە پاڵ (لا حول و لا قوّة الّا)دا (منة) یەکی تێکـەڵ لـە عـەرەبی و فارسـی نووسراوە ئەمە نەسەکەیەتی: «بالله العلی العظیم از فضلی کە بوَی عطا کردە شده. منـە» دیـارە عەرەبییەکـەی (لا حول و لا قوة الاّ)ی تەواو کردووە کە دەبێتە: (لا حول و لا قوة الاّ بالله العلی العظیم) فارسییەکەیشی واتە: لەو پایە و بەهرە گەورەیە کە بە مورشیدەکەم بەخشراوە، مەبەستی ئەوەیە کێ بێ بتوانێ ئەوەندە لە خەڵـک، تەنانـەت لـە خزم و ناسراویش، تەوەللا بێ و هەمیشە دڵی لای خودا بێ؟

٨ـ ڕێنووسی دەستنووسـەکە (چە) یە، ئەمڕۆ بە (چ) ئەنووسرێ.

٩ـ باریی پەست و بەرز واتە: دروستکەری بەرز و نزم، ئاسمان و زەوی، مەبەست خوای گەورەیە. لە پـەراوێزی دەستنووسەکەدا بە فارسی لەسەر ئەم بەیتە نووسراوە:

(بای بو احتمال دو معنی دارد) واتە: (بێ)ی (بەو) دوو مەعنا هەڵدەگرێ: یەکەم: بەوجۆرە. دووەم بـە خـاتری ئەو... تاد.

تێکڕای مەعنای بەیتەکە بەمجۆرەی لێدێ:

تکام وایە خودای ئاسمان و زەوی و بەرزی و نەوی بە هەمان ڕێچکە و زنجیرەی نەقشبەندی، یا بە خاتری ئـەو زنجیرە نەقشبەندییە، زنجیرەی ئەم بنەماڵە بەم شێوە بهێنێ و پایەداری بکا هەتا حەزرەتی عیسـا(د.خ) دێتە خـوار و موحەممەدی مەهدی (ر.خ) دێتە سەر رووی کار.

١٠ـ ئایەتی ٢٩ و ٣٠ لە سوورەتی مەریەم.

١١ـ بە وردبوونەوە لەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی کە یەکەم بەیتی پارچەی بەشی داهاتووە، دەرئەکەوێ مەولەوی جگە لە ڕاستە مەعناکەیان ئەوەیشی مەبەست بووە لەم بەیتەدا بە وشەی (ئاخر هـات) ئـەو مەعنایـەیش بگەیـەنێ کەوا باسی (ڕۆژی ئاخیرەت) یش هاتە پێشەوە کە فەسڵی داهاتووە و، لەویشا بڵێ لـە سـایەی خـواوە، وەک چـۆن دوایی هاتنی باسـی پێشوو بە باسی شێخی سراج الدین و کوڕەکانی نیشانەی حوسنی خاتیمە و ئاخر خێریمان بوو، ڕۆژی قیامەتیشمان هەر بە یادی ئەوان بە ئەمینی و بێترس و لەرز بەسـەرمانا تێئەپەڕێ.



مبحث الايمان باليوم الآخر و علامات الآخرة[1]

(حَمداً لَه) بەو یاد دەڕۆت بە ئەمین
یەومی ئاخیریچ ئەسڵی پەنجەمین
(دارالعمل)ە نەشئەی ئوولەوی
(دارالجزا)یە نەشئەی ئوخرەوی
نەوبەی ئەو روی[2]، نەوبەی ئەمیچ تێ
عەلاماتی هەن یەکیەک دەشێ بێ
یەکێکیان بەعسەت نەبیی خۆمان بوو
ئاخر پێغەمبەر ئاخر زەمان بوو
خورووجی مەهدی لە ولدی حەسەن
سەرزەمین دەکا پڕ عەدل و مەئمەن
فی مُدَّتِهِ خُلَفُ الأئمة
وَ قد يَؤُمُّ هذه الأمَّة
حەزرەتی عیسا هەم دەیێتە خوار
چون تابیعە بۆ سەییدی موختار(س)
(إظهاراً لِذا) بۆ خەواسّ و عام
قد يقتدي والمهديّ إمام
ئەر بعدەز[3] چەندێ لێیان بوو تاقی
تابیعە و هەر شەرع خۆمانە باقی

بینـــا بـــەر تەقـــدیم فازیـــل لـــە مـــەفزوول
عیســـا ئیمـــام بـــێ جەمعێکـــە مـــەقبوول
(مـــا أمکـــن) لـــە لای ئـــەهالیی کـــەمال
یـــەقین چـــاکترە ئیعمـــال لـــە ئیهمـــال
خـــورووجی دەججـــال مەســـیحی ئـــەعوەر
تێـــت بـــە دنیـــادا بـــە ســـواریی کـــەر
یـــەئجووج و مـــەئجووج هـــەم (دابّـــة الارض)
دوخـــان تـــێ دەگـــرێ دنیـــا تـــوول و عـــەرز
لـــــە مەغریبـــــەوە هـــــەلاتنی خـــــۆر
سێ خوســـووف دەبـــەن بـــا بیتبـــێ[٤] خەبـــەر
یەک لە لای مەشریق، لە لای مەغریب یەک
یـــەک لـــە جـــەزیرەی عەرەبـــدا بـــێ شـــەک
ئـــارێ لـــە یەمـــەن هـــەم دەیێتـــە دەر
خەڵـــقی دەپێچـــێ بـــۆ تـــەرەف مەحشـــەر

بینابەر: بینا لەسەر. ئارێ: ئاگرێ.

واتە: سوپاس بۆ خودا بە یادی ئەو زاتە خاوەنبەرەکەتانەوە رۆژی دوایی و تـرس و لـەرزی، بـە ئەمینی بە سەرمانا تێنەپەڕێ کە پایەی پێنجەمە لە شەش پایەکەی باوەڕ.

بەڵێ ئادەمزاد دوو جیهانی هەیە، جیهانێکی یەکەمی هی پێگەیشـتن و پەیدابوونیـەتی و هـی کار و کۆششە. جیهانی دواییش هی پاداشە و ئادەمزاد بەری کـاری دنیـای یەکـەمی ئەچنێتـەوە، ئەگەر چاکە و ئەگەر خراپ. ئەوا سەرەی یەکەمیان رۆیی. سەرەی دووەمیش بەرێوەیە، مەبەسـت لە نۆبە رۆیشتن ئامادەییە بۆ رۆیشتن؛ چونکە شت کە لە نەبوونەوە پەیدابوو جارێکی تر ئەچێتـەوە بۆ نەبوون.

ئەم رۆژی دواییەیش نیشانەی زۆری هەیە کە ئەبێ هەموویان یەکەیەکە بێنەدی:

یەکەم نیشانەی رۆژی قیامەت و وێرانبوونی ئەم جیهانە رەوانەکرانی پێغەمبـەری خۆمانـە بـۆ سەر خەڵک هەموو؛ چونکە ئەم دوا پێغەمبەری ئاخر زەمانە.

دووەم پەیدابوونی موحەممەدی مەهدییە، کە زاتێکە سەییدە و لە نەوەی حەزرەتی حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلییە(کرّم‌الله وجهه). ئەم پیاوە گەورە لە رۆژێکا دێتە سەر رووی کار کە جیهان پڕ دەبێ لە ئاژاوە و ئاشووب و پەرێشانی و، بە هێزی ئەو و پەیڕەوانی جیهان ئەگۆڕێ و پڕ ئەبێ لە ئەمن و ئاسایش و دادپەروەری و، زوڵم و زۆر نامێنێ. زانایانی ئایین دەربارەی ماوەی حوکم و دەسەڵاتی حەزرەتی موحەممەدی مەهدی رای جیاوازیان هەیە؛ هەندێ دەڵێن حەوت ساڵە و هەندێکی تر ئەڵێن زیاترە.

حەزرەتی موحەممەدی مەهدی کە بەیعەتی پێ‌کرا دەبێتە سەرۆکی گشتی و پێشەوای هەموو موسوڵمانان. هەر لە سەردەمی حەزرەتی مەهدی‌دا حەزرەتی عیسایش لە ئاسمانەوە دێتە خوار بۆ شام نزیکی منارەی سپی.

جا لەبەر ئەوە کە حەزرەتی عیسا لەو سەردەمەدا تابیعی ئایینی حەزرەتی موحەممەدە(د.خ) لە پشتی موحەممەدی مەهدییەوە نوێژ دەکات کە لە ئوممەتی پێغەمبەرە(د.خ)، واتە: مەهدی ئیمام دەبێ و عیسا مەئمووم. پاش ماوەیەک کە شەخسییەتی حەزرەتی عیسا ناسرا و زانرا کە پەیڕەوی ئایینی ئیسلامە ئەوسا بە گوێرەی پێش‌کەوتنی گەورە لە بچووک لە ئیمامەتدا، لەبەر ئەوە کە عیسا پێغەمبەر بووە و لە مەهدی گەورەترە، ئەو دەبێتە ئیمام و مەهدی بە مەئمووم. بەم شێوە ئەو دوو ریوایەتە کۆ ئەکەینەوە کە یەکێکیان دەڵێ مەهدی ئیمام دەبێ و ئەوی‌تریان دەڵێ عیسا، واتە: هەردوو ریوایەتەکە راستن، بە گوێرەی ئوسوولی فیقهیش هەتا بتوانین دوو ریوایەتی دژی یەک کۆ بکەینەوە و کار بە هەردووکیان بکەین باشترە لەوە کە کار بە یەکێکیان بکەین و ئەوی‌تریان بخەینە پشت گوێ.

هەروەها لە سەردەمی حەزرەتی عیسا و موحەممەدی مەهدی‌دا دەججال هەڵدەسێ و لەگەڵ سوپای ئەم دووانەدا بە شەڕ دێت و لە ئەنجاما ئەکوژرێ و گیانی بە دۆزەخ شاد دەبێ.

یەکێکی تر لە نیشانەکانی ئاخر زەمان هێرشی سوپای یەئجووج و مەئجووجە کە لە خۆرهەڵاتەوە دێن بەسەر وڵاتی ئیسلاما و کوشتار و بەدکارییەکی زۆر دەکەن.

نیشانەیەکی تر دەرچوونی (دابة الارض) ە[٥] لە خاکی مەککەی موکەڕڕەمە لە وڵاتی حیجاز.

یەکێکی تر لەو نیشانانە دەرچوونی دووکەڵێکی خەستە کە سەرانسەی گۆی زەوی دادەگرێ.

یەکێکی تر گۆڕانی چەرخ و هەڵاتنی خۆرە لە لای خۆرنشینەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی تا ئێستا دامەزراوە لە دنیادا.

نیشانەیەکی تر ئەوەیە کە لە سێ ناوچـەدا زەوی ئەتـەپێ و رۆئەچیتـە خـوارەوە، یەکـەم لـە خۆرهەلات، دووەم لە خۆرنشین، سێهەم لە ولاتی نیمچە جزیرەی عەرەب.

هەروەها یەکێکی تر لە نیشانەکانی ئاخرزەمان ئەوەیە ئاگرێک لە یەمەن دەکەوێتەوە کە بەرەو باکووری حیجاز ملدەنێ و خەلکی لە ترسی سووتان بەرەو خاکی شام هەلدێن.

فی شرح النسفیة: «قال حذیفة بن أسِید الغفاري: اطلع رسول‌الله علینا، و نحن نتذاکر، فقال: ما تذاکرون؟ قلنا نذکر الساعة، قال: انها لن تقوم حتی تروا قبلها عشر آیات، فذکر الـدخان و الـدّجال والدابّة و طلوع الشمس من مغربها و نزول عیسی بن مـریم و یـأجوج و مـأجوج و ثلاثـة خسـوف: خسف بالمشرق و خسف بالمغرب و خسف بجزیرة العرب. و آخر ذلک نار تخرج من الـیمن تطـرد الناسَ الی محشرهم.

والاحادیث الصحاح فی هذه الاشراط کثیـرة جـدا، فقـد روی أحادیـث و آثـار فـی تفاصـیلها و کیفیاتها، فتطلب من کتب التفسیر والسیر والتواریخ إنتهی».

ئەم حەدیسە، کە حوزەیفـە لـە ئەسـیدی غیفارییـەوە دەیگێڕێتـەوە، موسـلیم و ئـەبووداوود و تیرمزی و نەسائیش لێیانەوە نەقل کردووە.

بێجگە لەم نیشانانە گەلێ نیشانەی تر لە فەرموودەکانی پێغەمبـەردا(د.خ) بـاس کـراون؛ وەک نەمانی زانیاریی ئایینی و زۆر بوونی فیتنـە و فەسـاد و، ئـازاردانی ئـەولاد بـۆ بـاوک و دایکیـان و، نەمانی شەرم و شۆ و، نەمانی ئاسایش لە دلی ئینسـاندا و، زالبـوونی مـادە و بەرچاوبرسـییەتی و تەماعکاری و، رازیبوونی هەرکەس بە بیرورای خۆی و، لەخۆباییبوون و، کەمبوونی میهرەبانی لە نێوان خزم و خوێشدا و، زۆربوونی سوێنی درۆ و شایەتیدانی بێئەساس و، بـاوەڕکردن بـە درۆزن و، باوەڕنەکردن بە ئینسانی راسال و، سپاردنی کاری گەورە بە کەسێ کە لە شانیا نـەبێ و پیـاوی ئەو بارە نەبێ و، نەمانی ئەمینی و دەسپاکی و، زۆربـوونی جوانکـاری و رازاندنـەوە لەسـەر رووی زەوی و، غەیری ئەمانە کە لە کتێبە گەورەکاندا نووسراون.

لە خودای گەورە دەپاڕێینەوە بمانپـارێزێ لـە بـەلای ناگـەهان و شـەڕی شـەیتان و فیتنـەی ئاخرزەمان.

عـــەلامات زۆرن قســـەی لـــێ ناکـــەین
بـــەیانی ئـــەحوال بـــەرزەخ بێتـــە بـــەین

مەعلووم لە ئالای یەکێ حەیاتە
بەڵێ ئالای گشت ئالای مەماتە
وەسیلەی مەهین (متاعٌ قلیل)
ڕێی دینی میهین (مطاعٌ جلیل)
خوسووس کە حەیات پەنجەی دا لە عوود
هەس نەوای سیوای لە (أناالموجود)
نە ئولووهییەت حەقحەق هووەیداس
نە عوبوودییەت خالیسەی پەیداس
بێلان، دیت چلۆن دەنەوییەوە؟!
چەپە راست بنێت بە زەوییەوە
سائیل و موجیب با حەق هەر خۆی وێ
روو بنوێنێ و کار موددەعی تەی وێ
کە کەوتە لاوە ماسی کەم نم بوو
تەقابول لاچوو چی زەڕڕە گوم بوو
مەوج و تەشاوی گشت چوونە لاوە
دەریا ساف، خورشید هەر وەک خۆی ماوە
چاوی بەسیرەت ئێمە مژمۆرە
ئەگەرنە پێشڕەو عیزرائیل زۆرە
رویـنی یاران گشت وە دڵگیری
بگردنی عومر، زەعیفی و پیری
هەموو پێت دەڵێن: چاوت وا تێوە
تەدارەک بکە زوو بێ بە ڕێوە

بەرزەخ: مابەینی دنیا و قیامەت. ئالای: نیعمەتەکانی خودا. ئالای گشت: ئەعلای گشت، واتە: (ئالا) سووک‌کراوەی (ئەعلا) یە. ئالای مەماتە: ئەو نیعمەتانە لە مردنەوە دەڕژێن بەسەر ئینسانی لەخواترسدا. مەهین: خوار و بێ‌نرخ. ڕێی: ڕێگای. دین: بینین. میهین: گەورەتر. عوود:

ئالەتێکی موسیقایە. نەوا: ئاوازە. بێلان: لێـی گـەڕێ. دیـت: بینیـت. دەنەوییـەوە: ئەچەمییـەوە. ڕاست بنێت: لای ڕاستی بنێ. خۆی وێ: هەر خۆی بێ. ڕوو بنوێنێ: ڕوخساری خۆی پیشان بدا. مەوج: شەپۆل. تەشاو: ئاوێکە لە پاش شەپۆل لـە قەراخـدا دەمێنێتـەوە. مژمـۆر: نیمچـە کـوێر، چاوکز و پڕوپووشاوی. پێشڕەو: مقدّمە. ڕوێنی: ڕۆیشتنی. بگـردنی: تێپـەڕینی. چـاوت وا تێـوە: چاوت لێیە؟

واتە: نیشانەکانی هاتنی ڕۆژی قیامەت و نزیکبوونـەوەی زۆرن، قسـەیان لـێ ناکـەین، ئێسـتە باسی حاڵی مردوو دەکەین لە ماوەی نێوان مردن و هاتنی ڕۆژی قیامەتدا.

دیارە ژیان یەکێکە لە نیعمەتەکانی خودا، بەڵام لە هەموو نیعمەتەکانی بەرزتر نیعمەتی مردنـە کە دەبێتە مایەی بەختیاریی نەبڕاوە و گەیشتن بە حوزووری زاتی خودای گەورە.

ژیانی ئینسان لە دنیادا هۆی دەستکەوتێکی کەم و بێنرخە، بەڵام ڕێگەی بینینی خـوا کـە لـە قیامەتا ئەبێ بۆ موسوڵمانان، ڕێیەکی زۆر بەنرخە[٦].

بەتایبەتی کە ژیانی ئینسان دەستی گەیشتە تـاری عـوود و، کەوتـە نـاو نـاز و نیعمەتـەوە، لـە عوودەکەی تەنها ئاوازی غوروور و (أناالموجود) دەنگ دەداتەوە، واتە ژیان و خۆشـییە کاتییەکـەی دەبێتە هۆی لەخۆبایی بوون؛ (إنّ الانسان لَیطغی أن رآهُ استغنی) نـە خوایـەتیی خـودای گـەورە چاودێری دەکرێت و نە بەندەگی و دڵسۆزی لە ناودا دەمێنێت.

دە واز بێنە با ئەم ژینە بـەم لـەخۆباییبوونـەوە بـڕوا تـا کـاتی پـیری دێ، جـا دەزانی چلـۆن دەچەمێتەوە و دەمری وەها کە ناتوانی لـە عـەرز ڕاسـت بێتـەوە و، لەشـت وشـک دەبـێ و وەک کەوانی لێ دێ و، لە ناو گۆڕدا دەبێتە خۆڵ[٧].

واز بێنە با ڕۆژی قیامەت بێ ئەوسا خاوەن پرسیار و خاوەن وەڵام هەر خودا خۆی دەبێ. خۆی دەپرسێ: (لمن الملک الیوم؟) هەر خۆیشی وەڵام دەداتەوە: (لِلهِ الواحدِالقهّار).

لەم ڕۆژەدا خودا خۆی دەردەخات (وجوهٌ یومَئِذٍ ناضرةٌ الی ربها ناظرة)، قسەی ئەو پێغەمبەرانـە کە دەیانفەرموو خودا هەیە و کافران باوەڕیان نەدەکرد، بە ڕاست دەردەچێ، چونکە کە خودا بینرا ئیتر سەرپێچیی مونکیر بێجێ ئەبێ و دەعوا ئەپێچرێتەوە و خیلاف نامێنێ.

بەڵێ ئادەمزادی لەخۆبایی کە لە ئاوی ژیانی دنیای بڕاوەدا نەما و کەوتە لاوە، وەک ماسـیی لـە ئـاو دەرهێنـراوی لێـدێ، هـەروەها کـە تیشـکی خـۆر نـەما، کـە ئەوسـا زەڕڕە لەبـەریا دەبینـرا، ئادەمزادەکەیش ون دەبێ و نرخی نامێنێ. خولاسەی کەلام لە ڕۆژی دواییدا هەموو کەش و فشێ

فش دەبێتەوە، دەمێنێتەوە کرداری باش و بەس، شەپۆلی سامانی دنیا و پێوەندیی ژیان هەموو لە ناو دەچێ و جیهانێکی ساف و بێگەرد دەبێ و تیشکی تیژی عیلمی خـودا هـەروەک خۆیـەتی و هەموو کار و کردەوەی چاک و خراپی ئادەمزاد دەردەخات و هیچ جۆرە خۆشاردنەوە و فـڕوفێڵ و چاوبەستێک لە ئارادا نامێنێ تا فریای بکەوێ. ئێمە، ئەگەرچی چاوی سـەرمان هەیـە و دەبیـنین، بەڵام چاوی بینینی راستەقینەمان کز و بـێهێـزە، گـەلێ شـت نابینـێ، ئـەگینا نیشـانە و پـێش قەرەوڵی عیزرائیلی گیان‌کێش زۆرە، ئەم هەموو دۆست و برادەرانە کە بە ناکامی کـۆچی دواییـان کرد، تێپەڕینی تەمەن، بێهێزی و پیری، هەموو بە ئاشکرا پێت دەڵێن و دەیخەنەوە بیرت کە زوو کە، خۆت ڕێکخە، توێشوو هەڵگرە؛ سەفەرت لەبەرە.



١ـ ئەم عینوانە لە نوسخە دەستنووسەکەدا نییە، لە چاپەکەیشدا (مبحث علامات الآخرة) ە، عینوانەکـەی بـاوکم لەبارترە بە تایبەت بۆ شەرح.

٢ـ رُوِی: رۆیی. شێوە قسەی ناوچەی تاوگۆزیی زێدی مەولەوییە.

٣ـ بعد از، کە شێوەنووسی دەستنووسەکەیە بە (بەعدەز) دەخوێنرێتەوە وەک نووسیومەتەوە. بەعـد: دوا. ئـەز: لە، تێکرا بەعدەز: لە پاش، لەدوا.

٤ـ (بتبێ) سوارترە بەڵام (بیتبێ) بە شێوەی (بیت بێ) شێوە نووسینی نوسخەکان هەموویانـە. ئەڵـبەت (ی)ی (بیت) زەمیرە و بۆ ئەو نیشانانە دەگەڕێتەوە کە لە بەیتەکەدا باس کراون.

٥ـ دابة الارض من اشراط السعة تخرج بتهامة بين الصفا و المروة تنكت في وجه الكافر نكتة سوداء، و تنكت في وجه المؤمن نكتة بيضاء، فتفشو نكتة الكافر حتى يسودّ منها وجهه اجمع، و تفشو نكتة المؤمن حتى يبـيضّ منهـا وجهه اجمع. قيل طولها ستون ذراعاً ذات قوائم ووبر. (ابن منظور، لسان العرب، بيـروت، دار صـادر ١٩٥٥، المجلـد الاول، ص٣٧٠).

٦ـ لە پەراوێزی نوسخە دەستنووسەکەدا لە پاڵ وشەی «مهين»دا بە فارسی نووسراوە: «خوار و بی‌قدر». لە پاڵ وشەی «دين»دا نووسراوە «رؤيت». هەروەها لە پاڵ «مِهـين» دا وشـەی «بـزرگ» دانـراوە. لـە نزیـک سـەرەتای بەیتەکەوە نووسراوە «استفهام» و لە دوایی‌دا نووسراوە: «جواب: لا يَستويان».

واتە: مەهین: خوار و بێنرخ. دین: بینین. میهین: گەورەترین کـەس کـە خودایـە. بەیتەکـەیش بـە هـەردوو نیوەکەیەوە بە شێوەی پرسیارە و وەڵامی پرسیارەکەیش لەبەر تەنگیی ماوەی شیعر و لەبەر ئاشکرایی نەوتراوە. بـە کورتی مەولەوی دەڵێت:

ئایا ژیانی کورتی دنیا، کە هۆی بەدەسهێنانی مایەیەکی کەم و بێنرخە، لەگەڵ مردندا کە ژیانی ئەبەدی لەدوایە و ڕێگای بینینی خودای گەورەیە، وەک یەک وان؟ وەڵامەکەیش: نەخێر، هەرگیز وەک یەک نین. بەم حیسابە (و) ێکی عەتف لە نێوان هەردوو نیوە بەیتەکەدایە و لەبەر ماوە تەنگیی شیعر لابراوە.

٧ـ «چَپَە راس بنیت بە زَوِیَوَە» شێوەنووسی نوسخە دەستنووسەکەیە. لە چاپەکەدا نووسراوە: (چَپَە راس نبیت بە زَوِیَوَە). دیارە ئەمە هەڵەیە. (چەپە) واتە: چەپلەر، ئەوەی بە دەستی چەپ کاردەکات، بەڵام مەبەستی پێی بەدکارە، ئەنجا لە رووی قەواعیدی نەحوەوە ئەم (چەپە)یە دەبێتە (متنازع فیە) لە نێوان (دەنەوییەوە) و (بنێت)دا و، هەر یەک دەیەوێ بیکاتە فاعیلی خۆی، واتە چلۆن چەپە دەنەوییەوە یا چەپە بنێت راست بە زەوییەوە.

تێکڕای مەعنای بەیتەکە وای لێدێت: وازبێنە با ئەو بەدکارە لای راستی روومەتی لەسەر تەختی خاکی گۆڕەکەی دانێت. نەتئەدی کاتێ بەسەر زیندوو بوو چۆن لەخۆبایی بوو و بە فیزەوە دەنەوییەوە؟ دیارە موسوڵمان لە پاش مردن لەسەر لای راستی رووەو قیبلە دەنێژرێ.



مبحث المنكر والنكير[1]

کــه مــردین دیتــر نامێنـــێ مــەجال
نەوبــەی مونکـــەرە و نـــەکیرە و ســوئال
مــــردگ بـــاز رۆحـــی پێـــدا تێتــــەوە
(کمـــا فـــی الـــدنیا) وا دەوێتـــــەوە
بــەد راکشــیاگە وەک دەفـــنی دەکـــەی
چاک تێتە سەر چۆک زەریف لەسەر خۆی
بــاری! یــاریدەر غــەیری تــۆ نییـــە،
دەڵێن رەببت کـێس؟ دینی تـۆ چییـە؟
(مــا فــی قلــبکم و مــا فــی فــیکم)
(فــی هــذا الرجــل المبعــوث فــیکم؟)
بـۆ (هـذا) مەحسـووس موشـاهەد دەوێ
دەشـــێ پێغەمبـــەر حـــازر بـــێ لـــەوێ
ئەر دەڵێی: ساتێ چەند هـەزار دەمرێ،
بوونی لە گشت جـێ تەسـەوور دەکـرێ؟
لە جوزئی دەرچـوو رۆح، کـە کـوللی بـوو،
مـــوحیط تێیـــەدا[2] موتەجـــەللی بـــوو،
ئـــەر لـــەو ســـاتەدا خـــۆی بنوێنـــێ
لـــە چەنـد سـووەردا عەجـەب مـەمێنێ؛

(هـــذا صـــادِرٌ مـــن الأولیـــا
فمـــا ظـــنکم مَـــعَ الأنبیـــا؟[٣])
هـــەر ئانـــێ خۆرشـــید موتەجەللییـــە
دووری و نزیکـــی تـــەفاوت نییـــە
جـواب هـەر تـەرز بـێ شـارەزای کوتـوب
لـــە تەفســـیلەدا نییەســـی حوجـــوب
حوســـنی خاتیمـــە مەجهوولـــە؛ بگـــری
واوەیـــلا لـــە حـــاڵ، هاهـــا (لا أدری)
تەماشـــای (کمـــا تَموتـــون) بکـــەی
دەڵـێ چلـۆن بـووی وا جـواو[٤] دەدەی
وەک سـوئال تـەعزیب فیرقـەی کـافیرین
تـەعزیبی بـەعزێ عاسـیی مـوئمینین
تـــەنعیمی موتیـــع لـــەگۆڕدا دەوێ
گشـت حـەقن ئیمـان (بالغیـب)ی تـەوێ

مردگ: مردوو. باز: دووبارە. دەوێتەوە: دەبێتەوە. بـەد. خـراپ. راکشـیاگە: راکشـاوە. بـاری: خوایا. تەوێ: دەوێ.

واتە: کاتێ کە مردین ئیتر ماوەی فرِوفێڵ نامێنێ، نۆرەی پرسیارکردنی ئەو دوو فریشـتەیە کـە ناویان مونکەر و نەکیرە؛ چونکە مردوو دووبارە گیانی بەبەرا دەکرێتەوە و وەک لـە دنیـادا ئاگـادار دەبێتەوە. لە کاتی شاردنەوەدا خراپ راکێشـرابوو، بـەڵام لـە دوایـیدا چـاک و بەئـەدەب راسـت دەبێتەوە و لەسەر چۆک دادەنیشێ و پرسیاری لێ دەکرێ.

ئەنجا مەولەوی جوملەیەکی موعتەرەزە بەکار دەهێنێ و دەفەرموێ: ئـەی خـوای گـەورە لـەو کات و شوێنەدا کەس نییە فریاڕەس بێ، هەر تۆی یارمەتیدەر.

فریشتەکان لێی ئەپرسن: خوات کییە؟ ئایینت چییـە؟ بەرامبـەر بـەم شەخسـە کـە نێررابـووە سەرتان و کرابوو بە پێغەمبەرتان چی لە دڵتانا بوو چی بەدەمتانا دەهات؟

بە بۆنەی وشەی (هذا) وە کە لە پرسیاری فریشتەکاندا ریوایەت کراوە مەولەوی دەفەرموێ: (هذا) بۆ ئیشارە بۆکراوی مەحسووس بەکار دەهێنرێ؛ وا دیارە حەزرەت(د.خ) لەو قەبرەدا حازر دەبێ.

جا ئەگەر بڵێیت لە سەعاتێکا هەزاران لەم ئوممەتی ئیسلامە ئەمرێ، ئیتر چۆن دەگونجێ تاقە رۆحێک لای ئەم هەموو مردووانە حازر بێ لە قەبرەکەیانا؟

لە وەڵامدا دەڵێین لە دەلیلە ئایینییەکانەوە دەردەکەوێ کە رۆح دوو جۆرە: رۆحی جوزئی کە بە رۆحێ دەڵێن قودسییەتی نەبێ و پێوەندی بە زاتی خودای گەورەوە کەم بێ، ئەم جۆرە رۆحە لە فەردییەت ناکەوێ، دووەم رۆحی کوللییە کە رۆحێکە قودسییەتی ببێ و پێوەندی بە خودای گەورەوە زۆر بێ، ئەم جۆرەیان با خۆی لە خۆیدا تاقە رۆحێک بێ؛ بەڵام خودا هێزی زۆربوونی شێوەی پێبەخشیوە و، ئەشێت لە یەک کاتدا بگاتە هەزاران شوێن و، بە هەزاران شێوە حازر بێ. ئەوەتە لە شەوی میعراجدا حەزرەت(د.خ) بە رۆحی گەلێ لە پێغەمبەران(د.خ) گەیشت لە (بیت-المقدس)، کەچی لە ئاسمانەکانیشدا پێیان گەیشت و لە هەمان کاتیشا هەریەک لەوانە پێوەندییان لەگەڵ قەبر و جێگەی خۆیشیانا هەبووە. جا مەولەوی کە ئەفەرموێ »موحیت تێیەدا موتەجەللی بوو« مەبەستی ئەوەیە کە رۆح لە جوزئییەت دەرچوو و بوو بە کوللی، ئیتر سیفەتی (احاطه) و بە گشت لا گەیشتنێکی تێدا دەردەکەوێ و دەدرەوشێتەوە. هەروەها دەفەرموێ ئەم جۆرە حالە لە ئەولیای ئوممەتەوە روودەدا کە لە پەیرەوانی حەزرەتن ئیتر چۆن دەبێ شتی وا بۆ پێغەمبەران عەجایب بێ؟ دیارە کە خۆر دەرکەوت و تیشکی رووناکییەکەی بلاو بووەوە پرتەوی هەموو شوێنێ دەگرێتەوە و دوور و نزیکی بۆ نییە، خۆی یەک شتە و ئاساری هەموو لایەک دەگرێتەوە.

بێگومان وەڵامی مردوو چاک بێ یا خراپ زانایانی کتێبە ئایینییەکان دەزانن پاداش چۆنە و هیچ شەرم و پەنهانییەکی تێدا نییە، دیارە ئەگەر باش وەڵام بداتەوە ئەوا شوێنەکەی گوشاد دەبێ و جێگەی خۆی لە بەهەشتا نیشان دەدەن، خۆ ئەگەر وەڵامی بە هاها؟ و (لا ادری) بوو، واتە: ها؟ و نازانم، پەنا بە خودا ئەوا گیرۆدەی مەرارەت و سزا دەبێ.

جا کە مادام ئاخرخێریی ئینسان نەزانراوە و کەس نازانێ ئاخری چۆن دەبێ چاک واتە بگریت بۆ خۆت ئەی برا، پێش ئەوە کە بمری تێبکۆشە و هەوڵ بدە و کردەوەت چاک بێ و ئامادە بە بۆ ئەنجامی باش.

تەماشای فەرموودەی حەزرەت بکەن کە فەرموویەتی: (کما تَحیَـونَ تَمُوتُـونَ، وَ کَمـا تَمُوتُـونَ تُبعَثُون) واتە: وەک چۆن لە دنیادا دەژین، وەهاش دەمرن و، وەک چۆن دەمرن، وەهاش زینـدوو دەکرێنەوە. جا کە تۆ باوەڕت بە زیندووکردنەوە لـەو دنیـادا ببـێ، بـۆ ئـەبێ بـاوەڕت بـە زینـدوو کردنەوە لە قەبردا نەبێ؟ بەڵگەی پرسیاری قەبر سیانە:

یەکەم: حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی دوعای (تثبیت) بکەن بۆ مردوو بەڵکو خـودای گـەورە لـە کاتی پرسیاردا زمانیان سابت بکا و نەبزرکێنن.

دووەم: حەدیسێکە ئەبوو هورەیرە، خودای لێ رازی بێ، ریوایەتی کردووە:

«قال رسول‌الله (ص)، إذا قبر الرجل اتاهُ مَلَکان فَیَقولان: ما کنتَ تقـولُ فـی هـذا الرجـل الـذی بُعِثَ فیکم و فی الخلق اجمعین، فَیَقولُ: هو عبدالله و رسوله إن کان مؤمناً، و إن کان منافقـاً قـال: سمعت الناس یقولون فقلت مثله (لا ادری) » أی لا ادری فی الحقیقة انه نبیّ ام لا.

سێهەم: ئەو حەدیسەیە موسلیم لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەیگێڕێتەوە: «قال: قـال نبـیّ الله (ص)، انّ العبد اذا وضع فی قبره و تولّی عنه اصحابه إنه لیسمع قـرع نعـالهم، قـال: یأتیـه مَلَکـان فیقعدانه فیقولان له: ما کنتَ تقول فی هذا الرجل، قالَ: فأمّا المؤمن فیقـول أشـهد إنـه عبـدالله و رسوله، قال فیقال له: انظر الی مقعدک من النار قد أبدلک الله به مقعداً مـن الجنّـة، قـال نبـیّ الله (ص)، فیراهما جمیعاً، قال قتادة: و ذکر لنا إنه یفسح فی قبره سبعون ذراعاً و یملأ علیه خضراً الـی یومَ یبعثون»[٥].

پاش ئەمانە مەولەوی دەفەرموێ هەروەک لە گۆڕدا پرسـیار هەیـە سـزا و ئـازاردانی کـافران و موسوڵمانانی تاوانبار و خۆشحاڵیی موسوڵمانی لەخواترس و چاکیش هەیە، ئەمانە هەموو حـەق و راستن، تەنها ئەوەندەی ئەوێ ئینسان باوەڕی بە غەیب هەبێ.

ئەم سزا و ئازار و خۆشی و بەختیارییە لە قەبردا لە قورئـانی پـیرۆز و فـەرموودەی پێغەمبـەردا باس کراوە؛ ئەوەتە خوای گەورە دەربارەی کۆمەڵی کافرانی زەمانی حەزرەتی نـووح دەفـەرموێت (مِمَّا خَطیئاتِهِم أغرِقُوا فَاُدخِلُوا ناراً فَلَم یَجِدُوا لَهُم مِنَ دُونِ الله اَنصَاراً) [٦].

واتە: لەبەر ئەو تاوانانەی کردبوویان وەک کوفر و کوشتنی خەڵک، لە ئـاوی تۆفانەکـەدا غـەرق کران و، پاش ئەوە گورج خرانە ناو ئاگر. زاهیری ئایەتەکە ئەوەیە کە پاش خنکانـدنیان راسـتەوخۆ و بێوچان خراونەتە ناو ئاگر.

هەروەها دەربارەی کۆمەڵی دەستە و دایەرەی فیرعەون دەفەرموێ (النارُ یُعرَضُونَ عَلَیها غُدُوّاً وَ عَشِیّاً وَ یَومَ تَقُومُ السّاعَةُ أدخِلوا آلَ فِرعَونَ أشَدَّ العَذَاب) (٧) زاهیری ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم سزادانە پێش رۆژی قیامەت، واتە: لە قەبردا بێت، چونکە دوای «النار...» «و یوم تقوم...» دێت، دیارە عەتف جیاوازیی بەینی مەعتووف و مەعتووفوعەلەیهـ دەگەیەنێ و کاتی ئەم دوو سزایە لە یەک جیان.

دەربارەی حەبیبی نەججاریش فەرموویەتی (قِیلَ ادخُلِ الجَنَّةَ، قالَ یا لَیتَ قَومی یَعلَمُونَ بِمَا غَفَر لی رَبِّی وَ جَعَلَنی مِنَ المُکرَمین) (٨) زاهیری ئایەتەکە موژدەپێدانی پاش مردنیەتی راستەوخۆ، دیارە موژدەپێدانیش یەکێکە لە نیعمەتەکانی خودا و لە بەرزەخدایە.

دەربارەی پرسیاری قەبریش دەفەرموێ: (یُثَبِّتُ اللهُ الَّذینَ آمَنُوا بِالقَولِ الثَّابِتِ فی الحَیاةِ الدُّنیا وَ فی الآخِرَةِ وَ یُضِلُّ اللهُ الظالِمینَ وَ یَفعَلُ مَا یَشاء) (٩) هەروەها بەرائی کوڕی عازەب لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە دەربارەی سزای قەبر نازڵ بووە کاتێ پرسیار لە مردووەکە دەکرێ: (مَن رَبُّکَ؟ فَیَقُولُ رَبِّیَ اللهُ وَ نَبیّی محمد(ص)، فذلک قوله تعالی (یُثَبِّتُ اللهُ الَّذینَ آمنوا بالقول الثابت... الآیة)) (١٠).

هەروەک وتمان لە فەرموودەکانی پێغەمبەریشدا بەڵگە لەسەر ئەم سزا و ئازارە یا خۆشی و بەختیارییە هەیە: یەکێک لەوانە فەرموودەیەکی پێغەمبەرە کە بوخاری و موسلیم هەردووکیان ریوایەتیان کردووە: «مَرَّ رسولُاللهِ(ص) علی قبرین فقال أما إنّهما لَیُعَذَّبانِ و ما یُعَذَّبانِ فی کبیر زاد البخاری فی روایة و انه لکبیر أمّا أحدُهما فکان یمشی بالنمیمة، و أمّا الآخر فکان لا یستتِرُ من بولهِ و فی روایة لا یستبرء...»(١١). (کان یمشی بالنمیمة) واتە دووزوبانیی دەکرد. مەعنای «لا یستتر من البول»یش ئەوەیە کە کابرا عەورەتی نەدەشاردەوە. بەڵام مەعنای «لا یستبرء من البول» ئەوەیە کابرا گوێی نەدەدایە بڕانەوەی تکەتکەی میزەکەی و پیسبوونی لەش و پۆشاکی و پێش دڵنیابوون لە تەواوبوونی خۆی کۆ دەکردەوە.

بەیهەقی و (إبنُ أبیالدنیا) یش لە (إبن عمر) ەوە ئەم حەدیسەیان بە (مرفوع)ی ریوایەت کردووە «القبر حفرة من حُفَر جَهنَّمَ أو رَوضَةٌ من ریاض الجنة» واتە: گۆڕ یا ئەوەندە ناخۆش دەبێ دەبێتە چاڵێ لە چاڵەکانی دۆزەخ، یا ئەوەندە خۆش دەبێ دەبێتە باغچەیەک لە باغچەکانی بەهەشت.

موسلیمیش لە (إبن عمر) ەوە ریوایەتی کردووە: «أن رسول‌الله(ص)، قال: ان أحدکم إذا مات عُرض علیه مقعده بالغداة والعشیّ، إن کان من أهل الجنة فمن أهل الجنّة، و إن کان من أهل النار فمن اهل لانار، یُقَالُ هَذا مَقعَدُکَ حتی یَبعَثَکَ الله الیه یَومَ القیامَة»[١٢].

هەروەها لە سەحیحی موسلیم‌دا هەیە کە یەحیای کوڕی ئەییووب و ئەبووبەکری کوڕی ئەبووشەیبە هەردووکیان حەدیسێکیان ریوایەت کردووە، وا لێرەدا بەشی دوایی ئەو حەدیسەتان دەخەینە پێش چاو:

«... ثم اقبل علینا بوجهه ـ أی النبی(ص) فقال: تعوّذوا بالله من عذاب النار، قالوا نعوذُ بالله من عذاب النار. فقال تعوّذوا بالله من عذاب القبر، قالوا نعوذُ بالله من عذاب القبر. قال تعوّذوا بالله من الفتن ما ظهر منها و ما بطن. قالوا نعوذ بالله من الفتن ما ظهر منها و ما بطن. قال تعوّذوا بالله من فتنةِ الدّجّالِ قالوا: نَعُوذُ بالله مِن فِتنةِ الدّجّالِ»[١٣].

(إبن عمر) یش(ر.خ) لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە: «ما من مسلم یَمُوتُ یَوم الجمعة أو لیلة الجمعة إلّا وقاهُ الله فتنة القبر».

هەروەها لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕنەوە: «ان رسول‌الله(ص)، ترک قتلی بدر ثلاثاً ثمّ آتاهم فقام علیهم فناداهم. فقال یا ابا جهل بن هشام، یا أمَیّة بن خلف، یا عتبة بن ربیعة،... یا شبیة بین ربیعة! ألیسَ قد وجدتم ما وعد ربکم حقاً، فإنی قد وجدت ما وعدنی ربّی حقاً، فسَمِع عمرُ قول النبی(ص)، فقالَ یا رسول‌الله کیفَ یسمعون؟ وَ أنّی یجیبوا و قد جَیَّفوا؟ قال: والذی نفسی بیدهِ ما أنتم بأسمَعَ لِما أقول منهم، و لکنّهم لا یقدرون أن یُجِیبُوا، ثُمَّ أمَر بهم فَسُحِبُوا فَألقُوا فی قلیب بدر»[١٤].

تەعزیب و تەنعیم، لە حەق لامەدە،
پێکەوە لەسەر رۆح و جەسەدە
لە لای ئەهلی حەق راسە و تاقییە
رۆح بەعەدەز مەوتی بەدەن باقییە[١٥]
وابزان ئەسەح خەبەری داوێ
وەک عەجبی زەنەب[١٦] فەنای بۆ ناوێ
قول لە ئەمری رۆح هەڵنەکەی، بیبەس!
(قُل «الروحُ من امر ربّی») بەس

ئەمــە کــە دەڵــێن: مــەیبیت جــەمادە
نــەحوی تــەعزیبی بــۆ نــاویَ، بــادە
بـۆچ؟ بـا ئیجـاد کـا (معطـی للجـزا)،
لـە گشـت ئـەجزادا یـا بـەعزیَ ئـەجزا،
(نوعـــاً مِـــن حیـــاة بِقَـــدرِ مـــا
یُـــــدرِکُ اللَّـــــذّةَ أوِالألَمـــــا)
(وَذا، لَعمـــــــری، لا یَســـــــتَلزِمَن
إعـــادة الـــروح لِـــذاک البَـــدَن)
(وَ لَـــا التّحـــرّک وَ لا الاضـــطراب
و لا أن یُـــــری أثَـــــرُ العـــــذاب)
حەتتا مەسـلووب و مـەقتوولی پـەڵپـەڵ
مـەئکوولی (فـی الـبطن یُحیـی و یُسـأل)
مونەعمــــەم دەویَ، موعــــەززەب دەویَ
هــیچ کەسـیچ چـاوی بـا پێـی نەکـەویَ
(مُخفـی النـارِ فـی الشـجَرَ الأخضـر) [۱۷]
دەتوانـــیَ ئیخفـــای ئەمانـــە یەکســـەر
ئـــەم نەشـــنەفتن و نـــەدینی[۱۸] تۆیـــە
نـــاویَ بـــە (نـــافی)ی ئـــەم گفتوگۆیـــە
دەلائیـــــل زۆرن بـــــاوەڕت بـــــویَ
تێفکـــریَ لـــە لات کەســـیَ دەنـــویَ
لە خەودا دەگـری و دەڵـیَ و دەشـنەویَ
هەڵدەسـیَ و دەڕۆت پێـی هەڵـدەکەویَ
ئـــــازاری دەویَ یـــــا شـــــادمانی
تۆیچ هەر وای لە لای هـیچ پێـی نـازانی

(تَنَبَّــــه الـــــی ذلـــــک التحریــــــر
«النـــوم أخ المـــوت» قـــد یشـــیر) (١٩)
(قـــال فـــی الإحیـــا حجّـــةُ الاســـلام،
علیـــه الرحمـــة، فـــی هـــذا المقـــام)
مـــــەقاماتێ پـــــڕ شـــــیفا و ئیشـــارات
(بعینهـــا اشـــــرب دَفـــعَ الحـــرارات)

قول: قاچ، پێ. هەڵنەکەی: ئامادەی نەکەی بۆ گورج رۆیشتن و راکـردن. ببیـەس: ببیەسـتە. بادە: بایە، بێنرخە، قسەی رووتە. تێفکرێ: ورد بەرەوە.

واتە: لە باسی سزای مردوو یا خۆشی و ئارامیی لە گـۆڕدا لـە ڕێگـای راسـتی حـەق لامـەدە و باوەڕت وابێ کە ئەم خۆشی و ناخۆشییە، ئەم ئازار و حەسانەوەیە بۆ تێکـڕای لـەش و گیانـە، واتـە ئەم دوانە پێکەوە ئازاریان پێدەگا و پێکەوە بێئازار و بـەختیار دەبـن؛ چونکـە لای ئـەهلی حـەق رۆح، واتە گیان، پاش مردنی ئینسانەکە هەر دەمێنێ، وای بزانە کە مـوخبیری راسـتگۆ خەبـەری داوە، وەک چۆن دەفەرموێ سەری کلێنچکە لە دوادوایی زنجیرەی بڕبڕەی پشتی ئینساندا ناڕزێ و دەمێنێتەوە، جا مادام رۆح باقییە و ماددەی لەشیش هەر هەیە سزا و خۆشی و ئازار و رەحـەتی بۆ لەش و گیانە هەردووکیان.

دەخیل سەد دەخیل نەکەی قولی لێ هەڵکەیت و، بڵێیت رۆح خوێنە یا تەڕاییـە و کاتـێ کـە ئینسان مرد ئەو خوێن و تەڕاییە نامێنـێ و وشـک و برینگـە و هەسـت بـە ئـازار و ناخۆشـی یـا رەحمەتی و بەختەوەری ناکات، ئیتر قولی بیرکردنەوەت ببەستە و مەیەڵە ئـەملاولا بکـات، تـەنها بڵێ نهێنیی گیان و چۆنیەتییەکەی کاری خودایە و هەر ئەو دەیزانـێ وەک لـە قورئـانی پـیرۆزدا خودای گەورە دەفەرموێ: (قُلِ الرّوح من أمر ربّی) بەپێی ئەم ئایەتـە حەقیقـەتی رۆح هـەر خـودا دەیزانێ و، لەوانەیە دەیان جۆری سزا و پاداش رووبکاتە گیان بێئەوەی کەس پێی بزانێ.

ئەو قسەیە دەیکەن و دەڵێن مردوو ماددەیەکی بێگیانە وەک داری وشک و بەردی رەقوتـەق، سزا و خۆشی رووی تێ ناکات و هەستی پی ناکات، قسـەیەکی بـۆش و بـێکەڵـکە و وەک بایـە. لەوانەیە خوای گەورە هەست لە هەموو ئەندام و بەش‌بەشی لەشا یا لە هەندێکیانـدا دروسـت بکـا

ئەوەندەی هەست بە خۆشی و ناخۆشی بکات، لەمەیشەوە پێویست ناکا گیان بە تەواوی بۆ ئەو لەشە بگەڕێتەوە، یا مردووەکە جموجوڵ بکا، یا نیشانەی سزاکان بە لەشیەوە دیار بێ.

تەنانەت یەکێک کرابێ بە دارا، یا کوژرابێ و پەل‌پەل کرابێ، یا دڕندەی کێوی خواردبێتی، یا نەهەنگی دەریا قووتی دابێ، هەر چۆن بێ و بە هەر حالێک بێ زیندوو دەکرێتەوە و پرسیاری لێ دەکرێ و هەست بە خۆشی و ناخۆشی دەکات، با هیچ کەسیش چاوی پێ نەکەوێ و کەس پێی نەزانێ.

ئەو خودا بە دەسەڵاتە کە بتوانێ لە داری تەڕا ماددەی ئاگر بشارێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئاو و ئاگر دژی یەکن و پێکەوە نایانکرێ، دەتوانێ بە شێوەیەک لە شێوەکان، کە هەر خۆی دەیزانێ، مردوو زیندوو بکاتەوە تا پرسیاری لی بکرێ و هەست بە ئازار و خۆشی بکات.

ئیتر نەبینین و نەبیستنی تۆ بۆ ئەم پرسیار و سزا و ناسزای مردووە لە گۆڕدا نابێتە دەلیلی ئەوە کە نییە؛ ئەگەر بە چاوی باوەڕەوە سەیری مەسئەلەکە بکەی بەڵگە زۆرە.

نەختێ ورد بەرەوە یەکێک لە پاڵتا دەخەوێ، لە خەوەکەیدا کە خەو دەبینێ ئەگری، پێ دەکەنێ، قسە دەکا، قسە ئەبیسێ، هەڵئەسێ، دادەنیشێ، راست دەڕوات، یا پێی هەڵدەکەوێ، ئازاری پێ دەگا یا شاد دەبێ.

ئەمانە هەموو لە بن دەستتا روو دەدەن و تۆیش زەڕڕەیەک ئاگات لێ نییە، بەڵێ راستیان وتووە کە خەو برای مەرگە.

زانای گەورە و ناوداری ئیسلام ئیمامی غەزالی لە کتێبی (احیاء علوم الدین)دا لەم بابەتەوە چەند پایەیەکی باس کردووە کە دەرمانی دەردی بێباوەڕی و دوودڵییە، دە لەو سەرچاوە بخۆرەوە با تینوێتیت بشکێ و گڕی دڵت دامرکێتەوە.

بەڵێ ئیمامی غەزالی، خوای لێ رازی بێ، لەو کتێبەدا دەفەرموێ:

«لە باوەڕکردن بە وێنەی ئەم مەسئەلەیە سێ پایە هەیە، یەکەم ئەوەیە باوەڕت بێ بەوە کە مار لە پاڵ مردووەکەدا هەیە و پێیەوە دەدا، بەڵام ئێمە بە چاو نایبینین، چونکە چاوی ئێمە بە کاری بینینی ئەم جۆرە شتە نایەت؛ ئەم شتانە کار و باری غەیبین و زانینیان لە وزەی ئێمەدا نییە، نابینن یارانی پێغەمبەر(د.خ) باوەڕیان بەوە هەبوو کە جیبرەئیل دێت بۆ لای حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) و باوەڕیشیان بەوە هەبوو کە حەزرەت دەیبینێ، کەچی خۆیان هەرگیز نەیان دەبینی.

جا ئەگەر باوەڕت بەوە نییە کە جیبرەئیل هاتووەتە لای حەزرەت ئەوا بڕۆ ئیمانی خۆت ڕاست بکەرەوە، چونکە باوەڕ بەوە بایەخدارترە. خۆ ئەگەر باوەڕیشت بەوە هەیە ئەوا بزانە لەوانەیە هۆکانی ئازار و سزا و خۆشی و بەختیاریی مردوو هەبن و ئێمە پێیان نەزانین.

پایەی دووەم ئەوەیە کە تەماشای ئەحوالی ئینسان بکەی کە لە خەودا تووشی ماری دەبێ و پێیەوە دەدات، یا لەگەڵ کەسێکدا شەڕ دەکا و لە یەک دەدەن و بەو پەریشانی و ترسەوە خەبەری دەبێتەوە، ئەو کەسانەیش کە وان لە لایا هیچ نابینن.

گومان لەوەدا نییە کە نیسبەت بە کابرای نووستوو ئەو ئازارە ڕاستە و خەیاڵ نییە و تیایا دەژی». ئای چەند پێی خۆشە کە خەبەری دەبێتەوە و لەو ئازارە ڕزگار دەبێ، ئاخۆ ئەگەر تا ماوەیەک یا تا ڕۆژی دوایی و زیندووبوونەوەی دووەم لەو خەوەدا بێ حالی چۆن دەبێ؟

هەروەها ئیمامی غەزالی دەفەرموێ:

«پایەی سێهەم ئەوەیە باش بیر بکەرەوە کە زیانی مار لە زاتی خۆیدا نییە بەڵکو وا لە زەهرەکەیا، زەهرەکەیش بە هۆی ئێشەکەیەوە ئینسان پەرێشان دەبێ، جا ئەگەر ئەو نەوعە ئێش و ئازارە لە گیانی یەکێکدا ببێ بە بێ‌مار و ژار، ڕاستە ئەگەر بڵێین فلان کەس ئێشی ژاری مار وا لە لەشیدا».

هەموو ئەم سێ پایەیە نیسبەت بە مردوو لە قەبرا شتێکی مومکینە و، هەرکەس باوەڕ بە یەکێ لەمانە نەکا لەبەر ئەوەیە فکری کورتە و ناگاتە مەعنا، ئەگەرنا هەموو سەهل و ئاسانن...

ئەر لە ئەدیللەی سەمعی گوێ بکەی
لەقی دەلیلان هەموو دەکەی پەی
ئەشرات و ئوموور بەرزەخی سابیق
واقیعاتی یەوم ئاخیری لاحیق
ئیمکانیان شکی تێدا نەماگە
بە وقووع سادیق خەبەری داگە
سەلەف باوەڕیان بووگە بە هەموو
(فلنقتدِین نحنُ بِهِمْ)

پەی: بڕین. نەماگە: نەماوە. سادیق: ڕاستگۆ، مەبەست حەزرەتە(د.خ). داگە: داوە. بووگە: بووە.

واتە: ئەگەر گوێ لە دەلیلە سەمعییەکان بگری، لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(د.خ) کە بەڵگەن بۆ ئیسباتی خۆشی و ناخۆشیی مردوو، ئەوەندە بەهێزن لق‌وپۆپی هەرچی دەلیلی بێ‌باوەڕەکانە دەی‌بڕیتەوە و لە کەڵکیان دەخەی.

نیشانە و کار و باری ماوەی بەرزەخ، پاش مردن و پێش قیامەت، ئەوانەی لە ڕۆژی قیامەتدا ڕوودەدەن لە خۆشی و ناخۆشی گومان لەوەدا نییە کە لە مومکیناتن، واتە: بوون و نەبوونیان شیاوە و لە خۆیانەوە نییە و لە شتە (ممتنع) ەکان نین. بۆ هاتنە دیشیان پێغەمبەری ڕاستگۆ خەبەری داوە. پێشینانی خواپەرست و لەخواترسیش باوەڕیان بە هەمووی بووە، دەبا ئێمەیش دوای ئەوان بکەوین و ئەو ڕێگایە بگرینەبەر کە ئەوان پیا ڕۆیشتوون.



١ـ ئەم سەرباسە لە نوسخە دەستنووسەکەدا نییە.

٢ـ ئەمە بەپێی شێوەنووسی دەستنووسەکەیە. بەپێی شێوەنووسی چاپەکە دەبێتە (موحیتی تێدا).

٣ـ چاپەکە (أولیاء) و (انبیاء)ی نووسیوە. شێوەنووسی دەستنووسەکە (اولیا) و (انبیا)یە کە دەبێتە ئەولیاء و ئەنبیاء. ئەم هەمزانە هیچ زیانێکیان نییە نازانم مەولەوی بۆ لای بردوون، بێجگە موراعاتی زیادەسواریی بەیتەکە هیچ هۆیە شک نابەم.

٤ـ لە چاپەکەدا (جواو) نووسراوە کە دەبێتە (جواوی).

٥ـ بڕوانە: صحیح مسلم بشرح النووی، ج ١٧، المطبعة المصریة و مکتبتها ١٣٤٩ هـ.

٦ـ ئایەتی (٢٥) سوورەتی (نوح).

٧ـ ئایەتی (٤٦) سوورەتی (غافر).

٨ـ ئایەتی (٢٦) و (٢٧) سوورەتی (یس).

٩ـ ئایەتی (٢٧) سوورەتی (ابراهیم).

١٠ـ بڕوانە: صحیح مسلم بشرح النووی، ج ١٧، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٠٤).

١١ـ هەمان سەرچاوە جوزئی (٣) ل(٢٠٠).

١٢ـ هەمان سەرچاوە جوزئی (١٧) ل(٢٠١-٢٠٠). واتە: هەریەک لە ئێوە کە دەمرێ بەیانی و ئێوارە شوێنی خۆی دەخرێتە پێش چاوی، ئەگەر بەهەشتی بێ لە بەهەشت و ئەگەر دۆزەخی بێ لە دۆزەخ، پێیشی دەوترێ: ئەمە شوێنتە تا ئەو ڕۆژەی خوای گەورە زیندووت دەکاتەوە و دەتنێرێ بۆ ئەوێ.

١٣ـ سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٠٢).

١٤ـ سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٠٧).

واتە: حەزرەتی پێغەمبەر سێ ڕۆژ کافرە کوژراوەکانی غەزای بەدری هێشتەوە، ئەنجا هاتە سەریان و پێی وتن: هەی ئەبووجەهلی کوڕی هیشام! ئومەییەی کوڕی خەلەف! عوتبەی کوڕی ڕەبیعە! شیبەی کوڕی ڕەبیعە! ئەو بەڵێنەتان دەس نەکەوت کە خوداتان پێی دابوون؟ بەڕاستی من ئەوەی کە خودام بەڵێنی پێدابووم دەسم کەوت. حەزرەتی عومەر گوێی لە فەرموودەکەی پێغەمبەر (د.خ) بوو و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوانە لە کوێ دەبیسن؟ وا بۆگەنیان کردووە؟ پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی بەو کەسەی گیانم بە دەستیەتی ئێوە قسەکانی من لەوان باشتر نابیسن، بەلام ئەوان ناتوانن وەلام بدەنەوە. ئەنجا ئەمری فەرموو لایانبەن و بیانخەنە قەلیبی بەدر کە ناوی بیرێکی کۆنە لەو شوێنەدا.

١٥ـ «بەعدەز» چۆن دەخوێنرێتەوە وەهام نووسییەوە، خۆی لە چاپ و دەسنووسەکەدا (بعد از) ە، واتە: لە پاش.

١٦ـ عَجبُ الذَّنَب: بناخەی کلک لەوێوە کە دەس پێ دەکا. ئەوەی نووسیومەتەوە بەپێی نووسینی نوسخە دەستنووسەکەیە. لەوێدا (عَجبِ ذَنَب) نووسراوە و، ئەگەر شیعر نەبوایە دەیوت (عەجبی ذەنەبی... تاد). چاپەکە نووسیویە: (عەجبُ ذَنَب).

ئەوەیش کە وتوویانە دەمێنێ تەنها عەجبەکەیە، ئەگینا دەمانوت لەوانەیە (بۆری) (ب)ی (عَجَبُ)ی چاپەکە واوی عەتف بێ و مەبەس ئەوەبێ عەجبیش و زەنەبیش دەمێنن، کەواتە نووسینی دەستنووسەکە تەواوە.

١٧ـ ئەمە ئیشارەیە بۆ ئایەتی (٨٠) لە سوورەتی (یس) کە دەفەرموێ: [الذي جعل لكم من الشجر الاخضر نارا فاذا انتم منه توقدون].

زانای گەورە ئالووسی (ر.خ) ئەفەرموێ: «المراد بهذا الشجر المرخ و هو ذكر الزندالاعلي و العفار و هو انثى الزندةالسفلي، و يسحق الاول على الثانى و هما خضراوان يقطر منهما الماء فتنقدح النار باذنِ‌الله تعالى» بڕوانە: السيد محمود الآلوسي، روح المعاني، بولاق مصر، المطبعة الكبرى، سنة الطبع ١٣٠١هـ.

١٨ـ دەستنووس و چاپ (نَدین) یان نووسیوە کە دەکاتە (تەدینی)، ڕاستەکەی دەبوا (نەدینی) بوایە، تا بە (نەدینیی) مان حیساب بکردایە.

١٩ـ بەپێی شێوەنووسینی دەستنووسەکە ئەگەر شیعرەکە بکەینە پەخشان و نەختێ ڕوونتری بکەینەوە، بەمجۆرەی لێدێ: ـ

(تَنَبَّهْ، قد یشیرُ ما شاع بین الناس من أنَّ «النوم اخ الموتِ» الى ما حرّرناه) واتە: (النوم اخ الموت) فاعیلی(یشیرُ) یە.



مبحث الآخرة و المعاد[1]

ئەر ئومـووری یـەوم ئـاخیر دەکـەی یـاد
(رُمْ تفلّـــیلها؛ فمنـــــها المَعـــاد)
مـــوراد نـــە مـــەعاد رۆحـــانییەیـــە
بـــەڵ مـــوراد مـــەعاد جیســـمانییەیـــە
ئیجـادی ئـەجزای ئەسـلییـەی ئەجسـام
دووبـــاره (بَعْـــدَ الإفنـــا و الإعـــدام)
یـــــاخۆ لـــــەدوای تەفـــــەررووقیان
پەرێشـــانییـــان، تەمـــــەززوقیان
جەمعی دووبـارە و بـە هـەم ضـەمکـردن
وەک ئـــەووەڵ ئـــەرواح پێـــدا ئـــاوردن
وەهـا شـەرع و عـورف ئەگـەر هەڵـکەون
پێیانـــدا بڵـــێن: ئەمانـــە ئـــەون
زەید ئەر ئیمسالـیچ زەیـد نییـە چییـە؟
گشـــت کـــەس دەزانـــێ پارێنـــە نییـــە[2]
تەشەخخوســـێکی جگـــێچ دەوێـــنن
حـــەقی پـــاریچی هـــەر لـــێ دەســـێنن.

به هەم ضەمکردن: خســتنه پـاڵ یـەک. هەڵـکەون پێیانـدا: لووتیـان بتـەقێ بـە لووتیانـەوە.
ئیمسالیچ: ئیمسالیش. جگێچ: جگێش، جیایش. دەوێنن: دەبینن. پاریچی: پاریشی.

واتە ئەگەر بیر لە وەزعی قیامەت دەکەیتەوە تەفسیلەکەیم لێبپرسە تا بۆت باس بکەم، بەڵێ کاروباری قیامەت زۆرن. گەورەترین و بایەخدارترینی کارەکانی قیامەت مەعادە، واتە گەڕانەوە بۆ بوون پاش نەمان، گەڕانەوە و کۆبوونەوەی ئەندامەکانی لەش پاش بلاوبوونەوەیان، گەڕانەوەی گیان بو لەش پاش لێ دەرکردنی.

مەبەست لەم مەعادە مەعادی رۆحانی نییە، کە ئەوەتە ڕۆح بگەڕێتەوە بۆ حاڵی (تجرّد) و بێ پێوەندی لەگەڵ ماددەدا و، ئیتر سەروساختی لەگەڵ لەشدا نەمێنێ و بەو بێپێوەندییە بمێنێتەوە.

بەڵێ مەبەست لەم مەعادە مەعادی جیسمانییە، ئەوەتە کە خوای گەورە هەموو ئەندامەکانی لەش پاش فەوتان دروست بکاتەوە، وەک ظاهیری ئایەتی [قل یحییها الذی أنشأها أوّل مرّةٍ][٣] دەلالەتی لێئەکا، ئەوەتە هەموو ئەو ئەندامانە کۆبکاتەوە کە پرش‌وبلاو بوون و هەریەکی کەوتووەتە لایەک، وەک ظاهیری ئایەتی [أیحسب الانسان ألّن نجمَع عِظامه. بَلی قادِرین عَلی أن نُسوِّیَ بَنانَه][٤] دەیگەیەنێ.

ئیتر بە هەر شێوەیەک لەم دوانە هەبێ ئینسانێکی وەها پەیدا ببێ بە شەرع و عورف بلێین ئەم ئینسانە فلان کەسە کە لە دنیادا بووە و لە کات و شوێنی تایبەتیدا ژیاوە.

جا ئەگەر کەسێ ڕەخنە بگرێ و بلێ: ئەگەر مەعاد بە دروستکردنی خودی شەخسە فەوتاوەکەیە ئەوا لازم دێ نەبوونێ بکەوێتە بەینی شت و نەفسی خۆیەوە و ئەمەیش مەحاڵە، چونکە شتێکی تایبەتی مومکین نییە و ناشێ ببێتە دوو شت تا نەبوون بکەوێتە بەینیانەوە. خۆ ئەگەر مەعاد بە کۆکردنەوەی پارچەپارچە جیاجیاکانە، ئەمەیش هەر مەحاڵە چونکە ئەو پارچەپارچانە نەماون تا کۆبکرێنەوە، وە ئەگەر بلێین ماون ئەمجا پێویستە بە تەرکیب و هێنانەوەی ماددەی گۆشت و ڕەگ و پێستە کە بۆ تەواوکردنی شەخسێ وەکوو شەخسی پێشوو، ئەمەش مەعنای وایە کە ئەم شەخسە موعادە عەینی شەخسی پێشوو نییە، بەڵکو وێنەیەتی، دیارە تەعذیب و تەنعیمی وێنەی شەخسی پێشوو موافیقی عەدالەت نییە.

خۆ ئەگەر هەر وێنەیەکی کابرای دنیا دروست دەکا لە مادە و ئەجزایێکی تر، ئەمەیش لەوەی پێشوو زیاتر لە عەدالەتەوە دوورە، چۆن دەبێ یەکێ لە دنیادا تاوانی کردبێ و وێنەی ئەو شەخسە لە قیامەتدا سزا بدرێ؟

ئەڵێم: وەڵامی ڕەخنەی یەکەم ئەوەیە کە گەڕانەوەی عەینی فەوتاوەکە نابێتە هۆی ئەوە کە نەبوون بکەوێتە نێوان شت و نەفسی شتەکە خۆی، تەنها ئەوەی لێ پەیدا دەبێ کە نەبوون بکەوێتە مابەین کاتی بوونی پێشووی کەسەکە لە دنیادا و کاتی بوونە دواییەکەی لە قیامەتدا، ئیتر کەس هەر عەینی کەسەکەی دنیایە؛ بوونی پێشووی ئەو شەخسە لە دنیادا و بوونی دوایی لە قیامەتدا دژی ئەوە نییە کە شەخسەکان یەک بن، دەبا زەید لە دنیادا ببێ و لە قیامەتیشا ببێ و نەبوون بکەوێتە بەینی ئەم دوو کاتە کە کاتی بوونی زەیدن لە دنیا و لە قیامەتا.

وەڵامی ڕەخنەی دووەم و سێیەمیش ئەوەیە هەموو موسوڵمانان باوەڕیان وایە کە ڕۆح خالیدە و هەتا هەتایە دەمێنێت و لەناو ناچێ، واتە هەرچەندە ڕۆح لە نەبوونەوە دروست کراوە، بەڵام پاش بوون نافەوتێ. لەڕاستیشا هەر ڕۆحە بناخە و ئەساسی ئیعتیبار وەرگرتنی ئاثار و خۆشی و ناخۆشی و ساغی و ئازارە. کە وابوو گێڕانەوەی ڕۆح بۆ بەدەنێ کە لە نەبوون دروست بکرێ، یا لە پارچەپارچەی پەرتوبڵاوی پێشوو دروست بکرێ، یا بۆ بەدەنێ کە وێنەی بەدەنی پێشوو بێ زیان نادا لە شەخسییەتی عەینی و عورفیو نیظامیی ئەو شەخسە کە ناومان نا(زەید)، ئەوپەڕەکەی ئەوەیە هەندێ عەواریضی تایبەتی بگۆڕێ، ئەوەیش نابێتە هۆی ئەوە کەشەخسەکەی ڕۆژی قیامەت شەخسەکەی دنیا نەبێ.

بۆ نموونە ئەگەر ساڵی پار پارەیەکت بە قەرز دابێتە یەکێک و ئەمساڵ داوای قەرزەکەی لێ بکەیتەوە کارێکی ڕەوایە و کەس ناڵێ بۆچ داوای قەرزەکەی لێ ئەکەی، خۆ ئەم شەخسە ئەوەکەی پار نییە؟ کەچی لای زانایان ئاشکرایە خەلیەکانی لەشی ئینسان هەمیشە لە گۆڕاندان و کۆن دەڕوا و تازە دێتە شوێنی.

بە کورتی گۆڕانی لەش یا گۆڕانی وەسف نابێتە هۆی گۆڕانی شەخس و زۆر بوونی.

قسەی لای ئێمە ظەریف جەلییە
لە ئیجادی جەمع ئەجزای ئەسلییە
(من بعد احدی تَیْنِ الصورتین)
ئەرچی حەق واوێ تەوەققوف بکەین،
وەهمی تەناسوخ ئەوا غەلەط بوو
خواردنی ئینسان ئینسان سەقەط بوو

واتە: قسە و باسی مەعاد لای ئێمە زۆر ئاشکرایە، کە بریتی‌یە لـە دروسـتکردنـەوەی ئەنـدامی پێشووی مردوو پاش نەمان و لەناوچوونی تەواو، یا کۆکردنەوەی ئەنـدامی پێشـووی مـردوو پـاش پرش‌وبلاوبوونەوەی و لەهەردوو حالا گیان بەبەرداکردنەوەیان. ئەمەیش لەبەر رووناکیی ظـاهیری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە بۆ ئەم باسە هاتوون. ئەگەرچی ئێمە حەق وایە تەوەققوف بکەین لـە تەرجیحدانی یەکێ لەم دوو حالە بەسەر ئەوی‌تریاندا.

جا هەرکام لەم دوو شێوەی مەعادە بریار بدەین بۆچوون و رای هەلە و بـێ‌کەلـکی ئەوانـە کـە ئەلێن ئەو مەعادە ئایینی ئیسلام بریاری داوە(تناسخ)ە پووچ و بـێ‌نـرخ دەرچـوو. چونکـە ئـەهلی تەناسوخ ئەلێن پاش ئەوەی ئینسان مرد رۆحەکەی دەچێتە لەشـی بەچکـەی گیـان‌لەبـەرێ کـە لەگەڵ کردەوەی مردووەکەدا بگونجێ، بۆ نموونـە رۆحـی ئینسـانی فـێڵ‌بـاز ئـەروا بـۆ بەچکـەی رێوبیەک کە لە سکی دایکیا بێ و هێشتا لـە هێلکـە دەرنـەچووبێ! تـاد. ئیتـر لەشـی مردووەکـە لەگەڵ ئـەم لەشـە دواییـەدا، کـە رۆحەکـەی بـۆ ئـەچێ، هـیچ پێوەندییـەکی نابـێ، ئـەم جێگـا گواستنەوەی رۆحەیش هەر لە دنیادا دەبێ.

بەلام ئەو مەعادە کە ئێمە باوەرمان پێی هەیە لـەم دنیایـەدا نییـە و لـە رۆژی قیامەتدایـە کـە جیهانی ژیانەوەی دوایی نەبراوەیە و، وەک لە پێشـەوە وتمـان مـاددەی ئـەم موعـادە لـە پارچـە ئەسلییەکانی مردووەکەیە کە خوای گەورە پاش فەوتان دروستیان دەکاتەوە، یا ئـەو پارچەپارچـە پرش‌وبلاوانەیە کە خوای گەورە پـاش پـرش‌وبلاوبوونـەوەیان کۆیـان دەکاتـەوە، دیـارە تەناسـوخ پێوەندی بە مەعادەوە نییە.

هەروەها بەهۆی رەچاوکردنی بەشە ئەسلییەکانی ئینسانەوە لە مەسئەلەی مەعاددا رەخنـە بـە خواردنی ئینسانێک بۆ ئینسانێکی تر رەد دەبێتەوە؛ گوایا رەخنەگر وتوویەتی ئەگەر ئینسانێک لـە دنیادا ئینسانێکی تر بخوا و گۆشتی خوراوەکە ببێتە ماددەی لەشـی بخـۆرەکـە، ئـەوە ئەگـەر لـە قیامەتا لە بخۆرەکەدا ئیعادە بکرێتەوە خوراوەکە مـەعادی نابـێ. ئەگـەر لـە خوراوەکـەدا ئیعـادە بکرێتەوە بخۆرەکە مەعادی نابێ. خۆ ئەگەر لە هەردووکیاندا ئیعادە بکرێتـەوە ئـەوەی لـێ پەیـدا دەبێ کە تاقەکەسێک دوو مەعادی ببێ، ئەمانەیش هەموو پووچ و بێ‌مەعنان.

بەلێ ئەم رەخنەیەش رەد دەبێتەوە؛ چونکە ئێمە بۆ ئیعادە و سەرلەنوێ دروستکردنـەوە ئـەو ئەجزا ئەسلییانە رەچاو دەکەین کە لە کـاتی ژیانـدا پێویسـت بـووە بـبن و، لەوانەیـە ئـەو ئـەجزا ئەسلییانە خوا نەیانکا بە ئەجزای کابرای بخۆر و بیانپارێزێ.[٥]

ئەر بڵێ لە جوزء ئەصلی (یَحْتَمِـل)
نوطفــەیــە بــوێ (وذاکَ مُشــکِل)
دەڵـــێم (لَعَــلَّ جَنــابَ البـــاری)
حیفظـی کـا وقـووع نـەدا دیـاری

واتە: ئەگەر بڵێت لەوانەیە هەندێ لەو ئەجزا ئەسڵییە کە کابرا دەیخوا ببێتە نوطفە بۆ مـاددەی ئینسانێکی تر ئەوا ئیشکالە پێشـووەکە دووبـارە روو دەداتـەوە، چونکـە وا ئـەو نوطفـەیـە بـوو بـە ئینسانێکی لێپرسراو، لە هەمان کاتدا چونکە بەشـێکە لـە ئەندامـە ئەسڵـییەکانی کـابرای خـوراو لەویشدا هەر لێپرسراو دەبێ، دیارە دوو مەسئوولییەت بۆ یەکێکی تەنیا لەسەر یەک شتی دیـاری ناچێتە عەقڵەوە. ئەم زەلامە یا دەبێ بە حیسابی پێشوو بەرپرسیار بێ یا بە حیسابی دوایی.

لە وەڵامدا دەڵێم بەڵکو زاتی خودای گەورە ئەو پارچانە بپارێزێ لەوە کە ببن بە بەش و نوطفـە و ئینسانێکی تریان لێ دروست بکرێ و ئەم نموونەیە کە تۆ بە ئیحتیمال دایـدەنێی نەیەتـە جـێ، دیارە رەخنەی لەسەر ئیحتیمال دامەزراو بە وەڵامێکی لەسەر ئیحتیمال دامەزراو رەد دەدرێتەوە.

مەعاش تەنگ دەکـا ئینکـاری مـەعاد
(لَـــا تُنکِـــر کَمَـــا بُـــدِءنا نُعَـــاد)
بـۆچ؟ مـــاددە قابیـــل، بـــەڵ قـــابیلترە
قـــودرەتی قـــادر وەک خـــۆی حاضـــرە
(بَـــیْنَ الوجـــودَیْن أوِ الایجـــادَین)
چـە ئیختیلافـێ مەظـەننـە دەبـەین
ئـەر دەکـەی ئینکـار یـەکێ لەمانـە
تێڵـــێتە چـــاوت قورئـــان «بَنَانـــە»
پشـتشـکێنە بـار ئـەم طـەرزە فامـە
(هَـــلاّ یَخَـــافُ المُنکِـــرْ عِظامَـــهُ؟
(فِرْقَـــةُ العِنـــاد قـــد ماتـــت، أیُهـــا..
فـــاقْرَأنْ «یـــس» حتّـــی «یحییهـــا»

ئەر پێشەی سەردەس مەفتووتی (أبیّ)
جەوابی حەڤرەت تەماشا دەکەی
تێژیی قەطعیی ئەو طەرزە دەلیلە
برنــدەی رەگــی دلــی تەئویلــە

واتە: باوەڕ بە مەعاد نەکردن ژیان بە ئینسان تەنگ دەکا، تەنگاوی دەکا و تەنگی پێ هەڵدەچنێ ؛ دەخیل نەکەی ئینکاری زیندووبوونەوە بکەی! چۆن دروست کراوین وەهایش دووبارە دروست دەکرێینەوە. ئەم زیندووکردنەوەیە (فاعل) و (قابل)ی دەوێ، ماددەی لەشی ئینسان قابیل و لەبارە و بگرە لە کاتی دووبارە دروستکردنەوەدا قابیلترە، ئەوسا لە سەرەتای دروستکردندا بوونی لێ پێش نەکەوتبوو، لە کاتی مەعاددا بوونی لێ پێش کەوتووە و زیاتر ئامادەیە بۆ ئەوە کاری تێدا بکرێ. فاعیلیش راتی پەروەردگارە و قودرەت و توانای وەک خۆی حازرە و هەرگیز زەبوونی و بێهێزی رووی تێ ناکا. ئەلبەت بۆ باسکردنی ئەم راستییە خودای گەورە دەفەرموێ: [هو الذی یَبْدأ الخلقَ ثم یُعیدُهُ وَهُوَ أهونُ عَلَیْهِ][٦]

لە بەینی ئەم دوو بوونەدا، بوونی زەید لە دوێنێدا و بوونی لە ئەمڕۆدا، واتە بوونی لە دنیادا و بوونی لە قیامەتدا، یا ئەم دوو ئیجاد و دروستکردنە، ئیجادی دنیا و ئیجادی دووبارەی قیامەت، هیچ جۆرە جیاوازییەک نییە.

جا ئەگەر ئینکاری (وجود)ی زەید دەکەیت لە کاتی مەعاددا، یا ئینکاری دووبارە ئیجادەکەی دەکەیت لەلایەن خودای گەورەوە، ئەوا قورئانی کەریم سەری پەنجە بە چاوەکانتا دەکات و دەیهێڵێتەوە تیایا. کەلیمەی (بنانه) ئیشارەیە بۆ ئایەتی [بلی قادرین علی أن نُسَوِّیَ بَنانَه][٧]

باری قورسی ئەم جۆرە تێگەیشتنە کە لەڕاستیدا تێنەگەیشتنە، ئەوەندە قورس و نالەبارە پشتی ئینسان دەشکێنێ، مونکیری بێباوەڕ بە مەعاد ناترسێ لە ئێسکی خۆی، ناترسێ لە پاشەڕۆژی خۆی؟. ئەمەیش ئیشارەیە بۆ ئایەتی [أَیَحْسَبُ الإنسانُ أَلَّن نَجْمَعَ عِظَامَه][٨]

کۆمەڵی عەناد مردن، دەمێکە مردوون بە نەخۆشیی ئەم عەنادە، وەرە سوورەتی (یس) بخوێنە تا دەگەیتە ئەو ئایەتە کە دەفەرموێ: [وَ ضَرَبَ لَنا مَثلاً وَ نَسِیَ خَلْقَه قَالَ مَنْ یُحیی العظامَ وَ هِیَ رَمیم. قُلْ یُحیِیهاالذی أَنْشَأها أَوَّلَ مَرَّةٍ وَ هُوَ بِکلِّ خَلْقٍ علیم][٩]. ئەم قسەیش ئیشارەیە بۆ ئەوە کە لە قورئاندا باسی زندووکردنەوەی مردوو هەیە و بۆ موسوڵمان ناشێ دوودڵ بێ تیایا.

هەروەها ئەگەر ئێسقانێکی رزیو بخەیتە سەر دەستت و بڵێی: ئەم ئێسقانە رزیوە چۆن گیانی پێدا دێتەوە؟ وەڵامی راست لە پێغەمبەری خوداوە دەبیسی. ئەمەیش ئیشارەیە بۆ ئەوە کە رۆژێ (أُبَیّ) کوڕی (خَلَف) کە کافر بوو هەندێ ئێسکی رزیوی خستە سەر دەستی و بردی بۆ لای حەزرەت(د.خ) و بە سەرکەشی‌یەکەوە وتی: (هل تزعم أن الله یبعث هذا؟) حەزرەت لە وەڵامدا فەرمووی «والذی نفسی بیده لیبعثنّک الله وَ لَیُدخِلَنَّکَ النار».

بە راستی ئەو ئایەت و حەدیثانەی دەربارەی ئەم مەسەلەیە هاتوون، ئەوەندە قەطعی و تیژ و بەهێز و کاریگەرن رەگی تەئویلیان بڕیوە و ماوەی ئەوە نادەن لە مەعنای راست و رەوانی خۆیان لابدرێن و، عەقڵ بە تەواوی رام دەبێ بۆ باوەڕکردن بە مەعادی جیسمانی، رَزَقَنا الله السعادة فی‌المعادِ بِرحمتهِ.

شیعەیێ وتی: خۆ یەقینی‌یە
لە لامان مەعاد جیسمانی نییە
بەدەنێ ترە (خالِقُ العباد)
دەیکاتەوە وەک ئەووەڵ جار ئیجاد!
وتم: لاشەی کێس بۆ لای نەجەف چوو
بەو بۆی خۆشەوە؟ خۆشی مەبهووت بوو!

زوو باسمان کرد مەعادی جیسمانی بە کۆکردنەوەی ئەو ئەجزا ئەسڵییانە دەبێ کە لە دنیادا لە یەک جیابوونەتەوە، نەک بە دروست‌کردنی وێنەیان. جا بۆ پێ‌سەلماندنی ئەم قسە مەولەوی دەڵێ: رۆژێکیان شێعەیێ وتی لای ئێمە بڕاوەتەوە کە دووبارە دروست‌کردنەوەی مردوو بە کۆکردنەوەی پارچەپارچەکانی لەشی نییە، بەڵکو خودای گەورە وێنەی لەشە پێشووەکە دروست دەکاتەوە! منیش پێم وت: کەواتە ئەی بۆچی ئەم لاشە بۆن‌خۆشانەتان دەگوێزنەوە بۆ نەجەف؟ ئیتر پاش وەڵامەکەم گورج کش‌ومات و بێ‌دەنگ بوو.

***

١ـ ئەم سەرباسەیش تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ پارێنە: گوێرەکە کە ساڵێکی تەواوکردبێ و پێی نابێتە ساڵی دووی.

لە دەستنووسەکەدا لەپاڵ ئەم کەلیمەدا نووسراوە: (فیه لطافة) واتە: دوو مەعنا هەڵدەگرێ: یەکەم: قابیلە هەر زەیدی پار بێ و بەس و هی ئەمساڵ نەبێ؟

دووەم: ئەگەر زەیدەکەی پار نەبێ چییە؟ قابیلە پارێنە بێ؟!

تێکرا کەلیمەی (ئیمسال) ئیشارەیە بۆ رۆژی قیامەت و (پار) بۆ رۆژانی دنیا، کە بنیادەمەکان بە سەر زینـدوون، چونکە باسەکە حیکایەتی قیامەتە.

٣ـ ئایەتی(٧٩) سوورەتی (یس).

٤ـ ئایەتی(٤ـ٣) سوورەتی (قیامە).

٥ـ ئەوی راستی بێ باسی ئەم سەرلەنوێدروستکردنەوەیەی رۆژی قیامەت بەم شـێوەیە و ئـەم رەد و بەدەڵـە بێبەرودوایە کە ئەجزای پرژوبلاوی مردوو کۆدەکرێتەوە و سەرلەنوێ رۆحەکەی پێوە دەبەسرێتەوە، یا ئەجزای نەما و سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە، یا لە (عَجْبُ الذَّنَبْ)ەوە سـەرلەنوێ ژیان هەڵدەداتەوە، هەمووی فەرزییـاتێکن لـە خەیاڵدا نەبێ جێگایان نابێتەوە، نە دەلیل ئەو هێزەی هەیە و نە رەخنەگر ئـەزانێ چـی دەڵـێ و نـە رەددەکـەیش ئەزانێ چۆن دەس ئەوەشێنێ. (دەلیل دارینە پێیە، رەخنەگر بەتەواوی بێ‌پێیە).

مەسئەلەکە بەمجۆرە دەخرێتە پێش چاو: سـەرەتای مەسـئەلەکە (خـودا) یـە؛ ئـەوەی لـە بنەڕەتـدا و لـە تێ‌هەڵچووندا باوەڕی بە خودای خالیق هەبوو، باوەڕی هەبوو کە دنیا و (مافیها) لە نەبوونەوە دروست بووە و، یەکێ دروستی کردوون نەبوونی لێ پێش نەکەوتووە و نەبوونیشی بەدوادا نایە، ئەبێ باوەڕیشی بەوە هـەبێ کـە جـارێکی تریش ئەو دنیایە دروست دەکرێتەوە، جا ئیتر چۆن دروسـت دەکرێتەوە ئەوە هەورازێکـە هـی بـڕین نییـە، هێـزی ئینسانیش ئەو هێزە نییە پەی بەو نهێنییە بەرێ، هەموو ئەوانەیش ئەم رێگا دوور و درێژەیان گرتووەتە بـەر دوایـی ناچار بوون ئالای بەزین هەڵکەن و کۆڵ بدەن و بگەڕێنەوە سەر ئەو دوو باوەڕەی باسمان کردن. پەی‌نەبردنیش بە حەقیقەتی ئەم مەسئەلەیە سەیر نییە، بۆچی خەلق یا ئیعادە کاری خودا نین؟ کەی کارەکانی خودا یا سیفەتەکانی خودا بە پێودانی کاری بەندە و سیفەتەکانی بەندە حسێب دەکرێن؟! ئینسان کە باسـی ئـەم ئـەجزا و ئـەجزاکاریی لەش و مەعادە دەخوێنێتەوە کارگای لەحیمسازی یا مێزی عەمەلییاتی نەخۆشی دێتە بەرچاو.

گەڕانەوە بۆ نەسی قورئانی پیرۆز تاقـە رێگایـە بـۆ رزگـاربوون لـەم سەرەسـووڕەیە، ئـەم جـۆرە لێکدانـەوە مەنتیقییە نامەنتیقیانە سەرلێ‌شێوان نەبێ هیچیان لێ نادووریەوە، سەیرێکی ئەم ئایەتانە بفەرموون: ـ

[و ضَرَبَ لَنا مثلاً و نَسِيَ خَلقَه، قالَ من يُحيِيِ‌العِظام وَ هِي رَميم؟ قُل يُحيِيهاالذی أنشـأها أوَّلَ مـرّة وَ هُـوَ بكـلّ خَلقٍ عليم] يا [وَ قَد خلقتک من قبلُ وَ لَم تکَ شيئاً] يا [إن کُنتُم في رَيبٍ مِنَ البعث فإنا خلقناکُم مِن تـراب] يـا [فليَنظُرِالإنسانَ مِمَّ خُلِق] يا [وهُوالذی يبدءالخلق ثُمّ يُعيدُهُ وَهُوَ أهْوَنُ عليه.]

توخودا هەر بەپێی عەقڵـی کـورتی ئـادەمزاد و توانـای ئـاوەزی کـەموکـووڕی، کامیـان ئاسـانترە: یەکـەم دروستکردن یا دووبارەکردنەوە؟

٦ـ ئایەتی (٢٧) سوورەتی (روم).

٧ـ ئایەتی (٤) سوورەتی (قیامە).

٨ـ ئایەتی (٢) سوورەتی (قیامە).

٩ـ ئایەتی (٧٩ـ٧٨) سوورەتی (یس).



مبحث الحساب والكتاب والصراط والميزان[1]

(منهـا المجـازاة) حيسـاب و كيتـاب
ئەر دەكەی طەلەب حیكمەتی حیساب
تـا بـزانن گشـت ئـەهلی عـەرەصات
فەضلی موتتەقین، فەضیحەی عوصات
تـەتمیم بـێ لـەبۆ مەسـەڕڕەی ئـەوان
بـۆ تەئەسسـوف و حەسـرەتی ئـەوان
وەرنـــە(عَـــالِمُ الاشْـــیاء بـــالمَرَّةْ
لا یَعْـــزُبْ عَنْـــهُ مِثْقَـــالُ ذَرَّةْ)
(وَمِنْهَـا الصِّـراط و كَـذَا المیـزان)
جـارێ نەوبـەتی صـیراطە بیـزان:
جیسـرێكە بەسـەر دۆزەخـدا تـا سـەر
(أحَـدّ مِـنَ السَّـیْفْ، أدَقّ مِـنْ شَـعَرْ)
بۆ تـەمامی خەڵـق یەكسـەر مەعبـەرە
نموونـەی رێگـەی شـەرعی ئـەنوەرە
وریـا وە لـەم رێ نـەختێ كـل نـەوی،
لـەم رێگـە لاتدا لـەوێ دەكـەوی
طوولی پێ نـەدەین دیتـر گفـتوگۆی
وا بەمـــدا دەڕۆی بـــەودایچ وا دەڕۆی

گـوزەر بـە عـادەت ئـەرچی مەحالـە
مومکینـە (بالـذات) قـودرەت لـە مالـە
ئـاخر بـۆ تـەعـذیب ناپاکـان دەویّ
چاکـان و پاکـان پـەکیان ناکـەویّ
تەناف‌بـاز ئیسـتە کـەس بـۆچ ناکـەون
تەناف‌بازی چاک ڕێگـەی حـەق ئـەون
(فمِـنهمُ کـالبرق، و مِـنهُم کـالریح) [٢]
تـا ئـاخر[٣] دەڕۆن شـاد و موسـتەریح

وریا وە: وریا بە، ئاگات لە خۆت بێ. لەم ڕێ: لـەم ڕێگـا، مەبەسـتی ڕێگـای شـەرعە. کـل نەوی: لا نەدەی. بەودایچ: بەودایش، بەویشدا. قودرەت لە مالە: توانـای خـودا هـەر لـە شـوێنی خۆیدایە و ماوە. گوزەر: ڕابووردن. ئەون: مەبەسـتی (ئەوانـەن) یـا (ئـەوانن)ە و دەگەڕێتـەوە بـۆ چاکان.

واتە: یەکێ تر لە ئەحوالی ڕۆژی قیامەت دانەوەی پاداشـی کردەوەیـە لـە لایـەن خـودای گەورەوە، کە کتێب و دەفتەری کردار و ڕەفتـاری بەنـدە دەدرێتـەوە دەسـتی وەک لـە قورئـانی پیرۆزدا دەفەرموێ: (وَكُلَّ إِنسانٍ أَلْزَمْنَاهُ طـائِرَهُ فـي عُنُقِـهِ، وَ نُخْـرِجُ لَـهُ يَـوْمَ القِيَامَـةِ كتابـاً يَلْقـاهُ مَنْشُوراً* إِقْرَأْ كِتَابَكَ كَفى بنفسِكَ اليَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيباً]*[٤]. ئەم نامەی کردارە لەلای ڕاسـتەوە بـە باشەکان دەدرێ و ئەوانیش بە دەستی ڕاست وەریدەگرن و، لـەلای چەپـەوە یـا لـە پشـتەوە بـە خراپەکان دەدرێ و ئەوانیش بە دەستی چەپ وەریدەگرن.

حکیمەتی ئـەم حیسـاب و کیتابـە ئەوەتـە کـە بـەرزیی پایـەی موسولـمانان لای ئـەهلی عەرەسات دەرکەوێ و بەم پایەبەرزییە شـادمان بـبن، هـەروەها نزمـی و بـێ‌ئابـڕوویی خراپـەکان دەرکەوێ و ئەوانیش سەر دابخەن و شـەرمەزار بـبن، ئـەگینا خـودای پـەروەردگاری جیهـان بـە هەموو ئاشکرا و نهێنی‌یێ دەزانێ و ئەوەندەی تۆزقالێکی لێ ون نابێ.

یەکێ تر لە ئەحوالی قیامەت تێپەڕینە بەسەر پردی مەشهوور بە سیراطدا.

یەکێکی تریش کێشانەی کردەوەی چاک و خراپە بە ترازووی خێر و شەڕ. جـارێ بـا قسـە لـە پردەکە بکەین، دوایی دەگەڕێینەوە بۆ سەر باسی ترازوو.

ئەم پردە ئەمسەر تا ئەوسەر بە سەر دۆزەخدا راکێشراوە و گوزەرگای هەموو ئینسانێکە کە لە دنیادا تەکلیف رووی تێکردبێ، لە تاڵی موو باریکتر و لە دەمی شمشێر تیژترە. تێپەڕین بەسەر ئەم پردەدا بەگوێرەی کردەوەی ئینسانە لە دنیادا؛ ئەوەی رەفتاری باش بووبێ بە ئاسانی بە سەریدا تێدەپەڕێ و ئەوەیش رەفتاری باش نەبووبێ لەم تێپەڕینەدا تووشی ئازار دەبێ یا لە رابووردنندا دەکەوێتە خوار بۆ ناو دۆزەخ.

تێپەڕین بەسەر پردی وەهادا ئەگەرچی بەعادەت مەحاڵە؛ بەڵام خۆی لە خۆیدا (ممکن بالذات)ە و بوون و نەبوونی وەک یەکە، دیارە توانا و دەستەڵاتی خودا بەسەر دروستکردنی پردێکی وا و لێپەڕینەوەیدا پایەدارە. سزا و ئازاریش بۆ ئینسانی بەدکردارە، ئینسانی پاک پەکی ناکەوێت و خودای گەورە رزگاری دەکات و بە ئاسانیش لەم پردەی دەپەڕێنێتەوە. ئەی بۆچی ئەمرۆ تەنافباز لەبەرچاوی خۆماندا بەسەر تەلێکدا هاتوچۆ دەکا؟ یا بەسەر تەلێکی تایبەتیدا تێدەپەڕێ؟ هێزی خودای گەورە کە ئەمانەی هەموو دروست کردووە لەمانە هەموو بەتینترە و دەتوانێ بەندە راستاڵەکانی خۆی لەم پردە بپەڕێنێتەوە و لەم دەردەسەرییە رزگاریان بکا، وەکوو لە فەرموودەی پێغەمبەرەوە(د.خ) دەردەکەوێ کە هەندێ موسوڵمان وەک برووسکە و، هەندێکیان وەک با و، هەندێکیان وەک سواری ئەسپی رەسەن بە سەلامەتی و بێئازار دەپەڕنەوە. باسی بوونی ئەم پردە و باریکی و تیژی و درێژی و پەڕینەوەی جۆراوجۆری خەڵکی بەسەریا لە کتێبە حەدیسە بڕواپێکراوەکاندا هەیە.

وا نۆرەی باسی ترازوویش هات:

(أمّـا المیـزانُ فَلَـهُ لِسَـانْ
وکَفَّتـانِ وَ لَـهُ سَـاقانْ
یەکێکە، جەمعی تەعظیمە و شەرەف
(وهـذا لَـدی بعـضٍ مِـنْ سَـلَفْ)
قەولێکیچ هەیە قسەی ئەمەیە:
بۆ کوللی فەردێ میزانێ هەیە
یُعْـرَفُ بِـهِ مِقْـدارُ الأعمـال
فَـوّضْ أمـرَهُ إلـی ذیالجَـلال

فَـــلاَ تَبْحَــثْ عَـــن کیفیّتِـــهِ
عَلــی مـــا أُریــدْ صَــدِّقْ بِـــهِ
قیـــل: یُـــوزَنْ صُـــحُفُ العمـــل
بِـــهِ، وَلَـــدی قـــولٍ قـــد یُجْعَـــلْ -
(حَسَــناتْ) بــە جیسـم پـاک و نـووراني،
(سـیّئات) بــە جیسـم بــەد و ظولــماني
(وَعَلـــی هـــذا بـــلا قیـــل و قـــال)
مەدفووعـــە شـــوبهەی ئـــەهلی ئیعتیـــزال
سـوئال لـە حیکمــەت بکــەی بـۆ جــەواب
(حســـابُ الحکمـــة کمـــا فـــیالحســـاب)
عـــەلاوەی ئەمـــە لەســـەرمان نییـــە
وەجهــی حیکمــەتی فیعلــی حــەق چییــە؟
خەیر (فرضاً) ئەر فیعل حـەق موعەللـەل وێ
نـــەزانینمان بـــۆچی خەلــــەل وێ؟
وایـــان فەرمووگـــە: میـــزانی عوقبـــا
عەکســـە بـــە نیســـبەت تـــرازووی دونیـــا
دەڕۆت لـــە وەخـــتی کێشـــانەی کـــردار
لای سەنگی بۆ ژوور، لای سـەبوک بـۆ خـوار
لـــەم کێشـــانەدا مەکێشـــە خەفـــەت
بـۆ وەجهـێ (أُومَـتْ)،«ثَقُلَـتْ»،«خَفَّـتْ»[٥]
(مِنْهـــا سُـــؤالُ الـــرَبِّ المُهَـــیْمِن
حـــینَ مـــا یُـــدْنی عَبْـــدَهُ المـــؤمن)
یەکێتریچ حەوض، مەدحی و عەرض و طوول
طەلەب کە لە قـەول حـەضرەتـی رەسـوول.

واتە: یەکێکی تر لە ئیشەکانی ڕۆژی قیامەت ترازوویە کە زوبانێک و دوو لەپ و دوو لاقی هەیە وەکوو ترازووی عادەتی. ئیمامی تیرمیزی و حاکم حەدیسێکیان ڕیوایەت کردووە کە ئەم تەفسیلەی تێدایە، لە قورئانی پیرۆزیشدا باسی میزان زۆر کراوە وەکوو: [وَالوَزْنُ يَوْمَئِذٍ الحَقُّ][٦] یا [وَنَضَعُ المَوازِينَ القِسْطَ لِيوم القيامة][٧] جا ئەم میزانە یەکێکە بۆ هەموو ئەهلی مەحشەر و، کە لە قورئاندا بە شێوەی (جمع) باس کراوە، وەک (موازين) ئەوە لەبەر ڕێزگرتن و بە گەورە پیشان‌دانی لێ‌پرسینەوەی ئەو ڕۆژە سامناکەیە. هەندێ کەسیش لایان وایە کە هەر موکەللەفێ ترازوویەکی هەیە؛ کەوابێ (موازين) ی ئایەتەکە لەجێی خۆیدا بەکارهێنراوە. چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەم ترازووە بدرێتە دەس عیلمی خودای گەورە باشترە؛ چونکە تەفسیلەکەی نەزانراوە؛ هەندێ دەڵێن دەفتەری کردەوەکان کێشانە دەکرێن، هەندێکیش دەڵێن: کرداری چاک دەکرێتە جیسمی پاک و نوورانی و هی خراپیش دەکرێتە جیسمی ڕەش و تاریک. بەگوێرەی ئەم قسەیە ئەو ڕەخنە دەفع دەبێ کە (معتزله) گرتوویانە و وتوویانە: کردەوە لە بابەتی (عَرَض)ە و کەڵکی وەزن و کێشانەی پێوە نییە.

جا ئەگەر پرسیار لە حیکمەتی کێشانەی کردەوە بکەی و بڵێیت: خودای گەورە ئاگای لە هەموو کردەوەکانە و هیچی لێ پەنهان نابێ، ئیتر کێشانە بۆ چییە؟ دەڵێین: حیکمەتی کێشانە وەک حیکمەتی حیساب و کیتابەکەیە کە پێش ئەمە باسمان کرد، واتە: بۆ دەرخستنی شەرەف و پایەبەرزیی هەندێک و ڕیسوایی و ماڵوێرانیی هەندێکی ترە. سەرەڕای ئەوەیش لەسەرمان نییە حیکمەتی کردەوەکانی خودای گەورە بزانین؛ چونکە پێویست نییە کردەوەکانی خودای گەورە (معلَّل) بن. گریمان موعەللەلیش بن نەزانینی ئێمە بەو حیکمەت و عیللەتانە زیانی نییە و هیچ ناگۆڕێ، کەی ماوەی زانینی ئینسان ئەوەندە فراوان و بەربلاوە هەموو شت بزانێ؟

زانایانی ئایین فەرموویانە ترازووی قیامەت پێچەوانەی ترازووی دنیایە، واتە: تای قورسی بەرزدەبێتەوە و تای سووکی نزم.

یەکێکی تر لە کارە گەورەکانی ڕۆژی قیامەت پرسیاری خودای گەورەیە لە بەندەکانی خۆی گەورە و بچووک. لە حەدیسدایە: «يدنو أحدُكم من ربّه حتّى يضع كنفَهُ عليه، فيقول: أعَمِلْتَ كذا وكذا؛ فيقول: نعم، و يقول أعَمِلْتَ كذا وكذا؛ فيقول: نَعَمْ، فيقرِّرُهُ، ثم يقول: إني سترتُ عليك في الدنيا و أنا أغفرها لَكَ اليومَ، ثمَّ يُعْطى صحيفةَ حسناتِه. وأمّا الكفار فينادى على رؤوس الأشهادِ: هؤلاءالذينَ كذّبوا على ربّهم ألاَ لَعْنَةُالله علىالظالمين»[٨].

هەروەها یەکێ لەو شتانەی لە ڕۆژی قیامەتدا ڕوو دەدەن ئەوەیە کـە موسوڵـمانانی بـێ‌گوناهــ پاش پەڕینەوەیان لە سیرات و، ئەوانەیان چوونەتە دۆزەخ، پـاش دەرچوونیـان لـە دۆزەخ دەچنـە سەر (حوض‌المورود).

بوخـاری و موسـلیم لـە (عبـدالله)ی کـوڕی (عمـر)ی کـوری (عـاس) ەوە دەگێرنـەوە کـە حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی: «حوضی مَسیرةُ شَـهْر مَـاؤهُ أَبـيَضُ مِـنَ‌اللَّـبَنِ، وَ رِيحُـهُ أطيَـبُ مِـن المِسكِ، وَ كيزانُهُ كنجوم السماء، مَن شرِبَ منه فلا يظمأ ابداً[٩] ».

واتە: ئەو حەوزە مانگەڕێگایەک گەورە و بەرفراوانە، ئاوەکەی لە شیر سپی‌ترە، لـە میسـک بۆن خۆشترە. گۆزەکانی ئەوەندەی ئەستیرەی ئاسمانن، هەرکەس لێی بخواتەوە هەرگیز تینـووی نابێ.

وا مەعلوومە کە کیتاب و حیساب پێش کێشـانەی کردەوەیـە و، کێشـانەیش پـێش ڕابووردنـە بەسەر سیراطدا و ئەمیش پێش گەیشتنە بە (حوض‌المورود).

کەوسەریش جۆگایەکە لە بەهەشتدا، رزقناالله تعالى الشـرب مِـنَ‌الحـوض‌المـورود و منـه عنـد الورود بمِنّةِ و فضلهِ و كرمهِ آمین.

***

١ـ لەم شوێنەدا هیچ عینوانێ لە دەستنووسەکەدا نییە. لە نوسخە چاپەکەدا (مبحث الصراط والمیـزان) ە. ئـەم عینوانەی باوکم لەگەڵ باسەکە گونجاوترە.

٢ـ ئیشارەیە بۆ حەدیسێکی پێغەمبەر(د.خ) لە باسی سیراتدا دەفەرمۆێ: «... فَیَمُرُّالمؤمنـون كَطـرْفِ العـین و كالبرقِ و كالريح وَ كَالطيرِ وَ كَأجاويد الخيل والركاب، فناجٍ مُسَلَّمٌ و مَخـدوشٌ مُرْسَـل ومكـدُوسٌ فـی نـار جهـنم... الحديث»

(ناجٍ مُسَلَّمٌ): بە سەلامەتی دەرباز بوو. (مخدوشٌ مُرْسَل): برینـداری لـە داو بـەرەڵا کـراو. (مكـدوس فـی نـار جهنم): فڕێدراو بۆ ناو ئاگری دۆزەخ.

بڕوانە: (منصور علی ناصف، التاج الجامع للاصول فی أحاديث الرسول (ص)، دار إحياء التراث العربی، بيروت، الطبعة الثالثة، ١٣٨٢ هـ ـ ١٩٦٢ م، الجزء الخامس، ص ٣٩٥.

٣ـ بەپێی پەراوێزی دەستنووسەکە ئەم (تا ئاخر)ە هەڵدەگرێ بەمەعنا (تـا دوایـی حەدیسـەکە) بـێ. ئـەوەیش هەڵدەگرێ بەمەعنا (هەتا هەموویان بەشێوەی جۆراوجۆر لە پردەکە دەپەڕنەوە) بێ.

٤ـ ئایەتی(١٣) و (١٤) سوورەتی (أسراء).

٥ـ اوْمَتْ: اَشَارَتْ: ئیشارەی کرد، دەلالـەتی کـرد. (ثَقُلَـتْ) و (خَفَّـتْ) ئیشـارەن بـۆ ئایەتـەکانی (٦،٧،٨،٩) لـە سوورەتی (قارعە)، واتە: [فَأمّا مَنْ ثَقُلَتْ مَوازینُهُ فَهُوَ فی عیشَةٍ راضِیَة. وَأمّا مَنْ خَفّت مَوَازینُهُ فأمُّهُ هاویة].

لای زانایانی قورئان و حەدیس « ثَقُلَتْ» لە شتی خاوەن نرخ و مایەدا بەکاردەهێنرێ کە شـکۆدار و بـەڕێز بـێ. (خَفَّت) یش بەپێچەوانەی (ثقلت) بەکاردەهێنرێ ؛ کەواتە مەبەست لە [من ثقلت موازینـە...] ئەوانەیـە کـە کـار و کردەوەیان بەنرخ و بەڕێزە و لە کاتی کێشانەدا بەرز دەبنەوە. هەروەها مەبەست لە [مَن خفّت موازینه...] ئەوانەیـە کە کار و کردەوەیان لە کێشانەدا بێنرخ و بێڕیزە و بەرەو زەوی نزم دەبنەوە.

مەعنای شیعرەکەیش بەم جۆرەیە:

لە ئەنجامی ئەم کێشانەی ڕۆژی پاداشە، کە قورس بەرز دەبێتەوە و، سووک نزم، خەفەت مەخۆ؛ چونکە (ثَقُلَتْ) و (خَفَّتْ) بۆ مەعنا و تەئویلێکی جوان ئیشارەیان کردووە و هۆی ئەنجامی ئەو کێشانەی بۆ روون کردوویتەوە.

٦ـ ئایەتی (٨) سوورەتی (أعراف).

٧ـ ئایەتی (٤٧) سوورەتی (انبیاء).

٨ـ بڕوانە: منصور علی ناصف، التاج الجامع للاصول فی احادیث الرسول(ص)، دار إحیاء التراث العربـی، بیـروت، الطبعة الثالثة، ١٣٨٢هـ ـ ١٩٦٢ م؛ الجزء الخامس ص ٣٦٩.

٩ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.



مبحث الجنة والنار[1]

(وَ مِـــنْ تلكُـــمُ الجنـــة والنـــار)
ئەو لە بۆ ئـەبرار، ئـەم لـە بـۆ فوججـار
مەخلووقن ئەلئان خـۆت مەکـە نـادان
وە بـــێزەرووەت لـــە زاهـــیر لادان
هیچ مەبە بەتـەنگ تـیری کەسـەوە[2]
(أعِــدَّتْ) قەلـــخان وا بەدەســـەوە
موعـاریز ئـەر چـوو ئـەناو (تلـکالـدار)
سـالمە ئـادەم رەوی و هاتــە خــوار
تـەئویلات وەرای ئـەو شــەڕ و شـۆڕە
لــەو «نَجْعَلُهــا» کــەم نییــە، زۆرە
کــێ دەڵــێ ئەمــە خــۆ بەدیهییــە
دەوامــی (أُکُــلْ) (٣) بِعَیْنِــهِ) یـ یــە؟
نە، یانی: یـەکێک فـەنای هـات پێـدا
دەفعــی یـــەکێکی ئـــەوا لەجێـــدا
ئەمیچـــە عـــاقڵ موســـەللەمییـــە
مونـافیی هـیلاک لـەحزەیێ نییـە[4]
عـەلاوەی ئەمـە لـەلای عەقلـی پـاک
موسـتەلزیم نییـە بـۆ فـەنا هـیلاک[5]

(بَـلْ یَکْفـی الخُـروجْ عَـنِ الانتفـاعْ
المقصـودِ مِنْـهُ؛ فَـاترکِ النـزاعْ)
لـە فـەرزی تەسـلیم مـواردە ئەمـە:
وجوودی مـومکین کـول (کالعَـدَم)ە[٦]

واتە: یەکێکی تر لە ئەحواڵی ڕۆژی قیامەت ئەوەتە خەڵکی پاش حیساب و کیتاب و کێشانەی کردار دەکەون بە لایەکدا، یا لە بەهەشتی خۆشدا لەنا و ناز و نیعمەتدا جێگیر دەبن و ڕادەبوێرن، یا لە ئاگری دۆزەخدا بەدەم دەرد و ئازارەوە دەتلێنەوە. دیارە بەهەشت جێـی ئـارام و دوامەنزڵـی ئەوانەیە کە لە ژیانی دنیادا لـەخـوداترس و کردەوەچـاک بـوون، دۆزخ و ئـاگریش هـی ئەوانەیـە لەخودانەترس و پیاوخراپ بوون. هەروەک خودای گەورە دەفەرموێ: [إنّ الأبرار لفـي نعـیم. وَ إنّ الفُجّار لَفِي جَحيم][٧]

ئەم بەهەشت و جەهەننەمە ئێستە دروست کراون و ئامادەن بۆ پێشوازیی لـێ‌کـردنی خەڵـک، دەلیلیش لەسەر ئەمە فەرموودەی خودایە کە دەفەرموێ: [وسارعوا الی مغفـرة مـن ربکـم و جنـةٍ عرضها السَّمواتُ وَالأرضُ أعِدَّتْ للمتّقين][٨]

واتە: بە پەلە و گورج ڕاکەن بەخششی خودا وەدەس بێنن، ئەو بەهەشـتە بـۆ خۆتـان مسـۆگەر کەن کە پانایی ئەرز و ئاسمانەکانە و بۆ لەخواترسـان ئامـادە کـراوە. یـا دەربـارەی ئـاگری دۆزەخ دەفەرموێ: [واتّقوا النار التی أعِدَّتْ للکافرين][٩] واتە: خۆتان لـەو ئـاگرە بپـارێزن کـە بـۆ کـافران ئامادەکراوە کە باوەڕیان بە خودا نییە. ئەم دوو لەفزی (أعِـدَّتْ)ە بەشـێوەی مـازی بـە زاهـیری و ئاشکرایی مەبەستەکەی ئێمە دەگەیەنێ.

جا ئەگەر کەسێ موعارەزەی ئەم دەلیلەی تۆی کرد بە ئایەتی [تِلْکَ الّدارُ الآخِرَةُ نَجْعَلُها لِلّـذِينَ لا يُريدونَ عُلُواً فِیالأرضِ ولا فَسَاداً وَالعَاقبةُ لِلْمُتَّقِينَ][١٠] گوایا دەڵێ (نجعل) بە مـەعنای (نَخْلُـقُ) وە، واتە: ئەو ماڵـی دواڕۆژەیـش بـۆ ئەوانـە دروسـت دەکـەین کـە نایانـەوێ لـەم سـەرزەوییەدا خراپەکاری بکەن و، نایانەوێ لەخۆبایی بن و زوڵم و زۆر بکەن و، خۆیـان بـە گـەورەتر نـازانن لـە کەس. دەڵێ ئەم ئایەتە دەلالەت لەوە دەکا کە بەهەشـت لەمـەوپاش دروسـت بکـرێ. ئێمـە لـە وەڵامی ئەم ڕەخنەدا دەڵێین ئەم ئایەتە لەگـەڵ ئایـەتی [أعِـدّت للمتّقـين] و [أعِـدَّتْ للکـافرين] موعارەزەی یەکتر دەکەن، بەڵام ئیمە ئایەتی [وقُلنا يا آدمُ اسْکُنْ أنتَ و زَوْجُکَ الجَنَّـةَ... الآيـة][١١]

مان بە ساغی و سالمی و موعارەزە نەکراوی بۆ دەمێنێتەوە، کە بە ئاشکرا و بێ تـەئویل دەلالـەت لەوە دەکا کە بەهەشت دروست کراوە و ئێستە هەیە.

بێجیگە لەوەیش بۆ «نَجْعَلُها»ی ئایەتەکە تەئویل و باری گونجاو زۆرە:

یەکەم: «نجعلها» واتە: (جعلناها) واتە موزاریعە و مەعنای مازی دەدات، شتی وەهایش زۆرە.

دووەم: «نجعلها» واتە (نصیّرها) نەک (نَخْلُقُها) واتە: ئەو خانووەی ئێستە دروست کراوە و هەیە دەیکەینە شوێنی ئەوانەی... تاد، بەکورتی بەهەشت ئێستە هەیە و لە دوارۆژدا دەکرێتە ئارامگـای ئەبەدیی ئەو موسوڵمانانە.

ئەگەر یەکێ رەخنە بگرێ و بڵێ بەپێی فـەرموودەی قورئـانی پـیرۆز دەبـێ خواردەمـەنی بەهەشت (بالعین) پایەدار بێ و هەرگیز نەبڕێتەوە [أُكُلُها دائِمٌ و ظِلُّها] لە لایەکی تریشەوە ئایـەتی [كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلاَّ وَجْهَهُ] نەسسە لەوەدا کە هەموو شتێ دەفەوتێ و بێجگە زاتی خودای گـەورە کەس نامێنێ، کەواتە نابێ ئێستە بەهەشت هەبێ، بەڵکو دەبێ لە پاشـەڕۆژدا و پـاش ئـەم دنیایـە دروست ببێ؛ چونکە ئەگەر لە پاشەڕۆژا بێ ئەبەدییەتی خواردەمەنییەکانی دروستە و لەگەڵ هـیچ ئایەتێکدا ناجۆر نابێ، بەڵام ئەگەر ئێستە هەبێ دەبێ خۆیشـی و خواردەمەنییەکانیشـی بفـەوتێن ئەگینا ئایەتی[أُكُلُها دائِمٌ...] لەگەڵ ئایەتی [كُلُّ شَيءٍ هَالِكٌ الاّ وَجهَهُ] پێکەوە نایانکرێ.

لە وەڵامی ئەم رەخنەدا دەڵێم: نەء... مەعنای دەوامی خواردەمەنیی بەهەشت ئـەوە نییـە کـە هەرگیز فەنایان بەسەردا نایەت، بەڵکو مەعنای ئەوەیە کە یەکلەدوای‌یەک پەیدا دەبن و هـەرگیز بەهەشت خاڵی نابێ لە سەمەر، سەمەرێ دەڕوات و یەکێکی تر گـورج جێگـای دەگرێتـەوە. ئـەم فەوتانی یەکلەدوای‌یەکەیش هەرگیز مونافی دەوام و پایەداریی خواردەمەنی نییە.

هەروەها دەتوانین بڵێین شـەرت نییـە لـە هیلاکـەوە فـەنا روو بـدات، کافییـە هیلاکەکـە ئەوەندە بێ کە شتەکە بێ‌کەڵک بێ و هیچ سوودێکی لێ وەرنەگیرێ، هـیچ دوور و مـەحاڵ نییـە بەهەشت لە ماوەی سەعاتێکدا کەڵکی ئەوەی پێوە نەمێنێ سوود بە خەڵک بگەیەنێ.

وەڵامێکی تر ئەوەیە: بەڵێ مەبەست لە هیلاک فەنایە، بەڵام مەبەست لە [كلّ شيءٍ هَالِكٌ إِلاَّ وَجْهَهُ] ئەوەیە کە هەموو شتێکی مومکین وەک مەعـدووم وایـە، چونکـە بـوون و نـەبوونی لـە خۆیەوە نییە و لە زاتی خوداوەیە، ئیتر با خواردەمەنیی بەهەشت دائیم بێ ئەو لە مومکینی خـۆی ناکەوێ و مومکینیش وەک هالیک و مەعدوومە.

نەسسـێکی سـەریح هـیچ نییـە دیـار
لـەبۆ تـەعیینی جێـی جەننـەت و نـار
حـەق واتـە دەسـی هـیچ لـێ نـەدرێ
تەفویز بە حـەزرەت عیلمـی حـەق کـرێ
(لكِــنّ الاكثــر) قســە وا دەکــات:
جەننەت (تحت العرش فـوق السـماوات)
(وَمَکـانُ النّــارْ تَحْــتَ الأَرَضــین)
باز[١٢] بێنەوە سـەر شـوبهەی مـونکیرین
کە بێت مەوجوود بن لەلات هەس یەقین
جەننەت پانە وەک گشت سەما و زەمـین
ئـەر لـە ئەفلاکـدا پێـیدەدەی[١٣] مـەقام
نـاوێ لەبـەر مـەنع خـەرق و ئیلتیـام
عونسـورێ لـەوێ سـا چلـۆن دەوێ؟
ئـادەم هـەر نـاوێ بجوولـێ لـەوێ
لــە عەناسـیردا جێــی ناوێتــەوە
عالـەمیتـریچ ئـەر بێـت پێتـەوە[١٤]
لازم تــێ لــەویچ وجــوودی خــەلا
(فی المـلا) دەلـێم مەحالـە مـەلا![١٥]
دەلـێین ئەمـە گشـت هـەر موزەخرەفـە
مەبنیی بـەر ئوسـوول پـووچی فەلسـەفە
موقــەددیماتی هــەموو واهییــە
(عنـدنا) هـیچ کـام موسـەللەم نییـە
ناگونجێ لەگرە دەس لە تەفسـیل دەیـن
لـە شـیققی سـالیس بـا قسـە بکـەین

ئــەر خـــەلا بـــویٚ (بــین العـــالَمیْن)
بەل بە جیسمیٚ تـر پـڕ ویٚ ئـەو مابـەین
ئـــەو جیســـمیچە بـــا کـــورەوی نـــەویٚ
کورەوییـــەت کـــوا بورهـــانی تـــەویٚ؟
(وَعَلـی الاکثـر) بـەینی سـەما و عـەرش
بە سەففی ئیزام ئیشـکال دەڵـیٚ: عـەرش

واتە: لە قورئان و حەدیسدا شتێکی سەریحی بیٚپێچ وپـەنای وەهـا نییـە شـوێنی بەهەشـت و دۆزەخی دیاری کردبیٚ، کەواتە با باسی نەکەین و بیدەینە دەست عیلمی خـودای گـەورە. بـەڵام بەشی زۆری عولەمای دین فەرموویانە بەهەشت لـە ژووری ئاسمانەکانـەوە و لـە ژێـر عەرشـدایە، دۆزەخیش لەژێر چینەکانی عەرزدایە، هەروەها وتوویانە دەلیلی شوێنی بەهەشت ئـەم ئایەتانەیـە: [وَلَقَد رَآهُ نَزلَةً أخری. عِندَ سِدرَةِ المُنتَهی. عِندَها جَنَّةُ المأوی][١٦]

دیارە ئەگەر ئینسان کەمیٚ بیر بکاتەوە لە توانای خودا و، فراوانیـی ئـەو دروسـتکراوانـەی کـە ئێستە هەن، لەگەڵ بیٚسنووریی مـەوجوودات و دائیـرەی جووڵانـەوەی ئەسـتێرە گەڕۆکـەکان و، کەمیٚ بەراورد بکا لە نێوان ئەوانەی تا ئێسـتا زانـراوان و ئـەر نـەزانراوە نادیارییانـە کـە تـا ئێسـتە پەی‌یان پیٚ نەبراوە، بۆی روون دەبێتەوە کە کائینات جێگـای گـەلیٚ بەهەشـت و دۆزەخـی تێـدا دەبێتەوە و هێشتا زۆری بە خالییەتی دەمێنێتەوە.

ئەنجا مەولەوی دەفەرمویٚ: دووبـارە بـا بێینـەوە سـەر باسـی قسـە و گومـانی ئەوانـە دەڵـێن بەهەشت و جەهەننەم ئێستە نین و لەمەوپاش دروست دەکرێن:ـ

ئەوانە دەڵێن ئەگەر بێت و بەهەشت و جەهەننەم ئێسـتە بـبن جێگایـان نابێتـەوە چونکـە بـە ئیتتیفاقی هەردوولامان و بە نەسسی ئایـەت بەهەشـت بەقـەد ئاسمـان و زەوی پانـە، جـا ئەگـەر دەڵێیت لە ئاسماندان ئەوە مەحالە چونکـە دەبێتـە هـۆی دڕان و لکانـەوەی ئاسمانـەکان (خـرق والتئام) ئەمەیش بۆ ئەفلاک مەحالە، لە لایەکی ترەوە لە عونسـور دروسـتکـراوی وەک بنیـادەم چۆن لەوێدا جێگای دەبێتەوە، تەنانەت تاقە بنیادەمێکیش جێگای نابیتەوە و ناتوانیٚ بجووڵـێتەوە؛ شتی لەعونسور دروستکراو لەناو عەناسیردا دەژی.

ئەگەر دەیشلێیت ئەم بەهەشت و دۆزەخە لەناو عەناسیردان، واتە لە گۆی زەویدان ئەوەیش هەر نابێ؛چونکە بەهەشت بەتەنها خۆی پانی‌یەکەی بەقەد ئەرز و ئاسمانە، ئیتر چۆن لە گۆی زەویدا جێگای دەبێتەوە؟

خۆ ئەگەر عالەمێکی تر بێجگە ئاسمان و زەوی دروست کرابێ و ئەم بەهەشت و جەهەننەمەی تێدا دانرابن، ئەو عالەمە یا لە خالێکدا لکاوە بە کورەی ئاسمانەوە یا نەلکاوە، ئەگەر لکاوە ئەوەی لێ پەیدا دەبێ بێجگە لەو خالی پێکەوەلکانە ئەوی هەمووی بۆشایی بێ، ئەوەیش نابێ چونکە بۆشایی(خلأ) مەحالە. خۆ ئەگەر نەلکاوە و دوورە لە ئاسمانەوە ئەوە خراپتر، چونکە (خلأ) زیاتر دەبێ و (خلأ) یش مەحالە.

ئێمەیش لە وەلامی ئەم رەخنانەدا دەلێین:ـ

نایسەلمێنین ئاسمان قابیلی خەرق‌و ئیلتیام نەبێ. یا ماددەی عونسوری لە ئاسماندا جێی نەبێتەوە و نەژی، ئەمانە هەمووی قسەی پووچن و هیچ دەلیلێکیان لەسەر نییە.

مەحالی‌یەتی (خلا) یش هەمدیسان بێ‌دەلیلە و شتێ نییە پشتگیری لێ بکات. ئێمە شوێنی بەهەشت و دۆزەخ دیاری ناکەین؛ نەسسێکی قەتعی نییە بیکەینە دەلیل و، ئەگەر شوێن زاهیری ئایەتی [ولقد رآه نزلةً...(الآية)] بکەوین یارمەتیی بۆچوونەکەمان دەدات.

ئەم را و بۆچوونە یۆنانی‌یانە دەربارەی ئاسمان جێگەی باوەڕ نین، بەلکو زانستی تازە دەریخستووە هەلەن. زاهیری ئایەتەکانیش پشتگیریی ئەم دۆزینەوە تازانە دەکات و ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە جیهان دیار و نادیاری هەمووی رامە بۆ هێزی بێ‌سنووری پەروەردگار و، جێگای هەزاران گۆ و ئەستێرەی گەڕۆک و نەجوولاوی تێدا دەبێتەوە و، بەهەشت و دۆزەخیش دوو عالەمن لەو کائیناتەی لە ژێر دەستەلاتی خودادان. (ألا لَهُ الخلقُ والأمر. الله خالق كل شيء وهو على كل شيءٍ وكيل)

هەروەها ئەگەر بەهەشت و دۆزەخ لە ژووری ئاسمانەکانەوە بن و، بۆشایی لە نێوان عالەمی ئاسمانەکان و عالەمی بەهەشتدا هەبێ قەیناکا با بە جیسمێکی تری غەیرەکورەوی پڕ بێتەوە، با لە بەینی ئاسمانەکان و عەرشدا بن.

بەلێ ئەم بڕیارە راستە بە ریزی سوپای ئیشکال و رەخنە و رەخنەکاری دەلێت: (عەرش) واتە: ئێرە چۆڵ کەن، لەم ناوەدا مەمێنن.[7] [وشەی (عەرش) لە هەندێ ناوچەی کوردەواری‌دا ئەمرە بە بەجێ‌هێشتنی جێگە و ماوا.]

دەڵـێی جەننـەت بـۆ جـەزای ثـەوابـە
نـــاریچ بـــۆ خـــاتر جـــەزای عیقابـــە
ئەوانیچـــە خـــۆ بـــەر لـــە قیامـــەت
ناون بـە ئیجمـاع موسـلیمی ئوممـەت
مەسڵــەحەت فــەوتا وا لــەم میانــدا
فائیـــدە نییـــە لـــە خەلقیانـــدا
دەڵێین ریعایەت مەسڵەحەت موتڵـەق
(عِنـدَنا) واجـب نییـە لەسـەر حـەق
(سَـلَّمْنَا) کردمـان ئـەوە ئیسـبات بـوو
فائیدە بۆچ حەسـر (فـیالمجـازاة) بـوو
(سَـلَّمْنَا) ئـەمیچ، لاچـۆ لـەم نـاوێ،
بــەر لــە قیامــەت جــەزا بــۆ نــاوێ؟
(حســـبَ حـــدیێ[١٨] خیرالمرسَـــلِینْ
عَلیْـــــهِ اللَّـــــلاه دائمـــــاً، امـــــینْ)
گوشـــادە دەکـــرێ دەرگایـــە نـــاظیر
(فی قبرالمـــــــؤمن او قبرِالکـــــــافر)
ئی قەبری مۆئمین رووبـەڕووی نـەعیم
ئی قـەبری کـافر رووبـەڕووی جـەحیم
مۆئمین بە نەسیم بەهەشت سەرمەستە
کافر لە بـۆی گەنـد دۆزەخـدا خەسـتە

ناریچ: ناریش. ئەوانیچە: ئەوانیشە. ناون: نابن. ئەمیچ: ئەمیش. لەم نـاوێ: لـەم نـاوە. نـاوێ: نابێ. گوشادە دەکرێ: دەکرێتەوە. دەرگایە ناظیر: دەرگایە دەڕوانێتە... ئی: هی. گەند: بۆگـەن. خەستە: نەخۆش، دەردەدار.

مەولەوی هێشتا هەر لەسەر مەسئەلەی ڕەخنە و وەڵامی ئەوانە دەڕوات کە دەڵێن بەهەشـت و دۆزەخ ئێستە دروست نەکراون و لە ڕۆژی دواییدا دروست دەکرێن، ئەوەتە دەفەرموێ ئێـوە ئـەی

ئەوانەی دان بە بوونی ئێستەی بەهەشت و دۆزەخدا نانێن ئەگەر رەخنەمان لێ بگرن و بڵێن: بەهەشت بۆ پاداشی چاکە و دۆزەخ بۆ تۆڵەی خراپەیە، سەواب و عیقابیش لەپێش رۆژی قیامەتدا بە ئیجماعی هەموو موسوڵمانان نییە، کەوابوو هیچ مەسڵەحەت و فائیدەیەک نییە لە دروست کردنی بەهەشت و دۆزەخدا پێش رۆژی قیامەت. لە وەڵامی ئەم رەخنەدا دەڵێین: پێش هەموو شتێ ریعایەتی مەسڵەحەت لەسەر خودای گەورە واجب نییە؛ خودا موختارە لە کردنی هەر کارێکدا، قازانجی تێدابێ یا نە، گریمان ئەوا سەلماندمان کە ریعایەتی مەسڵەحەت لەسەر خودا ـ خوانەخواستەـ واجبە، بۆ دەبێ مەسڵەحەتەکە هەر تۆڵە و پاداش بێ؟ ئەی بۆ مەسڵەحەتەکە ئەوە نەبێ کە بوونی ئێستای بەهەشت و دۆزەخ ببێتە هۆی دڵخۆشیی پاکان و دڵتەنگیی ناپاکان؟ ئەوەتە بەپێی حەدیسی پێغەمبەر(د.خ) لە گۆڕی موسوڵمان و کافردا هەر یەک دەرگایەک دەکرێتەوە، دەرگای گۆڕی موسوڵمان بەسەر بەهەشتدا دەڕوانێ و لەوێشەوە بە نەسیمی بۆنخۆش دەماخی چاخ دەکا، دیارە ئەم موسوڵمانە بە بینینی ئەو بەهەشتەی کە دەبێتە دوامەنزڵی دڵخۆش دەبێ. هەروەها دەرگای گۆڕی کافریش بەسەر دۆزەخدا دەڕوانێ و بۆی بۆگەنی بۆ دێنێ، بێگومان ئەم کافرە، بەپێچەوانەی موسوڵمانەکە بە بینینی ئەم جێگا ناخۆشە خەمبار و دڵتەنگ دەبێ.

***

١ـ ئەم سەرباسە لە نوسخە دەستنووسەکەدا نییە.

٢ـ تیر یا تیروکەوان چەکێکی ناسراوە. هەروەها (قەڵخان) یش کە وەک ساج بووە و یەکێک بووە لە ئالەتەکانی جەنگ و بۆ خۆپاراستن لە شیر و تیری دوژمن بەکارهێنراوە. تێکڕا مەعنای ئەم شیعرە و دوانی دوای ئاشکرایە و لە شەرحەکەدا باس کراون، بەڵێ هەندێ وردەکاری هەن دەبێ بخرێنە پێش چاو:

مەولەوی دەفەرموێ لە تیری هیچ کەس مەترسە، لەوانەی دەڵێن بەهەشت و جەهەننەم ئێستە نین و لەمەوپاش د.وست دەکرێن. تۆ قەڵخانی وەک ئایەتی (اعدّت للمتقین)ی بەهەشت و (اعِدّت للکافرین)ی دۆزەخت بەدەستەوەیە، شیرو تیری ئەوان کارت تێناکەن، «اعدت» فیعلی مازییە و رابوردوو دەگەیەنێ. «موعاریز ئەرچوو ئەناو(تلک الدار) بێجگە مەعنای شەرحەکە بەشێوەی لەتافەت ئەوەیش دەگەیەنێ کە ئەگەر ناحەزەکەت خۆی لەو ماڵەدا حەشار دا و لەپارێزتا بوو و ترساندیتی تۆ گوێی مەدەرێ؛ ئادەم(د.خ) چووە ئەو ماڵە و هاتیشە دەرەوە و وەک کەسی تیا نەبێ وابوو.

هەروەها (لَوْ)ی «لو نجعلها» بەپێی پەراوێزێکی مەولەوی خۆی لە نوسخە دەستنووسەکەدا دوو بار هەڵدەگرێ:ـ

یەکەم: عەرەبی بێ واتە (لو)ی شەرتی‌یە و (لو نجعلها) بەشێک نەبێ لە ئایەی [تلک الدار الآخرة...] و بەمعنا (لو نعملها) بێت، واتە: ئەگەر تەئویل بکەین ڕێگای تەئویل زۆرە.

دووەم: لەوانەیشە (لو) لەوی کوردی بێ، واتە (لە ئەو) و (نجعلها) یش هی ئایەتەکە بێ، واتە: لەو (نجعلها) یەدا کە لە ئایەتەکەدایە تەئویلات زۆرە.

عیبارەتی «لەدوای ئەو شەڕوشۆڕەش» لەگەڵ (تیر) و (قەڵخان) و «چوونە ناو تلک‌الدار» زۆر گونجاو و لەبار و جوانە.

٣ـ ئیشارەیە بۆ ئایەتی [مَثَلُ الجَنَّةِ التی وُعِدَ المُتَّقُون تَجْرِی مِنْ تَحْتِهَا الأنهارُ أُکُلُهَا دائمٌ و ظِلّها تلکَ عقبی الّذین اتَّقوا و عُقْبی الکافِرینَ النّار]. ئایەتی (٣٥) سوورەتی (رعد).

٤ـ واتە: ئەم گورج هاتنەی نیعمەتێ لەجێی نیعمەتێکی فەوتاودا هەرگیز مونافیی هیلاک نییە. واتە: وا هیلاکیش بوو و دەوامیش بوو. بەم مەعنا (لەحزەیێ) واتە هیچ کات، هەرگیز. یا خۆ «لەحزەیێ» زەرفی «هیلاک»ە، واتە: ئەم دەوامی خواردەمەنییە بەم شێوەی یەک‌لەجێی‌یەک هاتنە مونافی نییە بۆ هیلاکی خواردەمەنییەک لە لەحزەیەک دا. بە هەرحاڵ هەردوو مەعناکە یەک مەبەست دەگەیەنن کە بەقای نەوع و فەنای فەردە.

٥ـ واتە: هیلاک موستەلزیم نییە بۆ فەنا.

٦ـ بەکورتی وەڵامی ڕەخنە بە ناکۆکیی نێوان[کل شیء هالک إلاّ وجهه] و [أکُلُها دائم...] سیانە:ـ

١ـ فەنای فەرد نابێتە هۆی فەنای نەوع.

٢ـ (هلاک) واتە: بێ‌کەڵکی و سوودلێ وەرنەگیراوی، نەک نەمان.

٣ـ (کل شیء) واتە (کل ممکن). هەموو مومکینێکیش خۆی لەخۆیدا وەک نەبوو وایە؛ چونکە بوون و نەبوونی لەخۆیەوە نییە.

٧ـ ئایەتی (١٣) و (١٤) لە سوورەتی (انفطار).

٨ـ ئایەتی (١٣٣) سوورەتی (ال عمران).

٩ـ ئایەتی(١٣١) سوورەتی (ال عمران).

١٠ـ ئایەتی (٨٣) سوورەتی (قصص).

١١ـ ئایەتی (٣٥) سوورەتی (بقرە).

١٢ـ باز: دیسان، دووبارە.

١٣ـ لە چاپەکدا (دوی) یە، هەڵەیە.

١٤ـ «پیتَوَە» شیوە نووسی دەستنووسەکەیە، لەچاپەکەدا (بیتوە) یە.

١٥ـ «فی‌الملا» یا (فی المَلأ) واتە: بەئاشکرا، لەناو خەڵکدا. مەلا: واتە مەلای مزگەوت لێرەدا مونادایە و حەرفی نیدا کە (یا)یە لابراوە. لە زوبانی کوردیدا لابردنی حەرفی نیدا زۆر زۆرە.

١٦ـ ئایەتەکانی (١٣،١٤،١٥) ی سوورەتی (نجم).

۱۷ـ وابزانم دارشتنی واتای [وعلی الاکثر] بەینی سەما و عەرش... تاد] بەمجۆرە بێ گونجاوترە: (بینا لەسەر رای زۆربەی زانایانی ئایین مەسافەی مابەینی ئاسمانەکان و عەرش بە ریزی سوپای رەخنە و ئیشکالی دیاریکردنی شوێنی بەهەشت دەلێ: ئێرە بەجێبێلن، ئێرە شوێنی ئێوە نییە، شوێنی بەهەشتە).

۱۸ـ بەپێی چاپەکە (حەسبی حەدیثی) یە.

مبحث بقاء الجنة والجحيم[1]

بەهەشت و دۆزەخ هەروەک ئـەهلیان
(باقِیَتـــــــانِ وَ لا تَفْنَیـــــــانْ)
یـەعنی دائـیمن بـە ئـەم مەعنایـە
عـەدْمـی (مُسْـتَمِرّ) پێیانـدا نایـە
لەحزەیی هیلاک ئـەر بـوێ چییـە؟[2]
مونـافیی بـەقا بـەم مـەعنا نییـە
(مَـعْ أنَّکُـمْ قـد عَـرَفْتُمْ مِنَّـا)
هـیلاک موسـتەلزیم نییـە بـۆ فـەنا
قـەولی فـەنایان (بـلا ارتیـاب)
خـیلافی ئیجمـاع سـوننەتە و کیتـاب
باتڵە و لە تـام حـەق بـەری بـەری[3]
بێ‌حوججەت شوبهە نییە لەسـەری[4]

واتە: بەهەشت و ئەوانەی وان لە بەهەشتدا کە موسولـمانەکانن و، دۆزەخ و ئـێوانـەی وان لـە دۆزەخدا کە کافرەکانن هەتا هەتایە دەمێننەوە و نەمانیان بۆ نییە، مەعنای دەوامیـان ئەوەیـە کـە نەبوونی بەردەوام روویـان تـێ‌ناکـا، جـا ئەگـەر لەبـەر میسـداقی «کـلّ شـیء هالـک الاّ وجهـە» لەحزەیەک بفەوتێن پاش ئەو لەحزەیە دەبنەوە وەکوو خۆیان. رای ئەوانە کە دەڵـێن بەهەشـت و دۆزەخ نامێنن دژی فەرموودەی کیتاب و سوننەت و ئیجماعە. ئەم قسەی ئەوانە شوبهەیەک نییـە پشتگیری لێ بکات چ جایێ حوججەت.

***

١ـ ئەم سەرباسە تەنها لەنوسخە چاپەکەدا هەیە.

٢ـ ئەم تەعبیری «لەحزەیێ هیلاک... تاد»ە یارمەتیی ئەو باری دووەمە دەدات کە لە پەراوێزی ژمارە(٤)ی (مبحث الجنة و النار)دا نووسراوە.

٣ـ بەری: بەریء بێبەش. بەری ئەو، ثەمەری ئەو. واتە: بەر و ثەمەری ئەم قسە لە تام و چەشی راستی بێبەشە.

٤ـ ئەم نیوە شیعرە وای لێدێتەوە: (بێشوبهە حوججەت نییە لەسەری) واتە: بێگومان ئەم رایە هیچ حوججەتێکی نییە. یا واتە: ئەم رایە حوججەتێ نییە، نەک حوججەت بەڵکو شوبهەیەکیش نییە بۆ ئیسپاتی. ئەم دوو پەراوێزی (٣،٤)ە مەعنای پەراوێزێکی بەفارسی نووسراوی مەولەوی خۆینی کە لە نوسخە دەستنووسەکەدا هەیە.



مبحث الشَّفاعة[1]

دوای ئەوەی مەولەوی باسی گەلێ لە حاڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژی قیامەتی کرد هەر لە سەرەتاوە هەتا حیساب و کیتاب و سیرات و کێشانەی کردار و بەهەشت و دۆزەخ، ئەمجار نۆرەی ئەوەیە باسی تکا و تکاکاری بکات کە یەکێکە لە گەورەترین شتەکانی ڕۆژی قیامەت، بۆیە دەفەرموێ:

(مِنْهـــا الشَّـــفاعَةْ و تُسْـــتَبَانْ
لِمَـــنْ أذِنَ لَـــهُ الرَّحْمـــانْ
مِـــنَ الأنبيـــاء، مِـــنَ المـــؤمنين
رَزَقَنـــا الله منهـــا أجمعـــين)
لەو سەروەختی سەخت حەشر و داروگیر
پـیر وەسـە منـداڵ، منـداڵ دەوێ پـیر
ئـەنبیای عیـزام پـێش و پـەس یەکسـەر
کەس بـۆی دەس نـادا پـێ بنێتەوبـەر[2]
هــەر زەلزەلەیـە و وەلوەلــە و وەیوەی
نەفس نەفسی‌یە[3] هەرکەسـێ بـۆ خـۆی
تا سـاحیب ڕوتبـەی مـەقامی مـەحموود
(سـراندر سـجود دل انـدر شـهود) [4]
(یَسْـمَعْ «إرْفَـعْ رأسَـكْ، قُـلْ تُسْـمَعْ،
إشْـفَعْ تُشْـفَعْ(٥) سَـلْ تُعْـطَ» فَیَرْفَـعْ[6])

دەبێتە و دیار[۷]، چلۆن خۆر هەڵێ
ئەو هەر «أمّتی أمّتی» دەڵێ
(یَشْفَعُ یُشْفَعْ(۸) فی کل الأنام)
مؤئمین و کافر تەمام خاس و عام
بۆ کافر بۆ فەسڵ قەزا بەتەعجیل
تەخفیفی سەختیی ئەو رۆژ و تەهویل
بۆ مؤئمین لەبۆ عەفوی سەییئات
بۆ زیادی و رەفع دەرەجەی جەننات
(شِفاء القلوب[۹] لکلّ المَرْضی
مِنَ ضَوْء الضّحی استَضِیء «فَتَرْضی»[۱۰]
رەحمەت بۆ هەموو عالەم یانی: وا
مەقامی مەحموود ئەعزەم یانی: وا[۱۱]
لەودوا جلەو مورەخخەس دەکرێ
ئەزانی ئیزنی شەفاعەت دەدرێ
(کُلُّ نبیٌّ لأمّتِهِ
وَ کُلُّ شیخ لِشیعَتِهِ)
برا بۆ برا، سەدیق بۆ سەدیق
(هاکذا) تەحقیق واجبە تەسدیق
وەختێ دەس بڕیا لە هەموو لایێ
نۆگەی رەحمەتی حەق تەعالایێ[۱۲]

لەو سەروەخت: لەوکاتەدا. سەخت: گران و نالەبار. داروگیر: بگرەوبەردە و گیروگرفت. وەسە: وەکوو ئەوەیە. دەوێ پیر: پیر دەبێ. پێش و پەس: بەرودوا. یەکسەر: تێکڕا، هەموو. خۆر هەڵێ: هەتاو هەڵبێ. أذان: بانگ. ئەزان دەدرێ: بانگ دەدرێ. نۆگەی: نۆرەی، نۆبەی.

واتە: یەکێ لە رووداوەکانی رۆژی قیامەت تکاکردنی پێغەمبەری ئێمە و پێغەمبەرانی تر و غەیری ئەوانیشە لە دڵپاکان و لەخوداترسان، ئەوانەی کە خودای گەورە ئیزنی داون تکا بکەن.

لەوکاتە سەخت و نالەبارەدا کە کـاتی بگرەوبەردەیـە و ئەوەنـدە دژوارە پـیری دنیادیـدە وەک ساوای بێهەستی لێ دێ و، منداڵ تیایا پیر دەبێ و لە ترس و بیمدا ریشـی سـپی هەڵـدەگەڕێ، هیچ کام لە پێغەمبەرانی زەمانی پێشوو وەک ئادەم و شیث و ئیدریس و هوود و ساڵح و نووح، یـا لە پێغەمبەرانی زەمانی دوایی وەک ئیبراهیم و پێغەمبەرانی نەوەی(د.خ) ناتوانن پـێیـەک پـێش خەن و لە شوێنی خۆیان بجووڵێنەوە و لە حزووری خودای گەورەدا تکایەک بکەن، هەموو وان لە هاوار و وەلوەلە و گریان و فوغاندا، هەرکەس خەریکی دەردی خۆیەتی و نایپەرژێتە سەر کەس، تا خاوەنی مەقامی مەحموود حەزرەتی (محمد مصـطفی)، دروودی خـودای لەسـەر، کـە لەوکاتـەدا سەری لە سوجوودایە و دڵی نوقمی نووری تەجەللیاتی خودایە و چـاوەڕوانی رەحمەتـە، لەلایـەن بارەگای خوداوەندییەوە بانگ دەکرێ: ئەی (محمـد) ! سـەرت بەرزکـەرەوە، قسـە بکـە، قسـەت دەبیسرێ، تکا بکە تکات لێ وەردەگیرێ، داوای چی دەکەیت بیکـە، پێـت دەبەخشـرێ، ئـەویش (سمعاً وطاعةً) سەر هەڵدەبڕێ و وەک خۆر هەڵدێ، کـەچی لەوحاڵـەدا ئـەو هـەر (امّـتی امتّـی) یەتی، بیری لای پەیڕەوانی خۆیەتی، ئیتر تکا بۆ ئوممەتی خـۆی و بـۆ عامّـەی خەڵـق دەکـات و تکاکەی لێ وەردەگیرێ، تکا بۆ کافران دەکا کە لە سزای راوەستان و چاوەڕوانی عەرەسات رزگـار ببن و زوو موحاکەمە بکرێن و ئەنجامیان دیاری بکرێ و ترس و لەرزی ئەوساتە سامناکە نەمێنێ.

تکا بۆ موسوڵمانان دەکا خودای گەورە لە گوناهی تاوانبارەکانیـان خـۆش بـێ و، پایـە و پلـەی ئەوانە بەرز بکاتەوە کە تاوانیان نییە، وەک ئەولیا و سالحان و رەهبەران.

لە پرتەوی سوورەتی (واضحی) نـوور وەربگـرە، لـە ئایـەتی [وَلَسَـوْفَ يُعْطِيـكَ رَبُّـكَ فَتَرْضَـى] وردبەرەوە هەتا لە پلە و پایەی حەزرەتی پێغەمبەر بگەی، هەتا بۆت روون بێتـەوە کـە پێغەمبـەر دەرمانی هەموو دەردێکە، هەتا تێبگەی کە پایـەی (رحمـە للعـالمین)ی ئاوەهـا دەبـێ، مـەقامی مەحموود کە مەقامی شەفاعەتە ئاوەها دەبێ، کە بـە حـەزرەت(د.خ) دراون، (وَرَزَقَنـا مـن شـفاعة بيمن انوار شريعته، و ثَبَّتَنا على طريقتهِ باسرار لبّ حقيقته.]

برای موسوڵمان!

پێویستە بزانی شەفاعەت سابتە بە دەلیلی قورئان و فەرموودەی حەزرەت(د.خ) و بە ئیجمـاعی ئوممەتی ئیسلام پێش پەیدابوونی ئەهلی بیدعەت.

دەلیلی ئایەت وەکو [يَوْمَئِذٍ لا تَنْفَعُ الشَفاعَةُ إلا لِمَنْ أذِنَ لَـهُ الـرَّحْمنُ وَرَضِـيَ لَـهُ قَـوْلاً][١٣] یـا ئایەتی [مَنْ ذَا الذی یَشْفَعُ عِنْدَهُ إلاّ باذنه][١٤] یا ئایـەتی [وَلا یَشْـفَعُونَ إلاّ لمَـنِ ارْتَضـی وَهُـمْ مِـنْ خَشْیَتِهِ مُشْفِقُون][١٥].

فەرموودەی حەزرەتیش (د.خ) وەک ئەو حەدیسە کە جابیر لە حەزرەتـەوە ریوایـەتی کـردووە کە فەرموویەتی: «شفاعتی لِأهلِ‌الکبائر مِـن أمّتـی»[١٦]. ئـەم فـەرموودە تیرمیـزی لـە حەدیسـی ئەنەس وەریگرتووە و بە سەحیحی داناوە لە ڕێگای (عبدالحق) ەوە بەیهـەقی لـە کیتـابی (شـعب الایمان) دا. وە ئەبوو داوود و تەیالیسـی و ئیبنوماجـە لـە حەدیسـی جـابیرەوە وەریـان‌گرتـووە و حاکیم بە سەحیحی داناوە.

لە عەوفی کوڕی مالیکەوە دەگێڕنەوە کە حەزرەت (د.خ) فەرموویەتی: «أتانی آتٍ مِنْ عندِ ربّی فخیّرنی بینَ ان یَدْخُلَ نِصفُ أمّتی الجنّةَ وَ بَـیْنَ الشَـفَاعةِ فـاختَرْتُ الشّـفاعَةَ وَ هِـیَ لِمَـنْ مـاتَ لا یُشْرِکُ باللهِ شیئا» رواهُ الترمذی[١٧].

ریوایەت کراوە لە حەزرەتی ئەنەسەوە کە حەزرەتی پێغەمبـەر(د.خ) فەرموویـەتی: ــ «أنـا اوّل الناسِ یَشْفَعُ فی الجنة [أی فی فتح أبوابها و فی إدخال بعـض العصـاةِ فیهـا]. و أنـا أکثـر الانبیـاء تبعاً.»[١٨]

هەروەها لە حەزرەتی ئەنەسەوە دەگێڕنەوە وتوویە: «فکأنّی أنظُرُ الی رَسُولِ‌اللهِ(ص) قال: فَآخُـذُ بحلقة باب الجنة فَأُقَعْقِعُها فَیقالُ: مَنْ هذا؟ فَیُقالُ: محمد: فیفتحونَ لی وَ یُرَحِّبونَ فیقولـونَ مَرْحَبـاً فَأخِرُّ سَاجداً فَیُلْهِمُنیَ‌الله مِنَ الثناء و الحمد فیقالُ لی إرفَع رأسک، سَلْ تُعْطَ وَاشْـفَعْ تُشَـفَّعْ وَ قُـل یُسْمَعْ لقولک وَهُوَالمقامُ المحمـودُ الـذی قـالَ الله عسـی أن یبعثـکَ رَبُّـکَ مقامـاً محمـوداً» رَواهُ التِرمِذیُّ فی التفسیر بسندٍ حَسَنٍ[١٩]

شـــەفاعەت واتـــە هـــاواربردن و تکـــاکردن لای خـــودای گـــەورە، لـــە لایـــەن حـــەزرەتی پێغەمبەرەوە(د.خ) یا لە لایەن پیاوچاکان و خوداناسانی ئیسلام یا لە لایەن پێغەمبەرەکانی تـر یـا فریشتەکانی ڕەحمەتەوە، بۆ چاوپۆشی لە تاوانی تاوانباران، یا بۆ بەرزکردنەوەی پایە، یا بـۆ چوونـە بەهەشت بە بێ لێ‌پرسێنەوە.

بێ‌گومان ئەم شەفاعەتە وەکوو دەبێتـە ڕەحمەت بۆ تکابۆکراوەکە، وەهایش پایەبەرزکردنـەوە و ڕێزگرتنە لە تکاکردووەکەیش.

بە فەرموودەی حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) تکا و شەفاعەت کردنی پێغەمبەران بـۆ ئوممـەتیان و شەفاعەتی گەلێ لە پیاوە گەورەکانی ئەسحابەی پێغەمبەر و، شەفاعەتی دیندارە لەخوداترسەکانی تر غەیری ئەسحابە، هەروەها شەفاعەتی شەهید بۆ کەس و کاری سابت بووە.

لە حەزرەتی حەسەنی بەسەرییەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی: «یَشْفَعُ عثمانُ بنُ عَفَّانَ یوم القیامة فی مثل رَبیعَةَ ومُضَر»[٢٠].

لە ئەبووسەعیدەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی: «إنَّ مِنْ أمّتی مَنْ یَشْفَعُ للفِئَامِ، و منهم من یَشْفَعُ للقبیلة، و منهم یَشْفَعُ للعُصْبَة، و منهم من یَشْفَعُ للرجل حَتی یـدخلوا الجنّـةَ». فئام: کۆمەڵێ زۆرە. قبیلة: لە فئام کەمترە. عُصْبَة: لە قبیلە کەمترە[٢١].

(أبوالدرداء) ڕەزای خودای لێبێ دەگێڕێتەوە لە پێغەمبـەرەوە(د.خ) کـە فەرموویـەتی یُشَـفَّعُ الشَّهیدُ فی سَبْعینَ مِن أهل بیتِه[٢٢].

لە حەزرەتی عوسمانی کـوڕی عەففانـەوە ریوایـەت کـراوە کـە پێغەمبـەر(د.خ) فەرموویـەتی: «یَشْفَعُ فی یوم القیامَةِ ثَلاثَةٌ الأنبیاء ثمّ العلماء ثمّ الشهداء»[٢٣]

واتە سێ کۆمەڵ لە ڕۆژی قیامەتدا شەفاعەت دەکەن: پێغەمبەران، زانایان، شەهیدان.

هەروەها شایانی باسە کە شەفاعەت پێنج پایەیە:-

یەکەم: شەفاعەتی هەرە گەورەیە کە تکاکردنە بۆ هەموو خەڵق بۆ ئەوەی لە ترس و سامی ئـەو ڕۆژە و وەستانی عەرەسات ڕزگار بن و زوو حیساب و کیتابیان لەگەڵ بکرێ.

دووەم: تکایە بۆ ئەوەی هەندێ کەس بە بێحسـێب و لـێپرسـینەوە بچنـە بەهەشـت، وەکـوو تیرمیزی حەدیسێکی ریوایەت کردووە دەفـەرموێ: «وَعَـدَنی رَبّـی أنْ یُـدْخِلَ الجنّـةَ مِـنْ أمّتـی سَبْعینَ الفاً بِغَیْرِ حِسَاب» واتە خودای پەروەردگارم بەڵێنی پێداوم حەفتا هەزار کەس لە ئوممەتم بێحیساب بخاتە بەهەشت.

سێهەم: بۆ زیادکردنی پلە و پایەی هەندێ کەسە لە بەهەشتدا.

چوارەم: تکایە بۆ کۆمەڵێ کە موستەحەقی ئاگری دۆزەخن، بەڵام بەهۆی ئـەو تکایـەوە ناچنـە دۆزەخ.

پێنجەم: تکایە بۆ ڕزگارکردن و دەرکردنی هەندێ گوناهبـار لـە ئـاگری دۆزەخ. لـەم پێنجانـە یەکەم و دووەمیان بەتایبەتی هی حەزرەتی پێغەمبەرە(د.خ). ئەو سیانەکەی تر ئەویش دەیکات و غەیری ئەویش لەدەستی دێ بیکات لەوانەی کە باسمان کردن. جا ئەگەر کەسێ بوو لـەلای ئـەم

تکاکارانە باسی دیار نەبوو و بەر تکا نەکەوتبوو، ئەوە خـودا خـۆی بـە لـوتفی خـۆی دەیبەخشـێ. ئەبووسەعیدی خدری لە حەدیسێکی درێژا دەگێڕێتەوە:«... فَیَقُولُ‌الله، عزّوَجلّ، شَفَعَتِ الملائکـةُ و شَفَع النبیّونَ وشَفَعَ المؤمنون، ولم یَبْقَ إلاّ ارحمُ الراحمین فیقبض قبضة مـن النـار فیخـرج منهـا قوماً لم یعملوا خیراً قطّ قد عادوا حُمَماً فیُلقیهم فـی نهـرٍ فـی افـواه الجنّـة یقـال لـه نهـر الحیـاة فیخرجون کما تخرُجُ الحِبَّة فی حَمِیلِ السیل... الحدیث[٢٤].

رەجـا و شـەفاعەت حـەزرەتی رەسـوول
بـۆ کـەبیرە وەک سـەغیرە مـەقبوول
ئەگـەر برسـیتە و دووری لـە تێـری
«واتقـوا یومـاً لا تَجْـزی» تێـری
جـووعی تـۆ بـەوە غـەیرە مەدفووعـە
(لا یُسْـمِنْ وَ لا یُغْنـی مِـنْ جُـوُع)ە
مەنعـە دەلالـەت، دەمـی بـۆ مـەماڵ،
لە عومـوومی (فـی الاشـخاص) و ئـەحواڵ
(لَـوْ سُلّمْ) سـەلای تەخسیسـی دەدەیـن
ئێمە بەقـەدەر ئیمکـان جـەمع دەکـەین
موسبیت با[٢٥] نافی، خاس دەگـەڵ عامـە
ئەڵـبەت دەزانی موقـەددەم کامـە؟

(تێری)ی یەکەم: دژی برسی‌یەتییە. (تێری)ی دووەم: دەهێنی. دەمی بـۆ مـەماڵ: دەمـی بـۆ مەلێسەرەوە، خۆت بۆ خواردنی ئامادە مەکە. سەلا: بانگ. با نافی: لەگەڵ نافی.

واتە: تکای حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) چ بۆ بەخشینی گوناهی گەورە؛ بێجگە شیرک و کـوفر؛ چ بۆ گوناهی بچووک لای خودای گەورە قبوولە؛ چونکە لـە لایەکـەوە خـودا بـە بەخشـینی گوناهـ زیانی پێ‌ناگا و توانایـە بەسـەر هـەموو مومکینێکـدا، لـە لایـەکی تریشـەوە خـۆی نـاوبردووە بـە (أرحم‌الراحمین) و لە هەموو میهرەبانێ میهربان‌ترە. هەروەها مادام گوناهبارەکـە خـاوەن ئیمانـە، ئیمانەکەی دەبێتە هۆی راکێشانی هەموو خێر و خۆشییەک بۆی.

بێجگـە لەمانـە هـەموو قبـووڵ‌کـردنی تکـا ئیسـپاتی گـەورەیی و شـەرافەتی حـەزرەتی (محمدالمصطفی) یە(د.خ) کە تکاکارەکەیە؛ ئەوەتە لە حاڵی حەیاتیـدا ئـەمری پـێ فـەرمووە کـە

داوای لێبووردن بۆ خۆیشی و بۆ ئوممەتەکەیشی بکات [واستغفر لذنبک و للمؤمنین والمؤمنات...](٢٦) یا فەرموویەتی [ولو أنّهم إذْ ظلَمُوا أنفُسَهم جَاءوكَ فاسْتَغْفَرُوالله واسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرسولُ لوَجَدُوالله توّاباً رحيماً](٢٧)

واتە: ئەگەر ئەو پیاوە بەدکارانە کە زوڵمیان لە خۆیان کرد بهاتنایە بۆ لای تۆ و داوای بەخشینیان لە خودا بکردایە و تۆیش داوای عەفوت بۆ بکردنایە خودا تەوبەی لێ قبووڵ دەکردن و میهرەبان دەبوو لەگەڵیاندا.

مەسئەلەی حورمەتگرتنی خودای گەورە لە پێغەمبەری خۆشەویستی شتێکی زۆر ئاشکرایە [وَمَا كانَ الله ليُعَذِّبهم وَأَنْتَ فيهم...](٢٨)

ئەو نەزانانە کە وتوویانە قبووڵی تکا و رجای قیامەت خراپە و دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک بێشەرم بێ و سوور بێ لەسەر گوناحکردن بە ئومێدی تکای خاترداران و شەفاعەتی شەفاعەتکاران، بەڵێ ئەو نەزانانە بەهەڵەدا چوون؛ چونکە ئەوەی کە تاوان دەکا و دوای ئارەزووی نەفس و شەیتان دەکەوێ لەو کاتەدا هەرگیز تکا و شەفاعەتی پێغەمبەری بەخەیاڵدا نایە، بێجگە لەوە دەلیلی قەتعی نییە کە ئەو شەفاعەتەی بۆ دەکرێ، یا شەفاعەتەکە دەربارەی ئەو قبووڵ دەکرێ.

تۆ ئەی مونکیری شەفاعەت ئەگەر برسیتە و قووتی رۆحیت نییە تا هێزی دڵت هەبێ و، ئایەتی [واتَّقُوا يوماً لا تَجْزى نفسٌ عَن نَفْسٍ شَيْئاً وَ لاَ يُقْبَلُ مِنها عَدْلٌ ولا تَنْفَعُها شَفَاعَةٌ ولاَهُمْ يُنْصَرون](٢٩) دەکەیتە دەلیل لەسەر نەبوونی شەفاعەت و دەتەوێ بەوە خۆت تێر بکەی زۆر باش بزانە کە برسییەتی تۆ بەوە چارناکرێ و، ئەو ئیستیدلالە نە قەڵەوت دەکا و نە برسییەتیت لادەبا؛ چونکە ئەو ئایەتە عام نییە بۆ هەموو کەسێکی تاوانبار و بۆ بێسوودیی تکا لە هەموو کاتێکدا، بەڵکو بۆ کافرانە کە شەفاعەت فریایان ناکەوێ، یا بۆ کافر و موسوڵمانە بەڵام بۆ ئەو کاتەی کە پێغەمبەر(د.خ) نەچووبێ بۆ تکاکردن. تەنانەت ئەگەر بە فەرز و تەقدیر بیسەلمێنین کە ئایەتی نەفیی شەفاعەتەکە عامە ئێمە تەخسیسی دەکەین بە دوو حاڵەوە کە وتمان؛ چونکە دەلیل لەسەر شەفاعەت زۆر زەبەندەیە، چ لە قورئان و چ لە حەدیسدا و، هەرگیز ئەو دەلیلانە بەتاڵ ناکرێنەوە، کەواتە تا بتوانین هەردوو جۆرە ئایەتەکان هی نەفی و هی ئیسبات بخەینە کار و کۆیان بکەینەوە باشترە لەوەی یەکێکیان لەکار بخەین و ئیش بە تەنها یەکێکیان بکەین. واتە: دەڵێین ئایەت هەیە نەبوونی شەفاعەت دەگەیەنێ، ئەمە هی حاڵێکە کە زەلامەکە کافر بێ، یا موسوڵمان بێ و

هێشتا پێغەمبەر(د.خ) تکای بۆ نەکردبێ. ئایەتیش هەیە بوونی شەفاعەت و کەڵکی دەگەیەنێ. بۆ ئەو حاڵانە خودای گەورە ڕێگا دەدات تیایاندا و تکاکارەکان دەکەونە لالانەوە و پاڕانەوە.

بێجگە لەمەش دەڵێین ئایەتی موسبیتی شەفاعەت خاسە، ئایەتی نافیی شەفاعەت عامّە، لە ئوسوولیشدا خاس دەخرێتە پێش عامّ.

لەوانەیشە ئەم بەیتی «موسبیت با نافی... تاد»ە ئیشارەیەکی لەتافەتاویی تێدابێ، گوایا: ئەوانەی دەڵێن شەفاعەت هەیە جەماعەتی تایبەتین و خاسن، واتە چاکن. ئەوانەی دەڵێن شەفاعەت نییە چاک نین و لە ڕێگە لایانداوە، خۆیشت دەزانی کام لە پێشە، تایبەتی و چاک یان لەڕێلادەر و ناچاک.

زۆر کەس هەن وە بێ حیساب و عەزاب
دەڕۆنە بەهەشت؛ (فَنِعْمَ‌الْمآب)
کافر، موبالیغ، ئەر موعانیدە،
جومهوور دەفەرموون (فی‌النار) خالیدە
موئمین ئەر فاسق، ئەگەر موتیعە
خالید (فی‌الجنة) و روتبەی رەفیعە
فاسق کەی؟ ئەوسا کە عەزاب بدرێ
یا عەفو بکرێ و بە جەننەت ببرێ
بەعزێ لە ئەعلام (ذوالعلم السّابغ)
دەڵێن کافری ساعی و موبالیغ،
لە ئیجتیهاددا هیچ نەیکرد تەقسیر
سەعیی کرد حەقی هەر نەبوو دەستگیر
چون تەکلیف ناکا حەق لە تاقەت رەد
ئەو موبالیغە ناوێ موخەللەد
قەولی غەزالیچ (علیه‌الرحمة)
لە بەعزێ جێگە نزیکە بەمە
(وَأمّا الأطفال) دەڵێت نەوەوی،
مەورید بێ بۆ فەیز سووری و مەعنەوی،

سەحیح بەهەشتین تیفلـی موشـریکین
(فَــــنِعْمَ المــــولی رَبُّ العــــالمین)

واتە: ئینسان بە نیسبەت بەهەشت و دۆزەخەوە چەند جۆرن؛ زۆر کەس لە موسولـمانان بـەبێ سزا و بەبێ‌حیساب دەڕۆنە بەهەشت و هەتا هەتایە تیایا دەمێننەوە. ماشەڵڵا لەم بەشە باشە. ئـەو حەدیسەیش هەیە کە حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی خـودای گـەورە بەڵـێنی پـێ‌داوم حەفتاهـەزار کەس لە ئوممەتی من بێ‌سزا و حیساب بخاتـە بەهەشـت، وە (عکاشـە)ی هـاوڕێی پێغەمبـەریش یەکێکە لەوانە و باسەکەی مەشهوورە.

کافری بێ‌ئیمان چ ئەوەی سەعی بکـا و هەوڵـێکی زۆر بـدات بـۆ دۆزینـەوەی ڕێـی ڕاسـت؛ چ ئەوەی سەرکەش و لەرەسەخت بێ و ئیمان نـەهێنێ، بـە نەسسـی ئایـەت و حـەدیس و بـە ڕای جەماوەری ئەهلی سوننەت و جەماعەت جێگایان دۆزەخی هەتا هەتایـە، سـزای ئەبـەدی پاداشـی کوفری ئەبەدییە وەک لە ئاییندا مەعلوومە.

موسوڵمانەکانیش چ فەرمانبەردار و گوێ‌ڕایەڵ و چ گوناهبار، دەچنە بەهەشت و هـەتا هەتایـە تیایدا دەمێننەوە، بەڵێ بێ‌گوناهەکانیان یەکسەر و گوناهبارەکانیان پاش سزا و ئازاردران یـا پـاش عەفوکردنیان دەڕۆنە بەهەشت.

بـەڵام هەنـدێ لـە زانـا گـەورەکانی ئـاینی ئیسـلام ڕایـان وایـە هـەر کـافرێ کـە باسـی پێغەمبەرایەتیی حەزرەتی پێ‌نەگەیشتبێ وەک ئەوە کە لـە شـوێنێکی دور لـە ئـاوەدانی بـێ، یـا کەوتبێتە شوێنێکەوە مەجالی سەعی و ئیجتیهادی نەبێ ئەوە وەکوو ئەهلی (فترە) وایە و عـەزابی نییە.

هەروەها هەر کافرێ خوێندەوار بێ و زۆر تێبکۆشێ بۆ ئەوەی دیـنی بـۆ ڕاسـت بێتـەوە و، لـە شوێنێکدا نەبێ دەستی بگاتە مەرجەع بۆ چارکردنی گیروگـرفتی عیلمـی و ئیعتیقـادیی خـۆی و، دینی بەساغی بۆ ڕاست نەبێتەوە، ئەمەیش وەک ئەو کافرەیە کە دەنگ و باسـی پێغەمبەرایـەتیی پێغەمبەری پێ‌نەگەیشتبێ و، لە ڕۆژی پاداشدا سزای نییە.

بەڵام پێویسـتە بـزانن ئـەم حوکمـە بـۆ زەمـانی لەمـەوپێش بـووە کـە ئەسـبابی گەیشـتنی دەنگ‌وباس و بلاوبوونەی کەم بووە، واتە ئا لەم زەمانـەی ئێمـەدا هـیچ کـافرێکی سـاغ و سـەلیم، بەتایبەتی خۆێنەوار و ڕۆشنبیر عوزری لێ وەرناگیرێ و هەرکەس مل‌کەچ نـەبێ بـۆ نەسسـەکانی ئایەت و دەلیلەکانی تر و فەرمانبەرداری دینی ئیسلام نەبێ، بە کافری موتڵەق حیساب دەکـرێ و

لە دۆزەخدا ئەبەدی دەبێ؛ چونکە داواکردنی ئیمان لە کەسێکی وەها داواکردنی شتێکە لە توانـای ئینساندا بێ و پێیبکرێ و، بەر (تکلیف بِهِ مالایُطاق) ناکەوێ.

ئیتر فەرموودەی ئیمامی غەزالی بۆ ئەو کافرانەیە کە دەعوەتیان پێنەگەیشـتبێ و هـەرگیز لـە توانایاندا نەبێ بگەنە حەق و حەقیقەت، نەک بۆ کافری رۆشنبیری وەها لەتوانایدا بێ بگاتە راستی و لە حەق تێبگا، بەلام کەم و زۆر خۆی ماندوو نەکا و گۆیی خۆی لێ کەڕ کا.

ئـەنجا مەولـەوی دێتـە سەرباسـی منداڵـی کـافران کـە بـە منداڵـی دەمـرن و، دەربـارەی چارەنووسیان قسە دەکات؛ پوختەی باسەکە ئەوەیە منداڵی کافران، لە کافرستاندا بن یا لـە وڵاتی ئیسلام، هەموو بەهەشتین؛ چونکە پێش ئەوە بگەنە تەمەنی تەکلیف و لێپرسیاوی مردوون، واللّـه علی کلِّ شیء وکیل.

مومکینـــە لەســـەر ســـەغیرە عیقـــاب،
گـــەورە عـــەفو کـــا هـــیچ نـــەدا عـــەزاب؛
فـــەزلی[۳۰] دەفـــەرمووت: کـــەبیرە نییـــە،
عـــەدلی[۳۱] دەفـــەرمووت: ســـەغیرە نییـــە
(«یَغْفِـرُ دُونَ» شِـرْکٌ مِـنْ ذَنْـبٍ نَشَـا)
بـا بـێتەوبـەیچ بـێ، (لِمَـنْ؟ مَـنْ یشـا) [۳۲]
بـەم شـەرتە (مـادون) حـەڵاڵ نـەزانێ؛
ئەگەرنـــە کـــوفرە، دەرمـــانی کوانـــێ؟
(عِنْـــدَنَا) کاســـیب گونـــای کـــەبیرە
هـــەروەکوو کاســـیب گونـــای ســـەغیرە
نـاوێ بـە خـاریج لـە وەسـفی ئیمـان[۳۳]
یاخەیر داخـڵ وێ بـە کـوفر و حیرمـان[۳۴]
لـــە جەهەننەمـــدا نییـــە موخەللـــەد،
بەڵ بە مەحزی فەزڵ موخرەجە و موسعەد
کـــەناری بگـــرە تـــۆ لـــە ئیعتیـــزال
کـــەلامی خـــاریج پووچـــە و بـــێمـــەئال

ئەسڵێکی مـەخووف زۆر هەیبـەت‌ناکـە[٣٥]
گومــانم خــەتمی بــەم تــەرزە چاکــە:
بــێ‌ئەمــە دەلیــل شــەرعیت وێ دەســگیر
لــە ئــەهلی قیبلــە کــەس مەکــە تــەکفیر
ئەر (بَرّ) ئـەر (فـاجِر) فـەرق مەکـە، هـەموو
(صَـــــــلّ خَلفَهُـــــــمْ وَ عَلَـــــــيهِمُ)

واتە: بۆ خودای گەورەی پـەروەردگاری جیهـان ڕەوایـە سـزای ئینسـان بـدا لەسـەر گونـاهی بچووک، وەک ڕەوایشە بۆی لە گوناهی گەورەی خۆش ببێ، چونکە خەڵق هەموو بەندەی ئەون و لەژێر دەستەڵات و کاری ئەودان، لێبووردن و سزادانیش هەر لە دەستەڵاتی ئەودان، خودا فاعیلی موختارە و چی دەکات دەیکات (یفعل مایشاء و یحکم بمایرید).

ئەنجا با بێینە سەر درێژەدان بە باسی گوناهـ:

گوناه بەپێی ئەو ڕێ‌وشوێنانەی لە ئایینەدا باس کراون دوو جۆرە: گـەورە و بچـووک، ئەگـەرچی ئیمامی حەرەمەین (عبدالملک)ی جووەینی دەفەرموێ گوناهی بچووک نییە؛ گوناهـ لەبەر ئەوەی نافەرمانی و بەگوێ‌نەکردن و بێ ئەدەبییە بەرامبەر بە خودای پەروەردگار هەمووی گەورەیە.

عولەمای دین لە دیاری‌کردن و تەعریف‌کـردنی گونـاهی گـەورەدا قسـەیان زۆرە؛ هەنـدێکیان دەفەرموون: هەر گوناهێ خودای گەورە بەتایبەتی هەڕەشەی کردبـێ لـە سـەری ئـەوە گەورەیـە وەک خەڵک‌کوشتن، زینا، سوودخواردن، ماڵی‌هەتیوخواردن، شەراب‌خواردن، دەس‌پیسی‌کـردن و خیانەت‌لەئەمانەت، ئازاردانی باوک‌ودایک، بێ‌ئەدەبی‌کردن لە حەرەمی مەککەی موکەڕڕەمـەدا... هەندێکی تر دەفەرموون: گوناهی گەورە ئەوەیە یـا هەڕەشـەی لەسـەرکرابێ یـا حـەددی لەسـەر دانرابـێ. هەنـدێکیش دەفـەرموون: گونـاهی گـەورە ئەوەیـە دەلالـەت بکـا لـە بـێ‌موبـالاتی و کەمتەرخەمیی خاوەنەکەی بە دین؛ وەکوو ئەوانەی لەمەوپێش باسمان کردن.

بەڵێ وەک مەولەوی لە سەرەتای ئەم بەشە شیعرانەدا فەرمووی کە سەیری گەورەیی دەریـای کـەرەم و میهرەبـانیی خـودای گـەورە دەکـەی گوناهــ هەرچەنـد گـەورە بـێ خـۆی نانوێنـێ و چاولێ‌پوشینی بۆ خودا شتێکی گران نییە.

کە سەیری عەدالەت و دادپەروەریی بکەی، کە بیر لەوە بکەیتەوە کە شەرم‌لەخوداکردن چەند بەنرخە «فان لم تکن تراهُ فانه یراک»، ئەگەر بیر لەوە بکەیتـەوە کـە بـێ‌ئـەمری‌کـردنی خـودای

گەورە لە شتێکی بێنرخدا زۆر گەورەیە، دەڵێیت گوناهـ هەر گوناهە وسەرپێچی‌یە و، گـەورەیی و بچووکی بۆ نییە و، هەمووی گەورەیە.

بەڵام ئەم راستییە قاعیدەی گوناهی گەورە و بچووک تێک نادا؛ زۆر ئاشـکرایە کـە یـەک جـار تەماشاکردنی نامەحرەمێک فەرقی زۆرە لە زینایەک، یا لە کوشتنی بێ‌گوناهێک.

بێجیگە لەوەیش خۆپاراستن لە گوناهی گەورە دەبێتە هۆی بەخشینی گوناهە بچووکـەکان [إنْ تجتَنِبُوا کَبائِرَ ما تُنْهَونَ عَنْهُ نُکَفِّرْ عَنْکُمْ سَیِّئاتِکُمْ][٣٦].

هەروەها دەشێ خودای گەورە هەموو گوناهێکی ئینسان ببەخشێ تەنها کوفر نەبێ؛ خودا خۆی فەرموویەتی: [إنَّ‌اللهَ لاَ یَغْفِرُ أنْ یُشْرَکَ بِهِ وَ یَغْفِرُ ما دُونَ ذلِک لِمَنْ یشاء وَمَـنْ یُشـرِکْ بـالله فَقَـد افْتَری إثماً عظیماً][٣٧] ئیتر کابرای گوناهبار تەوبە بکات یا نەیکا؛ چونکە عەفو و بەخشـین حـەقی خودا خۆیەتی و خۆی موختارە لە بەکارهێنانی حەقی خۆی و چۆنیەتیی ئەم بەکارهێنانەدا. رَزَقَنـا الله عفوهُ و لطفه بِمنّهِ آمین.

ئایەت وحەدیس بۆ ئیسپات‌کردنی ئەوەی وتمان زۆرن، بەڵام موعتەزیلـەکان وتوویانـە عـەفوی خودا وەختێ دەبێ کە گوناهەکە بچووک بێ، یا گەورە بێ و خاوەنەکەی تەوبەی کردبێ و ئەگـەر تەوبە نەکا لە گوناهی گەورە عەفو ناکرێ، دەلیلی ئەم ئیددیعایەیان دوانن:

١ـ ئەو ئایەت و حەدیسانەن کە دەربارەی گوناهباران وتراون.

٢ـ ئەگەر تاوانبار بزانێ عەفو دەکرێ، بێ‌شەرم دەبێ و لە گوناهـ‌کردندا جەسارەت پەیدادەکا.

ئێمەیش دەڵێین وەڵامی دەلیلی یەکەمتان ئەوەیە ئەو ئایەت و حەدیسانە عام نین بـۆ هـەموو گوناهبارێ، ئەگەر عامیش بن دەبێ تەخسیس بکرێن بەوانەوە کە خواستی خـودا لەسـەر ئەوەیـە جەزایان لێ بسێنێ و تۆڵەی گوناهەکانیان لێ‌بکاتەوە، ئەوانەیش کە عەفو دەکرێن لە عوموومەکـە دەربکرێن. تاکە ئایەتـەکان کۆبکەینـەوە نـەچن بـەگژ یـەکتردا؛ چونکـە تـا بتـوانین دەلیلـەکان کۆبکەینەوە و بیانخەینەکار و هەریەک تەئسیری خۆی بکا باشترە لـەوەی یـەکێ لـە دەلیلـەکان لەکاربخەین، وەکوو لەمەوپێش باس کرا.

وەڵامی دەلیلی دووەمیشتان ئەوەتە ئێمـە نایسـەلمێنین تـەنها جـەوازی عـەفو ببێتـە هـۆی خێرابوونی گوناهبار بۆ گوناهـ و تاوان‌کردن، بەهۆی ئەم جـەوازی عـەفووە تەنانـەت (ظـن) یـش پەیدا ناکا بەوەی کە سزا نادرێ چ جایێ عیلم و یەقین.

ئەوەیشمان لە بیر نەچێ وەختێ خودای گەورە گوناهـ دەبەخشێ کـە کـابرای گوناهکـار ئـەو گوناهە بە حەلاڵ نەزانێ، ئەگەر بە حەلاڵی زانی ئەوە پێی کافر دەبێ و، عەفو بۆ کوفر نییە.

شایانی وتنە: بەپێی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت گوناهی گەورە ئینسـان لـە دیـن دەرناکا و پێی ناچێتە ریزی کافرانەوە و، لە دۆزەخدا بەردەوام و تا هەتایە نابێ، بەڵکو بەرامبەر بەو گوناهە گەورەیە یا سزا دەدرێ یا دەبەخشرێ، سزاکەیش بەقـەدەر گوناهەکەیـە و کـە تـەواو بـوو دەچێتە بەهەشت.

لە مەزهەبی جەماعەتی خەواریجدا ئەوکەسە کە گوناهـ بکا، بچووک یا گەورە، پێی کـافر دەبـێ و، مەرتەبەیەک نییە مام ناوەندی بێ نە کوفر بێ و نە ئیمان.

بەلام موعتەزیلـەکان دەڵـێن خـاوەنی گونـاهی گـەورە نـە (مـؤمن)ە و نـە (کـافر) و دەڵـێن (منزلة)ی (بین‌المنزلتین) هەیە، واتە لە بەینی دوو سیفەتی کوفر و ئیماندا؛ بەلام مادام بـێ‌تەوبـە مرد بە ئەبەدی سزا دەدرێ.

دەلیلی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەسەر ئەوەی خاوەنی گوناهی گەورە لە دین دەرناچـێ و ناچێتە ریزی کافرانـەوە ئەوەیـە کـە ئیمـان بریتییـە لـە بـاوەڕکردن و تەسـدیق‌کـردنی ئـەوەی پێغەمبەری خودا(د.خ) هێناویەتی لای خوداوە. کە ئیمان بریتی بێ لەوە، ئینسـانی (مـؤمن) لـەو ئیمانە بێ‌بەش نابێ مەگەر شتێ بکات کە دژی ئیمانەکەی بێ، بە تـەنها ئیقـدام لەسـەر گوناهـێ بەهۆی هێرشی ئارەزووی نەفس، یا شالاوی رق و کینەوە ئەو باوەڕ و تەسدیقە نافەوتێ، بەتایبەتی ئەگەر کابرا ئومێدی بە عەفوی خودای گەورە هەبێ.

بەڵێ هەندێ تاوان هەن کە لە دنیادا بە نیشانەی نەمانی ئیمان، وەک پۆشینی زەننار (صـلیب) یا بێ‌شەرمی لەگەڵ موقەددەسـاتدا، یـا وتـنی کەلیمــەی کوفرــ پەنابەخوداــ ئەمانـە لـە بابـەتی قسەکەی ئێمە نین، ئەمانە لەبەر ئەوە کە نیشانەی بێ‌ئیمانین، کوفرن.

دەلیلێکی تر لەسەر قسەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت ئەوەیە کـە خـودای گـەورە بـە نـاوی (مؤمن) ناوی تاوانبـاران دەبـات وەک [وَ إِنْ طائِفَتـانِ مِـنَ‌المـؤمِنینَ اقتتلـوا فأصـلحوا بینهمـا... الآیة][٣٨] واتە: ئەگەر دوو کۆمەڵ لە موسوڵمانان گژان بە یەکدا ئێوە ئاشتیان بکەنەوە و ناوبژییـان بکەن. یا وەک [یا أیهاالذین آمنوا توبوا الی‌الله توبةً نصوحاً... الآیة][٣٩] یا وەک [یا أیهاالـذین آمَنـوا کُتِبَ علیکُم القصاص... الآیة][٤٠]

دەلیلێکی تر ئەوەیە هەموو موسوڵمانان پێکهاتوون لەسەر ئـەوە کـە نـوێژی جـەنازە لەسـەر هەموو موسوڵمانێک بکەن و داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەن، خۆ دیارە نە نوێژ و نە دوعـا هیچیـان بۆ غەیری موسوڵمان ناکرێن.

دەلیلی خەواریج لەسەر کوفری ئەهلی کەبائیر ئەو ئایەت و حەدیسانەن. دەلالەت لە کوفریـان دەکەن، وەک ئایەتی [وَمَن لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ الله فأولئكَ هُمُ الكافرون][٤١] یا حەدیسی [مَنْ تَرَكَ الصَّلَاةَ مُتَعَمِّداً فَقَدْ كَفَرَ] و هی تریش.

وەڵامی ئەم شوبهەیە ئەوەیە کە مەبەست لەو کەسانەی لـەم جـۆرە نەسـسـانەدا بـاس کـراون ئەوانەن کە باوەڕیان نەبێ بەو حوکمانەی لای خوداوە هاتوون، یا نوێژنەکردنەکە بە حەلاڵ بزانن.

بێجگە لەوەیش ئەم نەسسانە ئەگەرچی مەعنای زاهیری خۆیان هەیە لەوانەن تـەئویل بکـرێن، بەلام ئێمە دەلیلی قەتعیمان هەیە لەسەر ئەوە کە خاوەنی گوناهی گەورە موسوڵمانە و کافر نییـە و پێش پەیدابوونی خەواریج ئیجماع لەسەر ئەمە بووە.

موعتەزیلەکانیش دەڵێن پاش ڕێکەوتنی هەموو لایەک لەسەر ئەوە کە خاوەنی گوناهی گەورە فاسقە ئیختیلاف پەیدا بوو لەسەر ئەوە: ئەم فاسقە ئاخۆ (مؤمن) ە، وەک ئەهلی سوننەت دەڵـێن، یـان کـافرە وەک خـەواریج دەڵـێن، یـان مونافیقـە وەک حەسـەنی بەسـەری وتوویـە، ئێمـەی موعتەزیلەیش ئەوەمان ئیختیار کرد کە لە بناخەدا لەسەری ڕێکـەوتن کـە فاسـقییەکەیە، نـە بـە (کافر)ی دادەنێین وەک خەواریج، نە بـە (مـؤمن) وەک ئـەهلی سـوننەت، نـە بـە (منـافق) وەک حەسەنی بەسەری وتوویەتی، ئێمە لە وەلامی موعتەزیلەدا دەڵێین: ئەم عەقیدەی ئێوە فاسـیدە و لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێ، چونکە دروستکردنی ڕێگایەکە لەگەڵ ئیجماع و یـەکگرتنی سـەلەفی سالح ڕێک ناکەوێ، ئەوان ئەم (منزلة)ی (بين‌المنزلتين) ەیان لا نەبووە، کە مادام ئیمـان بـاوەڕ و تەسدیق بێ هەتا ئەو باوەڕ و تەسدیقە لە دڵدا بمێنێ ئیمانەکە هەیـە و خاوەنەکـەی بـە مـوئمین دەناسرێ.

حەسەنی بەسەریش، کە دەفەرموێ خاوەنی گونـاهی گـەورە مونافقـە، مەبەسـتی لـە (نفـاق) کوفری داپۆشراوە لە دڵی کابرای تاوانباردا، واتە: حەسەنی بەسەری خـاوەنی گونـاهی گـەورە بـە کافر دادەنێ ئەوەندە هەیە کوفرەکەی ئاشکرا نییە، ئەویش لای وایە کە واسیتە لە بـەینی کـوفر و ئیماندا نییە.

لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت دروست نییە هیچ شەخسێکی تایبەتی بە کافر دابنرێ و لەعنەتی لێ بکرێ تا بە دەلیلێکی قەتعی دەرنەکەوێ کە ئەو کەسە بە کافری مردووە، هەروەها رەوا نییە هیچ ئینسانێکی موسوڵمان کە خۆی بە ئەهلی قیبلە بزانێ بە کافر بدرێتە قەڵەم تا بە دەلیلی قەتعی مەعلووم نەبێ ئەو کەسە کافرە.

هەروەها رەوایە نوێژی جەماعەت بکەین بە ئیمامەتی هەموو پیاوێکی باش و هەموو پیاوێکی خراپ، هەرچەند مەکرووهە ئیقتیداکردن بە پیاوی فاسق.

رەوایە نوێژی جەنازە لەسەر هەموو مردوویەکی موسوڵمان بکەین، باش بێ یا خراپ؛ چونکە حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی [لا تَدَعُوا الصلاةَ عَلى مَنْ ماتَ من أهل القبلة]

لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت پێویستە ئینسان هەمیشە لەبەینی ترس و ئومێددا بێ؛ واتە لەلایەک ترسی لە غەزەبی خودای گەورە هەبێ و لەلایەک دڵی هەمیشە بە ئومێدی لوتف و میهرەبانیی خودا ئاوەدان بێ؛ چونکە ئەمینیی لە سزای خودا و ناهومێدی لە میهرەبانییەکەی هەردووکیان کوفرن، وا باشە ئینسانی موسوڵمان هەمیشە گومانی خێر و رەحمەتی بە خودا زیاد بێ؛ لە حەدیسی قودسیدا هەیە: «أنَا عِنْدَ ظنِّ عَبْدي بي»

(لله) لیباس نەهی لە مونکەر
ئەمر بە مەعرووف زەریف کە[42] لەبەر
کە چاوت پێ کەوت مونکەرێکی کرد
یەکێ[43]، دەفعی کە[44]، لە گەورە تا ورد[45]
بە دەس، بە زوبان، یاخۆ بە جەنان
(وَهذا الآخر أضعفُ الایمان)
(نعوذ بالله) جەزای نەوێنی
ئەوحالە: مونکەر تۆ نەیبوغزێنی؛
(أضعف الایمان) کە ببڕێتەوە
هەر کوفرە دیتر بەسەر رێتەوە
پەناهە بەر خودا لەوەی کە نەدوێ،
عاجزیچ نەوێ، کەیفی پێ بجوێ!

ئایـــــــەی شــــــەریفەی «لا یَضُــــــرّکم»
لـــــە ئیشـــــتیباهدا زۆری کـــــردن گـــــوم[٤٦]
مـــــەعنایان تـــــەواو نـــــەزانی چییـــــە؟
خســـــووس بـــــوێنین ئـــــەم شـــــرووتی‌یـــــە
(شـــــــرطهٌ ان لا یـــــــــؤدّی الــــــــی
فتنــــــــــة، وَ ظَـــــــــنّ اَنْ تُقْـــــــبَلا)
تـــــۆ بـــــێ ئـــــازا وە چـــــاک بکێشـــــە تێـــــغ
تـــــا تێـــــدا دەچـــــی هـــــیچ مەکـــــە درێـــــغ

پەناهـ بەر خودا: پەنا بە خودا. دیتر: ئیتر. نەدوێ: قسە نـەکا. بجـوێ: بجوولـێ. کـەیفی پـێ بجوێ: پێی خۆش بێ. بوێنین: ببینین. ئازا وە: ئازا بە. تا تێدا دەچی: تا دەمری.

واتە: تۆ هەر لەبەر رەزای خودای گەورە بەرگی ئەمربەچاکە و نەهی‌لەخراپە لەبەر بکە، واتە: با هەمیشە، وەک بەرگ، ئەم حالە باشەت پێوە بێ و بەپێی توانا ئەمر بە چاکە بکـە و رێ لـە خراپـە بگرە. هەرکاتێ و لە هەر شوێنێکدا چاوت بە یەکێ کەوت ئیشێکی ناشـەرعیی دەکـرد زوو هـەوڵ بدە بۆ نەهێشتنی ئەوکارە بەدە ناشەرعییە، لە هەرکەسێکەوە رووبدات، گـەورە یـا بچـووک. ئـەم هەوڵە بە دەست و بە هێز ئەگەر هەتبوو، یا بە زوبان و قسەکردن لەگەڵ خاوەن مونکـەردا و پێـی بڵێ: واز لەم کارە بێنە خودا ئەم جۆرە کارەی پێ ناخۆشە، ئەگەر بە دەست و زوبان نەیتوانی با بە دڵ ئەوکارەی پێ ناخۆش بێ و لە دڵی خۆیدا بڵێ: خودایا ئەم کارە نارەوایە و تـۆ پێـت ناخۆشـە؛ منیش پێم ناخۆشە و رقم لێیەتی. ئەم بەدڵ‌پێ‌ناخۆش‌بوونە بێ‌هێزترین پلەی باوەڕە. پەنا بە خودا لە سزای ئەوکەسەی خراپە ببینێ و پێی ناخۆش نەبێ و نەیبوغزێنێ. تۆڵەی ئەم بێ‌موبالاتییە زۆر نابارە؛ بێ‌هێزترین پایەکانی باوەڕ بەدڵ‌پێ‌ناخۆش‌بوونە کە ئەمەیش نەبوو بێجگە کـوفر چـی دێتـە رێگای ئینسان، واتە ئەگەر تۆ مونکەرەکەت پێ ناخۆش نەبوو، لە دڵدا رقت لێی نـەبوو، بترسـە لـە کافربوون، پەنابەخودا لە سزا و تۆڵەی ئەو کەسانە کە قسەیێ ناکەن بۆ لابـردنی مونکەرەکـە و بـە دڵیش پێیان ناخۆش نییە، بگرە شەوق و زەوقیان پێی دەبزوێ!

هەندێ‌کەس تەماشای ئایـەتی[یـا أیهاالـذین آمَنُـوا علـیکم أنفُسَـکُمْ لا یضـرّکم مَـنْ ضَـلَّ اذا اهتَدیتم... الآیة][٤٧]ی کردووە و وتوویەتی مەعنای وایە هەرکەسێ بـۆ خـۆی بـاش بـێ و رێگـەی خێری گرتبێتە بەر ئیتر زیانی نییە ئەگەر بێ‌دەنگ بێ بەرامبـەر بەوانـە کـە گومـڕان، بـەڵام ئـەم

کەسانە کەوتوونەتە ئیشتیباهەوە و مەعنای ئایەتەکە حالّی نەبوون، چونکە مەعنای (إذا اهتدیتم) کاتێ دێتەجێ کابرا بەقەدەر حاڵ مودافەعە بکا بە دەس و بە دەم و بە دڵ، ئەوسا موهتەدییە و بە مونکیری کابرای مونکیر تووشی زیان نابێ. والحاسل: جوملەی «لا یضرّکم» بەستراوە بە جوملەی «اذا اهتدیتم»ەوە. مەعنای ئەم «اذا اهتدیتم»ەیش نایێتە جێ تا بەقەدەر توانا تێنەکۆشێ بۆ لابردنی مونکەرات بەو سێ ڕێگە کە باس کران.

بەڵام بۆ ئەم ئەمربەچاکە و نەهی‌لەخراپەیە پێویستە ئەم مەرجانە چاودێری بکرێن:

یەکەم: ئەو ئەمر و نەهیە نەبێتە هۆی فیتنەیەک بەقەدەر فیتنەی بێدەنگ بوون لە عاستی خراپەکە یا زیاتر.

دووەم: کابرای ئامیر و ناهی گومانی وابێ ئەو ئەمر و نەهیەی لێ قبووڵ دەکرێ.

سێهەم: بزانی مەعنای مەعرووف یا مونکەرەکە چییە؟ واتە: بزانێ فلانە شت چاکە و ئەمری پێ بکا، یا ئەوەی تر خراپە و نەهیی لێ بکا.

چوارەم: ئەگەر نەزانێ یەکێکی وەک ئەو یا قسەرەواتر خەریکی ئەو ئەمربەمەعروف و نەهی‌لەمونکەرە بێ.

ئەنجا کە ئەم شەرتانە هاتنە جێ تۆ بێ هەروەکوو مەردێکی مەردانە تێغی خۆت رووت بکە و خەریکبە و دریغ مەکە تا گیانت تیایە و تینێکت هەیە.

(وَالله ستَّارٌ لاَ تَجسَّسُوا
وَلاَ تأمَنوا وَلاَ تَيْأسُوا)
تەقوا بەکارە بۆ من و تۆ و ئەو
(ثُمَّ نُنَجّي الَّذينَ اتَّقَوا) [٤٨]
خولاسەی تەقوا کە کەوتە پێوار
با نەوبەی بۆتەی تەوبە بێ ئەمجار
سیمی مەغشووشت چاک بتوێنەوە
لە دەس غەل و غەش خۆت بسێنەوە
(هَدى إليها بِإرشادِه
و يَقْبَلُها مِنْ عِبادِه)

(فضـــلاً وَ رَحْمَـــةٌ جَنـــابِ الکـــریم
حبّـــذا اللطـــفُ الخفـــی العَمـــیمُ)
تـەفرەی ئـەم تەوبـەی واجیبـە تـا کـەی؟
عومری سۆزوو کوا ئـەو سـۆزووی دەخـەی؟!
مـوحیببی مـەحبووب حـەقیقیی ئەقـدەس
حـوببی تائیفـەی تـەواوبینی هـەس[٤٩]
دەرمـان دە لـە رووی (قُـروُح) و (جُـروُح)
پـەرۆ کـە درپـاگ بـە تەوبـەی (نَصَـوح)
ئـەر بـاز نەفسـی شـووم تـۆ لـە رێ نابـا
تـــاقی (إنّـــه کـــانَ تَوّابـــاً)
سـەد تەوبـەت شـکاند خـۆت مەشـێرەوە
قـاپی گوشـادە بـاز هـەم بێـرەوە
تـۆ مـەچۆ لـە خـەت (فاسْـتَقِمْ) ئـەودەر
(مرحبـاً أهـلاً سـهلا یـا قَـدَرْ)
عەلاحیـدە و سـەخت رێـی مەلاحیـدە
رێـواز[٥٠] کۆمـەیی (نفـسٌ واحِـدَة)
ئەر سەد بار بێ بەیت هـیچ مالـت نـەوێ[٥١]
لـەناو عەشـرەتدا پـەکت ناکـەوێ
خـۆت لـە هاوبـەیتی هاومـالان نەخـەی
نیمـە بـەیتێکیچ هـەر چاکـە، سـا دەی
(سـائِقَ الأظْعَـانْ نحـوَ حَـیّ طَـیٓ!)
عەجَەلْ نەک مەهەلْ رێی پێ نـاوێ تـەی[٥٢]
حەرەکـەت بـاز هـەم حەرەکـەت دەدا
(طَالَمـا کُنّـا نَسْـمَعْ طَعْنَنَـا
مِـنْ وُشـاتِنَا فَسُـقْ ظَعْنَنـا) [٥٣]

پێوار: کەنار. کەوتە پێوار: کەوتە کەنار، واتە شاررایەوە و دیار نەما. تەفرە: دواخستن. سۆزوو. سبەینێ. موحیببی مەحبووب: خۆشویست و خۆشەویست، مەبەستی خودای گەورەیە. دەرمان دە: دەرمان بدە. پەرۆ کە: پەرۆ بکە، پینەوپەرۆ بکە. دریاگ: دڕاو، شڕوور. ئەر: ئەگەر. باز: فارسییە، واتە دووبارە، دیسان. تۆ لە رێ نابا: تۆ بە رێگای راستدا نابا. تاقی: تەحقیق، بەڕاستی. سەد تەوبەت: مەبەستی ژمارەی (١٠٠) ە، واتە: ئەگەر سەد جار تەوبەت شکاند، یا بەمەعنا هەرچەندە، ئەگەرچییە. مەشێرەوە: مەشارەوە. ئەودەر: دەر. مەچۆ ئەودەر: دەرمەچۆ. عەلاحیدە: تەنها و تاک. رێواز: رێی کراوە. کۆمە: کۆمەڵ. ئەر سەد بار بێ بەیت: ئەگەر سەد جار بێخانوو بێ، ئیشارەیشە بۆ شیعر. هاوبەیتی: هاومالی، دراوسێیەتی، هاوشیعرییش ئەگەیەنێ. عەجەل: پەلە. مەهەل: لەسەرخۆ.

واتە: خودای گەورە سرپۆشە. ئێوەیش لەسەر ئەو شێوە رەفتار بکەن و مەکەونە شوێن عەیبی خەلک و، ئەگەر خەوشێکتان دی دایپۆشن، ئەمین مەبن لە غەزەبی خودا و ناهومێدیش مەبن لە بەخشندەیی و میهرەبانیی.

تێکۆشن بۆ بەدەستهێنانی تەقوا و پارێزگاری؛ خودای گەورە حەز لە تەقوا دەکات، واتە: خۆپاراستن لە کوفر، خۆپاراستن لە گوناهـ و تاوان، خۆپاراستن لە تێکەڵبوون لەگەڵ هەرشتێ کە غەیری خودا بێ.

تەقوا سوودبەخشە بۆ من و بۆ تۆ و بۆ غەیری ئێمەیش، بەهۆی تەقواوە خودا لە سزا رزگارمان دەکات وەک فەرموویەتی: [ثم ننجّيَ الذين اتقوا و نَذَرُ الظالمينَ فيها جثِياً].

جا کە بنیادەم تەقوای نەبوو و بوو بە موستەحەقی سزای دۆزەخ، ئەبێ بۆ رزگارکردنی خۆی لەو سزایە چارەیەک بدۆزێتەوە. ئەو چارەیەش تەنها پەشیمانبوونەوەیە لە گوناهـ و گەڕانەوەیە بۆلای خودای گەورە. بەڵێ تەوبە وەکوو(بۆتە) وایە کە مادەی زێڕ و زیو و هاوچەشنی تێدا دەتوێننە و شتی ساغ و بێگەرد لە شتی قەڵب و ناپوخت جیادەکاتەوە.

مەولەوی دەڵێت: ئەو بۆتەی تەوبە و پەشیمانبوونەوە بێنە و کرداری غەش و غەللاویت بتوێنەوە، واتە ئەو کردەوانەی کە تا ئێستا کردوونت و تێکەڵ لە کاری چاک و خراپن ئەم جار بەهۆی ئەم تەوبەوە یەک لاییان بکەرەوە و جارێکی تر خۆت مەدە لە قەرەی کرداری نابار و ناپوخت و، شان بدەرە بەر کرداری ساغ و رەفتاری پاک و بێگرێوگۆڵ. خودای گەورە بە

میهرەبانیی خۆی خستینیە سەر رێگای تەوبە کردن و هەر ئەویشە کە بە لوتفی بێپایانی خۆی تەوبەکەمان لێ قبوول دەکات. ماشەڵلا لەم لوتف و میهرەبانییە بێ هاوتایەی خودای گەورە.

تۆ، ئەی برای موسولمانی دڵسۆز، ئەم تەوبە واجبە دوامەخە، تا کەی دوای دەخەی؟ عومری سبەینێ کوانێ؟ تۆ لەکوێ تا سبەی بە ساغی دەمێنی و عومری سۆزیت کەی مسۆگەرە تا کارەکەتی حەواڵە بکەی؟ کەواتە پەندی پێشینان واتەنی کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ و گرێی دەست مەخەرە ددان.

خۆشویست و خۆشەویستی راستەقینەی پاک و بێگەرد کە خودای گەورەیە کۆمەڵی تەوبەکارانی خۆش دەوێت.

بەتەوبە دەرمانی ئەو رێش و برینانەت بکە کە لە تاوان و گوناهەوە تووشی دڵت هاتوون، پینەوپەڕۆی ئەو کون و کەلەبەرانە بکە کە لە جلوبەرگی عیبادەتەکەتا یا لە تێکڕای بیروباوەڕتا هەن، بە تەوبەیەکی نەسووح و خالیس پینەیان بکە.

جا ئەگەر دووبارە نەفسی نەگبەتی (امّارە) ت وازیلێنەهێنایت و، لە رێی راستەوە نەیبردی و هەر تووشی گوناهی کردی، بەڕاستی دڵنیابە کە خودای گەورە هەمووکاتێ پەشیمانیی بەندەی خۆی قبووڵ دەکا و، ئەگەرچی بەهۆی نەفس و شەیتانەوە تەوبەکەت شکاند، شەرم مەکە و خۆت حەشار مەدە؛ دەرگای میهرەبانیی خودای گەورە وەک دەرگای لەخودا یاخییەکان نییە، ئەو هەمیشە کراوەیە، دە وەرە لە بەردەرگای فراوانیدا راوەستە و دوای لێبووردنی لێ بکە [قُلْ یا عِبادیَ الّذِینَ أسْرَفوا عَلی أنفُسِهم لا تَقْنَطُوا مِنْ رحمةالله، إنَّ الله یغفرُ الذّنُوبَ جمیعاً إنّهُ هُوَ الغَفُورُ الرّحیم][٥٤]

تۆ لە هێڵی «فاستقم کما أُمرت» دەرمەچۆ و لەسەر رێگا و باری باوەڕبەخودا و دڵسۆزی بەردەوام بە، ئیتر ئەگەر بە حوکمی قەزاوقەدەر تووشی گوناه بووی، ئەوا تۆیش بەندەیەکی وەک هەموو بەندەکانی خودا و لەوانەیە گرفتاری گیروگرفتی گوناهیش ببی، تەنها پێغەمبەران(د.خ) لە گوناه پارێزراون و خودا لوتفی تایبەتیی لەگەڵ کردوون. تۆیش ئەم جۆرە تووشبوونانە نابێ ببێتە هۆی ورەبەردان و ناهومێدیت لەدەریای پان و بەرین و بێبنی بەزەیی و میهرەبانیی خودای گەورە.

بەڵێ تۆ لە هێڵی راست دەرمەچۆ، رێگای مونکیران و بێباوەڕان مەگرەبەر کە رێگایەکی سەخت و هەڵەت و ملشکێنە. رێگای کۆمەڵی (نفس واحدە) بگرە. لەوانەیە مەبەستی مەولەوی

لە ڕێگای (نفس واحدە) ڕێگای حەزرەتی ئادەم بێ کە لەچاو بەرەی ئادەمزاددا یەکەم نەفس بوو، ڕێگاکەی ئەو ئەوە بوو کە لە بارەگای خوداوە، پاش تووشبوونەکەی، چەند ئامۆژگارییەکی وەرگرت و ڕێگای تەوبەی گرتە بەر [فتلقّی آدمُ من ربِّه کلمات فتابَ علیه إنّه هو التّوابُ الرحیم][٥٥]

یا مەبەستی ڕێگای ئەوانەیە کە پەیڕەوی پێغەمبەران بوون، کە لە یەکباوەڕیدا وەک تاقە نەفسێکن. ئەمانیش هەر ڕێگای تەوبە و پەشیمانبوونەوەیان گرتووەتە بەر. یا مەبەست ڕێگای جەماوەری ئوممەتی پێغەمبەرە(د.خ) ئەوانەی کە ڕێگای کیتاب و سوننەتیان گرتووەتە بەر و بە (فرقە)ی (ناجیە) ناوبراون.

یا مەبەست ڕێگای (محمدالمصطفی)یە کە لە جیهانی پێغەمبەرایەتیدا ئەوەندە جێگە و ڕێگەدار و پایەبەرز بووە وەک تاقانە بووە و کەس پێی نەگەیشتووە.

جا کە تۆ ڕێگای ڕاست و ڕێبازی کۆمەڵت گرتە بەر، هەرچەند بێ خانەوبەرە و بێ سەروەت و سامان بی، دڵنیابە لەناو ئەو کۆمەڵە ڕاستاڵە خوداناسەدا هەرگیز پەکت ناکەوێ.

مەولەوی بانگی خەڵکەکە دەکا ببنە دۆست و هاوڕێ و دراوسێی خوداناسان[واتقوالله وکونوا مع الصادقین][٥٦]

دیارە کە ئینسان لەناو کۆمەڵی خاوەن ئیمان و ئەهلی عیلم و کردارباشدا بوو تەمێ وردەگرێ و لە چاکانەوە سوودی دنیا و قیامەتی دەس دەکەوێ، کە گوناهێکی لێ قەوما گورج دەگەڕێتەوە و پەشیمان دەبێتەوە و، ئەو چاکانە کە لەناویاندا دەژی ئامۆژگاریی دەکەن و دراوسێیەتییان کاری تێدەکات و دەبێتە خێر بۆی، وەک چۆن لێقەوماو لەناو هۆزدا باربوو دەکرێ و پیتاکی بۆ کۆ دەکرێتەوە، بۆیە دەڵێ: هەرچەند بۆت دەلوێ لە هاوماڵی و هاوسێیەتی و نزیکی لە هاوماڵان کۆتایی نەکەی. هەروەها وەک لەپێشەوە وتمان (بەیت) ەکەی مەولەوی ئیشارەیەکیشی بۆ شیعر تێدایە؛ ئەوەتە دەڵێت: بە نیوە بەیتێکیش لێیان نزیک بیتەوە، هەر باشە. بۆ ئەم مەبەستەیش خۆی لەپێش خەڵکی تردا لە نیوە شیعرێکی (ابن الفارض) ی[٥٧] سۆفیی ناودار ئیقتیباسی کردووە و دەڵێت: «سائق الأضعانِ نحو حیّ طیّ»... (ابن الفارض) یش وتوویە:

سائق الأضعانِ یطوی البیدَ طیّ
مُنعِماً عرِّجْ علی کثبان طَیّ

هەرچون بی وا لەگەڵیدا بووەتە هاوبەیت و دەڵێت:

ئەی سەرقافڵەی کۆچی دڵداران بەرەو هەوارگەی دەس‌گوشادان! زوو بە، بە پەلە نەک بە سستی و خاوی، بە سستی بچین هەرگیز ناگەینە هەوارگەی یاران، بجووڵێ؛ جووڵان بەرەکەت دێنێ، بەرەکەتیش دیسان جووڵان دەهێنێ... زۆر جار بووین بە نیشانەی تیر و توانجی بەدکاران. دە تیژ لێخوڕە لە بارگە و قەتار هەتا دەگەینە دواقۆناعی بەختەوەری.

***

١ـ ئەم سەرباسە لە دەستنووسەکەدا نییە، تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەیە، ئەویش پێش بەیتی (یَسْمَعُ ارفع... تاد) دایناوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەیتە لەگەڵ بەیتی پێشەوەیدا موو بە بەینیاندا ناچێ و توند بە یەکەوە شەتەک دراون، واتە: شوێنەکە شوێنی سەرباس نییە وەک عینوانێک. ئێرە شوێنیەتی وەک ئێمە دیاریمان کردووە.

٢ـ پێ بنێتەوبەر: پێ بخاتە بەر، یەک پێ بجووڵێ، چۆن دەخوێنرێتەوە وەها نووسیومانەتەوە، ئەگینا لە دەستنووسەکەدا (پی بنێتە اوبَرْ) نووسراوە، تەنها زەنەیەکی لەسەر واوەکە داناوە و پێمان دەڵێ چۆنی بخوێنینەوە.

٣ـ ئەم (نەفسی نەفسی)یە لە عەرەبییەوە هاتووە ئەسڵەکەی (نفسی، نفسی) بووە، واتە: هاوار بۆ نەفسی خۆم، هاوار بۆ نەفسی خۆم، ئیتر لەوەوە بووەتە کوردی، واتە: هەرکەس بۆخۆی خەریکە و کەسی تری بە خەیاڵدا نایە.

٤ـ ئەم دوو رستەیە فارسین، واتە: حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) لەو کاتەدا کە هاوار و فوغانی خەڵکی دەبیسێ سەری لە سوجدەدایە و دڵیشی نوقمی دەریای شوهوود و نووری زاتی خودایە و چاوەڕوانی لوتف و رەحمەتە.

٥ـ ئەمە بە خۆی و سەروژێرەوە شێوەنووسی دەستنووسەکەیە. عیبارەتەکە لەئەسڵدا (تُشَفَّعْ)ە. بێ‌گومان (تُشْفَعْ) مەعنای (تُشَفَّعْ) نادات، لەبەر ناچاریی سەنگی شیعرەکە بەکاری‌هێناوە.

٦ـ واتە: فَیُرْفَعُ، لەبەر سەنگی شیعرەکە زەنە لەسەر عەینەکە دانراوە.

٧ـ دەیێتەو دیار: دەردەکەوێ.

٨ـ «یَشْفَعُ» لەفز و مەعنای تەواوە. «یُشْفَعُ» زەنەکەی لەبەر ناچاریی شیعرە. بەڵام بابە سەرفی‌یەکەی و مەعناکەی تەواو نییە دەبوا (یُشَفَّعُ) بوایە. مەولەوی مادام شیعر و وەزن ناچاریان کردووە هەندێ سەروژێر بگۆڕێ دەیتوانی بڵێ (یَشْفَعْ، یُشَفَّعْ) نازانم بۆ وا نەیگۆڕیوە؟

٩ـ واتە: (هُوَ شِفاءُالقلوب) ئەم (هو) ەیش بۆ پێغەمبەر دەگەڕێتەوە(د.خ).

١٠ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا پەراوێزێکی مەولەوی بەعەرەبی لەسەر کەلیمەی (فترضی) نووسراوە، ئەمە مەتنەکەیەتی: «بدلٌ من (ضوءالضحی) أی اِسْتَضِیء من ضوء سورة الضّحی و هو کلمة (فترضی) فی قوله تعالی [وَلَسَوْفَ یُعْطِیکَ رَبُّکَ فَتَرْضی]. أو اسْتَضِیء من ضوء ضحی الأدلّة بما نَقولُ وتُصَدّقُ به. منه».

واتە: ئەم نێوە شیعرە دوو بار هەڵدەگرێ:

١ـ (فترضی) بەدەل بێ لە (ضوءالضحی)، واتە: تۆ ئەی خوێنەوار رووناکی لە تیشکی سوورەتی (ضحی) وە وەربگرە، رووناکی لە (فترضی) وە وەربگرە، کەخودای گەورە بەڵێنی بە پێغەمبەر(د.خ) داوە و پێی فەرمووە: لەمەوپاش ئەوەندەت لوتف و کەرەم لەگەڵ دەکەم بەتەواوی رازی و شاد بی. دیارە ئەم تکا قبووڵ‌کردنەی رۆژی قیامەت لووتکەی رێز و پایەبەرزییە.

٢ـ یاخۆ بەدەل نییە و راستە؛ عیبارەتەکە مەعنای ئەوەیە: لە تیشکی چێشتەنگای دەلیلە بـەهێزەکان روونـاکی وەربگرە هەتا رازی ببی و باوەڕ بە قسەکانمان بکەی... تاد.

١١ـ یانی: یەعنی. وا: وەها. یانی وا: یەعنی دەبێ وەها بێ، وەک دەڵێی پیاو دەبێ وابێ.

١٢ـ شێوەنووسی دەستنووسەکە (همولایی) و (تعالایی)یە کە دەبێتە (هەموو لایێ، تەعالایێ). راستە رێگاکـەی (همووڵایە، تعالایە) یە، بەڵام شێوەنووسینی (تعالایی) وام لێدەکات بڵێم دوور نییە ئەم(یـی)ی (تعـالا/یـی)یـە بـە مەعنا (دێت) بێ، دوورخستنەوەی (یی) کە بێ‌کاکڵ نییە، واتە: نۆرەی تەنها رەحمەتی حەق‌تەعالا دێت.

١٣ـ ئایەتی(١٠٩) سوورەتی (طه).

١٤ـ ئایەتی(٢٥٥) سوورەتی (بقرە).

١٥ـ ئایەتی (٢٨) سوورەتی (انبیاء).

١٦ـ بڕوانە: (منصور علی ناصف، التاج الجامع للأصول فی أحادیـثالرسـول. بیـروت. دار إحیـاء التـراث العربـی، الطبعة الثالثة ١٣٨٢هـ ـ ١٩٦٢م، الجزءالخامس).لاپەڕەی (٣٨٣).

١٧ـ سەرچاوەی پێشوو. ل(٣٨٤)

١٨ـ سەرچاوەی پیشوو. ل(٣٨٤) لەگەڵ شەرحەکەیدا.

١٩ـ سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە(٣٨٦) لەگەڵ شەرحەکەیدا.

٢٠ـ سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٩٢).

٢١ـ هەمان سەرچاوە. لەگەڵ شەرحەکەیدا.

٢٢ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٣ـ سەرچاوەی پێشوو، ل (٣٩٣).

٢٤ـ (حُمَم): جەمعی (حُمَمَە)ە کە خەڵووزە. فی أفواه الجنة: سەرەتای دەرگای بەهەشت. نهرالحیـاة: جۆگـای ژیان. (حِبّة): ئەو دانەیە کە خۆی سەوز دەبێت، شتی وا زۆرە لە سروشتدا، ئەوەی کە خەڵک دەیچێنێ (حَبّة) یـە. (حَمیل السیل) ئەوەی لافاوی باران دەیهێنێ لە کەف و لیتە. ئەو دانەی لەم لیتە و کەفاوەدایە زوو سـەوز دەبـێ و پێدەگا، ئەڵبەت ئەمانەش وەها زوو دەبووژێنەوە.

واتای حەدیسەکە: خودای گەورە دەفەرموێ: فریشتەکان تکای خۆیانیان کرد، پێغەمبەران تکای خۆیانیان کرد، موسوڵمانە پایەدارە رێدراوەکان تکای خۆیانیان کرد، ئەمانە هەموو هەریەک بەقـەدەر ئـەو توانایـەی پێـی درابـوو خەڵکی رزگارکرد. کەس نەماوەتەوە (أرحم الراحمین) نەبێ کە دەریای رەحمەتی دێتە جۆش پڕ چنگێ لە ئـاگری دۆزەخ دەگرێ بە دەستەوە؛ بەڵام چۆن چنگێ، کۆمەڵە خەڵکێکی لێ دەردێنێ کە بـە عومریـان رێیـان لـە چاکـە نەکەوتووە و بوونەتە پارچەی خەڵووز، فڕێیان دەداتە نێو جۆگایـەک لـە بـەردەمی بەهەشـتدا کـە پێـی دەوتـرێ جۆگای ژیان. لەو جۆگایە دەردەچن بە بووژاوەیی وەک ئەو دانەخودڕووەی لەگەڵ لیتە و کەفی لافاوی بارانـدا دێ و زوو سەوز دەبێ.

لێرەدا دەهەندەیی و بەخشندەیی بێ‌سنووری خودای گەورە خۆی دەنوێنێ، بێ‌گومان ئەوانەی بەم عەفوە مەزنە رزگار دەبن بەراورد ناکرێن لە زۆریدا لەگەڵ ئەوانەی بە تکای خەڵق رزگار بوون.

بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٩٦) لەگەڵ شەرحەکەیدا.

٢٥ـ لە چاپەکەدا «یا» نووسراوە، هەڵەیە. لە دەستنووسەکەدا (با)یە و مەعناکەیشی تەواوە.

٢٦ـ ئایەتی(١٩) سوورەتی (محمد).

٢٧ـ ئایەتی (٦٤) سوورەتی(نساء).

٢٨ـ ئایەتی (٣٣) سوورەتی (انفال).

٢٩ـ ئایەتی (١٢٣) سوورەتی (بقره).

٣٠ـ واتە: فەزڵ و بەدەست و دەهەنەیی خودای گەورە.

٣١ـ واتە: عەدالەت و دادپەروەریی خودای گەورە.

٣٢ـ «یغفر دون» و «مَنْ یشاء» ئیقتیباسە لە ئایەتی (٤٨)ی سوورەتی (نساء).

٣٣ـ وەک کۆمەڵی موعتەزیلە دەڵێن.

٣٤ـ وەک خەواریج دەڵێن.

٣٥ـ واتە: ئەم ئەسڵی پێنجەمە کە ئیمان بە ڕۆژی قیامەتە، ئەسڵێکی زۆر بەسامە، وای بەباش دەزانم بە باسی تەکفیر نەکردنی خەڵک دوایی بهێنم، تا نەختێ ترسەکە سووک بێت.

٣٦ـ ئایەتی (٣١) سوورەتی(نساء).

٣٧ـ ئایەتی (٤٨) سوورەتی (نساء).

٣٨ـ ئایەتی (٩) سوورەتی (حجرات).

٣٩ـ ئایەتی (٨) سوورەتی (تحریم).

٤٠ـ ئایەتی (١٧٨) سوورەتی (بقره).

٤١ـ ئایەتی (٤٤) سوورەتی (مائده).

٤٢ـ کە: بکە.

٤٣ـ «یەکێ» فاعیلی «کرد»ە.

٤٤ـ کە: بکە.

٤٥ـ بەپێی پەراوێزێکی مەولەوی خۆی کە لە دەستنووسەکەدا نووسراوە، واتە: گوناهی گەورە یا بچووک، یا پیاوی گەورە یا عادەتی، یا پیر یا جوان.

٤٦ـ بەیتی پێشوو و ئەم نیوبەیتە بەستراون بە یەکەوە و مەعنایان پێکەوە تەواو دەبێ، ئەگەر نەختێ پاش‌وپێش و دەسکارییان بکەین وایان لێ‌دێت: مەعنای ئایەتی شەریفەی «لا یضرّکم»یان بەتەواوی نەزانی؛ چونکە کەوتنە شوبهە و هەڵەوە و بەهۆی ئیشتیباهەوە زۆر کەس گوم بوون و تیاچوون، یا زوو ڕێیان گوم کرد. ئەمەیش ئیشارەیە بۆ قسەیەکی حەزرەتی ئەبووبەکر(ر.خ) کە ڕۆژێ فەرموویەتی: [یا أیّهاالذین آمنوا علیکم أنفُسَکم لا یَضُرکم من ضَلّ اذا اهتدیْتُمْ]، (ئایەتی (١٠٥) سوورەتی (مائده)) وَ أنا سمِعنا رسول‌الله(ص) یقول إنّ الناسَ اذا رأوا الظالم فلم یأخذوا علی یَدیه أوشَکَ أن یعمّهم الله بعقاب، واتە: ئەی موسوڵمانینە! ئێوە ئەم ئایەتە دەخوێننەوە و لە غەیری شوێنی خۆیدا دایدەنێن، یەعنی مەبەستە ڕاستەقینەکەی لێ وەرناگرن. ئێمە لە پێغەمبەرمان(د.خ) بیستووە

دەیفەرموو: کە خەڵک زۆردار ببینن زوڵم بکات و دەست نەهێننە ڕێگای و مەنعی نەکەن نزیکە سزای خودا هەموویان بگرێتەوە، زاڵمەکەیش و خەڵکەکەیش.

[هەندێ کەس لەو کەسانەی کە بە هۆی «لا یضرکم» گومڕا بوون و لاڕێ چوون خراپ لە] ئایەتەکە گەیشتوون کە ئەگەر ئینسان خۆی باش بێ و ڕێی ڕاستی گرتبێ گومڕاهیی خەڵکی خراپ زیانی لێنادات و، کەس حەقی بەسەر کەسەوە نییە.

حەزرەتی ئەبووبەکریش ئاگاداری کردنەوە کە ئەوان خراپ تێگەیشتوون، ئەبێ هەوڵ بدەن و ڕێگای ڕاست پیشانی خەڵک بدەن و چەوتیی‌یان ڕاست بکەنەوە، ئەگینا شالاوی سزای ئەوان ئەمانیش دەگرێتەوە. بناغەی ئاگادارکردنەوەکەی حەزرەتی ئەبوبەکر(ر.خ) لە ئایەتەکە خۆیدایە؛ خودا دەفەرموێ: گومڕاهیی ئەوان کاتێ زیانی نابێ بۆتان کە ئێوە، ڕێگای هیدایەتتان گرتبێتە بەر، ئەمربەچاکە و نەهی‌لەخراپەیش بەشێکە لەم ڕێگایە. بێ‌گومان ئەگەر پیاوچاکان لە واجبی سەرشانیاندا کۆتاییی‌یان نەکرد و ئەمربەچاکە و نەهی‌لەخراپەیان جێبەجێ کرد گوناهی خەڵکەکە زیانیان لێنادات.

باوکم لە شەرحەکەدا نەختێک ئەم باسەی ڕوون کردووەتەوە، مایەوە دەقی بەیتەکە؛ ئەوا لە نوسخە دەستنووسەکەدا چۆن نووسراوە وەها دەیخەینە پێش چاوتان:

آیەء شریفەء (لا یَضُرُّکُمْ)

لە اشتباەدا زوری کردن کُمْ

من تەنها دوو واتام بۆ نیوەی دووەم دۆزیبیەوە کە لە سەرەتای ئەم پەراوێزەدا باسم کرد. زۆریش لێیان دڵنیا نیم، ئەگەرچی تێکڕای مەبەستەکە ئاشکرایە.

بۆ فەرموودەکەی حەزرەتی ئەبوبەکر بڕوانە: (منصور علی ناصف، التاج الجامع للاصول فی احادیث الرسول، بیروت، داراحیاء التراث العربی ١٩٦٢م ـ ١٣٨٢ هـ الجزء الخامس) ل ٢٢٣.

٤٧ـ ئایەتی (١٠٥) سوورەتی (مائدە).

٤٨ـ ئایەتی (٧٢) سوورەتی (مریم).

٤٩ـ ئیشارەیە بۆ ئایەتی [إن‌الله یحب التوابین و یحبُّ المتطهرین] ئایەتی(٢٢٢) سوورەتی (بقرە).

٥٠ـ لە دەستنووسەکەدا لەسەر کەلیمەی (ڕێواز) بە فارسی دوو پەراوێز نووسراوە: یەکەمیان مەعنای لێداوەتەوە و دووەمیان ئیعرابی کردووە. ئەمەیش تەرجەمەی هەردووکیانە:

١ـ ڕێواز بە کوردی بە ڕێگایەک دەڵێن کە هەمیشە ڕێرەوی کۆمەڵێ یا چەن کۆمەڵێکی تایبەتی بێ.

٢ـ کەلیمەی ڕێواز مەفعوولوبیهی فیعلێکی لابراوە کە (بگرەبەر) ە، واتە ئەو ڕێگایە بگرە بەر... تاد....

٥١ـ لە نوسخە چاپەکەدا (باکت)ە.

٥٢ـ پەراوێزێکی مەولەوی خۆی بە فارسی لەسەر ئەم نیوە بەیتە هەیە، بە نیوەشیعرێ دوایی پێ‌هێناوە، دەفەرموێ: واتە: ڕێگا بە سستی و دواخستن و ئەمڕۆ و سبەی نابڕێ، کاری سبەی سبەینێ‌یەکی تری دەوێ. یا واتە: ڕێگا بەپێی زاهیری نابڕێ؛ بەپێی ڕۆح بڕۆ (بعد منزل نبود در سفر روحانی) لە سەفەری جیهانی گیاندا مەنزڵ دووری نییە.

٥٣ـ هەر خودا خۆی دەزانێ مەولەوی لەکاتی وتنی ئەم بەیتە و دواهێنانی ئەم باسەدا لە چ بـارێکی نەفسـی یـا رۆحیدا بووە؟.

٥٤ـ ئایەتی (٥٣) سوورەتی (زمر).

٥٥ـ ئایەتی (٣٧) سوورەتی (بقره).

٥٦ـ ئایەتی (١١٩) سوورەتی (توبه).

٥٧ـ عومەری کوری فاریز یەکێکە لە هەڵکەوتووەکانی ئیسلام و تەسەووف سالی ١١٨٠ی ز لە قـاهیرە لـەدایک بووە و، هەر لەوێش سالی ١٢٣٤ی ز کۆچی دوایی کردووە.



مَبْحَثُ القَضَاء وَالقَدَر [1]

وەســـەر [2] هەوارگــەی شەشـــەمینەدا
قەزاوقــــەدەر وان لـــــە کەمینــــەدا
مەزهـــەبی قـــەومی ئەشـــعەرییەیە
قــــەزا ئـــــیرادەی ئەزەلییەیــــە
بەســـتە بـــە ئەشـــیا تـــەمام و کـــەمال
لەســـەر هـــەرچی هـــەن (فـی مـا لایـزال)
قـــەدەر ئیجـــادی حـــەق تەعالایـــە
(فضـــلاً، رحمـــةً) بـــۆ ئـــەو ئەشـــیایە
لەسەر قەدرێکی مەخسووس و موتقـەن
بـە تەقـدیرێکی مەنسـووس موعەیيـەن
(فـــی ذواتِهـــا فـــی وَصِـــفَاتِها
وأحْوالهـــــا فـــــی أوقاتهــــــا)
یـــا قـــەزا (علـــم الحـــقِّ عَـــزَّ، جَـــلَّ
أوَّلاً بـــــذی الأشـــــیا فـــــی الأزل)
(کَمَـــا هِـــیْ عَلَیْـــهْ. وَ أمَّـــا القَـــدَرْ)
ئیجادیان بە وەفق عیلمـی سەربەسـەر [3]
(ذا بَعْـــضٌ ممّـــا قـــالوا هُناکـــا
وَقَـــدْ فُسّـــرا بغیـــر ذاکـــا)

ئەمە باسی ئەسڵی شەشەمە لـە شـەش ئەسڵـەی ئیمـان کـە بریتییـە لـە ئیمـان و بـاوەڕ بـە قەزاوقەدەر.

لێرەدا مەبەستی راستەوخۆی مەولەوی ئەوەیە کە زانایانی ئـایینی ئیسـلام لەبابـەت بـاوەڕەوە شەش مەنزڵیان هەیە و، مەنزڵی شەشەمیان باسی قەزاوقەدەرە کە ئێستە پێـی گـەییوە. دەیـەوێ ئەوەش بڵێ کە من خۆم باسی قەزاوقەدەر دەکەم، کەچی قەزاوقەدەریش لە پارێزدایە بۆم.

دوور نییە نیمچە ئیشارەیەکیشی تێدابێ بۆ ئەوە کـە مەولـەوی خـۆی لـەو وەختـەدا کـە لـە دوادوایی کتێبەکەیدا بووە و خەریک بووە لێ‌بێتەوە، عەقدی شەشەمی تەمـەنی بـڕیوە و دەسـتی کردووە بە عەقدی حەوتەم و نزیکتر بووە لە قەزای مردنەوە، بۆیە بەکوڵ دەڵێ «فَسُقْ ظعننـا...» و «وەسەر هەوارگەی... تاد» ئیتر نایەوێ قافڵەکە لە هەوارگەی شەشەمدا بوەستێ چونکـە تـەواو بووە، وا ئەم پێی ناوەتە حەوتەم.

هەرچۆن بێ مەولەوێ دەفەرموێ: (قضا) لای زانا ئەشعەرییەکان بریتییە لە ئیرادە و خواسـتی ئەزەلیی خودا کە پێوەندە بە شتەکانەوە بەو حاڵ و جۆرە لە پاشەڕۆژدا و لە (مالایزال)دا لەسـەری دەبن. (قَدَر) یش بریتییە لە ئیجاد و دروست‌کردنی خودا بۆ ئەوشتانە هەریەک لـە کـات و وادەی خۆیدا و لەسەر ئەو ئەندازە کە بڕیاری داوە و لەسـەر ئـەو حـاڵ و سـیفەتانە کـە خواسـتی خـۆی دیاریی کردوون. بەڵام لای فەلاسیفە (قضا) بریتییە لە عیلمی خودا (بما ینبغی ان یکـون الوجـود علیه). ئەمەیش عەینی عینایەتی ئەزەلییەیە کە مەبدەئە بۆ فەیەزانی وجوود (علی احکم الوجـوه) و قەدەریش عیبارەتە لە دروست کردنیان.

قـەدەر موسـتەلزیم لـەبۆ قەزایـە
بۆ وە بە تەسریح حەدیس پێـی نایـە
ئیمـان بـە قـەدەر ئیمـان بەویچـە
بشنەو پێـی‌دەوێ ئـەم تەفسـیلیچە
ئەر فکرت بووێ زووم کرد ئیشارەت
تەهزیب ناکەم من هیچ بۆ عیبـارەت
ئـەم کـەلام دەگـەڵ فلانـە کـەلام
(أولاً) هـــەرتا تەکـــەڕرور بـــووێ
چـاکتر بـا چـاکتر تەقـەڕرور بـووێ

قسەی ناحەقیچ کە بێشومار وێ
حەق هەر یەکێکە تەوێ تەکرار وێ

تەوێ: دەبێ، پێویستە.

واتە (قَدَر) موستەلزیمە بۆ (قضا) ؛ چونکە (قَدَر) بریتییە لە دروستکردنی شتەکان هەریەک لە شوێنی خۆیدا، دیارە دروستکردن بە بێعیلم بە دروستکراو نابێ. [ألا یَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَ هُو اللّطیف الخبیر][٤]. هەروەها ئیمان بە (قَدَر) موستەلزیمە بۆ ئیمان بە (قضا) واتە: کە ئینسان باوەڕی بە (قَدَر) هەبوو مەعنای ئەوەیە باوەڕی بە (قضا) یش هەیە، هەر لەبەر ئەمەیە حەزرەت (د.خ) لەحەدیسەکەدا تەنها باسی (قدر)ی فەرمووە و بە سەراحەت ناوی (قضا)ی نەهێناوە و فەرموویەتی: «وَ تؤمنَ بالقَدَرِ خَیْرِهِ وَشرّهِ... الحدیث»[٥] ئەنجا مەولەوی دەفەرموێ: ئەگەر لەبیرت بێ من زوو لە باسی ئەسڵی یەکەمدا بۆم باس کردی کە قەدەر و ئیجادی خودای گەورە بۆ شتەکان عام و شامیلە بۆ هەموو شتێ، ئەوەبوو وتم:

ئەوە موئەسسیر (فی الوجود) و بەس
(جَلّ، تعالی، عَزَّ، تقدّس)
بێ وێنە و ماددە، بێ موددە و ئالەت
وە بێ ماندەگی و عیجز و مەلالەت
ئاوردیە وجوود گشت ئەجزای عالەم
لە عەدەم دیسان دەیواتەو عەدەم[٦]

هەروەها دەفەرموێ: من زۆر مەبەستم نییە کە قسە کورت بکەمەوە، جا ئەگەر قسەیێکم لەگەڵ قسەیێکی پێشوومدا یەک بن و بتوانرێ بە یەکێکیان ئیستیغنا لەوی تریان بکرێ گوێی نادەمێ و هەر دەیڵێمەوە؛ یەکەم قسەکانم چاکن و بگرە بە چاکتریان دەزانم، با قسەی چاکتر دووبارە بکرێتەوە هەتا باشتر لە مێشکی خەڵکیدا جێگیر بێ. دووەم خەڵک قسەی ناڕەوا و نابەجێ زۆر دەکەن، قسەی راست و رەوا با یەکێکیش بێ پێویستە بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەی ناڕەوا زۆر بوترێتەوە، لەبەر ئەمە ئەگەر لەم باسی ئیمان بە (قضا) و (قَدَر) ەدا قسەیێکم کرد کە زووتر کرابوو سەرزەنشتم مەکەن و چاوپۆشیم لێ بکەن.

ئەوا لە دیوان (قضا) و (قَدر) دا
سەغیر و کەبیر گشت لە دەفتەردا

(مـــا ذر لـــــه الکــــونُ بـــــالمرّة
حتـــــى خـــــردلٍ، حبّـــــةٍ، ذرّةٍ:(۷)
اوْ لَمْحــــــةٍ أو لَفْتــــــةِ نــــاظر
اوْ خَطـــــرةٍ أو فَلْتــــــةِ خـــــاطر)
(فـــى أمّ الکتــاب فـــى لـــوح محفــوظ
فـــى العلــم المحـــیط کُلّهــا ملحـــوظ)
ئـــــیرادەی تـــابیع علیمــــی ئامـــادەی
قـــودرەتی تاممّــــەی ئەوشـــۆن ئـــیرادەی
رووی کرد لە سـەرکەل سـەربەرزیی ئـەزەل
وەلای مومکینـــــدا ئـــەولای موســـتەقبەل
تێریتــــــە وجــــــوود (بإحســـــانه)
(کُـــلّ واحـــدٍ فـــــی زمانــــــه) (۸)
(حَضْـــــرُ الوجــــوبِ ذا مُقْتَضـــــاهُ:
لَــــیْس خـــــالقُ السِـــوی سِـــــواهُ)
(أَلَــــمْ تَــــرَوْا المـــــدَّ للفــــیء؟(۹)
فَهُــــو الخـــــالِقُ لکـــــلّ شــــیء)
موریـــــد و فــــــەعال (لمـــــا یُریــــد)ە
چـاک، خـراپ، مەریـد ئەگـەر موریـدە(۱۰)
حەســەن ئـەر قـەبیح، نـافیع ئـەر (ذو ضـرّ)
کوفر ئەگەر ئیمـان، ئەگـەر خـەیر ئـەر شـەڕ
تاعەت و عیسیان، فیعل و قـەول و نـەفس(۱۱)
ئەر سەهو ئەر نیسیان (اَلیَوْمْ) غـەد و ئـەمس
تـــاڵ و شـــیرین و، عـــاجزی و ســــورور
زیـــادی و کــــەمال، نوقســـان و قوســـوور

خـــویش و بێگانـــە وەک نزیـــک و دوور
حـــەیات و مـــەمات، زولومـــات و نـــوور
بـاو بـاران، هـەور و بـەور و گشـت زەمـین
ئاسمـان یـەکیـەک تـا عەرشـی بـەرین
ئـــیرادە و مەشـــیەت تەقـــدیری ئـــەوە
قـــەزا و حـــوکم و عـــەدل تـــەدبیری ئـــەوە

ئەوا لە دیوان: وان لە دیواندا. (ما) ئیسمی مەوسـوولە، واتـە: ئـەو شـتەی... (ذَرٌ): دەرکـەوت. (الکون): بوون. بالمرّة: فی المرّة: یەکجار، تێکڕای ڕستەکە واتـە: ئـەو شـتەی یـەک جـار بـوونی دەرکەوتبێ. ئەوشۆن: دواکەوتوو، تابیع. بەور: بەفر.

واتە: هەمووشتێ گەورە و بچووک هەمووی لە دەفتەردایە و لە دیوانی(قضا) و (قدر)دا ئامادەیـە و ڕەچاوە. هەرشتێ جارێ بووبێ تەنانەت خەردەلە، تۆوە وردەکەی تۆزقاڵی لـە هـەوادا بڵاوبـۆوە، ڕوانینی بەقـەدەر چاوبەیـەکادانێ، خەتـەرە و خەیاڵـی پـەرتی دڵ، هـەرچی گـورج بـە مێشـکدا تێدەپەڕێ، هەموو ئەمانە و لەمانە بچووکتر و گەورەتر لە (أمّ الکتاب)دا و لە لـەوحی مـەحفووزدا و لە عیلمی فراوانی خودای گەورەدا تەماشا کراون و پێیـان زانـراوە. ئـیرادە و خواسـتی خـودا کـە تابیعی عیلمی ئامادە و حازریەتی و قودرەت و توانـای کـە تـابیعی ئیرادەکەیـەتی لەسـەر کێـوی بەرزی ئەزەل، واتە هەر لە زووەوە، ڕووی‌کردە ئەو مومکینانەی کە لە پاشەڕۆژدا دەبن و دێنـەجێ، خودای گەورەی زانا و ئیرادەدار و بەتوانا بە فەزل و چاکەی خۆی هەر مومکینێ لـە مومکینـەکان کە خواستی بوونی هەبووبێ دەیهێنێتە وجوود.

دیارە کە تەنها خودای گەورە (واجب‌الوجود) بێ و بەس، دەبێ هەر ئەویش خـالق بـێ و شـتی لەئەوبەدەر ئەو دروستی بکات. نـابینن خـودای گـەورە سـێبەری شـتەکانی دروسـت کـردووە و ڕایکێشاوە، کە وەک (عارض) وایە بۆ خاوەنەکەی، ئەمە مەعنای ئەوەیە شتێ نییە خـودای گـەورە دروستی نەکردبێ یا دروستی نەکا.

بێ‌گومان خودای گەورە خاوەنی خواستە و خواستی لەسەر هەرشتێ ببێ دەیکا چـاک بـێ یـا خراپ، مورید و گوێڕایەڵ بێ یا یاخی و سەرکەش، جوان بێ یان ناشیرین، سـوودی هـەبێ یـان زیاندار بێ، سیفەتی کوفر بێ یان ئیمان، خێر بێ یان شەڕ، خوداپەرستی بێ یا بەدکاری، کـردەوە

بێ یان وتار یان هەناسە، ئەمڕۆ بێ یان سبەی یان دوێنێ، سەهو بێ یان لەبیرچوون، تاڵ بێ یان شیرین، زویری یا دڵشادی و مەسرووری، زیادی بێ یان کەموکووڕی، نزیک بێ یان دوور، ئاشنا بێ یان بێگانە، ژیان بێ یان مەرگ، تاریکی بێ یان ڕووناکی، با و باران و هەور و بەفر و زەوی و ئاسمان یەک‌یەک تا عەرشی باڵا، هەموو ئەمانە و، ئەوەی هەیە و ئێمە دەیزانین و ئەوەی هەیە و نایزانین، هەموو بە خواست و خەلقی خودای گەورە و بە قەزا و فەرمان و دادپەروەری و تەدبیری ئەوە.

بەڵێ چاوەکەم! تۆ خۆت دەیزانی
واهیمە دارە عەقڵی ئیمکانی
هەر سیفەتێ حەق بڵێ کەماڵە
گەورەی بزانی بۆ ئەو دەرماڵە
ئەو وەسفە بێران نیسبەت دە چاکە
(صلاةَ الأدب) باوکە! ئەدا کە[12]
(الله اکبَرْ) بڵێ بە یەقین
(الحمـدُ لله رَبِّ العَالَمينْ)
خەم بدەرە خۆت زەریف بوێنە
(سُبْحَانَ رَبِّـي العَظـيم) بخوێنە
سەر بنێ زەوی جێگەی خۆمانە
(سُبْحَانَ رَبِّـي الأعْلَـى) بزانە!
ویردت لە دوای تەواوبوونی سەیر
(اسْتَغْفِرُ الله بيـدِهِ الخيـر) [13]
ئەدەب لە کەلام (خـواص البشـر)
چلۆن دویگن بێرانە نەزەر
عەیبە بێ‌مایەی، بێ بگرە بەها
لە «فـأردتُ أن أعيبَهـا»[14]
لە «فـأرادَ ربُّـك» وە بێ‌ڕەنج
دەگەیتە «اشدّ» تێریتە دەر گەنج[15]

بـێبـاکم لــە دەرد ئێشــی نــەزانین
«إذا مَرضـــتُ فهُـــوَ یشـــفین»[١٦]
(رَبّ ٱلخَیْـــرُ کُلُّـــهْ بِیَـــدَیْکْ) [١٧]
لکِــنْ لَـیْسَ الشَـرّ یَعُـودُ الیـکَ) [١٨]
لوقمــەی ئیقتیــدای ئــەنبیا بجــوو[١٨]
(«فبـــداهم إقتَـــدِهْ» تَـــنْجُ...) [١٩]

عەقلی ئیمکانی: عەقلی ئینسان کە مومکینە. دەرماڵ: بارەگای خـودای گـەورە. خـەم بـدەرە خۆت: بچەمێرەوە بۆ (رکووع). بوێنە: ببینە. دویگن: دواون، قسەیان کردووە. بێرانە نەزەر: بهێنـە بەرچاو. بەها: نرخ. تێرێتەدەر: دردەهێنێ.

واتە: بەڵام چاوەکەم تۆ خۆت دەزانی عەقلی ئێمە کە لە مومکیناتی خاسەین بەدگومانە و نابـێ بکەوێتە شوێن خەیالاتی پڕوپووچ، هەر سیفەتێ کە خودای گەورە بە کەمالی دابنێ بۆ خۆی وەک حەوت سیفەتەکان، یا وەک (خلق) و (ایجاد) کە ئاساری قودرەتن، تۆیش ئەو سـیفەتە بـە گـەورە بزانە و نیسبەتی بدە لە زاتی خودا ئەوە چاکە و لایقە بیدەیتە پاڵ خودای گەورە.

نوێژ بکە کە هەموو کار و گوفتارێـک لـە نـوێژدا بریتییـە لـە ئـەدەب و ڕێزگـرتن لـە خـودای پەروەردگار؛ کە نوێژ دادەبەستی دەڵێیت: (الله اکبر) و لە هەموو شت بـە گـەورەتری ناودەبـەیت، لەدوای ئەوە سوورەتی «الحمد» دەخوێنی کە پڕیەتی لە سیفەتەکانی خودا وەک ربّ و ڕەحمـان و ڕەحیم و مالیک و هادی و مونعیم و مەعبوود. کە دەچیتە رکووع دەڵێی: (سبحان ربی العظیم) کە سیفەتی (عظیم)ی تێدایە، بە دیققەت سەیری سوجدەگاهت بکە کوڕنـووش بۆخـودا دەبـەی، لەپاش رکووع دەچیتە سجوود و بە هەموو خاکینەییەکـەوە سـەری ڕێـزی بـۆ دادەنێـی لەسـەر خاکەکەی لای خۆمان کە لێی دروست کراوین و پاش مردن تیایـا دەنێـژرێین، دەڵـێی (سـبحان ربی الأعلی و بحمده) کە سیفەتی (أعلی)ی تێدایە، کە لە نوێژەکە بوویتەوە با ویردی پاش نـوێژت (استغفرالله العظیم ولا اله الا الله وحده لا شریک له، لهُ الملک و لهُ الحمدُ یُحیـی و یُمیـتُ بیـده الخیر وَ هُوَ علی کلّ شیءٍ قدیر) بێ.

هەروەها مەولەوی لەسەر باسەکە دەڕوا و دەفەرمۆی: شوورەییە ئینسان بێسەرمایە بـێ، وەرە سوود و نرخ وەرگرە لە ئادەمزادە تایبەتەکان، واتە: لە پێغەمبەرەکانی خودا ئـەدەب وەربگـرە کـە چۆن قسە دەکەن و، لەوانەوە فێری قسەکردن ببە، چاوت لێیە حـەزرەتی خـزر(د.خ) کـە لەگـەڵ

حەزرەتی مووسادا قسە دەکا و تێیدەگەیەنێ وتی: «فـأردْتُ أن أعیبهـا» و نـەیوت (فـأرادَ الله أن یعیبها) واتە: ئەدەبی کرد، عەیبدارکردنی کەشتیینەکەی دایە پـاڵ خـۆی و نەیدایـە پـاڵ خـودای خالیقی هەموو شت، کەچی لە باسی چاککردنەوە و راسـتکردنـەوەی دیـواری هەتیوەکانـدا بـە هیوای ئەوەی گەورە بن و بگەنە تەمەنی روشـد و خەزنەکـەیان دەربێـنن، وتی: [فـأرادَ ربُّـکَ أن یَبْلُغا أشدهما...الآیة:] و نەیوت (فأردتُ أن یبلغا... تاد) چونکە ئیرادەکە دیمەنیشی و ناوەڕۆکیشـی شتێکی جوانە و نیسبەتدانی ئەلای خودا رەوایە، وەک عەیبدارکردنەکە نییە کە بەدیمەن جـوان نییە، ئەگەرچی کاکڵەکەی شتێکی زۆر جوانە. جا ئەگەر تۆ تەماشـای ئـەدەبی تـەعبیری «فـأراد ربک...» بکەی بە بێڕەنج و مەینەت دەگەیتە هێزی روشد و گەنجی ئەسرار وەردەگری.

ئەگەر نەزان بووی، بێباک بە لە دەردی نەزانین و داوای شیفای ئەو دەردەت لـە خـودا بکـە و بڵێ «واذا مَرِضْـتُ فَهُـوَ یشـفینِ»، لـە خـودا بپـارێرەوە و بڵـێ: (ربّـی الخیرکُلُّـهُ بیـدیک خلقـاً و إبداعاً،أصلاً و فرعاً، والّشرُّ لا یعودُ الیک لأنَّ کسبه مِنّا وَ خلقه علی أثر کسبنا، حکمة بالغـة و صـنع بالغ). هەروەها لەسەر ئەم شێوە دەوام بکە و، پەیڕەویی رەهبـەرانی ئـایین بکـەرە پـاروو و بـاش بیجووە؛ بە هیدایەتی ئەوان لە هەردوو دنیا رزگار دەبی.

نەقس هەرچی هەیـە خاسـەی عەدەمـە
مەعلوومـە عـەدەم ئەسڵـە بـۆ هەمـە[20]
هەر خەیرێ کە هەس خاسـەی وجـوودە
وجـوودی واجـب هـەر بـۆ مـەعبوودە
مـــەعلووم دیـــارە عـــەدەم لێتـــەوە
هــەر شــەڕە و شــەڕی لــێ دەوێتــەوە
ئەگــەر چاکــەیێ لــە تــۆ مەشــهوودە
ئــەوە لــە ئاســار ئەسڵــی وجــوودە[21]
بیـــدەرە لاوە عەقڵـــەکەی خۆمـــان
چاک چـاک مانـای «مـا أصابک» بـزان
زاهـیر بـوو سـەواب بـە مـەحزی فەزڵـە
عیقـابی جـەناب حـەق عـەینی عەدڵـە

عەقڵــت وەسوەســە ئەگــەر کــەم ناکــا
هەردەڵێی[٢٢] قودرەت بۆچ چـاکم ناکـا؟
ئـەم قسـە چلـۆن سـا موسـەللەم بـێ:
قـودرەت نەیێڵـێ ئەسڵـت عـەدەم بی؟
قـــەلبی حـــەقایق ئەمرێکـــە بـــەتاڵ؛
تەئسیری قـودرەت بـۆ مـەحاڵ، مـەحاڵ
بـــۆ ماهییـــەتی مەعـــدوومی ناکـــەس
پۆشـــینی لیبـــاس وجـــوود بەســـە بـــەس
سەعیێ کا وجوود چـاک تێیـدا جـێ کـا
عـەدەم و ئیمکـان بەڵـکو ژێـر پـێ کـا
لێـــی نـــەیێرێ زۆر زوڵـــمەتی عـــەدەم
چـاوی رۆشـن بـێ بـە نـووری قیـدەم
تـــا لـــە عەمەڵـــدا نـــەیمێنێ قوســـوور
حەسبە رەزای حـەق لێـی بێتـە زوهـوور

واتە: ئەساسی ئێمە عەدەمە و هەرچی کەموکووڕییش هەیە هەر هی عەدەمـە، خـەیر و چاکـە ئەگەر هەبێ هی وجوودە، وجوودی واجبیش تەنها هـی خـودای گەورەیـە و وجـوودی شـتی تـر مومکینە و لەوانەیە نەبوون رووی تێبکا، کەواتە نابێتە سەرچاوەی راستەقینەی چاکە. نەبوون کـە بەدە و لێتەوە دیارە هەر شەڕ و بەدی لێ دەوەشێـتەوە، جا ئەگەر چاکەیێ لـە تـۆی مومکینـەوە بینرا ئەوە لە ئاساری ئەو کەسەیە کە بناخەی هەموو بوونێکە واتە: خودای پەروەردگار.

ئەمجار واز لە عەقڵەکەی خۆمان بێنە، باش لە مەعنای [ما أصابک مـن حسـنةٍ فمـن الله و مـا أصابکَ من سیئةٍ فمن نفسک] بزانە، تا بۆت دەرکەوێ کە نـەفس کـانی ئیمکانـە و دژی بوونـە و سەرچاوەی ئافەت و بەلایە، بەڵێ وا دەرکەوت کە پاداشی خـودای گـەورە بـۆ بەنـدەکانی لەسـەر کردەوەی باش تەنها لە گەورەیی و بەخشندەیی و بەزەیی خۆیەوەیە؛ چونکە پاداشـی چـاک هـی کردار و رەفتاری چاکە، چاکەش لە وجوودەوە هەڵدەقوڵێ، وجـوودیش لـە بەخششـی خودایـە و، خۆی مەوجوودی راستەقینەیە و هی خەڵک سەرچاوەکەی ئەوە. هـەروا تۆڵـەیش لەسـەر کـار و کردەوەی خراپە عەینی عەدالەتە، چونکە تۆڵە بەرامبەری کردەوەی خراپەیە، کردەوەی خـراپیش

لە ماهییەتی کەموکووڕی ئینسانەوە پەیدا دەبێ کە مومکینی زاتی‌یە و ئەسڵەکەی نەبوونە و بوونەکەی لە خوداوەیە.

خۆ ئەگەر عەقڵی ناتەواوت هەر خەیالات دەکا و دەڵێیت قودرەتی خودا بۆ چاکم ناکا؟ ئەگەر بە وردی سەیری پرسیارەکەت بکەیت بۆت روون دەبێتەوە کە قسەیەکی هیچ وپووچ و بێ‌مەعنایە، چونکە تۆ یەکێکی لە مومکینە خاسەکان، ئەسڵ لە مومکینە خاسەکاندا نەبوونە و بوونیان پاش نەبوون هاتووە و، گۆڕینی ماهییەتی مومکین بە واجب مەحاڵە، دیارە کاری قودرەت لە مەحاڵدا مەحاڵە.

ئەو گەورەیی و بەهرەیە کە شایانی شانی تۆیە ئەوەیە کە خودای گەورە بەرگی بوونی بە بەردا کردووی. بێ‌گومان ئەم بوونە لەوانەیە بە تێکۆشان و بەردەوامی لەسەر خوداناسی و پاکی بە نووری وجوودی (واجب‌الوجود)ی ئەزەلی و ئەبەدی نوورانی بێ و خەوش و خاڵی نەبوون و ئیمکان و نیشانەکانیانی لێ دوور بکەوێتەوە.

دیارە ئینسانی خاوەن رەزیلە و گوناهبار کە لە گوناه و کرداری بەد پەشیمان بووەوە و خووی دایە خوداپەرستی و رەفتاری باش، ئاساری خراپەکارییەکەی پێوە نامێنێ و تاریکی ناشیرینی عەدەم و ئیمکان زۆری پێ ناهێنێ و تەنگاوی ناکا و، بە نووری قیدەم، نووری خودایی، دڵی رووناک دەبێتەوە و رەزامەندیی خودای دەستگیر دەبێ.

ئاخر ئیرادە و مەشییەت تەقدیر
(تَعَلّقَتْ بالخیرِ وَالشّرِیرْ)
ئەمما ئەمر و حوب رەزای (ذوالمنن)
(مَا تَعلّقَتْ إلاّ بِالحَسَنْ)
تەقدیر مەشییەت ئیرادە و قەزا
موستەلزیم نییەن بۆ حوبب و رەزا
بە شەڕ نارازی بە خەیر رازییە
قەزا گشت خەیرن چون حەق قازییە
دڕک دای لە پێت شەڕە؛دەڵێی: وەی،
خەیرە؛ پەرژینی باخی پێ دەکەی

ئـار شـەڕە؛ سـووتا خەڵـە و خـەرمانت
خـەیرە؛ باعیسـە بـۆ چێشـت و نانـت
بـەعزێ مـورادات هەیـە مـەنهی یـە
بـەعزێ مـەئموورات هـەس مـوراد نییـە
لەبەر چەند نوکتە و مەسلەحە و حیکەم
(نَحـــنُ لا نَعْلَـــمْ، الله أعْلَـــمُ)
وا نـــەبوو، ئەمـــە وای کـــرد ئیفـــادە،
ئـــەمر موســـتەلزیم لـــەبۆ ئـــیرادە
هەر حەقّە، بـێ‌شـک، جـەوادی موتلـەق
(خَیّـر)ی مـەحز و (غنـیّ)ی بەرحـەق
(لکـــن لـــم یُعْـــطِ إلاّ مـــا سَـــألْ
ألسِـــــنَةَ اسْـــــتعدادنا، أجَـــلْ)
ئوستاد زاخـی خـۆی بـۆچ وەباد دەدا؟
زاخ بـــە موافیـــق ئیســـتیعداد دەدا
زاخـــی دەبـــان زاخ تێخـــی دەبانـــە
زاخـــی خوراســـان بـــۆ خوراســـانە
بـۆ برسـی ئـاو و[٢٣]، لـەبۆ تینـگ نـان
عاقڵـی هەڵسـە سـا بۆیـان بێـران
(خُصوصـاً) حـەکیم وا سـاحێب شـانێ
بـێ قـاروورە و نـەبز لـە دەرد بزانـێ
نییـە لـەگرەدا هـیچ قسـە و باسـێ
دەسـکاری خـۆینی چاکمـان دەناسـێ
هەرگاهـــ کـە وا وێ ئـەوا مەعلوومـە
هـەرچی پێمـان کـا غـەیرە مەلوومـە

ئار: ئاگر. زاخ: بۆ زاخاوی خنجەر و شمشێر و تێخ بەکاردەهێنرێ. تـێخ: تێـغ. دەبـان: جـۆرە پۆلایەکی جەوهەرداره خنجەری لێ دروست دەکرێ. تینـگ: تینـوو. بێـران: بهێنـە. دەسـکاری خۆینی: خودا خۆی دروستی کردووین. وا وێ: وەها بێ. پێمان کا: پێمان بکا.

واته: خواستی خودا (اراده) کەی، هەروەها دروستکردن (قدرة) ەکـەی پێوەنـدی بـە خێـر و شەڕ و چاک و خراپەوە هەیە، بەلام ئەمرکردن و خۆشویسـتن و ڕەزامەنـدیی خـودا بـە چاکـەوە نەبێ پێوەندی نییە. «ولا یرضی لعباده لکفر» واتە: ئیرادە و قودرەت نابێتە هۆی خـۆشویسـتن و ڕەزامەندی. خودای گەورە ڕازی‌یە بە خێر و خۆشی دەوێ، ناڕازی‌یە لـە شـەڕ و هـەرگیز خۆشـی ناوێ.

پوختەی ئەم بابەتە ئەوەیە کە خودای گەورە هەر لە ئەزەلەوە هەتا ئەبـەد ئاگـادارە لـە هـەموو شتێ، دەزانێ بەندەی موکەللەفی لە کاتی خۆیدا چی دەکا، بڕیاری داوە ئەو شتەی موکەللەفەکـە دەیەوێ و هەلیبژاردووە بۆی دروست بکا، کوفر بێ یا ئیمان، گوناهـ بێ یا خوداپەرسـتی. لەگـەڵ ئەویشدا هۆش و فامیشی پێداوە و ڕیگای چاکە و خراپەی بۆ دیاری کردووە و ئەمری پێ کـردووە چاکە بکا و نەهیی لێ کردووە توخنی خراپە بکەوێ. جا ئەگەر ئەوەی کـابرای موکەللـەف دەیکـا چاکە بوو، ئەوا ئەو کارە مورادە و ئەمر بە کردنی کراوە و خۆشەویسـتە و خـودا لێـی ڕازییـە. خـۆ ئەگەر خراپە بوو، ئەوا مورادە؛ بەلام نەهیی لێکراوە و خوشەویسـت نییـە و خـودای گـەورە لێـی ڕازی نییە. وا لێرەدا دەرکەوت هەندێ کاری ئەمرپێکراو موراد نـین؛ چونکـە خـودا دەزانـێ کـە کابرای موکەللەف نایکا، هەروەها هەندێ کاری نەهی‌لێکراو مورادە؛ چونکە خودا زانیویە و دەزانێ کە موکەللەفەکە دەیکا. بەهەرحاڵ ئەوەی ئەمر بە کردنی کرابـێ خۆشەویسـتە و خـودای گـەورە لێی ڕازی‌یە، ئەوەی نەهیی لێکراوە خۆشەویست نییە و خودا لێی ڕازی نییە.

هەروەها (قضا) چ بە مەعنای عیلمی خودا بێ یا بە مەعنای ئیرادە و خواستی بێ لەو لایەنـەوە کە پێوەندی بە خوداوە هەیە واجبە ئینسان پێی ڕازی بێ، بەلام لە لایەنی تەکلیف پێکراوەکەوە، واتە کە تەماشای خودی کراوەکە بکەین ئەگەر گوێڕایەلی و چاکە بـوو واجبـە پێـی ڕازی بـێ و، ئەگەر بێگوێ‌یی و گوناهـ بوو واجبە پێی ڕازی نەبێ.

بەلێ قەزا لەو لایەنەوە کە ئەنجامی کاری خودای گەورەیە هەمووی خێرە و حیکمەتی تێدایـە و خودا خۆی دەزانێ چی‌دەکا؛ داری دڕکاوی ئەگەر زیانی هەبێ بۆت و کە بـدا لـە پێـت هـاوارت لێ هەلدەسێنێ، لە لایەکی ترەوە سوودی هەیە باخی پـێ پـەرژین دەکـرێ و دەیپـارێزێ. ئـاگر

ئەگەر لە لایەکەوە خەڵوخەرمانت بسووتێنێ و زیانت پێبگەیەنێ، لە لایەکی ترەوە خێرە بۆت و بۆ خەڵکی تر؛ نانی پێدەکرێ، چێشتی پێ لێ دەنرێ، سەرمای پێ لا دەدرێ.

خودا دەوڵەمەندی موتڵەقە؛ واتە لە هەموو روویەکەوە دەوڵەمەندە و موحتاجی هیچ جۆرە شت و کەسێ نییە، بەڵام ئەو ئەوە بە بەندەکانی دەدا کە زمانی حاڵی ئیستیعدادیان داوای دەکات، شتێکیان پێ دەبەخشێ لەبارياندا بێ.

مەولەوی لێرەدا بە شێوەیەکی نوکتەئامێز و بۆ نزیککردنەوەی مەسئەلەکە لە مێشکی خوێنەواری موسوڵمان، تەشبیهی خودای گەورەی کردووە بە وەستای ئاسنگەری زاخاودەری خنجەر و دەفەرموێ وەستا بۆ زاخی خۆی بەخۆڕایێ لەکیس بدات و لە شوێنی نامولائیمدا بەکاریبهێنێ، زاخی دەبان بۆ تێغی دەبانە، زاخی خوراسان بۆ زاخاودانەوەی تێغی خوراسانە، واتە: نەک بۆ هەموو تێغێ.

هەر لە ئیشی زۆر عادەتیشدا لێکیبدەرەوە: ئەگەر ئازایت و لە تیروتوانجی خەڵک ناترسی هەڵسە بۆ ئینسانی برسی ئاو بێنە و بۆ ئینسانی تینوو نان، بزانە بە تانەوتوانج کاست ناکەن، برسی نانی دەوێ، تینوو ئاو. هەرکەس جۆرە قابیلییەتێکی هەیە و بۆ وەرگرتنی جۆرە بەهرەیەکی تایبەتی ئامادەیە، هەر نەخۆشێ جۆرە دەرمانێکی بۆ دەستنیشان دەکرێ، نەخوازەڵا ئەگەر حەکیمەکە حاڵزانێکی خاوەن شکۆوشان بێ، بەبێ ئەوەی دوکتۆر بێ و نەبزی نەخۆش بگرێ و شووشەی دەرمانی پێ بێ لە دەردی دەردەدار بزانێ و دەرمانی بۆ دیاری بکا، کە زاتی خودای گەورەیە. لێرەدا شتەکە زۆر ئاشکرایە: ئێمە دەستکرد و دروستکراوی دەستی بەهێز و توانای خوداین کە هەموو ئاشکرا و نهێنییەکمان دەزانێ و هیچی لێ ون نابێ، خۆی دروستی کردووین و دەزانێ چۆنی دروست کردووین و بەو پێیە موعامەلەمان لەگەڵ دەکا؛ هەرچی بدا بە هەرکەس شتێکی زۆر عادەتییە و لەسر ئەو شتە سەرزەنشت ناکرێ... لۆمە و سەرزەنشت بۆ غەیری خودایە.

سُــؤْلِ الإسْــتِعْدادْ لـَنـَـا نـوعـانِ
أمْـــرُهُ، جَـــلَّ عَـــلاَ، أمْـــرَانِ)
سائیل بۆ ئەمرەین ئەڵبەت موتیعە
سائیل بۆ (اِفْعَلْ) فەقەت شەنیعە
پەس وا ئیتاعەت هەروەکوو عیسیان
هەردوو موقتەزان بۆ عەینی ئینسان

شەڕ لە نەقائیس حودووس و عەدەم
خەیر لە خەسائیس وجوود و قیدەم
(وَمَا ذکرْنا سِرٌّ للقَدَر
قدْ أفشیناهُ، واذا ظَهَر
یَومَ القیامةِ ما لامَ أحَدْ
إلاّ نفسَهُ کما قد وَرَدْ)

واتە: خودای گەورە جەوادی موتڵەق و بەخشندەی بەرحەقە، بەڵام ئەوەی کە دەیبەخشێ بەپێی ئیستیعداد و قابیلییەتێکە کە خودا پێی‌داوە. جا ئیستیعدادەکە دوو جۆرە، ئەو ئەمرەیش کە خودا دەیکا هەمیسان دوو جۆرە:

جۆری یەکەمی ئیستیعدادەکان ئامادەیی‌یە بۆئەوەی ئەمر و نەهی (اِفْعَلْ) و (لاتَفْعلْ)ی تەوجیهـ بکرێ، ئەم جۆرە ئیستیعدادە لە هەموو ئینسانێکی بالغ و عاقڵدا هەیە، دیارە ئەم جۆرە ئیستیعدادە تەنها داوای یەک شت دەکا کە ئاراستەکردنی ئەمرەکە یا نەهیەکەیە.

جۆری دووهەمیان ئامادەیی‌یە بۆ ئیجادی تەکلیف‌پێ‌کراوەکە لە لایەنی خوداوە، بێجگە لە ئامادەیی بۆ ئەوەی ئەمر و نەهیەکەی تەوجیهـ بکرێ. ئەم جۆرەیان دوو شت داوا دەکات.

هەروەها جۆری یەکەمی ئەمرەکەی خودا ئەمری تەکلیفی‌یە کە بریتییە لە تەوجیهـکردنی ئەمر و خیتاب بۆ موکەللەفەکە. دووەم ئەمری تەکوینی‌یە کە بریتییە لە دروستکردنی ئەوەی کە داوای کردووە هەر لەلایەن خوداوە، جا ئەو کەسەی کە قابیلییەتی ئەمری تەکلیفی و ئەمری تەکوینیی هەیە، واتە قابیلییەتی ئەوەی هەیە ئەمر و نەهی رووی تێبکا و قابیلییەتی ئەوەیشی هەیە خودای گەورە ئەمرپێ‌کراوەکەی بۆ دروست بکا، خودا بۆی دەکات و بە (مُطیع) حسێب دەکرێ، دیارە ئیستیعدادەکەی دوو شتی ویستووە. ئەوکەسەیش کە تەنها ئامادەیی و قابیلییەتی ئەمرە تەکلیفییەکەی هەیە و هیچی تر، ئەوە هەر تەکلیفەکە رووی تێ‌دەکا و، لەبەرئەوە خۆی لەخۆیا ئامادە نییە بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەمرەکەی خودا و، ئیستیعدادەکەی تەنها یەک شتی داوا کردووە بۆیە خودایش بۆی دروست ناکا و لە ئەنجامدا بە (عاسی) دەدرێتە قەڵەم.

وا لەم بەیانەوە دەرکەوت کە گوێڕایەڵی و بێ‌گوێیی، تاعەت و مەعسییەت هەردووکیان سروشتی ئینسان خۆی ئیقتیزایان دەکات، بەڵام بێ‌گوێیی و گوناهـکردنەکە لە لەوازیمی کەموکووڕیی حودووس و نەبوونی پێش بوونەکەیەتی و، گوێڕایەڵی و چاکەکردنەکەی لە

لەوازیمی بوون و بۆنەیەتی لەگەڵ زاتی ئەزەلی و ئەبەدیدا کە بە تەوفیقێکی تایبەتی دەستی کەوتووە.

ئەوەی لێرەدا نووسیمان نهێنیی‌کاری خودای گەورەمان بۆ دەردەخات لە کرداری بەندەکانیدا، واتە: وەڵامە بۆ پرسیاری ئەو کەسەی کە دەڵێت: بۆچی خودای گەورە چاکە بۆ زەید دروست دەکا و خراپە بۆ عەمر، هەروەها مەعنای [قُلْ كُلٌّ يَعْمَلُ عَلى شاكلتهِ]مان بۆ روون دەکاتەوە، پوختەکەی ئەوەیە هەرکەس ئامادەیی‌یەکی تایبەتیی هەیە و، بەگوێرەی ئەو ئامادەیی‌یە خودای گەورە شتی بۆ دروست دەکا.

ئیتر لێرەدا هیچ پرسیارێ نەماوەتەوە، مەگەر ئەوە کە یەکێ بڵێت هۆ چییە کە خودای گەورە ئامادەیی و ئیستیعدادی زەید و عەمری لە یەک جیا کردووەتەوە؟!

وەڵامی ئەوەیش ئەوەیە کە لە نەفسی خەلق و ئیجاددا خودای گەورە سوئالی لێ ناکرێ؛ چونکە خودایەتی و لووتکەی تەواوی و بێ‌خەوشی و (واجب‌الوجود)ی مانیعە لەوە کە خودای گەورە شتی بێ‌حیکمەت بکا، مانیعە لەوە کە پرسیاری لێ بکرێ [لا يُسْأَلُ عَما يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلونَ].

لەوەیشەوە وتمان کە ئیستیعدادی موکەللەف دوو جۆرە و ئەمری خودایش دوو جۆرە، مەعنای فەرموودەیەکی حەزرەتمان بۆ دەرکەوت کە فەرموویەتی: لە رۆژی قیامەتدا کردەوەی خەڵک دەردەکەوێ، جا ئەوکەسانەی خێریان دەس دەکەوێ با حەمد و سەنای خودا بکەن، ئەوانەیش کە شەڕیان دەس دەکەوێ با هەر سەرزەنشتی خۆیان بکەن.

کوللی نیعمەتێ لەوەوە فەزلە
کوللی نیقمەتێ لەوەوە عەدلە
ئاگامان نییە، وەک تاریکەشەو،
نە لە علمی ئەو، نە لە عەدلی ئەو
بۆی هەیە تەکلیف حەقی (ذوالجلال)
(بما شاءهُ مِنّا مِنْ أفعال)
دەگەڵ ئەویچە هەم بکا تەقدیر
ئەسبابی مەنعیچ؛ (إن هُوَ الخبير)

لەبەرئــەوە وا تــەقریری بــۆت هــات[٢٤]
بــەعزێ لــە فیرقــەی عولــەمای ثوقــات
حــوکم بــە وجــووب ســکووتمان دەکــات
لە (لِمَ)ی ئەفعال لە (کیــف)ی ســیفات[٢٥]
ئــەر تــەختێ شــوعوور هەیــە پێتــەوە
کــە وتــت خــوداس دەبڕێتــەوە[٢٦]

واتە: مادام زاتی خودای گەورە (واجبالوجود)ە و، خاوەنی سیفاتی کەماله و بە هــەموو جــۆرێ دەتوانێ کار لە جیهاندا بکا و، هیچ شتێکی لــێ گــوم نابــێ و، هــەموو کردەوەکــانی جــانن، دەبــێ بزانین هەر نیعمەتێ بدا بە هەرکەس لە گەورەیی و چاکەکاری و میهرەبــانیی خۆیەوەیــە و، هــەر ئازارێ یا هەر دەرد و بەلا و ناباریيەک بدا بەسەر هەرکەسێکدا عەدالەت و دادپەروەریی خۆیــەتی، ئێمە ئاگادار نین لە عیلم و عەدلی خودای گەورە، بەلکو هیچ سیفەتێکی ئــەومان بــە تــەواوی بــۆ دەرنەکەوتووە و بۆ ئەندازە و توانــای زانــینی ئێمــەی مــەخلووق جیهــان لــە بەرچاومانــدا وەکــوو تاریکەشەوە.

خودای گەورە دەتوانێ هەموو تەکلیفێ لە هەموو یەکێ لە ئێمە بکات، دەیشــتوانێ لــە عــەینی کــاتی تەکلیفەکــەدا هــۆی وەهــا دەربخــات کــە ببێــتە کۆســپ لــە ڕێگــای بــوونی شــتە تەکلیفپێکراوەکەدا.

لەبەر ئەم تەقریرەیە هەندێ لە زانایانی خاوەنپایە و باوەڕپێکراو فەرموویانە هــەرگیز بەرامبــەر بە کارەکانی خودای گەورە ڕێگەی پرسیار نییە و نابێ بوترێ: خودایا بۆچی کردت؟ هەروەها نابێ پرسیار لە چۆنیەتیی سیفەتەکانی خودا بکرێ، تۆ ئەگەر کەمێ هەســت و تێگەیشــتنت هەیــە کــە وتت خودا خودایە ئیتر قسە دەبڕێتەوە و هیچ مەیدانی «بۆچی» و «چییە» و «چۆنە» نامێنێت.

(قَــــومٌ أفرَطُــــوا، قَــــومٌ فَرَّطُــــوا
أذَنْهُــــم مِــــنْ حَــــقٌ هَــــلاّ قَرَّطُــــوا؟)
جــەبریی بــێحــال و قــەدەریی مــەجووس
ئەو بۆ خوێنخۆر و ئەم بۆ سروان جــووس[٢٧]؟
بــا بــێین لەبــەن بــین ئــەمما نــەک دەمــی
(نخــــرجْ مِــــنْ بــــینِ فَــــرْثٍ وَدَمٍ)

نــە وەک لادێیــی نــە وەک شــاری بــین
خـــالیس بـــین ســـائیغ لـــەبۆ شـــارییین

افرطوا: زیادەڕەوییان کرد. فرّطوا: کەموکووڕییان پیشان دا. هَـلاَّ فرّطـوا: بـۆچی گوارەیـان نەکردە گوێ؟. جەبریی بێحاڵ: ئەوانە کە خۆیان بە ناچار دەزانن و حاڵیان بۆخۆیان بڕیار نەداوە. قەدەریی مەجووس: ئەوانە کە خۆیان بە خالیقی ئەعمالی خۆیان دەزانن و وەک مەجووسین.

مەولەوی لە پێشەوە باسی ئەوەی کرد کە هەرچی پڕتەوی بوون لێی داوە و مەوجوودە هـەموو خودای گەورە دروستی کردووە، دیارە کردەوەی ئینسانیش بەشێکە لە مەوجوودات و، بەپێی ئـەو قسەیە ئەویش خودای گەورە دروستی کردووە، بەڵێ ئەمە مەزهەب و ڕێبازی ئەهلی حەقە. بەڵام دوو مەزهەبی تری مەشهوور هەن:

یەکەم: مەزهەبی جەبرییەکانە کە لایان وایە ئینسان هیچ پێوەندییەکی بە کردەوەیەوە نییە و، دەربارەی کردەوەی وەک دار و بەردی بێدەنگ و سەنگە! بە هیچ جـۆرێ لـە کـرداردا کەسـب و پێوەندی بۆ ئینسان دانانێن.

دووەم: مەزهەب و ڕێبازی موعتەزیلەکانە کە بە قەدەری مەشهوورن و، لەبەر ئەوەی نیسـبەتی تەئسیر لە خۆیان دەدەن و خۆیان بە شـەریکی خـودا حیسـاب دەکـەن و، وەک دروسـتکـردنی خۆیان دەدەنە پاڵ خوا، دروستکردنی کردەوەکـانی خۆیـان دەدەنـە پـاڵ خۆیـان، بۆیـە وەکـوو مەجووسن. جا مەولەوی دەفەرموێ: (ئەو) واتە: جەبری بۆ خوێنخۆر بێ، بیری ناشیرین و پیسی وەک خوێن بخواتەوە؟ (ئەم) واتە موعتەزیلە بۆچی سڕوان جوو (...) خـۆر بێـت؟ دەبـا بەڕاسـتی ببینە شیر نەک تەنها بە دەم، یا شیرێک بین خوێناوی نەبێ و پاک و بێگەرد بێ، ئەو شیرە سـافە بین کە لە بەینی گەدەی پڕ لە پیسی و دڵی پڕ لە خوێن دەردەچێ، واتـە نـە جـەبری بـین و نـە قەدەری، نە وەکوو لادێیی بین کە لەبەر فەقیری و داماوی شیرەکەی ئەوەنـدە دەکوڵـێنێ کـەم دەبێتەوە و تووشی زیان دەبێ و تێکرا دەیشیفەوتێنێ و نە وەکوو شاری بین کە ئاوی زۆر دەکاتـە شیرەکەی و لەزەتی تێدا ناهێڵێ، با ڕێبازی ئێمە لە عەیب پاک بێ، شیرێکی سافی چاکی گـەوارا بێ و بە ئاسانی بخورێتەوە و سوودی لێ وەربگیرێ.

(قلنا كلُّ شيء مِنْ حيثُ الإيجاد
خيـرٌ صـــادرٌ مـــن ربّ العبـــاد

نَرْضــی بالقَضَــا وَ بمــا یُقْضــی
بذاتِ الشّــرّ المَقْضــی لا نرضــی)

واتە: لەمەوپێش باسی ئەوەمان کرد کە قـەزای خـودا هـەموو خێـرە، چونکـە خـودای گـەورە کردوویەتی. وا لێرەیشدا دەڵێین هەموو شتێ (من حیث الایجاد) خێرە و دروستکـراوی خـودای گەورەیە کە پێگەیێنی هەموو خەڵقی خۆیەتی، کەواتە ئێمە رازین بـە قـەزای خـودا و بـەوەیش خودا حوکمی پێکردووە، بەڵام لە زات و خودی ئەمرە پەیدابووەکە، مادام شەڕ بێ، رازی نین.

ئــەفعالی عیبــاد، ئــەر خــەیرە، ئــەر شــەڕ
هــــەموو مــــەخلووقی خالقـــە یەکســـەر
(فَمِــنْ حَیْــثُ الخَلْــق) مەنســووب بــە حەقــە
(وَمِن حیثُ الکســب) مەنســووب بــە خەلقــە
(مِــنْ جِهَــةِ الخَلْــق) هــەمووی هــەر خــەیرە
(مِــنْ جهــةَ الخَلــق) بــەعزیکی ضــەیــرە
بــــۆچی؟ (خَــــالِقُ الــــوَرى) خــــەبیرە
بــە مەســنووعاتی خــۆی چــاک بەســیرە
نــاس ناســی و نــاقیس (جــاهلین بالحــال)
مەسدەریان وەک فیعل هــەموو (ذُو اعْــتِلال)
(لِـــذا لایُسْـــــألُ عَمَّــــا یَفْعَــــلُ
وَ نحـــــنُ عَمّـــــا نَفْعَـــــلْ نُسْـــــألُ)
عیلمـــــی تــــەمام و ئـــیرادەی تــــەمام
قـــودرەتی تـــەمام (خـــالق الأنـــام)
(بِالأشْـــیا، لَهـــا، عَلَیْهـــا) بـــێقیـــل
(بتَفصـــــیلِها لِلخَلْـــــقِ دَلیـــــل) (۲۸)
(ألاَ یَعْلَـــمُ مَـــنْ خَلَـــقْ) بـــزان
(و هُوَاللّطیـــف الخبیـــر) بـــێگومـــان
ئەڵـــبەتتە ئیجـــاد لایـــق بـــەو دەوێ

خـالیقی ڕێکـی هـیچ کـەس ناکـەوێ
عیلمـی نوقسـان و ئـیرادەی نوقسـان
قـودرەتی نوقسـان تائیفـەی ئینسـان
ئـەر کەسـێ چـاوی دڵـی بوێنـێ(٢٩)
سـیوای کاسـبی چـی تـر دەمێنـێ؟
بڵـێ بەوکەسـە وا دەڕۆت بـە ڕێ:
بـزان دەزانـێ چەنـد هـەنگاو دەنـێ؟
یـا هـەنگاوێکی چەنـد بـنگس دەوی؟
ئەمـڕۆ یـا سـۆزوو، کـەی دەگەتـە جـێ؟
لـەدوای سـوئال وە بـێ قوولـەقوول
مەعلومـە ئـەوە پێـی‌ناڵـێن زوهـوول
(فـی أظْهَـر الفعـل) ئەمـە حاڵـی‌یـە!
لـە حـەرەکاتی ئـەعزادا چییـە؟!
بـێ‌خەبـەر لـە حـاڵ ئـەووەل و مـەئال
بـە ئـەوە دەڵـێی (خـالِقُ الأفعـال)؟!
بۆ روتبـەی ئیجـاد بـۆچی دەکـەی نەسـب؟
مەزهەرە و مەحەل (ذو الکسب) و (فَحَسْبْ)

خالقی ڕێکی هیچ کەس ناکەوێ: کەس حەدی خالقیی نییـە. بوێنـێ: ببینـێ. دەڕۆت بـەڕێ: بەڕێگەدا دەڕوات. بنگس: بنگووس، بست (شـبر). دەوێ: دەبـێ. سـۆزوو: سـبەی. قوولـەقوول: چەنەچەن و قڕەوقاڵە و قسەی بێ‌هوودە.

خاوەن ئایینەکان، لەگەڵ جیاوازیی ئایین و باوەڕیاندا، هەموو هاودەنگ و یـەک قسـەن لەسـەر ئەوە کە دروست‌کەر و پەروەردگاری هەموو جیهان، ئاسمان و عەرز، مانگ و خۆر، کان و گیا و دار و درەخت، ئینسان و حەیوان و هەرچی لـەو جیهانـەدا هەیـە، هـەر خـودای گەورەیـە. هـەروەها وەزعی ئینسان ئەوەی کە دەستی خۆی تێدا نـەبێ و هـیچ مـاوەی خواسـت و خواهیشـی خـۆی

نەبێ، وەک باڵا و قامەت، خوو و ڕەوشت، ڕەنگ و دەنگ و هاوچەشنەکانیان، هەموو خودای گەورە دروستی کردوون و دەستی ئینسانی تێدا نییە.

مایەوە کار و کردەوەیێ کە پێوەندی بە خواستی ئینسانەوە هەیە، وەک هەستان، دانیشتن، قسەکردن، نان خواردن، هەڵمەت بردن... تاد.

لێرەدا چەند بیروڕای جیاجیا هەن، چواریان مەشهوورن:

یەکەم: بیروباوەڕی ئەهلی حەق کە ناویان بە ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەرکردووە و، پەیڕەویی حەزرەتی پێغەمبەر و یارانی دەکەن. ئەم کۆمەڵە دەڵێن ئەو کردەوانەیش وەک خاوەنەکانیان هەر زاتی خودا دروستیان دەکا، بنیادەم تەنها کاسبە و غەیری کەسب هیچ پێوەندییەکی پێیانەوە نییە.

دەلیلی ئەوە کە خودا خالقی کردەوەی عەبدە و عەبدەکە خالق نییە، عەقلی و نەقلی هەیە:

دەلیلی عەقلی ئەوەیە ئەگەر عەبد خالقی کردەوەی خۆی بوایە دەبوا جوزئییاتی جموجوڵ و هەڵس‌وکەوتی خۆی لە کاتی کارەکەیدا بزانیایە، دەبوا بیزانیایە چەند شاڕەگ و چەند وردەڕەگ و چەند جمگە لەکاتی کارەکەیدا دەجووڵێتەوە، کەچی هیچ ئاگای لەم درێژەیە نییە، ئەم نەزانینیشیە لەبەر ئەوە نییە کە گۆیا غافڵ و بێ‌ئاگا بووە، تەنانەت ئەگەر لەکاتی کردەوەکەشدا پرسیاری لێ بکەی و ناچاری بکەی لەوشتانە تێفکرێ هێشتا هەر خەبەردار نابێ و ناتوانێ بیانژمێرێ و نازانێ چەندن و دان بە بێ‌ئاگایی خۆیدا دەنێ، بەڵێ ئەمە لە ڕوونـاکترین کردەوە و سادەترین کاردا، خۆ ئەگەر تەماشای هەندێ کردەوەی مەعنەوی بکەین وەکوو بیرکردنەوە لە کاتی تەعریف‌کردنی شتێکدا، یا بۆ دەلیل هێنانەوە لەسەر مەبەستێ، یا لەکاتی لێکۆڵینەوەی هەندێ کاروباری پاشەڕۆژدا، ئەوا گەلێ سەرکوێرترە.

بەڵام دەلیلی نەقلی گەلێ زۆرە، وەکوو[الله خالق كل شيءٍ و هُوَ على كل شيءٍ وكيل][٣٠] واتە: هەر خودا دروست‌کوونندەی هەموو شتێکە و هەر ئەو ئیعتیمادی دەکرێتە سەر لە هەموو شتێکدا، لە دروست‌کردنیا و لە پاراستنیا.

یا وەکوو ئایەتی [أفمَنْ يخلقُ كمَنْ لا يخلقُ أفَلا تَذكَّرون][٣١] کە باسی گەورەیی و دەستەڵاتی خۆی دەکا، یا ووەکو ئایەتی[ألاَ يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ و هو اللطيف الخبير][٣٢]

واتە: ئایا ئەوەی کە خەڵک دروست دەکا ئاگای لە دروست‌کراوەکانی خۆی نییە و پێیان نازانێ؟ بەڵێ زانایە و ئاگادارە، ئەگەر زانا نەبێ بە زاتی ئەو شتەی دەیەوێ دروستی بکا، بەگوێرەی

سوورەتە عیلمییە ئەزەلییەکەی، ئەگەر ئاگای لە هەموو ورد و درشتی سیفەت و حاڵی بڕیاردراوی ئەزەلیی نەبێ چۆنی دروست دەکا؟ ڕەوایە دروستکەر ئاگای لە دروستکراوی خۆی نەبێ؟

یاوەکوو ئایەتی [والله خلقكم وما تعملون][٣٣] واتـە: زاتی خـودا ئێوەیشـی دروسـت کـردووە و کاری ئێوەیشی دروست کردووە.

ئەمانە هەموو دەلیلن لەسەر ئەوە کە خـودای گـەورە هـەر وەکـوو خـالقی زات و سـیفەتمانە خالقی هەموو کردەوەکانیشمانە.

لە لایەکی ترەوە ئێمە، ئەهلی سوننەت و جەماعەت، لامان وایە ئینسـان پێوەنـدەیی کەسـب و ئیکتیسابی بەو کردەوانەیەوە هەیە کە دەیانکا، بـۆ ئەمـەیش دووبـارە دەلیلـی عەقڵـی و دەلیلـی نەقڵی هەیە.

یەکێ لە دەلیلە عەقڵییەکان ئەوەیە ئەگەر خەڵک پێوەندییان بە کردەوەی خۆیانـەوە نەبوایـە بۆ خودای گەورە ڕەوا نەدەبوو تەکلیفیان لێبکا و فەرمان بدا ئەو ئیشە بکەن و ئەو ئیشـە مەکـەن؛ چونکە ئەم ئەمر و نەهیە پێویستە لە گیانلەبەرێ بکرێ کـە هـۆش و فـامی هـەبێ و توانایـیـەکی وەهای هەبێ بتوانێ ئەو ئیشە بکا یا ڕێگا لە نەفسی خۆی بگرێ و نەیکا.

دەلیلێکی تری عەقڵی لەسەر ئەم پێوەندییە فەرقی بەینی جووڵانەوەی ئەنـدامی ئینسـانە بـە ئارەزووی ئینسانەکە خۆی لەگەڵ جووڵانەوەیەکدا کە بەدەستی خۆی نەبێ، یەکەم وەک هەڵسان و، دانیشتن و ڕۆیشتن و، وەستان و خـواردن و خواردنـەوەی عـادەتی، دووەم وەک جووڵانـەوەی هەموو ئەندامی ئینسان لە کاتی لەرزوتادا، یا وەک کەوتنـە خـوار بـەپاڵ پێوەنـان یـا ڕاکێشـان و فڕێدانی کارەبا... تاد.

دەلیلی نەقڵیش بۆ ئیسباتی ئەم کەسـب و ئیکتیسـابە لـە قورئـانی پـیرۆزدا زۆر و زەبەنـدەن وەک: [لاَ يُكلِّفُ الله نَفساً إلاّ وُسعَها لها ما كَسَبَتْ وَعَلَيْها ما اكتَسَبَتْ...][٣٤] یا [و قـلِ الحـقُّ مِـن ربّكم فمن شاء فليؤمِنْ وَمَنْ شاء فليَكفر][٣٥] یا [فَمَنْ يَعْمَـلْ مثقـالَ ذرةٍ خيـراً يَـرَهُ، وَمَـنْ يَعْمَـلْ مثقالَ ذَرّةٍ شراً يَرَهُ][٣٦] یا [جزاء بما كانُوا يَعْملُون...][٣٧] و وێنەی ئەمانە کە زۆرن.

جا پێویستە باوەڕمان وەها بێ کە کرداری بەندەی خودا چـاک بـێ وەک نـاندان بـە برسـی و ئاودان بە تینوو و ڕزگارکردنی داماو، یان خراپ بـێ وەک مـەنعی ئـاو و نـان لـە برسـی و تینـوو، کوشتنی ئینسانی بێتاوان، لە لایەنی دروستکردنەوە هەموو پێوەندییان بە خوداوە هەیە و خـودا دروستیان دەکا و، هەموو حیکمەتیان تێدایە و حەقیقەتن، بەڵام لە لایەنی کەسـبەوە پێوەنـدییان

بە خەلکەوە هەیە و ئەو ئیکتیسابیان دەکا، لەم لایەنەوە چاکیـان هەیـە کـە خێـرە و خراپیشـیان هەیە کە شەڕە.

سیرڕی ئەمەیش ئەوەیە کە خودای هەموو عالەم خاوەن عیلمە و خەبـەردارە و بـە حەقیقـەتی شتەکان دەزانێ و لەئەنجامی راستی ئەو شتانە ئاگادارە کە لە پاشەڕۆژدا دروستیان دەکا، هـەرگیز کاری بێحیکمەت ناکا و گیانلەبەری بێسوود دروست ناکا، بەلام ئادەمزاد ناقیسـن و حەقیقـەت نازانن، ئەگەر شتێکیش بزانن وادەبـێ لـەبیریان دەچێتـەوە، ئـەوەی کـە بەدیمـەن سـەرچاوەی کاریانە، کە زاتی خۆیانن، نەخۆشە و کردەوەکانیشیان نەخۆش و ناتەواون.

جا لەبەرئەوە کە کارەکانی زاتی (واجب‌الوجود) هیچیان بێحیکمەت نین و، ئەگەر لە لایەکەوە زیانیان هەبێ، لە لایەکی ترەوە سوودیان هەیە، بە شێوەی رەخنە پیشاندان پرسیاری لـێ نـاکرێ بۆچی فلانەشتت کرد؟ چونکە کارەکانی لە حەقیقەتدا بێحیکمەت نین، ئەگەرچی رەوایە لەسـەر شێوەی (استفسـار) واتـە داوای روونکردنـەوەی حیکمەتەکـە پرسـیار بکـرێ، وەک فریشـتەکان لەکاتی دروستکردنی حەزرەتی ئادەمدا(د.خ) عەرزی خودایان کرد[أَتَجْعَلُ فيها مَـنْ يُفسِـدُ فيهـا وَيَسْفِكُ الدّماء ونحنُ نُسبّحُ بحَمْدِكَ وَنُقَدّسُ لك... الاية][٣٨]

واتە: بۆچی ئەم نەوعە دروست دەکەی کە لەسەرزەویدا خراپەکاری دەکـەن و خـوێنی ناهـەق دەرێژن؛ کەچی ئێمە سەنا و ستایشت دەکەین و دەتپەرستین؟ دیارە ئەم پرسـیارە بـۆ مەبەسـتی روونکردنەوەی حیکمەتەکە کراوە نەک بە شێوەی رەخنە.

بەلام ئێمەی بنیادەم بە شێوەی رەخنە و بە شێوەی داوای روونکردنەوە لە کار و کردەوەمـان پرسیار دەکرێ و ئەمە شتێکی عادەتییە.

زانینی تەواو، خواستی تەواو، توانای تەواو کە هەموو بۆ خودا سابت بوون دەلیلـە لەسـەر ئـەوە کە دروستکردن و هێنانە وجوودی هەرشتێ هەر بۆ خودای گەورەیە؛ سەیری ئایەتی پیرۆزی [ألاَ يَعْلَمُ من خَلَق وهو اللطيف الخبير][٣٩] بکە، کە دەلالەت لەوە دەکات ئەوەی خالق بـێ دەبـێ زانـا بێ، نەزان چۆن دەتوانێ شت خەلق بکا؟ ئەم پایە و جاهە لایقی کەس نییە خودای گـەورە نـەبێ، بێگومان خەلق و ئیجاد لەگەل کەموکووڕیدا دوو شتی دژی یەکترن و پێکەوە کۆ نابنەوە. خالق پێویستە لە هەموو روویەکەوە تەواو بێ و لە هیچ کەمی نەبێ.

عیلم و ئیرادە و قودرەتی کەم و ناتەواوی ئادەمزاد تەنها ئەوەندە کاردەکا کە کەسب و کاسـبی بۆ خاوەنەکەی دامەزرێنێ. ئەوانەی چاوی هۆش و فامیان کوێر و کز نەبێ باوەڕیان بـەم راسـتییە

دەبێ و سیفەتی خەلق و ئیجاد نادەنە پاڵ بنیادەم. ئەگینا بەو کەسە بڵێ کە لافی خالقی بۆ خۆی لێدەدا، کاتێ کە بە ڕێگەدا دەڕوا، پێی بڵێ: چەند هەنگاو دەنێی؟، یان هەر هەنگاوێکت چەند بستە؟، کەی دەگەیتە مەنزڵ، ئەمڕۆ یان سبەی؟ دیارە نایانزانێ. جا ئەگەر بەهانەی هێنایەوە و وتی غافڵ بووم بۆیە تەفسیلەکەم نەزانی، تۆ ڕێگای لێ بگرە و بڵێ من لە کاتی خەریکبووندا پرسیارت لێ دەکەم کە غافڵ نیت، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو تەفسیلانە کە پرسیم نایانزانی؛ جا تۆ لە سادەترین کاردا ئاوا سەرکوێر بی دەبێ لە زانینی جموجووڵ و کاری وردە ئەندامەکاندا چۆن بی؟، ئینسانی بێخەبەر لە ئێستە و لە دوارۆژ و سەرەنجام، چۆن دەتوانی پێی بڵێی (خالق الافعال)؟ چۆن پایەی خەلق و ئیجادی پێ دەدەی؟ نەخەیر نابێ، ئەم بنیادەمە تەنها بۆ ئەوە دەشێ پێی بڵێی کاسب، شوێنی خەلق، دیاردەی کردەوەکان، نەک مەسدەر یان خالیق.

شوهرەتی مەزهەب حوکەما وەیە
ئەوان لەلایان وەسائیت هەیە
(أمّا تحقیقاً) لای ئەوانیچ واس
موئەسسیری (فیالوجودْ) هەر خوداس
خەلایق ڕۆین ئەلای ئەفلاتوون
چی دەڵێی؟ بڕۆین لە ترسی تاعوون؟
لە جواویاندا قسەی ئەمەیە:
تەماتان چییە؟ عالەم کورەیە،
زەمین مەرکەزە، ئەفلاک وەک کەمان،
حەوادیس وەک تیر، ئینسان وەک نیشان،
(والله الرّامی فَأیْنَ المَفَرّ؟
وَهذا الکلامْ یُشعِر بما مَرّ)
ئەر نەقلی و عەقلی لە لات مەعلوومە
حالی ئیعیتزال تەواو مەفهوومە
حوکەمایچ بوون وەک موتەکەللیمین
ئەمجار ئەو مەر هەر پشت دا لە زەمین!

مەولەوی دەفەرموێ: ڕێبازی مەشهووری حەکیمەکان لە بابەتی خەلق و ئیجاددا ئەوەیە کە عیللەتە ئامادەکەرەکان و هۆیەکان حازرن، ئەو عیللەتانە و ئەو واسیتانە ئەوەیان پێشتر بێ، کار دەکاتە ئەوەیان کە بەدوایا دێ... تاد. بەڵام تەحقیقی مەزهەبی حەکیمەکان ئەوەیە کە واسیتەکان هۆی عادەتین، ئیتر کاریگەری ڕاستەقینە هەر زاتی خودای گەورەیە.

دەگێڕنەوە لە سەردەمی ئەفلاتوونی مەشهوودا نەخۆشیی تاعوون داکەوت، خەڵک ویستیان مشوورێکی خۆیان بخۆن، چوونە لای پرسیان پێکرد و وتیان دەرچین و لێی دوورکەوینەوە یان نا؟ لە وەڵامیاندا وتی: جیهان کورەیە، واتە: ئینسان ناتوانێ لە سنووری کورەکە دەرچێ، زەوییش مەرکەز و ناوەڕاستی ئەم کورەیە و دەورە دراوە، ئاسمان کەوانە، بەڵا و نەگبەتی تیرە، ئینسان نیشانەیە و تیرەکەی تێدەگیرێ، تیرەندازیش خودای گەورەیە بەو هەمووە دەست ڕاستییەوە کە هەیە، ئیتر بۆ کوێ رادەکەن؟ بۆ هەرکوێ دەچن لەژێر دەستان و ناتوانن لە سنوور دەرچن.

ئەم وتەی ئەفلاتوونە ئەوە دەگەیێنێ کە زوو وتمان هەر خودای گەورە خالق و پەروەردگارە. جا کە دەلیلی عەقلی و نەقلیت لە لا روون بوونەوە، بۆت دەردەکەوێ حالی ئەهلی ئیعتیزال چەند شلۆقە؟ وا حەکیمەکانیش هاتنە سەر قسەی موتەکەللیمەکان، ئیتر موعتەزیلە لە داخاندا مەگەر هەرخۆی لە زەویدا بتلێنێتەوە و لە ورگی خۆی بدا.

ئەگەر سوئالی وەها جارییە
(مُکَلَّفْ بِه) ئیختیارییە
مەخلووق بوو ئەسڵی تەکلیف بەتاڵ بوو،
مەدح و زەم، سەواب، عیقاب لەناوچوو
بۆ ئەشعەرییە هیچ مەعنای نییە
ئەو خرابەیە لەسەر جەبرییە
جەبریی ئەوپەڕ[٤٠] خەیر، ئی ئەمپەڕ شەڕە
ئەم پەڕە سەرحەد پڕ داوا و گەڕە
لە (مُرْتَعِش) و (بَطِشْ) عەرزی کەم
لەرزینی ئەوی و لەرزاندنی ئەم
یەکێ ڕاکێشن، یەکێ خۆی ڕاکا
یەکێ لاڵە و، یەک خۆی قسە ناکا

فــــەرقیان هەیـــە ئـــەم چەنـــد ســـوورەتە
ئـــەر حیســـــی بــــوێ بــــە زەروورەتـــە
بــۆچ ئینســـان هـــەروەک حەجـــەر دەی قـــەرار
نــــەیوێ قــــودرەت و فیعـــــل و ئیختیــــار؟
خــــۆ موکەللەفـــــە و موعاقــــەب مـــوثــــاب
لەســــەر کــــرداری چــــاک و ئــــی خـــراب
عەرزی کەم: عەرزی جەبری بکەم، پێـی بلـێم[٤١]

واتە: ئەگەر پرسیار و رەخنەیەک لێرە راست بکرێنەوە و بلێن: شتی تەکلیفپێ‌کراو و داواکـراو دەبێ ئیختیاری بێ، جا ئەگەر وەک ئێوە دەڵێن ئەم تەکلیفپێ‌کراوە دروستکـراوی خـودا بـێ و پێوەندی بە شەخسی موکەللەفەوە نەبێ، ئەوا تەکلیفەکە لە بناخەدا بەتاڵ دەبێت و، مـاوەی ئـەوە نامێنێ کە مەدح و زەم و پاداش و تۆڵە لەسەر کردەوەکە روو بکاتە شەخسی موکەللـەف؛ چونکـە کردەوەکە ئیختیاری نەبوو.

لە وەڵامدا دەڵێم: ئەم رەخنە لە ئەشعەرییەکان نـاگیرێ، چونکـە ئـەمان هـەروەک نیسـبەتی دروستکردنی کردەوەکە دەدەن لە خودا و ئەو بە خـالق دادەنـێن نیسـبەتی کەسـبی هـەر ئـەو کردەوەیە لە عەبد دەدەن؛ خودا خالقە و بەندەیش کاسب، ئەم پێوەندیی کەسبە بە کردەوەکـەوە بەسە بۆ ئەوەی تەکلیف لە شەخسەکە بکرێ و دەیشبێتە هۆی مەدح و زەم و سـەواب و عیقـاب، بەڵێ ئەم رەخنەیە رووەکاتە کۆمەڵی جەبرییە کە هەرگیز دان نانین بە پێوەندیی خەڵک لەگەڵ کردەوەکانیاندا.

بەڵێ لەسەر بیروڕای ئەشعەرییەکان ئەگەرچی پاش ئیکتیسابەکە ناچار دەبێ شـتەکە دروسـت بکا ئەم جەبر و ناچارییە بەهۆی دان‌نان بە ئیکتیسابەکەوە پڕە لە خـەیر، بـەڵام جـەبر و ناچـاریی کۆمەڵی جەبرییە پڕە لە شەڕ و نەگبەتی، چونکە ئەوان دان بەوەدا نانێن کە ئینسـانی موکەللـەف خاوەنی ئیکتیسابە و وەک دار و بەردی بێ‌خواست و ناتوان تەماشای دەکەن. ئـەم جـۆرە جـەبرە مامناوەندی نییە و پەڕی ئەوپەڕی گرتووە، پەڕێکی سەرسنووری پڕئاژاوە و بگرەوبـەردە و هـەڵاتن و هەڵمەت بردنە. هی وای تێدایە هەڵمەت دەبا و هی وایشی تێدایە لە ترسا دەلەرزێ.

بـۆ زیـاتر روونکردنـەوەی جیـاوازیی نێـوان رای ئەشـعەرییەکان و رای جەبرییـەکان دەڵـێم: جەبرییەکان فەرق ناکەن لە بەینی لەرزینی ئینسانێکی ئیفلیجی لەرزۆک یا لەرزوتێدار و لـەرزینی

ئینسانێ لە ئەنجامی هێرش و هەلمەتبردنیا بۆسەر یەکێکی تر کە خۆی دەلەرزێنێتەوە. ئەمانە وەک یەک سەیری لالێکی زگماکی بێچارە و یەکێکی ساغی بەدەموپل دەکەن کە بە ئارەزووی خۆی قسەناکا! لایان وایە یەکێ بە زۆر راکێشرێ و یەکێ بە خواستی خۆی رابکا وەک یەکن!.

بەلام ئەشعەرییەکان لایان وایە ئەمانەی کە وتمان زۆر لەیەک جیان و جیاوازییان شتێکی زۆر ئاشکرایە و دەلیلی ناوێ، ئینسان بەردی بێدەنگ و سەنگ و توان و بێکار و بێخواست نییە.

فایدەی تەکلیفیچ هەیە بیزانە
داعیی ئیختیار فیعلی ئینسانە
ئیسنادی فیعلیچ ئەبال ئەو، بفام
بە حەقیقەتە هەر وەک (صَلّی) و (سام)
نسووسی قەتعیش هەیە بێشومار
خەتمێ بخوێنە لەسەر تا بە خوار
هەر موناڤی هات لێت بگرێ تەریق
بۆ دەفعی بکۆش بە یاریی تەوفیق
ئەمە رێکی عەقل چلۆن دەکەوێ
بۆ عیباد (أصلاً) هیچ فیعلێ نەوێ

لەپێشدا باسمان کرد کە کۆمەلی موعتەزیلە لایان وایە ئینسان دروستکەری کاری خۆیەتی، ئێمە ئەم قسەمان بەرپەرچ دایەوە بە دەلیلی عەقلی و نەقلی.

دەلیلی عەقلیمان ئەوە بوو کە ئەگەر بەندە خاوەنی کارەکانی خۆی بوایە دەبوا ئاگای لە یەکەیەکەی جموجوولی ئەندامەکانی لەشی بوایە کە لە خۆیەوە روودەدات، کەچی ئەگەر بە وردی کابرای رێرەو حالی بکەی و ئاگاداری بکەیتەوە کە لە لەشی خۆی وردبێتەوە نازانێ کامی زۆر دەجوولێتەوە و کامی کەم؟ یا ژمارەی جموجوولەکانی چەندە؟

دوای ئەوە هەندێ دەلیلی نەقلیشمان بۆ هەمان مەبەست هێنایەوە وەک ئایەتی [والله خلقکم وما تعملون]، یا ئایەتی [الله خالق کل شیء].

هەروەها رای جەبرییەکانیشمان رەد کردەوە و وتمان: بەئاشکرا جیاوازی هەیە لەبەینی لەرزینی ئینسانێکی لەرزۆک و ئیفلیج یا لەرزلێهاتوو و لەرزینی ئینسانێ بە زۆر بیلەرزێننەوە. بێ

گومان ئەگەر ئیختیار نەبوایە تەکلیف لە ئادەمزاد نەدەکرا و پێغەمبەران رەوانە نەدەکران و یاسای ژین و ئایین بێسوود دەبوو.

کەواتە بیروباوەڕی ئەشعەرییەکانی خۆمان بیروباوەڕێکی راست و رەوانە و، لەگەڵ عەقڵ و نەقڵدا دەگونجێ، چونکە بەئاشکرا دیارە کە ئینسان لەو ئیشانەدا بەشدارە کە دەیانکا، چ لە لایەنی (تصوّر) و (تصدیق)ی نەفسییەوە و، چ لە لایەن هاتوچۆی زاهیرییەوە. لەو لایشەوە خودای پەروەردگاری عالەم بە خالیق دەزانین بۆ ئەو ئاسارانە کە لە ئێمەوە پەیدا دەبن، چونکە دروستە ئەم ئاسارانە بدەینە پاڵ ئەو خودایەی ئینسانەکەی دروست کردووە و سیفەت و دافیعیشی تێدا دروست کردووە، چونکە توانای تەواوی هەیە بەسەر هەموو مومکینێکدا. ئەم بیروباوەڕە لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێ کە ئینسانەکە بە کەسب و ئیختیار لە کارەکانیدا بەشدار بێ و، دروستکردن و ئیجادیش تەنها بۆ خودای گەورە بێ.

جا لەبەر ئەوەی نەبادا یەکێ رەخنە بگرێ و بڵێ: مادام هەر خودا خالقی کار و ئاساری عیبادە و، ئەمان بێجگە کەسب و مەحەللییەت هیچ تەئسیرێکیان نییە، ئیتر سوودی تەکلیفی خودای گەورە لە عیباد دەبێ چی بێ؟ مەولەوی فەرمووی:

«فایدەی تەکلیفیچ... تاد» واتە: فائیدەی تەکلیفی خودا لە عیبادی ئەوەیە هەرکەس تەکلیفی لێ کرا عیلم پەیدا دەکا بەو کەسە تەکلیفەکە دەکا و بە فیعلە تەکلیفپێکراوەکە و بەو تۆڵە و پاداشە کە لە گوناهـ و کرداری چاکەوە پەیدا دەبن. جا کە ئینسان ئەمانەی زانی و خێر و شەڕی تەکلیفپێکراوەکەی تەماشاکرد، واتە لایەنی کردن و نەکردنی کارەکەی رەچاو کرد، سیفەتی ئیرادە و خواستیش لایەنێ بەسەر لایەنێکی تردا تەرجیح دەدا و، لەپاش ئەو تەرجیحە توانای ئینسانە موکەللەفەکە روودەکاتە ئەو لایەنە تەرجیحدراوە، ئەنجا خودای گەورەیش بۆی دروست دەکا.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە خودای گەورە خالقی کارەکەیە، هەر ئەو کارە بە شێوەی حەقیقەت نەک مەجاز دەدرێتە پاڵ کابراکە، بۆ نموونە دەوترێ (صَلّی زیدٌ، وَصَامَ عمروٌ)، بەڵام ئەم پاڵدرانە لەسەر بناخەی کەسبە و لەسەر ئەوەیە کە کارەکان بە موکەللەفەکەوە راوەستاون، نەک بناخەی ئەوە کە ئەو دروستی کردوون؛ چونکە دروستکردن تەنها هی خودایە.

نسووسی قـەتعیی لـە قورئـانی کەریمـدا زۆرە لەسـەر نیسـبەتدانی کـردەوە لـە خەڵـک، چ لەشێوەی فیعل و عەمەلدا و، چ لەشێوەی کەسب و ئیکتیسابدا، ئەگەر خەتمێکی قورئـان بکـەیت، واتە لەسەر تا خوار بیخوێنیتەوە، لەگەڵ کەمێک ئاگاداریدا ئەم راستییەت بۆ دەردەکەوێ.

بۆ نموونە: [تِلْكَ أُمَّةٌ قد خَلَتْ لَها ما كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُم][٤٢] یـا ئایـەتی [لَهـا مَـا كَسَـبَتْ وَعَلَيْها مَا اكْتَسَبَتْ...][٤٣] یا ئایەتی [كُلُّ امْرِءٍ بمَا كَسَبَ رَهين][٤٤] یا ئایەتی [وَلاَ تكسِبُ كُـلُّ نَفْـسٍ إلاّ عَلَيْها][٤٥] یا ئایەتی [... وَمـا تـدري نَفْـسٌ مَـاذا تَكْسِـبُ غـداً...] [٤٦] و غـەیری ئەمانـەیش لـە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز.

ئیتر هەر شتێ دژی ئەوە بوو کە کار بدرێتە پاڵ ئینسان و ئەوەی دەگەیاند کـە خەڵـک کـار و کردەوەیان نییە و پێوەندییان بە کارەوە نییە بۆ دەفع و پەکخستنی تێکۆشە و داوای یارمەتی لـە خودای گەورە بکە، چونکە هەروەک رێکی عەقڵی سەلیم نییـە ئینسـان دروسـتکـەری ئـەفعالی خۆی بێ و، هەروەک رێکی عەقڵی سەلیم نییە ئینسان بێئیختیار و ناچـار بـێ وەک دار و بـەرد، وەهایش مەعقوول نییە ئینسان پێوەندی کەسب و ئیکتیسابی لەگەڵ کردەوەکانیدا نەبێ، لەگـەڵ بوونی ئەو هەموو ئایەتانە کە کەسب و ئیکتیساب دەدەنە پاڵ ئینسان.

ئـــەر دەڵـــێی جلـــەو بـــەم لادا بـــادە
لـــەدوای تـــەعمیمی عـــیلم و ئـــیرادە
(ألجَبْـــــرُ لاَزِمْ قَطعـــــاً وَ حَقـــــاً
لانّهمـــــــــا اِنْ تَعلّقـــــــــا
بوُجُـــودِ الفعـــل) واجبـــە وجـــوود؛
جەهل و تەخـەللوف بـۆ مـراد مـەردوود.
(أوْلاَ فـــامتنع)، چـــاوی ئیختیـــار
لـــە دیـــنی وجـــوب، ئیمتینـــاع بێـــزار
(يَعْلَـــمُ يريـــد ربّـــي فـــي الأزَلْ
أنّ عَبـــدَهُ يتـــركْ أو يفعَـــلْ
ذا الفِعـــلَ والْقَـــوْلْ فـــي مـــا لا يـــزال
بإختيــــارِهِ؛ رُفِـــعَ الإشـــكال)

مەڵـــێ لەمـــەدا وا دای دیـــاری
ئیختیـــار کـــردن بـــێ ئیختیـــاری
بـــۆچ؟ بـــوو ئیختیـــار بـــە موتەعەللـــەق
بـــۆ ئـیرادە و عـیلم خـالیقی بـەر حـەق
(إذِ الوجـــــوبُ بالاختیـــــارِ
مُحَقَّـــقٌ لَـــهُ فَـــلا تُمـــارِ[٤٧])
ئـــەوا مـــەعلووم بـــوو ئـــەفعالی عیبـــاد
نـــەبوو لـــە تـــەرزی حەرەکـــەی جـــەماد
(وَأیْضـــا یُـــنْقَضْ بأفعـــالِ الحـــق)
قائیل بە وجووب (علی الحـق أحمـق) [٤٨]

جلەو: جلەوی ئەسپ و ماین. با دە: با بدە، وەریگەڕێنە. (فلا تُمارِ: فلا تجادلْ)

واتە: ئەگەر بـە شـێوەی ئیسـتیدراج بـۆ ئـەوەی رەخنـەم لـێ بگـری پـێم دەڵـێی: جلـەوی ئەسپەکەت بەلای ئێمەدا وەرچەرخێنە و بڕوانە با عەرزت بکەم: وەکوو تۆ فەرمووت ئـەوەی عەبـد دەیکا لای خودا مەعلوومە، واتە عیلمـی خـودا تەعـەللوقی پێـوە بەسـتووە هـەروەها ئیرادەیشـی کردووە. جا کە مادام عیلم و ئیرادەی خودا هەموو کردەوەی عیباد بگرێتـەوە لازم دێ هـەموویان مەجبوور بن، چونکە ئەگەر عیلم و ئیرادەی خودا پێوەندی بە هەر شتێکەوە ببەسـتن واجبـە ئـەو شتە بێتە جێ؛ واتە ئەگەر نەیێتە جێ لازم دێ عیلمەکەی خودای گەورە ببێتە جـەهل و، ئـەوەی ویستوویەتی نەیێتە دی، گۆڕانی عیلمی خودا بە جەهل و جێبەجێ نەبوونی ویستیشی بەتاڵن.

خۆ ئەگەر عیلم و ئیرادەکەی خودا روویان کردە نـەبوونی کارەکـە ئـەوا دەبـێ نـەبێ و بـوونی مەحالە، کەواتە کاری عەبد یا واجب دەبێ وەک باری یەکەم، یا مـەحاڵ و مومتـەنیع دەبـێ وەک باری دووەم، ئەنجام: کارەکانی خەڵک ئیختیاری نەبوون؛ چونکە چاوی ئیختیار بێزارە لە بینـینی واجب و مومتەنیع، ئیختیار لەگەڵ وجووب و ئیمتیناعدا ناگونجێ. من لە وەڵامـی ئـەم رەخنـەی تۆدا دەڵێم: عیلم و ئیرادەی خودای گەورە وەها تەعەللوق نابەستن بە کارەکەوە کە مووجیب بـێ بۆ وجووبی کارەکە یا بۆ ئیمتیناعی، خۆ عیلم و ئیرادەکەی خودا وەها تەعللوقیان نەبەسـتووە کـە بڵێیت: خودا عیلمی بووە دەبێ ئەو فیعلە لەو عەبدەوە رووبدا بە خۆی بزانێ یا نـەزانێ، خواسـتی لەسەری ببێ یا نا، بەڵکو عیلمەکەی وەها تەعەللوقی بەستووە کە ئەو ئینسانە فلانە کار لـە فلانـە

کاتدا بە خواستی خۆی دەکا، هەروەها ئیرادەی ئەو کارەی کردووە کە فلان کەس بە خواستی خۆی دەیکا بێئەوەی کەس زۆری لێ بکا، کەوابوو هیچ گیروگرفتێ نەما.

ئەمجار بە شێوەی رەخنەگرتن مەلێ: وا لە وەلامەکەتەوە دەرکەوت کە ئیش بە ئیختیارکردن بوو بە بێئیختیاری چونکە وەک وتت عیلم و ئیرادەی خودا تەعەللوقی بەست بە ئیختیاری ئینسانەکەوە و، هەرشتێکیش عیلم و ئیرادەی خودا تەعەللوقی پێوە ببەستێ دەبڕێتەوە، چونکە واجببوونی شتێ لەسەر ئەو ئەساسە کە ئەو کەسە بە ئیختیار شتەکە بکا و، عیلمی خودایش تەعەللوقی پێوە ببەستێ و قابیلی گۆڕان نەبێ ئیختیاری ئینسانەکە دووپات دەکاتەوە، کەواتە لەم باسەدا موجادەلە مەکە و گومانی خرابت نەبێ؛ خودای گەورە لە ئەزەلدا زانیویە کە فلان کەس لە دوارۆژدا بە ئیختیاری خۆی ئەو کارە دەکا نەک زۆری کەس.

وا لەم بەیانەوە دەرکەوت کە کردەوەی بنیادەم لە چەشنی جمەوجووڵی بەرد و دار نییە، چونکە جمەوجووڵی بەرد و دار لەگەڵ هۆش و فام و توانا و خواستدا نییە، بەپێچەوانەی جمەوجووڵ و هەڵسوکەوت چاکە و خراپەی بنیادەم.

لە لایەکی تریشەوە ئەگەر تەعەللوقی عیلمی خودا بە کارێکەوە ببێتە هۆی واجببوونی ئەو کارە، لازم دێ کارەکانی خودای گەورەیش هەموو واجب بن لە سەری، چونکە عیلمەکەی تەعەللوقی بە هەموویانەوە هەیە، واتە عیلمی خودای گەورە لە ئەزەلدا تەعەللوقی بەستووە بە هەر کارێکەوە کە لە پاشەڕۆژدا دەیکا، دیارە کەسیش دانی بەم وجووبەدا نەناوە، هەرکەس کاری خودا بە واجب بزانێ لە سەری، ئەو کەسە ئەحمەقە و ورد نییە.

جا ئەگەر یەکێ رەخنە بگرێ بلێ کاری عەبد نیسبەتی لێ دەدرێ بە حەقیقەت چونکە عەبد پێوەندی پێیەوە هەیە، وا لەو لایشەوە دەڵێیت ئەو کارە دروستکراوی خودایە، ئەوا لازم هات تاقە کارێ بکەوێتە بەر دوو تەئسیر. من لە وەلامی ئەو رەخنەدا دەڵێم: بەڵێ، کاری عەبد نیسبەت دەدرێتە پاڵ خۆی و پاڵ خودایش، بەلام بناخەی ئەم دوو نیسبەتدانە یەک شت نییە؛ کە کار دەدرێتە پاڵ عەبد لەبەر کەسبەکەیەتی، کە دەدرێتە پاڵ خودای گەورە لەبەر خەلق و ئیجادەکەیەتی کە کاری خودایە، دیارە ئەم دوو نیسبەتە بە گژی یەکدا ناچن.

(تلخیصُ الکلام) لەلای عەقلی ورد

زەroورەت جەبری مەحزی بەتاڵ کرد

بۆچ؟ ئەگەر نەویٚ بەسیرەت دەربەس[٤٩]
فەرقی مورتەعیش دەگەڵ بەطیش هەس
دیگتە ئیرادەت چلۆنە مەربووت
بە تەرەف سوعوود نەک بەلای سوقووت
(هَلْ سمِعتَ قَطْ: أيّها الحجرا!
قُمْ، لا تَقمْ، من أجْهَلِ البشرْ
فكَيْفَ ظَنَّ العاقل الحاذِق
بربّ العرش العليم الخالِق؟)
بیٚجیهەت دەبیٚت فورقان و ئینجیل؟
(لا وَباعِثِ الرّسْلِ بالدليل)
باز لەم لایچەوە ئەدیللەی نەقلی
هەروەکوو حوجەج قەتعییەی عەقلی
سەدای دای لە گوێی دەروونی ئاگاه
(لا خالِقَ للأشياء إلاّ الله)
پەس وا واجب بوو عەدل و ئیقتیساد
لە ئیعتیقاددا بۆ ئەهلی رەشاد
گویٚ نە لە ئەم لا، نە لە ئەولا کەین
لا ذا، ولا ذا، أمْرٌ بَيْنَ بَيْنْ
شەرعی ئەقدەسی (عالیُ الجناب)
بەو ئەمرە دەڵیٚ کەسب و ئیکتیساب

دەربەس: دەرگا بەسراو، دەرگا داخراو. دیگتە: دیوتە، بینیوتە. دەبیٚت: دیٚت، باز: دووبارە. لەملایچەوە: لەم لایشەوە. پەس: کەوابوو. کەین: بکەین.

واتە: پوختەی وتار ئەوەیە کە بە سرنجی عەقڵ و هۆشی ورد بە بەداهەت جەبری خالسی ئەهلی جەبر بەتاڵ کرایەوە، ئینسانی هوشیار باوەڕ ناکا بنیادەم وەکوو دار و بەرد بیٚ، زۆر ئاشکرایە

فەرق لە بەینی لەرزینی ئینسانی لەرزۆک و لەرزینی ئینسانی هێرشبەردا هەیە، یەکەم ناچاری‌یە و بە دەستی خۆی نییە و دووەم بە ئیختیاری خۆیەتی.

ئاخۆ هەرگیز تەنانەت لە نەزانترین کەست بیستووە کە بە بەردێ بڵێ: هەڵسە یا هەڵمەسە؟ ئیتر چۆن پیاوی ژیر گومانی ئەوە بکا کە خودای عەرشی مەزن، خودای دانا و پەروەردگار رووی خیتاب و تەکلیفی بکاتە یەکێ کە هیچ جۆرە ئارەزوویەکی لە دەستی خۆیدا نەبێ؟ ئایا بێ‌حیکمەت و بێ‌هۆ و بێ‌لایەکی تایبەتی مەعقوولە خودای گەورە قورئانی گەورە یا ئینجیل رەوانە بکا؟ حاشا وەکەللا. دەی چۆن دەچێتە عەقڵەوە ئەوانەی تەکلیفیان لێ دەکرێ بێ‌ئیختیار و بێ‌ئاگا بن؟ نەء قەسەم بەو خودایە پێغەمبەرانی بە دەلیلەوە رەوانە کردووە هەرگیز خودا داوای کارێ لە یەکێ ناکا کە دەستەڵات و ئیختیاری نەبێ.

لەم لایشەوە دەلیلی کاریگەری نەقلی وەک دەلیلی بەهێزی عەقلی لە دڵ و گوێی ئینسانی ئاگاداردا دەنگ دەداتەوە و هاوار دەکا کە بێجگە زاتی خودا کەس خالق نییە، بۆیە پێویست بوو ئەهلی روشد و عەقڵ رێگای مامناوەندی بگرن و باوەڕیان وابێ: کە ئینسان نە مەجبوور و بێچارەیە وەکوو دار و بەرد، نە دروستکەرە. پێویستە نە بەگوێی جەبرییە بکەن کە دەڵێن ئینسان بێ دەستەڵاتە و، نە بە رێگای موعتەزیلەدا بڕۆن کە دەڵێن عەبد خالیقە، نە ئەو لاڕێ بگرین، نە ئەم لاڕێ.

پێویستە باوەڕ بە شتێ بکەین کە شەرعی شەریف پێی دەڵێ کەسب و ئیکتیساب.

بۆچ بۆ تەعەللوق قودرەت بە مەقدوور
وەجهی ئیختیراع هیچ نییە زەروور
(فی الأزَلْ قدرةُ ربّنا المُطاع)
بەستە بە عالەم بە بێ‌ئیختیراع
(عند الاختراع بنوعٍ آخر
من التعلق) پەنجەی دا لە دەر
تەعەللوقێکیچ با بوێ دیسان
نەوعێ تر لەبۆ قودرەتی ئینسان
هەر نەوعێ هەیە بە شەرعی موختار
موسەمماس بە ئیسم کەسب و ئیختیار

دەزانـــين هەيـــە نـــازانين چييـــە
بـــۆ ماهييـــەت ڕێـــی عيبـــارەت نييـــە
ويجـدان پێـت دەڵـێ هەيـە ئيختيـار
عيبـــارەت دەڵـــێ نـــايزانم هـــاوار
بۆچ عەيبە تەسديق بە وجوودی شـەی
نـــەزانی بـــەيان حەقيقـــەتی کـــەی؟
بەعدەز[٥٠] دەلائيـل بـۆ بـوون ئـاوردن
هـەروەها دەبێـت بـۆ تـەقرير کـردن:
(فعلُنـــا داخِـــلٌ تحـــتَ القُـــدرتينْ
بِجهتـــــــــينِ مُختَلِفَتـــــــــينْ
مَقْـــدُورُ الله مِـــنْ حَيْـــثُ الايجـــاد
مِـنْ جِهَـةِ الکَسْـب مَقـدورُ العبـاد)

پەنجەی دا لە دەر: دەرکەوت. شەی: شەیء: شت. کەی: بکەی. «بۆچ بۆ تەعـەللووق...تـاد» وەڵامە بۆ ڕەخنەی ئەوانەی دەڵێن چۆن دەبێ عەبد کەسبی ببێ کەچی قودرەتەکەی بە شـێوەی خەلق و ئیجاد پێوەندی بە کەسبکراوەکەوە نەبێ؟ ئەمە وەکوو ئەوەیە بڵێیت: فلان کەس توانایە و توانا نييە، پوختەی ئەم وەڵامەيش لەگەڵ هەندێ درێـژدا ئەوەيـە کـە پێوەنـديی قـودرەت بـە مەقدوورەوە دوو جۆرە:

يەکەم: پێوەندييە بە شێوەی دروسـتکـردن و داهێنـان و لـە نەبوونـەوە هێنانـە بـوون، وەک پێوەنديی توانای خودای گەورە بەو شتانەوە کە دروستيان دەکا لـەکاتی دروسـتکردنيانـدا، لـەم جۆرەدا ئيختيراع و ئيبداعی قادر بۆ مەقدوور پێويستە.

دووەم: پێوەندييە نەک بە شێوەی خەلق و ئيجاد، بەڵکو يا بە شێوەی دياریکردنيەوە بۆ ئيجاد لە پاشەڕۆژدا، وەک پێوەنديی توانای خودا لە ئەزەلدا بەو مەقدوورانەوە کە دەيەوێ لە کاتی خۆيدا ئيجاديان بکا، کە لێرەدا توانای خودای گەورە پێوەندی بە مەقدوورەکانەوە هەيە بە بێئيخـتيراع و ئيجاد لەکاتی پێوەندييەکەدا، ياخود بە شێوەی ئامـادەکردنی مەقدوورەکـەوە بـۆ ئـەوەی ببێـتە مەخلووقی خودا و ئيجاد و ئيبداع ڕووی تێبکا و لە هەمان کاتيشدا ببێتە سيفەتێکی بەسـتراو بـە خاوەن تواناکەوە، وەک پێوەنديی توانای عيبـاد بەوشـتانەوە کـە کەسـبيان دەکـەن، ديـارە ئـەم

پێوەندییە بە شێوەی ئیختیراع و ئیبداع نییە، بەڵکو بە شێوەی ئامادەکردنیە بۆ خەلق و ئیجاد لـە لایەن خودای گەورەوە. کەوابێ لە پێوەندیی قودرەتدا وەجهی ئیختیراع و ئیبداع پێویست نییە نە بۆ قودرەتی خودا و نە بۆ قودرەتی بەندەی خودا. ئەوەتە خودای گەورە قودرەتەکـەی لـە ئەزەلـدا بەستراوە بە مەقدوورەکانەوە کەچی لە ئەزەلدا خەلقیان ناکا و لـە (مـالایزال)دا پێوەندییـەکی تـر پەیدا دەبێ بۆ قودرەتی خـودا لەسـەر وەجهـی ئیخـتیراع و ئیبـداع. هـەروەها قابیلـە پێوەنـدیی قودرەتی ئینسانیش بە مەقدووراتەوە بە وەجهی ئیختیراع نەبێ بەڵکو بە وەجهی کەسب بێ.

هەرچۆن بێ ئەم جۆرە پێوەندیی خەلقە پێی دەڵێن کەسـب و، نەسسـەکانی قورئـانی کـەریم باسی بوونی ئەم کەسبە دەفەرموون وەک: [لَها ما كَسَبَتْ وَعَلَيها ما اكتَسَبَتْ] یا [كُـلُّ امْـرِئٍ بِمَـا كَسَبَ رَهين] یا [بلى مَنْ كَسَبَ سَيِّئَةً وأحاطـت بـهِ خطيئتُـهُ... الآيـة][51] وە هـی تـریش. بەڵـێ بەئاشکرا دەزانین هەیە بەلام نازانین حەقیقەتەکەی چییە؟ ویجدان دەڵـێ ئیختیـار هەیـە، بـەلام عیبارەت هاوار دەکا دەڵێ نازانم چۆن باسی بکەم. هیچ عەیبیش نییە ئینسان بـاوەڕی بـە شـتێ ببێ و نەزانێ بەیانی حەقیقەتەکەی بکا.

لەم بەیانە درێژەوە دەرکەوت کە کـاری ئێمـە مەقدوورێکـە لـەژێر دەسـتەلاتی دوو قودرەتـدا، قودرەتی خودای گەورە و قودرەتی عەبد، بەلام بـە دوو جیهـەتی جیـاواز؛ واتـە: لـەژێر قـودرەتی خودای گەورەدایە بە خەلق و ئیجاد و لەژێر قودرەتی عەبددایە بە کەسب و ئیکتیساب (فمن جهة الايجاد و الخلق مَقْدورٌ لِلّه تعالى، ومن جهة الكسب مقدورٌ للعبد).

بۆ فەرقی بەینی خـەلق و ئیکتیسـاب
چەند عیبارەت هەس بۆ (أولو الألباب)
وەکوو ئەمـە کەسـب دەگـەڵ ئالەتـە
مەقـدووری واقیـع لـەجێی قودرەتـە
هـەرچی کـە خەلقـە خـیلافی ئـەوە
بـاقیی لــە کوتــوب بــڕۆ بشــنەوە

واتە: بۆ بەیانی جیاوازیی خەلق و ئیکتیساب چەنـد عبارەتـێ هـەن لـە زانایانـەوە وەرگـیراون؛ یەکەم ئەوەیە کەسب بە ئالەت و ئەسباب دەبێ، بەلام خەلق تەئسیرێکە پێویسـتی بـە ئەسـباب و ئالەت نییە، بۆ نموونە: خەلق و ئیبداعی خودای گەورە بۆ شتێ بریتییە لە دەرهێنانی ئەو شتە لـە نەبوونەوە بۆ بوون وەک دروستکردنی ئاسمان و زەوی و تۆوی دار و گیا و گـوڵ و خواردەمـەنی،

بەلام کەسب بەکارهێنانی ئالەتە لە ڕێکخستنی هەندێ شتدا، یا ئامادەکردنی شتێ لە کۆمەڵە پارچەیەک، بەڵێ ئەم کەسبە پێویستی بە ئەجزا و ئالەت هەیە؛ وەک هەستان، دانیشتن، لێدان، کوشتن... تاد، ئەمانە هەموو پێویستیان بە جووڵاندنەوەی دەست و پێ و ئالەتەکانی تر هەیە و بە بێ‌ئەوانە ناکرێن.

دووەم کەسب مەقدوورێکە وا لە شوێنی قودرەتەکەدا، وەک هەستان کە بریتییە لە جووڵاندنەوەی کابرا بۆ ئەندامی خۆی و گۆڕینی وەزعی دانیشتن بە هەستان، بەلام خەلق مەقدوورێکە لە غەیری شوێنی قودرەتەکەدایە، وەک ئەوە کە خودای گەورە هێز لە یەکێکدا دروست دەکا بۆ هەستان و ڕاکردن، دیارە ئەم مەقدروورانە لە زاتی خودادا نین، بەڵکو لە زاتی زەلامەکاندان کە هەڵدەستن و ڕادەکەن.

سێهەم: ئەوەیە کەسب مەقسوود حاسڵ ناکا، کابرا تەنیا کاسبە و موحتاجی ئەوەیە خودای خالیق ئەو شتە کە مەقسوودیە بۆی دروست بکا، بەلام خەلق و ئیجاد تەنیا بە خالیق جێ‌بەجێ دەبێ و کەسی ناوێ وەکوو ئەو ئیبداعانە کە خودای گەورە لە نەبوونەوە دەیانکا.

چوارەم: ئەوەیە ئەوەی خەریکی کەسب دەبێ پێویستە لە مومکینات بێ، بەلام ئەوەی خەریکی دروستکردن دەبێ پێویستە (واجب‌الوجود) بێ.

پێنجەم: خەلق و ئیجاد هەمیشە لەگەڵ حیکمەتدایە و هەڵە لە ئەنجامیدا نییە، بەلام کەسب یا هەر بێ حیکمەتە یا حیکمەتەکەی ناقیسە، هەروەها بەهەڵەیشدا دەچێ.

ئیجاد و خەلقی ئەفعالی قەبیح
لە حەکیمەوە مەحموودە و مەلیح؛
دەزانێ بۆچی تێریتە وجوود
ئەمما کەسبی عەبد مەزمoomە و مەردوود؛
بۆچ؟ عاقیبەتی لێ نادیارە،
دەگەڵ ئەمیچە نەهیی دووچارە،
دەزانێ: شاریع فەرمووگیە: نەیکەی!
نەوا مەزمووم بێ و عیقابێ بخۆی
وەها کە عیلمی هەیە بە حەسەن
دەزانێ شاریع فەرمووگیە: بیکەن

ئــەو بکــا جــەزای ئەڵــبەت عیقابـــە
ئــەم بکــا جــەزای ئەڵــبەت ســـەوابە

تێرێتە: دەهێنێتە. دەگەڵ: لەگەڵ. فەرمووگیە: فەرموویە.

واتە: خالیق هەرچی بکا باشە، هەرچەند ئەوکارە لە بەرچاوی ئێمەدا باش نەبێ وەکوو هێـزدان بە ئینسانێکی بەدرەوشتی بێویجدان، یا یارمەتیدانی کۆمەڵێ کە بیروباوەڕیان باش نەبێ.

چونکە خودای گەورە زانایە و زانینەکەی بێسنوورە، ئەنجام و بەرهەمی کارەکانی لەلا رووناکە، دەزانێ بۆچی ئەو شتە دروست دەکا؛ بەڵام کەسبی عەبد بۆ شتی خراب بە یاسای شەرع مەزمووم و ناپەسەندە، چونکـە ئـەو ئـەنجامی کارەکـانی خـۆی نازانـێ هـەتا بڵـێین مومکینـە ئاگـای لـە ئەنجامێکی خێری ئەو ئیشە بووبێ. لەگەڵ ئەمەیشدا لە لایەنی خوداوە نەهی رووی‌کردووەتە ئـەو کەسە ئـەو شـتە خراپـە دەکـا و، لـە کردنەکەیـدا نافـەرمانیی خـودا دێتـەجێ و، دەزانـێ خـودا فەرموویەتی: ئەو ئیشە نەکەی نەبادا تووشی تۆڵەی نالەبار و گیرۆدەی ئازار ببیت.

وەکوو چۆن دەزانێ فلانە کار باشە و خودا فەرموویەتی بیکەن، جا لەم کاتەدا کە کـابرا ئـەمر و نەهیی خودای بیست ئەگەر خراپە بکا پاداشی تۆڵە و ئازاری پاشەڕۆژە و، ئەگەر چاکە بکا پاداشـی خۆشی و ئاسایشی نەبڕاوەیە.

ئەرچی ئەوەندە زەروورى بـێ و بـەس
زیـاتر تـەقریر تێیـدا بی کـەم دەس
بەڵـێ[٥٢] تـەحقیقی عولـەمای ثوقـات
چاک واتە قەڵەم بۆت تـەحریر بکـات
(تَـــدْرِيجاً إِلـــى الَّـــذي أعْتَقِـــدْ
بِـــهِ عَلَيْـــهِ أرْضـــى أعْتَمِـــدْ)
گـوێ بـدێر مەکـە و هـیچ وەتەقـەوە
هـەرتا سـەردەنێی تـەق وە حەقـەوە
(أشْـــعَرَتْ إِلـــى الأشـــعَرى الوحيـــد
نفســـى، مـــا تريـــد نَحْـــوَ ماتريـــد)
وابەســـتە دەبـــێ ئـــیرادەی بـــاری
بـــە بـــەعزێ ئـــەفعال بـــێئیختیـــاری

بەنـــدە ئـــیرادەی بـــوێ یـــا نـــەوێ
تێرێتیـــە وجـــوود، پـــەکی ناکـــەوێ
ئەو فیعلە لاوە فڕەیدە ئـەو کـەنار[٥٣]
مەیکـە بـە دەلیـل نـەفیی ئیختیـار
بەڵـێ بـەعزێ فیعـل بەنـدە دیـارە
وجـوودی مـەربووت بـە ئیختیـارە
یانیهای (فی العبد) خـالیقی مـەعبوود
ئـیرادەی قـودرەت تێرێتـە وجـوود
ئـەو ئیرادەیـە کـە پێـی هاتـە بـەین
دەدا تـەرجیحی یـەک لـە تەرەفـەین
(فَتَعَلَّـــقُ القُـــدْرَةِ عَلیـــهْ
تَفَـــرَّعْ کَصَـــرْفِ الـــدَّوَاعی الیـــهْ)
دەکـا خـەلقی فیعـل لـەدوای ئەمانـە
(تعقیبـــاً) زاتی یـــەکتای یەگانـــە
ئەمانـــە هـــەموو ئەســـبابی عـــادین
عـەلاماتی خـەلق حـەزرەتی هـادین
هیچی موئەسسـیر(فی الوجـود) نییـە
ســـیوای قـــودرەتی (ربّ البریّـــة)
هەر ئەو بە تـاقی بـزان بـە موسـبیت،
موحریق و قاتیع، موشبیع و، مونبیـت
بورهان، ئەگەر ئار، تێـغ، نـان و بـاران
هـەموو بـە ئەسـباب عادییـە بـزان
(أعْنـــی لـــدَیْها الخـــالِقُ القـــدیر
یخلـــق لابِهـــا فـــافهم التحریـــر)

گۆی بدێر: گوێ بگرە. مەکەو هیچ وە تەقەوە= هیچ مەکەوە بە تەقـەوە: واتـە: شـەرم مەکـە، خۆت بە ناچار و تێکەوتوو مەزانە. تەق: لە پڕ. حەق: راسـتی یـا مـردن. نحـو مـا تریـد: بـەلای ئەوبوومەنسووری ماتوریدیدا. تێرێتیە: دەیهێنێتە. تێرێتە: دەهێنێتە. پەکی ناکـەوێ: دانامێنـێ. فرەی دەو کەنار: بیخەرە لاوە، گۆیی مەدەرێ. پێی هاتـە بـەین: پێـی هاتـە نـاو، هاتـە مەیـدان، یەکتا: تەنیا. یەگانە: تەنیا. بە تاقی: بە تەحقیق، یا بە تاقی تەنیا. ئار: ئاگر.

واتە: ئەگەرچی هەر ئەوەندەی کە باسمان کرد پێویست بێ و، تەقریری زیاتر تۆ تیا کـەمدەس و بێدەسەلات بێ و زۆر پێویست نەبێ، بـەلام تـەحقیقاتی زانایـانی باوەڕپـێکـراو لـەم بابەتـەوە پێویستە بنووسرێ، هەتا وردەـوردە دەگەیتە ئەوەی کە خۆم باوەڕم پێی هەیە و لێی دڵـنیام، جا باش گوێ لەو تەحقیقە بگرە و لە زانین و سوودوەرگرتن شەرم مەکە هـەتا دەگەیتـە راسـتی، یـا هەتا ئەو رۆژەی دەمری.

من لەم مەسەلەدا مـەیلم بـەلای مەزهـەبی (ابوالحســن)ی ئەشـعەریدایە، نـەک رێبـازی (أبـو منصور)ی ماتوریدی.

پوختەی فەرموودەی ئەشعەری ئەوەیە کە خودای گـەورە کـردەوە نائیختیارییـەکانی ئینسـان دروست دەکا بێئەوەی ئینسانەکە دەسـتی تێـدابێ، وەک سـاغی و ناسـاغی و بـەرزی و نزمـی و زیرەکی و کەودەنی... تاد؛ بەلام کـردەوە ئیختیارییـەکانی وەک هەسـتان، رۆیشـتن، خوێنـدن، بازرگانی، عیبادەت، گوناهـ... تاد، ئەمانە بەم جۆرە دێنە وجوودەوە:

خودای گەورە هێزی زانینی بە ئینسانەکە داوە کە لەپێش کردنیا بیری لـێبکاتـەوە و سـرنجی تێبگرێ، هێزی خواستیشی پێ بەخشیوە بەو خواسە کام لای پێ باش بێ بەسەر ئەولاکەی تـردا تەرجیحی دەدا، هێزی توانایشی داوەتێ کە بەپێی تەرجیحی خواستەکە رووبکاتـە ئـەوکارەی کـە ویستوویەتی. ئەنجا لەوکاتەدا کە توانای ئینسانەکە دەیەوێ بۆی خـەلق دەکـا. ئـەم ئینسـانە بـە هۆی بەکارهێنانی خواست و تواناکەیەوە، کە ئەسبابی عادەتین بۆ دروستکردنی کارەکە لە لایەن خوداوە، دەبێتە خاوەن کەسب و خودای گـەورەیش (بالـذات) خالیقـە. ئیتـر هـەرچی لەلایـەنی ئینسانەکەوە ببێ وەک زانین و، خواسـت و توانـا و، بـەکارهێنانی هۆیـەکان بـۆ کارەکـە، هـەموو ئەسبابی عادەتین بۆ دروستکردنی کارەکە لەلایەن خودای گەورەوە.

لەڕاستیدا بێجگە قودرەت و توانای خودای پەروەردگار هیچ شتێ کار لە بوونـدا ناکـا و، هـەموو بوونێ ئەنجامی توانای ئەوە، ئـەوە ئیسـباتی زانـینی نەتیجـە دەکـات نـەک دەلیـل، ئـەوە شـت

دەسووتێنێ نەک ئاگر، ئەوە شت دەبڕێ و لەتلەتی دەکا نەک تێغ، ئەوە گیانلەبەر تێر دەکا نەک نان و خواردەمەنی تر، ئەوە شت دەڕوێنێ نەک باران. ئەمانە هەموو هۆی عادەتین و لەگەڵ بوونیاندا خودا کارەکە دروست دەکا، وەک مەولەوی خۆی لەمەوپاش دەڵێ:

«یُمکِن ئار بوێ و ئیحراق هەر نەوێ
یا ئیحراق وە بێ ئاگر هەڵکەوێ»

ئەنجا ئینسان کە کاسبە ئەگەر کەسبی شتێکی کرد ئەمر بە کردنی کراوە ئەوا پاداشی چاکی دەدرێتەوە، خۆ ئەگەر کەسبی کارێکی کرد کە نەهیی لێ کراوە ئەوا تۆڵەی لێ دەسەنرێتەوە.

(إنْ قُلْتَ ذاکَ التَرجیح المزبور
المتفرّع علیه المذکور)
ئەر خەلقی حەقّە (فالجبرُ باقٍ) [54]
وەر فیعلی عەبدە خالقە تاقی
(نَقُولُ: عِنْدَ القادَةِ السّادَةْ
ذا مِنْ مُقتضی ذات الإرادة)
بەیان کریاگە لە جێی خۆی سەریح
(تلکَ صِفَةٌ شأنها اَلتَرجیح)
پەس ئەگەر بڵێی بینا لەم سوورە
مورەججیح دەوێ ئەو (بالضرورة)
دڵ ئارەزوومەند بۆ تەبیینی‌یە
فائیدە لە ئەم تەکلیفدا چییە؟[55]
دەڵێن: داعی‌یە، هەروەک بوو بەیان،
بۆ تەعەللوقی ئیرادەی ئینسان
بۆچ؟ قودرەت تابیع ئیرادە دەوێ
ئیرادە ئەوشۆن عیلمت دەکەوێ
عیلمیچ تابیعی مەعلوومە سەحیح
مەعلوومیچ حەسەن دەوێ یا قەبیح

پەس سا موکەللەف، مەسـەل، ئـەر زانی
تـەکلیف تەشـریفی فـەرموو ئـەرزانی
خیتاب رووی تێکرد کە موکەللەف تۆی
ئـەو فیعلـە چاکـە مـەیلت بـوێ بـۆی
دەوێ بـە داعـی، بـۆت بکـەم تـەوزیح
بـۆ تەعـەللوقی ئـیرادە و تـەرجیح
بەنـدە لەوێـدا چـاک سـاعی دەکـا
سـەرفی قـودرەت و دەواعـی دەکـا
(فَیَخْلُــقُ اللهُ رَبُّنَــا المالِــک
عــادةً ذا الفِعــلَ عُقَیْــبَ ذلِــکْ
لاَ بـالوجوبِ علــی التحقُّــقْ
وَباعتبــار ذاکَ التَعَلُّــقْ)
ئـەو فیعلـە دەوێ بـە تاعـەت حیسـاب
بـە عەلامـەت و نیشـانەی سـەواب

ئەر: ئەگەر. وەر: وە ئەگەر. تاقی: تەحقیق. کریاگە: کراوە. بوو بـەیان: بـەیان بـوو. ئەوشـۆن: لەدوای، تابیع، پەس: کەواتە. تەشریفی فەرموو ئەرزانی: تەشریف ئەرزانی فەرموو: تەشریفی هێنا، هات. لەئەسلا تەعبیرێکی فارسی‌یە. بوێ: ببێ. ساعی دەکا: دەکاتە ساعی. دەوێ: دەبێ.

واتە: ئەگەر بە شێوەی رەخنە بلێیت: ئەو تەرجیح‌دانی یـەکێ لـە دوو لایـە کـە لـە ئـیرادەی ئینسانەکەوە پەیدا دەبێ و قودرەتەکەیش بەهۆی ئەوەوە پێوەنـدی بەولایـەوە دەبەسـتێ، ئەگـەر خودا دروستی کردووە نەک ئینسانەکە ئەوا گەڕاینەوە بۆ جەبرەکـە، واتـە ئینسـانەکە مـەجبوور و ناچار دەبێ. خۆ ئەگەر لە عەبدەوەیە ئەوا بوو بە خالیق؟

وەڵامی ئەم رەخنە ئەوەیە زانایانی ئوسوولی دیـن فەرموویانـە ئـەو تـەرجیح‌دانـە لـە سـیفەتی ئیرادەکە خۆیەوە پەیدا دەبێ، چونکە ئیشی ئیرادە تەرجیحە. جا ئەگەر بلێیت کـە ئیشـی ئـیرادە تەرجیح بێ و بەقەتعی لایەک بەسەر لایەکی تردا تەرجیح بدا ئیتر فائیدەی تەکلیف چییـە؟ دڵـم حەز لە روون‌کردنەوەی ئەم شتە دەکا.

لە وەڵامدا دەوترێ تەکلیفکردن لەلایەن خوداوە و زانینی ئینسانی موکەللەف بە تەکلیفەکە دەبنە داعی و هۆ بۆ تەرجیحی لایەک بەسەر لایەکی تردا و ئەم تەرجیحە دەبێتە داعی و هۆ بۆ پێوەندیی قودرەت و بەکارهێنانی ئەسباب بەرەو مەبەست؛ چونکە توانا تابیعی خواستە و خواست تابیعی زانینە و زانینیش دوای زانراوەکە دەکەوێ، واتە: جوانی و ناشیرینی زانراوەکە دەردەخات، لەسەر ئەم بناخەیە کە ئینسانە موکەللەفەکە بە تەکلیفی شەرعی زانی و خیتاب رووی تێ کرد و پێی وت: تۆ موکەللەفی و ئەو کارە باشە چاک وایە ئیرادەی بکەی، ئەم وەزعە دەبێتە داعی و هۆ بۆ پێوەندیی ئیرادەی موکەللەفەکە و دەیجووڵێنێ بۆ بەکارهێنانی قودرەت و دەواعییەکان، بەشوێنی ئەویشدا خودای گەورەیش کارەکەی بۆ دروست دەکا، بە شێوەی جاریبوونی عادەت بەم جۆرە تەسەڕروف و ئیجادە، نەک بە شێوەی لەسەر واجب بوون.

جا ئەگەر کارەکە جوان بوو دەبێتە گوێڕایەڵی، خۆ ئەگەر دژی ئەوکارەی ویست، خودای گەورە ئەویشی بۆ دروست دەکا و دەبێتە گوناه.

دیارە گوێڕایەڵی دەبێتە نیشانەی پاداشی چاک و گوناهیش دەبێتە نیشانەی سزا و تۆڵە.

(وَالحاصل بخَلْقِ ربّنا العالي
يَظهرُ في العَبْد علمٌ إجمالي
بأفْعالِهِ الاختياريَّةْ
قبلَ أن كانت منهُ جاريةْ
وَعِلمٌ بِحُسْنِ وَقُبْحِ الأفْعالْ
وَمَا ترتّبْ منْهَا في المآل)
مەئخووذ لە لیسان شاریع (ذوالحلم)
(وَ إرادةٌ تَتَبّعْ ذا العِلم)
لەبۆ تەرجیحی بەعزێ ئامادە
(ثُمَّ قدرةٌ تِلْوَ الارادة)
ذَات التَعَلُّقْ حَيْثُ إنّها
لَو استَقَلّتْ لأوْجَدَها)
پەس دەگەڵ عیلمێ کەوا رابگرد
ئەگەر ئیرادەی قەبیحێکی کرد،

با موقتەزای زات هیچ نەوێ حیساب،
موستەحیق دەوێ بۆ زەم و عیقـاب
(بِإعتِبـــــــارِ المَحَلِّیَـــــــــةِ
وَمِـــــــنْ جِهَـــــةِ المظهرِیَّـــــةِ
عَلـــی طَرِیـــقِ جَرْیـــانِ العـــادە)
هـەرچلۆن وتمـان لـە وجـووب لادە
وما تَرَتَّبْ: وما تَتَرَتَّب. رابگرد: رابوورد

مەولەوی، وەک لەمەوپێش فـەرمووی، مەبەسـتی دەرخسـتنی ڕێگـەی ڕاسـت و بیروبـاوەڕی ئەهلی سوننەتە، کەوابوو ئەگەر بابەتێکی لە دوو سێ شوێندا وتەوە هـەقی ئـەوەمان نییـە گلـەیی لێبکەین و ڕەخنەی لێ بگرین، ئەگینا ئەم باسە تائێستە بە چەند شێوەی کورت و درێـژ دووبـارە کراوەتەوە. پوختەی فەرمایشی ئەم جارەی ئەمەیە:

خـودای گـەورە ئینسـانەکە وەهـا دروسـت دەکـا کـە بـە شـێوەیەکی ئیجمـالی بـە کـردەوە ئیختیارییەکانی خۆی دەزانـێ پـێش ڕوودانیـان. هـەروەها لەبـەر ئـەوەی تـەکلیف لای خـوداوە ڕووی‌تێکردووە و ئەمری چاکەی پێ‌کراوە و نەهیی خراپەی لـێ‌کـراوە، لـە ڕێگـای شـەرعەوە بـە جوانی و ناشیرینی کردەوەکانی دەزانێ و، ئەنجامی هـەردوولای لا ڕوونـە، واتـە: پاداشـی چاکـە بەرامبەر کرداری چاک و سزا و تۆڵە بەرامبەر کرداری خراپ لە ڕۆژی قیامەتدا.

هەروەها خودای گەورە ئەو ئینسانەی وەها دروست کردووە کە پاش زانینەکە خواسـتی ئامـادە ببێ بۆ تەرجیحی لایێ بەسەر لایێکی تردا. دوابەدوای خواستەکەیش ڕاستەوخۆ توانای لەسـەرپێ و ئامادەیە و پێوەندی بە مەبەستەکەوە دەبەستێ. بەجۆرێ ئەگەر خۆی سەربەخۆ بوایـە یەکسـەر دەیکرد.

ئەنجا پاش ئەوەی کە بە جوانی و ناشـیرینی کردەوەکـانی زانی ئەگـەر کـردەوەی ناشـیرینی ویست و کردی ئەوا شایانی زەم و تۆڵە و سزایە، نەک لەبەر ئـەوە کـە خراپـە لـە موقتـەزای زاتی ئینسانە چونکە ئیمکان سەرچاوەی کەم‌وکووڕی‌یە، بەڵکو لەبەر ئەوە کە تەکلیف ڕووی تێکـردووە و ڕێگای چاکە و خراپەی بۆ ڕوون کراوەتەوە و، بە ئیختیاری خـۆی خواسـت و توانـای بـە لایەنـە خراپەکەوە بەستووە و، بووەتە مەحەل و مەزهەر بۆ زانین و خواست و توانـا. ئـەو شـتانەی هـۆی عادەتین بۆ دروست‌کردنی کارەکە لە لایەن خودای گەورەوە لەوەوە دەرچوون.

ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە خودای گەورە عادەتی وەها جاری کردووە لەگەڵ بوونی ئەسبابدا ئەو کارە دروست بکا، نەکەی بڵێی ئەو دروستکردنە لەسەر خودا واجبە، خودا (واجب‌الوجود)، هیچی لەسەر واجب نییە و لە هەموو کارێکدا موختارە.

دیارە دووبارە کردنەوەیە کە بڵێین: ئەگەر ئینسانەکە لایەنە چاکەکەی ویست و کردی شایانی پاداشی چاک و ڕەزای خودایە.

ئەرچی لەناو قەوم بووگە بە قوولە
مەفهوومی زوهوور غەیری حولوولە
بەحسی[٥٦] قیام و ئیتتیساف دەکەین
تا ئیسنادی فیعل بە بەندە بدەین
مەحیللییە، بێژ، یا مەزهەرییە
بۆ ئەدای مەتلەب هیچ فەرقی نییە[٥٧]

بووگە: بووە. قوولە: هەرا. بێژ: بڵێ.

واتە: هەرچەند لەناو خەڵقا بووە بە قڕەقڕ و قسەوباس و دەڵێن لەسەر ئەساسی قسەی پێشوو ئینسان موستەحەقی سزا نابێ؛ ئەو هەر ئەوەندەیە مەزهەرە بۆ کردارەکە و لێیەوە دەردەکەوێ، ئیتر مەحەللی نییە و ئەو خەلقی نەکردووە؟ ئێمە گوێ نادەینە ئەم قسە و بڕیاری ئەوەمان داوە کە ئەو شەخسە موتتەسیفە بەو کارەوە و کارەکە بەوەوە ڕاوستاوە و ئیسنادی کارەکە ئەلای ئەو دەدرێ، ئیتر تۆ بڵێیت ئینسان مەزهەرە یا مەحەللە، بۆ مەبەستەکەی ئێمە هیچ ناگۆڕێ و، شایانیی کابرا بۆ تۆڵە و سزا ئیسبات بوو.

لە خەلقی ئەفعال وایە لێ مەفام
(قَامتِ الافعال بِرَبِّ الأنام)
ئاکیل (مَن قَامَ بِهِ الأكلُ، لا
مَنْ خَلَقَ الأكلَ، جلّ وَعَلاَ
موشتەق گشت وانە ئەر کەسێ زانی
کافر و فاسق شاریب و زانی
(فاسنادُ الكسب على التحقيق
مِنْ تي الجهَةَ للعَبْدِ حقيقي)

ئایـــەتی (لهـــا مـــا کسَـــبَتْ) راس
(و علیهـــا مـــا اکتســـبت) هـــەر واس

وایە لێ مەفام: وەهای لێ تێمەگە. هەر واس: هەر وەهایە. مەولەوی بەم شیعرانە وەڵامی ئـەو رەخنەیە دەداتەوە کە دەڵێ: ـ مادام خودای گەورە کردەوەکـانی عەبـدی خـۆی دروسـت دەکـا پێویستە، بۆ نموونە، خودا ئاکیل، شاریب، عامیل، کاتیب، واتە بخۆر و کارکەر و بنووس و شتی تـر بێ، لەو سیفەتانەی کە ئینسانی ژیر بە نارەوای دەزانێ بیانداتە پاڵ خودا.

پوختەی وەڵامی رەخنەکەیش ئەوەیە: لەمەوە کە خودا خالیقی کردەوەی بەندەی خۆیـەتی وا تێمەگە کە ئەوکارانە بە زاتی خوداوە راوەستاون؛ هەتا بەخودا بڵێین، والعیاذ باللە، (اکل، شـارب.. تاد) چونکە ئاکیل و شارب بەو کەسە دەڵێن خواردن و خواردنەوەکەی پێوە راوەستاوە نـەک ئـەو کەســە کــە کــاری خواردنەکــە دروســت دەکــا. دیــارە هەرکــەس مــەعنای کەلیمــە عەرەبییــە موشتەقەکان بزانــێ لــەم راســتییە دەگــا، بــۆ نموونــە (کــافر) بــەو کەســە دەڵــێن کــە کوفرەکــە سیفەتیەتی، (فاسق) بەوکەسە دەڵێن فیسقەکە سیفەتیەتی، نەک بەوکەسە کە کـوفر و فیسـقەکە دروسـت دەکـا. نیسـبەت دانی کارەکـانیش لـەو کەسـانە کـە پێیانـەوە راوەسـتاون لـە لایـەنی کەسبەکەوەیە. ئەم نیسبەت و ئیسنادەیش بۆ لای عەبد حەقیقەتە و مەجاز نییە.

لەسەر ئەم بناخەیە ئایەتی پیرۆزی [لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَـبَتْ][58] راسـت و بێگـەردە و زمان و عورفی ئەو خەڵکەی بەو زمانە قسە دەکەن گونجاوە.

عەدالـــەتێکی پـــاکی بـــێرەیبـــە
(جَـلَّ جَلاَلُـهُ) هـــەمووی بـــێعەیبـــە
ئەر ئیقتیزای زات روتبەی نەکرد پەسـت،
بـــە حەســـەنەوە تەعـــەللوقی بەســـت
موســـتەحیق مـــەدح و ســـەوابە بـــێمـــەین
(بِجَـــری العـــادة بالاعتبـــارین) [59]
بەهـ بەهـ لـەم فەزلـە، لـەم مەرحەمەتـە
ئـەدای ئـەم شـوکرە یـەکجار زەحمەتـە
لاوە گفـتوگـۆی عـەوامی شـوهرەت[60]
مـــەدار زانینـــە و ئـــیرادە و قـــودرەت

ئایـــا نـــایزانی ئـــەر بـــەدێ بکـــرێ،
نـەیزانی بـەدە، حـەق لێـی دەبگـرێ؟
موسـتەحیق نییـەی بـۆ زەم و ئـازار[٦١]
(فَــــنِعْم المَــــوْلی وَنِعْـــمَ الغفّـــارْ)
ئـــەر قەســـدی بـــەدی وەدلـــدا بگـــرد
پێت زانی و عەزمت هەر موسەممەم کـرد
ئەگـــەرچی خـــەلقی فیعلەکـــەیچ نـــەوێ
بـــۆ موئاخـــەزە ئیســـتیحقاق دەوێ
تـۆ عـەزمت جەزمـە و عـەدلت موقابیـل
(لَـــیْسَ بِظَــلاّم حَبَّـــذا العـــادل)

لاوە: لابە. نەیزانی بەدە: خاوەنی کارە بەدەکە نەیزانی کارەکەی خراپـە. لێـی دەبگـرێ: لێـی دەبوورێ، عەفوی دەکا. بگرد: تێپەڕی.

واتە ماشەڵلا لە عەدالەتی خودا چوند بێشوبهەیە، کە هەرگیز بە بێئەوەی عەبد خۆی هـۆ بـێ ئازاری نادا و هەرگیز پاداشی خێر و شەڕ ون ناکا. ئەگەر زاتی ئینسانەکە، کـە مـومکینی خاسـە و جێگای عەیب و کەموکووڕی‌یە و ئیقتیزای خراپە دەکـا، لـە ئیقتیـزای خراپـە لایدا و خواسـت و توانای پێوەندی بە کردەوەی چاکەوە بەسـت، ئـەوا ئـەو ئینسـانە موسـتەحەقی مـەدح و سـەنا و سەوابی پاشەڕۆژ دەبێ.

عادەتی خودای گـەورەیش وا دامـەزراوە کـە پـاش پێوەنـدیی خواسـت و توانـای ئینسـان بـە کردارەکەوە بۆی دروست دەکا، هەروەها عادەتی وا دامـەزراوە کـە بەرامبـەر بـە کـرداری چـاک پاداشی چاک و بەرامبەر بە کرداری خراب تۆڵە و سزا بدا.

بەهـ بەهـ لەم فەزڵ و مەرحەمەتە، خودا خۆی خالقی چاکەکەیە و ئینسـان بێجگـە کەسـبەکە دەستێکی تێدا نییە، کەچی بەرامبەری پاداشی چـاکیش دەداتـەوە، کـێ دەتوانـێ سوپاسـی ئـەم نیعمەتە گەورەیە بکا؟

گوێمەدەرە گفتوگۆی (عوام الناس) و شۆرەتی رەخنەی رەخنەگر کە وتوویانە:

چۆن ئینسان تەنها بە مەحەللییەتی ئیرادە و قودرەت موستەحەقی پاداشی چاک و تۆڵە و سزا دەبێت؟ دڵنیا بە کە زانینی ئینسان بە موکەللەفیی خۆی و خواستی بۆ یەکێ لە دوو لایەکە و پێوەندی توانای بە مەبەستەکەوە بناخەی شایانیی ئینسانە بۆ پاداشی چاک و سزا و تۆڵە.

ئایا نازانی ئەگەر ئینسان خراپەیێ بکا و نەزانێ کە کردەوەکەی خراپە، خودای گەورە لێی دەبوورێ و تۆڵەی لێ ناسێنێ و بە موستەحەقی سزای دانانێ؟ یا ئەگەر قەسدی دڵ و عەزمت بە تەواوی خستە سەر کردنی کارێکی خراپ، ئەگەرچی نەیشیکەی تەنها لەسەر عەزمە ئێجگارییەکە موستەحەقی تۆڵە و سزای و عەدالەتی خودا بۆتی دیاری دەکا.

دەڵێی: ئەو سیفەت ئیرادە وتمان
(شأنها الترجیح) حادیسە بزان
ئەر بە ئیرادەی بەندە مەوجوودە
تەسەلسول دەوێ ئەوە مەردوودە
وەر بە ئیرادەی حەق (تعالی)یە
بەندە مەجبوورە، دەی تەقالایە
شیققی سانیمان دەڵێم موختارە
ئیرادەی مەخلووق باریی جەبارە
بەندە لەوێدا قەسدی مەهجوورە
(فی نفس تلْکَ الصّفَةْ مَجْبُورة)
(وَهُوَ مَعْلُومٌ بلا قیل و قَالْ
لاَ یَسْتَلْزِمُ الجبرَ فی الأفعال)
کەوا سادیرن لەو ئادەمزادە
(بِتَوَسُّطِ تلک الارادة
(کما فی أفعال جناب الباری)
بۆچ ئەو ئەفعالە سادیرە و جاری
بە تەوەسسوتی ئیرادەی موسنەد
(الی ذاتِهِ القدیم الأبدْ)

(بِوَجْـــدِ الایجـــاب مَـــعَ أنّـــهُ
مختـــــارٌ فیهـــــا فاعْلَمَنَّـــــهُ)
مُسْـــنَدٌ الـــی الـــذاتِ بوَجْـــدِ الایجـــاب،
وەکـــوو ئـــیرادەی خـــالیقی وەهھـــاب،
دەگـــەڵ موســـتەنید (الـــی غیـــر الـــذات)،
وەک ئیرادەی تۆ، کێ فـەرقی دەکـات؟[٦٢]
بــە بــێ‌ئیختیــار هــەردوو هــەردوو هــەس
حــودووس و قیــدەم بەینیانــە و بــەس
لــــەو ســــیفەتەدا بــــێ‌ئیختیــــارن
لــــە ئەفعالــــەدا هــــەردوو موختــــارن
بەڵــێ بــۆ هــەر یــەک وەســفێ موناســیب
موختــاری خــالیق، موختــاری کاســیب

تەقالایە: کۆششێ. دەی تەقالایە: دەی کۆششێ بکە بـۆ وەڵامـی رەخنەکـەم. بـەبێ ئیختیـار هەردوو: بەبێ ئیختیاری خودا و بەندە. هەردووی دووەم: دوو ئیرادە واتە ئیرادەی قەدیمی خـودا و ئیرادەی حادیسی بەندە. هەردووی سێهەم: خودا و بەندە.

واتە: ئەگەر بەشێوەی رەخنەگرتن دەڵێن: سیفەتی ئیرادە لە ئینساندا، کە ئیشـی بریتییـە لـە تەرجیحی یەکێ لە دوو لا، شتێکی حادیسە و نەبوونی لێ پێش کەوتووە، جا ئەم ئیرادەیـە ئەگـەر دروست‌کراوی ئینسانەکەیە و ئیرادەیەکی پێشتر تەرجیح دراوە ئەوا دەچێتـە سـەر ئـەو ئـیرادەی ترە، کە ئەویش لە ئیرادەیێکی ترەوە بووە... بێ برانەوە! ئەمەیش دەبێتە تەسەلسول کـە مـەحاڵ و بەتاڵە. خۆ ئەگەر ئەو ئیرادەیە بە ئیرادەی خودای گەورە پەیدا بووە، ئەوا ئینسانەکە لەو ئیرادەدا ناچار بووە، واتە وا ئێوە دانتان نا بە جەبردا کە لاتـان پـووچ و بـەتاڵ بـوو. ئێمـە لـە وەڵامـی ئـەم رەخنەتدا دەڵێین:

لقی دووەم پەسەند دەکەین و دەڵێین بەڵێ ئەو ئیرادەی ئینسانە مەخلووقی خودای گەورەیـە و، بەندە دەستی لە دروست‌کردنی ئەو سیفەتەدا نییە و تیایا مەجبوورە، بەڵام مەجبوورییـەت لـە سیفەتی ئیرادەدا نابێتە هـۆی مەجبوورییـەت لـەو کردەوانـەدا کـە لـە ئینسـانەکەوە روودەدەن، هەروەکوو کارەکانی خودای گەورە کـە بـەهۆی سـیفەتە ئیرادەکەیـەوە لـێ‌یـەوە روودەدەن ئـەو

ئیرادەیە کە بە ئیجاب سیفەتی قەدیمی زاتییەتی [لەسەر ئەو قسەی کە دەڵێت: ئیجاب لە کەمالدا کەماڵە] کەچی خودای گەورە لە کردەوەکانیدا موختارە.

لەم لێکدانەوەیە دەردەکەوێ: ئەو ئیرادەی بە شێوەی ئیجاب نیسبەت دەدرێتە لای زاتی خودای گەورە، وەک ئەو ئیرادەیە وایە کە بە شێوەی ئیجاب نیسبەت دەدرێتە لای ئینسان؛ هەردووکیان ـ خودا و بەندەـ ئەم دوو ئیرادەیەیان هەیە، واتە: خودای گەورە بە واجبی سیفەتی ئیرادەی قەدیمی ئەزەلی هەیە، بەندەیش بە واجبی ئیرادەی حادیس و تازە دروستبووی هەیە. دیارە جەوهەری جیاوازیی ئەم دوو ئیرادەیە قیدەم و حودوسەکەیە. هەروەها خودا و بەندە هەردووکیان لە خاوەنیەتیی ئەم ئیرادەدا ناموختارن، بەلام لە کردەوەکانیاندا موختارن. خودا نیسبەت بە کارەکانی خۆی خالیقە و بەندە نیسبەت بە کارەکانی خۆی کاسب.

خودای گەورە بێقەیدوشەرت خالیق و موختارە و بەندەیش بێقەیدوشەرت کاسبە و موختار.

وایان کردگە عولەمای ئەبرار
لەگرەدا بەیان سیڕڕی ئیختیار
حەق عەتای فەرموو بەبێ گفتوگۆ
ئیرادەیێکی موتلەقە بە تۆ
(إنّ عَلَّقْتَها بالخیر فَخَیْرْ
أو عَلَّقْتَها بالّضیر فضَیْرْ
كَذا حَقَّقَ الفحولُ الأخْرار
لكِنْ قَدْ بَقی لَنَا الاستفسارْ):
ئەو تەعەللوق و سەرفی قودرەتە
جەبرە ئەر خەلقی (ربّ العزَّةَ)ە،
وەر خەلقی عەبدە راسە ئیعتیزال
بەندە خالیقە بۆ بەعزێ ئەفعال
ئەلێی[٦٣]: بە دڵدا ئەمە جارییە:
کەسبی بەندە ئەمر ئیعتیبارییە
بۆچ؟ ئەم مەسئەلە بە قەولی ئیقات
(تشمَلْ[٦٤] علَی الإعتبارِیّات)

کردگە: کردووە. لەگرەدا: لێرەدا. ئەر: ئەگەر. وەر: ئەگەر.

واتە: زانا گەورە خێرۆمەندەکانی ئیسلام لەم شوێنەدا سیرڕی ئیختیاریان بەمجۆرە بەیان کردووە:

خودای گەورە ئیرادەیێکی موتلەق و بەربەرەڵای پێ بەخشیوی، جا ئەگەر تۆ ئیرادەکەت رووی لە چاکە کرد و چاکەت پێ تەرجیح دا ئەوا قودرەتەکەیشت رووی تێدەکا و خودای گەورەیش بۆت دروست دەکا. خۆ ئەگەر ئیرادەکەت رووی لە کاری خراپ کرد ئەوا قودرەتەکەیشت رووی تێدەکا و خودای گەورەیش بۆت دروست دەکا.

بەڵێ لەم شوێنەدا پرسیارێکی رەخنە بابەت ماوە ئەوەیش ئەوەیە: پێوەندیی توانای ئینسانەکە بە کارەکەوە ئەگەر دروستکراوی خودایە ئەوا دیسان جەبر رووی‌دایەوە و قسەی جەبرییەکان سەرکەوت. خۆ ئەگەر دروستکراوی ئینسانەکە خۆیەتی ئەوا بیروباوەڕی موعتەزیلەکان راست دەبێتەوە، واتە: بەندە خالیقی هەندێ کردەوەی خۆیەتی.

لە وەڵامی ئەم رەخنەدا دەڵێین: پێوەندی قودرەت بەو کارەوە کە ئیرادەکە تەرجیحی داوە فەرعی تەرجیحەکەیە و لەوەوە پەیدا بووە، تەرجیحەکەیش لازمی ئیرادەکەیە و لێی جیا نابێتەوە، وەک بڕیار دراوە کە ئیرادە سیفەتێکە ئیش‌وکاری بریتییە لە تەرجیحی (أحد المقدورين) بەسەر بەرامبەرەکەیدا، کەوابوو پێوەندیی قودرەتەکە مەنشەئێکی تری ناوێ هەتا تۆ بڵێیت پێوەندیی قودرەتەکە کاری خودایە یا کاری بەندە؟ چونکە بۆت دەرکەوت پێوەندییەکە دوای تەرجیحەکە کەوتووە و لەوەوە پەیدابووە، تەرجیحەکەیش لازمی ئیرادەیە و لێی جیا نابێتەوە.

بەڵام بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو رەخنە کە ئێستە باسمان کرد قەت نەکەیت ئەوەت بە دڵا بێت کە گۆیا ئەو پێوەندیی قودرەتە شتێکی ئیعتیباری‌یە، نە جەوهەرە و نە عەرەز و فاعیل و تەئسیری فاعیلی ناوێ؛ چونکە ئەم باسەی ئێمە، کە دەڵێین خودا خالیقی هەموو شتە و عەبد خالیقی هیچ نییە، ئیعتیباریاتیش دەگرێتەوە و هەرگیز نابێ نیسبەتی تەئسیر لە بەندە بدرێ بۆ هیچ شتێ تەنانەت ئەگەر ئیعتیبارییش بێ.

تەحقیقێ تر هەس نزدیکتر لەمە
بۆ لای ئیسباتی مەتلەبی هەمە
خولاسەی مەزهەب شێخی ئەشعەری
دایپۆشێ رەحمەت باری یەکسەری:

هەرکـەس تەتـەببوع ئەحادیسـی کـرد
لـە ئایاتـەدا تـێفکـری ورد[ورد][٦٥]
لـەم مەسـئەلەدا لێـی زاهـیر دەوێ
حەق هەر رێی رەئیـی ئـەوی دەکـەوێ
بەڵ لە هەموو بـەحس ئوسـوولی دینـدا
هەر رایی ئەوە چاک چاک تەسـکین دا
(مـا خَـالَفَ قَـطّ ذلِـکَ الجنـاب
قَـولَ السّـنَّةِ ونُطْـقَ الکتـاب)
کە عەقڵـی داگـرت زولمـەتی غەسـەق
شـەوی ئیفـتیراق تاریکـەی فـیرەق
نـووری لـەوامیع تەوحیـدی ئـەفعال
کە ئەووەڵ حاڵە بۆ ئـەهلی ئـەحوال[٦٦]
مەنبەعێکی ساف لـە لێلـیی تـەخلیت
عەری لـە ئیفـرات، بـەری لـە تـەفریت
لـە تەشـاوی پـاک نوبووەتـەوە
هـات وە ئیسـتیقبال ئـەو حەزرەتـەوە
(فبِشَمسِـهِ فـی خلـق الأعمـال
إن مَحَـا ضِـیَا کوکَـب الأقْـوال
فاسـتَمِعْ لِمَـا قَـدْ یُتْلـی عَلَیْـکْ
وبَعْـدَهُ الاختیـارُ لَـدَیْکْ)
بـە ئیسـتیلاحی کیتـاب و سـوننەت
عورفی عـام و خـاس ئـەهالیی لوغـەت
ئەم هەفت سیفەتە هەیـە (کلإجمـاع)،
وەسـەر بەنـدەدا موتلـەق بـێنیـزاع

ئیسـنادی ئـەفعال هەرکەسـێ بۆخـۆی
دەدا ئـەباڵ خـۆی تەماشـای دەکـەی
فـــلان توانــــاس، ئـــەو ناتوانـــا
ئـــەوە دانایـــە، ئـــەویان نـــەدانا
رویم و هەڵســـام، دانیشـــتم، بـــردم
خـواردم و کوشـتم، نـەمکرد یـا کـردم
حـەتتا کـە جـەبری شـوهرەی ئافاقـە
مـونکیری حیسـسـە هـەر بـەم سـیاقە
غایـەت ئەمەتـە لـە شـک بـەری‌یـە
وەسف و فیعلی تۆ وەک ئی حەق نییـە
نە خـۆت وەک جـەماد بـە دڵ ئـاوردن
نە خۆیچت بەو تەرز بـە خـالیق کـردن

هەمە: ئێمە. یەکسەری: یەکجاری. رێی: رێگای. رەئیی، بیری. ئەوی: ئـەو. تەشـاو: شـەپۆل. (افراط): لە سنوور لادان لە لایەنی زیادییەوە. (تفـریط): لـە سـنوور لادان لـە لایـەنی کەمیـەوە. ئەباڵ خۆی: ئەلای خۆی. رویم: بە شێوە قسەی تاوگۆزی: رۆیشتم. هەر بەم سـیاقە: بـەم شـێوە قسە کە دەڵێ: هەڵسام، دانیشتم، کردم، خواردم... تاد.

واتە: لێرەدا لێکدانەوەیەکی تر هەیە بۆ بابەتی ئیسنادی کار ئەلای ئینسان بە ئیختیـار کـە لـە لێکدانەوە پێشووەکان لە مێشکی ئینسانەوە نزیکترە و ئاسانتر دەچێتـە مێشـکەوە، پوختـەی ئـەو لێکدانەوەیش ئەمەیە:

شێخی ئەشعەری، رەحمەتی خودا داپپۆشێ، بیروڕاکەی ئەوەندە راسـت و رەوان و بـێ‌گـەردە هەرکەس سەیری فەرموودەکانی پێغەمبەر و ئایەتەکانی قورئانی کەریم بکـات و بـە فـام و هـۆش لێ‌یان وردبێتەوە تێ‌دەگا کە حەق لای رێگای بیروباوەڕی ئەوە، نەک تەنها لـە مەسـەلەی کـاری ئیختیاریدا، بەڵکو لە هەموو مەسەلەکانی زانیاریی ئوسوولی دیندا. بەڵێ هـەر بـیروڕای ئـەوە کـە ئینسان دڵنیا دەکات و دایدەمەزرێنێ.

شێخی ئەشعەری هەرگیز پێچەوانەی قورئان و حەدیس نەجووڵاوەتەوە. لەو سەردەم و ڕۆژەدا کە ئەوی تێدا هەڵکەوت تاریک و نووتەکیی شەوی دەیجووری بیدعەت و زۆربوونی گرۆهـ و دەستە و کۆمەڵ لەناو موسوڵماناندا زانست و ژیریی داگیرکردبوو و بیروباوەڕی ڕاستی خەفەکردبوو. لەم کاتەدا بوو نووری درەخشانی پرتەوبەخشی بیروباوەڕی تەوحیدی ئەفعال لە سەرچاوەی روون و سافی بێخەوش و خاڵی دوور لە ئیفراتی جەبری و تەفریتی موعتەزیلە لە شەپۆلی بەهێزی چاک و خاوێنی پێغەمبەرەوە هات بەپیریی ئەشعەرییەوە و حەقیقەتی بۆ روون کردەوە، ئیتر خۆری رووناکیبەخشی ئەو بیروباوەڕە جوانە هەموو ترووسکەیەکی ئەستێرەکانی قسەوقسەڵۆکی لەناوبرد.

دیارە ئەو تەوحیدی ئەفعالە کە ئێستە وتمان بریتییە لەوە هەر تەنها خودا بە خالیقی ئەفعال بناسرێ، ئەم تەوحیدەیش یەکەم حاڵی ئەهلی دڵ و خوداپەرستە نوورانییەکانە، ئەوانەی دڵیان تا ناخ بە نووری رەحمەت و هیدایەتی خودای گەورە ئاوەدانە.

شێخی ئەشعەریش(ر.خ) تەنها بە هەستکردن و بە بۆنکردنی ئەو نوور و هیدایەت و مەرحەمەتە خوداییە ئەو رێبازە رێکوپێکەی پەسەند کرد و بە خەڵقیشی ڕاگەیاند و بە دەلیلی عەقلی و نەقلی بۆی ئیسبات کردن مادام ئینسان مەخلووقی خودایە، کردەوەکانیشی مەخلووقی خودان، واتە: بیروباوەڕی موعتەزیلە هەڵە و بێجێیە و عەبد خالیقی هیچ نییە.

بەڵام لەم لایشەوە تەماشا دەکەین بە ئیستیلاحی قورئان و حەدیس و لەسەر داب و نەریتی تێکڕای خەڵق یا ئەهلی زوبان حەوت سیفەتەکە وەک لە خودای گەورە نیسبەت دەدرێن (بلاتشبیه) لە ئادەمزادیش نیسبەت دەدرێن: بۆ نموونە دەوترێ فلان حەییە، عەلیمە، موریدە، قادرە، موتەکەللیمە، سەمیعە، بەسیرە.

جا کە ئەم حەوت سیفەتە نیسبەت دران لە ئینسان دەبێ ئەوکارانەیش کە لە سیفەتی قودرەتەکەوە دەردەکەون نیسبەت بدرێن لێی، ئەوەتە دەڵێین: فلان توانایە، فلان ناتوانایە، ئەو ئینسانە زانایە، ئەوی تر نەزانە. هەروەها دەڵێی: ڕۆیشتم، هەڵسام، دانیشتم، بردم، خواردم، کوشتم، کردم، نەمکرد. تەنانەت جەبرییەکانیش کە لای دنیا ناوبانگیان دەرکردووە بەوەی ئینکاری حیسسییات دەکەن ئەوانیش هەر بەم جۆرە قسە دەکەن: ڕۆیشتم، هەڵسام، دانیشتم... تاد.

کەواتە دەبێ کارە ئیختیارییەکان بە حەقیقەت نیسبەت بدرێن لە خاوەنەکانیان. تەنها ئەوەندە هەیە کە بێگومان سیفەت و کاری تۆ وەک سیفەت و کاری خودای گەورە نییە؛ ئەو نیسبەتی کارەکانی لێ دەدەین و خالق و داهێنی کارەکانیشە، بەڵام ئینسان تەنها نیسبەتی کارەکانی لێ دەدەین بە شێوەی کەسب و ئیکتیساب ئیتر خالیقی کارەکان نییە.

بەم جۆرە ئیمامی ئەشعەری لە ڕێبازەکانی جەبری و موعتەزیلە لایدا و دانانی کەسب و ئیکتیسابی ئیختیاری بۆ ئینسانی موکەللەف کردە ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی خۆی.

بە کورتی خودای گەورە عیلمەکە لە ئینسانەکەدا دروست دەکا و ئینجا سیفەتی ئیرادەی دەداتێ کە تەرجیحی لایەکی پێدەدا، دوایی قودرەت و توانا و تەوجیهکردنی توانای بۆ کارەکە تێدا دروست دەکا، بەدوای ئەمانەیشدا کارە مەبەستەکەی بۆ دروست دەکا؛ خودا خالیقە و بەندە کاسب.

مەزهەبی قازی و فەلسەفە و ئوستاد
ئەوانیچ لاچوون نەیانکەین ئەو یاد
ئەمجار (انصافاً) ڕروو کە بەم لاوە
لەم مابەینەدا دوو مەزهەب ماوە
لە دەس ساحێبماڵ هەرگیز دەرناچین
بیدزین، یاڵ و کلکی هەڵپاچین
(إنْ تنظُرْ الی المَبْدَءَ البَعِیدْ
وَهُوَ صِفَةُ المَبْدَءِ المُعِیدْ)
خەواس هەر بۆ ئەو، هیچ سابت نەکەی
بۆ خۆت، لازیمەی سیفەت هەروەک خۆی
هەر مەزهەر بی تۆ خو[٦٧] سووفییەیە
ئەمە تەوحیدی سیفاتییەیە
ئەر وا ئیستیلاح عورفی خاس و عام
لەسەر سیفاتی بەندە هەس تەمام
مەبدەئی قەریب تێریتە نەزەر
سەبەبی عادی و مەحەل بی و مەزهەر

بــۆ خــەلقی حــەق و ئیجــاد و تەئســیر
(الـــی مـــــذهَب الاشـــعَری المصـــیر)

قازی: قازی ئەبووبەکری باقلانی[٦٨]. ئوستاد: ئەبوو ئیسحاقی ئیسفەرایینی. ئەوانیچ: ئـەوانیش. نەیانکەین ئەویاد: بیریان لـێ نەکەینـەوە، بەسـەریان نەکەینـەوە. ئـەر وا: ئەگـەر وەک. تێرێتـە: دەهێنێتە.

واتە: پاش ئەوە کـە ڕێبـازی جەبرییـەمان بـەتاڵ کـردەوە لەبـەر ئـەوە پێچەوانـەی قورئـان و فەرموودەی پێغەمبەرە و دژی ئەوەیە کە خاس و عام لەسەری پێک هاتوون و، هیچ کارێ نادەنـە پاڵ ئینسان و قاعیدەی (التکلیـف بمـا یُطـاق) تێـک دەدەن. هـەروەها پـاش ئـەوە کـە ڕێبـازی موعتەزیلەیشمان بەتاڵ کردەوە بەوە کە پێچەوانەی نەسسـی قورئـان و فـەرموودەی پێغەمبـەرە، بزانە: ڕێبازی قازیی ئەبووبەکری باقلانی کە ئەوەیە کاری ئینسان بە مەجمووعی قودرەتی خـودا و ئینسان دروست دەبێ لەسەر ئەو بناخەیە کە قودرەتی خودا کار دەکا لە ئەسڵی زاتی فیعلەکەدا و قودرەتی ئینسانیش کار دەکا لە سیفەتی فیعلەکەدا، واتە بـوونی بـە تاعـەت یـا بـە مەعسـییەت، لەگەڵ ڕێبازی ئوستاد ئەبوئیسحاقی ئیسفەرایینی کە دەڵێ کارەکە بە هەردوو قودرەتەکە دەبـێ، نەک لەبەر ئەوە کە قودرەتی خودای گەورە کەم و کۆتایە و بەتەنها کـار ناکـا، بەڵـکو لەبـەر ئـەوە دەخڵێ بۆ قودرەتی عەبدیش پەیدا ببێ هەتا ڕەوا بێ کارەکە ببێتە تاعەت یـا مەعسـییەت. بەڵـێ ئەم دوو مەزهەبەیش لەناودا نەمان چونکە تەئسیرێ بۆ قودرەتی ئینسان نەما نە لە زاتی کارەکـەدا و نە لە سیفەتیا.

جا ئەگەر حیسابی ڕێبازی ماتوریدی نەکەین؛ لەبەر ئەوە ئەو ڕێبازە دەگەڕێتەوە بـۆ مەزهـەبی ئوسـتاد ئەبوئیسـحاقی ئیسـفەرایینی، کـە بریتییـە لـە نیسـبەتدانی کـار ئـەلای تێکـڕای دوو قودرەتەکە، هەرچەند ئەمەیش ڕەد کراوەتەوە، هەر ڕێبازی شێخی ئەشعەریمان بۆ مایەوە.

پاش ئەم تەفسیلە روو کە بە لای منەوە تەنها دوو مەزهەب لە مەیدانا مان، ئەمانەیش بۆچـوون و ڕێبازی خەڵکی ترن نابێ بیکەینە قسەی خۆمان؛ ڕای خەڵک نادزرێ، ئەگەر هەوڵ درا بدزرێ و هەندێ گۆڕانی بەسەرا هێنرا هەتا نەناسرێتەوە، ئاخری خاوەنەکەی هەر دەیدۆزێتەوە و بەسـەری دەکاتەوە هەروەک چۆن ئەگەر یەکێ ئەسپێ بدزێ و بۆ مەبەستی ونکردنی لە خاوەنەکەی کلک و یاڵی هەڵپاچێ ئاخری هەر دەناسرێتەوە.

بەڵێ ئەو دوو مەزهەبە یەکەمیان مەزهەبی ئەهلی تەسەووفە کە مەشرەبیان لەسەر ئەوەیە بۆ سەرچاوەی دوور بڕوانن کە خودای گەورەیە و، خۆیان وەک هەموو خوداناسێکی راستەقینە بەندەی خودا دەزانن و ملکەچی ئەرێونەرێی ئەون و هەرگیز لە چوارچێوەی لەخوداترسی دەرناچن و پابەندی خۆشویستنی خودای گەورە و پێغەمبەرن، ئەمانە باوەڕیان وایە خودای گەورە خۆی سەرچاوەی بوونی هەموو شتێکە.

جا ئەگەر سەیری ئەوە بکەی کە خودا سەرچاوەی هەموو (ما سوی الله)یە و، ئەم بوون بە سەرچاوەییە سیفەتی ئەو خودایە کە سەرەتا جیهانی دروست کردووە و دواڕۆژیش پاش لەناوچوون جارێکی تر دروستی دەکاتەوە، حەق وایە هەرچی سیفەتی تەواوی و بێعەیبیی راستەقینەیە هەر بۆ خودای بڕیار بدەی و خەواسی ئەو سیفەتانەیش هەر بۆ خودا بڕیار بدەی و هیچی بۆ خۆت حیساب نەکەی؛ چونکە ئەوەی لازمی سیفەتی خودا بێ وەک سیفەتەکە خۆی هەر هی خودایە، هەروەها وا حیساب بکەی کە تۆ تەنها دیارگای تەجەللای زاتی خودای گەورەی. ئەمەی کە باسمان کرد مەشرەب و ڕێبازی ئەهلی تەسەووفە و لای ئەوان ئەمەیان پایەی دووەمی تەوحیدە و پێی‌دەڵێن تەوحیدی سیفات. ئەهلی تەسەووف بە وردی تەماشای تەوحیدی زات و تەوحیدی سیفات و تەوحیدی ئەفعال دەکەن. یەکەم پایەی سلووکیان تەوحیدی ئەفعالە. ئەم پایەیە بەوە دەبێ بە یەقین بگاتە باوەڕێ کە کەس نییە کاربکاتە کار و ئاسار و زات و سیفات، زاتی خودای (واجب‌الوجود) نەبێ.

پایەبەرز (ابوالحسن)ی ئەشعەریش هەر ئەم ڕێگایەی پەسند کردووە کە بەهۆی ڕێژەنی بارانی نووری پێغەمبەر(د.خ) دڵی لێوانی نوور بوو و هەرگیز تیشکی هیدایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری بەجێ‌نەهێشت و ملی ڕێگای راستی گرت و لێی جیا نەبوویەوە تا گەیشتە ئەم پایە بالایە. بەمەدا بۆمان دەرکەوت کە ڕێبازی ئەشعەری لەگەڵ پلەی یەکەمی تەوحیدی سۆفییاندا یەک شتە و ئەم دوانە لەیەک جیا نابنەوە.

دووەم پلە و پایەی سلووکی ئەهلی تەسەووف پایەی تەوحیدی سیفاتە، واتە: سالیکی ئەم ڕێگایە وای لێ‌دێت هەموو عیلمێ وەها دەبینێ کە بەشێکە لە عیلمی خودا و پرتەوێکە لە پرتەوی بێ‌پایانی عیلمی ئەو، هەموو ئیرادەیەک وەها دەبینێ کە بەشێکە لە ئیرادەی خودا و دڵۆپێکە لە دەریای ئیرادەی بێ‌بنی ئەو، هەروەها سیفەتەکانی تر...

پایە و پلەی سێهەمی سلووکیان پایەی تەوحیدی زاتە، کە ئێرە مـاوەی باسـکردنی نییـە و بـە عینایەت و چاودێریی و لوتفی خودایی بۆ ئەهلی موراقەبە دەردەکەوێ.

تا ئێستە باس باسی مەزهەبی یەکەم بوو، واتە مەزهەبی ئەهلی تەسەووف.

مەزهەبی دووەم مەزهەبی ئەشعەرییەکانە، کە وەک پێش نەختێ باسمان کـرد لەگـەڵ پایـەی یەکەمی تەوحیدی ئەهلی تەسەووفدا یـەک دەگرێتـەوە، ئـەوەی نـاوی تەوحیـدی ئـەفعال بـوو. مەولەوی ئەم مەزهەبەی بەم شیعرانە بەیان فەرمووە: «ئەر وا ئیسـتیلاح عـورفی خـاس و عـام... تاد». واتە: ئەگەر تۆیش وەک ئیستیلاحی ئەهلی عـورفی خـاس و عـام دەربـارەی سـیفەتەکانی ئینسان دەڕۆی بەرێوە و سەرچاوەی نزیک تەماشا دەکەی و سەبەبی زاهیری بەدەستەوە دەگری، کە بە عادەتی خـودای گـەورە بـووە بـە سـەبەب و وای حیسـاب دەکـەی کـە خـۆت مەحـەل و مەزهەری خەلق و ئیجادی لە لایەن خودای گەورەوە، ئەوا بڕۆ بۆلای ڕێبازی ئەشـعەری(ر.خ) کـە پوختەکەی ئەوەیە: بوونی هەرچی بوویەک هەیە لە زاتی خودا خۆیەوەیە.

وجوودی مومکین یەکیـەک وە بـێگـەڕ
هەر یەک لەڕاس خۆی ئەمپەڕ تـا ئەوپـەڕ
موسنەدە (عرضـاً)، نـە (طـولاً) بـە حـەق
وەسـائیت نییـە مەپـەڕ لـەق ئـەو لـەق
مەبدەئی یەک یەک مومکینـات یەکسـەر
هــەر ئــەوە ئایــا عــەرەز یــا جەوهــەر
غەیر لەسەر سیفات قەییوومەکەی حـەی
هیچ شەیئێ مەوقووف نییە لە هیچ شەی
ئــەم موقەددیمــە پــاک و موتلــەقە:
موئەسسـیری (فـیالوجـود) هـەر حەقـە
نە بوخار دەخڵـی بـۆ هـەورە هـیچ تـەور
نــە بـەور و بـاران دەپرسـێ لــە هــەور
نـە بـۆ ئابـا هـەس نـە بـۆ ئوممـەهات
تەئسـیرێ (اصـلاً) بـۆ مەوالیـدات[٦٩]

بلـــێ: ئەبـــەوین دەخلـــیان هەیـــە
دەڵـــێین: ئـــادەمی و ئـــەدەب ئەمەیـــە
ئەگـــەر لابـــدا بـــاوک بـــە موویـــێ
ئیلزامـــی دەدا عیســـا بـــە فوویـــێ[٧٠]
دەڵـــێ مەڵـــێ: (نَـــارُ إحـــراقٌ لَـــدَیْکْ
«بـــرداً سَـــلاَماً»: ســـلامٌ عَلَیْـــکْ) [٧١]
(قطعـــاً، نـــاوی قـــەتع دەوێـــری بـــردن
تێخ؟ زەبیح جـواو دەگرێتـە گـەردن[٧٢]

بێ‌گەڕ: بێ‌فێڵ. لەڕاس خۆی: لەعاستی خۆی. مەپەڕ: مەپەڕەوە. حەقە: خودایە. بـەور: بـەفر. ئابا: ئاباء، باوکان، مەوالید: جەمعی مەولوود. بلێ: ئەگەر کەسـێ بلـێ. (قطعـاً): هـەرگیز. قـەتع: برین. زەبیح: ئیسماعیل پێغەمبەر(د.خ). جواو: جواب. دەگرێتە گەردن: دەچێتە ژێری.

واتە: بوونی هەرچی مومکینە کە پێی‌دەوترێ (ماسوی‌الله) لە ئەووەڵەوە تـا ئـاخر یەکـە یەکـە هەرکام لەعاستی خۆی بە بێ‌فرۆفێڵ هەموو (بالذات) دەدرێنە پاڵ زاتی خودای گەورە بـە خـەتی عەرز (پان) نەک بە خەتی توول (درێژی)؛ وەک ئەوەی لە فەلاسـیفەکانی دەگێڕنـەوە کـە گوایـا هەر مەخلووقێکی پێشکەوتوو دەبێتە واسیتەی تەئسیر لەوەدا کە دێ بـەدوایا هـەتا ڕێچکەیـەکی درێژ پێک بهێنێ؛ چونکە لەبەر ڕووناکیی دەلیل و بورهان واسیتەی (فی التأثیر) لـەنێوان خـودا و مەخلووقی خودادا نییە. ئیتر تۆیش قەناعەت بکە بەم بیروباوەڕە جوانـە ڕاسـتە و، دەس‌مەکـە بـە هات‌وچۆ و بە وێنەی چۆلەکە لەم لقەوە بۆ ئەو لق مەفڕە، دامەزرێ و ئاژاوە مـەنێرەوە و بەرامبـەر بە ڕاستی مل‌کەچ بە.

شایانی وتنە: ئیسنادی مومکینات ئەلای خودای گەورە بە عەرز ئەوەیە کە مـومکینی (بالـذات) خۆی بە خالیقەوە پێوەندە، وەک ئەوەی لـە دائیرەیەکـدا خالـێکی مەرکـەزی دیـاری بکـەی بـۆ ئیشارە ئەلای خودا و، دەوران‌دەوری ئەو خاڵەیش خاڵ بن و، لە خاڵـە مەرکەزییەکـەوە بـۆ هـەر خاڵێ لەو خاڵانە هێڵێکی سەربەخۆ ڕابکێشرێ.

مەبدەء و سەرچاوەی یەکەیەکەی هەموو مومکینەکان هەر خودای گەورەیە، چ جەوهەر بێ و چ عەرەز. هەرچی مومکین هەیە تەنها لەسەر سیفەتی (قیّومی)ی خودای گەورە راوەستاوە و لەسەر هیچی تر رانەوەستاوە. قەییوم واتە: خۆی بە خۆیەوە راوستاوە و غەیری خۆی رادەگرێ، ئەو خۆی هەیە و غەیری ئەو لەوەوە. ئەم موقەددیمە پاکە و بێگومانە کە دەڵێ: ئەوەی کار لە بووندا دەکا هەر زاتی خودای گەورەیە.

ئیتر نە هەڵم دەخلێکی عەقلی هەیە بۆ پەیدابوونی هەور و، نە بەفر و باران لە هەور دەپرسن. نە باوکەکان و نە دایکەکان کارێکی عەقلییان هەیە لە پەیدابوونی ئەولاددا. بەڵێ باوک و دایک دەخلێکی عادەتییان هەیە لە بوونی ئەولاددا، هەڵم دەستێکی عادەتیی هەیە لە بوونی هەوردا وەک دەوری هەور لە بارینی بەفر و باراندا. بەڵام ئەم دەخلە وەها نییە کە بڵێین ئەگەر ئەم ئەسبابانە نەبن مەحالە موسەببەبەکان ببن؛ چونکە ئەگەر باوک بەقەد موویەک لە دەخلی عادەتی لابدا و بڵێت من دەخلی عەقلیم هەیە وجوودی حەزرەتی عیسا(د.خ) بە فوویەکی جیبرائیل بە بەرۆکی دایکیدا ئیلزامی ئەو باوکە دەدات و دەیبەزێنێ.

هەرگیز مەڵێ بە ئاگر: ئەی ئاگر! لەگەڵ بوونی تۆ و بەهۆی تۆوە سووتان پەیدا دەبێ. ئەگەر وات کرد لەولاوە یەکسەر [یا نار کونی برداً و سلاماً علی ابراهیم] بە راسەرتەوە رادەوەستێ، سلاوێکت لێ دەکا و یەخەت پێ دەگرێ و دەڵێ ئەی من چیم؟ ئەوە نییە ئاگر بووم و نەمسووتاند؟ یا هەرگیز تێغ دەوێرێ ناوی برین بەرێ و بڵێ: من شت دەبڕم. ئەگەر وێرای حەزرەتی ئیسماعیلی (ذبیح الله) (د.خ) وەلامی گەزافی ئەو تێغە دەگرێتە گەردن و دەڵێت: ئەی ئەوە نەبوو باوکم تێغەکەی لە گەردنم گیر کرد و نەیبڕیم؟

لاکین بۆ عالەم ئەوسەر تا ئەم سەر
(کما للشَّرْعِ الأظهرِ الأنور)
زەهر و بەتنێ هەس بزان بە یەقین
(وَلِـذَاَ الـبطنِ بطـنٌ لسبعین)
هەر بەتنێ لە شەرع شەریفی ئەقوەم
رەبتی هەس دەگەڵ بەتنێ لە عالەم
بۆ هەر بەتنێکی ئەحکامێ هەیە
بۆ هەر شەخسێکی مەقامێ هەیە

(وَاللهُ أَعْلَمُ بِتِلْكَ البُطُون)
ڕێ بۆ کەس نییە مەربۆ (راسِخون)
لە ئیجمال و ئەسل تا تەفسیل و فەرع
(إلى ظَهْرَى العَالَم وَالشَّرْعْ)
مەداری ئەحکام شەرعی زاهیرە
لەسەر عالەمی زاهیر دائیرە

ڕێ: ڕێگا: مەر: مەگەر. راسخون: الراسخون في العلم.

ئەم شیعرانە وەلامی ئەو ڕەخنەیەن کە دەڵێت: بەیانی بیروباوەڕی ئەهلی تەسەووف لەناو مەزهەبەکاندا زۆر دوورە؛ چونکە سۆفییەکان زۆر کەمن و ئەو بیروباوەڕەیش بۆ غەیری ئەوان نییە.

پۆختەی وەلامەکە ئەوەیە هەروەکوو ئەهلی تەسەووف بەشێکن لە کۆمەڵی زۆری ئوممەتی ئیسلام و گەلێ کۆمەڵی تر هەیە لە ئیسلامدا، هەروا شەریعەتی پاک و پیرۆزیش زەهر و بەتنی، واتە دیوی دەر و ناوی هەیە، دیوی ناویش چەند دیوێکی تری ناوەوەی هەیە و پلە و پایەی زۆری لێ دەبێتەوە، هەر چین و کۆمەڵێ جۆرە پایەیەکی هەیە.

بۆ نموونە ڕوکنەکانی ئیمان شەشن، واتە هەموو موسوڵمانێ پێویستە باوەڕی بەو شەش شتە هەبێ، بەلام بێگومان باوەڕی هەموو موسوڵمانەکان لە یەک پایەی پلەدا نییە؛ باوەڕی یارانی حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) یا ئیمامانی ئال و بەیت یا دۆستانی خودا و پیاچاکان، یا تابیعینی ئەسحابە ئیمان و باوەڕیان لەگەڵ ئیمان و باوەڕی موسوڵمانانی ترا لە یەک پایەدا نییە، هەروەها ئەو کەسانە کە عیلمی (لَدُنّی) یان پێدراوە لەلایەن بارەگای خوداییەوە، ئەحوالیان، ڕادەی ئیمانیان، دامەزراویی دڵ و دەروونیان وەک هی کەسانی تر نییە، تەنها بۆ نموونە سەیرێکی بەسەرهاتەکەی حەزرەتی مووسا و حەزرەتی خزر(د.خ) بکەن. هەروەها تەماشای پایە و پلەی نوێژکەرەکان بکەن چەند لە خوشووع و خوزووع و جوان جێبەجێکردنیدا جیاجیان، یا لە ڕۆژووگرتن و حەجکردن و جیهاد لە ڕێگای خودا و پاککردنەوەی نەفس و دوورخستنەوەی لە خوو و ڕەوشتی بەد و کرداری ناپەسەنددا. بەڵکوو ئینسان دەتوانێ بڵێت جیاوازیی پایەی موسوڵمانان لە بەکارهێنانی حوکمەکانی شەریعەت و نوورانییەتی دڵ و لە خوو و ڕەوشتی بەرزو خزمەتی موسوڵماناندا ئەوەندە زۆرە مەگەر هەر خودا بزانێ. بۆیە مەشهوورە (حَسَنَاتُ الأَبرار سَيِّئاتُ المُقَرَّبين). کەوابێ هیچ مانیع نییە گەلێ ئینسانی موسوڵمان باوەڕی وەهابێ کە خۆی

دیارگای ئاسار و ئەنواری توانای خودای گەورەیە و، بەقەد توزقالێ نارەزایی لە قەزای ئەو پێشان نەدا و خوداپەرستی لەناخیا رەگی داکوتابێ و رەزای خودا لای ئەو هەموو شت بێ.

حیکمەتێ هەیە لەم تەرتیبەدا
لەم نەزم و نەسق زۆر عەجیبەدا
ئەرچی عەقلی من دەرکی تێناکا
سەر بەرەوژوور یا بەرەوژێر(۷۳) ڕاکا
دەڵێن: تا تەمیز ئەبەین بکەوێ
ئوموور موختەلیت موشتەبیهـ نەوێ
یەکێ حاکم بێ، یەکێ مەحکووم بێ
یەکێ خادیم و یەکێ مەخدووم بێ
یەکێ شاگردە، یەکێ ئوستادە
ئەوە نوقسانە، ئەمە زیادە
ئەوە سیاهە و ئەم یەکە سفید
ئەوە موفیدە و ئەمیان موستەفید
فلانە باوکە، ئەوە لە ئەولاد
لە دوای ئەولاد پێی‌دەڵێن ئەحفاد
لە بوخارە هەور، لە هەورە مەتەر
لە مەتەر گیا(۷٤) سەر تێرێتە دەر
موقەددەم ناوی نریاگە سەبەب
بە موئەخخەریان دەڵێن موسەببەب
هەردوولا هەر خەلق رەببی هادی‌یە
سەبەبییەتیان ئەمری عادی‌یە
لە قودرەتی حەق عادەت جارییە
ئەو تێتە وجوود، ئەم دیارییە

(یُمْکِنْ) ئار بویَ و ئیحـراق هـەر نـەویَ
یـا ئیحـراق وە بـیَ ئـاگر هەڵـکەویَ
لزوومـی عـەقلی لـە بەینـە تەریـد
(یَفْعَـلْ مـا یشـا، یَحْکُـمْ مـا یُرِیـدْ)
چونکـە تـۆ چـاوت وا پێـی دەکـەویَ
وەهـا دەزانی ئـەمیان لـەو دەویَ
مەبسووتە و مەقبووز بیَ‌دەستەڵات فەی
(هُـوَ المُسْـتَقِلّ فـی الخَلْـقِ للشّـی) [٧٥]
هەر بە خەلقی ئەو گشـت دێتە عـەیان
سـیفاتی عەبـدیچ دەگـەڵ خاسـەیان

سیاه: رەش. سفید: سپی. تێرێتەدەر: دەهێنێتەدەر. ناوی نریاگە: نـاوی نـراوە. تێتـە: دێتـە. ئار: ئاگر. بویَ: ببیَ. فەی: فیء، سێبەر. للشّی: لِلشّیء.

واتە: ئەگەرچی من لە نهێنی و حکیمەتی کار و کرداری خـودای گـەورە تـیَ‌ناگـەم و هـۆش و بیرم جاریَ بەرەوخوار و جاریَ سەرەوژوورە، جاریَ کورت دەهێنیَ و جاریَ سەردەکا، بەڵام دیـارە حیکمەت هەیە لەم تەرتیب و رێکـوپێکی و دانانی ئەسباب و موسەببەبانەدا؛ یەکیَ باوکە و یـەکیَ نەوەیە و، یەکیَ کاربەدەسـت و زەبەردەسـتە و یـەکیَ ژێردەسـتەیە، یـەکیَ مامۆسـتایە و یـەکیَ قوتابییە. هەڵبەت خوای گەورە دەیەویَ خەڵک فێری تـەرتیب و رێـکـوپێکـی بکـا، ئـەگینا ئـەم ئەسبابانە لە ئەسبابی عادەتی بەولاوە هیچی تر نین، ئەمانە هیچیان عیللەتی عەقلی قـەتعی نـین بەو مەعنایە ئەگەر ئەو عیللەتـە نـەبیَ مەعلوولەکـەیش نـەبیَ؛ بـۆ نموونـە لەوانەیـە ئـاگر ببـیَ و سووتاندن نەبیَ، لەوانەیشە ئاگر نەبیَ کەچی سووتاندن ببیَ، لزوومی عەقلی لەم نـاوە دەرکـراوە و جێی نابێتەوە.

تۆ بە چاوی کەم‌بین و کورت‌بینـت ئـاگر و سـووتاندنەکە دەبـینی، سـەیری هـەور و بارانەکـە دەکەی، پاش باران‌بارین دەبینی گیا سەوز دەبیَ... تاد. وادەزانی ئەوەی بـە موسـەببەبت دانـاوە لەوەوە پەیدا بووە کە بە سەبەبت زانیوە، بەڵام لە جەوهەر و ناوەڕۆکدا ئینسان وەکوو سێبەرە کـە

دەبینرێ و لەمس ناکرێ، هەیە و نییە، نە لە درێژبوونەوەیدا و نە لە کورتبوونەوەیدا دەستەڵاتی نییە؛ [أَلَمْ تَرَ الی ربّک کَیْفَ مَدَّ الظّلَّ ولَوْ شَاء لجَعَلَهُ ساکنا][٧٦] تەنها خودای گەورە سەربەخۆ و دەستەڵاتدارە، هەموو شت دروست دەکا، زات و سیفەتی زات، سیفەتەکانی ئینسان و لەوازیمی سیفەتەکانیشی هەر بە توانای خودا دەبن و ئەو دروستیان دەکا [یَفْعَلُ مَا یَشَاء وَیَحْکُمُ ما یُرید].

قـودرەت دەگەڵـی تەعەللوقیـدا
تێرێتـە وجـوود لـە ئادەمیـدا
کـەوا مەشـهوورە بـە ئیسـتیتاعە
(مَـعَ الفِعْـلْ عِنْـدَ هـذی الصِـنّاعَةْ)
وەک سـەلامەتیی ئەسـباب و ئـالات،
کە تەکلیف تـەعویل لەسـەر ئـەو دەدات،
بـە ئیسـتیتاعە ئـەویچ نـاودەبرێ
«مَـنِ اسْـتَطاعَ...» بـە دەلیـل دەکـرێ
کـە بەنـدەی مەوسـووف گێـڕا بەوانـە
کـردی بـە مەحـەل ئـەو سـیفەتانە
قـودرەتی (مَـعَ التَعَلُّـق) ئـاورد
راس دەگەڵی فیعل موقارەنـەی کـرد[٧٧]
ئـەو فیعلـە دەفعـی خـالیقی وەدوود
(تعقیبـاً) زاتی تێرێتـە وجـوود
بەنـدە لەوێـدا دەوێ بـە موختـار
بـۆ تـەکلیفی شـەرع دەوێ بـە مـەدار
ئەگـەر وە بـێ ئـەو قسـەی مـەزکوورە
خـەلقی فیعلـی کـرد بەنـدە مـەجبوورە

واتە: هەروەها خودای گەورە قودرەتی ئینسان و تەعەللوقی ئەو قودرەتەی تیا دروست دەکا کە لای ئەهلی ئوسوول پێی دەڵێن ئیستیتاعە، واتە توانایی لەسەر ئیش و کار لەگەڵ هەموو ئەسباب

و شەرتێکدا لەگـەڵ لابـردنی هـەموو کۆسـپێکدا. دیـارە ئـەم توانایـە بـێبـەرودوا لەگـەڵ کـارە توانراوەکەدا دەبێ.

هەروەها ئیستیتاعە بەکاردەهێنرێ بۆ ساق و سـەلامەتیی ئینسـان و رێـکوپێکیـی ئەسـباب و ئالاتی کار، کە تەکلیف لە عەبد لەلایەن خوداوە لەسەر ئەو ساغ و سەلامەتییە راوەستاوە و، ئەگـەر ئەوە نەبێ تەکلیف رووی تێناکا. دەلیل لەسەر ئەوە کە ئیسـتیتاعە ئەمـەیش دەگرێتـەوە ئایـەتی [... وَالله على الناس حجّ البيت مَنِ استطاع اليه سبيلا]یە(٧٨).

جا کە خودای گەورە بەندەی خۆی مەوسووف کرد بە سەلامەتیی ئەسباب و ئالات و، قودرەتی بەندە و پێوەندیی قودرەتەکە بە کارە مەقدوورەکـەوە هاتـە جـێ و لەگەڵـیا بەرامبـەر بـوو گـورج خودای گەورە ئەوکارەی بۆ دروست دەکا، بەندەیش لەبەر ئەوە کە بووەتـە شـوێنی ئـەو شـتانەی باسمان کردن بە موختار و ئارەزووبەدەست دادەنرێ، چ لە عورفی شەرع و چ لـە عـورفی خـاس و عامدا.

ئەگەر خودا بە بێ ئەم شتانەی کە وتمان کارێکی لـە بەنـدەدا دروسـت کـرد وەک نەخۆشـی، زویری، لاوازی، ئەوا ئەو بەندە بـە مـەجبوور و ناچـار دادەنـرێ و بـەو عورفانـەی باسمـان کـردن ئارەزووبەدەست نییە.

خولاسـە عـادەت جارییـەی حەقـە
ئەو خەلقی سەبەب عادیی ئەم خەلقـە
تـا بەنـدە بەوتـەرز نـەکا بـە موختـار
تـەکلیفی شـەرعی لـێ ناکـا جـەببار
نیشـانەی شـێوەی موختـاری چییـە؟
تەیەسسور بۆ ئەو تـەرک و فیعلـیـیـە
ئـــەوە عەلامـــەت ناموختارییـــە
بـــێتەیەســـوری و ئیزتیرارییـــە
حاڵەتی ئەووەڵ تەکلیف بە حیکمـەت
حاڵەتی دووەم عـەفوی بـە رەحمـەت
ویجـــدان فاریقـــە (بَـــیْنَ الحـــالَتَیْنْ)
بینا لە وُسْعَەتْ تـەکلیف تێتـە بـەین

هـەرچی (عـادةً فـی الوُسْـعَه) نـەویٚ
بەو چشتە تـەکلیف نـاویٚ هەڵـکەویٚ

واتە: پوختەی قسە ئەوەیە: عادەتی خودایی کە پێی‌دەوترێ (سُنّةُ الله) وا داهاتووە کە دروسـت کردنی خودای گەورە بۆ سیفەتی ئیرادە و قودرەت لە ئینساندا بێتە سەبەبی دروست کردنی کـارە مەبەستەکە، بەکورتی دروست کردنی خودا بۆ سێ سـیفەتەکە سـەبەبە و دروسـت کردنیشـی بـۆ کاری مەبەست موسەببەبە.

خودای گەورە تا بەندەی خۆی نەکاتە خاوەنی ئەو سیفەتانە تەکلیفی کاری لێ ناکـا، نیشـانەی موختاریی بەندە ئەوەیە کە بتوانێ کارەکە بکا یا نـەیکا، نیشـانەی ناموختـاری و ناچارییەکەیشـی ئەوەیە دەستی بەسەر کردن یـا نـەکردنی کارەکـەدا نـەڕوا. لـە حاڵـەتی یەکەمـدا روو تێکـردنی تەکلیفی خودایە بۆ ئینسان لەسەر بناخەی حیکمەت، لە حاڵەتی دووەمدا عەفوکردن و سـزانەدانە لەسەر بناخەی موحتاجیی ئینسانەکە بە بەزەیی و میهرەبانیی خـودا. بـێ‌گومـان جیـاوازیی ئـەم دوانە زۆر ئاشکرا و نومایانە و پێویستی بە دەلیل نییە.

دیارە هەر کارێ بەعادەت لە وزە و توانای موکەللەفـدا نـەبێ هـەرگیز تـەکلیفی پـێ‌نـەکراوە و پێیشی ناکرێ.

بەڵێ وا بۆمان روون بووەوە کە ئینسان حوکمە تەکلیفییەکانی لەباردا هەیە، چونکە ئەگـەر لـە باریدا نەبوونایە لە لایەن خودای گەورەوە تەکلیفی لێ نەدەکرا؛ کەچی ئەوەتا دەیبینین تـەکلیفی گەلێ ئەحکامی لێ کراوە، ئەمەیش مەعنای ئەوەیە ئینسان ئامادەیی تێدایە بۆ ئەو حوکمانە.

هەروەها بۆمان روون بووەوە هەر کارێ تەکلیف لە ئینسان کرابێ بە کردنی یا بە نەکردنی، لـە وزە و توانادایە، هەرشتێکیش لە وزە و تواناداا بـێ کـارێکی ئیختیارییـە؛ کـەوابوو هـەموو کـارێکی تەکلیف پێ‌کراو ئیختیارییە.

ئەنجا لە شتێکدا تەکلیف بە کردنی کرابێ، بۆ نموونە وەک نوێژ، ئەوە دیارە کردنەکەی کارێکی ئیختیارییە. بۆ ئەوەیش تەکلیف بە نەکردنی کرابێ، بۆ نموونە وەک دزی، ئـەویش لـە ناوەڕۆکـدا داوای ئەوە لە ئینسانەکە کراوە کە رێ لە نەفسی بگرێ و کارە ناڕەواکە نەکا، دیارە رێ لـە نـەفس گرتنیش کارێکی ئیختیارییە.

شایانی وتنە: شت بەپێی دابەشکردنی عەقڵـی یـا واجبـە یـا مومتەنیعـە یـا مـومکین. واجـب تەکلیفی پێ ناکرێ و لە ئینسان داواناکرێ، وەک تێکڕای هەناسەدانی ئینسان کـە ژیـانی لەسـەر

بەندە؛ چونکە ئەوەی داوا بکرێ دەبێ ئیحتیمالی بوون و نەبوونی هـەبێ، واجبـیش دەبـێ ببـێ و ئیحتیمالی نەبوونی نییە، بۆیە تەکلیف پێکردنی و داواکردنی مەعنای تێدا نییە.

مومتەنیعیش، واتە مەحاڵ، یا مەحالی عەقلییە وەک (اجتماع النقیضین) یا مەحالی عادەتییـە وەک بەهەوادا فڕینی ئینسان بەبێ هۆ عادەتییەکانی فڕین، هیچ کام لەم دوانـەیش داوا نـەکراون؛ خودا خۆی دەفەرموێ: [لا يُكَلِّف الله نَفساً إلاّ وُسْعَها].

مایەوە مومکینی زاتی کە ئەوەتە خۆی لەخۆیدا ئیحتیمالی بوون و نـەبوونی هـەبێ و لـە وزە و توانادا بێ، ئەمەیان تەکلیفی ئینسانی پێ دەکرێ، چونکـە خـۆی لەخۆیـدا وەک وتمـان لـە وزە و توانادا هەیە و بوون و نەبوون هەڵدەگرێ، ئەگەرچی بەپێی عیلمی خودا مەحاڵ بێ، واتـە عیلمـی خودای گەورە پێوەندی بە نەبوونیەوە بەستبێ، کە پێی دەڵێن مەحالی عیلمی.

ئـەو موقارەنـە کـە پێـی دەڵـێن کەسـب
ئیجـاد لەدوویـە بـۆ تۆیـە (فَحَسْـبْ)
زاهـیری ئـەحکام شـەرعی تـاهیرە
مـەناتی ئـەوان فیعلـی زاهـیرە
ئـەو مەحـەللی‌یـە و ئـەو مەوسـووفی‌یـە
بـا تەئسـیر نـەوێ بۆیـان کـافی‌یـە
لەسـەر هـەر فیعلـێ بـە بـێ‌گفـت‌وگـۆ
موتەعەللەقـە بـۆ قـودرەتی تـۆ
ئـەرصـەد کـە هەیـە تەئسیری دەربـەس
لەسەر ئەو فیعلـە تـەکلیف لـە تـۆ هـەس
وا موقارەنـە بـێ‌تەئسـیر مـاوە
کەسـبی ئەشـعەری تەفسـیر کریـاوە
نیسـبەتی[٧٩] مـەدە ئـەباڵ وەقاحـە:
قودرەت بـێ تەئسیر مَحض ئیصطیلاحە
لەلای خـۆت قـودرەت وا بکـەی تـەحریر
لـە مەفهوومیـدا موعتەبـەر تەئسـیر

نــەفیی تەئســیرت کــە بــە دڵ ئــاورد
ئــەواها نــەفیی قودرەتــت هــەم کــرد
یــا وەختــێ قــودرەت تەئســیری نــەبوو
ئــەوا ئیســتیحقاق جــەزا لــەناوچوو
قودرەت وەسفێکە، ئەگەر هەستْ دەرکْ،
(يَصِــحُّ منهــا الفِعْــلُ وَالتّــركُ)
قــودرەتی عەبــدیچ هــەروا بــەو دەســتوور
(يَصِــحُّ مِنْهــا ذالِــكَ المــذكور)
بــۆچ ئەگــەر قــودرەت خــودایی نــەوێ
ئەو فیعلە بــەویچ هــەر مــەوجوود دەوێ؟
لاکــین بــە قــودرەت قــادری مــەعبوود
ئــەو فیعلــە چونکــە دەیێتــە وجــوود[٨٠]
دەوێ قــودرەتی بەنــدەی پــڕ تەقســیر
(مُقــارن الفعــلِ مِــنْ غیــر تــأثیر)
بــــەڵ وتگیانــــە عولــــەمای قــــادە:
قــودرەت وەســفێکە ئــەودووی ئــیرادە[٨١]
موئەسسیر وێ وەک قودرەتی (ذو الخلـق)
یــاخۆ کاســب وێ وەک قــودرەتی خــەلق
مــەعنای تەئســیریچ ئەگــەر لــەیاد وێ
وە نییە مونحەصیر هــەر (فــیالایجـاد) وێ

ئیجاد لەدوویە: ئیجادی لــە دواوەیــە. ئــەرصــەد: ئەگــەرچی. تەئســیری: تەئســیری قــودرەتی ئینسان. دەربەس: دەرگا لێبەسراو، حەپس. ئەباڵ: ئــەلای. دەیێتــە: دێتــە. وتگیانــە: وتوویانــە. ئەودووی: لەدوای. تەئسیریچ: تەئسیریش. وە نییە: وەها نییە.

واتە تۆ ئەی بەندەی خودا! تەنها ئەوەت بۆ دەمێنێتەوە کە ئــیرادە و قودرەتەکــەت بەرامبــەر و هاوکات بێ لەگەڵ ئیرادە و قودرەتی خودای گەورەدا. بۆ ئەوەیش کە پاداشی چاک وەربگــری یــا

تووشی سزا و تۆڵە ببی ئەوەندە بەسە کە خودای گەورە یەکسەر و بێوچان پاش ئەو بەرامبەری و هاوکاتییە کارەکەت دروست بکا.

حوکمە شەرعییە زاهیرە پاکەکانیش بەم کردەوە دیارییانەوە بەستراون، بۆ نموونە وجووب بە نوێژەوە پێوەندە و، حەرامی بە دزییەوە. پاداشی چاک بەرامبەر یەکەمە و تۆڵە بەرامبەر دووەم. ئیتر مادام کارەکان لە تۆوە دەرکەوتن و تۆ شوێنیان بووی و بوون بە سیفەتت با قودرەتەکەیش تەئسیری نەبێ ئەو مەحەللییەت و مەوسووفییەتە بەسە بۆ ئەوەی ببیتە موکەللەف، واتە: هەرکارێ کە قودرەتت پێوەندی پێوە هەبێ با تەئسیریشی نەبێ تۆ تەکلیفی کردن یا نەکردنیت لێ دەکرێ. ئەم بەرامبەرایەتیی قودرەت و ئیرادەی ئینسانە لەگەڵ ئیرادە و قودرەتی خودای گەورەدا کەسبەکەی ئیمامی ئەشعەرییە.

مەولەوی(د.خ) لە بەیتی «نیسبەتی مەدە..» و سێ بەیتی دوایدا پوختەی رەخنەیەکی موعتەزیلە لە ئەشعەرییەکان باس دەکا و، بە بەیتی «قودرەت وسفێکە..» تا بەیتی «مەعنای تەئسیریچ..» وەڵامی دەداتەوە و دەفەرموێ: تۆ ئەی زەڵامی موعتەزیلە مەشرەب! قسەکەی ئێمە بە ناشیرین دامەنێ کە دەڵێین قودرەتی ئینسان تەئسیری نییە، بە مەحزی ئیستیلاح و بە بێمەعنای حسێب مەکە، نەکەی مەعنای قودرەتی ئینسان وا لێبدەیتەوە کە تەئسیری ببێ، ئەنجا کە دیت تەئسیر نییە بڵێی: کەواتە قودرەتیش نییە، یا بڵێی: کە قودرەتەکەی کاری نەکرد ئیتر ئینسانەکە موستەحەقی سزا و پاداش نابێ و ئەنجام بەربەرەڵا دەبێ.

بەڵێ وا مەکە؛ چونکە تۆ ئەگەر ئاگادار و زانای دەبێ ئەوە بزانی کە قودرەت سیفەتێکە بە زاهیری بۆ کردن و نەکردنی کار بشێ. قودرەتی ئینسانیش هەروەهایە. گومان لەوەدا نییە ئەگەر قودرەتی خودای گەورە لەسەر کارەکە نەبێ بە قودرەتی عەبدەکە دەکرێ، بەڵام چونکە قودرەتی خودا حازر و ئامادەیە بۆ تەئسیر ئیجاد قودرەتی عەبدەکە هەر ئەوەندەی پێ دەبڕێ بەرامبەری کارەکە بێ بەبێ تەئسیر.

بەڵکو زانا پێشەواکانی ئایینی ئیسلامیش وتوویانە: قودرەت سیفەتێکە دواکەوتووی سیفەتی ئیرادەیە، چ تەئسیری هەبێ وەک قودرەتی خودای گەورە و، چ نەیبێ و تەنها لە کەسبدا دەستی هەبێ وەک قودرەتی عەبد.

سەرەڕای ئەوەیش دەتوانین بڵێین، قودرەتی عەبدیش هەر خاوەن تەئسیرە، بەڵام مەعنای تەئسیرەکە هەر ئیجادی شت نییە لە نەبوونەوە، بەڵکوو ئەوەیش دەگرێتەوە کە ببێتە سەبەبی عادی بۆ ئەوە خودای گەورە کارەکە دروست بکا.

موددەعی[۸۲] ئاگای هیچ لە خۆی نییە،
سەبەب بێ‌تەئسیر دەڵێ بۆچییە؟
ئەر نەیێ بە هەور ترش و تاڵەوە
ناوا کەڵوپەل کەس وەماڵەوە
ئەر نەدا باران پەڵە لە زەوی
کەی ئە تەدارەک جووتت دەکەوی؟
ئەر ئاگر نەوێ من کەی بزانم
ئارەبڕ بکەم دەوری خەرمانم؟
خەلقی قودرەت رەبت لە مندا نەوێ
چلۆن بزانم ئەو فیعلە دەوێ؟

ناوا: نابا. کەڵوپەل: شتومەکی ناوماڵ بە شێوەیەکی گشتی. بارانی پەڵە: یەکەم بارانی سەردەمی پاییز کە زەوی ئاو دەدا و تۆو سەوز دەکا. تەدارەک: ئامادەکردنی پێویستیی هەر کارێ. جووت: کێڵانی زەوی. ئارەبڕ: کە لە نزیکی خەرمانێ یا دەغڵێکەوە ئاگر بکەوێتەوە و مەترسی لێ بکرێ، دەوران‌دەوری خەرمانەکە لە پووش و پەڵاش پاک دەکەنەوە و بەڵکو دەیگەیێننە سەر خاکی سوور؛ نەبادا لە رێگای ئەو پووش و پەڵاشەوە ئاگرەکە لە خەرمانەکەیش بەربێ، بەم کارە دەڵێن: ئاگربڕ، کە لە ناوچەی تاوگۆزی پێی‌دەڵێن ئارەبڕ.

واتە: رەخنەگری دژی ئەشعەری ئاگای لە مەعنای قسەی خۆی نییە و دەڵێ: قودرەتی عەبد کە سەبەب بێ و تەئسیری نەبێ سوودی چییە؟ نەبێ باشترە!

نەخەیر خراپ تێ‌گەیشتووە. تەئسیر تەنها ئیجادی شت نییە لە نەبوونەوە؛ ئەوەیش هەر تەئسیرە کە ببێتە سەبەبی عادی بۆ ئیجادی لە لایەن خودای گەورەوە، ئەوەیش هەر تەئسیرە کە شتێک ببێتە نیشانەی شتێکی تر و سوودی لێ وەربگیرێ، بۆ نموونە: ئەگەر خودا هەوری ترش و تاڵ نەهێنێ کە نیشانەی بارانە کەس کەڵوپەل و شتومەکی ماڵی خۆی کۆ ناکاتەوە بەجۆرێ بیپارێزێ لە تەڕبوون و زیان‌لێ‌کەوتن. ئەگەر بە بارانی پاییز پەڵە نەدا کەس خۆی بۆ جووت

کردن ئامادە ناکا و پێویستییەکانی جووتوبەرە حارز ناکا. ئەگەر ئاگر و شالاوی ئاگر نەبینم چۆن بزانم ئاگر هەیە و ترسی تەشەنەکردنی لێ دەکرێ هەتا دەوروبەری خەرمانەکەم پاک بکەمەوە و رێی ئاگرەکەی لێ بگرم. ئەگەر خودا قودرەتێکی وەها لە مندا دروست نەکا کە پێوەندی بە خۆم و کارەکەوە ببێ چۆن بزانم ئەو کارە دەبێ.

تۆ خۆت کەسێکی موعریز لە حەقی
ئەشعەری فەرمووی: تۆ موستەحەقی[٨٣]؟
بێ ئیستیحقاقی زەرەری چییە؟
بە فەزل و عەدلە بە عەمەل نییە
ئەر دەڵێی ئەو کەسب زەعیف بەوتەورە
بۆچ لایقە بەو عیقابی گەورە؟
دەڵێم ئەو کەسبی زەعیف بەوتەورە
بۆچ لایقە بەو سەوابی گەورە؟
ئەر لەم مامەڵە خەبەردار دەوی
تۆ فانی دەدەی، باقیدار[٨٤] دەوی
خوسووس وجوودت لەوە موستەفاد
(لَيْسَ عَلَيْهِ حَقٌّ لِلعِبادْ)
مەڵێ، وەک ناڵێی ئیجادی ئیحراق
(بَعْدَ مَسِّ النار) بۆچ دەکا خەللاق؟[٨٥]
لە دووای ئەوە بۆچ ئەو سەوابە؟
یا دووای ئەوە بۆچ ئەو عیقابە؟
ئەر تەخسیس بکا بەعزێ بە سەواب
وەر تەخسیس بکا بەعزێ بە عیقاب
بەندە بەندەی خۆی مولکیچ مولکی خۆی
کوا زوڵم و ستەم؟ هەر چەنە دەدەی!

بەڵێ مەدح و زەم حەسەن و بێفەڕ
بە ئیعتیباری مەحەللیی بێگەڕ
ئەر بارانی خەیر بە ڕۆژ و بە شەو
لە هەوری وجوود مەرحەمەتی ئەو
نەباریٚ وەسەر عەدەمدا تاویٚ
عەدەمی هەر شەڕ تێریٚتەم ناویٚ(۸۶)
پەس ئەر سەواب دا وەهـ وەهـ لەم فەزڵە
وەگەر عەزاب دا بەهـ بەهـ لەم عەدڵە

باقیدار: خاوەن باقی، خاوەنی شتی نەبڕاوە. چەنە دەدەی: قسەی زیادە دەکەی. بێفەڕی: ناشیرین. بێگەڕ: بێعەیب. (وەهـ وەهـ) و (بەهـ بەهـ) دوو کەلیمەی تەعەجوبن لە مەدحدا، وەک بەخبەخ.

واتە: تۆ کە لات وایە تا قودرەتی ئینسان بە تەئسیری ئیجادی نەکا ئینسانەکە موستەحەقی سزا و پاداش نابێ، بەم قسە لە راستی لات داوە، کەی ئیمامی ئەشعەری فەرمووی: تۆ خۆت لە زاتی خۆتا موستەحەقی سزا و پاداشی؟ ئیستیحقاقی تۆ بۆ سزا و پاداش تەنها لەبەر ئەوەیە کە تۆ مەحەل و مەزهەری کاری، واتە: شوێنی کارەکە تۆی و کارەکە لە تۆدا دەبینرێ.

چ زیانێ لەوەدایە کە ئینسانەکە لە زاتی خۆیا هیچ موستەحەق نەبێ؟ سزا و پاداش بە ئیستیحقاق نییە بەو مەعنا کە تۆ دەڵێی، بەڵکو خودای گەورە خۆی بە فەزڵ و گەورەیی و میهرەبانیی خۆی پاداشی چاک دەداتەوە، خودای گەورە بە دادپەروەریی خۆی تۆڵە دەسێنێتەوە، سزا و پاداش بە کردەوە نییە، ئەوەتە تۆ مارێکی بێعەقڵ و شعوور دەکوژی چونکە بە زەهرەکەی زیان لە گیانلەبەران دەدا.

ئەگەر دەڵێی: ئینسانەکە کە قودرەتی موئەسسیری نەبێ و ببێتە شوێنی گوناهـ چۆن ئەبێ موستەحەقی ئەو سزا گەورەیە بێ لە دۆزەخدا؟ منیش دەڵێم ئەی ئەو کەسبە لاوازە بێهێزەی ئینسان لە کاری چاکدا چۆن دەبێتە هۆی ئیستیحاقی ئەو پاداشە گەورە گەورانە؟

ئەگەر نەختێ وریا بی و ئاگات لەم مامەڵەیە بێ بۆت دەردەکەوێ کە تۆ قازانجت کردووە؛ خۆ چەند سەعاتێ لە عومری کورت و بڕاوەی خۆت، لەش و ئەندامی کەموکووڕ و دواهاتووی خۆت

لەڕێی خودادا بەخت دەکەی بەرامبەر بە پاداشێکی بایەخداری پایەداری نەبڕاوە و، هەمیشە لە بەهەشتی ئەبەدی‌دا دەمێنیتەوە.

بەتایبەتی تۆ بوونەکەیشت لە خوداوە وەرگرتووە، کەوابوو حەقی بەندە بەسەر خوداوە نییە، حەقی خودای گەورە بەسەر بەندەوە هەیە، ئەو زانین و خواست و توانا و سیفەتەکانی تری پێ‌داوی و کردوویتیە شوێن و دیدگای کار.

کەوابوو هەروەک ئەگەر ئاگر بەربێتە داری وشک و کڵپەی لێ هەڵبسێنێ ناپرسی و ناڵێی بۆچی خودا پاش لێکەوتنی ئاگرەکە سووتاندنەکەی دروست کردووە، ئەگەر پاش کردەوەی باش پاداش و پاش کردەوەی خراپ سزای بە بەندەی خۆی دا، مەپرسە بۆچی دوای ئەو کردەوەیە پاداش و دوای ئەوی تریان سزایە؛ چونکە لە هەردوولا ئەسباب و موسەببەباتی عادییە، کە لەوت نەپرسی لەمیش مەپرسە.

خودای گەورە ئەگەر پاداش بە هەندێ بدات و سزای هەندێکی تر بدات دڵنیابە بەندە بەندەی خۆیەتی و موڵک موڵکی خۆی، بە هەرجۆر دەس بخاتە ماڵی خۆی بۆی هەیە و کەس هەقی رەخنەی نییە، نە زوڵمە و نە کاری بێ‌هوودە، پاداشەکەی فەزڵ و میهرەبانییە و سزاکەیشی عەدل و دادپەروەرییە، ئیتر قسەی زیاد و هیچ‌وپووچ مەکە.

بەڵام کە خودای گەورە مەدحی ئینسان دەکا لەسەر کاری جوان و زەمی دەکا لەسەر کاری ناشیرین، ئەو لەو رووەوەیە کە ئینسانەکە شوێن و دیدگای کارەکەیە، ئەمەیش شتێکی بێ‌جێ‌یە و عەیبی نییە.

ئەگەر سەیری غەیری مەحەللییەت بکەیت ناگەیتە ئەنجام و هەرگیز تەئسیری ئیجاد بۆ بەندە ئیسپات ناکرێ.

تەنانەت ئەگەر سەرومڕ بارانی خەیر لە هەوری وجوودی پڕمیهرەبانیی خودای گەورە و بەخشندە بەسەر نەبووندا نەبارێ و رێژەنی لوتف و کەرەمی بوون نەخاتە شوێنی نەبوون وا خەڵک دروست نەکا، نەبوون هەرگیز خێر لە ناوچاوانی نابێتەوە.

ئەنجام ئەگەر خودای میهرەبان پاداشی بەخشی ئەوا بەخ‌بەخ لە بەخشندەیی خودا و، ئەگەر سزایشی‌دا بەخ‌بەخ لە دادپەروەریی ئەو.

سیرڕی مەزهەبی شێخ، ئەر بەیان بێ
دەشێ موددەعا تەمام عەیان بێ

تەوحیــدی ئــەفعال موقتــەزای واســە
قــودرەتی بەنــدە بــێ‌تەئســیر راســە
نیســبەتی فیعلــیچ حەقیقــەت دەدرێ
(یَحْتَمِـلُ) تەوجیهــ بـەم تــەرزە بکـرێ
ســیفاتێ کــەوا لــە ئێمــەدا هــەس
مــەبادیی ئــەفعال ئیختیــاری‌یــەس
لــە خۆیــان مــەناس خەواســی ئــەوان
مەزهــەری خــەواس ســیفاتی خــودان
ئیزهــار دەکــا حــەق خــەبیر و عــەلیم
(حُسْــنی الخــواصّ)ی ســیفاتی قــەدیم
لـــە ســـیفاتەکەی ئێمـــەدا وەهـــا
(عَلـــی وِجْهَـــةِ نَتَّصِـــفُ بِهـــا)
وەک دەڵێن کە نەفس حەیی (بالـذات)ە
بــەدەنیچ حەییــە هــەر بــەو حەیاتــە
بـــەڵ دەڵـــێن: (بِعَـــیْنِ إرادَتِهـــا،
عَـــیْنِ علمهـــا، وَ قُـــدرَتِها)
موریـــدە و عـــەلیم قـــەدیرە بـــەدەن
بــێ ئەمــە مــەجاز بــۆی قــەرار بــدەن
لەبــەر ئیختــیلاف ئــەنواع و ئەشــخاس
ئیزهاری دەکا بــە چەنــد نــەوعی خــاس
لە زیعف و قووەت، قیللــەت و کەسـرەت
یـــەعنی موافیـــق بـــۆ قابیلییـــەت
بــە ئیشــارەی رووت خــۆ دەدا لــە رووت
(بِـی یَسْـمَعُ وَ بِـی یُبْصِـرُ) دەفــەرمووت
موقتەزای واسە: موقتەزاکەی ئەوەیــە...

واتــە: ئەگــەر حەقیقــەتی مەزهــەبی ئەشــعەری بــەیان بکــرێ مەبــەس روون دەبێتــەوە و دەگەڕێتەوە بۆسەر (تەوحیدی ئەفعال) کە لەمــەوپێش باسمــان کــرد، تەوحیــدی ئــەفعال ئــەوە دەگەیەنێ کە تەئسیر لە کائیناتدا هەر تەئسیری خودایە و قودرەتی بەندە بێ تەئسیــرە و، لەگــەڵ ئەوەشدا کە قودرەتی بەندە بێ‌تەئسیرە، بە حەقیقەت نەک مەجاز، نیسبەتی کارەکانی خــۆی لــێ دەدرێ و ئەڵێی: فلان کەس نوێژکەرە، ئەوی تر ڕۆژووگرە... تاد... تەوجیهی ئــەم نیســبەت‌دانی کاری بەندە لە بەندەیە بەمجۆرە دەکرێ: ئەو سیفەتانە لــە ئــادەمزاددا هــەن و دەبنــە مەنشــەئی. کارە ئیختیارییەکانی بەهۆی نەفسی ئادەمزادەکەوە نییە، بەڵکو لەبــەر ئــەوە بووەتــە مەزهــەر بــۆ سیفەتەکانی خودا، واتە: خودای گەورەی زانــا و ئاگــاداری نهــێنی و ئاشــکرا بــە خواســتی خــۆی خاسییەتە جوانەکانی سیفەتەکانی خۆی لە ئینساندا دەردەخا بۆ هەنــدێ کــەم و بــۆ هەنــدێ زۆر [وَفَوْقَ كلّ ذي علم عَليم] بەم جۆرە بەندە دەبێتە خاوەنی ئەو سیفەتانە بەوشێوە کە هەڵــدەگرێ و بۆی دەشێ.

بۆ زیاتر ڕووناککردنەوە ئەڵێین گیانی ئینسان، کە بە نەفســی ناتیقــەیش نــاودەبرێ، (بالــذات) زیندووە، لەشی ئینسانیش بە تەبەعییــەتی ئــەو زیندوویەتییــە زینــدووە، بەڵــکو دەڵــێین گیــانی ئینسان(بالذات) خاوەن ئیرادە و خاوەن قودرەتە و شەخسی بەدەنی ئینسانیش بەهۆی ئەو ئــیرادە و قودرەتەوە (بالواسطە) خاوەن ئیرادە و خاوەن قودرەتە.

جا لەبەر ئەوە کە لەبەینی ئەنواعی گیان‌لەبەراندا لە چۆنیەتی و چەندیەتیی زانــین و خواســتدا جیاوازی هەیە، هەروەها لەبەینی ئەفرادی نەوعی ئینسانیشدا ئەم جیاوازییە هەیە، خودای گــەورە لەسەر قابیلییەت و لێهاتوویی ئەو ئەنواع و ئەفرادانە زانین و خواست و توانــا و ســیفەتەکانی تــری دابەش کردووە. نابینی ئەگەر خودای گەورە بە ئیشارەیێکی موجــەڕڕەد لــە مــاددە نیونیگایــەکی لوتف و میهرەبانیی خۆیت تێبگرێ و پرشنگی تۆزقاڵێ نووری لە ڕوومەتت بدا بــە هــەموو جــۆرێ ڕادەی زانین و خواست و توانــا و وزەت بــەرفراوان دەبــێ و دەچیتــە جیهــانێکی تــرەوە وەک لــە حەدیسدا دەفەرموێ «..ومايزالُ عبدي يتقرّب إليَّ بالنوافِلِ حَتيّ احَّبهُ، فإذا أحْبَبْتُهُ كنتُ سَمْعَهُ الذي يسمع بهِ وَ بصَره الذي يُبْصِرُ بِهِ وَيَدَه الّتي يبطش بها»[٨٧].

مەسەلا: قودرەت[٨٨] بەشــەر، بشــنەوە،

مەزهــەری تەئســیر قــودرەتی ئــەوە،

تەئسـیرێ کـەوا زاهـیر (فی الخلـق)ە
هـەر تەئسـیرەکەی قـودرەتی حەقـە
(عَلـــی تَفـــاوُتْ أظْهَـــرَهٗ فـــی
قـــدرة الخلـــقِ[٨٩] بالفضـــلِ الـــوفی
فـــذاکَ الفضـــلُ الصّـــادِرُ عَنّـــا
صـــادرٌ عَنـــهُ قطعـــاً، لکنّـــا
ذالِـــکَ الفِعـــلَ قـــائمٌ بنـــا
بـــلاَ شُـــبْهةٍ، لا بِرَبّنـــا
لأنّـــهُ مِـــنْ اوصـــاف الاجســـام
تَعـــالی عَنـــهُ خـــالق الأنـــام)

مەولەوی لەم چەند بەیتەدا مەبەستە پێشووەکە ڕوونتر دەکاتەوە و دەفەرموێ:

بۆ نموونە بۆت دەهێنمەوە قودرەت و توانای ئـادەمزاد مەزهـەر و دیـدگای قـودرەت و توانـای خودای گەورەیە. بێگومان ئەو تەئسیرە کە لەسەر دەستی خەڵکدا دەردەکەوێ و بە هـی ئـەوانی دەزانین هەر تەئسیری خودای گەورەیە و لە قودرەتەکەی ئەواندا دەریدەخـا لەسـەر جیـاوازی و جۆراوجۆرییەکدا کە خۆی لەواندا دایناوە.

کەوابێ ئەو کارە کە لە ئێمەوە ڕوودەدا کردەی خودای گەورەیە، بـەڵام بـە ئێمـەوە ڕاوەسـتاوە نەک بە خوداوە، چونکە ئەو کارانە لـە سـیفەتەکانی جیسـمن و خـودای گـەورەش لـە جیسـم و جەوهەر و عەرەز بەرییە.

ئەم تـەحریرە چـاک لـە مـەحزوور پاکـە
نـــە تـــەواروده و نـــە ئیشـــتیراکە
بـۆچ ئـەو تەئسـیرە بـەو دەوێ سـدوور
هـەر یـەک تەئسـیرە دەیێتـە زوهـوور
وەهـا کـە وەسـفی حـەقتەعالایـە
دیسـان بەڕاسـی وەسـفی ئـەم لایـە
تەئسـیری ئـەوە چونکـە خودسـەرە

تەئسیری ئەمە چونکە مەزهەرە
(فرقٌ لطیفٌ فی البَیْنِ إسْمَعْ)
ئەو بە ئەسالەت، ئەم بە (بالتبع)
قیامی مەعنای واحید بە ئەمرەین
بە ئیتتیسافی (لَیْسَ فیه شَیْن)
هەروەک ئیتتیساف بە وەسفی سیرعەت
بۆ موتەحەڕڕیک، لەبۆ حەرەکەت
بۆ بەندە ویجدان (أوضح السُبُل)
بۆ حەق بە دەلیل ئیستینادی کول
(إسْنادُ الأفعال للربِّ الهادی
کإسنادها الی العباد
أی بالحقیقَةْ إلی الطرفَیْنْ
لا تجوَّز أصْلاً فی ذا البین)
بەڵێ واجبە ئیحتیات بکەین:
مووهیم ئەباڵ حەق هیچ ئیسناد نەدەین
هەروەک ئاکیل و شاریب و فاسیق
نەک میسلی موعتی، خالیق و ڕازیق

دەیێتە: دێتە. خودسەر: سەربەخۆ.

واتە: جارجار ئینسانی کەمفام واتێدەگا لەم شوێنەدا تەوارود ڕوودەدات، واتە: دوو فاعیل خودا و بەندە لەسەر کردنی یەک کار بن. یاخۆ ئیشتیراک ڕوودەدات، واتە خودا و بەندە بە شەراکەت یەک کار بکەن؛ بەڵام بە وردبوونەوە لە نووسینە چاکەکەم دەردەکەوێ کە ئەم باسە لە تەوارود و ئیشتیراکەوە دوورە؛ تەوارود ئەوەتە هەردوو فاعیلەکە تەئسیری تەواو بکەن لە ئەسەرەکەدا بەجۆرێ هەرکامیان بگری تەئسیری کردبێ لەو ئەسەرەدا و تەواوی کردبێ. ئەمەیش بەتاڵە چونکە تەحسیلی حاسیل واتە پەیداکردنی شتێکی بوو، ڕوودەدات.

ئیشتیراکیش ئەوەتە کە دوو فاعیلەکە ئەسەرەکە لەبەینی خۆیاندا بەش بکەن و هەر یەکێکیان ئەندازەیەک تەئسیری تێبکات. ئەمەیش بەتالە چونکە قودرەت و توانای خودا بەش ناکرێ، ئەم بەش‌کردنە ناتوانایی خودا دەگەیەنێ و ئەوەیش مەحالە.

ئێمە وتمان ئەسەر یەک ئەسەرە کە بەدیمەن فیعلی عەبدە و موجید و خالیقی تاقە یەکێکە کە خودای گەورەیە، نیسبەت‌دانی ئەو ئەسەرە ئەلای ئینسان لەبەر ئەوەیە کە ئینسانەکە مەزهەر و شوێنیەتی، ئەگینا لە حەقیقەتدا ئەسەر هی خودایە و هەر تەنها ئەو مووجید و خالیقیەتی. کاری خودای گەورە لەو ئەسەرەدا (بالذات) ە، کاری بەندە تێیدا بە تەبەعییەتی کاری خودایە.

ئەوا لە بابەتی ئیجادەوە فاعیل یەکێ بوو کە خودایە، لە بابەتی مەحەللەوە مەحەل یەکێ بوو کە بەندەیە، ئەمەیش هیچ خراپەیەکی تێدا نییە. لە بابەتی قیام و ئیتتیسافیشەوە عەیب نییە لەوەدا کە سیفەتێ نیسبەت لە دوو زات بدرێ یەکێکیان (بالذات) و ئەویتریان (بالتبع) وەک (سرعة) کە راستەوخۆ دەبێتە سیفەتی زاتە جوولاوەکە و دەڵێین فلان سەریعە و، دەبێتە سیفەتی جوولانەوەکەیش بەڵام (بالتبع) و دەڵێین جوولانەوەکە سەریعە. یا وەک جوولانەوە دەبێتە سیفەتی کەشتی و دەوترێ کەشتی جوولاو، دەبێتە سیفەتی دانیشتووانی سەر کەشتییەکە و دەوترێ دانیشتووانی جوولاوی سەر کەشتی، دیارە بۆ یەکەمیان (بالذات)ە و بۆ دووەمیان (بالتبع)ە، جوولانەوەی راستەقینە هی کەشتییەکەیە و دانیشتووان لەبەر ئەوەی لەسەر کەشتییەکەن پێیان دەڵێین جوولاو.

ئەو کارانە کە ئیرادە و قودرەتی بەندە روویان تێدەکا سیفەتی بەندەن و لەوەوە دەردەکەون، ویجدان و حیسسی ئینسان خۆی باشترین دەلیلە لەسەر ئەمە. هەر نەفسی ئەو کارانە نیسبەت دەدرێنە لای خودای گەورە، بە دەلیلی ئەوە کە ئیسپات بووە هەرچی مومکیناتە نیسبەت ئەلای خودا دەدرێن.

نیسبەتی کارەکان بۆلای خودا حەقیقەتە وەکوو نیسبەتیان بۆلای عەبد حەقیقەتە، بەڵام نیسبەتیان بۆلای خودا بە جیهەتی خەلق و ئیجادە و بۆ لای عەبد بە جیهەتی مەحەللییەت و مەزهەرییەت.

ئەوەندە هەیە لێرەدا پێویستە ئیحتیات بکەین و هەر سیفەتێ کە نیسبەت‌دانی لە خودا کەم‌وکووڕی و عەیب بگەیەنێ بە دەممماندا نەیێ، وەک (آکل) و (شارب) و (فاسق). دیارە ئەمانەی وتمان وەک سیفەتی (معطی) و (خالق) و (رزّاق) نین کە نیسبەت‌دانیان کەم‌وکووڕیی تێدا نییە.

ئـەر دەڵـێی: زاهـیر لـەم تەحقیقـەدا
نایەڵـێ حەسـری خـەلق لـە حەقـەدا
دەڵـێین: مـەعنای خـەلق ئیجـادی تامّـە
تـابیعی عیلمـی تـەمام و عامّـە
عیلمـی تەفسـیلی وانـەبێ مـەجهوول
شەیئێ لە هیچ جوز لە ئەجزای مەفعوول[٩٠]
خـۆ عیلمەکـەی تـۆ ناقیسـە و موجمـەل
عـەری لـە تەفسـیل ئـاخر و ئـەووەل
ئـەم قـودرەتی تـۆ و ئـەم خواهیشـی تـۆ
ئەڵـبەت تابیعـە بـە دانشـی تـۆ
هەرگاهـ کـە مـەتبووع وەهـا هەڵـکەوێ
حالـی تابیعـت لـێ مـەعلووم دەوێ
مەزهـەر ئەگـەرچی راسـە مەزهـەرە
لـە هـەم عینـانیی مـوزهیر ئـەودەرە
کەسـبێکی هەیـە بـە موجـاوەرە
نـە (بـالمرّة) هـیچ، نـە موکابـەرە
بڵـێ بـە فـانۆس: ئـەم ضـەوئـە ئـی تـۆس
چلۆنـە دەگـەڵ شـەمعی نـاو فـانۆس؟
ئـەملا و ئەولامـە میسـالی (أوْلـی)
نییـە، (لله المَثَـلُ الأعلـی)
بـێکـەمم و کـەیفی پـێم دەڵـێ: مەڵـێ
ئـەمما چـیبکـەم کـە (مشـكاة) دەڵـێ

خـواهیش: مەبەسـتی ئیرادەیـە وەک (خواسـت)ی کـوردی بـەکاری هێنـاوە. هـەمعینـانی: هاوجلەوی، وەک یەکی. ئەودەرە: بەدەرە، خاریجە. نـە (بـالمرّة) هـیچ: جـەبری. نـە موکابـەرە: قەدەری.

واتە: ئەگەر بەشێوەی رەخنە دەڵێی لەم تەحقیقەوە ئەوە دەرکەوت کە خالیقییەت تەنها بۆ خودا نییە؛ چونکە وەک نیسبەتی کار درا بۆلای خودا کە خالیقە نیسبەتیش درا بۆ لای عەبد و ئەمیش بوو بە مەبدەئی کارەکە.

زانایان لە وەلامی ئەم رەخنەدا دەڵێن: نەخەیر خالیقییەت هەر هی خودایە؛ چونکە مەعنای خەلق ئیجادی تەواوە، ئیجادی تەواویش تابیعی زانینی تەواوە، زانینێکی وەها کە هیچ بەش و پارچەیەکی دروستکراوەکەی لێ دەرنەچێ و هەموو دەر و ناو و ئاشکرا و نهێنییەکی بگرێتەوە، دیارە زانینی عەبدیش زۆر کەموکوور و ناتەواوە، ئیرادە و قودرەتەکەیشی تابیعی زانینەکەینی، بێ گومان کە مەتبووع ناتەواو بێ تابیعیش ناتەواو دەردەچێ.

بەڵێ راستە ئینسان مەزهەری کاری خودایە و لەودا دەردەکەوێ، بەلام ئاشکرایە ئەو زاتە گەورە بێوێنەیە کە ئەسەرەکە دەردەخا زۆر جیاوازە لەو شوێنە لاوازە بێهێزە کە ئەسەرەکەی تێدا دەردەکەوێ.

ئینسان تەنها کەسبەکەی هەیە کە دراوسێ و هاوکاتی دروستکردنەکەی خودایە، ئەم کەسبە نە وایە کە ئێجگاری هیچوپووچ بێ وەک جەبرییەکان دەڵێن، نە وایە کە خەلق بێ وەک موعتەزیلە قەدەرییەکان دەڵێن.

بۆ نەختێ روونکردنەوە برۆ بە فانۆس بلێ: ئەم رووناکییە کە ئێمە سوودی لێ وەردەگرین هی تۆیە، چۆنە ئەم رووناکییەی تۆ لەچاو رووناکیی ئەو مۆمەی کە لە ناوتدایە؟ مەولەوی دەیەوێ ئەوە بگەیەنێ کە نیسبەتدانی ئاساری ئینسان لە گەورە وەک نیسبەتدانی رووناکییە لە مۆمی داگیرساوی ناو فانۆس، بەلام نیسبەتدانی ئاسار لە ئینسانەکە خۆی وەک نیسبەتدانی رووناکییە لە فانۆسەکە کە مۆمە داگیرساوەکەی تێدایە. چی بکەم، هەرچی ئەملا دەکەم و ئەولا دەکەم و هەوڵ و تەقالا دەدەم بۆ نموونەیەکی باش دەربارەی روونکردنەوەی تەئسیری خودای گەورە نموونەی وەهام دەس ناکەوێ کالا لە قەد بالای گەورەیی و بێچوونیی خودا بێ.

بێچەندوچۆنیی خودا پێم دەڵێ قسە مەکە و دەم لەم کارە مەدە، ئایەتی [اللهُ نورُ السّمواتِ والأرضِ مَثَلُ نورِهِ كَمِشْكوةٍ فيها مِصْباحٌ الْمِصباحُ في زُجاجَةٍ الزجاجةُ كَأنّها كَوْكَبٌ دُرّيٌّ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكة... الآية][91] یش پێم دەڵێ: بلێ مەوەستە، قسە بکە، نموونە بهێنەرەوە، هێزی بێ پایانی خودای گەورە لە مێشکی تەنگ و تەسکی بنیادەم نزیک بخەرەوە.

پــەس ئــەو تەئســـیری ئیختیارییـــە
بەم وەجهــە مەنســووب ئــەباڵ بــاری یــە
کـــەوا تابیعـــە بـــۆ قـــودرەتی ئـــەو
قــودرەتیچ بــۆ عــیلم ئیرادەتـــی ئــەو
خەلقــە و[92] لەوێـدا هــیچ نەقســی نییــە
فیعلەکەیچ دەڵــیین پێــی: مەخلووقییــە
ئــەمما (مِــنْ حیــثُ) قودرەتەکــەی تــۆ
عـــیلم و ئـــیرادە و فیترەتەکـــەی تـــۆ
قـــەتعی نـــەزەر کـــەی لــە مەزهەرییــە
لــە هـــەمجیــواری و لـــە مەحەللییـــە
کە پێی مەوسووفی و پێی دەوی موختار
لـــە ویجدانـــەدا هـــیچ نییـــە دیـــار
لــەوە وتیــان: خــەلق ئیجــادی تامــە
لێـــت نەشـــێویە چـــاکی بفامـــە
یانیهـــای فیعلـــی خـــالیقی ئەکبـــەر
نییـــە لـــە تـــەرزی کـــرداری بەشـــەر
فیعلــی ئــەو خەلقــە و تــەمام و جــێگیر
ئیجـــادی مەعـــدووم (واجـــب التـــأثیر)
کەســبە و نوقســانە فیعلەکــەی عیبــاد
(لاَ تـــأثیرَ لَـــهُ لا وَ لا الایجـــاد)
بەڵــێ چــون تەئســیر لــەو دەیێتــە دەر،
لێی ئیسناد دەدرێ و دەوێ وە مەزهــەر،
پێــی‌دەڵــێن: وەســف و تەئســیری ئــەوە
لــە خــەلق و تەســیر دوورئەوەکــەوە[93]
ویجـــدان وەهایـــە دیـــارە لێـــوە

تـۆهـەر چتێکـی دەپێچیـەی پێـوە
بـا نەڵـێن: بەسـە لـە عەقڵـی دەرچـوو
(لا خـــالِقَ لا مُوجِـــدْ إلاّ هُـــوْ)
بۆچ؟ ئیجاد و خەلق لەبەر چەنـد دەلیـل
پێیدەوێ عیلمی موحیـت بـە تەفسـیل
(حَصَـرٌ فـي اللهِ ذا العلـمُ الأكمَـل
فانحَصَـر الخلْـقْ فيـه، عَـزَّ جَـلْ)
ئـەمما بـۆ موتڵـەق فیعـل و ئیختیـار
عیلمـی تەفسـیلی نـادرێ قـەرار
ئیسـنادی ئـەفعال وا حـەقیقی بـوو
لە دەس قودرەتی ئێمـەیچ تەسـیر چـوو
مەزهەب و مەشرەب شـێخی ئەشـعەری
عەیان بـوو بیـزان نـەک بـە سەرسـەری

نەشێویە: نەشێوێ، تێک نەچێ. دەپێچیەی: دەپیچرێی.

واتە: کەوابێ ئەو تەئسیرە ئیختیارییە کە بەندە شۆێنیەتی و لە بەندەدا دەردەکەوێ، بەم شـێوە لە خودای گەورە نیسبەت دەدرێ کە تابیعە بـۆ قـودرەتی و قودرەتەکـەی تابیعـە بـۆ ئـیرادەی و ئیرادەکەیشـی تـابیعی عیلمەکەیـەتی. ئـەم تەئسـیرە کـە وتمـان خـەلق و ئیجادێکـە هـیچ کەموکوورییەکی تێدا نییە و کـارە کراوەکـەیش دروسـتکـراوی زاتی خودایـە. بـەڵام هـەر ئـەو تەئسیرە لەولایەنەوە کە تـابیعی قـودرەتی تۆیـە و، قودرەتـت تـابیعی ئیرادەتـە و ئیرادەکەیشـت تابیعی عیلمەکەتە، کە هەموو کەموکوورِ و کۆڵەوارن، ئـەو ئەسـەرانە لەوانـەوە پەیـدادەبن بـەپێی عادەت ناونابرێن بە خەلق و ئیجاد و، ئەگەر سەیری ئەوە نەکەین کـە تـۆ شـۆین و دیـدگای ئـەو ئەسەرانەیت و لەو رووەوە دەبنە سیفەتت و خاوەن ئیختیاری، بە ویجدان دەردەکـەوێ کـە هـیچ شتێکی تر دیار نییە.

بەڵام ئەو خەڵقە کە نیسبەتی لە خودای گەورە دەدەین بریتییە لەوە کە شتەکە لـە نەبوونـەوە دەهێنێتە بوون بە شێوەیەکی تەواو، کاری خودای گەورە وەک مەزهەرییەتەکـەی ئینسـان نییـە، خودا نەبوویێک دەکاتە بوو کە کەس ناتوانێ بیکا ئەو نەبێ.

ئەو کەسب و بەکارهێنانی توانایە کە تۆی بەندە پێیەوە پێچراوی، هەر بەشی ئەوەندەیە کە ببیتە مەوسووف و پێت بوترێ داربڕ، ئاودێر، نان‌دەر... تاد، ئیتر بەشی ئەوە ناکا پێت بوترێ خالیق و مووجید، ئیجاد تەنها کاری خودایە؛ چونکە خەلق و ئیجاد دەبێ دوای توانای تەواو و خواستی سەربەخۆ و زانینی سەرانسەر بێ، ئەمانەیش هەموو تەنها لە زاتی خودادا هەن.

نیسبەتی کار بۆلای بەندە و بۆلای پەروەردگار، با هەر حەقیقەت بن، بەلام نیسبەتی بۆلای خودا لە لایەنی خەلق و ئیجادەوەیە و، نیسبەتی بۆلای بەندە لە لایەنی مەحەللییەت و مەزهەرییەتەوەیە.

شایانی باسە مەولەوی، رەحمەتی خودای لێ بێ، لەم باسی ئەفعالی ئیختیارییەدا گەلێ قسەی جوانی کرد، گەلێ‌جار مەبەستێکی دووجار و زیاتر دووبارە کردەوە بۆ جێگیرکردن و دامەزراندنی لە مێشکی ئەهلی ئاییندا.

بەلام بەدرێژی باسی ڕێبازی قازی ئەبووبەکری باقلانی و ئوستاد ئەبوئیسحاقی ئەسفەراییني نەکرد. هەروەها بەوجۆرەی پێویست بێ دەستی بۆ ڕێبازی شێخ ئەبوومەنسووری ماتوریدی نەبرد، کە یەکێکە لە گەورە زانایانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت و پێشەوای کۆمەڵێکی زۆریانە.

جا من لێرەدا کە باسەکە لە تەواوبووندایە دەمەوێ ئەم ڕێبازانە بە پوختەیی روون بکەمەوە بۆ ئەوانەی ئەم بابەتە دەخوێنن و دەیانەوێ تێکرا لە سەروبەری مەسئەلەکە بگەن و بەرچاویان روون بێت.

سەرژمێرکردنی ڕێبازەکان بەجۆرێ کە بیروباوەڕی (فلاسفە) کانیش بگرێتەوە ئا بەم جۆرەیە:

ئەوەی لە کاری ئینساندا تەئسیر دەکا یا تەنها توانای خودای گەورەیە بەبێ‌توانای ئینسانەکە، ئەمە ڕێبازی جەبرییەکانە. یا هەر توانای ئینسانە بەبێ‌ناچاری و لەسەر واجب‌بوون، ئەمە ڕێبازی موعتەزیلەیە. یا توانای ئینسانە بەلام بە شێوەی ناچاری و لەسەر واجب‌بوون بەجۆرێ کارەکە لە تەئسیری ئینسانەکە دوا نەکەوێ، ئەمەیش بیروباوەڕی (فلاسفە) یە.

یا تەنها توانای خودای گەورەیە بەبێ‌تەئسیری توانای ئینسان، ئەم تەنها شوێنی تەئسیرەکەیە و ئەسەری توانای خودا لەمدا دەردەکەوێ، ئەمە ڕێبازی شێخ ئەبوولحەسەنی ئەشعەرییە.

یا تێکڕای توانای خودا و توانای ئینسانەکە، واتە: هەردوو تواناکە بەیەکەوە تەئسیر بکەن لە ئەسڵی کارەکەدا، نەک لەبەر بێ‌کیفایەتیی توانای خودای گەورە (معاذ الله) ؛ بەڵکوو هەتا

ئینسانەکە ببێتە موستەحەقی سزا و پاداش، ئەمەیش ڕێبازی ئوستاد ئەبووئیسحاقی ئەسفەراییني‌یە.

یاخۆ تێکڕای هەردوو تواناکەیە؛ بەڵام بەجۆرێ توانای خودا تەئسیر بکا لە ئەسڵی کارەکەدا و توانای ئینسان تەئسیر بکا لە وەسفی تاعەت و مەعسییەتیدا، ئەمەیش ڕێبازی قازی ئەبووبەکری باقلاني‌یە.

بەڵام ڕێبازی ئیمام ئەبوومەنسووری ماتوریدی بریتییە لەوە ئەو کارەی لە ئینسانەوە ڕوودەدا بە خەلق و ئیجادی خودای گەورەیە؛ بەڵام ئەم خەلقە شەرتێکی عادەتی هەیە، ئەو شەرتە کەسبی ئینسانەکەیە.

کەسب لای ماتوریدی بریتییە لەوە ئینسان ڕووی خواست و توانای خۆی بکاتە کارەکە و بەکاریان بهێنێ. ئەم بەکارهێنانی خواست و توانایە وەکوو پێی دەڵێ کەسب، (إرادة جزئیة) یشی پێ‌دەڵێ و، بڕیاری داوە ئەم سەرفی ئیرادە و قودرەتە ئەسەری عەبدە.

ئەبوومەنسووری ماتوریدی لەگەڵ ئەوەدا کە لای‌وایە عەبد هیچ شت ئیجاد ناکا، ئەوەی لا ڕەوایە کە عەبد توانای وای هەبێ کە نیسبەت و ئیزافەی پێ بگۆڕێ، واتە: لەوانەیە توانای عەبد بتوانێ ئیرادەی بەرەولای کارەکە وەرچەرخێنێ هەتا خودای گەورە ئەو کارەی بۆ دروست بکا؛ چونکە خودای گەورە خۆی لە گەلێ ئایەتدا نیسبەتی کەسب و ئیکتیسابی لە عەبد داوە، وەکوو ئایەتی [...لها ما كَسَبَتْ وعليها ما اكْتَسَبَتْ...][٩٤] یا وەک ئایەتی [تلك أمّةٌ قدْ خَلَتْ لها ما كسَبَتْ ولكم ما كَسَبْتُمْ][٩٥].

بەڵام کەسب لای ئەبوولحەسەنی ئەشعەری، وەک لەمەوپێش باس کرا، بریتییە لە بەرامبەری و هاوکاتیی خواست و توانای عەبد لەگەڵ خواست و توانای خودای گەورە، عەبد تەنها شوێنی ئەم بەرامبەری و هاوکاتییەیە و بە هیچ جۆرێ تەئسیری نییە، نە لە کارەکەدا و نە لە وەرچەرخاندنی توانا و خواستدا بەرەو کارەکە، خالیق و موجیدی کار و پێشەکییەکانی کار تەنها خودای گەورەیە.

جا پاش ئەوە کە بە دەلیلی عەقڵی و نەقڵی ڕێبازەکانی جەبرییە و موعتەزیلە و قازی ئەبووبەکری باقلانی و ئوستاد ئەبووئیسحاقی ئەسفەراییني بەرپەرچ دراونەوتە و (فلاسفە) یش هیچ پێوەندییەکیان بە ئاییني ئیسلامەوە نییە، ئەو ڕێبازەی کە جێی ئیعتیبار بێ بریتییە لە ڕێبازی شێخ ئەبوولحەسەنی ئەشعەری و ڕێبازی شێخ ئەبوومەنسووری ماتوریدی.

ئەوکەسە بیروباوەڕی مەیلەو تەفویزە بۆلای خودای گەورە با ئیختیاری ڕێبازی ئەشعەری بکا. ئەوکەسەیش مەیلی ئەوەی هەیە کە عەبد، بێجگە مەوسووفییەت و مەحەللییەت، پێویستە عەلاقەدار بێ بە کارەکانیەوە و کەسب لەوەوە پەیدابێ، با ڕێبازی ماتوریدی پەسەندبکا و بڕیار بدا کە ئینسان وەرچەرخاندنی قودرەت و ئیرادەی بەرەولای کارەکە بە دەستی خۆیەتی، چونکە خودای گەورە خۆی لە قورئانی پیرۆزدا نیسبەتی کەسب و ئیکتیسابی لە ئینسان داوە و، پەیڕەویی زاهیری ئەو نیسبەتانە عەیبی تێدا نییە.

بۆ ڕۆشن‌کردنەوەی ڕێبازی شێخ ئەبوولحەسەنی ئەشعەری؛ خودای لێ ڕازی بێ؛ زانای ناودار عەبدولحەکیمی سیالەکوتی لە حاشیەکانیا لەسەر حاشیەکانی زانای دیاری خەیالی لەسەر شەرحی کتێبی عەقائیدی نەسەفی فەرموویەتی: کاری عەبد دوو بەشە: یەکەم خواست و توانای خوای گەورە پێوەندی پێوە دەبەستێ بەبێ‌پێوەندیی عەبدەکە. دووەم خواست و توانای خودا بەهۆی خواست و توانا و ئیختیاری عەبدەوە پێوەندی پێوە دەبەستێ؛ واتە خودای گەورە توانایەکی وای داوە بە ئینسان بتوانێ ئەو شتەی ئارەزووی لەسەری بێ بیکا، خواستێکی وایشی پێ‌داوە هەتا تەرجیحی لایەک بەسەر لایەکی تردا بدا. جا کاتێ خواستی ئەو ئینسانە تەرجیحی لایەکی دا تواناکەیشی لەسەر ڕەزای ئیرادەکەی ڕوودەکاتە ئەو لایەی کە تەرجیحی داوە هەتا بیکا، لەم کاتەدا خواست و توانای خودای گەورە پێوەندی دەبەستێ بەولاوە و گورج و بێ‌دواکەوتن دەیکا.

ئەگەر یەکێ بڵێ ئەو تەرجیحی ئیرادەی ئینسانە بۆ یەکێ لە دوو لا ئەگەر مەخلووقی خودایە ئەوا جەبر ڕوویدا، خۆ ئەگەر مەخلووقی عەبدە ئەوا لازم دێ ئینسان خالیقی ئەو لایە بێ کە ئیرادەکەی تەرجیحی داوە؛ دەڵێم ئەو تەرجیحە موئەسسیری ناوێ و موقتەزای سیفەتی ئیرادەیە؛ نابینی لە تەعریفی ئیرادەدا دەڵێن: «الإرادة صفة من شأنها ترجيح أحدالطرفين المتساويين على الآخر لذاتها» واتە ئیرادە سیفەتێکە خۆبەخۆ تەرجیحی یەکێ لە دوو لای وەک یەک دەدا بەسەر لاکەی تردا.

جا ئەگەر یەکێ بڵێ مادام ئەم تەرجیح‌دانی یەکێ لە دوو لایە موقتەزای ئیرادەیە ئیتر سوود و فائیدە لە تەکلیفەکەی خودای گەورەدا چییە؟ خۆ ئیرادەکە لە خۆیەوە دەبەسترێ بە یەکێ لەو دوو لایەوە؛ ئەڵێم: سوودی تەکلیفەکە ئەوەیە دەبێتە هۆی پێوەندیی ئیرادەی ئینسان بە کارە داواکراوەکەوە؛ چونکە تابیعی عیلمە، جا کە موکەللەف زانی خودا تەکلیفی کردووە و داوای

کارەکەی کردووە، ئەو زانینە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئیرادەکەی بەو لایەنـە داواکـراوەوە ببەسـترێ، ئەگەر گوێڕایەڵ بێ. پێوەندیی ئیرادەکـەیش دەبێتـە هـۆی پێوەنـدیی قودرەتەکـەی، ئەمـەیش دەبێتە هۆی عادەتی بۆ ئەوە خودای گەورە ئەو لایە دروست بکا.

پوختەی قسە: خودای گەورە عیلمێکی ئیجمالیی لـە ئینسـاندا دروسـت کـردووە بـە کـردەوە ئیختیارییەکانی پێش ئەوەی دروست بکرێن، بەهۆی شەرعیشەوە دەزانـێ کـام کـاری ئیختیـاری جوانە و دەبێتە مەدحی دنیا و پاداشی رۆژی قیامەت، دەیشزانێ کام کاری ئیختیـاری ناشـیرینە و دەبێتە هۆی زەمی دنیا و سزا و تۆڵەی رۆژی قیامەت. هەروەها خودای گەورە خواستێکی وەهـای لە ئینساندا دروست کردووە تابیعی عیلمەکەیەتی و تەرجیحی لایەک بەسـەر لایـەکی تـردا دەدا، توانایەکی وەهایشی پێداوە کە تابیعی ئیرادەکەیەتی، ئەم ئینسانە هێزێکی وەهـای هەیـە ئەگـەر خودا مەیدانی بدایە ئەوکارەی سەربەخۆ دروست دەکرد.

جا لەگەڵ زانینی عەبددا بـە جـوانی و ناشـیرینی کردەوەکـان ئەگـەر ئیرادەکـەی تـەرجیحی کردەوەی باشی دا و قودرەتەکەی رووی تێکرد خـودای گـەورەش بـۆی دروسـت دەکـا و عەبـد لەبەرئەوە کە شوێن و مەزهەری ئەو عیلم و ئیرادە و قودرەتەیە مەدح دەکرێ و لە رۆژی قیامەتـدا پاداش وەردەگرێ.

بەڵام ئەگەر ئیرادەکەی تەرجیحی کردەوەی ناشیرینی دا و قودرەتەکەی رووی تێکرد، خودای گەورە ئەو کارە ناشیرینەی بۆ دروست دەکا و عەبد لەبەر مەحەللییەت و مەزهەرییەت لـە دنیـادا زەم دەکرێ و لە رۆژی قیامـەتدا سزا دەدرێ.

ئەگەر بڵێیت ئەو ئیرادە کە تەرجیحی یەکێ لە دوولا دەدا ئەگەر مـەخلووقی خودایـە لازم دێ عەبد مەجبوور بێ و، ئەگەر مـەخلووقی عەبـدە لازم دێ عەبـد خـالق بـێ؛ دەڵـێم ئـەو سـیفەتی ئیرادەیە مەخلووقی خودایە و عەبدەکە لە نەفسی ئەو سیفەتەدا مـەجبوورە، بـەڵام لازم نایـێ لـە کارەکاندا کە دەیکا مەجبوور بێ؛ چونکە کارەکان بە ئیختیار دەکا، وەک ئەوە کە خـودای گـەورە سیفەتی ئیرادەی لەگەڵ زاتیدایە و بەو سیفەتە تەرجیحی یەکێ لە دوولا دەدات کەچی لە هەموو کارێکدا موختارە و ئارەزووی بە دەستی خۆیەتی.

ئەو کارانەیش کە خودای گەورە بۆ ئینسانەکەیان دروست دەکا، وەک بـە حەقیقـەت نیسـبەت دەدرێن بۆلای خودا بە شێوەی خەلق و ئیجاد، نیسبەتیش دەدرێن بە حەقیقـەت بـۆلای ئینسـان

بە شێوەی کەسب و ئیکتیساب، وەک لە قورئاندا دەفەرموێ: «وأَنَّهُ لَمّا قـام عَبْـدُالله يَـدْعُوهُ كَـادُوا يكونُونَ عليهِ لِبَداً»[٩٦]

شـتێکی زۆر ئاشکرایشـە کـە فـەرق زۆرە لەبـەینی نیسـبەتی کـارە ئیختیارییـەکان و کـارە نائیختیارییەکاندا؛ نموونەی نیسبەتی کاری نائیختیاری وەک بڵێی فلان نەخۆش کـەوت یـا فـلان مرد. هی کاری ئیختیاری وەک: فلان هەڵسا یا فلان دانیشت. قورئانی پـیرۆز پـڕە لـە نموونـەی نیسبەتی کار ئەلای ئینسان وەک: [... إِنَّما تُجْزَوْنَ ما كُنْتُمْ تَعْمَلُون][٩٧] یا [...فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ فـي النارِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلاّ كُنْتُمْ تَعْمَلون][٩٨] [إِلاّ الذين آمَنُوا وعَمِلوا الصـالحات وتواصَـواْ بـالحقِ وتواصَـواْ بالصبر][٩٩] [وَ نَجَّيْناهُ مِنَ القريةِالتي كانَتْ تَعْمَلُ الخبائثَ... الآية][١٠٠].

جا وەرە قورئان بە تەواوی بخوێنەرەوە، ئەگـەر شـتێکی دژی ئـەم تـەقریرەی ئێمـەت دی بـە شێوەیەکی رەوا و بەجێ رەخنەی لێبگرە و رەددی بکەرەوە، ئەگینا ئینسان بێکار نابێ، بەڵکو بە شێوەی کەسب و ئیکتیساب خاوەنی کارەکانی خۆیەتی.

خەواسسێ کە هەس بـۆ سـیفاتی نـاس
هەرگاهـ خەواسـسی سـیفاتی خـوداس
مومکینـــە روئیـــەت (بـــارء الـــوَرَى)
لەبۆ مۆئمینـان لـە نەشـئەی ئـوخرا[١٠١]
بۆچی؟ مەرئی بوون، لە شـک ئـەودەرە،
کـــە لـــە ئاســـاری وەســـفی بەســـەرە
خاســـەی بەســـەریچ چییـــە؟ ئیبصـــارە
ئەســـەری ئیبســـار چییـــە؟ دیـــارە
یـا مومتەنیعـە کـە قـەیوومی حـەی
خـۆی بوێنـێ زات بـێمیسـالی خـۆی،
زەحمەت کەس بێژێ: ئیسباتی دەکەم،
(أو تُمكـــنْ لَنـــا بـــلاَ كَيْـــفْ وَكَـــمْ)
جـــائیزە و (ســـمعاً) وقـــووعی یـــەقین
(ربّنـــا ا رزُقْنَـــا إِیّاهـــا آمـــین)

هەرگاه: هەرکات، بەڵام لەم جۆرە شوێنەدا وەک (کەوابوو) و (ئەگەر وابوو) بۆ مـەعنای شـەرت بەکاردەهێنرێ.

واتە: مادام هەرچی خەواسی سیفەتەکانی ئینسانە خەواسی سـیفەتەکانی خـودای گەورەیشـە بینینی خودای پەروەردگاری جیهان بۆ موسوڵمان لـە ڕۆژی قیامەتـدا بـێچەنـدوچوون شـتێکی مومکینە؛ چونکە بێگومان خاسسە و سیفەتی چاو بینینە، ئەسەری بینینیش بەوەیە بینراو ببێ.

ئینسان بە چـاوی خـۆی بەقـەدەر هێـزی چـاوی خـۆی و خەڵـکی تـریش دەبینـێ، خـودای گەورەیش غەیری خۆی دەبینـێ و زاتی بـێوێنـەی خۆیشـی بـێچەنـدوچوون دەبینـێ، کەواتـە مومکینە ئینسانی موسوڵمان لە ڕۆژی قیامەتدا خودای خۆی بێچەندوچوون ببینێ بەوجۆرەی کە خودا خۆی دەزانێ چۆنە؟

دوای ئەمە مەولەوی دەیباتەوە بۆ جیهانی عیلمی مەنتیق و بە شێوەی قیاسـێکی ئیستیسـنائی دەفەرموێ: یا ئەبێ مومتەنیع بێ خودای گەورە زاتی بێوێنەی خۆی بێچەنـدوچوون ببینـێ، یـا ئەبێ بۆ ئێمەیش مومکین بێ بە بێچەندوچوون ئەو ببینین. بە قانوونی عیلمی مەنتیق (یـا ئـەبێ مومتەنیع بێ... تاد) پێیدەوترێ (مُقَدّم) و بـە (یـا ئـەبێ بـۆ ئێمـەیش... تـاد) دەڵـێن (تـالی) و عیبارەتەکەیش بە هەردوو بەشەکەیەوە پێیدەوترێ (قضیەی منفصلەی حقیقیە)

لەم جۆرە قەزیەیەدا بەدینەهاتنی موقەددیم دەبێتە هۆی بوونی تالی، واتە: کە بینینی خودای گەورە بۆ زاتی خۆی بێچەندوچوون مومتەنیع نەبوو وا بینینی موسوڵمانیش بۆی بێچەنـدوچوون مومکینە. کەسیش ناتوانێ بڵێ: بینینی خودای گەورە بۆ زاتی خۆی بێچەندوچوون مومتەنیعـە و ماهییەتی مومتەنیعیش ناگۆڕێ و، وەک خودا خۆی نابینێ موسوڵمانانیش نـایبینن، بەڵـێ کـەس ناتوانێ ئەمە بڵێ چونکە خودای گەورە بەصـەر و هێـزی بەسـەری هەیـە و ئەسـەری بەسـەریش بینینە و بینینی خۆی بۆ خۆی بەبێچەندوچوون مومکینە، ئەنجام بینینی موسوڵمانیش بـۆی لـە ڕۆژی دواییدا بێچەندوچوون مومکینە.

مەولەوی پاش ئەوە کە ئیمکانی بینینەکەی بە عەقڵ و دەلیلی مەنتیقی ئیسپات کـرد دەڵـێ: نەک تەنها ئیمکان و جەواز؛ بەڵکو بە دەلیلی سەمعیی یەقینی سـابت بـووە کـە ئـەم بینینـە بـێ چەندوچوونە لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ موسوڵمان ڕوودەدات؛ لە قورئـانی پـیرۆزدا دەفـەرمۆی: [وُجُـوهٌ يَوْمَئِذٍ ناضِرَةٌ إلى رَبِّها ناظرة][١٠٢] یا [وَاتَّقُوا الله وَاعْلَمُوا أنَّكُمْ مُلاقُوهُ وَبَشّـِرِالمؤمنين][١٠٣] یـا [لِلَّـذينَ أحْسَنُوا الحُسْنى وَ زِيادة... الآية][١٠٤].

هەروەها لە حەدیسی شەریفدا هاتووە:
«إنّكم سَتَرَوْنَ ربّكم كما تَرَوْنَ القمر لَيْلَةَ البدر» خودای گەورە بە میهرەبانیی بێپایانی خۆی بیکا بە نسیبمان.

کەوتگین ئەو بێخ با بێینەوەو سەر
لەسەر دوو قیسمە ئیمان بە قەدەر[105]
قیسمێکیان ئەمە کە باوەڕ بکەین
(سَبَقَ فی عِلْمْ خالِقِ الكونَين[106]
ما يفعلُهُ آحادُ العِبادْ
مِنْ خَيْرٍ شرٍّ، غَيٍّ أو رَشادْ،
وَما يُجازِى العِبادُ عَلَيْه
وَكَتَبَهُ وَأحْصَاهُ لَدَيْه[107]
مَتى؟ قَبْلَ أنْ يُخْلَقَ الأنام
جُفَّتِ الصُّحُفْ، رُفِعَ الأقلام
وَتَجْرى الأعمالُ على ما سَبَق
فی كتابِهِ وَ عِلمِهِ الحق)
عیلمی بێ تەبدیل، تەقدیر بێتەغییر
(«مايُبَدَّلُ...» إليه يشيرُ)
عیلم و ئیرادەی باریی بەرز و پەست
هەر چلۆن بە بوون هەر شەیئێو بەست
جەهل و تەخەللوف موراد مەحاڵە
هەر دەشێ بوێ بەو تەرزە و حاڵە
وەرنە لە عەدەم ئەزەلیدا ما
(مَنْ يُوجِدُهُ؟، بَلْ فيهِ داما)

کەوتگین ئەو بێخ: کەوتووینەتە بن. باری: خالق. بەرزوپەست: مەبەست ئاسمان و زەوی، یا چیا و دەشتە. وەرنە: وە ئەگەرنا. ما: مایەوە، یا (ما) لەگەڵ (دا)ی پێشەوەی یەک وشەیە و (داما)

یە، واتە: بە ناچاری لە نەبووندا داما و بێدەسەلات بوو. (من یوجده): کێ دروستی ئـەکا. (دامـا): (دام) ەی فیعلی مازی و ئەلفی ئیتلاقە.

مەولەوی، بەڕەحمەت بێ، بەهۆی باس و روونکردنەوەی نهێنیی ڕێبازی ئەشـعەری و گـەڕانی بەدوای تەعبیرێکدا کە لەگەڵ مەشرەبی ئەو ئیمامەدا بگونجێ لـە ئەسڵـی مەبەسـت کـە قـەزا و قەدەرە دوورکەوتەوە، دوایی گەڕایەوە سەر ئاسار و لێی نزیـک بوویـەوە، وا ئێسـتەیش راسـتەوخۆ گەڕایەوە سەری؛ ئەوەتا ئیمان بە قەدەر دەکا بە دوو بەشەوە، بەڵێ ئیشارەیە بـۆ ئەمـەی باسمـان کرد کە دەفەرموێ: «کەوتگین ئەوبێخ... تاد»، واتە: زۆر چووینـە نـاو باسـی کەسـب و خەڵـق و کەوتینە بنی دەریای ڕێبـازی ئەشـعەری و لـە مەبەسـتی سـەرەکی دوورکەوتینـەوە، بـاش وایـە بگەڕێینەوە سەر دەریا و لەگەڵ قەزا و قەدەردا تێهەڵچینەوە:

ئیمان بە قەدەر دووبەشە: یەکەم ئەوەیە باوەڕ بکەین بەوە کە هەرچی عیبادی خـودا دەیکـەن خێر بێ یا شەڕ، گومراهی بێ یا رزگاری و شارەزایی و، هەرجۆرە کارێ جەزای لەسەر دەدرێتـەوە هەموو لە عیلمی خودای گەورەدا رابوردووە و سەرژمێری کـردووە لـە پـێش ئـەوەدا کـە جیهـان دروست بکا و خەلقە موکەللەفەکان لە نەبوونەوە بهێنێتە مەیدانی بوون. خـودای گـەورە عیلمـی رابوردووە بە کردەوە و هەڵسوکەوتی هەموو موکەللەفێ کە چۆن هێز و وزەی خۆی بەکار دێنـێ، چۆن هەڵدەسێ، چۆن دادەنیشێ لەسەر خواست و ئارەزووی خۆی هەتا ماوەی ژیانی تەواو دەبێ، کەوابێ نامەی نووسراوی کردەوەکانی پاشەڕۆژی بەندەگانی خودا بـە تـەواوی وشـک بووەتـەوە و خامە هەڵگیراوە.

کار و کردەوەکان بەوجۆرە دەڕۆن کە لە عیلمی خودا و کتێبەکەیدا هەن و، عیلمـی خـودایش ناگۆڕێ و هەڵسوکەوت چۆن بڕیار دراوە هەر بەوجۆرە دەبێ. ئایەتی [ما یُبدَّلُ القولُ لَدَیَّ وَ ما أنا بظلاّم للعبید](۱۰۸) یش ئیشارەیە بۆ ئەمەی وتمان.

هەروەها باوەڕ بکەین بەوەی کە عیلم و ئیرادەی خودای خالیقی ئاسمـان و زەوی پێوەنـدییان بە بوونی هەرشتێکەوە بەست بە هەر شێوەیە کە دەیەوێ بەو شێوەیە دێتەجێ، نە عیلمی خودای گەورە دەگۆڕێ و، نە ئەوەی ویستوویەتی دوادەکەوێ؛ ئەگەر ئـەوەی ئـەو زانیویـە نەیەتـە جـێ و شتێکیتر بێ یا هەر نەبێ زانینەکە دەبێتە نەزانین، ئەگەر ئەوەی ئـەو ویسـتوویەتی نەیەتـە جـێ دەبێتە بێدەستەلاتی و بێئیرادەیی؛ ئەمانەیش بۆ خودا مەحاڵن.

دیارە ئەوەیش کە عیلم و ئیرادەکەی پێوەندی بە بوونیەوە نەبەستبێ لە نەبوونی ئەزەلیدا دەمێنێتەوە، کێ دروستی دەکا بێجگە خودای گەورە، کە ئەو دروستی نەکرد لە نەبوونی ئەزەلیدا بەردەوام و پایەدار دەبێ! لە حەدیسی حەزرەتی پێغەمبەردا هەیە: [مَا شاء الله كَان، وَمَا لم يَشَأ لم يَكُن].

پێویستە موسوڵمانی وریا لەم مەسئەلە تێبگا و پێوەندیی عیلم و ئیرادەی خودای گەورە نەکاتە هۆی بێچارەیی و داماویی خۆی؛ چونکە وەک وتمان عیلمی خودا پێوەندی بەوەوە بەستووە کە فلان کەس لە فلانە کات و شوێندا لەسەر زانست و خواست و توانای خۆی روودەکاتە فلان شت و دەیکا، ئیرادەی خودای گەورەیش تابیعی عیلمیەتی و قودرەتیشی بۆ دروستکردنی شتەکان لەسەر شێوەی پێوەندیی ئیرادە و عیلمەکەیەتی.

وا لێرەدا ئەو قسە مەشهوورە روون بووەوە کە دەڵێ: (عیلم تابیعی مەعلوومە، یا عیلم حاکیی مەعلوومە) واتە: (بلا تشبیه) عیلمی خودا وەکوو ئاوێنەیەکە هەمووی جیهان بنوێنێ، وێنەی هەموو کار و کردەوەیەکی پاشەڕۆژی تێدایە، کەم و زۆر، بچووک و گەورەی لێ ون نابێ، چۆن روودەدەن وەها دەیاننوێنێ، کەوابێ مەدح و پاداش بۆ کابرای چاکەکارە و سەرزەنش و سزایش بۆ کابرای خرابەکار. [وَقَالَ الَّذين كَفَرُوا لا تأتينا السّاعَةُ قُلْ بَلى وربّى لَتَأْتِيَنَّكُمْ عالِمِ الغَيْبِ لاَ يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقالُ ذَرَّةٍ فِى السّمواتِ وَلاَ فِى الأرض وَلاَ أَصْغَرُ مِنْ ذَلِكَ وَلاَ أَكْبَرُ إلاّ كتابٍ مُبينٍ][١٠٩].

(لكِنْ فى لَوْحِ المحوِ والإثبات)
بۆ ئەمە کەس دەرک عیلمی حەق نەکات
بەعزێ بە موتلەق نویسیاگە
قەیدی لە عیلمی حەقدا کریاگە
(هَذا سَعيدٌ) کەچی (قَدْ يَشْقى)
(ذا شَقِيٌ) کەچی (يَسْعَدْ وَ يَرْقى)
لەبەر ئەوە ئەمر وەلی سەقەتە
کەشفیچی راسە و کەچی غەڵەتە[١١٠]
بۆ بەعزێکیچ هەس شوقووقی تەعلیق
ئەر وابێ وەها، وەر نە وا تەحقیق

بۆ مەحو و ئیسبات، بۆ ئەم تەوزیحە
(یمحُوالله مَا یَشا) سەریحە
(فَمِنْ جِهَةِ عِلْمِهِ الأعْلَمْ
عَرَفْتَ القَضا کُلَّهُ مُبْرَمْ)
ئەجەل یەکێکە لەڕێ لا نەدەی
مەقتول مەییتە بە ئەجەلی خۆی
رزقت مەعلوومە و ئەم کەلامە سیدق:
(هُوَ الرّزاقُ، وَالحَرَامُ رِزق)
نە کەس لە رزقی خۆی مەحرووم دەوێ
نە کەس رزقی کەس بۆی هەڵدەکەوێ
هەرکەسێ ئی خۆی دەخوا و دەنۆشێ
حەڵاڵ یا حەرام ئی خۆی دەپۆشێ
کەسێ ئەر رەزا وەر نارەزا وێ
هەر دەوێ هەرچی حوکمی قەزا وێ
ئەر قەزا نییە بۆچ ئەم پەرەوپەر؟[111]
وەر قەزا هەیە (فَأیْنَ المَفَرّ؟)
ئەر رازیی، دانیش، وەرنە بێ بڕۆ
لەم جیهەتەوە تەی وێ گفتوگۆ

نویسیاگە: نووسراوە. کریاگە: کریاوە. ئەر: ئەگەر. وابێ: وەهابێ. وەر: وە ئەگەر. وا: وەها. دەوێ: دەبێ. رازی: کورتکراوەی (رازیت)ە. تەی وێ: تەی بێ، واتە با بپێچرێتەوە، با بەس بی.

واتە: وەکوو باسمان کرد ئەوەی لە عیلمی خودادا رابوردووە دەبێ هەر ببێ؛ زانینی خودا ناگۆڕێ بە نەزانین و چیی ویست دەبێ بێتە جێ. بەلام لەسەر رووی (لوح المحفوظ)دا کە پێیدەڵێن لەوحی مەحو و ئیسبات لەبەر ئەوە کە هیچ فریشتەیەک لەوانەی چاویان بەو لەوحە دەکەوێ، یا هیچ وەلییەک لەو وەلییانە کە خوای گەورە بە لوتفی تایبەتیی خۆی بەرچاویان روون دەکاتەوە و جارجار بە شێوەی کەشف ئەو لەوحە دەبینن، نەگەنە حەقیقەتی ئەوەی لە عیلمی

خودادایە، هەندێ شت بە موتڵەقی نووسراوە کەچی لە عیلمی خودای گەورەدا قەیدی هەیـە، بـۆ نموونە: لەو لەوحی مەحو و ئیسباتەدا نووسـراوە: (هَـذا سَـعِيدٌ): ئەمـە بـەختیارە بـە موتڵـەقی و بێقەید، لە عەینی کاتدا لە عیلمی خوادا موقەییەدە بەو شەرتە کە هاوڕێی فلان پیاوچاک بێ، جا کابرا شەرتەکە بەجێ ناهێنێ و لەگەڵ ئەوەی پیاوچاکدا هەڵـسوکـەوت ناکـا و ئـەنجام دەبێتـە شەقی و نابەختیار. یا نووسراوە: (ذا شقيٌّ) ئەمە بەدبەخت و نابەختیارە، ئەمیش هەر بە موتڵـەقی و بێقەید، بەڵام لـە عیلمـی خـودای گـەورەدا موقەییـەدە بـەوە ئەگـەر بێـت و ڕەفاقـەتی فـلان پیاوخراپ بکا، کەچی ئەم زەلامە هاوڕێیەتی پیاوە خراپەکـە ناکـا و ئـەنجام لـەباتی بەدبـەختی و ماڵوێرانی بەختیار دەردەچێ وەک مەولەوی دەفەرموێ (يَسْعَدُ و يَرْقى).

جا لەبەر ئەمە کە وتمان هەندێ لە دۆستانی خودا بە کەشف هەندێ شـتیان بـۆ دەردەکـەوێ بەڵام بە قەیدەکەی نازانن کە تەنها لە عیلمی خودایە. ئەمانە لە لایەکەوە ڕاسـت دەکـەن و شـتە موتڵەقەکەیان دیوە، لە لایەکی ترەوە کەوتوونەتە هەڵەوە؛ چونکە ئاگایـان لـە قەیدەکـەی نییـە و بەمجۆرە مەولەوی واتەنی، کاریان سەقەت دەبێ.

هەروەها بو هەندێ شتی تر لە (لوح المحفوظ)دا شـەرتی جۆراوجـۆر دەنووسـرێ، بـۆ نموونـە دەنووسرێ: ئەگەر فلان کەس مامۆستای فلان قوتابخانە بـێ پایـەدار دەبـێ و ئەگـەر مامۆسـتای ئەوێ نەبێ ناپایەدار و دانەمەزراو دەبێ، لە عیلمی خودایشا ڕابوردووە کام شەرت لـەو دوو شـەرتە جیاوازانە دێتە دی و ئەنجامی کار چۆن دەبێ.

جا ئەو مەحو و ئیسباتە کە لە ئایەتی [يَمْحُوالله مَا يَشاء ويُثْبِتُ وَ عِنْدَهُ أمُّ الكتـاب](١١٢) دایـە یـا زیادکردن و کەمکردنەوەی عومر لە ئایەتی [وَمَا يُعَمَّـرُ مِـنْ مُعَمَّـرٍ وَلاَ يُـنْقَصُ مِـن عُمُـرِهِ إلاّ فـي كتاب...](١١٣) یا لە حەدیسی سیلەی ڕەحم و ڕاگـرتنی مـافی خزمایەتیـدا کـە دەفـەرموێ: «صِلَةُ الأرحامِ تزيدُ في العمر» ئەمانە هەموو لەسەر ئەو بناخەن کە ئەو شەرتانە بێنە جێ کە بە زاهـیری نین و لە عیلمی خوادا هەن، یا یەکێ لەو دوو شەرتە جیاوازانە کە نـەکا نموونـەیانمان بـاس کـرد بێـتە دی.

بۆ نموونە: لە (لوحِ المحفوظ)دا نووسراوە: فلان ئەمساڵ ئەمرێ، لە عیلمـی خـوادا بـەو شـەرتە دەمرێ کە سیلەی ڕەحم جێبەجێ نەکا، کەچی ئەو لەم ساڵـەدا سـیلەی ڕەحمـی زۆری بـەجێ هێنا و شەرتی تەمەن درێژییەکەی کە لە عیلمی خوادا شەرت بوو هاتە دی. ئـەنجام کـابرا چەنـد

ساڵی تر خودا تەمەنی درێژ دەکات و مردنی لەو ساڵەدا لەو لەوحە دەسڕێتەوە، هەروەها نموونەکانی تریش.

پوختەی قسە: لە لایەنی پێوەندیی عیلمی خودای گەورە بە حەقیقەتی شتەکانەوە، داخۆ فلان کار چۆن دەبێ و چۆن نابێ، شەرتی بەختیاری و چارەڕەشی دێتە جێ یا نا، هەمووکارەکان بێ لێجیاکردنەوە (مُبْرَم) و بڕاوەن، بەڵام لە لایەنی نووسراوییان لە لەوحی مەحو و ئیسبات، واتە لە (لوح المحفوظ)دا هەندێکیان موبرەمن وەکوو ئەوانەی کە نووسراوی لەسەر لەوحیان لەگەڵ ئەوەی لە عیلمی خوادایە جووت و رێک بن. هەندێکیشیان موعەللەقن وەکوو ئەوانەی کە لە (لوح المحفوظ)دا موبرەم دیارن و لە عیلمی خودای گەورەدا بەستراون بە شەرتێکەوە، شەرتەکە نایێتە جێ، ئەنجام ئەوانیش نایێنە جێ.

هەروەها دەبێ باوەڕمان وابێ ئەجەل، کە دواکاتی بڕانەوەی ژیانە، یەکێکە و بریتییە لەو لەحزەیە کە دواهەناسەی ئینسان دێتە دەر، ئیتر ئەو کاتە شتێکی عادەتی بێ وەکوو ئەجەلی پیرێکی بەتەمەن، یان نا وەکوو گەنجێکی تازەهەڵچوو دڵی راوەستێ و بمرێ، یا یەکێ بە رووخانی خانوو بەسەریا یا بە خنکان یا بە سووتان، یا مارپێوەدان یا بە کوشتن بمرێ.

کوژراو بە ئەجەلی خۆی مردووە، لە عیلمی خوادا رابوردووە ئەو ئینسانە لەو ساتەدا و لەو شوێنەدا بە تاوانی کابرایەکی تاوانکار دەکوژرێ. ئەوانە کە دەڵێن ئەجەل دووانە تەبیعی و ناتەبیعی، یەکەم وەک مردنی ئینسانی تەمەنددرێژ، دووەم وەک مردن بە کارەساتی لەپڕ و نالەبار، قسەکەیان هەڵەیە؛ چونکە ئەمانە تەماشای یاسای سروشت دەکەن، نەک عیلمی ئەزەلیی خودا. هەروەها قسەی ئەوانەیش هەڵەیە کە ئەڵێن ئەجەل یەکێکە و بریتییە لە تێکچوونی بونیە و مەزاجی ئینسان، ئیتر هەر هۆیەکی تر پێش ئەم تێکچوونی بونیە و مەزاجە ببێتە سەبەبی مردنی ئەوە ئەجەلە ئەسلییەکەی بڕیوە و پێشی خستووە، ئەمانیش هەر لەسەر یاسای مەزاج و ماددە قسە دەکەن نەک لەسەر بناخەی عیلمی خودای گەورە و پێوەندیی ئەو عیلمە بە تەواوبوونی ماوەی ژیانی ئینسانەکەوە.

لە عیلمی ئەزەلیی خودای گەورەدا رزق و رۆزیی هەموو کەس دیاری و زانراوە لە خواردەمەنی و بەرگ و پۆشاک و جێگە و رێگە و شتی تر. شتێکی زۆر راستە خوا رۆزیدەرە و ئەو رزقە؛ چ بە شەرعی دەست بخرێ یا لە رێگای ناشەرعی و حەرامەوە پەیدا بکرێ هەر رزقە، دیارە ئەوەیان کە

بە ڕێگای ناڕەوا ڕزقی پەیداکردووە لە ڕۆژی جەزادا تۆڵەی ئەوەی لـێ دەسـەنرێتەوە کـە ڕێگـای چەوتی گرتووەتە بەر و لە ڕێی حەلالەوە هەوڵی ڕزق و ڕۆزیی نەداوە.

کەس لە ڕزقی دیاریی خۆی بێبەش نابێ و کەسیش ڕزقی کەسـی تـر نـاخوا؛ هەرکەسـێ لـە ڕزقی خۆی دەخوا و دەنۆشێ، حەلال بێ یا حەرام بەرگی خۆی دەپۆشێ.

ئێمە ڕازی بین یا نارازی هەرچی حوکمی قەزایە دەبێ بێتە جێ، کەوابوو حەق نییـە ئینسـان لە قەزای خودا زویر و دلتەنگ بێ، ئەم پەڕەپەڕ و پەلەقاژێ بێسـوودە؛ چونکـە لەوسـاتەدا ئەگـەر قەزا نەبێ ترس پێویست نییە، خۆ ئەگەر قەزایش هەبێ ئەوا هەلاتن داد نادا.

(وَمِـــن ذی الأخـــری کمـــا تَحَقَّـــق
عَرَفنـــا بَعْـــضُ القضـــا مُعَلَّـــقْ
نفِـــرٌ مِـــنْ ذا القضـــا بالرِضـــا
بـــذاک القَضـــا إلـــی ذا القضـــا
ألَـــیْسَ قـــولَ الأمیـــرِ عُمَـــر
«نَفِـــرٌ مِـــنَ القـــدَرْ لَلقَـــدَرْ»
قـەزای دوعـا ڕەدد قـەزای بەلایـە
قەزای عەنبەر دەفع قەزای وەبایە[١١٤]
لـەو ئیحسـانەوە عـومرت زیـادە
بەو چاکـە عـومری دوشمـن بـەربادە
ئەو چشتە دەکا عـومری پێـی کەمـە
ئەویانـە سـەبەب نەگبـەت و غەمـە
فـلان چـت مایـەی گـرانی دەوێ
زینایـە بـاعیس وەبـا دەکـەوێ
بۆ (مَوْتی) دوعـا و سـەدەقەی جـاری
باعیسـە بـۆ عـەفو حـەزرەتی بـاری
(وَقَـــدْ فَسَّـــروا لَلَّـــذی وَعَـــی)
«لَـــیْسَ للانســـان إلاّ مـــا سَـــعی»

مَنســـوخةٌ فـــی شـــرعِنا القـــویم)
یا بووگە بۆ قـەوم مووسـا و ئیـبراهیم
ئەمّا ئوممـەتی حـەزرەت مەرحوومـە
دەرحەقیان رەحمەت خودا مەعلوومە
یـا بـۆوە مـەبیت لێـی نـاوێ خائیـب
(إذ النّـــاوی لَــــهُ عَنْــــهُ کالنائِـــب)
بـــۆ وســـوولی ئـــەو نـــەفع و ســـەوابە
حـــەدیس و ئەســـەر زۆرن وریـــا بـــە

دەکەوێ: دادەکەۆی، بلاودەبێتەوە، دەکەوێتەناو. بۆوە: بۆ ئـەوە، لەبـەر ئـەوە. (عنـەکالنائب): (کالنائب عنه).

واتە: کە باسی لایەنی لەوحی مەحو و ئیسباتمان کرد، بەتایبەتی کە وتی «بۆ بەعزێکیچ هـەس شۆقووقی تەعلیق... تاد» زانیمان کە هەندێ قەزا هـەن بـە شـەرتەوە بەسـتراون، هەنـدێ شـت کراون بە مەرج و هۆی هەندێ شتی تر، ئەمـەیش هیچـی تێـدا نییـە؛ چونکـە لـە هەنـدێ قـەزا رادەکەین بۆ قەزایەکی تر و بە هەردووکیشیان رازین، بۆ نموونە: کـە نـەخۆش کـەوتین و ترسـی مردنمان بوو لەگەڵ ئەوەشدا رازین بە مردنەکە کە قەزای خودایە پەلاماردەدەین بۆ بـەکارهێنانی دەرمانی بەسوود کە ئەویش هەر قەزای خودایە.

حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب لە سەفەری شامدا کە بیستی تاعوون کەوتووەتە شام پرسـی بە هاوڕێکانی کرد، ئەوانیش فەرموودەکەی پێغەمبەریان بۆ گێڕایەوە کە (کاتێ بیستتان تاعوون لە شوێنێکدا بلاوبووتەوە مەڕۆن بۆ ئەو شوێنە و ئەگەر لە شوێنێکدا بوون تاعوونی تێدا بلاو بووە لێـی دەرمەچن) ئەویش سوپاسی خودای کرد و بڕیاری گەڕانـەوەی دا. ئـەنجا ئەبووعوبەیـدەی کـوڕی جەڕڕاح پێی فەرموو: «أفِراراً من قضاء الله یا عُمَرُ!» واتە: لە قـەزای خـودا رابکـەین ئـەی عومـەر؟ عومەریش وەلامی دایەوە: «لَوْ غیرُک قالَها یا أبا عبیدة، نَعَمْ نَفِرُّ مِنْ قضاءالله الـی قضـاءالله» واتـە: خوزگا، ئەبووعوبەیدە، یەکێکی غەیری تۆ ئەو قسەیەی بکردایە، بەڵێ لە قەزای خودا رادەکەین بـۆ لای قەزای خودا، واتە: لە هەر شوێنێکدا بین لە دائیرەی قەزای خودای گەورە دەرنـاچین، بـەلام مادام حەزرەت(د.خ) رێگای داوین لە قەزای گیرۆدەبوون بە تاعوون رادەکەین بـۆ قەزایـەکی تـر، وەکوو مان یا مردن لە رێوشوێنی خۆماندا.

ئەنجا مەولەوی هەندێ نموونەی قەزای موعەللەقمان بۆ دێنێتەوە و دەڵێ:

قەزای دوعا و نزا و پاڕانەوە لە خودا سەبەبە بۆ چاری قەزای بەلا کـە رووبکاتـە ئینسـان. بـۆنی عەنبەر هۆیە بۆ دەفعی تاعوون یا بەسوودە، دیارە بۆنکردنەکەیش و تاعوونەکـەیش هـەردووکیان قەزای خودان، چاکەکردن و دەستگرۆیی هەژاران تەمەن زیاد دەکا. فلانە کردەوەی چاکە یا فلانە خزمەتی بەکەڵک بۆ عیبادی خودا تەمەنی دوژمن کورت دەکات. فلانە کار عـومر کـورت دەکـات وەک بێشەرمی لەگەڵ باوک و دایکدا. کاری وا هەیـە هـۆی نەگبـەتی و خـەم و پەژارەیـە وەک قومار. هی وایش هەیە هۆیە بۆ کەمبوونەوەی رزق و رۆزی و گرانی داکەوتن وەک نەدانی زەکات، زینا سەبەبی بلاوبوونەوەی تاعوونە، دوعا و نزا و لەخوداپاڕانەوە بۆ بەخشینی مردووانی موسوڵمان، خێر و خێراتی بەردەوام وەک مزگەوت، باخی وەقف، پرد، خەستەخانە و میهمانسەرا، سەبەبە بـۆ ئەوەی خودای گەورە خاوەنەکانیان عەفو بفەرموێ، دیارە دوعا و نزا و خێراتەکە و عەفوکردنەکەی خودایش هەردووکیان قەزان.

جا ئەگەر بڵێیت ئایەتی [وأن لیس للإنسان الآ ماسَعی][١١٥] دژی قسەکەی تۆیە کە دوعا و نزا و خێرکردن بۆ مردوو سوودی هەیە بۆی، دەڵێم بە چەند جۆر وەڵامت دەدەمەوە:

یەکەم: ئەوەی لەم ئایەتە دەردەکەوێ لە شەریعەتەکانی پێش ئیسلامیشدا بووە و هەر بۆ ئێمە نییە؛ ئوممەتی حەزرەت(د.خ) خودا رەحمی تایبەتی هەیە دەربارەیان.

دووەم: تەنانەت لە شەریعەتی ئێمەشدا ئەگەر لە سەرەتادا وا بووبێ لە پاشاندا نەسخ کراوەتـەوە و کاری نەماوە.

سێهەم: کاری ماوە و نەسخ نەکراوەتەوە؛ بەڵام مادام کابرای دوعاکردوو یـا خێرکـردوو نییـەتی گەیشتنی ئەو خێرەی بووە بۆ مردووەکەی، وەک ئەوەیە کە مردووەکە خۆی کردبێتی.

چوارەم: خودای گەورە دوو دوستووری هەیە: یەکەمیان عەدڵ و دادپەروەرییـە، بەمـەیان ئـەو خێر و سەدەقەیە نارۆن بۆ مردووەکـە. دووەم: ئیحسـان و میهرەبـانی و بەدەهەنەییـە، بەمـەیان هەرکەس بە نییەتی هەر مردوویێ هەر خێرێ بکا بۆی دەڕوا. هەر لەسەر ئەم بناخەیە دوعـا و نـزا و لەخوداپاڕانەوەی زیندوو بۆ مردوو بەسـوودە؛ خـوای گـەورە لـە قورئـانی پـیرۆزدا دەفـەرموێ: [والّذینَ جاءوا مِن بَعْدِهِمْ یَقولُونَ ربَّنا اغفر لَنا وَلِإخوانِنا الّذینَ سَبَقونا بالإیمان وَلاَ تَجْعَلْ فی قُلُوبنـا غِلاً للّذینَ آمَنُوا ربَّنا إنّکَ رَؤوفٌ رَحیم.][١١٦]

هەروەها گێڕانەوەی ڕۆژوو بۆ مردوو بەتایبەتی ئەگەر لە لایەنی ئەولاد و وەلیی شەرعی و برایەوە بێ بەسوودە، حەزرەت(د.خ) قوربانیی کردووە لەباتی هەموو ئەفرادی ئوممەتی خۆی. هەروەها گێڕانەوەی حەج لە لایەن ئەولادەوە بۆ باوکی مردوو بە حەدیسی سەحیح سابت بووە.

پوختەی قسە ئەوەیە توانای بێ‌سنووری خودای گەورە کە تابیعی خواست و زانینی بێ پایانیەتی هەموو جیهانەکانی لە نەبوونەوە هێناوەتە دەر و بوونی داونەتێ، لە هەموو دروست‌کردنێکدا چاکی و جوانیی دەرخستووە، تۆزقاڵە شتێ نییە لەم هەمووە کەون و کائیناتەدا کە بێ‌حیکمەت بێ؛ [وَ تَریالجبالَ تحسَبُها جامِدةً وَ هِیَ تَمُرُّ مرَّالسّحاب. صُنْعَ الله الّذی أتْقَنَ کُلَّ شَیْء إنَّهُ خبیرٌ بما تَفْعَلُون](117)

کارەکانی لەو لایەنەوە کە ئەو دروستی کردوون هەموو جوان و بەجێن [ما تری فی خَلْقِ الرَّحْمن مِنْ تَفاوُت...](118) دروست‌کردنی کان و گیا و دار و درەخت و گیان‌لەبەر بە ئینسانەوە، دروست‌کردنی بەرزی و نزمی و وشکانی و دەریا و ئەستێرەی لەژمارەنەهاتووی جیاجیا و مانگ و ئەستێرە، ئەوی دەجووڵێت و ئەوی ناجووڵێ، ئەوی تا ئێستە مێشکی ئینسان پەی پێ‌بردووە و شتێکی لێ هەڵکڕاندووە و ئەوی هەتا ئێستە نەچووە بە جاڕیا، هەموو ئەمانە لە دائیرەی حیکمەتی خودای گەورەدا دەسووڕێنەوە [الله خالقُ کُلّ شَیء وَهُوَ علی کل شیءٍ وکیل]، [لَهُ مقالیدُ السموات والأرضِ والذین کفروا بآیات الله أولئک هم الخاسرون](119).

خودای گەورە لەم کائیناتەدا ڕێ‌وشوێن و یاسایەکی ڕاست و ڕووناک و عادەتی ڕەنگ ڕشتووە، بۆ هەر شتێ هۆی عادەتی داناوە؛ چ لە کاروباری ماددی‌دا و چ لە هی مەعنەوی‌دا. ئینسانی شارەزا کردووە و هۆش و فامی پێ‌بەخشیوە کە ڕێی خۆی پێ بدۆزێتەوە، بۆ پشتگیری و زیاتر بەهێزکردنی ئەو هۆش و فامەی پێغەمبەرانی خاوەن‌بەهرە و خوو و ڕەوشت بەرزی بۆ ناردووە و لە ڕێگای ئەوانەوە بەڵێن و هەڕەشەی خۆی بە هەموو لایەکدا گەیاندووە [إنّا أرْسَلْناکَ بالحقّ بَشیراً وَ نذیراً وَ إنْ مِنْ أُمَّةٍ إلاّ خَلاَفیها نَذیر](120) ڕێگای ئینسانی داوە کە چاکترینی دروست‌کراوەکانیەتی لە ڕێگای ئەسبابەوە هەوڵ بدا و خەریکی کشت‌وکاڵ و بازرگانی و خوێندن و ڕێ‌وشوێنی تەندروستی و مسۆگەرکردنی ئاسایش و داهێنان و دۆزینەوەی شتی تازە و بەسوود ببێ بۆ پێش‌خستنی کۆمەڵ.

دین و ئایین و خوداپەرستی کردووە بە هۆی ڕووناکیی دڵ و پاکیی حاڵ و چاکیی کردار. دنیاداریشی لەگەڵ ئاییندا جووت کردووە و کردوویە بە هۆی پایەداری و پێشکەوتن.

دادپەروەریی کردووە بە بناخەی بەختیاری. بەم جۆرە کائینات هەموو بریتییە لە زنجیرەیەکی دوورودرێژ و لقوپۆپدار لە ئەسباب و موسەببەبات، رێکخستنی ئەم ئەسبابانە غەیری خودا کەس نایکا و هیچ لایەکی تر پێی‌ناکرێ، [وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرى الله عَمَلَكم]. لەبەر ئەوەیش کار ئاسان کردن و تەوفیق و شارەزاکردن بۆ ئەسباب و بەکارهێنانی و یارمەتیدان بۆ کاری سەرومڕ تەنها لە توانای خودای گەورەدایە. واجبی کردووە لەسەر ئینسان کە هەمیشە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەسبابدا هاوار بەرێتە بەر بارەگای خودا و پشت بەو ببەستێ و پشت بە هەوڵ و کاری خۆیشی ببەستێ و بەپێی توانا و خواست وزە بخاتە کار.

ئەم جۆرە رێڕەوە هۆی بەختیاریی دنیا و دوارۆژە، بێ‌گومان وەکوو وتمان کۆشش و هەوڵی بەندە لە عیلمی بێ‌پایانی خوادا رابووردووە و هیچی لێ ون نابێ.

ئەوەی بە ئێمە بکرێ هەوڵە و، تەوفیقیش بە لوتف و میهرەبانیی خودایە. (فَنَرجو توفيقَهِ و عنايتِهِ و رعايتِهِ بِرَحمتِهِ الواسعةِ و لطفهِ العميم).

لە دوو قیسمەکان قیسمی سانیمان
ئەمەتە بێرین هەموومان ئیمان:
حەق خالیقی فیعل عیبادە یەکسەر
ئەر کوفر ئەر ئیمان، ئەر خەیر ئەگەر شەڕ
لە حەددی ئیمان کوفریچ هەم بزان
یانی: (الكفرُ عَدَمُ الإيمانْ)
خەیر (ما يَصْلَحْ بهْ حالُ الرَجلِ، أوْ
يرغَبْ فيهِ الكُلّ)، شەڕ خیلافی ئەو
کوللی واحیدێ لەمانە هەردوو
(إمّا مُطلقٌ أو مُقَيَّدُ)
(مرغوبٌ فيهِ) وْ (عَنْهُ بالمرّة)
یا بۆ یەکێ خەیر بۆ یەکێ شەڕە
خەیر ئوخرەوی هەس بۆت بکەم بەیان
وەک نەجات لە نار، دخوولی جینان

موشـــاهەدەی نـــوور جـــەمالی ئەحـــەد
موتالـــەی کـــەمال جـــەلالی ســـەمەد
ئـــەو نـــەوعی کـــەوا دونیەوییەیـــە
چـــــووارن، یـــــەکێ نەفســــانییەیە
ئیمـان و حوسـنی ئـەخلاق و حیکمـەت
شـەجاعەت و جـوود، عەدالـەت، عیففـەت
دووەم جیسـمانی هـەروەکوو سـیححەت
جـــەمال و تـــوولی عـــومر و عیبـــادەت
ســـێیەم خـــاریجی وەبـــێ قیـــل و قـــال
وەک ئەهل و نەسەب وەک جاهـ و ئەموال
چـــووارەم جەمعـــە، زەریـــف بیـــدە دڵ
(بَـــیْنَ الاســـبابِ) خـــاریج و داخـــڵ
وەک روشـد و دەوام تەسـدید و تـەوفیق
(کـــذالِکَ الشَـــرّ) تەقســـیم بـــەو تـــەریق
(لاَ حَـــــــوْلَ وَلا قـــــــوَّةَ إلّـــــــا
بـــــالله البـــــاریِ العلـــــیِّ الأعْلـــــی
مِنْـــکَ بِـــکْ مَعَـــکْ فیـــکْ إلَیْـــکَ السَّـــیْرْ
فَقِنـــــا الشّـــــرورْ وَأَوْلِنـــــا الخَیْـــــرْ
وَاْرزُقْنـــــا صَـــــبراً عَلـــــی بَلائِـــــکْ
وَحَمْـــــداً رِضـــــیً علـــــی قضـــــائِکْ
أغْنِنـــــا فَضْـــــلاً عَمَّـــــنْ سِـــــواکا
أعْطِنـــــا کُـــــلاً مَـــــنَّ لِقاکـــــا)

واتە: پاش ئەوەی تێگەیشتی کە بەشی یەکەم لە ئیمان بە قەدەر ئەوەتە ئینسان بـاوەڕی بـەوە هـەبێ کـە عیلمـی خـودای گـەورە هـەموو کردارێکـی موکەللەفـەکان و پاداشـی کردارەکانیـان دەگرێتەوە؛ چ کـردەوەی بـاش و چ کـردەوەی خـراپ و پاداشـیان هـەرچۆن بـێ، بزانـە بەشـی

دووەمیش لە ئیمان بە قەدەر ئەوەیە ئیمانت هەبێ بەوە کە خـودای گـەورە خـالیق و مووجیـدی هەرچی کاری ئینسانە، چ ئیمان، چ کوفر، چ گوێڕایەڵی، چ بێگوێیی، لە خێر و لە شەڕ میقـداری نییە قابیلی زانین و بیرلێکردنەوە و تەسەووری ئێمە بێ و خودای گەورە دروستی نەکردبێ.

پاش ئەمە مەولەوی دێتە سەر (تعریف)ی کوفر و دەڵـێ: کـە لەپێشـەوە زانیـت ئیمـان چییـە ئیستەیش بزانە کوفر بەرامبەری ئیمانە. ئەنجا ئەگەر بەرامبەرییەکە بە شێوەی مەلەکـە و عـەدەم بێ ئەوا دەڵێین: کوفر عەدەمی ئیمانە. خۆ ئەگەر بەرامبەرییەکە (تضادّ) بێ و هـەردووکیان، واتـە کوفر و ئیمان، وجوودی بن، ئەوا تەعریفی کوفر بریتییە لە ئینکارکردنی هـەرچی پێغەمبـەر(د.خ) لای خوداوە هێناویەتی.

خەیر و شەڕیش دووشتی بەرامبەرن: ئەم دوانە شەرعییان هەیە و عەقڵیشیان هەیـە. هـەردوو جۆرەکەیش یا موتڵەقە یا موقەییەد. خەیری موتڵەقی شەرعی بریتییە لەوە حاڵـی ئینسـانی پـێ چاک ببێ ئەوەش بەگوێکردنی ئەمر و نەهی خودایە. شەڕی موتڵەقی شەرعییش ئەوەیـە حاڵـی ئینسانی پێ خراپ ببێ، ئەوەیش گوناهـ و بێگوێیی‌کردنی ئەمر و نەهیی خودایە.

خەیری موتڵەقی عەقڵییش ئەوەیە هەموو عاقڵێ حەزی لێبکا و پێی باش بێ. شەڕی موتڵەقی عەقڵییش ئەوەیە هیچ عاقڵێ حەزی لێ نەکا و پێی باش نەبێ.

کە موتڵـەقەکانت زانی موقەییـەدەکانیش بـە ئاسـانی دەزانی، بـۆ نموونـە: خـەیری عەقڵـیی موقەییەد ئەوەیە هەندێ کەس حەزی لێ بکەن و قـازانجی تیابـێ بۆیـان، کـەچی هەنـدێکی تـر حەزی لێ نەکەن و زیان بێ بۆیان.

هەندێ خەیر هەن بەنیسبەت ڕۆژی قیامەتەوە تەماشـا دەکـرێن وەک ڕزگـاربوون لـە ئـاگری دۆزەخ و چوونە بەهەشتی نەبڕاوە، یا وەک چاوپێکەوتنی زاتی بێچوونی خودا و سەیری گەورەیی و توانای بێسنووری، ئەمانە هی دنیاکەی ترن.

بەڵام زانایان خەیری دنیایی‌یان کردووە بە چوار بەشەوە: بەشی یەکەم نەفسانییە وەک خـوو و ڕەوشتی جوان و ژیری و ئازایی و بەدەهەندەیی و دادخوازی و داوێن‌پاکی.

دووەم: جیسمانییە وەک تەندروستی و جوانی و شۆخی و تەمـەن‌درێـژی و عیبـادەت کـردن. ئەمانە لە داخڵی ئینسانەکە خۆیدان.

سێهەم: لە دەرەوەی ئینسانەکەدایە وەک خێزانی باش و ئەولادی بەخێر و جوامێر و سەربەرز و نەسەب و بنەچەی بەڕێز و دیاری، یا وەک پایە و سایەی بەرز و بەکەلک و ماڵ و سامانی حەلالی باش و بەسوود.

چوارەم: کۆبوونەوەی خەیری دەر و ناوە وەک باسمان کرد، کە دەبێتە هۆی سەربەرزی و سەرکەوتنی دینی و دنیایی.

ئەمانە چەند نموونەیەک بوون لە خەیر و جوانی لە جیهانی ئادەمزاددا.

دیارە شەڕیش کە موقابیلی خەیرە هەموو ئەم بەشانەی هەیە. لە پایانی ئەم باسەدا مەولەوی دەیەوێ بێهێزی و ناتوانایی بنیادەم بە تەواوی بخاتە روو، دەسەوستان لە بەردەمی بارەگای بەرفراوانی خودای گەورەدا دەپاڕێتەوە و دەڵێ: لە خودای خالیقی گەورەوە نەبێ نە توانا هەیە و نە هێز.

خودایا! سەرەتای رێڕەوی ژیانمان لە تۆوە دەس پێدەکا؛ تۆ ئیجادمان دەکەی، بە یارمەتیی تۆ بستبەبست، هەنگاوبەهەنگاو و هەناسەبەهەناسە دەبزووین. لەگەڵتین، لەگەڵماندای، وردەوردەی ژیان و کۆچ و بارمان لە عیلمی تۆدایە. کات و شوێن و سەرەتا و سەرەنجام و رێگا هەمووی تۆی تیای. بۆ لای تۆیش دەگەڕێینەوە (اليكَ المرجع والمصير).

کەواتە لەم رێڕەوە سەخت و نالەبارەدا لە شەڕ لاماندە و بە میهرەبانیی خۆت خەیرمان بدەرێ. بە گەورەیی خۆت خۆگریمان پێببەخشە لەسەر هەر بەلایە کە لە تۆوە دێ. وامان لێبکە هەموو گیانمان ستایش و رازیبوون بێ بە قەزات. بێئیحتیاجمان بکە لە غەیری خۆت، لە رۆژی قیامەتدا بە نیعمەتی دیدار بینینت شادمان بکە، کە گەورەترین نیعمەت و ئەوپەڕی سەعادەتە.

ئەمتە کە زانی لەمسەر تا ئەوسەر
ئەمجار بزانە ئیمان بە قەدەر
(إسْتَلْزَمَ العلمَ بِتوحيدِ الذات
كَمَا استلزمَ العِلمَ بِالصِّفات
و بكَمالِ الصنع والأفعال
وَ بِأنّهُ إليهِ المآل)
ئەو وەختە کە خۆت ئە گوناح دەخەی
لەوێ و دوایچ تا تەوبەی لێ دەکەی

جـــەوازی نییـــە هـــەم مـــەنێرە ســـەر
ئیحتیجـــاج کـــردن بـــە قـــەزا و قـــەدەر،
(سَـــبَق فـــی العلـــم) بـــۆ وە دەســـم بـــرد
(کُتِـــبَ فـــی اللـــوح) منـــیچ بـــۆ وەم کـــرد
دەفتەری عـیلم و لـەوحت لەبـەر بـوو؟!!
غەمت هەر جەهلی ساحیب دەفتەر بوو؟!
گروفتـــاری نـــەفس ئـــەممارە خـــۆتی
شەلوپەت دەکەی هـەی شـێتی پـەتی!
جـــائیزە بەعـــدەز تەوبـــە بـــدەی دەم
ئـەمما بـە ئـەدەب هـەروەکوو ئـادەم[١٢١]

ئـە گونـاح دەخـەی: دەخەیتـە نـاو گوناهـ. لـەوێو دوایـچ: لـەپاش ئـەوەیش. مەنێرەسـەر: مەخەرەسەر. بۆ وە: بۆ ئەوە. منیچ: منیش. شەلوپەت دەکەی: لەتوکوت دەکەی، ئیشی خـراپ دەکەی، قسەی هەڵەق و مەڵەق دەکەی. شێتی پەتی: شێتی سەروپێ ڕرووت و بەربەرەڵا، شێتی تەواو. بەعدەز= بعد از: لەپاش. ئادەم: بنیادەمی ژیر، حەزرەتی ئادەم(د.خ).

واتە: کاتێ ئەم دوو بەشەی ئیمانبەقەدەرت زانی و چاک لێی تـێگەیشـتی بزانـە ئـەم ئیمانـە دەبێتە هۆی زانینی خاوەنباوەڕەکە بە تـاک و تـەنیایی خـودای گـەورە و زانـینی سـیفەتەکانی، دەبێتە هۆی زانینی ئەوە کە کاری خودا بێعەیبە و جوان و رازاوەیـە، ئـەنجامی هـەموو کـەس و هەموو شت هەر خودایە و سەرەتا و دوایی هەموو لای ئەوە.

دیارە ئەگەر باوەڕت بوو بەوە کە خودا عالمە بە هەموو کردەوەیەکی تەکلیفلێکراوەکـان و بـە هەرچی شتێ کە هەیە، ئەوە مەعنای وایە کە خودای گەورە سیفەتی عیلمی شـامیلی هەیـە. کـە باوەڕت بەوە بوو خودا خالیقی هـەموو کارێکـە مـەعنای وایـە سـیفەتی ئیجـادی تـەواوی هەیـە، ئەمەیش واتە قودرەتی تەواوی هەیە، کە قودرەتی بوو دەبـێ ئیرادەیشـی ببـێ، چونکـە قـودرەت تابیعی ئیرادەیە، ئیرادەیش دەبێتە هۆی بوونی عیلم، چونکە تا عیلمی بـە دوو لاکـە نـەبێ چـۆن تەرجیحی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا دەدا، کە عیلمیش بوو دەبێ حەیاتیش ببێ. ئەنجا مادام ئیمانت بەم سیفەتە کامیلانە بوو و لات سابت بـوون، ئیمانـت بـەوە دەبـێ کـە پێویسـتە زاتێکـی تەنیای بێ هاوتای (واجبالوجود) یش ببێ؛ چونکە کەمالی سیفات دەلیلە لەسەر کەمالی زات.

پاش ئەمانـە بـە شـێوەی ئامۆژگارییـەکی زانایانـە ڕوودەکاتـە ئەوانـەی دەیانـەوێ لـە ڕێگـای شموولییەتی عیلمەکەی خوداوە بێنە ژوورەوە و ڕەخنە بگرن و دەفەرموێ:

تۆ لەو وەختەدا کە گوناحەکە دەکەی و پاش ئەوەیش هەتا تەوبە دەکەی نەکەی تـاوانێکی تـر بخەیتە سەر گوناهەکەت و هەر قەزاوقەدەرەکە خۆی بکەیتە دەلیـل و بلـێی: لـە عیلمـی خـوادا رابوردووە کە من گوناهەکە دەکەم و لە (لوح المحفوظ) یشدا نووسراوە، جا ئەگەر نەیکەم عیلمـی خودا۔ معاذالله ۔ دەبێتە جەهل.

بۆچی تۆ دەفتەرەکەی عیلمی خودات لابوو، نووسراوەکانی (لوح المحفوظ) ت لەبەر بوو؟! هیچ خەم و پەژارەت نەبوو تەنها لەوە دەترسای کە خودای خاوەن لەوح و دەفتەر بە نـەزان دەرچـێ؟! تۆ گیرۆدەی نەفسی بەدی خۆتی و ناتوانی لە قسەی دەرچی، سەرت دەکا بـە هـەزار گۆمـا و لـە خشتەت دەبا، نازانی چی دەکەی؟ دۆ و دۆشاو تێکـەڵ دەکـەی، نـە کـارت ڕەوایـە و نـە قسـەت بەجێیە، دواییش عوزری وەها دێنیتەوە لە قەباحەتەکەت خراپترە.

ئەوەی لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوە و لە دەفتـەری عیلمـی خوادایـە ئـەوە نییـە کـە تـۆ بـە ئارەزووی خۆت دایدەنێی؛ ئەوەی لەو دوانەدایە ئەوەتە کە تۆ بە ئارەزووی خۆت لە کات و شـوێنی تایبەتیدا فلانە کاری بەد دەکەی، ئەم دوانە شایەتی ئەوەن کـە تـۆ بـە ئـارەزووی خـۆت کارەکـە دەکەی و کەس زۆری لێ نەکردووی، ئیتر ئەم پێوەنـدیی عیلمـی خودایـە بـەم کـردەی تـۆوە چ عوزرێکت دەداتە دەست و چ سوودێکی تێدایە بۆت؟

بەڵێ پاش گوناهـ و پەشیمانبوونەوەکەت دەتوانی دەم بکەیتـەوە و بلـێی گوناهەکـەم کـە بـە ئارەزووی خۆم کردم و پەشیمانبوونەوەکەیشم کە هەر بە ئـارەزووی خـۆم بـوو هـەردووکیان لـە عیلمی خوادا هەن و لە (لوح المحفوظ)دا نووسراون، بەڵام ئاگادار بە زۆر بە ئەدەب قسە بکـە وەک ئینسانێکی ژیر، یا وەک حەزرەتی ئادەم و حەووا(د.خ) کە پاڕانەوە لە خودای گـەورە و [قَـالا رَبَّنـا ظَلَمْنا أنْفُسَنا فإن لم تَغْفِرْ لَنا وَتَرحَمْنا لَنَكُونَنْ مِنَ الخاسِرين][۱۲۲].



١۔ ئەم سەرباسە لە نوسخە دەستنووسەکەدا نییە.

٢۔ وەسەر: بەسەر. ئەم«وەسەر»ە بەپێی ئیشارەکاریی شێوەنووسی نوسخە دەستنووسەکە، بەستراوە بە «فسق ظعننا»ی پێش ئەم باسەوە، واتە: ئەی سەرقافڵە تێپەرکە بەسەر هەوارگەی شەشەمیندا، هەوارگەی قەزاوقەدەر، کە لە پارێزدایە بۆمان نەبادا ڕێگامان لێ بگرێ و نەیەڵێ کارەکەمان تەواو بکەین.

٣ـ لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: «راست براست بلاتفاوت [ماتری فی خلق الرحمن من تفاوت، فارجع البصر هل تری من فطور، ثم ارجع البصر کرّتین ینقلب الیک البصر خاسئا و هو حسیر] ـ منه».

٤ـ ئایەتی(١٤) سوورەتی (ملک).

٥ـ بڕوانە: منصور علی ناصف، التاج الجامع للاصول فی أحادیث الرسول بیروت، دار احیاء التراث العربی، الجزء الاول، ١٩٦١، ل٢٥.

٦ـ من لام وایە مەبەستی مەولەوی لە «ئەر فکرت بوێ زووم کرد ئیشارەت» ئەو دوو بەیتەیە کە راستەوخۆ پێش دەستکردن بە ئەسڵی یەکەم فەرمووی:

تەهزیبی کەلام نەکەین زەریفە؛

بەحسی سیفات و زاتی شەریفە،

قەند تا موکەڕڕەر، موشک تا وەکۆتر

مەزاق شیرینتر، دەماغ خۆشبۆتر

وەکۆتر: وەکۆمەڵتر.

واتە: مەولەوی لەم کتێبە تێکرا، ئەوەندەی شیعر ماوەی هەبێ حەز لە درێژپێدان دەکا. لێرەیشدا ئاشکرایە دەیەوێ بڵێ: لە سەرەتادا باسی قەزاوقەدەرم بەکورتی هێنا، بەلام ئێستە حەزدەکەم گوێ لەم تەفسیلەیش بگری، هۆی ئەم درێژەپێدانەیشی بە دوو بەیت دەرخستووە لە (أوّلاً...) تا (تەکرار وێ). بەڵێ لێرەدا تەنها ئیشارەتی بۆ تەهزیبنەکردنەکە کردووە؛ بەلام لە سیاقی قسەدا دەزانین کە چی دووبارە دەکرێتەوە و باس دەکرێ.

٧ـ یا ئەم (حَبَّة)ە بەدەلە لە (خردل) ؛ چونکە لێرەدا زیاتر مەبەست تۆوی خەردەلە کە زۆر وردە، یا خۆ (حتّـی) کەی هەر بۆ ژماردنی شتەکان هێناوە بەبێ سەیری گەورەیی و بچووکی‌یان.

٨ـ «کُلّ» بە فەتحەی لام شێوەنووسی دەستنووسەکەیە؛ لەوە دەچێ مەولەوی لە دڵی خۆیدا «تێرێتە وجوود»ی کردووەتە (یُخرِجُ الی الوجود)ی عربی و «کُلّ»ەکەیشی وەک (مفعول بە) لە رستەیەکی عەرەبیدا حسێب کردووە و سەری بۆ لامەکەی داناوە.

٩ـ وابزانم مەبەستی ئەوەیە سێبەر هی خاوەن سێبەرەکەیە و هەرگیز لێی جیانابێتەوە و دەبوا خۆی دروستکەری بوایە؛ کەچی کەم و زۆر دەستی تێدا نییە؛ خودا خۆی بە ئارەزووی خۆی درێژی دەکاتەوە و کورتی دەکاتەوە و ئەگەر بیویستایە رایدەوستاند. دیارە عیبارەتەکە ئیقتیباسە لە ئایەتی پیرۆزی [اَلَمْ تَرَ اِلی رَبِّکَ کیفَ مَدَّ الظِلَّ وَلَوْ شاء لَجَعَلَهُ ساکناً] ئایەتی (٤٥) سوورەتی (فرقان).

١٠ـ وەک پەراوێزێکی کورتی بە فارسی‌نووسراوی دەستنووسەکە تێمان دەگەیەنێ یەکێکیان، بێ دیاری کردن، مەرید و ئەویتریان موریدە. من لەبەر زیاتر گونجان لەگەڵ دوا کەلیمەی نیوەی یەکەمی بەیتەکە یەکەمم کردە مەرید و دووەم بە مورید، ئەگەرچی بەپێی موراعاتی لەفونەشری مورەتتەب دەبێ دووەم مەرید بێ.

١١ـ دوور نییە مەبەستی نەفەس بێ، واتە: هەناسە، بەلام لەبەر ئەمس (ف) کەی ساکن کردووە، ئەگینا (نەفس) لێرەدا هیچ پێوەندییەکی ئاشکرای بە (قەول) و (فیعل) ەوە نییە، ئەگەرچی دەشتوانین بڵێین: مەبەستی مەولەوی ئەو شتەیە بە نەفسدا تێدەپەڕێ.

۱۲ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا پەراوێزێکی فارسیی مەولەوی خۆی لەسەر ئەم بەیتە نووسراوە ئەمە تەرجەمەکەیەتی:

(نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە دوو مەعنای هەیە و، لە نیوەی دووەمیشدا تیباق هەیە) ئەمە تەرجەمەی پەراوێزەکە بوو. دیارە مەعنای یەکەمی نیوەی یەکەم ئەوەیە ئەو وەسفە خودای گەورە بە کەمالی داناوە بیهێنە و بیدەرە پاڵ خودا؛ ئەمە کارێکی چاکە یا وەسفەکە شتێکی چاکە.

مەعنای دووەمی: ئەو وەسفە بهێنە و بەکاری بێنە، چاکە نیسبەت بدە لە خودا نەک خراپە.

تیباقەکەی نیوەی دووەمیش لە کۆکردنەوەی (باوکە) و (ئەدا) دایە، (ئەدا) بە هەورامی دایکە. جا ئەگەر لێرەدا مەبەست لە (ئەدا) دایک بێ ئەوا تیباقەکە تەواوە، واتە: باوکە! دایکە! نوێژ بکەن کە پڕە لە ئەدەب. خۆ ئەگەر موخاتەب تەنها باوک بێ و (ئەداکە) یەعنی (جێبەجێبکە) بێ، ئەوکاتە تیباقەکە هەر بەدیمەن دەبێ نەک بە مەعنا.

۱۳ـ بێگومان خێر و شەڕ هەردوو بە دەستی خودان، بەڵام قورئان کە لووتکەی ئەدەبە ئەدەبی ڕاگرتووە و هەر تەنها خێرەکەی وتووە.

۱٤ـ ئیشارەیە بۆ ئایەتی (۷۹) لە سوورەتی(کهف) کە دەفەرموێ: [وَأَمَّا السَّفِينَةُ فكانتْ لِمَساكينَ يعملونَ في البحرِ فأردتُ أنْ أعِيبَها وكانَ وَراءهم مَلِكٌ يأخذُ كُلَّ سفينةٍ غصباً].

۱٥ـ ئیشارەیە بۆ ئایەتی(۸۲) لە سوورەتی (کهف) کە دەفەرموێ: [وَأمّا الجدارُ فكانَ لغلامين يتيمين في المدينةِ وكانَ تحته كنزٌ لهما وكان أبوهما صالحاً فأرادَ ربُّكَ أنْ يَبْلُغا أشُدَّهما ويَسْتخرجا كنزهما رَحمةً من ربك و ما فعلتُهُ عن أمْري ذلك تأويلُ ما لم تسْطِعْ عليهِ صبراً].

مەبەستی ئەوەیە ئەگەر پەیڕەوی شێوەی ئەدەبیی ئەم ئایەتە بکەی بێڕەنج دەگەیتە عەقڵ و گەنج. ئەوەیشی تێدایە کە خواستی خودایە بێڕەنج گەنج دەدا. بێجگە لەمانە ئەوەیش دەگەیەنێ کە ئایەتەکە بخوێنەرەوە لە (فأراد ربک) موە بێماندووبوون دەگەیتە وشەی (أشدّهما) دوای ئەویش دەگەیتە (ليخرجا كنزهما).

۱٦ـ ئیشارەیە بۆ ئایەتی(۷۷) و (۷۸) لە سوورەتی (شعراء) [فإنهم عَدُوٌّ لي إلاّ رَبَّ العالمين* الذي خَلَقني فَهُوَ يَهدينِ] و ئایەی (۸۰)ی هەمان سوورەت کە دەفەرموێ [وَإذا مرِضتُ فهو يشفينِ] کە باس هەر باسی ئەدەبی پێغەمبەرانە کە باسی خودا دەکەن و سیفەتی لایقی دەدەنە پاڵ.

۱۷ـ شەڕیش هەر ئەو دروستی کردووە، بەڵام بۆ ئەو ناگەڕێتەوە، خەتای ئینسانەکەیە.

۱۸ـ لە پەراوێزی دەستننووسەکەدا نووسراوە: «أي إمضغها وابلعْها حتى تستحيل وتكونَ جزء من طبيعتك، هنيئاً لك.»

۱۹ـ ئیشارەیە بۆ ئایەتی (۹۰) لە سوورەتی (انعام) کە دەفەرموێ [أولئک الذين هَدى الله فَبِهَداهُم اقتدهْ... الآية].

۲۰ـ لەسەر کەلیمەی (همه) لە دەستنووسەکەدا پەراوێزێکی مەولەوی خۆی بە فارسی نووسراوە ئەمە تەرجەمەکەیەتی: (واتە: نەبوون ئەسڵە بۆ ئێمەی موکەللەف، یا ئەسڵە بۆ هەموو بووەکان. مەعنای یەکەم زیاتر لە مەبەستەوە نزیکە، بەڵام دووەم فراوانترە).

دیارە (همه) واتە: هەموو.

٢١ـ لەسەر ئەم بەیتە پەراوێزێکی مەولەوی خۆی بە فارسی نووسراوە کە ئەمە تەرجەمەکەیەتی:

(مومکین سەرباری ئەوە کە ئەسڵەکەی نەبوونە (بالفعل) یش خاوەنی کەمالات نییە، نەبوون هەمیشە لێی جیانابێتەوە، واتە هەمیشە کەموکوورە. لەسەر ئەم بناخەیە خەیر لە (واجب‌الوجودە) وە پەیدا دەبێ و شەڕ دەدرێتە پاڵ مومکین).

٢٢ـ لە نوسخە چاپەکەدا (دلی)یە کە دەکاتە دەڵێ.

٢٣ـ لەچاپەکەدا نووسراوە (ئاودۆ) !

٢٤ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لەسەر عیبارەتی (لەبەرئەوە) نووسراوە «علت است برای حکم بوجوب سکوت در بیت دوم ـ منه ـ».

واتە: ئەم عیبارەتە دەلیلی (حوکم بە وجوب)ە و لێی پێش کەوتووە. هەروەها لەسەر وشەی (تەقریر) یش نووسراوە «وهو قوله: بۆی هەیە تەکلیف... الی اخر البیتین. منه». واتە: ئەوەی تەقریرکراوە لە «بۆی هەیە..»وەیە هەتا «اذ هو الخبیر».

٢٥ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لەسەر ئەم بەیتە نووسراوە: «لا تقل لِمَ فَعَل، تعالی، ذالک؟ إذ لا یُسألُ عَمّا یَفعل وهُم یُسألون. وَلا تبحث عن کیفیة صفاتِه إذ تقدّست عن البحث کذاته، تعالی شأنُهُ عَمّا یقولون. منه».

٢٦ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لەسەر ئەم بەیتە نووسراوە: «لا کلامَ فی ما قاله الناظم فی هذا المقام أجْمَعَ وَأشْمَل وَأبْلَغَ وَأفْصَحَ مِنْ هذا البیت. منه».

٢٧ـ لە چاپەکەدا(شروان)ە.

٢٨ـ لە دەستنووسەکەدا لەسەر ئەم نیوبەیتە پەراوێزێکی عەرەبی نووسراوە ئەمە نەسسەکەیەتی:

«فیة لطافة حیث المعنیّین أی للمخلوق علی أن فعله تعالی خلق و دیجاد أو دلیل للخلق أی الإیجاد، لان مقتضی تلک الصفات التامات هو الإیجاد ولا یلیق الإیجاد إلاّ بمن یتصف بها ـ منه ـ»

واتە: خەلق دوو مەعنا هەڵدەگرێ، یەکەم: خەڵک، بنیادەم. دووەم: دروست‌کردن.

٢٩ـ لە دەستنووسەکەدا لەسەر ئەم (چاوی دلی)یە پەراوێزێکی فارسی هەیە ئەمە نەسسەکەیەتی:

«یعنی چشمِ دلش (بالاضافة) یا چشم ودلش (بالعطف). و امر الضمیر سهل».

واتە: هەڵدەگرێ (ی)ی (چاوی) هی ئیزافە بێ و (ی)ی (دلی) زەمیر بێ و، (چاوی دلی) مەعنای (عین بصیرتە) بێ. هەڵیشدەگرێ هەردوو (ی) یەکان زەمیر بن واتە: چاوی، دلی.

بەڵام لەم بارەدا (بوێنێ) بۆ یەکێکە و ئەوانیش دوانن، بۆیە مەولەوی دەفەرموێ: کاری زەمیری (بوێنێ) ئاسانە، لەوانەیە بڵێ (بوێنێ) دەکەینە خەبەری (دڵ) و بۆ چاویش بە قەرینە دەیزانین، دیارە کە (دڵ) بینی چاویش دەبینێ.

٣٠ـ ئایەتی(٦٢) سوورەتی (زمر).

٣١ـ ئایەتی(١٧) سوورەتی (نحل).

٣٢ـ ئایەتی(١٤) سوورەتی (ملک).

٣٣ـ ئایەتی(٩٦) سوورەتی (صافات).

٣٤ـ ئایەتی (٢٨٦) سوورەتی (بقرة).

٣٥ـ ئایەتی (٢٩) سوورەتی (کهف).

٣٦ـ ئایەتی (٧) و (٨) سوورەتی (زلزلة).

٣٧ـ ئایەتی (٢٤) سوورەتی (واقعة).

٣٨ـ ئایەتی (٣٠) سوورەتی (بقرة).

٣٩ـ ئایەتی (١٤) سوورەتی (ملک).

٤٠ـ لە نوسخە چاپەکەدا (ئەرپەڕ) ە، دیارە هەڵەیە.

٤١ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا بە فارسی نووسراوە: «یعنی عرض جناب جبری بکنم.».

٤٢ـ ئایەتی(١٣٤) سوورەتی (بقرة).

٤٣ـ ئایەتی (٢٨٦) سوورەتی (بقرة).

٤٤ـ ئایەتی (٢١) سوورەتی (طور).

٤٥ـ ئایەتی (١٦٤) سوورەتی (انعام).

٤٦ـ ئایەتی (٣٤) سوورەتی (لقمان).

٤٧ـ لە دەستنووسەکەدا لەسەر «فلاتمار» ئەم پەراوێزە فارسی‌یە نووسراوە: «عبارتی که در اینجا شیرین باشد، الله اعلم، این است: چونکه قدرت تابع اراده و اراده تابع عِلم و علم تابع معلوم است، و معلوم باختیار عبد واقع می‌شود، پس می‌گوییم آن معلوم همچنان می‌شود از آنجهت علم بدان طرز باو تعلق بسته، نه علم بدان طرز بَوَی تعلق بسته از آنجهت آن معلوم همچنان می‌شود؛ (فإنّ علمه تعالی، وان کان صادقاً مطابقاً و محیطاً بالشیء علی ما هو علیهِ فی نفس الأمر، لکن لیس موجباً لذلک المعلوم). والله الهادی ـ منه ـ».

واتە: (خودا خۆیشی ئەزانێ، قسەیێ لێرەدا شیرین و بەتام بێ ئەوەیە لەبەر ئەوەی قودرەت تابیعی ئیرادەیە و ئیرادە تابیعی عیلمە و عیلمیش روو لە مەعلوومەکە دەکات و، مەعلوومەکەیش بە ئارەزوو و بێ زۆرلێکردن پەیدا دەبێ، دەڵێین کە زانراوەکە بوو، بەهۆی بوونەکەیەوە زانینی خودا بەو شێوەیە کە هەیە پێوەندی پێوە بەستووە، نەک زانراوەکە بەوجۆرە کە زانینەکە پێوەندی پێوە بەستووە وەها دەبێ؛ چونکە عیلمی خودای گەورە، ئەگەرچی راستە و لەگەڵ بووەکەدا رێکە و هەموو لایەکی گرتووەتەوە بەو جۆرەی کە هەیە، بەڵام ئەم عیلمە لەو رووەوە کە عیلمی خوایە نابێ بە هۆی واجب‌بوونی روودانی کارەکە. دیارە مەعلوومەکە مەقدوورە، واتە قودرەت دەیکا، قودرەتەکەیش تابیعی ئیرادەیە، عیلمەکەیش (بلا تشبیه) ئاوێنەیە ـ وەرگێڕ.

٤٨ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لە پاڵ (علی الحق)دا نووسراوە: «فیه معنیان ـ منه ـ واتە: دوو مەعنای هەیە، یەکەم: وجووب لەسەر خودا. دووەم: بەڕاستی ئەحمەقە!

٤٩ـ وشەی (نەوی) لەم نیوە بەیتەدا هەڵدەگرێ (نەوێ) بێ و (بەسیرەت) فاعیلی بێ. هەڵیشدەگرێ (نەوی) بێ و (ی) کە فاعیل بێ، واتە ئەگەر تۆ چاوبەسراو نەوی.

٥٠ـ وەک دەخوێنرێتەوە وەهام نووسیوە، ئەگینا لە دەستنووسەکەدا (بعد از) ە، فارسی‌یە، واتە: لەپاش.

٥١ـ ئایەتی (٨١) سوورەتی (بقرة).

٥٢ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا نووسراوە «ای لکن» واتە بەڵێ بە مەعنای (بەلام)ە.

٥٣ـ فرەی دەوکەنار: چۆن دەخوێنرێتەوە وەهام نووسیوە، ئەگینا لـە دەستنووسـەکەدا نووسـراوە (فَـرًّیْ دە أو کنار).

٥٤ـ لە دەستنووسەکەدا بەم شێوەیە. خۆی دەبوا (باقٍ) بوایە، بەلام لەبەر هاوتایی لەگەڵ (تاقی)دا تەنوینەکـەی کراوە بە یەک کەسرە.

٥٥ـ دەبوا یا (فائیدە لەم تەکلیفەدا چییە) یا (فائیدە لە ئەم تەکلیفە چییە) بوایە.

٥٦ـ لە دەستنووسەکەدا لەپێش کەلیمەی (بەحثی) یەوە بە فارسی پەراوێزێ نووسراوە دەڵێ: «یعنی: ولـی مـا بحث الخ (منه) » دیارە بۆ رستەبەندییە، واتە: بەلام ئێمە باسی... تاد.

٥٧ـ لەسەر ئەم بەیتە لە دەستنووسەکەدا پەراوێزێکی مەولەوی خۆی هەیە دەفەرموێ: «فما فی عبارة بعضٍ من القول بالمظهرية دون لمحلية لينحرف عن مذهب الاشعريّ والصوفية و يدّعى مذهباً مسـتقلاً لـيس بمرضـيّ عنـد الناظم. ـ منه ـ»

واتە: ئەوەی هەندێکەس وتوویانە کە گوایا لێـرەدا (مظهريّـة) هەیـە نـەک (محلّيّـة) و دەیانـەوێ لـە رێبـازی ئەشعەری و سۆفییان لابدەن و رێگایەکی سەربەخۆ بگرن (ناظم) ـ مەبەسـتی خۆیـەتی ـ لێـی رازی نییـە. دیـارە هەروەک لەم بەیتەدا وتوویە چی ناودەنێی ناوی بنێ مەزهەرییەت یا مەحەللییەت مەسئەلەکە ناگۆڕێ.

٥٨ـ ئایەتی (٢٨٦) سوورەتی (بقرە).

٥٩ـ لە چاپەکەدا (یجری العادة)ة. زۆر تەواو نییە.

٦٠ـ لە چاپەکەدا (عەوام و شوهرەت)ە.

٦١ـ «نيةٌ» شێوەنووسی دەستنووسـەکەیە. «نِیَیْ»یش شێوەنووسی چاپەکەیە. هەردووکیان دەکەنە (نی یـەی) واتە: تۆیش ئەگەر کارێکی بەدت لەدەس دەرچوو و، نەتزانی بەدە، موستەحەقی سزا و ئازار نابی.

دیارە لە بەیتی پێشوودا دەبارەی غائیب قسـە دەکـا و لـەم بەیتـەدا لەگـەڵ موخاتـەب، ئەمـەش لـە بەلاغـەدا پێی دەڵێن ئیلتیفات.

ئەگەر (نی یە) بوایە دەبووە تەواوکەری بەیتی پێشوو و ئیلتیفات نەدەما.

٦٢ـ بەپێی دوو پەراوێزی بچووکی دەستنووسەکە کەلیمەی (موسنەد)ی بەیتی پێشوو موبتەدایە و (کێ فـەرقی دەکات)ی ئەم بەیتە خەبەرەکەیەتی.

٦٣ـ ئەمە هی دەستنووسەکەیە، لە چاپەکەدا (نیی)یە کە دەکاتە (نەیێ).

٦٤ـ لە دەستنووسەکەدا لەژێر (م)ی (تشمل) کەسرە دانراوە. بەپێی قسەی قامووسەکان هەڵـەیە و ئـەوەی بـۆ ئێرە بشێ (تشمَلُ) و (تشمُلُ) یە.

٦٥ـ لە چاپەکەدا (ورد ورد)ە. ئەمەی ئێمە هی دەستنووسەکەیە و، کێشیشی سەلامەتە بەتایبەتی ئەگەر (ی)ی (تێفکری) نەختێ درێژ بکەینەوە و دان بە زەنەی (ف) و (ک)ی (تێفکری) و (و) و (ر)ی (ورد)دا بنێین.

٦٦ـ لە دەستنووسەکەدا لەسەر ئەم پەراوێزێکی مەولەوی خۆی هەیە بە عەرەبی ئەمە نەسسەکەیەتی:

«أحوال اهل الأحوال في التوحيد ثلاثة، توحيدَ الافعال و توحيد الصفات و توحيد الذات، سواء كان توحيداً وجودياً أو شهوديا، ولا يتعلق غرض الناظم بالمرتبة الأخيرة العلية بقسميها إذ تاك خارجة عن طور العقل. والمرتبتان الأوليان وإن كانتا عاليتين أيضا لكنهما قريبتان ولاسيما الأولى وهي مشرب الأشعري والثانية مشرب أهل المرتبة الثانية من الصوفية، قدس الله اسرارهم. فهاتان المرتبتان كلتاهما أحق بالاتباع بل هما الحق؛ ولذالك زيّن الناظم بهما الرسالة وختمها باعلاهما كما اشار بقوله في صدر الرسالة «منتهای علوم علم أوانه ـ منه ـ»

بەڵێ ئەوەتە لە سەرەتاکانی عەقیدەکەیدا لە خودای گەورە دەلالێتەوە فڕێیداتە ناو فیرقەی ناجییە و دەڵێت:

بەو هەڵکەوتنە (مەعدووم) راجی‌یە | هەوای‌دا ئەناو فیرقەی ناجی‌یە
هەر هەفتادوسێ گشت وا لەئاردا | لە رووی عەقیدە ئەو وا لە کاردا

هەروەها لە پێشدا باسی زانایانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەکا و دەفەرموێ:

(علماً، عملاً) موخالیف ناون | لەسەر رەویەی پاک ئال و ئەسحاون
روتبەی ئیستیدلال وەختێ هاتە بەین | با وەقەد تاقەت نەقلێکی بکەین
لە ئەنفاسی پاک ئەئیممەی ئەعلام | لە گرۆی ئەشرەف تائیفەی کەلام

دیارە مەولەوی لەم عەقیدەیەدا تێکرا رێبازی ئەشعەرییەکانی پەسەند کردووە، لێرەیشدا لە (گرۆی ئەشرەف تائیفەی کەلام) هەر ئەوانی مەبەستە.

دوایی دەچێتە سەر باسی ئەهلی تەسەووف و دەفەرموێ:

لەدووی ئەنفاسم (ولا سيّما) | ئەنفاسی ئەنفوس قودسیی ئەولیا
(خصوصاً منهم شیوخ الإرشاد) | حەق بەرەکەتیان زیاد کا زیاد
بێ‌ئەوان ناوی، بە قەولی فحوول، | نە عیلم و عەمەل نە روتبەی وسوول
مونتهای علووم عیلمی ئەوانە | موقتەدای عەمەل ئەوان بزانە

ئەمە هی سەرەتای کتێبەکەی بوو. لە دوایی کتێبەکەیشیدا جارێکی تر نوقمی دەریای تەوحیدی سیفات دەبێتەوە، بۆنموونە دەفەرموێ:

کە پێی عەتا کرد ئەم مەزهەری‌یە | بۆ وەسفی جەمال یا جەلالی‌یە
دەلیلی ئەهلی حالە موتتەزیح | (وَ إن مِن شيء إلاّ يسبّح)
(فَبِتقدير العزيز الخبير | ألأشيا طَراً كانت مقادير
لِأسمائه وصفاتِه | تَجلّت فيها لا لذاتِه)
جێی نییە جیلوەی زاتی بەتاقی | مەر دڵی موئمین فانی‌یو باقی
عارف هەر خۆیە و مەعرووف خۆیە بەس | مەعریفەتی حەق بۆ کەس نادا دەس

٦٧ـ هەڵدەگرێ (خوو) بێ و لە ئەسڵدا (خووی) بووبێ و لەبەر شیعر کورت کرابێتەوە. هەڵیشدەگرێ (خۆ) بێ کە مەعنای ئاشکرایە.

٦٨ـ لە زانا هەڵکەوتووەکانی عیلمی کەلامە سالی (١٠١٣) ی‌ز لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

٦٩ـ جەمعی (مولود) بە (موالید) تەواوە، بەلام بە (موالیدات) ڕەشۆکی‌یە.

۷۰ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لەسەر (بە فوویێ) نووسراوە: (فیە لطافة). دیارە چونکە دوو مـەعنای هەیـە، یەکەم: بە ئاسانی. دووەم بەو فوویە کە ئەوی لێ‌دروست کرا بە بێ‌باوک. ئەوەیشمان لەبیر نەچێ هێزی موو و فـوو زۆریان فەرقە. ئیتر بێجگە جوانیی جیناسی موو و فوو.

۷۱ـ شیعرەکە بکەرەوە بە پەخشان و بەم جۆرە بیخوێنەوە: مەڵێ: (یا نارا إحراقٌ لَدیْک) ؛ (برداً سلاماً) دەڵـێ: (سَلَامٌ علیک!).

۷۲ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا دەڵێ: «فیە لطافـة» وابـزانم گونجانـدنی لەتافەتەکـەی بـەم جۆرەیـە: واتـا سەرەکییەکە ئەوەتە کە ئیسماعیلی زەبیح(د.خ) جواب دەگرێتە ئەستۆ، لە هەمان کاتیشدا تێخ و گەردن لە یەکەوە نزیکن بەتایبەتی بۆ قۆچ.

۷۳ـ «بَراَوْژور» و «بَراَوژیر» شێوەنووسی دەستنووسەکەن، ئەمڕۆ بەوجۆرە دەنووسرێن کە من نووسیومنەتەوە.

۷٤ـ لە چاپەکەدا (گیاه)ە.

۷۵ـ لە چاپەکەدا لەباتی «فەی» نووسراوە «تەی» بێ‌گومان هەڵەیە، بەتایبەتی لـە پـەراوێزی دەستنووسـەکەدا لەژێر (فەی)دا نووسراوە «سایە» واتە: سێبەر. هەر لە چاپەکەدا لەباتی «المستقلّ» نووسراوە (المستقبل). ئـەمیش هەر هەڵەیە.

تێکڕا مەبەستی مەولەوی ئەوەیە ئینسان وەک سێبەری بێ‌دەستەڵاتە، کە خـودای گـەورە کـورتی دەکاتـەوە و درێژی دەکاتەوە، واتە خالیقی راستەقینە هەر زاتی بێ‌چوونە و شتەکانی تر بەندە و غەیری بەندە هـەموو سـێبەر و سایە و بێ‌هێز و مایەن.

هەروەها ئیشارەیشە بۆ (مەزهەرییەت) ەکە کە لە دوادوایی کتێبەکەدا باس دەکرێت.

۷٦ـ ئایەتی (٤۵) سوورەتی (فرقان).

۷۷ـ لە دەستنووسەکەدا لەسەر ئەم بەیتە بە فارسی پەراوێزێ نووسراوە ئەمە نەسسەکەیەتی: «یعنی علم و ارادە و قدرت و تعلق و صرف آنها را همگی در عید بوجود می‌آورد، بندە بدان سبب مختار می‌شود؛ چرا کە بنا بر ظاهری کە مدار احکام ظاهریە است موصوف بدانها خواهد شد، پس چونکە عدةً «ئەو خەلقی سەبەب عادیی ئەم خەلقـە» حق تعالی آن فعل را دفعةً خلق میفرماید. ـ منە ـ»

ئەمەیش تەرجەمەکەیەتی: «واتە: خودا زانین و خواست و توانا و پێوەندی و وەرچەرخان و بەرکارهێنانی ئەمانە لە بەندەدا دروست دەکا، بەندەیش بەوهۆیەوە دەبێتە ئارەزووبەدەست، چونکە بەپێی زاهـیر، ئـەوەی کـە حـوکمی زاهیری لەسەر راوەستاوە، بەندە مەوسووفە بەم سیفەتانە؛ پێی دەوترێ زانا، خاوەن‌خواست، توانا... تاد، دیارە پاش دروست‌کردنی ئەمانە خودای گەورە یەکسەر کارەکەی بۆ دروست دەکا چونکە «ئەو خـەلقی سـەبەب عـادیی ئـەم خەلقە» واتە: ئەو خەلق‌کردنی زانین و... تاد دەبێـتە سەبەبی عادەتی بۆ ئەم خەلقی کارە».

شایانی باسە «ئەو خەلقی... تاد» نیوەی دەهەم بەیتە لەمەوپاش ئەگەر لەم بەیتەوە حسێبی کەین.

۷۸ـ ئایەتی (۹۷) سوورەتی (آل عمران).

٧٩ـ لە دەستنووسەکەدا لەسەر کەلیمەی (نیسبەتی..) نووسراوە: «سؤال». مەبەستی رەخنەیە. دواییش لەسەر کەلیمەی (قودرەت)ی «قودرەت وەسفێکە... تاد» نووسراوە «جواب». مەبەستی وەلامی رەخنەکەیە، شەرحەکەیش لەبەر ئەم رووناکییە دارێژاوە.

٨٠ـ ئەم بەیتە ئەگەر بیکەیتە پەخشان وای لێدێت:

لاکین چونکە ئەو فیعلە بە قودرەتی قادری مەعبوود دەبێتە وجوود.

٨١ـ ئەم بەیتە و دوو بەیتی دوای تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەن.

٨٢ـ لەسەر کەلیمەی (موددەعی) لە نوسخە دەستنووسەکەدا بە پەراوێز نووسراوە: (سؤال) و لەسەر «نەیێ»ی بەیتی دوای نووسراوە: (جواب) واتە: رەخنەو وەلام.

٨٣ـ لە پەراوێزی ئەم نیوەبەیتەدا لە نوسخە دەستنووسەکەدا نووسراوە: «استفهام».

٨٤ـ باقیدار: خاوەنی پاداشێکی باقی، یا باقی دەبێ لە (دارالخلود)دا وەک لە پەراوێزی دەستنووسەکەوە دەردەکەوێ.

٨٥ـ ئەم بەیتە ئەگەر بیکەینە پەخشان وای لێدێت: وەک نالێی: خەللاق بۆچ (بعد مسّ النار) ئیجادی ئیحراق دەکات، مەلێ: (لە دوای ئەوە بۆچ...) تاد.

٨٦ـ شێوەنووسی دەستنووسەکە بەم جۆرەیە (تیریتّ امْ). ئەوە دەگرێتەوە کە لە مەتنەکەدا نووسراوەتەوە.

٨٧ـ بڕوانە (منصور علی ناصف، التاج الجامع للاصول فی احادیث الرسول، بیروت، داراحیاء التراث العربی، الطبعة الثالثة ١٣٨٢ هـ ١٩٦٢ م، الجزء الخامس) لاپەرە (٢٠٧).

٨٨ـ لە نوسخە چاپەکەدا لەباتی (قودرەت) نووسراوە (زات).

٨٩ـ لە نوسخە چاپەکەدا لەباتی (قدرة الخلق) نووسراوە (ذوات العباد).

٩٠ـ لە چاپەکەدا (مەقوول)ە.

٩٢ـ لە چاپەکەدا (خەلقە) یە.

٩٣ـ شێوەنووسی دەستنووسەکە (دور اَوَه کَوَه) یە کە بە شێوەنووسی ئەمڕۆی کوردی وەک ئەوەی مەتنەکە دەنووسرێ، بەلام ئەوەی کورد بەکاریدێنێ (دوورەوە کەوە) یە.

٩٤ـ ئایەتی (٢٨٦) سوورەتی (بقرة).

٩٥ـ ئایەتی (١٣٤) سوورەتی (بقرة).

٩٦ـ ئایەتی (١٩) سوورەتی (جن).

٩٧ـ ئایەتی (١٦) سوورەتی(طور).

٩٨ـ ئایەی (٩٠) سوورەتی (نمل).

٩٩ـ ئایەی (٣) سوورەتی (عصر).

١٠٠ـ ئایەتی (٧٤) سوورەتی (أنبیاء).

١٠١ـ لە چاپەکەدا پێش ئەم بەیتە بەشێوەی عینوان نووسراوە: «مبحث الرؤیة» واتە: ئەم باسە تازەیە باسی بینینی خودای گەورەیە.

ئەم عینوانە بێجگە لەوە کە لە دەستنووسەکەدا نییە، بوویشەتە هۆی پچڕانی زەنجیرەی باسەکە. خوێنەوار کە تەماشای چاپەکە دەکا بەیتی پێش عینوانەکە وا حیساب دەکا کە پێوەندییەکی تایبەتی بە عینوانەکەوە نییە، کەچی تەنانەت سەرەتای ئەوەی کە مامۆستا نعێمی بە باسی روئیەتی داناوە لەوەوە دەس پێدەکا.

بۆیە من لەبەر رووناکیی دەستنووسەکە عینوانی چاپەکەم فڕێدا و، لە بەیتی پێشیەوە دەستم پێکرد و دارشتنەوەی مەعناکەش هەر لەسەر ئەم بناخەیە بوو.

پێویست بە وتن ناکا کە مەولەوی لە دوادوای ئەسلی یەکەمدا (٦٠) دانە بەیتی بۆ باسی بینینی خودای گەورە تەرخانکرد و بە درێژی لە شوێنی خۆیدا مەعنای لێدرایەوە.

ئێستەیش بەبۆنەی باسی سیفەتەکانی خودا و سیفەتەکانی بەندە و خەواسی هەردووکیانەوە حەزیکردووە چەند بەیتێکی تریش دەربارەی ئەم بینینە بخاتە سەر ئەوەی پێشوو، ئیتر پێویستی بە عینوان نییە.

١٠٢ـ ئایەتی (٢٣) سوورەتی (قیامة).

١٠٣ـ ئایەتی(٢٢٣) سوورەتی (بقرة).

١٠٤ـ ئایەتی (٢٦) سوورەتی (یونس).

١٠٥ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا لەسەر ئەم بەیتە پەراوێزێکی مەولەوی خۆی بە عەرەبی نووسراوە، ئەمە نەسەکەیەتی:

«إشارةٌ إلی الناظمِ مِن جهة أنْ شغلَهُ بیانُ سرّ مذهبِ الأشعری و عدولَهُ عن عبارة الغیر و سعیُهُ فی عبارةٍ توافِقُ مشرب الأشعری، بَعُدَ عن المعتقد؛ فارتدَّ علی الآثار فقرب منه و اظهره بقولِهِ «لەسەر دوو قیسمە ئیمان بەقەدەر... الخ» ـ منه».

سرنج: لە دارشتنەوەی شەرحەکەدا ئەم پەراوێزە تەرجەمە کراوە.

١٠٦ـ لە نوسخە چاپەکەدا لەپێش ئەم بەیتەوە بەشێوەی سەرباس نووسراوە (مبحث الإیمان بالقدر خیرِهِ و شرِّهِ). ئەم سەرباسە لە دەستنووسەکەدا نییە و لەڕاستیشدا تەنانەت بۆ شەرحیش بەم سیفەیە بەکەڵک نایێ، هەر هیچ نەبوایە بینووسیایە: (ثم الایمان بالقدر قسمان). سەرەڕای ئەوە کە بەیتی «کەوتگین... تاد»ی لەم بەناو تازە باسە پچڕیوە، کە دەبێ لەگەڵیدا بێ.

من لەبەر رووناکیی دەستنووسەکە و پەراوێزی پێش ئەم پەراوێزەدا وازم لەم سەرباسە هێنا و «کەوتگین... تاد»یشم خستە سەر ئەم بڕەشیعرە و شەرحەکەیش لەسەر ئەم بناخەیە دارێژرایەوە.

١٠٧ـ بێ فەتحەیی هەمزەی (أحصاه) شێوەنووسی دەستنووسەکەیە، دیارە کێشی شیعرەکە ناچاری کردووە، ئەگەرچی دەیتوانی واوی عەتفی (واحصاهُ)ی حەزف بکردایە و هەمزە قەتعەکەی سەرنەبڕیایە وەک واوی عەتفی بەینی (خیرٍ و شرٍّ)ی حەزف کرد بێناچاریی شیعر.

١٠٨ـ ئایەتی (٢٩) سوورەتی (ق).

١٠٩ـ ئایەتی (٣) سوورەتی (سبا).

١١٠ـ لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا لەسەر (کەچی غەڵەتە) نووسراوە: «فیه لطافة ـ منه»

واتە: دوو مەعنا دەبەخشێ، یەکەم کەچی واتە لەگەڵ ئەوەشدا. دووەم کەچ دژی راست، واتە کەشفەکەی بەپێی موتڵەقەکەی لەوح راستە و بەپێی قەیدەکە غەڵەتە.

١١١ـ لە نوسخە دەستنووسەکەدا (أَمْ پِرَّ، اوْپِرّ) نووسراوە، واتە: فەتحە لەسەر هەمزەی (اوْپِرّ) دانەنراوە، مەبەستی ئەوەیە بە (ئەمپەڕەوپەڕ) بخوێننەوە، منیش بەگوێم کرد و وام نووسییەوە.

١١٢ـ ئایەتی (٣٩) سوورەتی (رعد).

١١٣ـ ئایەتی (١١) سوورەتی (فاطر).

١١٤ـ لە دەستنووسەکەدا لەسەر ئەم نیوەبەیتە پەراوێزێکی فارسی نووسراوە ئەمە نەسسەکەیەتی: «در کتب طب بلکه در کتب فقه نیز هست که استشمام عنبر جهت دفع طاعون و وبا مفید است. (اللهم لا دواءً الاّ دواؤک و لا شفاءً إلاّ شفاؤک) ـ منه» واتە: لە کتێبە پزیشکییەکاندا، بگرە لە کتێبەکانی فیقهیشدا هەیە کە بۆن‌کردنی عەنبەر بۆ رێ لە تاعوون و وەبا گرتن بەسوودە. خودایا! بێجگە دەرمانی تۆ هیچ دەرمانێ نییە، بێجگە لە شیفای تۆیش هیچ شیفایەک نییە.

١١٥ـ ئایەتی(٣٩) سوورەتی (نجم).

١١٦ـ ئایەتی(١٠) سوورەتی (حشر).

١١٧ـ ئایەتی(٨٨) سوورەتی (نمل).

١١٨ـ ئایەتی(٣) سوورەتی (ملک).

١١٩ـ ئایەتی(٦٢) و (٦٣) سوورەتی (زمر).

١٢٠ـ ئایەتی(٢٤) سوورەتی (فاطر).

١٢١ـ لە نوسخە چاپەکەدا لەپێش ئەم شیعرەدا بە شێوەی عینوان نووسراوە (مبحث الخاتمة بالتوبة وخاتمة الکتاب).

عینوانەکە، سەرەڕای ئەوە کە لە دەستنووسەکەدا نییە، ئەم بەیتە تاقانەی لە بەشەکەی خۆی جیا کردووەتەوە. خۆ ئەگەر وەک شەرح عینوانێ دانرێ دەبێ دوای ئەم بەیتە بێ و تەنها بە (خاتمة الکتاب) یش ئیکتیفا بکرێ.

لەڕاستی‌دا نامەوێ زۆر لەسەری برۆم، بەڵام تەنها وەک یارمەتی‌دانێکی زۆر کەمی ئەوانەی بیانەوێ لە دوارۆژدا بە قووڵی لەسەر مەولەوی و سۆفییەتەکەی بنووسن دەڵێم ئەم شاعیرە زانا گەورەیە لە دوادوایی ئەم عەقیدەیەیدا بەتەواوی نوقمی دەریای تەسەووف بووە و لە خۆیەتیی خۆی دوور کەوتووەتەوە و، وەک سەرەتاکانی کتێبەکەی لەم رێیەوە دەس پێ‌کرد دواییشی هەر بەوە هێنا.

١٢٢ـ ئایەتی (٢٣) سوورەتی (اعراف).



خاتیمة[1]

زانــینی ئـەووەڵ ئـە دەس ناکــەوێ
بـە نەفـەس ئاگـات لـە خاتیمـە وێ
زاهـیری شـەرعی بگـرە ئـە گـەردن
تـا ئـەم مـردن تـێ یـاخۆ ئـەو مـردن
چـون بـەو زاهـیرە دڵ نـوورانی بـوو
پـەردەی زوڵـمانی لـە رووی دڵ لاچـوو
بـاتینی شـەرعی تێـت وەپـیرەوە
بـەم تـەقریرەوە و بـەم تـەحریرەوە
دەڵـێ: تـەقازای زاهـیر بـوو ئەمـە
ئـەم نیزاعـە و ئـەم هـەموو هەمهەمـە؛
یـەکێ جـەبری بـوو، یـەکێ قـەدەری
یـەکێ تـابیعی رەئیـی ئەشـعەری
یـەکێ لـە دەسـی تـەوارود غـەمناک
یـەکێ خـەریکی دەردی ئیشـتیراک
کۆلانی چاوتـەنگ، تەشـاوی دڵ تـەنگ
جێ پەست و بوڵەند خار و دار و سەنگ!

نێڵـەی عـەوامیل لـە ملـیدا چوسـت
هێش و مشانی نەوع نەوعی لـێ خسـت
سـەدای سـەماعی و قیاسـی لـە گـوێی
نەقیزەی نەقیض مەتڵـەب دەیـدا لێـی
لـە هێڵـی لـەفزی هـۆی نـەدەداوە
مەعنـەوی بـەحاڵ دوو بـوو بـەلاوە
لـەلای باخەبـەر نـاقیس بـێخەبـەر،
تـەواو بـوو، مـاوە، سـەقیل، مونەککـەر

زانینی ئەووەڵ: زانینی یەکەمجار دروستبوونت، یا زانینی ئەوەی کە خـودا لـە سـەرەتاوە لـە ناوچاوانی نووسیویت. بە نەفەس: بە هەناسە، بە وردی، نەیخەیتە پشت گوێ. ئەم مردن: مـردنی نەفسی نابار و رام بوونی. ئەو مردن: گیانەدەرچوون و ماڵئاوایی لـە ژیـان کـردن. هەمهەمـە: بـە پسکەپسک و پەنامەکی قسەکردن. کۆڵان: کووچە، شاریع. تەشاو: شەپۆل. خـار و دار و سـەنگ: درک و دار و بەرد. نێڵە: پارچە دارێکی تایبەتییە لە کاتی جووتکردن و زەوی کێڵانـدا دەخرێتـە سەر ملی دوو گای جووت. چوست: چەسپ. هێش: لە ئالەتەکانی جووتە هەوجاڕیشی پێدەڵـێن، دارێکی دووفاقە گاسنەکە دەکرێ بە فاقە کورتەکەیانەوە. مشان: کە مژانیشی پێدەڵـێن، دارێکـی درێژە سەرێکی دەبەسترێ بە ناوەڕاستی نیڵـەکەوە و ئەوسەرەکەیشـی بـە هێشـەکەوە. نـەقیزە: دارێکی درێژی نووک تیژە یا پارچـە ئاسـنێکی تیـژ بـە سـەریەوە دەچـەقێنرێ و گـای پـێ لـێ دەخوڕرێ. هێڵ: شوێن گاسنەکەیە کە لە زەوییەکەدا هەڵیئەدرێ لـەمسـەر تـا ئەوسـەر. هـۆ: دەنگێکە جووتیار لە کاتێکدا دەگاتە ئەوسەری هێڵ، بۆ گێڕاندنـەوەی گاکـان و بـەردەوامییان لـە کاردا بەکاری‌دەهێنێ. هۆی نـەدەداوە: نەدەگەڕایـەوە. باخەبـەر: ئـەهلی دڵ، ئـەو خوداپەرسـتە دڵسۆزانەن کە خودای گەورە دڵ و دەروونیان بە نووری خۆی رووناک دەکاتـەوە و گـەلێ شـتیان حاڵی دەبێ. بێخەبەر: غـەیری ئـەو ئـەهلی دڵانەیـە. دوو: خـودا و پێغەمبـەر یـا خـودا و رۆژی قیامـەت، یـا قەزاوقـەدەر. نـەقیزی مەتڵـەب: دژی مەبەسـت کـە زانـینی حەقیقـەت و بـەرچاو روونبوونەوەیە. مونککەر: نەکیرە دژی مەعریفە.

واتە: خۆ زانینی یەکەمجار دروستبوونی ئینسان و سەرەتای، یا زانینی قەزاوقەدەر ئـەوەی لـە ئەزەلەوە بۆی دیاری‌کراوە لە وزەی کەسدا نییە و تەنها ئیشی خالیقی بێهاوتایـە، بـەڵام زۆر بـە

وردی ئاگات لە دواساتی ژینت بێ، نەکەی بە کات و سات لێی غافڵ بی و بیخەیتـە پشـت گـوێ، ئەوەی لە تواناتدایە بیکە و ئەوی تریشی بدەرە دەستی خودای گەورە و وزە بێسنوور.

ڕێوشوێن و پێویستییەکانی ئەم ئاگا لە خاتیمە بوونەیش ئەوەیـە کـە پەیـڕەوکردنی زاهـیری شەریعەتی پاک و بێگەردی ئیسلام بگریتە ئەستۆ، هەتا نەفست دەمرێ و بەتـەواوی رام دەبـێ و دێتە ژێر بار و لەخوداترسان دەبێتە نان و ئاوی، یا هەتا مردنی ئێجگاری و کۆچی دوایی.

کە دڵ بە پەیڕەوکردنی زاهیری شـەریعەتی پـیرۆزی ئیسـلام نـوورانی بـوو پـەردەی تـاریکی گوناهی لێلادرا، باتینی شەریعەت دێ بەپیریەوە؛ چونکە تا دڵ پـاک نەبێتـەوە حەقیقـەت رووی تێناکا. هەر ئەو حەقیقەتە پێیدەڵێ: ئەم هەموو نیزاع و بەیـەکاهاتن و ئیسـپات و رەددە هـەموو لەوەوە پەیدا بووە کە دڵ خەریکی کاروباری زاهیری و ئەسبابە بینراوەکان بوو، بۆیە یەکێ بووبووە جەبری و رای وابوو عەبد وەک دار و بەردی کش و مات و بێدەستەلات و پـەک کـەوتووە. یـەکێ بووبووە قەدەری و دەیوت عەبد خالیقی کاری خۆیەتی. یەکێ ئەشعەری مەشرەب بـوو و دەیـوت عەبد لە ئیرادەدا مەجبوورە و خودا داویـەتێ، بـەلام لـە کـاردا ئیختیـاری هەیـە. یـەکێ خـەم و پەژارەی تەوارود دایگرتبوو وەک ئەبووئیسحاقی ئەسفەراییني و پەیڕەوانی کە دەیـان‌وت تێکـرای قودرەتی خودا و قودرەتی عەبد تەئسیر لە کارەکەدا دەکا، نەک لەبەر بێکیفایەتیی قودرەتی خودا ـ معاذالله ـ بەڵکو لەبەر ئەوە کە عەبدەکە ببێتە موستەحەقی پاداش و تۆڵە. یەکێکیش گـیرۆدەی ئیشتیراکە و لایوایە هەردوو قودرەتەکە کاردەکەن؛ قودرەتی خودا لـە ئەسڵـی کارەکـەدا و هـی عەبدیش لە سیفەتی تاعەت و مەعسییەتیدا، وەک قازی ئەبووبەکری باقلانی دەیوت.

بەڵێ لەو حاڵەدا کە پابەسـتەی کاروبـاری زاهـیری بـوو، ئـەو ڕێگایـەی چـاو دەیکـردەوە بـۆ پیاڕۆیشتن کۆلانێکی زۆر تەنگ و تەسک بوو، هەر ئەوەندەی دەبینی، شەپۆلی دڵ خۆی تـەنگ و هاتووەیەک بوو، بەردەم بەرزی و نزمی و پڕ لە کۆسپ بوو. لـەوبارە تایبەتییـەدا نێلـەی ئەسـبابی زاهیری لە ملی دڵ توند کرا و هێش و هەوجاڕ و مژانی جۆراوجۆری لێ بەسترا و ئـاوازی دەلیلـی نەقلی و عەقلی و سەماعی و قیاسی پڕی گوێی کرا، یەکلەدوایەکیش، نەقیزەی دەلیلـی زاهـیری تێوە دەژەنرا بۆ ئەوەی بیری گورجتر بڕوا و زووتر بگاتە مەبەسـت و حەقیقـەتی بـۆ روون بێتـەوە، کەچی ئەم هەموو شتانە دژی مەبەستیان دەبەخشی و زیاتر مێشکیان ئالـۆز دەکـرد. لـەم کـار و کۆششە بێئەنجامەدا هەر خەریکی کێلانی هێڵی لەفزی و زاهـیری بـوو و هـەرگیز بـەرەو هێڵـی

مەعنا و باتین بای‌نەدەدایەوە، بە هەزارحاڵ دوو شتی مەعنەویی لا مابوو؛ خودا و دواهاتنی ژیان بەرەو جیهانی گیان، یا قەزاوقەدەر، یا ئیمان بە خودا و بە پێغەمبەر (ئیمان شتێکی مەعنەوییە).

مەولەوی دڵی ئینسانی دوای تەنها زاهیر کەوتووی بەدوای حەقیقەتا نەگەڕاوی تەشبیهـ کردووە بە گای جووت؛ دیارە نێڵە و هێش و مشان و نەقیزە و هۆ و هێڵ و کۆڵان و شەپۆل و بەرزی و نزمی و دڕک و دار و بەرد پێوەندییان بە کاری جووتەوە هەیە، هەروەها دەفەرموێ:

ئەوەی بەدوای دەلیلدا دەگەڕێ مادام هەر تەماشای زاهیر بکا و لە نوورانییەتی دڵ بەش و بەهرەی نەبێ و تەنها قسە لەم و لەو ببیسێ و قیاسی غائیب لەسەر حازر بکا، واتە خودا و سیفەتی وەک ماددە و سیفەتەکانی ماددە سەیر بکا و، بەرچاوی تەنگ و هێزی بینینی کەم بێ و شەپۆلی دڵی تەنگ و بێدەرەتان بێ و سوودی باش لە مەحسووسات و مەعقوولات وەرنەگرێ و جارێ ئاوڕێ لە مەعنەوییات نەداتەوە و هەر خەریکی لێکۆڵینەوەی زاهیری بێ، هەر هەوڵێ بدا ماندووبوون نەبێ هیچی پێ نابڕێ و لەباتی دامەزرانی دڵ هەر لە گێژاوی دڵەڕاوکێ و بێ‌هیوایی و بەئامانج نەگەیشتندا دەمێنێتەوە، وەک ئەو گاجووتە کە ماوەی جووتی تەنگ بێ و زەوییەکەی بەرز و نزم و سەخت و رەقەن و کەم‌ئاو و بێدەرەتان بێ، نە نەقیزە بیجووڵێنێ و نە هۆ وەریگێڕێ.

دیارە مەولەوی لە بەکارهێنانی خەبەر، مونەککەر، عەوامیل، لەفزی و مەعنەوی، سەماعی و قیاسی‌دا، کە لە موستەلەحاتی نەحون، تەورییەی بەکار هێناوە، دیارە بۆ ئەو شتێکی ئاسانە بە ئارەزووی خۆی یاری بە وشە بکا، ئەو کەی بۆ کەلیمە داماوە؟

تا وەختێ کەلام سوحبەتەکەی شێخ
ئیزافەی مەعنی هیممەتەکەی شێخ
دای‌پێی فائیدەی تەخفیف و تەعریف[۲]
تەی کرد ڕێگەی حەق پێی، چلۆن؟ زەریف:
(قیلَ لَهُ انظُرْ مِنْ أعْلَى الدَّرَجْ[۳]
لِقاحِ صَفْصَفْ) بێ‌ئەمت و عیوەج
لە (كُنْتُ كنزاً مخفياً) نیشان
(فأحْبَبْتُ أنْ أعْرَفْ)، چاک بزان

(فَخَلَقْتُ الخَلْقْ)، بۆچ؟ (لِکَیْ أعْرَفْ
فَاعْرِفِ النّائِبْ وَقُلْ، لا تَخَفْ):
ئەگەرچی مەحبووب پاک پەردەی غەیب
دامەنە بێگەرد لە توهمەت و عەیب
(فی کَمَالِهِ بالغِنی مَقْرُونْ
عَمَّا قَدْ وَجَدْ وَ عَمّا یَکُونْ)
ئایینەی بچووک تەنگی کەونییە
ئایینەی بالانوما ئەو نییە
شانەی تەفاسیل عەینی کائینات
داد، داد وە تاتای زولفی ئەو نادات
خوسووس ئایینە ئەغلەب بۆ عەیبە
چ عەیبێ لەلای (عالِمُ الغَیْب)ە
توغرای خودبەخود ئارایش دادە
وە ئەندازەی حوسن ئەزەل ئامادە
گرنج و شکنج پێچپێچ لەسەر خۆی
کەی رێی کەوت [4] تەرتیب تیپ رەی و کەی
چ ئیحتیاجی هەیە بە شانە
(سُبْحَانَهُ مَا أعْظَمَ شَانَهْ)
بەڵێ [5] موختارە ئەر خەڵوەتی بوو
موتەفەززیلە ئەر جەلوەتی بوو[6]

ئەمت: بێهێزی. عیوەج: لاری. (النائب): نائیب فاعیل. (أعْرَف): فیعلی موزاریعی مەجهوولە، واتە: لەباتی فاعیل نائیب فاعیلی هەیە، دیارە نائیب فاعیلی (أعْرَف) زەمیری (أنا)یە کە مەبەست خودای گەورەیە. ئایینە: ئاوێنە. بالانوما: ئاوێنەی بەقەد بالابەرز کە تەواوی بالای ئەوکەسەی تیا ببینرێ کە بەرامبەری راوەستێ. «داد»ی یەکەم: هەی هاوار! «داد»ی دووەم: کەڵک. توغرا: مەبەست زولفە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا جۆرە نووسینێکی شاهانە بووە. خودبەخود: خۆبەخۆ نەک

لە کەسی ترەوە. ئارایش دادە: رازێنراوە. گرنج: چین‌چین و لوول و یەک‌لەسەریەک. کەی ڕێی‌کەوت: کەی حەددی هەیە. رەی: شاری (رەی). کەی: کورت کراوەی کەیخەسرەو و ئەو جۆرە ناوانەیە، یا واتا شاهی شاهان. (شانە)ی یەکەم: شانەی سەرداهێنان و ئارایشی زوڵفە. (شانە)ی دووەم: (شَأنَهُ)ی عەرەبییە و هەمزەکەی لەبەر قافیە کراوەتە ئەلف، واتە: حاڵ و پایە. خەلوەتی: خۆ پیشان‌نەدانی. جەلوەتی: خۆ پێشان‌دانی. ئەم دوانە هەردووکیان لە ئیستیلاحی ئەهلی تەسەووفن و مەعنای تایبەتییان هەیە. بەڵێ: لاکین، بەڵام.

لە کۆمەڵە بەیتەکانی پێش ئەم کۆمەڵەدا گەیشتینە ئەوە کە دڵی بێ‌خەبەری دوای تەنها زاهیر و ئەسبابی مادی و عالەمی مەحسووسات کەوتوو وەک موبتەدای بێ‌خەبەری لێهات و بە پێوەندی و تێکەڵی لەگەڵیاندا سەرگران بوو، هەروەها نەکیرە و نەناسراو و سەرلێ‌شێواو بوو.

ئێستە مەولەوی لەم کۆمەڵە شیعرەیدا باسی ئەوە دەکا کە دڵ بەهۆی هاوڕێیەتیی شێخی تەواوی مورید پێ‌گەیێن و، بە یارمەتیی هیممەتی، دەگۆڕێ و دەکرێتەوە و وردە وردە بەرچاوی روون دەبێتەوە.

هاوڕێیەتیی شێخ وەک (ال)ی تەعریف، لەگەڵ ئیزافەی هێزی ئەو دڵە بۆ لای هیممەتی شێخ هەم تەعریفی پێ دەبەخشێ و هەم رۆح‌سووکی دەکا.

بەم هاوڕێیەتی‌یە دڵ دەبێتە مەعریفە و ناسراو، بەو نیسبەت و پێوەندییە مەعنەوییە لە باری گرانی لەفز و ماددە و زاهیر و مەحسووسات دوور دەخریتەوە و باری سووک دەبێ و لە ئاسمانی ئاشنایەتیدا دەفرێ.

بە یارمەتیی لوتفی خودایی ماوەی دوور و درێژی ڕێڕەوی بەرەو زانینی حەقیقەتی پێ دەبڕێ. جا کە گەیشتە ئەو رادەیە و بەو پایە بەهرەمەند بوو لە لووتکەوە بانگی لێ دەکرێ و پێی دەوترێ: سەیری دەشتی پاکی بێ‌بەرزونزمی و جوان و ڕێک‌وپێک و دامەزراو بکە، بە چاکی لە نیشان و مەعنای «کنتُ کنزاً مخفیاً فَأحبَبْتُ الخلقَ لِکَیْ أعْرَفَ» حالی ببە، نائیب فاعیلی هەردوو (أعْرَفَ) ەکە بناسە کە خودای گەورەیە و بێ‌ترس بڵێ:

خودای گەورە جیهانی دروست کرد، بۆ ئەوەی بناسرێ و لەپاش ناسین بپەرسترێ، بەڵام وا تێنەگەی کە خوداناسینی تەواو لە وزەی کەسدا هەبێ؛ ئەوەتا حەزرەتی(محمد المصطفی)، دروودی خودای لەسەر بێ، دەفەرموێ «سُبْحانَکَ ما عرفناکَ حقّ معرفتک» چۆن نوور و زانینی سنووردار زاتی خودای گەورەی لە هەموو روویەکەوە بێ سنوور کەشف دەکا؟ وەهایش مەزانە کە

خودای گەورە ـ معاذاللە ـ بەقەد تۆزقاڵێ موحتاجی ئەم ناسینە بێ، نەخەیر؛ خودای پاکی بێعەیب کە لە کەمالاتی ئیجابییە و سەلبییەدا دەوڵەمەندە موحتاجی کەس نییە و لە غەیری خۆی بێنیازە. راستە ئەم کەون و کائیناتە وەک ئاوێنەیە و توانای خودای گەورەی تێدا نومایانە، بەڵام ئاوێنەیەکی وەها بچووک بالانومای خودای گەورە نییە و حەقیقەتی (لامەحدوود)ی ئەوی تێدا نابینرێ. ئاوێنەی وەها بچووک ناتوانێ ئاساری ئیبداعەکانی ئەو و دروستکراوەکانی بە تەواوی بنوێنێ، چ جایێ بتوانێ بە درێژی حەقیقەتی لە زانین نەهاتووی کەشف بکا. ئەوانەی ئەم ئاوێنەیە دەیاننوێنێ سنووریان هەیە؛ زات و سیفەتی خودا حەقیقەتی بێسنوورە [قل لو كانَ البحرُ مداداً الكلماتِ ربّي لَنَفِذَ البحرُ قبلَ أن تنفَدَ كلماتُ ربّي ولو جئنا بمثله مدداً](٧)

بەتایبەتی زۆربەی بەکارهێنانی ئاوێنە بۆ سەیری عەیب و چارەکردنیەتی، دەبێ چ خەوشێ لە زاتی پاکی ئاگاداری نهێنی و ئاشکرادا هەبێ؟!

ئەو شانەیە کە دانەدانەی بووەکان دادەهێنێ و تاتایان دەکا، هەی داد هەی بێداد، کەڵکی ئەوەی پێوە نییە تاتای لەژمارەنەهاتووی زوڵفی ئەو دابێنێ.

ئەو خودا خۆشەویستە، توڕەی سەرگۆنای خۆبەخۆ جوانە و ئاڕایش دراوە و لە ئەزەلەوە تا ئەبەد لەگەڵ ئەو جوانییە خۆییەدا ئامادەیە بۆ نومایش دان، چین‌چین و پێچ‌پێچی نازداری ئەوەندە لەڕادەبەدەر جوان و دڵڕفێنە، کەی تەرتیب و ریزی سوپای شاری رەی و شاهانشاهانی «کەی» حەددی هەیە لافی هاوشانی لەگەڵیا لێبدا و بڵێ من وەک ئەو جوان و رێک و دڵڕفێنم؟

بەڵێ ئەم خودا گەورە بێوێنە و هاوتایە چ ئیحتیاجییەکی بە شانە و داهێنان و رازاندنەوە هەیە؟ ئای کە گەورە و بەدەستەڵات و زات و سیفات بێسنوورە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئارەزووی بە دەستی خۆیەتی و کەس ناتوانێ زۆری لێبکا، ئەگەر بییەوێ خۆی دەرنەخا و؛ فەزڵ و گەورەیی و میهرەبانیی خۆیەتی ئەگەر تۆزقاڵێ تیشکی گۆشەیەکی چاوی بەخشندەیی و بەزەیی بگرێتە جیهان یا ئەم و ئەو، [والله يختصّ برَحْمتِهِ مَنْ يَشاء وَالله ذو الفضلِ العظيم](٨)

کەواتە گەورەیی خۆیەتی کە جیهانی دروست کرد و خەڵکی بە ناسینی بەهرەمەند بوون.

هەروەها سیفات مەزهەرن بۆ زات
ئەسمایچ مەزهەرن یەکیەک بۆ سیفات

بـۆ هـەر یـەکێکیچ لـە ئـەسمای حوسـنا
موقـەددەری کـرد یـەکێ لـە ئەشـیا
کـەوا لایـق وێ بـۆ مەزهـەری‌یـە
بـۆ ئایینـەی ئـەو ئیسـمی عـەلی‌یـە
کـردی بـە مەبـدەء لـەبۆ ئـەو شـەیئە
ئـەو ئیسـمە خـۆرە و ئـەو شـەیئە فەیئـە
موستەعید دەوێ بـەو ئیسـمە ئـەو شـەی
بەو ئیسمە دەکا حەمـد و شـوکری حـەی
زوبـانێکی پـاک مەلـەکوتیی هـەس
پێـی دەکـا تەسـبیح جـەنابی ئەقـدەس
کـە پێـی عـەتاکرد ئـەم مەزهەرییـە
بـۆ وەسـفی جـەمال یـا جەلالییـە
دەلیلـی ئـەهلی حالـە موتتـەزیح
(وَ إنْ مِـنْ شـیء إلاّ یُسَـبّحْ
فبتقـدیر العزیـز الخبیـر
اَلأشـیا طُـراً کَانَـتْ مقـادیر
لِأسـمائِهِ وَ صِـفاتِهِ
تَجَلَّـتْ فیهـا، لاَلِذاتِـهِ)
جێـی نییـە جیلـوەی زاتی بـەتاقی
مـەر دلـی مـوئمین فـانی‌یـو بـاقی
دەرکـی دلـی خەلـق هـەر دادەمێنـێ
هـەر خـۆی لـە بـەرچاو خـۆی دەنوێنـێ
عاریف هەر خۆیە و مەعرووف خۆیە و بەس
مەعریفـەتی حـەق بـۆ کـەس نـادا دەس

سـیدقی قەزیـیـەی مووجیبـە راسـە
موقتـەزیی وجـوود مەوزووعـە، واسـە
تـۆ خـۆ مەعـدوومی هـەر نادیـاری
نـە موختاریـت راس نـە لاموختـاری
(نیـزاع بـڕیاوە) دەگـەڵ (خـاس و عـام)
(صَـحّ العقیـدة وَ تَـمّ الکـلامْ)

ئەسمایچ: ئەسمایش. یەکێکیچ: یەکێکیش. شەی: شـەی. حـەی: زینـدوو، خـودای گـەورە. هەس: هەیە. بەتاقی: بەتەحقیق. مەر: مەگەر. نادا دەس: دەس نادا. واسە: وەهایە.

واتە: حەقیقەتی زاتی خودای گەورە کەس پەیی پێ نەبردووە و نایبا، بەڵێ ئەوانەی لـە ڕێگـای دەلیل کارییەوە ئەڕۆن، مەخلووقاتەکە دەکەنە دەلیل لەسەر بوونی خالیق و لەم ڕێگایەوە دەزانـن کە زاتی خـودای (واجـبالوجـود) هەیـە و لـە هـەموو ڕوویەکـەوە تـەواو و بـێعەیبـە. هـەروەها سیفەتەکانی خودای گەورە مەزهەری زاتەکەینی، واتە: بە سیفەتی عیلمدا دەزانرێ کە هیچ شتێ لە خودا ون نابێ [وَاتَّقُوا الله وَيُعَلِّمُكم الله والله بكل شيء عليم][9]، بە سیفەتی ئیرادەدا دەزانرێ کە بەبێئیرادە و خواستی خودا هیچ شتێ نابێ (ماشاء الله كان و مـالم يشـأ لـم يكـن). بـە سـیفەتی قودرەتدا دەزانرێ کە هەرچی مومکینەکانە لەژێر هێزی تەئسیری خودان. بـە سـیفەتی بەسـەردا دەردەکەوێ کە هەر شتێ لە هەر شوێن و لە هەر کاتێکدا هەبێ خودای گـەورە دەیبینـێ و لێـی ون نابێ. بە سیفەتی سەمعدا بۆمان دەردەکەوێ کە هەر دەنگێ هەبێ خـودا ئاگـای لـێ دەبـێ و دەیبیسێ. بە سیفەتی کەلامدا دەزانرێ کە هەرچی کتێب و سەحیفەیەک بۆ پێغەمبـەران هاتبـێ هەموو کەلامی خودای گەورەن. لە سیفەتی حەیاتەوە دەزانرێ کە خودا ئـەزەلی و ئەبـەدیـیە و بەرودوای بۆ نییە، نە نەبوونی لێ پێش کەتووە و نە نەبوونی بەدوادا دێ؛ چونکە کەسێ خـۆی لـە خۆیەوە ببێ دەبێ وەهابێ.

ئەو ناوە جوانانەی خودای گەورە کە لە قورئـان و حەدیسـدا نـاوبراون مەزهـەری سـیفەتەکانی خودای گەورەن، چونکە، بۆ نموونە سیفەتی قودرەت سیفەتێکی خاوەن تەئسیرە و ئەو تەئسـیرانە لە ئەسمای حوسناوە دەردەکەون؛ سـەیرکەن (رازق، وهـاب، نـافع، مُعْطـي) هـەموو لـە ئاسـاری سیفەتی قودرەتن. هەروەها هەریەک لـەو ئـەسمای حوسـنایە لـە کائیناتـدا مەزهـەرێکی هەیـە،

بۆنموونە: ئینسانی میهرەبانی دڵوەدەروونباشی بەکەڵکیخەڵکهاتوو لە ژێر ئاساری دوو ئیسمەی (الرحمان) و (الرحیم) دایە. ئینسانی سەرکەش و نالەبار و ئازاردەر لە ژێر ئاساری ئیسمی (القهار) دایە.

ئەو شتە یا ئەوکەسە کە بوو بە مەزهەر بۆ ئیسمەکە وەکوو ئاوێنەی لێ دێ بۆ ئیسمە پیرۆزەکە هەر دەڵێی ئیسمەکە نوورە و مەزهەرەکە سێبەرێکە و بەرامبەری ئەو نوورە پەیدا دەبی. ئەوشتە یا ئەوکەسە بە تیشکی ئاساری ئیسمە پیرۆزەکە کە مەزهەری یەکێکە لە سیفەتەکانی خودا ئامادە دەبێ بۆ ئاسار. بۆ نموونە: زاتێ ببێتە مەزهەر بۆ ئیسمی نافیع هەتا تیشکی ئەو ئیسمە بەسەر ئەو زاتەوە بێ لە چەند لا و بە چەند جۆر سوود بەخۆی و بەغەیری خۆی دەگەیەنێ، دیارە بوونی ئەو زاتە یا ئەو شتەیش بە مەزهەری ئیسمە پیرۆزەکە کار و تەقدیری خودای گەورەیە و هی کەسیتر نییە.

ئەنجا ئەو زاتە مەزهەرە، بەپێی مەزهەرییەتی بۆ ئەو ئیسمە پیرۆزە، پێوەندی لەگەڵ خاوەنئیسمدا پەیدادەکا کە خودای بێهاوتایە و تەسبیحی دەکا. مەعنای [وإنْ مِنْ شيء إلاّ يُسَبِّحُ بِحمده ولكِنْ لا تَفْقَهُون تسبيحهم](۱۰) لێرەدا دەرئەکەوێ.

بەڵام حەقیقەتی دەرکەوتنی ئەم ئاسارە، تایبەتییە بەوانە کە خودای گەورە و میهرەبان خۆی دەرگای دڵ و هەستیان دەکاتەوە و رووی تیشکی نووری تەجەللای خۆیان تێدەکا.

ئەم مەزهەرییەتەیش کە باسمان کرد هەمووی پێودانی تایبەتی هەیە، ئەندازەی دیاری بۆ دانراوە و مەزهەرەکانیش تەنها مەزهەری ئیسم و سیفەتن نەک زاتی خودای بێوێنە. جێگای تیشک و پرشنگی نووری زاتی خودا تەنها دڵی خاوەنباوەڕێکە کە لە پەرستنی خودا و بیرکردنەوە لە گەورەیی خودا بووبێتە قەرەبرووت، بوون و نەبوونی بۆ خودا بێ و لە خۆشویستنیدا توابێتەوە، بەڵێ ئەم جۆرە ئینسانە تایبەتییانە تیشکی نووری زاتی پەروەردگار روو دەکاتە دڵیان. بەڵام لە عاستی ناسینی زات و پەیبردن بە حەقیقەتیدا هەموو دڵێ داماو و بێدەستەڵاتە، زاتی خودا و حەقیقەتەکەی تەنها خودا خۆی دەیزانێ، خودا خۆی بناسە و خۆی ناسراوە، ناسینی حەقیقەتی لە وزەی کەسدا نییە.

ئەنجا مەولەوی لە دواچۆڕی عەقیدەکەیدا جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر مەنتیق و قسە لەگەڵ خۆیدا دەکا و دەڵێ لەناو مەنتیقییاندا باوە کە لە (قضیە)ی (موجبە)دا پێویستە (موضوع) ەکەی مەوجوود بێ، بۆ نموونە: کە وتیان (فلانٌ عارفٌ بالطّبّ) کەلیمەی (فلان) مەوزووعە و کەلیمەی

(عارف) مەحمووله و، ئەم رستەی (فلان عارف... الخ)ە کە موجیبەیە و نەفیی تێدا نییە بێگومـان ئەوە دەگەیەنێ کە فلانەکە هەیە، ئەنجا عارف و غـەیری عـارفی دەدرێتـە پـاڵ؛ نـەبوو نیسـبـەتی هیچی لێنادرێ، بوترێ (هو عارف بالله)؟ خۆ تۆ مەعدووم و نەبوویت ناتوانرێ نیسـبـەتی (مختـار)یت لێ بدرێت و بوترێت (المعدوم مختار) تەنانەت نیسبەتی (لا مختار) یشت لێ نادرێ و نـاوترێ (المعدوم لا مختار).

ئیتر با بەس بێ، تا توانیمان قسـەمان کـرد، تـا عەقڵـمان بـڕیکـرد لـە نیـزاع و شـەڕەدەلیل کۆتاییمان نەکرد، چ لەگەڵ هەڕەمەی خەڵک و چ لەگەڵ زانایانـدا، سـوپاس بـۆ خـودا بیروبـاوەڕ بەڕاست دەرچوو و قسەیش تەواو.

منیش دەڵێم: حەزرەت(د.خ) فەرموویەتی: «...وَما تَواضَـعَ أحَـدٌ لِلـه إلاّ رَفَعَـهُ الله»[11] ئـەوەی لەبەر رەزای خودا و لە بەردەم گەورەیی خودادا خۆی بە کەم دابنێ و خاکینە بێ، خودای بێوێنـە بەرزی دەکاتەوە. مادام مەولـەویش لەسـەر بناخـەی خۆبەکـەمزانـین و لەبـەر رەزای خـودا وای فەرمووە و خۆی بە مەعدووم داناوە ئومێدەوارم کە خودای گەورە بە لوتفی خۆی بە مـەوجوودێکی خۆشەویستی خۆیی حسێب کردبێ و، لە کۆڕی ئەو خوداناسانەیدا دانابـێ کـە دڵـیان جیلوەگـای نووری خودایی بووە.



١ـ وەک لە پەراوێزی بەیتی (جائیزە بەعدەز تەوبە بدەی دەم)دا وتم لە دەستنووسەکەدا لێـرەدا عینـوان نییـە، نوسخە چاپەکەیش پێش شیعری ناوبراو ئەو عینوانەی دانابوو کە باسم کرد.

ئێستە ئەم عینوانە کە وەک شەرح نووسیومە لەبەر رووناکیی پەراوێزێکی بە فارسی نووسراوی مەولەوی خۆیدایە کە لەسەر ئەم بەیتی «زانینی ئەووەل... تاد»ەدا نووسراوە و سەرەتاکەی دەڵێ:

«غیر از معنای ظاهرش إشاره بآن مینماید که خاتمه رساله بر معتقد اهل تصوف است... الخ» واتە: (ئەم شـیعرە بێجگە مەعنا زاهیرەکەی ئیشارەیە بۆ ئەوە کە دوادوایی نامەکەی لەسەر بیروباوەڕی ئەهلی تەسەووفە.)

ئەڵبەت مەبەستی تەوحیدی سیفاتە کە لە پەراوێزێکی پێشووتردا لەسەر بەیتی:

«نووری لەوامیع تەوحیدی ئەفعال

کە ئەووەڵ حالە بۆ ئەهلی ئەحوال»

باس کرا کە مەولەوی خۆی ئەم شوێنەی دانابێ بـە سـەرەتای خاتیمـە، جێـی خۆیـەتی وەک شـەرح وشـەی (خاتیمە) بکرێتە عینوان.

٢ـ لای نەحوییەکان ئیزافە تێکرا، لەفزی و مەعنەویی، دەبێتە هـۆی سـووککـردنی لـەفزی موزافەکـە. بـەڵام ئیزافەی مەعنەوی، لامییە و بەیانییەی، بێجگە تەخفیف دەبێتە هۆی تەعریفیشی، واتـە ئەگـەر موزافەکـە لەپێشـدا

نەکیرە بووبێ بەهۆی ئیزافەکەوە دەبێتە مەعریفە، یـا هـەر هـیچ نـەبێ نـەختێ تەخسـیس پەیـدا دەکـات، دیـارە (مضاف‌الیه) یِ‌یەکەی مەولەوی مەعریفەیە و تەعریف و تەخفیف بەخشە.

٣ـ لە نوسخە دەستنوسەکەدا لەپاڵ کەلیمەی (قیل) ەدا نووسراوە: «إذا وصلت النفسُ إلى ذلک المقام عَرِفَتْ أَنَّ القائلَ مَنْ هو؟»

٤ـ چ راێکی هەیە؟ یا چ رایێکی دەکەوێ؟ بە واتای چ حەددێ هەیە؟ لە کوردەواریـدا بـەکاردەهێنرێ، (کـەی رێی کەوت) یش لەم بابەتەیە.

٥ـ لە دەستنووسەکەدا لەپاڵ کەلیمەی (بەڵێ)دا نووسراوە: «أي لكن». واتە بەڵـێ. لێـرەدا بـە مـەعنا بەلامـە. وابزانم ئەمە ئیستیسنایە لە «ئەگەرچی مەحبووب.. تاد» هـەتا «سـبحانَهُ مـا اعظـمَ شـانه؟» وەهـایش شـەرحەکە دارێژرایەوە.

٦ـ (ی)ی (خەلوەتی) و (جەلوەتی) ئەگەر کورت بن زەمیرن و ئەگەر درێژ بن (ی)ی مەسدەرین. من دووەمیان بە باشتر دەزانم.

٧ـ ئایەتی (١٠٩) سوورەتی (کهف).

٨ـ ئایەتی (١٠٥) سوورەتی (بقرة).

٩ـ ئایەتی (٢٨٢) سوورەتی (بقرة).

١٠ـ ئایەتی (٤٤) سوورەتی (اسراء).

١١ـ بڕوانە (منصور علی ناصف، التاج الجامع للأصول فی احادیث الرسول(ص)، دار إحیاء التراث العربی، بیـروت، الطبعة الثالثة ١٣٨٢ هـ ـ ١٩٦٢م، الجزء الخامس ص ٥١)

دوایی

سوپاس بۆ خودا (جلّ جلاله، وَعَمَّ نوالُهُ، وَ زاد إحسانه وافضاله) لەکاتی بانگی عەسری رۆژی پێنج شەممەی پێنجەمی مانگی (ربیع الاول)ی سالی (١٣٩٤)ی کۆچی، رێکەوتی ١٩٧٤/٣/٢٨ی زایینی لە ژووری مەدرەسەی عاتیکەخاتوون لە تەکیەی موبارەکی حەزرەتی شێخ (عبدالقادر)ی گەیلانی (قدّسَ سِرّهُ) لە بەغدا ئەم شەرحی عەقیدەی مەرزییەی مەولەوییەم تەواوکرد.

لە خودای گەورە دەپارێمەوە کە موسولمانانی کوردزمان، بەتایبەتی قوتابیانی بیروباوەڕی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، سوودی لێ وەربگرن و لە رۆژی قیامەتدا قازانجی بۆ هەموو لایەکمان ببێت (یَوْمَ لا یَنْفَعُ مالٌ و لا بَنُون إلاّ مَنْ أتی الله بقلب سلیم)

لە لوتفی بێپایانی خودای میهرەبان تکاکارم بە گەورەیی خۆی دواکەلامی بەتامی (نامی) [1] دوو رستەی پیرۆزی (أشهَدُ أنْ لا اله الاّ الله وأشْهَدُ أنَّ مُحَمّداً رَسُولُ الله) بێ.

سبحانَ ربّک ربّ العزة عما یصفون
وسلام علی المرسلین
والحمد لله رب العالمین

عبدالكريمی مدرس

---

[1] - نامی: نازناوی باوکمە.



لناظم الرّسالة[1]

رسـالةٌ جامِعَـةُ المَسـائِلِ
يحِبُّها قلـبُ ذوى الفضـائِلِ
وَبَعْـدَمَا نظمتهـا وَأخْبَـرا
وسيلةُ الخلقِ لخـالِقِ الـوَرى
قُطبُ الزمانِ شيخُنا عثمـانُ
فاضَ عَلـى جنابِـهِ الرّضـوانُ
بِانّـهُ رَأى النّبـيّ الأكرمـا،
صَـلىّ عليـه ربُّنَـا وَسَـلّمَا،
يقـولُ: ذى رِسـالةٌ الينـا
محبوبَـةٌ مَرْضِـيّةٌ لَـدَيْنَا،
سَـمّيْتُها عَقيـدةً مرضِـيَّة
لَـدى جنـابِ سـيّدِ البريَّـةِ
صَـلّى عَليـهِ الله مِـن نوالِـهِ
وصـحبِهِ وحزبِـهِ وآلِـهِ
بِـهِ لَنـا قـد تمّـتِ العوائـدُ
صَحَّتْ وَتَمَّتْ بهم العقائِـد[2]

واتە: ئەمەی لە بەردەستتدایە نامەیێکە گەلێ مەسئەلەی سەر بە بیروباوەڕی ئیسلامی تێدایە و، دڵی بەهرەمەند و زانا خۆشی دەوێ.

پاش ئەوەی لە هۆنینەوەی بوومەوە قوتبی زەمان شێخ عوسمان سیراجەددینی پیرمان، بارانی رەزای خودای گەورەی بەسەردا بباریّ و سەرڕێژ بکا، کە بەهۆی ئیرشاد و رێپیشاندان و خەڵک فێری خوداناسین کردنەوە دەیانگەیێنێتە پایەی لەخوداپەرستی نزیکبوونەوە و لە دنیا و ئارەزووی نەفس دوورکەوتنەوە. بەڵێ ئەم زاتە موبارەکە ئاگاداری کردم کە بە خەو یا بە کەشف حەزرەتی پێغەمبەری دیوە(د.خ) فەرموویەتی:

ئەم نامەیە بۆ ئێمە نێراوە و خۆشەویستە لامان و لێی رازین. منیش کە ئەم موژدەیەم بیست ناوم نا (عقیدة مرضیة) چونکە پێغەمبەری خودا(د.خ) لێی رازییە.

خودا بە کەرەم و بەخشندەیی خۆی سەلات و سەلام بڕژێنێ بەسەر پێغەمبەر خۆی و هاوڕێیانی و پەیڕەوانی و ئال و بەیتیدا، لە رێگای حەزرەتی پێغەمبەرەوە خێروبێرمان بۆ تەواوکرا و خراینە سەر رێی هیدایەت، لە رێگای هاوڕێیانیشیەوە بیروباوەڕمان دروست و تەواو بوو، ئەوان بوون ئایینی ئیسلام و رەوشتی پێغەمبەریان بە جیهان گەیاند و قورئانی پیرۆزیان وەک بیبیلەی چاویان پاراست.

***

١ـ ئەم کۆمەڵە شیعرە هەشت بەیتییە بە خۆی و عینوانەکەیەوە بە خەتی مەولەوی خۆی لەدوایی نوسخە دەستنووسەکەوە نووسراوە.

٢ـ بەپێی ئەو ئیشارانەی لە دەستنووسەکەدا هەن (هێ)ی (بِهِ) بۆ (سیّد البریّة) و (هم)ی (بِهِمِ) یش بۆ (صحب) دەچێتەوە.



پاشبەندێک لە سێ بەشدا

(١)

نوسخەیەکی عەقیدەی مەرزییە
بە دەستخەتی مەولەوی خۆی

خۆینەوارە ئازیزەکان!

گەیشتبووینە دوادوایی کتێبەکە و گەلێکیشی لێ چاپ کرابوو، لە کتێبخانەکەی باوکما فۆتۆکۆپیی نوسخەیەکی عەقیدەی مەرزییەی دەستخەتی مەولەوی خۆیمان بەرچاوکەوت، کە بەداخەوە لەم ماوە دوورودرێژەدا پێمان نەزانیبوو کە ئەگەر وانەبوایە کارەکەمان ئاسانتر و چاکتر و بێدەردی سەریتر تەواو دەکرد.

بە هەرحاڵ راستە ئەم نوسخە مەولەوی خۆی لە دواییدا نووسیویە کە خەتی خۆیەتی، بەڵام ئەمە لە چاکی و بەکەڵکیی نوسخەکەی ماڵی جەنابی شێخ جەمال کەم ناکاتەوە کە لە تێکڕای ئەم لێکدانەوەدا یا بە (نوسخە دەستنووسەکە) یا (دەستنووسەکە) ناوبراوە؛ چونکە پڕیەتی لە پەراوێز و لێنووسینی مەولەوی خۆی، بەتایبەتیش بۆ پیرزادە و دۆستی مەولەوی خۆی شێخ عبدالرحمن (ابوالوفا) نووسراوەتەوە و گومانم لەوەدا نییە کە مەولەوی خۆی پێیدا چووەتەوە.

من تەنها ئەوەم بۆ مایەوە کە بە وردی بەراوردێ لە نێوان ئەم دوو نوسخەدا بکەم و جیاوازییەکانیان دەس‌نیشان بکەم؛ بەتەمای ئەوە ئەگەر خودا هەڵی سووڕاند جارێکی تر ئەم کتێبە چاپ بکرێتەوە لە کەلیمە جیاوازەکاندا هی نوسخەکەی مەولەوی بکرێتە ئەسڵ، یا لەکاتی بەکارهێنانی هەر بەیتێ لەو بەیتانەدا کە جیاوازییان تێدایە بۆ هەر مەبەستێ، هەر ئەو پێش بخرێ.

باسێکی ئەم نوسخەیە:

ئەم نوسخەیە، کە (١٥٢) لاپەڕەی بردووە، سێهەم دەستخەتە لە بەرگێکی گەورەی (٢٥٩) لاپەڕەییدا کە درێژیی لاپەڕەکانی (٢٢/٥ سم) و پانایییان (١٥سم)ە. لە تێکڕای (١٥٢) لاپەڕەکانیدا بە هێڵی مەرەکەبی رەش چوارچێوەی رێکوپێک بۆ شیعرەکان کراوە.

ژمارەی بەیتەکان لە هەموو لاپەڕەکانیدا وەک یەک نییە؛ یەکەم لاپەڕەی [١٤] بەیتە و ئەوانی تری لە [١٥] بەیتەوە هەتا [١٩] بەیتیان تێدایە، بێئەوەی دێڕێ لە دێڕی کەوتبێ یا سەر و ژێر و بۆری کەلیمەیەک تێکەڵی هی کەلیمەیەکی تر بووبێ.

خەتەکەی مەولەوی بەڕاستی لە خەتە جوانەکان حسێب دەکرێ، بەیتەکانی رێک و جوان نووسیوەتەوە، زۆر چاودێریی ئەوەی کردووە کەلیمەکان یان حەرفەکان تێکەڵ نەبن و هەریەکەیان لەجێی خۆیدا بێ. کە ئینسانی خوێندەواری ئاگاداری بابەتەکە بیەوێ کتێبەکە بخوێنێتەوە، بەبێفاریزە و کەوان و نوقتە و شاریحە و ئەوانەی تر کە ئەمڕۆ باون، بە ئاسانی بۆی دەخوێنرێتەوە. بەدەگمەن کەلیمەیەکی بە سەر و ژێر موحتاجی بێ سەروژێر بۆکردن بەجێ هێشتووە، بەڵام داخەکەم پەراوێزێکی وەهای لە کتێبەکەی نەکردووە، بە خەتی خۆی چەند پەراوێزێ لێرە و لەوێ بەرچاو دەکەون، چەند پەراوێزێکی تریش هەن ئاشکرایە خەتی خۆی نین. جاروبار بە تاقە کەلیمەیەک مەعنایەکی جێگری دەرخستووە. بێجگە هەندێ وردەکاریی شێوەنووسی ئەوسا لەوە دەچێ فریانەکەوتبێ و هەر ئەوەندەی دەرفەت بووبێ لەگەڵ نوسخە دەستنووسەکەی تردا خەریک بێ کە بۆ خوالێخوشبوو (ابوالوفاء) نووسراوەتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا کێ دەڵێ نوسخەی تری نەبووە کە زۆر بایەخی پێدابێ و خۆشی کردبێ؟

لە هەمووی سرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە خەتی مەولەوی لەگەڵ جوانییەکەیدا زۆر جیاواز و دیارییە.

من کە ئەم نوسخەم دی لە یەکەم هەنگاوی بەراورددا بێ سێودوو و بە دڵنیایییەوە وتم چ هەشت بەیتی ناونانەکە کە لە دوایی نوسخەکەی ماڵی شێخ جەماڵدا نووسراوە و چ هەندێ لە پەراوێزەکانی و هەندێ لەو بەیتانەی لەبیرچوون لە ریزی دێڕەکاندا، بنووسرێن و شێوەی (صحّ) لە دەری ریزەوە نووسراون دەستخەتی مەولەوی خۆینی.

یەکەم دێڕی ئەم نوسخە بەمجۆرەیە:

«بسم الله الرحمن الرحيم، وعليه توكلي واستنادي وبفضله ايماني واعتقادي».

لە دواییشدا نووسیویە:

«تمتْ بحمدالله بخطّ ناظمها المعدوم عبدالرحيم الحسيني عفا الله عنه وعن جميع المؤمنين».

ئیتر هەشت بەیتە عەرەبییەکەی لەمەڕ ناونانی کتێبەکە لەم نوسخەدا نین.

بەداخەوە ئەم نوسخە هیچ جۆرە مێژوویەکی نووسینەوەی تێدا نییە و ئەوەیشی تێدا نییە بۆ کێی نووسیوەتەوە و لەکوێ نووسیویەتەوە؟ هیچ دیار نییە.

شایانی باسە مەولەوی لەم نوسخەی خۆیدا تەنها حەوت سەرباسی داناوە، سەرباسەکانیش چەند بەیتێکن لە عەقیدەکە خۆی، بۆ هەریەکێ لەو بەیتانە شوێنێکی رازاندووەتەوە و تیایا دایناوە. ئەمانەش بەیتە سەرباسەکانن:

١ـ «ئەسڵی ئەووەڵمان بزان بە یەقین...» تاد.

٢ـ «ئەسڵی سانیمان لە شەش ئەسڵەکان...» تاد.

٣ـ «ئەسڵی سالیسمان تاقی بزانە...» تاد.

٤ـ «ئەسڵی چوارەم وە بێ قوولەقوول...» تاد.

٥ـ «حمداً لە. بەو یاد دەڕۆت بە ئەمین
یەومی ئاخیریچ ئەسڵی پەنجەمین»

٦ـ «وە سەر هەوارگەی شەشەمینەدا...» تاد

٧ـ «زانینی ئەووەڵ ئەودەس ناکەوێ
بە نەفەس ئاگات لە خاتیمە وێ»

خاوەنی نوسخە ئەسڵییەکە کە فۆتۆکۆپییەکەی لەسەر وەرگیراوە شێخ جەعفەری شێخ ئەحمەدی ناوجافە کە بنەچەی دەچێتەوە سەر پایەبەرز مەلا ئەبووبەکری موسەننیف. کوڕانی ئەم زاتە برایان حەیدەر و جونەیدن کە لە دێی قادری مارف لە شارەزوور دادەنیشتن.

لەباتی هەموو ئەوانەی ئەم کتێبە دەخوێننەوە و سوودی لێ وەردەگرن سوپاسی ئەوان و جەنابی شێخ جەمالی شێخ تاجالدین و هەموو ئەوانە دەکەین کە کەم و زۆر لەم کارەدا یارمەتییان داوین.[1]

***

١ـ وەک وتم ئەو بەرگە کە عەقیدە مەرزی‌یە دەستخەتەکەی مەولەویی تێدایە (٢٥٩) لاپەڕەی گەورەیە.
لەم بەرگەدا بێجگە عەقیدەکە، چوار دەستخەتی تریش هەیە:

الف- تەرجەمەی (معفوّات)ی مەلا خەلیلی سعرتی بە فارسی کە ناوی وەرگێڕی تێدا نییە و سالی(١٣٠٧)ی کۆچی لەلایەن موحەممەد حەسەن ناوێکەوە نووسراوەتەوە و بریتییە لە (١٦) لاپەڕە، ئەم کتێبە باسی ئەو شتە پیسانە دەکات کە شەرع چاوپۆشیی لێ کردوون.

ب- فەوائیحە فارسییەکەی مەولەوی لە (٢٥) لاپەڕەدا. ئەویش هەر لەلایەن موحەممەد حەسەنەوە نووسراوەتەوە لە سالی (١٢٨٩) دا.

ج- کتێبە شیعرێکی هەورامی باسی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامە و (١٥) لاپەڕەیە. نە ناوی دانەر و نە هی روونووسکەرەوە و نە مێژووی نووسینەوەی پێوە نییە.

د- کتێبێکی (٢٨) لاپەڕەیی فارسی، باسی کەراماتی خوالێخۆشبوو شێخی سیراجەددین دەکات. وەک لە دوایی کتێبەکەوە دەردەکەوێ دانەرەکەی خوالێخۆشبوو مەلا حامیدی کاتبی شێخی سیراجەددینە. لەوە دەچێ سالی (١٢٩٢)ی کۆچی نووسرابێتەوە. ناوی نووسەرەوەی پێوە نییە.



(٢)

ژمارەی شیعرەکانی عەقیدەی مەرزییە

نەمدەویست بچمە ناو ئەم باسەوە، بەڵام ئەوەی سەرنجی بۆ ڕاکێشام ئەوە بوو کە مەولەوی لە دوو بەرهەمە بیروباوەڕ بابەتەکەی تریدا مێژووی لێبوونەوە لە دانان و، ژمارەی شیعرەکانی نووسیوە؛ ئەوەتە لە دوادوایی (فضیلە) کەیدا بۆ مێژووی لێبوونەوەی دەفەرموێ:

قُلْتُ لِمَنْ تأریخَ ذاک أمّا

فی (عَرَفه) مع دمع عین تمّا

واتە (عرفە) کە خاڵێ بکەوێتە سەر (ع) ەکە و ببێتە (غ) دەکاتە (١٢٨٥)ی کۆچی، قسە دێ و قسە دەبرێ، بەدووری نازانم ئەم (دمع)ی (عین)ە و ئەم (عرفە)یە ئیشارە بن بۆ کۆچی دوایی حاجی شێخ (عبدالرحمانی ابو الوفا) کە لەم ساڵەدا و پاش گەڕانەوەی لە حەج کۆچی دوایی کردووە.

بۆ ژمارەی شیعرەکانیشی دەفەرمۆی:

أشعارُها جاءت طباق الغرض

إشعارةٌ شافٍ لکل المرض

لەژێر وشەی (الغرض)دا ژمارەی (٢٠٣١) دانراوە، کە ژمارەی شیعرەکانیەتی.

سەبارەت بە (فوایح)ە فارسییەکەیشی، کە لە لاپەڕەی (١٣٣)ی چاپەکەدا ئەم سەرباسە نووسراوە: «راندن خامە در تقسیم نامە بر شش جهت و یک ختام و در تاریخ اتمام و تعیین عدد و نهادن نام.. تاد» لە شیعرەکانی ئەم سەرباسەدا گەڕام بەدوای مەبەستدا، چونکە واتای سەرباسەکە بە کوردی ئەمەیە:

«قەڵەم خستنە کار دەربارەی دابەشکردنی کتێبەکە بەسەر شەش لا و یەک پایان و دەربارەی مێژووی تەواوکردن و دیاریکردنی ژمارەی شیعرەکان و ناونانی کتێبەکە.

لە ئەنجامدا دۆزیمەوە، ئەوەتە لە مێژووی تەواوکردنی کتێبەکەدا دەفەرموێ:

شـِمِ التأریخَ اذ یبدی تمامَهُ
(عزیز طیبُهٌ، مسک ختامه) [1]

جا ئەگەرچی خوالێ خۆشبووی زانا مامۆستا محیالدین صبری نعیمی لە پەراوێزدا هـیچ باسـی ژمارەی ئەبجەد و شتیوای نەکردووە شتەکە زۆر ئاشکرایە و پیتەکانی (عزیز طیبە، مسک ختامە) بەپێی حیسابی ئەبجەد دەکەنە (١٢٨٦) واتە ١٢٨٦ی کۆچی.

لە پاش چەند بەیتێکی تریش بۆ دیاریکردنی ژمارەی شیعرەکانی و بۆ ناونانی دەفەرموێ:

حساب از دسته گلها بود مفهوم

بنـام وی فوایـح گشـت معلـوم

واتە: ژمارەی شیعرەکان لـە نیمچـە رسـتەی (دسـتە گلـها) وە دەزانرێـت، کـە پیتـەکانی بـە حیسابی ئەبجەدد دەکەنە (٥٢٥) و بە (فوایح) ناونرا.

بەڵام کە شیعرەکانی (فوایح) تان ژمارد و (٥٢٦) بوون حیسابەکە بـە هەڵـە دامـەنێن، چونکـە دوابەیتی ئەم کتێبە هی مەولانای (جامی)یە کە پێش ئەم شیعرە بـە شـیعرێ رێگـای بـۆ خـۆش کردووە. [2]

لەبەر رووناکی ئەم دووکارەدا سەبارەت بەم عەقیدە مەرزییەیش بەدوای ژمـارەی شـیعرەکانیدا گەڕام؛ چونکە وەک لە سەرەتاکانیدا بەرچاوتان کەوت مێژووی دەستپێکردن و تـەواوکردنی لـە دوو شیعردا وت:

وتی بۆ تـەعیین پـەکت ناکـەوێ

(فیض رحمان بۆی و مبـدأ دوێ)

تەعیینی مەبدەء بەگۆیتـەدا چـوو

خاتیمەیچ بزان وەختێ (فارغ) بوو

پیتەکانی «فیز رحمان... تاد» دەکاتە (١٢٨٠) و هی «فارغ» (١٢٨١) ن.

تەنها ژمارەی شیعرەکان مایەوە؛ بۆیە کەوتمە پشکنین و لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی دەسـتکەوتنی نوسخە دەستخەتەکەی مەولەوی خۆی زیاتر هانیدام.

پاش دوو سێ جار بە وردی ژماردنی شیعرەکانی هـەر سـێ نوسـخەکە و، بـەراوردکردنیان لـە لایەنی زیاد و کەمییانەوە، گەیشتمە ئەم ئەنجامە:

۱ـ نوسخەکەی ماڵی بەڕێز شێخ جەماڵی کوڕی مەرحوومی شێخ (تاج الدین)، کە هەموو جار لەم کتێبەدا بە (دەستنووس) یا (نوسخە دەستنووسەکە) ناوم بردووە، (۲٤۳۷) بەیتە. لە نوسخەکەی دەستخەتی مەولەوی‌دا یەک بەیت و لە نوسخە چاپەکەدا سێ بەیت هەن کە لەم نوسخەدا نین واتە: ۲٤۳۷+ ٤= ۲٤٤۱.

۲ـ نوسخە دەستخەکەی مەولەوی خۆی (۲٤۳٤) بەیتە. لە نوسخەکەی ماڵی شێخ جەمالدا چوار بەیت هەن کە لەم نوسخەدا نین. لە نوسخە چاپەکەیشدا سێ بەیت هەن کە لەم نوسخەدا نین، ئەم سێ بەیتە هەمان سێ بەیتن کە لە نوسخەکەی ماڵی شێخ جەمالیشدا نەبوون، واتە ۲٤۳٤+ ۷= ۲٤٤۱. نوسخە چاپەکە (۲٤٤۰) بەیتە و بەیتێکی دووبارەکراوەتەوە، واتە (۲٤۳۹) بەیتە.

لە نوسخە دەستخەتەکەی مەولەوی‌دا بەیتێک و لە نوسخەکەی ماڵی شێخ جەمالدا بەیتێک هەن کە لەم نوسخە چاپەدا نین، واتە: ۲٤۳۹+۲=۲٤٤۱.

پوختەی مەبەست ژمارەی شیعرەکانی عەقیدەی مەرزییە بەم حیسابەی من بووە (۲٤٤۱) شیعر.

بە حیسابی ئەبجەد پیتەکانی دوابەیتی عەقیدە مەرزییەکە بە شێوەنووسی کۆن:

(نزاع بریاوە) دَگَلْ (خاص و عام)

(صِحّ العقیدة وَتَمَّ الکلام)

بێجگە (دَگَل) دەکەنە (۲٤٤۱)، دیارە (ح)ی (صحّ) و (م)ی (تمّ) یەکێ بە حەرفێ حسێب دەکرێن؛ هەروەها دو هەمزە وەسڵەکانی (العقیدة) و (الکلام) یش حسێب دەکرێن؛ چونکە لە حیسابی ئەبجەددا حەرفی بینراو حسێب دەکرێ.

مەعنای بەیتەکە، بێجگە لایەنە ئەبجەدییەکەی ئەمەیە:

قرەقڕ و شەڕەقسە لەگەڵ زانا و نەزان، چاک و خراپ، ئۆمی و نەخوێندەوار بڕایەوە و، ئەنجام بیروباوەڕ راست دەرچوو و قسەیش دوایی هات.

مەعنا ئەبجەدییەکەیشی ئەمەیە:

پیتەکانی (نزاع بریاوە) + (خاص و عام) + (صح العقیدة وتمّ الکلام) ژمارەی بەیتەکانی ئەم عەقیدەیەن. واتە: (دَگَلْ) تەنها مەعنای+ دەگەیێنێ و پیتەکانی حسێب ناکرێن[۳].

وتنی ناوێ هەشت بەیتە عەرەبی‌یەکەی لەمەڕ ناو و هۆی ناونان بەشێک نین لە عەقیدەکە، تا حیسابەکە ئالۆز بکەن؛ چونکە:

الف ـ مەولەوی لە کتێب بووەتەوە، ئەم ناوەی، دوایی و پاش ئەوەی وەک ئەستێرەی بەربەیان درەوشاوەتەوە، لێنراوە. ئەوەتە نوسخەکەی خۆی کە بە دەستی خۆی نووسیویەتیەوە ئەم بەیتانەی تێدا نین، لە سەرەتای کتێبەکەیشەوە مەولەوی خۆی هیچ ناوێکی لێ نەناوە.

ب ـ وەزنی ئەم بەیتە عەرەبییانە لە وەزنی بەیتی کتێبەکە نییە.

زۆرجوانە، کۆرپەی وا نازدار کۆڕی بۆ بەستراوە بۆ ناونان، مەولەوی هەژاری (سەرشاتە) یش هەقە ئەوەندەی پێ ببڕێ!

بۆ زیادە روونکردنەوەی ئەنجامی بەراوردی سێ نوسخەکە لە لایەنی زیاد و کەمی شیعرەکانەوە شایانی وتنە:

ئەو بەیتە کە تەنها لە نوسخە دەستخەتەکەی مەولەوی خۆیدا هەیە و لە هیچ کام لە نوسخەکەی مالی شێخ جەمال و نوسخە چاپەکەدا نییە ئەم بەیتەیە:

لەم کێشانەدا مەکێشە خەفەت
بۆ وەجهێ (أَوْمَتْ) «ثَقُلَتْ، خَفَّتْ»

شوێنی ئەم بەیتە لە باسی سیرات و میزاندایە پێش بەیتی

منها سؤال الرّبّ المُهَیمِن
حینَ ما یُدنی عَبْدَهُ المؤمن

کە لە لاپەڕە (٩٤)ی چاپەکەدایە.

ئەو سێ بەیتەیش کە لە نوسخە دەستخەتەکەی مەولەوی و نوسخەکەی مالی شێخ جەمالدا نین و، تەنها لە نوسخە چاپەکەدا هەن، ئەمانەن:

بەڵ وتگیانە عولەمای قادە
قودرەت وەسفێکە ئەودووی ئیرادە،
موئەسسیر وێ وەک قودرەتی (ذو الخلق)
یا خۆ کاسب وێ وەک قودرەتی خەلق
مەعنای تەئسیریچ، ئەگەر وەیاد وێ
وە نیە مونحەسیر هەر (فی الایجاد) وێ

کە لە باسی ئەسڵی شەشەمین، ئیمان بە قەزاوقەدەر، لاپەڕە (١١٨)ەی نوسخە چاپەکەدان.

ئەو چوار بەیتەیش کە لە نوسخەکەی ماڵی شێخ جەماڵ و نوسخە چاپەکەدا هەن و، لە نوسخە دەستخەتەکەی مەولەوی‌دا نین ئەمانەن:

١ـ عەجەب خەندەیێ حیکمەت چەند تەرز کرد
غولغولەی گریەی بولبولان بەرز کرد

لە ئەسڵی چوارەم، لاپەڕە (٥٩)ی نوسخە چاپەکەدا.

٢ـ (جاهلاً) بە عەزل بە نەسبی ئەمیر
(هكذا) تا خوار نایێتە تەقریر

لە ئەسڵی چوارەم، باسی ئەولیا، لاپەڕە (٧٠)ی نوسخە چاپەکەدا.

٣ـ یا وەختێ قودرەت تەئسیری نەبوو
ئەوا ئیستیحاق جەزا لەناوچوو

لە ئەسڵی شەشەم، لاپەڕە (١١٨)ی نوسخە چاپەکەدا.

٤ـ ئەمما ئوممەتی حەزرەت مەرحوومە
دەرحەقیان رەحمەت خودا مەعلوومە

لە ئەسڵی شەشەم، لاپەڕە (١٢٥)ی نوسخە چاپەکەدا. ئەو دوو بەیتەیش کە لە نوسخە چاپەکەدا نین، یەکێکیان: «لەم کێشانەدا مەکێشە... تاد» بوو کە پێشی نەختێ باسم کرد و تەنها لە نوسخە دەستخەتەکەی مەولەوی خۆیدا هەیە.

ئەویتریان ئەم بەیتەیە:

چـی بـۆ موجتەهید هەس بەر موقەللید
لەسەر مورید هەس نیسبەت بە مورشید

بەڵێ ئەم بەیتە لە نوسخەکەی ماڵی شێخ جەماڵ و نوسخە دەستخەتەکەی مەولەوی خۆیدا هەیە و، لە نوسخە چاپەکەدا نییە. شوێنەکەیشی پێش بەیتی: «بل قالوا: الشیخ فی... الخ»ە کە دەکەوێتە ئەسڵی چوارەم، مبحث الائمة فی الاصول والفروع والطریقة واصحابها، لاپەڕە (٨٢)ی نوسخە چاپەکە.

بەیتە دووبارەکراوەکەی چاپەکەیش ئەم بەیتەیە:

وجوودی مومکین یەک یەک وە بێ گەڕ
هەر یەک لە راس خۆی ئەمپەڕ تا ئەوپەڕ

ئەم بەیتە لە لاپەڕە (١١٤) و (١١٥)ی سەر بە ئەسلی شەشەمدا نووسراوە، لە یەکەمدا دوانزەهەم بەیتە و بێ‌هەڵەیە بەلام لە شوێنی خۆیدا نییە. لە دووەمدا چوارەم بەیتە و دوو هەڵەی تێدایە، بەلام لە شوێنی خۆیدایە.

وابزانم ئەم بەراوردە لق‌وپۆپدارە شتێکی بێ‌کەڵک نییە. هەر سێ نوسخەکانیش جێگای متمانەن و هەر یەکێکیان لایەنی بەهێزی و بێ‌هێزی خۆی هەیە، ئەگەرچی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەدا نوسخەی دەستخەتی باش، بەتایبەتی دەستخەتی دانەر سەنگێکی تایبەتی هەیە.

ئیتر لەبیرچوونی نووسینی بەیتێک و دوو بەیت لێرەولەوێ شتێکی عەجایەب نییە، ئەوانیش بنیادەمن، یاخۆ کێ دەتوانێ بڵێ مەولەوی، کە کتێبەکەی کەوتووەتە دەست خەڵک، خۆی لێی لانەبردووە یا لێی زیاد نەکردووە؟ نازانین. سەیر ئەو دەس و قەڵەمە رەنگینە و مێشکە فراوان و هەڵکەوتووەیە کە لەفز و مەعنای وەها رازاندووەتەوە[٤].

•••

١ـ (شِمْ): فیعلی ئەمرە لە (شَیم) دروست کراوە، واتە: تەئریخەکە نیشانە بکە و بینەخشێنە وەک خاڵ.

٢ـ دوابەیتی (فەوایح) ئەم بەیتەیە:

در این مشهد ز گویایی مزن دم — سخن را ختم کن (والله اعلم)

ئەم بەیتە دوابەیتی بابەتی «معراج رسالت پناه»ە لە کتێبی (یوسف زلیخا)ی مولانای جامی، سەیری لاپەڕە (١١)ی کتێبی (یوسف زلیخا) بکە دانانی مەولانا عەبدولڕەحمانی جامی، چاپخانەی موحەممەدی، شاری بۆمبی (١٢٦٩)ی کۆچی، دوایی باسی میعراجی پێغەمبەر(د.خ).

شایانی باسە مەولەوی خۆی پێش ئەم بەیتە دەفەرموێ:

کمی گوی و، بسی بشنو، بسی بین — زبان و گوش و دیده گویدت این
مرض را آورد حلوا ز خامی — بنوش ار پختەی از جام جامی
دو اسپەء مغفرت سویش دوان باد — روانش فیض حق بر وی روان باد
«در این مشهد ز گویایی مزن دم — سخن را ختم کن (والله اعلم) »

واتە: کەم بڵێ و زۆر ببیسە و زۆر ببینە، — زوبان و گوێ و چاو وەهات پێ دەڵێن
ـ دیارە چونکە زوبان یەکە و چاو و گوێ دو دوون ـ

حەڵوا بە کاڵی نەخۆشی دێنێ، ئەگەر پێ‌گەیشتووی لە پیالەی (جامی) بخۆرەوە.

عارەبانەی لێ‌خۆشبوونی خودای گەورە بەرەولای رابکات و بەرەکەتی خودایی بەسەر گیانی پاکیدا بباریێ، کە دەفەرموێ:

لەم مەیدانەدا لافی قسەزانی لێ‌مەدە دوایی بە قسە بێنە، خودا لە هەموو کەس زاناترە

مەولەوی دەس و دەم و دەروون پاک رەوا نابینێ تەنانەت تاقە بەیتێکی خەڵکیش بکا بە هی خۆی؛ ئەوەتـە لـە باسی (النضرة العاشرة فی إحداثة للعالم من العدم..) یشدا، هەر لەم فەوایحەی، بەیتێکی تر هەیە هی خـۆی نییـە و ناونووسی کردووە کە هی نیزامی‌یە؛ گوێ بگرە چی دەڵێ:

چرا؟ زآلت تمامی ناتمامی است خدایا! وقت رحمت بر نظامی است: ـ

«اگر تکوین بآلت شد حوالت چه آلت بود در تکوین آلت»


ئەم «اگر تکوین... تاد» هی نیزامی گەنجەوی‌یە (٥٣٠ـ ٦١٤) کۆچی. باقلّم لەبەر ئەوەی ئەم بەیتەی نیزامی لە کرۆکی باسەکەیە مەولەوی بە یەکێکی حسێب کردووە لە (٥٢٥) بەیتەکە، بەڵام ئەم تاقە بەیتەی جـامیی هـەر بـۆ موبارەکی لە دواییدا هێناوەتەوە بێ‌ئەوەی حسێبی بکا چونکە هـەر تـەنها بـێ‌دەنـگ بـوون دەگـەیێنێ و شـتێکی تایبەتی باسەکەی تێدا نییە، دیارە هەردوو، جامی و مەولەوی، شەیدای یەک شتن و بەدوای یەک مەبەستدا وێڵن و شیعرەکانیشیان لە یەک وەزنن و ئیقتیباسیش لە حەزرەتی مووسا پێغەمبەرەوە بۆ مەولەوی و غەیری مەولـەویش هاتووەتەوە[... إنی آنستُ ناراً لَعَلّی آتیکم منها بقبس أو اجدُ علی النار هدی] سوورەتی (طه) ئایەتی(١٠).

٣ـ لێرەدا نابێ ئەوە پشـت گـوێ بخـەین کـە بـرای بـەڕێز شـێخ باباعـەلیی کـوڕی ماموسـتا شـێخ عومـەری ئیبنولقەرەداغی- من پێ‌بزانم- یەکەم کەسە ئەوەی نووسیوە کە نیوەی دووهەمی دوابەیتی عەقیدەی مەرزییـە بـە حیسابی حورووفی ئەبجەد ساڵی لێ‌بوونەوە لە دانانی ئەگرێتەوە و، ئەمەی لە پەراوێزی لاپەڕە ١٥٢ی کتێبەکەیـدا (هەڵبژاردەیەک لە عەقیدەی مەرزییەی مەولەوی) نووسیوە.

لێرەدا بەجێیە ئیشارەتێکیش بۆ ئەوە بکەین کە لەوانەیە مەولەوی مەبەستی بووبێ بە رستەی (صح العقیدة و تم الکلام) ئیشارەتێکیش بۆ ئەوە بکا کـە بـاوەڕم بەگفتەکـەی (شـیخ عبـدالرحمن ابـو الوفـا) بەڕاسـت دەرچـوو کـە فەرمووبووی بە ساڵێ لە دانانی ئەبیتەوە وەک لە سەرەتای عەقیدەکەدا ئەڵێ:

تەعیینی مەبدەء بە گوێتەدا چوو، خاتیمەیچ بزان وەختێ (فارغ) بوو

٤ـ لە دواوایی ئەم باسەدا سەرنجی خوێندەواری ئازیز بۆ ئەوە رائەکێشم کە شیعرەکانی (العقیـدة المرضـیة)ی مەولەوی لەم کتێبەدا بە حەرفی رەش لە چاپ دراون و، چەند بەیتێکی باوکم لە شەرحەکەدا هەیە بە حەرفی سپی لەچاپ دراون، نەوەک کەسێک لە ریزی شیعرەکانی مەولەویدا بیانژمێرێ.



لەم کتێبەدا هەندێ وشە هەن کە لە عیلمە ئایینییەکاندا بەکار دەهێنرێن، بە باشم زانی بەپێی توانا واتاکانیان روون بکەمەوە: ـ

إجتماع الضدين: کۆبوونەوەی دوو سیفەتی وجوودی لە یەک شوێندا، ئەم کۆبوونەوەیە مەحالە، دەکرێ هیچیان نەبن، وەک رەشی‌یەتی و سپی‌یەتی، نابێ یەک شت رەشیش بێ و سپیش بێ، بەلام دەبێ هیچیان نەبێ.

أجتماع النقيضين: کۆبوونەوەی دوو شتە کە بوونی یەکێکیان نەبوونی ئەوی تریان بێ، وەک وجوود و عەدەم، ئینسان و لائینسان. ئینسان و لائینسان لە یەک شتدا کۆ نابنەوە، نایشبێ شتێ ئینسان نەبێ و لائینسانیش نەبێ.

ئینشاءو ئیخبار: یا رستەی خەبەری و رستەی ئینشائی. یەکەمیان ئەو رستەیە راستی و درۆیی هەڵبگرێ؛ چونکە قسە گەڕاندنەوەیە؛ بۆ نموونە یەکێ دەڵێ: «باران دەبارێ» ئەم قسەیە هەڵدەگرێ راست بێ و هەڵیشدەگرێ درۆ بێ.

بەلام دووەم راست و درۆیی هەڵناگرێ، قسە گەڕاندنەوە نییە، ئەمرە، نەهیە، پرسینە، نزایە... تاد. بۆ نموونە: بخوێنە! دەستدرێژی مەکەرە سەر خەڵق. بۆ بێگانە پەرستی دەکەی؟ خودایا بەختیارمان کەی... تاد.

ئەم دوانە لە عیلمی مەعانی‌دا باس دەکرێن.

ئیشراق: لای حوکەماکان بەوە دەڵێن کە نووره عەقلییەکان دەرکەون و بدرەوشێنەوە و سەرڕێژ بکەن بەسەر نەفسی تەواودا لەکاتی رووتبوونەوەیدا لە هەموو ماددەیەکی جیسمی.

ئیشراقی‌یەکان بەوانە دەڵێن کە ئەمە ڕێبازیان بووە. ئەم ڕێبازە لە ڕێبازی ئەرەستۆ جیایە؛ هەی ئەو لەسەر دەلیل‌هێنانەوە و عەقڵ بەکارهێنان و پەیداکردنی زانست دامەزرابوو.

ئیضافەی بەیانییە: لە ئیستیلاحەکانی ئەهلی نەحوە، بەوە دەڵێن (مضاف) بەشێک بێ لە (مضاف‌الیه) وەک (خاتم فضة) یا (مضاف الیه) بەشێک بێ لە موزاف، وەک (فضّةُ خاتمٍ).

ئیضافەی لامییە: ئەمیش هەر لە زاراوەکانی نەحوە و بەوجۆرە ئیزافەیە دەڵێن دروست بێ (لام) لە بەینی موضاف و (موضاف الیه)دا دابنرێ وەک بڵێیت: (ابنُ محمدٍ)، یا (کُتُبُ الاستاذِ)، دەتوانین بڵێین: (ابنٌ لمحمدٍ).

إلهام: ئەوەیە دەخرێتە دڵ لە ڕێگای ڕێژەنی بەرەکەتی خوداییەوە. لای سۆفییەکان یەکێکە لە هۆیەکانی زانین.

ئەووەلییات: ئەوەیە تەنها بە رووتێکردنی عەقڵ بزانرێ و موحتاجی هیچ نەبێ.

بەدیهی: ئەوەیە زانینی پێویست بە دەلیل نەبێ.

بەرزەخ: جیهانێکە لە بەینی جیهانی مەعنای رووت و جیهانی ماددی‌دا.

الترجیح بلا مرجّح: بۆ نموونە رستەیێک یا وشەیەک دوو واتا هەڵبگرێ، تۆ بێیت یەکێکیان لەوی تریان هەڵاوێری و پەسەندی بکەیت بە بێ هیچ هۆیەکی لایەنگر.

تەغلیب: یەکێکە لە ئیستیلاحەکانی عیلمی مەعانی و بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیێک بۆ واتای دوو وشەی لە یەک نزیک، وەک بەکارهێنانی (قمرین) بۆ مانگ و خۆر یا (ابوین) بۆ باوک و دایک. بۆیە پێی‌دەڵێن تەغلیب چونکە قەمەر زاڵ کراوە بەسەر شەمسدا، یا ئەب بەسەر ئومدا ئەنجا کراونەتە موسەننا.

تەوقیفی: وەستان لە بڕیاردانی حوکمێکدا لە ئاست ئەو ئەندازەیەدا کە لە قورئان و حەدیسدا هەیە، بۆ نموونە دەڵێن ناوەکانی خودای گەورە تەوقیفین، واتە: تا خودا و پێغەمبەر لە ڕێگای قورئان و حەدیسەوە ڕێگامان نەدەن ناتوانین لە خۆمانەوە ناوێ لە خودای گەورە بنێین.

الجبریة: ئەوانەن دەڵێن کارەکانی ئینسان خودای گەورە خەلقی کردوون و ئینسان هیچ دەستی تێیاندا نییە و کەسبیشیان بۆ دانانین.

جیس: لە زاراوەیئەهلی مەنتیقە: وشەیەکە بۆ چەند شتێکی لە حەقیقەتدا جیاواز بەکار دەهێنرێو زاتییە بۆیان وەک (حیوان) کە ئادەمزاد و ئەسپ و شێر و هەموو گیانلەبەرێ دەگرێتەوە و بەشێکە لە زات و حەقیقەتی ئەو شتانە.

جەوهەر: شتێکە بە خۆیەوە راوەستێ و شتی تر بەوەوە راوەستێ، هەروەها خۆبەخۆ شوێن داگیر بکا.

حەدسییات: بەشێکە لە بەدیهییات، ئەوەیە کە عەقڵ بۆ زانینی پێویستی بە واسیتە نەبێ؛ ئەوەندە دیویەتی لای ئاشکرایە. وەک ئەوە کە رووناکیی مانگ لە خۆرەوەیە.

حیسییات: ئەوەی بە یەکێ لە پێنج حیسّەکان هەستی پێ دەکرێ.

حەدیسی مەوزووع: حەدیسێکە بناخەیەکی راست و دروستی نەبێ.

حەدیسی زەعیف: بەو حەدیسە دەڵێن ئەوانەی گێراویانەتەوە عەدالەتیان جێگیر نەبووبێ. ئەم جۆرە حەدیسانە تەنها لە پیاهەڵدانی پیاوچاکانی ئوممەتی پێغەمبەردا بەکاردەهێنرێن.

حەدیسی ئاحاد: بەو حەدیسانە دەوترێ ژمارەی ئەوانەی گێراویانەتەوە کەمتر بێ لە ژمارەی ئەوانەی حەدیسی موتەواتیریان گێراوەتەوە کە کۆمەڵێکن رێککەوتنیان لەسەر درۆ نەچێتە عەقڵەوە.

حەدیسی مەشهوور: حەدیسێکە ژمارەی ئەوانەی گێراویانەتەوە کەمتر بێ لە ژمارەی ئەوانەی حەدیسی موتەواتیریان گێراوەتەوە، بەڵام پاش ئەوە لەناو خەڵکدا شۆرەت پەیدا بکا.

حەقیقەت: وشەیەکە لە زمانی ئەو کەسەدا کە قسەی پێدەکا بۆ واتایە بەکار بهێنرێ کە بۆی دانراوە، وەک (اسد) لای عەرەب بۆ واتای شێر.

حوکەما: ئەوانەن کە رێبازی فەلسەفەیان گرتووەتە بەر، دیارە فەلسەفە لە رێگای عەقڵی رووتەوە باسی مەوجوود دەکات، لەو لایەنەوە کە شتێکی بووە و نەک لە لایەنی خودا و بیروباوەڕەوە.

حمل المواطاة: ئەوەتە حوکم بدەیت بە یەکێتی مەوزووع و مەحموول، یا موبتەدا و خەبەر، بۆ نموونە: (زیدٌ إنسانٌ) یا (العِلم صفة الكمال).

دەلیلی ئیلزامی یا دەلیلی ئیقناعی: بەو جۆرە دەلیلە دەڵێن ئەو کەسەی دژتە و رای لە رات جیاوازە بەپێی شێوە و رێبازی خۆی ناچار بێ قەناعەتی پێبکا و پێی رازی بێ، ئیتر بەڵگەکە خۆی لەخۆیدا راست بێ یا نا.

دەلیل: لە ئیستیلاحی ئەهلی مەنتیقە، لای ئەوان دەلیل لە دوو موقەددیمە پێکدێ، بە ئەنجامی دەلیلەکەیش دەڵێن نەتیجە. بۆ نموونە: «الانسان قواة محدودة، وكلّ ما هو قواه محدودة عاجز نسبياً، فالانسان عاجز نسبيا»، لێرەدا «الانسان... تاد» سوغرایە، «وكل ماهو...تاد» کوبرایە و (الانسان عاجز...) نەتیجە و ئەنجامە.

جا ئەو دەلیلە ئەگەر موقەددیمەکانی بەپێی عەقڵ دانرابن ئەوا پێیدەڵێن دەلیلی عەقلی، وەک ئەو نموونەی هێنامانەوە، خۆ ئەگەر بە بیستن لە قورئان و حەدیسەوە دروست کرابن ئەوا پێی دەڵێن دەلیلی سەمعی یا نەقلی وەکو: «لو كان فيهما آلهة الا الله لَفَسَدَتا، لكنهما لم تفسدا فليس فيهما إلاّ اله واحد». لێرەدا کە دەلیلێکی شەرتییەیە موقەددیم ئایەتە.

دەلیلی قەتعی: بەو دەلیلە دەڵێن کە بەڕاستی مەبەستەکە بگەیێنێت و دابینی بکا.

العام و الخاص من وجهٍ: لە زاراوەکانی مەنتیقە، بریتییە لە دوو واتا کە دەشێ لە یەک شتدا بێنەجێ، وایش دەبێ لە یەک جیا دەبنەوە، بۆ نموونە:

ئینسان و سپی، لە خەڵکەکانی نیوەگۆی باکووری زەویدا کۆ دەبنەوە، ئینسانیشن، سپیشن، بەڵام لە بنیادەمی پێسترەشدا تەنها بنیادەمییەکە هەیە، هەروەها لە کاغەزی سپیدا تەنها سپییەتییەکە هەیە.

عەرەز: بەرامبەری جەوهەرە، شتێکە خۆی بە خۆیەوە راناوەستێ و بە شتی ترەوە رادەوەستێ، خۆبەخۆ جێگا ناگرێ و بەهۆی ئەو شتەوە پێیەوە راوەستاوە جێگا دەگرێ، وەک سپیەتی، رەشیەتی، درێژی، کورتی... تاد.

عەرەزی خاس: وشەیەکە بۆ ئەفرادی هاوحەقیقەت بەکاردەهێنرێت، بەڵام زاتی نییە بۆیان، وەک (کاتب) بۆ هەموو بەرەی ئادەمزاد. ئەمیش لە زاراوەی مەنتیقە.

عەرەزی عام: وشەیەکە دەوترێت بە چەند شتێکی لە حەقیقەتدا جیاواز و، زاتی نییە بۆیان، واتە: بەشێ نییە لە ماهییەتیان وەک وشەی (ماشی)ی کە دەوترێ (الانسان ماشٍ، الفرس ماشٍ،... تاد).

(عَیْنُهُ): خۆیەتی.

(غیرُهُ): خۆی نییە، لێی جیایە، ئەمانـە لـە ئیسـتیلاحی عیلمـی کـەلامن. هەنـدێ وتوویانـە: سیفەتەکانی خودای گەورە زاتەکە خۆینی. هەندێکیش وتوویانە: خۆی نین و جیان لێـی. ئـەهلی سوننەت و جەماعەتیش دەڵێن: «لاهو ولا غیره» واتە: سیفەتەکانی خودا زاتی خودا خۆی نـین و لە زاتی خودایش هەرگیز جیا نابنەوە. لەبەر ئەم لێ جیا نەبوونەوە وتوویانە: «ولا غیره».

فەصل: لە ئیستیلاحەکانی مەنتیقە، وشەیەکە بۆ ئەوە بـەکاردەهێنرێ شـتێک لـە هاوجنسـی جیا بکاتەوە، وەک (ناطق) کە ئینسان لە گیان‌لەبەرە ناگۆیاکان جیا دەکاتەوە.

القائم بالذات: جەوهەرە.

القائم بالغیر: عەرەزە.

القَدَرِیَّة: لایان وایە ئینسان خالقی کردەوەی خۆیەتی و، کـوفر و گوناهــ بـە تەقـدیری خـودا نازانن!

کەراهەتی تەحریمی: لە ئیستیلاحەکانی شەرعە، بەو کـارە دەڵـێن کـردنی جـوان نـەبێ و، دەلیلێکی بێ‌هێز لەسەر حەرامییەتی هەبێ.

کەراهەتی تەنزیهی: ئەمیش لە ئیستیلاحەکانی شەرعە، بە کارێ دەڵێن کردنی جوان نەبێ، بەڵام دەلیل لەسەر حەرامییەتی نەبێ.

کەشف: لە ئیسـتیلاحەکانی ئەهلی تەسەووفە، زانینی شـتە نادیارییەکانـە لـە ڕێگـای ڕێـژەنی خوداییەوە دەخرێتە دڵ، بێ‌ئەوەی پێویستی بە دەلیل هەبێ.

کەلام: عیلمێکە بە دەلیلی بەهێز بیروباوەڕە ئایینییەکانی ئایینی ئیسـلام جـێگیر دەکـا و لـە گومان دەیپارێزێ. دیارە لێرەدا مەبەس هەر بیروباوەڕەکان خۆیانن نەک کار و کـردەوەی وەکـوو نوێژ و ڕۆژوو... تاد؛ ئەمانە عیلمی خۆیان هەیە. ئەوەی لە عیلمی کەلام دا باس دەکرێ زانراوێکـە پێوەندی بە ئیسباتی ئەو بیروباوەڕانەوە هەبێ، دوور یا نزیک. مەبەست لە عیلمـی کـەلام بریتییـە لە:

ألف ـ بەرزبوونـەوە و دوورکەوتنـەوە لـە نزمـایی و نشـێویی چاولێکـەری و دواکـەوتن، بـەرەو لووتکەی بڕوای پتەو و نەلەقیو.

ب ـ ڕێپیشاندانی ئەوانەی دەیانەوێ بکەونە سەر ڕێ بە ڕوونکردنەوە و دەلیل و بۆڕدانی ئەوانەی ئینکار دەکەن بە هێنانەوەی دەلیلی پتەوی دەمکوتکەر.

ج ـ پاراستنی پێڕەوەکانی ئایینی ئیسلام لە شوبهە و گومانی بێباوەڕان.

د ـ دامەزراندن و بنیاتنانی عیلمە پەیڕەوییەکان لە سەری؛ چونکە عیلمی کەلام بناخەیە.

هـ ـ ڕاستی و دروستی بیروباوەڕ.

مأخذ الاشتقاق: مەسدەر، چاوگ، وەک (نَصْر) بۆ (نَصَرَ) و (ینصرُ)...

الماهیة الجنسیة: ئەو جنسەیە کە باسمان کرد.

الماهیة النوعیة: ئەو نەوعەیە کە باسمان کرد.

المتکلمون: بەوانە دەڵێن کە خەریکی عیلمی خودا بەیەکزانین و عیلمی کەلام دەبن، ئەو عیلمەی کە باسی زات و سیفەتی خودا و چۆنییەتی مومکین و مەوجوود دەکا، باسکردنێ کە لەسەر هەستی ئاشکرای عەقڵ و نەقڵی ڕاست دامەزراوە بەجۆرێ کە بیروباوەڕەکانی ئایین لە گومان و دوودڵی بێباوەڕان ڕزگار بن. ئەمانە دەلیلی عەقڵی و نەقڵی بەکار دێنن.

متواترات: دەنگ وباسێکن کۆمەڵە خەڵکێ بیگێڕنەوە. مومکین نەبێ هەموویان لەسەر درۆکردن ڕێک کەوتبن.

مەجاز: وشەیەکە لە زمانی ئەو کەسەدا کە قسەی پێ دەکات بۆ واتایە بەکاربهێنرێ کە بۆی دانەنرابێ، بەڵام پێوەندی لەگەڵ واتا ئەسڵییەکەیدا هەبێ، وەک (اسد) لای عەرەب کە بە ئینسانی ئازا بوترێ...

مەششائی: بە ئەرەستۆ و پەیڕەوەکانی دەڵێن، ڕێبازی ئەرەستۆ لە فێربوون و فێرکردندا بەجۆرێ بوو کە قوتابییەکان لەگەڵیدا بوون، ڕێبازیان لەسەر دەلیلهێنانەوەی عەقڵی و وەرگرتنی زانست و فێربوون دامەزرابوو.

موشتەق: بەو وشە عەرەبییە جۆراوجۆرانە دەوترێ کە لە چاوگێکەوە وەردەگیرێن، وەک (ضارب، مضروب، ضرّاب، مِضرَب... تاد) کە لە چاوگی (ضَرْب) ەوە وەرگیراون.

موعتەزیلە: کۆمەڵێکن لە زانایانی ئیسلام خاوەنی ڕای تایبەتین دەربارەی سیفەتەکانی خودا و، پایەی خاوەنی گوناهی گەورە و، بێدەستەڵاتی و دەستەڵاتداریی ئینسان لە کار و کردەوەی

خۆیدا، یا لە باسی ئەلفازی قورئاندا کە ئاخۆ دروستکراون یاخۆ قەدیمن... تاد. ئەمانە دژی ئـەهلی سوننەت و جەماعەتن و بە ئەهلی بیدعەت ناسراون.

دەربارەی هۆی ناونانیـان بـە موعتەزیلـە دەڵـێن: رۆژێ (واصـل)ی کـوڕی (عطـا) مامۆسـتا و پێشەوای موعتەزیلە لە کۆڕێکی حەسەنی بەسەری‌دا دانیشتووە، لەوکاتەدا زەلامێ خۆی دەکـا بـە ژوورا و بە حەسەنی بەسەری دەڵێ:

تاقمێک پەیدابوون خاوەنی گوناهی گەورە بە کـافر دادەنـێن و گونـاهی گـەورەیان لا کـوفرە. کۆمەڵێکیش دەڵێن: گوناهی گەورە لەگەڵ بوونی باوەڕدا زیانی نییە.

ئا لەوکاتەدا کە حەسەنی بەسەری بیری لە شتەکە دەکردەوە و پێش ئەوەی قسە بکا، (واسـل) وتی: من ناڵێم خاوەنی گوناهی گەورە کافرە و نایشڵێم موسوڵمانە، بەڵکو دەڵێم نە موسوڵـمانە و نە کافر، پایەیەکی هەیە لەنێو دوو پایەی موسوڵمان و کافردا...، ئەمەی وت و هەڵسایە سـەرپێ و چوو پاڵی‌دا بە یەکێ لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە و خەریکی تەقریری وەڵامەکەی بوو.

حەسەنی بەسـەری کـە ئەمـەی دی فـەرمووی: «إعْتَـزَلَ عَنّـا واصـل..» واتـە: واسـیل لێمـان جیابووەوە و کەناری گرت. لەو رۆژەوە واسیل و پەیڕەوەکانی ناونران (معتزله) واتە کەنارگرتوو لـە زۆربەی زانایانی ئیسلام.

المفهوم الموافق، المفهوم المخالف: لە ئیستیلاحەکانی عیلمی ئوسوولی فیقهن.

یەکەمیان ئەوەیە حوکمی ئەوەی لە رستەکەدا باس نەکراوە لەگەڵ ئەوەدا کە باس کراوە رێک و گونجاو بێ، بۆ نموونە: لە ئایاتی [ولا تَقُلْ لهما أفٍّ ولا تنهَرْهُما... الآية]دا ئەوەی باس کراوە ئۆف نەکردنە لە رووی باوک و دایکدا و پیاهەڵنەکالانیانە، باسی لێدانیان نەکراوە، بەڵام بـێ‌گومـان کـە ئۆف کردن لە روویاندا رەوا نەبێ لێدانیان سەد قات رەوا نابێ.

دووەمیان ئەوەتە حوکمی بـاس‌نـەکراو لـە حـوکمی بـاس‌کـراو جیـاواز بـێ، بـۆ نموونـە: کـە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێ: «في الغَنَم السّائمة زكاةٌ» واتە: لە بزن و مەڕی بە دەمی خۆ لەوەڕیوی ئالف بۆ نەهێنراودا زەکات واجبە بەو مەرج و شێوانەی لە شەریعەتدا باس کراوە. لەم فـەرموودەوە دەردەکەوێ کە (لا زكاة في العلوفة) واتە: ئەو بزن و مەڕەی ئالفی بۆ بهێنرێ زەکاتی لێ نادرێ.

مومکینی خاس: ئەوەتە بوون و نەبوونی وەک یـەک بـێ، واتـە: لەوانـەبێ ببێـت و لەوانـەبێ نەبێت، وەک ئەو هەمووە دروست‌کراوانەی لەبەرچاو دان.

مومکینی زاتی: شێکه تەنها به عەقڵ بتوانرێ تەسەووری بوونەکەی بکرێ، ئیتر مەرج نییه ئەو شته بووبێ یا له پاشەڕۆژدا ببێ.

مەوزووع و مەحموول: له عیلمی مەنتیق و کەلامدا بەرامبەری موبتەدا و خەبەرن له عیلمی نەحودا، بۆنموونه: ـ له رستەی (الله عالِمٌ)دا وشەی (الله) ئەهلی مەنتیق و کەلام پێی‌دەڵێن مەوزووع و وشەی (عالم) پێی دەڵێن مەحموول. نەحوییەکانیش به یەکەم دەڵێن موبتەدا و به دووەم دەڵێن خەبەر.

نەوع: وشەیەکه بۆ چەند شتێکی هاوحەقیقەت بەکار دەهێنرێ وەک وشەی (انسان) که هەموو ئادەمزاد دەگرێتەوە و زاتییه بۆ ئەفرادەکانی. ئەمیش له ئیستیلاحی ئەهلی مەنتیقه.

منیش رۆژی پێنجشەممەی [19]ی رەجەبی (١٤٠٧)ی کۆچی، رێکەوتی [19]ی ئازاری (١٩٨٧)ی زایینی له کاری خۆم بوومەوە.

فاتح عبدالکریم

سەرچاوەکان

١ـ عەرەبی یەکان

١ـ إحكام الاحكام — سيف الدين ابوالحسن على الآمدی

٢ـ اسد الغابة فی معرفة الصحابة — عزالدين ابن الاثير الجزری

٣ـ الإصابة فی تمييز الصحابة — ابن حجر العسقلانی

۴ـ بداية المجتهد و نهاية المقتصد — ابن رشد الاندلسی

۵ـ التاج الجامع للاصول فی إحاديث الرسول — منصور علی ناصف

۶ـ تاريخ الخلفاء — جلال‌الدين السيوطی

٧ـ التعريفات — السيد الشريف الجرجانی

٨ـ الجامع الصحيح/ صحيح البخاری — ابوعبدالله محمد بن ابی الحسن البخاری

٩ـ جمع الجوامع — تاج الدين السبكی

١٠ـ روح المعانی فی تفسير القرآن العظيم و السبع المثانی — ابو الثناء شهاب الدين محمود الآلوسی

١١ـ روضات الجنات — ميرزا محمد باقر الموسوی الخوانساری

١٢ـ سنن ابن ماجة — ابو عبدالله محمد بن يزيد بن ماجة

١٣ـ سنن ابی داود — ابو داود سليمان بن الاشعث السجستانی

١۴ـ سنن الترمذی — ابو عيسى بن محمد بن عيسى الترمذی

١۵ـ شرح صحيح مسلم — محی‌الدين ابوزكريا يحيى بن شرف‌النووی

١۶ـ شرح العقائد العضدية — جلال‌الدين محمد بن اسعد الدوانی

١٧ـ شرح العقائد النسفية — مسعود بن عمر التفتازانی
١٨ـ شرح مقاصد الطالبين — مسعود بن عمر التفتازانی
١٩ـ شرح المواقف — السيد الشريف الجرجانی
٢٠ـ القاموس المحيط و القابوس الوسيط — مجدالدين ابوطاهر محمدبن يعقوب الفيروزآبادی
٢١ـ القرآن الكريم
٢٢ـ لسان العرب — جمال‌الدين ابوافضل محمدالمشهور بابن منظور
٢٣ـ المستصفی — الامام الغزالی
٢٤ـ مسند الامام احمد — الامام ابوعبدالله احمد بن محمد بن حنبل
٢٥ـ معجم المطبوعات العربية و المعرّبه — يوسف اليان سركيس
٢٦ـ المعجم المفهرس لالفاظ القرآن الكريم — فؤاد عبدالباقی
٢٧ـ مفاتيح الغيب — فخرالدين الرازی
٢٨ـ المنجد فی اللغة والأدب والعلوم — الاب لويس معلوف اليسوعی
٢٩ـ الوسيلة فی شرح الفضيلة — عبدالكريم محمّد المدرّس

٢ـ کوردی‌یەکان:

١ـ دیوانی مەولەوی — سەيید عەبدوڕڕەحیمی مەولەوی
لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
٢ـ عەقیدەی مەرزی‌یە — سەيید عەبدوڕڕەحیمی مەولەوی
محی‌الدین سەبری نعیمی بلاوی کردووەتەوە.
٣ـ هەڵبژاردەیەک لە عەقیدە مەرزییەی مەولەوی — بابە عەلی شێخ عومەری قەرەداخی
٤ـ یادی مەردان، بەرگی دووەم — عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

٣ـ فارسی‌یەکان

١ـ فرهنگ برهان قاطع — موحەممەد حسێن، کە نازناوی بورهانی قاتیعە
٢ـ یوسف و زلیخا — نوورەددین عەبدوڕڕەحمانی جامیی نەقشبەندی
٣ـ فوایح — سەيید عەبدوڕڕەحیمی مەولەوی

العقيدة المرضية

عبدالرحيم بن سعيد(مولوى كورد)

شرح و تحليل:

الشيخ عبدالكريم محمد المدرس

راجعه و اعاد صياغته و هوامشه:

فاتح عبدالكريم



١٥٠٠٠ دينار